تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی سی و سێیەم

سوورەتەکانی

(العلق) و(القدر) و(البينة) و(الزلزلة) و(العاديات)
و(القارعة) و(التكاثر) و(العصر) و(الهمزة) و(الفيل)
و(قريش) و(الماعون) و(الكوثر) و(الكافرون) و(النصر)
و(المسد) و(الإخلاص) و(الفلق) و (الناس)

عەلی باپیر

تەفسیری نۆزدە سوورەتەکانی

العلق تـاکو الناس

تەفسیری نۆزدە سوورەتەکانی

الْعَلَق تاكو النَّاس

نووسینی : عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٥ك - ٢٠٢٤ز
٨٥٦ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری نۆزدە سوورەتەکانی

العَلَق تاکو النّاس

نووسینی: عەلی باپیر



پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شرُورِ أنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيئَاتِ أعْمَالِنَا، مَنْ يَهْده اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَهَ إلاّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب .

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ اللَّه، وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرُّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجە: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش - کە وەك باسکردنی چاکەی خوا (**التحدّث بنعمة اللّه**) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردووم و، بەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە هیدایەتی داوم، قورئانی بەرێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و، تێوەرامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر رۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سرووشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام، بێجگە لە قورئان پاشان سوونەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر روونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە رەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (**متفرّغ**) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەرامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی روون دەکاتەوە: (**القرآن يُفَسّر بَعضُهُ بَعْضَاً**)، پاشان سوونەتی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە پێغەمبەری خواش روونکەرەوە (**مُبَيِّن**)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ النحل.

واتـە: هەروەهـا زیکرمـان بـۆ لای تـۆ ناردۆتـە خـوار، تاکـو ئـەوەی بـۆ خـەڵکی نێرراوەتـە خـوار، بۆیـان ڕوون بکەیـەوە، وە بەڵـکو خۆشـیان بیـربکەنەوە.

ئومێدیشـم وایـە - بـە یارمـەتی خـوای بەخشـەر ﷻ - شـایسـتەیی ئـەوەم هـەبێ تەفسـیـرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئـان پێشـکەش بە مسـوڵمانانی کوردسـتان بکەم، کـە لـە قورئـان بوەشـێتەوەو، مایـەی بەهـرەو سـوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبـەتیش کـە زیاتـر لـە سـی (٣٠) سـاڵە لەگـەڵ قورئانی بـەرزو مـەزن و تەفسـیـرەکانی و کتێبەکانی سـوننەتدا خـەریکم و، دەیـان کتێـب و بەرهـەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بـوارەکانی زانسـتەکانی شـەریعەتدا پێشـکەش کردوون.

شـایانی باسیشـە کـە ئەو بیسـت و دوو مانگ زیندانیـی کرانەم لەلایـەن ئەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکـو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێـکی گـەورەو گرنـگ بـوو، بـۆ زیاتـر پێدا قووڵـبوونەوەی کتێبـی خـوا (تبـارك و تعالـى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشـتنی تایبـەت لەبـارەی زۆرێـك لـە ئایەتـەکانییەوە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە مەوسـووعەی: **(الإسـلام كـما يتجلّى فـي كتـاب اللّـه تعالـى)**دا زۆر چـاك درەوشـاوەتەوە[1]، بـەڵام هـەڵبەتە ناڵـێم و هیچکەسـیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسـیرەی من تێروتـەواوە، چونکـە وێـڕای سـنوورداربوونی توانـاو بڕسـتم، لـە بەرانبـەر کتێبـی لـە هـەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلـق)و بێسـنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشـمویسـتوە کـە زۆر بەمـلاولادا بچـم و بچمـە نێو هـەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیـدا پسپۆڕو

---

(١) ئـەو مەوسـووعەیە ئێسـتا چـاپ کـراوەو، کەوتۆتـە بەردەسـتی خوێنـەران و، سـەرجەم هەشـت بەرگ و دەوری سـێ هـەزارو پێنج سـەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هـەوڵـمداوە بەگشـتی تێیدا باسـی سـەرجەم لایەنـەکانی ئیسـلام بکـەم و، تاکـە سـەرچـاوەشم قورئـان بـووە، وێـڕای دەقـەکانی سـوننەت، کـە لـە هـۆش (ذاکـرة)دا بـووون.

شـایانی باسـە ئەو مەوسـووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبـی سـەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسـانتـر سـوود لێ بینـرانی .

شــارەزا نیم، یان خوێنــەر پێویســتی پێی نیــە، لە کاتێکدا دەیــەوێ لە قورئان تێبگات و، بزانێ خوا (تبارك وتعالى) ڕاستەوخۆ چی پێ فــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سـووك و گورج و گۆڵ و دڵسـۆزە بکەم (حەزی نەکرد ناوی بهێنم)، کە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنانە سـەر کاغـەزو، پاشان تایپکردن و دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیریی، سـەرجەم ئەم زنجیـرە دەرسە، کە لە ئەسـڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشکەش کراون، هـەروەها هـەڵسا بـە (تخريج)ی سـەرجەم دەقەکانی سـوننەت، لـە سـەرچاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەوە کێشـاوە، خـوا بـە باشـترین شـێوە پاداشتی بداتـەوەو، هـەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و سـەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهـاوتاش داواکارم ئـەو جـۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کوڕان و کچـان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشـە کـە ئێمـە لـەم تەفسیـرەماندا، بـاسی بـەش (جـزء)ەکانی قورئـان و دابەشـکردنەکانی دیکـەی وەك: - (حـزب) - ناکەیـن، چونکـە هــەر سـوورەتێك بۆخـۆی شـتێکی سـەربەخۆیـەو، سـەرجەم ئایەتـەکانی وەك ئاڵقـەکانی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەستن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قورئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جـزء) و شەسـت (٦٠) (حـزب)، شتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قورئـان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرەشـدا، دیسـان حیسـاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی سـوورەتەکان، بەرگـەکانی دیـاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بـرا دڵسـۆزە ئێسـتاش پاش تەواوکردنی زۆربـەی قورئـان، لێبڕاوانە بەردەوامـە و عەزمیشـی جـەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمـان بەردەوام بێ، هەتـا کۆتـایی ئەم تەفسیـرە سـەرگەرمی کارەکەی بێ .

دوا قسـەشـم ئەوەیـە کە:

ئـەم تەفسـیرە - وەك پێشـتـر گوتمـان - لـە ئەسـڵدا بەشـێوەی دەرس و وتـار پێشـکەش کـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومـەوەو، بەپێـی پێویسـت دەسـتکارییم کـردوە، دیـارە هـەموو دەرسـێکیش بەنـاوی خـواو سـتایشی خـوا ﷻ دەسـتی پێکـردوە، بـەڵام ئێمـە لـە سـەرەتای دەرسـەکانەوە، ئەوانەمـان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبـة الحاجـة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشـەکەییەوە هاتـوە، لەجیـاتی سـەرەتای سـەرجەم دەرسـەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هـەولـێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ
لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون[1]، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو بڕگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

---

(١) دوایی وا بەباش زانرا ناوی تەفسیرەکان لابرێن و، لە کۆتایی کۆی بەرگەکانی [تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز]دا دەیاننووسین.

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم، دەربارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێك، بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله حق حمده والصلاة والسلام والبركات من الله تعالى على محمد عبده المصطفى وآله المهتدين بهديه من الصحب والأزواج والقرابة والتابعين السالكين لدربه.

بەڕێــــــزان!

ئەمە بەرگی سی و سێیەم و کۆتایی تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێزە و شازدە (١٦) سوورەتەکەی کۆتایی قورئانی بەپێزی گرتوونە خۆی: (العلق-الناس).

ئەم بەرگەش بەهەمان شێوازی بەرگە پێشووەکان بەحەوت قۆناغ سوورەتەکانمان تەفسیرکردوون و، چەمک و واتای ئایەتە بەپێزەکانمان ڕوونکردوونەتەوە.

هەروەها ژمارەیەکی زۆری کورتە باس کراونە نێواخنی تەفسیری ئایەتەکان، بەم جۆرەی خوارێ:

یەکەم: لەسوورەتی (العلق) دا:

١- پێنج هەڵوەستە لەبەردەم ئەو پێنج ئایەتەدا (١-٥).

٢- کورتەباسێک دەربارەی (بوونناسی ئیسلامی).

دووەم: لەسوورەتی (القدر) دا:

کورتە باسێک لەبارەی شەوی قەدرەوە.

سێیەم: لەسوورەتی (البیّنة) دا:

١- سێ کورتە سەرنج.

٢- چوار سەرنجی گرنگ.

چوارەم: لەسوورەتی (الزلزلة) دا:

کورتە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی هەردووک ئایەتی (٧و٨) و دیتنی مرۆڤ بۆ چاکەو خراپەکانی.

پێنجەم: لەسوورەتی (القارعة) دا:

چەند دەقێکی سوونەت لەبارەی چەمک و واتای ئەم سوورەتەوە.

شەشەم: لەسوورەتی (التكاثر) دا:

١- نۆ فەرموودە لەبارەی لێپرسرانەوە لەسەر نازونیعمەتەکان.

٢- کورتە باسێک لەبارەی مامەڵە لەگەڵ مردووان دا.

حەوتەم: لەسوورەتی (العصر) دا:

کورتە باسێک لەبارەی ڕوونکردنەوەی ئیمانەوە.

هەشتەم: لەسوورەتی (الفيل) دا:

١- کورتەی بەسەرهاتی هاوەڵانی فیل.

٢- نۆ وردە سەرنج دەربارەی ئەم سوورەتە.

نۆیەم: لەسوورەتی (القريش) دا:

١- پێنج سەرنج لەبارەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە.

٢- کورتە باسێک لەبارەی خوا پەرستییەوە.

دەیەم: لەسوورەتی (الماعون) دا:

پێوەر و تەرازوویەکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵک.

یازدەیەم: لەسوورەتی (الكوثر) دا:

کورتەباسێک لەبارەی بێبڕوایی و هۆکارەکانییەوە.

دوازدەیەم: لەسوورەتی (النصر) دا:

١- کورتەباسێک لەبەسەرهاتی فەتحی مەککە.

٢- کورتە باسێک دەربارەی ئاین لەبەر تیشکی ئەم ئایەتە بەپێزەوە ﴿ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ ﴾.

سێزدەیەم: لە سوورەتی (الحسد) دا:

پێنج هەڵوەستەی پێنج هەڵوەستە لەبارەی ئەم سوورەتەوە.

چواردەیەم: لە سوورەتی (الإخلاص) دا:

١- حەوت وردە سەرنج لەبارەی سوورەتی (الإخلاص)ەوە.

٢- پێگەو گەورەیی ئەم سوورەتەو سوورەتی (الکافرون) و پاداشتی خوێندنەوەیان.

پازدەیەم: لە سوورەتی (الفلق) دا:

١- کورتە باسێک: پێگەی فەلەق و ناس و جادوولێکرانی پێغەمبەری خوا.

٢- قسەیەکی کورت و پوخت لەبارەی جادوولێکرانی پێغەمبەری خواوە.

شازدەیەم: لەسوورەتی (الناس) دا:

کورتەباسێک لەبارەی سوورەتی (**الفلق**) و سوورەتی (**الناس**) ەوە.

هیواداریشم ئەم بەرگەش وەک بەرگە پێشووەکانی بەنەفەس درێژ و ڕامانەوە بخوێندرێتەوە و بەهرەو سوودی شایستەی لێوەربگیرێ.

سبحان ربک رب العزة عما یصفون، وسلام علی المرسلین، والحمد لله رب العالمین.

١٤٤٥/٤/١٦ك - ٣١/ ١٠/ ٢٠٢٣ز هەولێر

تەفسیری سوورەتی

العَلَق

دەستپێک

بەرێـــزان!

ئەمڕۆ کە (١٥)ی (**ذي الحجة**)ی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٨/١٥)ی زایینی، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیر کردنی سوورەتی (**العلق**)، سەرەتاش پێناسەو نێوەڕۆکی ئەو سوورەتە لە حەوت برگەدا دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (العلق) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە موبارەکە ناوی هەرە باوی: (**سُورَةُ العلق**)ە، بەڵام وێڕای ئەوە، ئەم ناوانەشی بۆ بەکارهێنراون:

١- (**سورة اقرأ باسم ربك**).

٢- (**سورة اقرأ باسم ربك الذي خلق**).

٣- (**سورة اقرأ**).

٤- (**سورة اقرأ والعلق**).

٥- (**سورة القلم**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە موبارەكـە لـە شـاری مەككـە دابەزیـوە، بگـرە پێنـج ئایەتـی سـەرەتای، یەكەمیـن ئایەتـن كـە لـە ئەشـكەوتی حیرائـدا دابەزیونـە سـەر دڵـی بەرزو پاكـی موحەممـەد صـەڵات و سـەلامی خـوای لەسـەربێ.

لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین:

(عَـنْ عَبْـدِ اللـه بـنِ عَبَّـاسٍ ، قَـالَ: أَوَّل مَـا نَـزَلَ مِـنَ القُـرآنِ بِمَكَّـة سُـورَةُ إقْـرَأْ بِاسْـمِ رَبِّـكَ الَّـذِي خَلَـق) (أورده السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٦٥٠، وزاد نسـبته لابـن الضريـس والطـبراني وابـن مردويـه، الإسـتيعاب في بيـان الاسـباب: ج٣، ص٥٣٤، قـال مؤلفـا الإسـتيعاب: صحيـح لغـيره).

واتـە: عەبدوڵـلای كـوڕی عەببـاس گوتوویەتـی: یەكەمیـن شـتێك كـە لـە قورئـان لـە مەككـە دابـەزی، بریتـی بـوو لـە: ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ ﴾، واتـە: ئەمـە یەكەمیـن ئایـەت بـوو، هەروەهـا چـوار ئایەتەكـەی دوای ویـش.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـە موصحەفـدا ژمارەكـەی: (٩٦)و، لـە دابەزینـدا ژمارەكـەی یـەك (١)ە، بـە تایبەت پێنـج ئایەتـی سـەرەتای، بـەڵام بێگومـان ئـەوەی دیكـە دواتـر بـووە، كـە دوایـی لـە كاتـی تەفسـیركردنی ئایەتەكانـدا، زیاتـر ڕوونـی دەكەینـەوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەكانی:

ئایەتەكانی ئەم سوورەتە، سێ ژمارەیان بۆ داناون:

أ- خەڵكی مەدینەو مەككە ژمارە بیست (٢٠)یان داناوە.

ب- خەڵكی شام ژمارە هەژدە (١٨)یان داناوە.

ج- خەڵکی کووفەو بەصڕاش ژمارە نۆزدە (١٩)یان داناوەو، ئەمەش لە موصحەفەکانی لای ئێمەدا تەبەننیی کراوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکیی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە چەنـد ڕاسـتییەکی یەکجـار گـەورەو گرنگـی گرتوونـە خـۆی، بـە تایبـەت پێنـج ئایەتـی سـەرەتای، کـە یەکەمیـن ئایەتـن بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دابەزیـون، ئایەتەکانـی: (١ - ٥).

دوایـی لـە سـێ ئایەتـی (٦ و ٧ و ٨)دا، باسـی یاخیـی بوونـی مـرۆڤ کـراوە، لـە کاتـی هەسـتکردنی بـە هەبـوون و بـە دەستڕۆیشـتوویەتیی و دەسـتکراوەیی و، بـێ ئاگابوونـی دا لـە گەڕانـەوەی بـۆ لای خـوا.

پاشـان لـە ئایەتەکانـی: (٩ - ١٨) دا، باسـی وێنەیەکـی مرۆڤـی یاخیـی کـراوە، کـە ڕێگریـی لـە خواپەرسـتیی دەکات، لـە حاڵێکـدا ئـەو خواپەرسـتە لەسـەر ڕێـی ڕاسـتە و فەرمانکاریشـە بـە پارێزکاریـی، دوایـی هەڕەشـە لێکردنـی بـە گرتنـی تووکـی پێشـە سـەری بـە توندیـی و، بانگکردنـی دۆزەخەوانـەکان بـۆ سـزادانی، کـە زۆربـەی هـەرە زۆری ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە: ئـەم ئایەتانـە لەبـارەی ئەبـوو جەهلـەوە دابەزیـون، کـە ڕێگریـی کـردوە لـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، یاخـود هەڕەشـەی لێکـردوە نەهێڵـێ نوێـژ بـکات، لـە ئایەتـی کۆتایـی ژمـارە (١٩) نـۆزدەش دا، فەرمـان بـە پێغەمبـەر ﷺ کـراوە کـە بـە قسـەی ئـەو بێبـڕوا لـە خـوا یاخییـە نـەکات و، کڕنـووش بـۆ خـوا ببـات و، خـۆی زیاتـر لـێ نزیـك بخاتـەوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئەم سوورەتە موبارەکە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەن، ئێمە حەوتیان لێ دێنین:

١)- پێنج ئایەتی یەکەم، یەکەمین ئایەتانێکن کە دابەزیون بۆ سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڕای زۆربەی هەرە زۆری، نیزیك بە یەکدەنگیی زانایان، کە ئێمە لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (المدثر) و (المزمل)دا، ڕایەکی دیکەشمان لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هێنا، بەڵام ڕای ڕاست و بێ گرێ و گۆڵ، هەر ئەوەیە، وەك دواییش لە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکە، بەتایبەت ئەم پێنج ئایەتەدا، باس دەکەین.

٢)- دەست پێکردن بە فەرمانکردن بە بخوێنە (اِقرأ) لە ئایەتی ژمارە یەکدا، کە لە هەموو قورئان دا، تەنیا لێرەدا ئەم وشەو تەعبیرە هاتوە.

٣)- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە، کە خوا بە قەڵەم مرۆڤی فێری ئەوە کردوە کە نەیزانیوە:
﴿ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ ﴾.

٤)- مرۆڤ لە کاتی هەبوون و دەستڕۆیشتندا یاخیی و بوغڕا دەبێ، لە سەرکێشیی و بێ فەرمانیی دا سنوور دەبەزێنێ، ئایەتەکانی: (٦ و ٧).

٥)- هەڕەشەکردنی توند لە بابایەکی ڕێگر لە نوێژ کردن، ئایەتەکانی ٩ - ١٨ : ﴿ أَرَءَيْتَ
ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيْتَ إِن
كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾
فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ ﴾.

٦)- فەرمانکردنی خوای پەروەردگار بە کڕنووش بردنی پێغەمبەرەکەی ﷺ و خۆ لە خوا وەنیزیك خستنی، ئایەتی نۆزدە (١٩)و کۆتایی.

٧)- چەند وشەو تەعبیرێك تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون:

١- وشەی (اِقْرَأْ).

٢- وشەی (عَلَق).

٣- وشەی (وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ).

٤- تەعبیری (عَلَّمَ بِالْقَلَمِ).

٥- تەعبیری (أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى (٩) عَبْدًا إِذَا صَلَّى (١٠)).

٦- تەعبیری (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى).

٧- تەعبیری (لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ).

٨- تەعبیری (فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ).

٩- تەعبیری (سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ).

١٠- تەعبیری (كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ).

حەوتەم: دابەشكردنی ئایەتەكانی:

ئێمە كۆی نۆزدە (١٩) ئایەتە موبارەكەكەی ئەم سووڕەتە، دەكەین بە دەرسێك، لەبەر ئەوەی هەموویان تێكهەڵكێش و پێكەوە پەیوەستن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەمە دەرسە کۆی نۆزدە ئایەتەکەی ئەم سوورەتە پێکدێنێ، پێشتریش باسمان کرد کە ئەم سوورەتە موبارەکە نۆزدە ئایەتەکەی پێکەوە پەیوەستن، بەڵام پێنج ئایەتی یەکەمی، یەکەمین ئایەتانێکن دابەزیون بۆ سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، کە خوای بەرزی مەزن تیایاندا دەفەرمووێ: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ ﴾، واتە:

بخوێنە یانی: ئەو ئایەتانەی بۆتیان دەخوێنینەوە، بیانخوێنە، بە ناوی ئەو پەروەردگارەت کە هێناویەتە دی، چی هێناوەتە دی؟ هەموو شتێکی هێناوەتە دی.

﴿ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ﴾، لە نێو دروستکراوەکاندا مرۆڤی لە خوێنپارە دروستکردووە، خوێنپارەیی مرۆڤ قۆناغی دووەمی دروست بوونیەتی، قۆناغی یەکەم نوتفەیە، دوایی دەبێتە خوێنپارە (**علقة**)، ئنجا دەبێتە پارچە گۆشتێکی زارچوو (**مضغة**) ئاسا، دوایی دەبێتە ئێسقان، دوایی ئێسکەکان بە گۆشت دادەپۆشرێن، قۆناغی حەوتەمیش ئەوەیە کە دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ۝١٤ ﴾**المؤمنون**، دوایی بە دروستکراوێکی دیکە دروستمان کرد، کە مەبەست پێی رووح بە بەرداکردنیەتی.

﴿ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ﴾، دووبارەی دەکاتەوەو دەفەرمووێ: بخوێنە پەروەردگاریشت هەر بەخشندەیە، (کریم) بە مانای بەخشەرو بەخشندەیە، (**الأكرم**) یانی: هەرە بەخشندە، ئەوپەڕی بەخشەر.

ئنجا لە بەخششی خۆی نموونەیەکمان پێشان دەدات، کە گرنگترین شتە لە ژیانی بەشەردا: ﴿ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ ﴾، کە بە قەڵەم فێری کردوە، واتە: فێری

مرۆڤی کردوه، چی فێر کردوه؟ ﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ۝٥ ﴾، شتێکی فێری مرۆڤ کردوه کە نەیدەزانی و، نەدەگونجا بەبێ خوێندن و نووسین بیزانێ.

دوایی خوا ﷻ لە سێ ئایەتەکانی دوای ئەوەدا، ئایەتەکانی: (٦ و ٧ و ٨)، باسی جۆرە مرۆڤێکمان بۆ دەکات کە کاتێك هەست بەبێ نیازیی و دەوڵەمەندیی و دەسترۆیشتوویی دەکات، لە خوا یاخیی و بوغرا دەبێ و لە کەوڵی خۆی دەردەچێ، دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ۝٦ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ۝٧ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ۝٨ ﴾، نەخێر وانیە، ئەمە پەیوەندیی بە ئایەتەکانی دواییەوە هەیە، واتە: با وازبێنێ لە گومڕایی، یانی: ڕاست نیە وابکات، (أل)ی (الإنسان) بۆ ناساندن (**تعریف**)ەو بۆ جینسەو کۆی مرۆڤان دەگرێتەوە، بەڵام جینسی عورفیی، یانی: ئەو ئینسانانەی ئەو کاتە هەبوون و، جگە لە موحەممەد ﷺ ئەوانی دیکە هەموویان بەو شێوەیە بوون کە خوای پەروەردگار پێناسەی کردوون، ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ۝٦ ﴾ مرۆڤ لەسەرپێچییدا سنوور دەبەزێنێ ﴿ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ۝٧ ﴾، کاتێك خۆی بینی بێنیازو دەسترۆیشتوو و دەوڵەمەندە، ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ۝٨ ﴾، بەدڵنیایی گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارتە، کەواتە با بزانێ دەچێتەوە بۆلای خاوەن و پەروەردگاری خۆی.

ئنجا لە دە (١٠) ئایەتی دواییدا، خوا ﷻ باسی کەسێکمان بۆ دەکات کە هەوڵیداوە ڕێگریی نوێژکردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکات، دەفەرموێ: ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ۝٩ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ۝١٠ ﴾، ئایا ئەو کەسەت بینی کە قەدەغەو ڕێگریی دەکات لە بەندەیەك کاتێك نوێژ دەکات، کەسێك کە قەدەغەو ڕێگریی کردوە، زۆربەی هەرە زۆری ڕوونکەرەوانی قورئان دەڵێن: ئەبوو جەهل بووە کە ناوی عەمر بووەو کونیەکەی ئەبوولحەکەم بووە، بەڵام دوایی نازناوی ئەبوو جەهلی وەرگرتوە، ئەو بەندەیەش کە ڕێی لێگیراوە، بێگومان موحەممەدە ﷺ، ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ۝١١ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ۝١٢ ﴾، ئایا دەبینی، هەواڵم پێبدە (ئەو کەسەی نوێژ دەکات) ئەگەر لەسەر ڕێی ڕاست بێ و، فەرمانیش بکات بە پارێزکاریی،

﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ ﴾، هەواڵـم پێبـدە ئەگـەر بابـای ڕێگرییـکار (پەیامـی خـوا) بـە درۆ دابنـێ و پشـتی تێبـکات، ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾، ئایـا نازانـێ کـە خـوا دەبینـێ، دەزانـێ! لـە دواییـدا خـوا هەڕەشـەی لێـدەکات: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ ﴾، بـا وازبێنـێ، ئەگـەر وازنەهێنـێ بـە توندیـی تووکـی پێشـە سـەری ڕادەکێشـین (دەیگریـن) ﴿ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ ﴾، تووکـی پێشـە سـەری بابایەکـی درۆزنــی گوناهــکار، ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾، ئنجـا بـا ئـەو خەڵـکی یانـەو کـۆڕو دیوەخانەکـەی خـۆی بانـگ بـکات (دەفریـای بێـن) ﴿ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ ﴾، ئێمـەش فریشـتە دۆزەخەوانـەکان بانـگ دەکەیـن.

لـە ئایەتـی کۆتایـی دا خـوا بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾ ﴾، نەخێـر فەرمانبەریـی مەکـە، گوێڕایەڵیـی بـۆ مەکـە، (گوێـی پـێ مـەدەو لێـی مەترسـێ و بێبـاك بـە) کڕنـووش بـۆ خـوا بـەرەو لـە خـوا زیاتـر خـۆت نزیـك بخـەوە، کەواتـە: بەهـۆی کڕنـووش بردنـەوە مـرۆڤ زیاتـر لـە خـوا نیزیـك دەکەوێتـەوەو، مرۆڤیـش هەتـا لـە خـوا نیزیکـتر بـێ، لـە جگەلـە خـوا بـێ منەتـترو بـێ باکـتر دەبـێ و، گـوێ نـادات بـەو کۆسـپ و تەگەرانـەی دێنـە بەردەمـی.

﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ﴿٣﴾
ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ
ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ أَرَءَيْتَ
إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ
﴿١٤﴾ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾
سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. بخوێنە بە ناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەمـوو شـتێکی دروستکردوە (١) مرۆڤی لە خوێنپارە دروستکردوە (٢) بخوێنەو پەروەردگاریشت هەرە بەخشەرە (٣) ئەو کەسەی بە قەڵەم زانیاریی فێری مرۆڤ کردوە (٤) ئەو (زانیاریی)ەی فێری مرۆڤ کردوە کە نەیدەزانی (٥) نەخێر وانیە (کە بێبڕوایان دەڵێن)، بەدڵنیایی مرۆڤ یاخیی دەبێ (٦) هەر کات بینی بێنیازو دەستڕۆیشتوو بووە (٧) بێگومان گەڕانەوە (ی هەموو لایەك بۆ سزاو پاداشت) بەس بۆ لای پەروەردگارتە (٨) ئایا ئەو کەسەت بینی کە ڕێگریی دەکات (٩) لە بەندەیەك کاتێك نوێژی کرد! (١٠) ئایا بینیت (هەواڵم پێبدە) ئەگەر ئەو نوێژکارە لەسەر ڕێی ڕاست بێ (١١) یان فەرمان بە پارێزکاریی بکات (ڕەوایە ڕێگریی لێ بکات)؟ (١٢) ئایا دیتت ئەگەر بابای ڕێگرییکار بەدرۆی داناو پشتی هەڵکرد (١٣) ئایا نازانێ خوا دەبینێ؟ (١٤) نەخێر با وازبێنێ، بێگومان ئەگەر وازنەهێنێ بە توندیی تووکی پێشە سەری دەگرین (١٥) تووکی پێشە سەرێکی درۆزنی گوناهکار (١٦) ئنجا با ئەو بەشداربووانی کۆڕەکەی بانگ بکات (١٧) ئێمەش دۆزەخەوانەکان بانگ دەکەین (١٨) نەخێر (ئەی موحەممەد ﷺ) بە قسەی مەکە، کڕنووش (بۆ خوا) ببەو، زیاتر (لێی) نیزیك ببەوە (١٩)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(اقـرأ) بخوێنـە (القِـرَاءَةُ: ضَـمُّ الحُـرُوفِ والكَلِـمَاتِ بَعْضِهَـا إلى بَعْـض فِي التَّرْتِيـل)، (قِرَاءة): بریتیـە لـە پێکـەوە لکاندنـی پیـت و وشـەکان هەندێکیـان بـۆلای هەندێکیان لـە خوێندنـەوەدا.

(عَلَـقْ) (التشَـبُّثُ بالـشَّيءِ، وَالعَلَـق: دودٌ يتعلَّـق بالحلْـق، والعَلَـقُ: الـدَّمُ الجَامِـدُ، وَمِنْـهُ العَلَقَـة الَّتِـي يَكُـونُ مِنْـهُ الوَلَـدُ)، (عَلَـق): بریتیـە لـە خۆهەڵواسـین بـە شـتێك، (عَلَـق) بـە کرمێـك دەگوتـرێ بـە گـەرووەوە دەنـووسرێ، هەروەهـا بـە خوێنێکـی خەسـت دەگوتـرێ، لەویشـەوە بـە وەی کۆرپەلـەی لـێ دروسـت دەبـێ، گوتـراوە: (عَلَقَـة)، چونکـە لـە قۆناغـی دووەمـی دروسـتبوونیدا بریتیـە لـە خوێنێکـی وەك زەروو، بـە دیـواری منداڵدانـەوە نووسـاو.

(الأکـرم): (الكَـرَمُ: إِذَا وُصِـفَ بِـهِ اللـه، اسْـمٌ إِحْسَـانِهِ، وَإِنْعَامِـهِ الظاهـر)، (کَـرَم): ئەگـەر بکرێتـە وەصـف بـۆ خـوا، بریتیـە لـە چاکـەو بەهرەمەندکردنـی ئاشـکرای وی، (الأکـرم) زاتێـك کـە لـە هەمـوو کـەس بەخشـەرترە.

(القلـم) (القَلَـمُ: أَصْـلُ القَلْـمِ: القَـصُّ مِـنَ الـشَّيءِ الصُّلْـب، وَمِنْـهُ تَقْلِيـمُ الأَظَافِـر)، (قَلْـم): بریتیـە لـە بڕینـی شـتێکی ڕەق، لـەوەوە گوتـراوە: (تَقْلِيـمُ الأَظَافِـر) نینـۆك کـردن، نینـۆك بڕیـن، (وَالقَلَـمُ: المَقْلُـومُ)، (قَلَـم): بریتیـە لـە شـتێك لێـی بڕدرابـێ، ئنجـا لـەوەوە ئـەو نـاوە خوازراوەتـەوەو بەکارهێـنراوە بـۆ پێنـووس (وَخُـصَّ ذَلِـكَ بِمَـا يُكْتَـبُ بِـهِ، وَجَمْعُـهُ: الأَقْـلاَم)، دوایـی قەڵـەم تایبەتکـراوە بـەوەی پێـی دەنـووسرێ و بـە قەڵەمـەکان کۆدەکرێتـەوە، بـە کوردیـی پێنـووس بەکاردەهێـنرێ بـۆ قەڵـەم، بـەڵام قەڵـەم زیاتـر نـاودارەو زانـراوە.

(لیطغی): (الطُّغْیَانُ: تَجَاوزُ الحَدِّ فِي العِصْیَانِ): (لَیَطْغی) لەسەرپێچییدا لە سنوور دەردەچێ، چونکە (طُغْیَان): بریتیە لە سنووربەزێنیی لەسەرپێچییدا.

(الرجعی): (الرُّجْعَی والرُّجُوعُ والمَرْجِعُ): هەر سێکیان بە مانای گەڕانەوە دێن و چاوگن.

(ینهی): (النَّهيُ: الزَّجْرُ عَنِ الشَّيءِ): (نَهي): بریتیە لە تێخوڕین بۆ ئەوەی شتێك بکرێ یان نەکرێ، واتە: ڕێگرییکردن و ڕێ لێگرتن.

(لنسفعاً) (السَّفْعُ: الأَخْذُ بنسعة الفَرَسِ، وَهِيَ سَوَادُ نَاصِیَتِهِ)، (سَفْع): بریتیە لەوەی تووکی نێوچەوانی ئەسپ بگیرێ، بەکوردیی پێی دەگوترێ: بژ، هەروەها تووکی گێزەکەی ملی ئەسپ پێی دەگوترێ: بژ، یاخود یاڵ، هەروەها (سفع) بریتیە لەوەی شتێك بە توندیی بگیرێ و ڕابکێشرێ.

(بالناصیة) (النَّاصِیة: قِصَاصُ الشَّعْرِ، وَالقصَاصُ جَمْعُ قُصَّة: الخَصْلَةُ مِنَ الشَّعْرِ، وَالقُصَّةُ: شَعْرُ مُقَدَّمُ الرَّأْسِ، والجمع القُصَص وَالقِصَاص): (نَاصِیَة): بریتیە لە قژو پرچێك کە بە نێوچەواندا شۆڕدەبێتەوە، (قِصَاص)یش کۆی (قُصَّة)یە، ئەویش بریتیە لەو مووانەی بە نێوچاواندا دێنە خوار، مووی پێشەوەی سەر.

(نادیه) (النَّادِي وَالمُنْتَدَی: المَكَان المُهَیَّأُ لِجُلُوسِ القَوْمِ فِیهِ) (نادي) و (منتدی) شوێنێکە ئامادەکراوە بۆ کۆمەڵە خەڵکێك تێیدا دابنیشن، وشەی (نادي) بە (أَنْدِیة) و (نَوَادِي) کۆدەکرێتەوە، بە کوردیی یانەی پێ دەگوترێ، یاخود دیوەخان و شوێنی کۆڕ و مەجلیس.

(الزَّبَانِیة: زَبَنَهُ أي: دَفَعَهُ، رَمَی بِهِ) واتە: پاڵی پێوەناو هاویشتی، (والزبانیة: الشُّرَطُ) ئەو پۆلیسانەی دادەنرێن بۆ ڕێگریی کردن لە شتی خراپ لە نێو کۆمەڵگادا، یاخود بۆ چاودێریی کردن.

هەندێك لە فریشتەکان ناوی زەبانییەیان لێنراوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی دۆزەخیین پاڵیان پێوەدەنێن و دەیانخەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: وشەی (زبانیة) ناوی فریشتە دۆزەخەوانەکانە.

هۆی هاتنە خوارەوی ئایەتەکان

دەربارەی هۆی هاتنە خواری ئەم سوورەتە موبارەکە، زانایان زۆر شتیان باسکردوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەم گێڕراوەیە:

{عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ رضي الله عنها أَنَّهَا قَالَتْ: أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنَ الْوَحْيِ: الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ فِي النَّوْمِ، فَكَانَ لاَ يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ، ثُمَّ حُبِّبَ إِلَيْهِ الْخَلاَءُ، وَكَانَ يَخْلُو بِغَارِ حِرَاءٍ فَيَتَحَنَّثُ فِيهِ -وَهُوَ التَّعَبُّدُ- اللَّيَالِيَ ذَوَاتِ الْعَدَدِ قَبْلَ أَنْ يَنْزِعَ إِلَى أَهْلِهِ، وَيَتَزَوَّدُ لِذَلِكَ، ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَى خَدِيجَةَ، فَيَتَزَوَّدُ لِمِثْلِهَا، حَتَّى جَاءَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِي غَارِ حِرَاءٍ، فَجَاءَهُ الْمَلَكُ فَقَالَ اقْرَأْ. قَالَ: «مَا أَنَا بِقَارِئٍ»، قَالَ: «فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: اقْرَأْ. قُلْتُ: مَا أَنَا بِقَارِئٍ. فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي، فَقَالَ: اقْرَأْ. فَقُلْتُ: مَا أَنَا بِقَارِئٍ. فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّالِثَةَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ ﴾ العلق»، فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَرْجُفُ فُؤَادُهُ، فَدَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ بِنْتِ خُوَيْلِدٍ رضي الله عنها فَقَالَ: «زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي» فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ، فَقَالَ لِخَدِيجَةَ وَأَخْبَرَهَا الخَبَرَ: «لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي»، فَقَالَتْ خَدِيجَةُ رضي الله عنها: كَلَّا وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا، إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ، وَتَحْمِلُ الكَلَّ، وَتَكْسِبُ المَعْدُومَ، وَتَقْرِي الضَّيْفَ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الحَقِّ، فَانْطَلَقَتْ بِهِ خَدِيجَةُ حَتَّى أَتَتْ بِهِ وَرَقَةَ بْنَ نَوْفَلِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ العُزَّى ابْنَ عَمِّ خَدِيجَةَ رضي الله عنها وَكَانَ امْرَأً تَنَصَّرَ فِي الجَاهِلِيَّةِ، وَكَانَ يَكْتُبُ الكِتَابَ العِبْرَانِيَّ، فَيَكْتُبُ مِنَ الإِنْجِيلِ بِالعِبْرَانِيَّةِ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكْتُبَ، وَكَانَ شَيْخًا كَبِيرًا قَدْ عَمِيَ، فَقَالَتْ لَهُ خَدِيجَةُ: يَا ابْنَ عَمِّ، اسْمَعْ مِنَ ابْنِ أَخِيكَ، فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: يَا ابْنَ أَخِي مَاذَا تَرَى؟ فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَبَرَ مَا رَأَى، فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: هَذَا النَّامُوسُ الَّذِي نَزَّلَ اللَّهُ عَلَى مُوسَى، يَا لَيْتَنِي فِيهَا جَذَعًا، لَيْتَنِي أَكُونُ حَيًّا إِذْ يُخْرِجُكَ قَوْمُكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَوَ مُخْرِجِيَّ هُمْ»، قَالَ: نَعَمْ، لَمْ يَأْتِ

رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ مَا جِئْتَ بِهِ إِلَّا عُودِيَ، وَإِنْ يُدْرِكْنِي يَوْمُكَ أَنْصُرْكَ نَصْرًا مُؤَزَّرًا. ثُمَّ لَمْ يَنْشَبْ وَرَقَةُ أَنْ تُوُفِّيَ، وَفَتَرَ الوَحْيُ} (أخرجه البخاري: ٣، ومسلم: ٦٠)

واتە: عائیشەی دایکی بڕواداران ﷺ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: سەرەتای دابەزینی سرووش بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوەی خەونی چاك بوو، هیچ خەونێکی نەدەبینی مەگەر وەك شەبەقی بەیانی دەهاتە دی، دوایی دوورەپەرێزیی و تەنیایی لەلا خۆشەویستکرا، لە ئەشکەوتی حیڕادا دەمایەوە -و پەرستشی ئەنجامدەدا- چەند شەوێك دەمایەوەو نەدەگەڕایەوە بۆ نێو خانەوادەکەی (بایی ئەوەندە شەوەش) خواردنی لەگەڵ خۆی دا دەبرد، پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای خەدیجە ﷺ (ئەگەر خواردنەکەی کۆتایی هاتبایە) بە هەمان شێوەی پێشوو خواردنی لەگەڵ خۆی دەبردەوە (و دەچووە ئەشکەوت)، هەتا هەق (قورئان) ی بۆ هات لە کاتێکدا لە ئەشکەوتی حیڕادا بوو، فریشتەیەك هات بۆ لای پێی فەرموو: بخوێنە، (پێغەمبەریش ﷺ) فەرمووی: «من خوێندەوار نیم»، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: ئنجا گرتمی و توند بە خۆیەوە گوشیمی، پاشان وازی لێهێنام، دوایی فەرمووی: بخوێنە! منیش گوتم: خوێندەوار نیم، بۆ دووەمجاریش گرتمی و توند بە خۆیەوە گوشیمی، پاشان وازی لێهێنام و فەرمووی: بخوێنە، منیش گوتم: خوێندەوار نیم، بۆ سێیەمجاریش گرتمی و توند بە خۆیەوە گوشیمی، پاشان وازی لێهێنام و فەرمووی: [بخوێنە! بە ناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروستکردوە، مرۆڤی دروستکردوە لە خوێنێکی مەیيو، بخوێنە! پەروەردگاری تۆ (لە هەموو کەس) بەخشندەترە] ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ بەلەرزو شڵەژاوییەوە هاتەوە (بۆ ماڵ) بەهۆی ئەو ڕووداوەوە، چووە ژوور بۆ لای خەدیجەی کچی خوەیلید (ی هاوسەری) ﷺ فەرمووی: «دامبپۆشن، دامبپۆشن»، ئنجا دایانپۆشی تاکو ترسەکەی نەما، ئنجا هەواڵی ڕووداوەکەی بۆ خەدیجە ﷺ باسکرد، فەرمووی: «بەڕاستیی ترسم لە خۆم بۆ پەیدابووە (شتێکم بەسەربێ)»، خەدیجەش ﷺ گوتی: نەخێر، بە خوا شتی وا ڕوونادات، خوا هەرگیز شەرمەزارت

ناكات، چونكە تۆ پەیوەندیی خزمایەتیی دەگەیەنی و، دەستبارگری كەسی بێتوانای و، یارمەتییدەری نەداری و، خواردندەری میوانی (و ڕێزی لێ دەگری)و، هاوكاریی خەڵك دەكەی لە كاتی سەغڵەتییدا، ئنجا خەدیجە ﵂ لەگەڵ خۆی بردی تاكو گەیشتە لای وەرەقەی كوڕی نەوفەلی كوڕی ئەسەدی كوڕی عەبدولعوززا، ئامۆزای خەدیجە بوو، لە سەردەمی نەفامییدا چوو بووە سەر ئایینی نەصرانیی و، بە زمانی عیبریی نووسینی دەكرد، بۆیە بە زمانی عیبریی ئەوەندەی خوا ویستی لەسەربایە ئینجیلی دەنووسییەوە، پیاوێكی زۆر بە تەمەن بوو، كوێر بوو بوو، خەدیجە ﵂ گوتی: ئەی ئامۆزایەكەم! گوێ بگرە لە برازای خۆت، (واتە: پێغەمبەر موحەممەد ﷺ)، وەرەقە گوتی: برازای خۆم چیت بینیوە؟ ئنجا پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بینیبووی بۆی گێڕایەوە، وەرەقە پێی گوت: ئەمە ئەو پەیكە (فریشتە) یە كە خوا ناردی بۆ لای مووسا، خۆزگە لەو كاتەدا كە بانگەوازەكەت دەكرد گەنج دەبووم، خۆزگە زیندوو دەبووم كاتێك هۆزەكەت دەربەدەرت دەكەن، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: «بۆچی هۆزەكەم دەرمدەكەن؟!»، وەرەقە گوتی: بەڵێ دەربەدەرت دەكەن، لەبەر ئەوەی هەر پیاوێك هاوشێوەی ئەم پەیامەی تۆی هێنابێ، مسۆگەر دژایەتیی كراوە، ئنجا ئەگەر گەیشتمە ئەو ڕۆژگارەت بەرگرییەكی توندت لێ دەكەم، دوایی وەرەقە زۆر نەمایەوە كۆچی دوایی كردو، دابەزینی وەحییش بۆ ماوەیەك دواكەوت و نەهاتە خوار.

ئنجا دەربارەی كۆی سوورەتەكەش، بە تایبەت ئایەتەكانی: ﴿ أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يَنۡهَىٰ ﴿٩﴾ عَبۡدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ ﴾، چەند گێڕدراوەیەك هەن، ئێمە دووانیان دێنین:

١)- {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُصَلِّي فَجَاءَ أَبُو جَهْلٍ فَقَالَ أَلَمْ أَنْهَكَ عَنْ هَذَا، أَلَمْ أَنْهَكَ عَنْ هَذَا، أَلَمْ أَنْهَكَ عَنْ هَذَا؟ فَانْصَرَفَ النَّبِيُّ ﷺ فَزَبَرَهُ، فَقَالَ أَبُو جَهْلٍ إِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا بِهَا نَادٍ أَكْثَرُ مِنِّي، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: (فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ) فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: فَوَاللَّهِ لَوْ دَعَا نَادِيَهُ لَأَخَذَتْهُ زَبَانِيَةُ اللَّهِ}، (أخرجه الترمذي: ٣٣٤٩، قَالَ هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ صَحِيحٌ، والنسائي في تفسيره: ٧٠٤، قال الألباني: صحيح الإسناد).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ نوێـژی دەکـرد، ئەبـوو جەهـل هاتـە لای پێـی گـوت: ئایـا ڕێگرییـم لـەوە لـێ نەکردبـووی؟ ئایـا ڕێگرییـم لـەوە لـێ نەکردبـووی؟ ئایـا ڕێگرییـم لـەوە لـێ نەکردبـووی؟ پێغەمبەریـش ﷺ ڕۆیـی و خـۆی لـێ تـووڕە کـرد، قسـەیەکی زبـری پێگـوت، ئەبـوو جەهلیـش گوتی: تـۆ دەزانـی کـە هیچکـەس لـە مـن کـۆڕو مەجلیسـی زیاتـر نیـە، ئیـدی لـەو بـارەوە خـوا عزوجـل ئەمـەی دابەزانـد: ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ ﴾، بـا ئـەو کـۆڕو مەجلیسـەکەی خـۆی بانـگ بـکات ئێمـەش دۆزەخەوانـەکان بانـگ دەکەیـن، ئیبنـو عەبباس خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ دەڵـێ: سـوێند بـە خـوا ئەگـەر کـۆڕو مەجلیسـەکەی خـۆی بانـگ کردبایـە، دۆزەخەوانەکانـی خـوا بـە توندیـی دەیانگـرت.

٢)- { عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ أَبُو جَهْلٍ: هَلْ يُعَفِّرُ مُحَمَّدٌ وَجْهَهُ بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ؟ قَالَ فَقِيلَ: نَعَمْ، فَقَالَ: وَاللَّاتِ وَالْعُزَّى لَئِنْ رَأَيْتُهُ يَفْعَلُ ذَلِكَ لَأَطَأَنَّ عَلَى رَقَبَتِهِ أَوْ لَأُعَفِّرَنَّ وَجْهَهُ فِي التُّرَابِ، قَالَ: فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وَهُوَ يُصَلِّي زَعَمَ لِيَطَأَ عَلَى رَقَبَتِهِ، قَالَ: فَمَا فَجِئَهُمْ مِنْهُ إِلَّا وَهُوَ يَنْكُصُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَيَتَّقِي بِيَدَيْهِ، قَالَ فَقِيلَ لَهُ: مَا لَكَ؟ فَقَالَ: إِنَّ بَيْنِي وَبَيْنَهُ لَخَنْدَقًا مِنْ نَارٍ وَهَوْلًا وَأَجْنِحَةً، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: لَوْ دَنَا مِنِّي لَاخْتَطَفَتْهُ الْمَلَائِكَةُ عُضْوًا عُضْوًا، قَالَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: (لَا نَدْرِي فِي حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَوْ شَيْءٌ بَلَغَهُ:) [كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى. أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى. عَبْدًا إِذَا صَلَّى أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى أَرَأَيْتَ إِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى (يَعْنِي أَبَا جَهْلٍ)، أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى كَلَّا لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ. فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ. كَلَّا لَا تُطِعْهُ واسجد واقترب} (أخرجه أحمد: ٨٨، ومسلم: ٢٧٩٧).

واتـە: ئەبـوو هوڕەیـڕە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: ئەبـوو جەهـل گوتـی: ئایـا موحەممـەد ﷺ لـە نێـو ئێـوەدا دەم وچـاوی خـۆی بـە گڵـەوە دەنووسـێنێ (واتـە: کڕنـووش دەبـات؟)، پێـی گوتـرا: بەڵـێ، گوتـی: سـوێند بـەلات و عـوززا، ئەگـەر ببینـم وابـکات، دەچمـە سـەر ملـی، یاخـود دەم وچـاوی لـە گڵ وەردەدەم، دەڵـێ: هاتـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە نوێـژی دەکـرد، پێـی وابـوو دەتوانـێ بچێتـە سـەر گـەردن

و ملـی، هـەر ئەوەندەیـان زانـی پاشـەو پـاش کشـایەوە، بەهـەردوو دەسـتی خـۆی دەپاراسـت، لـەو بـارەوە پێـی گوتـرا: چیتـە؟ گوتـی: لـە نێـوان مـن و ئـەودا شـیوێك لـە ئاگـر هەبـوو! تـرس هەبـوو و بـاڵ هەبـوون، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: ئەگـەر لێـم نزیـك کەوتبایـە، فریشـتەکان پارچـە پارچەیـان دەکـرد، ئەنـدام ئەنـدام دەیانگـرت، ئیـدی لـەو بـارەوە خـوا عزوجـل ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەی دابەزانـدن، ئنجـا بابـای گێـڕەرەوە دەڵـێ: نازانیـن ئایـا ئـەوە ئەبـوو هورەیـرە خـۆی گوتوویەتـی، یاخـود شـتێك بـووە پێـی گەیشـتوە، یـانی: بیسـتوویەتی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ، ئنجـا خـوا **عـزَّ وجـل** ئـەو ئایەتانـەی دابەزانـدن (ئایەتـەکانی: ٦ - ١٩).

مانای گشتیی ئایه‌ته‌كان

ئــه‌م ســووره‌ته موباره‌كــه‌، پێنــج ئایه‌تــی ســه‌ره‌تای، یه‌كه‌میــن ئایه‌تانێكــن كــه‌ خــوا دایبه‌زاندوونــه‌ ســه‌ر دڵــی موباره‌كــی پێغه‌مبــه‌ری كۆتایــی خــۆی موحه‌ممــه‌د ﷺ، بــه‌ڵام ئایه‌ته‌كانــی دوایــی به‌پێــی نێوه‌ڕۆكیــان، دیــاره‌ لــه‌ قۆناغه‌كانــی دواتــری ته‌مه‌نــی پێغه‌مبــه‌ردا ﷺ دابه‌زیــون و، كاتێــك بــووه‌ كــه‌ بانگه‌وازه‌كــه‌ی ئاشــكرا كــردوه‌و، دوژمنــان و ناحه‌زانێكــی بــۆ په‌یدابــوون و، ویســتوویانه‌ ئه‌زیه‌تــی بــده‌ن و ناڕه‌حه‌تــی بكــه‌ن، كه‌واتــه‌ بــه‌لای كه‌مــه‌وه‌ ئایه‌ته‌كانــی دیكــه‌، به‌تایبــه‌ت ئایه‌ته‌كانــی: (٩ - ١٩) بــه‌لای كه‌مــه‌وه‌ لــه‌ چــوار پێنــج ســاڵی پێغه‌مبه‌رایه‌تیــی بــه‌ولاوه‌دا دابه‌زیــون.

خوا ﷻ ده‌فه‌رموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ به‌ناوی خوای به‌به‌زه‌یی به‌خشنده‌، واته‌:

١- ئه‌م قورئانخوێندنه‌ به‌ناوی خوای به‌به‌زه‌یی به‌خشنده‌ ده‌ست پێده‌كه‌م.

٢- ئه‌م قورئانه‌ به‌پێی ئایین و به‌رنامه‌و ڕێنمایی خوا ده‌یخوێنم.

٣- ئه‌م قورئانه‌ بۆ به‌ده‌ستهێنانی ڕه‌زامه‌ندیی خوا ده‌یخوێنم.

٤- ئه‌م قورئانه‌ به‌ تواناو وزه‌یه‌ك كه‌ خوا بۆی ڕه‌خساندووم ئه‌نجامده‌ده‌م، چ قورئانخوێندن، هه‌ر كارێكی دیكه‌، كه‌ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ی لێده‌كرێ.

ئنجــا ده‌فه‌رمــوێ: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ①﴾، بخوێنــه‌ به‌نــاوی ئــه‌و په‌روه‌ردگاره‌ت كــه‌ دروســتیكردوه‌، پێشــتر هــۆی هاتنــه‌ خواره‌یه‌كه‌یــمان باســكرد، كــه‌ هــه‌ر كام لــه‌ پێشــه‌وایان بوخاریــی و موســلیم لــه‌ هــه‌ردوو صه‌حیحه‌كــه‌ی خۆیانــدا هێناویانــه‌و، هه‌روه‌هــا ئیبنــو هیشــام لــه‌ (**الســيرة النبويــة**)دا هێناویه‌تــی، كــه‌ بــۆ یه‌كه‌مجــار پێغه‌مبــه‌ری خاتــه‌م ﷺ دوای شــه‌ش مانــگ خه‌ڵوه‌نشــینیی و خواپه‌رســتیی

لـە ئەشـکەوتی حیرائـدا، لـە کۆتایـی شـەش مانگەکـەدا جبریـل لـە شـێوەی پیاوێـك دا دەچێتـە لای و، دوای ئـەوەی تونـد دەیگـرێ و بەخۆیـەوە دەیگوشـێ هەتـا تینـی دەگاتـێ، ئنجـا بـەری دەدات و پێـی دەفەرمـوێ: ﴿ اَقْرَأْ ﴾ بخوێنە، ئەویـش لە وەڵامدا دەڵـێ: (**مـا أنـا بقـارئ**) مـن خوێنـەر نیـم! بـۆ جـاری دووەم دەیگـرێ بەخۆیـەوە دەیگوشـێ هەتـا تینـی دەگاتـێ، ئنجـا بـەری دەدات و پێـی دەفەرمـوێ: ﴿ اَقْرَأْ ﴾ بخوێنـە، ئەویـش دووبـارەی دەکاتـەوە دەڵـێ: (**مـا أنـا بقـارئ**) مـن خوێنـەدەوار نیـم! ئنجـا بـۆ جـاری سـێیەم دەیگـرێ و بەخۆیـەوە دەیگوشـێ تاکـو تینـی دەگاتـێ، ئنجـا بـەری دەدات و دەڵـێ: بخوێنـە، ئەویـش دەفەرمـوێ: (**مـا أنـا بقـارئ**) مـن خوێنـدەوار نیـم! جیبریلیـش دەفەرمـوێ: ﴿ اَقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ۝٢ اَقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ۝٣ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ۝٥ ﴾، بخوێنـە، بـە نـاوی ئـەو پـەروەردگارەت کـە هێناویەتـە دی، یـانی: هەمـوو شـتێك: ﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ۝٦٢ ﴾الزمر، واتـە: خـوا بەدیهێنـەری هەمـوو شـتێکەو ئـەو بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە چاودێـرە. ﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ۝١٧ ﴾النحل، واتـە: ئایـا ئـەوەی بـەدی دێنـێ و دروسـت دەکات، وەك ئـەوە وایـە کـە هیـچ بـەدی ناهێنـێ، ئایـا بیرناکەنـەوە؟

بەناوی ئەو پەروەردگارەت بخوێنە کە هەموو شتێکی هێناوەتە دی.

﴿ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ۝٢ ﴾ مرۆڤـی لـە خوێنپـارە دروسـتکردوە، لـە نێـو هەمـوو شـتەکاندا لێـرەدا خـوا باسـی مـرۆڤ دەکات، مرۆڤـی هێناوەتـە دی لـە (عَلَـق)، کـە کـۆی (عَلَقَةٌ)یـەو بـە کوردیـی دەڵێیـن: خوێنپـارە، کـە قۆناغـی دووەمـی دروسـتبوونی مرۆڤـە، بەڵکـو ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ سـەرەتاتر دەڵێیـن: خوێنپـارە (عَلقـة) قۆناغـی سـێیەمی دروسـتبوونی مرۆڤـە، خـوا لـە سـوورەتی (**المؤمنـون**)دا بـە حـەوت قۆنـاغ باسـی دەکات، وەك ئێمـە لە سـەرەتای تەفسـیری سـوورەتی (**المؤمنون**) دا، کورتـە باسـێکمان کـردوە لەبـارەی دروسـتبوونی مرۆڤـەوە، چ ئـادەم و حـەووا سـەلامی خوایـان لێبـێ، چ وەچەکەیـان، کـە خـوا لـە سـوورەتی (**المؤمنـون**)دا باسـی

دروستبوونی وەچەکەیان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ﴾ **المؤمنون**، بەدڵنیایی مرۆڤمان لە پوختەیەك لە قوڕ دروستکردوە.

١- ئەمە قۆناغی یەکەمی دروستبوونی مرۆڤە، کە پوختەیەك لە قوڕ بەهۆی خواردن و خواردنەوەوە دەبێتە خوێن، خوێنەکەش دوایی تۆو (**مني**)ی لێ پەیدادەبێ، چ هی پیاو، چ هی ئافرەت.

٢- ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ﴾ **المؤمنون**، ئەوەش قۆناغی دووەمە دوایی کردمان بە تۆویلکەیەك لە نشینگەیەکی مەحکەم و جێی دڵنیاییدا، کە منداڵدانی دایکە، نوتفەش ئەنجامی پێکەوە لکانی ژیانداری تۆویی پیاوو هێلکۆڵەی ئافرەتە (**الحيوان المنوي والبويضة**)، کە زیندەوەرێکی سێیەم پێکدێنن و پێی دەگوترێ: (**نُطْفَة**)، دوایی باسی پێنج قۆناغەکەی دیکە دەکات: ﴿ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ **المؤمنون**.

٣- قۆناغی سێیەم: دوایی نوتفەکەمان گۆڕی بۆ عەلەقە، واتە: خوێنێکی خەستی زەرووئاسا، کە خۆی بە دیواری منداڵدانی دایکەوە نووساندوە.

٤- قۆناغی چوارەم: دوایی عەلەقەکەمان گۆڕی بۆ (**مضغة**) واتە زارجوو، پارچە گۆشتێك بە ئەندازەی ئەوەی بجوورێ.

٥- قۆناغی پێنجەم: دوایی پارچە زارجووە گۆشتەکەمان گۆڕی بۆ ئێسقان.

٦- ئنجا لە قۆناغی شەشەمدا: ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی.

٧- لە قۆناغی حەوتەم و کۆتایی دا: کردمانە دروستکراوێکی دیکە، دوای ئەوەی لە ڕووی جەستەوە ئامادەبووەو پێگەیوە، ئنجا بە کەڵکی ئەوە هاتوە، دوای چوارمانگ زیاتر، ڕووحی بە بەردا بکرێ و، خواش ناوی ناوە: (**خلقا آخر**) کە پێشێ هەر ژیاندار بوو، ئنجا بوو بە ژیاندارێکی گیاندار، واتا بوو بە زیندوویەکی خاوەن ڕووح، کە ڕووح تایبەتە

بە مرۆڤەوە، بە پێی ئەوەی بۆ ئێمە زانراوە، هەڵبەتە جندیش جۆرێك لە ڕووحیان هەیە، بەڵام نازانین هی ئەوان چۆنە، بەڵام لە قورئاندا خوای پەروەردگار ڕووحی تەنیا بۆ مرۆڤ باسکردوە، ﴿ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴾ بەرزیی و بەپیزیی بۆ خوای باشترینی بەدیهێنەرەکان.

﴿ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ۝٣ ﴾، بخوێنەو پەروەردگاریشت هەرە بەخشندەیە، لێرەدا **(الأكرم)** واتە: هەرە بەخشەر، یانی: هیچکەس لە بەخشیندا نایگاتێ، بەڵام ئەمە بۆ بەراورد نیە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، چونکە کەسانی دیکە هەموویان دروستکراوی خۆینی، بەڵکو بۆ باسکردنی ئەوەیە کە سیفەتی بەخشەریی لە خوای پەروەردگاردا لەوپەڕی دایە.

﴿ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ۝٤ ﴾، ئەو کەسەی بە قەڵەم فێری کردوە، واتە: مرۆڤی فێرکردوە.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ۝٥ ﴾، مرۆڤی فێری شتێك کردوە کە نەیزانیوە، دوای ئەوەی باسی کەرەم و بەخشندەیی و بەخشەریی خۆی دەکات، ئنجا باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی قەڵەم و خوێندن و نووسینەوە فێری مرۆڤی کردوە، چی فێر کردوە؟ فێری شتێکی کردوە کە نەیدەزانی، کە لە ڕاستییدا ئەوپەڕی بەخشندەیی خوا ﷻ لە ژیانی مرۆڤدا، دوای دروستکردنی بۆ مرۆڤ، لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە فێری خوێندن و زانست و زانیاریی کردوە.

ئەمە پێنج ئایەتی یەکەم، کە ئێمە لە کۆتایی تەفسیرکردنی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، کورتە باسێك دەکەین دەربارەی: بووناسیی ئیسلامیی، چونکە ئەم پێنج ئایەتە موبارەکە، بناغەی بووناسیی ئیسلامیی دەگرنە خۆیان، کە خوا پەیداکەرو بەدیهێنەری هەموو شتێکەو، خوا پەروەردگاری مرۆڤ و هەموو دروستکراوەکانەو مرۆڤی هێناوەتە دی لە خوێنپارەو، پەروەردگار خاوەنی ئەوپەڕی بەخشەرییە، بەخشەریی و بەخشندەیی خواش زیاتر لەوەدا بەرجەستە

دەبێ کە بە خوێندن و نووسین و قەڵەم فێری مرۆڤی کردوە، مرۆڤی فێری شتێك کردوە کە نەیزانیوە.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ ﴾، وشەی (كلاّ) وشەیەکە بۆ تێوەخوڕین و هەڵوەشاندنەوە، بەکاردێ، یاخود بۆ سەرزەنشتکردن و هەڵوەشاندنەوە ئنجا لەوانەی پێشێدا، هیچ شتێك نیە شایستەی ئەوەبێ خوا هەڵیوەشێنێتەوە، کەواتە ئەوە پەیوەندیی بەدوای خۆیەوەیە، وەك (**طبري**)و ڕوونکەرەوانی دیکەی قورئان گوتوویانە، پەیوەندیی بەدوای خۆیەوە هەیە، کە باسی یاخیی بوون و لە کەوڵی خۆدەرچوونی مرۆڤ دەکات، ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴾ بە دڵنیایی مرۆڤ لەسەرڕێچییدا لە سنوور دەردەچێ و سنوور دەشکێنێ.

﴿ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾ ﴾، کاتێك خۆی بینی بێنیازو دەستڕۆیشتوویە.

﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ ﴾، بەڵام بە دڵنیایی گەڕانەوە بۆلای پەروەردگارتە، ئنجا مادام دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، با وریابێ چۆن دەچێتەوە بۆ خزمەتی، با ئێستا لەو ژیانە دنیاییەی دا، یاخیی نەبێ و لە سنوور دەرنەچێ.

کەواتە ئەم (**كلاّ**)یە پەیوەندیی بەئێرەوە هەیە، واتە: با مرۆڤ وازبێنێ لە یاخیی بوون لە بەرامبەر خوادا، بەهۆی هەبوونێکەوە کە هەر خوا پێیداوە، بەهۆی دەست ڕۆیشتوویەکەوەو بێ نیازییەکەوە کە هەر خوا پێیداوە، با بەوە لە کەوڵی خۆی دەرنەچێ و بوغرا نەبێ، چونکە بەدڵنیایی دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری.

بۆیە نەیفەرمووە: (**إن إلى ربه الرجعى**) فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ ﴾ چونکە ئەو کەسەی لە پەروەردگار یاخیی دەبێ، شایستەی ئەوەنیە پاڵ بدرێتە لای پەروەردگاری، ئەگەرنا بەدڵنیایی خوا پەروەردگاری هەموو کەس و هەموو شتێکە.

ئنجا خوا ﷻ باسی وێنەیەك لەو مرۆڤە لە خوا یاخییانەمان بۆ دەكات، كە وەك لە هۆی هاتنە خوارەكەی باسمان كرد، لە هەموو تەفسیرەكاندا، زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: لەبارەی ئەبوو جەهلەوە ئەم ئایەتانە هاتوونە خوار.

كە دەفەرموێ: ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ۝٩ ﴾، ئایا ئەو كەسەت بینی كە ڕێگریی دەكات، قەدەغە دەكات، كێ قەدەغە دەكات؟

﴿ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ۝١٠ ﴾، بەندەیەك كە نوێژ دەكات، ڕێگریی لێ دەكات و نایهێڵێ، لێی قەدەغە دەكات نوێژ بكات، ئایا ئەو كەسەت بینی؟ هەڵبەتە هەندێك لە زانایان ئەو وشەی **(أرأیت)** كە لە ئەسڵدا بەمانای: (ئایا بینیت)ە، بە **(أخبرني)** هەواڵم پێبدە، مانا دەكەن، چونكە بۆ كەسێكە شتێك ببینێ، دوایی هەواڵ بدات، لێرەش خوا ﷻ فەرموویەتی: ئایا كەسێكت بینی - واتە: ئەبوو جەهل - ڕێگریی لە بەندەیەكی خوا دەكات، كە مەبەست پێی موحەممەدە ﷺ كاتێك نوێژ دەكات، بەڵام بێگومان (إن خصوص السبب لا یمنع شمول المعنی) تایبەتمەندبوونی هۆكاری دابەزین، ڕێ لە گشتگیربوونی واتا ناگرێ، وەك هەندێك لە تەفسیرەكان گوتوویانەو ڕاستیشیان گوتوە دەڵێن: بەڵێ ئەو ئایەتانە لەبارەی ئەبوو جەهلەوەن كە ڕێگریی كردوە لە موحەممەد ﷺ نوێژ بكات لەلای كەعبە، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەكاندا باسمان كرد كە هەڕەشەی كردوە بچێتە سەر ملی، یاخود دەم وچاوی لە گڵ هەڵكێشێ و لە خۆڵی وەردا، بە تایبەت لەبارەی ئەوەوە دابەزیون، بەڵام هەر كەسێكی دیكەش ڕێگریی بكات، لەهەر بەندەیەك لە بەندەكانی خوا، كە بە ئازادیی خواپەرستیی بكات، بێگومان ئەو حوكمەی لەو ئایەتانەدایە هەر دەیگرێتەوە.

﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ۝١١ ﴾، ئایا دەبینی! (هەواڵم پێبدە) ئەو كەسەی ڕێگریی لێ دەكرێ نوێژ بكات، ئەگەر لەسەر ڕێی ڕاست بێ، **(هدی)** یانی: بەڕێگا زانین و بەرچاوڕوونیی.

﴿ أَوۡ أَمَرَ بِٱلتَّقۡوَىٰٓ ١٢ ﴾، یاخـود ئەگـەر فەرمـان بـکات بـە پارێزکاریـی، یـانی: بـۆ خـۆی لەسـەر ڕێـی ڕاسـت بـێ، یاخـود وێـڕای ئـەوەی لەسـەر ڕێـی ڕاسـتە، فەرمانیـش بـکات بەپارێزکاریـی.

﴿ أَرَءَيۡتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ١٣ ﴾، ئایـا دەبینـی! (هەواڵـم پێبـدە) ئەگـەر ئـەو کەسـەی ڕێگریـی دەکات، بـەدرۆ دابنـێ و پشـت هەڵبـکات، ﴿ أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ١٤ ﴾، ئایـا نازانـێ خـوا دەیبینـێ، تێـوەی ڕامـاوەو دەیبینـێ، چـی دەکات و چـۆن دەکات؟

کەواتـە بینینـی خـوا بـۆی، دەبووایـە ببێتـە هـۆی سـڵەماندنەوەو پرینگاندنـەوەی لـەو کـردەوە خراپـەی دەیـکات، کـە بریتیـە لـە ڕێگریـی کـردن لـە بەندەیەکـی خـوا، بەڵکـو چاکتریـن بەنـدەی خـوا کـە موحەممـەدە ﷺ لـەوەی نوێـژ بـکات و بەندایەتیی بـۆ خـوا بـکات، لـە حاڵێکـدا لەسـەر ڕێـی ڕاسـتەو فەرمانیـش دەکات بـە پارێزکاریـی، واتـە وادەکات خەڵکـی دیکـەش خـۆی بپارێـزێ لـە سـزای خـوا.

ئنجـا خـوا ﷻ هەڕەشـە دەکات لـەو جـۆرە کەسـەو، دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا ﴾ بـا وازبێنـێ، ئەمـە وشـەیە کـە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەو تێوەخوڕیـن و، لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا سـێ جـاران (کلا) هاتـوە:

١- ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ٧ ﴾.

٢- ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ١٥ ﴾.

٣- ﴿ كَلَّا لَا تُطِعۡهُ وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب ۩ ١٩ ﴾، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴾. با وازبێنێ ئەگەر دەست هەڵنەگرێ و واز نەهێنێ، زۆر بە توندیی تووکی پێشە سەری دەگرین، (**ناصیة**) تووکی پێشە سەرە، ئەمە ئیعجازێکی عیلمییشی تێدایە، چونکە ئەو بەشەی مێشك کە پەیوەندیی هەیە بەبیرکردنەوەی مرۆڤ و کەسایەتیی مرۆڤەوەو، بەهەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و، هەڵبژاردنەکانی مرۆڤەوە، لە نێوچەوان دایە، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەو تووکی پێشە سەرە دەگرین، کە خاوەنی ئەو جۆرە کەسایەتیی و ئەو جۆرە ڕەفتارو بیرکردنەوەیە.

﴿ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ ﴾، تووکی پێشە سەرێکی درۆزنی گوناهکار، واتە: تووکی پێشە سەری کەسێکی درۆزنی گوناهکار، بەتوندیی تووکی پێشە سەری ڕادەکێشین.

﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾، ئنجا ئەوکاتە با ئەو دیوەخان و یانەکەی خۆی، هاونشینەکانی خۆی بانگ بکات، کە خۆییان پێوە هەڵدەکێشێ، کاتی خۆی ئەبووجەهل بە پێغەمبەری ﷺ گوت: ئایا ڕێگریی ئەوەم لێ نەکردی، ئایا پێم نەگوتی نوێژ مەکە؟! دیارە پێغەمبەریش ﷺ قسەیەکی زبری لەگەڵ دەکات، ئەویش دەڵێ: هەڕەشە لە من دەکەی، من لە خەڵکی ئەو دۆڵە، لە هەموویان زیاتر کۆڕو مەجلیسم قەرەباڵغترە، دۆست و پشتیوانم زیاترن، (نادي) هەم بە شوێنی کۆبوونەوەو دانیشتن دەگوترێ، هەم بە کەسانێکیش کە لەو کۆڕو مەجلیسەداهەن، هۆزی قورەیش (دار الندوة)یان هەبووە کە کاتی خۆی قوصەی بۆی دامەزراندوون بۆ ڕاوێژکردن، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان، لەوێدا دانیشتوون دیوەخانێك بووە تەگبیریان تێدا کردوون، خوا ﷻ دەفەرموێ: با ئەو خەڵکی دیوەخان و کۆڕو مەجلیسەکەی خۆی بانگ بکات.

﴿ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ ﴾، ئێمەش دۆزەخەوانەکان بانگ دەکەین، ئەو فریشتانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن، (زبانية) یان ناوی کۆیەو تاکی نیە لە بێژەی خۆی، یان تاکی خۆی هەیەو ناوی کۆ نیە، تاکەکەی (زِبْنِيَّة) و (زَبْنَة)یەو لە ئەسڵدا لە (زَبَن)ەوە واتە: (دفعَ ورمى) پاڵی پێوەناو هاویشتی، لەبەر ئەوەی دۆزەخەوانەکان پاڵ بە دۆزەخییەکان و بێبڕوایەکانەوە دەنێن و فڕێیان دەدەنە نێو دۆزەخەوە.

لە کۆتایی دا خوای زاناو کاربەجێ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ﴿١٩﴾ ﴾، نەخێر، بەقسەی مەکە، فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی مەکەو کڕنووش ببەو، نیزیك ببەوە (لە خوا ﷻ)، یانی: ئەو نوێژکردن و تاعەتەی ئەو ڕێت لێ دەگرێ، بەقسەی مەکە، بەڵکو هەر بەردەوام بە لەسەر کڕنووش بردن بە تایبەت و نوێژ کردن بە گشتیی و، لە خوا نیزیك بوونەوەی زیاتر.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا عزوجل بە موحەممەد ﷺ بە خوێندن، بەناوی خوای بەدیهێنەرەوە کە مرۆڤی لە خوێنپارە دروستکردوەو، پەروەردگاریشی هەرە بەخشەرە، مرۆڤی بە قەڵەم فێری شتانێك کردوە کە نەیدەزانین:

وەك دەفەرموێ: ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) ﴾، بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەت کە هێناویەتە دی، لێرەدا (**إقرأ**) ئەوە دەگەیەنێ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر هەتا ئێستا نەیتوانیوە خوێنەر بێ و شت بخوێنێتەوە، واتە: لەبەر بیخوێنێ، نەك لە نووسراودا بیخوێنێتەوە، لەمەودوا دەبێتە خوێنەر، کە پێشتر وانەبووە، وەك لە سوورەتی (العنكبوت)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُوا مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ (٤٨) ﴾، واتە: تۆ پێش وی (قورئان) هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوەو، بەدەستی ڕاستیشت هیچت نەنووسیوە، ئەگەرنا ئەوانەی لەسەر ناحەقن دەکەوتنە دوو دڵییەوە، یانی: تاڕادەیەك بیانوویان هەبوو بکەونە دوو دڵییەوە کە ڕەنگە فێرکرابێ و فێربووبێ، بەڵام مادام خوێندن و نووسینت نەبێ، چۆن فێردەبی؟

کە دەفەرموێ: (**إقرأ**) ئەمە فەرمانکردنە بە خوێندنەوە، خوێندنەوەش بریتیە لە گۆکردن و بێژتنی قسەیەکی دیارییکراو کە نووسرابێ، یان لەبەرکرابێ و، لەبەر بخوێنرێتەوە، هەردووکیان پێیان دەگوترێ: خوێندنەوە، کە دەگوترێ: وتارخوێن،

مەرج نیە لە کتێب دا بیخوێنێتەوە، بەڵکو لەبەریەتی و لەبەررا دەیخوێنێ، یان قورئانخوێن، مەرج نیە هەر لەسەر موصحەف دا بیخوێنێ، دەگونجێ لەبەررا بیخوێنێ.

﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ ﴾، بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەت کە هێناویەتەدی، دروستیکردوە، لێرەدا (**خلق**) دروستیکرد، کردار (**فعل**) ێکە، بەرکارەکەی دیارنیە، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (**خَلَقَ أي: خَلَقَ كُلَّ شَيء**) هەموو شتێکی هێناوەتەدی، ئنجا لەبەر ئەوەی ئاشکرایە هەر شتێك هێنرابێتە دی، بەدیهێنەر (**خالق**) هێناویەتە دی، بۆیە بەپێویست نەزانراوە باس بکرێ.

یاخود وشەی (**خلق**) وەك کرداری لازیم مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو، کرداری (**لازم**)یش پێویستی بە بەرکار نیە، وەك: (**جاء محمد**) موحەممەد هات، یاخود: (**غَرِقَ الزَّوْرَقُ**) بەلەمەکە نغرۆ بوو، پێویستییان بە بەرکار نیە.

ئنجا خوا لە نێو هەموو شتەکاندا باسی مرۆڤ دەکات:

٢)- ﴿ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ﴾، مرۆڤی لە (**عَلَق**) هێناوەتەدی، (**عَلَقة**) کە تاکی (**عَلَق**)ە، بریتیە لە پارچە خوێنێك بە ئەندازەی سەرە پەنجەو ئەنگوستێك لە خوێنێکی خەست، چوێندراوە بە کرمێکی گچکەوە کە پێی دەگوترێ: رەروو، بە کوردیی (**عَلَقة**) خوێنپارەیە، (**علق**)یش ناوی کۆیە، چونکە (**الإنسان**)، (أل)ی ناساندنی لەسەرەو ناساندنەکە بۆ جینسە، واتە: خوا تێکڕای مرۆڤانی دروستکردوە لە (**علق**)، خوێنپارەکان، ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەمە قۆناغی دووەمی دروستبوونی مرۆڤە، بەڵام بەپێی ئایەتی (١٤) ی سوورەتی (**المؤمنون**) قۆناغی سێیەمیەتی، بەمجۆرەی خوارێ:

قۆناغی یەکەم: (**سُلالةٍ من طين**) پوختەو گوشراوێك لە قوڕ.

قۆناغی دووەم: (**نطْفة في قرار مكين**) تۆویلکەیەك لە نشینگەیەکی مەحکەم و قایم دا.

قۆناغی سێیەم: (**علقة**) خوێنپارە.

قۆناغی چوارەم: (**مضغة**) زارجوو.

قۆناغی پێنجەم: (**عِظَام**) ئێسکەکان.

قۆناغی شەشەم: (**كسونا العظام لحماً**) ئێسکە بەگۆشت داپۆشراوەکان.

قۆناغی حەوتەم: (**ثم أنشأناه خلقاً آخر**) کران بە دروستکراوێکی دیکە، کە بریتیە لە ڕووح بەبەرداکردنی.

ئایا بۆچی خوا ﷻ لە نێو هەموو قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤدا، باسی (علق) دەکات؟ دەڵێین: ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەی مرۆڤ! خوا ﷻ تۆی لە کوێوە هێناوەتە کوێ؟ لە چییەوە تۆی کردۆتە ئەو مرۆڤەی ئێستا خۆت دەبینی؟ کەواتە: زۆری تێڕاببینەو هەموو شتێکی لە دەست دێ، پەروەردگارێك کە تۆی لە نێو منداڵدانی دایکتدا لە نوتفەوە گۆڕیوە بۆ عەلەقەو، لە عەلەقەوە بۆ زارجووە گۆشتێك و، لەویشەوە بۆ ئێسقان و، لە ئێسقانەوەش، بۆ بەگۆشت داپۆشین، دوایی قۆناغی ڕووح بەبەرداکران، خوایەك کە ئەو هەموو قۆناغانەی بە تۆ بڕیون، ئێستاش کە لە دایك بووی و هاتوویە ژیانی دنیاوە، دەتوانێ قۆناغەکانی دیکەشت پێ ببڕێ.

٣)- ﴿ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ﴿٣﴾ ﴾، بخوێنەو پەروەردگاریشت هەر بەخشندەیە، بخوێنە (**إقرأ**)ی دووەم، دووبارەیە بۆ جەختکردنەوەی بخوێنە (**إقرأ**)ی یەکەم.

دیارە (**الأكرم**): داڕێژراوە بۆ ئەوەی ئەو واتایە بگەیەنێ، کە خوا زۆر بەخشەرەو زۆر دەبەخشێ، بۆ ئەوە دانەڕێژراوە کە بگوترێ: بەخشەرترە لە فلان و فیسار، یان لە کێ و کێ، بۆیە بەرانبەرەکەی دیار نیە.

کەواتە: ﴿ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ﴾، بخوێنەو پەروەردگاریشت هەرە بەخشەرە، یانی: هەر چەندە ببەخشێ، بەخشینی خوا کۆتایی نایەت و، هەر چەندە ببەخشێ، عەمبارەکانی خوا نابڕێن: ﴿ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴿٧﴾ ﴾**المنافقون**، واتە:

خەزنەو عەمبارەکانی ئاسمانەکان و زەوی هی خوان ﷻ، ئنجا وەك چۆن دوای ئەوەی لە ئایەتی یەکەمدا فەرمووی: بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە، کە هەموو شتێکی هێناوەتە دی، دوایی لە نێو هەموو دروستکراوەکاندا باسی مرۆڤی کرد، کە مرۆڤیشی لە خوێنپارەیەکەوە کردوە بە ئەو مرۆڤە، لێرەش دەفەرموێ: بخوێنەو پەروەردگارت هەرە بەخشەرە، ئنجا وەك پێشاندان و بەرجەستە کردنی نموونەیەك لە بەخشینی خوا، دەفەرموێ:

٤)- ﴿ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴿٤﴾ ﴾، ئەو کەسەی بە قەڵەم فێری کردوە، کێی فێرکردوە؟ بەدڵنیایی یانی مرۆڤی فێری زانست کردوە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: (عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ) (عَلَّم) هەردوو بەرکارەکەی قرتێنراون: (عَلَّمَ الإنسانَ العِلْمَ بالقَلَم) مرۆڤی فێری زانیاریی کردوە بە قەڵەم، (علَّم) دوو بەرکار (**مفعول بە**) دەخوازێ، هەردووکیان قرتێنراون، لەبەر ئەوەی دیارن، بەتایبەتی ڕستەی دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ ﴾، مرۆڤی فێری ئەوە کردوە کە نەیزانیوە، کە دەفەرموێ: (عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ)، ئەمە سێ واتایان هەڵدەگرێ:

أ- نووسەرەکانی فێری نووسین کردوون بە قەڵەم.

ب- خەڵکی فێری نووسین کردوە.

ج- خەڵکی فێری زانیاریی کردوە.

٥)- ﴿ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾ ﴾، مرۆڤی فێری ئەوە کردوە کەنەیدەزانی، یانی: هەموو ئەو شتانەی نەیدەزانین فێری کردوون، قەڵەمیش جۆری زۆرن، کاتی خۆی لە قامیش دایانتاشیوە، بۆیە یەکێك لە زانایان لە پێناسەی قەڵەمدا دەڵێ[1]:

قەڵەم پارچەیەکە لە قامیش، نەرم و باریك دەکرێ، بە چەقۆ دەبڕدرێ تاکو لووس بێ لە نێو پەنجەکاندا، لایەکی لەت دەکرێ بە ئەندازەی نیو سەرە

---

(١) (إبن عاشور) لە (التحرير والتنوير: ج١٢، ص٤٤٠ و ٤٤١)دا هێناویەتی.

ئەنگوست، ئنجا هەر کاتێك تەڕ کرا بە مەرەکەب، لەسەر کاغەزو هەر شتێکی دیکە دابنرێ، دەنووسێ.

ئەوە وەك قەڵەمی کاتی خۆی، بەڵام ئێستا قەڵەم زۆرو جۆراو جۆرن.

کە دەفەرموێ: (مَا لَمْ يَعْلَمْ) واتە: ئەوەی نەیدەزانی، کەواتە: بەهۆی و خوێندن و نووسینەوە، کە ئامرازەکەی قەڵەمەو، ئێستا زۆر جۆرە نووسینی دیکەش پەیدابوون، جگە لەهی قەڵەمی ئاسایی و بەهۆی خوێندن و نووسینەوە، مرۆڤ دەتوانێ فێری شتێك ببێ نەیزانیبێ.

پێنج هەڵوەستە لە بەردەم ئەو پێنج ئایەتەدا

هەڵوەستەی یەکەم: یەکەمین وشەی یەکەمینن ئایەتی یەکەمین سوورەت کە بۆ پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ، کە هەم لە کتێبە پێشووەکان دا، هەم لە خوێندن و نووسین دا، نەشارەزابوو، چونکە وشەی (أمي) هەردوو واتایەکەی هەن، (أمي) واتە: کەسێك خوێندن و نووسین نەزانێ، هەروەها (أمي) واتە: کەسێك شارەزای کتێبە پێشووەکان نیە، پێغەمبەری خواش ﷺ بە هەردوو واتایەکە ئوممیی بووە: ﴿ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ﴿١٥٧﴾﴾ الأعراف، پێغەمبەری ﷺ نەشارەزا لە کتێبە پێشووەکان و پێغەمبەری ﷺ نەشارەزا لە خوێندن و نووسین، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنتَ تَتْلُوا۟ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ ۖ إِذًا لَّٱرْتَابَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٤٨﴾﴾ العنكبوت، تۆ پێش وی (قورئان) هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوە (لەبەرت بێ و بیخوێنیەوە)و بەدەستی ڕاستیشت هیچت نەنووسیوە، چونکە نووسین زیاتر بەدەستی ڕاست دەکرێ، یانی: نە خوێندنەوەت هەبووە، نە نووسینت هەبووە، کەچی بۆ پێغەمبەرێکی ﷺ نەشارەزا لە کتێبە پێشووەکان و نەشارەزا لە خوێندن و نووسین، یەکەمین وشەی یەکەمین ئایەتی یەکەمین سوورەت کە بۆی دادەبەزێندرێ بریتیە لە: بخوێنە (إقرأ) کە ئەمەش لە خودی خۆیدا بەدڵنیایی موعجیزەیە، خوا ﷻ پێغەمبەرێکی نەخوێندەواری ناردوە وەك کۆتا پێغەمبەری خۆی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، کە فێری خوێندن و شارەزایی و بەرچاوڕوونیی و هیدایەتی خوایان بکات!! بۆیە مەولەوی شاعیر گوتوویەتی: [هەتیو وەئەدەو ئوممیی عەللامە لەمە موعجیزتر موعجیزە کامە؟] موحەممەد ﷺ بەبێ بابیی گەورە بووەو هەتیو بووە، ئەو هەموو ئەدەب و ڕێزەشی بووە کە خوا پێی وەسف دەکات: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾﴾ القلم: ٤، هەروەها موحەممەد ﷺ ئوممیی بووە بەهەردوو واتای: نەشارەزا لە کتێبە پێشووەکان و،

نەزانینی خوێندن و نووسین، کەچی عەللامە بووە، ئایا لەمە موعجیزتر موعجیزە کامە؟ ئەمە لەزاتی خۆیدا بەڵگەو موعجیزەیە لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەی.

هەڵوەستەی دووەم: بریتیە لە گرنگیی خوێندن و نووسین، چونکە خوا ﷻ لە کاتێکدا باسی ئەوپەڕی بەخشەریی خۆی دەکات، باسی خێرکردنی زانست بە قەڵەم دەکات: ﴿ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ﴿٣﴾ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ﴿٤﴾ ﴾، کەواتە لە زۆر بەخشەریی خوایە ﷻ کە بەهۆی قەڵەمەوە مرۆڤی فێرکردوە، فێری چی کردوە؟ ﴿ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ﴿٥﴾ ﴾، فێری هەرشتێکی کردوە کە نایزانێ.

هەڵوەستەی سێیەم: ئەم ئایەتە موبارەکانە دڵنیاکردنەوەی پێغەمبەریان ﷺ تێدایە، کە نەشارەزایی بە خوێندن و نووسین، ڕێی لێ ناگرێ بخوێنێ و شارەزابێ و زانابێ، بەڵکو ببێتە مامۆستای زانایان.

هەڵوەستەی چوارەم: هەروەها ئاماژەشیان بەوە تێدایە کە نەزانینی خوێندن و نووسین، لە پێغەمبەردا ﷺ هەر دەمێنێتەوە، چونکە نافەرموێ: بنووسە (**أكتب**) بەڵکو دەفەرموێ: بخوێنە (**إقرأ**) خوێندنیش پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە مرۆڤ شارەزای خوێندن و نووسین بێ، بەڵکو تەنیا پێویستی بەوەیە ئەو شتەی مەبەستیەتی، لەبەری بکات و بیخوێنێتەوەو بیڵێ.

هەڵوەستەی پێنجەم: ڕێگایەکانی بەدەست هێنانی زانست، دەکرێ بڵێین ئەم چوارەن:

یەك: ئەوەیە کە مرۆڤ بەهۆی خوێندنەوەو موتاڵەعەوە لە جگەلە خۆی وەربگرێ، کتێبەکەی یان بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە.

دوو: لە دەمی وەری بگرێ، واتا بەزارەکیی (**شفهي**) لێی وەربگرێ، لەکاتی دەرس پێگوتندا.

سێ: ئەوەیە خۆی بیر بکاتەوەو ئەنجامگیریی بکات و هەڵبهێنجێ.

چوار: بریتیە لە ئەزموون و لە حاڵەتی کردەیی، کە مرۆڤ بە ئەزموون بە کردەوەی خۆی، تاقیکردنەوەو ئەزموونکاریی بکات، تاکو بەزانست بگات.

ئەمانە ڕێیەکانی بەدەستهێنانی زانیارییـن، بێگومـان ئیسـلام زانیاریـی بـە چاکـەو نیعمەتێکـی زۆر گـەورەی خـوای پـەروەردگار دانـاوە، بۆیـەش فێربوونـی زانسـت فـەرزو پێویسـتە بـۆ دینداریـی و بـۆ دنیاداریـی، پێغەمبـەری خـواش فەرموویـەتی: (**طَلَبُ العلمِ فريضة على كلِّ مسلم**) **رواه ابن ماجه** (٢٢٤). واتـە: داواکـردنی زانیاریـی لـە سـەر هەمـوو مسـوڵمانێك پێویسـتە. هـەر بۆیـەش یەکەمیـن وشـەی یەکەمیـن ئایەتـی یەکەمیـن سـوورەت، کـە بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دابەزیـوە، فەرمانکردنـە بـە خوێنـدن، دوای ئـەوەش ئامـاژە دەکات بـەوەی خـوا ﷻ مرۆڤـی بـە قەڵـەم فێـری شـتێك کـردوە کـە نایزانـێ، کەواتـە لـە ڕێـی فێربـوون و نووسـینەوە، مـرۆڤ دەتوانـێ دەسـت بگەیەنێتـە ئـەو زانیاریانـەی لـەوەو پێـش نەیزانیـون.

مەسەلەی دووەم:

باسی مرۆڤی بوغراو یاخیی بەهۆی هەبوونەوەو، بێئاگابوون لە گەڕانەوەی بۆ لای خواو، ڕێگریی کردنی بابایەکی لەخوا یاخیی، لەنوێژکردنی پێغەمبەر ﷺ، لە حاڵێکدا ئەو ڕێ ڕاستگرتوو و فەرمانکارە بە پارێزکاریی، خۆیشی (بابای ڕێگرییکار لەنوێژکردن) بێبڕواو پشت هەڵکردووییە لە هەق.

خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ ﴾، نەخێر (باوازبێنێ) بەدڵنیایی مرۆڤ یاخیی دەبێ، (كَلَّا: كَلِمَةُ رَدْعٍ وَإِبْطَال) (كلاّ) وشەی تێوەخوڕین و هەڵوەشاندنەوەیەو، ئەو هەڵوەشاندنەوەو تێوەخوڕینەش پەیوەندیی بە قسەیەکی پێشترەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە قسەیەکەوە هەیە دواتر دێ، کە بریتیە لە: ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ ﴾، چونکە ئەوەی لە پێنج ئایەتی پێشوودا هاتوە، کە لە مەسەلەی یەکەمدا شیمان کردنەوەو ڕابرد، تەنیا باسی ئەوەیە کە خوای پەروەردگار لەسەر زمانی جیبریل بە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ فەرموو: بخوێنە! بەناوی ئەو پەروەردگارەت کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە، مرۆڤی لە خوێنپارە دروستکردوە، بخوێنەو پەروەردگاریشت هەرە بەخشندەیە، هەرە بەخشەرە، مرۆڤی بەقەڵەم فێر کردوە، فێری شتێکی کردوە کە نەیزانیوە.

بێگومان هیچ کام لەوانەش هی ئەوە نین، بەرپەرچ بدرێنەوە، بەڵکو لێرەدا (كلاّ) وەك هەندێ لە زانایان گوتوویانە: (كَلِمَةُ رَدْعٍ وَإِبْطَال، لِمَا سَيَأْتِي مِنَ الكَلَام) وشەی تێوەخوڕین و هەڵوەشاندنەوەیە بۆ قسەیەك کە لەمەودوا دێ.

هەندێکیش دەڵێن: (كلأ) قسەی دواتری خوای هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو هی پێشتری خوای هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە لێرەدا (كلأ) یانی: (حقًاً) بەدڵنیایی، ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ ﴾ العلق، بەدڵنیایی مرۆڤ یاخیی دەبێ لە سنوور دەردەچێ و بوغرا دەبێ، کەی؟

٢)- ﴿ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾ ﴾، کە خۆی بینی بێنیازە، خۆی بینی دەستڕۆیشتوویەو شت هەبوویە، لەکەوڵی خۆی دەردەچێ و بوغرا دەبێ و سنوور دەبەزێنێ، مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە: (إنَّ الإنْسَانَ لَيَطْغى لِرؤْيَتِهِ نَفْسَهُ مُسْتَغْنِياً) مرۆڤ لە سنوور دەردەچێ لە سەرپێچیی کردندا، کاتێك خۆی بینی بێنیازەو دەوڵەمەندە، هەبوویە.

زانایانی زمانی عەرەبیی هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە (أل)ی سەر (إنسان) بۆ تێکرا (جنس)ە، واتە: تێکرای مرۆڤەکان وان، مرۆڤ بە تێکرایی بەو شێوەیەیە، بەڵام چ مرۆڤێك؟ ئەو مرۆڤەی کاتێك پێی وابوو بێنیازەو پێویستیی بە کەس نیە، یاخیی دەبێ. هەر مرۆڤێك پێی وابێ هەمووشت هەر خۆیەتی و پێویستیی بە کەس نیەو، لە هەموو کەس و لەهەموو شتێك بێنیازە، بەدڵنیاییەوە تووشی بوغرایی و لەکەوڵی خۆ دەرچوون دەبێت.

(**الطبري**) لە تەفسیری ئەم دوو ئایەتە موبارەکەدا: ﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ﴿٦﴾ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ ﴿٧﴾ ﴾ العلق، دەڵێ: (**مَا هَكَذا يَنْبغي أَنْ يَكونَ الإنْسانُ أَن يُنْعِمَ عَلَيْه رَبُّهُ بِتَسْويَتِهِ خَلْقِه، وَتَعْليمِهِ مَا لَم يَكنْ يَعْلَم، وَإنْعَامِهِ بِما لا كُفْؤَ لَهُ، ثُمَّ يَكْفُرُ بِرَبِّهِ الَّذي فَعَل بِهِ ذَلِكَ، ويطْغى عَلَيْهِ، أَنْ رَآهُ استَغْنَى**) واتە: مرۆڤ نەدەبوو وابێت کە پەروەردگاری چاکەی لەگەڵدا بکات، ڕێك دروستی بکات و شتێکی فێر بکات کە نەیزانیوە، کەچی دوایی بێبڕوا بێ بەرانبەر بەو پەروەردگارەی ئەوەی بۆ کردوە، هەرکات خۆی بینی هەبوویەو بێنیازە، لێی یاخیی ببێ.

٣)- ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ ﴾، بەدڵنیایی گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارتە، (**الطبري**) دەڵێ: (**إنَّ إلى رَبِّكَ يَا مُحَمَّد! مَرْجِعُهُ، فَذَائِقٌ مِنْ أَليمِ عِقَابِهِ، وَالرُّجْعى مَصْدَر**) واتە: ئەی

موحەممەدا گەڕانەوەی ئەو مرۆڤە (کە لە بەرانبەر خوادا یاخیی و بوغڕا دەبێ و لە کەوڵ دەردەچێ) بۆ لای پەروەردگارتەو لە سزای بە ئێشی وی دەچێژێ. وشەی (الرُّجْعى) چاوگە، یانی: گەڕانەوەی بۆ لای پەروەردگارتە. (رُجْعى) و (رجوع) و (مَرْجِع) هەرسێکیان چاوگن.

ئنجا دوای ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە مەزنەی کە گشتگیرە بۆ هەموو مرۆڤەکان، هەموو مرۆڤەکان هەربەو شێوەیەن و کاتێک خۆیان بێنیاز بینی، خۆیان بینی دەستپڕن، دەوڵەمەندو هەبوون، خاوەن توانان، لەڕووی ماددیی و مەعنەوییەوە پێویستییان بەکەس نیە، بوغڕا دەبن و لە سنوور دەردەچن. بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ ﴿٨﴾ ﴾، بەدڵنیایی گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگارتە، کەواتە: تۆ بزانە بەچ ڕوویکەوە دەچیەوە خزمەت خوا! بەچ سیفەتێکەوە دەگەڕێیەوە لای، چ تێلەگەیەکت[1] پێیەو هەڵتگرتووەو لەکۆڵت ناوە؟ ئایا بە تێلەگەی پڕ لە تاعەت و چاکە، یاخود تێلەگەی پڕ لە گوناهو تاوان و لادانەوە دەچیەوە خزمەت خوا؟!

ئنجا خوای پەروەردگار لەم چەند ئایەتەدا دێتە سەر باسی مرۆڤێک کە مرۆڤێکی دیاریی کراوە، یاخود جۆرە مرۆڤێکی دیاریی کراوە، کە ڕێگریی دەکات لە بەندەیەکی خوا کاتێک نوێژ دەکات، یان ڕێگریی لە بەندەکانی خوا دەکات، کاتێک دەیانەوێ خوا بپەرستن و دەفەرموێ:

٤)- ﴿ أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ ﴿٩﴾ ﴾ ئایا ئەو کەسەت بینی کە ڕێگریی دەکات.

٥)- ﴿ عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ ﴾، لە بەندەیەك کاتێك نوێژ دەکات، ئەو ڕێگریی لێ دەکات، وشەی ﴿ أَرَءَيْتَ ﴾ (**كَلِمَةُ تَعْجيبٍ مِنْ حَالٍ**) وشەیەکە بۆ سەرسوڕماندن لە حاڵی کەسێك، ئەوکەسەت دیوە! کە دەفەرموێ: بینیوتە، بینین لێرەدا بۆ زانینە، ئایا ئەو کەسەت زانی، دەیناسی؟ کە ڕێگریی دەکات لە بەندەیەك کاتێك نوێژ دەکات، واتە: ڕێگریی

---

(١) تێلەگە: کۆڵ، هەرشتێك کەل و پەل و شتێکی تێدەکرێ و هەڵدەگیرێ.

نوێژکردنەکەی لێ دەکات و، لێی قەدەغە دەکات نوێژەکەی بکات و دەبێتە لەمپەر لەبەردەمیدا.

٦)- ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ ﴾، [ئەمەش سەرسوڕماندنێکی دیکەیە]، ئایا دەبینی [بەچاوی عەقڵ و دڵ]، ئەگەر ئەو کەسە [کە نوێژ دەکات و بابای ڕێگر دەیەوێ ڕێی لێ بگرێ]، لەسەر ڕێی ڕاست بێ.

٧)- ﴿ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ ﴾، یاخود فەرمان بکات بە پارێزکاریی؟ لێرەدا وەڵامەکەی قرتێندراوە، واتە: ئایا هەر ڕێگریی لێ دەکات؟ یان: ئایا شتێکی زۆر بێ جێ و ناهەق نیە؟!

٨)- ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ ﴾، ئایا دەبینی ئەگەر ئەو [بابا ڕێگرە پەیامی خواو کتێبی خواو پێغەمبەری خوای] بەدرۆی داناو پشتیشی تێکرد.

یانی: لە عەقڵ و دڵ و دەروونیدا بەدرۆی داناو، بە کردەوەو جەستەش پشتی تێکرد.

٩)- ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾، ئایا نەیزانیوە کە خوا دەبینێ؟ چی دەبینێ؟ بەرکاری ﴿ يَرَىٰ ﴾ قرتێندراوە، تاکو هەموو شتێك بگرێتەوە، یانی: خوا هەموو شتێك دەبینێ.

زانایان لەبارەی ئەو سێ جار دووبارە بوونەوەی: ﴿ أَرَءَيْتَ ﴾ زۆر قسەیان کردوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: ﴿ أَرَءَيْتَ ﴾ ئەسڵە واتایەکەی یانی: ئایا بینیت؟

ب- هەندێکیان گوتوویانە: یانی: هەواڵم پێبدە، چونکە کەسێك کە شتێك دەبینێ، دوایی هەواڵ بە خەڵك دەدا، دەڵێ: خەڵکینە فلان شتم بینی، واتە: هەواڵم پێبدەن (أخبروني) کە پەیوەست (لازم)ی واتایەکەیەتی، واتە: واتای ڕاستەوخۆی نیە، بەڵکو ئەو واتایەیە کە لێیەوە پەیدا دەبێ.

کە دەفەرمـوێ: ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ ﴾، ئایـا دەبینـی ئەگـەر ئـەو ڕێگریـی لێکـراوە لەنوێـژ، وێـڕای نوێژکردنەکـەی خۆیشـی، لەسـەر

ڕێیەکی ڕاست بێ، یاخود فەرمان بکات بە پارێزکاریی، ئایا هەر شایستەی ئەوەیە ڕێگریی لێ بکرێ؟! ﴿ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ ﴾، ئایا دەبینی ئەو کەسەی بەدرۆی داناو پشتی هەڵکرد، ﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾، ئایا نازانێ کە خوا دەبینێ؟ لێرەدا ﴿ أَلَمْ يَعْلَم ﴾، پرسیار کردنی نکووڵیلێکەرانەیە، واتە: هەقی وابوو بزانێ و، خۆشی بپارێزێ لە سزای خوا کە بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارە داینـاوە.

ئێمە لە هۆی هاتنە خواردا باسمان کرد، کە ئەم ئایەتانە لەبارەی ئەبوو جەهلەوە دابەزیون، هۆی هاتنە خوارەوەکە دووبارە ناکەینەوە، فەرمووده‌ناسان هێناویانە کە ئەم ئایەتانە لەبارەی ئەبوو جەهلەوە دابەزیون، بەڵام بێگومان وەك زۆرجار گوتوومانە: (**إنَّ خُصوصَ السَّبَب لاَ يَمْنَعُ شمُولَ المَعْنى**) واتە: تایبەتمەندبوونی هۆکار ڕێ لە گشتگیربوونی واتا ناگرێ، هەرچەندە لەبارەی ئەبوو جەهلەوە دابەزیون، کە ڕێگریی لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردوە، وەك لە هۆکاری هاتنە خوارەوەکەی باسمان کرد، بەڵام بێگومان هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە وەك ئەبوو جەهل دەکەن و بەشوێن پێی ئەودا دەڕۆن، کەسانێك قەدەغە دەکەن و ڕێگرییان لێ دەکەن، لەخوا پەرستیی، کە بەڕێی موحەممەددا ﷺ دەڕۆن و خوا پەرستیی ئەنجام دەدەن.

(**طبري**) هێناویەتی لە قەتادەوە: {**وَكانَ يُقال: لِكُلّ أُمَّةٍ فِرعَون، وَفِرْعَونُ هَذِهِ الأُمَّةِ أَبو جَهْل**} (**جامع البيان: ٣٧٨٩٣**)، واتە: هەموو ئۆممەتێك فیرعەونێکی هەیە، فیرعەونی ئەم ئۆممەتەی ئیسلامیش ئەبوو جەهلە.

هەڵبەتە کەسانی دیکەش لە دوای ئەبوو جەهلەوە پەیدابوون، کە وەك ئەبوو جەهل یان خراپتربوون لەویش، بەڵام دیارە ئەو ئایەتە موبارەکانە لەبارەی ئەوەوە دابەزیون، ئایەتەکانیش هەم ئەو دەگرنەوە، هەم تێکڕای ئەوانەی وەك ئەو دەکەن، یاخود خراپتریش دەکەن.

مەسەلەی سێیەم:

هەڕەشەی خوای دادگەر کە ئەگەر ئەو کەسە واز نەهێنێ، بەتوندیی تووکی پێشەسەری دەگرێ، پێشە سەری کەسێکی درۆزنی گوناهکار، ئنجا با ئەو خەڵکی دیوەخانی خۆی بانگ بکات و، ئێمەش دۆزەخەوانان بانگ دەکەین، فەرمانکردنیش بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە بە قسەی نەکات و، بەردەوام بێت لەسەر کڕنووش بۆ خوا بردن و لەخوا نزیك بوونەوەی زیاتر:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ ﴾، نەخێر (باوازبێنێ) ئەگەر وازنەهێنێ بە توندیی تووکی پێشەسەری دەگرین و ڕایدەکێشین. (كلاَّ) لێرەدا (**كَلِمَةُ رَدْعٍ وَإِبْطَال**) واتە: با واز بێنێ - ئەمە بۆ سڵەماندنەوەیەتی لەوەی دەیڵێ و دەیکات - ئەگەرنا تووکی پێشەسەر گرتن بۆی لە بۆسەدایە؟

﴿ كَلَّا ﴾ با واز بێنێ، ﴿ لَئِن لَّمْ يَنتَهِ ﴾ (ل)ی (**لَئِن**) زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند، (**إن**)یش (**شرطية**)یە، دیارە (**إن الشرطية**)ش وەڵامی دەوێ، بەڵام وەڵامەکەی قرتێنداروە، چونکە وەڵامی سوێندەکە وەڵامی (**إن الشرطية**)شی گرۆتە خۆی، ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ ﴾ با وازبێنێ، ئەگەر وازنەهێنێ، ﴿ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ﴾ ئەمە وەڵامی سوێندەکەیەو وەڵامی مەرجەکەشی گرتۆتە نێو خۆی، ئەگەر وازنەهێنێ، ئێمە تووکی پێشەسەری بەتوندیی دەگرین و ڕایدەکێشین،

(**السَّفع: القَبْض الشَّديدُ بِجَذْبٍ**) (**سَفع**) بریتیە لە گرتنێکی توند لەگەڵ ڕاکێشاندا، تووکی پێشەسەری دەگرین و ڕایدەکێشین، (**الناصية**) تووکی پێشەسەرە

(شعر مقدم الرأس) ئەو تووکەی لە پێشەوەی سەری مرۆڤ دەڕوێ، کە ئێستاش و کاتی خۆیشی خەڵکێك هەبووە، وەك شتێکی عادەتیی تووکی پێشەسەری بەرداوەتەوەو هێشتوویەتەوە.

٢)- ﴿ نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿١٦﴾ ﴾، تووکەسەرێکی درۆزنی گوناهکار، (نَاصِيَةٍ)ی دووەم جێگرەوە (بَدَل)ی (نَاصِيَةِ)ی یەکەمە، تووکە سەرێك کە خاوەنەکەی درۆزنەو خەتاکارو گوناهباریشە، بۆیەش بەنەناسراو (نكِرة) هێناویەتی، تاکو تێکڕای ئەو کەسانەی بەو شێوەیەن، هەموویان بگرێتەوە، کە فەرموویەتی: ﴿ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ ﴾، (الناصية) (أل)ی ناساندنی لەسەرەو ناساندنە کە بۆ (عهد)ە، واتە: تووکی پێشە سەرەکەی، ئەو کەسە دەگرین، کە ناسراوە، یاخود (أل) قەرەبووی پاڵوێدراو (مضاف إليه) دەکاتەوە، (أي: لَنَسْفَعاً بِنَاصِيَتِهِ) ئێمە تووکی پێشەسەری وی دەگرین.

٣)- ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾، ئنجا (ئەگەر ئێمە تووکی پێشە سەریمان گرت) با ئەو کۆڕو مەجلیسەکەی خۆی بانگ بکات، ﴿ نَادِيَهُۥ ﴾ (اِسمٌ لِلمَكَانِ الَّذي يَجْتَمع فِيهِ القَوْم، يُقال: نَدَا القَومُ نَدْواً، إِذ اجْتَمَعُوا، وَالنَّدوة (بِفَتحِ النُّون) الجَمَاعة، وَيُقال: نَادٍ ونَدِيٍّ، وَلا يُطْلَق هَذا الإِسْمُ عَلى المَكان إِلاَّ إِذَا كَانَ القَوْم مُجْتَمِعِينَ فِيه) واتە: (نادیه) ناوە بۆ ئەو شوێنەی خەڵکەکە تێیدا کۆدەبنەوە، دەگوترێ: (ندا القومُ نَدْواً) ئەگەر کۆبوونەوە، (النَّدوة)ش بەمانای کۆمەڵە خەڵکێك دێ، هەروەها (نَادٍ ونَدِيٌّ) بەکۆمەڵە خەڵکێك دەگوترێن، بەڵام ئەو ناوە بەکارنایەت بۆ شوێنێك، مەگەر خەڵکەکە تێیدا کۆبووبنەوە.

کاتی خۆی قوصەی، کە باپیرە گەورەی قورەیش بووە، بۆ هۆزی قورەیش کۆڕو مەجلیسێکی داناوە، مەنزڵگایەکی داناوە پێی گوتراوە: (دار النَّدوة) واتە: مەنزڵگای کۆبوونەوەو قسە تێداکردن و تەگبیر تێدا کردن، لە نیزیك مزگەوتی حەرام بووە، دایناوە بۆ ڕاوێژ پێکەوە کردنیان، لەکارو بارە گرنگەکانیاندا، هەروەها ئەگەر ژنیشیان هێنابن هەر لەوێدا مارە کراون و، زۆر کاری دیکەیان تێدا ئەنجام داون.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾، با ئەو دیوەخانەکەی خۆی بانگ بکات، ئەمە وەك ئەو ئایەتە موبارەکەیە کە دەفەرموێ: ﴿ وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ﴿٨٢﴾ ﴾ **یوسف**، یانی: لە ئاوەدانیینەکە بپرسە! (**أي: وَاسئَل أَهْلَ القَريـة**)، واتە: لەخەڵکی ئاوەدانییەکە بپرسە، لێرەش ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴾، بێگومان خودی دیوەخانەکە بانگ ناکرێ، واتە: باخەڵکی دیوەخانەکەی بانگ بکات، (ل)ی سەر (یدع)ش، بۆ دەستەپاچەکردن و دەستەوستان کردن (**تعجيز**)ە، یانی: ناتوانێ ئەوانە بانگ بکات.

ئنجا ئەگەر ئەو بتوانێ خەڵکی دیوەخانەکەی خۆی، کۆڕو مەجلیسەکەی بانگ بکات، کە ئەبوو جەهل خۆی هەڵدەکێشاو دەیگوت: من لە خەڵکی ئەو دۆڵە هەمووی، کۆڕو مەجلیسم قەرەباڵەغ ترە، ئەگەر ئەو وا بکات:

٤)- ﴿ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴿١٨﴾ ﴾، بە دڵنیاییەوە ئێمەش دۆزەخەوانەکان (فریشتەکانی کە سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن) بانگ دەکەین.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴾ ناوی کۆیەو تاکی نیە لە بێژەی خۆی، وەك (أبابیل) و (عبابید) ئەوانە ناوی کۆن، هی یەکەمیان باڵندەیەکە، کوردەواریی خۆشمان هەر پێی دەڵێن: تەیرە ئەبابیل، پێم وایە ئەوەی پەڕەسێلکەشی پێدەگوترێ، هەر ئەوەیە.

هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴾ کۆی (**زَبْنَة**) یاخود (**زِبْنِيَّة**)یە.

﴿ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴾ش داتاشراوە لە (**زَبْن**)، (**والزَّبْن: الدَّفعُ بِشِدَّة**) (**زَبْن**)یش پاڵپێوەنانی بەهێزە، ئەو فریشتانە بێبڕوایەکان بەتوندیی پاڵ پێوە دەنێن و پاڵەستۆیان دەدەن بەرەو دۆزەخ.

٥)- ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ﴿١٩﴾ ﴾، نەخێر (باوازبێنێ) گوێرایەڵیی مەکەو کڕنووش بەرەو نیزیك ببەوە. (**كلاّ**) وشەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەو تێخوڕین، (**كلاّ**) بۆ هەڵوەشانەوەی ئەوەیە کە ڕستەی پێشێ گرتوویەتە نێو خۆی، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾، با ئەو کۆڕو مەجلیسەکەی خۆی بانگ بکات، بەرگریی و پشتیوانیی لێ

بکەن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا ﴾ واتە: ناتوانێ ئەوە بکات، ﴿ لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ١٩ ﴾، تۆش فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی بۆ مەکە، بە قسەی مەکەو کڕنووش (بۆ خوا) ببەو لێی نیزیك ببەوە.

هەندێکیش گوتوویانە: (لا تُطِعْهُ) مانا پەیوەست (لازم)ەکەی مەبەستە، واتە: لێی مەترسێ، ترست بەرانبەری نەبێ.

(إقتراب: إفتِعالٌ مِنَ القُرْب أي: اجْتَهِدْ فِي التَّقَرُّبِ إلى اللهِ) وشەی **(إقتراب)** لە (قرب)ەوە هاتووە، واتە: نیزیکیی، زۆر هەوڵبدەو تێبکۆشە بۆ زیاتر خۆ وەنیزیکخستن لە خوای پەروەردگار.

دوو فەرمووده لەبارەی ئەو ئایەتە موبارەکەوە:

١)- {أَقْرَبُ مَا يَكونُ العَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِد، فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ} (أخرجه مسلم: ٤٨٢، وأبو داود: ٨٧٥، والنسائي: ١١٣٧، وابن حبان: ١٩٢٨)، واتە: کاتێك بەندە لە کڕنووش دایە، لە هەموو کاتان زیاتر لە پەروەردگاری نیزیکترە، بۆیە پاڕانەوەی زۆر تێدا بکەن.

٢)- {أَلَا وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا، فَأَمَّا الرُّكُوعُ فَعَظِّمُوا فِيهِ الرَّبَّ، وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ، فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ} (أخرجه أحمد: ١٩٠٠، ومسلم: ٤٧٩، وأبو داود: ٨٧٦، والنسائي: ١٠٤٥، وابن ماجه: ٣٨٩٩، وابن حبان: ١٨٩٦).

واتە: ئاگاداربن! من ڕێگرییم لێکراوە کە قورئان لە حاڵەتی ڕکووع بردندا، یان لەحاڵەتی کڕنووش بردندا، بخوێنم، بەڵکو ڕکووع پەروەردگاری تێدا بە مەزن بگرن، بەڵام کڕنووش زۆری تێدا بپاڕێنەوە، چونکە شایستەیە وەڵامتان بدرێتەوە، چونکە مرۆڤ لەو کاتەدا، لە هەموو کاتان لە خوا نیزیکترە.

بێگومان مرۆڤیش هەتا لەخوا نزیکتربێ، خوای پەروەردگار باشتر بەدەنگیەوە دێ، خوا هەمیشە لە بەندەکانی نیزیکە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوان لێی نزیك بن، کە بە هۆی چاکەو بەندایەتیی و بۆ خوا صوڵحانەوە، لەخواوە نیزیك دەبن.

ئیعجازێکی زانستیی پێشتریش ئاماژەیەکمان پێداو گوتمان:

ئـەم دوو ئایەتـە موبارەکە کـە دەفەرمـوون: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمۡ يَنتَهِ لَنَسۡفَعَۢا بِٱلنَّاصِيَةِ ۝١٥ نَاصِيَةٖ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٖ ۝١٦ ﴾، بـا وازبێنـێ، ئەگـەر دەسـت هەڵنەگرێ بەتوندیـی تووکـی پێشـە سـەری دەگریـن، تووکـی پێشەسـەرێکی درۆزنـی گوناهـکار، بۆچـی خوای پـەروەردگار باسـی (ناصیـة) دەکات؟ ئەمـە ئیعجازێکـی زانسـتیی تێدایـەو دوای ئـەوەی زانسـتی توێکاریـی (علـم التشریـح) بـەرەو پێشـەوە چـووە، ئنجـا زیاتـر دەزانیـن بۆچـی خـوای زانـا و توانـا باسـی تووکـی پێشەسـەر دەکات؟

هەڵبەتـە مەبەسـت لـە: پێشەسـەری هەرکەسـێك گرتـن، کۆنتـڕۆڵ کـردن و بێدەسـەڵاتکردن و دەسـتەپاچە کردنیەتـی، چونکـە کەسـێك کـە یەکێـك پەلامـاری دەدا، هەوڵـدەدا دەسـتبکاتەوە، بەدەسـتان بەرگریـی لەخـۆی دەکات، ئنجـا ئەگـەر تووکـی پێشەسـەری گیـرا، مانـای وایـە دەسـتەکانی هیـچ کارە بـوون و هیچیـان لەدەسـت نەهاتـوە، بۆیـە تووکـی پێشەسـەر گرتنـی هەرکەسێك، بێدەسـەڵات کـردن و دەسـتەپاچە کردنیەتـی، ئـەو واتایـە لێـرەدا هەیـەو، زانـاو ڕوونکـەرەوانی پێشـووش باسـیان کـردوە.

بـەڵام لـەڕووی زانسـتییەوە (النابلـسي)[1] گوتوویـەتی: ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئیعجازێکـی زانسـتیی تێدایـە، چونکـە:

أ- لەکەللە سەری مرۆڤدا مێشك هەیەو، ڕێژەی مێشك لەچاو جەستەدا لە مرۆڤدا، بەرزترین ڕێژەی هەیە بەبەراورد لەگەڵ ژیاندارانی دیکەدا، بۆ وێنە:

ئەگـەر مێشـکی نەهەنگـی شـین بێنیـن، کـە گەورەتریـن ژیانـدارە لـە دەریـادا، هـەروەك چـۆن فیـل گەورەتریـن ژیانـدارە لـە وشـکانییدا، دەبینیـن ڕێـژەی کێشـی مێشـکی نەهەنگـی شـین لەچـاو جەسـتەکەی، بەبـەراورد لەگـەڵ هـی مـرۆڤ دا، زۆر کەمـە، هەروەهـا گەورەتریـن ژیانـداری وشـکانیی فیلـە، ئەویـش دیسـان ئەگـەر

---

(١) تفسير النابلسي، ج ١٠ ص ٤٢٨.

مێشــکەکەی بــەراورد بکەیــن لەگــەڵ جەســتەکەیدا، دیســان دەبینیــن مێشــکەکەی لەچـاو جەسـتەکەی ڕێژەکـەی زۆر کەمـترە، هەروەهـا ئـەو ژیانـدارەی پێـی دەگوتـرێ: **(وحیـد القـرن)** یـەك قـۆچ، یاخـود کەرگـەدەن، یـان هـەر ژیاندارێکـی دیکـە، بـەراورد بکەیـن لەگـەڵ مرۆڤـدا، ڕێـژەو قورسـایی مێشـکی، لەچـاو جەسـتەکەیدا زۆر کەمـە.

گەورەترین ڕێژەی مێشك بەبەراورد لەگەڵ جەستەیدا، بریتیە لە مێشکی مرۆڤ.

ب- مێشکی مرۆڤ سەدو چل (١٤٠) ملیار خانەی تێدایە، کە خانەی خۆڵەمێشییان پێ دەگوترێ و، تاکو ئێستا ئەرکەکانیان نەزانراون، بەدڵنیاییەوە ئەگەر زانست زیاتر بەرەو پێش بچێ، ئەو (١٤٠) ملیار خانەیەش ئەرکەکەیان دەزانرێ.

ج- لەسەر توێژاڵی مێشك چواردە (١٤) ملیار خانە هەن، پێیان دەگوترێ: **(الخلایا القشریة)** خانە توێکڵییەکان، ئنجا هەرچی مرۆڤ ئەنجامی دەدا لە کارو کردەوەکان، هەمووی پەیوەندیی بەو چواردە ملیار خانەوە هەیە.

د- لە نێو ئەو چواردە ملیار خانەیەش دا مێشك دابەش دەکرێ، بەشێکی پێی دەگوترێ: **(فَصٌّ جَبهيٌّ)** واتە: پلی نێوچەوان، ئەم پلی نێو چەوانەش گەورەترین پلە لەبەشەکانی مێشك، لەو بەشەی مێشکدا دادوەریی کردن، هەڵهێنجان، ئەنجامگیریی کردن، بڕواهێنان بەدڵنیایی، هەرچی جووڵەی مرۆڤە لەڕووی فیکرییەوە، ویستی مرۆڤ، کەسایەتیی مرۆڤ، ئەگەر کەسێك بیەوێ چاکە بکات، ئەگەر کەسێك بیەوێ خراپە بکات، هەمووی پەیوەندیی هەیە بەو بەشەی مێشکەوەو، لەوێوە بڕیار دەدرێ و لەوێوە عەزم جەزم دەکرێ، لەسەر هەر کارێك مرۆڤ بیەوێ ئەنجامی بدات، بۆیەش خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ ﴾ **العلق**، نەخێر ئەگەر وازنەهێنێ، تووکی پێشەسەری بە توندیی ڕادەکێشین و دەیگرین.

کەسـانێك هــەن کــە کەوتــوون، یــان تووشــی ڕووداوێــك بــوون و ئــەو بەشــەی پێشـەوەی مێشـکیان زەربـەی خـواردوە، کەسـایەتییان گۆڕاوە، پێشـێ کەسـەکە دیندار بـووە، دوایـی ڕوو لـە بێدینیـی دەکات، یـان بێدیـن بـووە، ڕوو لـە دینداریـی دەکات،

یان پێشـێ جـۆرە شـتێکی پـێ خـۆش بـووە، ئێسـتا جـۆرە شـتێکی دیکـەی پـێ خـۆش دەبـێ، کەسـایەتییان دەگـۆڕێ! کەواتـە: ئـەم بەشـەی پێشـەوەی مێشـك، پەیوەندیـی بـە کەسـایەتیی مرۆڤـەوە هەیـە.

بۆیـە خـوای پەنهانـزان دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ ﴾ العلـق، ئـەو مرۆڤـە ئەگـەر ئەبـوو جەهلـە، ئەگـەر هەرکەسـێکی دیکـەی وەك ئەبـوو جەهلە، ئەگـەر وازنەهێنـێ لـەو کردەوەیـەی بریتیـە لـە ڕێگریـی کـردن لـە بەندەیەکـی خـوا، کـە نوێـژ دەکات بـۆ خـوا، ئێمـە تووکـی پێشەسـەری دەگریـن، تووکـی پێشەسـەرێکی درۆزنـی گوناهـکار، چونکـە درۆکردنـە، گوناهکردنـە، چاکەیـە، خراپەیـە، هەمـووی پەیوەسـتە بەو بەشـەی پێشـەوەی مێشـك، بێگومـان بەشـەکانی دیکـەش هەریەکەیان پەیوەندیـی بـە جۆرێـك لـە کاروکردەوەکانـی دیکـەی مرۆڤـەوە هەیـە.

بەشـێك پەیوەندیـی بـە ڕەنگەکانـەوە هەیـە، بەشـێك پەیوەندیـی بـە تامەکانـەوە هەیـە، بەشـێك پەیوەندیـی بـە بۆنەکانـەوە هەیـە، بەشـێك پەیوەندیـی بـە بینیـن و، بەشـێك پەیوەندیـی بـە بیسـتنەوەو، بەشـێك پەیوەندیـی هەیـە بـە خەیـاڵ کردنـەوە، هەرکامێـك لـە بەشـەکانی مێشـك ئەرکێکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، بـەڵام ئـەو بەشـەی پێشـەوەی سـەر، کـە (ناصیـة) تووکـی پێشەسـەر لەسـەری دەڕوێ، پەیوەندیی هەیـە بـە کەسـایەتیی مرۆڤـەوە، بۆیـەش خـوای زانـاو شـارەزا باسـی ئـەوێ دەکات بەدیاریـی کراویـی: ﴿ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴿١٥﴾ ﴾ العلـق.

کورتە باسێک دەربارەی بووناسیی ئیسلامیی

ئـەم کورتـە باسـە بـە پوختەکراویـی و گوشراویـی لـە کتێبـی چوارەمـی «مەوسـووعەی: بیرکردنـەوەی ئیسـلامیی لەنێـوان وەحیـی و واقیـع»دا بەناوونیشـانی: [پایەکانـی بیرکردنـەوەی ئیسـلامیی] وەردەگریـن، کـە پایـەی یەکـەم، بریتیـە لـە بووناسـیی (علـم الوجـود - ontology).

شـایانی باسـە: کاتـی خۆشـی ئـەم بەشـی یەکەمەمـان دیسـان جارێکـی دیکـە، وەك گـوشراو لـە کتێبـی یەکەمـی مەوسـووعەی: (**الإسـلام کـما يتجـلّى في كتـاب اللـه**) وەرگرتـوە، بەنـاوی: (**الإسـلام معرفـة صحيحـة بالخالـق والخلـق**)، کـە کتێبـی یەکەمـی مەوسـووعەی ناوبـراو دەوری (٥٠٠) لاپەڕەیـەو هەمـووی بۆ بووناسـیی تەرخانکراوە، ئنجـا ئێمـە ئـەم بەشـی یەکەمەی کتێبـی چـوارەم «پایەکانـی بیرکردنەوەی ئیسـلامیی» وەك پوختـەو گوشراوێـك لـەو کتێبـی یەکەمـەی مەوسـووعەی: (**الإسـلام کـما يتجـلّى في کتـاب اللـه**) وەرمانگرتـوە، ئێسـتاش ئـەم کورتـە باسـەمان جارێکـی دیکـە، وەك گوشراوێـك لـەو باسـەی کتێبـی چوارەمـی مەوسـووعەی: (بیرکردنـەوەی ئیسـلامیی لەنێـوان وەحیـی و واقیعـدا) وەردەگریـن، واتـە: ئـەم کورتـە باسـە دەبێتـە پوختـەی پوختـە، یاخـود گـوشراوی گـوشراو.

ئەم کورتە باسە لەبارەی بووناسیی ئیسلامییەوە، لەچوار تەوەردا دەخەینە ڕوو:

تەوەری یەکەم: خواناسیی، لە یازدە بڕگەدا باسی خوا ناسی دەکەین.

تەوەری دووەم: گەردووناسیی، لە هەشت بڕگەدا باسیی دەکەین.

تەوەری سێیەم: مرۆڤناسیی، لەشەش بڕگەدا باسی دەکەین.

تەوەری چوارەم: دونیاو دواڕۆژناسیی، لەحەوت بڕگەدا باسی دەکەین.

کەواتە: (١١+٨+٦+٧=٣٢) بڕگە.

تەوەری یەکەم: خواناسی:

لەو کتێبەدا باسمان کردوە کە (بووناسیی)، خەڵکی دیکە وشەی: (دنیابینیی)، یاخود (جیهانبینی) بۆ بەکارهێناوە، بەڵام من ئەوەم پێ هەڵەیەو پێم وایە وشەی (بووناسیی) ڕێك و ڕاست و پڕ بە پێستە، هەم لەگەڵ وشە عەرەبییەکەی دا: (علم الوجود) یان **(معرفة الوجود)** کە تەرجەمەی (-ontolo gy)یە، چونکە (جیهان) و (دونیا) مەبەست پێیان ئەو بوونەوەرە بەرهەستەی ئێستایە کە دەبیترێ، لەو سنوورە بەدواوە، دەلالەت لەسەر هیچی دیکە ناکات، بەڵام بووناسیی، یاخود: بوونزانیی، زانینی بوون (وجود)، هەم خوای پەروەردگار دەگرێتەوە، کە خاوەنی بوونەو، خاوەنی بوونێکی سەربەخۆو خودییە، هەم بەدیهێنراوەکانی خواش دەگرێتەوە، دیسان هەم ئێستا دەگرێتەوە کە دنیایە، هەم قۆناغەکانی دیکەی ژیان کە قۆناغی بەرزەخ و ڕۆژی دواییە، دەگرێتەوە، هەروەها هەم بینراوەکان و بەرهەستەکان دەگرێتەوە، هەم شتە نابەرهەستەکانیش دەگرێتەوە.

تەوەری یەکەم: خواناسیی ئێمە لە یازدە (١١) بڕگەدا باسی خواناسیی دەکەین، بەڵام زۆر بە پوختکردنەوەوە:

بڕگەی یەکەم: خوا تاکە بەدیهێنەرو خاوەن و پەروەردگارەو، ئەوە گەورەترین ڕاستیی خوارسکە لەدەروونی مرۆڤداو، مەزنترین حەقیقەتی عەقڵییە:

دەتوانین زۆر بەڵگان لەسەر ئەوە بێنینەوە، کە ناسینی خوا وەك بەدیهێنەرو خاوەن و پەروەردگار، گەورەترین ڕاستیی زگماك و خوارسکە لە دەروونی مرۆڤدا و، مەزنترین حەقیقەتی عەقڵییە:

١)- بەڵگەی یەکەم: ئەو پێنج ئایەتەی سەرەتای سوورەتی (العلق)ن، کە خوا دەفەرموێ:
﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ۝٥ ﴾.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر خوارسك بوون و زگماك بوونی ناسینی خوا، لە ناخ و جەوهەری مرۆڤدا، چ لە دەروونیدا، چ لە عەقڵیدا، بەبەڵگەی ئەوەی خوای پەروەردگار یەکسەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ و دەفەرموێ: بخوێنە! بەناوی ئەو پەروەردگارەت کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە، ئنجا دوایی لەنێو هەموو شتەکاندا دروستکردنی مرۆڤ دیاریی دەکات، ئەو زاتەی ئینسانی لە خوێنپارە دروست کردوە، بخوێنەو پەروەردگارت هەرە بەخشەرە، بەقەڵەم مرۆڤی فێری شتێك کردوە کە نەیزانیوە.

کەواتە: ئەمە لێی وەردەگیرێ کە بڕوابوون بە بوونی خوای پەروەردگار، بەبەدیهێنەرایەتیی خوا، خاوەندارییەتی، پەروەردگارییەتی، شتێکی سرووشتییە لە خوارسکی مرۆڤداو، عەقڵی سەلیمیش زۆر بە سێنایی خوا دەناسێ.

٢)- بەڵگەیەکی دیکە لەو بارەوە ئەو ئایەتە موبارەکەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَـٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾﴾ **الأعراف**، واتە: یاد بکەوە کاتێك پەروەردگارت لە وەچەی ئادەم لە پشتیان وەچەکەیانی وەرگرت و لەسەر خۆیانی کردن بە شاهێد، (فەرمووی:) ئایا پەروەردگارتام نیم؟ گوتیان: با، شایەتییمان دا، [بۆیەش ئەو شایەتییەمان لێوەرگرتن] تاکو ڕۆژی قیامەت نەڵێن: ئێمە لەمە بێئاگابووین.

ئەمەش وێنا کردنی ناسینی خوایە لە عەقڵی مرۆڤەکاندا، واتە: لە عەقڵی سەلیمی مرۆڤەکاندا.

٣)- بەڵگەیەکی دیکە لەوبارەوە ئەوەیەکە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾ **الروم**. واتە: ڕووی

خۆت ڕێك و ڕاست بكە بەرانبەر بە ئایین بە پاكیی، ئەو خوارسكەی خوا خەڵكی لەسەر ڕسكاندوە، گۆڕان نیە بۆ دروستكراوی خوا، ئا ئەوەیە ئایینی ڕێك و ڕاست، بەڵام زۆربەی خەڵكی نازانن.

كەواتە: فیترەت و شەریعەت دووڕووی دراوێكن.

٤)- بەڵگەیەكی دیكەش لەو بارەوە ئەو ئایەتە موبارەكەیە، كە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۝١٠﴾ **إبراهيم**، واتە: پێغەمبەرەكانیان گوتیان: ئایا لە بوونی خوادا دوودڵیی هەیە، بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی؟!

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ هەموویان لەو خاڵەوە دەستیان پێكردوە، كە ناسینی خواو پەیپێبردنی خوا، شتێكی خوارسكەو لە زگماكی مرۆڤدا هەیەو، شتێكە عەقڵی سەلیم ڕاستەوخۆ پەی پێ دەبات.

بڕگەی دووەم: خوای پەروەردگار پاكە لەهەموو كەم وكوڕییەك و، تێرو تەواویی ڕەهای هەیەو، هەموو دروستكراوەكان خوا بەپاك دەگرن و ستایشی دەكەن:

لەزۆر ئایەتدا ئەم ڕاستییە مەزنەش، كە چەند ڕاستییەكی گرتوونە خۆی، دەرەوشێنراوەتەوە، بۆ وێنە: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝١﴾ **التغابن**، واتە: هەرچی لە ئاسمانەكان و هەرچی لە زەویدا هەیە، خوا بەپاك دەگرێ، دەستەڵات و حوكمڕانیی هەر هی ئەوە، ستایش هەر بۆ ئەوەو، ئەو لەسەر هەموو شتێك بەتوانایە.

بڕگەی سێیەم: خوای پەروەردگار خاوەنی هەموو ناوە هەرە چاكەكانەو، خاوەنی تێكڕای سیفەتە هەرە بەرزەكانە:

١)- خوای بەرزی مەزن لە سوورەتی **(الأعراف)** ئایەتی (١٨٠)دا دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

﴿ ... ﴾ ﴿١٨٠﴾ **الأعراف**، واتە: خوا ناوە هەرە چاکەکانی هەن، ئنجا بەس بەو ناوە چاکانەی لێی بپاڕێنەوەو واز لەوانە بێنن کە لادان دەکەن لە ناوەکانیدا، ئەوانە لەسەر ئەوەی دەیکەن سزایان دەدرێتەوە.

٢)- لە سوورەتی (**الإسراء**) ئایەتی (١١٠)دا خوا دەفەرمووێ: ﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُوا۟ ٱلرَّحْمَـٰنَ ۖ أَيًّا مَّا تَدْعُوا۟ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿١١٠﴾ ﴾، واتە: بڵێ: لەخوا بپاڕێنەوە، یان لە بەبەزەیی (الرحمن) بەهەر ناوێك لێی بپاڕێنەوە، ئەو ناوە هەرە چاکەکانی هەن.

٣)- لە سوورەتی (**طه**) ئایەتی (٨) دا دەفەرمووێ: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿٨﴾ ﴾، واتە: خوا بێجگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، ناوە هەرە چاکەکانی هەن.

٤)- پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: {**إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مِائَةً إِلَّا وَاحِدًا مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ**} (**أخرجه البخاري: ٢٥٨٥**). واتە: خوا نەوەدو نۆ ناوی هەن، هەرکەسێك بیانژمێرێ، (واتە: بە تێگەیشتن و کارپێکردنەوە) دەچێتە بەهەشت.

بێگومان ناوەکانی خوا لەو نەوەدو نۆیەش زیاترن و سیفەتەچاکەکانی خوا بێسنوورن، وەك لەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەردەکەوێ:

{**أَللهم أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي، وَنُورَ صَدْرِي، وَجِلَاءَ حُزْنِي، وَذَهَابَ هَمِّي**} (**أخرجه أحمد: ٤٣١٨، قال الهيثمي (١٣٦/١٠): رجاله رجال الصحيح غير أبي سلمة الجهني، وقد وثقه ابن حبان. وابن أبي شيبة: ٢٩٣١٨، والطبراني: ١٠٣٥٢، والحاكم: ١٨٧٧، وقال: صحيح على شرط مسلم، وصححه الألباني**).

واتە: ئەی خوایە! لێت دەپاڕێمەوە، داوات لێدەکەم بە هەر ناوێك کە تۆ هەتە، خۆتت پێ ناوناوە، یان لە کتێبەکەتدا داتبەزاندوە، یان بە یەکێك لە دروستکراوەکانی خۆتت فێرکردوە، یاخود لە زانیاریی پەنهان لەلای خۆت

هەڵتگرتوە، کە قورئان بکەیە بەهاری دڵم و، ڕووناکیی سینەم و، لابەری خەم و پەژارەم و، نەهێڵەری دڵتەنگییم.

بڕگەی چوارەم: خوای تاك و پاك وەك هیچ کام لە دروستکراوەکانی ناچێ و، هیچ کام لە دروستکراوەکانیشی وەك وی ناچن، لە هیچ شتێکدا:

١)- خوای پەروەردگار لە ئایەتی ژمارە (١١)ی سوورەتی (**الشورى**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَاطِرُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ أَزْوَٰجًا ۖ يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: خوا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، لە خۆتان هاوسەری بۆ هێناونە دی، هەروەها ئاژەڵەکانیشی بەجووت خوڵقاندوون، هیچ شتێك وەك خوا نیە، خوا بیسەری بینەرە.

٢)- دیسان لە سوورەتی (**طه**) ئایەتی (١١٠)دا خوای تاك و پاك دەفەرموێ: ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾ ﴾ ، واتە: ئەو (خوا) ئەوەی لە پێشیانەوەیەو ئەوەی لە دوایانەوە (یاخود ڕابردوویان و داهاتوویان) دەزانێ، زانیاریی ئەوان ناتوانێ دەوری خوا بدات.

واتە: ناتوانێ پەی بە چییەت و ماهییەتی خوا ببات، نەك پەی بە بوونی خوا، نەبات، چونکە پەی بە بوونی خوا دەبردرێ و، فیترەت و عەقڵی ئینسان بۆ خوا تینوون، بەڵام حەقیقەتی خوا، چییەتەکەی، چۆنە؟ بێگومان لەسەرووی ئەوەوەیە مرۆڤ بیزانێ.

مرۆڤ تاکو ئێستا چییەتی ماددە نازانێ، هەرئەوەندە دەزانێ یەکەی دروست بوونی ماددە، خشتی یەکەمی بریتیە لە گەردیلە، ئەتۆم (atom)، زەڕڕە، گەردیلەش لە سێ پێکهاتەی سەرەکیی پێکهاتوە:

یەك: نێوك، کە لە پرۆتۆن (Proton)و نیوترۆن (Nutron)پێك دێ و بارگەیەکی موجیبی هەیە.

دوو: ئەلیکترۆن، (Electron)بەدەوری نێوکدا دەخولێتەوەو بارگەیەکی سالیبی هەیە.

بەڵام تا ئێستا کەس نەك گەردیلەی نەبینیوە، بەڵکو مۆڵکۆڵیشی نەبینیوە، مۆڵکۆڵ (molcol) گەردی پێ دەڵێن، تاکو ئێستا ئەوەش هەر نەبینراوە، کە هەر مۆڵکۆڵێك لە ملیۆنان گەردیلە پێك دێ، لە حاڵێکدا کە بە میکرۆسکۆبی ئەلیکترۆنییش هەر گەردیش نەبینراوە، کە زیاتر لە (٦٠٠٠٠٠) جار شت گەورە دەکات.

هەروەها تاکو ئێستا ڕووحەکەی خۆی کە لە نێوان دوو تەنیشتەکانیدایە، نایزانێ، دەزانێ هەیە، بەڵام چییەتەکەی نازانێ، ئەدی چۆن خوا بزانێ؟ مرۆڤ تاکو ئێستا هێزی کێشندەی زەوی نازانێ چۆنە، دەزانێ گەردوون بە هێزی کێشندەوە وەستاوە، هەروەها ئەلیکترۆن و نێوکەکان، بەهێزی کەهرۆموگناتیسیی، بەڵام تاکو ئێستا چییەتەکەیان نازانێ و بەس شوێنەوارەکانیان دەبینێ.

بڕگەی پێنجەم: هیچ شتێك و هیچ کەس هیچ جۆرە نیسبەتێکی لەگەڵ خوادا نیەو، هیچ پەیوەندییەکی بەخواوە نیە، مەگەر پەیوەندیی دروستکراو، لەگەڵ بەدیهێنەردا:

خوای پەروەردگار لە زۆر شوێنی قورئان دا ئەم ڕاستییەی ڕاگەیاندوە، بۆ وێنە:

١)- خوا لە سووڕەتی (**مریم**) ئایەتی (٩٣)دا دەفەرموێ: ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ٩٣ ﴾، واتە: هیچکەس نیە لە ئاسمانەکان و زەویدا، مەگەر بە بەندایەتیی دێتە لای (خوای) بە بەزەیی.

کەواتە: هەموو ئەوانەی جۆرێك لە خۆپاڵدانە لای خوایان داهێناوە، وەك جوولەکەکان و نەصرانییەکان، کە گوتوویانە: ئێمە دۆست و نزیکی خواین: ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ١٨ ﴾ **المائدة**، جوولەکەو نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە کوڕانی خواو خۆشەویستانی ئەوین.

لەڕاستییدا جگە لە ئەفسانەو شت هەڵبەستن بەناوی خواوە، هیچ بنەمایەکی دیکەیان نیە بۆ ئەو قسەیان، بۆیەش خوای پەروەدگار لەهەمان ئایەتدا

بەرپەرچیان دەداتـەوەو دەفەرمـوێ: ﴿قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ۝١٨﴾ المائدة، واتـە: بڵـێ: ئـەدی بۆچـی خـوا بەهـۆی گوناهەکانتانـەوە سـزاتان دەدات! بەڵکـو ئێـوەش هـەر مرۆڤێکـن وەك ئـەو مرۆڤانـەی (خـوا) دروسـتیکردوون.

بڕگـەی شەشـەم: خـوا باڵادەسـتە بەسـەر دروسـتکراوەکانی خۆیـداو، بەسـەر هەمـوو شـتێکدا بەتوانایـە، هەرچـی بیـەوێ دەیـکات و، بەهەمـوو شـتێك زانـاو شـارەزایە:

لەزۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا، ئەم ڕاستییانە درەوشێنراونەوە بۆ وێنە:

١)- لە سوورەتی (**آل عمران**)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝١٨٩﴾، واتە: حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایەو خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

٢)- لە سوورەتی (**فاطر**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَٰلِمُ غَيْبِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ۝٣٨﴾، بە دڵنیایی خوا زانای نهێنیی ئاسمانەکان و زەوییەو، بە نهێنیی سینەکان و دڵ و دەروونەکانیش ئاگادارە.

بڕگـەی حەوتـەم: خـوای بـەرزو مـەزن هەمیشـە ژیـاوی سەرپەرشـتیارەو، دروسـتکراوەکانی خـۆی بـەردەوام لـە ژێـر ڕکێـف و کۆنترۆڵـی خۆیـدا دەهێڵێتـەوە، تەنانـەت چاوتروکانێـك لـە دروسـتکراوەکانی خـۆی بێئـاگا نیـەو، خـوا نـە ماندوێتیی نـە خـەو، ڕێـی تـێ نابـەن:

هەڵبەتـە ئـەم بڕگەیـە ئێسـتا بۆتـە شـتێکی ڕوون و ئاشـکرا، بـەڵام کاتـی خـۆی بەشـەر وای نەزانیـوە، بەڵکـو وەك لەشـوێنی تایبەتـدا باسـمان کـردوە، بەتایبـەت لـە مەوسـووعەی ئیـمان و ئیلحـاد: (درەوشـاوەیی ئیسـلام و پوچەڵیـی ئیلحـاد لەبـەر تیشـکی زگـماك و عەقـڵ و زانسـت و وەحیـی دا) گەورەتریـن فەیلەسـووفەکانی یۆنـان، پێیـان وابـووە خـوا ئـەم گەردوونـەی دروسـتکردوە، وەك سـەعات چـۆن

قورمیـش دەکـرێ، قورمیشـی کـردووەو بەرهەڵـدای کـردووەو لێیگـەڕاوە! بـەڵام خـوای کاربەجـێ ڕوونـی کردۆتـەوەو ڕایگەیانـدوە کـە سەرپەرشـتیی دروسـتکراوەکانی خـۆی دەکات و ئـاگای لێیانـە، چاودێرییـان دەکات و تـاو بەتـاو ئـاگای لـە وردو درشـتیانە:

١)- لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَـٰفِلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: لە سەرووتانەوە، حەوت چینمان، یان حەوت ڕێمان خوڵقاندوون و، ئێمە لە دروستکراوەکانی خۆمان بێئاگانین.

٢)- هەروەها لە سوورەتی (**الرحمن**)دا دەفەرموێ: ﴿ يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ﴿٢٩﴾ ﴾، هەرکەس لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە داوای لێ دەکات، لەهەموو کاتاندا ئەو کارێکی هەیە.

واتـە: خـوای پـاك و تـاك هەمیشـە ئـاگای لـە دروسـتکراوەکانی خۆیەتـی، وشـەی (یـوم) کـە دەفەرمـوێ: ﴿ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ ﴿٢٩﴾ ﴾، بەپێـی بـاوی ئێمە بیسـت و چوار (٢٤) سـەعاتە، دابـەش دەبـێ بـۆ (٢٤) یەکـە کـە پێیـان دەگوتـرێ: سـەعات، بـەڵام ڕۆژی ئێمـە لـە ئەنجامـی خولانـەوەی زەوی بـەدەروی خـۆی لـە بەرانبـەر خـۆردا پەیـدا دەبـێ، نیـوەی شـەوو نیـوەی ڕۆژ، بەشـێوەیەکی هاوکۆیـی دوازدە سـەعات شـەو، دوازدە سـەعات ڕۆژ، بـەڵام بێگومـان لـە ئەسـڵی زمانـی عەرەبییـدا وشـەی (یـوم) واتـە: (**مُدَّةٌ مِنَ الزَّمَانِ أَيُّ مُدَّةٍ كَانَت**) ماوەیـەك لـە کات، هەرچەندێکـی بـێ، کـەم بێـت، یاخـود زۆربێـت.

برگـەی هەشـتەم: دروسـتکراوەکان بـۆ ویسـتی خـواو یاسـای خـوا ملکەچـن، هیـچ دروسـتکراوێك بـە ئەنـدازەی سـەرە ئەنگوسـتێك، بەڵکـو بەقـەدەر موویێك، لاملیـی ناکات لـەو یاسـایانەی خـوا بـۆی دانـاون و ناتوانـن لەژێـر ڕکێفـی ویسـتی خـوا بچنـە دەر:

بـەس ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (الحـج) بەبەڵگـە بێنینـەوە، بەسـە بـۆ ئـەوە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ۗ وَمَن

يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿١٨﴾ ﴾، واتــە: ئایــا نابینــی چــۆن هەرکــەس لــە ئاســمانەکان و زەویــدا هەیــە، کڕنــووش بــۆ خــوا دەبــات، هەروەهــا خــۆرو مانــگ و ئەســتێرەکان و چیایــەکان و دارو درەخــت و ژیانــداران و زۆرێــك لــە خەڵکیــش، زۆرێکیــش ســزایان لــە ســەر پێویســت بــووە، هەرکەســێکیش خــوا (بەهــۆی کوفــرو لادانیــەوە) ســووك و ڕیســوای بــکات، ئــەوکات هیــچ ڕێزگرێکــی نابــێ، بەدڵنیایــی خــوا هەرچــی بیــەوێ دەیــکات.

برگــەی نۆیــەم: خــوا چەنــد یاسایەکی دانــاون بــۆ دروســتکراوەکانی خــۆی، بەســەر هەمــوو شــتێکدا جێبەجــێ دەبــن، بــەڵام وا نیــە خــوای باڵادەســت نەتوانــێ لــەو یاسـایانە دەربـاز بـێ:

١)- خوای زاناو توانا دەفەرموێ: ﴿ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾ ﴾ **البروج**، واتە: ئەنجامدەری هەرشتێکە بیەوێ.

٢)- هەروەها لە سووڕەتی (**الحج**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿١٤﴾ ﴾، واتە: بێگومان خوا هەرچی بیەوێ ئەنجامی دەدا.

٣)- هەروەها لە سووڕەتی (**المائدة**)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴿١﴾ ﴾، واتە: بەدڵنیاییەوە خوا چۆنی بوێ وا بڕیار دەدات.

٤)- هەروەها لە سووڕەتی (**الرعد**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِۦ ﴿٤١﴾ ﴾، واتە: خوا بڕیار دەداو هیچکەس ناتوانێ بەدوایدا بچێ (بڕیارەکەو حوکمەکەی هەڵبوەشێنێتەوە).

٥)- دیسان لە سووڕەتی (**الأنبیاء**)دا دەفەرموێ: ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: ئەو لێی ناپرسرێ لەوەی دەیکات و ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە.

چونکــە خــوای پــەروەردگار هەرچــی دەیــکات لەســەر بناغــەی ئەوپــەڕی زانیاریــی و ئەپــەڕی حیکمــەت و ئەوپــەڕی میهرەبانییــە، ســیفەتەکانی خــوا هەموویــان

لەوپەڕدان، بۆیە شتێکی بێجێ ناکات شایستەی ئەوەبێ لێی بپرسرێتەوە، بەڵام بێگومان هەرکاتێك ویستی یاسایەکانی خۆی ڕادەگرێ، هەروەك چۆن یاسای سووتاندنی ئاگری ڕاگرت لەسەر ئیبراهیم کە خستیانە نێو ئاگرەوە: ﴿ قُلْنَا يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾ الأنبياء، گوتمان: ئەی ئاگر! ساردبەو سەلامەتیش بە لەسەر ئیبراهیم.

بڕگەی دەیەم: خوای پەروەردگار لەسەرووی دروستکراوەکانیەتی خۆیەتی، بەوشێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، چونکە هیچ شتێك وەك خوا نیە.

خوای پەروەردگار لەزۆر ئایەتدا، ئەو ڕاستییەی ڕوونکردۆتەوە:

١)- لە سوورەتی (**الزخرف**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَـٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَـٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ ﴾، واتە: ئەو لە ئاسمان دا پەرستراوەو لە زەویشدا پەرستراوە و، ئەو کارزانی زانایە.

٢)- لە سوورەتی (**النساء**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطًا ﴿١٢٦﴾ ﴾، واتە: خوا دەورەدەری هەموو شتێك.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴿١١﴾ ﴾ **الشوری**، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیە.

هەربۆیە زانایان وەك بنەمایەك دایانناوە دەڵێن: (**أَللهُ مُسْتَوٍ عَلى عَرْشِه، بَائِنٌ عَن خَلْقِه**) خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی (بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە) بەڵام لەدەرەوەی چوارچێوەی دروستکراوەکانیەتی.

دروستکراوەکان مەحکوومی کات و شوێنن، شوێن بریتیە لە درێژبوونەوەی ماددەو، کاتیش بریتیە لە جووڵانی مادده، خوای پەروەردگار لەدەرەوەی جوغزی کات و شوێنە.

بڕگەی یازدەیەم و کۆتایی: خوای پەروەردگار یەکەمینەو دواهەمینەو، ئاشکراو پەنهانە:

لە سووڕەتی (الحدید) ئایەتی ژمارە (٣)دا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْآخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣﴾ ﴾، واتە: خوا یەکەمە (بەبێ سەرەتاو دەستپێکردن)و دواهەمینە (بەبێ ئەوەی کۆتایی بێ)و، ئاشکرایە (بەبێ ئەوەی ببینرێ)و پەنهانە (بێ ئەوەی نکوولّیی لێ بکرێ)و، ئەو بەهەموو شتێك زانایە.

زانایان دەڵێن: خوا کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ﴾ **الحدید**، ئاشکرایەو پەنهانە، واتە: ئاشکرایە بۆ کەسێك بە چاوی عەقڵ و دڵ و فیتڕەت بۆی بگەڕێ و دەیبینێ، بەڵام پەنهانە بۆ کەسێك بیەوێ بەچاوی سەر بۆی بگەڕێ، بەدڵنیاییەوە نایبینێ.

ئەمە تەوەری یەکەم بە نسبەت خواناسییەوە.

هەڵبەتە ئەگەر ئێمە وەك لەو یازدە بڕگەیەدا هاتووە، ئاوا خوا بناسین، بەڕاست و دروستیی خوا بناسین، ئەوکاتە مامەڵەیەکی ڕاست و دروستیشی لەگەڵدا دەکەین، دیارە خوای پەروەدگار ئاوا خۆی بە ئێمە ناساندوە، وەك بەدیهێنەرو پەروەردگارو، خاوەن و، مشوورخۆرو سەرپەرشتیاری هەموو ئەو دروستکراوانەی ئێمە بەشێکی کەمیان لێ دەبینین، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان نابینین، ئەوەی خوا هەواڵی پێنەدابین و ناشیانزانین.

تەوەری دووەم: گەردووناسیی

خوای پەروەردگار گەردوونی بەهەق دروستکردوە، هەموو شتێکیشی بەوپەڕی ڕێك و پێکیی و وردەکاریی بەدیهێناوە:

لە هەشت بڕگەدا باسی گەردووناسیی دەکەین:

بڕگەی یەکەم: دروستکراوەکان لە بچووکترینیانەوە تاکو گەورەترینیان، هەموویان دروستکراوی خوان، بەبێ هەڵاواردن، خوای بەدیهێنەر هەموویانی بەدیهێناوەو خاوەن و مشوورخۆری هەموو شتێکە:

بچووکترین شت تاکو ئێستا کە بۆ زانست ئاشکرا بووە، گەردیلەیە، بە عەرەبیی (ذرة) بە ئینگلیزیی (ئەتۆم - atom)ی پێ دەگوترێ، دیارە ئەویش بچووکترین شت نیە، بەڵکو لە سێ پێکهاتەی سەرەکیی پێکهاتوە، کە بریتین لە: (پرۆتۆن و نیوترۆن وەك نێوك، ئەلیکترۆن کە بەدەوریاندا دەخولێتەوە)، بەڵکو ئێستا دەرکەوتوە ئەوانیش بە تایبەت هەرکام لە ئەلیکترۆن و نیوترۆن، لە پێکهاتەی بچووکتر پێکهاتوون و پێیان دەگوترێ: کوارکەکان (الکوارکات)، بەڵام هەرچۆن بێ گەردیلە بە خشتی یەکەمی ماددە دادەنرێ، ئنجا هەر لە گەردیلەوە بگرە، کە وەك گوتم: بە بچووکترین شتی کە خوا دروستیکردوە، دادەنرێ، ئەگەرنا لەویش بچووکتر هەیە، تاکو کەهکەشانەکان و گەلەکەهکەشانەکان، کەهکەشانەکەی ئێمە بە مەزەندە دووسەد (٢٠٠) ملیار ئەستێرەی تێدایەو. هەندێك دەڵێن: یەك تریلیۆن، هەزار ملیار (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) ئەستێرە، هەروەها بۆ ژمارەی کەهکەشانەکانیش زانایان دەڵێن: تاکو ئێستا ئەوەی کەوتۆتە بەرچاوی تەلیسکۆبەکان بەیەك تریلیۆن کەهکەشان، یان بەلای کەمەوە بە دوو سەد ملیار کەهکەشان مەزەندە دەکرێ، ئنجا هەموو ئەمانە لە گچکەترینیانەوە تاکو گەورەترینیان، بێگومان خوا بەهەق دروستیکردوون، هەمووشیان بەدیهێنراوی خوان و خوا سەرپەرشتییان دەکات.

برگـەی دووەم: سـەرەتای دروسـتکراوەکانی خـوا بـۆ ئێمـە نەزانـراوە، وەك کۆتاییان و جگـە لـەوەی خـوای کاربەجـێ بـۆی باسـکردووین، هیچـی دیکـەی لـێ نازانین:

خـوا لـە سـوورەتی (**الکهـف**) ئایەتـی (٥١)دا دەفەرمـوێ: ﴿ مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ ﴿٥١﴾ ﴾، واتـە: دروسـتکرانی ئاسـمانەکان و زەوی و هـی خۆشـیانم پێشـان نـەداون، چونکـە (مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ) دوو واتـای هـەن:

أ- (**أَي مَا جَعَلتُهم شَاهِدِينَ**) واتە: نەمکردوونە شایەدو بینەر.

ب- (**مَا أَحْضَرْتُهم**) ئامادەم نەکردوون، لەوکاتەدا.

ئنجا ئـەم گەردوونـەی ئێسـتای ئێمـە کـە بـە پێـی نوێتریـن بیـردۆزە، کـە بریتیـە لە بیـردۆزەی: (تەقینـەوەی مـەزن **bigbang**) سـێزدە تاکـو چـواردە ملیـار حەوتسـەد هەشتسـەد ملیـۆن سـاڵ لـە مەوبـەر ئـەو تەقینەوەیـە ڕوویـداوەو، تەنێکـی یەکجـار بچـووك بەنـاوی (سـینگۆلاریتی **sungolarety**) واتـە: تاکـی گەردوونیـی، یاخـود هێلکـەی گەردوونیـی، یـان تـۆوی گەردوونیـی، کـە زۆرزۆر لـە ئەلیکترۆنیـش بچووکتر بـووەو لەوپـەڕی گەرمییـدا بـووە، ئـەو تەنـە گچکەیـە تەقیوەتـەوەو سـەرەنجام ئـەم گەردوونـەی ئێمـە لـەوەوە هاتـوە، بێگومانیـش جگـە لـەوەی خـوای پەنهانـزان لەبـارەی سـەرەتاو کۆتایـی گەردوونـەوە بـۆی باسـکردووین، زانیاریـی نـە ئـاگای لـە سـەرەتا هەیـە، نـە ئـاگای لـە کۆتایـی هەیـە، بـەڵام دەتوانـێ باسـی ئێسـتا بـکات، ئەویـش زیاتـر بەمەزەنـدە.

برگـەی سـێیەم: دروسـتکراوەکان هەیانـە بەرهەسـت و بینـراوەو، هەشـیانە نابەرهەسـتەو نەبینـراوو شـێردراوەیە:

ئەمەش لەزۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١)- لە سووڕەتی (**الحاقة**)دا خوای پەنهانزان دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ ﴿٣٨﴾ وَمَا لَا تُبْصِرُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾، واتە: وانیە! سوێند دەخۆم بەوەی دەیبینن و، بەوەش کە نایبینن.

٢)- هەروەها خوای پەروەردگار لەسوورەتی (**الأنعام**)دا دەفەرموێ: ﴿ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴿٧٣﴾ ﴾، واتە: (خوا) زانای پەنهان و ئاشکرایە.

کەواتـە: دروسـتکراوەکان هـەر ئەوەنـدە نیـن کـە دەبینرێـن و بەرهەسـتن، بەڵکـو زۆر زۆر زیاتـر لەوانـەی بەرهەسـتن، نابەرهەسـتن و، زۆر زۆر زیاتـر لەوانـەی دەبینرێن، نابینرێن.

برگـەی چـوارەم: خوای پـەروەردگار هەموو دروسـتکراوەکانی بەهەق دروسـتکردوون و بـە حیکمەت و تـەرازوو:

ئەمیـش لـە گەلێـك لـە ئایەتەکانـی قورئانـدا خـوای کاربەجـێ ئـەو ڕاسـتییەی خسـتۆتە ڕوو، بـۆ وێنـە:

١)- لە سوورەتی (**الجاثية**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ وَلِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: خوا ئاسمانەکان و زەوی بەهەق هێناونە دی و، بۆ ئەوەی هەر نەفسێك سزاو پاداشت بدرێتەوەو ستەمیشیان لێ ناکرێ.

٢)- لە سوورەتی (الروم)دا خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ﴾ **الروم**، واتە: ئایا لە دڵی خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە، لەبەر خۆیانەوە ڕانەماون، کە خوا ئاسمان و زەوی و ئەوەی نێوانیانی بەهەق نەبێ و بۆ کاتێکی دیارییکراو نەبێ دروستنەکردوون، بەدڵنیایی زۆرێك لە خەڵکیش بەدیداری خوا بێبڕوان.

برگـەی پێنجـەم: وەك چـۆن دروسـتکراوەکان بەگشـتیی بـە حیکمـەت بەهـەق دروسـتکراون، ئەویـش ئەوەیـە کـە مـرۆڤ و جنـد تاقیبکرێنـەوە، هـەرکام لـە دروسـتکراوەکانیش بەهــەق و حیکمــەت و وردەکاریــی و بەباشــترین شــێوە دروســتکراون:

خوای بێ وێنە لە چەند شوێنێکی قورئان دا ئەو ڕاستییەی بەیان کردوە، بۆ وێنە:

١)- لە سوورەتی (السجدة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ۝٧ ﴾، واتە: خوا هەر شتێکی دروست کردوە، بەباشترین شێوە دروستیکردوە، دروستکردنی مرۆڤیشی لە قوڕێوە دەست پێکردوە. واتە: یەکەمین دوو مرۆڤ کە ئادەم و هاوسەرەکەی حەووان.

٢)- هەروەها لە سوورەتی (النمل)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ صُنۡعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتۡقَنَ كُلَّ شَىۡءٍۚ إِنَّهُۥ خَبِيرُۢ بِمَا تَفۡعَلُونَ ۝٨٨ ﴾، واتە: ئەوە دروستکراوی خوایە کە هەموو شتێکی بە باشترین شێوە هێناوەتە دی، بە دڵنیایی ئەو شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن.

برگـەی شەشـەم: خـوا ئـەو دروسـتکراوانەی هەمـوو هێناونـە دی، بەمەبەسـتی ئـەوەی مرۆڤیـان تێـدا تاقـی بکرێتـەوەو، دوایـی سـزاو پاداشـت بدرێتـەوە:

ئەمیش لەزۆر شوێن لە ئایەتەکانی قورئاندا خراوەتە ڕوو، بۆ وێنە:

لە سوورەتی (هود)دا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرۡشُهُۥ عَلَى ٱلۡمَآءِ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلًاۗ ۝٧ ﴾ ، واتە: ئەو (خوا) ئەو کەسەیە ئاسمانەکان و زەوی بە شەش ڕۆژ (واتە: بە شەش قۆناغ) هێناونە دی و عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو لەو کاتەدا، تاکو تاقیتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەی چاکترە!

کەواتـە: ئـەم گەردوونـە هەمـووی تاقیگەیەکـە بـۆ مـرۆڤ، هەمـووی هۆڵێکـی تاقیکردنەوەیـە مـرۆڤ و جنـدی تێـدا تاقـی دەکرێنـەوە.

برگـەی حەوتـەم ئـەو دروسـتکراوانە هەموویـان سـەرەتایەکیان هەیـە لەوێـوە دەسـتیان پێکـردوەو، کۆتاییەکیشـیان هەیـە، لـەوێ کۆتاییـان پێـدێ، بـەڵام نەسـەرەتایەکە تاکـو ئێسـتا کـەس دەیزانـێ، نەکۆتاییەکـەش:

خـوای بـەرز لەبـارەی کۆتایـی دروسـتکراوەکانەوە دەفەرمـوێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ﴿١٨٧﴾ ﴾ **الأعـراف**، لێـت دەپرسـن ئاخیـر زەمـان (کۆتایـی گـەردوون) لەنگەرگرتنەکـەی کەیـە؟ بڵـێ: زانیاریـی ئـەوە تەنیـا لـەلای پەروەردگارمـە، خـۆی نەبـێ کـەس دەری ناخـات.

پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ لـەو فەرموودەیـەدا کـە بـە فەرمـوودەی جبریـل نـاسراوە، کاتێـك جبریـل لێـی دەپرسـێ: {**مَتَـى السَّـاعَةُ**}؟ ئاخیـر زەمـان کەیـە؟ دەفەرمـوێ: {**مَـا الْمَسْـئُولُ عَنْهَـا بِأَعْلَـمَ مِـنْ السَّـائِلِ**} پرسـیارلێکراو لەبارەیـەوە زاناتـر نیـە لـە پرسـیارکەر[1].

بڕگەی هەشتەم و کۆتایی: پێنج ڕاستیی مەزن لەبارەی گەردوونەوە لە قورئاندا:

ڕاسـتیی یەکـەم: پێکهاتەکانـی دروسـتکراوەکانی خـوا، حـەوت شـتی سـەرەکیین: کـە بریتیـن لـە:

١- دروستکراوی یەکەم: عەڕش، بارەگا، تەختی خوا، وەك بۆ خوا شایستەیە کە دروستکراوێکی خوایەو کێشی هەیە، بەبەڵگەی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێ: {**سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ، وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ**}[2] (**زنة عرشه**) واتە: کێشی عەڕشەکەی.

٢- هەروەها خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ: ﴿ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ ﴿١٧﴾ ﴾ **الحاقة**، لەو ڕۆژەدا (واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا) هەشت عەڕشی خوا هەڵدەگرن.

دروسـتکراوی دووەم: (**سِـدْرةُ المُنتهـى**): درەختـی کۆتایـی، کـە خـوای خـاوەن لـە سـوورەتی (النجـم)دا باسـی کـردوە: ﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ﴿١٣﴾ عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴿١٤﴾ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ ﴿١٥﴾ ﴾.

---

(١) أخرجه أحمد: ٩٤٩٧، والبخاري: ٥٠، ومسلم: ١٠، وابن ماجه: ٤٠٤٤.

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة: ٢٩٣٩٥، ومسلم: ٢٧٢٦، وأبو داود: ١٥٠٣، وابن ماجه: ٣٨٠٨.

٣- دروستکراوی سێیەم: (**سَبع سَمَاوات**): حەوت ئاسمانەکان.

٤- دروستکراوی: چوارەم زەوی.

٥- دروستکراوی پێنجەم: ئەوەی دەکەوێتە نێوان زەوی و ئاسمانەکانەوە.

کە خوای بێ هاوتا ئەوسێیەی پێکەوە باسکردوون: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ ﴾ ق.

٦- دروستکراوی شەشەم: بەهەشت.

٧- دروستکراوی حەوتەم: دۆزەخ.

دیارە هەموو ئەمانە لە ئایەتەکانی قورئاندا باسکراون، بۆ وێنە:

١- لەبارەی عەرشەوە دەفەرموێ: ﴿ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ ﴿٧﴾ ﴾ **هود**.

٢- لەبارەی درەختی کۆتاییەوە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ﴿١٣﴾ عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴿١٤﴾ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ ﴿١٥﴾ ﴾ **النجم**.

٣- لەبارەی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانەوە، دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ ﴿٨﴾ ﴾ **الروم**.

٤- لەبارەی بەهەشتەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَسَارِعُوٓا۟ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾ **آل عمران**.

٥- لەبارەی دۆزەخەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا ﴿٧١﴾ ﴾ **الزمر**.

بۆیەش عەرشمان لە پێشەوە باس کرد، چونکە لەسەرووی هەموو دروستکراوەکانەوەیە، دۆزەخیشمان لە کۆتاییەوە باس کرد، چونکە دەکەوێتە خوارەوەی دروستکراوەکان، وەك ئایەتی ژمارە (٧) لە سوورەتی (**المطففین**)

دەیگەیەنــێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ ﴿٧﴾ ﴾، واتــە: نەخێــر، وانیــە (کــە دەڵێــن: ئــەی بێبڕوایــەکان!) لیســتی کــردەوەی تاوانبــاران لــە (ســجین)دایە.

تەفســیرەکان گوتوویانــە: (ســجین) (أســفل الخلــق) ژێــرەوەی دروســتکراوەکان، هــەروەك چــۆن خــوای پــەروەردگار دەفەرمــوێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْأَبْرَارِ لَفِى عِلِّيِّينَ ﴿١٨﴾ ﴾ المطففین، وانیە (وەك ئێوە دەڵێـن) نـووسراوی چاكـەكاران لـە (علیین)دایـە، ئنجـا دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا عِلِّيُّونَ ﴿١٩﴾ كِتَٰبٌ مَّرْقُومٌ ﴿٢٠﴾ يَشْهَدُهُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ المطففین، چ شـتێك بەتـۆی زانانـدوە (علیـون) چییـە؟ لیسـتێکی نـووسراوە، یـان نووسراوێکـی نیشـانەدار کـراوە، زۆر نیزیکخـراوەکان لەخـوا دەیبینـن. واتـە: فریشـتە زۆر لـە خـوا نیزیکـەکان، ئەوانـەی لەسـەری سـەرەوەن.

ڕاسـتیی دووەم: ئـەو ماددەیـەی خـوا ئاسـمانەکان و زەوی لـێ دروسـتکردوون، بریتیـە لـە دووکـەڵ.

وەك دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ ﴾ فصلت، واتـە: دوایـی خـوا مەبەسـتی بـەرەو دروسـتکردنی ئاسـمانی چـوو، کـە لـەو کاتـەدا دووکـەڵ بـوو.

ئێسـتاش نوێتریـن بیـردۆزەی فیزیایـی هـەروا دەڵـێ، دەڵـێ: گـەردوون بـەر لـەو حاڵەتـەی ئێسـتای، لـە شـێوەی گازدا بـووە، هەرچەنـدە ئـەو ڕاسـتییانەی کتێبـی خـوا بەیانیـان دەکات، پێویسـتییان بـە پشتڕاسـتکردنەوەی هیـچ شـتێکی دیکـە نیـە.

ڕاسـتیی سـێیەم: کـە لـە کتێبـی خـوادا لەبـارەی دروسـتکراوەکانی خـوادا هاتـوە، ئاسـمانەکان و زەوی کاتـی خـۆی پێکـەوە لـکاو بـوون، دوایـی لێـك کراونەتـەوە:

وەك خــوای بەدیهێنــەر دەفەرمــوێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنبیاء، واتـە: ئایـا ئەوانـەی بێبـڕوان نازانـن کـە ئاسـمانەکان و زەوی پێکـەوە جۆشـدراو بـوون: لێکـمان جیاکردنـەوە، هەمـوو ژیاندارێکیشـمان لـە ئـاوێ دروسـت کـردوە، ئایـا هـەر بـڕوا ناهێنن؟

ڕاستی چوارەم: خوا ئاسمانەکان و زەوی ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بە شەش قۆناغ هێناونە دی:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ﴿٥٤﴾﴾ **الأعراف**، بە دڵنیاییەوە پەروەردگارتان ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژاندا هێناونە دی، دوایی چۆتە سەر عەرش

(بێگومان مەبەست لە شەش ڕۆژ شەش قۆناغە، چونکە ڕۆژ لە زمانی عەرەبییدا بە ماوەیەك لە کات دەگوترێ، کەم بێ، یان زۆر بێ، وەك زاناکانی زمان گوتوویانەو، خواش لە قورئاندا ڕۆژی خۆی بە هەزار ساڵ داناوە، دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾﴾ **الحج**، ڕۆژێك لەلای پەروەردگارت بە ئەندازەی هەزار ساڵە لەوەی ئێوە دەیژمێرن.

بەڵکو ڕۆژێکی بە پەنجا هەزار ساڵ داناوە، وەك دەفەرموێ: ﴿تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾﴾ **المعارج**.

ڕاستیی پێنجەم: خوا هەموو زیندەوەرەکانی لەئاو دروست کردوون: وەك دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾ **الأنبياء**. واتە: هەرچی ژیاندارە (بە نسبەت سەر زەوی) لە ئاوێوە وەدیمان هێناوە.

ئەمانە ئەو پێنج ڕاستییە مەزنەن، کە خوای پەروەردگار لەبارەی دروستکراوەکانیەوە باسی کردوون.

تەوەری سێیەم: مرۆڤناسیی:

مرۆڤ جێنشینی خوای بەرزە لەسەر زەوی.

ئەم تەوەرە لەشەش برگەدا دەخەینە ڕوو، بەڵام بەر لەوە سەرنجی هەموو لایەك ڕادەكێشم بۆ ئەوە كە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: دروست نیە وشەی جێنشینی خوا، بۆ مرۆڤ بەكاربێ، لەبەر ئەوەی خەلیفە كەسێكە لەشوێنی كەسێك دەبێ و خواش شوێنی نیە.

هەندێكیش گوتوویانە: خەلیفە یانی: كەسێك كە لە شوێنی كەسێك كارێك دەكات، بێگومان مرۆڤیش لەبری خوا كار ناكات! بەڵام ئێمە لە شوێنی دیكەدا بەوردیی باسمان كردوە، بەتایبەتی لە بەرگی یەكەمی مەوسووعەی: (خواپەرستیی ئیسلامیی)دا، هەروەها لەشوێنی دیكەشدا بە تەفسیل باسی ئەوەمان كردوە، مادام خوای پەروەردگار بۆخۆی دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ﴿٣٠﴾﴾ **البقرة**، یادبكەوە! كاتێك پەروەردگارت بە فریشتەكانی فەرموو: بەدڵنیایی من، من گێڕەری جێنشینێكم لەسەر زەوی، جێنشینەكەش دوایی ئادەم بووە، كەواتە: ئادەم و حەوواو وەچەكەیان جێنشینی خوان لە سەر زەوی.

هەروەها لە سووڕەتی (**الأنعام**)دا، دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ ﴿١٦٥﴾﴾، واتە: خوا ئەو كەسەیە كە گێڕاونی بە جێنشینانی زەوی و، بەچەندان پلە هەندێكتانی بەسەر هەندێكتان دا بەرز كردوونەوە.

هەروەها لە سووڕەتی (**فاطر**)[1]یشدا هەمان مەبەست دووبارە بۆتەوەو، لە سووڕەتی (یونس)یشدا بەهەمان شێوە[2]، لەڕاستییدا هیچ گرێ و گۆتاڵێك نامێنێ

---

(١) ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ...﴿٣٩﴾﴾ **فاطر**.

(٢) ﴿ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾﴾ **یونس**.

لەسەر ئەوەی مرۆڤ جێنشینی خوایە، ئەو دوو ئیشکالەش کە باسکراون:

ئیشکالی یەکەم: خەلیفە کەسێکە لە شوێنی کەسێك دابنیشێ، خواش شوێنی نیە!

دەڵێین: بەڵێ، خوا شوێنی نیە وەك شوێنی دروستکراوەکان، بەڵام خوای بەرزی بێ وێنە لەدەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، لەسەر عەرشی خۆیەتی، بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، بەڵام جێنشینی خوا بوونی مرۆڤ، بەو واتایە نیە کە مرۆڤ لەشوێنی خوا دەبێ، بەڵکو بەو واتایەیە کە خوا دەستی مرۆڤی ئاوەڵا کردوە، چۆن هەڵسوکەوت دەکات لە زەویدا، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی، وەك لە سووڕەتی (هود)دا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا ﴿٦١﴾ ﴾ **هود**، واتە: ئەو (خوا) لە زەویدا ئێوەی پێگەیاندوەو، ئاوەدانکردنەوەی زەویشی بەئێوە سپاردوە.

ئیشکالی دووەم: کە دەگوترێ: مرۆڤ لەجیاتی خوا کارناکات، ئەوەش دیسان وەك لە شوێنی دیکەشدا گوتوومە: قیاسکردنی خوای پەروەردگارە لەسەر دروستکراوەکانی، ئەگەرنا وەك چۆن هەموو سیفەتەکانی خوا، تایبەتن بەخواوە، ئەم سیفەتەش کە خوا مرۆڤی کردوە بە جێنشین، ئەویش دیارە بەچەمك و واتایەکە کە بۆ خوا شایستەیە، واتە: خوای پاك و تاك دەستی مرۆڤی کردۆتەوە لەسەر زەوی کار بکات، نەك لە جیاتی خوا، خوای کاربەجێ کارەکەی لەسەر زەویدا کە بە مرۆڤی سپاردوە، ئەوەیە ئاوەدانکردنەوەی پێسپاردوە، ئائەوە مانای بە جێنشینی خوا دانانی مرۆڤە.

ئێستاش دێینە سەر خستنەڕووی ئەم شەش بڕگەیەی ئەو تەوەرەیان لێ پێك دێت:

بڕگەی یەکەم: پێگەی مرۆڤ لە ئیعرابی دروستکراوەکاندا:

ئایا مرۆڤ چ پێگەیەکی هەیە لە نێو هەموو گەردووندا لە نێو دروستکراوەکانی خوادا؟ ئێمە لە دە خاڵاندا لەبەر تیشکی قوڕئاندا باسی پێگەی مرۆڤ دەکەین، زۆر بە پوختیی:

١)- جێنشین بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا مرۆڤی لەسەر زەوی داناوەو دەستی کردۆتەوە، چی دەیەوێ بیکات، وەك خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿١٦٥﴾ ﴾ **الأنعام**، واتە: خوا ئێوەی بەجێنشین گێڕاوە لەسەر زەوی، هەندێکیشتانی بەسەر هەندێکتاندا بەرزکردۆتەوە بەچەندان پلە، تاکو تاقیتان بکاتەوە لەوەدا کە پێیداون، بەدڵنیایی پەروەردگارت سزای زۆر خێرایە، زۆریش لێبوردەی بەبەزەییە.

٢)- ئینسان هەڵگری سپاردەی خوایە، ئەو ئەمانەتەی نە ئاسمان توانی هەڵیبگرێ، نە زەوی و نە چیایەکان. وەك خوای پاك و تاك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ ﴾ **الأحزاب**، واتە: ئێمە سپاردەمان بۆ ئاسمانەکان و زەوی و چیایەکان ڕانواند، (کە هەڵیبگرن)، بەڵام ئامادە نەبوون هەڵیبگرن و لێی ترسان، کەچی مرۆڤ هەڵیگرت، ئەویش زۆر ستەمکارو نەفامە (ئەگەر بە بەرنامەی خواوە پابەند نەبێ).

ئەو سپاردەیەش زانایان زۆریان قسە لەبارەوە کردوە، کە ئایا چییە؟ بەڵام کورتەی ئەوەی بەندە پێی ڕاستە ئەوەیە: کە ئینسان بە ویستی ئازادانەی خۆی بژی، نە ئاسمان وایە، نە زەوی وایە، نە چیایەکان، بەڵکو هەموویان مەحکوومی کۆمەڵێك یاسای گەردوونیین کە خوا بۆی داناون، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ چاك بکات و خراپ بکات و، بەرز بێ و نزم بێ، بەولادابچێ و بەملادابچێ.

٣)- مرۆڤ لەباشترین شێوەدا هێنراوەتە دی، وەك لە سوورەتی (التين)دا خوای زاڵی کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ **التين**، واتە: بەدڵنیاییەوە مرۆڤمان لە چاکترین شێوەدا دروستکردوە، شێوەی ماددیی و مەعنەویی چ لە ڕووی ڕووحییەوە کە چییەت و ناخی مرۆڤ لە ڕووحیدا شێردراوەیە، چ لەڕووی جەستەییەوە.

٤)و٥): مرۆڤ لەلایەن خواوە ڕێزی لێگیراوەو، هەڵبژێردراوە بەسەر زۆرێك لە دروستکراوانیدا، وەك لە سوورەتی (**الإسراء**)دا ئایەتی (٧٠) خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾ ﴾، واتە: بەدڵنیایی ڕێزمان لە وەچەی ئادەم گرتوەو، لە وشکانیی و دەریادا (بەهۆی ئامرازەکانی هاتووچۆوە بارو سوارەوە) هەڵمان گرتوون و، لە بژیوە بەسوودو خۆشەکانمان بۆ ڕەخساندوون و، بەسەر زۆرێك لە دروستکراوەکانماندا هەڵمانبژاردوون.

٦)- ئادەم کە بابی مرۆڤانە، دوای ئەوەی خوا ناوەکانی فێرکردن، بەهەموو فریشتەکانی فەرموو: کڕنووشی بۆ ببەن، کڕنووشی ڕێزگرتن، ئەوانیش فەرمانی خوایان جێبەجێ کرد، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُواْ لِأَدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾**البقرة**، واتە: یاد بکەوە کاتێك بە فریشتانمان فەرموو: کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، یەکسەر هەموویان کڕنووشیان برد، جگە لە ئیبلیس سەرپێچیی کردو خۆی بەزلگرت و لە بێبڕوایان بوو.

کەواتە: دوای ئەوەی خوا ئادەمی کردوە بە مامۆستای فریشتان ناوەکانیان فێر بکات، ئنجا پێیان دەفەرموێ کڕنووشی بۆ ببەن.

٧)- خوای تاك و پاك ڕووحی مرۆڤی داوەتە پاڵ خۆی، وەك دروستکراوێکی تایبەت، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴿٢٩﴾ ﴾ **الحجر**، واتە: لە ڕووحی خۆم فووم بەبەردا کرد.

هەندێك کەس بە نەزانیی، وا دەزانن ڕووح لەخوا جیا بۆتەوە! بەڵام نا، بەڵکو ﴿ مِن رُّوحِي ﴾ واتە: ئەو ڕووحەی بەتایبەت خوڵقاندوومە، جیا لە دروستکراوە ماددییە بەرهەستەکان.

٨)- خوای بەبەزەیی ئادەمی بەشێوەیەکی تایبەت دروستکردوە، وەك لە سوورەتی (ص) ئایەتی (٧٥)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ يَٰٓإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ

﴿كُنتَ مِنَ ٱلْعَالِينَ ﴿٧٥﴾﴾، واتە: (خوا) فەرمووی: ئەی ئیبلیس! چ شتێك ڕێی لێ گرتی کڕنووش ببەی بۆ کەسێك کە بە دوو دەستی خۆم دروستم کردوە؟ ئایا خۆت بەزل گرت، یاخود هەر لە بڵێندان بووی؟ ئیبلیسیش عوزرێك دەهێنێتەوە زۆر لە قەباحەتەکەی خراپتر! کە خوا دەفەرموێ: ﴿لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ﴿٧٥﴾﴾ص، واتە: بەشێوەیەکی تایبەت دروستم کردوە، جیا لەدروستکراوەکان، کە خوای کاربەجێ بە گشتیی دروستی کردوون.

٩)- خوا بەهەموو فریشتانی فەرموو: کڕنووش بۆ ئادەم ببەن، کە لە سووڕەتی (الحجر)دا دەفەرموێ: ﴿ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٣٠﴾﴾ **الحجر**، فریشتەکان هەموویان وێکڕاو تێکڕا کڕنووشیان برد. واتە: فریشتەکان یەکێکیان لێ هەڵنەوێردراوەو هەموویان تێکڕاو وێکڕا، کڕنووشیان بۆ ئادەم برد، کە بە دڵنیاییەوە کڕنووشی ڕێزو حورمەت لێ گرتن و سڵاو لێکردن بووە.

١٠)- خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ مرۆڤی دەستەمۆ کردوە، کە لێیان بەهرەمەند بێ، وەك لە سووڕەتی (**الجاثیة**) ئایەتی (١٣)دا دەفەرموێ: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾﴾، واتە: (خوا) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ ئێوەی ڕام و دەستەمۆ کردوە، بەدڵنیاییەوە لەوەدا نیشانە هەن بۆ کەسانێك بیر بکەنەوە.

کەواتە: گەردوون هەمووی، چ جای ئەوەی مرۆڤ بچێ بۆ سەر مانگ، بگرە لەداهاتوودا بچێ بۆسەر مەرریخ و بچێ بۆ شوێنی دوورتریش، کە ئەوە زۆر زەحمەتە لە قەدەر تواناو ئیمکانیەتێك، مرۆڤ تاکو ئێستا بۆی ڕەخساوە، مەحاڵ نەبێ، بەڵام گریمان مرۆڤ چوو بۆ سەر هەندێك لە خڕۆکەکانی دیکەش، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئێمە هەرچی لە گەردووندایە، بگرە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هەموویمان لەلایەن خۆمانەوە بۆ مرۆڤ ڕام و دەستەمۆ کردوە، کەواتە: ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بەهەموو گەردووندا بگەڕێ، لە بازنەو چوارچێوەی کۆمەڵەی خۆریش دەرچێ و، بچێ بۆ نێو کەهکەشانی کاکێشانیش،

بەڵکو لەویش دەربچێ، هەر ئەو ئایەتە بەپێزە دەیگرێتەوە، کە خوای زاڵی کاربەجێ خۆی ئەو توانایەی داوە بە مرۆڤ.

بڕگەی دووەم: پێکاتەی ئادەم و وەچەی ئادەم:

خوای پەروەردگار باسی کردوە، کە هەم ئادەم و هەم وەچەی ئادەمیش لەدوو پێکهاتەی سەرەکیی دروستکردوون، کە بریتین لە:

١) خاکی زەوی و ئاو، کە دەکاتە قوڕ، ئەمە بۆ جەستەیان.

٢)- ڕووح کە خوای بێوێنە بەتایبەتی دروستی کردوە، وەك لە سوورەتی (الحجر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرًا مِّن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾، واتە: یاد بکەوە! کاتێك خوا بە فریشتانی فەرموو: من بەشەرێك لە قوڕێکی ڕەشهەڵگەڕاوی بۆگەنی وشکبووەوە دروست دەکەم، ئنجا هەرکات جەستەکەیم ڕێکخست و لە ڕووحی خۆم فووم پێداکرد، یەکسەر بۆی بکەونە کڕنووش.

ئنجا بێگومان ئەمە مەبەست پێی ئادەمە، بەڵام خوای بە بەزەیی باب و دایکی مرۆڤانی لەچی دروستکردوە، وەچەکەشیانی هەر لەوە دروست کردوە، وەك لە سەرەتای سوورەتی (**المؤمنون**)دا خوای زۆر بەڕوونیی دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ﴾، بەدڵنیاییی مرۆڤمان لە پوختەیەك لە قوڕێ دروستکردوە، (سُلَٰلَةٍ) واتە: گوشراوێك، پوختەیەك، کە مەبەست پێی ئەو تۆوەیە دوایی دەبێتە نوتفەو عەلەقەو موزغەو قۆناغەکان دەبڕێ و کۆرپەلەی لێ دروست دەبێ، ئەویش هەر لە قورێوە هاتوە، ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ المؤمنون.

کەواتـە: مـرۆڤ وەچـەی ئـادەم و حـەووا، بـە حـەوت قۆنـاغ دروسـت دەبـێ، کـە ئەویـش ڕیشـەکەی دیسـان وەك جەسـتە لـە قـوڕەوە هاتـوە، ڕووحەکەشـی فووێکـی خوایيـە، دروسـتکراوێکی تایبەتـی خوایـە بەبـەر جەسـتەکەیدا کـراوە.

بڕگـەی سـێیەم: مـرۆڤ خاوەنـی سرووشـتێکی دەگمەنـە، کـە لەنێـو هەمـوو گەردوونـدا تەنیـا مـرۆڤ و جنـد وان:

خـوای پـەروەردگار لـە سـوورەتی (**التین**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿٦﴾ ﴾، واتـە: بەدڵنیاییـەوە مرۆڤـمان لـە باشـترین شـێوە پێکهاتـەدا دروسـتکردوە، دوایـی گێڕامانـەوە خـواری هـەرە خـوارێ، بێجگـە لەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکان ئەنجـام دەدەن، ئەوانـە پاداشـتێکی نەبڕاوەیـان هەیـە.

ئەمـە لێـی وەردەگیـرێ کـە مـرۆڤ بەهـۆی ئیـمان و کـردەوە چاکەکانـەوە، لـەوە دەپارێـزرێ کـە ئـاوا نـزم بێتـەوە بـۆ پلـەی ژێـری ژێـرەوە، ئەگەرنـا لـە هەمـوو گەردوونـدا تاکـە دروسـتکراوێك هەبـێ و ئێمـە پێـمان شـك بـێ، خـوا ئێمـەی لـێ ئاگاداركردبێتـەوە بتوانـێ یەکجـار بـەرز بێتـەوەو بچێتـە ئاسـتێکەوە شایسـتەی ئەوەبـێ فریشـتەکان كڕنووشـی بـۆ ببـەن، كڕنووشـی سـڵاو لێکـردن، هەروەهـا بەبـاری خراپەشـدا، هێنـدە نـزم بێتـەوە ببێتـە خراپتریـن دروسـتکراوی خـوا، وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَٰهُ أَسْفَلَ سَٰفِلِينَ ﴿٥﴾ ﴾ **التین**، یـان لـە سـوورەتی (**البینـة**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ ﴾... ئەوانـە خراپترینـی دروسـتکراوانی خـوان.

تاکـە دروسـتکراوێك لـە توانـای دابـێ، هێنـدە بەرزبـێ و هێنـدە نـزم بـێ، تەنهـا مرۆڤـە، ئەگەرنـا دروسـتکراوەکانی دیکـە لەیـەك ئاسـتی دیارییکـراودان، وەك لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الصافات**)دا گوتمـان، فریشـتەکان دەڵێـن: ﴿ وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ ﴿١٦٤﴾ ﴾، واتـە: هەرکامێـك لـە ئێمـە پێگەیەکـی دیارییکـراوو زانـراوی هەیـە، نـە لێـی دەچێتـە سـەر، نـە دەچێتـە خـوار.

هەروەها ژیاندارانی دیکە، ئەگەر ئاژەڵن، ئەگەر درندەن، ئاویین، خاکیین، هەوایین، هەموویان هەروەك خۆیانن، ماددەی بێ گیان و بێ ژیانیش، ڕووەك و دارودرەخت ئەوە دیارە، لەو نێوانەدا تەنیا مرۆڤە بتوانێ بەرز بێ و نزم بێ، هەڵکشێ و داکشێ، هەڵبەتە جندیش لەو خاڵەدا وەك مرۆڤن، وەك خوای پەروەردگار بۆی ڕوون کردووینەوە.

بڕگەی چوارەم: حیکمەت لە دروستکرانی مرۆڤ، بریتیە لەوەی تاقی بکرێتەوە:

هەمیشە ئەم پرسیارە لە عەقڵ و دڵی هەموو کەسدا دێت و دەچێ: ئایا خوا مرۆڤی بۆچی دروست کردوە؟ چ کارێکی پێی بووە؟ خوای کاربەجێ لە سوورەتی (**الإنسان**)دا، دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾ ﴾، واتە: ئێمە مرۆڤمان لە تنۆکەیەکی تێکەڵ دروستکردوە، تاقی دەکەینەوە بۆیە بیسەرو بینەرمان کردوە، ئێمە ڕێمان پێشانداوە، یان سوپاسگوزار دەبێ، یاخود سپڵەو ناسوپاس دەبێ.

ئنجا ئەگەر یەکێك بڵێ: بۆچی خوا مرۆڤ تاقی دەکاتەوە؟ خوای کاربەجێ لە سوورەتی (الأنبیاء)دا دەفەرموێ: ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: ئەو لێی ناپرسرێ لەوەی دەیکات، ئەوان لێیان دەپرسرێتەوە.

چونکە خوای کاربەجێ هیچ شتێکی بێجێ ناکات، خوای خاوەنی ئەوپەڕی زانیاریی، ئەوپەڕی حیکمەت، ئەوپەڕی میهرەبانیی، ئەوپەڕی هەموو سیفەتە بەرزو چاکەکان، هیچ شتێك ناکات شایستەی ئەوەبێ خەڵك گلەیی لێی هەبێ، ڕەخنەی لێی هەبێ، بەڵکو ئەوانەی ڕەخنە دەگرن و گلەیی لە خوا دەکەن، لەبەر نەزانیی خۆیانە.

بڕگەی پێنجەم: ئەرکی مرۆڤ لەم ژیانی کاتیی سەر زەوی دا، بریتیە لە بەندایەتیی کردن بۆ خوا:

وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ﴾، واتە: ئەی خەڵكینە! بەندایەتیی ئەو پەروەردگارەتان بكەن، كە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەی هێناوەتە دی، بەڵكو پارێز بكەن، واتە: پارێز بكەن لە تووڕەیی و سزای خوا.

ئنجا لێرەدا دەپرسین: ئایا خوا پێویستیی بەبەندایەتیی ئێمە هەیە؟

بەدڵنیاییەوە نەخێر، خوا لە جگەلە خۆی بێنیازە، ئەدی بۆچی خوا بەندایەتیی كردنی ئێمەی بۆخۆی، لەسەر ئێمە پێویست كردوە؟ وەڵامەكەی ئەوەیە ئێمە خۆمان پێویستییمان بەوە هەیە بەندایەتیی بۆ خوا بكەین، چونكە ئەگەر بەندەی خوا نەبین، دەبینە كۆیلەی دروستكراوەكان، زەلیل و زەبوون دەبین، بەڵام ئەگەر بەندەی خوا بین، ئازادو ئازا دەبین، سەربەرز دەبین، كێ لە پێغەمبەران صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ و، لەشوێنكەوتووانی پێغەمبەران سەربەرزتر بووە، ئازادترو ئازاتر بووە؟ بێگومان هیچكەس، چونكە لەهەموو كەس زیاتر بەندەی خوا بوون.

خوا مرۆڤی وا خوڵقاندوە، یان دەبێ شوێنكەوتەی هودا بێ، یان دەبێ شوێنكەوتەی هەوا بێ، یان دەبێ ڕوو لەخوا بێ و بەندەی خوا بێ، یان دەبێ كۆیلەی هەندێ لە دروستكراوەكانی خوا، یاخود هەواو ئارەزووی خۆی، یان جگەلە خۆی بێ.

كەواتە: ئەوە ئێمەین پێویستییمان بەوە هەیە بەندایەتیی بۆ خوا بكەین و خوا بپەرستین، نەك خوا پێویستیی بە ئێمە بێ، پێش ئەوەی ئێمەببین، خوا چۆن بوو، دوای ئەوەی ئێمەش نابین، خوا هەروەك خۆیەتی، خوای پەروەردگار گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام خوای بەرزو مەزن ویستوویەتی چاكە لەگەڵ

دروستکراوەکانی دا بکات و، بوونی پێداون، دوایی بەشێك لەو دروستکراوانە کە مرۆڤەکان و جندن، خستوونیە تاقیکردنەوەوەو ڕێ و شوێنی بۆ داناون، پێغەمبەرانیشی بۆ ناردوون، هیدایەتیشی بۆ دابەزاندوون، هۆشدارییشی پێداون لەخۆیان وریابن و، ئەو ژیانی دنیایەیان بەشێوەیەك بگوزەرێنن، پێی سەربەرزبن، ئیدی خوای بەخشەر لەڕووی میهرەبانیی و چاکەکاریی خۆیەوە، ئێمەی پابەند کردوە بە بەندایەتیی کردن بۆی، هەروەك چۆن ئێمەی پابەند کردوە بەوەی تاقیمان بکاتەوە، چونکە قازانجی خۆمانی تێدایە، خواش ویستوویەتی ئێمە تووشی خێروبێرو چاکەو بەزەیی و بەخششی خۆی بکات.

بڕگەی شەشەم: بەسەرهاتی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی:

لێرەدا زۆر بە پوختەو گوشراویی، چونکە ئەوەی دەیخەمە ڕوو، پوختەی پوختەیە، گوشراوی گوشراوە، لە پازدە قۆناغدا باسی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەین:

١- دروستکردنی خوا بۆ ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان، تاکو ببێتە شوێنی تێدا تاقیکردنەوەی مرۆڤ، وەك لە سوورەتی (**هود**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ ﴾، واتە: ئەو (خوا) ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژان دا، بە شەش قۆناغ هێنانە دی و، عەرشی خوا لەسەر ئاو بوو، تاکو تاقیتان بکاتەوە کامەتان کردەوەی باشترە!

٢- ئاگادار کردنەوەی خوا بۆ فریشتەکان، کە دەیەوێ ئادەم و وەچەکەی لەسەر زەوی بکاتە جێنشینی خۆی و، پرسیارکردنی فریشتان لەبارەی حیکمەتی ئەو کارەو، خستنەڕووی حیکمەتەکەی لەوەدا، کە ئادەم زانیارییەکی هەیە، ئەوان نیانە، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا خوای زاڵی زانا ئەوەی خستۆتە ڕوو، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾

وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٣١) قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (٣٢) قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ (٣٣) ﴾.

٣- دروستکردنی خوای تاك بۆ ئادەم لەگڵ، ئنجا قوڕ، ئنجا قوڕێکی ڕەشهەڵگەڕاو، ئنجا قوڕێکی وشك بووەوەی وەك گۆزە، دوایی ڕێکخستن و وێنە کێشانی جەستەکەی، پاشان ڕووح بەبەردا کردنی، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ (٢٨) فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ (٢٩) ﴾ الحجر.

٤- فەرمانکردنی خوا بە فریشتان کە کڕنووشی ڕێزگرتن بۆ ئادەم ببەن، پاش دەرکەوتنی ئیمتیازی زانستیی ئادەم بە سەریانداو، جێبەجێکردنی دەستبەجێی فەرمانی خوا لەلایەن فریشتانەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ (٧٢) فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ (٧٣) ﴾ص.

٥- سەرپێچیی کردنی ئیبلیسی نەفرینلێکراو، لە فەرمانی خوا بەهۆی خۆ بەزلگریی و حەسوودییەوە بەرانبەر بە ئادەم، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ (٣٤) ﴾ البقرة، واتە: یاد بکەوە! کاتێك بە فریشتەکانمان فەرموو: کڕنووش بۆ ئادەم ببەن، ئنجا هەموویان کڕنووشیان برد جگە لە ئیبلیس ئامادە نەبوو، خۆی بەزلگرت و لە بێبڕوایان بوو.

٦- لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ قَالَ ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا (٦١) قَالَ أَرَءَيۡتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِي كَرَّمۡتَ عَلَيَّ لَئِنۡ أَخَّرۡتَنِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَأَحۡتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا (٦٢) ﴾ الإسراء.

قۆناغی نەفرینکردنی خوا لە ئیبلیس، بەهۆی سەرپێچییەوەو، دەرکردنی لە بەهەشت و دابەزاندنی بۆ سەر زەوی، یاخود دەرکردنی لەو باخەی تێیدا بوو و دەرپەڕاندن

و دەرکرانی بۆ خوارێ، دەفەرموێ: ﴿قَالَ يَـٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّـٰجِدِينَ ٣٢ قَالَ لَمۡ أَكُن لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَـٰلٍ مِّنۡ حَمَإٍ مَّسۡنُونٍ ٣٣ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ ٣٤﴾ **الحجر**.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الأعـراف**)دا، دەفەرمـوێ: ﴿قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّـٰغِرِينَ ١٣﴾، واتـە: (خـوا) فەرمـووی: لێـی دەرپـەڕە خـوارێ، بـۆت نیـە لەوێـدا خـۆت بـەزل بگـری، دەربچـۆ تـۆ لـە زەبوونـانی.

٧- داواکردنی ئیبلیس لە خوای بەرز، کە هەتا ڕۆژی هەڵسانەوە، دەرفەتی ژیان و مانەوەی بدات و، هەڕەشە کردنی گومڕاکردنیان لە ئادەم و وەچەکەی و، وەڵامدانەوەی خوا بۆ داواکارییەکەی، بەڵام تاکو کاتی دیارییکراو، لە سوورەتی (الحجر) ئایەتەکانی (٣٦-٤٤)دا خوای پەروەردگار ئەوەی خستۆتە ڕوو: ﴿قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ٣٦ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ٣٧ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ٣٨ ...﴾.

٨- نیشتەجێکردنی خوا بۆ ئادەم و هاوسەرەکەی لە بەهەشتداو، بەهەشت بۆ ڕەوا کردنییان جگە لە درەختێك و، هۆشداریی پێدانیشیان کە وریای کەوتنە تەڵەو داوی شەیتانی دوژمنی سەرسەختیان بن، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا، دەفەرموێ: ﴿وَقُلۡنَا يَـٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ وَكُلَا مِنۡهَا رَغَدًا حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ٣٥﴾، واتە: گوتمان ئەی ئادەم! خۆت و هاوسەرەکەت لەبەهەشتدا نیشتەجێ بن، بەفراوانیی لێی بخۆن، لەهەر شوێنێك ویستتان، بەڵام توخنی ئەم درەختە مەکەون، ئەگەرنا لە ستەمکاران دەبن.

هەروەهـا هەمـان مەبەسـت بـە تەعبیرێکـی دیکـە لـە سـوورەتی (طـه)ش دا هاتـوە، دەفەرمـوێ: ﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ ١١٦ فَقُلۡنَا يَـٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَـٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوۡجِكَ فَلَا يُخۡرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلۡجَنَّةِ فَتَشۡقَىٰٓ ١١٧ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعۡرَىٰ ١١٨ وَأَنَّكَ لَا تَظۡمَؤُاْ فِيهَا وَلَا تَضۡحَىٰ ١١٩﴾.

٩- خوتخوتەکردنی ئیبلیس بۆ ئادەم و هاوسەرەکەی و، بەدرۆو دەلەسە هەڵخەڵەتاندنی بۆیان، کە ئەگەر لە درەختە قەدەغە کراوەکە بخۆن، زۆر قازانجیانە! وەك لە سووڕەتی (**طه**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾ ﴾، واتە: شەیتان خوتخوتەی بۆ کردو گوتی: ئەی ئادەم! ئایا درەختی هەمیشە مانت پێشان بدەم و، حوکمڕانییەك کە هەرگیز لە بەین نەچێ؟

هەروەها هەمان مەبەست لە ئایەتەکانی (٢٠- ٢١)دا لەسووڕەتی (**الأعراف**) یشدا هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾ ﴾.

١٠- فریو خواردنی ئادەم و هاوسەرەکەی بە خوتخوتەی ئیبلیس و، خواردنیان لە درەختە قەدەغەکەو، دەرکەوتنی عەورەتیان، وەك لە سووڕەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ ﴾.

هەمان مەبەست هەر لە سووڕەتی (**الأعراف**) ئایەتی (٢٧)یش دا هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾.

١١- سەرزەنشتکردنی خوای دادگەر بۆ ئادەم و ژنەکەی سەلامی خوایان لێبێ و، بیرخستنەوەو هۆشدارییی پێدانی بۆیان، وەك لە سووڕەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿ ... وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: پەروەردگاریان بانگی کردن: ئایا ئەم درەختەم لێ قەدەغە نەکردبوون، پێم نەگوتبوون شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە؟!

١٢- دان پێداهێنانی ئادەم و هاوسەرەکەی بە هەڵەکەیان دا و، داوای لێبوردن کردنیان و، تۆبە لێ وەرگیرانیان لەلایەن خوای بەخشندەوە، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٖ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٣٧ ﴾، ئادەم چەند وشەیەکی لە پەروەردگای وەرگرتن، خواش گەڕایەوە سەری، بێگومان خوا زۆر گەڕاوەی میهرەبانە.

یانی: زۆر دەگەڕێتەوە سەر بەندەکەی و پەشێمان بوونەوەکەی لێ قبووڵ دەکات.

وشەکانیش لە سوورەتی (**الأعراف**)دا خراونە ڕوو، ئەوەی لە سوورەتی (**البقرة**)دا دەفەرموێ: ئادەم چەند وشەیەکی لە پەروەردگاری وەرگرتن، لەوێ خراونە ڕوو: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٢٣ ﴾، گوتیان: پەروەردگارمان ستەممان لەخۆمان کردوە، ئەگەر لێمان نەبووری و بەزەییت پێماندا نەیەت، بە دڵنیایی ئێمە لەزیانباران دەبین.

١٣- سزادانی خوای دادگەر بۆ ئادەم و هاوسەرەکەی، بەدەرکردنیان لە بەهەشت (یان: باخە بەرزەکە) و دابەزاندنیان بۆ سەر زەوی، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ عَنۡهَا فَأَخۡرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِۖ وَقُلۡنَا ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ٣٦ ﴾، واتە: شەیتان لەوێ هەڵیخلیسکاندن و لەو شوێنەی تێیدا بوون، وەدەری نان، ئێمەش پێمان گوتن: دابەزن هەندێکتان بۆ هەندێکتان دوژمنن، لەسەر زەویدا نشینگەو بەهرە وەرگرتنێکی کاتیی و کەهتان بۆ هەیە تاکو کاتێکی دیارییکراو.

لە سوورەتی (**الأعراف**)یش دا هەمان مەبەست هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ٢٤ قَالَ فِيهَا تَحۡيَوۡنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنۡهَا تُخۡرَجُونَ ٢٥ ﴾.

١٤- بەڵێندانی خوا بە جندو مرۆڤ کە وەحیی و ڕێنماییان بۆ دابەزێنێ و، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە سەرەنجامی چاك، لە گرەوی خوا پەرستانی فەرمانبەر دایەو، ئاکامی

خراپ و شوومیش، یەخەی لادەران و سەرپێچییکاران دەگرێ، وەک لەسوورەتی (**البقرة**) ئایەتەکانی: (٣٨-٣٩)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًا ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٣٩﴾ ﴾. واتە: گوتمان: تێکڕا لێی دابەزنە خوار، لێی دەرپەڕنە خوار، ئنجا ئەگەر لەلایەن منەوە ڕێنماییتان بۆ بێ، هەرکەسێك شوێن ڕێنمایی من بکەوێ، نە ترسیان لەسەر دەبێ، نە خەم و پەژارەش دادەگرن (نە ترسی داهاتوویان هەیەو نە خەم و پەژارەی ڕابردوویان دەبێ) ئەوانەش کە بێبڕوابوون و ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ داناون، ئا ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن تێیدا هەرماو دەبن.

هەمان مەبەست لە سوورەتی (**طه**)شدا هاتوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا ۖ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِىٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَـٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ۚ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٢٧﴾ ﴾.

١٥- قۆناغی پازدەیەم و کۆتایی لە ژیانی مرۆڤ، جێبەجێکردنی خوا بۆ بەڵێنەکەی بەناردنی پێغەمبەران و دابەزینی کتێب و بەرنامەکەی، وەك لە سوورەتی (**النساء**) دا دەفەرموێ: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾ ﴾، خوا دوای ئەوەی ناوی دوازدە لە پێغەمبەران صەلات و سەلامی خوایان لێبێ، دەهێنێ، دەفەرموێ: ئەوانە پێغەمبەرانێکی دڵخۆشکەرو ترسێنەر بوون، تاکو خەڵك لەدوای پێغەمبەران بەڵگەی لەسەر خوا نەبێ و، خوا باڵادەستی کارزانە.

هەروەها لە سوورەتی (**فاطر**)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَرْسَلْنَـٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ ﴾، ئێمە تۆمان بە هەق ناردوە دڵخۆشکەرو

ترسێنەر بێ، هیچ کۆمەڵگایەك نەبووە مەگەر ترسێنەرو وریاکەرەوەیەکی تێدا نێردراوە.

پوختەی ئەم پازدە قۆناغە:

خوای پەروەردگار مرۆڤی وەك جێنشینی خۆی و، هەڵگری سپاردەکەی بەمەبەستی تاقیکردنەوە، لەسەر زەوی داناوە، ئەویش دوای ئەوەی ئادەمی دروستکرد، ئنجا بە فریشتەکانی فەرموو: کڕنووشی ڕێزگرتنی بۆ ببەن، چونکە بەپێی حیکمەتی خوا، مرۆڤ لە ئەسڵدا بۆ سەر زەوی دروستکراوە، بەڵام وەك قۆناغێکی ڕاگوزەر (**مرحلة إنتقالية**)، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی لە بەهەشتدا دانرابوو.

هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: ئەو بەهەشتە هەر باخێك بووە لە سەر زەوی، لەشوێنێکی ئنجا هەموویان کڕنووشیان برد جگە لە ئیبلیس، ئیبلیسیش دیارە لە جندەو بابی جندە، ئنجا ئیبلیس کە ڕێز لە ئادەم ناگرێ، خوا نەفرینی لێ دەکات و لە بەهەشت دەردەکرێ، ئەویش داوا لە خوا دەکات بیهێڵێتەوە، تاکو ڕۆژی زیندووکرانەوەیان، بەڵام خوای پەروەردگار ئەو بەڵێنەی پێناداو، فەرمووی: هەتا کاتی دیارییکراو، واتە: هەتا ئەو کاتەی مرۆڤ لەسەر زەوی هەن، ئیبلیسیش دەمێنێ، ئیبلیس وەچەی هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە ئیبلیس تاقی بکرێنەوە، کە سوێندی خواردوە هەموویان گومڕا بکات، ئنجا ئەوەی وا لە مرۆڤ دەکات، لەو تاقیکردنەوەیە دەربچێ و شەیتان زەفەری پێنەبات، بریتیە لە بەندایەتیی بۆ خوا، چونکە خوا زۆر بەڕوون و ڕاشکاویی بە ئیبلیسی فەرمووە: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾**الحجر**، واتە: بەندەکانی من تۆ ناتوانی بیانخەیە ژێر ڕکێفی خۆت و دەستەڵاتت بەسەریان دا نیە، مەگەر ئەو بێمرادو سەرگەردانانەی شوێنت دەکەون.

تەوەری چوارەم: ژیانی دنیا جێی تاقیکردنەوەیەو، ژیانی دوارۆژ شوێنی مانەوەیە

ئەم پایەی چوارەمی بووناسیی ئیسلامیی، لە حەوت بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

بڕگەی یەکەم: ژیانی دنیا قۆناغی تاقیکردنەوەیە بۆ مرۆڤ و جند:

وشەی (دنیا) لە ئەسڵدا مێینەی (أدنی)یە، واتە: (أقرب) دنیا بەباری مێینەدا واتە: نزیکتر، چونکە ژیانی دنیا لەچاو ژیانی ڕۆژی دوایی، هەروەها قۆناغی بەرزەخیش، لە ئێمە نزیکترە، بۆیە پێی گوتراوە: **(الحیاة الدنیا)**، بە قۆناغی کۆتاییش، واتە: بە بەهەشت گوتراوە: **(الدار الآخرة)** مەنزڵگای کۆتایی، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا مرۆڤ پێی دەگات.

ئنجا خوا مرۆڤ و جندی لەسەر زەوی داناون، بۆ ئەوەی تاقییان بکاتەوە، لە سوورەتی **(الذاریات)**دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: جندو مرۆڤم بەس بۆ ئەوە دروستکردوون بەندایەتییم بۆ بکەن، بمپەرستن.

بەندایەتیی کردنی جندو مرۆڤ بۆ خوا، ئەوەیە کە پێی تاقی دەکرێنەوە، ئنجا لە سوورەتی **(الأنعام)**دا خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا ۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ﴾، واتە: ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ! ئایا لە خۆتان ڕەوانەکراوێکتان بۆ نەهاتن، ئایەتەکانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوەو لەم دیداری ئەمڕۆتان ئاگاداریان دەکردنەوە؟ گوتیان: شایەدییمان لەسەر خۆمان دا، ژیانی دنیاش فریوی دان و شایەدییان لەسەر خۆیان دا کە بێبڕوا بوون.

هەڵبەتە لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ ﴿١٣٠﴾ ﴾ زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە پێغەمبەران صەڵات سەلامی خوایان لێبێ، تەنیا لە مرۆڤان

بوون، بەڵام خوای پەروەردگار کە هەردووکیان دەدوێنێ، لەبەر ئەوەیە جندیش لەسەریان پێویستە وەك مرۆڤان بەدوای پێغەمبەران صەڵات و سەلامی خوایان لێبێ بکەون، کە لە مرۆڤانن.

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (الجن)دا، بە درێژیی باسی جندمان کردو، پێمان وایە جند، بەپێی ئەوەی لە ئایەتەکان وەردەگیرێ و، لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، دروستکراوێکن لەخوار مرۆڤەوەن، دیارە شایستەی ئەوە نەبوون، پێغەمبەرانیان لە نێودا بنێردرێن، بەڵام ئەوانیش وەك مرۆڤ ئەرکدار کراون لەسەر زەوی و، تاقی دەکرێنەوەو سزاو پاداشتیش چاوەڕێیانە، وەك لە تەفسیری سووڕەتی (الرحمن)یشدا بە درێژیی باسمان کرد، خوای پەروەردگار سی و یەك، (٣١) جار جندو مرۆڤ دەدوێنێ و دەفەرموێ: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾ **الرحمن**، واتە: ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ! بەکام لە چاکەکانی پەروەردگارتان بێبڕوان، بەدرۆیان دادەنێن؟

برگەی دووەم: ژیانی دنیا لەڕووی تێدا ڕابواردنی و خۆشییەکانی و تێدا مانەوەی و، بەبەراورد لەگەڵ ژیانی ڕۆژی دواییدا، شتێکی زۆر بچووکەو، وەك گەمەی منداڵان وایە:

ئەم ڕاستییانە زۆر گرنگن بیانزانین، چونکە هەندێك لە مامۆستایان، وتاربێژان، زۆرجار ئەو حەقیقەتانەیان لێ تێکەڵ دەبن.

بۆ وێنە: خوای لێبووردەی زاڵ لە سووڕەتی (**الحديد**)دا دەفەرموێ: ﴿ اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: بزانن! ژیانی دنیا گەمەیە، خافڵانە، جوانییە، خۆ بەسەریەکدا هەڵکێشانە، زۆرکردنی سامان و منداڵانە، وەك بارانێك کە جوتیاران ئەو ڕووەکەی پێی دەڕوێ سەرسامیان دەکات، دوایی پێدەگات و دەگاتە هەڕەتی خۆی، دوایی دەبێتە پووش و پەڵاشی تێکشکاو...

خـوای کاربەجـێ کـە ئـاوا باسـی ژیانـی دنیـا دەکات، هەروەهـا لـە چەنـد شـوێنی دیکەشـدا هـەر دەفەرمـوێ: ژیانـی دنیـا شـتێکی کەمـە، گەمەیـە، یارییـە، خافڵانـە، ئایا ئـەوە مەبەسـت پێـی چییـە؟

بێگومـان مەبەسـت لێـی لایەنـە ماددییەکەیەتـی، لایەنـە ماددییەکـەی ژیانـی دنیا، وەك گەمـەی منداڵانـە، منـداڵ خانووچکەیـەك دروسـت دەکات، یـان شـتێك یاریـی پێـدەکات، دوایـی فڕێـی دەدا، تەنیـا کاتێکـی دیارییکـراوی لەگـەڵ دا بەسـەردەبات، پێـی دەخافڵـێ، لـەو ڕووەوە خـوای میهرەبـان ژیانـی دنیـای چوانـدوە بەگەمـەو یاریی منداڵانـەوە، بـە دڵنیاییـەوە دنیـاش لـەڕووە ماددییەکەیـەوە هەروایـە، هەروەهـا بەبـەراورد لەگـەڵ نـازو نیعمەتـی بەهەشـتدا، خـوا دەفەرمـوێ: شـتێکی کـەم بایەخـە، بچووکـە.

بڕگـەی سـێیەم: ژیانـی دنیـا لـەو ڕووەوە کـە جێـی تێـدا تاقیکردنـەوەو جێنشـیانەیەتیی کردنـی خوایـە، پێگەیەکـی یەکجـار مـەزن و هەسـتیاری هەیـە:

وەك لـە سـووڕەتی (**الأنعام**)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿١٦٥﴾﴾، واتـە: خـوا ئـەو کەسـەیە ئێـوەی کردۆتـە جێنشـین لەسـەر زەوی، هەندێکتانـی بەسـەر هەندێکتـان بـەرزۆ کردۆتـەوە، بـە چەنـدان پلـە، تاکـو تاقیتـان بکاتـەوە، لـەوەدا کـە پێیـداون، بێگومـان پـەروەردگارت تۆڵـەی خێرایـەو زۆریـش لێبـوردەی بەبەزەییـە.

هەروەها لە سـووڕەتی (یونـس)دا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟ ۙ وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٣﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾﴾، واتـە: لـە پێـش ئێـوەدا گەلێـك سـەدەمان فەوتانـدوون کاتێـك سـتەمیان کـرد پێغەمبەرانیـان بەڵگـە ئاشـکرایەکانیان بـۆ هێنـان، بـەڵام نەدەگونجـا ئیـمان بێنـن (لەبـەر ئـەوەی

ئەوەنـدە بـە سـتەم و خراپـەدا چوبوونـە خـوارێ، ڕێـی ئیـمان هێنانیـان لەخۆیـان گرتبـوو)، ئـاوا سـزای تاوانبـاران دەدەیـن، دوایـی ئێوەمـان کـردە جێنشـینی ئـەوان لەسـەر زەوی، تاکـو بزانیـن چـی دەکـەن!

کەواتــە: ئێمــە جێنشــینی خــوای پەروەردگاریــن و، ئێمــەی لــە دوای گەلــە پێشـووەکان دانـاوە لەسـەر ئـەم زەوییـە، بۆچـی؟ تاکـو تەماشـا بـکات چـی دەکەیـن! کەواتـە: ئێمـە لـە تاقیکردنـەوەی خـوا عـز وجـل دایـن، هـەر بۆیـەش خـوای کاربەجێ ژمارەیەکـی زۆر لـە پێغەمبەرانـی ناردوون صـەڵات و سـەلامی خوایـان لێبـێ، خـوا (١٢٤٠٠٠) پێغەمبـەری نـاردوە، وەك لـەم دەقـەدا دیـارە:

{عَنْ أَبِي أُمَامَةَ، قَالَ أَبُو ذَرٍّ، قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ! كَمْ وَفَّى عِدَّةُ الأَنْبِيَاءِ؟ قَالَ: مَائَةَ أَلْفٍ وَأَرْبَعَةٌ وَعِشْرُونَ أَلْفاً، الرُّسُلُ مِن ذَلِكَ ثَلاَثُمِائَةٍ وَخَمْسَةَ عَشَرَ جَمّاً غَفِيراً} (أخرجه أحمد: ٢٢٣٤٢)، والطبراني: (٧٨٧١)، قال الهيثمي (٢١٠/٨): رجاله رجال الصحيح غير أحمد بن خليد، وهو ثقة، والحاكم: (٣٠٣٩)، وقال: صحيح على شرط مسلم، وصححه الألباني).

واتــە: ئەبــوو ئومامــە (خــوا لێــی ڕازی بــێ) دەڵــێ: ئەبــوو زەڕ (خــوا لێــی ڕازی بــێ) گوتــی: گوتــم ئــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ! ژمــارەی پێغەمبــەران چەنــد بــووە؟ فەرمــووی: ســەدو بیســت و چــوار هــەزار: (١٢٤٠٠٠) پێغەمبــەر، لەوانــە سێســەدو پــازدە (٣١٥) یــان ڕەوانەکراوبــوون، ژمارەیەکــی زۆر بــوون.

هەروەها خوای کاربەجێ سەدو چوار (١٠٤) کتێبی دابەزاندوون.

هەڵبەتـە هەمـوو پێغەمبـەران صـەڵات و سـەلامی خوایـان لێبـێ پەیامـی خوایـان پێبـووە، بـەڵام (١٠٤) کتێـب دابەزیـون، لـەو بـارەوە بـا سـەیری ئـەم دەقـە بکەیـن: **{عَنْ أَبِي ذَرٍّ رضي الله عنه، قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ! كَمْ كِتَاباً أَنْزَلَهُ اللهُ؟ قَالَ: مَائَةَ كِتَابٍ وَأَرْبَعَةَ كُتُبٍ} (أخرجه** ابـن حبـان: ٣٦١)، لـە ئەبـوو زەڕەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) هاتـوە، کـە پرسـیاری لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـردوە، دەڵـێ: گوتـم ئـەی پێغەمبـەری خـوا! خـوا چەنـد کتێبـی دابەزانـدوون؟ فەرمـووی: سـەدو چـوار.

کەواتـە: ژیانـی دنیـا لـەڕووە ماددییەکەیـەوەو بەبـەراورد لەگـەڵ ڕۆژی دوایـدا، شـتێکی کـەم بایەخـەو کەمـە، ئەگەرنـا لـەو ڕووەوە کـە شـوێنی تێـدا تاقی کرانەوەیە، زۆر گـەورەو گرنگـەو زۆر جێـگای مەترسـییە، کـە ئینسـان نەزانێ چۆنـی دەگوزەرێنێ؟

بۆیە یەکێك لە شاعیرەکان دەڵێ:

لَقد خُلِقْتَ لِأَمْرٍ عَظِيمٍ لَوْ فَطِنْتَ لَهُ ... فَارْبأْ بِنَفْسِكَ أَنْ تَرعَى مَعَ الهَمْلِ

واتـە: بـۆ شـتێکی زۆر مـەزن خوڵقـاوی ئەگـەر عەقڵـت پێـی بشـکێ، لەخۆتـی مەوەشـێنەوە (خۆتـی ڕەوا مەبینـە)، لەگـەڵ ئاژەڵانـدا بلەوەڕێـی.

برگـەی چـوارەم: بەهرەمەندبـوون لـە خۆشـییەکانی ژیانـی دنیـا، بەبـێ زێدەڕۆیـی، نـەك هـەر خـوا قەدەغـەی نەکـردوە، بەڵکو بـە ئەندازەی پێویسـت فەرزیشـی کـردوە:

زۆر لە ئایەتەکان ئەوە دەگەیەنن،

بـۆ وێنـە خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾**الأعـراف**، واتـە: ئـەی وەچـەی ئـادەم! لـەلای هەمـوو مزگەوتێـك خۆتـان بڕازێننـەوە، (ئنجـا ئەگـەر لـەلای مزگـەوت خۆیـان بڕازێننـەوە، دەبـێ لـە بـازاڕو مەجلیسـدا چاکـتر) بخـۆن و بخۆنـەوەش، بـەڵام زێدەڕۆیـی مەکـەن، بێگومـان خـوا زێدەڕۆییانـی خۆشـناوێن.

لـە سـووڕەتی (**البقـرة**)دا خـوای باڵادەسـت دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ ﴾، واتـە: ئـەی خەڵکینـە! لـەوەی لەزەویـدا هەیـە لەشـتە خـۆش و پـاك و چاکـەکان بخـۆن، بـەڵام شـوێن هەنگاوەکانـی شـەیتان مەکـەون، بێگومـان ئـەو بـۆ ئێـوە دوژمنێکـی ئاشـکرایە.

کەواتــە: چێــژو لــەززەت وەرگرتــن لــە نیعمەتەکانــی دنیــا، کــە خــوا لەزەویــدا دایناون، نـەك هـەر قەدەغـە نیـە، بەڵکـو کەسـێك هەقـی جەسـتەی نـەداو، خزمەتـی

جەستەی خۆی نەکات، بەبەهرە وەرگرتن لە نیعمەتەکانی خوا، گوناهباریش دەبێ، بۆیە زانایان دەڵێن: ئەگەر کەسێك بە بیانووی دنیا بەکەمگرتن و، لە خوا نزیك بوونەوەو، تاعەت زۆر بۆ خوا ئەنجامدانەوە، زیان بە جەستەی خۆی بگەیەنێ، گوناهبار دەبێ، لە جیاتی ئەوەی پاداشتی هەبێ.

تەنانەت خوای کارزان و میهرەبان چوار لەو شتانەی قەدەغەی کردوون، لە کاتی ناچارییدا بۆ ئەوەی مرۆڤ نەمرێ، ڕەوای کردوون، کە بریتین لە: مردار، خوێن، گۆشتی بەراز، بۆ جگەلە خوا سەربڕاو، کە لە چوار ئایەت لە قورئاندا هاتوون، دووان لە سوورەتە مەدینەییەکان، کە (**البقرة**) و (**آل عمران**)ن، هەروەها لە دوو سوورەتی مەککەییش دا کە (**الأنعام**) و (**النحل**)ن.

بڕگەی پێنجەم: خوای پەروەردگار مرۆڤی وریا کردۆتەوە لەوەی بەدوای ئارەزووەکانی بکەوێ و، پێیانەوە سەرقاڵ بێ، لەسەر حیسابی ژیانی ڕۆژی دوایی:

خوا لە سوورەتی (**فاطر**)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! بەڵێنی خوا ڕاستە (ئەم ژیانە دەپێچرێتەوەو ڕۆژی دوایی دێ) بۆیە با ژیانی دنیا فریوتان نەداو با فریودەر فریوتان نەدا، (لەبەرانبەر خوادا، کە مەبەست پێی شەیتانە).

بڕگەی شەشەم: ژیانێك کە لە ڕۆژی دواییدا هەیە، تەنیا ئەو ژیانی ڕاستەقینەیە:

وەك خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾ **العنكبوت**، واتە: ئەم ژیانی دنیایە تەنیا خافڵان و یارییە، ژیانی دوارۆژ هەر ئەو ژیانی ڕاستەقینەیە، ئەگەر بزانن.

برگـەی حەوتـەم: خـوا عزوجـل بەشـێوەی جـۆراو جـۆر هۆشـداریی داوە بـە مرۆڤـەکان، هەروەهـا بـە جندیـش، کـە درەنـگ یـان زوو ژیانـی سـەرزەوی دەپێچرێتـەوەو بـەرەو قۆناغـی بـەرزەخ و، پاشـان ڕۆژی دوایـی دەگوازنـەوە:

خـوا بـۆ تـاك بەتاکـی مرۆڤـان، فەرموویەتـی: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾ **العنكبـوت**، واتـە: هەمـوو نەفسـێك مـردن دەچێـژێ، دوایـی بـۆ لای ئێمـە دەگێڕدرێنـەوە، ئەمـە هـەم لـە سـوورەتی (**الأنبیـاء**) ئایەتـی (٣٥)داو، هـەم لـە سـوورەتی (**آل عمـران**) ئایەتـی (١٨٥)داو، هـەم لـە سـوورەتی (العنکبـوت) ئایەتـی (٥٧)دا هاتـوە، کـە هەمـوو نەفسـێك دەبـێ تامـی مـردن بچێـژێ، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە هەمـوو کـەس بزانـێ مردنێـك قـەرزدارە.

بەنسـبەت ئەوەشـەوە کـە ئێمـە لـەم ژیانـی دنیایـەدا تاقـی دەکرێینـەوەو، لـە دواییـدا دەگوازرێینـەوە بـۆ قۆناغێکـی دیکـە، تـاك بەتـاك دەگوازرێینـەوە بـۆ قۆناغـی بـەرزەخ، دواییـش هەمووـمان دەگوازرێینـەوە بـۆ قۆناغـی قیامـەت، خـوای پـەروەردگار لـە چەنـد شـوێن لـە قورئانـدا، ئـەو ڕاسـتییەی بەیـان کـردوە، بـۆ وێنـە لـە سـوورەتی (الزمـر)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾، واتـە: فـوو بەکەڕەنـادا کـرا، ئنجـا هەرکـەس لـە ئاسـمانەکان و زەویدایـە مـردن (یـان بێهـۆش بـوون)، جگـە لەوانـەی خـوا بیـەوێ، (نەمـرن) دوایـی جارێکـی دیکـە فـووی پێـدا کـرا، هەموویـان هەڵسـابوونەوە چاوەڕێیـان دەکـرد.

ئەمەش قۆناغی قیامەت و هەڵسانەوەو زیندوبوونەوەیە.

ئەمـە پوختەیەکـی زۆر کـورت بـوو، لـە بووناسـیی ئیسـلامیی، کـە پەیوەندییەکـی زۆری هەیـە بـە پێنـج ئایەتـی سـەرەتای سـوورەتی (العلـق)، هەروەهـا پەیوەندییشـی هەیـە بـە هەشـت (٨) ئایەتەکانـی سـوورەتی (التیـن)ەوە.

تەفسیری سوورەتی

القَدْرِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ (١٧)ی مانگـی (**ذي الحِجَّـة**) {مانگـی (١٢)}ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیـی، بەرانبـەر: (٢٠٢٠/٨/٧)ی زاینییـە لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـووڕەتی (**القَـدْر**)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا، وەك عادەتـی خۆمـان دەخەینـەڕوو.

پێناسەی سووڕەتی (القدر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

نـاوی باوتـری ئـەم سـووڕەتە بریتیـە لـە: (**سُـورَةُ القَـدْر**)، هەندێکیـش بـە: (**سُـورَةُ لَيْلَـةِ القَـدْر**) ناویـان هێنـاوە.

دووەم: کات و شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان ئـەم سـووڕەتەیان بـە مەککەیـی دانـاوە، هەندێکیـش بە مەدینەیـی، بەبەڵگـەی باسـی شـەوی قـەدر، کـە لـە ڕەمەزانـی سـاڵی دووەمـی کۆچییـدا، گرتنـی ڕۆژووی مانگـی ڕەمـەزان فەرزکـراوەو شـەوی قـەدری تێدایـە، بـەڵام ئـەو بەڵگەیە هیـچ نیـەو، مەککەیـی بوونیشـی زۆر ڕوونـە، لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن:

(**عَـنْ عَبْدِاللـهِ بْـنِ عَبَّـاسٍ** ، **قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ:** ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴾ **بِمَكَّة**)، (**أورده السـيوطي فِي الـدر المنثـور: ج٨، ص٥٦٧، ونسـبه لابـن مردويـه وقـال: وأخـرج مِثْلَـهُ**

ابـن مردويـه عـن عبـد اللـه بـن الزبـير وعائشـة رضي اللـه عنهـم، الإسـتيعاب فِي بَيـان الأسـباب: ج٣، ص٥٣٩).

واتـە: عبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﷺ گوتوویەتـی: سـوورەتی ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ۝١ ﴾، لـە مەککـە دابەزیـوە، هەمـان شـت پاڵدراوەتـە لای عبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـر (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، دایکـی ئیمانـداران عائیشـەی کچـی ئەبـوو بەکـری صیددیـق (خـوا لـە خـۆی و بابیشـی ڕازی بـێ).

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـە موصحـەف دا ژمارەکـەی (٩٧)ەو، لـە دابەزینیشـدا (**جابـر بـن زيد**)، ژمـارە (٢٥) ی، بـۆ دانـاوە، واتـە: پێـش سـوورەتی (**الشـمس**)و، دوای سـوورەتی (**عبس**) دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

لـە سـەرژمێری زانایانـی مەدینەیـی و بەصرایـی و کووفەییـدا، پێنـج (٥) و، لەهـی مەککەیـی و شـامییدا، شـەش (٦)ە، بـەڵام زیاتـر ژمـارەی (٥) تەبەننیـی کـراوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە باسـی دابەزینـی قورئـان لـە شـەوی قـەدردا و، مەدحکـردنی ئـەو شـەوە بـە پێزەیـە، کـە لـە هـەزار مانـگ (٨٣ سـاڵ و ٤ مانـگ) باشـترەو جیبریـل و فریشـتەکان تێیـدا دادەبەزنـە سـەر زەوی و، هەمـوو کارێکـی گرنگـی تێـدا دیاریـی دەکـەن، هەتـا بەیانیـش هـەر سـەلامەتیی و خێـرو خۆشـییە.

شەشەم تایبەتمەندییەکانی:

پێنج تایبەتمەندییمان تێیدا کەوتوونە بەرچاو:

١- ڕاگەیاندنی دابەزاندنی قوڕئان لە شەوی قەدردا، ئایەتی ژمارە (١).

٢- لە هەزار مانگ بە چاکتر دانانی شەوی قەدر، ئایەتی ژمارە (٣).

٣- ڕاگەیاندنی دابەزینی ڕووح و فریشتان تێیدا بۆ هەر کارێکی پێویست، ئایەتی ژمارە (٤).

٤- ڕاگەیاندنی سەلامەتیی و ئاشتیی و سەقامگیر بوون لەو شەوەدا هەتاك بەیانیی، ئایەتی ژمارە (٥).

٥- تایبەتمەندیی پێنجەم ئەوەیە کە وشەی: (لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ) لەم سووڕەتە موبارەکەدا سێ جاران دووبارە بۆتەوەو، وشەی (لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ) تەنیا لێرەدا هاتووەو، سێ جاران دووبارە بۆتەوە.

حەوتەم دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە:

ئێمە کۆی ئەو پێنج ئایەتە موبارەکەی ئەم سووڕەتەیان لێ پێکدێ، دەکەینە دەرسێك.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی دەرسەکە

ئـەم دەرسـەمان لـە هـەر پێنـج ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێکـدێ، کـە وەك پێشـتریش گوتمـان: خـوا ﷻ لـەم سـوورەتەدا چەنـد ڕاسـتییەکی یەکجـار مـەزن ڕادەگەیەنـێ:

١- یەکسەر بەمجۆرە دەست پێدەکات: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ١ ﴾، ئێمە دامانبەزاندوە لە شەوی قەدردا، ڕاناوی (هـ)، لە (إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ)دا، بە یەکدەنگیی هەموو زانایان بۆ قورئان دەچێتەوە، چونکە ئەمە وێڕای ئەوەی عادەتی قورئانە، بە سیاق و سەلیقەش دەزانرێ، کە مەبەست پێی قورئانە، واتە: ئێمە قورئانمان دابەزاندوە لە شەوی قەدردا.

(ٱلْقَدْرِ)یـش، هـەم بـە مانـای ئەندازەگیریـی هاتـوە، هـەم بـە مانـای ڕێـزو حورمـەت و پێگـەی بـەرز هاتـوە، دوایـی خـوا ﷻ بـۆ زیاتـر دەرخسـتنی پێگـەی بـەرزی ئـەو شـەوە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ٢ ﴾، چ شـتێك بـە تـۆی زانانـدوە شـەوی قـەدر چییـە؟

٢- ئنجا خوا خۆی ڕوونی دەکاتەوە: ﴿ لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ٣ ﴾ شەوی قەدر لە هەزار مانگ باشترە، زانایان لەوبارەوە کە دەفەرموێ: لە هەزار مانگ باشترە، ڕاجیاییان هەیە: ئایا لە چ ڕوویێکەوە؟

زۆربـەی هـەرە زۆریـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن و دەڵێـن: یانـی: لە هـەزار مانگ باشـترە، کـە خواپەرسـتیی تێـدا بکـرێ و، ئـەو تاعـەت و بەندایەتیـی و چاکەیـەی لـەو شـەوەدا دەکـرێ، وەك خواپەرسـتیی و تاعەتـی هـەزار مانـگ وایـە، کـە دەکاتـە (٨٣ سـاڵ و ٤ مانـگ).

٣- دوایی خوا ﷻ لەسەر زیاتر ناساندنی ئەو شەوەو دەرخستنی پێگەی بەرزی بەردەوام دەبێ و دەفەرموێ: ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ﴾، (تَنَزَّلُ)، لە ئەسڵدا (تَتَنَزَّلُ)یە، ﴿ تَنَزَّلُ

ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا ﴾، فریشتەکان و ڕووح تێیدا دادەبەزن، ڕووح زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: مەبەست پێی جیبریلە، چونکە خوا ﷻ لە چەند شوێنێکدا جیبریلی لە قورئاندا بە (روح) ناوهێناوە، یان بە: (ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ) یان: (رُوحُ ٱلْقُدُسِ).

بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ ﴾ **الشعراء.**

بۆشمان باس نەکراوە لە قورئاندا، جگە لە جیبریل و، جگە لەو ڕووحەی بەبەر مرۆڤدا دەکرێ و، خوا وشەی (روح)ی، بۆ بەکارهێناوە، بۆ دروستکراوێکی دیکە بەکارهێنرابێ، تاکو لێرەدا خوا ﷻ باسی بکات، کەواتە: مەبەست پێی جیبریلە عليه السلام.

٤- ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ ﴾، لەو شەوەدا فریشتەکان و ڕووح، یانی جیبریل دادەبەزن بە مۆڵەتی پەروەردگاریان بۆ هەر کارێك، واتە: بۆ هەر کارێك کە پەروەردگاریان پێیان دەسپێرێ، زۆربەی زانایان گوتوویانە: هەرکارێك کە لەسەر زەوی دەگوزەرێ، لەو شەوەوە تاکو ساڵێك تێوەردەسووڕێتەوە، تێیدا دیاری دەکرێ.

٥- لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ سَلَـٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾ ﴾، ئەم شەوە هەر خێرو خۆشیی و سەلامەتیی و ئاشتییە تاکو سپێدەی بەرەبەیان.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَـٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ﴿٢﴾ لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿٣﴾ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ سَلَـٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بەبەزەیی بەخشـندە. ئێمـە دامانبەزاندوە (ئـەم قورئانە) لە شـەوی ڕێـزو ئەندازەگیرییـدا ﴿١﴾ ئایـا چـی بـە تـۆی زانانـدوە شـەوی ڕێـزو ئەندازەگیریـی چییـە؟ ﴿٢﴾ شـەوی ڕێـزو ئەندازەگیریـی لـە هـەزار مانـگ باشـترە ﴿٣﴾ فریشـتەکان و ڕووح (جیبریـل) بـە مۆڵەتـی پەروەردگاریـان بـۆ هەمـوو کارێـك تێیـدا دادەبـەزن ﴿٤﴾ ئـەو (شـەو)ە هـەر سـەلامەتیی و خێـرو خۆشـییە هەتـا سـپێدەی بەیانـی ﴿٥﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْقَدْرِ): (القَـدَرُ وَالتَّقْدِيـرُ: تَبيـينُ كَمِّيَّـةِ الـشَّيْءِ، قَدَّرْتُـهُ وَقَدَرْتُـهُ، وَالقَـدْرُ: الحُرْمَـةُ وَالوَقَـارُ، يُقَـالُ لَـهُ عِنْـدِي قَـدْرٌ)، (قَـدَر) و (تَقْديـر): بـە مانـای دیارییکـردن و ڕوونکردنـەوەی قەبـارەو ئەنـدازەی شـتێکە، دەگوتـرێ: (قَدَّرْتُـهُ وَقَدَرْتُـهُ)، واتـە: ئەندازەکەیـم، قەبارەکەیـم دیارغیکـرد، بـەڵام وشـەی (قَـدْر) بـە زەنتـە (سـكون)، بـە مانـای حورمـەت و ڕێـز دێ، دەگوتـرێ: (لَـهُ عِنْـدِي قَـدْر) فڵانکـەس لـە لای مـن قەدرو ڕێـزو حورمـەتی هەیـە.

(خَيْرٌ): (الخَـيْرُ: مَـا يَرْغَـبُ فِيـهِ الـكُلُّ، وَالخَـيْرُ: الـشَّيء النَّافِـعُ، وَضِـدُّهُ: الـشَّرُّ)، (خَـيْر): ئەوەیـە هەمـوو لایـەك بـۆی ئارەزوومەنـدن، هەروەها (خَيْر) بە شـتێکی سـوودبەخش دەگوتـرێ، پێچەوانـەو دژی (خَيْر)یـش بریتیـە لەشـەڕ، کـە زیـان و خراپەو ناخۆشـییە.

(أَمْرٍ): (الأَمْـرُ: الشَّـأْنُ وَجَمْعُـهُ: أُمُـور، وَمَصْـدَرُهُ: أَمَرْتُـهُ، إِذَا كَلَّفْتَـهُ أَنْ يَفْعَـلَ شَـيْئاً، وَلاَ يُجْمَـعُ، وَهُـوَ لَفْـظٌ عَـامٌ لِلأَفْعَـالِ وَالأَقْـوَال)، (أَمْـر): بـە مانـای حـاڵ دێ و، بـە (أُمـور) کۆدەکرێتـەوە، یانـی: کارەکان، چاوگەکـەی (أَمَرْتُـهُ أَمْـراً)ە، واتـە: (أَمْـراً) لـە (أَمَرْتُـهُ)ەوە هاتـوە، واتـە: فەرمانـم پێکـرد بـە فەرمـان پێکـردن، کارێکـم پێسـپارد بـە

کارپێسپاردن، ئەگەر ئەرکدارتکرد کارێك ئەنجامدا، وشەی (**أُمُور**) کە کۆی (**أَمْر**) ە، بریتیە لە کارێك کە ئەنجام بدرێ، بەڵام (**أَمْر**)، بە مانای حاڵ، کۆناکرێتەوە، بەڵکو بێژەیەکی گشتییە بۆ کردەوان و قسان.

(سَلَٰمٌ هِيَ): (**السَّلْمُ وَالسَّلَامَةُ: التَّحَرِّي مِنَ الآفَاتِ الظَّاهِرَةِ وَالبَاطِنَةِ**)، (**سَلْمٌ**) و (**سَلَام**) هەردووکیان واتە: دووریی لە دەردو بەڵا ڕواڵەتیی و پەنهانەکان.

(مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ): دەگوترێ: (**طَلَعَتِ الشَّمْسُ طُلُوعَاً وَمَطْلَعَاً**) خۆرەکە هەڵهات هەڵاتن، (**مَطْلَع**) و (**طُلُوع**) هەردووکیان بە مانای چاوگن، واتە: هەڵهاتن، کەواتە: (**مَطْلَع**) چاوگە واتە: هەڵهاتن، بەڵام (**مَطْلِع: مَوْضِع الطُّلُوع**)، شوێنی لێ هەڵهاتنە، کە بەو شێوەیەش هەندێکیان خوێندوویانەتەوە، بەڵام خوێندنەوەکەی دیکە بەهێزترەو، زانایان زیاتر بە (مَطْلَع) خوێندوویانەتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە،زۆرجار گوتوومانەو لێرەش دووبارەی دەکەینەوە، واتە: ئەم کارە دەست پێدەکەم، ئەم قورئانخوێندنە دەست پێدەکەم، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە:

١- بەناوی خواوە دەستی پێدەکەم.

٢- بۆ خوا ئەنجامی دەدەم.

٣- بەپێی بەرنامەی خوا ئەنجامی دەدەم.

٤- بە تواناو برستێك کە خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەنجامی دەدەم.

﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ۝١ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە دامانبەزانـدوە لـە شـەوی قـەدردا، چـی دابەزانـدوە؟ بێگومـان ڕانـاوی (هـ)بـۆ قورئـان دەچێتـەوە، یـانی: (إنَّـا أَنْزَلْنَـا القُـرآنَ فِي لَيْلَـةِ القَـدْر)، ئێمـە قورئانمـان لـە شـەوی قـەدردا دابەزانـدوە.

﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ ۝٢ ﴾، ئایـا چـی بـە تـۆی زانانـدوە شـەوی قـەدر چییـە؟ وەك پێشـتریش گوتمـان: (ٱلْقَدْرِ) بـە مانـای ئەندازەگیریـی دێ و، بـە مانـای ڕێـزو حورمەتیـش دێ.

﴿ لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ۝٣ ﴾، شـەوی قـەدر لـە هـەزار مانـگ باشـترە، بێگومـان چاکتربـوونی شـەوی قـەدر لـە هـەزار مانـگ واتـە: چاکتربـوونی ئـەو تاعـەت و خـوا پەرسـتییەی تێیـدا ئەنجـام دەدرێ، چونکـە ڕێـزو حورمەتـی شـوێنەکان بـەو تاعەتەوەیـە کـە تێیانـدا دەکـرێ، ئەگەرنـا مەککـە بـۆ بابایەکـی بێبـڕوا، زەوییـەکی ئاسـاییە، بـەڵام بـۆ بابایەکـی بـڕوادار ئـەو ڕێـزو حورمەتـە تایبەتـەی هەیـە، هەروەهـا مزگەوتـی حـەڕام کـە نوێژێـك تێیـدا بـە سـەد هـەزار (١٠٠,٠٠٠) نوێـژەو، مزگـەوتی پێغەمبـەر ﷺ کـە نوێژێـك تێیـدا بـە هـەزار نوێـژەو، مزگەوتـی ئەقسـا کـە نوێژێـك تێیـدا بـە پێنجسـەد نوێـژە، بـۆ کەسـێکە کـە نوێژیـان تێـدا بـکات، بـەڵام کەسـێك هـەر ئـاوا تێییـان دا بێـت و بچـێ، یـان بچـێ لەوێـدا جاسووسـیی و سـیخوڕیی بـکات، هیچـی پـێ نابـڕێ و بگـرە زۆریـش گوناهبـارە.

کەواتـە: لێـرەش کـە دەفەرمـوێ: شـەوی قـەدر لـە هـەزار مانـگ باشـترە، واتـە: شـەوی قـەدر بـۆ کەسـێك، خواپەرسـتیی تێدا بـکات، خـوا پەرسـتییەکەی پاداشـتەکەی بـۆی بـە ئەنـدازەی پاداشـتی هـەزار مانـگ تاعەتـە، کـە لـەو مانگانـەدا شـەوی قەدریـان تێـدا نەبـێ.

﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا ﴾ وشـەی (تَنَزَّلُ)، لـە ئەصڵـدا (تَتَنَزَّلُ)یـە، فریشـتەکان و ڕووح تێیـدا دادەبـەزن، ﴿ بِإِذْنِ رَبِّهِم ﴾ بـە مۆڵـەتی پەروەردگاریـان، بـە فەرمـانی پەروەردگاریـان، بـە ڕێپێدانـی پەروەردگاریـان، ﴿ مِّن كُلِّ أَمْرٍ ۝٤ ﴾، (مِن)

لێرەدا یان بە مانای (ل)ە، یانی: (لِكُلِّ أَمْرٍ) بۆ هەر كارێك، یان بە مانای (ب)ە، (بِكُلِّ أَمْرٍ)، بۆ هەر فەرمانێك كە خوا پێی كردوون، دادەبەزن و، هەر فەرمانێك خوا پێی كردوون، پێی دادەبەزن، ئەو فەرمانانە چیین؟

زۆربەی زانایان دەڵێن: (**أمر**) بریتیە لە ئەندازەگیریی كردن و نەخشەدانانی ئەو كارو كردەوانەی ئەو مرۆڤانە، هەموو هەڵسوكەوتیان لەسەر زەوی تاكو ساڵی تازە دێتەوە.

﴿ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ۝٥ ﴾، ئەو شەوەش هەر سەلامەتییە و خێرو خۆشییە، تاكو سپێدەی بەرەبەیان.

(مَطْلَع) واتە: هەڵهاتن، یانی: تاكو خۆر هەڵدێ و دەردەكەوێ، ئەو شەوە خێرو خۆشیی و سەلامەتیی و ئاشتییەكەی درێژەی هەیە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی شەوی قەدر کە قورئانی تێدا دابەزێنراوەو، هێندە شەوێکی مەزنە، مەگەر بەس خوا بیناسێنێ و، لە هەزار مانگ چاکترە، واتە: چاکەو تاعەت تێیدا پاداشتی لە هەزار مانگ زیاترە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣﴾.

شیکردنەوە ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ﴾، بە دڵنیایی ئێمە دامانبەزاندوە لە شەوی قەدردا، ڕاناوەکە گومانی تێدانیە کە دەچێتەوە بۆ قورئان، ئەوەش وێڕای عادەتی قورئان، لە ڕەوتی ئایەتەکانەوەش دەزانرێ، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان بەشەو دابەزیوە، یەکەمجار سەرەتای دابەزینی قورئان -وەك پێشتریش باسمانکرد لە کاتی تەفسیرکردنی پێنج ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**العلق**)دا، کە بەشەو دابەزیون -واش پێدەچێ ئەو شەوە شەوی بیست و یەك (٢١)ی مانگی ڕەمەزانی چل و یەکەمین ساڵی مانگیی، تەمەنی پێغەمبەر ﷺ بووبێ، لە ئەشکەوتی حیڕادا[١]، کە بەیانییەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەوەی ئەو پێنج ئایەتە موبارەکەی وەرگرتوون، چۆتەوە بۆ ماڵ و بە خەدیجەی فەرمووە: دامپۆشن، دامپۆشن، دوایی بەسەرهاتەکەی بۆ خەدیجە گێڕاوەتەوەو بردوویەتی بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل، کە کوڕە مامی بووە، لەکاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (**العلق**)دا، ئەوەمان باسکردو، ئەو فەرموودەیەی لە هەردوو صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە، هێنامان.

---

(١) بۆ درێژەی ئەو بابەتە وا باشە سەرنجی کتێبی: (ژیاننامەی پێغەمبەری خوا) بدرێ، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم/ ٢٠٢٢ز.

لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١ ﴾، ئێمە دامانبەزاندوە لە شەوی قەدردا، زانایان دوو ڕایان هەن:

ڕای یەکەم: ئەوەیە کە قورئان هەمووی لەو شەوەدا لەلای خوای پەروەردگارەوە دابەزیوە بۆ ئاسمانی دنیا -ئنجا هەندێك دەڵێن: لە ئاسمانی دنیاش دا بۆ (**بيت العزة**)، بەڵام بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئەوە نیە شتێکی وا هەبێ ئنجا دوایی خوا ﷻ لە ماوەی بیست و سێ (٢٣) ساڵدا لەوێوە بەهۆی جبیریلەوە دایبەزاندوە، بەپێی ڕووداو و پێشهاتەکان کە هاتوونە پێش، ئەمە لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، دەڵێ:

(**أُنْـزِلَ القُـرآنُ كُلُّـهُ جُمْلَـةً وَاحِـدَةً فِي لَيْلَـةِ القَـدْرِ فِي رَمَضَـانَ إِلَى السَّـمَاءِ الدُّنيـا، فَـكَانَ اللـهُ إِذَا أَرَادَ أَنْ يُحْـدِثَ فِي الأَرْضِ شَـيْئًا، أَنْزَلَـهُ مِنْـهُ حَتَّـى جَمَعَـهُ**)، (**جامـع البيـان: ٣٧٨١٩**)، واتـە: قورئان هەمووی پێکەوە لە شەوی قەدردا لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ ئاسمانی نیزیکتر لە ئێمە (ئاسمانی یەکەم) دابەزیوە، دوایی خوا ﷻ هەرکاتێ ویستبی شتێکی لێ دابەزێنێ، لێی دابەزاندوە، هەتا هەمووی کۆکردۆتەوە (لە سینەو دڵی پێغەمبەردا ﷺ).

ڕای دووەم: ئەوەیە کە مەبەست دەستپێك و سەرەتای دابەزینی قورئانە لە شەوی قەدردا، نەك قورئان هەمووی دابەزیبێ بۆ ئاسمانی نزیك لە ئێمە، (ئاسمانی دنیا)، دواییش وردە وردە دابەزیبێ، بەڵکو مەبەست پێی دەستپێك و سەرەتای دابەزاندنی قورئانە، (**الشَّعْبي**) دەڵێ: (**نَـزَلَ أَوَّلُ القُـرآنِ فِـي لَيْلَـةِ القَـدْرِ**)، (**جامـع البيـان: ٣٧٨٢٢**)، واتە: قورئان سەرەتا لە شەوی قەدردا دابەزی.

٢- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ۝٢ ﴾، چی بە تۆی زانیوە شەوی قەدر چییە؟ واتە: شەوی قەدر شەوێکی هێندە بەڕێزەو، خاوەنی پایەیەکی هێندە بەرزە، مەگەر خوا پێت بناسێنێ، ئەگەرنا نازانی شەوی قەدر چییە؟

٣- ﴿ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣ ﴾، شەوی قەدر چاكترە لە هەزار مانگ.

لەم سێ ئایەتە موبارەكەدا سێ جاران وشەی (لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ) دووبارە بۆتەوە، لە هەر كامێكیاندا، ئەوەش ناوێكە خوا لەو شەوەی ناوە كە قورئانی تێدا دابەزێنراوە بۆ یەكەم جارو، پێشتر نەزانراوە ئەو ناوە بەكارهاتبێ لە زمانی عەرەبییدا.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ ﴾، ئایا چییش بە تۆی زانانـدوە شـەوی قـدەر چییـە؟!

ئەمە بۆ دەرخستنی پێگەو پایەی بەرزی ئەو شەوەیە، واتە: هیچ وەسفكەرێك ناتوانێ وەسفی بكات، زانایان گوتوویانە: (**كُلُّ مَا أَدْرَاكَ فِي القُرآنْ أَدْرَاهُ، وَكُلُّ مَا يُدرِكَ لَمْ يُدْرِهِ**)، واتە: هەموو (**وَمَا أَدْرَاكَ**)ەكان لە قورئاندا {یانی: چ شتێك بە تۆی زانانـدوە؟} دوایی خوا ﷻ بە پێغەمبەری ﷺ زانانـدوون و پێی فەرموون، بەڵام هەموو (**وَمَا يُدرِيك**)ەكان (یانی: چووزانی؟) پێی نەفەرموون و پێی نەزانانـدوون.

وەك گوتمان: وشەی (ٱلۡقَدۡرِ)، دوو واتای هەن: یان بە مانای ئەندازەگیریی كردنە، یانی: شەوی ئەندازەگیریی، یاخود بە مانای شەرەف و رێزو حورمەتە.

بەدڵنیاییی كە دەفەرموێ: (خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ)، واتە: لەو رووەوە كە بەندایەتیی بۆ خوا تێدا ئەنجام دەدرێ و چاكەكاریی تێدا دەكرێ، كردەوەكان پاداشتیان بەقەدەر كردەوەی چاكی هەزار مانگە، كە لەو هەزار مانگەدا شەوانی قەدر نەبن، ئەم مانایە رێكترین واتایە كە زانایان بۆ ئەم ئایەتە موبارەكە هێناویانە.

(**الطَّبَرِي**) لە تەفسیرەكەی خۆی (**جامع البيان**)دا[1]، لەبارەی (خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ)ەوە، دەڵێ: (**وَأَشْبَهُ الأَقْوَالِ فِي ذَلِكَ بِظَاهِرِ التَّنْزِيلِ قَوْلُ مَن قَالَ: عَمَلٌ فِي لَيْلَةِ القَدْرِ، خيرٌ مِنْ عَمَلِ أَلْفِ شَهْرٍ لَيْسَ فيهَا لَيْلَةُ القَدْرِ، وَأَمَّا الأَقْوَالُ الأُخْرَى فَدَعَاوَى مَعَانٍ باطِلَةٍ لاَ دِلالَةَ عَلَيْهَا مِنَ الخَبَرِ وَلاَ عَقْلٍ، وَلاَ هِيَ مَوْجودةٌ فِي التَّنْزِيلِ**).

---

(١) ج١٥، الجزء: ٣٠، ص٢٨٥.

واتـە: ویچوترینـی قسـان بەڕواڵـەتی قورئانـەوە -کـە مانـای بـێ- قسـەی ئـەو کەسـەیە کـە گوتوویـەتی: کردەوەیـەك لـە شـەوی قـەدردا باشـترە لـە کـردەوە لـە هـەزار مانگـدا کـە شـەوی قەدریـان تێدانیـە، بـەڵام قسـەکانی دیکـە هەموویـان لاف لێدانـن، بـۆ هەندێـك واتـای پـووچ کـە هیـچ بەڵگەیـان لەسـەر نیـە، نـە لـە هـەواڵ (دەقێکـی سـوننەت) و، نـە لـە عەقڵ، هەروەهـا ئـەو مانایانـە لـە قورئانیشـدا نیـن.

چونکـە کۆمەڵێـك واتـای دیکـە هێـنراون، بـەڵام مـن نامـەوێ ئـەم تەفسـیرە بـە هەندێـك قسـانەوە قەڕەباڵـغ بکـەم، کـە بەڵگەیەکـی وایـان لەسـەر نیـە.

یەکێك لـە قسـەکانیش ئەوەیـە کـە ئێسـتا دەیهێنـم لـە مالیکـەوە، بـەڵام هـەروەك بەرچـاو ڕوونیـی دەیهێنـم، ئەگەرنـا زۆر ناچێتـە عەقڵـەوە، مالیـك لـە (**المُوَطَّأ**)دا، وەك (**القُرْطبـي**)، لـە تەفسـیرەکەی خـۆی (**الجامـع لإحـكام القـرآن**)دا[1]، لێیـەوە هێنـاوە دەڵـێ: (**وَقَـالَ مَالِـك فِي المُوَطَّـأ مِـنْ رِوايَـةِ ابْـنِ القَاسِـم وَغَـيْرِهِ: سَـمِعْتُ مَـنْ أَثِـقُ بِـهِ يَقُـول: إنَّ رَسـوْلَ اللّـهِ ﷺ أُرِيَ أَعْـمَار الأُمَـمِ قَبْلَـهُ، فَكَأَنَّـهُ تَقَـاصَرَ أَعْـمَارَ أُمَّتِـهِ أَلاَّ يَبْلُغُـوا مِـنَ العَمَـلِ مِثْـلَ مَـا بَلَـغَ غَيْرِهِـم فِي طُـولِ العُمُـرِ؛ فَأَعْطَـاهُ اللّـهُ تَعَـالَى لَيْلَـةَ القَـدْرِ، وَجَعَلَهَا خَـيْراً مِـنْ أَلْـفِ شَـهْر**).

واتـە: مالیـك گوتوویەتـی: گوێـم لـە کەسـێك بـوو کـە متمانـەم پێـی هەبـوو دەیگـوت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ تەمەنـەکانی کۆمەڵـگا پێشـووەکانی پێشـاندران، کـە لەپێـش ویـدا بـوون، وای هاتـە بەرچـاو تەمەنـەکانی ئۆممەتەکـەی کورتـن و، ناگەنـە ئـەو کردەوەیـەی ئـەوان لـەو تەمەنـە درێـژەدا کردوویانـە، بۆیـە خـوای بـەرز شـەوی قـەدری پێـداو گێڕاشـی بـە چاکـتر لـە هـەزار مانـگ، واتـە: کـردەوەی چـاك کـە لـەو شـەوەدا ئەنجـام بـدرێ، لـە هـەزار مانـگ کـە شـەوی قەدریـان تێدانیـە باشـترە.

---

(١) ج٢٠، الجزء: ٣٠، ص١٠٢، برقم: ٦٤١٤، مرسل.

مەسەلەی دووەم:

دابەزینی فریشتەکان و ڕووح، لەو شەوە بەپێزەدا بە مۆڵەتی پەروەردگاریان، بۆ هەر کارێك خوا پێیان بسپێرێ و، ئاشتیی و سەلامەتیی تێدا سەقامگیربوونی ئەو شەوە تاکو شەبەقی بەیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ سَلَـٰمٌ هِىَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەو دوو ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١- ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم ﴾، فریشتەکان و ڕووح، (جبریل) تێیدا دادەبەزن بە مۆڵەتی پەروەردگاریان، یان: بە فەرمانی پەروەردگاریان، بەڕێپێدانی پەروەردگاریان، وشەی (**إِذْن**) بەو سێ واتایانە هاتوە، کە دەفەرموێ: دادەبەزن یانی: لە ئاسمانەوە دادەبەزن بۆ سەر زەوی بۆ لای مرۆڤەکان و، ئەو شوێنەی مرۆڤەکانی تێدا نیشتەجێن.

٢- ﴿ مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ ﴾، بۆ هەر کارێك.

(مِّن) لێرەدا سێ واتایان بۆ لێکداونەوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (مِّن)، (**بَيَانِيَّةٌ يَعْنِي تُبَيِّنُ الإِذْنَ**)، کە دەفەرموێ: (بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾)، بە مۆڵەتی پەروەردگاریان، ئنجا ڕوونی دەکاتەوە کە مۆڵەتی پەروەردگاریان بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك.

ب- بەڵام هەندێك گوتوویانە: (مِّن)، لێرەدا بە مانای (ب)ە، یانی: (**بِكُلِّ أَمْر**)، بە هەر فەرمانێك کە پەروەردگاریان فەرمانیان پێ بکات.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: (مِّن)، لێرەدا بۆ هۆکاردۆزیی (**تَعْلِيل**)ە، (**أَيْ: مِنْ أَجْلِ كُلِّ أَمْرٍ أَرَادَ اللهُ قَضَاءَهُ بِتَسْخِيرِهِ**)، واتە: لە پێناو هەر کارێکدا کە خوا ویستوویەتی ئەنجامی بدات بەهۆی مل پێکەچکردنی ئەو فریشتانەو ڕووحەوە.

پیتی (ب) له (بِإِذْنِ رَبِّهِم)دا، دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (يَعْنِي يَتَنَزَّلُونَ بِسَبَبِ إِذْنِ رَبِّهِم لَهُم) یانی: دادەبەزن بەهۆی مۆڵەتدانی پەروەردگاریانەوە بۆیان، یان فەرمانکردنی پەروەردگاریان پێیان، واتە: (ب)، لێرەدا هۆکاری (سَبَبِيَّة)یە.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (ب)، لێرەدا بۆ هاوەڵایەتیی (مُصَاحَبَة)یە، یانی: (مُصَاحِبِينَ لِمَا أَذِنَ بِهِ رَبُّهُم)، واتە: ئەوەی پەروەردگاریان مۆڵەتی داوە لەگەڵ خۆیانی دێنن، (فَالإِذْنُ بِمَعْنَى المَأْذُونِ مِنْ إِطْلَاقِ المَصْدَرِ عَلَى المَفْعولِ نَحْو: هَذا خَلْقُ الله)، لێرەدا مۆڵەت (إذن) بە مانای مۆڵەتپێدراو (مأذون)ەو، بەکارهێنانی چاوگە بۆ بەرکار، وەك چۆن خوا دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴿١١﴾ ﴾ لقمان، (هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ)، (خَلْقُ)، بە مانای دروستکردنە، بەڵام لێرەدا بە مانای دروستکراوە و، چاوگە بەڵام بە مانای بەرکار (مفعول به)ە، یانی: ئەمە دروستکراوی خوایە پێشانم بدەن، ئەوانی دیکەی جیا لەو، چیان دروستکردوە؟ لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ:

٣- ﴿ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾ ﴾، ئەو شەوە هەر ئاشتیی و سەلامەتییە، تاکو شەبەقی بەیانی، کە دەفەرموێ: ﴿ مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ ﴾، تەنوینی (أمر) کە بە نەناسراو هاتوەو، تەنوینی خراوەتە سەر، تەنوینەکەی بۆ بە مەزنگرتن و، قەبەو گەورە پێشاندانە، یانی: هەر کارێکی گرنگ و گەورە.

کە دەفەرموێ: (سَلَٰمٌ هِيَ)، وشەی (سَلَٰمٌ)، (مَصْدَرٌ أَوْ اسْمُ مَصْدَرٍ، بِمَعْنَى السَّلامَةِ وَالخَيْرِ وَالتَّحيَّة، وَتَنْكِيرُ السَّلامةِ للتَّعْظِيم)، (سَلَٰمٌ) چاوگە، یاخود ناوێکی چاوگە، بە مانای سەلامەتیی و چاکەو سڵاوکردن، بەو مانایانە هەموویان دێ، (سَلَٰمٌ)، بۆیە بە نەناسراو (نَكِرة) هاتوە، وەك گوترا: بۆ بە مەزنگرتنیەتی، پاشان کە فەرموویەتی: (سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾)، (تَقْدِيمُ المُسْنَدِ وَهوَ سَلَامٌ، عَلَى المُسْنَدِ إِلَيْهِ، لِإِفَادَةِ الإِخْتِصَاصِ، أَي: مَا هِيَ إِلاَّ سَلَام)، لە جیاتی بفەرموێ: (هِيَ سَلَامٌ)، فەرموویەتی: (سَلَٰمٌ هِيَ)، پاڵدراو کە (سَلَٰمٌ)ە، پێش پاڵوەلادراو (مُسْنَدٌ إِلَيْهِ)

خـراوە، تاکـو تایبەتمەنـد بـوون بگەیەنـێ، واتـە: ئـەو شـەوە تەنیـا سـەلامەتییە، (حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ﴿٥﴾)، (غَايَـةٌ لِـمَا قَبْلَـهُ، مِـنْ قَوْلِـهِ: تَنَـزَّلُ المَلاَئِكَـةُ إِلى: سَـلاَمٌ هِـيَ)، واتـە: ئامانجـی ئـەوەی پێشـەوەیەتی لـە گوتـراوی: [(تَنَـزَّلُ المَلاَئِكَـةُ) هەتـا (سَـلاَمٌ هِـيَ)] دا، یانـی: هەمـوو کاتـەکانی ئـەو شـەوە بەدابەزینـی فریشـتەکان و ڕووح ئاوەدانـن و، بـە سـەلامەتیی و لـە خێـرو خۆشـیی پڕکـراون.

واتــە: ئــەو شــەوە هەمــووی هەتـا شــەبەقی بەرەبەیـان، هــەر ســەلامەتیی و، خێـرو خۆشـییەو، بەزەیـی و میهرەبانیـی خـوای پـەروەردگاری تێـدا دەدرەوشـێتەوە بـۆ بەنـدەکان.

کورتە باسێک لەبارەی شەوی قەدرەوە

خوا پشتیوان بێ ئەم کورتە باسە لە حەوت بڕگەدا دەخەینەڕوو:

بڕگەی یەکەم: چەمك و واتای شەوی قەدر (لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ):

(لَيْلَةُ) بـە مانـای یـەك شـەو دێ، (لَيْـل) واتـە: شـەو، تاکەکـەی بریتیـە لـە (لَيْلَةُ)و بـە (لَيَـالٍ) کۆدەکرێتـەوە، هـەروەك چـۆن (يَـوْم)، بـە (أَيَّـام) کۆدەکرێتـەوە، کەواتـە: (لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ) شـەوەکەی قـەدر.

وشەی (ٱلْقَدْرِ)یش زانایان لێرەدا دوو واتایان بۆ هێناون:

١- (القَدَرُ وَالتَّقْدِيرُ: تَبيينُ كَمِّيَّةِ الشَّيءِ يُقَالُ: قَدَرْتُهُ وَ قَدَّرْتُهُ)، وشەی (قَدَرُ) و (تَقْدير)، بە مانای ڕوونکردنەوەی قەبارەو چەندێتیی شتێکە، دەگوترێ: (قَدَرْتُهُ وَقَدَّرْتُهُ) هەردووکیان، واتە: ئەندازەکەی و چەندێتییەکەیم دیارییکرد.

٢- (القَدْرُ: الحُرْمَةُ وَالوَقَارُ يُقَال: لَهُ عِنْدِي قَدْرٌ أَيْ: حُرْمَةٌ وَوَقَار)، ئەمە (المُعْجَم الوَسيط)، هێناویەتی، واتە: (قَدْر)، بە مانای ڕێزو حورمەت و، پێگەو پایە، دەگوترێ: فڵانکەس لە لای من قەدری هەیە، واتە: ڕێزو حورمەت و پێگەی هەیە.

ئنجـا کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ۝١ ﴾، ئێمـە دامانبەزانـدوە (قورئانمـان دابەزانـدوە)، لـە شـەوی قـەدردا، یانـی: لـە شـەوی ئەندازەگیریـی کردنـدا، یاخـود لـە شـەوی پـڕ فـەڕو ڕێـزو حورمـەت و قـەدردا.

ئنجـا وەك پێشـتریش باسـکرد زانایـان دوو بۆچوونیـان هـەن لەبـارەی دابەزینـی قورئانـەوە لـە شـەوی قـەدردا:

یەکەم: ڕای ئیبنو عەبباسە (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: (**أُنْزِلَ القُرآنُ كُلُّهُ جُمْلَةً وَاحِدَةً فِي لَيْلَةِ القَدْرِ فِي رَمَضَانَ إلى السَّمَاءِ الدُّنيا، فَكَانَ اللهُ إِذَا أَرَادَ أَنْ يُحْدِثَ فِي الأَرْضِ شَيْئاً، أَنْزَلَهُ مِنْهُ حَتَّى جَمَعَهُ**) (جامع البيان: ٣٧٨١٩، وقال المحقق: صَحيحٌ على شرط مسلم: ٣٧٨١٩).

واتــە: قورئــان هەمــووی وێکــڕاو تێکــڕا لــە شــەوی قــەدر لــە مانگــی ڕەمەزانــدا (لەلایــەن خــوای پــەروەردگارەوە) بــۆ ئاســمانی نیزیکــتر لــە ئێمــە دابەزێــنراوە، دوایــی خــوا ﷻ هــەر کاتێــك ویســتبی کارێــك لەســەر زەوی بــکات و ئەنجامبــدا، شــتێکی لــێ دابەزانــدوە، تاکــو هەمــوو قورئانــی کۆکردۆتــەوە (لــەدڵ و ســینەی پێغەمبــەردا ﷺو دوای ئەویــش لــە دڵ و ســینەی هاوەڵانیــدا، دوایــی لــە نێــو دوو توێــی دوو بەرگــدا کۆکراوەتــەوە).

دووەم: من ئەو ڕایەی دووەمم زیاتر بە عەقڵ و دڵەوە دەنووسێ، **(الشَّعْبي)** دەڵێ: **(نَزَلَ القُرآنُ كُلُّهُ فِي لَيْلَةِ القَدْر)** **(جامع البيان: ٣٧٨٢٢)**، واتە: قورئان هەمووی لە شەوی قەدردا دابەزیوە، یانی: سەرەتاو دەستپێکی دابەزینی قورئان لە شەوی قەدردا بووە، ئەم دەقەش مورسەلە، واتە: یەکسەر زانایەکی جیلی شوێنکەوتووانی هاوەڵان (تابعين) هێناویەتی، بێ ئەوەی بەرزی بکاتەوە بۆ لای هاوەڵان.

پێــم وایــە ئــەو ڕایــەی دووەم ڕاســترەو، ئــەوی دیکــە نادیــارو پەنهانــەو، پێویســتیی بــە بەڵگەیــەك دەکات، هەرچەنــدە دەگونجــێ عەبدوڵــڵای کــوڕی عەبــاس (خــوا لــە خــۆی و بابــی ڕازی بــێ) ئــەوەی لــە پێغەمبــەری خــواوە ﷺ بیســتبێ، بــەڵام پاڵــی نەداوەتــە لای پێغەمبــەر ﷺو، خــۆی گوتوویــەتی، بــەڵام ڕایەکــەی دی کــە دەســتپێکی دابەزینــی قورئــان لــە مانگــی ڕەمەزانــدا بــووەو لــە شــەوی قــەدردا بــووە، ئــەوە شــتێکی زانــراوو ڕوونــەو ئایەتەکــەی (القــدر)و ئایەتەکــەی (الدخان)یــش: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴿٣﴾ ﴾ **الدخــان**، بــە ئاشــکرا دەیگەیەنــن و دەقــن لەوبــارەوە کــە شــەوی قــەدر کاتــی دەســتپێك و ســەرەتای دابەزینــی قورئانــە.

بڕگەی دووەم: شەوی قەدر چ شەوێکەو لە چ مانگێکدا بووە؟

لە حەوت (٧) خاڵدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە:

١- بێگومان هاتنی وەحیی بۆ پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ، لە چل و یەك (٤١) ەمین، ساڵی تەمەنیدا بووە بە ساڵی مانگیی، کە دەکاتە ساڵی (٦١٠)ی زایینی، چونکە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە ساڵی (٥٧٠)ی زایینی دا لە دایك بووەو، ساڵی (٦١٠)ی زایینی دەستپێکی بۆ هاتنی وەحیی و سەرەتای بوونە پێغەمبەری بووە.

٢- ئەوەش دەقی قورئانە کە دابەزینی قورئان لە مانگی ڕەمەزاندا بووە، خوا ﷻ لە سوورەتی (البَقرة)، ئایەتی (١٨٥)دا دەفەرموێ: ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ﴿١٨٥﴾ ﴾، واتە: مانگی ڕەمەزان کە قورئانی تێدا دابەزێندراوە، ڕێنمایی بۆ خەڵك و بەڵگە ڕۆشنەکان لە ڕێنمایی و لە لێکجیاکردنەوە (ی هەق و ناهەق، حەڵاڵ و حەرام، چاك و خراپ، ڕاست و چەوت).

٣- دەستپێکی هاتنی قورئانیش لە شەودا بووە، بەبەڵگەی ئەو ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (القدر): ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾ ﴾القدر، هەروەها ئایەتەکانی (٣و ٥).

٤- لە سوورەتی (الدخان)دا، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ۚ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴿٣﴾ فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ ﴿٤﴾ أَمْرًا مِّنْ عِندِنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: ئێمە لە شەوێکی بەپیتدا دامانبەزاندوە {واتە: قورئانمان دابەزاندوە، چونکە پێشێ دەفەرموێ: ﴿ حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾ ﴾، واتە: حا میم سوێند بە کتێبی ڕۆشن، [یاخود: ڕۆشنکەرەوە]، ئێمە وریاکەرەوەو ترسێنەرین، هەر کارێکی کار بەجێیانە لەوێدا ڕوون دەکرێتەوە، وەك فەرمانکارێك لەلایەن ئێمەوە، ئێمە خۆمان ڕەوانەکاربووین.

کەواتە: دەستپێکی دابەزینی وەحیی شەو بووە، هەم بەپێی دوو ئایەتەکەی سوورەتی (الدخان): (٣و ٤)، هەم بەپێی ئایەتی یەکەمی سوورەتی (القدر).

٤- ئنجا بە مسۆگەریی شەوی قەدریش لە مانگی ڕەمەزاندایە، چونکە خوا پێشتر دەفەرموێ: ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ ﴿١٨٥﴾ ﴾البقرة، دوایی دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِي لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ﴿١﴾ ﴾القدر، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ ﴿٣﴾ ﴾، کەواتە: ئەو شەوە بەپێزەو، ئەو شەوی قەدرە، لە مانگی ڕەمەزاندایە.

ئنجا ئـەو شـەوی قـەدرەش لـە دە (١٠) شـەوەکانی کۆتایـی مانگـی ڕەمەزاندایـە، بەپێـی فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە دەفەرمـوێ: {**تَحَـرَّوْا لَيْلَـةَ الْقَـدْرِ فِي الوِتْـرِ مِـنَ العَـشْرِ الأَوَاخِـرِ مِـن رَمَضَـانَ**} (**أخرجـه أحمـد: ٢٤٤٨٩، والبخـاري: ١٩١٣، ومسـلم: ١١٦٩، والترمـذي: ٧٩٢، وقـال: حديـث حسـن صحيح**) واتـە: بـۆ شـەوی قـەدر بگەڕێـن لـە دە شـەوە تاکەکانـی کۆتایـی مانگـی ڕەمـەزان.

٥- پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ لەڕۆژی دووشەممەدا لەدایك بووە، هەر لەو ڕۆژەشدا وەحیی بۆ هاتوە، واتە: لە بەیانی شەوەکەیدا، یاخود هەر لە شەوەکەیدا بەبەڵگەی ئەم دەقە:

{**عَـنْ أَبِي قَتَـادَةَ رَضِيَ اللـهُ عَنْـهُ، سُـئِلَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ عَـنْ صَـوْمِ يَـوْمِ الاِثْنَـيْنِ؟ قَـالَ: ذَاكَ يَـوْمٌ وُلِـدْتُ فِيـهِ، وَيَـوْمٌ بُعِثْـتُ أَوْ أُنْـزِلَ عَـلَيَّ فِيـهِ**} (**أخرجـه أحمـد: ٢٢٥٩٤، ومسـلم: ١١٦٢، وأبـو داود: ٢٤٢٦، وابـن حبـان: ٣٦٤٢، والحاكـم: ٤١٧٩، وقـال: صحيـح عـلى شرط الشـيخين، والبيهقـي فِي شـعب الإيمـان: ١٣٨٦**).

واتـە: ئەبـوو قەتـادە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) یەکێکە لـە هـاوەڵان دەڵـێ: پێغەمبەری خـوا ﷺ لـە بـارەی ڕۆژووگرتنـی ڕۆژی دووشـەممەوە پرسـیاری لێکـرا؟ ئەویـش فەرمـووی: ئـەوە ڕۆژێکـە تێیـدا لـە دایـك بـووم و، ڕۆژێکیشـە تێیـدا ڕەوانکـراوم، یاخـود قورئانـم تێیـدا دابەزێنراوەتـە سـەر.

کەواتـە: ئـەو شـەوەی قورئانـی تێدا دابەزیـوەو، بەیانییەکـەی پێغەمبـەری خوا ﷺ گەڕاوەتـەوە بـۆ لای خەدیجـەی خێزانـی و فەرموویەتـی: (**زَمِّلـونِي زَمِّلـوُنِي**)، داملپۆشـن داملپۆشـن، ڕۆژی دووشـەممە بـووە.

٦- بەپێی حیسابە گەردوونییەکان (**الحِسَابَاتُ الفَلَكيَّة**)، دووشەممەکانی ڕەمەزانی ساڵی چل و یەك (٤١)ی تەمەنی پێغەمبەری خواﷺ، واتە: ئەو ساڵەی تێیدا کراوە بە پێغەمبەر، دەکەونە (٧)ی ڕەمەزان و (١٤)ی ڕەمەزان و (٢١)ی ڕەمەزان و (٢٨)ی ڕەمەزان.

ئنجا بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە پێشووەکان کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بۆ شەوی قەدر بگەڕێن لە تاکەکانی دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان دا، کەواتە حەوت و چواردە، کە لە نیوەی یەکەمی مانگی ڕەمەزاندان لێدەچنەدەر، دەمێننەوە، (٢١و ٢٨)، شەوی (٢٨)یشی لێ دەچێتەدەر لەبەر ئەوەی جووتەو، دەمێنێتەوە شەوی (٢١).

٧- کەواتە: شەوی بیست و یەك (٢١)ی ڕەمەزانی چل و یەك (٤١)ەمین ساڵی تەمەنی پێغەمبەری خوادا ﷺ، شەوی دابەزین و دەستپێکی هاتنی وەحیی بووە.

ئەوەی لێرەشدا گوتمان لە کتێبێکی خۆمدا بە ناوی (ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەرس و پەندەکانی)[1] هێناومانە.

بڕگەی سێیەم: ئایا شەوی قەدر بەردەوامە، یان هەر شەوێك بووەو کۆتایی پێهاتوە؟

زانایان لەو بارەوە ڕاجیاییان هەیە، کەمێك گوتوویانە: شەوێك بووەو بڕاوەتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان، ڕای بەردەوامیی ئەو شەوەیان هەیەو گوتوویانە:

شەوی قەدر لە هەموو ساڵەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئێمە لەو بارەوە وەك نموونەیەك لە قسەی ڕوونکەرەوانی قورئان ڕای (**مُحَمَّد الطَّاهر بن عاشور**)، دێنین لە تەفسیرەکەی خۆی (**التَّحرير وَالتَّنْوير**)دا[2]، کە دەقی قسەکانی بە عەرەبیی لەگەڵ تۆزێ کورتکردنەوەدا دێنم و، دوایی دەیکەم بە کوردیی، دەڵێ:

---

(١) بڕوانە: بەرگی یەکەم: لاپەڕە: (١٢٢-١٢٤)، چاپی چوارەم ٢٠٢٢ز.

(٢) ج١٢، الجزء: ٣٠، ص٤٦١.

کـە خوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ ﴾، پاشـان دەفەرموێ: ﴿ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ٤ ﴾، دواتـر دەفەرمـوێ: ﴿ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ٥ ﴾، ئنجا ئاوا ئەنجامگیریی لەو سێ ئایەتە دەکات و دەڵێ:

{مَا يَدُلُّ دَلَالَةً بَيِّنَةً عَلَى أَنَّ اللهَ جَعَلَ مِثْلَ هَذِهِ الفَضِيلَةِ لِكُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ لَيَالِي الأَعْوَامِ تَقَعُ فِي مِثْلِ اللَّيْلَةِ مِنْ شَهْرِ نُزُوْلِ القُرآنِ، كَرَامَةً لِلقُرآنِ، وَلِمَنْ أُنْزِلَ عَلَيْهِ، وَلِلدِّينِ الَّذِي نَزَّلَ فِيهِ، وَلِلأُمَّةِ الَّتِي تَتَّبِعَهُ، وَالتَّعْبِيرُ بِالفِعْلِ المُضَارِعِ بِقَوْلِهِ: (تَنَزَّلُ المَلَائِكَةُ) مُؤْذِنٌ بِأَنَّ هَذَا التَّنَزُّلَ مُتَكَرِّرٌ فِي المُسْتَقْبَلِ بَعْدَ نُزُولِ هَذِهِ السُّورَةِ. لاَ جَرَمَ أَنَّ لَيْلَةَ القَدْرِ الَّتِي ابْتُدِئَ فِيهَا نُزُوْلَ القُرآنِ، قَدِ انْقَضَتْ قَبْلَ أَنْ يَشْعُرَ بِهَا أَحَدٌ عَدَى مُحَمَّدٍ ﷺ، إِذْ كَانَ قَدْ تَحَنَّثَ فِيهَا، وَأُنْزِلَ عَلَيْهِ أَوَّلُ القُرْآنِ آخِرَهَا، وَانْقَلَبَ إِلَى أَهْلِهِ فِي صَبِيحَتِهَا، فَلَوْلاَ إِرَادَةُ التَّعْرِيفِ بِفَضْلِ اللَّيَالِي المُوَافِقَةِ فِي كُلِّ السَّنَواتِ، لاَقْتَصَرَ عَلَى بَيَانِ فَضْلِ تِلْكَ اللَّيْلَةِ الأُولى، وَلَما كَانَتْ حَاجَةٌ إِلَى تَنَزُّلِ المَلَائِكَةِ فِيهَا، وَلاَ إِلَى تَعيينِ مُنْتَهَاهَا}.

(ابن عاشور) دەڵێ: ئەم سێ ڕستە ئایەتە موبارەکە:

یەکەم: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ ﴾، چی بەتۆی زانادوە شەوی قەدر چییە؟

دووەم: ﴿ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ٤ ﴾ کە بە کرداری ئێستاو بەردەوام (مُضارِع)، هێناویەتی (تَنَزَّلُ)، یانی: (تَتَنَزَّلُ)، فریشتەکان و ڕووح لەوێدا (لەو شەوەدا) دادەبەزن بۆ هەرکارێك بە فەرمانی پەروەردگارت.

سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ٥ ﴾، ئەو شەوە هەر خێرو خۆشیی و ئاشتیی و سەلامەتییە تاکو سپێدەی بەیانی، تاکو شەبەقی بەیانی.

زۆر بەڕوونیـی ئـەوە دەگەیەنـن کـە خـوا ﷻ لـە وێنـەی ئـەو شـەوەدا، لـە هەمـوو شـەوەکانی سـاڵاندا، کـە ئـەو شـەوەیان تێـدا دێ، لـە مانگـی (ڕەمـەزان)، دابەزینـی قوڕئانـدا، ئـەو چاکیـی و پلـە بەرزییـە هەیـە، ئەمـەش وەك ڕێزگرتـن لـە

قورئـان، هەروەهـا ڕێزگرتـن لـەو کەسـەی قورئانـی دابەزێندراوەتـە سـەر، هەروەهـا بـۆ ئـەو ئاییـن و بەرنامەیـەش کـە لـە قورئانـدا دابەزێـنراوە، (کـە ئیسـلامە)و، بـۆ ئـەو ئوممەتـەش کـە شـوێن ئـەو قورئانـە دەکـەوێ، [کـە ئوممەتـی ئیسـلامەو ئوممەتـی پێغەمبـەر موحەممـەدە ﷺ]، دەربڕینـی ئـەوەش بـە کـرداری ئێسـتا بـە (فعـل المضـارع)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴿٤﴾ ﴾، گەیەنـەری ئەوەیـە کـە ئـەو دابەزینـەی فریشـتەکان، دووبـارە دەبێتـەوە لـە داهاتـوودا، دوای دابەزینـی ئـەو سـوورەتە موبارەکـەش.

بێگومـان شـەوی قـەدر کـە دابەزێنرانـی قورئانـی تێـدا دەسـتپێکراوە، تێپەڕیـوە، بـەر لـەوەی هیچکـەس هەسـتی پـێ بـکات، جگـە لـە موحەممـەد ﷺ، کـە لـەو شـەوەدا خواپەرستیی کـردوە لـە ئەشـکەوتی حیـراداو، سـەرەتای قورئانـی لـە کۆتایـی ئـەو شـەوەدا دابەزێنرایـە سـەرو، لـە بەیانـی ئـەو شـەوەدا گەڕایـەوە بـۆ لای خێزانـی، ئنجـا ئەگـەر مەبەسـت ئـەوە نەبووایـە کـە چاکیـی و گەورەیـی ئـەو شـەوانە لـە هەمـوو ساڵەکاندایە کـە دەکەونـە بەرانبـەر ئـەو شـەوە، ئـەو کاتـە پێویسـتیی بـەوە نەدەکـرد فریشـتەکانی تێـدا دابـەزن، هەروەهـا کۆتاییەکـەی دیاریـی بکـرێ.

بەڕاسـتیی بەڵگەکەشـی بەهێـزەو، بێگومـان تێوەڕامانـی سـوورەتی (القَـدر)، وەك (ابـن عاشـور) کردوویەتـی، زۆر جـوان پێـمان دەڵـێ: کـە ئـەوە باسـی ڕابـردوو و، ئێسـتاو، داهاتووشـە، نـەك باسـی شـتێکی ڕابردووبـێ و بڕابێتـەوە.

برگەی چوارەم: حیکمەتی شێردرانەوەی شەوی قەدر چییە؟

زانایـان لـەو بـارەوە زۆر قسـەیان کـردوە، چونکـە شـەوی قـەدر تەنانـەت لـە پێغەمبـەری خاتەمیـش ﷺ پەنهـان بـووەو، لـەو بـارەوەش فەرمـوودە زۆرن، لـە یەکێـك لـە فەرمایشـتەکاندا هاتـوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: زانیـم شـەوی قـەدر کامەیـە، بـەڵام دوایـی لـە بیـرم چـۆوە، یاخـود دوو پیـاو شـەڕە قسـەیان دەکـرد بەهـۆی ئـەوەوە لەبیـرم چـۆوە[1]، یـان هۆکارێکـی دیکـەی باسـکرد، کـە بـووە

---

(١) [عـن أَبِي سَـعِيدٍ رضي اللـه عنـه، قَـالَ: اعْتَكَفْنَـا مَـعَ النَّبِـيِّ ﷺ الْعَشْرَ الأَوْسَـطَ مِـنْ رَمَضَـانَ،

هـۆی لەبیـر چوونـەوەی، گرنـگ ئەوەیـە پێغەمبەریـش ﷺ دڵنیـا نەبووە کام شـەوەیە.

بەڕای زۆربەی زانایان و منیش ئەوەم پێ ڕاستە:

حیکمەتەکـەی بریتیـە لـە هەوڵدانـی مسـوڵمانان بـۆ خواپەرسـتیی بـاش لـە شـەوانی زۆردا، چونکـە هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن: بـە مسـۆگەریی و دڵنیایـی شـەوی قـەدر لـە هەمـوو مانگـی ڕەمەزاندایـە، بۆیـە هەندێکیـان هـەر لـە سـەرەتای ڕەمەزانـەوە خواپەرسـتیی جیددیـی و چـاك دەکـەن، هەتـا کۆتایـی کـە هـەر چـۆن بـێ شـەوی قـەدر هـەر دەگرێتـەوە، بـەڵام زۆربـەی هـەرە زۆریـان گوتوویانـە: لـە دە شـەوەکانی کۆتایـی مانگـی ڕەمـەزان دایـەو، لەوانیـش لـە تاکەکاندایـە، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی دیتنـی مانگـی یـەك شـەوە، ڕاجیایـی تێـدا دەبـێ، بۆیـە ئەگـەر مـرۆڤ بیەوێ بەمسـۆگەریی لـە دە شـەوەکانی کۆتایـی دا شـەوی قـەدر (لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ) ببینـێ و، بزانێ و خواپەرسـتیی باشـتری ئـەو شـەوەی بـە نسـیب بـێ، دەبـێ لەهـەر دە شـەوەکان دا بـە جیددیـی خواپەرسـتیی بـکات، ئەوکاتـەش هەرچـۆن بـێ، ئـەو شـەوەی هـەر بـە قسـمەت دەبـێ.

ئنجـا وەك چـۆن خـوا ﷻ ئـەو سـەعاتەی لـە ڕۆژی جومعـەدا، پاڕانـەوەی تێـدا گیرا دەکات، شـاردوویەتەوە، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو ڕۆژەکـەدا مسـوڵمانان بپاڕێنـەوە لـە خـوای بەخشـەرو پـەروەردگارو، بـە جیددیـی داوای لـێ بکـەن و، ئەگـەر لـە هەمـوو سـەعاتەکانی ڕۆژی جومعـەدا داوا لـە خـوا بکـرێ، هەرچـۆن بـێ ئـەو سـەعاتە هـەر دەگرێتەوە.

فَخَـرَجَ صَبِيحَـةَ عِشْرِيـنَ، فَخَطَبَنـا، وَقَـالَ: إِنِّي أُرِيـتُ لَيْلَـةَ الْقَـدْرِ ثُـمَّ أُنْسِـيتُهَا أَوْ نُسِّـيتُهَا، فَالْتَمِسُـوهَا فِي الْعَـشْرِ الأَوَاخِـرِ فِي الْوِتْـرِ، وَإِنِّي رَأَيْـتُ أَنِّي أَسْـجُدُ فِي مَـاءٍ وَطِـينٍ، فَمَـنْ كَانَ اعْتَكَـفَ مَـعَ رَسُـولِ اللـهِ ﷺ، فَلْيَرْجِـعْ فَرَجَعْنَـا وَمَـا نَـرَى فِي السَّـمَاءِ قَزَعَـةً؛ فَجَـاءَتْ سَـحَابَةٌ فَمَطَـرَتْ حَتَّـى سَـالَ سَـقْفُ المَسْـجِدِ، وَكَانَ مِـنْ جَرِيـدِ النَّخْـلِ، وَأُقِيمَـتِ الصَّلاَةُ، فَرَأَيْـتُ رَسُـولَ اللـهِ ﷺ يَسْـجُدُ فِي الْـمَاءِ وَالطِّينِ، حَتَّـى رَأَيْـتُ أَثَـرَ الطِّـينِ فِي جَبْهَتِـهِ} (أخرجـه البخـاري برقـم: ١٩٣١).

بڕگـەی پێنجـەم: ئایـا هـەر کـەس پێـی وابـوو ئـەو شـەوە شـەوی قـەدرە، چـی بڵـێ باشـەو چـۆن بپاڕێتـەوە؟

لەو بارەشەوە ئەم دەقە دێنین:

{عَـنْ عَائِشَـةَ ﵂، أَنَّهَـا قَالَـتْ: يَـا رَسُـول اللَّـهِ ﷺ أَرَأَيْـتَ إِنْ وَافَقْـتُ لَيْلَـةَ الْقَـدْرِ، مَـا أَدْعُـو؟ قَـالَ: تَقُولِـينَ، اللَّهُـمَّ إِنَّـكَ عَفُـوٌّ تُحِـبُّ الْعَفْـوَ فَاعْـفُ عَنِّـي} (أخرجـه الترمـذي: ٣٥١٣، وقـال: حسـن صحيـح، وابـن ماجـه: ٣٨٥٠، والحاكـم: ١٩٤٢).

واتـە: عائیشـە ﵂ دەڵـێ: گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! ئەگەر شـەوی قەدرم بینـی، چ دوعایـەك بکـەم؟ ئەویـش فەرمـووی: بڵـێ: ئـەی خوایـە! تـۆ لێبـوردەی و لێبوردنـت خۆشـدەوێ، لێـم ببـوورەو چاوپۆشـییم لـێ بکـە.

بڕگەی شەشەم: گەورەیی شەوی قەدر بۆ خواپەرستیی:

لەوبـارەوەش بەڵگـە زۆرن، بـەڵام ئێمـە بـەم دەقـە وازدێنیـن، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: {مَـنْ قَـامَ لَيْلَـةَ الْقَـدْرِ إِيمَانـاً وَاحْتِسَـاباً، غُفِـرَ لَـهُ مَـا تَقَـدَّمَ مِـنْ ذَنْبِـهِ} (أخرجـه أحمـد: ٨٥٥٩، والبخـاري: ١٨٠٢، وأبـو داود: ١٣٧٢، والترمـذي: ٦٨٣، والنسـائي: ٥٠٢٧، وابـن حبـان: ٣٦٨٢. وأخرجـه أيضًـا: مسـلم: ٧٦٠).

واتــە: هــەر کەسـێك لــە شــەوی قــەدردا هەڵسـێتەوەو خواپەرسـتیی بــکات بەبـڕوا پێبوونـەوەو بـە چاوەڕێکـردنی پاداشـتەوە لـە لای خـوا، (بەحیسـاب کردنـی پاداشـتەکەی لـەلای خـوا)، لـە هەرچـی گوناهـی ڕابردوویەتـی لێـی دەبـووردرێ، (و خـوا پاکـی دەکاتـەوە).

بڕگەی حەوتەم: ئایا دەتوانین بە دڵنیایی بڵێین: شەوی قەدر کامەیە؟

هەرچەنـدە باسـمانکرد، کـە ئـەو شـەوی قـەدرەی دەکاتـە بیسـت و یـەك (٢١)ی ڕەمـەزانی چـل و یەکەمیـن سـاڵی تەمـەنی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، کـە ڕۆژی دووشـەممە دەگرێتـەوە، ئـەو ڕۆژەی تێیـدا لەدایـك بـووە، بەدەقـی فەرمـوودەی خـۆی و، هـەر

لەو شەوو ڕۆژەشدا وەحیی و سرووشی بۆ هاتوە بۆ یەکەمجار، وەك دەستپێکی دابەزینی قورئان ئەو شەوە بووە (٢١)ی مانگ ڕەمەزان بەڕای زۆربەی زانایان.

بەڵام ئایا بۆ ئێمەومانان شەوی قەدر چ شەوێکە؟ ئایا دەتوانین دیاریی بکەین؟ لەو بارەوە ئێمە سێ دەقی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ دێنین، کە تیشکی زیاترمان بۆ دەخەنە سەر دیارییکردنی ئەو شەوەو دواییش لەوبارەوە ڕای خۆمان دێنین:

١- پێغەمبەری کۆتایی ﷺ فەرموویەتی: {**الْتَمِسُوهَا فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مِن رَمَضَانَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي تَاسِعَةٍ تَبْقَى، فِي سَابِعَةٍ تَبْقَى، فِي خَامِسَةٍ تَبْقَى**} (**أخرجه أحمد: ٢٥٢٠، والبخاري: ١٩١٧، وأبو داود: ١٣٨١**). واتە: بۆی بگەڕێن بۆ شەوی قەدر، لە دە شەوەکانی کۆتایی ڕەمەزاندا لە شەوێکدا نۆ شەو ماون، (واتە: شەوی بیست و یەك)و، لە شەوێکدا حەوت شەو ماون، (شەوی بیست و سێ)و، لە شەوێکدا پێنج شەو ماون، (کە دەکاتە شەوی بیست و پێنج)، واتە: (٢١ و ٢٣ و ٢٥).

٢- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**مَنْ كَانَ مُتَحَرِّيَهَا فَلْيَتَحَرَّهَا لَيْلَةَ سَبْعٍ وَعِشْرِينَ**} (**أخرجه مسلم: ١١٦٥**)، واتە: هەر کەسێك لێی دەخەفتێ و، دەگەڕێ بۆ شەوی قەدر، با لە شەوی بیست و حەوتدا بۆی بخەفتێ، واتە: با بخەفتێ شەوی بیست و حەوت بێ.

هەڵبەتە زۆرێك لە زانایان ڕایان وابووە شەو قەدر شەوی بیست و حەوت (٢٧)ە، بەڵام شەوەکانی دیکەش هەر ڕای زانایانیان لەسەرن.

٣- پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەوەی یەکێك لە هاوەڵان لە شەوی بیست و سێی ڕەمەزاندا، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! پێم وابوو ئەم شەو (واتە: شەوی بیست و سێ) شەوی قەدر بوو، هەروەها ژمارەیەك لە هاوەڵان وایان پێگوتوە، بۆیە ئەویش فەرمووی: { **أَرَى رُؤْيَاكُمْ قَدْ تَوَاطَأَتْ عَلَى ثَلَاثٍ وَعِشْرِين فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يَقُومَ مِنَ الشَّهْرِ شَيْئاً فَلْيَقُم لَيْلَة ثَلَاث وَعِشْرِين**} (**أخرجه أحمد: ٤٥٤٧، والبخاري: ١١٠٥، ومسلم: ١١٦٥**)، واتە: وەك دەبینم خەونەکانتان لەسەر شەوی بیست و سێ دەکەونەوە سەر یەك، بۆیە هەر

کەسێك دەیەوێ لەو مانگەدا لە شەوێکیدا هەڵسێتەوەو خواپەرستیی بکات، با شەوی بیست و سێ هەڵسێتەوە.

هەڵبەتـە فەرمـوودەی دیکـەی پێغەمبەریـش ﷺ هەیـە باسـی شـەوی بیسـت و پێنج دەکات و، فەرمـوودەی دیکـە هەیـە باسـی شـەوی بیسـت و چواریـش، دەکات کـە تاکیـش نیـە.

هەروەهـا لـە دەقێکـدا کـە لـە صەحیحـی موسـلیمدا هاتـوە یەکێـك لـە هـاوەڵان دەڵـێ: سـوێندی لەسـەر دەخـۆم: شـەوی قـەدر شـەوی بیسـت و حەوتـە، بـەڵام زانایـان بـە گشـتیی گوتوویانـە: دیـار نیـە و، لـە نێـوان بیسـت و یـەك تاکـو بیسـت و نۆیـە لـە دە شـەوە تاکەکانـدا، لـە دە شـەوی کۆتایـی هـەر مانگێکـی ڕەمەزانـدا.

ئنجا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش:

بێگومـان خڕۆکـەی زەوی کـە ئێمـە لەسـەرینی، هەمیشـە نیـوەی شـەوەو نیـوەی ڕۆژە، بـۆ وێنـە ئـەو کاتـەی لێـرە -لـەم ناوچانـەی ئێمە کـە پێیـان دەگوتـرێ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـە ڕووی جوگرافییـەوە- ئەوکاتـەی لێـرە شـەوە، لـە ئەمریـکاو ئوسـتوڕالْیا، ڕۆژە، ئنجـا لـە کاتێکـدا شـەوی قـەدرە لـە لای ئێمـە، ئنجـا ئەگـەر شـەوی (٢١)ە، ئەگـەر (٢٣)یـە، ئەگـەر (٢٥)ە، ئەگـەر (٢٧)ە، ئەگـەر (٢٩)یـە، لـەلای ئـەوان ڕۆژە، ئایـا ئـەوان چـۆن شـەوی قەدریـان دەبـێ، هەروەهـا کاتێـك لـە لای ئـەوان شـەوە، لـە لای ئێمـە بۆتـە ڕۆژ؟

وەڵامەکـەی ئەوەیـە کـە شـەوی قـەدر لـە مـاوەی بیسـت و چـوار (٢٤) سـەعاتدا هەمـوو گـۆی زەوی دەکات، چونکـە خڕۆکـەی زەوی لـە مـاوەی (٢٤) سـەعاتدا، شـەو بەسـەر هەموویـدا دابـەش دەبـێ، ئـەو شـەوی قـەدرەی لـە لای ئێمـەوە دەسـت پێـدەکات و، لـە لای ئوسـتوڕالیی و ئەمریکییـەکان کۆتایـی دێ، هـەر هەمـان شـەوە، چونکـە بێگومـان لـە هـەر (٢٤) سـەعاتدا گـۆی زەوی، خڕۆکـەی زەوی، نیـوەی دەبێتـە شـەوو، نیـوەی دەبێتـە ڕۆژ، یانـی: ئـەو شـوێنەی ڕۆژ بـووە دەبێتـە شـەوو، ئـەو

شـوێنەی شـەو بـووە دەبێتـە ڕۆژ، چونکـە وەك خـوا فەرموویەتـی: ﴿ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِ ۝٥ ﴾الزمـر، واتـە: شـەوگار بەدەوری ڕۆژگاردا دەپێچـێ و، ڕۆژگاریـش بـەدەوری شـەوگاردا دەپێچـێ.

ئەمـەش ڕێـك باسـی ئەوەیـە كـە زەوی خڕۆكەیـی هەڵكەوتـووەو، شـەو بـەو شـوێنەدا دەپێچـرێ كـە پێشـێ ڕۆژی لێبـووە، هەروەهـا دوایـی ڕۆژیـش دێتـە ئـەو شـوێنەی پێشـتر شـەوی لێبـووە، شـەوو ڕۆژ بـەردەوام بـەدوای یـەك دەكـەون، وەك خـوای پەنهانـزان لـە سـوورەتی (**الأعـراف**)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا ۝٥٤ ﴾ واتـە: بـە شـەوگار ڕۆژگار دادەپۆشـێ بەخێرایـی شـوێنی دەكـەوێ، زۆرجاریـش باسـمانكردوە، ئێسـتاش زانسـتی گەردووناسـیی لـەلای بۆتـە شـتێكی زۆر ڕوون كـە زەوی لـە هـەر خولەكێكـدا دەوری (٣٠كـم) بـە دەوری خۆیـدا دەبـڕێ، واتـە: لـە سـووڕانەوەی بـە دەوری خۆیـدا لـە هـەر خولەكێكـدا (٣٠كـم) دەڕوا.

بـەڵام لـە سـووڕانەوەی بەدەوری خـۆردا، لەهـەر چركەیەكـدا (٣٠كـم) دەڕوا، واتە: خێرایـی سـووڕانەوەی زەوی بـەدەوری خـۆردا، شەسـت (٦٠) هێنـدەی سـووڕانەوەی بـەدەوری خۆیدایە.

كەواتـە: شـەوو ڕۆژ بـەردەوام بـەدوای یەكدادێـن و، ئـەو كاتـەی لێـرە شـەوە، لەشـوێنێكی دیكـە ڕۆژە، بـەڵام لـە مـاوەی بیسـت و چـوار(٢٤) سـەعاتدا، شـەوگار هەمـوو گـۆی زەوی دادەپۆشـێ و، ڕۆژگاریـش بەهەمـان شـێوە.

كۆتا قسەش كە لەوبارەوە بەباشی دەزانم بیڵێم ئەوەیە:

بێگومـان خـوا ﷻ قورئانـی دابەزانـدووەو، كۆتایـی پێغەمبـەران موحەممـەد ﷺو سـەروەری پێغەمبەرانـی نـاردوە بـۆ تێكـڕای مرۆڤایەتیـی لـە هەمـوو سـەر خڕۆكـەی زەوی، ئنجـا لـە هەمـوو كاتـەكانی شـەوگارو ڕۆژگاردا، دەبـێ شـوێن قورئـان بكەویـن و، دوای پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بكەویـن، بـەڵام خـوای پـەروەردگار هەندێـك كات و هەندێـك شـوێنی كـردوون بەوێسـتگەیەكی تایبـەت، بـۆ وێنـە:

لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە نوێژێك لە مزگەوتی حەرامی دەوری کەعبە بە سەد هەزار (١٠٠٠٠٠) نوێژە، واتە: پاداشتەکەی و خێرەکەی زیاترە لە هی (١٠٠٠٠٠) نوێژ.

هەروەها نوێژێك لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ بە هەزار (١٠٠٠) نوێژە، واتە: پاداشتەکەی بەقەدەر هی (١٠٠٠) نوێژەو، نوێژێك لە مزگەوتی ئەقصا لە قودس بە پێنجسەد (٥٠٠) نوێژە[1].

هەڵبەتە مانای وانیە کە تۆ نوێژێکت لە مزگەوتی حەرام دا کرد، کەلێنی (١٠٠٠٠٠) نوێژت بۆ بگرێ، نا، بەڵام پاداشتی بە ئەندازەی هی (١٠٠٠٠٠)، نوێژە، هی مزگەوتی پێغەمبەریش پاداشتەکەی بە ئەندازەی (١٠٠٠)و، مزگەوتی ئەقصاش بە ئەندازەی هی (٥٠٠) نوێژە، ئەمە لەڕووی جوگرافیی و شوێنەوە.

لە ڕووی کاتەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی ڕۆژی جومعەوە فەرموویەتی: گەورەی ڕۆژەکانی هەفتەیە[2].

لەبارەی مانگی ڕەمەزانەوەش دیارە کە گەورەی مانگەکانی ساڵە.

لە نێو شەوەکانیش دا، ئەو دە شەوەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان، گەورەترو پاداشتدارترن.

هەروەها لە ڕۆژەکانی ساڵ دا دە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی (**ذي الحِجّة**).

هەروەها ڕۆژی وەستان لە عەرەفات لە حەج دا ڕۆژێکی یەکجار بەرزو ناوازەیە.

---

(١) {صلاة في المسجد الحرام مائة ألف صلاة وصلاة، في مسجدي ألف صلاة، وصلاة في بيت المقدس خمسمائة صلاة} أخرجه أحمد: ١٤٧٣٥، وابن ماجه: ١٤٠٦، قال البوصيري: هذا إسناد صحيح رجاله ثقات، والطحاوي (١٢٧/٣)، شطر الأول رواه البخاري في صحيحه { صَلاَةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِيمَا سِوَاهُ، إِلاَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ } برقم: ١١٣٣.

(٢) { أفضل الأيام عند الله يوم الجمعة } أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٣٧٦٠، قال المناوي (٢٨/٢): إسناده حسن.

ئەمانە چەند وێستگەیەکی تایبەتن، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو وێستگانەدا زیاتر خۆی ماندوو بکات و زیاتر هەوڵبدات.

ئنجا خواش ﷻ زاناو کاربەجێیە، هەندێك شوێن و هەندێك کات و، هەندێك بۆنەی زیاتر گرنگیی پێداون، کە ئەگەر مرۆڤ لەو کات و بۆنەو شوێنانەدا زیاتر هەوڵبدات، پاداشتی زیاتری هەیە، یەکێك لەوانەش بریتیە لە شەوی قەدرو، شەوی قەدریش لە مانگی ڕەمەزاندایە بە مسۆگەریی و، بەڕای زۆر زاڵتریش لە دە شەوەکانی کۆتایی دایەو، لە دە شەوەکانیشدا لە تاکەکان دایە.

کەواتە: دەبێ وریابین! خواپەرستیی و دینداریی و مسوڵمانەتیی، هەمووی خوڵاسە نەکەینەوە لە مانگی ڕەمەزاندا، ئنجا لەوێشدا بگەڕێین بۆ شەوی قەدر! نا مانگی ڕەمەزان هەمووی بەڕێزە، دەبێ هەمووی بە خواپەرستیی ئاوەدان بکرێتەوە، دەبێ لە هەموویدا بەڕۆژووبین و، لە هەموو شەوەکانیدا شەو نوێژ بکەین، تەڕاویح بکەین، هەروەها لە مانگەکانی ساڵدا هەموویان ڕۆژەکان و شەوەکان تێکڕا، بەڵام هەندێك کات و هەندێك شوێن و، هەندێك بۆنە، خوای پەروەردگار قەدری زیاتری پێداون و، پاداشتی کردەوەکان لەو شەوو ڕۆژانەدا زیاترە، هەروەك لەکاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (الفَجر)دا، کە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْفَجْرِ ۝١ وَلَيَالٍ عَشْرٍ ۝٢ ﴾، سوێند بەکاتی بەرەبەیان و، سوێند بە دە شەوەکان، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەرمان ﷺ هێنا، کە فەرموویەتی: {**مَا مِنْ أَيَّامٍ الْعَمَلُ الصَّالِحُ فِيهِنَّ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ هَذِهِ الْأَيَّامِ الْعَشْرِ**} **(أخرجه الترمذي: ٧٥٧، وقال: حسن صحيح غريب، وابن ماجه: ١٧٢٧، وابن حبان: ٣٢٤، وابن خزيمة: ٢٨٦٥، وغيرهم).**

واتە: هیچ ڕۆژانێك نین کردەوەی باش تێیاندا لە لای خوا خۆشەویستتر بێ لە دە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی **(ذي الحِجَّة)**.

ئەویش بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لەو کاتانەدا، زیاتر هەوڵبدات و زیاتر خۆی بە چاکەو خواپەرستییەوە خەریك بکات، نەك تەنیا دینداریی و مسوڵمانەتیی

لەو شەوو ڕۆژانەدا، یاخود لەو کات و بۆنانەدا ببینێ، چونکە ئیسلام بەرنامەی هەموو کات و تێکڕای شەوو ڕۆژەکانەو، هی هەموو شوێنەکانە، نەك تەنیا هی بۆنەو موناسەبەکان و چەند کات و شوێنێکی تایبەت و دیارییکراو.

ڕای بەندە لە بارەی شەوی قەدرەوە:

پێم وایە دەگونجێ شەوی قەدر لە یەك شەوی تایبەتدا نەبێ، لە دە شەوەکانی کۆتایی و لە تاکەکان یش، بەڵکو دەگونجێساڵێکیان بکەوێتە شەوی بیست و یەك (٢١)و، ساڵەکانی دیکەش شەوەکانی:

(٢٣ و ٢٥ و ٢٧)، دەشگونجێ -بەپێی هەندێ لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ- بشکەوێتە شەوە جووتەکانیشەوە، چونکە لە فەرمایشتێکدا هاتوە کە فەرموویەتی لە شەوی بیست و چوار (٢٤)دا یە، بەڵام ڕواڵەتی فەرموودەکان زیاتر ئەوە دەگەیەنێ کە لە تاکەکانی دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندایەو، ڕەنگە لەو دە شەوانەشدا بێت و بچێ، زانیاریی ئەوەش تەنیا لە لای خوای زاناو شارەزایە و، تەنانەت پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ لێی دڵنیا نەبووە، بەڵێ، پێشانی دراوە، بەڵام دوایی لەبیری چۆتەوە، بۆ ئەوەی بۆ ئۆممەتەکەشی هەموو شەوەکان، شەوی هەوڵ و تێکۆشان و خۆ تێدا ماندووکردن بین.

لێرەش دا کۆتایی بەم کورتە باسەمان و کۆتایی بە تەفسیرکردنی سوورەتی (القَدر)یش دێنین.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی یارمەتییمان بدات، کە مانگی ڕەمەزان بە گشتیی و، بە گشتییتر هەموو مانگەکان و، هەموو شەوو ڕۆژەکانی ساڵ، ئاوەدان بکەینەوە، بە خواپەرستیی، بە تاعەت و بۆ خوا صوڵحان، تاکو کە دەچینەوە خزمەت خوا، بەدەستی پڕو بە توێشووی چاك بچینەوە خزمەتی، هەروەها بەسەری بەرزو ڕووی گەشەوە بچینەوە خزمەت خۆی و پێغەمبەرەکەی ﷺ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

البَيِّنَةِ

دەستپێك

بەڕێــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١٨)ی مانگـی (ذي الحجـة) {واتـە: مانگـی (١٢)}ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر: (٨)ی (٨)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی زایینـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە ڕوونکردنـەوەی چەمـك و واتـای ئایەتـە بـە پێـزەکانی سـووڕەتی (البَيِّنَـة)، سـەرەتاش لـە حـەوت بڕگـەدا پێناسـەی دەکەیـن:

پێناسەی سووڕەتی (البينة)و بابەتەکانی

١)- ناوی ئەم سووڕەتە:

نـاوی باوتـری ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە بریتیـە لـە (سُـورَة البَيِّنَـة)، بـەڵام وێـڕای ئـەم نـاوە کـە لـە هەموویـان باوتـرە، پێنـج نـاوی دیکـەشی بـۆ بەکارهێـنراون:

١- (سُورَةُ لَمْ يَكُن).
٢- (سُورَةُ القَيِّمَة).
٣- (سُورَةُ أَهْلِ الكِتاب).
٤- (سُورَةُ البرِيَّة).
٥- (سُورَةُ الإنْفِكَاك).

٢)- کات و شوێنی دابەزینی:

ڕاجیایـی زۆر لـەو بـارەوە هەیـە، بەشـێك لـە زانایـان گوتوویانـە: زۆربـەی زانایـان گوتوویانـە: ئـەم سـووڕەتە مەدینەییـە، لـە بەرانبەریشـدا بەشـێکی دیکـە گوتوویانـە:

زۆربـەی زانایـان گوتوویانـە: ئـەم سـوورەتە مەککەیـە، بـەڵام ڕای مەدینەیـی بـوونی بەهێزتـرە، لـەو بارەشـەوە ئـەم دەقـە هەیـە: (عَـنْ عَبْـدِ اللهِ بـنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَـال: نَزَلَتْ سُورَةُ لَـمْ يَكُـنْ بِالـمَدينَة) (أخرجه السيوطي في الـدرّ المَنثور: ج٨، ص٥٨٥، وَنَسَبَهُ لابْـنِ مَرْدَوَيـه، وَقَـال: وَأَخْـرَجَ ابـن مَرْدَوَيـه عَـن عائِشَـةَ رضي اللـه عنهـا، قاَلـت: نَزَلَـتْ سُـورةُ (لَمۡ يَكُنِ)، بِمكَّـة).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﷺ گوتوویـەتی: ئـەم سـوورەتە لـە مەدینـە دابەزیـوە، (ابـن مَرْدَوَيـه) گێڕدراوەیەکیـشی لـە دایکـمان عائیشـەوە (خـوا لێـی ڕای بـێ) هێنـاوە گوتوویـەتی: ئـەم سـوورەتە لـە مەککـە دابەزیـوە.

٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەفدا و دابەزین دا:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە موصحـەف دا ژمـارە (٩٨)ەو، لـە دابەزینیشـدا ژمـارە (١٠١)ە، پێـش سـوورەتی (الحَشْر) و دوای سـوورەتی (الطَّلاق) دابەزیـوە، واتـە: ئـەم سـوورەتە دوای جەنگـی بەنـوو نەزیـر دابەزیـوە، ئەوانیـش تیرەیـەك بـوون لـە جوولەکـەکان لـە دەوروبـەری مەدینـەو، دوای ئـەو جەنگـەش سـەرەنجام بەنـوو نەزیـر وەدەرنـران، چونکـە خـاوەنی غـەدرو پەیمانشـکێنیی بـوون، ئەویـش لـە سـاڵی چوارەمـی کۆچییـدا بـووە، مانـای وایـە ئـەم سـوورەتە موبارەکـە یـان لـە کۆتایی سـاڵی سـێیەم، یاخـود لـە سـەرەتای سـاڵی چوارەمـی کۆچییـدا دابەزیـوە.

٤)- ژمارەی ئایەتەکانی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان ئایەتـەکانی ئـەم سـوورەتەیان بـە هەشـت (٨) ئایەت دانـاون، بـەڵام زانایـانی بەصـرا بـە (٩) ئایەتیـان دانـاون و، زیاتریـش ژمـارە هەشـت تەبەنیـی کـراوە.

٥)- نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە موبارەکە باسی بێبڕوایان دەکات، هەم لە خاوەن کتێبان، کە کتێبی خوایی و ئاسمانییان پێدراوەو، جوولەکە و نەصرانییەکان لە پێشەوەیانن، هەروەها صابیئەو مەجووس و، هەموو ئەوانەی لافی ئەوە لێدەدەن کتێبی ئاسمانییان لەبەر دەست دایە، ئەوانیش هەر بە خاوەن کتێب دادەنرێن، هەروەها هاوبەشدانەران، چ خاوەن کتێبەکان، چ هاوبەش دانەران هەموویان بێبڕوابوون و، بەبێ هاتنی بەڵگەی ڕۆشن، کە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بووە، دەستبەرداری ئەوە نەدەبوون کە لەسەری بوون، لە بتپەرستیی، بە نسبەت هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانەوەو، لە ئایینی تێکدراو شێوێنراوی خۆیان، بەنسبەت خاوەن کتێبەکانەوە، کەچی دوای هاتن و ناسینی واتە: هاتنی بەڵگەی ڕۆشن کە موحەممەدە ﷺو، پێ ئاشنا بوونیشی، کتێب پێدراوەکان لە دەوری پێغەمبەری خاتەم ﷺ پرژان، جگە لە کەمێکیان، هەرچەندە پێغەمبەری خاتەم ﷺ جگە لە بە ساغیی خواپەرستن و، نوێژ ئەنجامدان و زەکاتدان و، بە پاکیی و بەساغیی بەرەو لای خواو هەق گەڕانەوە، هیچ شتێکی دیکەی پێ نەدەگوتن، سەرەنجامی بێبڕوایانیش بە هەردوو جۆرەکانیانەوە، ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش، دۆزەخەو، ئەوان خراپترین دروستکراوی خوان، بڕوادارانیش جێیان باخە هەمیشەییەکانە، کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، ئەوانیش باشترین دروستکراوی خوان، خوا لێیان ڕازییەو ڕازییشیان دەکات.

٦)- تایبەتمەندییەکانی:

چوار تایبەتمەندییمان لەم سوورەتەدا ڕەچاو کردوون:

١- باسکردنی دەستبەردار نەبوونی بێبڕوایان لە ڕێچکەو بەرنامەکانیان، بەبێ هاتنی بەڵگەی ڕۆشن: ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ ﴾.

٢- دوای هاتنی بەڵگەی ڕۆشنیش، پەرتەوازە بوونیان: ﴿ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ۝٤ ﴾.

٣- بە خراپترین دروستکراودانانی بێبڕوایان و، بە باشترین دانانی بڕواداران: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٧ ﴾.

٤- چەند وشەو تەعبیرێك -كە بەپێی ئەوەی دێتەوە یادم- تەنیا لەم سوورەتە موبارەكەدا هاتوون:

١- ﴿ مُنفَكِّينَ ﴾، واز لێهێنەرو دەستبەرداربووان.

٢- ﴿ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ۝٢ ﴾، پەڕە پاككراوەكان.

٣- ﴿ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ۝٣ ﴾، نووسراوە ڕێك و ڕاستەكانیانلۆوڵ تێدان.

٤- ﴿ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ۝٥ ﴾، ئایینی ئۆممەتێك و میللەتێكی ڕێك و ڕاست.

٥- ﴿ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٦ ﴾، خراپترینی دروستكراوان.

٦- ﴿ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٧ ﴾، چاكترینی دروستكراوان.

٧)- دابەشكردنی ئایەتەكانی ئەم سوورەتە:

ئێمە كۆی هەشت ئایەتەكەی ئەم سوورەتە موبارەكە، دەكەینە یەك دەرس، لەبەر ئەوەی هەموویان پێكەوە پەیوەستن و، هەمووشیان لە بارەی بابەتێكەوە دەدوێن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە کـۆی هەشـت ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ ئایەتەکانـی: (١ - ٨)، خـوا ﷻ لـەو هەشـت ئایەتـەدا سـەرەتا ڕایدەگەیەنـێ: ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ ﴾، ئەوانـەی بێبڕوابـوون لەوانـەی خـاوەن کتێـبن و، لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانیـش، دەسـتبەردار نەدەبـوون، واتـە: دەسـتبەرداری ئـەوە نەدەبـوون، کـە لەسـەری بـوون، لـە پابەندیـی بـە ئایینـە شـێوێنراوەکانی خۆیـان، بەنسـبەت خـاوەن کتێبانـەوەو، لـە بتپەرسـتیی و هاوبـەش بـۆ خـوا پەیداکـردن، بـە نسـبەت هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـەوە، دەسـتبەرداری ئـەوە نەدەبـوون، (حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ)، تاکـو بەڵگەیـەکی ڕوون و ئاشـکرایان بـۆ دێ، دوای بەڵگـە ڕوون و ئاشـکرایەکەش بـەوە تەفسیر دەکات، دەفەرمـوێ: (رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿٢﴾)، ڕەوانەکراوێـك لـە خـواوە کـە پـەڕە پاککـراوەکان دەخوێنێتـەوە.

چییـان تێدایـە؟ (فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿٣﴾)، چەنـد نووسراوێـکی زۆر ڕێـك و ڕاسـت و بەهـادارو بەنرخیـان تێـدان، دوایـی دەفەرمـوێ: (وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿٤﴾)، واتـە: ئەوانـەی کتێبیـان پێدرابـوو پەرتـەوازە نەبـوون، مەگـەر دوای ئـەوەی بەڵگـەی ڕۆشـنیان بـۆ هـات، ئـەوە سەرزەنشـتکردنی خـاوەن کتێبانـە، چونکـە خـوا ﷻ لـەو ڕەوتانـەدا کـە بیـەوێ زەم و سەرزەنشـتی خـاوەن کتێبـان بـکات بـە: (ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ)، تەعبیریـان لـێ دەکات، ئەوانـەی کتێبیـان پێـدراوە، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـتی زەم نەبـێ بـە خـاوەن کتێـب (أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ)، تەعبیریـان لـێ دەکات.

سـەرەتا خـاوەن کتێبـەکان دەسـتبەرداری ئایینـە شـێوێنراوو تێکدراوەکـەی خۆیـان نەدەبـوون، هەتـا بەڵگـەی ڕوونیـان بـۆ نەهاتبایـە، کـە بەڵگـە ڕوونەکـەش

هـات، لـه دەوری پـرژان، کەمێکیـان بڕوایـان پێهێنـاو زۆربەیـان پێـی بێبـڕوا بـوون، لەبـەر حەسـەدو دەسـت پێوەگرتنـی ئـەو بـەزم و بـازاڕەی بەهـۆی ئاینـە تێکـدراوو شـێوێندراوەکەی خۆیانـەوە، بۆیـان دەسـتەبەر بـوو بـوو.

دوایـی دەفەرمـوێ: (وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴿٥﴾)، یانـی: وەنەبـێ پاساوێکیشـیان بووبـێ بـۆ پەرتـەوازە بـوون لـە دەوری پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، دەفەرمـوێ: فەرمانیشـیان پـێ نەکرابـوو، مەگـەر بـەوەی خـوا بپەرسـتن بـە سـاغیی، ملکەچیـی خۆیـان بـۆ خـوا ساغ بکەنـەوە، خڵتـەی پێـوە نەهێڵـن، (حُنَفَآءَ) لابـدەن لـە هەرچـی هەڵـەو پوچییـە بـەرەو ڕاسـتیی، (وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ)، نوێـژ بەرپـا بکـەن و زەکات بـدەن، (وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴿٥﴾)، ئـا ئـەوەش ئاییـن و بەرنامـەی کۆمەڵێـکی ڕێـك و ڕاسـتە.

لـە کۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: (إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ شَرُّ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴿٦﴾)، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـان و، لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران، لـە ئاگـری دۆزەخـدان بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە، ئـەوان خراپترینـی دروسـتکراوانی خـوان، هیـچ شـتێك لـەوان خراپـتر نیـە، بـە نسـبەت بڕوادارانیشـەوە، دەفەرمـوێ: (إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴿٧﴾) بـە دڵنیاییـەوە ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە (بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـتە بڕوایـان پـێ بهێـنرێ)و، کـردەوە باشەکانیشـیان ئەنجامـداون، ئەوانـە باشـترینی دروسـتکراوەکانی خـوان.

(جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ)، پاداشـتیان لـە لای پەروەردگاریـان لـە نیزیـك پەروەردگاریـان، لـە خزمـەت پەروەردگاریانـدا، باخـە هەمیشـەییەکانن، (تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ)، ڕووبـارو جۆگـەو جۆبارەکانیـان بـە ژێـردا دەڕۆن، (خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ)، تێیانـدا هەرمـاو دەبـن بـە هەمیشـەیی، بەبـێ بڕانـەوە، (رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ) خـوا لێیـان ڕازییـەو، ئەوانیـش لـە خـوا ڕازیـن، (ذَٰلِكَ لِمَنۡ

خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾)، ئا ئەوەش -کە باسکرا- بۆ کەسێکە سام و هەیبەتی بەرانبەر پەروەردگاری هەبێ.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴿١﴾
رَسُولٞ مِّنَ ٱللَّهِ يَتۡلُواْ صُحُفٗا مُّطَهَّرَةٗ ﴿٢﴾ فِيهَا كُتُبٞ قَيِّمَةٞ ﴿٣﴾ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ
إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ
ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ
وَٱلۡمُشۡرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ شَرُّ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴿٧﴾ جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ
خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە. ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبان و هاوبەشدانەران، دەستبەردار (ی ڕێچکەکانیان) نەدەبوون، مەگەر دوای ئەوەی بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات ﴿١﴾ نێردراوێکە لە خواوە پەڕە پاککراوەکانیان بەسەردا دەخوێنێتەوە ﴿٢﴾ (حوکم و حیکمەتە) نووسراوە تێرو تەواو و ڕاستەکانیان تێدان ﴿٣﴾ ئەوانەی کتێبیشیان پێدرابوو، تەنیا دوای ئەوەی بەڵگەی ڕۆشنیان بۆ هات پەرتەوازەبوون (و لە دەوری پرژان، لە جیاتی لە دەور کۆبوونەوەییان) ﴿٤﴾ فەرمانیشیان پێ نەکرابوو، مەگەر بەوەی بە ملکەچیی ساغکەرەوانە خوا بپەرستن، (وازهێنەر لە ناهەق و) بەرەو هەق گەڕاوەبن و نوێژ بەرپا بکەن و

زەکاتێ بدەن، ئا ئەوەش بەرنامەی (کۆمەڵێکی) ڕێك و ڕاستە ﴿٥﴾ بە دڵنیاییی ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبان و لە هاوبەشدانەران، لە ئاگری دۆزەخدان تێیدا هەرماون، ئەوانە خراپترین دروستکراون ﴿٦﴾ بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان کردوون، ئەوانە باشترین دروستکراون ﴿٧﴾ پاداشتیان لە لای پەروەردگاریان باخە هەمیشەییەکانن، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، بە هەمیشەیی تێیاندا هەرماو دەبن، خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لەخوا ڕازیین، ئەوەش بۆ کەسێکە -بە مەزنگرتنەوە- سام لە پەروەردگاری بکات ﴿٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(مُنفَكِّينَ): واتە: دەستبەرداربووان، وازلێهێنەران، (**الفَكُّ: التَّفريجُ، وَفَكُّ الرَّهْنِ تَخْلِيصُهُ، أَي: لَمْ يَكُونوا مُتَفَرِّقينَ بَلْ كَانُوا كُلُّهُم عَلَى الضَّلال**)، (فَكّ): یانی: دەروولێکردنەوە (**فَكُّ الرَّهْنَ**)، ڕەهنەکەی دەرباز کرد، ئەو شتەی بەبارمتە دانابوو، لە بەرانبەر پارەیەکدا کە وەریگرتبوو، دوای ئەوەی پارەکە دەباتەوە، بارمتەکەی خۆی وەردەگرێتەوە.

لێرەدا (مُنفَكِّينَ)، واتە: پرژوبڵاو نەدەبوون، یاخود وازلێهێنەر نەدەبوون، بەڵکو هەموویان لەسەر گومڕایی مابوونەوە، تاکو بەڵگەی ڕۆشنیان بۆ هات.

(ٱلْبَيِّنَةُ): (**الدَّلاَلَةُ الوَاضِحَةُ عَقْلِيَّةً كَانَتْ أَوْ مَحْسُوسَةً، وَسُمِّيَ شَهَادَةُ الشَّاهِدَيْنِ بَيِّنَةً**)، (ٱلْبَيِّنَةُ): بە مانای گەیاندنێکی ڕۆشن، چ گەیاندن و بەڵگەکە عەقڵیی بێ، چ بەرهەست بێ، شایەدیدانی دوو شایەدانیش ناونراوە: (ٱلْبَيِّنَةُ) لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکی ڕۆشنە بۆ ئیسپاتی ئەو داوایەی دەکرێ.

(صُحُفًا مُّطَهَّرَةً): (**الصُّحُفُ جَمْعُ الصَّحِيفَة: وَهِيَ المَبْسُوطُ مِنَ الشَّيء**)، (صحيفة) هەر شتێکە بڵاوکرابێتەوە دواییش خوازراوەتەوە بۆ هەر شتێك تێیدا بنووسرێ،

ئنجا لـه کاغـەز بـێ، لـه چـەرم بـێ، لـه ڕووەك بـێ، لـه بـەردی تەنـك بـێ، هەرچـی بـێ، (وَجَمْـع الصَّحيفَـةِ، الصَّحَائِـف وَالصُّحُـف)، (صَحيفَـة) هـەم بـه (صَحَائِـف)، هـەم بـه (صُحُـف) کۆدەکرێتـەوە، (مُّطَهَّرَةً): واتـە: پاکڕاگیـراو، پاككـراوە لـه هەڵـەو پەڵـەو درۆو شـتی ناڕاسـت.

(فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ): واتـە: چەنـد نووسراوێـكی ڕێـك و ڕاسـتی تێـدان، (سُـمِّيَ المَكْتـوبُ كِتَابـاً وَالْكِتَـابُ اسْـمٌ لِلصَّحيفَـةِ مَـعَ المَكْتـوبِ فِيـهِ)، نـووسراو نـاوی نـراوە (كِتـاب)، (كِتاب)یـش، نـاوە بـۆ پەڕەیـەك ئـەوەی تێشـیدا نووسرابـێ.

(وَالقَيِّمـة: هَاهُنـا إِسْـم الأُمَّـةِ القَائِمَـةِ بِالقِسْـطِ)، (قیمـة): لێـرەدا نـاوە بـۆ کۆمەڵێـك بـه دادگەریـی بەڕێـوە بچـێ، ئـەو وای گوتـوە، بـەڵام لێـرەدا (قَيِّمَةٌ) کـراوە بە سـیفەتی (كُتُبٌ)، واتـە: چەنـد نووسراوێـكی ڕێـك و ڕاسـت، کـه هەقیـان لـه نێـو خۆیانـدا هەڵگرتـوە.

(مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ): واتـە: بـۆ وی سـاغکەرەوەی ملکەچیـن، ملکەچیـی خۆیـان بـۆ خـوا سـاغکردۆتەوەو، خڵتەیـان پێـوە نەهێشـتوە، (الخَالِـصُ كَالصَّـافِي، إلاَّ أَنَّ الخَالِـصَ مَـازَآل عَنْـهُ شَـوْبُهُ بَعْـدَ أَن كَانَ فِيـهِ، وَالصَّـافِي يُقـالُ لِـما لا شَـوْبَ فِيـهِ)، (خالِـص) وەك (صـافِي) وایـە، بـەڵام (خالِـص) بەشـتێك دەگوتـرێ کـه شـتێك تێکـەڵ و ئاوێتـەی بـووە، لێـی جیاکرابێتـەوە، پـووش و پەڵاشـێك، خڵتەیـەك، ماددەیەکـی نامـۆ، بـەڵام (صَـافِي): بریتیـه لـەوەی هـەر لـه ئەسـڵدا هیچـی لەگـەڵ تێکـەڵ نەبووبـێ، بـه کوردییـش هـەر وشـەی سـاف بەکاردێنیـن، کەواتـه (خالـص)، واتـە: سـاغ و (صـافِي)، واتـە: بێگـەرد.

(حُنَفَآءَ): (الحَنَـفُ: هُـوَ مَيْـلٌ عَـنِ الضَّـلالِ إلى الإِسْـتِقامة، والجَنَـفُ مَيْـلٌ عَـنِ الإِسْـتِقَامَةِ إِلى الضَّـلال)، (حَنَـف): لادانـه لـه گومڕاییـەوە بـەرەو ڕاسـتیی و دروسـتی، پێچەوانەکـەشی (جَنَـفْ)ە، کـه لادانـه لـه ڕێـك و ڕاسـتیی بـەرەو گومڕایـی و لاریـی.

(دِينُ الْقَيِّمَةِ): (أَيْ: دیـنُ المِلَّـةِ أو الأمـة المُسْـتَقيمة)، ئاییـن و بەرنامـەی کۆمەڵێـکی ڕێـك و ڕاسـت.

(شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ): (البَرِيَّةُ: الخَلْقُ، وَسُمِّيَ بَرِيَّة لِكَوْنِهِ مُبَرِيَّةً مِنَ البَرَى، وَالبَرَى: التُّرَابُ)، (بَرِيَّـة) واتـە: دروسـتكراوەكان، بۆیـەش دروسـتكراوەكان پێیـان گوتـراوە: (ٱلْبَرِيَّةِ) چونكـە دروسـتكراون لـە (بَـرَى)، (بَـرى)ش، واتـە: گڵ و، لـەگڵ دروسـتكراون.

(خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ): واتـە: باشـترینی دروسـتكراوەكان، بـەڵام پێـم وایـە (ٱلْبَرِيَّةِ) تەنیـا ئەوانـە نیـن لـەگڵ دروسـتكرابن، بەڵكـو دروسـتكراوەكانی خـوا ﷻ بـە گشـتیی، بۆیـە ئەوانـەی بێبـڕوان لـە هەمـوو دروسـتكراوەكانی خـوا بـە گشـتیی خراپـترن، ئەوانـەش كـە بـڕوادارن لـە هەمـوو دروسـتكراوەكانی خـوا بەگشـتیی چاكـترن.

(عَدْنٍ): (أي: اسْـتِقْرارٍ وَثَبَـاتٍ، عَـدَنَ بِالمَـكَان: اسْـتَقَرَّ، وَالمَعْـدِنُ: مُسْـتَقِرُّ الجَوَاهِـرِ)، وشـەی (عـدن) واتـە: نیشـتەجێ و چەسـپاو (جنـات عـدن) واتـە: باخـە چەسـپاوەكان، (وَعَـدَنَ بِالمَـكَانِ، أَي: اسْـتَقَرَّ)، لـە شـوێنەكەدا نیشـتەجێ و، سـەقامگیر بـوو، (مَعْـدِن) بـەو شـوێنە دەگوتـرێ كـە كانزایـەكانی لـێ دەردەهێنرێـن.

مانای گشتیی ئایەتەكان

خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە بەپێـزەدا دەفەرمـوێ: (بِسْـمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بـە نـاوی خوای بەبەزەیـی بەخشـندە، واتـە: ئـەم سـوورەتە بەنـاوی خـوای بەبەزەیـی بەخشـندە دەخوێنـم، ئنجـا پێویسـتە لـە كاتی گوتنـی: (بِسْـمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)دا، چ بـۆ قورئـان خوێنـدن، چ بـۆ هەركارێـكی دیكـە، مـرۆڤ بـەلای كەمـەوە، چـوار واتایـان لـە عەقڵ و دڵیـدا ئامـادە بـكات:

١- ئەم كارە بەناوی خواوە ئەنجام دەدەم.

٢- ئەم كارە بۆ خوا ئەنجام دەدەم، تاكو لێم ڕازیی بێت و، پاداشتی لە بەرانبەردا وەربگرمەوە.

٣- ئەم کارە بەپێی بەرنامەی خواو، پێی ڕێنمایی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- ئەم کارە بەو وزەو توانایەی خوا بۆی ڕەخساندووم، ئەنجام دەدەم، نەك بە شان و شەوکەت و تواناو بڕستی خۆم.

ئنجا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ۝١ ﴾، ئەوانـەی بێبڕوابـوون لـە خـاوەن کتێبـان و لـە هاوبـەش دانـەران دەسـتبەردار نەدەبـوون، هەتـا بەڵگـەی ڕۆشـنیان بـۆ نەیـەت، زانایـان لەبارەی ئـەم ئایەتانـەوە زۆر قسـەیان کـردوە، بـەڵام مـن هەوڵـدەدەم ئـەوەی ڕێـك و ڕاسـترەو لەگـەڵ بێـژەی ئایەتـە بـە پێزەکانـدا چاکـتر دێتـەوە، ئەوەیـان بێنـم، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: ئـەوە لێـرەدا هەواڵـدانی خـوا ﷻ نیـە لـە بـارەی بێبڕوایەکانـەوە لـە خـاوەن کتێبـان و لـە هاوبـەش بۆ خـوا دانـەران، بەڵکـو گێڕانەوەی قسـەی وانـە، واتـە: ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـان و لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران دەیانگـوت: ئێمـە دەسـتبەرداری ئـەوەی لەسـەرینی نابیـن، تاکـو بەڵگـەی ڕۆشـنمان بـۆ نەیـەت، بـەڵام بێگومـان واتـای یەکـەم ڕاسـترە کـە ئـەوە هەواڵـەو خـوای زانـاو پەنهانـزان، لەبـارەی بێبڕوایـەکان لـە خـاوەن کتێبـان و لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـەوە دەیـدات، یانـی: دەسـتبەرداری ئـەوەی لەسـەرینی، لـە ڕێچکەکانیـان و، بەرنامەکانیـان و، بەنسـبەت خـاوەن کتێبانـەوە ئاینـە تێکـدراو شـێوێنراوەکانیان و، بەنسـبەت بتپەرسـت و هاوبـەش بۆخـوا دانەرەکانیشـیانەوە، ڕێچکـەی بتپەرسـتیی و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان، دەسـتبەرداری ئەوانـە نەدەبـوون، (حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ۝١)، هەتـا بەڵگـەی ڕۆشـنیان بـۆ نەیـەت، ﴿ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، (رَسُولٌ)، جێـداری (ٱلْبَيِّنَةُ)یـە، ئـەو بەڵگـە ڕۆشـنەش بریتـی بـوو لـە ڕەوانەکراوێـك لـە خـواوە، ئایـا ئـەو ڕەوانەکـراوە لـە خـواوە چـی دەکـرد؟ ﴿ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴾، پـەڕە پاککـراوەکانی دەخوێندنـەوە، بێگومـان لێـرەدا مەبەسـت لـە (رَسُولٌ)، موحەممـەدە ﷺ، چونکـە پێـش هاتنـی موحەممـەد ﷺ وەك کۆتـا پێغەمبـەری خـواو، هەڵگـری کۆتـا پەیامـی خـوا بـۆ مرۆڤایەتیـی، هەمـوو مرۆڤایەتـی چـاوەڕێ بـوون و، دنیـا پـڕ بـوو بـوو لـە

کوفرو شیرك و ستەم و لادان وتاوان و خراپەو، لە هەموو ڕوویکەوە مرۆڤایەتیی زۆر حاڵی تێکچوو بوو، کاری لە گرێژەنە چوو بوو، وەك (**أَبو الحَسَن النَّدْوي**)، ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبێکی ناوداریدا بە ناوی: (**مَاذا خَسِرَ العَالَم بانحِطاطِ المُسلمين؟**)، جیهان چ زیانێکی لێکەوت بەهۆی پاشەکشەکردن و هاتنەوە دوای مسوڵمانانەوە؟ لەوێدا لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا باسی جیهان دەکات کە چۆن لە ڕووی فیکریی و عەقیدەیی و بووناسیی و پەرستشەکان و ڕەوشت و ئاکارو کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی، لە هەموو ڕووەکانەوە، مرۆڤایەتیی کاری زۆر لە گرێژەنە چوو بوو، بۆیە هەموو چاوەڕێیان دەکرد و، خاوەن کتێبەکان دەیانزانی کە پێغەمبەری کۆتایی خوا ﷺ نەهاتوە، لەبەر ئەوەی لە کتێبەکانیان هەواڵ درابوو و ناوەکەشی دیاریی کرابوو، کە ناوی ئەحمەدەو موحەممەدە ﷺ بەڵام جوولەکەکان چاوەڕێیان دەکرد لە خۆیان بێ، نەصرانییەکانیش ئەوانەیان کە خوا بەیەکگربوون و لەسەر ڕێبازەکەی مەسیح عليه السلام مابوونەوەوە، هەر چاوەڕێی موحەممەدیان ﷺ دەکرد، بەڵام ئەوان کەمینە بوون و چەوسێنراوە بوون، ئەوانی دیکەش کە ڕێیان لێ تێکچووبوو، بە لاڕێدا برابوون و چاوەڕێیان دەکرد عیسا عليه السلام بێتە خوار، پێیان وابوو ئەو کۆتا پێغەمبەری خوایە، بتپەرست و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش خۆیان لەسەر ئایینی ئیبراهیم دەبینی و، بە جۆرێك لە جۆرەکان خوایان دەپەرست، بەڵام هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا، کەواتە: هەموویان چاوەڕێ بوون خوا ﷻ ئەو فریادڕەسەیان بۆ بنێرێ، کە پێغەمبەری کۆتاییە.

﴿ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، ڕەوانەکراوێك لە خواوە، چی دەکرد؟ ﴿ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿٢﴾ ﴾ پەڕە پاککراوەکانی دەخوێندنەوە، ئەوەی تێیاندا بوو دەیخوێندەوە، چی لەو پەڕە پاککراوانەدا هەبوو؟ دوایی ڕوونی دەکاتەوە، (**صُحُف**)، کۆی (**صَحِيفَة**) یە، کە هەر شتێکە پانڕاخرابێ و شتی تێدا نووسرابێ، (**مُّطَهَّرَةً**) واتە: پاکڕاگیراوو، پاککراوە لە درۆ، لە هەڵە، لە کەم و کوڕیی، لە شتی باتیڵ و ناهەق، هەروەها لەوەی دەستی شەیتانەکانی بگاتێ، ئنجا چییان تێدابوو ئەو پەڕە پاککراوانە؟

﴿ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ۝٣ ﴾، نووسراوانێـكی ڕێـك و ڕاسـت و بەهـادارو زۆر پـاك و چاكیـان تێدابـوون، (كُتُبٌ)، كـۆی (كِتـاب)ە، واتـە: نـووسراو، (قَيِّمَةٌ)ش، كـۆی (قَيِّـم) ە، واتـە: ڕێـك و ڕاسـت، وشـەی (قَيِّـم) لـە بنـەڕەت دابـە مانـای سەرپەرشـتیارو مشـوورخۆرێكی چـاك و، چاودێرێـكی چـاك دێـت، دوایـی لـەوەوە مانایەكـەی خوازراوەتـەوە بـۆ هـەر شـتێك كـە ڕێـك و ڕاسـت و چـاك بـێ.

﴿ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴾، ئەوانـەش كـە كتێبیـان پێدرابـوو، پەرتـەوازە نەبـوون، مەگـەر دوای ئـەوەی بەڵگـە ڕۆشـن و ئاشـكرایەكەیان بۆ هـات، لـە سـەرەتاوە خـاوەن كتێبـەكان و هاوبـەش بۆخـوا دانـەران، چـاوەڕێ بـوون بەڵگـەی ڕۆشـن و ئاشـكرایان بۆبـێ، تاكـو خـاوەن كتێبـەكان دەسـتبەرداری ئایینـە تێكـدراوو شـێوێنراوەكەی خۆیـان بـن و، هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەكانیش دەسـتبەرداری ئـەو ڕێچكـە پووچـەی خۆیـان بـن، كـە بریتیـە لـە بتپەرسـتیی و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان، بـەڵام دوای ئـەوەی ئـەو بەڵگـە ڕۆشـنەیان بـۆ هـات، ئەوانـەی كتێبیان پێـدراوە تەنیـا ئـەو كاتـە پەرتـەوازە بـوون، كـە بەڵگـە ڕۆشـنەكەیان بـۆ هـات، بۆیـەش بـاسی هاوبـەش بۆخـوا دانـەران نـاكات، چونكـە ئـەوان هـەر پەرتـەوازە بـوون، یاخـود لەبـەر ئـەوەی پەرتەوازەبـوونی خـاوەن كتێبـان، كـە زانیاریـی كتێبـی خوایـان لەبـەر دەسـتدا بـووە، بـا دەسـتكارییش كرابـێ، پەرتـەوازە بـوونی ئـەوان زۆر ناشـیرینترو ناقۆڵاتـرە لـە هـی كەسـانێك كـە شـارەزای كتێبـەكانی خـوا نەبـوون.

بۆیـەش خـوا ﷻ لێـرەدا بـە خـاوەن كتێـب (أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ)، ناویـان ناهێنـێ بەڵكـو بـە: (ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ)، ئەوانـەی كتێبیـان پێـدراوە، لـە سـۆنگەی ئـەوەوەی لـەو ڕەوتانـەدا، كـە خـوا بیـەوێ بـە ڕەخنـە لێگرتنـەوە بـاسی خـاوەن كتێبـان بـكات، بـە تەعبیـری (ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ) دەیاندوێنـێ، بـۆ وێنـە:

أ- لە سوورەتی (النساء)دا، خوای بەرزومەزن دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ ءَامِنُوا۟ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ

نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٤٧﴾، واتە: ئەی ئەوانەی کتێبتان پێدراوە! بڕوابێنن بەوەی دامانبەزاندوە، کە ئەوەی لەگەڵ ئێوەیەو پێشتر بۆ ئێوە دابەزێندراوە، بەڕاستی دەزانێ، بەرلەوەی دەم و چاوانێك بسڕینەوە، (بیانگێڕینەوە بەرەو دوایەو بیانسووڕێنین)، یاخود نەفرینیان لێ بکەین وەك چۆن نەفرینمان لە هاوەڵانی شەممە کرد، کاری خواش ئەنجامدراوە.

ب- هەر لە هەمان ڕەوت دا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ﴿٥١﴾ ﴾النساء، واتە: ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە بەشێك لە کتێبیان پێدراوە؟ بڕوا بە جیبت و تاغووت دێنن و بەوانەی بێبڕوان دەڵێن: ئەوانە ڕاستە ڕێترن لەوانەی بڕوایان هێناوە!

ج- هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٤٤)دا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يَشْتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿٤٤﴾ ﴾، واتە: ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە بەشێك لە کتێبیان پێدراوە، گومڕایی دەکڕن و، دەیانەوێ ئێوە لەڕێ لابدەن، گومڕاتان بکەن.

هەروەها لە زۆر شوێنی دیکەی قورئاندا خوا ﷻ بە تەعبیری ﴿ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، باسی خاوەن کتێبەکان، دەکات لە حاڵێکدا بیەوێ ڕەخنەیان لێ بگرێ و، سەرکۆنەو سەرزەنشتیان بکات.

لێرەدا ڕەنگە یەکێك پرسیار بکات: ئەوانە بۆچی دوای ئەوەی بەڵگەی ڕۆشنیان بۆ هات، پرژان و پەرتەوازە بوون؟ ئایا لەبەر ئەوەی شتێکی تێدابوو شایستەی ئەوەبێ لە دەوری بپرژێن؟ خوادەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾، فەرمانیشیان پێ نەکرابوو مەگەر بەوەی بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، ملکەچیی خۆیانی بۆ ساغ بکەنەوەو، خڵتەی پێوە نەهێڵن، (حُنَفَآءَ)، کۆی (حَنيف)ە، ئەویش یانی: (المَائِلُ مِنَ البَاطِلِ إلى الحَق)، لادەر لە ناهەقەوە

بــۆ هــەق، پێچەوانــەی (حَنَف)یــش، (جَنَــف)ە، کــە بریتیــە لــە لادان لــە هەقــەوە بــەرەو لای ناهــەق، کەواتــە: تەنیــا بــەوە فەرمانیــان پێکــراوە بەندایەتیــی بــۆ خــوا بکــەن و، ملکەچیــی خۆیــان بۆخــوا ســاغ بکەنــەوەو خڵتــەی پێــوە نەهێڵــن، (حُنَفَآءَ)، لــە حاڵێکیشــدا کــە (حَنیــف) بــن، یانــی: وازیــان لــە پووچیــی هێنابــێ و بــۆ لای هــەق گەڕابنــەوە، وەك ئیبراهیــم ﷺ کــە لــە ســەردەم و ڕۆژگاری خۆیــدا، وازی لــە هەمــوو ڕێچکــە پووچــەکان و، لــە هەمــوو پەرســتراوە ســاختەکان هێنــاو، خــوای تــاکی پــەروەردگاری پەرســت، بۆیــەش (حَنیــف)، نازنــاوی ئیبراهیمــە لەبەرئــەوەی واز لێهێنــەری ناهــەق و پووچیــی بــوو، بــەرەو هــەق گەڕایــەوە، بــەڵام بێبڕوایــان لــە ڕۆژگاری خۆیــدا، ئیبراهیمیــان بــە لادەر دادەنــاو دەیانگــوت: (حَنیــف)ە، چونکــە لــە پــووچ لای دابــوو بــەرەو لای هــەق.

﴿ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، هەروەهــا فەرمانیــان پــێ نەکرابــوو مەگــەر بــەوەی نوێــژ بەرپــا بکــەن و زەکات بــدەن، ﴿ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ۝٥ ﴾، ئــەوەش ئاینــی کۆمەڵێــکی ڕێــك و ڕاســتە، یاخــود: ئــەوەش ئاینێــکی ڕێــك و ڕاســتە، لــە کۆتاییــدا بــاسی ســەرەنجامی هــەرکام لــە بێبڕوایــان، لــە خــاوەن کتێبــان و هاوبــەش بــۆ خــوا دانــەران دەکات، هەروەهــا بــاسی ســەرەنجامی بــڕوادارانی کــردار چاکیــش دەکات: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ﴾، بە دڵنیایــی ئەوانــەی بێبڕوابــوون لــە خــاوەن کتێبــان و لــە هاوبــەش بــۆ خــوا دانــەران، لــە ئاگــری دۆزەخــدان تێیــدا هەرمــاو دەبــن، بــە هەمیشــەیی تێیــدا دەمێنــەوە، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴾، ئــا ئەوانــە خراپتری‌نــی دروســتکراوەکانن، خراپتریــن دروســتکراوی خــوا، بێبڕوایانــن.

وشــەی (مِنْ)، لێــرەدا: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، هەروەهــا وشــەی (مِنْ)، لە یەکەم ئایەتدا: ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، لــە هەردووکیانــدا (مِنْ)، (مِـن البَيَانيَّة)یــە، واتــە: بــۆ ڕوونکردنەوەیــە، یانــی: ئەوانــەی بێبــڕوا بــوون لــە خــاوەن کتێبــان و لــە هاوبــەش بــۆ خــوا دانــەران، لێــرەش ئەوانــەی

بێبڕوابـوون لـە خـاوەن کتێبـان و لـە هاوبـەش بۆخـوا دانـەران، نـەك مەبەسـت ئەوەبـێ: ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـان یـانی: بەشـێکیان بـڕوادار بـوون، لـە هاوبـەش بۆخـوا دانـەران بەشـێکیان بێبڕوابـوون، نـا، چونکـە خـاوەن کتێبـەکان لـەدوای هاتنـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، ئـەوەی بـڕوای پـێ نەهێنابـێ، هەموویـان بێبـڕوا بـوون، بێبـڕوا (**کافـر**) کەسـێکە هەقـی بـۆ دێ و دەیپۆشـێ، کەسـێك ئـەو هەقـەی بـە پێغەمبـەری خاتەمـدا ﷺ نێـردراوە پۆشـیبی و، بـڕوای پـێ نەهێنابـێ و، ڕەفـزی کردبـێ، کافـرە، چ پێشـتر خـاوەن کتێبـی ئاسـمانیی بووبـێ، چ بـێ کتێـب و ناشـارەزا بووبـێ لـە کتێبـە ئاسـمانییەکان، کـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و بتپەرسـتەکانن.

ئنجا ئەوانـە هەموویـان: ﴿ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ﴾ لـە ئاگـری دۆزەخـدان بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە، تێیـدا هەرمـاو دەبـن.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٦ ﴾، ئـا ئەوانـەن خراپترینـی دروسـتکراوەکان، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ۝٧ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجامـداون، ئـا ئەوانـە باشـترینی دروسـتکراوەکانن، وەك دوایـی لـە مەسـەلە گرنگـەکان بـاس دەکەیـن، کـە هەندێـك لـە زانایـان پێیـان وایـە ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی بـڕواداران، مرۆڤـە بـڕوادارەکان لـە فریشـتەکانیش چاکـترو بەرزتـرن.

﴿ جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، پاداشـتیان لـە لای پەروەردگاریـان باخـە هەمیشـەییەکانن، ڕووباریـان بەژێـردا دەڕۆن، یانـی: ڕووبـار بـە ژێـر درەختەکانیانـدا دەڕۆن، ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، بـەردەوام و هەتاهەتایە تێیانـدا دەمێنـەوە، تێیـان دا هەرمـاو دەبـن، ﴿ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ﴾، خـوا لێیـان ڕازییـەو ئەوانیـش لـەو ڕازییـن، ﴿ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ ۝٨ ﴾، ئـا ئـەوەش، ئـەو پێگـەو پلـە دوورو بـەرزە -کـە (ذَٰلِكَ) بەنـاوی ئامـاژەی دوور، ئامـاژەی بـۆ دەکات-

بـۆ کەسـێکە سـام و هەیبـەتی بەرانبـەر بـە پـەروەردگاری هەبـێ بـە مەزنگرتنـەوە، جیاوازیـی نێـوان (**خَشية و خَوْف**)، ئەوەیـە کـە (**خَـوف**): بریتیـە لـە لێترسـان، بـەڵام (**خَشِيَة**): بریتیـە لـە ترسـان و سـام و هەیبـەت هەبـوون بـە مەزنگرتنـەوە.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی ئێمـە لـەو کەسـانە بگێـڕێ، کـە وەبـەر ئـەو موژدەیـە دەکـەون و، ئێمـەش لـەو کەسـانە بگێـڕێ کـە بـە مەزنگرتنـەوە سـام و هەیبەتیـان بەرانبـەر بـە پەروەردگاریـان دەبـێ و خـوا لێیـان ڕازی دەبـێ، لـە خـوا ڕازی دەبـن و، بێگومـان خـواش لـە کەسـێك ڕازی دەبـێ لـە دنیـادا شـوێن ئـەو بەرنامەیـە بکـەوێ، کـە لێـی ڕازییـە کـە بریتیـە لـە ئیسـلام، ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينًا ۝٣﴾ المائـدة، ئیسـلامم بـە بەرنامـە بـۆ پەسـند کـردوون، خـوا لـە پەیـڕەوان و شـوێنکەوتووانی ڕەسـەن و ڕاسـتەقینەی ئـەو ئایینـە بـەرزو پەسـندەی خۆیـمان بگێـڕێ، کـە بریتیـە لـە ئیسـلام.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بێبڕوایان لە خاوەن کتێبان و لە هاوبەشدانەران، دەستبەرداری ئەوە نەدەبوون کە لەسەری بوون، هەتا بەڵگەیەکی ڕوونیان بۆ نەهاتبایە، پێغەمبەرێك لە خواوە، پەڕە پاککراوەکان، کە چەندان کتێبی ڕێك و ڕاستیان تێدان، بەسەریدا دەخوێندنەوە، ئەوانەش لە کتێب پێدراوەکان پەرتەوازە نەبوون، مەگەر دوای هاتنی بەڵگەی ڕۆشن، فەرمانیشیان پێ نەکرابوو مەگەر بەوەی بەندایەتیی ساغ و بێ خەڵتەو پاك بۆ خوا بکەن و، نوێژ بەرپا بکەن و، زەکات بدەن، هەر ئەوەش دینداریی پاك و ڕاستە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ﴿٢﴾ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿٣﴾ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ ﴾، ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبەکان و لە هاوبەشدانەران، دەستبەردار نەدەبوون، تاکو بەڵگەیەکی ڕۆشنیان بۆ نەیەت.

زانایان -وەك پێشتریش باسمانکرد-، دەربارەی ئەم ئایەتەو ئایەتەکانی دوایی زۆر ڕاجیاییان بووەو، هەندێکیان گوتوویانە: ئەم ئایەتانە قورسترین ئایەتن کە مرۆڤ بتوانێ تێگەیشتنێکی ڕێك و ڕاستی لە بارەیانەوە هەبێ لە قورئاندا.

بـەڵام مـن وام نایەتـە بەرچـاوو، پێـم وایـە بـە سـەرنجدانی خـودی ئایەتـەکان، بەبـێ تێخوێندنـەوەی هەنـدێ حیکایـەت و بەسـەرهات و قسـەو قـاڵ، تێگەیشـتنی ئـەو ئایەتـە بـە پێزانـە هێنـدە قـورس نیـە.

خـوا ﷻ هەواڵـدەدا لەبـارەی خـاوەن کتێبەکانـەوە کـە بـە پلەی یەکـەم جوولەکەو نەصرانییـەکان بـوون، دوای ئەوانیـش هـەم صابیئـە، هـەم مەجـووس کـە لـە قورئانـدا ناویـان هاتـوە، صابیئـە لـە چەنـد شـوێنێکدا ناویـان هاتـوە، بـەڵام مەجـووس تەنیـا لـە سـووڕەتی (**الحـج**)دا ناویـان هاتـوە، هەروەهـا هەرکەسێکی دیکە بچەسپێ خاوەنی کتێبێـکی خوایـی بـووە، هەرچەنـدە هـی مەجـووس و هـی صابیئـەش بـە تەواویـی چەسـپاو نیـە، بـەڵام پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ لـە بـارەی مەجووسـەوە فەرموویـەتی: {**سُنُّوا بِهِـمْ سُنَّةَ أَهْـلِ الْكِتَـابِ**} (**أخرجـه مالـك: ٦١٦ ، وأبـو يعـلى: ٨٦٢، والبـزار: ٩٤٨**)، وەك خـاوەن کتێبـان مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـەن، صابیئـەش هـەر لـە سـیاقی بـاسی جوولەکـەو نەصرانیـی و ئەوانـەدا، ناویـان هاتـوە، خـوا ﷻ هەواڵـدەدا کـە ئەوانـە دەسـتبەرداری ئـەوە نەدەبـوون کـە خۆیـان لەسـەری بـوون لـە شـیرك و بێبڕوایـی و وازیـان لـێ نەدەهێنـا، تاکـو بەڵگەیـەکی ڕۆشـنیان بـۆ نەیـەت، چـاوەڕێ بـوون کـەی ئـەو پێغەمبـەرەی کۆتاییـە دێ، کـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامِ**)، هەواڵیـان پێـداوەو، هەموویـان ئۆممەتـەکانی خۆیانیـان لـێ ئـاگادار کردوونـەوە، کـە ئەوانیـش بـە وەچـەکانی دوای خۆیـان ڕابگەیەنـن، کاتێـك دێ پێغەمبـەری کۆتایـی خـوا دێ، پەیامـی کۆتایـی خـواو، بەرنامـەی کۆتایـی خـوا بـۆ مرۆڤایەتیـی دێنـێ، ئـەو کاتـەش پێویسـتە هەمـوو لایـەك شـوێن ئـەو پێغەمبـەرەو، شـوێن ئـەو بەرنامـە کۆتاییـە بکـەون، وەك لـە سـووڕەتی (**آل عمـران**)دا، خـوا ﷻ ئاماژەیـەك بـەوە دەکات و، دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓاْ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾ فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾، واتـە: یـاد بکـەوە! کاتێـك خـوا پەیـمانی

پتەوی لە پێغەمبەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) وەرگـرت، (فەرمـووی:) مـن کـە کتێبـم پێـداون و، حیکمەتـم پێـداون (بەرنامـەو لێزانیـی و کارامەییـم پێـداون)، دوایـی پێغەمبەرێك بـێ بەڕاستدانەری ئەوەبێ کـە لەگـەڵ ئێوەیـە، دەبـێ بـڕوای پـێ بێنـن و سـەری بخـەن.

بێگومـان خـوا ﷻ دەزانـێ کـە ئـەو پێغەمبەرانـە نامێنـن، بەڵکـو ئەوانـەی لەگەڵیشـیاندان شوێنکەوتووشـیانن نامێنـن، کاتێـك ئـەو پێغەمبـەرە دێ، پێغەمبەرێك سـەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر هەمـوو پێغەمبـەران بـێ، پێغەمبەرێـك کـە بەڕاسـتدانەری پەیـام و بەرنامـەی تێکـڕای پێغەمبەرانـە، ئایـا ئـەو کەسـە چ پێغەمبەرێـك بـووە، ئـەوەی بـە هەمـوو پێغەمبەرانـدا نێـردراوە بـە ڕاسـتی دانـاوە، بێگومـان پێغەمبـەری کۆتاییـە، بۆیـەش خـوا بەڵێنـی لێوەرگرتـوون، (لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ)، بەدڵنیایـی دەبـێ بـڕوای پـێ بێنـن و، سـەریشی بخـەن (قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى)، خـوا فەرمـووی: ئایـا دانتـان بـەوەدا هێنـاو، لەسـەر ئـەوە پەیـمانی منتـان وەرگـرت؟ (قَالُوٓاْ أَقْرَرْنَا)، گوتیـان: دانمـان پێداهێنـا، (قَالَ فَٱشْهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ)، فەرمـووی: شـایەدبن، منیـش لەگـەڵ ئێـوەدا لـە شـایەدانم (فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ)، ئنجـا هـەر کەسێك دوای ئـەوە پشـتی هەڵکـرد، هـەر ئەوانـەن لادەرو لاڕێ.

هەڵبەتـە ئـەو پەیمانـەی لـە پێغەمبـەران وەرگیـراوە واتـە: لـە شـوێنکەوتووەکانیان وەرگیـراوە، ئەگەرنـا، بێگومـان پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام)، پێویسـت بـە پەیـمان لێوەرگرتـن ناکـەن، مەبەسـت پێـی شـوێنکەوتووەکانیان و پەیڕەوانیانـن، کـە: ئێـوە بزانـن پابەنـد کـراون لەسـەر زمـانی پێغەمبـەرەکانی خۆتـان، هـەر کاتێـك پێغەمبـەری کۆتایـی هـات، کـە هەمـوو پێغەمبـەران بـە ڕاسـت دادەنـێ، دەبـێ بـڕوای پـێ بێنـن و، پشـتی بگـرن! لەسـەر ئـەوە بەڵێـن و پەیمانتـان لێوەرگیـراوە لەسـەر زمـانی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام).

خـوا دەفەرمـویّ: ئەوانـەی بێبڕوابـوون لـە خـاوەن کتێبـان و لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران، دەسـتبەردار نەدەبـوون، (الإنْفِـكاكُ: الإقْـلاعُ وَهـوَ مُطَـاوِع فَكَـهُ أَيْ: فَصَّلَـهُ وَفَرَّقَـهُ، وَيُسْـتَعَارُ لِمَعْنـى: أَقْلَـعَ عَنْـهُ، وَمُتَعَلَّـقُ مُنْفَكِّيـنَ مَحْـذوفٌ دَلَّ عَلَيْـهِ وَصْـفُ المُتَحَـدَّثِ عَنْهُـم (ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ)، أَيْ: عَـنْ كُفْرِهِـم وَتَارِكِـينَ لَـهُ)، (إنْفِـكاك): بـە مانـای واز لێهێنـان و، دەسـتبەردار بوونـەو، (مُطَـاوِع)ی (فَكَّهُ)یـە، جیـای کـردەوەو، بڵاوی کـردەوە، دەخوازرێتـەوە بـۆ مانـای دەسـتبەرداری بـوو، وازی لێهێنـا، ئـەوەش کـە وشـەی (إنْفِـكَاك)ی، پێـوە پەیوەسـت کـراوە، قرتێـنراوە، بـەڵام وەسـفی ئەوانـەی قسـەیان لەبـارەوە دەکـرێ، ئەوانـەی بێبڕوابـوون، دەیگەیەنـێ، واتـە: دەسـتبەرداری ئـەو کوفـرە نەدەبـوون و واز لێهێنـەری ئـەو ڕێچکـەو بەرنامانـەی خۆیـان نەدەبـوون، کـە بریتـی بـوون لـە ئاییـن و بەرنامـەی شـێوێندراو و تێکـدراوو کتێبـە گـۆڕدراوەکانی خـوا، بـە نسـبەت خـاوەن کتێبـان و، بەنسـبەت هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانیـش -کـە ئەوانیـش لـە ئەسـڵدا هەموویـان خواناسـن، بـەڵام لـە مامەڵـە لەگـەڵ خـوادا بـە هەڵەداچـوون، چونکـە هاوبەشـیان بـۆ دانـاوە- وازلێهێنـەری هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان و بتپەرسـتییەکەیان نەدەبـوون:

٢)- ﴿ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴾، (ئەوانە لەسەر ئەوەی لەسەری بوون دەستبەرداری نەدەبوون و وازیان لێ نەدەهێنا)، تاکو بەڵگەیەکی ڕۆشنیان بۆ نەیەت، (ٱلْبَيِّنَةُ: الحُجَّةُ الوَاضِحَةُ وَالعَلاَمَةُ عَلَى الصِّدْقِ)، (ٱلْبَيِّنَةُ)، واتە: بەڵگەیەکی ڕۆشن و، نیشانە لەسەر ڕاستگۆیی، (ٱلْبَيِّنَةُ) (أل)ی ناساندنی لەسەرەو، بۆ (عهد)ە، واتە: تاکو بەڵگە ڕۆشنەکە، کە ئەوان پێی ئاشنان، بەڵگەی پێغەمبەرایەتیی، تاکو ئەوەیان بۆ نەیەت، کەواتە: وشەی (مِنْ) بۆ ڕوونکردنەوەیە، نەك بۆ هەندێك (بعض)، چونکە هەموو ئەوانەی خاوەن کتێب بوون، بێبڕوابوون و بە بێبڕوا دانراون، دوای هاتنی پێغەمبەری کۆتایی، ئەگەر بڕوای پێ نەهێنن، خوا دەفەرمویّ: دەستبەرداری بێبڕواییەکەیان نەدەبوون، تاکو بەڵگەیەکی ڕۆشن و ئاشکرایان بۆ نەیەت، ئایا ئەو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایە بریتی بوو لەچی؟

٣)- ﴿ رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، ڕەوانەکراوێك لە خواوە (کە موحەممەدە ﷺ).

٤)- ﴿ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً ۝٢ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ۝٣ ﴾، پەڕە پاككراوەكانی لە هەڵەو پەڵەو لادان بەسەردا دەخوێندنەوە، كە نووسراوە ڕێك و ڕاستەكانیان گرتووەنە خۆیان.

كە دەفەرموێ: (رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً)، ئەمە دوو ئەگەری هەن:

یەكەم: یان (رَسُولٌ) جێگرەوەی (ٱلْبَيِّنَةُ)یە، واتە: ئەو بەڵگە ڕۆشنە بریتی بوو لە ڕەوانەكراوێك لە خواوە.

دووەم: یاخود (رَسُولٌ مِّنَ ٱللَّهِ يَتْلُوا۟ صُحُفًا مُّطَهَّرَةً)، هەر ڕستەیەكی دەستپێكەرە بۆ ڕوونكردنەوە، واتە: پێغەمبەرو ڕەوانەكراوێك لە خواوە كە پەڕە پاككراوەكانی -پاك لە هەڵەو كەم و كوڕیی لە دەستپێكەیاندنی شەیتانەكان- ئەو پەڕانەی بەسەردا دەخوێندنەوە كە چییان تێدا بوون؟

﴿ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ۝٣ ﴾، (**كُتُب**) كۆی (**كِتَاب**)ە، لەسەر كێشی (**فِعَال**)، بەڵام بە مانای نووسراو (**مَكْتُوب**)ە، (فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ)، واتە: نووسراوە ڕێك و ڕاستەكانیان گرتبوونە خۆیان، هەروەك چۆن (**صُحُفْ**)، كۆی (**صَحِيفَة**)یە، كە هەر شتێكە پان ڕابخرێ، بەڵام بە مانای پەڕو هەر شتێك تێیدا بنووسرێ، بەكاردێ.

(**التِّلاوَةُ: إِعَادَةُ الكَلامِ دوُنَ زِيَادَةٍ وَلاَ نَقْصٍ سَوَاء كَان مَكتُوباً أَوْ مَحْفوُظاً**)، (**تِلاوة**): بریتییە لە دووبارەكردنەوەی قسەیەك بەبێ لێ زیادكردن و لێ كەمكردن، ئنجا چ نووسراو بێ، چ لەبەركراو بێ، هەردووكیان پێیان دەگوترێ خوێندنەوە، ئەو ڕەوانكراوە پەڕە پاككراوەكان، كە نووسراوە ڕێك و ڕاستەكانیان گرتبوونە خۆیان، تێیاندا تۆماركرابوون، بەسەریدا دەخوێندنەوە، مەبەست لە (كُتُبٌ) كۆی (**كِتَابَ**) ە، یانی: (**مَكْتوب**) نووسراوو، مەبەست پێیان:

أ- بەشەكانی قوڕئانە.

ب- یاخود سوورەتەكانی قوڕئانە.

ج- یاخود ئەو حوكم و یاساو بەها بەرزانەن كە قوڕئان گرتوونیە خۆی.

کـە دەفەرمـوێ: (كُتُبٞ قَيِّمَةٞ)، (القَيِّمَـةُ: المُسْـتَقيمَةُ أَي: شَـديدَةُ القِيـامِ الَّـذي هُـوَ هُنَا مَجَـازٌ فِي الكَمَالِ وَالصَّـواب)، (قَيِّـم) بـە مانـای سەرپەرشـتییکار، ڕێژگـەی زێدەڕۆییـە لـە (قَائِـم)، واتـە: سەرپەرشـتیارو (قَيِّمَةٞ)ش، یانـی: زۆر سەرپەرشـتیار، کـە لێـرەدا مەجـازە بـۆ تێـرو تەواویـی و ڕێـك و ڕاسـتیی، کەواتـە: هـەم خـاوەن کتێبـەکان، هـەم هاوبەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، واتـە: تێکـڕای ئەهـلی کوفـر چ ئەوانـەی ئاشـنای کتێبـەکانی خـوا بـوون، چ ئەوانـەی نـا ئاشـنا بـوون بـە کتێبـەکانی خـوا، هەموویـان چـاوەڕێ بـوون پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ بـێ، تاکـو دەسـتبەرداری ئەوەبـن کـە خۆیـان لەسـەرینی، دەیانـزانی لادان و گـۆڕان و لەبیرچوونـەوەو ... هتـدی، تێـدا کـراوە بـە نسـبەت کتێبـی خـاوەن کتێبەکانـەوە، بـە نسـبەت هاوبەش بۆ خـوا دانەرەکانیشـەوە، دیـارە ئەوانەیان کـە عەقـڵ و ویژدانێـکی زیندوویـان هەبـوو، دەیانـزانی ئـەوان لەسـەر ڕێیـەکی هەڵـەن و، چـاوەڕێ بـوون پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ بـێ، ئـەو بەڵگـە ڕۆشـن و ئاشـکرایەیان لـە خـواوە بـۆ بـێ، کـە بریتـی بـوو لـە ڕەوانەکراوێـك لـە خـواوە، لاپـەڕە پاککـراوەکانی بەسـەردا دەخوێندنـەوە، کـە نـووسراوە ڕێـك و ڕاسـتەکانیان گرتبوونـە خۆیـان.

٦)- ﴿ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ٤ ﴾، ئەوانەش کە کتێبیان پێدرابوو پەرتەوازە نەبوون، مەگەر دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکەیان بۆ هات، پێشێ فەرمووی: (لَمۡ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ مُنفَكِّينَ)، ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبان وهاوبەش بۆ خوادانەران دەستبەردارنەدەبوون (هی ڕێچکەو بەرنامەکانیان)، هەتا بەڵگەی ڕۆشنیان بۆ نەیەت، لێرەش دەفەرموێ: (وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ)، ئەوانەی کتێبیان پێدرابوو پەرتەوازە نەبوون، مەگەر دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکەیان بۆ هات، (ئەویش پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺو ئەو قورئانەیە کە دابەزێندراوەتە سەری، واتە: لەجیاتی ئەوەی لە دەوری ئەو بەڵگە ڕۆشنە کۆببنەوە، کە پێغەمبەری کۆتاییەو ﷺ پەیامی کۆتایی خوای پێدا نێردراوە، دوا فەرمایشتی خوای بۆ سەر دابەزێندراوە، لەجیاتی ئەوەی لە دەوری کۆببنەوە، بە پێچەوانەوە لە دەوری پرژان، کەمێکیان بڕوایان پێهێناو، زۆریان

هەر لەسەر ڕێچکەو بەرنامەکانی خۆیان مانەوە، لە دەوری کتێبە گۆڕدراوەکانی خۆیان مانەوە، لەبەرچی؟ چونکە:

أ- بەزم و بازاڕێکیان لەسەر ئەو بناغەیە سازکردبوو، ئامادە نەبوون دەستبەرداری ئەو بەرژەوەندییە حەڕام و بەزم و بازاڕەی خۆیان بن.

ب- هەیانبوو حەسەدی هەبوو بەرانبەر بە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، یاخود بەرانبەر بەنەتەوەی عەرەب بە گشتیی.

ج- هەیانبوو چاوەڕوانی ئەوەی کردوە ئەو پێغەمبەرە لە خۆیان بێ، کە جوولەکەکان بوون.

د- هەشبووە بەهەڵەدا چووە وەك نەصڕانییەکان و پێیان وابوو عیسا پێغەمبەری کۆتایی خوایە، لە کۆتایی ڕۆژگاردا بەس ئەو دێ، نەیاندەزانی کە لە پێش ئەودا پێغەمبەری کۆتایی ﷺ دێ، ئنجا عیسا عليه السلام پێش هاتنی ئاخیر زەمان، جارێکی دیکە دێ، بەڵام کە دێتیش هەر لەسەر ئەو ڕێبازە دەبێ کە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ هێناویەتی.

واتایەکی دیکەی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە مەبەست لە (ٱلْبَيِّنَةُ)، پێغەمبەری کۆتایی ﷺ نیە، بەڵکو مەبەست پێی عیساو ئینجیلەکەیەتی و، موعجیزەکانی.

(إبن عاشور) وای لێکداوەتەوە دەڵێ:

ئەوانەی کتێبیان پێدرابوو تەنیا دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکەیان بۆ هات، پرژان، بەڵگە ڕۆشنەکەش مەبەست پێی عیسایە عليه السلام، ئەوانەش کە کتێبیان پێدراوە مەبەست پێیان جوولەکەکانن، کە دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکەیان بۆ هات کە عیسایەو، ئینجیلەکەیەتی و، پەیام و بەرنامەکەیەتی، لە دەوری پرژان، بەس کەمێکیان بڕوایان پێهێناو بوونە شوێنکەوتووی عیسا و نەصڕانیی، هەڵبەتە دوایی ئەوانیش زۆربەیان بە لاڕێدابران، بەڵام هەر ئەو کاتەش زۆربەی جوولەکەکان بڕوایان پێ نەهێنا.

بێگومانیش ڕای زۆربەی زانایان و زۆربەی ڕوونکەرەوانی قورئان ڕاسترە، کە مەبەست لە (ٱلْبَيِّنَةُ)، هەمان (ٱلْبَيِّنَةُ)ی پێشێیە، بەڵگە ڕۆشنەکە کە پێغەمبەرێکە لە خواوە، پەڕە پاککراوەکانیان بەسەردا دەخوێنێتەوە، کە کتێب و یاسا ڕێك و ڕاستەکانیان گرتوونە خۆیان، پێغەمبەرەکە موحەممەدە ﷺو، ئەوەش کە بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە قورئانە.

لێرە خوا ﷻ وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە: ئایا ئەوانە بۆچی لە دەوری پێغەمبەری کۆتایی ﷺ پرژان و بڵاو بوون، لەجیاتی ئەوەی لە دەوری کۆببنەوە؟

ئایا لەبەر ئەوەبوو کە کەم و کوڕیی و نوقسانییەك لەو پەیام و بەرنامەی پێغەمبەری کۆتاییدا هەبێ؟

یان ئایا لەوێدا فەرمانێکیان پێکرابوو -لەو بەڵگە ڕۆشنەدا کە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ هێناویەتی- کە لە توانایاندا نەبێ؟

خوای پەنهانزان دەفەرموێ:

٧)- ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴾، فەرمانیشیان پێنەکرابوو مەگەر بەوەی بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، ملکەچیی خۆیانی بۆ ساغ بکەنەوەو، بێ خڵتەی بکەن، لە حاڵێکدا کە پاك و لادەرن لە ناهەق بەرەو هەق، (ٱلدِّينَ) لێرەدا بە مانای (**طاعة**)ە، واتە: ملکەچیی خۆیان بۆ خوا ساغ بکەنەوەو خڵتەی پێوە نەهێڵن، (مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ)، واتە: ساغکەرەوەی ملکەچییەکەیان بن بۆ وی.

(**إِخْلاص**)یش بریتییە لە ساغکردنەوەو بژارکردن، تەنیا بەوە فەرمانیان پێکرابوو، لێرەدا دەفەرموێ: (وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ)، (وَمَآ أُمِرُوٓاْ) جێداری بکەر (**نائب فاعل**)ەکەی، قرتێندراوە، واتە: (**وَمَا أُمِرُوا بِشَيْءٍ إلاَّ بِأَنْ يَعْبُدُوا اللهَ**)، (بۆیە قرتێندراوە تاکو گشتیی بێ)، یانی: بە هیچ شتێك فەرمانیان پێ نەکرابوو، مەگەر بەوەی بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و خواپەرستن، (مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ) ساغکەرەوەی ملکەچیی خۆیان بن بۆی، (حُنَفَآءَ) کۆی (**حَنيفَ**)ە، کە نازناوی

کەسێکەو، سیفەتی کەسێکە، خوادەپەرستێ بێ ئەوەی هاوبەشی بۆ دابنێ، وشەی (حَنیفْ) لە بنچینەدا: (المائِلُ: مِنَ البَاطِلِ إلىَ الحَق)، (حَنیف): کەسێکە لە باتیڵەوە لایدابێ بەرەو هەق.

پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه الصلاة السلام) بۆیە بە حەنیف ناوبراوە، چونکە کاتی خۆی هەرچی بیرو بڕوای ڕۆژگاری خۆی بووە، چ بیروبڕوای ئەوانەی خۆریان پەرستوە، یان مانگیان پەرستوە، یان ئەستێرەکانیان پەرستوون، یان دارو بەردیان پەرستوون، یان کەسەکانیان پەرستوون، دەستبەرداری هەموو ئەو بیرو موعتەقەدانە بووەو، هەموو ئەو پووچییەی وازلێهێناوەو گەڕاوەتەوە بۆ تەنیا خواپەرستیی، بۆیە کاتی خۆی بە ئیبراهیمیان گوتوە: (حَنیفْ)، واتە: لادەر، چونکە لەبیرو بڕوای پووچی خەڵکی ڕۆژگاری خۆی بە هەموو جۆرەکانیانەوە لایداوە بەرەو تەنیا خواپەرستیی، بۆیە بە لادەریان داناوە، بەڵام لادەر لە باتیڵەوە بەرەو لای هەق.

(حُنَفَآءَ) کۆی (حَنیفَ)ە، واتە: بە جۆرێك خواپەرستن، کە لابدەن لە هەرچی پووچیی و بەتاڵیی هەیە، کە کاتی خۆی لەسەری بوون، پێش هاتنی پێغەمبەری کۆتایی ﷺو، بێنە سەر ئەو ڕاستە ڕێیەی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ هێناویەتی، کە تەنیا خواپەرستییەو شوێنپێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خوایە ﷺ.

٨)- ﴿ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، هەروەها فەرمانیشیان بەوە پێکرابوو نوێژ بەرپا بکەن و زەکاتیش بدەن.

ئەمانە دوو پایە گەورەکەی دینداریین، پایەی ڕووحیی و پایەی مادديی، هەقی خواو هەقی خەڵك.

٩)- ﴿ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴾، ئائەوەش ئایینی ئوممەتێکی ڕێك و ڕاستە، یاخود: ئایینی کتێبە ڕێك و ڕاستەکانە کە لە پەڕە پاکەکانی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ دان، (ٱلۡقَيِّمَةِ) یانی: (الشَّديدَةُ الإسْتِقامَة)، یەکجار زۆر ڕێك و ڕاست و بێ گرێ و گۆڵ.

سێ کورتە سەرنج

سەرنجی یەکەم:

خـوا ﷻ لـە ئایـەتی یەکەمـدا بـاسی خـاوەن کتێبـانی کـرد لەگـەڵ هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران، کـە ئەوانـە دەستبەرداری ئـەوەی خۆیـان لەسـەری بـوون، نەدەبـوون تاکـو بەڵگـەی ڕۆشـنیان بـۆ نەیـەت، ڕەوانەکراوێـك لـە خـواوە پـەڕە پاککراوەکانیـان بەسـەردا بخوێنێتـەوە، کـە نـووسراوە ڕێـك و ڕاستـەکانیان تێـدان، بـەڵام دوایـی لـە پەرتـەوازە بوونیانـدا، تەنیـا بـاسی ئەوانـە دەکات کـە کتێبیـان پێـدراوە!

هـی پێشـێ فەرموویـەتی: (مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ)، بـەڵام لێـرە دەفەرمـوێ: (وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ)، ئەگـەر سـەرنج بدەیـن وەك پێشـتریش باسـمان کـرد، لـەو شـوێنانەدا کـە خـوا ﷻ دەیـەوێ: جوولەکـەو نەصرانییـەکان و خـاوەن کتێبـەکانی دیکـەی، کـە خۆیـان بـە شـوێنکەوتووی کتێبـە ئاسـمانییەکان دەزانـن، دڵیـان ڕابگـرێ، بـە خـاوەن کتێـب (أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ) ناویـان دێنـێ، بـەڵام لـە کاتێکـدا ڕەخنـەو سەرزەنشـتیان ئاڕاسـتە دەکات، بـە: (أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ) کتێـب پێـدراوان، ناویـان دێنـێ، بـۆ نموونـە:

أ- لە سوورەتی (النساء)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی کتێبتان پێدراوە! بڕوابێنن، بەو هەقەی دامانبەزاندوە، بەڕاستدانەری ئەوەیە کە لەگەڵتانە، بەر لەوەی ڕووانێك هەڵگێڕینەوە بەرەو دوا، یاخود نەفرینیان لێ بکەین، وەك چۆن نەفرینمان لە هاوەڵانی شەممە کرد.

أ- هەروەها دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٢٣﴾ ﴾آل عمران، ئایا سەرنجی ئەوانە نادەی کە بەشێك لە کتێبیان پێدراوە!

بەڵام لە کاتێکدا بانگ بکرێن بۆ وتووێژ، کە دەبێ دڵیان ڕابگیرێ، هەر لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ ﴿٦٤﴾ ﴾، واتە: بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان! وەرن بۆ وشەیەك کە یەکسانە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا.

ب- هەروەها هەر لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾، لە خاوەن کتێبان، کۆمەڵێك هەن ڕاوەستاون -لەسەر هەق- لە کاتی شەودا ئایەتەکانی خوا دەخوێننەوەو ئەوان کڕنووش دەبەن.

ئەوە لە حاڵێکدا کە خوای بەرز بیەوێ دڵیان ڕابگرێ، یان سەرنجیان ڕا بکێشێ، بەڵام لە کاتێك کاتی سەرزەنشت و ڕەخنە لێگرتندا، بە (ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ) ناویان هێندراوە.

لێرەش دەفەرموێ، (وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ)، بە: (أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ) کتێب پێدراوان، ناوی هێناون.

ئنجا پرسیار دەکرێ: بۆچی پێشێ باسی هەردووکیان دەکا، کتێب پێدراوان و هاوبەش بۆ خوادانەران، بەڵام لێرە تەنیا باسی کتێب پێدراوانەو دەفەرموێ: (وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ ﴿٤﴾)؟

وەڵامەکەی ئەوەیە:

لەبەرئەوەی پەرژان و پەرتەوازەبوونی کتێب پێدراوان لە دەوری پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، زۆر ناشیرینترە لە هی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کە شارەزای کتێبە خواییەکان نەبوون، ئەو موژدانەی لە تەورات و ئینجیلدا دراون، کە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ دێ و ناوی ئەحمەدە، ئەوان بەوە شارەزا نەبوون و، هەر بە گشتیی چاوەڕێبوون پێغەمبەرێك بێ.

سەرنجی دووەم:

کـە دەفەرمـوێ: (مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ)، ئەمـە دوو واتـای هـەن، یەکـەم: ملکەچیـی خۆیـان بۆخـوا سـاغ بکەنـەوەو خڵتـەی پێـوە نەهێڵـن، وەك شـیرك و جگـە لـە خـوا پـێ مەبەسـت بـوون (ریـاء).

یاخـود (مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ) واتـە: خۆیـان سـاغبکەنەوە لـە ملکەچییـدا بـۆ خـواو خڵتـە بـە خۆیانـەوە نەهێڵـن.

سەرنجی سێیەم:

کـە دەفەرمـوێ: (وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ)، بـە (وَذَٰلِكَ) کـە نـاوی ئاماژەیـە بـۆ دوور، دەگوتـرێ: (هَـذا، ذَاكَ، ذَلِـكَ)، (ذَلِـك) یانـی: ئەمـە، ئـەوە، هـۆوە، بۆیـەش بـە ئامـاژەی بـۆ دوور هێناویـەتی، تاکـو هەسـت بکـرێ بـە پلـەی بـەرزو بـاڵا و، دووری ئـەو جـۆرە دینداریيـە ڕێـك و ڕاسـتە، (وَذَٰلِكَ) ئـا ئـەوەی باسـکرا، کـە بریتیـە لـە بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـوا بـە سـاغیی و، بـە لادانـەوە لـە هەرچـی پووچیـی و بەتـاڵ هەیـەو، بـەرەو لای هـەق گەڕانـەوە، پاشـان نوێـژ بەرپاکـردن و زەکات دان، ئـا ئـەوە ئاییـن و دینداریيـەکی هەتـا بڵێـی ڕێـك و ڕاسـت و پـاك و چاکـە.

مەسەلەی دووەم:

باسی سەرەنجامی هەرە خراپی بێبڕوایان لە خاوەن کتێب و هاوبەش دانەران، کە ئاگری دۆزەخەو بە هەمیشەی تێیدا دەمێننەوە، ئەوانیش خراپترین دروستکراوانی خوان، هەروەها بڕوادارانی کردار باشیش باشترین دروستکراوانی خوان، جێگایان باخە هەمیشەیی و نەبڕاوەکانە، خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئەوەش پاداشتی هەر کەسێکە سام و هەیبەتی هەبێ بەرانبەر بە خوا ﷻ:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾ جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ﴾، بەدڵنیایی ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبان و لە هاوبەش بۆ خوا دانەران، لە ئاگری دۆزەخدان، بە هەمیشەی تێیدا دەمێننەوە، لێرەدا خوا ﷻ (إِنَّ)ی خستۆتە سەرەتای ئەم ڕستەیە، کە بۆ جەختکردنەوەو دڵنیاکردنەوەیە، ئەمەش بۆ هەڵوەشاندنەوەی لافلێدانی خاوەن کتێبەکان کە دەیانگوت: ئێمە ناسووتێنرێین و، سزا نادرێین و، ئەگەر سزاش بدرێین، کەمێك سزا دەدرێین، بە تایبەتیی جوولەکەکان ئەو پڕوپاگەندانەیان دەکردن، هەروەها نەصرانییەکانیش، وەك لە سوورەتی (المائدة)دا، خوا ﷻ بە نسبەت هەردووکیانەوە دەفەرمووێ: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ۚ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ۖ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ﴿١٨﴾ ﴾، جوولەکەکان و نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە خۆشەویستان و کوڕانی خواین، (خوا دەفەرمووێ:) بڵێ: ئەدی بۆچی

بەهۆی گوناهەکانتانەوە سزاتان دەدا؟ (وەك لە کتێبەکانی خۆتاندا هەیە)، بەڵکو ئێوەش بەشەرن، مرۆڤن، وەك ئەو مرۆڤانەی خوا دروستیکردوون.

لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ﴾، وشەی (مِنْ)، بۆ ڕوونکردنەوەیە، نەك بۆ هەندێك، چونکە ئەوانەی بێبڕوان لە خاوەن کتێبان، هەموو ئەوانەی خاوەن کتێب بوون، هەروەها هەموو ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون، هەموویان بێبڕوان، نەك هەندێکیان بڕوادار بن، کەواتە: (مِنْ)، بۆ بەشکردن (تَبْعيض) نیە، بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوەیە، وەك یەکێك ترێی کڕیوە دەڵێ: (إشْتَرَيْتُ كِيلوياً عِنَباً) کیلۆیەك ترێم کڕی و، تۆش دەچی هەر لە جۆری ئەو ترێیە ئەو دەکڕی، دەڵێی: (وَأَنَا اشْتَرَيْتُ مِنْهُ كِيلوياً)، منیش لەو ترێیە کیلۆیەکم کڕی، بێگومان (مِنْهُ) بۆ بەشکردن (تَبْعيض) نیە، چونکە ئەو کیلۆ ترێیەی تۆ لە کیلۆ ترێیەکەی وی جیانەبۆتەوە، بەڵکو هەر لە جۆری ئەوەو (مِن) بۆ ڕوونکردنەوەیە، واتە: هەر لەوجۆرە.

٢)- ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ﴾، بە دڵنیایی ئەوانە خراپترینی دروستکراوانی خوان، (نافِع و إبْن ذَكْوان)، لە (إبْنُ عامِر)ەوە، تەنیا ئەوان خوێندوویانەتەوە: (أُوْلائِكَ هُمْ شَرُّ البَرِيئَة)، هەم لێرە هەم لە ئایەتەکەی دوایی دا، بەڵام (ٱلْبَرِيَّةِ) هەموو قورئانخوێنەکان وایان خوێندۆتەوە، (شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ): (شَرُّ الخَليقَة مِنْ بَرَأَ اللهُ الخَلْقَ: صَوَّرَهُم)، (شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ)، واتە: خراپترینی دروستکراوان، لە چییەوە هاتوە؟ (مِنْ بَرَأَ اللهُ الخَلْقَ: أَيْ صَوَّرَهُم)، واتە: خوا دروستکراوەکانی وێنە کێشان، هەندێکیش گوتوویانە: (ٱلْبَرِيَّةِ) لەوەوە هاتوە کە (خَلَقَ اللهُ الخَلْقَ مِنَ البَرىَ أيْ: تُراب)، (تراب) بەمانای گڵ دێ، بەڵام ئەم مانایە ڕێکترە، چونکە جند لەگڵ دروست نەکراون و، فریشتەکانیش لە ڕووناکیی دروستکراون، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، بەڵام بێبڕوایان لە هەموو دروستکراوانی خوا خراپترن، ئنجا لە هەرشتێك دروستکرابن، وەك لە سوورەتی (الأنفال)یشدا، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٥﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی خراپترین پێڕۆیان لە لای خوا، ئەوانەن کە بێبڕوان، (خراپترین ژیانداران)، چونکە ئەوانە بڕواناهێنن.

ئەوە بە نسبەت بێبڕوایانەوە لە خاوەن کتێبان و هاوبەش بۆ خوا دانەران.

٣)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجامداون، ئا ئەوانە باشترینی دروستکراوانن، (خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ : أَيْ أَفْضَلُ الخَلْقِ)، باشترینی دروستکراوان (ی خوا ﷻ).

٤)- ﴿ جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٍ ﴾، پاداشتیان لە لای پەروەردگاریان باخە هەمیشەییەکانن، (جَزَآؤُهُمۡ) پاداشتیان، (عِندَ رَبِّهِمۡ)، (عِندَ) تێخراو (ظَرْف)ەو، ئاماژەیە بۆ ئەوەی پاداشتەکە زۆر مەزنەو، لە نیزیك خوای پەروەردگارە، خوای بێ وێنە لە خزمەت خۆیدا دایاندەنێ، (جَنَّٰتُ عَدۡنٍ)، (جَنَّٰتُ) کۆی (جَنَّة)یە، واتە: باخ، (عَدۡنٍ : عَدَنَ بالمَكَانِ أَي: أَقَام)، لە شوێنەکە دا نیشتەجێ بوو، (عَدۡنٍ) چاوگە بە مانای نیشتەجێبوون، یانی: لە باخە هەمیشەییە نەبڕاوەکان دا نیشتەجێن.

٥)- ﴿ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، ڕووباریان بەژێر دادەڕۆن، یانی: باخەکان ڕووبار بە ژێر دارو درەختەکانیاندا دەڕۆن، جۆگەو جۆباریان بە ژێر دادەڕۆن.

٦)- ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ ﴾، بە بێ کۆتایی تێیاندا هەر ماو دەبن، (خَٰلِدِينَ فِيهَآ)، واتە: هەرماو دەبن لەو باخانەدا، (أَبَدٗا)، بەبێ کۆتایی، ئەمە وەصفی چەسپاوو هەمیشەیی جێگاو ڕێگای بڕوادارانە، کە خوا لە ڕۆژی دواییدا بۆ دۆستەکانی خۆی کە بڕوادارانن ئامادەی کردوە، کە باخەکانن و ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن و بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوەو لێیان ناچنە دەرێ، چونکە سرووشتی هەموو مرۆڤەکان وایە کەیفیان بە باخ دێ، کەیفیان بە ڕووبارو کانیاوو سەرچاوە دێ، کەیفیان بەهەمیشە مانەوە دێ، کەیفیان بە گوڵ و گوڵزار دێ، کەیفیان بە سێبەرو شوێنی پشوودان و خۆشیی دێ، کەیفیان بە میوەو خواردن و خواردنەوە خۆش و بەچێژەکان دێ، تا کۆتایی هەموو ئەو نازو نیعمەتانەی دیکە، کە خوا بۆ بەهەشتییەکان باسی کردوون.

٧)- ﴿ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ﴾، خوا لەوان ڕازییەو ئەوانیش لەو ڕازیین، (أَيْ: رَضِيَهُم وَأَرْضَاهُم)، خوا لێیان ڕازییەو، ڕازییشی کردوون.

٨)- ﴿ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴾، ئەوەش بۆ كەسێكە سام لە پەروەردگاری بكات، (ذَٰلِكَ)، دیسان بە ناوی ئاماژەی دوور هاتوە، لەبەرچی؟ (لِعُلُوِّ المَرْتَبَة وَبُعْدِ المَنزِلَة)، لەبەر بەرزیی پێگەو دووریی ئەو پلەیەی بەوان دراوە، كە یەكجار بەرزەو یەكجار دوورە، كە دەفەرموێ: (ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُۥ)، واتە: ئەو پاداشتەی باسكرا بۆ كەسێكە سام و هەیبەتی بەرانبەر بە پەروەردگاری هەبێ، (خَوْفٌ و خَشيَة)، جیاوازییەكەیان ئەوەیە (خَوْف): بریتیە لە ترسان، بەڵام (خَشية): بریتیە لە سام لێكردن و هەیبەت لێكردن لەبەر بە مەزنگرتن.

لە كۆتایی ئەم دەرسەماندا سەرەتا فەرموودەیەك دێنین لەبارەی كۆی ئەم سوورەتە موبارەكەوەو، دواییش چوار سەرنجی گرنگی زانایان دەخەینەڕوو:

{عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَال: قَالَ رَسولُ اللهِ ﷺ لِأُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ: إِنَّ اللهَ أَمَرَنِي أَنْ أَقْرَأَ عَلَيْكَ (لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ)، قَالَ: وَسَمَّانِي لَكَ؟ قَالَ: نَعَم، فَبَكَى} (أخرجه البخاري: ٣٨٠٨، ومسلم: ٧٩٩، والنسائي: ٧١١).

واتە: ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئوبەیی كوڕی كەعبی فەرموو: خوا فەرمانی پێكردووم سوورەتی: ﴿ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿١﴾ ﴾، [تاكو ئایەتی كۆتایی] بەسەر تۆدا بخوێنمەوە، ئەویش گوتی: ناوی منیشی بۆ تۆ هێنا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، ئیدی ئوبەیی كوڕی كەعب گریا، هەقیشی بووە بگریی، كە خوا ناوی بهێنێ و فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بكات، ئەو سوورەتەی بەسەردا بخوێنێتەوە.

چوار سەرنجی گرنگ

سەرنجی یەکەم:

پێشەوا (**فَخْرَالدِّيـن الـرَّازي**)، لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا قسـەیەکی جـوان دەکات، دەڵـێ: (**اعْلَـمْ أَنَّ العَبْـدَ مُرَكَّـبٌ مِـنْ جَسَـدٍ وَروحٍ، فَجَنَّـةُ الجَسَـدِ هِـيَ المَوْصُوفَـة فِي القُـرآن، وَجَنَّـةُ الـروُح هِـيَ رِضـا الـرَّبِّ، وَالأوْلى مَبْـدَأُ أَمْـرِهِ، وَالثَّانِيَـةُ مُنْتَهَـى أَمْـرِهِ**)، واتـە: بزانـە کـە بەنـدە (مـرۆڤ) پێکهاتـوە لـە جەسـتەو لـە ڕووح، ئنجـا بەهەشـتی جەسـتە ئەوەیـە کـە لـە قورئانـدا باسـکراوە، بـەڵام بەهەشـتی ڕووح بریتیـە لـە ڕازیبـوونی پـەروەردگار، بەهەشـتی یەکـەم سـەرەتای کارەکەیـەتی و، بەهەشـتی دووەم کۆتایـی کاری خـوای بـەرزی مەزنـە.

سەرنجی دووەم:

خـاوەنی تەفسـیری (**البَحـرُ المَدِيـد فِي تَفْسـيرِ القُـرآنِ المَجِيـد**)، چەنـد قسـەیەك لـە لێکدانـەوە و مانـای ئـەو ئایەتانـەدا لـە تەفسـیرەکەیدا[1] دێنـێ، دەڵـێ: (**قَـال بَعْضُهُـم: المَلائِكَـةُ عَقْـلٌ بِـلاَ شَـهْوَةٍ، وَالبَهَائِـمُ شَـهْوَةٌ، بِـلاَ عَقْـل، وَالآدَمِـيُّ فِيـه عَقْـلٌ وَشَـهْوة، فَمَـن غَلَـبَ عَقْلُـهُ عَـلى شَـهْوَتِهِ، كَانَ كَالمَلاَئِكَـةِ أَوْ أَفْضَـل، وَمَـن غَلَبَـتْ شَـهْوَتُهُ عَـلَى عَقْلِـهِ، كَان كَالْبَهائِـمِ أَوْ أَضَـلّ**)، واتـە: فریشـتەکان عەقڵـن، بەبـێ ئـارەزوو و، ئاژەڵـەکان ئـارەزوون بەبـێ عەقـڵ، مـرۆڤ هـەم عەقڵـی هەیـە، هـەم ئـارەزوو، ئنجـا هـەر کەسـێك عەقڵەکـەی بەسـەر ئارەزووەکەیـدا زاڵبـێ وەك فریشـتان، یـان چاکتریشـە لـەوان، هـەر کەسـێکیش ئارەزووەکـەی بەسـەر عەقڵەکەیـدا زاڵبـێ وەك ئاژەڵانـە، یـان گومڕاتریشــە.

---

(١) ج٨، ص٣٣٦.

سەرنجی سێیەم:

ئەوەش قسەی هەندێك لە زانایانە:

(الإِخْـلاصُ ثَـلاثُ دَرَجـاتٍ: الأُوْلى: أَنْ يَعْبُـدَ اللـهَ لِطَلَـبِ غَـرَضٍ دُنْيَـوِي أَوِ أُخْـرَوِيٍّ مِـنْ غَيْرِ مُلاَحَظَـةِ أَحَـدٍ مِـنَ الخَلْـق، والثَّانيـة: أَن يَعْبُـدُ اللـهَ لِطَلَـب الآخِـرَةِ فَقَـط، وَالثَّالِثَـة: أَن يَعْبُـد اللـهُ عُبُودِيَّـةً وَمَحَبَّـةً)، واتـە: خـۆ سـاغكردنەوە، (كـردەوە سـاغكردنەوە بـۆ خـوا) سـێ پلـەی هـەن:

١- كە مرۆڤ خوا بپەرستێ بۆ داواكردنی ئامانجێكی دنیایی یاخود دوارۆژیی، بەڵام بەبێ ڕەچاوكردنی هیچكەس (لە دروستكراوەكان و تەنیا مەبەستی خوا بێ).

٢- پلەی دووەمی ئیخلاس ئەوەیە كە مرۆڤ خوا بپەرستێ، تەنیا بۆ وەدەست هێنانی ڕۆژی دوایی.

٣- پلەی سێیەم و هەرە بەرزی ئیخلاس ئەوەیە كە مرۆڤ خوا بپەرستێ، تەنیا وەك بەندایەتیی و خۆشویستنی خوا، بەبێ لەبەرچاو گرتنی دنیاو دوارۆژ.

سەرنجی چوارەم:

هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: **(الأَعْـمَال ثَلاَثَـةُ أَنْـواع: مَأْمـورات، ومَنْهيَّـات، وَمُبَاحَـات، فَالْمَأْمـورات: الإِخْـلاصُ فيهـا، خُلـوُصُ النِّيَّـةِ لِوَجْـهِ اللـهِ بِـلا شَـوبٍ، وَالْمَنْهيَّات: تَرْكُهـا دُونَ نِيَّـةٍ، خُـروجٌ عَـنِ العُهْـدَةِ وَلا أَجْـرَ لَـهُ، وَبِالنِّيَّـةِ مُثـابٌ عَلَيْهـا، وَالْمُبَاحَـات: فِعْلُهَـا بِـلاَ نِيَّةٍ لا أَجْـرَ لَـهُ فِيهَـا، وَبِالنِّيَّـةِ مَأجـورٌ مُثَـابٌ)**، واتـە: كـردەوەكان سـێ جـۆرن: فەرمان پێكـراوەكان و، قەدەغەكـراوەكان و، ڕەواكـراوەكان، فەرمـان پێكـراوەكان و ئەركـەكان، خـۆ سـاغكردنەوە بـۆ خـوا تێیانـدا ئەوەیـە كـە نیـازو هاندەرەكـە، تەنیـا ئەوەبـێ ڕووی خـواو ڕەزامەندیـی خـوای پـێ ببـڕێ، بـێ ئـەوەی هیـچ خڵتـەی تێـدا بـێ، ئەوجـار پاداشـتی دەبـێ، قەدەغەكراوەكانیـش واز لێهێنانیـان بەبـێ نیـەت، بێگومـان كارێـكی باشـە، بـەڵام پاداشـتی نیـە، بـەڵام واز لێهێنـانی گوناهـەكان بـە مەبەسـتەوە بـۆ

ئـەوەی خـوا لێـی ڕازی بـێ، پاداشـتی لەسـەرە، ڕەواکراوەکانیـش ئەنجامدانیـان بەبـێ نیـەت هیـچ پاداشـتیان لەسـەر نیـە، (کەسـێك نـان دەخـوات، خـۆی دەشـوات، وەرزش دەکات، کاسـبییەك دەکات، بـەڵام هیـچ نیـەتی نیـە خـوا لـە خـۆی ڕازی بـکات، ئـەوە شـتێکی ڕەوایـەو کردوویـەتی و تـەواو)، بـەڵام بـە نیەتـەوە پاداشـتی هەیـە، (کەسـێك لەگـەڵ کەسـێکدا تەوقـە دەکات، یـان لەگـەڵ کەسـێکدا ڕووی خۆشـەو قسـەی خۆشـە، یـان دەچـێ کاسـبیی حـەڵاڵ دەکات، یـان کەسـێك سـەر خەوێـك دەشـکێنێ بـۆ ئەوەی جەسـتەی بەهێـز بـێ، تاکـو دوایـی باشـتر بتوانێ ئەرکـە شـەرعییەکانی جێبەجـێ بکات، بێگومـان لەسـەر هەمـوو ئـەو کـردەوە لـە ئەسـڵدا ڕەوایانـە، پاداشـتی هەیـە)، وەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە فەرمایشـتێکدا بـە هـاوەڵانی فەرمـوو:

{وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ فَقَالَ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي الحَرَامِ، أَلَيْسَ كَانَ يَكُونُ عَلَيْهِ وِزْرٌ أَوْ الْوِزْرُ؟ قَالُوا: بَلَى، قَالَ: فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ يَكُونُ لَهُ الْأَجْرُ} (أخرجه مسلم: ١٠٠٦)، واتـە: یەکێـك لـە ئێـوە کـە لەگـەڵ هاوسـەریدا جـووت دەبـێ، پاداشـتی هەیـە، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ئایـا یەکێـك لـە ئێمـە ئـارەزووی خـۆی جێبەجـێ دەکات و پاداشـتیشی دەبـێ؟ فەرمـووی: ئایـا ئەگـەر ئارەزووەکـەی لـە حەرامـدا دابنـێ، گوناهی نـاگات؟ گوتیـان: بـا، فەرمـووی: ئەگـەر لـە شـوێنی خۆیـدا دایبنـێ -بـە نیەتـەوە-، بێگومـان ئـەوە پاداشـتی دەبـێ.

خـوا بەبەزەیـی و بەخششـی بـێ سـنووری خـۆی لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ، لـە جێبەجێکـردنی ئەرکـەکان و، واز لـێ هێنـانی گوناهـەکان و، لـە موومارەسـەکردنی شـتە ڕەواو حەڵاڵـەکان لـە هەموویـدا نیـازو مەبەسـتمان ئـەوە بـێ خوامـان لـێ ڕازیـی بـێ، بـۆ ئـەوەی لـە هەموویانـدا تـووشی پاداشـتی شایسـتە ببیـن.

لێرەشدا کۆتایی بەتەفسیری سوورەتی (البَيِّنَة)، دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الزَّلْزَلَةِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١٩)ی مانگـی (**ذي الحجـة**)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر: (٩/ ٨/ ٢٠٢٠)ی زایینـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـووڕەتی (**زَلْزَلَـة**)، سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا دەخەینـە ڕوو.

پێناسە سووڕەتی (الزلزلة) و بابەتەکانی

١)- ناوی ئەم سووڕەتە:

ئـەم سـووڕەتە جگـە لـە نـاوی باوترینـی کـە بریتیـە لـە: (**سُـورة الزَّلْزَلـة**)، بـەم ناوانـەش نـاسراوە:

١- (**سورةُ إذا زُلْزِلَتْ**).

٢- (**سورةُ الزِّلْزال**).

٣- (**سورةُ زُلْزِلَتْ**).

٢)- کات و شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە بـە مەککەیـی دادەنێـن، هەندێکیـش بـە مەدینەیـی، بـەڵام مەککەیـی بـوونی لەگـەڵ سرووشـتی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـەدا گونجاوتـرە، ئەوەنـدە هەیـە ئەگـەر بەڵگـە هەبـێ لەسـەر مەدینەیـی بوونی،

ئـەو كاتـە گونجاویـی سرووشـتی سـوورەتەكە لەگـەڵ قورئـانی مەككەییـدا، وامـان لـێ نـاكات هـەر بڵێیـن مەككەییـە، مـادام بەڵگـە هەبـێ لەسـەر مەدینەیـی بـوونی، لـەو بـارەوەش چەنـد دەقێـك هـەن پێـمان دەڵێـن، ئـەم سـوورەتە لـە مەدینـە دابەزیـوە.

یەكێك لە دەقەكانیش ئەمەیە:

(عَنْ عَبْدِ اللهِ ابْنِ عَبَّاس ﷺ قَال: نَزَلَتْ سورةُ إذا زُلْزِلَتْ بِالمَدِينَة) (ذكره السيوطي في الـدر المنثـور: ج٨ ص٥٩٠، ونسـبه لابـن مَرْدَوَيـه، **وَأَخـرج ابْـن مَردَوَيـه عَـن قَتَـادة: نَزَلَـتْ بِالمَدِينَـة إذا زُلْزِلَـت)**[1].

واتـە: عەبدوڵـڵای كـوڕی عەببـاس ﷺ، گوتوویـەتی: سـوورەتی **(إذا زُلْزِلَـتْ)** لـە مەدینـە دابەزیـوە، هەروەهـا ئیبنـو مـوڕدەوەی لـە قەتـادەوە هێناویـەتی گوتوویـەتی: **(إذاَ زُلْزِلَـتْ)** لـە مەدینـە دابەزیـوە.

هەروەهـا لـەو بـارەوە دوو دەقـی دیكـەش هـەن، مەدینەیـی بـوونی زاڵ دەكـەن، كـە لـە باسـی هـۆی هاتنـە خـواردا، ئـەو دوو دەقـە دێنیـن، بـەڵام بێگومـان مـرۆڤ یەقینـی هـەر بـۆ پەیدانابـێ كـە ئـەم سـوورەتە هـەر مەدینەییـەو، دەشـگونجێ مەككەییـش بـێ، بـا زۆرێـك لـە زانایانیـش بـە مەدینەییـان دانابـێ.

٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:

لـە موصحـەف دا ژمارەكـەی، نـەوەدو نۆیەمیـن، لـە دابەزینیشـدا نـەوەدو چوارەمیـن (٩٤) سـوورەتە، بەپێـی ڕای **(جابـر بـن زیـد)** و **(الجعفـري)**، كـە هۆنراوەیەكـی هەیـە بـاسی ڕیزبەندیـی سـوورەتەكان دەكات لـە دابەزینیانـدا، ئەوانـە هەردووكیـان دەڵێـن (٩٤)ەمیـن، سـوورەتە، پێـش سـوورەتی **(الحدیـد)** دابەزیـوەو، دوای سـوورەتی **(النسـاء)**.

---

(١) الإسْتِيعاب فِي بَيان الأَسْباب: ج٣ ص٥٤٧.

٤)- ژمارەی ئایەتەکانی:

زۆربەی زانایان ژمارەی ئایەتەکانییان بە نۆ (٩) داناون، بەڵام هەندێکیان بە هەشت (٨)یان، داناون، بەهۆی لەتکردنی ئایەتی: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ ﴾، کە ئەگەر لێرە بوەستی: (يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا)، دوایی (لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ) بێ، ئەوە مانای وایە دەبێ بەدوو ئایەت، بەڵام ئەگەر لەت نەکرێ و هەمووی بەسەر یەکەوە بێ، دەبێتە یەك ئایەت، بەڵام موصحەفەکانی کە لەبەر دەستی ئێمەدا هەن، بە زۆریی بە پێی خوێندنەوەی (حفص)ن و، ژمارەی هەشتیان تەبەنیی کردوە.

٥)- نێوەڕۆکی:

ئەم سووڕەتە هەمووی باسی ڕۆژی دواییە، بە هەردوو قۆناغی کۆتایی پێهاتنی گەردوون و، هەڵسانەوەو زیندووکرانەوەی مرۆڤ و جند، واتە: ئاخیر زەمان و قیامەت، پێنج ئایەتی یەکەم باسی ئاخیر زەمانن، سێ ئایەتی دواییش باسی قیامەتن، ئەوەش بە ڕاو بۆچوونی بەندە، ئەگەرنا دەشگونجێ بگوترێ: ﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ ﴾، وەك زۆرێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان وایان ماناکردوە، گوتوویانە: ئەوە مەبەست پێی قیامەتە، بەڵام من پێم وایە پێنج ئایەتی یەکەم، هەموویان باسی ئاخیر زەمان و کاتی تێکچوونی گەردوونن و، سێ ئایەتی کۆتایی باسی هەڵسانەوەو سزاو پاداشتدرانەوەو قیامەتن.

٦)- تایبەتمەندییەکانی:

دەتوانین ئەم چوار تایبەتمەندییە لەم سووڕەتەدا بخەینەڕوو:

١- باسی لەرزێنرانەوەی تایبەتی زەوی: ﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ ﴾، لە هەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتوە، بەڵێ لە شوێنی دیکەدا بە تەعبیری دیکە هاتوە: ﴿ إِذَا رُجَّتِ

ﭐلْأَرْضُ رَجًّا ﴿٤﴾ وَبُسَّتِ ٱلْجِبَالُ بَسًّا ﴿٥﴾ ﴾ **الواقعة**، هەروەها لە سوورەتی **(الإنشقاق)** دا ﴿ إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتْ ﴿١﴾ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴿٢﴾ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ﴿٣﴾ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴿٥﴾ ﴾، بەڵام بەو تەعبیرەی ئێرە، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

٢- باسی هەواڵگێرانەوەی زەوی کە خوا سرووشی بۆ کردوە وابکات: ﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ ﴾، لەو ڕۆژەدا (زەوی) هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە پەروەردگاری سرووشی بۆ کردوە (ئاوا بلەرزێتەوە)، بێگومان ئەو هەواڵگێڕانەوەیەی زەوییش بە زمانی حاڵە، وەك زۆربەی یاخود زۆرێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان وایانگوتوە، هەڵبەتە لەلای خوای باڵادەست ئاسانە زەوییش بینێتە گۆ، بەڵام **(الطبري)**و زۆرێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: مەبەست پێی زمانی حاڵە، وەك گوتراوە: **(قَالَ الجِدارُ لِلوَتَدِ لِمَ تَشُقُّني؟ قالَ إِسْأَلْ مَن يَدُقُّني)**، دیوار بە سینگی گوت: بۆچی لەتم دەکەی؟ سینگەکە گوتی: لەو کەسە بپرسە کە دامدەکوتێ! بەدڵنیایی ئەو وتوێژو دیالۆگەش بە زمانی حاڵە.

٣- باسی دەرچوونی خەڵك بە پرژوبڵاویی بۆ پیشاندرانی کردەوەکانیان: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ ﴾، لەو ڕۆژەدا خەڵك بە پرژو بڵاویی دەردەچن (لە گۆڕەکانیان، یان لە شوێنێ کە جەستەیانیانی تێدابووە)، تاکو کردەوەکانیان پێشانبدرێن، بۆیانیان ڕابنوێنرێن.

٤- باسی دیتنی مرۆڤ بۆ کەمترین چاکەو خراپەی خۆی: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾، واتە: ئنجا هەر کەس بە گرانایی گەردێك چاکە بکات دەیبینێ و، هەر کەسێکیش بە گرانیی گەردێك خراپە بکات دەیبینێ، کە لە هەموو قورئاندا ئەم دوو تەعبیرە تەنیا لێرەدا هاتوون.

٧)- دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە:

ئێمە کۆی ئایەتەکەی ئەم سووڕەتە دەکەینە دەرسێك، لەبەرئەوەی لە یەك بابەت دەدوێن، هەمووشیان پێکەوە پەیوەستن.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

پێشتریش باسمان کرد، ئەم سوورەتە موبارەکە هەمووی باسی ڕۆژی دوایی دەکات، بە هەردووك قۆناغی ئاخیر زەمان و هەڵسانەوەو قیامەتەوە، پێنج ئایەتی یەکەم باسی ئاخیر زەمان دەکەن.

خوا فەرموویەتی: بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە:

﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١ ﴾، هەر کاتێك زەوی بە لەرزینەوە تایبەتەکەی خۆی، لەرزێندرایەوە، جووڵێندرا، تێکڕاشەقێندرا.

﴿ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ۝٢ ﴾، زەوییش قورساییەکانی خۆی، گرانایییەکانی خۆی دەرهاوێشت وەك لە سوورەتی (إنشقاق)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ۝٤ ﴾، هەرچی تێیدابوو دەریهاوێشت و خۆی خاڵیی کردەوە، خۆی بەتاڵ کرد.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ۝٣ ﴾، مرۆڤیش گوتی: ئەو (زەوی) چییەتی؟ ئەو مرۆڤانەی لەوێن، یان ئەگەر گریمان بکرێ مرۆڤی لێبن، دەڵێن: زەوی چییەتی چی بۆ وا دەکات؟ چی لێ هاتوە؟ چ شتێك لێی ڕوواوە بەو شێوەیە دەلەرزێتەوە، تاکو ئێستا وا نەلەرزیوەتەوە؟

﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ ﴾، لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی باس دەکات، دەگێڕێتەوە.

﴿ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ۝٥ ﴾، ئنجا بەهۆی ئەوەوەیە کە پەروەردگارت سرووشی بۆ کردوە، فەرمانی پێکردوە، بۆیە بەو شێوەیە دەکات، ئەوە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی.

قۆناغی دووەم: خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ ۝٦ ﴾، لەو ڕۆژەدا خەڵك کۆمەڵ کۆمەڵ بە پرژوبڵاویی دێنەدەر (لە شوێنەکانی خۆیان)، تاکو کردەوەکانی خۆیانیان پێشان بدرێن، ئنجا دەبن بەدوو بەش، یاخود کردەوەکانیان هەرچییەك بن بە گشتیی دوو جۆرن: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ ﴾، ئنجا هەر کەسێك هێندەی گرانایی گەردێك چاکەی کردبێ، دەیبینێتەوە، مسوڵمان بێ، یان نامسوڵمان، هەر کەس کردەوە چاکەکانی خۆی دەبینێتەوە.

﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨ ﴾، هەروەها هەر کەسێك بە ئەندازەی گرانایی گەردێك خراپەی کردبێ، ئەویش دەیبینێتەوە، بڕوادار بێ، یان بێبڕوا، چاکەکار بێ، یان خراپەکار، ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێ و دوایی قسەی لەسەر دەکەین، کە چۆن هەموو کەس چاکەو خراپەی خۆی دەبینێتەوە؟ ئایا بێبڕوایان ئەگەر لە دنیادا چاکەیەکیان کردبێ، لە ڕۆژی دوایی دا کە دەیبیننەوە، بەهرەمەند دەبن لەو چاکەیە؟ هەروەها ئایا بڕواداران لە خراپە گچکەکانیان زەرەرمەند دەبن، کە دەیانبیننەوە؟ دوایی قسە لەو بارەوە دەکەین.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ۝٢ وَقَالَ ٱلْإِنسَـٰنُ مَا لَهَا ۝٣ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ۝٥ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ ۝٦ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بــە نـاوی خــوای بــە بەزەیــی بەخشــندە. هــەر کات زەوی بەلەرزینــەوە تایبەتەکـەی لەرزێندرایـەوە (١) زەویـی قورسـاییەکانی خۆشـی دەرهاویشـتن (٢) مرۆڤیـش گـوتی: ئـەوە زەوی چییـەتی، بۆچـی وا دەکات؟ (٣) لـەو ڕۆژەدا زەوی بـاسی هەواڵـەکانی خـۆی دەکات (٤) کـە بـە هـۆی ئـەوەوەی پـەروەردگارت سرووشی بـۆ کـردوە، (ڕاگەیانـدوە) وا بـکات (وا دەکات) (٥) لـەو ڕۆژەدا خەڵـك بـە پرژوبڵاویـی دەردەچـن تاکـو کردەوەکانیانیـان پێشـان بدرێـن (٦) ئنجـا هــەر کــەس هێنــدەی گرانایـی گەردێـك چاکـەی کردبـێ دەیبینـێ (٧) هـەر کەسـیش هێنـدەی قورسـایی گەردێـك خراپـەی کردبـێ، دەیبینـێ (٨)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(**زُلۡزِلَتِ**): (**التَّزَلْـزُلُ: الإضْطِـرابُ، وَتَكْريـرُ حُـرُوفِ لَفْظِـهِ، تَنْبيـهٌ عَـلى تكْريرِ، مَعنـى الزَّلَلِ فِيـهِ**)، (**تَزَلْـزُل**): بـە مانـای لەرزینـەوەو جووڵـە جـووڵ و هەژانـە، پیتـی بێژەکـەی کـە دووبـارە کراوەتـەوە (**التَّزَلْـزُل**)، ئەمـە بـۆ ئاگادارکردنەوەیـە لـەوەی مانـای (**زَلَـلْ**)، لـەو وشـەیەدا دووبـارە بۆتـەوە، (**زَلّ**)، واتـە: لاچـوو، (**زَلَـلْ**) واتـە: خلیسـکان و لاچـوون، (**تَزَلْـزُل**) مانـای هـەژان و ڕاشـڵەقێندران و جووڵێنـدران.

(**أَثۡقَالَهَا**): (**الأثْقـالُ جَمـع ثِقْـل، أو ثَقَـل، والثِّقْـل: كُلُّ شَيء ثَقيـل، وَالثَّقَـل كُلُّ شَيء نَفيـس**)، (**أَثْقـال**) دەگونجـێ کـۆی (**ثِقْـل**) بـێ، واتـە: قورسـایی، (**ثِقْـل**) هـەر شـتێکە قورسـبێ و، چاوگـە. (**ثَقَلْ**)یـش هــەر شـتێکە بەنـرخ بــێ، (**الثَّقَـلان**) واتــە: دوو قورسـەکان، کـە مەبەسـت پێـی جنـدو مرۆڤـن، لەسـەر زەوی.

(تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا): (الحَديـثُ: الـكَلامُ، وَالتَّحَـدّثُ: التَّكَلُّـم)، (حَديـث) بـە مانـای قسـەیە (تَحَـدُّث) بەمانـای قسـەکردنە، (التَّحْديـثُ: صُـدورُ كَلامٍ بِخَـبَرٍ عَـنْ حَـدَث)، (تَحْديـث)، بریتیـە لـە دەرچـوونی قسـە لەبـارەی هەواڵدانێکـەوە لـە ڕووداوێـك، هەواڵدانیـش لەبـارەی ڕووداوێکـەوە، شـتێکە کـە پەیدابـووە.

(أَوْحَىٰ لَهَا): (أَيْ: أَوْحـى إِلَيْها وَتَعْدِيَتُـهُ بِـلام، لِتَضمُّـن مَعْنـى: قـال)، (أَوْحَىٰ لَهَا)، لـە ئەسـڵدا (أَوْحَـى إِلَيْهـا)، سرووشی بـۆ لاکـرد، پەیامـی بـۆ لا نـارد، بـەڵام لێـرە لەجیـاتی بفەرمـوێ: (أَوْحَـى إِلَيْهـا)، وەك: ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ ﴿١٢﴾﴾ الأنفـال، واتـە: کاتێـك پـەروەردگارت سرووشی بـۆ لای فریشـتەکان دەکـرد کـە مـن لەگەڵتانـم، بـەڵام لێـرە دەفەرمـوێ (أَوْحَىٰ لَهَا)، بۆیـەش بـە (ل) بـەرکاری خواسـتوە، تاکـو مانـای گـوتی (قـال)ی، بخرێتـە نێـو، وێـڕای ئـەوەی مانـای سرووشی تێدایـە، یـانی: (أَوحـى إِلَيْهـا وَقَـالَ لَهَـا)، پـەروەردگارت سرووشی بـۆ لا کـردوەو پێشـی فەرمـووە.

(يَصْدُرُ النَّاسُ): (الصُّـدورُ: الخُـروجُ عَـنْ مَـكَانِ الإِجْتِـماع)، (صُـدُور): دەرچوونـە لە شـوێنی لـێ کۆبوونـەوە، (صَـدَرَ عَـنِ المَـكانِ أَيْ: تَرَكَـهُ وَخَـرَجَ، وَعَكْسُـهُ: وَرَدَ)، (صَـدَرَ عَـنِ المَـكان)، واتـە: لـە شـوێنەکە دەرچـوو بەجێیهێشـت، پێچەوانەکـەی (وَرَدَ)یـە، یانـی: هـات، بـۆی هـات، وەك لـە سـوورەتی (القَصَـص)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَاءَ مَدْيَنَ ﴿٢٣﴾﴾، واتـە: کاتێـك مووسـا چـوو بـۆ قـەراغ و نیزیـکی ئاوەکـەی مەدیـەن، کەواتـە (يَصْدُرُ النَّاسُ)، یانـی: خەڵـك دەردەچـن.

(أَشْتَاتًا): (أَشْـتَاتْ جَمْـعُ شَـتٌّ، وَالشَّـتُّ: المُتَفَـرِّقُ أَي: يَخْرجـونَ مُتَفَرِّقِـينَ جَمَاعَـاتٍ)، (أَشْـتَات) کـۆی (شَـتٌّ)ە، بەمانـای پرژوبـڵاو، لێکبـڵاو، کەواتـە (يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا)، خەڵـك دەردەچـن لـە گۆڕەکانیـان دەردەچـن، لـە زەوی دەردەچـن، بـە پرژوبڵاویـی، کۆمـەڵ کۆمـەڵ و پـرژو بـڵاو.

(مِثْقَالَ): (المِثْقـالُ: مَـا يُـوزَنُ بِـهِ، وَهـوَ مِـنَ الثُّقْـل)، (مِثْقَالَ)، واتـە: بارتەقـای ئـەو شـتە لـە گرانایـی، (مَـا يُـوزَنُ بِـهِ)، شـتێك کـە شـتێکی پـێ بکێشرێ بـە ئەنـدازەی خـۆی بـێ، لـە (ثِقْـل)ەوە هاتـوە، یانـی: قورسـایی.

(ذَرَّةٍ): (الـذَّرَّةُ: النَّمْلَـةُ الصَّغـيرةُ فـي ابْتِـداءِ حَيَاتِهـا)، (ذَرَّةٍ): بریتیـە لـە مێـرووی بچـووك، مێـرووە سـوورە بچووکـەکان لـە سـەرەتای دروسـتبوونیدا کـە زۆر بچووکـەو، (أَوِ الـذَّرَّةُ الغُبـارِ الَّـذي يُـرى فـي الشُّعَاعِ)، گـەردی بینـراو لـە تیشـکدا، کاتێـك تیشـکی خـۆر دێتـە ژووری لـە پەنجەرەیەکـەوە، ئـەو شـتە وردانـەی بەهـۆی تیشـکی خـۆرەوە دەبینـدرێـن، هەرکامێـکان پێـی دەگوتـرێ: (ذَرَّةٍ)، واتـە: تـۆزو گـەردی زۆر ورد، کـە لـە حاڵـەتی ئاسـاییدا نابینـدرێـن، مەگـەر تیشـکی خـۆر لێیـان بـدات و دەربکـەون.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە

لە بارەی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە، سێ گێڕدراوان دێنین:

١- {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرو بْنِ العَاص، رَضِيَ اللهُ عَنْهُما، أَنَّهُ قَالَ: أُنْزِلَتْ: ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١﴾، وأَبو بَكرٍ الصِّدِّيق قَاعِدٌ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، فَبَكى حِينَ أُنْزِلَتْ، فَقَال لَهُ رَسولُ اللهِ ﷺ: مَا يُبْكِيكَ يا أَبا بَكْرٍ؟ قَال: يُبْكيني هَذهِ السُّورَة، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ الله ﷺ: لَوْلاَ أَنَّكُم تُخْطِؤُنَ وَتُذْنِبونَ، فَيَغْفِرُ اللهُ لَكُمْ، لَخَلَقَ اللهُ أُمَّةً يُخْطِؤُنَ وَيُذْنِبونَ فَيَغْفِر لَهُم} (أخرجه الطبري في جامع البيان: ج٣٠، ص١٧٥، والواحدي في أسباب النزول: ص٣٠٤، وابن أبي الدنيا في الرِّقة والبُكاء، ص٧٥، والطبراني في الكبير: ٨٧، والبيهقي في شعب الإيمان: ٧١٠٣، قلنا: وهذا سندٌ حسنٌ رِجاله ثقاتٌ، رِجال الصَّحيح، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٤٩).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەمـری کـوڕی عـاص (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، گوتوویـەتی: کاتێـك ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١﴾، دابـەزی ئەبـوو بەکـری صیددیـق (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دانیشـتبوو، گریـا، پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـی فەرمـوو: ئـەی ئەبـوو بەکـر چ شـتێك دەتگریەنـێ؟ گوتـی: ئـەم سـوورەتە دەمگریەنـێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی: ئەگـەر ئێـوە هەڵـەو گوناهتـان نەکردبایـە، کـە خـوا لێتـان ببـوورێ، خـوا کۆمەڵێـکی دیکـەی دروسـت دەکـردن، هەڵـە بکـەن و گونـاح بکـەن، ئەویـش لێیـان ببـوورێ.

٢- {عَن أَبِي أَيّوب الأَنْصاري رَضِيَ اللهُ عَنْه، قَال: بَيْنَمَا رَسُولُ اللهِ ﷺ وَأَبو بَكرٍ الصِّدّيق، إذْ نَزَلَتْ عَلَيْهِ هَذِهِ الآيَة: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾، فَأَمْسَكَ رَسولُ اللهِ ﷺ يَدَهُ عَنِ الطَّعَامِ، ثُمَّ قَالَ: مَنْ عَمِلَ مِنْكُم خَيْراً فَجَزاهُ فِي الآخِرَة، وَمَن عَمِلَ مِنْكُم شَراً يَراهُ فِي الدُّنيا مُصيباتٍ وَأَمراضَ، وَمَن يَكُن فِي مِثْقالَ ذَرَّةٍ مِن خَيْرٍ دَخَلَ الجَنَّة} (ذكره السيوطي في الدُّرِّ المَنثور: ج٨، ص٥٩٤، وَنَسبه لابن مُرْدَوَيه، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٥٠).

واتــە: ئەبــوو ئەییــوبی ئەنصاریــی (خــوا لێــی ڕازی بــێ) دەڵــێ: لــە کاتێکــدا پێغەمبــەری خــوا ﷺ و ئەبووبەکــری صیددیــق خــوا لێــی ڕازیبــێ پێکەوەبــوون، ئــەم ئایەتــە موبارەکــە دابەزیــە ســەر پێغەمبــەر ﷺ: [هــەر کەســێك گرانایــی گەردێــك چاکە بــکات، دەیبینێتــەوەو، هــەر کەســێك گرانایــی گەردێــك خراپــە بــکات دەیبینێتــەوە]، پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەســتی لــە خواردنەکــە ڕاگــرت و کێشــایەوە، دوایــی فەرمــووی: هــەر کەســێك لــە ئێــوە چاکــە بــکات، پاداشــتەکەی لــە ڕۆژی دوایــی دایــەو، هــەر کەسـێك لـە ئێـوە خراپـە بـکات، لـە دنیـادا سـزایەکەی لـە شـێوەی بـەڵاو نەخۆشـییدا دەبینــێ و، پێــی ســزا دەدرێ، هــەر کەســێك بــە ئەنــدازەی گەردێــك چاکــەی تێدابــێ دەچێتــە بەهەشــت، (واتــە: دوای ئــەوەی ســزا دەدرێ و پــاك دەبێتــەوە، ئەگــەر شایســتەی ســزادران بــێ، دوای ئــەوە هــەر دەچێتــە بەهەشــت).

٣- {عَنْ سَعيدِ بْنِ جُبَيْرٍ رَحِمَهُ الله، قَالَ: لَمَا نَزَلَتْ: ﴿ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ﴿٨﴾ ﴾ الإنسان، كَانَ المُسْلِمون يَرَوْنَ أَنَّهُم لا يُؤجَرونَ عَلى الشَّيء القَليلِ، إذا أَعْطَوْهُ، وَكَانَ آخَرونَ يَرَوْنَ أَنَّهُم لا يُلامُونَ عَلىَ الذَّنْبِ اليَسِرِ؛ الكِذْبِ والنَّظْرَةِ وَالغِيبَةِ، وَأَشْبَاهِ ذَلِك، وَيَقولونَ: إنَّ مَوْعِدَ اللهُ النَّارَ عَلى الكَبَائِرِ، فَأَنْزَل الله: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾}، (ذكره السيوطي في لباب النقول، ص٢٣٣، وَالدرّ المَنثور: ج٨، ص٥٩٤ - ٥٩٥، ونسبه لابن أبي حاتم، قُلنا: وهو ضعيف لإرساله).

هەر سێك گێڕدراوەکەم لە (الإستيعاب فـي بيان الأسباب: ج٣، ص٥٤٩ - ٥٥٠) هێنان.

واتـە: سـەعیدی کـوڕی جوبەیـر ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ، (کـە یەکێکـە لـە زانایانی گـەورەی جیـلی دوای هـاوەڵان، شـوێنکەوتووان)، دەڵـێ: کاتێـك ئـەم ئایەتـە موبارەکـە دابەزیــوە: ﴿ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ﴿٨﴾ ﴾ الإنســان، مســوڵمانان پێیــان وابــوو لەســەر شــتی کــەم ئەگــەر ببەخشــن، پاداشــتیان نابــێ، هەندێـکی دیکـەش پێیـان وابـوو لەسـەر گوناهێـکی کـەم وەك: درۆیـەك و، ڕوانینێـکی قەدەغـەوو باسـکردنێکی پـاش ملـەو، وێنـەی ئەوانـە، سەرزەنشـتیان ناکـرێ و، سـزایان نـادرێ، دەیانگـوت: خـوا لەسـەر گوناهـە گـەورەکان بەڵێنـی داوە کـە بـە ئاگـری دۆزەخ [بسـووتێنرێین]، ئیـدی خـوا ﷻ ئـەم دوو ئایەتـە موبارەکـەی دابەزانـدن: هەرکەسـێك بەقـەدەر گرانایـی گەردێـك چاکـە بـکات دەیبینێتـەوەو، هـەر کەسێك هێنـدەی گرانایـی گەردێـك خراپـە بـکات، دەیبینێتـەوە.

بـۆ ئـەوەی ئـەو بیروبۆچوونـە چەوتانەیـان نەبـن، کـە پێیـان وابـێ مەگـەر لەسـەر چاکـەو خێـری گـەورە، یاخـود لەسـەر گوناهـی گـەورە، ئەگەرنـا پاداشـت و سـزایان نابـێ، نەخێـر وانیـە، چاکـەو خراپـە هەرچەنـدە کەمیـش بـن، بـەڵام بـە ئەنـدازەی خۆیـان، ئەگـەر چاکەبـن پاداشـت و، ئەگـەر خراپەبـن، سـزایان لەسـەر دەبـێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بەنــاوی خــوای بەبەزەیــی بەخشــندە، زۆرجـار گوتومانـە: کاتێـك مـرۆڤ دەڵـێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، چ بـۆ خوێنـدنی سـوورەتێکی وەك ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بـێ، چ بـۆ هـەر کارێـکی دیکـە بـێ، پێویسـتە چـوار واتایـان لـە عەقـڵ و دڵـی خۆیـدا ئامـادە بـکات:

١- ئەم کارە بەناوی خوا ئەنجام دەدەم، نەك بەناوی خۆم، یان بەناوی نیشتیمان، یان بەناوی فڵان یان فیسارکەس، یان فڵان شت بەڵکو بەناوی خوا، چونکە هەموو

شتێك هی خوایەو، پێویستە هەرکارێك دەکرێ ناوی خوای لێ بهێنرێ، ئەگەر بویسترێ بەرهەمدارو بەرەکەتدار بێ.

٢- ئەم کارە دەکەم بەپێی بەرنامەی خوا و، بەپێی ڕێ و شوێنك کە خوا دایناوەو، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیدا ڕۆیشتوە.

٣- ئەم کارە ئەنجام دەدەم بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خواو پاداشتی خوا، نەك بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك و، خۆ مرۆڤ چاککردن، یان بۆ دەسکەوتێکی دنیایی، بەڵکو بۆ ئەوەی خوا لێم ڕازیبێ و پاداشتم بداتەوە، ئنجا شتێك کە بۆ خوا دەکرێ و، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا، مانای وانیە بەرهەمی دنیاییشی نابێ، بەڵکو بەرهەمی دنیاییشی دەبێ، بەڵام کارێك کە دەبێ بۆ خوا بکرێ، وەك بەندایەتیی بۆ خوا، مرۆڤ نابێ سەرنجی بەرهەمە دنیاییەکەی بدا، چونکە وەك پەرستشێك، ئەگەر پەرستش بێ، بەڵام ئەگەر کاروباری دنیایی بێ، وێڕای ئەوەی بۆ خوا ئەنجامی دەدەی، ئەگەر یارمەتییدانی لێقەوماوێکە، بەدەمەوەچوونی بابایەکی هاوار تێبەستووتە، یان چاکە کردنێکەو، قسەی خێر کردنێکە، وێڕای ئەوەی بۆ خوا ئەنجامی دەدەی، دەبێ تەماشای چۆنیەتی ئەنجامدانەکەی و بەرهەمە دنیاییەکەشی بکەی، بەڵام لە پەرستشەکاندا تەنیا تەماشا ئەوە دەکرێ، کە بۆخوا ئەنجامی دەدەی، بێگومان هیچ شتێکیش نیە خوا فەرزی کردبێ لەسەر بەندەکانی خۆی، لە هەردوو بواری پەرستشەکان و هەڵسوکەوتەکاندا، مەگەر پڕە لە حیکمەت و سوود لە دنیاو دواڕۆژدا، بەڵام لە پەرستشەکاندا تەماشای بەرهەم و ئەنجامە دنیاییەکەی ناکەی و، دڵنیاشی کە بەرهەم و ئەنجامی ڕواڵەتیی و دنیاییشی هەیە، بەڵام تۆ ڕەچاوی ئەوە ناکەی و تەنیا ڕەچاوی ئەوە دەکەی خوا ئەوەی فەرزکردوەیان، بە پەسندی داناوەو تۆش ئەنجامی دەدەی.

٤- مانای چوارەم کە دەبێ بە عەقڵ و دڵدا بهێنرێ ئەوەیە: من ئەم کارەی ئەنجامی دەدەم بە کارئاسانیی خواو، بە وزەو توانایەك کە خوا بۆی ڕەخساندووم ئەنجامی دەدەم، نەك بە شان و شەوکەتی خۆم، یان بەهۆی فڵان کەسەوە، یان پارەو سامان، یان بەهۆی قەڕەباڵغیی دەوروبەرمەوە، چونکە قەڕەباڵغیی دەوروبەر و، هۆکارەکانیش،

هەرچی بن، بەس خوا ڕەخساندوونی و، تۆ چاوت لە هۆکارسازەو، لەبەر هۆکارەکان ئاگات لە هۆکارساز نابڕێ، کە هۆکارەکانی ڕەخساندوون و سازاندوون.

خـوا دەفەرموێ: ﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴾، هـەر کات زەوی لەرزێندرایەوە بە لەرزێندرانـەوە تایبەتەکـەی خـۆی، ئـەو لەرزێندرانەوەیـەی بەتایبـەت بـۆی دانـدراوە، کـە مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە لـە قۆناغـی یەکەمیـدا، لـە دوای فـووی یەکـەم بـە کەڕەناداکـران، وەك دەفەرمـوێ: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ﴾الزمـر، واتـە: فـوو بـە کەڕەنـادا کـرا هـەر کەسـێك لـە ئاسـمانەکان و هـەر کەسـێك لـە زەویـدا هەیـە، هەموویـان مـردن، مەگـەر کەسـێك خـوا بیـەوێ، ﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ ﴾، دوایـی بـۆ جارێـکی دیکـە فووێـکی دیکـە بـە کەڕەنـادا کـرا ﴿ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾، یەکسـەر هەموویـان ڕاوەسـتابوون چاوەڕێیـان دەکـرد، بەدڵنیایـی هـی یەکەمیـان ئاخیـر زەمانـەو، هـی دووەمیشـیان قیامـەت و هەڵسـێنرانەوەو زیندووکرانەوەیـە.

ڕوونکـەرەوانی قورئـان هەندێکیـان دەڵێـن: ئـەوە هەمووی لـە بـارەی قیامەتەوەیە، بـەڵام مـن وای تێدەگـەم لـە ئایـەتی یەکەمـەوە تاکـو ئایـەتی پێنجـەم، بـاسی ئاخیـر زەمـان و، کۆتایـی هاتنـی ژیـانی دنیـاو گەردوونـەو، ئایـەتی شەشـەم و حەوتـەم و هەشـتەمیش بـاسی قیامەتـن.

﴿ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴾، زەوییـش قورسـاییەکانی خـۆی دەرهاویشـتن، قورسـاییەکانی نێـو زەوی هەمـوو ئـەو شـتانەن کـە لـە زەوییـدان، وەك دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا زیاتـر تیشـکی دەخەینـە سـەر، (أثْقال) دەگونجـێ کـۆی (ثِقْـل) بـێ، واتـە: قورسـایی، دەشـگونجێ کـۆی (ثَقَـلْ) بـێ، واتـە: ماڵـی بـە قیمـەت و بەنرخ، گرنـگ ئەوەیـە زەوی هەرچـی تێیدایـە دەری داوێ، وەك لـە سـووڕەتی (الإنشـقاق)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ﴿٣﴾ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴿٤﴾ وَأَذِنَتْ لِرَبِّهَا وَحُقَّتْ ﴿٥﴾ ﴾، واتـە: کاتێـك زەوی پـان ڕاکێـشرا، (وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ)، هەرچـی تێیدایـە فڕێیـداو،

خۆی خاڵیی کردەوە، خۆی بەتاڵکرد، (وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ)، بۆ پەروەردگاری ملکەچ بوو و شیاویش بوو ملکەچ بێ، لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا ۝٢ ﴾، هەندێك لە زانایان وایان لێکداوەتەوە کە مەبەست پێی دەرهاویشتنی مردووەکانە، بەڵام بەدڵنیایی دەرهاویشتنی مردووەکان، ئەگەر مەبەست پێی زیندووکرانەوەیان بێ، ئەوە لە قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییدا دەبێ کە قیامەتەو، ئەگەر مەبەستیش هەر ئەوەبێ هەرچی لە نێو هەناویدایە دەریداوێ، ئێسك و پرووسکە هەرچی هەیە، ئەوە لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییدا دەبێ، کە ئاخیر زەمانە.

﴿ وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا ۝٣ ﴾، مرۆڤیش گوتی: (زەوی) چییەتی؟ مرۆڤ (ٱلۡإِنسَٰنُ)، (أل)ی ناساندنی لەسەرە واتە: تێکڕای مرۆڤ و، جینسی مرۆڤ، کە لەوێ هەبێ، لەو کاتەدا دەڵێ: (مَا لَهَا) زەوی چییەتی؟ بۆچی وا دەکات و چی لێقەوماوە؟ ﴿ يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ۝٤ ﴾، لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی باس دەکات، قسەیان لەبارەوە دەکات، زۆربەی ڕوونکەرەوانی قورئان دەڵێن: بەزمانی حاڵ زەوی هەواڵ و دەنگ و باسەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ، وەك پێشتریش گوتمان، هەندێکیش گوتوویانە: زەوی خوای پەروەردگار توانایەکی دەداتێ قسە بکات، ئەوەش بۆ خوا زۆر ئاسانە، بەڵام وا پێدەچێ مەبەست ئەوەبێ کە زەوی بە زمانی حاڵ باس و خواسی خۆی دەکات، کە هەر کەسێك تێوەیڕامێنێ، دەزانێ خوا فەرمانی پێکردوە، ﴿ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ۝٥ ﴾، بە هۆی ئەوەوەی پەروەردگارت سرووشی بۆ کردوەو، پێی فەرمووە وابکات، هەواڵەکانی خۆی بگێڕێتەوە و دەنگوباسی خۆی بخاتە ڕوو، ئەمە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی، کە ئاخیر زەمانە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی قۆناغی دووەم: ﴿ يَوۡمَئِذٖ ﴾ لەو ڕۆژەدا، چونکە ڕۆژی دوایی هەمووی یەك ڕۆژە، نیوەی ئاخیر زەمانەو، نیوەشی قیامەتە، ئنجا ئایا چەندەیان دەکەوێتە بەین؟ لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، فەرموویەتی: چل (٤٠)، ئنجا ئایا (٤٠) ڕۆژە، (٤٠) مانگە، (٤٠) ساڵە، هەر خوا

دەزانێ، گرنگ ئەوەیە ماوەیەك دەكەوێتە نێوان كۆتایی پێهاتنی ژیانی دنیاو، دووبارە زیندووكرانەوەو هەڵسێندرانەوەی مرۆڤەكان، ماوەیەك دەكەوێتە بەینیانەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوۡمَئِذٍ ﴾ لەو ڕۆژەدا، ﴿ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتًا ﴾ خەڵك بە پرژوبڵاویی دەردەچن، لە زەوییەوە دەردەچن، (أَشۡتَاتًا) كۆی (شَتٌّ)ە، (الشَّتُّ: المُتَفَرِّقُ)، پرژوبڵاو، واتە: خەڵك بە پرژوبڵاویی تاك تاك و، جووت جووت، یاخود بە پرژوبڵاویی یانی: كۆمەڵ كۆمەڵ بەڵام بە پرژوبڵاویی دەردەچن، ﴿ لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ٦ ﴾، تاكو كردەوەكانی خۆیانیان بۆ ڕابنوێندرێن، پێشانیان بدرێن، بخرێنە بەرچاویان، هەندێكیش خوێندوویانەتەوە: (لِيَرَوۡاْ أعمَالَهُم)، تاكو كردەوەكانی خۆیان ببینن، ﴿ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرًا يَرَهُۥ ٧ ﴾، ئنجا هەركەس بەقەدەر گرانایی گەردێك چاكەی كردبێ، چاكە بكات، دەیبینێتەوە، بە كرداری ئێستا (مُضارع) هێناویەتی، یانی: هەر كەسێك بە ئەندازەی گرانایی گەردێك یاخود مێرووێكی بچووك، یاخود گەردێك كە لەبەر تیشكی خۆردا دەبینرێ، چاكە بكات دەیبینێتەوە، ﴿ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ٨ ﴾، هەر كەسێكیش بە ئەندازەی گرانایی گەردێك خراپە بكات دەیبینێتەوە، خوا ﷻ لە هەردوو ڕستەكاندا (مَن)ی بەكارهێناوە، كە بۆ تاك و جووت و، بۆ نێرو مێ و، بۆ دووان و كۆ بەكاردێ، هەركەس بە ئەندازەی گرانایی گەردێك چاكە بكات، دەیبینێتەوە، هەركەس واتە: مسوڵمان بێ، یان نامسوڵمان، ئەمە بە ئاشكرا ئەوە دەگەیەنێ كە نامسوڵمانانیش ئەگەر چاكە بكەن، دەیبیننەوە لە ڕۆژی دوایی دا، بەڵام ئایا كە دەیبیننەوە پاداشتیان دەدرێتەوە؟ یان كە پاداشتیان دەدرێتەوە دەبێتە هۆی دەرباز بوونیان لە دۆزەخ؟ بە دڵنیایی نەخێر، مادام بێبڕوابن، بەڵام ئەو ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ كە جۆرێك لە بەهرەی لێوەردەگرن، بۆ وێنە: سزایان لەسەر سووك دەبێ، چونكە ئەو جۆرە سزایەی بێبڕوایەكان پێی سزا دەدرێن، هەر كامێكیان سزایەكەی بە ئەندازەی خۆیەتی، ئنجا كەسێك كە چاكەی كردوون هەرچەندە بێبڕواش بووە، سزایەكەی یەكسان نابێ لەگەڵ هی كەسێكدا، كە بێبڕوا بووەو خراپەكاریش بووە، هەروەك چۆن بڕوادارانێك

کـە چاکـەکار بـوون، لەگـەڵ بڕوادارانێـك دا کـە خراپـەکار بـوون، یەکسـان نابـن، بـە هەمـان شـێوە بێبڕوایـانی چاکـەکار لەگـەڵ بێبڕوایـانی خراپـەکاردا، ئەوانیـش یەکسـان نابـن، لـە دادگەریـی خـوا وادەخوێندرێتـەوە، دواییـش لـەو بـارەوە هەندێـك دەق دێنیـن کـە ئـەو مانایـە زیاتـر دەچەسـپێنن، ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾، هەروەهـا هـەر کەسێکیش هێنـدەی گرانایـی گەردێـك خراپـەی کردبـێ دەیبینێتـەوە، ئنجـا ئەبـوو بەکـری صیددیـق (خـوا لێـی ڕازی بـێ) -وەک لەهـۆی هاتنەخوارەوەیـدا هێناومانـە- کـە گریـاوە، بۆیـە گریـاوە چونکـە بیـری کردۆتـەوە: هەڵـەو کـەم و کوڕیـی بچـووك مـرۆڤ لێـی خاڵیـی نابـێ، ئنجـا بیـری لێکردۆتـەوە قورسـە بیبینێتـەوە، بۆیـە گریـاوە، پێغەمبەریـش ﷺ هەواڵیـداوە لـە یەکێـك لـە فەرموودەکانـدا کـە هێنامـان، فەرموویـەتی: هـەر کـەس خراپـە بـکات لـە بـڕواداران، سـزایەکەی بـۆ دەخرێتـە دنیـا، لـە نەخۆشـیی و بـەڵاو گرفتاریـی و نارەحەتییـەکان کـە دێنـە ڕێـی، بەوانـە لـەو خراپانـە پـاك دەبێتـەوە، کەواتـە: لـە ڕۆژی دوایـی دا دەیانبینێتـەوە، بـەڵام لـە کۆڵـی بوونـەوە.

یاخـود: پێشـانی دەدرێـن، بـەڵام لەسـەریان سـزا نـادرێ، واتـە: لەسـەر گوناهـی بچـووك، مـادام خـۆی لـە گوناهـە گـەورەکان پاراسـتبێ، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾النسـاء، واتـە: ئەگـەر خۆتـان لـە گوناهـە گـەورەکان بپارێـزن، خراپـە (بچووکە)کانتـان لـێ دەسـڕینەوەو، دەسشـتانخەینە نێـو شـوێنێکی پـڕ ڕێـزو حورمەتـەوە، بـە نسـبەت بێبڕوایانیشـەوە بێگومـان لەسـەر گوناهـی گـەورەو بچـووك سـزا دەدرێـن، بڕوادارانیـش، هـەر کامێکیـان بـە ئەنـدازەی خـۆی چاکـەکانی پاداشـتیان هەیـە، خراپەکانیـشی مـادام خـۆی لـە گوناهە گـەورەکان پاراسـتبێ، گوناهـە گچکەکانی لـە کۆڵبوونـەوە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دادگەریـی خـوا ﷻ بـە تەواویـی بچەسـپێ، دەبـێ خراپەکانیـش بخرێنـەوە بەرچـاوی و بیانبینێتـەوە، بـەڵام لەسـەریان سـزا نـادرێ، لـە مەسـەلە گرنگەکانیشـدا تیشـکی زیاتـر دەخەینـە سـەر ئـەو مەسـەلەیە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

باسی لەرزاندنەوەی تایبەتی زەوی لە ئاخیر زەماندا، وەدەرنانی زەوی بۆ گرانایییەکانی و، پرسیارکردنی سەرسورماوانەی مرۆڤ لە هۆکاری ئەوەو، هەواڵدانی زەوی کە ئەوە بەهۆی سرووش بۆکرانی لەلایەن پەروەردگاریەوەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ۝٢ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ۝٣ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ۝٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١﴾، هەر کات زەوی بە لەرزینەوە (تایبەتە)کەی لەرزێنرایەوە، (إِذَا): کاتێك دەچێتە سەر ڕستەیەك، مانای وایە ئەو شتە بە مسۆگەریی دەبێ، بەڵام (إن) کاتێك دەچێتە سەر ڕستەیەك دوودڵیی و گومانی تێدایە، ئەگەر گوتم: (إذاَ جَاءَ زَيدٌ **أُكْرِمُهُ**)، هەر کات زەید هات ڕێزی دەگرم، مانای وایە ڕێز لێگرتنی من بۆ زەید کە دێ، شتێکی مسۆگەرە، بەڵام ئەگەر گوتم: (**إن** جَاءَ زَيْدٌ **أُكْرِمُهُ**)، ئەگەر زەید هات ڕێزی دەگرم، ئەوە ساغ نەکراوەتەوە کە ڕێزی لێ دەگرم یان نا، لێرە دەفەرموێ: ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١﴾ هەرکاتێك زەوی لەرزێندرایەوە (زِلْزَالَهَا)، لێرەدا دەبێتە بەرکاری ڕەها (**مَفْعول مُطْلَق**)، بۆ (زُلْزِلَتِ)، واتە: کاتێك زەوی بە لەرزێندرانەوە تایبەتەکەی خۆی لەرزێندرایەوە، وشەی (**زِلْزال**) چاوگە، بەڵام (**زَلْزال**) ناوە، لێرەدا (**زِلْزَال**) چاوگە، بەڵام وەك سیفەتێك پاڵدراوەتە لای زەوی، وەك چۆن لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێ: (**لَأُكْرِمَنَّكَ كَرَامَتَك**)، ڕێز لە تۆ دەگرم ڕێزگرتنەکەت، واتە: ڕێزگرتنێك کە تایبەتە بە تۆوە، ڕێزگرتنێك شایستەی تۆیە، لێرەش ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ۝١﴾، هەرکات

زەوی لەرزێنرایەوە، بە لەرزێندرانەوە تایبەتەکەی خۆی، کە بۆی دیارییکراوە لە ڕۆژی دواییدا، چونکە زەوی زۆرجاری دیکە تێکەوە ڕاشەقێنراوەو لەرزێنراوە، بەڵام بەشێکی و لایەکی، کەچی ئەوجارە کە ئاخیر زەمانە، هەموو زەوی دەلەرزێ و دەهەژێ، ئەوەی بەسەردێ، کە بەسەری دێ، وەک لە شوێنەکانی دیکەدا باسکراوە.

٢)- ﴿ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴿٢﴾ ﴾، هەروەها زەوی قورساییەکانی خۆی هاوێشتنە دەرێ، دەرهێنان، (أَثْقالٌ: جَمْعُ ثِقْلٍ، أَوْ جَمع ثَقَلٍ)، (أَثْقال): لە زمانی عەرەبییدا هەم کۆی (ثِقْل)ە، هەم کۆی (ثَقَل)ە، (ثِقْلَ)، واتە: (حِمْل) کۆڵ و بارێك شتێك کە قورس و گران بێ، بەڵام (ثَقَل) بە مانای کەلوپەلی ڕێبوارو، کەل وپەلێك کە بەنرخ و گران قیمەت بێ، لەو ڕۆژەدا زەوی هەموو ئەو شتانەی لە هەناوی دان، چ لە ڕووی کێشەوە قورس بن، چ لە ڕووی بایەخیانەوە گرانبەهابن، هەموویان فڕێدەداتە دەرێ، کەواتە: (أَثْقَال)، لێرەدا دەگونجێ کۆی (ثِقْل) بێ و، دەشگونجێ کۆی (ثَقَل) بێ، چونکە زەوی هەم کۆڵە گرانەکەی خۆی و شتە قورسەکانی کە هەڵیگرتوون، ئەگەر مرۆڤن، ئەگەر ئاسن و پۆڵاو مسن، ئەگەر کانزایەکانن، هەم ئەوانە فڕێدەداتە دەرێ، هەم شتە گرانبەهایەکانیش ئەو شتانەی گرانبەهان لەڕووی نرخ و بەهاوە بەقیمەتن، ئەوانەش فڕێدەداتە دەرێ، وەك لە سوورەتی (إنشِقاق)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْأَرْضُ مُدَّتْ ﴿٣﴾ ﴾، کاتێك زەوی لێککێشرایەوە درێژکرایەوە پان ڕاخرا، ﴿ وَأَلْقَتْ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتْ ﴿٤﴾ ﴾، هەرچی تێیدایە فڕێیدا، خۆی بەتاڵکرد و، خاڵیی کردەوە.

٣)- ﴿ وَقَالَ ٱلْإِنسَـٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ ﴾، مرۆڤیش گوتی چییەتی؟ لێرەدا (أل)ی سەر (ٱلْإِنسَـٰنُ)، بۆ ناساندنی جینسە واتە: هەموو کەس، هەموو مرۆڤێك کە لەوێ ئامادەبێ، دەڵێ: زەوی چییەتی؟ (مَا لَهَا ؟) (إسْتِفهامٌ عَنِ الشَّيْءِ الَّذي ثَبَتَ لِلأَرْضِ وَلَزِمَها، لِأَنَّ اللامَ لِلإِخْتِصاص)، (مَا لَهَا)، پرسیارکردنە لەو شتەی بۆ زەوی چەسپاوەو، پێوەی پەیوەست بووە، چونکە (ل)، بۆ شتێکە بە شتێکەوە تایبەت بێ، دەگوترێ: (الكِتابُ لِفُلَانٍ)، یانی: کتێبەکە هی فڵانکەسە، (مَا لَهَا : أَيْ ما لِلأَرضِ فِي هذا الزَّلْزَال، أَوْ مَا لَهَا زُلْزِلَتْ هَذا الزِّلْزال؟)، (مَا لَهَا) واتە: زەوی چییەتی لەم لەرزینەوەیە؟ یاخود زەوی بۆچی بەم جۆرە لەرزینەوەیە دەلەرزێتەوە؟ بێگومان هەر

کەسێك لەو کاتەدا هەبێ خراپترین کەسە، چونکە پێغەمبەری خاتەم ﷺ فەرموویەتی: {لا تَقومُ السَّاعَةُ إلاَّ عَلى شِرَارِ أُمَّتِي} (أخرجه أحمد: ٣٧٣٥، ومسلم: ٢٩٤٩، وابن حبان: ٦٨٥٠)، واتە: ئاخیر زەمان بەسەر خراپترینی کەسانی ئۆممەتم دادێ، کەسانێك کە زۆر خراپن، بە هەرحاڵ مرۆڤ لەو کاتەدا هەر کەسێك بێ، دەڵێ: زەوی بۆچی وا دەکات، چییەتی؟

٤)- ﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ ﴾، لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی باس دەکات، (**التَّحْديثُ: صُدُور كَلَامٍ بِخَبَرٍ عَنْ حَدَثٍ**)، (**تَحْدِيث**): بریتیە لە دەرچوونی قسەیەك بە هەواڵێکەوە لە بارەی ڕووداوێکەوە، کە دەفەرموێ: (أَخْبَارَهَا)، (أَخْبَارَهَا)، بەرکاری (**تُحَدِّث**)یە، واتە: هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، باس دەکات، بەڵام ئەوەی ژێرداری کردوە، لێی داڕنراوە و، بەوە (**مَنصوُب**) بووە، یانی: لە ئەسڵدا ئاوایە: (**يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ بِأَخْبَارِهَا**)، لەو ڕۆژەدا هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام (ب)ەکە، کە ژێردارکەری (**أخبار**)ە، لابردراوەو، بۆتە (أَخْبَارَهَا)، زانایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: (**مَنْصوب بِنَزعِ الخَافِضِ**)، واتە: سەری دراوەتێ، سەردارکراوە، بە هۆی لێ داڕنینی ژێردار کەرەکەیەوە.

٥)- ﴿ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ۝٥ ﴾، کە پەروەردگارت سرووشی بۆ کردوە، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- زەوی هەواڵەکانی خۆی باس دەکات و، دەگێڕێتەوە بەهۆی ئەوەوە کە پەروەردگاری سرووشی بۆ کردوە، پەیامی بۆ ناردوە کە هەواڵەکانی باس بکات، .

ب- (**تُخْرِجُ الأَرْضُ أَثْقَالَهَا بِسَبَبِ إيحَاءِ اللهِ لَهَا**)، زەوی قورساییەکانی خۆی دەرداوێ و فڕێیان دەدا، بەهۆی سرووشکردنی خواوە ﷻ بۆی.

(**القاشاني**) یەکێکە لە زانایان و ڕوونکەرەوانی قورئان، دەڵێ: (**بِسَبَبِ الأَمْرِ التَّكوينيِّ الرَّبَّانِيِّ لَها**)، بەهۆی ئەو فەرمانە تەکوینییەی پەروەردگار بۆی.

منیش ڕایەکەیم پێ پەسندەو مانای وایە مەبەست لە سرووش (**وحي**) کە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ۝٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ۝٥ ﴾، مانا

زاراوەییەکەی نیەو مەبەست فەرمانی دروستکردن (**أمر تكويني**)ە، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە پەروەردگارت بەو جۆرەی لێکردوە، بۆیە هەواڵەکانی خۆی باس دەکات و دەگێڕێتەوە، زانایان لە بارەی هەواڵگێڕانەوەی زەوییەوە، دوو ڕایان هەن:

أ- هەندێکیان دەڵێن: زەوی خوای باڵادەست ئەو کاتە توانایەکی پێدەدا هەواڵەکانی خۆی باس بکات.

(**الطبري**) لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هێناویەتی دەڵێ: (**أَنْ تَتَكَلَّمَ فَتَقولُ: إِنَّ اللهَ أَمَرَنِي بِهَذا، وَأَوْحى إِلَيَّ بِهِ، وَأَذِنَ لِي فِيهِ**)، واتە: زەوی قسە دەکات، دەڵێ: خوا بەمە فەرمانی پێکردووم و، سرووشی بۆ کردووم و، مۆڵەتی داوم، کە هەواڵەکان باسبکەم.

ب- ڕای دووەم ئەوەیە کە مەبەست لە قسەکانی زەوی، بە زمانی حاڵ و کردارە نەك قسەو وتار.

سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ، دەڵێ: (**تُبَيِّنُ الأَرْضُ أَخْبَارَها، بِالزَّلْزَلَةِ وَالرَّجَّةِ وَإِخراجِ المَوتى مِن بُطُونِها، إِلى ظُهُورِها**)، واتە: زەوی هەواڵەکانی خۆی، بەلەرزینەوەو هەژان و بە وەدەرخستنی مردووەکان، کە لە سکیدان بۆ سەر پشتی، ڕووندەکاتەوە.

(**الطبري**)یش ئەم ڕایەی هەڵبژاردوەو، منیش پێم وایە ئەم ڕایە پەسندترە، وەك پێشتریش باسمانکرد، کە هەواڵ باسکردنی زەوی، هەر بریتیە لەو گۆڕانکارییەی بەسەریدا دێ و، بە زمانی حاڵ دەڵێ: پەروەردگارم فەرمانی پێکردووم و، پەیامی بۆ ناردووم بەو شێوەیە بکەم، بەدەست خۆم نیە، واتە: بەزمانی حاڵ هەواڵەکانی باس دەکات، هەروەك لە زمانی عەرەبیدا هاتوە: (**قالَ الجِدارُ لِلوَتَدِ لِمَ تَشُقُّني؟ قالَ اسْأَلْ مَن يَدُقُّني**)، دیوار بە سینگی گوت: بۆچی لەتم دەکەی، کونم دەکەی؟ ئەویش گوتی: لەو کەسە بپرسە کە دامدەکوتێ، هەڵبەتە ئەوە

بەزمانی حاڵە، کەواتە: (**أَطْلِقَ الوَحْيُ عَلى أَمْرِ التَّكوينِ، أَيْ وُجِدَ فيهَا أَسْبَابُ تَزَلْزُلِها، وَإِخْراجُ أَثْقَالِها، وَضُمِّنَ أَوْحَى مَعْنَى قَالَ، بِسَبَبِ تَعديَتِهِ بِاللَّامِ بَدَلَ إلى**)، لێرەدا وشەی (وەحیی) بەکارهێنراوە بۆ فەرمانی جێبەجێکردن، فەرمانی دروستکردن، واتە: هۆکارەکانی لەرزینەوەو هەژێندران وەدەرخستنی قورساییەکان لە زەویدا پەیداکراون، وشەی (**أَوْحَى**)ش، مانای (**قَالَ**)ی خراوتە نێو، بەهۆی ئەوەوە کە تێپەڕی کردوە بۆ بەرکار بەهۆی (ل)وە، نەك بەهۆی (**إلى**)وە، کە لە ئەسڵدا (**أَوْحى**)، بە (**إلى**)، بەرکار دەخوازێ (**أَوْحَى إِلَيْهِ**)، ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ ﴿١٢﴾﴾ **الأنفال**، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: (أَوْحَىٰ لَهَا)، بۆ ئەوەی وشەی (أَوْحَىٰ)، هەم پەیام بۆ ناردن و سرووش بۆ کردن بگەیەنێ، هەم گوتنیش بگەیەنێ، (أَوْحَىٰ لَهَا)، یانی: (**أَوْحَى لَهَا وَقَالَ لَهَا**)، خوا سرووش بۆ کردوەو پێشی فەرمووە، بەو شێوەیە بکات.

مەسەلەی دووەم:

لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵك بە پرژوبڵاویی دەردەچن، تاكو كردەوەكانیان پێشان بدرێن، ئنجا هەركەس هێندەی گرانایی گەردێك چاكەی كردبێ، دەیبینێ و، هەر كەسێكیش هێندەی گرانایی گەردێك خراپەی كردبێ، دەیبینێتەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا ﴾، لەو ڕۆژەدا خەڵك بە پرژوبڵاویی دەردەچن، وشەی (**أَشْتَات**) كۆی (**شَتٌّ**)ە، (**الشَتُّ: المُتَفَرِّق**) پرژوبڵاو، كەواتە: (أَشْتَاتًا)، واتە: خەڵك بە پرژوبڵاویی دەردەچن (**أَي: مُتَفَرِّقِينَ عَن اليَمِينِ وَعَنِ الشِّمَال**)، بەلای ڕاست و چەپدا پرژوبڵاو دەبن، (يَصْدُرُ) یانی: دەردەچن (**صُدُور**) پێچەوانەی (**وُرود**)، (**وُرودْ**) یانی: هاتن، بەڵام (**صُدُور**) واتە: دەرچوون، لەو شوێنەی لێیبوون لێی دەردەچن، بەڵام (**وُرُودْ**)، واتە: لەو شوێنەی لێی نەبووە، بۆی دێ، وەك خوا ﷻ لە سووڕەتی (**القصص**) دا، لەبارەی مووساوە فەرموویەتی: ﴿ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: كاتێك چووە سەر ئاوەكەی مەدیەن.

ئنجا ئایا بۆچی خەڵك بە پرژوبڵاویی لە گۆڕەكانی خۆیان لەو شوێنانەی پێشتر جەستەكانیان تێیاندابوون دەردەچن؟

٢)- ﴿ لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٦﴾ ﴾، تاكو كردەوەكانیان پێشان بدرێن.

زانایان سێ واتایان بۆ ئەم ڕستەیە داناون:

١- (**لِيُبْصَروا جَزاءَ أَعْمَالِهِم**)، بۆ ئەوەی پاداشتی كردەوەكانیان بخرێتە بەرچاو، پێشان بدرێ.

٢- (لِيُبْصَروا الأَعْمالَ، وَالأَعْمالُ تَتَجَسَّمُ نُورانيَّةً وَظلْمانيَّةً) تاکو خودی کردەوەکانیان پێشان بدرێن، کە لە شێوەی ڕووناکیی و تاریکییدا بەرجەستە دەبن، کردەوەی چاك لە شێوەی ڕووناکیی و، کردەوەی خراپ لە شێوەی تاریکیی دا.

٣- یاخود (لِّيُرَوْاْ : ليُعلموا)، واتە: بۆ ئەوەی پێیان بزانێنرێ، یانی: لە کردەوەکانیان ئاگادار بکرێنەوەو، کردەوەکانیان بزانن.

شایانی باسە: هەندێك لە زانایان گوتوویانە: کردەوەکان نابینرێن، بەڵام هیچ گومانی تێدانیە کە هەم لێرە، هەم لە سوورەتی (**الکهف**)دا: ﴿ وَوَجَدُواْ مَا عَمِلُواْ حَاضِرًا (٤٩) ﴾، ئەوەی کردبوویان بە ئامادەکراویی بینییان، هەروەها لە سوورەتی (**الجاثیة**)دا: ﴿ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٢٩) ﴾، ئێمە ئەوەی دەتانکرد نوسخەمان لەبەر دەگرتەوە.

هەموویان ئەوە دەگەیەنن، کە خودی کردەوەکانیان پێشان دەدرێن.

٣- ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ (٧) ﴾، ئنجا هەر کەسێك بە ئەندازەی گرانایی گەردێك چاکە بکات، دەیبینێتەوە.

٤- ﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ (٨) ﴾، هەروەها هەر کەسێك بە ئەندازەی گرانایی گەردێك خراپە بکات دەیبینێتەوە.

کورتە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەم دوو ئایەتەوە و دیتنی مرۆڤ بۆ چاکە و خراپەکانی

زانایان لە بارەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەوە زۆریان قسەکردوە، ئێمەش هەندێ لە قسەو ڕایەکانی ئەوان، دێنین و ئەوەی پێمان وایە ڕاسترە لە مانای ئەم دوو ئایەتە موبارەکە، دەیهێنین.

سەرەتاش با هەندێ لە قسەکانی ئەوان بێنین:

یەکـەم: لـە هـەردوو ئایەتەکـەدا وشـەی (مِثْقَـالَ)، هاتـوە، یـانی: بارتەقـا لـە کێشـاندا، واتـە: هـەر کەسـێك بارتەقـای گرانیـی گەردێـك چاکـەی کردبـێ، دەیبینێتەوەو، هـەر کەسـێك بارتەقـای گرانیـی گەردێـك خراپـەی کردبـێ، دەیبینێتـەوە، وشـەی (ذَرَّةٍ) ش زانایـان هەندێکیـان گوتوویانـە: یانـی: مێروولـەی سـووری گچکـە، مێـرووە سـوورە بچووکـەکان کـە لـە سـەرەتاوە خـوای پـەروەردگار دەیانخوڵقێنـێ، زۆر بچووکـن بـە ئاسـتەم بەچـاو دەبینرێـن، هەندێکیـش گوتوویانـە: (ذَرَّةٍ) ئـەو تـۆزو غوبارەیـە کاتێـك تیشـکی خـۆر بـە پەنجـەرەدا دێتـە ژوورێ، بەهـۆی تیشـکی خـۆرەوە دەبیـنرێ، ئنجـا یەکێـك لـە تـۆزو گـەردەکان پێـی دەگوتـرێ: (ذَرَّةٍ)، بێگومـان (ذَرَّةٍ) بەو مانا زانسـتییەی نیـە کـە ئێسـتا زانسـت بـۆی دەرکەوتـوە، کـە بـە چـاو نابیـنرێ، بەڵکـو بە میکرۆسـکۆبی ئەلیکترۆنیـش کـە (٦٠٠ - ٧٠٠) هـەزار جـار شـت گـەورە دەکات، هـەر نابیـنرێ، بـە عەرەبیـی (ذَرَّةٍ)ی، پـێ دەڵێـن و، بـە زمانـە بیانییـەکان ئەتـۆم (Atom)ی پێدەڵێـن، ئەویـش بـۆ خـۆی لـە سـێ بـەشی سـەرەکیی پێـك دێ، بەشـەکانیش لـە بـەشی بچووکـتر پێکدێـن، ئنجـا نـەك هـەر گەردیلـە نابیـنرێ، بەڵکـو گـەرد (**جُـزَيء**) مۆلکۆلیـش نابیـنرێ، کـە لـە ملیۆنـان گەردیلـە پێکـدێ، بـەڵام لێـرەدا قورئـان بـەو واتایـە بـەکاری نەهێنـاوە، چونکـە قورئـان بـە واتایـەك وشـەکان بەکاردێنـێ کـە خەڵـك تێیـان بـگات، بۆیـە (ذَرَّةٍ) یـان مێـرووی بچووکـی وردە، یاخـود تـۆزو غوبارێکـە کـە دەکەوێتـە بـەر تیشـکی خـۆرو دەبیـنرێ، هەرکەسـێك بـە گرانایـی ئـەوە چاکـە بـکات، یـان خراپـە بـکات.

دووەم: زانـاو ڕوونکـەرەوانی قورئـان لەبـارەی مەبەسـتی ئـەو ڕسـتە قورئانییـەوە، پێنـج ڕایـان هێنـاون:

١- (يَرَهُ)، واتە: هەر کەسێك چاکەی کردبێ دەیبینێتەوەو، خراپەی کردبێ دەیبینێتەوە، بەڵام ئەمە مانای وانیە کە بڕواداران لەسەر گوناهی بچووکیش سزا دەدەرێن، ئەگەر خۆیان لە گوناهە گەورەکان پاراستبێ، هەروەها مانای وانیە کە بێبڕوایانیش بەهرەمەند

دەبن لە چاکەکانیان، لە حاڵێکدا کە بێبڕواشن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەوانەی بڕوادارن و ئەوانەی بێبڕوان، چاکەکاران و خراپەکاران، چاکەو خراپەکانی خۆیان لە ڕۆژی دواییدا دەبیننەوە، بەڵام خوا نەیفەرمووە: سزایان لەسەر دەدرێ، یاخود پاداشتیان لەسەر دەدرێتەوە.

٢- (يَرَه) یانی: مرۆڤ پاداشت و سزایەکەی دەبینێ، ئنجا بەنسبەت بێبڕوایانەوە، بە هۆی چاکەکانەوە کە ئەنجامیان داون، سزایان لەسەر سووك دەبێ، بەڵام لە دۆزەخ ناچنە دەرێ، وەك لەبارەی ئەبوو تالیبی مامی پێغەمبەرەوە ﷺ لە فەرموودەی سەنەدی ڕاست (صحيح) دا هاتوە، کە بەهۆی بەرگریی کردنی لە پێغەمبەرەوە ﷺ سوودی پێگەیشتوە، وەك لە پێغەمبەریان ﷺ پرسیوە: ئایا هیچت بۆ وی پێناکرێ؟ فەرموویەتی: بۆی پاڕاومەوەو خوا سزای لەسەر سووك کردوە، بەڵام لە دۆزەخ نایەتە دەرێ، چونکە ئیمانی نەبووە[1].

٣- واتایەکی دیکە کە هەندێك لە زانایان هەڵیانبژاردوە، بۆ (يَرَهُ) ئەوەیە کە بابای بێبڕوا کردەوە چاکەکانی خۆی، خێرو چاکەکانی خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر هەڵنەوەشابانەوە، بەنسبەت بڕواداریشەوە خراپەکەی خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر لێی نەسڕابایەوە، کەبەهۆی خۆ دوورگرتن لە گوناهە گەورەکان، گوناهە بچووکەکانی لێ دەسڕێنەوە، وەك لە سووڕەتی (النساء)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾، ئەگەر خۆتان لە گوناهە گەورەکان کە لێتان قەدەغە کراون بپارێزن، (خۆتانیان لێ دوور بگرن)، خراپەکانتان لێ دەسڕینەوەو، دەتانخەینە شوێنێکی پڕ ڕێزو حورمەتەوە.

٤- مانایەکی دیکە بۆ (يَرَه)، ئەوەیە کە مرۆڤی بێبڕوا لە دنیادا پاداشتی چاکەکانی خۆی دەدرێتەوە، بابای بڕواداریش لە دنیادا لەسەر گوناهەکانی سزا دەدرێ، گرفت و کێشەو نەخۆشیی و ناڕەحەتی بەسەر دێن و، بەشێك لە گوناهە زلەکانی و سەرجەم گوناهە بچووکەکانی بەوە لە کۆڵ دەبنەوە.

---

(١) دوایی فەرموودەکە دێنین کە (بخاري) بەژمارە (٦٩٦١) هێناوییەتی.

٥- (يَرَهُ)، واتە: هەرکام لە بڕوادارو بێبڕوا بەقەدەر گەردێك چاكەیان کردبێ، یان خراپەیان کردبێ، دەیبیننەوە، ئنجا بڕوادار بەقەدەر گەردێك چاكە بكات، بیبینێتەوە، هیچ گرفت و ئیشكالی تێدانیەو لە ڕۆژی دوایدا دەیبینێتەوە، بێبڕواش بە قەدەر گەردێك خراپەی کردبێ، بیبینێتەوە، بە دڵنیایی ئەوەش هیچ گرفت و ئیشكالی تێدانیە، سێیەم: گرفت و ئیشكالێک و وەڵامەكەی: چۆن بڕوادار بە قەدەر گەردێك خراپەی کردبێ دەیبینێتەوەو لەسەری سزا دەدرێ و، چۆن بێبڕواش بە قەدەر گەردێك چاكەی کردبێ لە ڕۆژی دواییدا لە قیامەتدا لەسەری پاداشت وەردەگرێتەوە؟ گرفت و ئیشكالەكە لێرەدایە.

لە وەڵامی ئەو گرفت و ئیشكالەش دا گوتراوە:

(الكَافِرُ يَرَى جَزَاءَ خَيْرِهِ فِي الدُّنيا، وَشَرِّهِ فِي الأَخِرَةِ)، بابای بێبڕوا پاداشتی چاكەكەی لە دنیادا دەبینێ و، سزای خراپەكەشی لە ڕۆژی دواییدا دەبینێ، **(وَالمُؤْمِنُ يَرَى جَزَاءَ شَرِّهِ فِي الدُّنيا، وَجَزَاءَ خَيْرِهِ فِي العُقْبَى)**، بڕوادار سزای خراپەكانی لە دنیادا دەبینێ و، پاداشتی چاكەكانیشی لە ڕۆژی دواییدا دەبینێ.

ئنجا با چەند دەقێكیش لەوبارەوە بێنین و، دوایی ئەنجامگیریی گشتیی لە هەموویان دەكەین:

١- **(الطبري)**، بە ژمارە: (٣٧٨٦٨)، هێناویەتی: **(عَنْ عَمْرو بنِ دينارٍ قَالَ: سَأَلْتُ مُحَمَّد بن كَعْب القُرَظِي عَنْ هذِهِ الآية:** ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨ ﴾، **قَالَ: مَنْ يَعْمَل مِثْقَالَ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ مِنْ كافِرٍ، يَرى ثَوابَها فِي نَفْسِهِ وَأَهْلِهِ وَمَالِهِ، حَتَّى يَخْرُجَ مِنَ الدُّنيا وَلَيْسَ لَهُ خَيْر، وَمَن يَعْمَل مِثْقَالَ ذَرَّةٍ مِن شَرٍّ مِن مُؤْمِنٍ، يَرَى عُقُوبَتَها فِي نَفْسِهِ وَأَهْلِهِ وَمَالِهِ حَتى يَخْرُجَ وَلَيْسَ لَهُ شَرٌّ)**.

واتە: عەمری كوڕی دینار دەڵێ: لە موحەممەدی كوڕی كەعبی قوڕەزییم لەبارەی ئەم ئایەتەوە، پرسی: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨ ﴾، گوتی: هەر كەسێك بەئەندازەی گرانایی گەردیلەیەك چاكە بكات، لە بێبڕوایان، پاداشتەكەی لە خودی خۆی و لەماڵ و

خێزانیی و لە سامانیدا دەبینێتەوە، هەتا کاتێك لە دنیادا دەردەچێ، هیچ خێرو چاکەی نەماوە، هەروەها هەرکەسێك لە بڕواداران بە ئەندازەی گرانایی گەردێك خراپە بکات، سزایەکەی لە خودی خۆیداو لە کەس و کاری و لە ماڵ و سامانیدا دەبینێ، هەتا کاتێك لە دنیا دەردەچێ، هیچ خراپەی لەسەر نەماوە.

٢- {عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُول اللَّهِ ﷺ! ابْنُ جِدْعَانَ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ يَصِلُ الرَّحِمَ، وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ، فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ قَالَ: لا يَنْفَعُهُ إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا (رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ) الشعراء} (أخرجه مسلم: ٢١٤، وابن حبان: ٣٣١، والطبري: ٣٧٨٧٢).

واتە: عائیشە دایکی بڕواداران (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئیبنو جیدعان، (عەبدوڵڵای کوڕی جیدعان) لە سەردەمی نەفامییدا پەیوەندیی خزمایەتیی دەگەیاندو، ئاوای دەکردو ئاوای دەکرد (چاکەی دەکرد)، ئایا ئەوە سوود پێ بەخشەریەتی؟ فەرمووی: نەخێر، چونکە ڕۆژێك لەڕۆژان نەیگوتوە: پەروەردگارم! لەڕۆژی سزاو پاداشتدا لە گوناهەکەم ببوورە.

هەروەها چەندان ئایەتیش هەن کە خوا ﷻ زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی تێیاندا دەفەرموێ: بابای بێبڕوا کردەوە چاکەکانی هەڵوەشاونەوە، بۆ وێنە:

٣- لە سووڕەتی (**النور**)دا، خوا دفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَسَرَابِۭ بِقِيعَةٖ يَحۡسَبُهُ ٱلظَّمۡـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمۡ يَجِدۡهُ شَيۡـٔٗا وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥۗ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿٣٩﴾ ﴾. واتە: ئەوانەی بێبڕوان کردەوەکانیان وەك تراویلکەیەك وایە، لە گۆمڵاییەکدا، بابای تینوو بەئاوی تێدەگات، بەڵام کاتێك دەچێ هیچی لێ نیەو، خوا لەوێ دەبینێ، (سزای خوا دەبینێ)، خواش لێپرسینەوەی خێرایە.

٤- لە سووڕەتی (**الفرقان**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: ڕوومان کردە ئەو کردەوە (چاك)انەی کردبوویانن، کردماننە تۆزو گەردی بڵاوبووەوە.

٥- هەروەها لە سوورەتی (إبراهيم)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَرَمَادٍ ٱشۡتَدَّتۡ بِهِ ٱلرِّيحُ فِي يَوۡمٍ عَاصِفٖۖ لَّا يَقۡدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَىٰ شَيۡءٖۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان بە پەروەردگاریان، کردەوەکانیان، (واتە: کردەوە باشەکانیان)، وەك خۆڵەمێشێکی بەربایەکی توند وایە لە ڕۆژێکی گەردەلوولاوییدا، (ڕۆژێك کە بایەکی توندی تێدا هەیە، لەو خۆڵەمێشە بدات، (\هەمووی پرژو بڵاودەکاتەوە)، توانایان بەسەر هیچ کام لە کردەوە چاکەکانیاندا نابێ، ئا ئەوەیە گومڕایی دوور.

ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەش زۆر بـەڕوون و ڕاشـکاویی ئـەوە دەگەیەنـن، کـە بابـای بێبـڕوا لـە کـردەوە چاکـەکانی لـە ڕۆژی دواییـدا بەهرەمەنـد نابـێ.

٦- {عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَا يَظْلِمُ الْمُؤْمِنَ حَسَنَةً، يُثَابُ عَلَيْهَا الرِّزْقَ فِي الدُّنْيَا، وَيُجْزَى بِهَا فِي الْآخِرَةِ، قَالَ: وَأَمَّا الْكَافِرُ فَيُطْعَمُ بِحَسَنَاتِهِ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا أَفْضَى إِلَى الْآخِرَةِ، لَمْ يَكُنْ لَهُ حَسَنَةٌ يُعْطَى بِهَا خَيْرًا} (أخرجه الطبري: ٣٧٨٨٠، ومسلم: ٢٨٠٨).

واتـە: ئەنـەسی کـوڕی مالیـك (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گێڕاویەتـەوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: بـە دڵنیایـی خـوا سـتەم لـە بڕوادارێك نـاکات، چاکەیـەکی کردبێ، بەڵکـو لـە دنیـادا وەك بژیـو پێـدان پاداشـتی دەداتـەوەو، لە ڕۆژی دواییشـدا پاداشـتی دەداتـەوە (بـە بەهەشـت)، بـەڵام بابـای بێبـڕوا لـە دنیـادا بەهـۆی چاکەکەیـەوە خـواردن و خۆراکـی پێیـدەدا، هەتـا کاتێـك لـەڕۆژی هەڵسـانەوەدا دێ، هیـچ چاکـەی نەمـاون، پێـی پاداشـت بدرێتـەوە.

٧- هەر لەو بارەوە ئەو دەقەش دێنین کە (الطبري) بە ژمارە (٣٧٨٨١)، هێناویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {مَا أَحْسَنَ مِن مُحْسِنٍ مُؤمِنٍ أَوْ كَافِرٍ، إلاَّ وَقَعَ ثَوابُهُ عَلَى الله، فِي عاجِلِ الدُّنيا أَوْ آجِلِ آخِرَتِهِ}، واتە: هیچ چاکەکارێك چاکەی نەکردوە، بڕواداربێ یان بێبڕوابێ، مەگەر پاداشتەکەی کەوتۆتە سەر خوا، چ لە دنیای بەپەلەدا، چ لە قۆناغی داهاتووی دواخراودا، (کە ڕۆژی دواییە)، ئەمەیان سەنەدەکەی مورسەلە.

٨- هەروەها (الطبري) بە ژمارە: (٣٧٨٧٩)، هێناویەتی: {أَنَّ سَلْمَانَ رضي الله عنه، جَاءَ رَسولَ اللهِ ﷺ فَقَال: إنَّ أَبِي كَانَ يَصِلُ الرَّحِمَ، وَيَفي بِالذِّمَّةِ، وَيُكرِمُ الضَّيفة، قَالَ: مَاتَ قَبْلَ الإِسْلامِ؟ قالَ: نَعَم. قَال: لَنْ يَنْفَعَهُ ذَلِك فَوَلَّى، وَقَالَ رَسولُ اللهِ ﷺ عَلَيَّ بِالشَّيْخِ، فَجَاءَ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: إنَّها لَن تَنْفَعَهُ، وَلكِنَّها تَكونُ فِي عَقِبِهِ، فَلن يُخْزَوْا أَبَداً، وَلَن تُذَلُّوا أَبَداً، وَلَن يَفْتَقِروا أَبَداً}.

واتە: سەلمان (یەکێکە لە هاوەڵان)، چۆتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتوویەتی: بابم لە سەردەمی نەفامییدا پەیوەندیی خزمایەتیی دەگەیاند، بەڵێن و پەیمانی جێبەجێ دەکرد، ڕێزی لە میوان دەگرت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پێش ئیسلام مردوە؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: هیچی سوودی پێ ناگەیەنێ، ئەو (سەلمان) ڕۆیشت (دیارە پیاوێکی بەتەمەن بووە) پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئەو پیاوە بەتەمەنەم بۆ لا بگێڕنەوە، هاتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لەڕۆژی دواییدا سوودی پێ ناگەیەنێ، بەڵام لە وەچەکەیدا دەبێت، (واتە: پاداشتەکەی لە وەچەکەیدا دەبێ لە دنیادا)، هەرگیز سەرشۆڕ نابن، هەرگیز زەبوون نابن، هەرگیز هەژار نابن.

مادام ئەو لە دنیادا ئەو جۆرە چاکانەی کردوون، خواش ئەو پاداشتەی بەو شێوەیە دەداتەوە.

(الطبري) دوای ئەوەی ژمارەیەك لەو دەقانە دێنێ، دەڵێ: (فَهذِهِ الأَخْبارُ عَنْ رَسوُلِ اللهِ ﷺ تُنْبِئُ عَن أَنَّ المُؤْمِنَ إِنَّما يَرَى عُقُوبَةَ سَيِّئَاتِهِ فِي الدُّنيا، وَثَوابَ حَسَنَاتِهِ فِي الآخِرة، وَأَنَّ الكَافِرَ يَرى ثَوابَ حَسَنَاتِهِ فِي الدُّنيا، وَعقوبَةَ سَيِّئاتِهِ فِي الآخِرة، وَأَنَّ الكَافِرَ لا يَنْفَعُهُ فِي الآخِرَةِ ما سَلَفَ لَهُ مِن إِحْسانٍ فِي الدُّنيا مَعَ كُفْرِهِ) (جامع البيان: ج١٥، ص٢٩٧).

واتە: ئەم هەواڵانە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هەواڵ بەوە دەدەن، کە بڕوادار سزای خراپەکانی لە دنیادا دەبینێ و، پاداشتی چاکەکانی لە ڕۆژی دواییدا دەبینێ، بەڵام بێبڕوا پاداشتی چاکەکانی لە دنیادا دەبینێ و، سزای خراپەکانیشی لە ڕۆژی دواییدا دەبینێ و، بێبڕوا لە ڕۆژی دواییدا ئەوەی لە چاکە لە دنیادا کردوویەتی، لێی بەهرەمەند نابێ، مادام بێبڕوا بووبێ.

چوارەم: پوختەی ڕای بەندە لەوبارەوە:

پوختەی ئەوەی من لە هەموو ئەوانە هەڵیدەهێنجم، بەمجۆرەیە:

چاکەکاران و خراپەکاران یەکسان نین، نە لە دنیاو نە لە دواڕۆژدا، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾﴾القلم، واتە: ئایا بۆ خوا ملکەچان وەك تاوانباران دادەنێین، چیتانە بۆچی بەوجۆرە دادوەریی دەکەن؟ بەدڵنیاییش وەك چۆن ئیمان پلە پلەیە، کوفریش هەر پلە پلەیە، ئیمان بەرەوسەرو کوفر بەرەو خوار، پاداشتێ کە خوا دەیداتە بڕواداران، پلە پلەیە بەرەو سەر، هەروەها سزای بێبڕوایانیش دیسان پلە پلەیە بەرەو خوار، خوای دادگەر لەبارەی مونافیقەکانەوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾﴾النساء، واتە: بە دڵنیایی مونافیقەکان لە پلەی خواری خوارەوەی ئاگردان و، هیچ یارمەتییدەرو سەرخەرت بۆیان چنگ ناکەوێ.

کەواتە: بەپێی ئەوەی ئایەتەکان دەفەرموون، کردەوە باشەکانی بابای بێبڕوا لە ڕۆژی دواییدا خوای کاربەجێ لێی هەڵدەوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئیمانی نەبووەو، بێبڕوا بووە. هەروەها فەرمایشتەکانی پێغەمبەریش ﷺ زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی ئەوە دەگەیەنن، ئنجا کە خوا دەفەرموێ: هەرکەسێك تۆزقاڵێك چاکە بکات دەیبینێتەوەو، هەر کەسێك تۆزقاڵێك خراپە بکات دەیبینێتەوە، بە دڵنیایی مەبەست پێی ڕۆژی دواییە، چونکە هەموو سوورەتەکە باسی ڕۆژی دوایی دەکات، کەواتە: مەبەست پێی ژیانی دنیا نیە، دەیبینێتەوە (يَرَهُ) یانی: لە ڕۆژی دواییدا، ئەمەش لێی وەردەگیرێ کە ئەو بێبڕوایانەی چاکەکار بوون، بەجۆرێك لە بەهرەمەند بوون لە چاکەکانیان بەهرەمەند دەبن لە ڕۆژی دواییدا، بەلام نەك بەهرەمەندبوونێك پێی لە سزای دۆزەخ دەرباز بن، بەڵکو سزایان لەسەر سووك دەبێ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی ئەبوو تالیبەوە فەرموویەتی[1]، بەلام

---

(١) {عن أبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم، وَذُكِرَ عِنْدَهُ عَمُّهُ، فَقَالَ: لَعَلَّهُ تَنْفَعُهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُجْعَلُ فِي ضَحْضَاحٍ مِنَ النَّارِ يَبْلُغُ كَعْبَيْهِ يَغْلِي

بێگومـان بەهرەمەنـد بوونەکـە بایـی ئـەوە نیـە پێـی لـە دۆزەخ بێنـە دەرێ.

ئـەوەش کـە خـوا دەفەرمـوێ: چاکەکانیـان لـێ هەڵدەوەشـێنینەوە[1]، بێگومـان فەرمایشـتی خـوا ﷻ لـە سـەدا سـەد (١٠٠٪) ڕاسـتەو لـە جێـی خۆیدایـە، واتە: کـردەوە باشـەکانیان لـێ هەڵدەوەشـێنینەوەو بایـی ئـەوە نابـن پێیـان لـە دۆزەخ بێنـە دەرێ، بـەڵام بێگومـان لەوێـدا کەسـێك کـە لـە دنیـادا چاکـەی کـردوەو بێبـڕواش بـووە، لەگـەڵ کەسـێکدا کـە بێبـڕواش بـووەو خراپەشـی کـردوە، وەك یـەك نابـن، بێبـڕوا چاکەکارەکـە سـزایەکەی سـووکتر دەبـێ لە هـی بێبـڕوا خراپەکارەکە، بە نسـبەت بڕوادارانیشـەوە: خوا بـە دەقـی ئایـەت فەرموویـەتی: ئەگـەر خۆتـان لـە گوناهـە گـەورەکان بپارێـزن، خراپـە بچووکەکانتـان لـێ دەسـڕینەوە، بێـژەی گوناهـە گچکەکان **(صغائر)** بەکارنەهاتـوە، بەڵام وشـەی **(سـیِّئَات)** کـە دەفەرمـوێ: ﴿إِن تَجۡتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنۡهَوۡنَ عَنۡهُ نُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ ﴿٣١﴾﴾ **النسـاء**، واتـە: ئەگـەر خۆتـان لـەو گوناهـە گەورانـەی لێتـان قەدەغـە کـراون، دوور بگـرن، خراپەکانتـان لـێ دەسـڕینەوە، یانـی: خراپـە بچووکەکانتـان لـێ دەسـڕینەوە، چونکـە **(سـیِّئَات)** لەگـەڵ **(کبائـر)**دا بـەراورد کـراوە، کەواتـە: بەهـۆی خـۆ دوورگرتـن لـە گوناهـە گەورەکانـەوە، گوناهـە بچووکـەکان دەسـڕێنەوە، بـەڵام کەسـێك خـۆی لـە گوناهـە گـەورەکان نەپاراسـتبێ، گوناهـە بچووکـەکانی ناسـڕێنەوە، ئنجـا چ خوا ﷻ لـە بەرانبـەر گوناهـە بچووکەکانیـدا لـە ژیـانی دنیـادا سـزای بـدا، وەك لـە هەنـدێ لـە دەقەکانـدا ئامـاژەی پێکـراوە، چ بـۆی هەڵگیـرێ بـۆ ڕۆژی دوایـی، هەڵبەتـە خـوا فەرموویـەتی: ئـەوەی خـۆی لە گوناهـە گەورەکان بپارێـزێ، بچووکەکانی لێ دەسـڕینەوە، بـەڵام ئەگـەر خـۆی لـە گوناهـە گـەورەکان نەپارێـزێ، مانـا وایـە بچووکەکانیـشی هـەر لەسـەر دەبـن و، سـزای بچووکەکانیـش دەبینێتـەوە، بابـای بێبـڕواش ئاشـکرایە گوناهـی گـەورەو بچووکـی پێیـان سـزابار دەبـێ و، بـە نسـبەت چاکەکانیشـیەوە، ئەوپەڕەکـەی ئەوەیـە کـە ئەندازەیـەك سـزای لەسـەر سـووك دەبـێ، لەچـاو ئـەو بێبڕوایانـەدا کـە

مِنْهُ دِمَاغُهُ} أخرجه البخاري في: ٦٣ كتاب مناقب الأنصار: ٤٠ باب قصة أبي طالب: برقم: ٦١٩٦.

(١) {وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُوراً} الفرقان: ٢٣.

بێبڕواش بوون و خراپەکاریش بوون، ئەوان سزایان سووکتر دەبێ، لە کۆی دەقەکان ئەوە وەردەگیرێ.

گومانیشی تێدانیەو دەقەکانی لەوبارەوەش هاتوون دەیگەیەنن، کە چاکەکاریی لە دنیادا مرۆڤ لێی بەهرەمەند دەبێ: ناوی چاك، خەڵك مەدحی دەکات، ڕێزی دەگرێ، ستایشی دەکات، ڕێز لە کەس و کاری دەگرێ ... هتد، وەك حەدیسەکەی سەلمان ئەوە دەگەیەنێ، ئەوە شتێکی دیارو مسۆگەرە، بەڵام ئایەتەکە لە بارەی ڕۆژی دواییەوە دەدوێ.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی لەو کەسانەمان بگێڕێ، کە هەمیشە تەمەن و ژیانی خۆیان پڕدەکەن لە چاکەکاریی و، خۆشیان دەپارێزن و دوور دەگرن لە خراپەو تاوان و لادان.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (الزَّلْزَلَة)، دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

العَادِيَاتِ

دەستپێك

بەڕێــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٠)ی (**ذي الحجـة**)ی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٨/١٠) زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیر کـردنی ئایەتـە بـە پێزەکانـی سـوورەتی (**العادیـات**)و، سـەرەتاش لـە حـەوت بڕگـەدا پێناسـەو نێوەڕۆکی سـوورەتەکە دە خەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (العادیات) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە نـاوی: (**سُـورَةُ العَادِيَـات**)ە، بـەڵام لـە هەندێـك موصحەف و لـە هەندێـك لـە تەفسیرانیشـدا واوەکەشـی خراوەتـە گـەڵ: (**سُـورَةُ وَالعَادِيَات**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ڕاجیایی زۆر هەیە لەبارەی شوێنی لێ دابەزینی ئەم سوورەتە موبارەکەوە:

أ- هەرکام لە ئیبنو مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ)و جابیری کوڕی زەیدو عەتاو حەسەنی بەصرایی و عیکریمە (خوا لێیان خۆشبێ) گوتوویانە: ئەم سوورەتە مەککەییەو لە مەککە دابەزیوە.

ب- بەڵام هەرکام لە ئەنەسی کوڕی مالیك و ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) و قەتادە (خوا لێی خۆشبێ) گوتوویانە: ئەم سوورەتە مەدینەییەو لە مەدینە دابەزیوە.

لەو بارەوە ئەم دەقەش هەیە: (عَنْ عَبْدِاللە ابْنِ عَبَّاس ﷺ، قَالَ: نَزَلَتْ ﴿ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴾ بِمَكَّة) (أخرجه السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٥٩٩، ونسبه لابن مردويه)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ گوتوویەتی: سوورەتی ﴿ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴾ لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لەدابەزیندا:

لە موصحەفدا ئەم سوورەتە ژمارە سەد (١٠٠)و، لە دابەزیندا ژمارە چواردە(١٤)یە، جابیری کوڕی زەید وای داناوە، پێش سوورەتی (الكوثر) و دوای سوورەتی (العصر) دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بەڕای هەموو ژمێرەرانی ئایەتەکانی قورئان، ژمارەی ئایەتەکانی یازدە (١١) ئایەتە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

پوختەی نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە موبارەکە، ئەوەیە کە خوا ﷻ سوێند دەخوات بە: ئەسپانی غاردەری، پڕمە لەزار هاتوو دەری، بە سمان بڵێسە پەیداکەری، بەرەبەیانان هێرشبەری، تۆزو خۆڵ بەرزکەرەوەی، هەڵکوتەرەسەر نێوەڕاستی کۆمەڵی دوژمن، خوا سوێندی بەوە خواردوە کە مرۆڤ سپڵەو، بێ نمەکە بەرانبەر پەروەردگاری، خۆشی لەسەر خۆی شایەدە لەو بارەوەو، زۆریش ماڵ و سامانی خۆشدەوێ.

دواتریش خوای بەرز هۆشداریی داوە بە مرۆڤ، کە پاش شکنرانەوەی گۆڕەکان و هەڵگێڕدرانەوەیان و، هاتنە دەری ئەوەی تێیاندایە کە مردووەکانن و،

دوای هێنەرانــەدەری نهێنیــی نێــو ســینەکان و، کۆکردنــەوەی و لێــك جیاکردنــەوەی، خــوا زۆر پێیــان شــارەزایە.

کەواتــە: بــا خەڵــك بزانــن چــی دەخەنــە نێــو دڵ و ســینەی خۆیانــەوەو، کاتێکیــش خــوا لــە گۆڕەکانیــان دەیانهێنێتــە دەر، چــۆن دێنــەوە دەر، چ تێلەکــەو کۆڵێکیــان لــە چاکــەو فەرمانبەریــی، یاخــود لــە گوناهــو تــاوان و لادان، پێیــە؟

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لەم سوورەتەدا، سێ تایبەتمەندییم کەوتوونەتە بەرچاو:

١- سوێندخواردن بە: ئەسپانی غاردەری هێرشبەری بە هۆی سم بەزەویی داکوتانەوە ئاوروچکە بڵندکەر.

٢- بە جەختکردنەوە باسی سپڵەیی مرۆڤ کردن بەرانبەر بە پەروەردگاری.

٣- چەند وشەو تەعبیرێك، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

یەکەم: ﴿ وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا ﴾ واتە: ئەسپە غاردەرەکان کە دەنرکێنن، پرمە و دەنگی هەناسەیان دێ.

دووەم: ﴿ فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا ﴾ ئەو ئەسپە غاردەرانەی ئاوروچکە بەهۆی سم بە زەوی داکوتانەوە، لە بەردان بڵیند دەکەن.

سێیەم: ﴿ فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا ﴾ ئەو ئەسپانەی بەرە بەیانان هێرش دەبەن، ئەو سوارچاکانەی لەسەریانن، هێرشیان پێ دەبەنە بەر سەر دوژمن.

چوارەم: ﴿ فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا ﴾ ئەو ئەسپانەی تەپ و تۆز و خۆڵ بەرز دەکەنەوە.

پێنجەم: ﴿ فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا ﴾ ئەو ئەسپانەی خۆیان دەکوتنە نێو کۆمەڵێکی دوژمنانەوە، بەبێ سام لێکردن و لێترسان، خۆیان دەکوتنە نێویان.

شەشەم: ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴾ بەدڵنیایی مرۆڤ بۆ پەروەردگاری سپڵەیە، بێ نمەکە.

حەوتەم: ﴿ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴾ بە دڵنیایی مرۆڤ بۆ خۆشویستنی ماڵ و سامان، زۆر سەخت و توندە.

هەشتەم: ﴿ بُعْثِرَ مَا فِى ٱلْقُبُورِ ﴾ ئـەوەی لە گۆڕەکاندا هـەیە هەڵگێڕدرایەوە، دەرهێنرایەوە.

نۆیەم: ﴿ وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾ ﴾ ئەوەی لە سینەکاندا هەیە پەیداکراو کۆکرایەوە، هەڵوێژێردراو پۆلێنکراو جیاکرایەوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمـە یـازدە (١١) ئایەتـە بەپێزەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، دەکەینـە یـەك دەرس، لەبـەر ئـەوەی هەموویـان باسـی بابەتێکـن و، وەك ئاڵقەکانـی زنجیرێـك پێکـەوە پەیوەسـتن.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

لـەم سـوورەتەدا دوای ئـەوەی خـوا ﷻ سـوێند دەخـوات بـە ئەسـپانی غـاردەرو نرکێنـەرو، بـە هـۆی سـم بـە زەوی داکوتانـەوە، (کـە سـمەکانیان بـە توندیـی بـە زەوی دا دەدەن و لـە دارو بەردیـان دەدەن)، ئاوروچکـە بڵێندکـەرو، تـۆز و خـۆڵ پەیداکـەرو، شـەبەیخوونکەرو ، هێرشـبەرە سـەر دوژمـن و، خۆکوتـەرە نێـو جەرگـەی کۆمەڵیـان، ئنجـا باسـی خاڵـە بێهێزەکانـی مـرۆڤ دەکات بە گشـتیی، بـە تایبەت مرۆڤـی بێبـڕواو دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ۝٦ ﴾ بەدڵنیایـی مـرۆڤ بـۆ پـەروەردگاری سـپڵەیە، بـێ نمەکـە، چاکەکانـی نادیـدە دەگرێ، (أل)ی سـەر (**الإنسـان**) بـۆ ناسـاندنەو، زۆربەی هـەرە زۆری ڕوونکەرەوانـی قورئـان دەڵێـن: بـۆ جینسـە، واتـە: تێکـڕای مرۆڤـان وان، هەندێکیـش دەڵێـن: ناسـاندنەکە بـۆ عەهـدە، واتـە: مرۆڤـە بێبڕوایـەکان وان، چونکـە ئەگـەر بـۆ جینـس بـێ بەدڵنیایـی دەبـێ ئەوکاتـە پێغەمبـەران (**علیهـم الصلاة والسـلام**) هەڵباوێردرێـن، هەروەهـا ئەوانـەش کـە بـە ڕێـی پێغەمبەرانـدا دەڕۆن، چونکـە ئەوان سـپڵەو نادیدەگیـر نەبـوون بـۆ چاکەکانـی خـوا، بـەڵام ئەگـەر (أل)ەکـە بـۆ عەهـد بـێ، واتـە: مرۆڤـە بێبڕوایـەکان وان، ئەوکاتـەش بێگومـان هەمـوو مرۆڤـە بێبڕوایـەکان دەگرێتـەوەو، مرۆڤـە بـڕوادارەکان ناگرێتـەوە.

پێـم وایـە ئەگـەر بڵێیـن: بـۆ عەهـدە باشـترە، واتـە: مرۆڤـە بێبڕوایـەکان سـپڵەو بـێ ئەمەگـن بەرانبـەر بـە پەروەردگاریـان، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِىَ ٱلشَّكُورُ ۝١٣ ﴾سبأ، کەمێـك لـە بەندەکانـم سوپاسـگوزارن، کەواتـە کەمێکـی سوپاسـگوزار لـە مرۆڤـان هـەر هـەن، ئەوانـەی شـوێن پێغەمبـەرانی خـوا (**علیهـم الصلاة والسـلام**) دەکـەون، بڕوایـان هەیـەو چاکـە و بەخشـش و نیعمەتەکانـی خوایـان لەبەرچـاوەو، وەفـادارن بەرانبـەر بـە خـوا، ئنجـا مـادام خـوا بـۆ خـۆی بفەرمـوێ: کەمێـك لـە بەندەکانـم سوپاسـگوزارن، کەواتـە هەموویـان ناسوپاسـگوزارو سـپڵەنین!

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ۝٧ ﴾، خۆیشـی لەسـەر ئـەوە چاودێـرە، شـایەدەو دەزانـێ.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ۝٨ ﴾، بەدڵنیایـی ئـەو بـۆ خۆشویسـتنی مـاڵ و سـامان زۆر تونـدو سـەختە، **(الخیر)** بەمانـای مـاڵ و سـامانە، وەك لـە سـوورەتی **(البقـرة)**دا هاتـوە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا ۝١٨٠ ﴾ **البقرة**، واتـە: ئەگـەر مـاڵ و سـامانی بەجێهێشـت، هەروەهـا ئێـرەش: ﴿ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ۝٨ ﴾ هـەر دەچێتـەوە بـۆ سـەر ئـەو مرۆڤـەی بێبڕوایـە، چونكـە پێغەمبـەران **(علیهـم الصلاة والسلام)**و بـڕواداران، مـاڵ و سـامانیان خسـتۆتە گیرفانیان و نەیانخسـتۆتە نێـو دڵیـان و، زۆر خۆشـیان نەویسـتوە، بەڵكـو مـاڵ و سـامانیان وەك ئامرازێـك بـۆ ڕاییكردنـی تەمەنـی دنیاییـان و، بـۆ كاری خێـرو چاكـە بەكارهێنـاوە، كەواتـە: ئەویـش دیسـان هەمـوو مرۆڤـەكان ناگرێتـەوە.

دوایـی خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِى ٱلْقُبُورِ ۝٩ ﴾، ئایـا نازانـێ كاتێـك گـۆڕەكان شـكنرانەوەو، هەڵگێڕدرانـەوەو ئـەوەی تیایاندایـە، هێنرایـە دەرێ، ﴿ وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ ۝١٠ ﴾، هەروەهـا ئـەوەی لـە سـینەكانیش دایـە، پەیداكـراو كۆكرایـەوەو دەرخـرا.

لـە كۆتایـی دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌۢ ۝١١ ﴾، بـە دڵنیایـی پەروەردگاریـان لـەو ڕۆژەدا زۆر پێیـان شـارەزایە، بـە هەمـوو شـتێكیان ئـاگادارە.

یەكێـك لـە زانایـان قسـەیەكی جـوان دەكات، دەڵـێ: بۆیـە خـوا ﷻ سـوێندی بـەو ئەسـپە هێرشـبەرانە خـواردوە، چونكـە خەسـڵەتە خراپەكانـی مرۆڤیـش، وەك هێرشـبردنی ئەسـپانی سـەركێش، هێـرش بـۆ مـرۆڤ دێنـن و، دەیانـەوێ تووشـی لادان و تاوانـی بكـەن، ئنجـا قیامەتیـش كتوپـڕ دێ، وەك هێـرش و پەلامـاری ئـەو ئەسـپانەی سـوارەكانیان شـەبەیخوون دەكـەن و بەرەبەیانـان زوو هێـرش دەبەنـە سـەر نێوجەرگـەی كۆمەڵـی دوژمـن.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴿١﴾ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ﴿٣﴾ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾
فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿٧﴾ وَإِنَّهُۥ
لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٩﴾ وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾
إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . سوێند بە ئەسپە غاردەرە پرمێنەرەکان
بە پرماندن ﴿١﴾ ئەسپانی ئاوروچکە هەڵگیرسێن (بە هۆی سم بەزەوی
داکوتانەوە) ﴿٢﴾ ئەسپانی لە بەرەبەیاندا هێرشبەر ﴿٣﴾ (ئەسپانێ) تۆزو خۆڵیان
پەیداکرد (بە هۆی بەپرتاو ڕاکردنەوە) ﴿٤﴾ خۆیان کوتایە نێوەڕاستی کۆمەڵێکەوە
(لە دوژمنان) ﴿٥﴾ بەدڵنیایی مرۆڤ بەرانبەر پەروەردگاری سپڵەو پێنەزانە ﴿٦﴾
بێگومان خۆیشی لەسەر ئەوە شایەدە ﴿٧﴾ هەروەها زۆریش بە سەختیی ماڵ
و سامان خۆشویستەرە ﴿٨﴾ ئایا نازانێ کاتێك گۆڕەکان هەڵگێڕدرانەوە ﴿٩﴾
ئەوەی لە سینەکانیش دایە خرایە گۆڕێ و جیاکرایەوە (چ کارەساتێکی مەزنی
لێ دەقەومێ؟ ﴿١٠﴾ بە دڵنیایی پەروەردگاریان لەو ڕۆژەدا پێیان شارەزایە ﴿١١﴾}

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ): (جَمْعُ عَادِيَة، مِنَ العَدْوِ، وَهُوَ التَّجَاوُزُ، وَمُنَافَاةُ الإلْتِئَام، فتارةً يُعتبرُ بالقَلْبِ، فَيُقَالُ: العَدَاوَةُ، وَتَارَةً بالْمَشْيِ، يُقَالُ العَدْو)، واتە: (عادیات) کۆی (عادیة)یە، لە (عَدْو)ەوە هاتوە، (عدو): بریتیە لە تێپەڕین و پێکەوە نەگونجان، ئنجا جاری وا هەیە لە ڕووی دڵ و دەروونەوە، تەماشای ئەو وشەیە دەکرێ و دەگوترێ: (عَدَواةو مُعَادَاة) یانی: دوژمنایەتیی، جاری واش هەیە لەڕووی ڕۆیشتنەوە تەماشای (عدو) دەکری یانی: ڕاکردن و ڕەتبوون، کەواتە: (وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ) یانی: سوێند بەو کۆمەڵە ئەسپانەی بەخێرایی ڕادەکەن و غاردەدەن.

(ضَبۡحٗا): (الضَّبْحُ: صَوْتُ أَنْفَاسِ الفَرَسِ، تَشْبيْهاً بالضُّبَاحِ، وَهُوَ صَوْتُ الثَّعْلَبِ)، (ضَبْح): بریتیە لە دەنگی هەناسەی ئەسپ، چوێنراوە بە (ضُبَاح) کە دەنگی ڕێوییە، ڕێوی کە دەواقێنێ.

(فَٱلۡمُورِيَٰتِ): (المُورِيَاتُ: مِنَ الوَرِي، وَرِيَ الزَّنْدُ، يُوري ورْيَاً، أي: خَرَجَتْ نَارُهُ)، (موریات) لە (وَرْي)ەوە هاتوە، یانی: داگیرساندن، (وَرِيَ الزَّنْدُ، يُوري ورْيَاً) زەندەکە پریشکە ئاگری هێنا، دەیهێنێ، ئاگر هێنان، بەکوردیی پێی دەڵێن بەردەستێ، یان بەردو ئەستێ، کە ئاسنێك و بەردێکن لێکیان دەدەن، پووشێکی زۆر تەنك و باریك ڕادەگرن، کە پووشووی پێدەڵێن، کە پریشکی ئاگرەکەی لێ بەرز بووەوە، پریشکەکە بەر پووشووەکە دەکەوێ، ئاگریان بەوە داگیرساندوە.

کاتی خۆی ئەوانەی ئاگریان بە بەردو ئەستێ هەڵکردوە، ئەگەر ئاگرەکەیان بۆ دەرچوێنرابێ، گوتوویانە: (هو مُنْجِح) واتە: ئەو سەرکەوتوو بوو، بەڵام کەسێك ئاگرەکەی بۆ پەیدانەکرابێ، گوتوویانە: (هو كَاب) واتە: ئەو شکستخواردوە لە پەیداکردنی ئاگرەکەدا، کەواتە (فَٱلۡمُورِيَٰتِ) واتە: سوێند بەو ئەسپانەی ئاوروچکە

بڵنید دەکەن، بە توندیی سمەکانیان بەر زەوی دەکەون، بەتایبەتی ئەگەر ناڵیان هەبن، ناڵەکان کە بەبەرد دەکەون، وەك بەردو ئەستێ ئاوروچکە بڵند دەکەن.

(قَدْحًا) (المَقْدَحَةُ، وَالقَدَّاحُ وَالقَدَّاحَةُ: الحَجَرُ الَّذِي يُورِي النَّارَ)، (مَقْدَحَةُو قَدَّاحُ و قَدَّاحَةُ): هەر سێکیان ئەو بەردەن کە ئاگر پەیدادەکات، بە کوردیی بەردو ئەستێی پێدەڵێن، بەردەکە دەبێ بەردێکی زۆر سەخت و ڕەق بێ، ئاسنێکیش بووە لێکیان داون و ئاگرەکەیان لێ پەیدابووە، (قَدَحَ النَّارَ) واتە: ئاگری پەیداکرد.

(فَٱلْمُغِيرَٰتِ): (المُغِيْرَاتُ: مَنْ أَغَارَ عَلَى العَدُوِّ إِغَارَةً وَمُغَاراً، أي: هَجَمَ) (مُغِيرَات) واتە: هێرشبەران و پەلامارەدەران، لە (أغار)وە هاتووە (أَغَارَ عَلَى العَدُوِّ إِغَارَةً وَمُغَاراً) هێرشی کردە سەر دوژمن، هێرش بردن.

(فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا) ئنجا تۆز و خۆڵیان پێ پەیداکردوە ، (النَّقْعُ: الغُبَارُ)، (نَقْع): بە تۆز و خۆڵ دەگوترێ، هەروەها (نَقْع) بەو ئاوەش دەگوترێ کە لە بیردا دەمێنێتەوە.

(فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا) واتە: خۆیان کوتایە نێو نێوەڕاستی کۆمەڵێکەوە، (وسط الجمع وَسْطاً، أي: توسَّطهم) چووە نێوەڕاستی کۆمەڵێکەوە، خۆی کوتایە نێویان (التَّوْسِيطُ: جَعْلُ الشَّيءِ فِي الوَسَطِ)، (تَوْسِيط): ئەوەیە شتێك بخەیە نێوەڕاستی شتێکەوە.

(لَكَنُودٌ): (كَنَدَ أي: كَفَرَ النِّعْمَة، وَكَنَدَ أي: بَخِلَ، وَكَنَدَ أي: عَصَى)، (كَنود) لەسەر کێشی (فعول) لە (كَنَدَ)ە هاتوە، واتە: چاکەکەی نادیدە گرت، سپڵە و ناسوپاس بوو، بەڵام وێڕای ئەوە (كند) بە مانای (چرووکیی کردو)، بە مانای (سەرپێچیی کرد) یش هاتوە.

(بُعْثِرَ) (أي: أُثِيرَ وَأُخْرِجَ) (بُعْثِرَ): هەروەها (بحثر)ش هەر هاتوە، بە (ح) نەك بە (ع)، واتە: هەڵگیرسێنرا، دەرهێنرا، پەیداکرا.

(وَحُصِّلَ): (حَصَّلَ الشَّيءَ تَحْصِيلاً، وَحَاصِلُ الشَّيءِ وَمَحْصُولَه: بقِيَّتُهُ)، (حَصَّلَ الشَّيءَ تَحْصِيلاً): شتەکەی پەیداکرد، کۆی کردەوە، ئەوەی لەو شتە دەمێنێتەوە، بەڵام لێرە بە مانای دەرهێنان و ئاشکرا کرا کردنی ئەوەیە کە لە نێو سینەکاندا هەیە و، مەبەست پێی ئەو سیفەتە نزم و پەستانەن کە لە سینەکاندا هەن و ئەوان دەبنە ڕەگ و ڕیشە و چاوگ و ماکی هەموو کردەوە خراپەکان.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، لە کاتی گوتنی: ئەم ڕستی موبارەکەدا، دەبێ بەلای کەمەوە ئەم چوار واتایە لە عەقڵ و دڵدا هەبن:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا خوا دەفەرموێ:

﴿وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ۝١﴾، سوێند بە ڕاکردووەکان، کە بە توندیی هەناسە دەدەن، (عادیات) وەك ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، (یعني: والخیلِ العادیاتِ) سوێند بە ئەسپە ڕاکردووەکان، غاردەرەکان، (ضَبْحاً) یانی: هەناسە دەدەن بە هەناسەدان، یاخود دەپرمێنن بەپرماندن، (ضَبْح): بریتیە لە دەرچوونی دەنگی هەناسەی ئەسپ کە زۆر ماندوویە، هەندێکیش دەڵێن: (ضَبْح) بریتیە لە نرکاندنی ئەسپ کە دەنرکێنێ، یان پرماندنی کە

دەپڕمێنێ، بۆ ئەوەی دەنگەکەی دەربخات، ئەگەر دەری بخات، پێی دەگوترێ: (صَهيل) حیلکاندن، بەڵام (ضبح): بریتییە لە پڕماندن و نرکاندن، لە ئەنجامی ماندووبووندا دەنگی هەناسەی بە توندیی دێ، لە قوڕگیدا دێت و دەچێ.

﴿ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ ﴾، سوێند بە ئاوروچکە پەیداکەرەکان، لێرەدا (مُوريات) لە (وري النَّار) واتە: ئاگرەکەی پەیداکرد (يُوري النار) ئاگر پەیدا دەکات، ئنجا (الموريات) واتە: پەیداکەرانی ئاگر، ئاوروچکە هەڵگیرسێن.

(قَدْحَاً) واتە: بە هۆی توند سم بەزەوی داکوتانەوە (قَدَحَ يَقْدَحُ قَدْحَاً) واتە: پێ بەزەویدا کوتا، پێ بەزەویدا دەکوتێ، پێ بە زەوی داکوتان، ئەسپەکان سمەکانیان بە توندیی لە زەوی دەدەن، لە بەردو شتی ڕەقی دەدەن و ئاوروچکە پەیدا دەکات.

﴿ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ﴿٣﴾ ﴾، ئەو کۆمەڵە ئەسپە دەمەو بەیانییان پەلاماردەرانە، یانی: شەبەیخوونیان کردوەو دەمەو بەیان پەلامار یان و هێرشیان کردوە، بێگومانیش ئەسپەکان سوارەکانیان لەسەرن.

﴿ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾ ﴾، تۆز و غوبار یان هەڵگیرساندوە، یانی: بەو هێرش و پەلامارە تۆزو و گەردیان پەیداکردوە، (الإثارة: التحريك والتهييج) (إثارة): بە مانای جووڵاندن و پەیداکردن و هەڵگیرساندن دێ، (نقع) یش بەمانای تۆز و خۆڵ دێ، واتە: تۆز و خۆڵ هەڵدەگیرسێنن و پەیدای دەکەن.

﴿ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ ﴾، بەو تۆز و خۆڵەوە دەچنە نێو کۆمەڵێکەوە، یاخود بەو ڕاکردن و غاردانەوە دەچنە نێو جەرگەی کۆمەڵێکەوە لە دوژمنان، دەچنە نێوەڕاستیان (وسَّطن يعني: توسطن) دەچنە نێو نێوەڕاستی کۆمەڵێکەوە لە دوژمنانەوەو بە بوێریی خۆیانیان پێدادەدەن.

سوێند بەوە: ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤ بەرانبەر بە پەروەردگاری سپڵەو ناسوپاسە، چاکەکانی پەروەردگاری نادیدە دەگرێ و

سپڵەو ناسوپاسە، (**كَنَدَ النِّعْمَةَ: كَفَرَهَا**) چاكەكەی نادیدە گرت، سوپاسی خوای لەسەر نەكرد، سپڵە بوو.

﴿ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ۝٧ ﴾، بە دڵنیایی لەسەر ئەو سپڵەیی و بێ وەفایی و بێ ئەمەگییەش بەرانبەر بە پەروەردگاری و چاكەكانی، شایەدو، چاودێرەو خۆی شایەدیی لەسەر خۆی دەدات.

پێشتریش ئاماژەیەكمان پێدا كە وشەی (**الإنسان**) لێرەدا كە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، ناساندنەكە زۆربەی هەرە زۆری ڕوونكەرەوانی قورئان گوتوویانە: بۆ جینسە واتە: هەموو مرۆڤەكان بەو شێوەیەن، بەڵام من وای تێدەگەم لێرەدا ناساندنەكە بۆ عەهدە، واتە: مرۆڤە بێبڕوایەكان بەو شێوەیەن، ئەوانەی ناسراون بە بێبڕوایی، بۆچی؟

چونكە خوا ﷻ لە سوورەتی (سبأ)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ ۝١٣ ﴾، واتە: كەمێك لە بەندەكانم سوپاسگوزارن.

كەواتە: كەمێك لە بەندەكانی خوا سوپاسگوزارن، مانای وایە هەموویان سپڵەو بێ ئەمەگ نین، هەروەها پێغەمبەران (**عليهم الصلاة والسلام**)یش كە پارێزراو بوون لەهەرچی گوناهو تاوان و لادانە، ناگونجێ بە (كنود) ناسپاس وەسف بكرێن، هەروەها شوێنكەوتووانی ڕاستەقینەی پێغەمبەرانیش صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ، بۆیە ئەگەر بڵێین: (أل)ەكە بۆ عەهدە، لە بەرانبەر (كە)ی كوردییدا، (الإنسان): مرۆڤەكە، لێرەدا یانی: مرۆڤەكان، چونكە (أل)ەكە بۆ كۆیە، یانی: كۆی مرۆڤە بێبڕوایەكان كە ناسراون و زانراون، لە بەرانبەر پەروەردگاریاندا سپڵەو بێ نمەكن.

﴿ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ۝٧ ﴾، ئەو مرۆڤە، ئەو جۆرە لە مرۆڤ، كە بێبڕوایەكانن لەسەر ئەوەش شایەدن، بە زمانی حاڵ ئەگەر بە زمانی وتاریش نەبێ، بە زمانی كردارو حاڵ، شایەدیی لە سەر خۆیان دەدەن كە سپڵەو ناسوپاسن.

﴿ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ۝٨ ﴾، بە دڵنیایی ئەو مرۆڤە د(یسان مەبەست مرۆڤی بێبڕوایە) بۆ خۆشویستنی ماڵ و سامان زۆر سەختە، زۆر بەسەختیی ماڵ و سامانی دنیای خۆشدەوێ.

(الخير): لێرەدا بە مانای ماڵ و سامانە، ئەگەرنا **(الخير)** لە ئەسڵدا بە مانای چاکە دێ **(الخَيْرُ: مَا يَرْغَبُ فيهِ الكُلّ)** (خیر) ئەوەیە هەموو لایەك بۆی ئارەزوومەندن، بەڵام لێرەدا بەپێی ڕەوتی ئایەتەکان، دەزانرێ کە مەبەست لە **(خَيْر)** ماڵ و سامانە، وەك لە سوورەتی **(البقرة)**شدا خوا ﷻ **(الخير)**ی بەماڵ و سامان بەکارهێناوە وەك دەفەرموێ: ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ۝١٨٠ ﴾، واتە: لەسەرتان پێویست کراوە، ئەگەر یەکێکتان مردنی گەیشتە سەر (کەوتە حاڵی گیانەڵاو مردن) ئەگەر ماڵ و سامانێکی بەجێدەهێشت وەسیەتتان لەسەر پێویست کراوە، بۆ باب و دایك و نزیکان (خزمان) بەشێوەیەکی پەسند، ئەوەش مافە لەسەر پارێزکاران.

بێگومان ئەم سیفەتەش دیسان لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا ناگونجێ، هەموو مرۆڤەکان ماڵ و سامانی دونیایان زۆر خۆشناوێ، بەڵکو هەیانە پارەو سامان و، گڵ و خۆڵ و کەستەکی[١] پێ وەك و یەکن، بەڵام ئەوە بێبڕوایانن کە ماڵ و سامانی دنیایان زۆر خۆشدەوێ، هەڵبەتە ئەگەر بابای بڕواداریش ماڵ و سامانەکەی بە ئەندازەیەك خۆشبوێ، بە ئەندازەی ئەوەی هەڵدەگرێ و، پێداویستییەکانی ژیانی دنیای پێ دابین دەکات و، بە ئەندازەی ئەوەی لە ماڵ و خێزانی خۆی مەسرەف دەکات و، بە ئەندازەی ئەوەی چاوی لە دەستی خەڵك نەبێ، بە ئەندازەی ئەوەی خێرو چاکەیەکی پێ دەکات و، هاوکاریی خەڵکی پێ دەکات، ئەوە پێی ناگوترێ خۆشویستنێکی زۆر، خۆشویستنی ماڵ و سامان بەسەختیی و بە زۆریی،

---

(١) کەستەک: پارچەگڵی بەستراو، تۆپە گڵی وەک قوڕ

ئەوەیە خوای لەسەر تووڕە بکات و، لەسەری گوێ نەداتە حەڵاڵ و حەرام و سنوورەکانی شەرعی لە پێناودا ببەزێنێ، کە ئەوەش وەك گوتمان لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا ناگونجێ، بەڵکو تەنیا لەگەڵ مرۆڤە بێبڕوایەکان، یان مرۆڤە تاوانبارو لادەرو خەتابارەکاندا دەگونجێ، ئەگەر بڕواشیان هەبێ.

﴿ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ ﴿٩﴾ ﴾، ئایا نازانێ کاتێك ئەوەی لە گۆڕەکاندایە هەڵگێڕدرایەوە، گۆڕەکان شکێنرانەوە، ئەوەی تێیان دایە هێندرایە دەرێ، (بعثرة): ئەوەیە شتێك خوارێی بخرێتە سەرێی و، سەرێی بخرێتە خوارەوەی هەڵبگێڕدرێتەوە، ئایا نازانێ کاتێك ئەوەی لە گۆڕەکان دایە هەڵگێڕدرایەوە.

﴿ وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ ﴿١٠﴾ ﴾، هەروەها ئەوەی لە سینەکانیشدایە پەیداکراو خرایە گۆڕێ، ئاشکرا کراو کۆکرایەوە، ئایا ئەوەی لە سینەکاندا هەیە چییە؟ ئەوەی لە سینەکاندا هەیە، لێرەدا مەبەست پێی ئەو سیفەت و خەسڵەتە خراپانەن کە کردەوە خراپەکان لە مرۆڤدا پەیدا دەکەن، مرۆڤ هاندەدەن بەرەو خراپەکاریی، وەك خۆبەزلگریی، (كِبْر)، ئیرەیی (حسد)، گومانی خراپ بەرانبەر بە خوا (سوء الظن بالله) زۆر خۆشویستنی ماڵ و سامانی دونیا، سپڵەیی بەرانبەر بە خوا، بێگومان ئەو سیفەتە پەنهانە خراپانەن، کە مرۆڤ تاو دەدەن بۆ تاوان و لادانی ڕواڵەتیی.

بۆیە خوا ﷻ تەنیا باسی ئەوەی کردوە ئەوەی لە سینەکاندا هەیە، پەیدادەکرێ و کۆدەکرێتەوە، چونکە ئەوەی لە سینەکاندا یە، وا لە مرۆڤ دەکات گوناحە ڕواڵەتییەکانیش ئەنجام بدات.

لێرەدا بەرکاری (أَفَلَا يَعْلَمُ) ئایە نازانێ؟ قرتێنراوە، (يعني: أَفَلاَ يَعْلَمُ عَاقِبَةَ ذَلِكَ) ئایا سەرەنجامی ئەوە نازانێ، هەڵبەتە هەمزەکەش بۆ پرسیارکردنی نکووڵیلێکردنی سەرزەنشتکارانەیە، ئایا نازانێ؟ بۆیەش بەرکارەکەی قرتێنراوە، تاکو زەین بەلای هەموو شتێکدا بچێ، واتە: دەبووایە بزانێ کاتێك گۆڕەکان

دەشکنرێنەوەو، ئەوەی تێیاندایە هەڵدەگێردرێتەوە و، ئەوەی لە سینەکان دایە پەیدادەکرێ و کۆدەکرێتەوە، ئەو مرۆڤەی بەرانبەر بە پەروەردگاری سپڵەیەو، ماڵ و سامان پەرستەو زۆر خۆشیدەوێ، دەبێ بزانێ سزای سەخت چاوەڕێی دەکات.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾ بە دڵنیایی پەروەردگاریان لەو ڕۆژەدا بەرانبەر بەوان زۆر زۆر شارەزایە، هەموو شتێکیان دەزانێ، لە هەموو حاڵ و باڵیان ئاگادارە، هەر کەسە بە پێی ئەوەی لە سینەی دا هەبووە لە خراپە، کە ئەوەی لە سینەی دا بووە، پاڵپێوەناوە بۆ خراپەی ڕواڵەتییش، بەپێی ئەوە سزایان دەدات، کەسێکیش خێرو چاکەی لە سینە دابووبێ و، بۆ چاکە پاڵپێوەنابێ، بەدڵنیایی ئەویش خوای پەروەردگارو میهرەبان پاداشتی دەداتەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە ئەسپانی غاردەری، نرکێنەری، ئاوروچکە بەسمان پەیداکەری، بەیانیان هێرشبەری، تۆز بەرزکەرەوەی، خۆکوتەرە نێو ئاوپۆرایی دوژمن، کە مرۆڤ بەرانبەر بە پەروەردگاری سپڵەیەو، خۆیشی شایەدەو سامانیشی زۆر خۆشدەوێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ۝١ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ۝٢ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ۝٣ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ۝٤ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ۝٥ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ۝٦ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ۝٧ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ۝٨ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ۝١ ﴾، سوێند بە (ئەسپە غاردەرە پڕمێنەرەکان)بە پڕماندن. **(عَادِيَات)** کۆی **(عَادِيَة)**یە، و ناوی بکەر (فاعل)ە، لە **(عدو)**وە هاتوە، **(عدو)**: واتە: غاردان و ڕاکردن، لێرەدا بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا، غاردان و، بەکاردەهێنرێ بۆ غاردانی ئەسپ و حوشتر بە تایبەت.

(ضبح)یش بریتیە لە دەنگی هەناسەی کە لە قوڕگیدا دێت و دەچێ، ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: ئەح ئەح، واتە: ئەسپ کە هەناسە بڕکێی دەگاتێ لە ئەنجامی غاردان و خێرایی ڕۆیشتندا، دەنگێکی بەو شێوەیەی لێدێ.

وشەی (ضَبْحًا) **(منصوب بفعله المقدر أي يضبحن ضَبْحاً)**، (ضَبْحَاً) چاوگە و (منصوب)ە بە کردارێك کەبۆی ڕەچاوکراوەو ئەندازەگیریی کراوەو دیارنیە، بەم شێوەیە: **(يَضْبَحْن ضَبْحَاً)**، سوێند بەو وڵاخە بەرزە غارکردووانەی هەناسە دەدەن،

بە شێوەیەك كە لە قوڕگیاندا دێت و دەچێ، بە كوردیی وڵاخە بەرزە كە بەو شێوەیە هەناسەی دێ و دەچێ، پێی گوترێ: نركاندن، ئەو ئەسپە دەنركێنێ، یان پڕماندن: ئەو ئەسپە دەپڕمێنێ.

بەشێك لە زانایان و ڕوونكەرەوانیش گوتوویانە: **(العاديات)** لێرەدا مەبەست پێی حوشترەكانن، كە لە عەرەفاتەوە بەرەو موزدەلیفە دێن، كاتی خۆی حاجییەكان پێیان هاتوونەوە.

بەڵام زانایانی دیكە دەڵێن: وشەی **(ضبح)** ئەو جۆرە هەناسە دانەوەیە، تایبەتە بە ئەسپەوەو سیفەتەكانی دیكەش كە دوایی دێن، بێگومان هەر هی ئەسپانن.

٢)- ﴿ فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا ۝٢ ﴾ سوێند بە ئاوروچكە بڵندكەران (بەهۆی لێدانەوە) لە ئەنجامی لێداندا، ئەو ئەسپانەی سمەكانیان لە بەردو شتی ڕەق دەدەن و ئاوروچكە بەرز دەكەنەوە، یەكێك لە زانایان لە تەفسیری ئەم ڕستەیەدا دەڵێ: واتە: سوێند بەو وڵاخە بەرزانەی ئاوروچكە بڵیند دەكەن، لە ئەنجامی بە توندیی سم بە زەوی و بە بەردان داكوتانیاندا، بەهۆی خێرا ڕۆیشتنەوە.

(القدح)، بریتیە لە لێدانی بەهێز.

(الموريات: وَرِيَ الزَّنْدُ وريـاً): ئەستێیەكە ئاگری پەیداكرد بە پەیداكردن، زەند واتە: ئەستێ كە لە بەردی دەدەی ئاگری لێ بەرز دەكاتەوە، **(الموريات يعني الموقدات)** ئاگرپەیداكەران، دەگوترێ: **(قدح فأوری)**، واتە: ئەستێكەی لە بەردەكەداو ئاگری بەرز كردەوە، **(فالموريات قدحاً)** سێ واتایان بۆ داناون

أ- سوێند بەو وڵاخە بەرزانەی سم بە زەوی دا دەكوتن، لە ئەنجامی ئەوەدا ئاوروچكە بەرزدەكەنەوە.

ب- سوێند بەو ئەسپانەی سوارچاكەكانیان ئاگر هەڵدەكەن، كە شەو دادەبەزن بۆ پێویستیی خۆیان و خواردن سازكردنیان.

ج- هەندێکی دیکەش گوتوویانە: (**فالموريات قَدْحَاً**) مەبەست پێی جەنگ هەڵگیرساندنە ئەو ئەسپانەی خۆیان دەکوتنە نێو دوژمنەوەو جەنگ هەڵدەگیرسێنن.

بـەڵام لەڕاسـتییدا مانـای یەکەمیـان ڕاسـتە: ئـەو ئەسـپانەی بـە سـمەکانیان کـە بەهێـز بەزەوییـان دا دەکوتـن، دەبێتـە هـۆی پەیدابوونـی ئاوروچکـە، چونکـە سـمەکانیان ڕەقـن، بەتایبەتـی ئەگـەر ناڵیـان هەبـن، کاتێـك بـە شـتی ڕەق و، بـەردو شـاخیان دا دەکوتـن، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا ئاوروچکـە پەیـدا دەبـێ.

٣)- ﴿ فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا ﴿٣﴾ ﴾ سوێند بەو ئەسپانەی بەرە بەیانان هێرش دەکەن، (**المغيرات**) لە (**إغارة**)ەوە هاتوە کە بە دوو واتایان هاتوە:

١- هێرشکردنە سەر سوپایەك.

٢- زۆر خێرا ڕۆیشتن و بە پڕتاو ڕۆیشتن.

یەکێـك لـە زانایـان ئـاوای مانـا لێداوەتـەوە: (**الخَيْـلُ: تغير عـلى العَـدو وَقْـتَ الصباح وصبحـاً منصـوب عـلى الظرفيـة**) واتـە: سـوێند بـەو ئەسـپانەی هێـرش دەبەنـە سـەر دوژمـن (یـان زۆر بەخێرایـی و بەپڕتاویـی دەڕۆن) لـە کاتـی بەرەبەیانـدا.

٤)- ﴿ فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا ﴿٤﴾ ﴾ ئنجا تۆزو گەردیان پێ پەیداکرد.(**أثرن يعني هيَّجن**) واتە: بەو هێرش بردنە، یان بەو خێرا ڕۆیشتنە، تۆزو خۆڵیان پەیدا کرد. (نقع) واتە: تۆز و خۆڵ (**الإِثَارَةُ: التَّحْرِيكُ والتَّهييجُ**) (**إِثَارَة**): بە مانای وروژاندن و جووڵاندن لە شوێنی خۆی، (**نَقْع**)یش هەموو توێژەرەوان و شارەزایانی زمان لێرەدا گوتوویانە بە مانای تۆز و خۆڵ دێ، ئەگەرنا وەك پێشتریش باسمان کرد، (نقع): بەو ئاوەش دەگوترێ کە لە بیردا دەمێنێتەوە، بەڵام لێرەدا واتە: تۆز و خۆڵ هەڵدەگیرسێنن و پەیدا دەکەن.

٥)- ﴿ فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا ﴿٥﴾ ﴾، هەر بەو تۆز و خۆڵەوە خۆیان بە نێو کۆمەڵێکداداو نێوەڕاستی کۆمەڵێکەوە، واتە: لەو کاتەدا خۆیان دەکوتنە نێو کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکانی

دوژمنان، دەگوترێ: (**وَسَطْتُ القوَم أَسِطُهم، وسطاً وسِيطَةً**) واتە: چوومە نێوەڕاستیانەوە، خۆم بە نێوەڕاستیان داکرد.

وشـەی (**جمعاً**) نـاوە بـۆ کۆمەڵێـك لـە خەڵـك، وەك و پێشـتریش ئاماژەیەکـم پێـدا هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: لێـرەدا مەبەسـت لـە (**العادیـات**) ئـەو حوشـترانەن کاتـی خـۆی پێیـان چـوون بـۆ حـەج، یـان بـۆ عومـرەو، چـوون و هاتـوون.

بـەڵام ڕای ڕاسـتتر ئەوەیـە لێـرەدا خـوا باسـی وڵاخـە بـەرزان دەکات، کـە لـە کوردەواریـی خۆمانـدا یـەك سـمیان پـێ دەگوتـرێ، واتـە: ئەسـپ و ماین و هێسـتریش تـا ڕاددەیـەك.

(**الطـبري**) دەڵـێ: لێـرەدا مەبەسـت لـە (**العادیـات**) وڵاخـە بەرزەکانـن، چونکـە حوشـتر ئـەو دەنگـەی نیـە، کـە لێـرە خـوای پـەروەردگار باسـی کـردوە و بریتیـە لـە حەمحەمـە (**حَمْحَمَ: صوَّت صوتـاً دون العـالي**) واتـە: دەنگـی لێهـات، بـەڵام نـەك وەك حیلکانـدن و دەنـگ بەرزکردنـەوە، بەڵکـو دەنگـی هەناسـەو، پرمانـدن کـە خێـرا دەڕوات و دوایـی هەناسـە لـە قوڕگیـدا دێـت و دەچـێ.

سوێند بەو ئەسپانەی بەو شێوەیەن:

٦)- ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ ﴾ بە دڵنیایی مرۆڤ بۆ پەروەردگاری سپڵەیە ناسوپاسە.

لەبارەی مانای (**کنود**) ەوە چەند ڕایەك هەین:

أ- (**الكَنُود: الكَفُورُ بالنِّعْمَة**) (**کنود**) چاکەی خوا نادیدە گرو سپڵە بەرانبەر بە چاکەکانی خوا.

ب- هەندێك گوتوویانە: (**الكَنُودُ: البَخِيْلُ**) واتە: چرووك و ڕژد.

ج- هەندێك گوتوویانە: (**الكَنُودُ: العَاصِي**) سەرپێچییکار.

د- هەندێکیش گوتوویانە: (**الكَنُودُ: الشَّدِيدُ الكُفْرَان**) زۆر سپڵەیە، بەڵام ڕای زیاتری شارەزایانی زمان، ئەوەیە کە (**کنود**) واتە: (**کفور**) سپڵەو ناسوپاس.

پیتی (**ل**)ی سەر (**لکنود**) پێی دەگوترێ: (**لام التقوية**) لامی بەهێزکردن و مانایەکەی بەهێزتر دەکات و بۆ جەختکردنەویە.

٧)- ﴿ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ۝٧ ﴾ بە دڵنیایی (مرۆڤ) لەسەر ئەوەش شایەدە، واتە: مرۆڤی بێبڕوا بەزمانی حاڵ و، جاری واش هەیە بە زمانی وتاریش، شایەدیی لەسەر خۆی دەدات، کە بەرانبەر بە خوای پەروەردگارو چاکەکانی، سپڵەو ناسوپاس و پێنەزانە.

وشەی (**شهيد**):

١- شایەد و گەواهیدەر.

٢- ئامادە (**حاضر**).

٣- زانا و شارەزا.

٤- دانپێداهێنەر، لێرەدا واپێدەچێ مانای کۆتایی بەهێزتربێ واتە: دانی پێدادێنێ و شایەتیی لەسەر خۆی دەدات کە ناسوپاسە، بە زمانی حاڵ و کردار، جاری واش هەیە بە زمانی وتار.

٨)- ﴿ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ ۝٨ ﴾، بەدڵنیایی ئەو (مرۆڤە) ماڵ و سامانی زۆر خۆشدەوێ، ئەمیش دیسان ناگونجێ سیفەتی هەموو مرۆڤەکان بێ، لەنێویشیاندا پێغەمبەران (**عليهم الصلاة والسلام**)و بۆ خوا صوڵحاوان، کە تەماشای ماڵ و سامان دەکەن، وەك ئامراز و هۆکارێك، نەك زۆریان خۆشبوێ و بیخەنە نێو دڵیان و لە خۆشویستن و گرنگیی پێدانیدا تێیپەڕێنن، ئەوەش دیسان سیفەتی مرۆڤی بێبڕوایە، کە بێجگە لە دونیاو ماڵ و سامانی دونیا، شتێکی دیکە شك نابات، دڵی خۆی زۆر بخاتە سەر، بێگومان ناگونجێ ئەمە سیفەتی هەموو مرۆڤەکان بێ و، ئەمەش دیسان بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی (**أل**)ی سەر (**الإنسان**) بۆ عەهدە، عەهدیش لە زمانی

عەرەبییدا، دەکەوێتە بەرانبەر (کە) لە زمانی کوردییدا، ئەگەر گوتم:(کتێبم بۆ بێنە)، هەر کتێبێك دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر گوتم: (کتێبەکەم بۆ بێنە) یان (موصحەفەکەم وێدە)، داواکراوەکە لە نێوان هەردوولادا، شتێکی زانراوەو دەزانرێ کامەیە.

لێرەشدا مرۆڤەکە، واتە: مرۆڤە بێبڕوایەکە، ئنجا لێرەدا (الإنسان) هەرچەندە بە تاك هاتوە، بەڵام مانایەکەی کۆیە، واتە: مرۆڤە بێبڕوایەکان بەرانبەر بە پەروەردگاریان سپڵەو ناسوپاسن، خۆشیان لەسەر ئەوە شایەتیی دەدەن، ماڵ و سامانیشیان زۆر خۆشدەوێ.

وشەی (**خیر**) یانی: چاکەو، بە مانای هەر شتێك دێ کە مرۆڤ ئارەزووی دەکات و پێیخۆشە هەیبێ، بەڵام بەپێی سیاق جاری وایە مانایەکەی تایبەت دەبێتەوە بە ماڵ و سامانەوە، لێرەشدا مەبەست پێی ماڵ و سامانە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٨٠﴾ ﴾البقرة، واتە: لەسەرتان پێویست کراوە وەسیەتکردن، هەر کاتێك یەکێکتان مردنی گەیشتە سەر، ئەگەر خەیرێکی بەجێدەهێشت (واتە ماڵ و سامان)...

کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ ﴾ (ل)ی (**لِحبّ الخیر**) لامی هۆکار دۆزیی (**لام التعلیل**)ە، واتە: لە پێناوی خۆشویستنی ماڵ و ساماندا، زۆر توندو سەختە، هەڵبەتە کەسێکیش ماڵ و سامانی لە ئەندازەی ئاسایی و سرووشتیی خۆی زیاتر خۆشبوێ، ئەوە وای لێ دەکات چرووکیی بنوێنێ و، وای لێ دەکات کاری چاکە نەکات، و وادەکات خاوەنەکەی تووشی کۆمەڵێك هەڵەو کەم و کوڕیی ببێ، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ماڵ و سامانی زیاد لەوەی دەیهێنێ، خۆشویستوە، لە جیاتی ئەوەی لە دەستی و، لە گیرفانی دابێ، خستوویەتە نێو دڵیەوە.

مەسەلەی دووەم:

ئایا مرۆڤی بێبڕوا نازانێ کاتێك گۆڕەکان هەڵگێردرانەوەو، مردووان زیندووکرانەوەو، هی نێو سینەکان دەرهێنران و کۆکرانەوەو جیاکرانەوە (چی دەقەومێ؟) بەدڵنیایی پەروەردگاریان پێیان شارەزایە.

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي ٱلْقُبُورِ ۝٩ وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ۝١٠ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ۝١١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي ٱلْقُبُورِ ۝٩ ﴾ ئایا نازانێ کاتێك ئەوەی لە نێو گۆڕەکاندا هەیە هەڵگێردرایەوە! بێگومان ئەوەی لە نێو گۆڕەکاندایە جەستەکانی مردووەکانن بۆ کەسێك گۆڕی بە قسمەت بووبێ، چونکە بە زۆریی وایە مرۆڤەکان جەنازەکانی خۆیان دەخەنە بن زەوی، بۆ مسوڵمانان و نامسوڵمانانیش هەروایە، خوا دەفەرموێ: ئایا نازانێ؟ دیسان ڕووی دواندن لەو مرۆڤەیە، کە پێشتر باسکرا، بێگومان ناگونجێ بڵێین: تێکڕای مرۆڤەکان مەبەستن، بەڵکو مەبەست مرۆڤی بێبڕوایەو، (ألْ)ەکە بۆ عەهدە، چونکە هەر مرۆڤی بێبڕوایە نکووڵیی لەوە دەکات، دوای ئەوەی زیندوو دەکرێتەوە - بگرە هەر نکووڵیی لە زیندووبوونەوەش دەکات - هی نێو سینەکان بهێندرێتە دەرو، نکووڵیی لەوەش دەکات پەروەردگاری پێی زاناو شارەزابێ، چونکە لێرەدا هەمزە (أ) بۆ پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەیە، پیتی (ف)ش لە (أَفَلَا)دا بۆ (تفریع)ە، یانی: ئەم ڕستەیە هەڵدەچنرێ لەسەر ڕستەکانی پێشێ، (**أفلا یعلم**) ئایا نازانێ؟ چی نازانێ؟ لێرەدا (**يَعْلَمُ**) بەرکارەکەی قرتێنراوە، تاکو زەین بۆ ئامادەکردنی بەملاولادا بێ وبچێ و، لەشتێکی دیارییکراودا قەتیش نەبێ هەروەها کە باسی هەڵگێڕانەوەی ئەوەی لەنێو گۆڕەکان دایە کردووەو، باسی دەرهێنانی شتەکانی نێو سینەکانی کردوە، بەنەزاندراو (**نکرة**) و پەی پێنەبراو (**مجهول**)، هێناویەتی و، دیاریی نەکردوە چی دەبێ و چی ڕوودەدات، بۆ مەزن

و بێڕەزا پێشاندانی، یانی: لەوکاتەدا شتێك ڕوودەدا زۆر بێڕەزاو گەورە لەوەسفکردن نایەت و، بەس خوا دەزانێ چییەو چۆنە؟

وشـەی (**بعـثرو بحـثر**) لـە زمانـی عەرەبییـدا یـەك واتایـان هەیـە، (**بعـثرة**) هەڵگێڕانـەوەی شـتێکە خوارێـی ببێتـە سـەرێ و سـەرێی بچێتـە خـوارێ، یانی: سـەرەو بـن کـردن و هەڵگێڕانـەوە، کـە لێـرەدا مەبەسـت پێـی زیندووکرانـەوەی ئەوانەیـە کـە لـە گـۆڕەکان دا هەیـە.

٢)- ﴿ وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ١٠ ﴾ هەروەها ئەوەی لە نێو سینەکانیش دایە کۆکرایەوە و سەرژمێرکرا، وشەی (**حُصِّلَ**) واتە: کۆکرایەوەو سەرژمێرکرا، وشەی (**تَحْصِيل**) لە بنەڕەتدا بە مانای جیاکردنەوەی کاکڵ و توێکڵە، ئنجا لە ئەنجامی ئەوەدا کە کاکڵ و توێکڵ لێك جیادەکرێنەوە، بێگومان یەکێکیان دەخرێتە ئەملاو ئەوەی دیکەش دەخرێتە ئەولا.

زانایانیش وشەی (**حُصِّلَ**)یان بە شێوەیەك لێکداوەتەوە، کە لەم مانایە نیزیکە:

أ- بۆ وێنە ئیبنو عەبباس (**طبري**) بە ژمارە: (**٣٧٩٧٢**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا لێوەی هێناوە و گوتوویەتی: (**حُصِّلَ أي: بُرِزَ**) واتە: ئاشکراکرا، دەرهێنرا.

ب- سوفیانیش (**طبري**) بە ژمارە: (٣٧٩٧٣) لێوەی هێناوە و گوتوویەتی: (**حُصِّلَ: مُيِّزَ**) لێك جیاکرایەوە.

کەواتـە: خـوا ﷻ لـە کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا بەسەرزەنشـتکردن و ڕەخنـە لێگرتنـەوە پرسـیارێکی نکووڵییلێکەرانـە ئاراسـتەی ئـەو جـۆرە مرۆڤـە دەکات، کـە لـە ئایەتەکانـی پێشـێدا باسـی کـرد، دەفەرمـوێ: ئایـا نازانـێ لـە کاتێکـدا گـۆڕەکان هەڵدەگێڕدرێنـەوەو، ئـەوەی تێیـان دایـە دەهێنرێتـە دەرێ، واتـە: مرۆڤـەکان زینـدوو دەکرێنـەوە و، لـە کاتێکـدا ئـەوەی لـە سـینەکان دایـە کۆدەکرێتـەوەو جیادەکرێتـەوە پۆلێـن دەکـرێ، چـی دەقەومـێ؟ چونکـە بـەرکاری (**يعلـم**) قرتێنـدراوە بـۆ ئـەوەی زەینـی مـرۆڤ بـۆ هـەر شـتێك بچـێ کـە لەگەڵیـدا دەگونجـێ، واتـە:

أ- ئایا نازانێ لەوکاتەدا سزا چاوەڕێی دەکات؟

ب- ئایا نازانێ دادگەریی خوای بەسەردا دەچەسپێ؟

ج- ئایا نازانێ ئەو زۆر خۆشویستنی ماڵ و سامان و، ئەو بێ نمەکیی و سپڵەییەی بەرانبەر بە پەروەردگاری، بۆی دەبێتە مایەی مەینەتیی و ئازار؟!

لە کۆتایی دا خوا دەفەرمویێ:

١١)- ﴿ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾ بەدڵنیایی لەو ڕۆژەدا پەروەردگاریان پێیان شارەزایە، ئەمە لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە پێی دەگوترێ: (**جُمْلَةٌ إسْتِئْنَافِيَّة**) ڕستەیەکی دەستپێکەرە، بۆ دەستپێکردنەو پەیوەست نیە بەوەی پێش خۆیەوە، ئەگەرنا ئەگەر پێوەی پەیوەست بووایە، دەبووایە فەرمووبای: (**أَنَّ رَبَّهُم**) کە پەروەردگاریان لەو ڕۆژەدا پێیان شارەزایە، بەڵام نا، وەڵامی پرسیارەکانی پێشێی قرتێندراوەو، ئەمە ڕستەیەکە لە نوێ دەست پێدەکات، بۆ ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە پەروەردگاریان بەو مرۆڤانە، لەو ڕۆژەدا زۆر شارەزایە.

لێرەدا جێی سەرنجە: خوا ﷻ بە تاك باسی مرۆڤی کردوە (**أفلا يعلم**) بەڵام دوایی بەکۆ دەیانهێنێ و دەفەرموێ: (**إنَّ رَبَّهُم بِهِم**) لەبەرچی؟ چونکە هەرچەندە مرۆڤ لە ئایەتەکانی پێشتردا بە تاك هاتوە بێژەکەی تاکە بەڵام ماناکەی کۆیەو، کۆی مرۆڤان دەگرێتەوە، کۆی ئەو جۆرە مرۆڤانە.

هەروەها لەڕستەی: (**إنَّ رَبَّهُم بِهِم**)دا، (**بهم**) پێشخراوەو، خوا نەیفەرمووە: (**إن ربهم لخبير يومئذ بهم**) بەدڵنیایی ئەوەش بۆ زێدە بایەخ پێدان و گرنگیی پێدانە، کە پەروەردگاریان بەوان لەو ڕۆژەدا زۆر شارەزایەو، هیچ شتێکی ئەوانی لێ پەنهان نیە.

شایانی باسە: (**الطبري**) بەژمارە (٣٧٩٠٣)، هێناویەتی و زۆربەی تەفسیرەکانیش هێناویانە، گوایە لە کاتێکدا عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب (خوا لێی ڕازی بێ) لەلای

ئاوی زەمزەم بووە، کەسێك پرسیار لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەکات لەبارەی ئەم ئایەتانەوە: ﴿ وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴿١﴾ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ﴿٣﴾ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ ﴾ ئەویش دەڵێ: ئەمە مەبەست پێی ئەسپەکانە، ئەو ئەسپانەی سوارچاکان سواریان دەبن و، بەرەو دوژمن هێرشیان پێ دەبەن، ئەو کەسەش دەچێت بۆلای عەلی کوڕی ئەبوو تالیبیش (خوا لێی ڕازی بێ) و، هەمان پرسیاری لێدەکات، ئەویش دەڵێ: لە پێش مندا لە کەست پرسیوە؟ دەڵێ: بەڵێ، دەڵێ: لە کێ؟ دەڵێ: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، دەڵێ: چۆنی وەڵامدایەوە؟ دەڵێ: ئاوای وەڵام دامەوە کە مەبەست پێی وڵاخە بەرزەکانە، ئەویش دەڵێ: بۆم بانگ بکە، دیارە ئامۆزابوون، بەڵام عەبدوڵڵا بە تەمەن لە عەلی گچکەتر بووەو، لە ڕووی زانیارییشەوە عەلی لەو شارەزاتر بووە، دێ بۆلای و دەڵێ: چۆن وەڵامی ئەم پرسیارەت ئاوا داوەتەوە؟ شتێك کە نایزانی بۆ چی دەیڵێی، عبدوڵڵا دەڵێ: چی بۆ؟ عەلی دەڵێ: ئێمە لە جەنگی بەدردا تەنیا دوو ئەسپمان پێبوون، میقداد و زوبەیر، ئەم ئایەتانەش بەسەر ئەو ئەسپانەدا ناچەسپن، بەڵکو ئەوە مەبەست پێی ئەو حوشترانەیە کە لە عەرەفاتەوە بەرەو موزدەلیفە دێنە خوار، بەخێرایی تاو دەدرێن و بەخێرایی دەڕۆێنرێن و، بەو جۆرە هەناسە دەدەن، گوایە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس گوتوویەتی: ئەوە من لە ڕای خۆم هاتمە خوارو هاتمە سەر ڕای تۆ.

بەڵام من پێم وایە ئەو گێڕدراوەیە ڕاست نیە، چونکە شێوازی دەربڕینەکەی پاڵدراوەتە لای عەلی، گونجاو نیە و پێم وایە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) ئاوا سەرزەنشتی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ناکات: شتێك کە نایزانی بۆچی دەیڵێی؟ هەروەها ئەو سیفەتانەش زیاتر لەگەڵ ئەسپاندا گونجاون، چونکە حوشتر سمی نیە، سمەکانی ڕەق بن و ئاوروچکە پەیدا بکەن! بەڵکو وەك پێشتر باسمان کردوە، حوشتر پێیەکانی شێوە ئیسفینجیین و کاتێك دایاندەنێ، پان دەبنەوە بە زەوییەوە، بۆیە هەرگیز ئاوروچکە لە بن پێی حوشتران بەرز نابێتەوە، دیسان حوشتریش کەمتر بەکارهێنراوە بۆ هێرش بردنە سەر دوژمن و ئەسپ بەکاردەهێنراوە بۆ

ئەو مەبەستە، سەربارەش ئەم سوورەتە وەك باسمان كرد سوورەتێكی مەككەییە و ئەوكاتە جەنگی بەدر نەهاتۆتە پێش و، مەرجیش نیە مەبەست پێی جەنگی بەدر یان جەنگێكی دیارییكراو بێ، بەڵكو مەبەست پێی ئەو ئەسپانەیە كە سوارچاكان سواریان دەبن و، هێرشیان پێ دەبەنە سەر دوژمن، ئیدی جەنگی بەدر بێ، یان هەر جەنگێكی دیكە بێ، بۆیە ئەو گێڕدرایەوەم لە ڕووی سەنەدەوە پێ ڕاست نیەو، لە ڕووی نێوەڕۆكیشەوە، هەڵەیە، چونكە وەسفەكان لەگەڵ ئەسپاندا دەگونجێن نەك لەگەڵ حوشتراندا.

(طبري) لە ڕوونكردنەوەو واتاكردنی: ﴿ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ۝٢ ﴾دا، ئەو قسەیە دەكات و مانایەكەی گشتییتر لە ئەسپان دێنێ و دەڵێ: (**فَالمُورِياتِ قَدْحاً فَالْخَيْلُ تُورِي بِحَوَافِرِهَا، وَالنَّاسُ يُورُونَهَا بِالزَّنْدِ، وَاللِّسَانُ يُورِي بِالْمَنْطِقِ، وَالرِّجَالُ يُورُونَ بِالْمَكْرِ، وَكَذَلِكَ الْخَيْلُ تُهَيِّجُ الْحَرْبَ بَيْنَ أَهْلِهَا: إِذَا الْتَقَتْ فِي الْحَرْبِ؛ وَلَمْ يَضَعِ اللَّهُ دَلَالَةً عَلَى أَنَّ الْمُرَادَ مِنْ ذَلِكَ بَعْضٌ دُونَ بَعْضٍ، فَكُلُّ مَا أَوْرَتِ النَّار قَدْحًا، فَدَاخِلَةٌ فِيمَا أَقْسَمَ بِهِ، لِعُمُومِ ذَلِكَ بِالظَّاهِرِ**).[1]

واتە: ئاوروچكە بڵندكەران، ئاگر هەڵگیرسێنەران، ئەسپەكان بە سمەكانیان ئاوروچكە بڵند دەكەن، خەڵكیش بەبەرد و ئەستێ ئاگر دەكەنەوە، زمانیش (هەندێك لە زانایان وایانگوتوە) بەهۆی قسەكردنەوە جاری وایە شەڕ هەڵدەگیرسێنێ، پیاوانیش جاری وا هەیە بەهۆی فرت و فێڵ و نەخشە دانانەوە شەڕ هەڵدەگیرسێنن، هەروەها ئەسپەكانیش جاری وایە كە بەهۆی خۆكوتانە نێو دوژمنەوە، ئەوانیش شەڕ هەڵدەگیرسێنن، لە كاتێكدا كە جەنگ دروست دەبێ، خواش نیشانەیەكی دانەناوە كە مەبەست لە: ﴿ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ۝٢ ﴾ یەكێك لەوانە بێ جیا لەوانی دیكە، بۆیە هەموو ئەوانەی ئاگر هەڵدەگیرسێنن، دەكەونە نێو بازنەی ئەوەوە كە خوا سوێندی پێ خواردوە، چونكە خوا بە گشتیی فەرموویەتی.

---

(١) (جامع البيان: ج١٥، جزء٣٠، ص٣٢)

تەبەڕیی وا دەڵێ.

بەڵام من دەڵێم: لە ڕاستییدا ئەو سیفەتانە ئەگەر هەموو ئایەتەکان تەماشا بکەین: ﴿وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ١ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ٢ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ٣ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ٤ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ٥﴾ هەموویان تەنیا بەسەر ئەسپاندا دەچەسپن، ئەگەرنا دەگونجێ کەسێك بە زمان شەڕێك دروست بکات، بەڵام دوایی تۆز و خۆڵ بە زمان دروست نابێ، هەروەها دەگونجێ کەسێك نەخشە بۆ شەڕ دابنێ، بەڵام تۆز و خۆڵی پێ دروست نابێ و، سیفەتەکانی دیکەش هەروا.

هەڵبەتە ئەم عادەتەی تەبەڕیی باشە، زۆرجار چەمك و واتای ئایەتەکان فراوان دەکات، چونکە زۆرێك لە زانایان تایبەتیان کردوە، بەشتێکی دیارییکراوەوە، بەڵام ئەویش واتاو چەمکەکەیان فراوان دەکات و، ئەویش لەوەدا وەك بنەماو بنچینە پێکاویەتی، بەڵام مەرج نیە ئەو بنچینەیە لە هەموو کاتێکدا ڕاست دەربچێ، لێرەدا ئەگەر تەماشای ئایەتەکان بکەین، دەزانین مەبەست پێیان ئەسپانێکن کە سوارچاکان بەکاریان دێنن بۆ هێرشکردنە سەر دوژمن.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە خوا ﷻ چۆن لە قۆناغی مەککەدا باسی ئەو ئەسپانەی کردوە، ئایا حیکمەتەکەی چییە؟ بۆیە هەندێکیان گوتوویانە: ئەم سووڕەتە مەدینەییە و بۆیە خوا ﷻ باسی ئەوەی کردوە، چونکە لە مەدینەدا سوارچاکان هەبوون و مسوڵمانان سواری ئەسپ بوون و، هێرشیان کردۆتە سەر دوژمن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بەوە دەدەمەوە کە خوا ﷻ ئەوەی لە مەککە فەرموویەتی، ئەوەش کە لە مەدینە فەرموویەتی، بۆ هەموو مرۆڤەکانی فەرمووە، خوا ﷻ ئەوەی لە مەککە فەرمووەو، ئەو کاتەش لەوێدا سوارچاك هەر هەبوون، بەڵێ مسوڵمانان سواری ئەسپ نەبوون، هێرش بکەنە سەر دوژمن، بەڵام هۆز و تیرەکانی عەرەب و، خەڵکی دیکەو کۆمەڵگایەکان بەگشتیی، ئەو حاڵەتی بەسواری ئەسپ هێرشکردنە سەر دوژمنانیان تێدا هەبووە، خوای

پەروەردگاریش باسی حاڵەتێکی گشتیی دەکات و، مەرجیش نیە تایبەت بێ بە نەتەوەی عەرەبەوە، یاخود بە واقیعی ئەو کاتەی مسوڵمانانەوە.

لە کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتە موبارەکەدا بەباشم زانی عیبارەتێك لە شێخ (**محمد عبده**)وە بێنم لە (**الأعمال الكاملة**)دا،[1] گوتوویەتی:

خوا ﷻ لێرەدا سوێندی خواردوە بە ئەسپان و، بەو سیفەتانەی هەیانن، خوا باسیکردوون، هەروەها بەو کردەوانەی ئەو ئەسپانە ئەنجامیان دەدەن خوا ڕێزی کردوون، بۆچی؟ تاکو ستایشی ئەو ئەسپانە بکات و، قەدریان بەرز بکاتەوە لە دڵی بڕوادارانـدا، بڕوادارانێك کە خاوەنی هیمەتی بەرزبن، تاکو گرنگیی بدەن بەڕاگرتنی ئەسپان و مەشق پێکردنیان لەسەر هێرشبردن و لەسەر کشانەوە، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونیان هان بدات کە گرنگیی بدەن بە سوارچاکیی و، مەشق و ڕاهێنان لەسەر سواربوونی ئەسپ و هێرشبردن، تاکو هەر کامێك لەو بڕوادارانە ئامادەبێ هەمیشەو بەردەوام بەشێك بێ لە هێزی ئۆممەتەکەی، ئۆممەتی ئیسلام، هەر کات ناچاربوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمنێك و، دڕکی دوژمن بشکێنێ و بیبەزێنێ.

بەڕاستیی تێبینییەکەیم پێ جوانە، کە خوا ﷻ هەر لە قۆناغی مەککەوە، ئاوا ستایشی ئەو وڵاخە بەرزانەی کردوە، کە سوارچاکان سواریان دەبن و، غاریان پێدەدەن و، بەهۆی سمەکانیانەوە کە بەزەوییان دا دەکوتن، ئاوروچکەیان لە بن پێ بەرز دەبێتەوە، پاشان تۆز و خۆڵ هەڵدەگیرسێنن و، بەرە بەیانیان هێرش دەبەن، دوایی خۆیان بە نێو کۆمەڵ و ئاپۆرای دوژمن و ناحەزدا دەکەن، بۆیە خوا ﷻ سوێندی بەو ئەسپانە خواردوە، تاکو هەر لەو سەرەتایەوە مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکات و، ڕووحی سوارچاکیی هێرشکردن و جوامێریی و ئازایەتیی و بوێریی لە مسوڵماناندا پەیدا بکات.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری ئەم سوورەتە موبارەکە دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

---

(١) ج٥، ص٤٨٦.

تەفسیری سوورەتی

الْقَارِعَةِ

دەستپێک

بەرێـــــــزان!

ئەمڕۆ کە (٢١)ی (**ذي الحجة**)ی ساڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٨/١١)ی زایینیی لە شاری هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین، بە تەفسیرکردنی سوورەتی (**الْقَارِعَة**)، سەرەتاش وەك عادەتی خۆمان پێناسەو نێوەڕۆکیی ئەم سوورەتی موبارەکە لە حەوت بڕگەدا دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (القارعە) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە تەنیا بە ناوی (**سُورَةُ الْقَارِعَة**) ناسراوە، هیچ ناوی دیکەی جیا لەم ناوەی بۆ بەکار نەهێنراون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە بـە یـەك دەنگـی زانایـان، سـوورەتێکی مەککەییـە، لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن:

{**عَنْ عَبْدِالله ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ الْقَارِعَة بِمَكَّة**} (**أورده السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٦٠٥، ونسبه لابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٥٢**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتوویەتی: ئەم سوورەتی (**الْقَارِعَة**)، لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:

ئەم سوورەتە لە (مصحف)دا ژمارەکەی سەدو یەك (١٠١) و، لە دابەزینیشدا ژمارە سی (٣٠)یە، پێش (**سورة القیامة**)و دوای (**سورة قریش**) دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زانایان لە بارەی ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتەوە، ڕاجیاییان هەبووە و: سێ ژمارەیان بۆ داناون:

أ- (**أهل الشام والبصرة**): گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی هەشتە (٨).

ب- (**أهل المدینة ومکة**): گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی دەیە.

ج- (**أهل الکوفة**): گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی یازدەیە زیاتریش ژمارە (١١)یان تەبەنیی کراوە بە تایبەت لەو موصحەفانەدا کە لە وڵاتی دەوروبەری ئێمەدا چاپکراون[١].

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە زۆر بە کورتیی ئاوایە: بە سەرنجڕاکێشانەوە باسی ئاخیر زەمانە، خەڵك شپرز و شێواو وەك پەپوولەی پرژو بڵاودەبن، حاڵی چیایان وەك خوری شکنراوە و پەڕەکراو لێك هەڵدەوەشێن، دوایی باسی سەرەنجامی بڕواددارانی تەرازوو گران، کراوە کە ژیانێکی بە ڕەزامەندییان هەیە لە بەهەشتداو سەرەنجامی بێبڕوایانی تەرازوویان سووك خراوەتە کە جێگایان (هَاوِيَةٌ واتە: دۆزەخە و، خوا بە ئاگرێکی گەرم پێناسەی دەکات، ئاگر هەر گەرمە بەڵام کە خوا دەفەرموێ: ﴿ نَارٌ حَامِيَةٌ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: ئەو ئاگرە گەرمییەکەی گەرمییەکی تایبەتەو وەك گەرمیی ئاگری دنیا نیە.

---

(١) کەواتە: ئەگەر موصحەفێکتان بینی بۆ وێنە جەزائیر یان مەغریب، لە وڵاتێکی دیکەی ئەفریقیا یان شوێنێکی دیکە چاپکراوە و ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتەی بە هەشت، یان بە دە دانابوو، سەرتان سوور نەمێنێ.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

سێ تایبەتمەندی لێ دەخەینە ڕوو:

یەکەم: هاتنی هەرسێك ڕستەی کە بەدوای یەکدا هاتوون: (ٱلْقَارِعَةُ ، مَا ٱلْقَارِعَةُ ، وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ).

دووەم: هاتنی تەعبیری: (يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ، وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ)، ئەم دوو تەعبیرە تەنها لەم سوورەتەدا هاتوون.

سێیەم: چەند وشەیەکی تایبەت:

١- (عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ)، ژیانێکی پڕ ڕەزامەندیی، یان ژیانێك خاوەنەکەی ڕازی دەکات بەخۆی.

٢- (فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ)، (الأم): واتە: دایك، (هَاوِيَةٌ): واتە: چاڵێکی قووڵ، دوایی وشەی دایك، بەو شوێنەش کە مرۆڤی بۆ لادەگەڕێتەوە، واتە: شوێن و مەئوای، هاتوە.

٣- (نَارٌ حَامِيَةٌ)، ئاگرێکی گەرم، هەموو ئاگرێك هەر گەرمە، بەڵام ئەو ئاگرەی دۆزەخ کە خوا بە گەرم پێناسەی کردوە، دیارە گەرمییەکەی نائاساییە، وەك گەرمیی دنیا نیە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:

ئێمە تێکڕای یازدە ئایەتە موبارەکەکەی ئەم سوورەتە، هەموویان دەکەینە یەك دەرس.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە یازدە ئایەتی ئەم سوورەتە پێکدێ و، دوو تەوەران دەگرێتەخۆ:

تـەوەری یەکـەم: لـە پێنـج ئایەتـی سـەرەتادا باسـی ئاخیـر زەمـان، کـراوە، کـە خـوا ﷻ پێشـێ دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلْقَـارِعَةُ ﴾ (قَارِعَـة) لـە (قَـرْع)ەوە هاتـوە، واتـە: کوتـان، یاخـود شـتێك بـە شـتێکی ڕەق دابـدەی و دەنـگ بداتـەوەو دەنگێکـی داچڵەکێنـەر، بۆیـەش مـن بـە کوتـەرو داچڵەکێنـەر مانـام کـردوە، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾، کوتـەرو داچڵەکێنـەر چییـە؟ ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾، چـی بـە تـۆی زانانـدووە کوتـەرو داچڵەکێنـەر چییـە؟ واتـە: مەگـەر خـوا پێـت بفەرمـوێ، ئەگـەر نایزانـی، ئنجا بەمجـۆرە پێناسـەی دەکات: ﴿ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴾، ڕۆژێکـە خەڵـك تێیـدا پـرژو بـڵاو دەبـن،وەك چـۆن پەپوولـە بـە دەوری چـرا ڕووناکییـەك دا پرژو بـڵاو دەبـن، ﴿ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴾، چیا سـەختەکانیش وەك خوریـی شـکراوە، خوریـی کـە دەشـکرێتەوەو مووەکانـی لێـك جیادەکرێنـەوە، ئـەو چیایـە سـەختانەش بـەو شـێوەیان لێـدێ.

تـەوەری دووەم: لـە شـەش ئایەتـی دوایـی دا، باسـی سـەرەنجامی بڕوادارانـی تـەرازوو گـران و بێبڕوایانـی تـەرازوو سـووك، کـراوە: ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ۝٦ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾ ئنجـا هـەر کەسـی تەرازووەکانـی قـورس بـوون، یاخـود کێشراوەکانـی قـورس بـوون، داکەوتـن، ئـەوە لـە ژیانێکـی ڕازیـی دایـە، واتـە: لـە ژیانێـك دایـە جێـگای ڕەزامەندییـە، یاخـود لـە ژیانێـك دایـە کـە ئـەو ژیانـە خاوەنەکـەی خـۆی ڕازی دەکات، کـە مەبەسـت پێـی ژیانـی بەهەشـتە.

﴿ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ۝٨ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴾، بەڵام کەسێك تەرازووەکانی سووك بن، (مَوَازِين) دەگونجێ کۆی (مِیْزَان) ، یان (مَوْزُون) بێ، ئەگەر کۆی (مِیْزَان)

بێ، واتە: تەرازووەکانی، ئەگەر کۆی (مَوْزُون) بێ، واتە: کێشراوەکانی، کردەوەکانی کە دەکێشرێن و هەڵدەسەنگێندرێن، سووك بن: ﴿ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴾، ئەو شوێنەی بۆ لای دەگەڕێتەوە بریتیە لە (هَاوِيَةٌ): واتە: چاڵێکی قووڵ کە هەر کەسێك تێی بکەوێ، دەربازی نابێ و دەفەوتێ، (هَاوِيَة): لە ئەصڵدا بە کەلێن و، دابڕاویی نێوان دوو چیایان دەگوترێ، کە مرۆڤ لێی بکەوێتە خوار، یان ئاژەڵ لێی بکەوێتە خوار و، بفەوتێ، وشەی (الأم) بە مانای دایك دێ، دوایی بە مانای تەپڵە سەریش هاتوە و، بە مانای شوێنی بۆلا گەڕانەوەش هاتوە.

﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴾، چی بە تۆی زاناندوە (ئەو) چییە؟ ﴿ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴾، ئاگرێکی یەکجار گەرم و داغە.

کەواتە: پێنج ئایەتی یەکەم باسی ئاخیر زەمانن و، شەش ئایەتی دووەمیش باسی قیامەتن، سوورەتەکە کەواتە: هەموو باسی ڕۆژی دواییە، بە هەردووك قۆناغی ئاخیرزەمان (سَاعَة) و (قِيَامَة)وە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱلۡقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٣﴾ يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ
كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ﴿٤﴾ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ ﴿٥﴾ فَأَمَّا
مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ
﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ ﴿٩﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴿١١﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . کوتەرو داچڵەکێنەر ﴿١﴾ کوتەرو داچڵەکێنەر چییە؟ ﴿٢﴾ چی پێی زاناندووی کوتەرو داچڵەکێنەر چییە؟ ﴿٣﴾ ڕۆژێکە (تێیدا) خەڵك وەك پەپوولە پرژو بڵاوەکان دەبن ﴿٤﴾ چیایەکانیش وەك خوریی ڕەنگاو ڕەنگی شکنراوە دەبن ﴿٥﴾ ئنجا هەر کەس تەرازووەکانی گران و داکەوتووبن ﴿٦﴾ ئەوە لە (بەهەشتدا) لە ژیانێکی پڕ ڕەزامەندیی دایە ﴿٧﴾ بەڵام کەسێك تەرازووەکانی سووك و سەرکردووبن ﴿٨﴾ ئەوە جێ و ماوای هاویەیە ﴿٩﴾ چی پێیزاناندووی هاویە چییە! ﴿١٠﴾ ئاگرێکی (یەکجار) گەرم (و سوتێنەر)ە ﴿١١﴾ }.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْقَارِعَةُ): (القَرْعُ: ضَرْبُ شَيء عَلَى شَيءٍ، قَرَعَ الشَّيءَ يَقْرَعُهُ قَرْعَاً، ضَرَبَهُ، قَرَعَ المُسِيءَ بِالعَصَى وَبِالمِقْرِعَة)، (قَارِعَة): بە مانای کوتەر، داچڵەکێنەر، لە (قَرْع)ەوە هاتوە، (قَرْعُ)، بریتیە لەوەی شتێك لە شتێك بدەی، شتێکی ڕەق لە شتێکی دیکە بدەی، دەگوترێ: (قَرَعَ الشَّيء يَقْرَعُهُ قُرْعَاً)، شتەکەی کوتا دەیکوتێ بە کوتان، (ضَرَبَهُ) یانی: لێیدا بە شتێکی ڕەق، دوایی خوازاراوەتەوە بۆ لێدانی بابای خەتاکار، (قَرَعَ المُسِيءَ بِالعَصَى وَبِالمِقْرِعَة)، لە بابای خراپەکاری دا بە گۆچان و بە قەمچییەك، یاخود بە چەکوشێك کە پێی لێدەدرێ.

(كَٱلْفَرَاشِ): (جمع و فراشه) (فَرَاش)، ناوی کۆیە، واتە: کۆی پەپوولەکان، پەپوولەش دەزانین ئەوەی بە دەوری چراو ڕووناکییدا دەسووڕێتەوە، لە نێو گوڵ و باخ و باخچەکاندا هەن، زیندەوەرێکی زۆر پاك و بێ زەرە.

(ٱلْمَبْثُوثِ): (أَصْلُ البَثِّ: التَّفْرِيقُ وَإِثَارَةُ الشَّيءِ كَبَثِّ الريح التُّرَابِ)، وشەی (مَبْثُوث): لەسەر کێشی (مَفْعُوْل)ە، (بَثِ): بە مانای لێك جیاکردنەوەو بڵاوکردنەوەی شتێك وەك چۆن با گوڵ و خۆڵ بڵاودەکاتەوەو دەیپرژێنێ.

(كَٱلْعِهْنِ): (العِهْنُ: الصُّوفُ المَصْبُوْغ)، (عِهْنْ): یانی: خوریی ڕەنگاو ڕەنگ، هەندێکیان دەڵێن: خوری سوور، بەڵام زیاتر واپێدەچێ مەبەست خوریی ڕەنگاو ڕەنگ بێ، ڕەنگەکان بە تێکەڵی، چیایەکانیش ڕەش و سوور و سپیی و زەردو هەموو ڕەنگەکانیان تێدان.

(ٱلْمَنفُوشِ): (النَّفْش: نَشْرُ الصُّوفِ)، خوریی ئەگەر پەڕە بکرێ و بشکنرێتەوە، پێی دەگوترێ: (نَفْش)، (وَنَفْشُ الغَنَم: انْتِشَارُهَا)، مەڕو بزنیش ئەگەر بە شەوێ بەرهەڵدابێ و، بڵاوبێتەوە، پێی دەگوترێ: (نَفْش)، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ (٧٨)﴾ الأنبياء، واتە: کاتێك مەڕو بزنی خەڵکێك بەربووە نێو کشتوکاڵی خەڵکێکی دیکە.

(مَوَٰزِينُهُۥ): (الوَزْنُ: مَعْرِفَةُ قَدْرِ الشَّيءِ)، (وَزْن): بە کوردی کێشان، بریتیە لە زانینی ئەندازەی شتێك، (وَمَوَازِين جَمْعُ مِيْزَان أو جَمْع مَوْزُون)، (مَوَازِين) کۆی (مِيْزَان)، تەرازووەکان، یاخود کۆی (مَوْزُون)ە، واتە: کێشراوەکان، هەر کەسێك تەرازووەکانی، یان کێشراوەکانی سووك بن.

(عِيشَةٍ): (عَيْشُ أَهْلِ الجَنَّةِ، والعِيْشَةُ لِلنَّوْعِ مِثْلُ: الجِلْسَة)، (عِيْشَة)، ژیانی خەڵکی بەهەشت، ﴿عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ﴾، واتە: ژیانێکی پڕ ڕەزامەندیی، ئەمە وەك (لَابِن، تَامِر)، وایە، (لَابِن)، واتە: خاوەن شیردەر، (تَامِر) خورما، (عِيْشَة)ش واتە: خاوەن ڕەزامەندیی، کەسێك ئەگەر ئەو ژیان و گوزەرانەی هەبێ، لێی ڕازی بێ، (عِيْشَة)، بۆ جۆرە، وەك (جِلْسَة)، واتە: جۆرێك لە دانیشتن، دەگوترێ (جِلْسَ مُتَرَبِعاً) بە چوار مەشقیی دانیشت.

(فَأُمُّهُۥ): (الأمُّ بِإزَاءِ الأبُ وَهِيَ الوَالِدَةُ القَرِيْبَةُ الَّتِي وَلَدَتهُ وَالبَعِيْدَةُ الَّتِي وَلَدَتْ مَنْ وَلَدَتْهُ، والأمُّ: مَا كَانَ أَصْلاً لِوُجُودِ شَيءٍ أو تَرْبِيَةٍ، أو إصْلاحِهِ، أو مَبْدَئِهِ)، وشەی (أم) لە

بەرانبەری (**أَب**) دایە، (**أم**)، واتە: دایك، (**أب**)، واتە: باب، کە بریتیە لەو دایکە نیزیکەی کە ئەو منداڵەی ئەو کەسەی لێیی بووە و.

ئەو دایکە دوورەی دایکە نیزیکەکەی لێ بووە، واتە: نەنك، (**الأم**)، بۆ بنچینەو بنەڕەتی شتێکیش بەکاردێ (ڕەنگە ئەوە مانا ئەصڵیەکەی بێ، لەوەوە بۆ دایکیش بەکارهاتوە، لەبەر ئەوەی دایك دەبێتە بنەڕەت و ئەصڵ بۆ ڕۆڵەکانی) هەروەها (**الأم**): بریتیە لەوەی بنەڕەت بێ بۆ پەیدابوونی شتێك یان پەروەردەبوونی، یان چاکبوونی، یاخود سەرەتاو دەستپێکی.

(هَاوِيَةٌ): (**الهُوِيُ: ذَهَابٌ في انْحِدَارٍ وَسُقُوطٌ مِنْ عُلْوٍ إلى سُفْلٍ**)، (**هُوِي**): لێژبوونەوە و شۆڕبوونەوە، ڕۆیشتنە بەرەو خوار و کەوتنە خوارە لە سەرێوە بۆ خوارێ، لەسەرا داکەوتن بۆ خوارێ.

(حَامِيَةٌ): ئاگرێکی گەرم، (**الحَمِيُ: الحَرَارَةُ المُتَوَلِّدَةُ مِنَ الجَوَاهِرِ المَحمِيَّةِ كَالنَّارِ وَالشَّمْسِ، وَمِنَ القُوَّةِ الحَارَّةِ فِي البَدَنِ**)، (**حَمِي**): بەو گەرمییە دەگوترێ کە لە کانزا گەرمەکانی وەك ئاگرو خۆر پەیدادەبێ، هەروەها لەو هێزە گەرمەی لە جەستەدا هەیە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ)، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بەرز و مەزن دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ٱلْقَارِعَةُ﴾، واتە: کوتەر، داچڵەکێنەر، لە (قَرْع)ەوە هاتوە، (قَرْع)یش واتە: پێدادانی شتێك بە شتێك، بەڵام بە مەرجێك ڕەق بێ و دەنگی لێ بێ، دەگوترێ: (قَرَعَ البَابَ)، لە دەرگاکەیدا، وەختی خۆی جەرەس نەبووە و، بە ئاسن لە دەرگایان داوە، ئێستاش هەندێك دەرگا هەروان، گرنگ ئەوەیە (قَرْع)، بە دەنگێک دەگوترێ کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی شتێکی ڕەق بە شتێکی دیکەی ڕەق دا پەیدادەبێ، دەنگێك کە مرۆڤ داچڵەکێنێ و ڕایچڵەکێنێ.

﴿مَا ٱلْقَارِعَةُ﴾ (ما) بۆ پرسیارکردنە، (**ما الإستفهامية**)یە، کورت و داچڵەکێنەر (**قارعة**) چییە؟

﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ﴾، چی بە تۆی زاناندووە کوتەرو داچڵەکێنەر چییە؟ ئەمە وەك سوورەتی (**الحاقة**)یە کە خوا فەرمووی: ﴿ٱلْحَآقَّةُ ۝١ مَا ٱلْحَآقَّةُ ۝٢ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحَآقَّةُ﴾، (ٱلْحَآقَّةُ) واتە: چەسپاو، یان هەق چەسپێنەر، (مَا ٱلْحَآقَّةُ)، (ٱلْحَآقَّةُ) چییە؟ (وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحَآقَّةُ) چی بە تۆی زاناندوە (ٱلْحَآقَّةُ) چییە؟ لەوێ بە (ٱلْحَآقَّةُ) هاتوە، هەروەها بە (ٱلصَّآخَّةُ)و(ٱلطَّآمَّةُ ٱلْكُبْرَىٰ)و(ٱلرَّاجِفَةُ)و....هتد، لێرەش بە (ٱلْقَارِعَةُ) هاتوە، کە

ئەمانە هەموویان ناوی ڕۆژی دوایین، (ٱلۡحَآقَّةُ) وا پێدەچێ ناوی ڕۆژی قیامەت بێ، چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا هەق دەچەسپێ، ئەگەر مەبەست پێی چەسپانی هەق بێ، ئەگەر مەبەستیش پێی هاتنە دی ئەو ڕووداوە بێ، قۆناغی یەکەمیش کە ئاخیر زەمانە دەیگرێتەوە، لێرەشدا ﴿ٱلۡقَارِعَةُ﴾ زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێی ئاخیر زەمان بێ چونکە لە ئاخیر زەماندا ئەو دەنگە داچڵەکێنەرە دێت، کە گەردوون هەمووی بەسەر یەکدا تێکدەچێ و، ئەو گۆڕنکارییە بێڕەزا و گەورانەدەبن کە خوای باڵادەست لە سوورەتەکانی دیکەدا باسی کردوون.

هەڵبەتە ڕوونکەرەوانی قورئان زۆربەیان وایان لێکداوەتەوە، کە ئەمە هەمووی مەبەست پێی قیامەتە، بەڵام من وای تێدەگەم کە پێنج ئایەتیب سەرەتان مەبەست پێیان قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییە کە بریتیە لە ئاخیر زەمان، تێکچوونی دنیاو گەردوون و، شەش ئایەتی دواییش باسی قیامەت دەکەن، ئاشکرایە شەش ئایەتی (٦-١١) باسی سەرەنجام و سزاو پاداشت درانەوە دەکەن، کە پەیوەندییان بە قیامەتەوە هەیە، بەڵام پێنج ئایەتی سەرەتا وا پێدەچێ زیاتر مەبەست پێیان ئاخیر زەمان بێت، ئەو کاتەی ژیانی دنیای تێدا کۆتایی دێ و، لاپەڕەی ئەم گەردوونەی بەو شێوەیەی ئێستای تێدا دەپێچرێتەوەو، لە قۆناغی دیکەدا بە شێوەیەکی دیکە ساز دەکرێتەوە، وەك خوای کاربەجێ لە سوورەتی (إبراهیم)دا فەرموویەتی: ﴿يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ۝٤٨﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی زەوی جیا لەم زەوییە دەبێ، ئاسمانەکانیش جیا لەم ئاسمانانە دەبن و، هەموویان بۆ خوای تاکی ملپێکەچکەر دێنە گۆڕێ و ئاشکرا دەبن.

جا خوا ﷻ پێناسەی ﴿ٱلۡقَارِعَةُ﴾مان بۆ دەکات، دوای ئەوەی کە زۆر بە مەزنی باسی دەکات، ﴿ٱلۡقَارِعَةُ﴾، کوتەر، داچڵەکێنەر چییە؟ چی بە تۆی زانادوە کوتەرو داچڵەکێنەر چییە؟ واتە: شتێکە کە وەسف دەوری نادات، هیچ کەسێك ناتوانێ پێی پێ ببات، جگە لە خوا ﷻ.

ئنجا هەندێك شت كە لەو ڕۆژەدا ڕوودەدەن بەوە پێناسەی داچڵەكێنەر ﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴾، دەكات، نەك بە خودی خۆی، چونكە خودی خۆی لە سەووری ئەوەیە مرۆڤ تێی بگات چۆنە؟ ئێمە لێرە لەم ژیانی سەر زەوی دا مەحكوومی ئەو یاسایانەین كە خوا بۆ ژیانی دنیا هەڵیخستوون، یاساكانی دیكەی كە لە قۆناغی بەرزەخدا جێ بەجێ دەبن،یان لە قۆناغی ڕۆژی دواییدا جێ بەجێ دەبن، لێیان تێناگەین وەك پێویست، بە گشتیی سەرەدەرێكیان لێ ردەكەین لەبەر ڕۆشنایی وەحیی خوای پەروەردگاردا، بەڵام ئەوەكە بە وردیی لێیان تێبگەین، ئەوە شتێكی مەحاڵە، چونكە ئەو حاڵ و بارودۆخانەی دێنە پێش چ لە قۆناغی بەرزەخ و، چ لە قۆناغی ڕۆژی دواییدا، سەدا سەد(١٠٠/١٠٠) لە هی ئێرە جیاوازن، بۆ وێنە: لێرە كات دەڕوات، بەڵام لەوێ كات ناڕوات، هەروەها خوا دەفەرموێ: نە زەوی وەك خۆی دەمێنێ، نە ئاسمانەكان وەك خۆی دەمێنن، بە جۆرێكی دیكە خوا ئەم بوونە هەڵدەخاتەوە و، گەردوونێكی دیكە، و عالەمێكی دیكە ساز دەكات، لەوێ دوو عالەمی جیاوازن: عالەمێك كە بەهەشتەو بڕوادارانی چاكەكار تێیدان و، عالەمێكی دیكە كە دۆزەخەو بێبڕوایانی خراپەكار تێیدان، هەروەها بڕودارانی خراپەكار لەوێدا سزا دەدرێن، تاكو پاك دەبنەوەو سزای خۆیان وەردەگرن و دوایی دەربازیان دەبێ.

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴾، كوتەرو داچڵەكێنەر سەرەتای ڕۆژێكە كە خەڵك تێیدا وەك پەپولەی پرژو بڵاو دەبن، ئەمە قۆناغی ئاخیر زەمانە و خەڵك لە چۆن پەپوولە بە دەوی چراو ڕووناكیدا دەپرژێن و تێكەوە داوێن، دێن و دەچن، بە بێ ئەوەی دیاربێ بۆ كوێ دەچن؟ هەروەها سەراسیمەو سەرگەردانن، لەو ڕۆژەشدا كە گەردوون تێكدەچێ، زەوی ئەو لەرزینەوەی كە بۆی دیاریكراوە دەلەرزێتەوەو دەهەژێ و، چیاكان، زەوی، پێك دادەرێن، ئەوەندە مرۆڤەی ئەوكاتی لەسەر زەوی دەبن وەك پەپوولەی پرژو بڵاویان لێدێ.

﴿ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴾، چیایەكانیش وەك خوری پەڕەكراویان لێدێ، خوری ڕەنگاو ڕەنگ كە پەڕە دەكرێ و، دەشكترێتەوە، خوریی پێشێ هەمووی پێكەوە نوساوە و چەسپاوە و ئەگەر بیانەوێ شتێكی لێ دروست بكەن دەبێ

شیبکەنەوە، کە بە کوردی شکنرانەوە و، پێ دەڵێن، شیکرانەوەشی هەر پێ دەگوترێ، دەبێ لە پەرەی بکەن، بە عەرەبی پێی دەگوترێ: (ندف) شیی و ئەو ئامێرەی، ئەو ئامرازەی خوری پێ شیدەکەنەوە، (منداف)ە، خورییەکە پێشێ دەبێ شیبکرێتەوەو ئنجا دوایی ئەو خورییە بهۆنرێتەوەو ئەوەی کە دەویسترێ لێی دروست بکرێ، ئنجا چیاکان وەك خوریی شنکراوەو شیکراوەیان لێدێ، خوریەکی ڕەنگاو ڕەنگی شیکراوەو شنکراوە.

ئەم پێنج ئایەتە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی کە ئاخیر زەمانە باس دەکەن.

ئنجا دێتە سەر باسی قۆناغی قیامەت و زیندووکرانەوەو سزاو پاداشت:

﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾، زۆرجاران گووتومانە: (**أمَّا**) وشەیەکە بۆ تەفصیل پێدان و ڕوونکردنەوەی شتێك، کە پێشتر بە کورتی باسکراوە، یان ئاماژەی پێدراوەو دواتر ڕووندەکرێتەوە، پیتی (ف)ی سەر (أفا)ش بۆ (تفریع)ە، یانی: ئەم ڕستەیە هەڵدەچنرێ لەسەر ڕستەکانی پێشێ هاتن، واتە: ئنجا هەر کەس تەرازووەکانی قورس بن، یاخود کێشراوەکانی قورس بن، (**مَوَازِين**) دەگونجێ کۆی (**مِيْزَان**) بێ، واتە: تەرازوو، یاخود کۆی (**مَوْزُون**) بێ، واتە: کێشراو، هەر کەسێك تەرازووەکانی قورس بن، یاخود کێشراوەکانی قورس بن، ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾، ئەوە لە ژیانێکی ڕازی دایە، لە ژیانێك دایە کە خۆی لێی ڕازییە، یاخود لە ژیانێك دایە ئەو ژیانە خاوەنەکەی خۆی ڕازیی دەکات، چونکە هەرچی پێویستی بێ و دڵی بیخوازێ، بەڵکو ئەوەی بە خەیاڵیشیدا نەهاتوە بۆ ئەو لەوێدا هەیە، کە مەبەست پێی ژیانی بەهەشتە.

﴿ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾، بەڵام کەسێك تەرازووەکانی سووك بن، یاخود کێشراوەکانی سووك بن، ﴿ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴾، دایکی وی دەبێتە (**هَاوِيَة**)، یاخود ئەو جێ و ماوایەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، یان ئەو ئەصڵ و بنەڕەتەی کە بۆی دەچێتەوە، بریتیە لە (**هَاوِيَة**)، یاخود: بەسەر سەریدا دادەکەوێ و تەپڵەسەری دەکەوێتە نێو (**هَاوِيَة**)ەوە، (**هَاوِيَة**) بە دابڕاوەیی و کەلێنی نێوان دوو چیایان دەگوترێ، کە هەرکەسێك بکەوێتە خوارو بکەوێتە نێوی دەفەوتێ.

﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴾، چی بە تۆی زاناندوە (هاوية) چییە؟ های سەر (مَاهِيَة)، (ه)ی کۆتاییە و بۆ وەستانە و، زۆربەی زانایان چەسپاندوویانە، بەڵام هەندێکیان گوتویانە: ئەگەر نەوەستین، بەم شێوەیە: (وَمَا أَدْرَاكَ مَاهِيَ نَارٌ حَامِيَة)، (ه)کەیان دانەناوە.

﴿ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴾، ئاگرێکی گەرمە، جا بەدڵنیاییش هەموو ئاگرێك هەر گەرمە، بەڵام لێرە خوا ﷻ ئاگری دۆزەخ بە ئاگرێکی گەرم دەناسێنێ، واتە: گەرمییەکەی گەرمییەکی نائاساییە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە فەرموویەتی: {أَنَّ نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي تُوقِدُونَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ} (أخرجه البخاري: ٣٠٩٢، ومسلم: ٢٨٤٣، والترمذي: ٢٥٨٩، وقال: حسن صحيح)، ئەم ئاگرەی ئێوە دایدەگیرسێنن، بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ هەر ئەم ئاگرەی ئێرەش بەس بوو بۆ سزادان، فەرمووی: ئەو ئاگرەی ئەوێ شەست و نۆ هێندەی بەسەر ئەم ئاگرەی دنیاوە هەیە، دەگونجێ مەبەست لەو حەفتایە بۆ دیارییکردن (تحرير) بێ، دەشگونجێ بۆ نیزیکخستنەوە بێ، ئەگەرنا خوا دەزانێ ڕەنگە ئاگری دۆزەخ هەزاران و ملیۆنان پلە لە ئاگری دونیا کە ئێمە بەکاری دەهێنین، گەرمتر بێ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ وشەی حەفتا (سَبْعِينَ)ی بەکارهێناوە بۆ زۆری و نیزیکخستنەوە لە عەقڵی ئێمەو.

بەڵام ئێستا کە زانست بەرەو پێشەوە چووە، دەزانین نێو جەرگەی زەویدا هەزاران پلە لە ئاگری دنیا گەرمترە و، نێو خۆریش ملیۆنان جار لە ئاگری دونیا گەرمترە، بەدڵنیایی خوا دۆزەخێك کە دەیڕەخسێنێ بۆ سزادانی بێبڕوایان و تاوانباران، هەر لە دەسەڵاتی بێسنوری خۆیدایە، کە ئەوەندەی بیەوێ، گەرمی بکات، بۆیە لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴾، ئاگرێکی یەکجار گەرم و سووتێنەرە، دەبێ بەو شێوەیە لێی تێبگەین، کە خوا ﷻ دەیەوێ پێمان بفەرموێ: ئەو ئاگرەی دۆزەخ هێندە گەرمە، وەك ئاگری ئێستای دنیای ئێوە هەر هیچ گەرمیی تێدانەبێ!!

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا ﷻ بە کوتەری داچڵەکێنەرو، بە مەزن پێشاندانی و وەسفکردنی بە تێدا بڵاوبوونەوەی خەڵك وەك پەپوولە پرژ و بڵاوەکان و، وردوو خاش بوونی چیایەکان، وەك خوریی پەرەکراوو شکێنراوە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلْقَارِعَةُ ۝١ مَا ٱلْقَارِعَةُ ۝٢ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ۝٣ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ۝٤ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ۝٥﴾

لە پێنج بڕگەدا ئەم مەسەلەی یەکەمە شی دەکەینەوە:

١)- ﴿ٱلْقَارِعَةُ﴾، واتە: کوتەر، داچڵەکێنەر، پێشتریش گوتمان: (**القَارِعَةُ: وَصْفٌ مِنَ القَرْعِ، وَهُوَ ضَرْبُ الجِسْمِ بِآخَرَ بِشِدَّةٍ لَهَا صَوْتٌ**)، (**قَرع**): بریتیە لە پێدادانی شتێك بە شتێکی دیکەدا بە توندیی و، کە دەنگی لێ بێت، بەتایبەت ئەگەر شتێکی ڕەق بێت، یان دوو شتی ڕەق بن بەیەك بکەون.

بێگومان لێرەدا (**قارِعَة**) خوازراوەتەوە بۆ ڕووداوێکی مەزن، کە هاتنی ڕۆژی دواییە، بە تایبەت ئاخیر زەمان، قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی، وشەی (**قارِعَة**) لە زمانی عەرەبییدا بەڵاو گرفتاریی گەورە، بەکاردێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿...وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُوا۟ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّىٰ يَأْتِىَ وَعْدُ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ۝٣١﴾ الرعد، واتە: ئەوانەی بێبڕوان بەردەوام بەڵایان بەسەر دێ، یاخود لە نیزیك ماڵەکانیان دەکەوێت، هەتا بەڵێنی خوا دێ، بەدڵنیایی خوا بەڵێنی خۆی دوا ناخات.

﴿ ٱلۡقَارِعَةُ ﴾، لەڕووی ڕێزمانییەوە زانایان چەند ئەگەرێکیان بۆ داناون.

یەکەم: (**قارِعَة**) بۆ خۆی نیهادە (مبتدأ)ە، ﴿ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴾ کە لە ئایەتی دوایی دێ، دەبێتە گوزارە (خبر)ی.

دووەم: ﴿ ٱلۡقَارِعَةُ ﴾، بۆخۆی سەربەخۆیە، خەبەرێکی قرتێنراوی لە دوایەوە بۆ دادەنرێ، وەك: (**القَارِعَةُ قَرِيبَةٌ**)، قاریعە نیزیکە.

سێیەم: (القارعة) کردارێکی قرتێنراوی لە پێشەوە بۆ مەزەندە دەکرێ، وەك (**أَتَتِ القَارِعَة، جاءت القَارِعَة**)، داچڵەکێنەر هات، بێگومان (**قارعة**) یەکێکە لەناوەکانی ڕۆژی دوایی، لەبەر ئەوەی ڕووداوێکە دەنگ و سەداو هاڕژێکی زۆر گەورەی، قۆناغی ئاخیر زەمانە.

هەروەها عەرەب وشەی (**قارعة**)یان بەکارهێناوە بۆ بەڵاو گرفتاریی، بۆ وێنە: دەگوترێ: (**قَرَعَت القومَ قَارِعَةٌ**)، ئەو کۆمەڵە بەڵایەکی گەورەیان بەسەر هاتوە، هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان وایان داناوە (**القارعة**) لێرەدا مەبەست پێی قیامەتە، واتە: هاتنی قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی، هەڵسانەوەو زیندووکرانەوە.

بەڵام من وای تێدەگەم مەبەست پێی ئاخیر زەمانە، قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی، چونکە ئەو ڕووداوانەی دوایی باسیان دەکات لە کاتی ئاخیر زەماندا ڕوودەدەن.

٢)- ﴿ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴾، قاریعە چییە؟ ئەم شێوە پرسیار کردنە وەك لە تەفسیری سوورەتی (**الحاقة**)شدا گوتمان: ﴿ ٱلۡحَآقَّةُ ۝١ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ۝٢ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ۝٣ ﴾، بۆ زەبەلاح و مەزن و بێڕەزا پێشاندانی ئەوەیە کە باسی لێوە دەکرێ.

٣)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴾، چی بە تۆی زانادوە کوتەرو داچڵەکێنەر چییە؟ لێرەدا (ما)ی بۆ پرسیارکردنە (**ما الإستفهامِيَّة**)، بۆ بەگەورە و زەبەلاح پێشاندانی ئەو ڕووداوە، واتە: ئەگەر خوا پێت نەفەرموێ و پێت نەناسێنێ و نەزانێنێ، ناتوانی بیزانی.

٤)- ئنجا خوا خۆی وەسف و پێناسەی دەکات: ﴿ يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ﴾، ئەو ڕۆژەیە کە خەڵك وەك پەپوولە پرژو بڵاوەکان دەبن، (**فَرَاش**)کۆی

(فَراشَة)یە و، ئەو زیندەوەرەیە کە بەکوردیی پێی دەڵێین: پەپوولە و بەباڵان دەفڕێ، لە (المعجم الوسیط:[١])دا ئاوا پێناسەی (فَرَاش) دەکاتن، دەڵێ: (الفراش: جنس حشراتٍ من الفصيلة الفراشية من رتبة حرشفيات الأجنحة تتهافت حول السراج فتحترق واحدته فراشة، ومنه المثل أَطْيَشُ مِنْ فَرَاشَة)، واتە: (فَرَاش) جۆرێکە لە زیندەوەرەکان، لە فەسیلەی (الفَراشِيَة)، جۆری پەپوولەیی، لە ڕیزی باڵ پوولەکەدارەکان (حَرشَف) بە (حَراشِف) کۆدەکرێتەوە، (حَرشَف) دەڵێ: (فُلُسُ السَّمَك)، پوولەکەی باڵی پەپوولەش پوولەکەی پێوەن و، دەستی بگەیەنێ پوولەکەکانی لێدەبنەوە، لە دەوری چرا دێت و دەچێ دەسووتێ، تاکی (فَرَاش)یش (فَراشة)یەو، ئەو پەندە عەرەبییەش لە پەپوولەوە هێناویانە: (أَطيَشُ مِنْ فَرَاشَة)، فڵان کەس لە پەپوولە سەرکێشترە (نەفامترە)، هەر خۆی پێدادەدات، وەك چۆن پەپوولە خۆ بە ئاگر دادەدات و دەسووتێ

﴿ ٱلْمَبْثُوثِ ﴾، (المَبثوثُ: المُتفَرِّقُ عَلَى وَجهِ الأَرض)، بڵاو بۆوە بەڕووی زەوییدا.

٥)- ﴿ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴾، چیایەکانیش وەك خوریی پەڕەکراویان لێدێ، یان وەك خوریی شکنراوەیان لێدێ، خوری کاتێك شی دەکرێتەوەو هەڵدەوەشێنرێتەوە، (العِهْنُ: الصُّوفُ، الصُوفُ: ذُو الألوان)، (عِهن) یانی: خوریی ڕەنگاو ڕەنگ.

هەندێکیش گوتوویانە: بە خوری کە ڕەنگەکەی سوور بێ، (المَنفُوشُ: المُفَرَّقُ بَعْدَ أَجزائِهِ عَن بَعضٍ يُغزَلُ أَو تُغْشَى بِهِ العَشَايَة)، (مَنفُوش) واتە: بەشەکانی لێك جیاکرابنەوە، لە پەڕە کرابێ، شی کرابێتەوە، وەك ئەوەی کە بڕێسرێ، یان بەوەی کە شتێکی دیکەی بخرێتە نێو، یان بخرێتە نێو شتێکەوە، سەرینێك، دۆشەکەڵەیەك.

جا ڕووی وێچواندن لە نێوانی چیایەکان و خوری پەڕەکراودا بریتیە: لە پارچە پارچە بوون، چونکە چیایەکانیش بەهۆی بوومە لەرزەکان و وێنەی ئەوانەوە کە لە ئاخیر زەماندا دەقەومن، دەهاڕدرێن، دەبنە تۆزو گەردو پارچەکانیان لێك جیادەبنەوە.

---

(١) ص ٦٨١

(ابن عاشور) لە تەفسیرکەی خۆیدا (التحرير والتنوير) بەرگی (١٢) جوزئی (٣٠) لاپەڕە (٥١٢)دا، دەڵێ: لە زەبەلاح پیشاندانی ئەو کوتەری داچڵکێنەر دەڵێ:

(تَهْوِيلٌ شَدِيدٌ بِثَمَانِيَةِ طُرُقٍ: وَهِيَ الِابْتِدَاءُ بِاسْمِ الْقَارِعَةِ، الْمُؤْذِنِ بِأَمْرٍ عَظِيمٍ، وَالِاسْتِفْهَامُ الْمُسْتَعْمَلُ فِي التَّهْوِيلِ، وَالْإِظْهَارُ فِي مَقَامِ الْإِضْمَارِ أَوَّلَ مَرَّةٍ، والاستفهام عَمَّا ينبىء بِكُنْهِ الْقَارِعَةِ، وَتَوْجِيهُ الْخِطَابِ إِلَى غَيْرِ مُعَيَّنٍ، وَالْإِظْهَارُ فِي مَقَامِ الْإِضْمَارِ ثَانِيَ مَرَّةٍ، وَالتَّوْقِيتُ بِزَمَانٍ مَجْهُولٍ حُصُولِهِ وَتَعْرِيفُ ذَلِكَ الْوَقْتِ بِأَحْوَالٍ مَهُولَةٍ)، زەبەلاح پێشاندان و مەزن پێشاندانە بە هەشت ڕێگا لەڕووی ڕەوانبێژییەوە، هەشت ڕێگاکان ئاوا دەژمێرێ دەڵێ:

یەك: ئەوەیە کە یەکسەر دەست پێدەکات دەفەرموێ: (**الْقَارِعَة**)، دەستپێکردن بە ناوی (**الْقَارِعَة**)، واتە: ئەمە گەیێنەری کارێکی مەزنە.

دوو: پرسیارکردنی بەکارهێنراو لە بە زەبەلاح و مەزن پێشانداندا.

سێ: لە جیاتی بفەرموێ: (**القارِعَةُ ما هِيَ**)، دەفەرموێ: ﴿ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾، ئەمە دەرخستنە لە شوێنی پەنهانکردن بۆ جاری یەکەم، کە ئەمیش دیسان زەبەلاح پێشاندانی ئەو بابەتەیە.

چوار: پرسیارکردن لە شتێك کە هەواڵبدات لەبارەی چیەتی (**قارِعَ**)ەوە، ﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٢﴾ ﴾، (**قارِعَة**)، (**قارِعَة**) چییە؟ پرسیارکردنە لەبارەی ئەوە کە هەواڵدانە لەبارەی چیەتی (**قارِعَ**)ەوە.

پێنج: ئەمە ڕوو پێکردنی دواندنە بۆ کەسێکی دیاری نەکراو، ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ ﴾، ئەی هەر کەسێ کە دەگونجێ بدوێنرێی! تۆ چی بەتۆی زاناندووە ئەو کوتەرو داچڵەکێنەرە چییە؟

شەش: دەرخستن لە شوێنی شاردنەوەدا بۆ جاری دووەم، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾، لەجیاتی بفەرموێ: (**وما أدراكَ ما هِيَ**)، فەرموویەتی: دیسان ناوی قاریعەی دەرخستووە لەجیاتی ئەوەی بە ڕاناو و بەشێردراوەیی بیهێنێ.

حەوت: بەستنەوەی بە کاتێکەوە کە نازانێ کەی پەیدادەبێ، ﴿ يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ ﴾، ﴿ يَوۡمَ ﴾، ڕۆژێك، بەڵام نازانین ئەو ڕۆژە کەنگییە، ئەو ڕۆژەیە کە خەڵك تێیدا وەك پەپوولەی پرژو بڵاو دەبن، چیایەکانیش وەك خوری شکندراوە دەبن.

هەشت: ناساندنی ئەو کاتە بە هەندێك حاڵی زۆر سامناك، کە خەڵك دەبنە پەپوولەی پرژو بڵاو، بڵاویان لێ دێ وە چیاکان، وەك: خوری شیکراوەو شکنراوەیان لێ دێ.

(محی الدین درویش)یش لە تەفسیرەکەی خۆی (**إعراب القرآن**)[1] ، ئەویش چواندنی خەڵك بە پەپوولان، چواندنی چیایەکان بە خوری پەڕەکراو، دەڵێ:

أ- چواندنی خەڵك بە پەپوولان: لە شەش ڕووەوە خەڵك ، لە ڕۆژی دوایی و لە قۆناغی ئاخیر زەماندا، لەگەڵ ئەو پەپوولانەی پرژو بڵاو دەبنەوە وێك دەچن.

یەك: (**الطَّيشُ الَّذي لَحِقَهُم**)، ئەو سەراسیمەییەی سەراسیمە بوون، (کە بە پرتاو ڕاکردن و ڕۆیشتنە).

دوو: (**إنتِشَارُهُم فِي الأَرض**)، بڵاو بوونەوەیان بە زەویدا، وەك چۆن پەپوولەکان بڵاو دەبنەوە، خەڵکیش بڵاو دەبێتەوە.

سێ: (**رُكُوبُ بَعْضِهِم بَعْضَاً**)، هەندێکیان کەوتنە نێو هەندێکیان، وەك چۆن پەپوولەش دەکەونە نێو یەکدیی و بێ ئەوەی دیاربێ بۆ کوێ دەچن!

چوار: (**الكَثْرَةُ الَّتي لا غَنَاءَ فِيهَا**)، زۆرییەك کە سوود ناگەیەنێ، زۆری پرژو بڵاو، سوود ناگەیەنێ.

پێنج: (**الضَّعْفُ وَالتَّذَلُّلُ وَإِجابَةُ الدَّاعِي مِنْ كُلِّ جِهَة**)، بێهێزیی و زەبوونیی و وەڵامدانەوەی کەسێك کە بانگ دەکات، لە هەر لایەکەوە بانگ بکات.

---

(١) ج ١ص٥٦٥

شەش: (**التَّطايرُ، الإحتِراق مِنْ حَيْثُ لا تُريدُ الإحتِرَاق**)، فڕین بۆ ئەوەی سەرەنجام بسووتێ بێ ئەوەی بیەوێ بسووتێ، خەڵك لەو ڕۆژەدا لەو شەش ڕووەوە لەگەڵ ئەو پەپوولانە وێکدەچن.

ب- چوواندنی چیایەکان بە خوریی شکنراو:

چیایەکانیش بە خوریی شکنراوە دەچن لە سێ ڕووەوە:

یەك: (**تَفَتُّتُهَا وَانهِيارُهَا**)، هەڵوەشان و ڕووخانی چیایەکان.

دوو: (**سَيْرُورَتُهَا كَالْعِهْنِ**)، وەك خوریی لێهاتنیان.

سێ: (**ثُمَّ صيرَتُهَا هَباء**)، دواییش وەك تۆزو گەردی پرژو بلاو لێهاتنیان.

مەسەلەی دووەم:

سەرەنجامی تەرازوو قورسان، ژیانی پڕ ڕەزامەندیی بەهەشتەو، سەرەنجامی تەرازوو سووکانیش (هاویە)یە، ئەویش ئاگرێکی یەکجار گەرمە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴿٩﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴿١١﴾ ﴾

ئەم چەند ئایەتە لە شەش بڕگەدا شیدەکەینەوە:

١)- ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾، پیتی (ف) لێرەدا بۆ لق لێکردنەوە (**تَفرِيع**)ە، واتە: ئەمە بنیات دەنرێ لەسەر ئەوەی کە لە ڕابردوودا باسکرا و لقێکە لێی دەبێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە باسکرا، ئنجا هەر کەسێك تەرازووەکانی گران بوون، (**مَوازِين**) کۆی (**مِيزان**)ە، واتە: تەرازوو، یاخود کۆی (**مَوزُون**)ە، واتە: کێشراو.

کە دەفەرموێ: هەر کەس تەرازووەکانی، یاخود کێشراوەکانی گران بوون، واتە: کردەوەکانی کە دەکێشرێن، یان تەرازووەکانی کە کردوەکانی ئەویان دەخرێتە نێو، پەسند بن لای خوای پەروەردگار، چونکە ئەو شتانەی ئارەزوو بۆ کراون، دەویسترێ کە هەڵبگیرێن، ئەوانەن کە دەکێشرێن، کەسێك دەچێ زێر دەکڕێ، زیو دەکڕێ، شتێکی دیکە دەکڕێ، شتێکی بە نرخ، دەکڕێ، ئەوەیە کە دەیکێشێ، ئنجا کەسێك تەرازووەکانی کە کردەوەکانی ئەویان پێ هەڵدەسێنگێدرێن یاخود خودی کێشراوەکانی کە کردەوەکانن، قورس بن.

٢)- ﴿ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾، ئەوە لە ژیانێکی ڕازیی دایە، دیارە (راضية) لە ئەصڵدا ئەمە لێرەدا (فاعل)ە، بەڵام بە مانای بەرکار (مفعول)ە، یانی: (**فِي عَيْشَةٍ مَرضِيَّة**)، لە ژیانێکدا کە خاوەنی ئەو ژیانەی دەیچێژێ، لێی ڕازییە، واتە: ژیانێکی پەسندکراوە، ژیانێکی لێ ڕازی بوویە، وەك (لابن) و (تامر) لە زمانی عەرەبییدا (**لابن**)، واتە: ئاژەڵێکی شیردەر و، (**تامِر**)، واتە: کەسێك کە خورمای هەیە، لێرەشدا (**راضِية**) واتە:

١- شوێنێك كە جێی ڕەزامەندییە.

٢- واتایەكی دیكەی ئەوەیە: (رَاضِيَة: فاعِلَةٌ لِرِّضَا وَالإنقِياده لأَهلِها)، ژیانێكی ڕازیی واتە: ژیانێك كە بكەری ڕازی بوون نەرمی و گونجان، جێبەجێ كەری داواكارییەكانی ئەو كەسەیە كە دەچێتە نێو ئەو جۆرە ژیانەوە.

وشەی (عِيشَةٍ)ش ناوی چاوگە و لە (عَيش)ەوە هاتوە، وەك (خِيفَة) ناوی چاوگە بۆ (خَوف) واتە: ترس، (عيشة)س واتە: ژیان و گوزەران (أَي: فـي حَياةٍ راضِيَةٍ صاحِبُها يَرضاها)، ژیانێكی ڕازیی، واتە: خاوەنەكەی لێی ڕازیە (فَوَصِفَت بالرِضَى لأنَّها سَبَبُ الرِّضَى أو زَمانُ الرِّضَى)، ژیانەكە بە ڕەزامەندیی وەسف كراوە، چونكە هۆی لێ ڕازی بوونی خاوەنەكەیەتی،، یاخود كاتی لێ ڕازی بوونی خاوەنەكەیەتی.

٣- هەندێكی دیكەش گوتوویانە: ﴿ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾، (أَي فى عِيشَةٍ ذَاتِ رِضَى)، ژیانێك كە خاوەنی ڕازیبوونە، ژیانێك كە ڕەزامەندی تێدایە، كەسێك بچێتە ئەوێ پەسندی دەكاو لێی ڕازی دەبێ.

٣)- ﴿ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾، بەڵام هەر كەسێك تەرازووەكانی سووك بن، یاخود كێشراوەكانی سووك بن.

٤)- ﴿ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴾، دایكی وی هاویەیە، وشەی (أُم) بۆچی لێرەدا هاتوە؟ واتە:

١- وەك چۆن منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ لای دایكی ئەو كەسەش كە كردەوەكانی سووك بن تەرازووی كردەوەباشەكانی یاخود كێشراوەكانی سووك بن، ئەو شوێنەی بۆلای دەچێتەوە، وەك چۆن منداڵ بۆ لای دایكی دەچێتەوە، ئەو شوێن و دایكەی بۆ لای دەچێتەوە، بریتیە لە هاویە.

٢- یاخود (أُم) لێرەدا بەمانای ئەصڵ و بنەڕەت دێت، ئەو ئەصل و بنەڕەتە بۆی دەچێتەوە بریتیە لە هاویە، ئەو شوێنەی دەبێتە بنەڕەت و ئەصڵ و شوێنی بۆ لا گەڕاوەی نشینگەی تێدا نیشتەجێ بوونی، هاویەیە.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: (أُمُّهُ)، یانی: ئەو جێگەو مەئوایەی پەنای پێ، دەبات وەك چۆن منداڵ پەنا بە دایکی دەبات.

٤- هەندێکی دیکەش گوتوویانە: ﴿ فَأُمُّهُۥ ﴾، (أُم) بەمانای تەپڵە سەر ، (أُمُّ الرَّأس)ە، واتە: ئەو دەکەوێتە هاویەوە، تەپڵە سەری بەردەبێتەوە چاڵی دۆزەخ.

بەڵام مانای یەکەمیان پەسندترە، کە ئەو جێگەو بنەچەو نشینگەیەی بۆلای دەگەڕێتەوە بریتیە لە هاویە.

٥)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴾، چی بەتۆی زانائدوە ئەو (هاوية) چییە؟

٦)- ﴿ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴾، ئاگرێکی گەرمە، (**هاوية**): لەبنەڕەتی زمان دا: ئەو شوێنە نزمەیە کە لەنێوان دوو چیایان دوو گردۆلکاندایە، شوێنێکی قووڵی دابڕاوایی کە ئەگەر مرۆڤ یان ئاژەڵ لێی بکەوێتە خوارێ، لە بەین بچێ، هەر لەوەوەش ئەو تەعبیرەیان هێناوە: (**سَقَطَ فِي الهَاوِيَة**)، فلآنکەس کەوتە نێو چاڵەوە، چاڵی مەرگەوە (فەوتا).

لێرە خوا کە دەفەرموێ: ﴿ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴾، ئاگرێکی گەرمە، (**أَي: نارٌ حارَةٌ غايَةُ الحَرارَة، كأنَّ نار الأخرى ليست حارة بالنسبة إليهم**)، واتە: ئاگرێکی یەکجار گەرمە، ئەوپەڕی گەرم، وەك ئاگری دیکە کە ئەصڵەن هەر گەرمایی تێدا نەبێ، ئەمە وەك ئەو تەعبیرەی سوورەتی (**الهمزة**) وایە کە دەفەرموێ: ﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ۝٦ ﴾، واتە: ئاگری داگیرسێنراوی خوایە.

لە کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتە موبارەکەدا چەن دەقێکی سوننەت لەبارەی چەمك و واتای ئەم سوورەتەوە تیشکی زیاترمان بۆ دەخەنە سەر چەمك و واتای ئایەتە بەپێزەکانی:

فەرمایشتی یەکەم:

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**مَثَلِي وَمَثَلُكُمْ كَمَثَلِ رَجُلٍ أَوْقَدَ نَارًا، فَجَعَلَ الْجَنَادِبُ وَالْفَرَاشُ يَقَعْنَ فِيهَا، وَهُوَ يَذُبُّهُنَّ عَنْهَا، وَأَنَا آخِذٌ بِحُجَزِكُمْ عَنِ النَّارِ، وَأَنْتُمْ تَفَلَّتُونَ مِنْ يَدِي**} (**أخرجه مسلم**: ٦٠٢٢).

واتە: وێنەی من و وێنەی ئێوە وەك وێنەی پیاوێکە ئاگرێکی کردۆتەوە، جا سیسرکەو پەپوولە دەکەونە نێوی، ئەویش دەریان دەکات بۆ ئەوەی نەکەونە نێو ئاگرەکەو نەسووتێن، منیش پشتێنی ئێوە دەگرم کە نەچنە نێو ئاگر، بەڵام ئێوە لە دەستم بەر دەبن و خۆ دەخەنە نێو ئاگرەکە.

فەرمایشتی دووەم:

پێغەمبەری کۆتایی ﷺ فەرموویەتی: {**نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا، مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ، قَالُوا: وَاللهِ إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً، يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: فَإِنَّهَا فُضِّلَتْ عَلَيْهَا بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّهَا مِثْلُ حَرِّهَا**} (**أخرجه أحمد: ١٠٢٠٤، والبخاري: ٣٠٩٢، ومسلم: ٢٨٤٣، والترمذي: ٢٥٨٩، وقال: حسن صحيح**).

واتە: ئاگرەکەتان ئەم ئاگرەتان کە ڕۆڵەی ئادەم هەڵیدەکات بەشێکە لە حەفتا بەش لە گەرمیی دۆزەخ، گوتیان: (هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ)، سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا، هەر ئەم ئاگرەی دنیاش بەس بوو، (بۆ سزادان)، فەرمووی: ئاگری دۆزەخ بە (٦٩) بەش بەسەر ئاگری دنیادا زیاد کراوە، هەرکام لەو بەئەندازەی گەرمیی ئاگری دنیایە.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿نَارٌ حَامِيَةٌ﴾، ئەم فەرمایشتە چەمك و واتاکەیمان بۆ نیزیك دەخاتەوە، کە ئەویش مەرج نیە بەسەرڕێیی حەفتای دیارییکراو بێ، دەگونجێ حەفتا لێرەدا بۆ زۆریی بێ، ئەگەرنا دەگونجێ زیاتر بێ و دەگونجێ کەمتر بێ، کە ئێستا لە نێو خۆردا، پلەی گەرمی ملیۆنان پلەیە، ملیۆنان پلەی سەنتیگراتە، ئنجا ئەگەر دۆزەخ شوێنێکی ئاوابێت، ئەوکاتە مانای وایە کار لە حەفتا پلەو حەفتا هێندەو شتی وادا نامێنێ.

فەرمایشتی سێیەم:

{ «**إِنَّ نَفْسَ الْمُؤْمِنِ إِذَا قُبِضَتْ تَلَقَّاهَا أَهْلُ الرَّحْمَةِ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ، كَمَا تَلَقَّوْنَ الْبَشِيرَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا، فَيَقُولُونَ: أَنْظِرُوا صَاحِبَكُمْ يَسْتَرِيحُ، فَإِنَّهُ فِي كَرْبٍ شَدِيدٍ، ثُمَّ يَسْأَلُونَهُ: مَا فَعَلَ فُلَانٌ، وَفُلَانَةٌ هَلْ تَزَوَّجَتْ؟ فَإِذَا سَأَلُوهُ عَنِ الرَّجُلِ قَدْ مَاتَ قَبْلَهُ، فَيَقُولُ: أَيْهَاتَ، قَدْ مَاتَ ذَاكَ قَبْلِي.**

فَيَقُولُونَ: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، ذُهِبَ بِهِ إِلَى أُمِّهِ الْهَاوِيَةِ، بِئْسَتِ الْأُمُّ، وَبِئْسَتِ الْمُرَبِّيَةُ»} (أخرجه الحاكم: ٣٩٦٨، وقال: مرسل صحيح الإسناد، أخرجه الطبراني في الكبير: ٣٨٨٧، وفي الأوسط: ١٤٨، قال الهيثمي (٣٢٧/٢): فيه مسلمة بن على وهو ضعيف).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ڕووحی بڕوادار کە دەکێشرێ ئەو بەندانەی خوا کە خاوەنی بەزەیین وەك چۆن ئێوە لەدنیادا پێشوازی موژدەدەر دەکەن، دەڵێن: چاوەڕێ بکە با پشوویدات چونکە لەخەم و گرفتارییەکانی سەخت دابووە، ئنجا لێی دەپرسن: فلان پیاوە چی کرد؟ فڵان ئافرەتە مێردی کرد؟ ئنجا لەبارەی پیاوێکەوە دەپرسن کە لە پێش ئەودا مردوە، ئەویش دەڵێ: هەیهوو لە پێش مندا مردووە، ئایا بەلاتاندا تێنەپەڕی؟ نەهات بۆ بەهەشت؟ (یان لە عالەمی بەرزەخدا؟ ئەو شوێنە خۆشەی کە لێینی بەهەشتە، یاخود شوێنێکە وەك بەهەشت، یان بەهەشتێکی ڕاگوزەرە)، دەڵێن: (**إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيهِ الرَّاجِعون**)، (ئەمە بۆ کاتی بەلاّ دەگوترێ) هی خواین و ئێمە هەر بۆ لای ئەو گەڕاوەین، دیارە براوە بۆ لای دایکەکەی کە هاویەیە، خراپترین دایکەو خراپترین بەخێوکەرە.

دەقی چوارەم:

لە ئەبوو بەکری صیددیقەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەمە گێڕدراوەتەوە:

(**وَرُوِيَ عَنْ أَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَنَّهُ قَالَ: إِنَّمَا ثَقُلَ مِيْزَانُ مَنْ ثَقُلَ مِيْزَانُهُ ، لأَنَّهُ وُضِعَ فِيهِ الحَقُّ، وَحُقَّ لِمِيزَانٍ يَكُونُ فِيهِ الحَقُّ أَنْ يَكُونَ ثَقِيْلاً، وَإِنَّمَا خَفَّ مِيزَانُ مَنْ خفَّ مِيْزَانُهُ، لأَنَّهُ وُضِعَ فِيهِ البَاطِلُ، وَحُقَّ لِمِيزَانٍ يَكُونُ فِيهِ البَاطِلُ أَنْ يَكُونَ خَفِيْفَاً**) (الجامع لأحكام القرآن: ج٢٠، ص١٣١).

واتە: بە دڵنیایی تا تەرازووی ئەو کەسەی تەرازووەکەی قورس بووە، بۆیە قورس بووە، چونکە هەقی خراوەتە نێو و، تەرازوویەك هەقی تێدابێت شایستەیە دابکەوێ و، قورس بێ، بێگومان تەرازووی کەسێك کە تەرازووەکەی سووك بووە، بۆیە سووك بووە، چونکە ناهەقی تێدایە، تەرازوویەك کە ناهەقی تێدابێت شایستەی ئەوەیە سووك بێ و، هەڵبچێ بەرەو سەر.

دەقی پێنجەم:

ئەم شوێنەوارەش لە موقاتیل (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) گێڕدراوەتەوە:

(**إِنَّمَا كَانَ كَذَلِكَ، لأَنَّ الحَقَ ثَقِيلٌ والبَاطِل خَفِيْف**) (**التفسير الكبير: ج١٦، ص٧٥**)، واتە: بۆیە بەو شێوەیە (هەندێکیان تەرازووەکەیان قورسە و هەندێکیان تەرازووەکەیان سووکە) چونکە هەق قورسە، ناهەق سووکە، ئەوانەی تەرازووەکەیان قورسە شوێنکەوتووی هەق بوون، هەڵگری هەق بوون، ئەوانەی دیکەش شوێنکەوتنی بەتاك پووچ بوون.

لەبارەی تەرازوو و کێشرانی کردەوانەوە ڕاجیایی زانایان لەوبارەوە زۆرە، بەڵام ئێمە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**)دا، کورتە باسێکمان لەوبارەوە کردوە، لێرەشدا ئەوەی لە وەك خولاصەو پوختەی مەبەست بیهێنین ئەوەیە:

خوا ﷻ بە پێی عەقڵی ئێمە دەماندوێنێ، ئەگەرنا مەعقووڵ نیە خوا ﷻ شێوەی شتێکی دیاریی نەکردبێ و، ئێمە لە خۆمانەوە دیاری بکەین، مەبەستم ئەوەیە کە دوایی دەیهێنم، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: تەرازووێك کە خوا شتی پێ هەڵدەسەنگێنێ، دوو تا تەرازووی هەن و، زمانێکی هەیە، (ئەوەی دەسکەکەی پێ دەگیرێ) ئەگەر ئاسمانەکانی تێ بهاویشترێن جێیان دەبێتەوە لەو تەرازووەدا!

لەڕاستییدا ئائەو وێنا کردنە بە عەقڵ و مەزندەی خۆمانە، بۆ شتێك کە خوا ﷻ وێنای نەکردوە، تەنیا خوا باسی تەرزاوو (میزان) و کێشراو (**مَوزون**)ی، کردوە، بۆیە شتێکی بێ جێیە، ئێمە بێنین بەپێی کلتورو باوی خۆمان بەپێی ئەو ئامرازی کێشرانەی لە ڕۆژگاری ئێمەدا هەیە، بێنین ئەوەی کە خوا باسی کردووە وێنای بکەین، بەوە بێگومان ستەم دەکەین لە ئایەتەکانی قورئان، چونکە کاتی خۆی تەرازوو دوو لای هەبوون و دەسکەکەیان یان زمانەکەیان گرتوە، ئنجا شتیان پێ کێشاوە، شتێك کە ویستوویانە بیکێشن، لە تایەکیان دا دایانناوە، لە تایەکەی دیکەیان قورسایی بووە، کیلۆ بووە چوار کیلۆ بووە چەند بووە، دایان ناوە، بەڵام ئێستا چەندان جۆرە تەرازوو هەن و تەرازوو هەر پێویست ناکات دوو تای هەبن، شتێك مەبەست بێ بیکێشێ، دەیخەیە سەر

ئامێرەکەو دەیکێشێ و بە ژمارە پێت دەڵێ، ئێستا تەرازووی زۆر وورد هەیە، پاشان تەنیا تەرازووی کێشرانی شت نیە ئێستا، تەرازووی پێوانی گەرمی هەیە، هی پێوانی هەوا هەیە، تەرازووی لێدانی دڵی مرۆڤ هەیە، هی سووڕی خوێن و گوشاری خوێن هەیە، ئێستا مرۆڤ چەندان جۆرە تەرازووی دروست کردوون، وردەکارییەکانی قیامەتیش، ئەو ئامرازی ئامێرانەی خوا ﷻ لە قیامەتدا بەکاریان دێنێ، بەس خوا بۆخۆی دەیزانێ، شتێك کە باس کرابێ ئێمە پابەند دەبین بە دەقەوە بەڵام شتێك باس نەکرابێ، شتێکی خراپە ئێمە لەخۆمانەوە وێنەی بۆ دابتاشین بەپێی کلتوورو فەرهەنگ و ئەو ئامێرو ئامرازانەی کە لە ڕۆژگاری ئێمەدا هەن، کە دوایی کە ڕۆژگارەکە بەرەو پێشەوە چوو، شتی پەرەسەندو و ترو گەشەسەندو ترو چاکتر پەیدابوو، کەسێك وایدابنێ خوا هەر بە ئامرازە کۆنەکە، شت هەڵدەسەنگێنێ!

بۆیە لێرەدا قسەیەکی (**محمد عبده**) ڕەحمەتی خوای لێبێ، پێم جوانە کە لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناویەتی دەڵێ:[1]

(وَمِنَ العَجِيبِ مَا قَالَهُ بعض المفسرين أَنَّهُ ميزانٌ بلسانٍ وَكَفَّتَيْنِ كأطباق السموات والأرض ولا يَعْلَمُ مَاهِيَّتَهُ إلاَّ الله، فَمَاذَا بَقِيَ من مَاهِيَّتِهِ بَعْدَ لِسَانِهِ وَكَفَتَيهِ حَتَّى يُفَوَّضُ العِلْمُ فِيهِ إلى الله).

واتە: لە قسەی سەرسووڕهێنەری هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان ئەوەیە: گوتوویانە: ئەو تەرازووە تەرازوویەکە زمانەیەکی هەیە، دوو تای تەرازووی هەن، کە دوو تا تەرازووەکانی بەقەدەر چینەکانی ئاسمان و زەوین، بەڵام چییەتی ئەو تەرازووە تەنیا خوا دەیزانێ، دەڵێ: ئنجا چی ماوەتەوە لە چییەتەکەی دوای ئەوەی کە گوترا: زمانەی هەیەو دوو تای هەن، تاکو زانیارییەکەی حەواڵەی خوا بکرێ!!

بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین کە خوا ﷻ دادگەریی بە تەواویی دەچەسپێنێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ

---

(١) الآعمال الكاملة ج٥ ص٤٩٢

مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾الأنبياء، واتە: تەرازووەکانی دادگەریی دادەنێین، هیچ کەس ستەمی لێ ناکرێ، ئەگەر بە قەدەر قورسایی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێ دەیهێنین، ئێمە بەسین بۆ ژماردن.

هەروەها پێویستە بزانین مەرج نیە تەنیا کردەوە بکێشرێن، بەڵکو مرۆڤەکان خۆشیان دەکێشرێن، وەك لەم فەرمایشتەی پێغەمبەرەوە ﷺ دیارە:

دەقی شەشەم:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ العَظِيمُ السَّمِينُ يَوْمَ القِيَامَةِ، لاَ يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، وَقَالَ: اقْرَءُوا: ﴿فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا ﴿١٠٥﴾ ﴾الكهف} (أخرجه البخاري: ٤٧٢٩، ومسلم: ٢٧٨٥).

واتە: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پیاوی مەزنی قەڵەو لەڕۆژی قیامەتدا دەهێنرێ، بەڵام لەلای خوا بە ئەندازەی باڵە مێشوولەیەك سەنگی نیە، گوتی: بخوێننەوە: ﴿فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا ﴿١٠٥﴾ ﴾الكهف.

کەواتە: مرۆڤەکانیش دەکێشرێن، هەر خوا دەزانێ ئەو کێشانە، ئەو هەڵسەنگاندن و نرخاندنەی خوا ﷻ لە ڕۆژی دوایی دا ئەنجامی دەدات ئامرازەکانی و چۆنیەتیدەکەی تەنیا خوا بۆخۆی دەزانێ، جگە لەوەی کە خوا باسی کردوە و پێغەمبەرش ﷺ ئەگەر شتێکی باس کردبێ، بە سەنەدێکی صەحیح بچێتەوە سەری، ئەگەرنا ئەویدیکە کە زانایان بە بۆچوونی خۆیان هەندێك شتیان گوتوە، ئەوە بەس بۆچوونی خۆیانە و ناگونجێ لەسەر ئیسلام وە لەسەر قورئان حیساب بکرێ.

لێرەشدا دێینە کۆتایی سوورەتی **(القارعة)**.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

التَّكَاثُرِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ (٢٢)ی (**ذي الحجـة**)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیـی، بەرانبـەر (١٢/ ٨/ ٢٠٢٠) زاینییـە، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیری سـوورەتی (**التكاثـر**) و، سـەرەتاش لـە حـەوت بڕگـەدا پێناسـەو نێـوەڕۆکی بـە کورتیـی دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (التكاثر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر بـە: (**سـورةُ التَّكاثُـر**) نـاسراوە، بـەڵام هـەرکام لـە نـاوەکانی: سـوورەتی (**أَلْهاكُـم**)و، سـوورەتی (**مَقْبَرَة**)شـی بـۆ بەکارهێـنراون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە بـەلای زۆربـەی هـەرە زۆری زانایانـەوە، سـوورەتێکی مەککەییـە، هەندێکیشـیان بـە مەدینەییـان دانـاوە، بەهـۆی ئـەوەوە کـە گوایـە: دوو هـۆزی پشـتیوانان، شـانازیی زۆریـان بەسـەر یەکدیـدا کـردوە، وەك (**إبـن أبي حاتـم**) گێڕاویەتـەوەو (**الشُّـوكاني**) لـە (**الفَتْـح القَدير**)ەکـەی خـۆی دا[1] هێناویەتـی:

گوایـە: دوو هـۆز لـە پشـتیوانان شـانازییان بـە سـەریەکدیدا کـردوەو، پێشـبڕکێیان کـردوە، کامیـان ژمارەیـان زیاتـرە؟ سـەرەتا زیندووەکانیـان ژمـاردوون، یەکێکیـان زیاتـر

---

(١) بەرگی (٥)، لاپەڕە (٦٠٧)دا.

بـووه، دوایـی ئەوەیـان کـه تێشـکاوه لـه ژمـارەی زیندووانـدا، گوتوویەتـی: بـا بچیـن مردووانیـش بژمێریـن، ئیـدی چوونەتـه سـەر گۆڕسـتان و مردووەکانیشـیان ژمـاردوون، ئەوجـار ئـەوەی لـه ژمـارەی زینـدووان دا تێشـکاوه، ژمـارەی مردووانیـان زیاتـر بـووه!.

بـەڵام لـه حاڵەتـی ڕاسـتبوونی سـەنەدی ئـەم گێڕدراوەیەشـدا، بـه بەڵگـەی مەدینەیـی بـوونی ناشـێ و، مەککەیـی بوونـی ئـەم سـوورەته موبارەکـه زۆر ئاشـکرایه، بـه سـەرنجدانی سرووشـتی، وێـڕای ئـەوەی لـه ڕیزبەندیـی دابەزینیشـدا زانایـان ژمـارەی شـازده (١٦)یـان بـۆ دانـاوه.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـه ڕیزبەندیـی موصحـەف دا ژمارەکـەی سـەدو دوو (١٠٢)یـەو، لـه دابەزینیشـدا ژمارەکـەی شـازده (١٦)یـه، پێـش سـوورەتی (**الماعـون**) و، دوای سـوورەتی (**الكَوثـر**) دابەزیـوه.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتەکانـی ئـەم سـوورەته موبارەکـه، بـه یەکدەنگیـی ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قورئـان، هەشـت (٨) ئایەتـه.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەته نێوەڕۆکەکـەی بریتیـه لـه سەرزەنشـتکردنی خـوا ﷻ بـۆ کەسـانی خافـڵاو لـه خـواو لـه ڕۆژی دوایـی و، سـەرقاڵ بـه زۆرکردنـی مـاڵ و سـامان، یـان ژمـارەی خـزم و کـەس و دەوروبـەر، یـان نیعمەتەکانـی دنیـا، هەتـا دەچنـه سـەر گۆڕسـتان، واتـه: هەتـا دەمـرن و، هەڕەشـه لێکردنیـان بـەوەی دڵنیابـن لەمـەودوا

دەزانـن چەنـد بـە هەڵـە داچـوون! پاشـان دڵنیاکردنەوەیـان کـە ئەگـەر زانیاریـی دڵنیاکەریـان ببوایـە، وایـان نەدەکـرد.

هەروەهـا دڵنیاکردنەوەیـان لـە دیتنـی کڵپـەی ئاگـری دۆزەخ بەچـاوی دڵنیایـی، پاشـان لێپرسـینەوە لەگەڵـدا کردنیـان، لەسـەر ئـەو نـازو نیعمەتانـەی خـوا لـە ژیانـی دنیایانـدا پێیـداون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

تایبەتمەندییەکانـی ئـەم سـوورەتەم وا هاتنـە بەرچـاو، کـە بریتیـن لـە هاتنـی چەنـد تەعبیرێـك، تەنیـا لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا هاتـوون:

١- (أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ): واتە: زۆر کردن، یاخود: پێشبڕکە کردن لە زۆر کردندا، ئێوەی خافڵاندو بێئاگا کرد.

٢- (حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ): هەتا سەردانی گۆڕستانەکانتان کرد، (ٱلْمَقَابِرَ) کۆی (مَقْبَرَة) و (مَقْبَرَة) و (مَقْبُرَة)یەو، هەرسێکیان، واتە: شوێنێ کە گۆڕی لێ بن.

٣- (لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ): بە دڵنیایی کڵپەی دۆزەخ دەبینن.

٤- (عَيْنَ ٱلْيَقِينِ): چاوی دڵنیایی، یاخود دیتنی دڵنیایی.

٥- (ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ): دوایی بە دڵنیایی لێتان دەپرسێتەوە.

٦- (يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ): لەو ڕۆژەدا لەو نازو نیعمەتەی پێتاندراوە، لێتان دەپرسرێتەوە.

حەوتەم و کۆتایی: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئـەم هەشـت (٨) ئایەتـە دەکەیـن بـە یـەك دەرس، لەبـەر ئـەوەی هەموویـان تێکهەڵکێـش و پێکـەوە پەیوەسـتن.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هـەر (٨) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێکـدێ (١-٨)، وەك پێشـتریش گوتمـان: ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بریتیـە لـە هەواڵدانێك بـە خافڵانـی خەڵـك: ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾، ئێـوە خافـڵاون بـە پێشـبڕکە کـردەوە لـە زۆر کردنـدا، ئنجـا خـوا ﷻ نەیفەرمـووە: زۆرکـردنی چـی؟ مـاڵ و سـامان، خزمـان و نزیـکان، خانووبـەرە، زەوی و زار، ... هتـد، هەمـووی دەگرێتـەوە، هەڵبەتـە کەسێکیش هـەر خەریکـی پێشـبڕکە بـێ لـە زۆرکردنـی مـاڵ و سـامان و، خـزم و کـەس و قەرەباڵغیـی دەوروبـەری و زیادکردنـی نـازو نیعمەتەکانی ژیانـی دنیـادا، زیـاد لـەوەی پێویسـتیی پێیـان هەیـە، بێگومـان ئـەوە لەسـەر حیسـابی پەیوەندیـی لەگـەڵ خـواو ژیانـی ڕۆژی دواییەتـی، وشـەی (لَهو)ش هـەر ئـەو واتایـە دەگەیەنـێ، کـە بریتیـە لـە خافـڵان بـە شـتێکەوە بایەخـی زۆر نەبـێ، لەسـەر حیسـابی شـتێکی دیکـە، کـە بایەخـی زۆرە، وەك دوایـی زیاتـر تیشـکی دەخەینـە سـەر.

دوایـی هەڕەشـەکردنی خـوا ﷻ کە لەمـەودوا دەزانـن: ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، نەخێـر (وازبێنـن) لەمـەودوا دەزانـن، واتـە: دەزانـن کـە ئەو خافڵانەتـان بـە پێشـبڕکە کـردن لـە زۆرکردنـی مـاڵ و سـامان و سـەروەت و..هتـد لـە دنیـادا، لەسـەر حیسـابی پەیوەندییتـان لەگـەڵ خـواو ڕۆژی دوایـی، تووشـی سـزاو جەزرەبەتـان دەکات و لەسـەری پەشـێمان دەبنـەوە، ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴾، نەخێـر (واز بێنـن) ئەگـەر زانیاریـی جێـی دڵنیاییتـان ببووایـە، زانیارییەکـی دڵنیاکـەر، وەڵامـی (لـو) قرتێـنراوە، واتـە: ئەگـەر زانیاریـی دڵنیاکەرەوەتـان ببووایـە، واتـان نەدەکـرد، یاخـود وازتـان لـەو حاڵەتـان دەهێنـا.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾، بـە دڵنیایـی و بـە جەختکردنـەوە، ئێـوە ئاگـری کڵپەسـەندووی دۆزەخ دەبینـن، ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾، دوایـی

بە چاوی دڵنیایی دەیبینن، ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، ئنجا بەمسۆگەریی لەو ڕۆژەدا، لەو نازو نیعمەت و خێرو خۆشییانەی لە دنیادا پێتان دراون، لێتان دەپرسرێتەوە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا
سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ
لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . پێشبڕکەی زۆرکردن (ی سامان و نیعمەتەکانی دیکەی دنیا) ئێوەی خافڵاند ﴿١﴾ تاکو مردن و سەردانی گۆڕستانانتان کرد ﴿٢﴾ وازبێن (لە زۆر کردن و خۆ پێوە بادان و پێوە خافڵانی) لەمەودوا دەزانن (چەندە بە هەڵە داچوون) ﴿٣﴾ دیسان وازبێنن (لەو خافڵانە) لەمەودوا دەزانن (گەلێك بە هەڵەدا چوون) ﴿٤﴾ وازبێنن ئەگەر زانیاریی دڵنیاییتان زانیبایە (واتان نەدەکرد) ﴿٥﴾ بە دڵنیایی کڵپەی دۆزەخ دەبینن ﴿٦﴾ دیسان بە دڵنیایی بە چاوی دڵنیایی دەیبینن ﴿٧﴾ دوایی لەو ڕۆژەدا مسۆگەر لە بارەی نازو نیعمەتەوە لێتان دەپرسرێتەوە ﴿٨﴾}.

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(أَلْهَىٰكُمُ): (أَي: شَـغَلَكُم)، ئێـوەی خافڵانـدو سـەرقاڵ كـرد، ئێـوەی بێئـاگا كـرد، (اللَّهُـو: مَـا يَشْـغَلُ الإِنْسَـانَ عَـمَّا يَعْنيـهِ ويُهِمُّـهُ)، (لَهـو): هـەر شـتێكە مـرۆڤ دەخافڵێنێ و سـەرقاڵی دەكات لـە شـتێك كـە بەلایـەوە گرنگـەو مەبەسـتە، دەگوتـرێ: (لَهَـوْتُ بِكَـذَا، وَلَهَيْـتُ عَـنْ كَـذا، أَي: اشْـتَغَلْتُ عَنْـهُ بِلَهْـوٍ)، (لَهَـوتُ بِكَـذا)، واتـە: بـەو شـتە خافـڵام، (وَلَهَيْـتُ عَـن كَـذا)، بەهـۆی سـەرقاڵییەوە ئـاگام لێـی نەمـاو لێـی بێئـاگا بـووم و خافـڵام.

(ٱلتَّكَاثُرُ): (المُكَاثَـرَةُ وَالتَّكَاثُـرُ: التَّبـاري بِكَـثْرَةِ المَـالِ والعِـزِّ)، (تَكاثُـر و مُكَاثَـرة)، هەردووكیـان واتـە: پێشـبڕكە كـردن لـە زۆریـی سـامان و دەسـتەڵاتدا.

(زُرْتُمُ): واتـە: سـەردانتان كـرد، (زُرْتُ فُلاَنَـاً: تَلَقَّيْتُـهُ بِـزَوْرِي، أَوْ قَصَـدْتُ زَوْرَهُ، وَرَجُـلٌ زَائِـرٌ وَقَـوْمٌ زَوْرٌ، نَحـو: سـافِر وَسَـفَر، زَارَهُ يَـزورُهُ زَوْراً، فَهـوَ زَائِـرٌ، أَتَـاهُ فِي دارِهِ لِأُنْـسٍ أَو لِحَاجَـةٍ إِلَيْـه)، وشـەی: (زُرْتُمُ)، دەگوتـرێ: (زُرْتُ فُلاناً، تَلَقَّيْتُـهُ بِـزَوري، أَوْ قَصَـدْتُ زَوْرَهُ)، (زَور)، ئـەو قۆپچانـەت كـە لـە پێشـی پۆشـاك دەدرێـن، یاخـود هـەر شـتێك كـە لـە پۆشـاك دەدرێ، واتـە: ئـەو قۆپچانـەی خۆمـم ئاراسـتە كـردن، یاخـود ڕووم كـردە قۆپچەكانـی كـە لەسـەر سـنگی ئـەون، ڕووم تێكـرد، (وَرَجُـلٌ زَائِـرٌ وَقَـوْمٌ زَوْرٌ)، پیاوێكـی سـەردانكەرو كۆمەڵێكـی سـەردانكەر، وەك (سـافِر، سَـفَر)، ڕێبـوار و ڕێبـوارەكان، (زَارَهُ يَـزُورُهُ زَوْراً، فَهُـوَ زَائِـرٌ)، سـەردانی كـرد، سـەردانی دەكات، سـەردانكردن، ئـەو سـەردانكەرە، واتـە: لـەماڵـی خـۆی چـوو بـۆ لای، لەبـەر خۆشویسـتن و ئولفـەت پێوەگرتـن، یاخـود لەبـەر ئـەوەی كارو پێویسـتییەكی هەیـە.

(ٱلْمَقَابِرَ): (جَمْـعُ مَقْـبَرَة وَمَقْـبِرَةَ ومَقْـبُرَة، مَوْضِـعُ قَـبْرٍ)، (ٱلْمَقَابِرَ) كـۆی (مَقْـبرَة)، یـان (مَقْـبِرَة) یـان (مَقْبُرَة)یـە، هەرسـێكیان بـە شـوێنی گـۆڕان دەگوترێـن، (مَقَـرُّ المَيِّت)، نشـینگەی مـردوو كـە لـەوێ نێـژراوە، دەگوتـرێ: (قَبَرْتُـهُ، أَي: جَعَلْتُـهُ فِي قَـبْرٍ، وَأَقْبَرْتُـهُ أَي:

جَعَلْتُ لَهُ مَكَاناً يُقْبَرُ فِيهِ)، (قَبَرْتُهُ)، واتە: خستمە نێو گۆڕ، بەڵام (أَقْبَرْتُهُ)، واتە: شوێنێکم بۆ دانا لەوێدا بنێژرێ و بخرێتە گۆڕەوە.

(كَلَّا): (رَدْعٌ وَزَجْرٌ وَإِبْطالٌ لقَوْلِ قَائِلٍ، نَقيضُ إيْ: فِي الإِثْبات)، وشەی: (كلاّ): وەك زۆر جاران باسمان کردوە، بۆ تێخوڕین و سەرزەنشتکردن و هەڵوەشانەوەیە، بۆ قسەی بێژەرێك کە گوتوویەتی (یاخود بۆ ڕەفتاری کەسێك کە ڕەفتارێکی نواندوەو دەتەوێ هەڵیوەشێنیەوە)، یان پێی بڵێی: وامەڵێ، یان وامەکە، ئەمە دژو پێچەوانەی وشەی: (إِي)ە، بۆ چەسپاندن (إثبات)ە، بۆ باری ئەرێنیی وەك لە سوورەتی (یونس)دا هاتوە: ﴿إِي وَرَبِّيٓ ﴿٥٣﴾﴾، تەنیا لەوێشدا هاتوە، (إِي)، واتە: (ئا)، یان (بەڵێ)، یان (با)، بەڵام (كَلَّا)، یانی: نەخێر، یان واز بێنە، یان دەستهەڵبگرە.

(عِلْمَ ٱلْيَقِينِ): (اليَقينُ: مِنَ صِفَةِ العِلم فَوق المَعْرِفَةِ وَالدِّرايَة)، (يَقِيْن): لە سیفەتی زانیارییە لەسەرووی زانست و زانینەوەیە، (عِلْمَ ٱلْيَقِينِ)، (عِلْمُ اليَقْين: هُوَ سُكُون الفَهْمِ مَعَ ثَبَاتِ الحُكْمِ)، زانیارییەکی جێی دڵنیایی، بریتیە لەوەی مرۆڤ تێگەیشتنی بچەسپێ و، حوکم و بڕیارێك کە لە بارەی شتێکەوە دەیدات، چەسپاو بێ و لەرەلەری تێدا نەبێ.

(ٱلْجَحِيمَ): (الجَحْمَةُ: شِدَّةُ تَأَجُّج النَّار، جَحَّمَ وَجْهَهُ مِنْ شِدَّةِ الغَضَب)، (جَحْمَة): بریتیە لە بڵێسەی ئاگر، کە کڵپە دەستێنێ، دەگوترێ: (جَحْمَةُ النَّار)، (جَحيم): ئاگرێکی بڵێسە سەندوویە، کڵپە سەندوو، لەوەشەوە دوایی خوازراوەتەوە، دەگوترێ: (جَحَّمَ وَجْهَهُ، مِنْ شِدَّةِ الغَضَب)، ئەو مرۆڤە لە ئەنجامی زۆر تووڕەییدا، دەم و چاوی خۆی گرژو مۆن و ئاڵۆز کرد.

(عَيْنَ ٱلْيَقِينِ): چاوی دڵنیایی، وەك دوایی باس دەکەین، خوا ﷻ لە قورئاندا سێ وشەی بەکارهێناون: (عِلْمَ ٱلْيَقِينِ) و (عَيْنَ ٱلْيَقِينِ) و (حق ٱلْيَقِينِ)، هەر کامێکیان پلەیەکە لە پلەکانی پەیبردن بە شتان و زانینی شتان:

(عِلْمَ ٱلْيَقِينِ)، ئەوەیـە زانیارییـت لـە بـارەی شـتێکەوە هەبـێ و، لەرەلـەرت لـە بارەیـەوە نەمابـێ، حوکمێکـی چەسـپاوت لەدڵـدا هەبـێ بەرانبـەری.

(عَيْنَ ٱلْيَقِينِ)، ئەوەیە بەچاو، چاوی سەر بیبینی.

(حق ٱلْيَقِينِ)، ئەوەیە بچیە نێوی، یاخود دەستی لێبدەی.

دواییش زیاتر ڕوونیان دەکەینەوە.

(ٱلنَّعِيمِ): (**النِّعْمَـةُ: الحَالَـةُ الحَسَـنَةُ، وَبِنَاؤُهَـا بِنَـاءُ الحَالَـةِ الَّتِـي يَكُـونُ عَلَيْهَا الإِنْسَـانُ كَالجِلْسَـةِ وَالرِّكْبَـةِ**)، (**نِعْمَـة**): بریتیـە لـە حاڵەتـی بـاش، وشـەی نیعمـەت بـە شـێوەی حاڵــەت دروســتکراوە، ئــەو حاڵەتــەی مــرۆڤ لەســەری دەبــێ، دەگوتــرێ: (**جَلَـسَ جِلْسَـةً**)، دانیشــت، بەدانیشــتنێك، (**رِكْبَـة**)ش، یـانی: ســوار بــوون بەســوار بوونێــك، کەواتـە: (**نِعْمَـة**)، واتـە: حاڵەتێکـی بـاش.

وشــەی (**نَعْمَــة**)ش هەیــە: (**النَّعْمــةُ: التَّنَعُّــم**)، (**نَعْمَــة**)، واتــە: خۆشــگوزەرانیی (**وَبِنَاؤهــا بِنَــاءُ المــرَّةِ مِــنَ الفِعْــلِ كالضَّرْبَــةِ والشَّــتْمَةِ**)، بــەڵام دروســتکردنی وشــەی (**نَعْمَـة**)، وەك دروسـتکردنی جارێـك و کردارێکـە لـە شـتێك وەك: (**الضَّرْبَـةِ والشَّـتْمَةِ**)، لێدانێــك و قســە پێگوتنێــك.

بەڵام (ٱلنَّعِيمِ): (**النِّعْمَةُ الكَثِيْرَة**)، واتە: نازو نیعمەتی زۆر.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، کـە مەبەسـت پێـی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای زاناو توانا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

دەبـێ بـەلای کەمـەوە ئـەو چـوار واتایـە لـە عەقڵ و دڵـدا ئامـادە بـن، لـە کاتـی گوتنـی ئـەم ڕسـتە موبارەکـەدا، کـە خـوای بـەرزو مـەزن سـەدو چـواردە (١١٤) جـار لـە کۆتـا فەرمایشـتی دا دووبـارەی کردۆتـەوە، بۆیـە ئێمـەش هەمیشـە کـە دەیهێنیـن، ئـەوەی پێویسـتە مـرۆڤ لـە عەقڵ و دڵیـدا ئامـادەی بـکات، لـە کاتـی گوتنـی ئـەم ڕستەیەدا، هەمـوو جـارێ دووبـارەی دەکەینـەوە.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ﴾، زۆر کـردن ئێـوەی خافڵانـد، یاخـود پێشـبڕکە کـردن لـە زۆرکردنـدا ئێـوەی خافڵانـد، ئێـوەی بێئـاگا کـرد، ئایـا لـە چـی خافڵاندنـی؟ لێـرەدا خـوا ﷻ دەری نەخسـتوە: ئێـوەی خافڵانـد لـە خـوا ﷻ، ئێـوەی خافڵانـد لـە ڕۆژی دوایـی، ئێـوەی خافڵانـد لـە شـوێنکەوتنی پێغەمبەرەکـەی ﷺ، ئێـوەی خافڵانـد لـە تێوەڕامانـی قورئـان، ئێـوەی خافڵانـد لـەوەدا کـە ژیانـی دنیاتـان چـۆن بـە شـێوەیەك بگوزەرێنـن جێـی پەسـندیی و ڕەزامەندیـی خـوا بـێ، ئـەو واتایانـەو وێنـەی ئـەو واتایانـە، هەموویـان دەگرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر خـوا ﷻ فەرمووبـای: (أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ عَنِ اللـهِ، عَـنِ القيامَـة عَـنِ النَّبـيِّ، عَـنِ القُـرآنِ)، ئـەو کاتـە لێخافـڵاو دیارییکـراو دەبـوو، بـەڵام ئێسـتا مانایەکـەی بـە گشـتیی دەمێنێتـەوە:

﴿ أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾، یانی: خۆ هەڵكێشان، یاخود: پێشبڕكە كردن لە زۆر كردندا، ئێوەی خافڵاند، لە هەموو ئەو شتانەی نابێ مرۆڤ لێیان بێ ئاگاو خافڵاوبێ.

هەروەها: ﴿ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾، زۆر كردن، یاخود پێشبڕكە كردن لە زۆر كردندا، زۆركردنی چی؟ دیسان خوا ﷻ ئەویشی دیاریی نەكردوە، بەڵام بە زۆریی وایە خەڵك پێشبڕكە دەكات لە زۆركردنی ماڵ و ساماندا، چ ماڵ و سامانی نەقدینە، كە كاتی خۆی زێڕو زیو بووە، ئێستاش دینارو یۆرۆ و دۆلارو ئەو دراوانەن كە هەن، هەروەها هەردوو كانزای زێڕو زیویش، بەڵكو كانزای لەوانیش بەنرختر، وەك ئەڵماس و گەوهەرو ... هتدیش هەر هەن، دوای ماڵ و سامانی نەقدینە، ئنجا ماڵ و سامانی زەوی، هەیە كەیفی بە زەوی دێ، زەوییان زۆر دەكرێ، هەیە كەیفی بە خانووان دێ، خانووان زۆر دەكرێ، هەیە كەیفی بە سەیاران دێ، سەیاران زۆر دەكرێ، كاتی خۆی حوشتر هەبووە، ئەسپ هەبووە، هەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێ كەیفی بە ئاژەڵان دێ، ئەسپی هەن، گاو مانگاو گامێشی هەن، مەڕو بزنی هەن، بەخێویان دەكات، یان بۆی بەخێو دەكرێن.

هەروەها (تكاثر) زۆركردنی قەڕەباڵغیی بە دەوری خۆتەوە، خزم و كەس و قەوم و حیزب و شوێنكەوتووان و ئەوانەی هاوكارت دەبن و تێیانڕادەبینی دەفریات بێن، هەموو ئەوانە دەگرێتەوەو جگە لە ئەوانەش، دەگرێتەوە، یانی: پێشبڕكە كردن لە زۆركردنی ماڵ و سامان و نازو نیعمەتەكانی دیكەی ژیانی دنیادا، ئێوەی خافڵاندو بێئاگا كرد، ئایا لەچی بێئاگای كردن؟ لە خوای پەروەردگارو، لە ڕۆژی دوایی و، لەو ژیانەی ئێوەی تێخراون و، ئێوە لە تاقیكردنەوەدان، كەچی لێتان تێكچووەو وا دەزانن خوا بۆ ئەوە ئێوەی لێرە داناوە، كە هەر خەریكی سەروەت و سامان و موڵك و ماڵ زۆر كردن و، قەڕەباڵغ كردنی دەوری خۆو، خانوو و سەیارەو كەل و پەل زۆركردن بن!! ﴿ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ﴾، ئێوە هەر خافڵان و بێ ئاگاو سەرقاڵ بوون، تاكو سەردانی گۆڕستانەكانتان كرد، (مَقَابِر) كۆی (مَقْبَرَة)، یان (مَقْبُرَة) یان (مَقْبِرة)یە، واتە: شوێنی گۆڕەكان، گۆڕستانەكان.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ﴾، ئاماژەیـە بـەوەی ئێـوە لـە گۆڕسـتاندا، وەك چـۆن کەسـێك سـەردانی کەسـێك دەکات، ماوەیـەکی کـەم لـە لای دادەنیشـێ، دوایـی هەڵدەسـتێ و بەجێـی دێڵـێ، نەچـووە ماڵـێ لـەوێ دابنـێ! کەواتـە: ئێـوەش کـە دەچنـە گۆڕسـتان و جەسـتەکەتان دەخرێتـە نێـو گـۆڕەوە، بزانـن ئـەوە بـۆ ماوەیەکـی کاتییـەو، وەك سـەردانی دۆسـت و نزیکێکتـان کردبـێ وایـە، بۆیـە ئـەو تەعبیـرەی بەکاردەهێـنرێ: (نُقِـل فُـلانٌ إلى مَثْـواهُ الأَخـير)، {فلانکـەس گوازرایـەوە بـۆ نشـینگەی کۆتایـی}، هەڵەیـە، چونکـە لـە ڕاسـتییدا ئـەوێ نشـینگەی کۆتایـی نیـە، گـۆڕ قۆناغێکـی ڕاگـوزەرەو تەنیـا جەسـتەکە لەوێدایـە، بـەڵام ڕووحەکـە وەك لـە فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دا هاتـوەوم ئایەتەکانیـش ئامـاژەی پـێ دەکـەن، یـان لـە بەهەشـتە یـان لـە دۆزەخـە، ڕووحەکـە بـەرز دەکرێتـەوەو ناچێتـەوە نێـو ئـەو جەسـتەیەی لێـی هاتۆتـەدەر، کـە تـازە بـە کەڵکـی تێدامـان نەمـاوە، جەسـتەکان سـەرەنجام هەڵدەوەشـێن و هەندێکیـان دەسـووتێن، هەندێکیـان هـەر گۆڕیشـیان بـە نیسـب نابـێ و، پارچـە پارچـە دەبـن، هەیانـە بـە جـۆرە ماددەیـەك هـەر دەیتوێننـەوەو نامێنـێ و، دەبێتـە ئـاو، یـان دەبێتـە تـۆزو گـەردو دووکـەڵ و بـە هـەوادا دەچـێ، هەڵبەتـە لـە لای خـوای پـەروەردگار ئاسـانە، ئـەو ڕووحـە جۆرێـك لـە پەیوەندیـی بمێنـێ بـە ئێسـك و پرووسـك، یـان دووکـەڵ و تـۆزو خـۆڵ و پارچـە پارچەکانـی جەسـتەکەیەوە، بـەڵام ئـەوەی سـزاو جەزرەبـەی دەکەوێتـە سـەر، لـە قۆناغـی بەرزەخـدا، یاخـود نـازو نیعمەتـی دەبـێ، بـە پلـەی یەکـەم ڕووحەکەیـە.

﴿ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴾، ﴿ كَلَّا ﴾، وشـەیەکە بـۆ تێوەخوڕیـن و هەڵوەشـاندنەوە (كَلِمـةُ رَدْعٍ وَإِبْطـال)، واتـە: وامەکـەن، لەمـەودوا دەزانـن، دیسـان وامەکـەن لەمـەودوا دەزانـن، چـی دەزانـن؟ خـوا نەیفەرمـووە، چـی دەزانـن و بـەرکاری: ﴿ تَعۡلَمُونَ ﴾، قرتێـنراوە، چونکـە بـە ڕەوت و سـەلیقە دیـارە، واتـە: دەزانـن زۆر بـە هەڵەداچـوون، ئەگـەر هـەر خەریکـی پێشـبڕکە کـردن بـن لـە زۆر کردنـدا، هـەر خەریکـی خافـڵان بـن، بـە دنیـاوەو ئاگاتـان لـەوە نەبـێ کـە

ئێوە بۆ کاتێکی دیارییکراو لێرە دانراون، ماوەی چەند ساڵێك کە کۆتاییەکەشی دیار نیە، ژیانی دنیاتان، ژیانێکی کاتیی و ڕاگوزەرو دیارییکراوە، بۆیە لێرە دانەنراوی هەر خەریکی ئەوەبی سەروەت و سامان وەسەر یەك بنێی، بایی ئەوەندەی پێویستییت پێیەتی کۆی بکەوە، نەك لە دوای خۆتەوە بەشی نەوەی بیستەمیشت بکات! تۆ چەند ملیارێك دۆلارت بۆ چییە؟ بە تایبەت ئەوانەی ناشیبەخشن لە ڕێی خوادا، هی وا هەیە هێندەی هەیە ئەگەر هەر دابنیشێ و لاق لەسەر لاق دابنێ و هیچ کارێك نەکات، هەموو مانگان دە دەفتەریش خەرج بکات، ئنجا بەشی هەزار ساڵی دەکات و، بێگومان تەمەنەکەشی هێندە نیە، بۆیە خوای میهرەبان دوو جاران دووبارەی کردۆتەوە: ﴿ كَلَّا ﴾، وازبێنن، هەڵە دەکەن کە بەو شێوەیە خافڵاون، ﴿ سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، لەمەودوا دەزانن، یاخود بە دڵنیایی دەزانن.

﴿ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، جارێکی دیکەش دیسان وازبێنن، بە دڵنیایی دەزانن، دەزانن بە هەڵەداچوونەو نەدەبوایە وابکەن.

﴿كَلَّا ﴾، هەروەها جارێکی دیکەش خوا ﷻ وشەی: ﴿كَلَّا ﴾، دووبارە دەکاتەوە، واتە: سێ جاران لێرەدا، یانی: دەستبەرداری ئەو حاڵەتانە بن کە ئێستا لەسەرینی و، بریتیە لە خافڵان و سەرقاڵبوون، بە پێشبڕکە کردنەوە لە زۆر کردنی ئەو شتانەدا کە لە دنیادا خوا ئێوەیان پێ تاقی دەکاتەوە، ﴿ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴾، ئەگەر زانیاریی جێی دڵنیاییتان ببوایە.

لێرەدا وەڵامی: ﴿ لَوْ ﴾، ئەگەر، قرتێنراوە، یانی: وازبێنن، ئەگەر زانیارییەکی دڵنیاییتان ببوایە، واتان نەدەکرد، یاخود: بە جۆرێکی دیکە ژیانی خۆتان بەڕێدەکرد، نەك بەو شێوەیەی ئێستا کە هەموو تواناو وزەی خۆتان خەرجی ئەوە کردوە، چۆن سەروەت و سامانی زیاتر، دەسەڵاتی زیاتر، نازو نیعمەتی زیاتر، لە دەستی خۆتاندا کۆ بکەنەوە، کە پێویستییشتان پێی نیە، بەڵکو لەسەرتان بارە.

ئنجا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾، بـە دڵنیایـی کڵپـە(ی دۆزەخ) دەبینـن، بێگومـان ئەمـە وەڵامـی: ﴿لَوْ﴾ نیـە، چونکـە دەفەرمـوێ: ئەگـەر بزانـن زانیاریـی جێـی دڵنیاییتـان هەبـێ، بـەڵام ئەگـەر بزانـن و نەزانـن دۆزەخ هـەر دەبینـن، بۆیـە ئەمـە وەڵامـی ﴿لَوْ﴾ نیـەو ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾، لـە ڕێزمانـی عەرەبییـدا پێـی دەگوتـرێ: (**جُمْلَةٌ إِسْتِئْنافية**)، ڕستەیەکی دەستپێکەرە، ڕستەیەکە لە نـوێ دەسـتی پێکـردوەو پەیوەسـت نیـە بـە ڕسـتەی پێـش ئـەوە، واتـە: بـە دڵنیایـی و سـوێند بـە خـوا، چونکـە (ل)ی (لَـترونَّ)، (**مُمَهِّـدَةٌ لِلْقَسَـم**)، زەمینەخۆشـکەرە بـۆ سـوێند، یانـی: سـوێند بەخـوا ئێـوە کڵپـەی دۆزەخ دەبینـن، ئاگـری بڵێسـەداری دۆزەخ دەبینـن، هەندێکیـش لـە زانایـان گوتوویانـە: ئەمـە پەیوەسـتە، بـە ڕسـتەی پێـش خۆیـەوە، بـەڵام نـەك بـەو واتایـەی ئەگـەر ئێـوە زانیاریـی جێـی دڵنیاییتـان هەبـێ، دۆزەخ دەبینـن، مانـای وایـە ئەگـەر زانیاریـی جێـی دڵنیاییـان نەبـێ، کڵپـەی دۆزەخ نابینـن! بەڵکـو بـەو واتایـەی ئەگـەر ئێـوە زانیاریـی جێـی دڵنیاییتـان هەبووایـە، هـەر ئێسـتا لـەم ژیانـە دنیاییـەدا، دۆزەختـان بەچـاوی عەقـڵ و دڵ دەبینـی، کـە ئـەو واتایـەش ڕێـی تێدەچـێ، بـەڵام ئـەوەی زۆربـەی ڕوونکەرەوانـی قورئـان لەسـەرنی و لەگـەڵ ڕەوتـی ئایەتەکانیشـدا باشـتر دەگونجـێ، هـەر ئەوەیـە کـە وەڵامـی (لَـو) قرتێـنراوەو، لـە زۆر شـوێنی دیکـەش دا وەڵامـی (لَـو)، قرتێـنراوە، چونکـە بـە سـیاق و سـەلیقە دەزانـرێ، بۆیـە ئـەم ڕسـتەیە ڕسـتەیەکی تازەیـە، یـانی: بـە دڵنیایـی ئێـوە کڵپـەی دۆزەخ دەبنیـن، ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾، دواییـش بـە مسـۆگەریی دەیبینـن بـە چـاوی دڵنیایـی، لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾، هـەر بـۆ جەختکردنـەوەی ئـەوەی پێشـێیە، پێشـێ دەفەرمـوێ: کڵپـەی دۆزەخ دەبینـن بـە دڵنیایـی، دوایـی دەفەرمـوێ: دیسـان دەیبینـن (کڵپـەی دۆزەخ) بـە چـاوی دڵنیایـی، کەواتـە: بـەس بـۆ جەختکردنەوەیـە، یاخـود: ئـەوەی پێشـێیان مەبەسـت پێـی قۆناغێکـەو، ئەمەشـیان مەبەسـت پێـی قۆناغێکـی دیکەیـە، هـەردوو واتایەکـە زانایـان هێناویانـن.

دەشـگونجێ بگوتـرێ: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾، واتـە: ئێـوە دوای ئـەوەی دەمـرن، ئەوانـەی بێبـڕوان، دۆزەخ دەبینـن لـە قۆناغـی بەرزەخـدا، جۆرێـك لـە دۆزەخ و جۆرێـك لـە سـزادان دەبینـن، وەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە فەرمایشـتەکانیدا ئامـاژەی پێـداوە، کـە هـەر کەسـێك بمـرێ نشـینگەی خـۆی لـە بەهەشـت یـان لـە دۆزەخـدا دەبینـێ[1]، ئـەوەی دیکەشـیان: ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾، دواییـش ئێـوە کڵپـەی دۆزەخ دەبینـن بـە چـاوی دڵنیایـی، یـانی: کاتێـك کـە دەچنـە نێـو دۆزەخـەوە، لـەوێ بـە چـاوی خۆتـان دەیبینـن.

﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، ئنجا لـەو ڕۆژەدا لێتـان دەپرسرێتـەوە لەو نازو نیعمـەت و خێـرو خۆشـییەی لـە دنیـادا بۆتـان ڕەخسـێنراوە، لێتـان دەپرسرێتـەوە لـە وردو درشـتی، ئایـا چـۆن مامەڵەتـان بـە نـازو نیعمەتەکانـەوە کـردوە؟ ئایـا کردووتانـن بەهـۆکاری خـۆ پێبـادان و خـۆ پێهەڵکێشـان بەسـەر ئـەم و ئـەوداو، لـە خۆتانـدا قەتیسـتان کـردوون و، بەشـی خەڵکـی دیکەتـان لێنـەداون، وەك کرمەگڵخۆرکـە هـەر خۆتـان بـە تەنیـا دەمتـان لـەو نـازو نیعمەتانـەوە نـاوەو، ئاوڕتـان لـە خەڵکـی دیکـە نەداوەتـەوەو، سـەرتان بـەرەو ئاسـمان هەڵنەبڕیـوە! یاخـود مـافی خـواو خەڵکیشـتان تێـدا ڕەچـاو کـردوون و وەك سـپاردەیەکی خوایـی لـە دەسـتتان دا تەماشـاتان کـردوون؟!

لە کۆتایی ئەم مانایە گشتییەدا، بە باشم زانی ئەم دەقە بێنم[2]:

{عَنْ زَيـدِ بْـنِ أَسْلَمَ عَـنْ أَبِيهِ ﷺ، قَـالَ: قَـرَأَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ: «أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ» يَعْنِي عَـنِ الطَّاعَـةِ، «حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ» يَقُـولُ: حَتَّـى يَأْتِيَكُـمُ الـمَوْتُ، { كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ }

---

(١) لـە چەنـد شـوێنێکی ئـەم تەفسـیرەدا بـاسی نیعمـەت و سـزای گـۆڕو قۆناغـی بەرزەخـمان کـردوەو، دەقـەکانی سوننەتیشـمان لـە بارەیـەوە هێنـاون بـۆ وێنـە: تەفسـیری سـووڕەتی: (المؤمنـون)، ئایـەتی: ﴿ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾، هەروەهـا تەفسـیری سـووڕەتی: (الواقعـة) ئایەتـەکانی: ﴿ فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ ﴾، هەتـا کۆتایـی سـووڕەتەکە.

(٢) تفسير القرآن العظيم: ج٤، ص٦٥٢، فتح القدير: ج٥، ص١٠٧-١٠٨، موقوفاً.

يَعْنـي: لَـوْ قَـد دَخَلْتُـم قُبُوْرَكُـم «ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ » يَقُـولُ: لَـوْ قَـدْ خَرَجْتُـم مِـن قُبورِكُـم إلى مَحْشَرِكُـم، « كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ » قَـالَ: لَـوْ قَـدْ وَقَفْتُـم عَـلَى أعْمَالِكُـم بَـيْنَ يَـدَيْ رَبِّكُـم، « لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ » وَذَلِـكَ أنَّ الـصِّراطَ يُوضَـعُ وَسَـطَ جَهَنَّـمَ، فَنَـاجٍ مُسَـلَّمٌ، وَمَخْـدوشٌ مُسَـلَّمٌ، وَمَكْـدوسٌ فِي نَـارِ جَهَنَّـم. « ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ » يَعْنـي: شَـبَع البُطـوْنِ، وَبـارِد الـشُّرْبِ، وَظِـلاَلِ المَسَـاكِن، وَاعْتِـدَال الخَلْـقِ، وَلَـذَّة النَّـوم}.

واتـە: زەیـدی کـوڕی ئەسـلەم لـە بابیـەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەم سـوورەتەی خوێنـدەوە: {ئەگـەر واشـهێنرابێ، بـەڵام ئەمـە قسـەی زەیـدی کـوڕی ئەسـلەمە لـە بابیـەوە ﷺ هێناویەتـی}، ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾، زۆرکـردن، یاخـود پێشـبڕکە کـردن لـە زۆر کـردن دا، ئێـوەی بێئـاگا کـرد، لـە فەرمانبەریـی، (چەمکەکـەی زۆر لـەوە فراوانـترە، واتـە: لـە خـوا، لـە ڕۆژی دوایـی، لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە قورئـان... بێئـاگای کـردوون)، ﴿ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴾، هەتـا (مردنتـان بـۆ هـات و)، بردیانـن بـۆ گۆڕسـتان، ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، وازبێنـن، ئەگـەر چوونـە نێـو گۆڕەکانتانـەوە، دەزانـن، ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، جارێکـی دیکـەش واز بێنـن، لەمـەودوا بـە دڵنیایـی دەزانـن، واتـە: ئـەو کاتـەی لـە گۆڕەکانتـان دەردەچـن بـەرەو شـوێنی لـێ کۆکرانـەوەو خڕکرانـەوە لـە ڕۆژی دواییـدا، دەزانـن، ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴾، {وازبێنـن ئەگـەر زانیارییەکـی جێـی دڵنیاییتـان هەبووایـە}، ئەگـەر کردەوەکانتـان بینیـن کاتێـك لـە بەردەمـی پەروەردگاتـان ڕادەگیرێـن، ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾، (بـە دڵنیایـی کڵپـەی دۆزەخ دەبینـن)، ئـەو پـردەی بەسـەر نێوەڕاسـتی دۆزەخ ڕادەهێڵـدرێ، (دەبـێ خەڵـك لێیـەوە بپەڕێتـەوە بـۆ ئەوبـەر ئنجـا دەچێتـە بەهەشـت)، (فَنَـاجٍ مُسَـلَّمٌ)، ئنجـا هەیـە دەربـازی دەبـێ و سـەلامەتکراوە، (وَمَخْـدوشٌ مُسَـلَّم)، هەروەهـا هەیـە برینـدار دەبـێ و دەڕووشـێ، بـەڵام سـەلامەت دەبـێ، (وَمَكْـدوسٌ فِي نَـارِ جَهَنَّـم)، هەشـن بەسـەریەکدا دەکـەون لـە ئاگـری دۆزەخـدا، ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، دوایـی لـەو ڕۆژەدا لـە نـازو نیعمـەت لێتـان دەپرسرێتـەوە (ئـەو پێنـج شـتی هێنـاون و پێـم جوانـن)، (شَبع

البُطـوُنِ، وَبـارِد الـشُّرْبِ، وَظِـلالُ المَسـاكِن، وَاعْتِـدال الخَلْـقِ، وَلَـذَّة النَّـوم)، تێربوونـی سـکان بـە خـواردن و خـۆراك و، خواردنـەوەی سـاردو فێنـك و، سـێبەری خانـوو و جێـگاو ڕێگایـان و، جەسـتە ڕێکـەکان، (کـە خـوا بـە ڕێـك و پێکیـی دروسـتیکردوون) و چێـژی خەوتـن.

بێگومـان ئـەم پێنجـە هەندێکـن لـەو نیعمەتانـەی خـوا لێیـان دەپرسـێتەوە، بـەڵام سـەرەکییەکانیانن: خـواردن و خواردنـەوە، جێـگاو ڕێگـە، تەندروسـتیی و سـەلامەتیی و، خـەوو پشـوودان و ئیسـڕاحەت.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سەرزەنشتکردنی خوا ﷻ بۆ پێشبڕکەکاران لە زۆر کردنی سامان و دەستەڵات و نیعمەتەکانی دیکەدا، هەتا چوونە گۆڕستان و، دووجاران بەرپەرچدانەوەیان لەو ڕەفتارەیان و، ئاگادار کردنەوەیان کە لەمەودوا دەزانن بە هەڵەداچوون و، ئەگەر زانیاریی دڵنیاکەریان ببووایە، بەو جۆرەیان نەدەکرد:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴿١﴾ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾، ئێوەی خافڵاندو سەرقاڵکرد، زۆرکردن، یاخود: پێشبڕکە لە زۆرکردندا.

ڕووی دواندن دەگونجێ لە بێبڕوایان بێ، کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا ﷺ بوون و لە هەموو ڕۆژگارەکانی دیکەش دا کە دێن، دەبن دەشگونجێ ڕووی دواندن لە هەموو لایەك بێ و دیارە ئەو کاتەش کۆمەڵگا بە زۆریی لەو جۆرە بووە کە بێبڕوا بوون، بەڵام بڕوادارانیشیان لە نێودا بوون، واتە: خوای پەروەردگار لێرەدا ڕووی کردۆتە خەڵك و مرۆڤەکان بە گشتیی، ئەو مانایەیان زیاتر بە عەقڵ و دڵەوە دەنووسێ، چونکە خەڵك بە گشتیی، خافڵان و سەرقاڵ بوونیان هەیە، بە زۆر کردنی سەروەت و سامان و دەستەڵات و نازو نیعمەتەکانی دیکەوە، ڕۆژی دوایی و، لەسەر حیسابی پەیوەندییان لەگەڵ خوادا ﷻ.

﴿ أَلْهَىٰكُمُ ﴾، (أَي: شَغَلَكُم عَمَّا يَجِبُ عَلَيْكُمُ الإِشْتِغَالُ بِهِ)، واته: ئێوەی خافڵاندو سەرقاڵكرد لەوەی لەسەرتان پێویستە پێیەوە سەرگەرم بن، پێیەوە خەریك بن، (اللَّهو: مَا يَشْغَلُ الإِنْسَانَ عَنْ أَمْرٍ مُهِمٍّ)، (لَهْو): بریتیە لەوەی مرۆڤ دەخافڵێنێ لە شتێك بۆی گرنگ و جێی بایەخ بێ.

﴿ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾، (تَفَاعُلٌ مِنَ الكَثْرَةِ، أيْ: التَّبارِي فِي الإِكْثارِ مِن شَيْءٍ مَرْغُوبٍ فِي كَثْرَتِهِ، فَمِنْهُ: التَّكاثُرُ فِي الأَمْوالِ، وَمِنْهُ: التَّكاثُرُ فِي الأَعْوان و وَالأَوْلادِ لِلإِعْتِزازِ بِهِم)، (تَكَاثُر): لەسەر كێشی (تَفَاعُل)ە، لە (كَثْرَة)ەوە هاتوە، (كَثْرَة) واتە: زۆر، (التَّكاثُر) واتە: پێشبڕكەكردن لە زۆركردن لە شتێكدا زۆرییەكەی جێگای ئارەزووبێ، پێشبڕكە بكەی لەوەدا كە ئەندازەیەكی زیاتری لێ وەدەست بێنی، وەك زۆركردنی ماڵ و سامان و، زۆركردنی ژمارەی هاوكاران و منداڵان، بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە باڵادەست و بە هێزبێ و، دەوری قەرەباڵغ بێ.

ڕووی دواندن دەگونجێ بە تایبەت لە بێبڕوایان بێ، خاوەنانی شیرك و كوفر، بە تایبەت ئەوانەیان كە ساماندارو دەسەڵاتدارن، یانی: ئەوانەی لە كۆمەڵگای شیرك و كوفردا باڵادەستن، بەهۆی ماڵ و سامان و دەسەڵاتەوە، دەشگونجێ ڕوو لە خەڵكی گشتیی بێ، بەڵام ئەو كاتەش بە تایبەت ئەوان - ساماندارو دەستەڵاتداران - دەگرێتەوە.

٢)- ﴿ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴾، هەتا سەردانی گۆڕستانانتان كرد، كۆی (قَبْر) و (قبور) و (أَقْبُر)ە، ﴿ ٱلْمَقَابِرَ ﴾، كۆی (مَقْبِرَة) و (مَقْبَرَة) و (مَقْبُرَة)یە، هەرسێكیان بە (مَقَابر)، كۆ دەكرێنەوە، (الأَرْضُ الَّتِي فِيهَا قُبُورٌ كَثِيْرَة)، ئەو سەر زەمینەی گۆڕی زۆری تێدان، واتە: گۆڕستان، كە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ﴿٢﴾ ﴾، (حَتَّىٰ: لِبُلُوغِ الغَايَةِ)، (حتَّى) بۆ گەیشتنە ئامانجێكە وەك: (أَكَلْتُ السَّمَكَةَ حَتَّى رَأْسَهَا)، ماسییەكەم خوارد هەتا سەریشی، یان (سِرْتُ مِنْ بَغْدَاد حَتَّى البَصْرَة)، لە بەغداوە چووم هەتا بەصرا.

﴿ حَتَّىٰ ﴾، بۆ گەیشتنە ئامانجێکە، ئنجا ئایا لێرەدا ئەو ئامانجە چییە؟ واتە: خافڵانی ئێوە بەردەوام بوو هەتا سەردانی گۆڕستانتان کرد، یانی: ﴿ حَتَّىٰ ﴾، بۆ گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی خافڵان و سەرقاڵبوون و سەرگەرمبوونە، واتە: خافڵان هەتا سەردانی گۆڕستانتان کرد، بۆچی بەسەردان ناوی دەبات؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ کە دەمرێ،چوونە نێوگۆڕی لە ڕاستییدا قۆناغێکی ڕاگوزارەو، مرۆڤ جەستەکەی ماوەیەکی دیارییکراو لە گۆڕدا دەمێنێتەوە، ئەگەر گۆڕی بەنسیب بێ، دوایی قیامەتی بەسەرداد‌ێ و زیندوو دەکرێتەوەو، جەستەو ڕووح پێکەوە یەکدەگرنەوە لە ڕۆژی دوایی دا، بۆیە بەکرداری ڕابردوو هێناویەتی: ﴿ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ۝٢ ﴾، کە ئەمە بۆ ڕابردوویەو مەبەست پێی ئەوەیە: ئەو داهاتووەی لەڕێیان دایە، وەك ڕابردوویەکە، کە ڕوودانەکەی و هاتنەکەی بۆتە شتێکی جێی دڵنیایی و، مسۆگەر بووە بۆیە ئاوای پێشان دەدات، چونکە ڕوودانەکەی شتێکی حەتمیی و مسۆگەرە، هەروەك خوا عزوجل لە سەرەتای سوورەتی (النحل)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُۚ ۝١ ﴾، واتە: فەرمانی خوا هات پەلەی لێ مەکەن، کە جارێ نەهاتوە، ئەگەر مەبەست پێی ئاخیر زەمان، یان ڕۆژی قیامەت بێ، جارێ نەهاتوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو شتێ لەبەر دەستی خوای باڵا دەستەو، خواش بۆ خۆی هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردوەو، دەزانێ ڕۆژی ئاخیر زەمان و ڕۆژی قیامەتیش هەر دێن، بۆیە بە هاتوو وەسفی کردوە، هەروەها لەبەر ئەوەش کە مانەوە لە گۆڕدا، هەتا ئەو کاتەیە کە ئاخیر زەمان دێ و قیامەت دێ، بۆیە بە تەعبیری چوونە گۆڕستان باسیکردوە، ئەگەرنا مەبەست پێی مردن و برانە گۆڕستانی ئەو کەسانەیە.

پێشتریش ئاماژەم پێدا، کە هەندێك وایان لێکداوەتەوە کە ئەو پێشبڕکەکارانە لە زۆرکردن دا، دوو هۆزی مەککەیی بوون، بەڕای ئەوانەی دەڵێن: ئەم سوورەتە مەککەییە، یاخود دوو هۆزی مەدینەیی بوون، بەڕای ئەوانەی دەڵێن: ئەم سوورەتە مەدینەییە.

بەڵام ئێمە مەککەیی بوونیمان هەڵبژارد، ئنجا لە هەردووك حاڵان دا، گوتراوە: ئەوانە پێشبڕكێیان بووە ئایا كامیان ژمارەی زیاترە؟ ئیدی سەرژمێری زیندووانیان كردووەو یەكێكیان لە یەكێكیان زیاتر بووە، ئنجا ئەوەی دۆڕاوە گوتوویەتی: با مردووانیش بژمێرین، بۆیە چوونە سەر گۆڕستانیش و مردووەكانیشیان ژماردوون، ئنجا دۆڕاوەكە بردوویەتەوە! دەڵێم: بێگومان دەشگونجێ ئەو ڕووداوە بووبێ، چ لە مەككە، چ لە مەدینەو خەڵك خۆی بەزۆرییەوە هەڵكێشابێ، بەڵام ئەم سوورەتە موبارەكە لەو بارەوە نەهاتووە، ئەگەر ئەوەش بگرێتەوە، مەبەستی بنەڕەتیی سوورەتە موبارەكەكە ئەوە نیە، بەڵكو خافڵانی خەڵك و سەرقاڵبوونیان بە ژیانی دنیاو سەروەت و سامان و دەستەڵاتەوەو، بە قەڕەباڵغیی دەوریانەوە، بە كورتیی: بە نازو نیعمەتە ماددییەكانەوە لەسەر حیسابی ڕۆژی دواییان و، ژیانی مەعنەوییان و ئەو حیكمەت و هەقەی بۆی دروستكراون، كە بریتیە لە تاقیكردنەوەیان، كە ئەوەش دیاردەیەكی گشتییەو نەخۆشییەكی گشتگیرە بۆ هەموو مرۆڤەكان.

ئنجا خوا عزوجل دەفەرموێ:

٣)- ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، نەخێر (با وازبێنن) لەمەودوا دەزانن.

٤)- ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، دیسان نەخێر (با وازبێنن) لەمەودوا دەزانن، (**كَلّا**): وشەیەكە بۆ تێخوڕین و بەرپەرچدانەوەو هەڵوەشاندنەوە، واتە: وازبێنن لە پێشبڕكەكردن لە زۆركردنی سەروەت و سامان و دەستەڵات و چی و چییدا، باوازبێنن لەمەو دوا دەزانن، ﴿ سَوْفَ ﴾، بۆ لەمەو دوایە، جاری واش هەیە ﴿ سَوْفَ ﴾، بۆ شتێكە كە دڵنیابی هەر دەبێ، (**لِتَحْقِيقِ وُصُولِ العِلْمِ**)، بە دڵنیایی دەزانن، ﴿ ثُمَّ كَلَّا ﴾، دیسان با وازبێنن، لە پێشبڕكەكردن لەزۆركردنی سەروەت و سامان و دەستەڵات و نازو نیعمەتەكانی دیكەدا، ﴿ سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، بەدڵنیایی دەزانن، چی دەزانن؟

هەردوو ڕستەكە: ﴿ سَوْفَ تَعْلَمُونَ ③ ﴾، ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ④ ﴾، بەركار(**مفعول**)ەكەیان قرتێندراوە، چونكە ئاشكراو زانراوە: (**سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَغَبَّة**

لهیكم بالتكاثر)، لەمەودوا سەرەنجامی خافڵانتان بە پێشبڕكەكردنەوە لە زۆركردنی سەروەت و سامان و دەستەڵات و چی و چیدا، دەزانن، یاخود: دەزانن چ سزایەك چاوەڕێتان دەكات، چ سەرەنجامێكی شووم چاوەڕێتان دەكات.

(**ثُمَّ: للتَّرتیبِ والتَّراخِي**)، (ثم) بۆ ڕیزبەندیی و بە دوای یەك دا هاتنی بەكاوە خۆیە، ڕستەی دووەمیش جەختكەرەوەی ڕستەی پێشەوەیە.

٥)- ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ ﴾، نەخێر (وازبێنن لە پێشبڕكەكردن لە زۆركردنی سەروەت و سامان و دەستەڵات و چی و چییدا)، ئەگەر زانیاریی دڵنیاییتان ببووایە، دیسان وەڵامی ﴿لَوْ﴾، قرتێنراوە، لێرەدا وشەی تێخوڕین (كلاّ) بۆ جاری سێیەم دووبارە بۆتەوە، تاكو ئەوەی ئەوان لەسەرینی زۆر هەڵیبووەشێنێتەوە، كە بریتیە لە خافڵان بەهۆی زۆركردنی لایەنی ماددییەوە، لە تێوەڕامانی كتێبی خوا، یاخود: خافڵان لەو حیكمەتەی بۆی دروستكراون، یاخود: خافڵان لە چاودێریی كردنی خوا بۆیان، یاخود: خافڵان لەو سەرەنجامەی چاوەڕێیان دەكات.

هەڵبەتە ئەم ڕستەیە: ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ ۝٥ ﴾، بۆ زەبەلاح و گەورە پێشاندانە، بۆیەش وەڵامی ﴿لَوْ﴾، (ئەگەر)، قرتێنراوە، تاكو هۆش و زەینی مرۆڤ بەهەرلایەكدا بڕوا، یانی: ئەگەر ئێوە زانیاریی دڵنیاییتان ببووایە، واتان نەدەكرد، ئەگەر زانیاریی دڵنیاییتان ببووایە، دەتانزانی سەرەنجامی شووم چاوەڕێتان دەكا، ئەگەر زانیاریی دڵنیاییتان ببووایە، خۆتان ئامادەدەكرد بۆ دیداری خوا، هەموو ئەو وەڵامانەو هاووێنەكانیان دەگونجێ دابندرێن.

(**الطبري**) لە ڕوونكردنەوەی چەمك و واتای ئەم ئایەتانەدا دەڵێ:

(**مَا هَكَذَا يَنْبَغِي أَنْ تَفْعَلُوا، أَنْ يُلْهِيَكُمُ التَّكَاثُرُ أَيُّهَا النَّاسُ، لَوْ تَعْلَمُونَ أَيُّهَا النَّاسُ عِلْمًا يَقِينًا، أَنَّ اللَّهَ بَاعِثُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ بَعْدِ مَمَاتِكُمْ، مِنْ قُبُورِكُمْ، مَا أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ عَنْ طَاعَةِ اللَّهِ رَبِّكُمْ، وَلَسَارَعْتُمْ إِلَى عِبَادَتِهِ، وَالإِنْتِهَاءِ إِلَى أَمْرِهِ وَنَهْيِهِ، وَرَفْضِ الدُّنْيَا إِشْفَاقاً عَلَى أَنْفُسِكُمْ مِنْ عُقُوبَتِهِ**) (جامع البيان: ج١٥، ص٣١٣ و ٣١٤).

واتــە: ئــەی خەڵکینــە، نەدەبــوو وابکــەن، پێشــبڕکە کــردن لــە زۆرکردنــدا بتانخافڵێنــێ، ئــەی خەڵکینــە، ئەگــەر زانیارییەکــی جێــی دڵنیاییتــان ببوایــە، کــە خــوا ﷻ لــە ڕۆژی هەڵســانەوەدا، ئێــوە زینــدوو دەکاتــەوە دوای مردنتــان، لــە گۆڕەکانتــان دەرتاندێنێتــەوە، ئــەو کاتــە پێشــبڕکەکردن لــە زۆرکردنــدا، ئێــوەی بێئــاگا نەدەکــرد لــە فەرمانبەریــی پەروەردگارتــان، بەڵکــو خێراییتــان دەکــرد بــۆ پەرســتنی و پابەندیــی بــە فەرمــان و قەدەغــەی خــواو، واز لێهێنانــی دنیــا لەبــەر مەترســیی لــە خۆتــان و پەرۆشــبوونی خۆتــان، لــەوەی ســزا بدرێــن.

ڕەتکردنــەوەی دنیــا (**رَفْض الدُّنيَا**)، -بەتەعبیــری تەبەریــی- مەگــەر دنیــای حەڕام و ناشــەرعیی مەبەســت بــێ، ئەگەرنــا ئیســلام نەهاتــوە بــە مســوڵمانان بڵــێ: ژیــانی دونیــا ڕەفــز بکــەن، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە خــوای پــەروەردگار فێــری مســوڵمانانی کــردوە، داوای چاکــەی دنیــا بکــەن: ﴿ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾ ﴾البقرة، پەروەردگارمــان! لــە دنیــادا چاکــەو لــە ڕۆژی دوایــی دا چاکەمــان پێبــدەو لــە ئــازاری ئاگــر بمانپارێــزە.

هەروەهــا لــە ســووڕەتی (**القصــص**)دا: ﴿ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ﴿٧٧﴾ ﴾، واتــە: بــەشی خۆشــت لــە ژیانــی دنیــا فەرامــۆش مەکــە، بــەڵام بــە دڵنیاییــەوە (**الطبري**) مەبەســتی دنیایەکــە بــە حەڕامیــی و لەســەر حیســابی قیامــەت بــێ، دنیایــەك لەســەر حیســابی ئــەو ســەرەنجامە مســۆگەرە بــێ، کــە چاوەڕێــی هەمــوو مرۆڤــەکان دەکات، کــە ســزاو پاداشــتی خوایــە، ئائــەو دنیایەیــە دەبــێ وازی لــێ بهێنــرێ و ڕەت بکرێتــەوە.

کــە دەفەرمــوێ: ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ ﴾، نەخێــر، ئەگــەر زانیاریــی دڵنیاییتــان ببوایــە، گومانــی تێــدا نیــە وەڵامــی ﴿ لَوْ ﴾، (ئەگــەر) قرتێــنراوەو، ئــەو ڕســتەیەی دوایــی دێ کــە دەفەرمــوێ: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ﴾، بــە جەختکردنــەوەوە کڵپــە (ی دۆزەخ) دەبینــن، ناگونجــێ وەڵامــی ﴿ لَوْ ﴾ بــێ، چونکــە ئەگــەر زانیاریــی جێــی دڵنیاییشــیان نەبــێ، دۆزەخ هــەر دەبینــن ئەوانــەی بێبــڕوا بــن، بۆیــە ناگونجــێ ئــەو ڕســتەیە وەڵامــی (لــو) بــێ، بەڵکــو وەڵامەکــەی قرتێــنراوە، کــە

بریتیە لە: ئەگەر ئێوە زانیاریی جێی دڵنیاییتان ببوایە، واتان نەدەکرد، یاخود: خۆتان بۆ دیداری خوا ئامادە دەکرد، یاخود: دەتانزانی کە سەرەنجامێکی شووم و سزایەکی سەخت چاوەڕێتانە.

مانای (عِلْمَ ٱلْيَقِينِ)

زانایان لە بارەی وشەی: ﴿عِلْمَ ٱلْيَقِينِ﴾ەوە، ڕاجیاییان هەیە:

١- هەندێك گووتویانە: (**عِلْمُ الأَمْرِ المُتَيَقَّن، أي: كَعِلْمِكُمْ مَا تَسْتَيْقَنُونَهُ مِنَ الأُمُور**)، واتە: زانیاریی کارێکی جێی دڵنیایی، یانی: وەك زانیارییتان بە شتێکی جێی دڵنیایی، ئەگەر زانیارییەکی واتان ببوایە، بەو شێوەیەتان نەدەکرد.

٢- هەندێك گوتوویانە: (**اليَقِيْنُ: صِفَةٌ لِمُقَدَّر**)، (**يقين**) سیفەتی مەزەنەکراوێکە، وەك (**أمر**)، (**عِلْمُ الأَمْرِ اليَقِين**)، زانیاریی کارێکی مسۆگەرو جێی دڵنیایی، ئەمە لە هی یەکەمەوە نیزیکە.

٣- هەندێکیش گووتویانە: (**مِنْ إِضَافَةِ المَوْصُوفِ إلى صِفَتِهِ**)، پاڵدرانی وەسفکراوە بۆ لای ئاوەڵناوەکەی: (عِلْمَ ٱلْيَقِينِ : **العِلْمُ اليَقِيْن**)، زانیارییەکی جێی دڵنیایی.

٤- هەندێکیش گوتوویانە: ﴿عِلْمَ ٱلْيَقِينِ﴾، واتە: زانیارییتان بە مردن هەبوایە، چونکە خوا مردنی ناو ناوە (**يقين**): ﴿حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلْيَقِينُ ٤٧﴾**المدثر**، یانی: ئەگەر زانیارییتان بە مردن هەبووایەو، زانیباتان چۆن دەمرن و چیتان لێدێ، واتان نەدەکرد!

بەڵام من مانای چوارەمم پێ بەهێز نیەو، یان بە مانای: (**علم الأمر المتيقن**)، زانیاریی کارێکی مسۆگەرە، یاخود: وەسفکراو پاڵدراوەتە لای ئاوەڵناو (**صفة**)ەکەی، یانی: (**العلم اليقين**)، زانیارییەك کە جێی دڵنیاییە.

مەسەلەی دووەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هەموو لایەك (بە تایبەت بێبڕوایەکان) کڵپەی دۆزەخ دەبینن و، دوایی بە چاوی دڵنیایی دەیبینن، پاشان لە نازو نیعمەتی بۆ ڕەخسێنراویان لێیان دەپرسرێتەوە:

خوا عزوجل دەفەرموێ: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾ ﴾.

ئەم مەسەلەیەش لە سێ بڕگەدا شی دەکەینەوە:

١)- ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾، بە دڵنیایی کڵپە (ی دۆزەخ) دەبینن، (ل) لێرەدا زەمینەخۆشکەرە بۆ سوێند: (**والله لترونَّ الجحيم**)، سوێند بە خوا ئێوە کڵپەی دۆزەخ دەبینن، بەڵام بە دڵنیایی ڕستەی: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ﴾، وەڵامی ڕستەی پێشێ نیە، کە دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ ﴾، وازبێنن ئەگەر زانیاریی جێی دڵنیاییتان ببووایە، ئنجا دوایی بفەرموێ: بە دڵنیایی ئێوە کڵپەی دۆزەخ دەبینن، چونکە ئەگەر زانیاریی دڵنیاییشیان نەبێ، دۆزەخ هەر دەبینن، بۆیە ناگونجێ وەڵامی ئەوێ بێ، لەبەر ئەوەش واباشە بگرە پێویستە، لە کاتی خوێندندا، لەسەر: ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴿٥﴾ ﴾، بوەستین، ئنجا: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴿٦﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ﴾، بەسەریەکەوە بخوێندرێتەوە، کە دەفەرموێ:

٢)- ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾، دوایی بە دڵنیایی بە چاوی دڵنیایی دەیبینن، ئەمە بۆ جەختکردنەوەی ڕستەی پێشێیە، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە دوایی بەچاوی دڵنیایی دەیبینن، پێشێ دەفەرموێ: کڵپەی دۆزەخ دەبینن، دوایی دەفەرموێ: دواتر بەچاوی دڵنیایی دەیبینن، ﴿ عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴿٧﴾ ﴾، واتە: ئەو بینینەی کە خودی دڵنیاییە، لێرەدا (**عين**)، بە مانای خود (**نفس**)ە، دەگوترێ: (**جاء زيدٌ نَفْسُهُ**)، یان (**عَيْنُهُ**)، واتە: خودی خۆی هات.

کە دەفەرمـوێ: ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ۝٧ ﴾، دوای ئـەوەی فەرموویەتـی: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ۝٦ ﴾.

واتایەکەی دوو ئەگەری هەن:

أ- زانایان هەندێکیان گووتویانە: بینینی یەکەم کاتێکە کە لە دوورەوە دۆزەخ دەبینن و، بینینی دووەم کاتێکە لە نیزیکەوە دەیبینن.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: بینینی یەکەم لە کاتێکدایە دەچنە سوێی دۆزەخ، بەڵام بینینی دووەم کاتێکە دەچنە نێو دۆزەخەوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ۝٦ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ۝٧ ﴾، ئایـا ڕووی دوانـدن لـە بێبڕوایانـە بـە تایبـەت، یاخـود بـۆ تێکڕایـە هـەم بێبڕوایـان، هـەم جگـە لـە بێبڕوایـان؟ هـەردوو ئەگەرەکـەی هـەن، چونکـە بێگومـان هەمـوو کـەس دۆزەخ دەبینـێ، بـڕوادارو بێبـڕوا، بڕوادارانیـش چ گوناهباربـن پێویسـت بـکات، بچنـە دۆزەخـەوە تاکـو پـاك دەبنـەوەو سـزا دەدرێـن، یاخـود نەچنـە نێـو دۆزەخـەوە هەموویـان دۆزەخ هـەر دەبینـن و، فەرمایشـتی خـوا لـە سـوورەتی (مریـم)دا زۆر بـە ڕوونیـی دەیگەیەنـێ: ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ۝٧١ ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ۝٧٢ ﴾ مریـم.

(الجرجـاني)، لـە کتێبـە ناودارەکـەی خـۆی **(التعريفـات)**[1]دا، ئـاوا پێناسـەی **(يقـين)** دەکات: **(اليقـينُ: العِلْـمُ الَّـذِي لاَ شَـكَّ مَعَـهُ، وَفِي الإصطِـلاَحِ: اعْتِقَـادُ الـشَّيءِ بَأَنَّـهُ كَـذَا مَـعَ اعتِقَـادِ أَنَّـهُ لاَ يمكـن إلاَّ كـذا، مُطَابقَـاً للواقِـعِ غَـيْرَ مُمْكِـن الـزَّوَالِ)**، واتـە: **(يَقِـيْن)**: ئـەو زانیارییەیـە کـە دوودڵیـی لەگەڵـدا نیـە، (ئـەوە لـە ڕووی زمانـەوە)، لـە ڕووی زاراوەییـەوەش بریتیـە لـە بـڕوا هەبـوون بـە شـتێك بـەو شـێوەیەی هەیـە، لەگـەڵ بـڕوا هەبـوون بـەوەدا کـە ناگونجـێ بـەو شـێوەیە نەبـێ، پـڕ بەپێسـتی واقیـش بـێ و، ناشـگونجێ ئـەو زانیارییـە لـە عەقـڵ و دڵـی مـرۆڤ لابچـێ.

---

(١) ص ٢٥١.

(وَعِنْدَ أَهْلِ الحَقِيقَةِ: رُؤْيَةِ العيان بقوّة الإيمان لا بالحُجَّة والبُرْهَان، وقيل مشاهدة الغيوب بصفاء القلوب)، لەلای (أهل الحقيقة)ش، (مەبەستی پێ ئەوانەیە کە زیاتر سەرگەرمی تەزکیەی نەفس و تەصەووف بوون)، (يقين): بریتیە لە دیتنی ئاشکرا بەهۆی هێزی ئیمانەوە، نەك بەهۆی هێزی بەڵگەوە، گوتراویشە: (يقين) بریتیە لە دیتنی نادیارەکان بە هۆی سافیی دڵانەوە.

٣)- ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾، دوایی بە دڵنیایی لە بارەی نازو نیعمەتەوە لێتان دەپرسرێتەوە.

بۆ شیکردنەوەی چەمك و واتای ئەم ئایەتەی کۆتایی سوورەتی (التكاثر)، دەڵێین:

بە دڵنیایی لێپرسرانەوەمان لە بارەی نازو نیعمەتەکانی خواوە، کە لەم ژیانە دنیاییەدا پێیداوین، تاکو بتوانین ژیانی ڕاگوزەرو کاتیی دنیامان بەشێوەیەکی شایستە بگوزەرێنین، شتێکی یەکجار مەترسییدارو هەستیارو گرنگەو، پێویستیی بە وریاییەکی زۆر دەکات، تاکو لەسەر چاکەو نیعمەتەکانی خوا کە لە ژمێرە نایەن: ﴿ وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ﴾، إبراهيم - ٣٤ -، قەرزدارو شەرمەزارنەبینەوە.

(القرطبي)، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، دەڵێ: (لَم يَأْتِ فِي التَّنْزِيل ذِكْرُ المَقَابِرِ إلاَّ فِي هَـذِهِ السُّوْرَة)، لە قورئاندا باسی گۆڕستانەکان نەکراوە، جگە لەم سوورەتەدا، کە دەفەرموێ: ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ۝٢ ﴾.

لە کۆتایی ئەم دەرسەدا بەباشی دەزانم چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ژمارەیان نۆ (٩)یە، بهێنمەوە کە جگە لە یەکەم و دووەمیان، سەرجەمیان لە بارەی چەمك و واتای ئایەتی: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾ن و، تیشکی زۆرمان بۆ دەخەنە سەر چەمك و واتای ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتە بە پێزە:

---

(١) ج ٢٠، الجزء: ٣٠، ص ١٣٣.

نۆ فەرمووده لەبارەی لێپرسرانەوە لەسەر نیعمەتەکان

فەرموودەی یەکەم:

{عَنْ مُطَرِّفِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الشِّخِّيرِ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّهُ انْتَهَى إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، وَهُوَ يَقْرَأُ: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ۝٢﴾التكاثر، قَالَ: «ابْنَ آدَمَ، لَيْسَ لَكَ مِنْ مَالِكِ إِلَّا مَا أَكَلْتَ فَأَفْنَيْتَ، أَوْ لَبِسْتَ فَأَبْلَيْتَ، أَوْ تَصَدَّقْتَ فَأَمْضَيْتَ»} (جامع البيان: ٣٧٩٩٣، وقال المخرج: إسناده صحيح، ومسلم: ٢٩٥٨، والترمذي: ٢٣٤٩).

واتە: موتەڕڕیفی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی شیخخیر لە باببیەوە گێڕاویەتەوە کە چوو بووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ لە حاڵێکدا ئەم سوورەتەی خوێندۆتەوە: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ ۝٢﴾، دوایی فەرموویەتی: ڕۆڵەی ئادەم! لە ماڵ و سامانەکەت هیچی بۆ تۆ نیە، مەگەر ئەوەی خواردووتەو لەبەینت بردوە، یاخود پۆشیوتەو شڕتکردوە، یاخود چاکەت پێکردوەو تێپەڕیوەو ڕابردوە.

فەرموودەی دووەم:

(عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، قَالَ: كُنَّا نَرَى أَنَّ هَذَا الْحَدِيثَ مِنَ الْقُرْآنِ: «لَوْ أَنَّ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَيْنِ مِنْ مَالٍ، لَتَمَنَّى وَادِيًا ثَالِثًا، وَلَا يَمْلَأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا التُّرَابُ، ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى مَنْ تَابَ» حَتَّى نَزَلَتْ هَذِهِ السُّورَةُ: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١﴾التكاثر، إِلَى آخِرِهَا} (جامع البيان: ٣٧٠٩٤، والترمذي: ٣٨١٨، قال الحافظ ابن الحجر في فتح الباري: ج١١، ص٢٦٢، وسنده جيد، صححه الألباني في صحيح السنن الترمذي).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك لە ئوبەیی کوڕی کەعب (خوا لێیان ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئێمە پێمان وابوو ئەم فەرموودەیە هەر بەشێکە لە قورئان، (ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی:) ئەگەر ڕۆڵەی ئادەم دوو شیوو دۆڵ ماڵ و سامانی ببوونایە، دۆڵێکی سێیەمیشی بە ئاوات دەخواست و، تەنیا گڵ هەناوی ڕۆڵەی ئادەم پڕ دەکا، دوایش هەر کەسێك بگەڕێتەوە

لای خـوا، خـوا دەگەڕێتـەوە لای و تەوبـەی لێوەردەگـرێ، (هەروامـان دەزانـی ئـەوە بەشـێکە لـە قورئـان) هەتـا ئـەم سـوورەتە دابـەزی: ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ ﴾، تـا کۆتایـی.

(ئنجـا زانیـمان کـە ئـەوەی پێشـێ فەرمایشـتی پێغەمبـەرە ﷺ چەمـك و واتـای فەرمایشـتەکەش لەگـەڵ هـی سـوورەتە موبارەکەکـەدا زۆر لێـك نیزیکـن).

فەرمووودەی سێیەم:

{عَـنْ جَابِـرِ بْـنِ عَبْـدِ اللَّـهِ ﷺ، يَقُـولُ: «أَتَانَـا النَّبِـيُّ ﷺ وَأَبُـو بَكْـرٍ وَعُمَـرُ ﷺ فَأَطْعَمْنَاهُـمْ رُطَبًـا، وَسَـقَيْنَاهُمْ مَـاءً، فَقَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ » هَـذَا مِـنَ النَّعِيـمِ الَّـذِي تُسْأَلُونَ عَنْـهُ} (جامـع البيـان: ٣٨٠١٢ و ٣٨٠١٣، قـال المخـرج: إسـناده صحيـح، وأخرجـه النسـائي: ج٦، ص٢٤٦، وصححـه الألبـاني في صحيـح سـنن النسـائي).

واتـە: جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵا ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺو ئەبـوو بەکـرو عومـەر ﷺ هاتـن بـۆ لامـان، ئێمـەش فەریکـە خورمامـان پێیانـدا، هەروەهـا ئاویشـمان دانـێ، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمـووی: ئەمـە لـەو نـازو نیعمەتەیـە کـە لەبارەیـەوە لێتـان دەپرسرێتـەوە.

فەرمووودەی چوارەم:

{عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﷺ، قَـالَ: بَيْنَـمَا أَبُـو بَكْـرٍ وَعُمَـرُ ﷺ جَالِسَـانِ، إِذْ جَـاءَ النَّبِـيُّ ﷺ، فَقَـالَ: «مَـا أَجْلَسَـكُمَا هَاهُنَـا؟» قَـالَا: الْجُـوعُ، قَـالَ: «وَالَّـذِي بَعَثَنِـي بِالْحَـقِّ مَـا أَخْرَجَنِـي غَيْرُهُ»، فَانْطَلَقُـوا حَتَّـى أَتَـوْا بَيْـتَ رَجُـلٍ مِـنَ الْأَنْصَـارِ، فَاسْـتَقْبَلَتْهُمُ الْمَـرْأَةُ، فَقَـالَ لَهَـا النَّبِـيُّ ﷺ: «أَيْـنَ فُـلَانٌ؟» فَقَالَـتْ: ذَهَـبَ يَسْـتَعْذِبُ لَنَـا مَـاءً، فَجَـاءَ صَاحِبُهُـمْ يَحْمِـلُ قِرْبَتَـهُ، فَقَـالَ: مَرْحَبًـا، مَـا زَارَ الْعِبَـادَ شَيْءٌ أَفْضَـلَ مِـنْ شَيْءٍ زَارَنِي الْيَـوْمَ، فَعَلَّـقَ قِرْبَتَـهُ بِكَـرَبِ نَخْلَـةٍ، وَانْطَلَـقَ فَجَاءَهُـمْ بِعِـذْقٍ، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: «أَلَا كُنْـتَ اجْتَنَيْـتَ؟» فَقَـالَ: أَحْبَبْـتُ أَنْ تَكُونُـوا الَّذِيـنَ تَخْتَـارُونَ عَـلَى أَعْيُنِكُـمْ، ثُـمَّ أَخَـذَ الشَّـفْرَةَ، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: «إِيَّـاكَ وَالْحَلُـوبَ»، فَذَبَـحَ لَهُـمْ يَوْمَئِـذٍ، فَأَكَلُـوا، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: «لَتُسْـأَلُنَّ عَـنْ هَـذَا يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ، أَخْرَجَكُـمْ

مِنْ بُيُوتِكُمُ الْجُوعُ، فَلَمْ تَرْجِعُوا حَتَّى أَصَبْتُمْ هَذَا، فَهَذَا مِنَ النَّعِيمِ»} (جامع البيان: ٣٨٠١٤، قال المخرج: إسناده صحيح، وأخرجه مسلم في صحيحه: ٢٠٣٨).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ دەڵێ: لە کاتێکدا ئەبوو بەکرو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ) دانیشتبوون. پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لایان و پێی فەرموون: چ شتێك ئێوەی لێرە دانیشتاندوە؟ گوتیان: برسیەتیی، ئەویش فەرمووی: سوێند بەو کەسەی بەهەق منی ناردوە، هەر ئەوەش منی هێناوەتە دەر، (واتە: منیش هەر برسییم)، ئنجا ڕۆیشتن تاکو چوونە ماڵی یەکێك لە پشتیوانەکان، ئافرەتەکە پێشوازیی لێکردن، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: فڵانکەس لە کوێیە (خاوەن ماڵ)؟، گوتی: چووە ئاوی شیرینمان بۆ بێنێ، ئیدی هاوەڵەکەیان هاتەوە، ئەو مەشکەو کوندەیەی ئاوە شیرینەکەی تێدابوو، هەڵیگرتبوو، گوتی: بەخێربێن، باشتر لەو کەسانەی ئەمڕۆ سەردانی منیان کردوە، سەردانی بەندەکانی نەکردوە، دوایی کوندەو مەشکەکەی هەڵواسی بە لقێکی دارخورماوەو، چوو هێشوە خورمایەکی بۆ هێنان، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بۆچی بۆت لێنەکردینەوە؟ (واتە: خورمایەکانت بۆ لێکردباینەوە)، ئەویش گوتی: ویستم لەبەر چاوی خۆتان هەڵیبژێرن، (هەیە پێی خۆشە زیاتر گەییبێ، هەیە پێی خۆشە زۆر نەگەیبێ)، دوایی چەقۆی دەستدایە، (بچێ ئاژەڵێکیان بۆ سەرببڕێ)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خۆت لەهی شیردەر بپارێزە، (واتە: هی شیردەرمان بۆ سەرمەبڕە)، ئنجا ئاژەڵێکی بۆ سەربڕین (دیارە مەڕدار یان بزندار بووە)، خواردیان، دوایی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لە ڕۆژی قیامەتدا لەمە لێتان دەپرسرێتەوە، برسیەتیی لە ماڵی خۆتان دەری هێنان، بەڵام نەگەڕانەوە تاکو لەوەتان دەستکەوت، لەو نازو نیعمەتە (خوا لە بارەیەوە لێتان دەپرسێتەوە).

فەرموودەی پێنجەم:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ: «انْطَلِقُوا بِنَا إِلَى أَبِي الْهَيْثَمِ بْنِ التَّيْهَانِ الْأَنْصَارِيِّ»، فَانْطَلَقَ بِهِمْ إِلَى ظِلِّ حَدِيقَتِهِ، فَبَسَطَ لَهُمْ بِسَاطًا، ثُمَّ انْطَلَقَ

إِلَى نَخْلَةٍ، فَجَاءَ بِقِنْوٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «فَهَلَّا تَنَقَّيْتَ لَنَا مِنْ رُطَبِهِ؟» فَقَالَ: أَرَدْتُ أَنْ تَخَيَّرُوا مِنْ رُطَبِهِ وَبُسْرِهِ، فَأَكَلُوا وَشَرِبُوا مِنَ الْمَاءِ؛ فَلَمَّا فَرَغَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: «هَذَا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مِنَ النَّعِيمِ، الَّذِي أَنْتُمْ فِيهِ مَسْئُولُونَ عَنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، هَذَا الظِّلُّ الْبَارِدُ، وَالرُّطَبُ الْبَارِدُ، عَلَيْهِ الْمَاءُ الْبَارِدُ»} (جامع البيان: ٣٨٠١٥، قال المخرج: إسناد صحيح، وأخرجه الترمذي: ٢٣٧٦، وصححه الألباني).

واتە: ئەبوو هورەیرە ﷺ گێڕاویەتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بە ئەبوو بەکرو عومەری (خوا لێیان ڕازی بێ) فەرمووو: وەرن با بچین بۆ لای ئەبوو هەیسەم (یەکێك بووە لە هاوەڵان و لە پەیمانی دووەمی عەقەبەشدا بەشدار بووە)، پێکەوە چوون بۆ سێبەری باخە دارخورمایەکەی، ئەویش ڕایەخێکی بۆ ڕاخستن، دوایی خۆی ڕۆیشت بۆ لای دارخورمایەك هێشووە خورمایەکی بۆ هێنان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بۆچی لە خورما گەیوەکانی بۆت لێ نەدەکردینەوەو بۆت هەڵبژاردبایەن؟ ئەویش گوتی: حەزم کرد بۆ خۆتان لە گەیوەکەی و لە چاك نەگەیوەکەی تێیدا هەڵبژێرن، ئیدی خواردیان و ئاویشیان لەسەر خواردەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دوای ئەوەی لێ بۆوە، فەرمووی: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە، ئەمە لەو نازو نعمەتەیە کە ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا لەبارەیەوە پرسیارتان لێ دەکرێ، ئەم سێبەرە خۆشە، (دیارە ڕۆژ بووە)، ئەم خورما گەیوە خۆشەو، ئەو ئاوە ساردو شیرینەی لەسەر بخورێتەوە.

فەرموودەی شەشەم:

{عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ ﷺ، قَالَ: « لَمَّا نَزَلَتْ: ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١﴾ فَقَرَأَهَا حَتَّى بَلَغَ: ﴿لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨﴾ التكاثر، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ عَنْ أَيِّ النَّعِيمِ نُسْأَلُ؛ وَإِنَّمَا هُوَ الْأَسْوَدَانِ: الْمَاءُ، وَالتَّمْرُ، وَسُيُوفُنَا عَلَى عَوَاتِقِنَا، وَالْعَدُوُّ حَاضِرٌ؟ قَالَ: «إِنَّ ذَلِكَ سَيَكُونُ»} (جامع البيان: ٣٨٠٢٠، قال المخرج: إسنادهُ حسنٌ، وأخرجهُ الترمذي: ٣٣٦٧، وابن ماجه: ٤١٥٨، وَحَسَّنَهُ الألباني في صحيح سنن ابن ماجه: ٤١٥٨).

واتــە: موحەممــەدی کــوڕی مەحمــوودی کــوڕی لەبیــد ﷺ دەڵــێ: کاتێــك ﴿ أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ ﴾، دابــەزی، پێغەمبــەری خــوا ﷺ خوێندیــەوە تاکــو گەیشــتە ئایــەتی کۆتایــی: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ ﴾، هــاوەڵان گوتیــان: ئــەی پێغەمبــەری خــوا! لــە کام نــازو نیعمــەت لێــمان دەپرسرێتــەوە؟ تەنیــا دوو شــتە ڕەشــەکانن: ئــاوو خورمــا، شمشێرەکانیشــمان لەســەر ملمانــن، دوژمنیــش ئامادەیــە، چــۆن لێــمان دەپرسرێتــەوە؟ فەرمــووی: ئــەوە دەبێــت.

واتــە: بەڵــێ لــە تەنگــژەو ناڕەحەتییــدان، هەمیشــە شمشــێرتان بــە ملەوەیــە لــە تــرسی دوژمــن، بــەڵام لــە بــارەی نعمەتەکانیشــەوە، ئنجــا ئــاوو خورمــا یــان هــەر شــتێکی دیکەیــە، لێتــان دەپرسرێتــەوە.

فەرموودەی حەوتەم:

{عَـنِ الضَّحَّـاكِ بْـنِ عَـزْرَبٍ، قَـالَ: سَـمِعْتُ أَبَـا هُرَيْـرَةَ ﷺ يَقُـولُ: قَـالَ: رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: إِنَّ أَوَّلَ مَـا يُسْـأَلُ عَنْـهُ الْعَبْـدُ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ مِـنَ النَّعِيـمِ، أَنْ يُقَـالَ لَـهُ: أَلَـمْ نُصِـحَّ لَـكَ جِسْـمَكَ، وَنُـرْوِ مِـنَ الْـمَاءِ الْبَـارِدِ؟} (جامـع البيـان: ٣٨٠٢١، قـال المخـرج: إسـنادُ صحيـحٌ، وأخرجـهُ الترمـذي: ٣٦٦٩، وصححـه الألبـاني في صحيـح الجامـع: ٢٠٢٢).

واتــە: زەححاکــی کــوڕی عــەزرەب، دەڵــێ: گوێــم لــە ئەبــوو هورەیــرە ﷺ بــوو دەیگــوت: پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویــەتی: یەکەمیــن شــتێك کــە بەنــدە لــە ڕۆژی قیامەتــدا لێــی دەپرسرێتــەوە لــە نــازو نیعمــەت، ئەوەیــە پێــی دەگوتــرێ: ئایــا جەســتەمان بــۆ ســاغ نەکــردی؟ لــە ئــاوی ســاردیش تێــر ئــاو نەبــووی؟

فەرموودەی هەشتەم:

{عَـنْ أَبِي بَـرْزَةَ الأَسْـلَمِيِّ ﷺ قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ: لَا تَـزُولُ قَدَمَـا عَبْـدٍ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ حَتَّـى يُسْـأَلَ عَـنْ: عُمُـرِهِ فِيـمَا أَفْنَـاهُ، وَعَـنْ عِلْمِـهِ مَـا فَعَـلَ بِـهِ، وَعَـنْ مَالِـهِ مِـنْ

أَيْـنَ اكْتَسَـبَهُ وَفِيـمَا أَنْفَقَـهُ، وَعَـنْ جِسْـمِهِ فِيـمَا أَبْـلَاهُ} (أخرجـه الترمـذي: ٢٤١٧، وقـال حديـث حسـن صحيـح، والدارمـي: ٥٥٤، وصححـه الألبـاني).

واتـە: ئەبـوو بـەرزەی ئەسـلەمیی ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: دوو پێـی بەنـدە نـاڕۆن بەملاوملادا لـە ڕۆژی قیامەتـدا، هەتـا لە چوار شـتان پرسـیاری لـێ دەکـرێ: لـە تەمـەنی لـە چییـدا بەڕێـی کـردوە؟ لـە زانیارییەکـەی چەنـدەی کار پێکـردوە؟ لـە ماڵەکـەی چـۆنی پەیداکـردوەو چۆنیـشی خـەرج کـردوە؟ لـە جەسـتەی لـە چیـدا پیـری کـردوەو تەمەنـداری کـردوە؟

فەرموودەی نۆیەم و کۆتایی:

{عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ: «نِعْمَتَـانِ مَغْبُـونٌ فِيهِـمَا كَثِيرٌ مِـنَ النَّـاسِ: الصِّحَّـةُ، وَالْفَـرَاغُ»} (أخرجـه البخـاري: ٦٠٤٩، والترمـذي: ٢٣٠٤، وابـن ماجـه: ٤١٧٠ وغيرهـم).

واتـە: ئیبنـو عەببـاس ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: دوو نیعمەت زۆربـەی خەڵـکی تێیانـدا زیانبارن: تەندروسـتیی و دەسـتبەتاڵیی و بـوار هەبوون.

یانـی: زۆربـەی خەڵـکی لەسـەر لەشسـاغیی و تەندروسـتیی زیانبـارن، چونکـە خـوا لـەشی سـاغکردوون، بـەڵام ئـەو جەسـتەیان لـە چاکـەدا بەکارناهێنـن، هەروەهـا لـە بـارەی کاتیشـیانەوە، کات و بواریـان هەیـەو دەسـت بەتاڵـن، بـەڵام بەهـەرە وەرناگـرن لـە کاتەکەیـان، لەوەشـدا زۆربـەی خەڵـکی تـووشی پەشـێمانیی و زیانباریـی دەبـن.

کۆتـا قسـەمان لـە بـارەی نێـوەڕۆکی ئـەم سـوورەتە مووبارەکـەوە، قسـەیەکی (الطبري)یـە، کـە لـە کۆتایـی تەفسـیری ئـەم سـوورەتە مووبارەکـەدا هێناویـەتی، دەڵێ:

(وَكَانَ الْحَسَـنُ وَقَتَـادَةُ يَقُـولَانِ: ثَـلَاثٌ لَا يُسْـأَلُ عَنْهُـنَّ ابْـنُ آدَمَ، وَمَـا خَلَاهُـنَّ فِيـهِ الْمَسْـأَلَةُ وَالْحِسَـابُ، إِلَّا مَـا شَـاءَ اللَّـهُ: كِسْـوَةٌ يُـوَارِي بِهَـا سَـوْءَتَهُ، وَكِسْرَةٌ يَشُـدُّ بِهَـا صُلْبَـهُ، وَبَيْـتٌ يُظِلُّـهُ.

وَالصَّوَابُ مِنَ الْقَوْلِ فِي ذَلِكَ: أَنْ يُقَالَ: إِنَّ اللَّهَ أَخْبَرَ أَنَّهُ سَائِلٌ هَؤُلَاءِ الْقَوْمَ عَنِ النَّعِيمِ، وَلَمْ يُخَصِّصْ فِي خَبَرِهِ أَنَّهُ سَائِلُهُمْ عَنْ نَوْعٍ مِنَ النَّعِيمِ دُونَ نَوْعٍ، بَلْ عَمَّ بِالْخَبَرِ فِي ذَلِكَ عَنِ الْجَمِيعِ، فَهُوَ سَائِلُهُمْ، كَمَا قَالَ عَنْ جَمِيعِ النَّعِيمِ، لَا عَنْ بَعْضٍ دُونَ بَعْضٍ)، (جامع البيان: ج٢٤، ص٦١٠).

واتە: حەسەنی بەصرایی و قەتادە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ) گوتوویانە: سێ نیعمەت ڕۆڵەی ئادەم لە بارەیانەوە لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام جگە لەو سێیانە هەمووی لێپرسینەوەی لەسەرە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ لێپرسینەوەی لەسەر نەبێ، ئەو سێیەی لێپرسینەوەیان لەسەر نیە: پۆشاکێك عەورەتی خۆی پێ داپۆشێ، خواردنێك پشتی پێوە ڕابوەستێ، ماڵێك سێبەری لێ بکات، ئەو سێیە لێپرسینەوەیان لەسەر نیە. (الطبري) دەڵێ: بەڵام ڕای ڕاست لەو بارەوە ئەوەیە بگوترێ: خوا هەواڵیداوە لەو خەڵکە دەپرسێتەوە لە بارەی نازو نیعەتەکانەوە، لە هەواڵەکەی خۆیدا خوا ﷻ تایبەتی نەکردوە لە فلان جۆرە نازو نیعمەتە لێیان دەپرسێتەوە، بەڵام لەوەی دیکە لێیان ناپرسێتەوە، بەڵکو هەواڵەکەی گشتاندوە لە بارەی هەموویانەوە، بۆیە وەك خۆی فەرموویەتی، لە هەموو نازو نیعمەتەکان لێیان دەپرسرێتەوە، نەك لە هەندێکیان لێیان بپرسرێتەوەو، لە هەندێکیان لێیان نەپرسرێتەوە.

هەڵبەتە ڕایەکەی (الطبري)، سەدا سەد ڕاستەو، فەرمایشتەکانیش کە خوێندمانەوە، پشگیریی دەکەن.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سووڕەتی (التکاثر) دێنین و دەڵێین:

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی لەو کەسانەمان بگێرێ، کە لە هەموو وردو درشتی ژیانیاندا پابەند دەبن بە ئایین و ڕاستە ڕێی خواوەو، نازو نیعمەتەکانی خوا بەو شێوەیە بەکاردێنن، کە شەریعەتی خوای پەروەردگار ڕێی پێداوەو دیاریی کردوەو، خوا بمانپارێزێ لەوەی زێدەڕۆیی بکەین لە ژیان و

گوزەرانداو، پێشبڕكێ بكەین لە كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و قەرەباڵغیی بە دەوری خۆماندا، بۆ خۆ پێهەڵكێشان بەسەر خەڵكدا، خوا لەو كەسانەمان بگێڕێ كە هەموو نیعمەتەكانی خوا لە ڕەزامەندیی خوادا بەكاردێنن.

كورتە باسێك دەربارەی مامەڵە لەگەڵ مردوواندا

ئەم كورتە باسە لە دوو توێی بیست و یەك بڕگەداو، لە ژێر ڕۆشنایی چل دەقی سوننەت دا، دەكەین، كە زۆربەیان فەرمایشتی پێغەمبەری خاتەمن ﷺ ئەویش ڕاستەخۆ لە (**صحيح مسلم**) وەری دەگرم[1]:

یەكەم: تەڵقینی مردوو[2]:

{عَنْ سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ} (**أخرجه مسلم: ٢١٢٠، وأبو داود: ٣١١٧، والترمذي: ٩٧٦، والنسائي: ١٢٥، ابن ماجه: ١٤٤٥**).

واتە: ئەبوو سەعیدی خودریی رضي الله عنه دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: مردووەكانتان (ئەوانەتان كە خەریكن دەمرن)، (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)یان پێ بڵێن و دووبارەی بكەنەوە.

ئەوەش بۆ ئەوەی دوا وشەو و وتەی كە دەیڵێن، لە كاتی گیان سپاردنیاندا، بریتی بێ لە: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)، چونكە لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە: {مَنْ كَانَ آخِرَ كَلَامِهِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، دَخَلَ الْجَنَّةَ} (**أخرجه أحمد: ٢٢١٨٠، وأبو داود: ٢٩٤٥، والحاكم: ١٢٩٩، وقال: صحيح الإسناد، ابن خزيمة: ٢٣٧٠**)، واتە: هەر كەسێك

---

(١) كتاب الجنائز، ص: ٤١٣-٤٣٦

(٢) تەڵقینی كەسێك كە لەسەرە مەرگدایە، لە گیانەڵا دایە.

دوا قسەی کە لە دەمی دەردەچێ (لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـهُ) بێ، یانی: جگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە، دەچێتە بەهەشت.

دووەم: لە کاتی مردوو لێ مردندا، چی بگوترێ؟

ئایا کەسێك خۆشەویستێکی نیزیکێکی خەریکە دەمرێ، چی بڵێ باشە؟

لەو بارەوە ئەم فەرموودەیە دەهێنین: {**عَنْ سَعْدِ بنِ سَعِيدٍ، قَالَ: أَخْبَرَنِي عُمَرُ بنُ كَثِيرِ بنِ أَفْلَحَ، قَالَ: سَمِعْتُ ابنَ سَفِينَةَ يُحَدِّثُ أَنَّهُ سَمِعَ أُمَّ سَلَمَةَ ﵂ زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ تَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَا مِنْ عَبْدٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ، فَيَقُولُ: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، أَللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا، إِلاَّ أَجَرَهُ اللَّهُ فِي مُصِيبَتِهِ، وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا، قَالَتْ: فَلَمَّا تُوُفِّيَ أَبُو سَلَمَةَ، قُلْتُ: كَمَا أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَأَخْلَفَ اللَّهُ لِي خَيْرًا مِنْهُ: رَسُولَ اللَّهِ ﷺ**} (**أخرجه مسلم: ٢١٢٤**).

واتە: ئەو پیاوە دەڵێ: گوێم لە ئیبنو سەفینە بوو، دەیگوت: ئوممو سەلەمە ﵂ هاوسەری پێغەمبەر ﷺ دەیگوت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: هەر بەندەیەك بەڵایەکی تووش بوو، (واتە: خۆشەویستێکی بمرێ، بە پێی سیاق دەزانین کە مەبەستی پێ ئەوەیە)، بڵێ: ئێمە هی خواین و بۆ لای ئەویش دەچینەوە، خوایە! لەسەر ئەم بەڵایەم پاداشتم بدەوەو، چاکتر لەوەی لێت وەرگرتووم، پێم ببەخشە، (هەر کەسێ وابڵێ)، بە دڵنیایی خوا پاداشتی دەداتەوە لەسەر بەڵایەکەی بەسەری هێناوەو، قەرەبووی باشتریشی پێدەدا، دەڵێ: کاتێك ئەبوو سەلەمە (واتە: هاوسەری) کۆچی دوایی کرد، ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردم، گوتم، خواش ﷻ لەو باشتری بە قسمەت کردم کە بریتی بوو لە پێغەمبەری خوا ﷺ، (کە دەبێتە بێوەژن، پێغەمبەری خوا ﷺ هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات).

سێیەم: لە کاتی مردن و گیانەڵادا چی بگوترێ باشە؟

لەو بارەوە ئەمە هاتوە: {عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَرِيضَ، أَوِ الْمَيِّتَ، فَقُولُوا خَيْرًا، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ، قَالَتْ: فَلَمَّا مَاتَ أَبُو سَلَمَةَ أَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أَبَا سَلَمَةَ قَدْ مَاتَ، قَالَ: قُولِي: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَلَهُ، وَأَعْقِبْنِي مِنْهُ عُقْبَى حَسَنَةً، قَالَتْ: فَقُلْتُ، فَأَعْقَبَنِي اللَّهُ مَنْ هُوَ خَيْرٌ لِي مِنْهُ مُحَمَّدًا ﷺ} (أخرجه مسلم: ٢١٢٦، وأبو داود: ٣١١٥، والترمذي: ١٧٧، والنسائي: ١٨٢٤، وابن ماجه: ٤٤٧).

واتە: ئوممو سەلەمە ﵂ گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر ئامادەی نەخۆش بوون، یان ئامادەی مردوو بوون، (کەسێك خەریکە بمرێ و لە گیانەڵادایە) قسەی باش بکەن، چونکە فریشتەکان هەرچی ئێوە بیڵێن، ئەوانیش ئامینی لەسەر دەکەن، (دەڵێن: خوایە گیرای بکە)، دەڵێ: کاتێك ئەبوو سەلەمە وەفاتی کرد، چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوو سەلەمە وەفاتی کرد، ئەویش فەرمووی: بڵێ: ئەی خوایە! لە منیش و لەویش ببوورەو، سەرەنجامی چاکیشم لە دوای ئەو بە نسیب بکە، منیش وام گوت، خواش سەرەنجامی چاکتر لەوی بە نسیب کردم، موحەممەد ﷺ.

چوارەم: نووقاندنی چاوی مردوو و دوعا بۆ کردنی:

{عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: دَخَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَلَى أَبِي سَلَمَةَ وَقَدْ شَقَّ بَصَرُهُ، فَأَغْمَضَهُ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ، فَضَجَّ نَاسٌ مِنْ أَهْلِهِ، فَقَالَ: لا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلَّا بِخَيْرٍ؛ فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ على ما تَقُولُونَ، ثُمَّ قالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي سَلَمَةَ، وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ، وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يا رَبَّ الْعَالَمِينَ، وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ، وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ}، (أخرجه مسلم: ٢١٢٧، وأبو داود: ٣١١٨، وابن ماجه: ٤٥٤)،

واتـە: ئوممـو سـەلەمە ﵂ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاتـە لای ئەبـوو سـەلەمە، لـە کاتێکـدا چـاوی ئەبڵـەق بـوو بـوو، (واتـە: گیانـی سـپاردبوو، بـەڵام چـاوی هـەر کـراوە بـوو)، چـاوی نووقانـدن، (دەسـتی بـە چاویـدا هێنـاو چاوەکانـی نووقانـدن)، دوایـی فەرمـووی: کاتێـك ڕووح دەکێـشرێ، چـاو شـوێنی دەکـەوێ، خەڵکێـك لـە کەسـوکاری (ئەبـوو سـەلەمە) هـاوراو دەنگـە دەنگیـان کـرد، (پێغەمبـەری خـواش ﷺ) فەرمـووی: دوعـای خێـرو پاڕانـەوەی خێـر نەبـێ مەکـەن، چونکـە هەرچـی ئێـوە بیڵێـن، فریشـتەکانیش دەڵێـن: خوایـە گیـرای بکـە، دوایـی فەرمـووی: ئـەی خوایـە! لـە ئەبـوو سـەلەمە خۆشـبەو، پلەکـەی لـە نێـو هیدایەتدراوانـدا بـەرز بکـەوەو، ئەوانـەی دەمێنـن لـە وەچەکـەی چاکەیـان بـۆ قەرەبـوو بکـەوە، لـە ئێمـەو ئەویـش خۆشـبە، ئـەی پـەروەردگاری جیهانییـان و، گۆڕەکـەی فـراوان و ڕۆشـن بکـە.

هـەر لـەو بـارەوە ئـەم دەقـەش هەیـە: {عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﵁ يَقُـولُ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: أَلَـمْ تَـرَوْا الإِنْسَـانَ إِذَا مَـاتَ شَـخَصَ بَـصَرُهُ؟ قالـوا: بَـلَى، قـالَ: فَذلِـكَ حِـينَ يَتْبَـعُ بَـصَرُهُ نَفْسَـهُ} (أخرجـه مسـلم: ٢١٢٩).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﵁ گوتوویەتـی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: ئایـا سـەرەنجتان نـەداوە مـروڤ کـە دەمـرێ، چـاوی ئەبڵـەق دەبـێ (چـاوی دەکرێتـەوە)؟ گوتیـان: بـا، فەرمـووی: بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە چـاوی شـوێن ڕووحەکـەی دەکـەوێ (کـە ڕووحەکـە بـەرز دەبێتـەوە، چـاوی تەماشـای دەکات و، چاوەکـەی بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە، بۆیـە سـوننەتە چـاوی بنووقێـنرێ).

پێنجەم: گریان لەسەر مردوو:

لەو بارەوەش ئەم سێ دەقە دێنین:

١- {عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: لَمَّا مَاتَ أَبُو سَلَمَةَ، قُلْتُ: غَرِيبٌ، وَفِي أَرْضِ غُرْبَةٍ، لَأَبْكِيَنَّهُ بُكَاءً يُتَحَدَّثُ عَنْهُ، فَكُنْتُ قَدْ تَهَيَّأْتُ لِلْبُكَاءِ عَلَيْهِ، إِذْ أَقْبَلَتِ امْرَأَةٌ تُرِيدُ أَنْ تُسْعِدَنِي فَاسْتَقْبَلَهَا رَسُولُ

اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: أَتُرِيدِينَ أَنْ تُدْخِلِي الشَّيْطَانَ بَيْتاً أَخْرَجَهُ اللَّهُ مِنْهُ؟ مَرَّتَيْنِ، وَكَفَفْتُ عَنِ الْبُكَاءِ فَلَمْ أبك} (أخرجه مسلم: ٩٢٢).

واتە: ئوممو سەلەمە ﷺ دەڵێ: کاتێك ئەبوو سەلەمە (واتە: هاوسەری) کۆچی دوایی کرد، گوتم: بابایەکی نەناسراو، لەسەر زەمینێك کە نامانناسن، دەبێ بە جۆرێك بۆی بگریەم باسبکرێ، ئیدی خۆم ئامادەکرد بۆ گریان، ئافرەتێك هات ویستی من بەختەوەر بکات، (کاتی خۆی ئوممو سەلەمە لەسەر مردووی ئەو گریاوە، ویستی ئەویش چاکەی بداتەوەو بۆی بگری)، پێغەمبەری خواش ﷺ ڕووی تێکردو فەرمووی: ئایا دەتەوێ شەیتان بخەیە نێوماڵێکەوە کە خوا شەیتانی لێ دەرکردوە؟ دووجاران وای پێ فەرموو، منیش وازم لە گریان هێنا.

٢- {عَن أُسَامَةَ بنِ زَيْدٍ ﷺ قَالَ: كُنَّا عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ، فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهِ إِحْدَى بَنَاتِهِ تَدْعُوهُ، وَتُخْبِرُهُ أَنَّ صَبِيًّا لَهَا، أَوِ ابْنَاً لَهَا فِي المَوْتِ، فَقَالَ لِلرَّسُولِ: ارْجِعْ إِلَيْهَا، فأخْبِرْهَا: أَنَّ لِلَّهِ ما أَخَذَ وَلَهُ ما أَعْطَى، وَكُلُّ شيءٍ عِنْدَهُ بأَجَلٍ مُسَمًّى، فَمُرْهَا فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبْ، فَعَادَ الرَّسُولُ، فَقالَ: إِنَّهَا قدْ أَقْسَمَتْ لَتَأْتِيَنَّهَا، قَالَ: فَقَامَ النَّبِيُّ ﷺ، وَقَامَ مَعَهُ سَعْدُ بنُ عُبَادَةَ، وَمُعَاذُ بنُ جَبَلٍ، وَانْطَلَقْتُ معهُمْ، فَرُفِعَ إِلَيْهِ الصَّبِيُّ وَنَفْسُهُ تَقَعْقَعُ كَأَنَّهَا فِي شَنَّةٍ، فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ، فَقَالَ لَهُ سَعْدٌ: مَا هَذَا يَا رَسُولَ اللهِ؟ قالَ: هَذِهِ رَحْمَةٌ جَعَلَهَا اللَّهُ فِي قُلُوبِ عِبَادِهِ، وَإِنَّمَا يَرْحَمُ اللَّهُ مِن عِبَادِهِ الرُّحَمَاءَ} (أخرجه مسلم: ٢١٣٢، والبخاري: ٧٣٧٧، وَأَبو داود: ٣١٢٥، والنسائي: ١٨٦٧، وابن ماجه: ٥٨٨).

واتە: ئوسامەی کوڕی زەید ﷺ دەڵێ: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین، یەکێك لە کچەکانی کەسێکی ناردە لای، بانگی دەکردو هەواڵی پێدەدا کە منداڵێکی، یاخود کوڕێکی لە حاڵەتی مردن دایە، ئەویش (پێغەمبەر ﷺ) بە نێردراوەکەی فەرموو: بگەڕێوە بۆ لای، خوا هەرچی بیەوێ وەری دەگرێ و هەرچی بیەوێ دەیبەخشێ و، هەموو شت لە لای خوا کاتێکی دیارییکراوی هەیە، فەرمانی پێ بکە با خۆڕاگربێ و پاداشتەکەی لەلای خوا حیساب بکات،

دووبـارە نێردراوەکـەی کچەکـەی هاتـەوەو گوتـی: سـوێندی خـواردوە هـەر دەبـێ بچـی، پێغەمبـەری خـواش ﷺ هەڵسـا، سـەعدی کـوڕی عوبـادەو موعـازی کـوڕی جەبـەل و منیـش لەگەڵیـان چـووم، منداڵەکـە بـۆ لای بەرزکراوەیـە، وەك مەشـکەیەك چـۆن دەهــەژێ، ئـاوا ڕادەوەشـا (لـە کاتـی گیانـەڵادا بـوو)، پێغەمبـەری خـوا ﷺ چاوەکانـی فرمێسـکیان پێداهـات، سـەعد پێـی گـوت: ئەمـە چییـە ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟ فەرمـووی: بەزەییـە، خـوا خسـتوویەتە نێـو دڵـی بەندەکانیـەوەو، خـواش تەنیـا بەزەیـی بـە بەنـدە بـە بەزەییەکانیـدا دێتـەوە.

٣- {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما، قَالَ: اشْتَكَى سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ شَكْوَى لَهُ، فَأَتَاهُ النَّبِيُّ ﷺ يَعُودُهُ مَعَ عَبْدِالرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ، وَسَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ، وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ، فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ، وَجَدَهُ فِي غَاشِيَةِ أَهْلِهِ، فَقَالَ: «قَدْ قَضَى؟» قَالُوا: لاَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ، فَبَكَى النَّبِيُّ ﷺ، فَلَمَّا رَأَى الْقَوْمُ بُكَاءَ النَّبِيِّ ﷺ بَكَوْا، فَقَالَ: أَلاَ تَسْمَعُونَ! إِنَّ اللَّهَ لاَ يُعَذِّبُ بِدَمْعِ الْعَيْنِ، وَلاَ بِحُزْنِ الْقَلْبِ، وَلَكِنْ يُعَذِّبُ بِهَذَا، وَأَشَارَ إِلَى لِسَانِهِ أَوْ يَرْحَمُ} (أخرجه مسلم: ٢١٣٤، والبخاري: ١٣٠٤).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر رضي الله عنهما دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: سـەعدی کـوڕی عوبـادە نەخـۆش کـەوت، پێغەمبـەری خـواش ﷺ چـوو بـۆ لای و سـەردانی کـرد، عەبدوڕڕەحـمانی کـوڕی عـەوف و سـەعدی کـوڕی ئەبـی وەققـاص و عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود لـە خزمەتیـدا بـوون، کاتێـك لێـی وەژوور کـەوت، کـەس و کارەکەی دەوریـان دابـوو، فەرمـووی: تـەواو بـووە؟ گوتیـان: نەخێـر ئـەی پێغەمبـەری خـوا، پێغەمبـەری خـواش ﷺ گریـا، کاتێـك خەڵکەکـە گریانـی پێغەمبـەری خوایـان ﷺ بینـی، ئەوانیـش گریـان، ئەویـش فەرمـووی: ئایـا نابیسـتن! بێگومـان خـوا بەهـۆی فرمێسـکی چـاوو و پـەژارەو خەمـی نێـو دڵـەوە سـزا نـادات، بەڵکـو بەهـۆی ئەمـەوە سـزا دەدات - ئامـاژەی کـرد بـۆ زمانـی - یاخـود بەزەیـی دەنوێنـێ (ئەگـەر مـرۆڤ بـە زمـان قسـەی خـراپ بـکات، سـزای دەدات و، ئەگـەر قسـەی بـاش بـکات، خـوا بەزەیـی لەگەڵـدا دەنوێنـێ).

شەشەم: خۆڕاگریی و شین نەگێڕان:

لەو بارەوەش پێنج دەقان دێنین:

١- {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ أَنَّ رَسُول اللهِ ﷺ رَأَى امْرَأَةً تَبْكِي عَلَى صَبِيٍّ لَهَا، فَقَالَ لَهَا: اتَّقِي اللَّهَ وَاصْبِرِي، فَقَالَتْ: وَمَا تُبَالِي أَنْتَ بِمُصِيبَتِي! فَلَمَّا ذَهَبَ، قِيْلَ لَهَا: إِنَّه رَسُولُ اللهِ، فَأَخَذَهَا مِثْلُ الْمَوْتِ، فَأَتَت بَابَهُ فَلَمْ تَجِد عَلَيْهِ بَوَّابَيْنِ، فَقَالَت: لَمْ أَعْرِفْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الأُوْلَى}(أخرجه مسلم: ٢١٣٧)

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە لای ئافرەتێکـدا تێپـەڕی بـۆ منداڵێکـی دەگریـا (بـۆ کوڕێکـی گچکـەی)، ئەویـش پێـی فەرمـوو: پارێـز لـە خـوا بکـەو خـۆت ڕابگـرە، ئەویـش پێیگـوت: ئنجـا تـۆ چ باکـی بەڵایەکتـە کـە بەسـەر منـدا هاتـوە! کاتێـك پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕۆیـی، پێـی گوتـرا: ئـەوە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو، ئیـدی حاڵەتێکـی بەسـەردا هـات وەك مـردن، (واتـە: زۆر دڵتەنـگ بـوو)، هاتـە دەرگای پێغەمبـەر ﷺ هیـچ دەرگاوانـی لەبـەردەم دەرگاکەیـدا نەبینـی، گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! مـن تـۆم نەناسـی، ئەویـش فەرمـووی: خۆڕاگریـی لـە کاتـی یەکـەم تـووش بووندایـە.

واتـە: سـەرەتای بـەڵا کـە بەسـەرت دێ، ئـەو کاتـە دەبـێ خـۆت ڕابگـری، ئەگەرنـا دوایـی وردە وردە فەرامۆشـییت بـۆ دێ.

٢- {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن عُمَرَ ﷺ أَنَّ حَفْصَةَ بَكَتْ علَى عُمَرَ، فَقالَ: مَهْلًا يا بُنَيَّةُ؛ أَلَمْ تَعْلَمِي أنَّ رَسولَ اللهِ ﷺ قَالَ: إنَّ المَيِّتَ يُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ} (أخرجه مسلم: ٢١٣٩، والنسائي: ١٨٤٧).

واتـە: لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەرەوە ﷺ گێڕدراوەتـەوە، کـە حەفصـە ﷺ بـۆ عومـەر گریـاوە (کاتێـك عومـەری کـوڕی خەتتاب پێکـراوە. پێـش مردنی بـۆی گریاوە)، ئەویـش گوتـی: ئـەی کچەکـەی خـۆم! لەسـەرەخۆبە، ئایـا نازانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: مـردوو بـە هـۆی لەسـەر گریانـی کەسـوکارەکەیەوە ئـازار دەدرێ؟!.

٣- هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش دێنین: {قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ ﷺ: فَلَمَّا مَاتَ عُمَرُ ﷺ، ذَكَرْتُ ذَلِكَ لِعائِشةَ ﷺ، فَقَالَتْ: رَحِمَ اللهُ عُمَرَ، واللهِ ما حَدَّثَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بقَولِ: إنَّ اللهَ لَيُعَذِّبُ المُؤمِنَ بِبُكاءِ أَحَد، ولَكِنَّ رَسولَ اللّهِ ﷺ قَالَ: إنَّ اللّٰهَ لَيَزِيدُ الكَافِرَ عَذَابًا بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ، وَقَالَتْ عَائِشَةُ: حَسْبُكُمُ القُرْآنُ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴿١٦٤﴾﴾ الأنعام} (أخرجه مسلم: ٢١٤٧).

واتــە: ئیبنــو عەببــاس ﷺ دەڵــێ: کاتــێ عومــەر ﷺ وەفاتــی کــرد، ئــەوەم بــۆ عائیشــە ﷺ باســکرد، ئەویــش گوتــی: خــوا بەزەیــی بێتــەوە بــە عومــەردا ﷺ، بــە خــوا پێغەمبــەری خــوا ﷺ نەیفەرمــووە: بــڕوادار ئەگــەر کەسـێك لەســەری گریــا، بەهــۆی ئــەوەوە ئــازار دەدرێ، بەڵکــو فەرمــووی: خــوا بــۆ مرۆڤــی کافــر ســزا زیــاد دەکات، بەهــۆی کــەس و کاری کــە لەســەری دەگریــەن، عائیشــە ﷺ گوتــی: قورئانتــان بەســە کــە دەفەرمــوێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴿١٦٤﴾﴾ الأنعـام، واتــە: هیــچ کەسـێك گوناهــی کەســی دیکــە هەڵناگــرێ.

٤- هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش دێنین: {ذُكِرَ عِنْدَ عَائِشَةَ ﷺ قَوْلُ ابْنِ عُمَرَ ﷺ: المَيِّتُ يُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عليه، فَقالَتْ: رَحِمَ اللَّهُ أَبَا عبدِ الرَّحْمَنِ، سَمِعَ شيئًا فَلَمْ يَحْفَظْهُ، إنَّمَا مَرَّتْ علَى رَسولِ اللهِ ﷺ جِنَازَةُ يَهُودِيّ، وَهُمْ يَبْكُونَ عَلَيْهِ، فَقالَ: أَنْتُمْ تَبْكُونَ، وإنَّه لَيُعَذَّبُ} (أخرجه مسلم: ٢١٥٠، والبخاري: ٣١٧٨، وأبو داود: ٣١٢٩، والنسائي: ٩٥٤).

واتــە: لــە لای عائیشــە ﷺ قســەی عەبدوڵــڵای کوڕی عومەر ﷺ باســکرا کــە دەڵێ: مــردوو بــە هــۆی ئــەوەوەی کــەس و کاری لەســەری دەگریــەن، ســزا دەدرێ، ئەویــش گوتــی: خــوا بەزەیــی بێتــەوە بــە ئەبــوو عەبدوڕڕەحمانــدا (واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عومــەر)دا شــتێکی بیســتوە بــەڵام چاکــی لەبــەر نەکــردوە، پێغەمبــەری خــوا ﷺ جەنــازەی جوولەکەیەکــی بــەلادا هــات، لەســەری دەگریــان، فەرمــووی: ئێــوە لەســەری دەگرییــن، ئەویــش ئــەوە ســزا دەدرێ.

٥- هەر لەوبارەیەوە ئەم دەقەش دێنین: {عَنْ أَبِي مَالِك ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: أَرْبَعٌ مِنْ أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُونَهُنَّ: الْفَخْرُ فِي الأَحْسَابِ، وَالطَّعْنُ فِي الأَنْسَابِ، وَالإِسْتِسْقَاءُ بِ

النُّجُومِ، وَالنِّيَاحَةُ، وَإِنَّ النَّائِحَةَ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا، تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ، وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ} (أخرجه: مسلم: ٢١٥٧).

واتـە: ئەبـوو مالیـك ﷺ دەگێڕێتـەوە، کـە پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: چـوار شـت لـە ئوممەتەکـەم دا لـە نەرێتـی نەفامییـن، وازیـان لـێ ناهێنـن: شـانازییکردن بـە حەسـەبەوە (مـن لـە تـۆ چاکـترم ... هتـد)و، تانـەدان لە نەسـەب و ڕەچەڵـەك و، داوای بارانکـردن بەهـۆی ئەسـتێرانەوەو، شـین گێـڕان، (فەرمـووی:) ئافرەتـی شـینگێڕ ئەگـەر پێـش مردنـی تەوبـە نـەکات و نەگەڕێتـەوە، لـە ڕۆژی قیامەتـدا هەڵدەسـتێنرێ کـە پۆشـاکێکی قەترانـی لەبـەرەو لەچکێکـی گەڕیـی لەسـەرە، (واتـە: پێیـان سـزا دەدرێ).

زانایـان زۆریـان قسـە لـە بـارەی ئـەو دەقـە: (**إن الميِّت ليُعَـذَّب ببكاء أهلـه عليـه**) کـردوە، بـەڵام پێـم وایـە باشـترین لێکدانـەوە بـۆی ئەوەیـە کـە بگوتـرێ، مەبەسـت لە: (**ليُعـذَّب**)، ناڕەحەتیـی و ئـازار چێژتنـی مردووەکەیـە، بەهـۆی گریـانی خزمەکانیـەوە، کـە دەزانی گوناهـکارو سـزابارن.

حەوتەم: شۆردنی مردوو:

{**عَـنْ أُمِّ عَطِيَّـةَ ﷺ قَالَـتْ: تُوُفِّيَـتْ إِحْـدَى بَنَـاتِ النَّبِـيِّ ﷺ فَخَـرَجَ فَقَـالَ: اغْسِـلْنَهَا ثَلَاثًـا أَوْ خَمْسًـا أَوْ أَكْـثَرَ مِـنْ ذَلِـكَ، إِنْ رَأَيْـتُنَّ، بِمَـاءٍ وَسِـدْرٍ، وَاجْعَلْـنَ فِي الآخِـرَةِ كَافُـورًا، أَوْ شَـيْئًا مِـنْ كَافُـورٍ، فَـإِذَا فَرَغْـتُنَّ فَآذِنَّنِـي، قَالَـتْ: فَلَـمَّا فَرَغْنَـا، آذَنَّاهُ، فَأَلْقَـى إِلَيْنَـا حِقْـوَهُ، فَقَالَ: أَشْـعِرْنَهَا إِيَّـاهُ} (أخرجـه مسـلم: ٢١٦٥، والبُخـاري: ١٢٦٠، وأبـو داود: ٣١٤٦، والنسـائي: ١٨٩٢، وابـن ماجـه: ١٤٥٩).**

واتـە: ئوممـو عەتییـە ﷺ، دەڵـێ: کچێـکی پێغەمبـەر ﷺ وەفاتـی کـرد، هاتـەدەرو فەرمـووی: سـێ جـاران بیشـۆن، یـان پێنـج جـار، یـان زیاتـر لـەوەش، ئەگـەر بـە چاکتـان زانـی، بـە ئـاوو و سـیدر بیشـۆن، (سـیدر: جـۆرە گیایەکـی بۆنخۆشـە) و، جـاری کۆتاییـان بـا کافووریشـی تێدابـێ و، هـەر کاتێـك تـەواو بـوون ئـاگادارم

بکەنـەوە، کاتێـك تەواوبوویـن ئاگادارمـان کـردەوە، ئەویـش پۆشـاکی خـوار پشـتێندی (بیجامەکـەی) خـۆی بـۆ هەڵدایـن (وێیدایـن)، فەرمـووی: بـا ئەمـە لـە لای پێسـتیەوە بـێ، واتـە: لـە ژێـر کفنەکەیـەوە لەسـەر پێسـتی ئـەم پۆشـاکەی بەسـەردا بـدەن.

کەواتـە: مـردوو سـێ جـار، پێنـج جـار، حـەوت جـار، دەشـۆررێ و گرنـگ ئەوەیـە بـە شـێوەی تـاك بشـۆررێ.

هەشتەم: کفنکردنی مردوو:

لەو بارەوەش دوو دەق دێنین:

١- {عَنْ خَبَّابِ بْنِ الأَرَتِّ ﷺ قَالَ: هَاجَرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي سَبِيلِ اللَّهِ نَبْتَغِي وَجْهَ اللَّهِ، فَوَجَبَ أَجْرُنَا عَلَى اللَّهِ، فَمِنَّا مَنْ مَضَى لَمْ يَأْكُلْ مِنْ أَجْرِهِ شَيْئاً، مِنْهُمْ مُصْعَبُ بْنُ عُمَيْرٍ، قُتِلَ يَوْمَ أُحُدٍ فَلَمْ يُوجَدْ لَهُ شَيْءٌ يُكَفَّنُ فِيهِ إِلاَّ نَمِرَةٌ، فَكُنَّا إِذَا وَضَعْنَاهَا عَلَى رَأْسِهِ خَرَجَتْ رِجْلاَهُ، وَإِذَا وَضَعْنَاهَا عَلَى رِجْلَيْهِ خَرَجَ رَأْسُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «ضَعُوهَا مِمَّا يَلِي رَأْسَهُ، وَاجْعَلُوا عَلَى رِجْلَيْهِ الإِذْخِرَ»، وَمِنَّا مَنْ أَيْنَعَتْ لَهُ ثَمَرَتُهُ فَهُوَ يَهْدِبُهَا} (أخرجه مسلم: ٢١٧٤، والبخاري: ٦٤٤٨، وأبو داود: ٢٨٧٦، والترمذي: ٣٨٥٣، والنسائي: ١٩٠٢).

واتـە: خەبابـی کـوڕی ئـەڕەت ﷺ دەڵـێ: ئێمـە کۆچـمان کـرد لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا ﷺو لـە پێنـاوی خـوادا، مەبەسـتمان ڕەزامەندیـی خـوا بـوو، ئنجـا پاداشـتمان لەسـەر خـوا پێویسـت بـوو، هەمانـە تێپـەڕی و هیـچ لـە پاداشـتەکەی نەخـوارد لـە دنیـا (لـە دنیـادا هیچـی نەبینـی)، لەوانـە: موصعەبـی کـوڕی عومەیر، کە لـە جەنگـی ئوحـوددا کـوژرا، هیـچ شـتێك نەبـوو پێـی کفـن بکەیـن، مەگەر پۆشـاکێك {(نَمِـرَةٌ) جـۆرە پۆشـاکێکە} ئەگـەر لـە لای سـەریمان دانابایـە، لاقـی دەردەکەوتـن و، ئەگـەر لـە لای لاقەکانیـمان دانابایـە، سـەری دەردەکـەوت، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: لای سـەری داپۆشـن و لای لاقیشـی گیـای (الإِذْخِـرَ)ی بخەنـە سـەر، خەببـاب دەڵـێ: هەشـمانە میوەکـەی بـۆی پێگەیـوەو ئێسـتا دەیچنـێ، (واتـە: لـە دنیاشـدا لێـی بەهرەمەنـد بـووە).

٢- {وَقَالَ النَّبِيّ ﷺ: إِذَا كفَّنَ أَحَدُكُم أَخَاهُ، فَلْيُحسِّنْ كَفَنَهُ} (أخرجه مسلم: ٢١٨٢، وأبو داود: ٣١٤٨، والنسائي: ٢٠١٣).

واتـە: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: هـەر کات یەکێکتـان برایەکـەی خـۆی کفـن کـرد، بـا کفنێکـی باشـی بـکات، بـە ڕێکیـی کفنـی بـکات.

نۆیەم: داپۆشینی مردوو:

سوننەتە کەسێك کە دەکەوێتە حاڵەتی مەرگ و مردنەوەو گیان دەسپێرێ، داپۆشرێ:

{عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ ﵂ قَالَتْ: سُجِّيَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حِينَ مَاتَ بِثَوْبِ حِبَرَةٍ} (أخرجه مسلم: ٢١٨٠، والبخاري: ٥٨١٤، وأبو داود: ٣١٢٠).

واتـە: عائیشـە دایکـی بـڕواداران ﵂ گوتوویەتـی: کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ کۆچـی دوایـی کـردوە، بـە بەرگێکـی (حِبَرَةٍ) (جـۆرە بەرگێکـە) داپـۆشراوە، (پەشـتەماڵێك، پۆشـاکێکیان بەسـەر دەم و چـاوی داداوە).

دەیەم: بەخێرایی بردنی مردوو بۆ گۆڕستان:

{عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ أَسْرِعُـواْ بالجَنَـازَةِ، فَـإِنْ تَـكُ صَالِحَـةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا، وَإِنْ تَـكُ سِـوَى ذَلِكَ، فَـشَرٌّ تَضعونَـهُ عَـنْ رِقَابِكُـمْ} (أخرجـه مسـلم: ٢١٨٣، والبخـاري: ١٣١٥، وأبـو داود: ٣١٨١، والترمـذي: ١٠١٥، والنسـائي: ١٠٩٩).

واتـە: ئەبـوو هوڕەیـڕە ﵁ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: بـە خێرایـی تـەرم بـە خـاك بسـپێرن، ئەگـەر چـاك بـێ (ئـەو جەنازەیـە کەسـێکی بـاش بووبـێ)، بـەرەو لای خێـرو چاکـە دەیبـەن و، ئەگـەر جگـە لـەوەش بـێ، خراپەیەکـە زوو لەسـەر ملـی خۆتانـی لادەبـەن.

یازدەیەم: نوێژی سەر مردوو و ناشتنی مردوو:

لەو بارەشەوە چوار دەقان دێنین:

١- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: مَنْ شَهِدَ الْجِنَازَةَ حَتَّى يُصَلَّىَ عَلَيْهَا، فَلَهُ قِيرَاطٌ، وَمَنْ شَهِدَهَا حَتَّى تُدْفَنَ، فَلَهُ قِيرَاطَانِ، قِيلَ: وَمَا الْقِيرَاطَانِ؟ قَالَ: مِثْلُ الجَبَلَيْنِ العَظِيْمِين} (أخرجه مسلم: ٢١٨٦، والبخاري: ١٣٢٥، والنسائي: ١٩٩٤).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ گێڕاویەتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: هـەر کەسـێك ئامـادەی جەنـازە بـوو، هەتـا نوێـژی لەسـەر دەکـرێ، قیراتێـك پاداشـتی هەیـەو، هـەر کەسـێك ئامـادەی بـوو تاکـو بـە خـاك دەسـپێردرێ، دوو قیراتـی هـەن، گوتـرا: دوو قیراتـەکان چیـن؟ فەرمـووی: (پاداشـتن) بـە ئەنـدازەی دوو چیـای مـەزن.

٢- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا، وَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ، كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ مِنْ أَجْرٍ، كُلُّ قِيرَاطٍ مِثْلُ أُحُدٍ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ رَجَعَ، كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُحُدٍ} (أخرجه مسلم: ٢١٩٢، وأبو داود: ١٣٢٥).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ گوێـی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـووە، فەرموویەتـی: هـەر کەسـێك لەگـەڵ جەنازەیـەك لـە ماڵـەوەی بچێتـە دەرێ و، شـوێنی بکـەوێ، تاکـو نوێـژی لەسـەر دەکات، دوایـی شـوێنی بکـەوێ، تاکـو دەشـاردرێتەوەو بـە خـاك دەسـپێردرێ، دوو قیـرات پاداشـتی هـەن، هـەر کام لـەو قیراتانـە هێنـدەی چیـای ئوحـودن و، هـەر کەسـێك نوێـژی لەسـەر بـكات و بگەڕێتـەوە، بـە ئەنـدازەی چیـای ئوحـود، پاداشـتی هەیـە.

کەواتـە: ئەگـەر ئینسـان بـۆی بکـرێ، لەگـەڵ مـردوودا بچێـت بـۆ سـەر گۆڕسـتان، بـۆ بـە خـاك سـپاردنی، جگـە لـەوەی نوێژیشـی لەسـەر کـردوە، مانـای وایـە پاداشـتەکەی زۆر زیاتـرو گەورەتـرە.

٣- {عَن عَائِشَة ﵂ عَنِ النَّبِي ﷺ قَالَ: مَا مِنْ ميّتٍ يُصَلِّي علَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ المُسْلِمِيْنَ، يبْلُغُونَ أنْ يَكُونُوا مَائَةً، فَيَشْفَعونَ لَهُ، إلاّ شُفِّعُوا فِيهِ} (أخرجه مسلم: ٢١٩٥، والترمذي: ١٠٢٩، والنسائي: ١٩٩١).

واتــە: دایکــمان عائیشــە ﵂ لــە پێغەمبــەرەوە ﷺ گێڕاویەتــەوە، فەرموویەتــی: هیــچ مردوویــەك نامــرێ، کۆمەڵێـك لـە مسـوڵمانان بگەنـە سـەد (١٠٠) کـەس نوێـژی لەسـەر بکـەن، تـکای بـۆ بکـەن، مەگـەر دەکرێـن بـە تـکاکاری، واتـە: تـکای ئـەوان لەبـارەی ئـەو کەسـەوەی تـکای بـۆ دەکـەن، وەردەگیـرێ و خـوا لێـی خـۆش دەبـێ.

٤-{عَنِ ابْنِ عَبّاسٍ ﵁ قَالَ: سَمْعِتُ النَّبيّ ﷺ يَقُولُ: مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلاً ، لاَ يُشْرِكُونَ باللهِ شَيْئاً ، إلاَّ شَفَّعَهُم اللهُ فِيهِ} (أخرجه مسلم: ٢١٩٦، وأبو داود: ٣١٧٠، وابن ماجه: ١٤٤٩)

واتـە: ئیبنـو عەببـاس ﵁ دەڵـێ: گوێـم لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو، دەیفەرموو: هیـچ پیاوێکـی مسـوڵمان نیـە کـە دەمـرێ، چـل پیـاو لەسـەر جەنازەکـەی بوەسـتن، هاوبـەش بـۆ خـوا دانەنێـن، مەگـەر خـوا دەیانکاتـە تـکاکار بـۆی.

واتە: تکای ئەوان لەبارەی ئەو کەسەوە قبووڵ دەفەرموێ و لێی دەبووڕێ.

دوازدەیەم: ئەو مردووەی ستایش یاخود زەم دەکرێ لەلایەن خەڵکەوە:

لەو بارەشەوە دوو دەقان دێنین:

١- {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مُرَّ بِجِنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا خَيْرًا، فَقَالَ النَّبِيّ ﷺ: وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ، وَمُرَّ بِجِنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا شَرًّا، فَقَالَ نَبِيّ اللَّهِ ﷺ: وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ، فَقَالَ عُمَر ﵁: فِدَىً لَك أَبِي وَأُمّي، مُرَّ بِجِنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا خَيْراً فَقُلْت: وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ، وَمُرَّ بِجِنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا شَرًّا فَقُلْت: وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ؟ فَقَالَ رَسُول اللَّه ﷺ: مَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ خَيْراً، وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّة، وَمَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ شَرّاً وَجَبَتْ لَهُ النَّار، أَنْتُمْ شُهَدَاء اللَّه فِي الْأَرْض، أَنْتُمْ شُهَدَاء اللَّه فِي الْأَرْض، أَنْتُمْ شُهَدَاء اللَّه فِي الْأَرْض} (أخرجه مسلم: ٢١٩٧، والنسائي: ١٩٣١).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: جەنازەیـەك تێپەڕێـنرا بـە لای پێغەمبـەردا ﷺو (هاوەڵانیـش لـەوێ بـوون)، باسـی چاکـەکاری پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـێ جـاران فەرمـووی: پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، دوایـی جەنازەیەکـی دیکـە تێپەڕێـنرا، خەڵـك بـە خـراپ باسـی کـرد، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، عومـەر ﷺ گوتـی: بـاب و دایکـم بـە قوربانـت بـن، جەنازەیـەك تێپەڕێـنرا، بـە چاکـە باسـی کـرا، سـێ جـاران فەرمـووت: پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، جەنازەیەکیـش تێپەڕێـنرا، بـە خراپـە باسـی کـرا، سـێ جـاران فەرمـووت: پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو، پێویسـت بـوو؟، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: هـەر کەسـێك لـە ئێـوە بـە چاکـە باسـی بکـەن، (سـتایش و مەدحـی بکـەن)، بەهەشـت بـۆی پێویسـت دەبـێ و، هـەر کەسـێك ئێـوە بـە خراپـە باسـی بکـەن، ئاگـر بـۆی پێویسـت دەبـێ، ئێـوە شـایەدەکانی خـوان لەسـەر زەوی، ئێـوە شـایەدەکانی خـوان لەسـەر زەوی، ئێـوە شـایەدەکانی خـوان لەسـەر زەوی.

٢-{عَنْ أَبِي قَتَادَةَ بْنِ رِبْعِيّ ﷺ أَنَّهُ كَانَ يُحَدِّثُ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ مُرَّ عَلَيْهِ بِجِنَازَةٍ، فَقَالَ: مُسْتَرِيحٌ، وَمُسْتَرَاحٌ مِنْهُ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ مَا الْمُسْتَرِيحُ وَالْمُسْتَرَاحُ مِنْهُ؟ قَالَ: الْعَبْدُ الْمُؤْمِنُ يَسْتَرِيحُ مِنْ نَصَبِ الدُّنْيَا وَأَذَاهَا إِلَى رَحْمَةِ اللهِ، وَالْعَبْدُ الْفَاجِرُ يَسْتَرِيحُ مِنْهُ العِبَادُ وَالْبِلادُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُ} (أخرجه مسلم: ٢١٩٩، والبخاري:٦٥١٣ ، والنسائي:١٩٣٠).

واتـە: ئەبـوو قەتـادەی کـوڕی ڕیبعیـی ﷺ، باسـی کـردوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ جەنازەیەکـی بـەلادا تێپەڕیـوە، فەرموویەتـی: ئاسـوودەیەو، خەڵکیـش لـە دەسـتی ئاسـوودەن، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! ئاسـوودەو خەڵـك لـە دەسـت ئاسـوودەبوو، چییـە؟ فەرمـووی: بەنـدەی بـڕوادار کـە دەمـرێ لـە نارەحەتیـی دنیـا ئاسـوودە دەبـێ و، بەنـدەی تاوانباریـش کـە دەمـرێ، بەنـدەکان و وڵات و دارو درەخـت و ئـاژەڵان لـە دەسـتی ڕزگاریـان دەبـێ و ئاسـوودە دەبـن.

سێزدەیەم: نوێژی مردوو:

{عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﷺ أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ ﷺ نَعَـى لِلنَّـاسِ النَّجَـاشِيَ فِي الْيَـوْمِ الَّـذِي مَـاتَ فِيـهِ، فَخَـرَجَ بِهِـمْ إِلَى الْمُصَـلَّى، وَكَـبَّرَ أَرْبَـعَ تَكْبِـيرَاتٍ} (أخرجـه مسـلم: ٢٢٠١، والبخـاري: ١٣٣٣ ، وأبـو داود: ٣٢٠٤، والنسـائي: ١٩٧٩).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ باسـی مردنـی نەجاشـی کـرد لـەو ڕۆژەدا کـە تێیـدا مـرد، ئیـدی خەڵکـی بـردە نوێژگـەو، چـوار (أَللـه أَكْـبَر)ی کـردن لـە نوێـژی مـردوودا.

وردەکارییەکانی نوێژی مردوو لە کتێبە شەرعییەکاندا هاتوون:

١- دوای (ألله أكْبَر)ی یەکەم سوورەتی فاتیحە دەخوێنرێ.

٢- دوای (ألله أكْبَر)ی دووەم صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ دەدرێ.

٣- دوای هی سێیەم دووعا بۆ مردووەکە دەکرێ.

٤- دوای چوارەمیش دووعا بە گشتیی و بۆ مردووەکەش دەکرێ.

چواردەیەم: نوێژ لەسەر گۆڕ:

ئایا دروستە نوێژ لەسەر گۆڕ بکرێ؟

لەو بارەوەش دوو دەقان دێنین:

١- {عَنِ الشَّعْبِي رحمه الله: «أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ صَلَّى عَلَى قَبْرٍ بَعْدَمَا دُفِنَ، فَكَبَّرَ عَلَيْهِ أَرْبَعًا} (أخرجه مسلم: ٢٢٠٨، والبخاري:١٣٤٠، وأبو داود: ٣١٩٦، والترمذي: ١٠٧٣، والنسائي: ٢٠٢٣، وابن ماجة: ١٥٣٠).

واتـە: لـە شـەعبییەوە هاتـوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ نوێـژی لەسـەر گۆڕێـك کـردوە، دوای ئـەوەی (خاوەنەکـەی تێیـدا) شـێردراوەتەوە، چـوار (أَللـه أَكْـبَر)ی لەسـەر کـردوون (و نوێژەکـەی لەسـەر کـردوە).

٢-{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ أَنَّ امْرَأَةً سَوْدَاءَ، كَانَتْ تَقُمُّ الْمَسْجِدَ «أَوْ شَابًّا»، فَفَقَدَهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَسَأَلَ عَنْهَا «أَوْ عَنْهُ» فَقَالُوا: مَاتَ، قَالَ: «أَفَلاَ كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي»؟ قَالَ: فَكَأَنَّهُمْ صَغَّرُوا أَمْرَهَا «أَوْ أَمْرَهُ» فَقَالَ: «دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ»، فَدَلُّوهُ، فَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ قَالَ: «إِنَّ هَذِهِ الْقُبُورَ مَمْلُوءَةٌ ظُلْمَةً عَلَى أَهْلِهَا، وَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُنَوِّرُهَا لَهُمْ بِصَلاَتِي عَلَيْهِمْ»} (أخرجه مسلم: ٢٢١٢، والبخاري: ١٣٣٧ ، وأبو داود: ٣٢٠٣، وابن ماجه: ١٥٢٧).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەڵـێ: ئافرەتێکـی ڕەش کـە مزگەوتـی خاوێن دەکـردەوە، یـان «گەنجێکـی ڕەش» وەفاتـی کـرد، پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەیبینـی، لەبارەیـەوە پرسـی (لەبـارەی ئافرەتەکـە یـان گەنجەکـە)، گوتیـان: مـردووە، فەرمـووی: بۆچـی ئاگادارتـان نەدەکردمـەوە؟ دەڵـێ: وەك لـەوە بـە بچووکتریـان زانیبـێ کـە بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـاگادار بکەنـەوە! فەرمـووی: گۆڕەکەیـم پێشـان بـدەن، پێشـانیان داو نوێـژی لەسـەر کـرد، فەرمـووی: ئـەم گۆڕانـە پـڕن لـە تاریکیـی لەسـەر ئەوانـەی تێیـان دان، خـوای زاڵی پایەداریـش ڕووناکیـان دەکاتـەوە بۆیـان بەهـۆی پاڕانـەوەو نوێـژی منـەوە.

پازدەیەم: هەڵسان بۆ جەنازە:

{عَـنْ عَامِـرِ بْـنِ رَبِيعَـةَ الْعَـدَوِيِّ ﷺ، عَـنْ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ أَنَّـهُ قَـالَ: إِذَا رَأَيْتُـمُ الْجَنَـازَةَ فَقُومُـوا حَتَّـى تُخَلِّفَكُـمْ أَوْ تُوضَـعَ} (أخرجـه مسـلم: ٢٢١٤، والبخـاري: ١٣٠٨، وأبـو داود: ٣١٧٢، والترمـذي: ٢٠٤٢، والنسـائي: ١٩١٥، وابـن ماجـه: ١٥٤٢).

واتــە: عامیــری کــوڕی ڕەبیعــەی عەدەویــی ﷺ دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویەتـی: هـەر کاتێـك جەنازەتـان بینـی لەبـەری هەڵسـن، تاکـو لێتـان تێدەپەڕێ، یاخـود دادەنـرێ.

شازدەیەم: پاڕانەوە بۆ مردوو لە نوێژدا:

{عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ الأَشْجَعِيِّ ﷺ قَالَ سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ وَصَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ، يَقُولُ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، وَارْحَمْهُ، وَاعْفُ عَنْهُ، وَعَافِهِ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِمَاءٍ وَثَلْجٍ وَبَرَدٍ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلاً خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَقِهِ فِتْنَةَ الْقَبْرِ وَعَذَابَ النَّارِ»، قَالَ عَوْفٌ: فَتَمَنَّيْتُ أَنْ لَوْ كُنْتُ أَنَا الْمَيِّتَ، لِدُعَاءِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ عَلَى ذَلِكَ الْمَيِّتِ} (أخرجه مسلم: ٢٢٢٩، والترمذي: ٢٠٢٥، والنسائي: ١٩٨٣)

واتە: عەوفی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر جەنازەیەك کرد (لە نوێژەکەیدا)، دەیفەرموو: ئەی خوایە! لێی ببوورەو بەزەییت پێیدابێ، سەلامەتی بکەو چاوپۆشیی لێ بکە، ڕێز لە هاتنی بگرە وەك میوان، شوێنەکەی بۆ فراوان بکە، بە ئاوو بەفرو تەرزە بیشۆو، پاکی بکەوە لە گوناهان وەك چۆن پۆشاکی سپی پاك دەکرێتەوە لە چڵك، مەنزڵگایەکی بۆ قەرەبوو بکەوە، باشتر لە مەنزڵگای خۆی لە دنیاو، کەس و کارێك باشتر لە کەس و کارەکەی و، هاوسەرێك باشتر لە هاوسەرەکەی، بیخە بەهەشتەوەو لە بەڵای گۆڕو سزای ئاگر بیپارێزە، عەوف دەڵێ: خۆزگەم خواست من ئەو مردووە بوومایە، بە هۆی پاڕانەوەی پێغەمبەری خواوە بۆ ئەو مردووە.

حەڤدەیەم: ئایا لە کاتی نوێژی مردوودا، ئیمام لە کوێ دەوەستێ؟

{عَنْ سَمُرَةَ ﷺ قَالَ: صَلَّيْتُ وَرَاءَ النَّبِيِّ ﷺ عَلَى امْرَأَةٍ مَاتَتْ فِي نِفَاسِهَا، فَقَامَ وَسَطَهَا} (أخرجه مسلم: ٢٢٣١، والبخاري: ١٣٣٢، وأبو داود: ٣١٩٥، والترمذي: ١٠٣٥، والنسائي: ١٩٧٨، وابن ماجه: ١٤٠٣).

واتە: سەمورە ﷺ دەڵێ: لە پشت پێغەمبەری خواوە ﷺ وەستام، نوێژی

لەسەر ئافرەتێك كرد بە زەیستانیی مردبوو لەسەر منداڵ، پێغەمبەر ﷺ لە لای نێوەڕاستی وەستا.

بەڵام بۆ پیاوان لە لای سەریەوە دەوەستێ.

هەژدەیەم: ڕێگریی كردن لە گەچكاریی و بینا دروست كردن لەسەر گــۆڕ:

{عَـنْ جَابِـرٍ ﷺ، قَـالَ: نَهَـى رَسُـولُ اللـهِ ﷺ أَنْ يُجَصَّـصَ القَـبْرُ، وَأَنْ يُقْعَـدَ عَلَيْـهِ، وَأَنْ يُبْنَـى عَلَيْـهِ} (أخرجـه مسـلم: ٢٢٤٢، وأبـو داود: ٣٢٢٥، والترمـذي: ١٠٥٢، والنسـائي: ٢٠٢٧، وابـن ماجـه: ٢٥٦٣).

واتـە: جابیـر ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕێگریـی كـردوە كـە گـۆڕ گەچكاریی بكـرێ، یاخـود لەسـەری دابنیشـتێنرێ، یاخـود بینـای لەسـەر بكرێ.

نۆزدەیەم: دانیشتن لەسەر گۆڕ:

لەو بارەوەش دوو دەقان دێنین:

١- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: لَأَنْ يَجْلِسَ أَحَدُكُمْ عَلَى جَمْرَةٍ فَتَحْرِقَ ثِيَابَهُ، فَتَخْلُصَ إِلَى جِلْدِهِ؛ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَجْلِسَ عَلَى قَبْرٍ} (أخرجه مسلم: ٢٢٤٥).

واتــە: پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویەتــی: ئەگــەر یەكێكتــان لەســەر پشــۆكەیەك دابنیشــێ، پۆشــاكەكەی بســووتێنێ، دوایــی پێستەكەشــی بســووتێنێ، باشــترە بــۆی لــەوەی لەســەر گۆڕێــك دابنیشــێ.

٢- {عَنْ أَبِي مَرْثَدٍ الْغَنَوِيِّ ﷺ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: لاَ تُصَلُّوا إِلَى الْقُبُورِ، وَلَا تَجْلِسُوا عَلَيْهَا} (أخرجه مسلم: ٢٢٤٨).

واتە: ئەبوو مەرسەدی غەنەویی ﷺ دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: نوێژ بەرەو گۆڕ مەکەن و، لەسەریشیان دامەنیشن.

بیستەم: نوێژ لەسەر جەنازە لە مزگەوت:

{عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ، أَنَّ عَائِشَةَ ﷺ، أَمَرَتْ أَنْ يُمَرَّ، بِجَنَازَةِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ فِي الْمَسْجِدِ، فَتُصَلِّيَ عَلَيْهِ، فَأَنْكَرَ النَّاسُ ذَلِكَ عَلَيْهَا، فَقَالَتْ، مَا أَسْرَعَ مَا نَسِيَ النَّاسُ، مَا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى سُهَيْلِ ابْنِ الْبَيْضَاءِ إِلاَّ فِي الْمَسْجِدِ} (أخرجه مسلم: ٢٢٤٩، والترمذي: ١٠٣٣، والنسائي: ١٩٦٧).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر دەڵێ: عائیشە ﷺ فەرمانی کرد جەنازەی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص بە لایدا تێبپەڕێنرێ بە مزگەوت دا، (چونکە ئەو ماڵەکەی بەسەر مزگەوتەوە بوون)، بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکات، خەڵك نکووڵییان لێیکرد، ئەویش گوتی: خەڵك چەند زوو شتی لە بیر دەچێتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر سوهەیلی کوڕی بەیزا لە مزگەوت نوێژی کرد.

بیست و یەکەم: چوونە سەر گۆڕستان:

لەو بارەوەش سێ دەقان دێنین:

١- {عَنْ عَائِشَةَ ﷺ، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كُلَّمَا كَانَ لَيْلَتها مِنْ رَسُول اللَّه ﷺ يَخْرُجُ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ إِلى البَقِيعِ، فَيَقُولُ: السَّلامُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤمِنِينَ، وأَتَاكُمْ مَا تُوعَدُونَ، غَدَاً مُؤَجَّلُونَ، وإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لاحِقُونَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَهْلِ بَقِيعِ الغَرْقَدِ} (أخرجه مسلم: ٢٢٥٢، والنسائي: ٢٠٣٨).

واتە: دایکمان عائیشە ﷺ، دەڵێ: هەر کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ نۆرە شەوی منی بووایە، لە کۆتایی شەودا دەچوو بۆ (گۆڕستانی) بەقیع و دەیفەرموو: سەلامتان لێبێ مەنزڵگای کۆمەڵی بڕواداران، ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە بۆتان هات، ئێمەش بۆ بەیانیی دواخراوین، ئێمەش هەر کاتێك خوا بیەوێ پێتان دەگەین، خوایە! لە دانیشتوانی بەقیعی غەرقەد ببوورە.

٢- {عَنْ بُرَيْدَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، فَزُورُوهَا فإنَّها تذكِّركم الأخرة} (أخرجه مسلم: ٢٢٥٧، وأبو داود: ٣٦٩٨، والنسائي: ٢٦٦٩).

واتـە: بورەیـدە ﷺ گـوتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ (کـە سـەرەتا نەهـی لێکـردوون سـەردانی گۆڕسـتان بکـەن و دوایـی فەرمانـی پێ کـردوون سـەردان بکـەن)، فەرمووی: سـەردانکردنی گۆڕسـتانم لـێ قەدەغـە کردبـوون، ئێسـتا سـەردان بکـەن، (دوارۆژتـان دەخاتـەوە بیـر، یاخـود: (مردنتـان دەخاتـەوە بیـر).

٣- بەڵام بە نسبەت ئافرەتانەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی باش نەبووە ئافرەتان بەدوای جەنازەدا بچن، چونکە ئوممو عەتییە ﷺ، دەڵێ: {نُهِينَا عَنِ اتِّبَاعِ الجَنَائِزِ، ولَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا} (أخرجه مسلم: ٢٢٦٤، والبخاري: ٣١٣، وابن ماجه: ٥٧٧).

واتـە: ڕێگەمـان لێگیـرا شـوێن جەنـازان بکەویـن، بـەڵام بـە جەختکردنـەوە ڕێـمان لـێ نەگیـرا.

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: بـەدوای جەنـازەدا مەچـن، بـەڵام زۆر بـە جەختکردنـەوە وای نەفەرمـووە، بێگومـان شـوێن جەنازەکەوتـن و سـەردانی گۆڕسـتانیش لەیـەک جیـان و حوکمیـان جیـاوازە.

ئەمـە کورتـە باسـێك بـوو لـە بـارەی مامەڵـە کردنـەوە لەگـەڵ جەنـازەو مردووانـدا، هیـوادارم توانیبـمان لـە قـەدەر ئـەو کاتـە کەمـەی ئـەو هەمـوو فەرمایشـتانەمان تێـدا هێنـان، لـە کاتی وەرگێڕانـدا مـافی فەرموودەکانمـان دابـێ.

لێرەش کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (التكاثر) دێنین.

تەفسیری سوورەتی

العصر

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کـە (٢٤)ی (ذي الحجة)ی (ساڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٨/١٤)ی زایینیـی، لـە شاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (العَصْر)، سـەرەتا وەك عادەتـی خۆمـان، پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (العصر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە تەنیـا بـە نـاوەکانی: (سُـوَرَةُ الْعَـصْر) و (سُـورَةُ وَالعَـصْر) نـاسراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان ئـەم سـوورەتەیان بـە مەککەیـی دانـاوە، هەندێکیشـیان وەك: قەتـادە و، موجاهیـد و، موقاتیـل، کـە سـێ لـە زانایـانی جیـلی شـوێنکەوتووان دوای هاوەڵانـن، (تابعین)، بـە مەدینەییـان دانـاوە، بـەڵام مەککەیـی بـوونی ئاشـکرایەو، لـەو بارەشـەوە ئـەم دەقـە دێنیـن: (عَـنْ عَبْـدِ اللـهِ بْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا، قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ وَالْعَـصْرِ بِـمَكَّةَ} (ذکـره السـيوطي فِي «الـدر المنثـور»: ج٨، ص٦٢١، وَنَسَـبَهُ لابـن مردويـه، الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب: ج٣، ص٥٥٥).

واتــە: عەبــدوڵای کــوڕی عەبــاس خــوا لێیــان ڕازی بــێ گوتوویەتــی: ســوورەتی (**والعــصر**) لەمەککــە دابەزیــوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

لـە موصحـەف دا، ئـەم سـوورەتە موبارەکـە ژمارەکـەی سـەدو سـێ (١٠٣)یـەو، لـە دابەزینـدا ژمارەکـەی سـێزدە (١٣)یـە، پێـش سـوورەتی (**العادیـات**)و، دوایـی سـوورەتی (**الإنـشراح**)، دابەزیـوە، هەڵبەتـە ئەوانـەش کـە گوتوویانـە: مەدینەییـە، ژمارەکەیـان زیاتـر دانـاوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بـە یەکدەنگیـی زانایـان، ژمـارەی ئایەتـەکانی سـێیە، کـە کورتتریـن سـوورەتە لـە ڕووی ژمـارەی ئایەتەکانـەوە، ئـەم سـوورەتە و هـەردوو سـوورەتی (**الکوثـر**)و (**النـصر**)، یـەکی سـێ ئایـەت سـێ ئایەتـن.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە خـوا ﷻ سـوێند دەخـوات بـە (**عَـصْر**)، کـە زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: مەبەسـت پێـی ڕۆژگارە بـە گشـتیی، لەسـەر ئـەوەی مرۆڤـەکان زیانبـارن بـە گشـتیی، بێجگـە لەوانـەی ئـەو چـوار سسـیفەتەیان تێـدان: ئیـمان و، کـرداری بـاش و یەکـدی ڕاسـپاردن بـە هـەق و، یەکـدی ڕاسـپاردن بـە خۆڕاگریـی.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

پێم وایە ئەم سوورەتە ئەو سێ تایبەتمەندییەی هەن:

١)- خوا ﷻ سوێندی خواردوە بە (**عَصْر**)، تەنیا لەم سوورەتەدا وشەی (**عَصْر**) بە مانای کات هاتوە.

٢)- خوای بەرز لەم سوورەتەدا زیانباریی تێکڕای مرۆڤانی ڕاگەیاندوە، بێجگە لە کەسانێك کە بڕوادارو، کردار باش و، یەکدی ڕاسپێرن بە هەق و، بە خۆڕاگریی، تەنیا لەم سوورەتەشدا بەم شێوەیە هاتوە.

٣)- پێکهاتنی لە کەمترین ژمارەی ئایەتەکان، کە سێ ئایەتن، وێڕای هەردووك سوورەتی: (**الكوثر**)و (**النصر**)یش.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە موبارەکە سێ ئایەتییە، دەکەین بە یەك دەرس.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هەرسـێ ئایـەتی سـوورەتی (عَـصْرِ) پێکـدێ، خـوا ﷻ لـە سـەرەتای ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، سـوێند دەخـوات بـە (عَـصْرِ)، کـە دەگونجـێ بـە چەنـد واتایـەك بـێ، بـەڵام زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: (عَـصْرِ) بـە مانـای ڕۆژگارە بـە گشـتیی، دەشـگونجێ بـە مانـای ڕۆژگارێـکی تایبـەت بـێ، واتـە: ڕۆژگاری پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ، یاخـود ئـەو کاتـەی نوێـژی ئێـوارە (عـصر)ی تێـدا دەکـرێ، بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ مەبەسـت پێـی ڕۆژگاربـێ بـە گشـتیی، خـوا سـوێند دەخـوات بـە عـەسر لەسـەر ئـەوەی مـرۆڤ زیانبـارە، ئەلیـف و لامـی سـەر (**الإنْسَـان**)یش بـۆ ناسـاندنە، ناسـاندنەکەش بـۆ جینسـە، واتـە: تێکـڕای مرۆڤـان زیانبـارن، لـە زیانبارییـدا نغـرۆ بـوون، دوایـی کەسـانێك هەڵداوێـرێ لـەو حوکمـەو، جیایـان دەکاتـەوە، کـە چـوار سـیفەتیان تێـدان: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾، هەمـوو مرۆڤـەکان لـە زیانبارییـدان، بێجگـە لـەو کەسـانەی: بڕوایـان هێنـاوەو، کـردەوە باشـەکان ئەنجـام دەدەن و، یەکـدی ڕادەسـپێرن بـە هـەق (شـوێنکەوتنی هـەق و گرتنـی هـەق)و، یەکـدی ڕادەسـپێرن بـە خۆڕاگریـی، واتـە: خۆڕاگریـی لەسـەر ڕێبـازی هـەق.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بەبەزەیـی بەخشـندە. سـوێند بـە ڕۆژگار (١) بێگومـان مـرۆڤ لـە زیانباریـی دایـە (٢) بێجگـە لـەو کەسـانەی بڕوایان هێنـاوەو، چاکەکانیـان ئەنجام داون و، یەکدییـان ڕاسـپاردوە بـە هـەق و، یەکدییـان ڕاسـپاردوە بـە خۆڕاگریی (٣)}.

شیکردنەی هەندێک لە وشەکان

(**وَٱلۡعَصۡرِ**): (**العَـصْرُ وَالعِـصْرُ: الدَّهْـرُ، وَالجَمْـعُ العُصُـورُ، والعَـصْرُ: العَـشِيُّ وَمِنْـه صَـلاَةُ العَـصْرِ**)، وشـەی (**عَـصْر**) و (**عِـصْر**)، واتـە: ڕۆژگار کـە بـە (**عُصُـور**) کۆدەکرێتـەوە، واتـە: ڕۆژگارەکان، (**عَـصْر**) بـە مانـای ئێـوارە دێ، دوای ئـەوەی خـۆر لـە نیوەڕاسـتی ئاسـمان لادەدا بـەرەو خۆرئـاوا، پێـی دەگوتـرێ: (**عَـشِيّ**)، وەك چـۆن کاتێـك خـۆر دەردەکـەوێ تاکـو دەگاتـە نیوەڕاسـتی ئاسـمان، پێـی دەگوتـرێ: (**غَـدَاة**)، یـان (**غُـدُوّ**)، هەروەهـا (**عَـصْر**) بـە مانـای نوێـژی ئێـوارەش دێـت، کـە ئەویـش لـەو کاتـەدا دەکـرێ کـە خـۆر لـە نیوەڕاسـتی ئاسـمان بـەرەو ئـاوا بـوون لادەدات.

(**لَفِي خُسۡرٍ**): (**الخُـسْرُ والخُـسْرَانُ: انْتِقَـاصُ رَأْسِ المَـال**)، وشـەی (**خُـسْر**)و (**خُـسْرَان**)، هەردووکیـان بـە مانـای لەدەسـتدانی دەسـتمایەن، کەسـێك دەسـتمایە و، سـەرمایەیەکی بـە دەسـتەوەیەو، هیـچ قازانجـی نەکـردوە، ئنجـا ئەگـەر دەسـتمایەکەش لـە دەسـت بـدات، پێـی دەگوتـرێ: بابایـەکی زیانبـارە، کـە خـوا دەفەرمـوێ: مـرۆڤ لـە زیانباریـی دایـە، واتـە: مـرۆڤ دەسـتمایەکەی لەدەسـت چـووە، تەمەنەکـەی زایـە بـووە، ئەگـەر ئـەو چـوار مەرجـەی بـاسی کـردن، تێیـدا نەبـن.

(**وَتَوَاصَوۡاْ**): (**تَواصَـوا**)، لەسـەر کێـشی (**تَفَاعُـل**)ەو، لـە (**وَصِيَّـة**)وە هاتـوە، (**الوَصِيَّـةُ: التَّقَـدُّمُ إلى الغَـيْرِ بِـمَا يَعْمَـل بِـهِ يُقْتَرِنَـاً بِوَعْـظٍ، مِـنْ قَوْلِهِـمْ أرْضٌ وَاصِيَـةٌ أي: مُتَصِلَـةُ**)

النَّبَاتِ، وَأوْصَاهُ وَوَصَّاهُ)، (**وَصِيَّة**): بریتیە لە ڕووکردنە کەسێك و ڕاسپاردنی کەسێك بەوەی کاری پێ بکات، بەڵام قسەکە کە ڕایدەسپێرێ ئامۆژگارییشی لەگەڵدابێ، (**وَصِيَّة**) لە بنەڕەتی زمانی عەرەبییدا لە (**أرضٌ واصِيَة**)یەوە هاتوە، (**أرضٌ واصِيَة**) واتە: ڕووەکەکەی هەموو پێکەوە پەیوەستە، (ئەگەر کەسێکیش قسەی خێرو ئامۆژگاریی خێر بۆ کەسێك پەیوەست بکات بەردەوام، مانای وایە وەسیەتی بۆ کردوە)، ئنجا بە هەردوو کرداری (**أوصَاهُ**) و (**ووَصَّاهُ**)، دێ، {(**أوْصَاهُ وَصِيَّةً**) و (**وَصَّاهُ وَصِيَّةً**)}.

(**بِٱلْحَقِّ**): (**أَصْلُ الحَقِّ: المُطَابَقَةُ والمُوَافَقَةُ**)، (**حَقّ**): لە ڕیشە زمانەوانییەکەیدا بە مانای پێکەوە تێکەڵبوون و پێکەوە گونجانە، دوایی وشەی هەق بەکاردەهێنرێ بۆ: (**المـوجِد: وَالمُوجَدُ بِالْحِكْمَةِ، وَالإعْتِقَادُ الصَّحِيْح، وَالفِعْلُ وَالقَوْلُ الصَّحِيْح**)، هەق هەم بۆ پەیداکەر بەکاردەهێنرێ: ﴿أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ٱلْمُبِينُ ﴿٢٥﴾﴾ النور، کە خوای بێ وێنەیە، هەم بۆ پەیداکراوێك بە حیکمەت بەکاردەهێنرێ: ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴿٧٣﴾﴾ الأنعام، هەم بۆ بڕوا پێبوونێکی ڕاست و دروست، هەروەها بە قسەو کردارێکی ڕاست و دروستیش هەر دەگوترێ: (**حَقّ**).

(**بِٱلصَّبْرِ**): (**الصَّبْرُ: الإمْسَاكُ فِي ضِيْقٍ، وَالصَبْرُ: حَبْسُ النَّفْسِ عَلَى مَا يَقْتَضِيهِ العَقْلُ وَالشَّرْعُ، أو عَمَّا يَقْتَضِيَانِ حَبْسَهَا عَنْهُ**)، وشەی (**صَبْر**) بە مانای خۆگرتنەوە دێ لەگەڵ سەغڵەتییدا، (**صَبْر**): بریتیە لە خۆ حەپسکردن لەسەر خوازیاری عەقڵ و شەرع، یاخود خۆگرتنەوە لە شتێکدا کە عەقڵ و شەرع دەخوازن خۆی لێ بگریەوە.

هەندێکیش دەڵێن: (**الصَّبْرُ: حَبْسُ النَّفسِ عَلَى مَا تَكرَه**)، (صبر) ئەوەیە خۆت حەپس بکەی لەسەر شتێك کە پێی ناخۆشە، یانی: هەرچەندە پێی ناخۆشە، بەڵام هەر حەپسی بکەی لەسەری، کە ئەنجامی بدات، هەروەها (**الصَّبْرُ: حَبسُ النَّفسِ عَمَّا تَكْرَه**)، خۆگرتنەوە لە شتێك کە نەفس پێی ناخۆشە، نەفس پێی ناخۆشە لێی بگریەوە، بەڵام جڵەوی بۆ توند بکەی و نەهێڵی بیکات، یان توخنی بکەوێ.

سێ دەق لەبارەی ئەم سوورەتە

لێرەدا سێ دەقان دێنین دەربارەی ئەم سوورەتە موبارەکە:

یەکەم: {عَنْ أَبِي حُذَيْفَةَ وَكَانَ لَهُ صُحْبَةٌ قَالَ: كَانَ الرَّجُلاَنِ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ إِذَا الْتَقَيَا لَمْ يَفْتَرِقَا حَتَّى يَقْرَأَ أَحَدُهُمَا عَلَى الآخَرِ: سُورَةَ الْعَصْرِ، ثُمَّ يُسَلِّمَ أَحَدُهُمَا عَلَى الآخَرِ} **(أخرجه البيهقي في شعب الايمان: ٩٠٥٧، والمناوي في فيض القدير: ج١، ص٣٣٦، وقال المخرج لتفسير روح المعاني: ضعيف).**

واتـە: ئەبـوو حوزەیفـە کـە هاوەڵایەتیـی هەبـووە لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ دەڵـێ: دوو پیـاو لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە بـە یەکدەگەیشـتن، لـە یـەك جیـا نەدەبوونـەوە تاکـو یەکێکیـان سـوورەتی **(العـصْرِ)**ی بەسـەر ئـەوی دیکـەدا نەخوێندبایـە، دوایـی یەکێکیـان سـڵاوی لـەوی دیکـە دەکـرد، {دەیگـوت: **(السَّـلامُ عَلَيكُـم وَرَحمَـةُ اللـهِ وَبَرَكَاتُـهُ)**}، ئنجـا لـە یـەك جیادەبوونـەوە.

دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ لە جەنگی خەندەقدا ڕۆژێکیان کە زۆر سەغڵەتیی بوو و نوێژی (عەسر)یان چوو، لە کاتی خۆیدا بۆیان نەکرا، لەبەر ئەوەی دوژمنان بارودۆخەکەیان زۆر سەغڵەت کردبوو لە خەڵکی ئیسلام، نە پێغەمبەرو ﷺ نە هاوەڵان نەیانتوانی نوێژەکەیان لە کاتی خۆیدا بکەن، کە نوێژەکەیان بە کۆمەڵ دەکرد، لەو بارەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: {**شَغَلُونَا عَنْ الصَّلَاةِ الْوُسْطَى صَلَاةِ الْعَصْرِ**} **(أخرجه البخاري: ٦٠٣٣، ومسلم: ٥٢٧)**، واتە: ئێمەیان بێئاگا کرد، یان ئێمەیان سەرقاڵ کرد لە نوێژی نێوەڕاست (نوێژی عەسر)، یاخود چاکترین نوێژ، کە نوێژی ئێوارەیە، (نوێژی عەسر).

سێیەم: هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی نوێژی عەسرەوە، فەرموویەتی: {**مَنْ فَاتَتْهُ صَلَاةُ الْعَصْرِ، كَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ وَمَالَهُ**} **(أخرجه البخاري: ٥٢٧، ومسلم: ٦٢٦).**

واتـە: هـەر کەسـێك نوێـژی ئێـوارەی بچـێ (نوێـژی عـەسر) وەك کـەس و کاری و مـاڵ و سـامانی هەمـووی لـە دەسـت دابـێ.

لـە دەقـی یەکەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە هـاوەڵان زۆر گرنگییـان بـەم سـوورەتە موبارەکـە داوەو، لـە دوو دەقـی دواییـش بۆمـان دەردەکـەوێ کـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، خـوا کـە لـە سـوورەتی (البقـرة)دا دەفەرمـوێ: ﴿ حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ ﴿٢٣٨﴾ ﴾، واتـە: پارێزگاریـی لـە نوێـژەکان و نوێـژی نێوەڕاسـت بکـەن، ﴿ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ ﴾ی بـە نوێـژی عـەسر لێکداوەتـەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، ئـەوەش مەبەسـتی ئەوەیـە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ﴾،واوەکـە واوی سـوێند پـێ خـواردن (واو القسـم)ە، واتـە: سـوێند بـە عـەصر، (عَصر)یـش، زانایـان چەنـد واتایەکیـان بـۆ هینـاون:

١- ڕۆژگار بە گشتیی.

٢- ڕۆژگارێکی تایبەت، بەبێ دیارییکردن و دەستنیشانکردن.

٣- ئەو ڕۆژگارو کاتەی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ تێیدا، وەحیی لە لایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ دابەزیوەو، کۆمەڵ و کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیی بنیات ناوە، کەواتە: (**والعصر**)، واتە: سوێند بەو ڕۆژگارەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ تێیدا پێغەمبەرایەتیی کردوە،

کە ماوەی بیست و سێ ساڵە، سێزدە ساڵ لە مەککەو، دە ساڵ و چەند مانگێکیش لە مەدینە (**یثرب**).

٤- هەروەها (**عَصر**) بە ئەو کاتەش دەگوترێ، کە ڕۆژ (خۆر) لە نێوەڕاستی ئاسمان لادەدا بەرەو ئاوابوون و، هەتا ئاوا بوون، پێی دەگوترێ: (**عَصر**) ئێوارە، ئەو نوێژەش کە لەو کاتەدا دەکرێ، پێی دەگوترێ: نوێژی ئێوارە، نوێژی عەصر.

خوا سوێند دەخوات بە (**عَصر**)، کە ڕای ڕاستتر ئەوەیە، مەبەست پێی ڕۆژگارە بە گشتیی، لەسەر چی سوێند دەخوات؟

﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤ لە زیانباریی دایە، (**ال**)ی سەر ﴿ ٱلْإِنسَـٰنَ ﴾، بۆ ناساندنە، ناساندنەکەشی بۆ ڕەگەز (**جنس**)ە، واتە: تێکڕای مرۆڤان لە زیانبارییدان، بەڵام لێرەدا: (**لِلجِنسِ الإستِغراقِيِّ العُرْفِيِّ**)، واتە: بە پێی باوی ئەو کاتەو، ئەو مرۆڤانەی لەو ڕۆژگارە دابوون هەموویان لە زیانبارییدان، جگە لەوانەی دوایی خوا ﷻ جیایان دەکاتەوەو هەڵیانداوێرێ، هەروەها ئەو مرۆڤانەی لە هەموو ڕۆژگارەکاندا دێن، هەموویان لە زیانبارییدان، جگە لەوانەی خوا جیای کردوونەوە، بەو چوار سیفەتەی دوایی باسیان دەکات.

کە دەفەرموێ: ﴿ لَفِى خُسْرٍ ﴾، ﴿ خُسْرٍ ﴾، (**مَصدَرٌ ضِدُّ رِبحٍ فِي التِّجارَة**)، (**خُسر**) و (**خُسران**): چاوگن، دژی قازانج کردنن لە بازرگانییدا، بەڵام لێرە خوازراوەتە بۆ سەرەنجامی خراپ، (ل)ی سەر ﴿ لَفِى خُسْرٍ ﴾یش، بێگومان بۆ جەختکردنەوەیەو، کە دەفەرموێ: (**فِي خُسْرٍ**)، لە زیانبارییدایە، مرۆڤ چوێنراوە بە کەسێك، کە دەکەوێتە نێو باتڵاغێکەوە، نیو چاڵێکی قووڵەوەو تێیدا نقووم دەبێ.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، جگە لەوانەی بڕوایان هێناوە، واتە: (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێی بهێنرێ)، ﴿ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ﴾، کردەوە باشەکانیشیان ئەنجامداون، ﴿ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴾، یەکدییان ڕاسپاردوە بە هەق، یەکدییان ڕاسپاردوە بە خۆڕاگریی.

بەدڵنیاییش ئەگەر ئیمان ئیمان بێ، کردەوەی باش پەلکێش دەکات، بۆیە هەمیشە لە قورئاندا لە دوای ئیمان، باسی کردەوەی باش کراوە، ئنجا بەشێك لە کردەوەی باش، خەڵك ڕاسپاردنە بە شوێنکەوتنی هەق و، هەڵگرتنی هەق و بڕوا پێ بوونی هەق، هەروەك بەشێکی دیکە لە کردەوەی چاك، بریتیە لە یەکدی ڕاسپاردن بە خۆڕاگریی و پشوو درێژیی وو لەسەر پابەندیی بە هەقەوە، بەڵام خوا ﷻ ئەوانەی باداوەتەوە سەر یەکدی، کە لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە پێی دەگوترێ: (**عَطْفُ الخَاصّ عَلَى العَام**)، بادانەوەو گێڕانەوەی تایبەت بۆ سەر گشتیی، پێشێ خوا شتێك بە گشتیی دەفەرموێ، دوایی چەند، تاکێکی لێ جیا دەکاتەوەو دەیانگێڕێتەوە بۆ سەر ئەو حاڵەتە گشتییە، تاکو بزانرێ کە ئەوانە جێی بایەخ و گرنگیی تایبەتن، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا، هاتووەو زانایان بە زۆریی نموونە بەوە دێننەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ ...﴿٩٨﴾ ﴾، واتە: هەر کەسێك دوژمنی خواو فریشتەکانی و هی پێغەمبەرانی بێ و (دوژمنی) جیبریل و میکال بێ، دیارە جبریل و میکائیل، هەردووکیان لە نێو فریشتەکاندان، بەڵام لەبەر ئەوەی پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە نێو فریشتەکاندا، خوا ﷻ وێڕای ئەوەی بە گشتیی باسی فریشتانی کردوە، بە تایبەتی باسی ئەو دووانە دەکات، ئەوەش پێی دەگوترێ: (**ذِكْرُ الخَاصّ بَعدَ العَام**)، باسکردنی تایبەت دوای گشتیی.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کە لە هەردوو ئایەتی یەکەم و دووەم وەردەگیرێ، سوێند خواردنی خوا بە ڕۆژگار کە مرۆڤ بە گشتیی لە زیانباریی دایە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلْعَصْرِ﴾، سوێند بە ڕۆژگار، کە وەك پێشتر گوتمان: زانایان (عصر)یان لێرەدا بە پێنج واتایان هێناوە:

١- ڕۆژگار بە گشتیی.

٢- ئەو کاتەی دەکەوێتە نێوان نیوەڕۆو زەردەی ئێوارێ.

٣- نوێژی ئێوارە، نوێژی عەصر.

٤- هەر ماوەیەکی زاندراو، کە جیلێك لە خەڵك تێیدا دەژین.

٥- ڕۆژگاری ئیسلام، ئەو ڕۆژگارەی خوای پەروەدگار وەحیی تێدا ڕەوانە کردوە بۆ پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ.

بەڵام مانای دیارتری هەر ئەوەیە کە مەبەست پێی ڕۆژگارە بە گشتیی و، خوا سوێند دەخوات بە ڕۆژگار، خواش لە قورئاندا سوێندی بە زۆر شتان خواردوە.

٢)- ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤ لە زیانباریی دایە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤ، یانی: تێکڕای مرۆڤان، چونکە (ال) بۆ ناساندنە،

ناساندنەکەش بۆ جینسە، یانی: مرۆڤەکان هەموویان لە زیانباریی دان، زیانباریی مرۆڤیش ئەوەیە لەسەر تەمەنەکەی خۆی قەرزار بێتەوەو، تەمەنەکەی لە دەست بچێ و بە فیڕۆ بچێ، (**الخُسْرُ والخُسرانُ: مَصْدَرٌ ضِدُّ الرِّبح فِي التِّجَارَة**)، واتە: (**خُسر و خُسران**)، چاوگن هەردووکیان دژی قازانج کردنن لە بازرگانییدا، کەسێکی بازرگان ئەگەر قازانج بکات، بە هۆی دەستمایەکەیەوە، قازانجی دێتە دەست، یانی: دەستمایەکەی پارێزراوەو قازانجیش دەکات، بەڵام ئەگەر زیان بکات، جاری وایە دەستمایەکەشی لە دەستدەچێ، ئەوە هیچ قازانجی نەکردوە، بگرە دەستمایەکەشی دەدۆڕێنێ، خوا دەفەرموێ: مرۆڤەکان هەموویان دۆڕاون، لەسەر ژیانێ کە خوا تێیدا دایناون، قەرزدار دەبنەوە، تەمەنەکەیان بەفیڕۆ دەڕوات و لە دەستیان دەچێ، بێگومان لێرە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴾، بە دڵنیایی مرۆڤ زۆر لە زیانباریی دایە، لە زیانبارییدا نغرۆ بووە، لە جیاتی بفەرموێ: (**لَخَاسِرٌ**) یان: (**يَخسَروا**)، فەرموویەتی: ﴿ لَفِى خُسْرٍ ﴾، واتە: لە زیانباریی دا نقووم بوون، وەك چۆن شتێك دەخەیە نێو گۆماوێکەوە، مرۆڤیش ئاوا نغرۆ بووە لە زیانبارییداو تێیدا غەرق بووە، بێگومان ئەمەش ترساندن و وریاکردنەوەو هۆشدارییەکی زۆر گەورەیە.

کە دەشفەرموێ: ﴿ لَفِى خُسْرٍ ﴾، وشەی (**خُسْرٍ**) کە بە نەزانراو (**نكرة**) هاتوە هیچ هۆکارێکی ناساندنی لەسەر نیە، دەگونجێ بۆ جۆر بێ، یاخود بۆ گشتاندن و مەزن پێشاندان بێ و، ئەوەی دووەمیشیان زیاتر گونجاوە لەگەڵ ڕەوت (**سیاق**) دا.

ئێمە کاتی خۆی لە سەرەتای سوورەتی (**النازعات**)دا، کورتە باسێکمان کردوە لە بارەی سوێندەکانی خوا ﷻ لە قورئاندا، سوێندەکانی خوای پەروەردگار بە هەندێك لە دروستکراوەکانی و، جاری واش هەیە خوا سوێند بە خۆی دەخوات: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ ﴿٦٥﴾ ﴾النساء، سوێند خواردنی خواش بە هەندێك لە دروستکراوەکانی بە گشتیی دوو حیکمەتی تێدان:

یەکەم: بۆ سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤانە، بۆ گرنگیی و بایەخی ئەو دروستکراوانەو، هاندانیان بۆ تێوەڕامان و لێوردبوونەوەیان و، پەیبردن بە نهێنییەکانیان و بەهرە لێوەرگرتنیان.

دووەم: بۆ زانین و پەیپێبردنی پێگەو حورمەتی ئەو دروستکراوانەیە، بۆ وێنە: خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ۝١﴾ القلم، سوێند بە قەڵەم و بەوەی دەینووسن، ئەمە بۆ دەرخستنی پێگەو گرنگیی و بایەخی نووسین و قەڵەمە، لە ژیانی مرۆڤ دا کە هۆکارێکی گەورەو گرنگی بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی ژیان و گوزەرانیەتی، بەڵام سوێند خواردنی خوا بە هەنجیرو زەیتوون: ﴿وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ۝١﴾ التين، بۆ سەرنجڕاکێشانی مرۆڤەو هاندانیەتی بۆ تێوەڕامان لەو دوو جۆرە خۆراکەو سوودو قازانجەکانی لێیان وەردەگیرێن.

گرنـگ ئەوەیـە لێـرەدا خـوا سـوێند دەخـوات بـە ڕۆژگار، (عـصر) ئـەو ڕۆژگارەی ئێمـە تێیـدا دەژیـن لـەم سـەر زەوییـە، کـە بـۆ ئێمـە ئـەو واتـا زانـدراوەی هەیـە کـە دەیزانیـن و، بریتیـە لـەوەی تەمەنـی هـەر کامێـك لـە ئێمـە، چەنـد سـاڵێکە، هـەر سـاڵێك دوازدە مانگـەو، هـەر مانگێـك چـوار هەفتەیـەو، هـەر هەفتەیـەك، حـەوت شـەوو حـەوت ڕۆژەو، هـەر شـەوو ڕۆژێـك بیسـت و چـوار سـەعاتن و، بـە هاوکۆیـی (مُعـدَّل)، دابـەش دەبـن بـۆ دوازدە بـە دوازدە، بـەڵام کـورت و درێژییـان هەیـەو، جـاری وا هەیـە لـەم وڵاتانـەی ئێمـە -ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت- ڕۆژ دەبێتـە شـازدە سـەعات یـان شـتێك زیاتـر، هەروەهـا شـەویش لـە هەندێـك کاتانـدا دەبێتـە شـازدە سـەعات، یـان شـتێك زیاتـرو، ئـەو هەشـت سـەعاتە، یـان شـتێك کەمـترەی دەمێنێتەوە بـۆ ئـەوی دیکەیـە، بـەڵام لـە هەندێـك شـوێنی دنیـا، (خڕۆکـەی زەوی) شـەو یـان ڕۆژ ماوەکەیـان زۆر زیاتـر دەبـێ و، دەگەنـە هـەژدە سـەعات و، بیسـت سـەعات، بەڵکـو لـە هەندێـك شـوێنی خڕۆکـەی زەوی، شـەش مانـگ شـەوەو، شـەش مانـگ ڕۆژە، بـەڵام نـە شـەوەکە شـەوی تـەواوەو، نـە ڕۆژەکـە ڕۆژی تـەواوە.

بەڵـێ ئێمـە لـەم سـەر زەوییـە، لـە ڕۆژگار واتێدەگەیـن، کـە بریتیـە لـە چەنـد سـاڵێك و بـە دوای یەکـدا دێـن، سـاڵەکان لـە مانـگ و مانـگ لـە هەفتـە، هەفتـەکان

لـه شـەوو ڕۆژ، شـەوو ڕۆژەكان لـه سـەعات و سـەعاتەكان لـه خولـەك و، ئەوانیـش لـه چركـه پێـك دێـن، بـەڵام ئایـا ئـەو چەمـك و واتایـەی بـۆ كات و ڕۆژگار، كـه بـۆ ئێمـەی خەڵكـی سـەر زەوی هەیـه، شـتێكی گشـتییه؟ بـه دڵنیایـی نەخێـر، ئنجـا بـا سـەرنج بدەیـن و ئـەو مەسـەلەیه تۆزێـك ڕوون بكەینـەوە:

زەوی ئێمـه هـەر بیسـت و چـوار (٢٤) سـەعات جارێـك خولێـك بـه دەوری خۆیـدا دەخـوات، لـه بەرانبـەر خـۆردا، بـه خێرایـی سـی (٣٠)كـم لـه خولەكێك داو، لـه ئەنجامـی ئـەوەش دا دیوەكـەی كـه دەكەوێتـه لای خـۆر، دەبێتـه ڕۆژو، دیوەكـەی دیكەشـی دەبێتـه شـەو، هەروەهـا لـه مـاوەی سـاڵێكدا، لـه مـاوەی سێسـەدو شەسـت و پێنـج (٣٦٥) ڕۆژو شـتێكدا خولێـك، سـوورێك بـه دەوری خـۆردا دەدات، بـه خێرایـی سـی (٣٠) كـم لـه چركەیەكـدا، واتـه: شەسـت ئەوەنـدەی خێرایـی سـوورانەوەی بـه دەوری خۆیـدا خێراتـرو، لـه ئەنجامـی ئەوەشـدا چـوار كەشـەكانی سـاڵ بەهـارو هاویـن و پایـزو زسـتان، پەیدادەبـن، بـەڵام لـه هەمـوو شـوێنەكانی گـۆی زەوی دا ئـەو چـوار كەشـانە ئـاوا دیـار نیـن، وەك لـه لای ئێمـه دیـارن، بـەڵام خڕۆكـەی وا هەیـه، له ماوەیەكـی كەمـتر یـان زیاتـردا بـه دەوری خۆیـدا دەخولێتـەوە، هـەر لـه كۆمەڵـەی خـۆرو لـه بەرانبـەر خـۆردا، بۆیـەش شـەوو ڕۆژەكەیـان جیـاواز دەبـێ، كورتـتر یـان درێژتـر دەبـێ، بەڵكـو لـه دەرەوەی كۆمەڵـەی خـۆر خڕۆكـەی وا هەیـه، لەوانەیـه بـه یـەك ملیـۆن سـاڵ جارێـك خولێـك بـه دەوری خۆیـدا بخولێتـەوە، یـان به چەنـد ملیۆن سـاڵ جارێـك بـه دەوری ئـەو ئەسـتێرەیەی بـه دەوری دا دەخولێتـەوە، بخولێتـەوە، ۆری ئێمـەش هـەر ئەسـتێرەیەكه لـه ئەسـتێرەكانی كەهكەشـانی كاكێشـان كـه بـه مەزەننـه، دوو سـەد ملیـارو هەندێـك گوتوویانـه: تریلیـۆن (١٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)ێـك زیاتـرن!

كەواتـه: چەمـك و واتـای كات و ڕۆژگار ڕێژەییـه، بـه نسـبەت ئێمـەی دانیشـتووانی سـەر خڕۆكـەی زەوی، ئـەم چەمـك و واتایـەی هەیـه، كـه ئێمـه دەیزانیـن، بـەڵام بـا پێـمان وانەبـێ لـه هەمـوو شـوێنەكانی دیكـەش، هـەر ئـەو چەمـك و واتایـەی

هەیـە، خـواش ﷻ سـەرنجی ئێمـەی بـۆ ئـەو ڕاسـتییە وجوودییـە ڕاکێشـاوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾﴾ الحـج، واتـە: ڕۆژێـك لـە لای پـەروەردگارت بـە ئەنـدازەی هـەزار سـاڵە لـەوەی ئێـوە دەیژمێـرن، بەڵکـو لـە سـوورەتی (**المعـارج**)دا، دەفەرمـوێ: ﴿تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾﴾، واتـە: فریشـتەکان و ڕووح، (جیبریـل)، بـەرەو لای و (خـوا) بـەرز دەبنـەوە، لـە ڕۆژێکـدا ماوەکـەی پەنجـا هـەزار (٥٠،٠٠٠) سـاڵە، کـە مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، کەواتـە: کاتێـك لـە بازنـەی ئـەم زەوییـەی خۆمـان دەچینـەدەر، چەمـك و واتـای کات دەگـۆڕێ و مانـاو نێوەڕۆکێکـی دیکە پەیـدادەکات، ئـەوە بەنسـبەت ئێسـتای گەردوونـەوە.

بـەڵام بـە نسـبەت قۆناغـی دوایـی گـەردوون، قیامـەت، یـان قۆناغـی عالەمـی بـەرزەخ، لـەوێ کات (زمـن) چەمـك و واتایەکـی دیکـەی هەیـە، لـەوێ کات (زَمَـن) دەوەسـتێ، بۆیـەش مرۆڤـەکان لـە یـەك تەمەنـدا دەمێننـەوە، چ لـە بەهەشـت دا بـن، چ لـە دۆزەخ داو، چ لـە قۆناغـی بـەرزەخ دا، چ لـە قۆناغـی قیامـەت دا، لـەوێ پیـر بـوون نیـە، چونکـە کات وەك لێـرە تێدەپـەڕێ، لـەوێ تێناپـەڕێ، ئـەوەش زانسـت دەریخسـتوەو، بـە پێـی بیـردۆزەی ڕێژەیـی (**النظریـة النسـبیّة**)، ئانیشـتاین، ئەگـەر مـرۆڤ بتوانـێ ڕۆکێتێـك هەڵـدا بـە خێرایـی تیشـك بـڕوا، واتـە: (٣٠٠,٠٠٠)کـم لـە چرکەیەکـدا، کات دەوەسـتێ، واتـە: ڕۆکێتـێك هەڵبـدەی بـۆ نێـو فـەزا، دوای سـەد (١٠٠) سـاڵ کـە دێتـەوە، لێـرە سـەد سـاڵی بەسـەردا تێپەڕیـوە، بـەڵام لـە نێـو ئـەو ڕۆکێتـەدا، شـتێکی زۆر کـەم کات تێپەڕیـوە!

مەسەلەی دووەم:

هەڵاواردنی بڕوادارانی کردار باشی، ڕاسپێرەر بە هەق و، ڕاسپێرەر بە خۆڕاگریی، لە حوکمی نغرۆ بوون لە زیانبارییدا:

خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْاْ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، (هەموو مرۆڤەکان لە زیانبارییدان)، بێجگە لەو کەسانەی بڕوایان هێناوە، کەواتە: بناغەی سەرفرازیی و دەرباز بوون لە دۆڕان و لە تەمەن لە دەستچوون، بریتیە لە ئیمان، ئیمانیش زۆربەی هەرە زۆری زانایان ئاوایان پێناسە کردوە: (الإيمان: **قولٌ وَعَمَل، يَزِيد بِالطَّاعَةِ وَيَنقُصُ بِالمَعصِيَة**)، ئیمان قسەیەو کردەوەیە، بە فەرمانبەریی زیاد دەکات و، بە سەرپێچیی کەم دەکات، کە گوتوویشیانە: قسەیەو کردەوەیە، مەبەستیان لە قسە دوو شتە:

أ- بەڕاست زانینی عەقڵ و دڵ.

ب- دان پێداهێنانی بە زمان، ئەوە قسەی دوو ئەندامان:

أ- قسەی عەقڵ و دڵ، ب- لەگەڵ قسەی زمان، کە گوتوویشیانە: کردەوە، دیسان کردەوەش مەبەستیان پێی دوو جۆرە کردەوەیە.

أ- کردەوەی دڵ، کە بریتیە لە پەسند کردن و خۆشویستن و ویستن و قبووڵ کردن و مل بۆ کەچ کردن وڕادەست بوون، ب- کردەوەی ئەندامەکانیش جێبەجێ کردنە.

کەواتە: ئیمان چوار پێکهاتەی هەن ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بێجگە لەوانەی بڕوایان هێناوە، هەمیشە لە قورئاندا مەگەر بە دەگمەن، ئەگەرنا بەرکار (مفعول)ی ﴿ ءَامَنُواْ ﴾، قرتێنراوە، ئایا بڕوایان بەچی هێناوە؟ بڕوایان بە هەموو

ئـەو شـتانە هێنـاوە کـە دەبـێ بڕوایـان پـێ بهێـنرێ، بڕوایـان بـە خـوا هێنـاوە ﷻ، بـە فریشـتەکانی، بـە کتێبـەکانی و بـە پێغەمبـەرانی و، بـە ڕۆژی دوایـی و بـە نەخـش و ئەندازەگیریـی خـوا.

٢)- ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، هەروەها کردەوە چاکەکانیشیان کردوون، مەرجی دووەمی دەربازبوون لە زیانباریی و دۆڕان و سەر بە فەتارەت چوونی مرۆڤان، بریتیە لەوەی کردەوە باشەکان ئەنجام بدەن. ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، واتە: (**وَعَمِلُوا الخِصالَ الصَّالِحات**)، خەسڵەت و کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، ﴿ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾یش، (أل)ی ناساندنی لەسەرە، ئەویش هەموو کردەوە چاکەکان دەگرێتەوە.

٣)- ﴿وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ﴾، هەروەها یەکدییان ڕاسپاردوە بە هەق، ئەویش هەر بەشێکە لە کردەوەی باش، بەڵام ئەوە لێرەدا -وەك پێشتریش گوتمان- بادانەوەی تایبەتە بۆ سەر گشتیی. (**عَطفُ الخاصِ عَلَى العام**)، بە مەبەستی بایەخ و گرنگیی پێدان و، دەرخستنی پێگەو پلەی بەرزی، ئەوەی بادراوەتەوە بۆ سەر هی پێشێ.

٤)- ﴿وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ﴾، هەروەها یەکدییشیان ڕادەسپاردوە بە خۆڕاگریی، واتاو چەمکی (**تَواصِي**) یەکدی ڕاسپاردن، فراوانترە لە ماناو چەمکی فەرمان بە پەسندو ڕێگریی لە ناپەسند، فەرمان بە پەسند و ڕێگریی لە ناپەسند، زیاتر کردەوەکان دەگرێتەوە، بەڵام یەکدی ڕاسپاردن بە هەق و یەکدی ڕاسپاردن بە خۆڕاگریی، هەم بواری ئیمان و عەقیدە دەگرێتەوە، هەم لایەنی فیکریی دەگرێتەوە، هەم لایەنی دەروون دەگرێتەوە، هەم لایەنی ڕواڵەت دەگرێتەوە، هەروەها لایەنەکانی تاکیی، خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ...، هەمووان دەگرێتەوە، ئنجا کە خوا ﷻ هەر چوار سیفەتەکەی بە کۆ هێناون: ﴿ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ﴾، کەواتە: دەبێ کۆمەڵ و کۆمەڵگایەکی مسوڵمان، ڕازاوەبێ بەو چوار سیفەتانە، ئنجا لە زیانباریی و دۆڕان سەلامەت دەبێ، ئیمان و کردەوەی دەبێ باش لە خودی خۆیاندا ئەنجامیان بدەن، بەڵام یەکدی ڕاسپاردن بە هەق و یەکدی ڕاسپاردن بە پشوو درێژیی و خۆڕاگریی، دەبێ لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا، ئەنجامیان بدەن.

خـوا بـە لوتـف و کەڕەمـی ڕەهـای خـۆی، ئێمـە لـەو کەسـانە بگێـڕێ کـە بـەو چـوار سـیفەتە بـەرزو گـەورەو گرنگـە دەڕازێنـەوەو، لـە دژو پێچەوانەکانیـان بـژار دەکرێـن و پـاك دەبنـەوە

کورتە باسێک لە بارەی ڕوونکردنەوەی ئیمانەوە(١)

بەڕێـــزان!

ئـەم کورتـە باسـە لەژێـر ناوونیشـانی: (ڕوونکردنـەوەی ئیـمان)دا، لـە شـەش تـەوەردا دەخەینـە ڕوو:

تەوەری یەکەم: پێناسەی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی.

تەوەری دووەم: بنەڕەتەکانی ئیمان (**أركانُ الإيمان**).

تەوەری سێیەم: پێکهاتەکانی ئیمان (**مُكَوِّناتُ الإيمان**).

تەوەری چوارەم: بڕوادار (**مُؤمن**) کێیە؟

تەوەری پێنجەم: ئایا کردەوە بەشێکە لە ئیمان یان نا؟

تەوەری شەشەم: پلەکانی ئیمان (**دَرَجاتُ الإيمان**).

شـایانی باسیشـە: بۆیـە لـە کۆتایـی تەفسـیر سـووڕەتی (**العـصر**)دا، ئێمـە کورتـە باسێك لەبـارەی ئیمانـەوە دەکەیـن، چونکـە خـوا ﷻ لـە سـووڕەتی (**العـصر**)دا، دوای

---

(١) ئـەم کورتـە باسـە، ڕاسـتەوخۆ لـە مەوسـووعەی: (بیرکردنـەوەی ئیسـلامیی لـە نێـوان وەحیـی و واقیعـدا) وەردەگریـن، بەشـی دووەمـی کتێبـی چـوارەم: (پایـەکانی بیرکردنـەوەی ئیسـلامیی)، بـە ناوونیشـانی: (ڕوونکردنـەوەی ئیـمان) کـە ئەویـش لـە ئەصڵـدا لـە مەوسـووعەی: (الإسـلام كما يتجلى في كتـاب اللـه)، (الكتـاب الثـاني: مفهـوم الايمـان والكفـر وثمارهـما) وەرگیـراوە. کەواتـە: ئەم کورتـە باسـەی لێـرەدا لەبـارەی ڕوونکردنـەوەی ئیمانـەوە دەیخەینـەڕوو، دەبێتـە پوختـەی پوختە، گـوشراوی گـوشراو.

ئـەوەی حوکمـی زیانباریـی دۆڕان و خەسـارەتمەندیی بەسـەر تێکـڕای مرۆڤانـدا داوە، فەرموویـەتی: ﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ﴾، سـوێند بـە عـەسر (واتـە: ڕۆژگار)، ﴿ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ﴾، بـە دڵنیایـی و مسـۆگەر مرۆڤـەکان تێکـڕا لـە زیانباریـی و دۆڕان و دەسـخەڕۆبوون دان، بـەڵام دوایـی خـوا کۆمەڵێك لەنێـو مرۆڤـان دا جیادەکاتـەوەو لـەو حوکـم و بڕیـارە هەڵیانداوێـرێ، کـە چـوار سیفەتیان تێـدان: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴾، واتـە: بێجگـە لـەو مرۆڤانـەی بڕوایـان هێنـاوەو، کـردەوە باشـەکانیان ئەنجـام داون و، یەکدییـان ڕاسـپاردوە بـە هـەق و، یەکدییشـیان ڕاسـپاردوە بـە خۆڕاگریـی و پشـوو درێژیـی، ئنجـا ئێمـە بـۆ ئـەوەی یەکـەم ئـەو ئیمانـەی خـوا ﷻ کردوویـەتی بە بناغـەی ڕزگاریـی و سـەرفرازیی و دەربازبـوون لـە زیانباریـی و دۆڕان، ڕوونبکەینـەوە، کـە ئایـا چییـەو چۆنـە؟ لێـرە ئـەم کورتـە باسـە دەخەینـەڕوو: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴿٣﴾ ﴾، وەك دەبینیـن: دوای باسـکردنی ئیـمان وەك بناغـە، ئـەو سـێیەی دیکـە هـەر سـێکیان بادراونـەوە سـەر ئیـمان، بـە (و)ی بادانـەوە، ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئیـمان بناغەیـە: بێجگـە لەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، تەنیـا خـاوەن ئیمانـان دۆڕاوو ڕەنـج بـە زایـە چـوو و دەسـتخەڕۆ نیـن، ئنجـا: ﴿ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، کـردەوە باشەکانیشـیان ئەنجـام داون، بێگومـان کـردەوەی باشـیش هـەر دەکەوێتـەوە نێـو جوغـزی ئیـمان، ئنجـا ﴿ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴾، هەروەهـا یەکدییـان ڕاسـپاردوە بـە هـەق و یەکدییشـیان ڕاسـپاردوە بـە خۆڕاگریـی، هەڵبەتـە یەکـدی ڕاسـپاردن بـە هـەق و یەکـدی ڕاسـپاردن بـە خۆڕاگرییـش، هـەر دەچنـەوە نێـو بازنـەی کـردەوە باشـەکان و، کـردەوە باشـەکانیش پێکهێنـەری ئیمانـن، کەواتـە: ئـەم چـوارە هەموویـان تێکهەڵکێشـن.

لەڕاسـتییدا ئیـمان سـەرچاوەی کـردەوەی باشـە، هەروەهـا ئیـمان سـەرچاوەی شـوێن کەوتنـی هەقـە و، ئیـمان سـەرچاوەی خۆڕاگریـی و پشـوو درێژیـی و نەلەخشـاویی و دامەزراوییـە.

تەوەری یەکەم/ پێناسەی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی:

سەرەتا پێویستە هەمووومان ئەوە بزانین کە خوا لە قورئاندا پێناسەی هیچ شتێکی بەشێوەیەکی تیۆریی (**نظري**) نەکردوە، وەك ئێستا باوە، بەڵکو خوا ﷻ لە قورئاندا هەمیشە بە شێوەی کردەیی پێناسەی شتەکان دەکات، بۆ وێنە: ئێمە دەڵێین: ئیمان بریتیە لە فلان شت و فلان شت، بەلام خوای کاربەجێ لە قورئاندا پێناسەی ئیمان و پێناسەی تەقواو پێناسەی صەبرو پێناسەی ئیحسان و چاکەکاریی و ... هتدی، وا نەکردوە، بەڵکو خوا بەمجۆرە پێناسەی بڕواداران دەکات: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ﴿٢﴾ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ ﴿٤﴾ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ ﴿٥﴾ ﴾ **المؤمنون**، تا کۆتایی.

هەروەها: ﴿ وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا ﴿٦٣﴾ ﴾ **الفرقان**، تا کۆتایی.

چونکە لەڕاستییدا کاتێك ئێمە بە شێوەیەکی تیۆریی و زەینیی بۆ یەکدی حاڵیکردن پێناسەی ئیمان دەکەین، پێناسەی شتێك دەکەین کە دامانرنیوە لە واقیع و لە واقیعدا نیە، تەنیا لە مێشك و خەیاڵی ئێمەدا هەیە، لە واقیع دا ئیمان بە ڕووتیی نیە، ئیمان دەبێ مرۆڤێك هەڵگیرێ و، تەقوا دەبێ مرۆڤێك هەڵیگرێ، لەسەر ئەرزی واقیع بڕوادار هەیە، پارێزکار هەیە، چاکەکار هەیە، خۆڕاگر هەیە، بەلام ئیمان و پارێزکاریی و خۆڕاگریی و چاکەکاریی لە دنیای واقیعدا بوونیان نیە، بەڵکو ئەو سیفەتانە دەبێ مرۆڤەکان هەڵیانبگرن، بۆیەش خوا ﷻ هەمیشە کە پێناسەی شتە باشەکان دەکات، پێناسەی خاوەنەکانیان دەکات، ئەوانەی ئەو شتە باشانەیان هەڵگرتوون،چونکە لە دنیای واقیعدا هەر ئەوە هەیە[1]، ئێمە سەرەتا لە پێناسەی ئیماندا هەر ئەوە دەڵێین کە زۆربەی هەرە زۆری زانایان لە سەری ڕێککەوتوون:

---

(١) واتە: کەسەکان هەن، کە هەڵگری ئیمان و تەقواو صەبرو چاکەکاریی ... هتدن.

پێناسەی ئیمان

(الإيمَانُ: قَولٌ وَعَمَلٌ، قَول القَلبِ واللِّسانِ، وعَمَل القَلبِ والجَوَارحِ، يَزِيدُ بِالطَّاعَة وَيَنقُصُ بِالمَعصِيَة)، واتە: ئیمان قسەو کردەوەیە، قسەی دڵ و زمان و، کردەوەی دڵ و ئەندامەکان، بە چاکەو فەرمانبەریی زیاد دەکات و، بە سەرپێچیی و گوناهو تاوان کەم دەکات.

ئێستاش با لە پێنج بڕگەدا، ئەم پێناسەیەی ئیمان شی بکەینەوە:

١)- ئیمان وەك چییەت و هەقیقەتی خۆی تەنیا لە ڕێی وەحییەوە دەزاندرێ.

تەنیا لەڕێی وەحییەوە دەزانین ئیمان چییە؟ ئیمان کەی پەیدادەبێ؟ ئیمان بە چی و چی پێویستە؟ ئەو شتانەی زیان بە ئیمان دەگەیەنن و ئیمان هەڵدەوەشێننەوە، چین؟ لە سوورەتی **(الشورى)**دا، خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی فەرموویەتی: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾، واتە: وەك چۆن وەحییمان بۆ پێغەمبەرانی دیکە نارد (صەڵات و سەلامی خوایان لێ بێ)، بەو شێوەیەش ڕووحێکمان لەلایەن خۆمانەوە بۆ لای تۆ ناردوە (کە مەبەست پێی قورئانە)، پێشتر نەتدەزانی نە بەرنامە چییە {(**کتاب**) واتە: بەرنامە}، نە ئیمانیش چییە، بەڵام ئێمە گێڕامان بە ڕووناکییەك، هەر کەسێك بمانەوێ لە بەندەکانمان پێی ڕاستەڕێ دەکەین و، بە دڵنیایی تۆش خەڵك دەخەیە سەر ڕاستە ڕێ، واتە: ڕێنماییان دەکەی و ڕێیان پێشان دەدەی، کەواتە: ئیمان لەڕێی وەحییەوە دەزاندرێ، بەڵام ئایا کەسێك کە دەزانێ: خوا ﷻ هەقەو، پێغەمبەری خوا ﷺ هەقە، ڕۆژی دوایی هەقەو، فریشتەکان و، هەقن، کتێبەکان، ئایا ئەوانەی ئەو ڕاستییانە دەزانن بە ئیماندار لە قەڵەم دادەدنرێن؟ بێگومان نەخێر، چونکە زانینی شتێك جیایە لە ئیمان بەو شتە، زانینی ئەو شتە ئەوەیە دەزانی ئەو شتە چۆنە؟ بەڵام ئیمان پێی واتە: تۆ ئەو شتەت عەقڵ و هۆش بەڕاستت زانیبێ و، بە دڵ قبووڵ و پەسندت کردبێ، ئنجا بە زمان دانت پێدا هێنابێ و، بە کردەوەش بەو شێوەیە ڕەفتار بکەی کە ئیمانەکەت دەیخوازێ.

ئەگـەر یەکێـك بڵـێ: جوولەکـەکان و نەصرانییەکانیـش ئەوەیـان هەیـە، دەڵێیـن: ڕاسـتە، بـەڵام دەبـێ زانیـن و دەرککـردنی ئیـمان بـە عەقـڵ و، پەسـند کردنەکـەی بـە دڵ، بـەو شـێوەیە بـێ کە خـوای پـەروەردگار ویسـتوویەتی، چونکـە ئـەو مرۆڤایەتییەی دوای ڕەوانەکـرانی پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ دێ، دەبـێ هەمـووی ئیـمان و خواپەرسـتییەکەی لـە ڕێـی پێغەمبـەری خاتەمـەوە بـێ، لەڕێـی ئـەو پەیـام و بەرنامەیـەوەی خـوا بـە کۆتـا پێغەمبـەری خۆیـدا ناردوویـەتی، بـەو شـێوەیە خـوا بناسـێ و بەندایەتیـی بـۆ خـوا بـکات و، شـوێن پێغەمبـەرانی خـوا بکـەوێ و، شـوێن حـەڵاڵ و حەرامـی خـوا بکـەوێ و، هەمـوو لایەنـەکانی دینداریـی دنیاداریـی جـێ بەجـێ بـکات بـە کـردەوەو، بـە زمانیـش دانی پێدابێنـێ، بـە هەمـان شـێوە.

٢)- شوێنی سەرەکیی ئیمان بریتیە لە دڵ.

خوا ﷻ لە چەند شوێنێکی قورئاندا ئەو ڕاستییەی بەیانکردوە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (**الحجرات**)دا، دەفەرموێ: ﴿ قَالَتِ ٱلْأَعْرَابُ ءَامَنَّا ۖ قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا۟ وَلَٰكِن قُولُوٓا۟ أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ ٱلْإِيمَٰنُ فِى قُلُوبِكُمْ ...﴿١٤﴾ ﴾، واتە: عەرەبە خێڵەکییەکان گوتیان: ئیمانمان هێناوە، بفەرموو: ئیمانتان نەهیناوە بەڵکو بڵێن: مسوڵمان بووین، (واتە: بە ڕواڵەت و ڕووکەشیی هاتووینە نێو ئیسلامەوە)و، جارێ ئیمان نەچۆتە نێو دڵتانەوە، کەواتە: ئیمان دەچێتە نێو دڵەوە.

ب- هەروەها لە سوورەتی (**المجادلة**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ ...﴿٢٢﴾ ﴾، (خوا) ئیمانی لە دڵدا نووسیون، واتە: ئیمانی لە دڵدا چەسپاندوون، ئنجا ئایا ئیمان تەنیا ئەوەیە کە تەنیا لە دڵدایە؟ نەخێر، بەڵکو وەك دوایی باسی دەکەین، کردەوەکانیش بەشێکن لە ئیمان و، دانپێداهێنانی زمانیش بەشێکە لە ئیمان، بەڵام بەشی سەرەکیی و بنەڕەتیی ئیمان، لە دڵدا دەچەسپێ، ئەگەرنا ئەوەی بە زمانیش تەعبیر دەکرێ، هەر ئیمانەو، ئەوەش کە بە عەقڵ دەرك دەکرێ، هەر ئیمانەو، ئەوەی دواییش پراکتیزە دەکرێ بە ئەندامەکان، ئەویش هەر ئیمانە، بەڵام بەشی سەرەکیی ئیمان ئەوەیە

کە لە دڵ و دەروونـدا جێگیر دەبێ، چونکە ئەوانی دیکە، دەگونجێ کەسێك کە بە ئیمانداریش دانانرێ هەبێن، بۆ نموونە: ئیبلیس زۆر چاك خوای ناسیوەو، دەرکی ئەو ڕاستییانەی کردوە، بەڵام بە ئیماندار دانانرێ، چونکە بە دڵ قبووڵی نەکردوون، هەروەها مونافیق و دەغەڵەکان، وێڕای دەرککردنی ڕاستییەکان، بە کردەوەش جێبەجێیان کردوەو، بە زمانیش دانیان پێدا هێناوە، بەڵام چونکە بە دڵ پەسندو قبووڵیان نەکردوەو، لە دڵدا ئیمانیان نەبووە، بە بڕوادار دانانرێن، کەواتە: ئەوەی بڕوادارو و دەغەڵ (**مؤمن و منافق**) لە یەك جیادەکاتەوە، بریتیە لەو حاڵەتە دڵ و دەروونییە پەنهانەی کەسی ئیماندار بە دڵ شتەکانی قبووڵ کردوون، بەڵام بابای مونافیق هەروا بە زمان دەیانڵێ و، بەڕووکەشیی بە ئەندامەکان جێبەجێی دەکات، بەڵام لە دڵیدا ڕاستییەکانی ئیمان جێگیر نەبوون و، پەسندی نەکردوون.

٣)- ئیمان زیاد دەکات بە هەر شتێك کە بە چاکەو تاعەت دادەنرێ:

واتە: بە هەموو ئەو چالاکی و جم و جۆڵە پەنهان و ئاشکرایانەی بە فەرمانبەریی بۆ خوا دادەنرێن، ئیمان زیاد دەکات، خوا ﷻ ئاوا پێناسەی ئیمانداران دەکات، کە بە هۆی فەرمانبەریی و چاکەو تاعەتەوە ئیمانیان زیاد دەکات:

﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٤﴾ ﴾ الأنفال.

واتـە: ئیمانـداران تەنیـا ئەوانـەن کاتێـك یـادی خـوا دەکـرێ، دڵیـان ڕادەچڵەکـێ و، کاتێـك ئایەتـەکانی خوایـان بەسـەردا دەخوێنرێنـەوە، ئیمانیـان زیـاد دەکات و، تەنیـا پشـت بـە پەروەردگاریـان دەبەسـتن، ئەوانـەی نوێـژ بەرپـا دەکـەن و، لـەوەی پێـمان داون دەبەخشـن، ئـا ئەوانـە بـڕواداری ڕاسـتەقینەن، لـە لای پەروەردگاریـان چەنـدان پلەیـان هـەن، وێـڕای بژیوێـکی پەسـندو بـژاردە.

ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین: هەموو ئەو شتە چاکانەی چ پەیوەندییان بە دڵ و دەروونەوە هەیە، وەك ترس و سام و هەیبەت بەرانبەر بە خوا، یان پەیوەندییان بە عەقڵەوە هەیە، وەك تێگەیشتن لە ئایەتەکانی خوا، یان پەیوەندییان بە جەستەو ڕواڵەت و دەروونی مرۆڤەوە هەیە، وەك بەرپاکردنی نوێژو، ماڵ بەخشین و، ... هتد، خوا ﷻ بە سیفەتەکانی بڕواداراني ڕاستەقینەیان لە قەڵەم دەدات.

بۆ وێنــە:

١- خوا ﷻ لە باسی گۆڕانی ڕووگە (**قبلة**)دا، دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٤٣﴾**البقرة**، واتە: خوا ناگونجێ ئیمانەکەتان زایە بکات، بە دڵنیایی خوا بەرانبەر خەڵك میهرەبان و بە بەزەییە، ڕوونکەرەوانی قورئان لە سەر ئەوە یەکدەنگن کە لێرەدا ﴿إِيمَٰنَكُمْ﴾، (**أي: صَلاتَكُم**)، واتە: نوێژەکەتان، چونکە کاتێك مسوڵمانان فەرمانیان پێکرا لە (**بيت المقديس**)ەوە ڕوویان وەرگێڕن بۆ لای کەعبە، هەندێکیان کە خزمانیان شەهید بوو بوون، یان وەفاتیان کردبوو، لە نوێژەکانیشیاندا ڕوویان کردبووە (**بيت المقدس**)، بۆیان نیگەران بوون و گوتیان: ئەو خزمانەمان نوێژەکانیان ڕوو بە (**بيت المقدس**) کردوون و، خوای بەرزو مەزنیش ئێستا ڕووی پێ وەرسووڕاندووین بەرەو کەعبە، کەواتە دەبێ نوێژو تاعەتەکەیان زایە بووبێ!! خواش فەرمووی: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ...١٤٣﴾**البقرة**، خوا ئیمانەکەتانی زایە ناکردووەو زایەی ناکات، کە مەبەست پێی نوێژە، واتە: خوا ئەو نوێژانەی ڕوو بە (**بيت المقدس**) کردوویانن، ناوی لێناون: ئیمان، ئەمە لە صەحیحی بوخارییدا بە ژمارە: (٢٣٤٠) هاتوە: (**إيمانَكُم: أي صَلاتَكُم**).

ب- هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلّٞ لَّهُمْۖ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٖۗ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ٥﴾**المائدة**.

واتـە: ئەمـڕۆ شـتە چـاك و خۆشـەكانتان بـۆ حـەڵاڵ كـراون و، خـۆراكی خـاوەن كتێبـان بـۆ ئێـوە حەڵاڵـەو، خـۆراكی ئێـوەش بـۆ ئـەوان حەڵاڵـە، هەروەهـا ئافرەتـانی پاكیـزە لـە بـڕواداران و، ئافرەتـانی پاكیـزە لەوانـەی لـە پێـش ئێـوەدا كتێبیـان پێـدراوە، ئەگـەر مارەییەكانتـان دانـێ، لـە حاڵێكـدا خـۆ پاكڕاگـرن و بـە پەنهانیـی دۆسـتان ناگـرن، (یـانی: بەئاشـكراو بـە پەنهانیـی زینـا ناكـەن)، هـەر كەسـێكیش كوفـر بـە ئیـمان بـكات، كردەوەكـەی هەڵوەشـاوەتەوەو لـە دواڕۆژیشـدا لـە زیانبارانـە.

وەك دەبینیـن ئـەوەی باسـكراوە، هەمـووی پابەنـد بوونـە بـە حـەڵاڵ و حـەڕام و شـەریعەتەوە، كەچـی دوایـی خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾، هـەر كەسـێك كوفـر بـە ئیـمان بـكات، كردەوەكـەی هەڵوەشـاوەتەوەو، لـە دواڕۆژیشـدا لـە زیانبارانـە، ئنجـا مەبەسـت لـە ئیـمان لـەو سـیاقەدا، پابەنـد بوونـە بـە حـەڵاڵ و حەڕامێكـەوە كـە خـوا ناردوویـەتی، لـە بـواری هاوسـەرگیریی و، بـواری خـواردن و خواردنـەوەدا.

أ- وەك لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، خوا ﷻ لەسەر زمانی ئیمانداران كە دەپاڕێنەوە، دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ... ﴿٤٣﴾﴾ **الأعراف**، واتە: گوتیان: ستاییش بۆ ئەو خوایەی ڕێنمایی كردین بۆ ئەم (ڕێباز)ەو، ئەگەر ئەو ڕێنمایی نەكردباین، ئێمە ڕێمان پێ نەدەزانی.

ب- هەروەهـا لـە سـوورەتی (**آل عمـران**)دا خوا لەسـەر زمـانی بـڕواداران دەفەرموێ: ﴿رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا... ﴿١٩٣﴾﴾، واتـە: پەروەردگارمـان! ئێمـە گوێـمان لـە بانگەرێـك بـوو بانگـی دەكردیـن: ئیـمان بێنیـن بـە پەروەردگارتـان، ئێمـەش ئیمانمـان هێنـا.

لێـرەدا یەكێـك بـۆی هەیـە بڵـێ: ئایـا پێغەمبـەری كۆتاییـش موحەمـد ﷺ پێـش ئـەوەی وەحیـی بۆبـێ ئیـمانی نەبـووە؟! دەڵێیـن: ئیـمان مەبەسـتت پێـی چییـە؟ ئەگـەر مەبەسـتت پێـی خـوا ناسـییە، بێگومـان خـوای ناسـیوەو، بـڕوای بـە ڕۆژی دوایی بـووەو،

بڕوای بەوە بووە کە ئەم ژیانە دنیاییە هەوەنتە نیە، پێغەمبەری خوا ﷺ خواناس بووە، چونکە هەموو مرۆڤەکان، خوا لەسەر زگماکی خواناسیی دەیانخوڵقێنێ، بەڵام ئەگەر بڵێین: ئیمانی نەبووە، بەو واتایە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ ئەوەی لەڕێی وەحییەوە دەزانرێ، نەیزانیوە، ئەوە شتێکی ڕاستمان گوتوە، وەك لە سوورەتی (الضحى)شدا خوا دەفەرموێ: ﴿وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ۝٧﴾ الضحى، واتە: (خوا) تۆی بە گومڕا بینی، ئنجا تۆی ڕێنمایی کرد، ئنجا بێگومان پێغەمبەری خاتەم ﷺو پێغەمبەرانی دیکەش، ئەگەر ئەوەی دوای بوونە پێغەمبەر، زانیویانە، پێش بوونە پێغەمبەریش هەر زانیبیان، ئایا ئازایەتیی وەحیی لە چیدایە؟ لەڕاستییدا ئەوەی بەهۆی وەحییەوە دەزاندرێ، بەبێ وەحیی نازانرێ، خوای پەروەردگاریش بە دەقی ئایەت دەفەرموێ: ﴿مَا كُنتَ تَدْرِي مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ...۝٥٢﴾ الشورى، واتە: نەتدەزانی نە بەرنامە چییەو نە ئیمانیش چییە، بەڵام ئەمە مانای وانیە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ خوای نەناسیوە، چونکە خواناسیی شتێکەو، بڕوابوون بە خواو بەڕۆژی دوایی، شتێکی دیکەیە، ئیمانیش بەو شێوەیەی وەحیی خوا نوختەی تێدا دەخاتە سەر پیت، پێش هاتنی وەحیی و پەیامی خوا نازانرێ.

پێناسەی بەندە بۆ ئیمان

بە عەرەبیی لەو موسووعە عەرەبییەدا[1] کە باسم کرد، پێناسەی ئیمانم کردوە، دەڵێم:

(الإيْمَان: هُوَ النُّورُ الَّذِي يَكْتَسِبُهُ الإنْسَان بِتَوْفِيقِ اللهِ وَتَيْسِيْرِهِ وَهِدَايَتِه، وَمُسْتَقَرُّهُ القَلْبُ، وَلَكِنْ يَنْعَكِسُ ضِيَاؤهُ عَلَى بَاطِنِ الإنْسَانِ، فَيُثْمِر فِيْه اليَقِيْن وَالطُّمَأنِيْنَة وَالتَّصْدِيْق وَكَذَلِكَ يَنْعَكِسُ عَلَى ظَاهِرِه، فَيُزَيِّنه بالإقْرَار وَالسَّمْعِ وَالطَّاعة، والإتباع، وَيَجْعَلُه مُتحلِّياً بالفَضَائل النفْسِيَّة وَالخُلُقيَّة، كَالشَّمْسِ الَّتي تُضِيءُ بأشعَّتِها مَا حَوْلَهَا وَمَا بَعُدَ عَنْهَا).

---

(١) موسوعة: الإسلام كما يتجلى في كتاب الله.

واتـە: ئیـمان ئـەو ڕۆشـناییەیە کـە مـرۆڤ بـە ئاسـانکاریی و ڕێنمایـی و بـە دەستگرتنی خـوا وەدەسـتی دێنـێ، شـوێنی سـەرەکیی ئیمانیـش دڵـە، بـەڵام ڕۆشـنایی ئیـمان هەمـوو دەروونی ئینسـان ڕووناك دەکاتـەوەو، دڵنیایـی و ئارامیـی و بەڕاسـت زانینـی تێـدا دەچەسـپێنێ، هەروەهـا ئیـمان لەسـەر ڕواڵـەتی ئینسـانیش دەردەکـەوێ و، ڕواڵەتەکـەشی بـە دانپێـدا هێنـانی زمـان و، گوێگرتـن و، فەرمانبەریـی و شـوێنکەوتن جـوان دەکات و، وا لـە مـرۆڤ دەکات ڕازاوە بـێ بـە سـیفەتە بـەرزە دەروونیـی و ڕەوشـتغیەکان، وەك خـۆر کـە بـە تیشـکەکەی دەوروبـەری خـۆی ڕووناك دەکاتەوەو، ئـەوەشی کـە لێـی دوورەو ڕوونـاکی دەکاتـەوە.

تەوەری دووەم/ پایەکانی ئیمان:

خـوای پـەروەردگار لـە قورئانـدا بـاسی پێنـج بنەڕەتـان دەکات بـۆ ئیـمان، بـەڵام لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ بنـەڕەتی شەشەمیشـیان خراوەتـە گـەڵ، واتە: ئـەو پێنجەو ئـەو یەکـە دەبـن بـە شـەش، لـە سـوورەتی (**البقـرة**)دا، خـوا نـاوا بـاسی بنەڕەتـەکانی ئیـمان دەکات: ﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ ...﴿١٧٧﴾ ﴾، واتـە: چاکەکاریـی ئـەوە نیـە ڕوو بکەنـە خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا، بەڵکـو چاکەکاریـی (سـیفەتی) کەسێکە بـڕوای هێنـاوە بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی و بـە فریشـتەکان و بـە کتێـب(ی خـوا)و بـە پێغەمبـەران، صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بـێ، کەواتـە: پایـەکانی ئیـمان، لەقورئانـدا بریتیـن لـە ئیـمان بـە خـواو، بـە فریشـتەکانی و، بـە کتێبـەکانی و، بـە پێغەمبـەران و، بـە ڕۆژی دوایـی.

لـە سـوورەتی (**النسـاء**)یش دا، دیسـان خـوا بـاسی ئـەو پێنـج بنەڕەتـە دەکات، بـەڵام بـەو شـێوازە کـە کوفـر بریتیـە لـە نکوولّییکـردن لـەو پێنـج بنەڕەتـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ

ضَلَٰلًا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بڕوابێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی و بەو کتێبەی ناردوویەتە سەر پێغەمبەرەکەی و، بەو کتێبەی پێشتر دایبەزاندوە، (کۆی ئەو کتێبانەی پێشتر دایبەزاندوون)، هەر کەسێك بێبڕوابێ بە خواو بە فریشتەکانی و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی و بە ڕۆژی دوایی، بە گومڕاییەکی دوور گومڕا بووە.

جێی سەرنج ئەوەیە کە لە ئایەتی ژمارە (١٧٧)ی سوورەتی (**البقرة**)دا، یەکسەر لە دوای ئیمان بە خوا، باسی ئیمان بە ڕۆژی دوایی کراوە، کە بنەڕەتی دووەمە لە ڕووی گرنگییەوە، چونکە لە ڕووی گرنگییەوە، ئیمان بە خوا بناغەیەو، دوای ئەوە یەکسەر ئیمان بە ڕۆژی دوایی دێ، ئنجا ئیمان بە فریشەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران، بەڵام لە ئایەتی (١٣٦)ی سوورەتی (**النساء**)دا، چونکە باس باسی کوفرە و، لە سۆنگەی ئەوەوەی دوایین شت کە بابای بێبڕوا بیری لێ دەکاتەوە بریتیە لە ڕۆژی دوایی، بۆیە خوا ﷻ ئیمان بە ڕۆژی دوایی خستۆتە کۆتایی، دوا شت بابای بێبڕوا بیری لێدەکاتەوە ڕۆژی دواییە، بەڵام یەکەمین شت کە بڕوادار بیری لێدەکاتەوە لە دوای ئیمان بە خوا، بریتیە لە ئیمان بە ڕۆژی دوایی.

لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا ﷺ وێڕای ئەو پێنج بنەڕەتە، بنەڕەتێکی دیکەی شەشەمیش باسکراوە، کە ئەو فەرموودەیەی بە فەرموودەی جیبریل (**حَدیثُ جِبریل**) ناسراوە، کە جیبریل لە شێوەی پیاوێکدا بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {«**فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِيمَانِ**»، **قَالَ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ**} (**أخرجه البخاري: ٥٠، ومسلم: ١**) واتە: هەواڵم پێبدە دەربارەی ئیمان، ئەویش فەرمووی: ئیمان ئەوەیە: بڕوابێنی بە خوا، بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی خواو، بە پێغەمبەرانی خواو، بە ڕۆژی دوایی و بڕوابێنی بە قەدەر (ئەندازەگیریی و نەخشەی خوا)، کە چاکی و خراپی (بە نسبەت ئێمەوە، ئەوەی پێمان خۆشەو، ئەوەی پێمان ناخۆشە و ئەوەی لە

بەرژەوەندیی خۆمانی دەزانین و ئەوەش لە زیانی خۆمانی دەزانین)، هەمووی لە لایەن خواوەیە.

یەکێك بۆی هەیە بپرسێ بۆچی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو پایەی بۆ ئیمان زیاد کردوە؟ دەڵێین: بێگومان ئەوە یەکێکە لەو شتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی کردۆتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴿٤٤﴾﴾النحل، پێغەمبەری خوا ﷺ زانیویەتی ئۆممەتەکەی دوایی مشتومڕیان دەبێ لە بارەی قەدەرەوە، بۆیە ئیمان بە قەدەریشی خستۆتە پاڵ ئەو پێنج بنەڕەتە، بەڵام ئایا بۆچی لە ئایەتەکاندا نەهاتوە؟ چونکە لەڕاستییدا ئیمان بە قەدەر و ئەندازەگیریی خوا هەر دەچێتەوەو نێو ئیمان بە خوا، چونکە ئیمان بە قەدەر واتە: ئیمان بێنی بە زانیاریی گشتگیری خواو، ویستی ڕەهای خواو، توانای بێ سنووری خواو، حیکمەتی خوا، کەواتە: ئیمان بە قەدەر هەر دەچێتەوە نێو ئیمان بە خوا، یانی: خوا نەخشەی بۆ ئەم بوونە داناوەو، پێش ئەوەی دروستیبکات، هەموو شتێکی لەوبارەوە زانیوەو، هەموو شتێکی لە بارەوە دەزانێ، هیچ شتێك بەبێ ویستی خوا نابێت و، هیچ شتێك دروست نەبووە و بەڕێوەناچێ بەبێ خوا، ئیمان بە قەدەر ئەوەیە، بەڵام خوا ﷻ دادگەرەو خاوەنی ئەوپەڕی حیکمەتەو، ستەم لە هیچ کەس ناکات.

هەروەها لە چەند شوێنێکی قورئاندا، خوای زاناو کارزان باسی قەدەری کردوە، بۆ وێنە:

١)- ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾﴾القمر، واتە: ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازەگیریی دروستکردوە.

٢)- هەروەها لە سوورەتی (الفرقان)دا، دەفەرموێ: ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾﴾الفرقان، واتە: (خوا) هەموو شتێکی هێناوەتە دی و ئەندازەگیریی بۆ داناوە بە ئەندازەگیرییەك (هەر شایستەی خۆیەتی).

تەوەری سێیەم/ پێکهاتەکانی ئیمان:

ئەوانەی تەوەری ڕابردوو پایەکانی ئیمان بوون، بەڵام پێکهاتەکانی ئایا ئیمان چین ئیمان لەچی پێکدێ؟ پێشتر لە پێناسەکەیدا تیشکێکمان خستە سەر، بەڵام ئێستا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، کە ئیمان لە چوار شتان پێك دێ، بەپێی پێناسەی هەرە باوی زۆربەی هەرە زۆری زانایان، کە دەڵێن: (**الإيمانُ: قَولٌ وَعَمَل، قَولُ القَلبِ وَاللِّسان، وَعَمَلُ القَلبِ وَالجَوارِح**).

١)- (**قَولُ القَلبِ**): قسەی دڵ، واتە: زانینی دڵ، ئەوە کە مرۆڤ بە عەقڵ و دڵ و دەروون ئەو شتانە بزانێ کە دەبێ ئیمانیان پێ بهێنێ، واتە: زانین و پەیپێبردنی عەقڵ.

٢)- (**قَولُ اللِّسان**): قسەی زمان، ئەوەیە، مرۆڤ دان بەو شتانەدا بنێ، کە لە بارەی ئیمانەوە زانیونی.

٣)- (**عَمَلُ القَلبِ**): کردەوەی دڵ، ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو شتانەی لە بارەی ئیمانەوە زانیونی، بەڕاستیان بزانێ و خۆشیبوێن و قبووڵ و پەسندیان بکات.

٤)- (**عَمَلُ الجَوارِح**): کردەوەی ئەندامەکان، واتە: مرۆڤ دەبێ بەپێی خواست و داخوازی ئەو حەقیقەتانەی بە عەقڵ دەرکی کردوون و، لە دڵدا جێگیر بوون و، بە زمان دانی پێدا هێناون، ئەندامەکانیشی بەو پێیە ڕەفتار بکەن.

کەواتە: ئیمان چوار پێکهێنەری هەن، چونکە مرۆڤ چوار هێزی هەن:

١- هێزی عەقڵی هەیە، شتی پێ دەزانێ.

٢- هێزی دڵی هەیە، شتی پێ دەوێ، یاخود ڕەفز دەکات.

٣- هێزی دەربڕینی هەیە، کە زمانە.

٤- هێزی جێبەجێکردنی هەیە، کە جەستەو ئەندامەکانن، ئیمانیش پەیوەندیی بە هەر چوار هێزەکەی مرۆڤەوە هەیە، ١- مرۆڤ دەبێ بە هێزی عەقڵ و ئیدراك ڕاستییەکانی

ئیمان دەرك بكات، ٢- ئنجا بەهێزی دڵ و ویستن، ئەو ڕاستییانەی بوێن و پەسندیان بكات، ٣- ئنجا بەهێزی دەربڕین، تەعبیر بكات لەو ڕاستییانە، ٤- بەهێزی جێبەجێ كردنیش، بەو پێیە بەڕێوە بچێ و جێبەجێیان بكات.

بەڵام ئایا بۆچی خوا ﷻ زیاتر باسی دڵ دەكات؟ لەبەر ئەوەی وەك پێشتریش گوتمان: دڵ جیاكەرەوەی خاوەنانی كوفرو خاوەنانی ئیسلامەو، جیاكەرەەی خاوەنانی ئیمان و خاوەنانی نیفاقە، ئەگەرنا بێبڕواش جاری وایە هەق دەناسێ بە عەقڵ و، بە زمانیش دانی پێدا دێنێ و، جاری وا هەیە بە جەستەشی هەندێك لە كردەوەكانی مسوڵمانان جیبەجێ دەكات، بەڵام ئەگەر دڵەكەی هەقی تێدا نەبوو، بە دڵ ئیمان و ئیسلامی خۆشنەویست و لە دڵ و دەروونیدا ئیمان نەبوو، بە بڕوادار دانانرێ، بەڵێ بە ڕواڵەت بە مسوڵمان ئەژمار دەكرێ، وەك مونافیقەكان، بەڵام بە ئیماندار دانانرێ، كەسانێك كە خوای كارزان و پەروەردگار مەدح و ستایشیان دەكات و، بەڵێنی بەهەشت و ڕەزامەندیی خۆی پێداون.

تەوەری چوارەم/ بڕوادار كێیە؟

هەرچەندە دوای ئەو باسانەی ڕابردن، ئێستا دەزانین بڕوادار كێیە، بەڵام بۆ زیاتر تیشك زیاتر خستنە سەری، با تەماشای چەند ئایەتێكی قورئان بكەین:

١- لە سوورەتی (الأنفال)دا كە پێشتریش هێنامان، خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٤﴾ ﴾.

لێرەدا خوا پێنج شتی كردوون بە پێناسە بۆ بڕواداران.

واتە: بڕواداران تەنیا ئەوانەن كاتێك باسی خوا بكرێ دڵیان ڕادەچڵەكێ و، كاتێك ئایەتەكانی ویان بەسەردا بخوێنرێنەوە، ئیمانیان پێیان زیاد دەكات و،

تەنیا پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن، ئەوانەی نوێژ بەرپا دەکەن و، لەوەی پێمان داون دەبەخشن، ئا ئەوانە بەڕاستیی بڕوادارن، چەندان پلەیان هەن لە لای پەروەردگاریان و لێبوردنێك و بژیوێكی پڕ ڕێزو حورمەت و پەسندو چاك.

٢- لە سوورەتی (**الحجرات**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿١٥﴾﴾، واتە: بڕواداران تەنیا ئەوانەن کە بڕوایان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی هێناوە، دواییش هیچ دوو دڵییان نیەو، لەپێناوی خوادا تێدەکۆشن بە سامان و گیانیان، ئا ئەوانە ڕاستن، (کە بڕوایان هێناوە).

٣- لە سوورەتی (**النور**)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥١﴾﴾.

واتە: بێگومان قسەی بڕواداران کاتێك بانگ بکرێن بۆ لای خواو ڕەوانەکراوەکەی، تاکو دادوەرییان لە نێواندا بکات، هەر ئەوەیە کە بڵێن: بیستمان و فەرمانبەریین، ئا ئەوانەش سەرفرازن.

٤- هەر لە سوورەتی (**النور**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِذَا كَانُوا۟ مَعَهُۥ عَلَىٰٓ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا۟ حَتَّىٰ يَسْتَـْٔذِنُوهُ ...﴿٦٢﴾﴾، واتە: تەنیا ئەوانە بڕوایان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی هێناوە، کە کاتێك لە خزمەتیدا دەبن بۆ کارێکی کۆکەرەوە (هەرەوەزیی)، ناڕۆن تاکو مۆڵەتی لێ وەرنەگرن.

٥- دیسان لە سوورەتی (**الحجرات**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ...﴿١٠﴾﴾، واتە: تەنیا بڕوادران بران، یاخود: بڕواداران تەنیا بران.

کەواتە: بڕوادار کەسێکە بە تەواویی بۆ خوا ملکەچە، هەم لە ڕووی مەعنەوییەوە، هەم لە ڕووی جەستەییەوە، هەم دەروونی و هەم دەری، هەم لە ژیانی تاکیی، هەم لە ژیانی خێزانیی، هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیی، هەم لە ژیانی سیاسیی و... هتد دا ڕادەست و ملکەچی خواو ئایینەکەیەتی.

٦- هەروەها با تەماشای ئەم دەقەش بکەین، لە سوورەتی (النساء)دا: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى الطَّـٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ الشَّيْطَـٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ ﴾.

واتـە: ئایـا سـەرنجی ئەوانـەت نـەداوە کـە پێیـان وایـە ئیمانیـان هێنـاوە بـەوەی بۆ تـۆ نێردراوەتـە خـوارو، بـەوەش کـە پێـش تـۆ دابەزێـنراوە، لـە کاتێکـدا دەشـیانەوێ دادوەریـی خۆیـان ببەنـە لای **طاغـووت**، کـە فەرمانیشـیان پێکـراوە پێـی بێبڕوابـن، شـەیتانیش دەیـەوێ زۆر دووریـان بخاتـەوەو گومڕایـان بـکات.

کەواتـە: کەسـێك هـەر بـە دڵـشی دابـێ و بـەس بیـەوێ دادوەریـی خـۆی ببـات بـۆ لای **طاغـووت**، بـۆ لای کەسـێك و حوکمێـك کـە پێچەوانـەی شـەریعەتی خوایـەو، پێـی وابـێ لـەوێ کێشـەکەی بـۆ چارەسـەر دەبـێ و، قەناعـەتی پێـی بـێ، بێگومـان لـە بازنـەی ئیـمان و ئیسـلام دەچێتـە دەرێ.

تەوەری پێنجەم/ ئایا کردەوە بەشێکە لە ئیمان، یان نا؟:

لەو بارەوە مشتومڕی زۆر بووە لە نێوان زانایانداو، بە گشتیی بوونە سێ بەش:

١- هەندێکیان کە دەگونجێ ناویان بنێین: کەمتەرخەمان و زایەکەران (**المُفَرِّطون**) کە جەهمییەو مورجیئەن، ئەوانە گوتوویانە: کردەوە پێکهێنەری ئیمان نیە، یانی: دەگونجێ ئینسان هیچ کردەوەیەکی نەبێ و، هیچ پابەندییەکی نەبێ و، ئیمانداریش بێ!

٢- بەشی دووەمیان کە دەگونجێ پێیان بڵێین: تێپەڕێنەران و زێدەڕۆییکەران (**المُفرِطون**) کە خەواریج و موعتەزیلەن، گوتوویانە: هەموو کردەوەیەك پێکهێنەری ئیمانە، کەواتە: ئەگەر ئینسان ئەرکێکی پێویست بچوێنێ، پێی کافر دەبێ، هەروەها هەر گوناهێکیش بکات، هەر پێی کافر دەبێ، ئەوانەش تێیانپەڕاندوە، پێچەوانەی ئەوانەی پێشێ.

٣- بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئۆممەت، ئەوانەن کە خەتی نێوەڕاستیان گرتوە (**المُتَوَسِّطون**)، کە گوتوویانە: جینسی کردەوە بەشێکی ئیمانە، ئنجا یان پێکهێنەرێکیەتی، یاخود

تەواوکەریەتی، واتە: گوتوویانە: جینسی کردەوە پێکهێنەری ئیمانە، یاخود تەواوکەری ئیمانە، واتە: ئیمان بەبێ کردەوە نابێ، بەڵام جینسی کردەوە، نەك هەموو کردەوەیەك ئیمان بێ، بۆ وێنە: لە بارەی نوێژەوە عەبدوڵڵای کوڕی شەقیق دەگێڕێتەوە:

{عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ شَقِيق، قَالَ: كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ ﷺ لا يَرَوْنَ شَيْئاً مِنَ الأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ، غَيْرَ الصَّلاَةِ} (أخرجه الترمذي: ٢٦٢٢، وَصَحَّحَهُ الألباني).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی شەقیق (یەکێکە لە زانایانی تابیعین)، دەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ وازهێنان لە هیچ کردەوەیەکیان بە کوفر داناوە، جگە لە نوێژ، واتە: کەسێك نوێژی نەکردبێ، خاوەنەکەیان بە کافر دانەناوە، بەڵام وەك ئەمانەتی زانستیی دەبێ ئەوە بڵێین: کە ئێستا زانایانی چوار مەزهەبەکان، سێیان: ئەبوو حەنیفەو مالیك و شافیعیی، ڕایان وایە کەسێك نوێژ نەکات، لەبەر تەنبەڵیی، هەر بە مسوڵمان لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام تاوانێکی گەورەی کردوە، بەڵام ئەحمەد ڕەحمەتی خوا لە هەر چواریان بێ، ڕای وایە کە کەسێك نوێژی هەر نەبێ، بە هەر بیانوویەکەوە بێ، بە بێبڕواو نامسوڵمان لە قەڵەم دەدرێ.

هەڵبەتە ئێمە ئەو باسەمان لە مەوسووعەی (خواپەرستیی ئیسلامیی) لە بەرگی دووەمدا، بە درێژیی باسکردوە و، لە ڕاستییدا ئەو ڕایەی دەڵێ: نوێژ مەرجە بۆ بە مسوڵمان دانران، جگە لە ئایەتەکان، بۆ وێنە:

١- خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴿٣١﴾ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾﴾ القيامة، واتە: ئنجا بەڕاستی نەزانی و نوێژی نەکرد، بەڵکو بە درۆی داناو پشتی تێکرد.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**التوبة**)شدا خوا دەفەرموێ: ﴿فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ...﴿١١﴾﴾ **التوبة**، واتە: ئنجا ئەگەر گەڕانەوەو نوێژیان بەرپا کردو زەکاتیان دا، براتانن لە ئایین دا، کەواتە: ئەگەر وایان نەکرد، لە ئایین دا براتان نین.

لەوبارەوە فەرمایشتی پێغەمبەریش ﷺ زۆر ڕوونن، بۆ وێنە:

١)- پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلَاةُ، فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفر**} (**أخرجه ابن أبي شيبه: ٣٣٩٦، وأحمد: ٢٩٨٧، والترمذي: ٢٦٢١، والنسائي: ٤٦٣، وابن ماجه: ١٠٧٩، وابن حبان: ١٤٥٤، والحاكم: ١١**).

واتە: ئەو پەیمانەی لە نێوان ئێمەو ئەواندا، (واتە: نامسوڵماناندا) هەیە نوێژە، هەر کەسێك وازی لێ هێنا، بێبڕوا بووە.

٢)- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**ما بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالكُفْرِ: تَرْكُ الصَّلَاةِ**} (**أخرجه مسلم: ٨٢، وأبو داود: ٤٨٧٨، والترمذي: ٢٦١٩، وابن ماجه: ١٠٧٨، والبيهقي: ٦٢٨٧**) واتە: لە نێوان پیاوو شیرك و کوفردا، واز لێ هێنانی نوێژە.

یانی: هەر کەسێك نوێژی واز لێهێنا، لە بازنەی ئیسلام دەرچووە.

دەقی دیکەش لەو بارەوە زۆرن، بەڵام بە هەر حاڵ زانایان کە وردیان کردۆتەوە، بوونە ئەو دوو ڕایەی خستماننەڕوو.

تەوەری شەشەم و کۆتایی/ پلەکانی ئیمان:

بێگومان ئیمان یەك پلە نیە، بەڵکو بە لای کەمەوە سێ پلەی سەرەکیی هەن:

١- پلەی یەکەم: ئیمانی سەرەتا، یان بنەڕەتی ئیمان (**مُطلَقُ الإيمان أو أَصلُ الإيمان**):

ئەویش بریتیە لە لای کەمی ئیمان، لای کەمی ئیمانیش ئەوەیە کە ئینسانی پێ دەبێتە بڕوادار، پێی دەبێتە مسوڵمان لە لای خواو لە لای خەڵك.

٢- پلەی دووەم: ئیمانی پێویست (**الإيمانُ الواجِب**) ئەویش ئەو ئیمانەیە کە خاوەنەکەی دەگێڕێتەوە لە گوناهی گەورە، گوناهی گەورەش یان چواندنی ئەرکێکە، یاخود شکاندنی قەدەغەیەکە، بۆ وێنە: نوێژ نەکردن گوناهی گەورەیە، هەروەها زەکات نەدان و ڕۆژوو

نەگرتن، دیسان هەر کام لە قەتڵ و دزیی و زیناو غەیبەت و درۆو ئەوانە، هەموویان گوناهی گەورەن، ئنجا ئیمانی پێویست ئەوەیە کە مرۆڤ لە گوناهە گەورەکان بپارێزێ، گوناهی گەورەش ئەوەیە: یان سزای دنیایی لەسەر بێ، یاخود هەڕەشەی ڕۆژی دوایی.

٣- پلەی سێیەمی ئیمان: ئیمانی پەسند (**الإيمانُ المُستَحَبّ**) ئەویش ئەو ئیمانەیە کە خاوەنەکەی دەگێڕێتەوە لە گوناهە گچکەکانیش و وای لێدەکات ببێتە بەندەیەکی چاك و بۆ خوا صوڵحاوو ئیمان دامەزراو.

هەڵبەتە لە بەینی ئەو سێ پلەیەشدا، پلەی زۆر هەن، بەڵام ئەو سێیە پلە سەرەکییەکانن، ئەوە ڕوونکردنەوەیەك بوو لە بارەی ئیمانەوەو، بە هۆی ئیمانێکی ساغ و ڕاست و چاکەوەش، کردەوەی باش چاك لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێن، ئیمان کانیی و سەرچاوەیەکە ئاوی زوڵاڵی کردەوە باشەکان لەوێوە هەڵدەقوڵی و، یەکدی ڕاسپاردن بە هەق و یەکدی ڕاسپاردن بە خۆڕاگرییش، دەچنەوە نێو بازنەی کردەوە باشەکان.

کەواتە: ئەگەر کەسێك ئیمانێکی باشی هەبێ، کردەوە باشەکانی دەبن و، لە نێو کردەوە باشەکانیشدا خەڵك ڕادەسپێرێ بە هەق و، خەڵکیش ڕادەسپێرێ بە خۆڕاگریی، خۆشی لەسەر هەق دەبێ و، خۆڕاگریش دەبێ لەسەر شوێنکەوتنی هەق.

لێرەش کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (**العصر**) دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الهمزة

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ (٢٨) مانگـی (ذي الحجـة)ی سـاڵی (١٤٤١)ی كۆچییـە، بەرانبـەر (١٨/ ٨/ ٢٠٢٠) زایینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەكەیـن بـە تەفسیركردنی سـووڕەتی (الهمـزة)، سـەرەتاش لـە حـەوت بڕگـەدا بـە كورتیی پێناسـەو نێـوەڕۆكی سـووڕەتەكە دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سووڕەتی (الهمزة) و بابەتەكانی

یەكەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئـەم سـووڕەتە موبارەكـە زیاتـر نـاوی (سـورة الهمـزة)ی بـۆ بەكارهێنراوە، بـەڵام بـە هـەر كام لـە: (سـورة ویـل لـكل مـزة لمـزة) و (سـورة الحطمـة)ش، ناونـراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بـە یەكدەنگیـی زانایـان ئـەم سـووڕەتە مەككەییـەو لـە مەككـە دابەزیـوە، لـەو بارەشـەوە ئـەم گێڕدراوەیـە هاتـوە:

(عَـنْ عَبْـدِ اللـهِ بْـنِ عَبَّـاس رَضِيَ اللـهُ تَعَـالَى عَنْهُـمَا قَـالَ: أُنْزِلَـتْ: ﴿ وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ ۝١ ﴾، بِمَكَّـةَ)، (أورده السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٦٢٣)دا، ونسـبه لابـن مردويـه، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب: ج٣، ص١٥٦).

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سووڕەتە لە موصحەفدا ژمارەکەی سەدو چوار (١٠٤)ەو، لە دابەزینیشدا ژمارەکەی سی و دوو (٣٢)یە، پێش سووڕەتی (**المرسلات**)و، دوای سووڕەتی (**القيامة**)، دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بە یەکدەنگیی ژمێرەرانی ئایەتەکانی قوڕئان، ئەم سووڕەتە نۆ (٩) ئایەتە، نە کەس زیاتری گوتوەو نەکەمتر.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سووڕەتە موبارەکە هەر نۆ (٩) ئایەتە بە پێزەکەی، باسی جۆرە مرۆڤێکی خەڵك شکێنەری تانە لێدەر، یان بە خراپە باسی خەڵککەری پاشملەو ڕووبەڕوو دەکات، کە هەر سەر گەرمی سامان کۆکردنەوەو ژماردنیەتی و پێی وایە ماڵ و سامانەکەی لە مردن ڕزگاری دەکات و دەیهێڵێ، دوایی هەواڵدان بەوەی دەخرێتە نێو ئاگرێکی تێکشکێنەری داگیرسێنراوەوە لەلایەن خواوە، کە هەناوی مرۆڤ دەسووتێنێ و، ئەو شوێنەی ئاگرەکەی تێداکراوەتەوە، دەرگاکایەنیشیان لەسەر گاڵە دەدرێن، لەوێشدا لە نێو لوولەی درێژکراودا، سزاو ئەشکەنجە دەدرێن.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئەم سووڕەتە سێ تایبەتمەندیی هەن:

١)- هەردوو سیفەتی: ﴿هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ﴾، تەنیا لەم سووڕەتە موبارەکەدا هاتوون، کە وەك دوایی باسیان دەکەین: (هُمَزَةٍ) زیاتر پاشملە بە خراپە باسکەری خەڵکەو،

هەوڵدەرە بۆ شکاندنیان و، ناشیرین کردنیان، (لُمَزَةٍ)ش، لە (لَمْز)ەوە هاتوە و مەبەست پێی شکێنەری خەڵکە ڕووبەڕوو و تانە لێدەریانە، هەردووکیان لەسەر کێشی (فُعَلَة) ن و ئەو کێش (وزن)ەش گەیەنەری ئەوەیە، کە ئەو کەسە ئەو سیفەتەی تێدا بۆتە عادەتێکی ڕۆچوو، واتە: کەسێك کە زۆر خەڵك دەشکێنێ پاشملەو بەرەو ڕوو.

٢)- هەروەها هەردوو سیفەتی: ﴿جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُۥ ۝٢ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ۝٣﴾)، ئەم دووەش تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا بەم شێوەیە هاتوون، واتە: ماڵ و سامانێکی کۆکردەوەو ژماردی، یاخود ئامادەی کردو، پێشی وایە ماڵ و سامانەکەی هێشتوویەتەوەو دەیهێڵێتەوە.

٣)- چەند وشەو تەعبیرێکی تایبەتی ئەم سوورەتە موبارەکە:

١- ﴿ٱلْحُطَمَةِ﴾، واتە: ئاگرێکی تێکشکێنەر.

٢- ﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلْمُوقَدَةُ﴾، ئاگری داگیرسێنراوی خوا.

٣- ﴿ٱلَّتِى تَطَّلِعُ عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ﴾، ئەو ئاگرەی دەچێتە سەر دڵەکان، دەچێتە سەر عەقڵەکان، دەچێتە سەر هەناوی ئینسان.

٤- ﴿فِى عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍۭ﴾، لە لوولە درێژکراوەکاندا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:

ئێمە هەر نۆ (٩) ئایەتەکە دەکەینە دەرسێك، چونکە هەموویان باسی یەك بابەت دەکەن و، هەمووشیان پێکەوە پەیوەستن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسە ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە نـۆ (٩) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە پێـك دێ، کـە خـوا ﷻ هـەر لـە سـەرەتایەوە بـە سـزاو هەڕەشـە دەسـت پێـدەکات:

دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، ﴿ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ۝١ ﴾، هـاوار بـۆ هەمـوو خەڵـك شـکێنەرێکی پاشـملەو، خەڵك شـکێن و تانـە لێدەرێکـی ڕووبەڕوو.

﴿ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ۝٢ ﴾، ئـەو کەسـەی مـاڵ و سـامانێکی زۆر (یاخـود بـە حەرامیـی) کۆکـردەوەو ژمـاردی، (**مـالاً**) کـە بـە نەزانـراو (**نكـرة**) هاتـوە، دەگونجـێ بـۆ زۆریـی بـێ و، دەشـگونجێ بـۆ خراپیـی بـێ، واتـە: گـوێ ناداتـە ئـەوەی چ جـۆرە مـاڵ و سـامانێکە، بـە حـەڕام و حـەڵاڵ، هـەر جـۆرێ بـێ و هـەر چـۆن لێـی هەڵکـەوێ، کـۆی دەکاتـەوە سـەر یـەك و دەیژمێـرێ.

﴿ يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ۝٣ ﴾، پێـی وایـە مـاڵ و سـامانەکەی هێشـتوویەتەوە یاخـود لـە داهاتـوودا دەیهێڵێتـەوە، دوایـی خـوا ﷻ بەرپەرچـی ئـەو ڕەفتـارەی دەداتـەوەو، بەرپەرچـی ئـەو جـۆرە بیـرو بۆچوونەشـی دەداتـەوە، کـە ئـەوە خەیـاڵ پـڵاوەو دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ۝٤ ﴾ نەخێـر، بـا دەسـت هەڵبگـرێ لـەو جـۆرە ڕەفتـارە، یاخـود لـەو جـۆرە بیرکردنەوەیـە، بـە دڵنیایـی بـە نابوودیـی و بـێ بایەخیـی فـڕێ دەدرێتـە نێـو تێکشـکێنەرەکەوە.

﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ۝٥ ﴾، ئایـا چـی بـە تـۆی زانانـدوە تێکشـکێنەرەکە چییـە؟

﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ۝٦ ﴾، ئاگـری داگیرسـێنراوی خوایـە، ئاگرێکـی تایبەتـی خوایـە دایگیرسـاندوە.

﴿ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ ﴾، ئـەو (ئاگـر)ەی دەچێتـە سـەر دڵـەکان، دەچێتـە سـەر عەقڵـەکان، دەچێتـە سـەر هەنـاوو جەوهـەری ئینسـان و دەیسـووتێنێ.

﴿ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٌ ٨ ﴾، ئـەو ئاگـر (ی دۆزەخ)ەش دەرگایەکانییـان لەسـەر گاڵـە دراون و پێـوەدراون، داخـراون.

﴿ فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةِۭ ٩ ﴾، ئەوانیـش لـە نێـو لوولـەی ڕاکێـشراوو درێژکـراوەکان دان، ئایـا ئـەو لوولانـە ئاسـنن، یـان چ جـۆرە کانزایەکـن؟ هـەر خـوا دەزانـێ، گرنـگ ئەوەیە لـە ژووری داخـراودا، ئاگرێکـی بەهێـزو ترسـێنەر دەچێتـە سـەر دڵ و هەناویـان، ئنجا لـە ئاگرەکەشـدا، لـە نێـو تابـووت و لوولـەی درێژکـراودان و، دەرگایەکانیشـان لەسـەر گاڵە دراون!

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ٢ يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ٣ كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بەبەزەیـی بەخشـندە . سـزای سـەخت و هـاوار بـۆ هەمـوو کەسـێکی پاشـملە ڕووخێنـەرو بـەرەوڕوو عەیبگـر ١ ئـەو کەسـەی سـامانەکەی کۆکـردەوەو ژماردیـی ٢ پێـی وایـە سـامانەکەی لـە مـردن دەربـازی کـردو هێشـتیەوە ٣ نەخێـر (وانیـە، بـا وازبێنـێ) بـە دڵنیایـی بەبـێ بایەخیـی فڕێدەدرێتە نێـو ئاگرێکـی تێکشـکێنەرەوە ٤ چیـش بەتـۆی زانانـدوە تێکشـکێنەرەکە چییـە؟

﴿٥﴾ ئاگری داگیرساوی خوایە ﴿٦﴾ دەچێتە سەر دڵ و عەقڵ و هەناوان ﴿٧﴾ ئنجا ئەو ئاگرە دەرگایەکانی لەسەریشیان داخراون و گاڵەدراون ﴿٨﴾ لە نێو لوولە درێژکراوەکاندا (سزاو جەزرەبە دەدرێن) ﴿٩﴾}

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَيْلٌ): (الوَيْلُ: القُبْحُ وَيُسْتَعْمَلُ فِي التَّحَسُّرِ، وَالوَيْلُ سُوءُ العَذَابِ، وَالوَيْلُ قِيْلَ: وَادٍ فِي جَهَنَّم)، (وَيْل): بە مانای ناقۆڵایی و ناشیرینیی دێ، بەکاردەهێنرێ بۆ پەشێمانیی، هەروەها (وَيْل) بە مانای سزای خراپ و سەخت دێ، (وَيْل): گوتراوە: بە مانای شیوو دۆڵێك لە دۆزەخیشدا، دێ.

(هُمَزَةٍ): (الهَمْزُ كَالعَصْرِ، هَمَزْتُ الشَّيءَ فِي الكَفِّ، وَهَمْزُ الإِنْسَانِ اغْتِيَابُهُ)، (هَمْز) وەك (عَصْر) وایە، (عَصْر)، واتە: گوشین، دەگوترێ: (هَمَزْتُ الشَّيءَ فِي الكَفِّ)، شتەکەم لە لەپەدەستی خۆمدا گوشیی، (وَهَمْزُ الإِنْسَانِ إِغْتِيَابُهُ)، بە خراپە باسکردنی کەسێك پاشملە پێی دەگوترێ: (همز)، واتە: لە غەیبەت کردنەوە نیزیکە، بەڵام بابای (هامز)، دەیەوێ ئەو کەسەی بە خراپە باسی دەکات، بیشکێنێ، وشەی (هُمَزَة)، لەسەر کێشی (فُعَلَة)یەو بۆ زێدەڕۆییە واتە: زۆر دەیەوێ خەڵك پاشملە بشکێنێ و بە خراپە باسیان بکات.

(لُمَزَةٍ): (اللَّمْزُ: الإغْتِيَاب وتَتَبُّعُ المَعَايِب، واللَّمْزُ العَيْبُ فِي الوَجْهِ)، (لُمَزَة) ش، لەسەر کێشی (فُعَلَة)یەو لە (لَمْز)ەوە هاتوە، (لَمْز): بە واتای بە خراپە باسکردن و شوێن عەیب و عار کەوتنی کەسێکەو، ڕەخنەگرتنەو تانەدانە لە کەسێك ڕووبەڕوو، جیاوازییەکەیان ئەوەیە (همزة): کەسێکە پاشملە باسی کەسێك دەکات و، خراپەی باس دەکات و دەیەوێ بیشکێنێ، بەڵام (لمزة): کەسێکە ڕووبەڕوو تانە لە خەڵك دەدات و بیانوویان پێ دەگری و دەیەوێ بیانشکێنێ.

(وَعَدَّدَهُۥ): (الإعْدَادُ مِنَ العَدِّ كَالإسْقَاء مِنَ السقي)، (إعْدَاد) لە (عَدّ)ەوە هاتوە، (عَدّ)، واتە: ژماردن، وەك (إسقاء)، لە (سَقِي)یەوە هاتوە، واتە: ئاو پێدان، کەواتە: (وعدَّدهُ)، واتە: هەر خەریکی ژماردنی ماڵ و سامانەکەی بوو، یاخود: (عَدَّدَه: عَدَّهُ لِكَذَا: هَيَّأَهُ)، واتە: ئامادەی کرد بۆ ئەوە، هەر خەریکی ژماردنی ماڵ و سامانەکەیەتی، سەر ژمێری دەکات و ئامادەی دەکات.

(أَخْلَدَهُۥ): (الخُلُودُ: تَبَرِّي الشيء مِنَ اعتراضِ الفَسَادِ وَبَقَاؤهُ عَلَى الحَالَةِ التي هُوَ عَلَيْهَا)، (خُلُود): بریتیە لەوەی شتێك دووربێ لە حاڵەتی تێکچوون و لەو حاڵەتەدای لە سەریەتی، بمێنێتەوە.

(لَيُنۢبَذَنَّ): واتە: بەبێ بایەخیی فڕێ دەدرێ، (النَّبْذُ: إلقَاءُ الشَّيءِ وَطَرْحُهُ لِقِلَّةِ الإعْتِدَادِ بِهِ، وَنَبَذْتُهُ نَبْذَ النَّعْلِ الخَلَقِ)، (نَبْذ): بریتیە لە فڕێدانی شتێك و هاویشتنی لەبەر بایەخ پێنەدانی، یان کەم بایەخی پێدانی، دەگوترێ: (نَبَذْتُهُ بَذْتُهُ نَبْذَ النَّعْلِ الخَلَقِ)، فڕێمدا وەك پێڵاوی شڕ، پێڵاوێك کە دەدڕێ و شڕ دەبێ، بە کەڵکی خاوەنەکەی نامێنێ و فڕێی دەدات.

(ٱلْحُطَمَةُ): (الحَطْمُ: كَسْرُ الشَّيءِ، مِثْلُ الهَشْمِ وَنَحْوِهِ، ثُمَّ اسْتُعْمِلَ لِكَسْرٍ مُتَنَاهٍ)، (حَطْم): بە مانای شکاندنی شتێك و وردکردن و هاڕینیەتی، وەك (هَشْم)و وێنەوی، دوایی بەکارهێنراوە بۆ هەر شتێك کە زۆر بشکێنرێ و وردبکرێ و بهاڕدرێ.

(ٱلْمُوقَدَةُ): دەگوترێ: (وَقَدَتِ النَّار تَقِدُ وُقُوداً وَوَقُوْداً)، واتە: ئاگرەکە داگیرسا، دادەگیرسێ، داگیرسان، کەواتە: (الموقدة)، واتە: داگیرساو، یاخود داگیرسێنراو.

(تَطَّلِعُ): (أي: تَتَسَلَّطُ)، واتە: زاڵدەبێ، دەچێتە سەر، یاخود (تَطَّلِعُ) یانی: (تَعْرِفُ وَتُدْرِكُ)، پەی پێدەبات و دەزانێت، (تَطَّلِعُ عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ)، دەزانێ عەقڵەکان و دڵەکان چییان تێدایە، بۆیە دەیانسووتێنێ، یاخود دەچێتە سەریان و بەسەریاندا زاڵ دەبێ.

(ٱلْأَفْـِٔدَةِ): (جَمْـعُ فُـؤاد: وَالفُـؤَادُ كَالقَلْـبِ)، لـە زۆربـەی فەرهەنگەکانـی زمانـدا دەڵێـن: (**أفئـدة**) **جمـع فـؤاد، وهـو القلـب**)، (**أفئـدة**) کـۆی (**فـؤاد**)ەو، بـە مانـای دڵـە، بـەڵام بەتێگەیشـتنی مـن (**فـؤاد**)، لـە قورئانـدا زیاتـر بـۆ عەقـڵ بەکارهێـنراوە، وەك لـە سـوورەتی (**إبراهیـم**)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَفْـِٔدَتُهُمْ هَوَآءٌ ﴿٤٣﴾ ﴾، واتـە: عەقڵیـان بەتـاڵ بـوو، خاڵیـی بـوو، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**القصـص**)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا إِن كَادَتْ لَتُبْدِى بِهِۦ لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ ﴾، واتـە: عەقڵـی دایکـی مووسـا عليه السلام خاڵیـی بـوو، (واتـە: وەك گوتـراوە: هـۆش لـە کەللـەی دا نەمابـووە، هەمـوو فکـرو هۆشـی چـوو بـووە سـەر مووسـا عليه السلام کـە بـە مەلۆتکەیـی خسـتوویەتە صنـدووق و تابووتێکـەوەو بـە ڕووبـاری نیلـی داداوە، بـە ئیلهامێـك کـەوا خـوا خسـتوویوتو دڵـی)، خەریـك بـوو ئاشـکرای بـکات، ﴿ لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا ﴿١٠﴾ ﴾، ئەگـەر دڵیـمان بەهێـز نەکردبایـە، کەواتـە: دڵ شـوێنی بڕیـاردان و ویسـتن و نەویسـتنەو، عەقـڵ شـوێنی بیرکردنـەوەو هـۆش و گۆشـە، خـوای پەروەردگاریـش هەردووکیانـی بەکارهێنـاوە دەفەرمـوێ: عەقڵـی دایکـی مووسـا عليه السلام خاڵیـی بـوو بـوو، ئەگـەر دڵیـمان بەهێـز نەکردبایـە، خەریـك بـوو ئاشـکرای بـکات، (بڵـێ: مـن ئـەو جگـەر گۆشـەیەی خـۆم خسـتە تابووتێکـەوەو بـە ڕووبـاری نیلمـدادا).

(مُّؤْصَدَةٌۢ): (أَصَدَ البَـابَ يَأْصُدُ أَصْدَاً وَإِصَادَاً أي: أَغْلَقَـهُ، وَآصَدَهُ إِيصَـادَاً أي: أغلقـه)، (أَصَـدَ البَـابَ يَأْصُـدُ أَصْدَاً وَإِصَـادَاً)، دەرگایەکـەی پێـوەدا، پێـوەی دەدا، پێـوەدان (**أي**: **أَغْلَقَـهُ**)، واتـە: دەرگایەکـەی داخسـت و پێـوەی دا، هەروەهـا (**آصَـدَه**)ش هـەر هاتـوە، (**آصَـدَ البَـابَ**)، یانـی: (**أغلـق**)، هـەم بـە (**أصـد**) هاتـوە، هـەم بـە (**آصَـدَ**) هاتـوە، (**آصَـدَ**)، چاوگەکـەی (**إيصَـاد**)ەو، چاوگـی (**أَصَـدَ**)ش، بریتیـە لـە (**إِصَـاد**) بـە بـێ (**ي**).

(عَمَدٍ): (جَمْـعُ عَمُـود، جَمْعُـهُ فِي القِلَّـة أَعْمِـدَة، وَفِي الكَـثْرَة: عَمَـد وعُمُـد)، (عَمَـد)، کـۆی (**عَمُـود**)ە، واتـە: لوولـە بـە زۆریـی بـە لوولـەی تەختـەو دار دەگوتـرێ و، بـە لوولـەی ئاسـنیش دەگوتـرێ، کـۆی کەمـی (**عمـود**)، بریتیـە لـە (**أعمـدة**)، ئەگـەر چەنـد

کۆڵەکەیەکی کەم بن، دەڵێی: (هذه الأَعْمِدَة)، ئەو کۆڵەکە یاخود ئەو لوولە کەمانە، بەڵام ئەگەر زۆربن بە: (عَمَد و عُمُد)، کۆ دەکرێتەوە.

(مُّمَدَّدَةٍ): (مَدَّهُ فَامْتَدَّ، المادَّةُ الزِّيَادَةُ المُتَّصِلَة، وَمَدَّهُ فِي غَيِّهِ أي: أَمْهَلَهُ وَطَوَّلَ لَهُ، مديد القام، أي: طَوِيلُ القَامِ)، (مُمَدَّدة)، لە (مَدَّ)وە هاتوە، (مَدَّهُ فَامْتَدَّ) درێژی کرد ئەویش درێژ بوو، (والمادَّة: الزِّيَادَةُ المتَّصِلَةُ)، (مَادَّة): بە زیادەیەکی پەیوەست دەگوترێ بۆ هەر شتێك ئەگەر سوپایە، ئەگەر ماڵ و سامانە، هەر شتێك ئەو زیادەیەی بەدوایدا ڕەوان دەکرێ، پێی دەگوترێ: (مادة)، دەگوترێ (مَدَّهُ فِي غَيِّهِ)، واتە: لە سەرگەردانییدا ڕستی بۆ درێژکرد، (أي: أَمْهَلَهُ وَطَوَّلَ لَهُ)، واتە: مۆڵەتی داو ڕستی بۆ درێژکرد، هەروەها دەگوترێ: (فُلان مَدِيدُ القَامِ)، واتە: بە ژن و باڵای بڵندو بەرزە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ ۝٩﴾، واتە: ئەو کەسانە بەوجۆرە سزاو ئەشکەنجە دەدرێن لە نێو ئەو ئاگرە تێکشکێنەرەدا، کە دەرگایەکانیشیان لەسەر داخراون و لەنێو لوولە درێژکراوەکاندان، لە نێو تابووت و لوولە درێژکراوەکان دان. (مُمَدَّده)، یانی: شتێك کە لێککێشراوەتەوە، یاخود: ڕاکێشراوەو دانراوە بە درێژیی، هەردووك واتایەکەی هەن، بەڵام (مُمَدَّدة)، زیاتر بۆ شتانێکە کە درێژ کراونەوەو لێککێشراونەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای زاناو شارەزا لەم سوورەتەدا باسی جۆرە مرۆڤێکمان بۆ دەکات کە هەمیشە عادەتی وایە بەرانبەرەکانی، ئەو خەڵکە بە نە یاری خۆییان دەزانێ و ڕقی لێیانە، چ پاشملە بۆی هەڵکەوێ، چ ڕووبەڕوو، بیانشکێنێ و بێ بایەخیان بکات و سووکیان بکات و عەیبداریان بکات، ئنجا ئەو جۆرە کەسە، کەسێکیشە

هەمیشـە خەریکـی کۆکردنـەوەی مـاڵ و سـامان و ژماردنیەتـی، بـەردەوام سـەرگەرمی ژماردنـی مـاڵ و سـامانەکەی و ئامادەکردنیەتـی و، پێشـی وایـە مـاڵ و سـامانەکەیەتی هێشـتوویەتەوە لـە ژیانـداو دەیهێڵێتـەوە، دوایـی خـوا باسـی سـزایەکەی دەکات، کـە یەکجـار بەئێـش و سـەختە.

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، لـە کاتی گوتنـی: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)دا، دەبـێ بـەلای کەمـەوە ئـەم چـوار واتایـە لـە عەقـڵ و دڵـدا ئامـادە بـن:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بێ هاوتا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ۝١﴾، وشـەی (ویـل) زۆرجـار باسـمانکردوە، لـە زمـانی کوردیـی دا بـە مانـای هـاوار دێ، یـانی: هـاوار بـۆ ئـەو کەسـە، چونکـە کەسـێك کـە تینـی بـۆ دێ و تووشـی گرفتاریـی و ناڕەحەتییەکـی گـەورە دێ، کـە بـۆ خـۆی ناتوانـێ لێـی دەربـاز بـێ، هـاوار دەکات، کەواتـە: هـاوار بـۆ فلانکـەس، واتـە: شایسـتەی ئەوەیـە خەڵـك بـە هاواریـەوە بچـێ، چونکـە لـە مەینەتیـی و گرفتارییـەك دایـە، خـۆی ناتوانـێ لێـی دەربـاز بـێ، ئەمـە ئەصڵـی واتایەکەیەتـی، بـەڵام دوایـی بـە چەنـد واتایـەکی دیکـەش بەکارهێـنراوە:

١- هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (**ويل**) بە مانای (**قبح**) دێ، واتە: ناشیرینیی و بەدفەڕیی.

٢- هەندێکی دیکە گوتوویانە: بە مانای (**سوء العذاب**) دێ واتە: سزای سەخت.

٣- هەندێك گوتوویانە: (**ويْل**) شیوو دۆڵێکە لە دۆزەخ دا.

بـەڵام وەك چـۆن لـە زمـانی کوردییـدا دەڵێیـن: هـاوار بـۆ فڵانکـەس، واتـە: کەوتۆتـە مەینەتیـی و بـارو دۆخێکـی پـڕ ئـازارەوە، شایسـتەی ئەوەیـە خەڵـك بـە هـاوارو هانایـەوە بچـێ و دەربـازی بـکات، لێـرەش خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ١﴾، هـاوار، یاخـود سـزای سـەخت بـۆ هەمـوو تێکشـکێنەرێکی پاشـملەو تێکشـکێنەرێکی ڕووبـەڕوو، بـۆ هـەر کەسـێك کـە بـە پاشـملە بـە خراپـە باسـی خەڵك دەکات، بـە مەبەسـتی شـکاندنیان، یاخـود ڕووبـەڕوو تانەیـان لـێ دەدات و هەوڵدەدا بیانشـکێنێ و عەیبداریـان بـکات، دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا زیاتـر تیشـك دەخەینـە سـەر ئـەم دوو وشـەیە، پێشـتریش گوتمـان: وشـەی: (**همـزة**)، لـە (**همـز**) ەوە هاتـوە، (**همز**)یـش وەك (**عصر**)وایـە، واتـە: گوشـین، (**همـزْتُ الـشَّيء في الكـفّ**) واتـە: شـتەکەم لـە دەسـتم دا گوشـیی، کەسـێکیش کـە دەیـەوێ پاشـملە کەسـێك بشـکێنێ، وەك ئـەوە وایـە ڕاییگوشـێ و ئەزیەتـی بـدات، (**لمـزة**)، (**لَمَـزهُ أي عابـه**)، واتـە: عەیبـی لێگـرت، بـە خراپـە باسـی کـرد، بـەڵام بەپێـی ئایەتەکـەی سـوورەتی (**الحجـرات**): ﴿وَلَا تَلْمِزُوٓا أَنفُسَكُمْ ١١﴾، واتـە: عەیـب لـە خۆتـان مەگـرن، (**لَمْـز**) بریتیـە لـە عەیـب لێگرتـن، چ عەیبەکـەی تێدابـێ و بـۆ ئـەوە بـاس بکـرێ پێـی بشـکێ و ناشـیرین بـێ، چ عەیبـی تێـدا نەبـێ و عەیبـی لـێ پەیـدا بکـرێ، هـەردوو حاڵەتەکـە دەگرێتـەوە، هـەر کام لـە (**همـزة و لمـزة**)، لەسـەر کێشـی (**فُعَلَـة**)ن، کـە یەکێکـە لـە ڕێژگەکانـی زێدەڕۆیـی، ئەگـەر بمانـەوێ زێدەڕۆیـی لـە شـتێکدا بکەیـن، یەکێـك لـە ڕێژگەکانـی ئەمەیـە، وەك چـۆن (**فعّال**)یـش، یەکێکـە لـە ڕێژگـەکانی، کەواتـە: (**همـزة**)، واتـە: زۆر تێکشـکێنەری خەڵـك پاشـملەو، (**لمـزة**)، واتـە: زۆر عەیـب لێگریـان و ڕەخنە لێگریـان بـەرەو ڕوو بـە مەبەسـتی شـکاندن و ناشـیرینکردنیان، خـوا دەفەرمـوێ: سـزای سـەخت بـۆ هـەر کەسـێك کـە بـەو شـێوەیە.

﴿ٱلَّذِى جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُۥ ٢﴾، ئـەو کەسـەی مـاڵ و سـامانێکی کـۆ کـردەوەو ژماردیـی، بـە ڕێژگـەی ڕابـردوو هێناویەتـی، بـەڵام هـەم ڕابـردووو هـەم ئێسـتاو هـەم داهاتـوو، دەگرێتـەوە، لێـرەدا (**مـالاً**)ی بـە نەزانـراو (**نکـرة**)، هێنـاوە، واتـە: هـەر جۆرە

ماڵ و سامانێك كۆ دەكاتەوە، گوێ ناداتە حەڵاڵ و حەرامیی، چاكیی و خراپیی، پیسیی و پاكیی، ﴿ وَعَدَّدَهُۥ ﴾، ژماردیشی، خەریكی سەرژمێریەتی هەمیشە دەیژمێرێ و ئامادەی دەكات، ﴿ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ۝٣ ﴾، پێی وایە ماڵ و سامانەكەی هێشتوویەتەوە، ئەمیشی بە ڕابردوو هێناوەو دەلوێ مەبەست پێی ڕابردوو بێ، واتە: پێی وایە لە ڕابردوودا ماڵ و سامانەكەی هێشتوویەتەوە، یاخود: پێی وایە ماڵ و سامانەكەی دەیهێڵێتەوە، واتە: دەربازی دەكات لە مردن و لە لەبەین چوون، ئەگەر سەرنج بدەین خوا ﷻ لێرەدا چوار ڕەفتاری زۆر خراپ و بیرو بۆچوونێكی زۆر كەودەنانەی، بۆ ئەو جۆرە مرۆڤە باسكردوە، كە دەفەرموێ سزای سەختی بۆ هەیە:

سیفەتی یەكەم: پاشملە خەڵك دەشكێنێ.

سیفەتی دووەم: ڕووبەڕوو خەڵك دەشكێنێ و عەیبیان لێدەگرێ.

سیفەتی سێیەم: بەردەوام ماڵ و سامان كۆدەكاتەوە.

سیفەتی چوارەم: هەر خەریكی ژماردن و ئامادەكردنی ماڵ و سامانیەتی.

سەربارەش بیرو بۆچوونێكی زۆر كەودەن و نەفامانەی هەیە، كە بریتیە لەوەی پێی وایە ماڵ و سامانەكەی هێشتوویەتەوە، یاخود دەیهێڵێتەوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا ﴾، با وازبێنێ، واتە: وازبێنێ لە شكاندنی خەڵك پاشملەو ڕووبەڕوو، هەروەها كۆكردنەوەو پەزمەندەكردنی ماڵ و سامان هەر جۆرێكی بێ و، ئامادەكردنی و ژماردنی و، با واز بێنێ لەو جۆرە بیرو خەیاڵە، كە پێی وایە ماڵ و سامانەكەی هێشتوویەتەوە و دەیهێڵێتەوەو لە مردن دەربازی دەكات.

ئەگەر ئەوەی باسكرا وازی لێ نەهێنێ و دەستبەرداری نەبێ:

﴿ لَيُنۢبَذَنَّ فِى ٱلْحُطَمَةِ ۝٤ ﴾، بەدڵنیایی فڕێ دەدرێتە نێو تێكشكێنەرەوە. ﴿ لَيُنۢبَذَنَّ فِى ٱلْحُطَمَةِ ۝٤ ﴾، (ل)ی (لَيُنبذن) هەندێك لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی پێی دەڵێن: (اللام الممهِّدَة للقسم)، لامی ڕێخۆشكەرو زەمینە خۆشكەر

بۆ سوێند، واتە: هەر کاتێك ئەو لامەمان بینی، بابزانین زەمینەی بۆ سوێندێك خۆشکردوە، یانی: (**وَاللـهِ لَيُنْبَـذَنَّ فِي الحطمـة**)، سوێند بە خوا فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرێکی تێکشکێنەرەوە.

هەندێکیش دەڵێن: ئەو لامە هەر بۆ جەختکردنەوەیەو مانای وانیە سوێندێکی لەپێشەوەیە، هەڵبەتە بۆ جەختکردنەوە بوونی (ن)ی کۆتایی لە (**لَيُنْبَـذَنَّ**)دا، شتێکی ئاشکرایە، یانی: بەدڵنیایی فڕێ دەدرێتە نێو (**حطمـة**) وە، (**حطمـة**)ش، هەر لەسەر کێشی (**فُعلة**)یە، (**حاطـم**)، یانی: (**كاسر**)، شکێنەر، بەڵام شکاندنێك کە وردو خاشکردن و هاڕینی لەگەڵدابێ و، (**حَطْـم**) شکاندنی شتێکە لەگەڵ هاڕینی دا، تاکو لە کۆتایی دا، ببێتە بەشی زۆر بچووك بچووك، وەك چۆن ئارد دەهاڕدرێ، (**حُطَمَـة**) یانی: زۆر تێکشکێنەر، فڕێدەدرێتە نێو زۆر تێکشکێنەرەوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ۝٥ ﴾، چی بەتۆی زانانـدوەو زۆر تێکشکێنەر چییە؟ واتە: شتێکی هێندە گەورەیەو هێندە سامناك و بێڕەزایە، مەگەر ناسێنەرێك پێت بناسێنێ، کە خوای پەروەردگارەو خۆی دەزانێ ئەو ئاگرەی ڕۆژی دوایی چۆنە! مەگەر ئەو پێت بناسێنێ، ئەگەرنا، عەقڵ و زانیاریی تۆ دەوری نادات و ناتوانێ پەی پێ ببات، هێندە ترسناك و زەبەلاحە.

ئنجا خوا خۆی پێناسەی دەکات و دەفەرموێ: ﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ۝٦ ﴾، ئاگری هەڵگیرسێنراوی خوایە، ئاگرێکە داگیرسێنراوەو هی خوایە، هەموو شتەکان بەس هی خوان، بەڵام ئەم ئاگرە ئاگرێکی تایبەتی خوای بەرزومەزنە، واتە: خوا بە تایبەت دایگیرساندوەو هەڵیگرساندوە، بۆ ئازاردان و ئەشکەنجە و سزاو جەزرەبەدانی کەسانێك کە بەو شێوەیەن.

﴿ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ۝٧ ﴾، ئەو ئاگرە دەچێتە سەر عەقڵەکان، یان دەچێتە سەر دڵ و دەروون و هەناوەکان، پێشتر باسمانکرد (**إطِّلاع**) لێرەدا هەم بە مانای چوونە سەر دێ، یانی: (**تَتَسَلَّط**)، یانی: دەچێتە سەر، هەم بە مانای پەیپێبردن و زانین، دێ، یانی: ئەو ئاگرە بە دڵ و دەروونەکان و بە عەقڵەکان دەزانێ، ئایا

چـی خراپیـان تێدایـە، پەییـان پـێ دەبـات، یاخـود دەچێتـە سـەریان و ئەوێـش دەسـووتێنێ، (ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ)ش کـۆی (فـؤاد)ە، کـە زۆربـەی ڕوونکەرەوانـی قوڕئـان بـە مانـای دڵ لێکیانداوەتـەوە، بـەڵام بـە بۆچوونـی بەنـدە، بـە سـەرنجدانی ئایەتەکانـی قوڕئـان، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە (فؤاد)، چ بـە تەنیا هاتبـێ، چ بـە کـۆ، لـە قوڕئانـدا زیاتـر بەمانـای عەقـڵ هاتـوە، بەڵـێ جـاری وا هەیـە بـۆ دڵیـش بەکارهێنـراوە، چونکـە عەقـڵ و هـۆش و پەیپێبردنـی مـرۆڤ، وەك چـۆن پەیوەندیـی بـە مێشـك (دماغ)ەوە هەیـە، پەیوەندیـی بـە دڵیشـەوە هەیـەو، زانسـت تـازە پـەی بـەوە بـردوە، بەڵگـەش لـە سـەر ئـەوەی لـە قوڕئانـدا وشـەی (فـؤاد)، بـە مانـای دڵ نیـە، ئەوەیـە کـە دڵ (قلـب)، چەقـی ویسـتن و نەویسـتن و، خۆشویسـتن و ڕەفزکـردن و، بڕیاردانـە، بۆیـە لـە قوڕئانـدا دڵ زەمکـراوە ئەگـەر خـراپ بـێ و، مـەدح کـراوە، ئەگـەر چـاك بـێ، باسـەرنج بدەیـن:

یەکەم: دڵ (قلب):

أ- ﴿خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ ٧﴾ البقرة، لێرەدا دڵ زەمکراوە.

ب- ﴿أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ الرعد، لێرەش دا دڵ مەدحکراوە، کەواتە: دڵ دەگونجێ بڕیاری چاکی تێدا بدرێ و، شتێکی چاکی بوێ، دەشگونجێ شتی خراپی بوێ.

دووەم: عەقـڵ (فـؤاد): (فـؤاد) لـە قوڕئانـدا نـە زەمکـراوەو نـە مـەدح کـراوە، چ بـە تـاك هاتبـێ، چ بـە کـۆ هاتبـێ کـە بـە زۆریـی بـە کـۆ هاتـوە، وەك: ﴿وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٧٨﴾ النحـل، هەروەهـا بەتاکیـش هاتـوە، وەك خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ الإسراء، واتـە: هـەر کامێـك لـە بیسـتن و چـاوو عەقـڵ لێیـان دەپرسرێتـەوە، واتـە: لـە خاوەنەکەیـان دەپرسرێتـەوە ئایـا ئـەو ئامرازانـەی چـۆن بەکارهێنـاون، ئـەو چـاوو عەقـڵ و گوێیـەی لـە چییـدا بەکارهێنـاون؟ کەواتـە: لێـرەدا

﴿ تَطَّلِعُ عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ ﴾ یانی: ئەو ئاگرەی دەچێتە سەر عەقڵەکان، بەڵام لێرەدا دەشگونجێ (**فؤاد**) بە مانای دەروون و دڵیش هاتبێ، یانی: دیوی نێوەوەی مرۆڤ، ﴿ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ ﴿٨﴾ ﴾، بە دڵنیایی ئەو ئاگرە لەسەریان داخراوە، واتە: دەرگایەکانی لەسەریان داخراون، دەرگایەکانی ئەو شوێنەی ئەو ئاگرەی تێدایە، گاڵەدراون و داخراون.

﴿ فِى عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ ﴿٩﴾ ﴾، ئەوانە لە نێو لوولە درێژکراوەکاندان، ئنجا ئایا لوولەکان ئاسنن، صندووق و تابووتی ئاسنن، یاخود جۆرە کانزایەکی دیکەن؟ گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: لە نێو لوولەکاندا درێژکراون، ئەوانە لەنێو لوولەکاندان و، لوولەکانیش لە نێو ژووری داخراوو گاڵە دراودان و، ئەو ئاگرەش کە لەوێ دایە دەچێتە سەر دڵ و دەروونیان و، دەچێتە سەر عەقڵ و هۆشیان و، وێڕای جەستەیان، ناخیشیان دەسووتێنێ!

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خـوای دادگـەر ڕایدەگەیەنـێ کـە سـزای سـەخت و دژواری دانـاوە، بـۆ هـەر کەسـێکی پاشـملە خەڵـك شـکێنەرو، بـەرەو ڕوو تانـە لێدەریـان، کـە هـەردەم سـەرگەرمی کـۆ کردنـەوەو ژماردنـی پـارەو مـاڵ و سـامانەکەیەتی و، پێـی وایـە دەربازکەریەتـی لـە مـردن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ۝١ ٱلَّذِى جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُۥ ۝٢ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ﴾، سزای سەخت، بۆ هەموو زۆر خەڵك شکێنەرێکی زۆر تانەدەر.

هەروەها (وَيْـل) بەمانای:

أ- دۆڵ و شیوێکی بە ئازاری نێو دۆزەخ.

ب- یاخود: ناشیرینیی و ناقۆڵایی. ج- یاخود: هاوار، بۆ هەر کەسێك کە ئەو دوو سیفەتەی تێدان: (**هَمْز و لَمْز**)، (**همز**) بە مانای ڕاگوشینی شتێك دێ، (**الهَمْزُ كَالعَصْرِ، هَمَزْتُ الشَّيء بالكَفِّ**)، شتەکەم بەدەست ڕاگوشیی ڕامپازنیی، بۆ شکاندنی پاشملە بەکاردێ، (**لمز**)یش بە مانای تانەلێدان و ڕەخنە لێگرتنی ڕوو بەڕوویە، هەردووکیشیان لەسەر کێشی (**فُعَلَة**)ن، کە ڕێژگەیەکە بۆ زێدەڕۆیی واتە: کەسێك کە زۆر حاڵەتی شکاندن (**هَمْز**)ی هەیەو، کەسێك کە زۆر حاڵەتی تانەلێدان (**لمز**)ی هەیە.

واتـە: هـاوارو سـزای سـەخت بـۆ هەمـوو زۆر خەڵـك شـكێنەرێكی پاشـملەو، تانـە لێدەرێكـی خەڵـك بـەرەو ڕوو، كەسـانێك كـە هێنـدە سـەرگەرمی خەڵـك شـكاندنن، تێیانـدا بۆتـە نەریتێـك و بۆتـە سـیفەتێكی ڕۆچـوو كـە بـەرەو ڕوو، یاخـود پاشـملە خەڵـك دەشـكێنن و، هەوڵـدەدەن بـێ بایەخیـان پێشـان بـدەن و عەیبداریـان بكـەن.

پێشـتریش گوتمـان: (**الهمـزة: مُشْـتَقٌّ مِـنَ الهَمْـزِ، وَهُـوَ الكَسْرُ وَالهَشْـمُ**)، (**هُمَـزة**) لـە (**هَمْز**)ەوەیـە كـە لـە ئەسـڵ دا شـكاندن و هاڕیـن و وردكردنـە، بـەڵام (**لُمَـزَة: مشـتق مـن اللّمـز والمواجهـة بالعیـب**)، (**لُمَـزْة**) لـە (**لَمْز**)ەوەیـەو بریتیـە لـەوەی ڕووبـەڕوو ڕەخنـە لـە كەسـێك بگـری و عەیبـداری بكـەی و تانـەی لـێ بـدەی، پێشـتریش لـە مانـای گشـتییدا باسـمان كـرد، كـە ڕوونكەرەوانـی قوڕئـان زۆریـان لـەو بـارەوە مشـتومڕ كـردوە.

زۆرێكیـان گوتوویانـە: هەردووكیـان یـەك واتایـان هەیـە، كـە ئـەوە بـە دڵنیایـی وانیـەو، خـوا ﷻ هیـچ دوو وشـەیەكی لـە قوڕئانـدا نەهێنـاون، یـەك واتایـان هەبـێ، چونكـە ئـەوە پێچەوانـەی ڕەوانبێژییـە، ڕەوانبێژیـی یەكێـك لـە گرنگتریـن پایەكانـی ئەوەیـە ئـەو قسـەیەی دەكـرێ، وشـەكانی كـەم بـن و مانایـان زۆربێـت، نـەك وشـەكانی زۆر بـن و یـەك واتاشـیان هەبێـت، بۆیـە ئـەو ڕایـەی زانایـان ڕاسـتە كـە وشـەی هاوواتـا (**مـترادف**) لـە قوڕئانـدا نیـن، واتـە: دوو وشـە یـەك واتایـان هەبـێ، بەڵكـو جیاوازییەكـی وردیـان هەیـەو، ئەوانـەی ورد دەبنـەوەو زۆر شـارەزاو پسـپۆڕن، ئـەو جیاوازییـە وردانـە دەبینـن، كەواتـە: بـە دڵنیایـی مانایەكەیـان لێـك جیایـەو، ڕاسـترین مانـاش ئەوەیـە كـە (**همـزة**)، كەسـێكە پاشـملە زۆر خەڵـك دەشـكێنێ، (**لمـزة**)ش كەسـێكە زۆر ڕووبـەڕوو دەیانشـكێنێ، بەڵگەشـمان لەسـەر ئـەوە، وێـڕای دەلالەتیـان لـە زمانـی عەرەبییـدا، ئـەو ئایەتـە موبارەكـەی سـوورەتی (**الحجـرات**)ە، كـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١١﴾ ﴾، وەك لـە تەفسـیری

سووڕەتی (**الحجرات**)دا، بە تەفصیلّ باسمان کردوە، لێرەدا خوا بانگی بڕواداران دەکات و، لە سێ گوناهی گەورەی کە بەئاشکرا دەکرێن، ئاگاداریان دەکاتەوە، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! با هیچ کات کۆمەڵێك لە پیاوان گاڵتە بە کۆمەڵێکی دیکەیان نەکەن، نزیکە گاڵتە پێکراوەکان لە گاڵتە پێکەرەکان باشتربن، هەروەها با کۆمەڵێك لە ئافرەتان گاڵتە بە کۆمەڵێکی دیکەیان نەکەن، نیزیکە گاڵتەپێکراوەکان لە گاڵتە پێکەرەکان چاکتر بن.

﴿وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ﴾، هەروەها عەیب لە خۆتان مەگرن کە دەفەرموێ: لە خۆتان، واتە: برایە مسوڵمانەکەو خوشکە مسوڵمانەکەشت وەك خۆتە، بەڵکو برایە مرۆڤەکەو خوشکە مرۆڤەکەشت وەك خۆتە، ئەگەر عەیب لەو بگری، لە خۆتت گرتوە!

لێرەدا خوا سەرەتا گاڵتە پێکردنی باسکردوە، دوایی عەیب لێگرتن، دواییش دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِ﴾، ناوو ناتۆرەش لە یەکدی هەڵمەدەن، (**نبز**) بە مانای ناو و ناتۆرە هەڵدانە لە کەسێك کە پێی ناخۆشبێت، با ئەو سیفەتەشی تێدابێ، بۆ وێنە: (گۆجە، شەلە، کوێرە، کەڕە)، تۆ بۆی بکەی بە نازناوێك، ئەوە بە دڵنیایی گوناهە، زانایان لەو بارەیەوە هەڵاواردنێکیان کردوە، کە ئەگەر وا نەبێ نەناسرێ، هەتا نەڵێی فڵانکەسە کوێر یان شەل، نەناسرێ، ئەوە حوکمەکەی جیایە، بەڵام بەلای کەمەوە نابێت ڕووبەڕووی خۆی بڵێی: فڵانکەسە شەل، یان فڵانکەسە کوێر، یان فڵانکەسە کەڕ، یان گۆج، چونکە پەکت لەسەر ئەوە نەکەوتوە، فڵانکەس ناوی بەڕێزەوە بێنە، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتی پاشملەدا وانەڵێی، خەڵك نەیناسێ، ئەوە ناچارییە، هەڵبەتە ئەگەر ناچاریی نەبێ، نابێ بگوترێ.

کەواتە: خوا ﷻ ئەو سێ گوناهەی لە قورسترەوە بۆ کەمتر قورس هێناون، گاڵتەپێکردن زۆر قورسە، دوایی عەیب لێگرتن، دوایی ناوو ناتۆرە لێهەڵدان.

دوایـی سـێ گوناهـی پەنهانیـش بـاس دەکات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ ﴿١٢﴾ ﴾الحجـرات، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! خۆتـان لـە زۆر گومانـان بپارێـزن، هەندێـك لـە گومانـان گوناهـن و، جاسووسـیی مەکـەن و، پاشـملە بـە خراپـە باسـی یەکـدی مەکـەن (غەیبەتـی یەکـدی مەکـەن)، ئەوانیـش سـێ گوناهـی پەنهانـن: گومانـی خـراپ پێـبردن و، جاسووسـیی کـردن و، بـە خراپـە پاشـملە باسـکردن.

لێـرەش خـوا دەفەرمـوێ: سـزای سـەخت، یاخـود هـاوار بـۆ هەمـوو ئەوانـەی ئـەو دوو سـیفەتەیان تێـدان: پاشـملە بـە خراپـە باسـی خەڵکـی دەکـەن، یاخـود ڕووبـەڕوو دەیانشـکێن و تانەیـان لـێ دەدەن.

٢)- ﴿ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ﴾، ئەو کەسەی ماڵ و سامانێکی کۆکردەوەو ژماردی، یاخود کۆی کردەوەو ئامادەی کرد، وشەی (جَمَع) خوێنراویشەتەوە: (جَمْعَ)، واتە: هەم بە گیرە (شدَّة) خوێندراوەتەوە، هەم بە بێ گیرە، واتاشیان هەریەکە، بەڵام (جمَّع) واتایەکەی تۆختر دەکات، واتە: زۆری ماڵ و سامان کۆکردۆتەوە، (المال: **مَكَاسِبُ الإنْسَانِ الّتِي تَنْفَعهُ وَتَكْفِي مُؤْنَةَ حَاجَتِهِ مِنْ طَعَامٍ وَلِبَاسٍ وَغَيْرِهِمَا**)، (مال): بریتیە لەو وەدەستهێنراوەی مرۆڤ کە سوودی پێدەگەیەنێ و، پێداویستییەکانی لە خواردن و پۆشاك و جگە لەمانیش بەهۆیەوە ئامادە دەکات.

بـەڵام کـە لێـرەدا (مـالاً) بـە نەنـاسراو (نکـرة) هاتـوەو نەیفەرمـووە: (**الـذي جمـع المـال**)، فەرموویەتـی: ﴿ جَمَعَ مَالٗا ﴾، هـەر ناوێـك کـە بـە نەناسراویـی دێ، یـان مەبەسـت پێـی زەبـەلاح و زۆر پێشـاندانە، یان مەبەسـت پێـی بێبایەخ پێشـاندانە، واتە: مـاڵ و سـامانێکی زۆر کۆدەکاتـەوە، یاخـود: هەرجـۆرە مـاڵ و سـامانێك کـۆ دەکاتـەوە، حـەڵاڵ یـان حـەڕام، ﴿ وَعَدَّدَهُۥ ﴾ ژمـاردی، بۆیـەش ئـەم ڕسـتەیە بانەدراوەتـەوە بە (و) ی بادانـەوە، یـان بـە (ثُمَّ)، بـۆ سـەری ڕسـتەی پێشـێ، چونکـە هەموویـان وەسـفن بـۆ یـەك وەسـفکراو، ﴿ وَعَدَّدَهُۥ ﴾، دیسـان وەك چـۆن بـە گیـرە (شـدَّة) خوێندراوەتـەوە، بـە بـێ گیـرەش خوێندراوەتـەوە: (وعَـدَدَه)، هەردووکیـان، واتـە:

١- زۆری ژمارد، گیرەدارکردنەکەی بۆ زێدەڕۆییە، بۆ دووبارە ژماردنەوەی، یانی: جار لە دوای جار لە ئەنجامی زۆر خۆشویستنی بۆ ئەو ماڵ و سامانەیداو، دڵ پێوە بەستنی دا، هەر خەریکی ژماردنیەتی.

٢- یاخود: زۆری ئامادە کرد، بە هەموو جۆرەکانی ئامادە دەکردن بۆ کاتی لێقەومان و ڕۆژانی سەخت.

٣- یاخود: ژمارەکانی زۆر دەکردن و پارێزگاریی لە ژمارەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی کەم نەکات.

٣)- ﴿يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ﴾، پێی وایە سامانەکەی هێشتوویەتەوە، هەرماوی کردوە، (يَحْسَبُ)، پێی وایە، وا دەزانێ، ﴿أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ﴿٣﴾﴾، کە ماڵ و سامانەکەی هێشتوویەتەوە. (يَظُنُّ أَنَّهُ مُخَلِّدُهُ، أَخْلَدَهُ، أي: جَعَلَهُ خَالِداً يُبْقِيهِ حَيًّا لاَ يَمُوتُ)، پێی وایە ماڵ و سامانەکەی هێڵەرەوەیەتی، واتە: وای کردوە هەرماو بێ و بمێنێ، بە زیندوویی بیهێڵێ و نەمرێ.

لێرەدا ئەم فەرمایشتە دێنین کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِشِرَارِكُمْ؟ قَالُوا: بَلَى، (قال:) الْمَشَّاءُونَ بِالنَّمِيمَةِ، الْمُفْسِدُونَ بَيْنَ الأَحِبَّةِ، البَاغُونَ لِلْبُرَآءِ العَنَتَ} (أخرجه أحمد: ٢٧٦٤٠، وعبد بن حميد: ١٥٨٠، والبخاري في الأدب المفرد: ٣٢٣، وابن أبي الدنيا في الصمت: ٢٥٥، وَحَسَّنَهُ كُلٌ مِنَ الألباني وشعيب الأنؤوط).

واتە: ئایا هەواڵتان بدەمێ دەربارەی خراپترینتان؟ (هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ) گوتیان: با، (فەرمووی:) ئەوانەن کە قسە لە نێوان خەڵکدا دێنن و دەبەن و، بەینی خۆشەویستان تێکدەدەن، ئەوانەی عەیب بۆ کەسانی بێ عەیب دەدۆزنەوەو، دەیانەوێ عەیبدارو ناشیرینیان بکەن.

پێشتریش گوتمان: وشەی: (هُمَزة و لُمَزة)، هەردووکیان ناوێکن دانراون بۆ زێدەڕۆییکردن لەو واتایەدا، وەك دەگوترێ: (سُخَرَة وضُحَكَة)، (سخرة)، کەسێکە

زۆر گاڵتـە بـە خەڵـك دەكات، (**ضحكـة**)ش كەسـێكە زۆر بـە خەڵـك پێدەكەنـێ، (**هُمَزَة**) ش كەسـێكە دەیـەوێ پاشـملە زۆر خەڵـك بشـكێنێتەوەو عەیبداریـان بـكات و، (**لُمَـزَة**) ش كەسـێكە دەیـەوێ ڕووبـەڕوو زۆر تانـە لـە خەڵـك بـدات و ناشـیرینیان بـكات.

(**همز**): بریتیە لە شكاندن و گرتن، یاخود گازگرتن لە شتێك بە توندیی.

(**لَـمز**): بریتیـە لـە عەیـب لێگرتنـی ڕووبـەڕوو، ئنجـا ئـەم دوو وشـەیە لەسـەر كێشـی (**فُعَلَـة**)ن و، ئـەو ڕێژگەیـەش دەلالـەت لەسـەر لـە سـنوور دەرچوونـی ئـەو كـردارە دەكات، لـەو كەسـەی پاڵیدراوەتـە لا.

لـەو بـارەوە كـە ئایـا ئـەوە كەسـێكی تایبـەت و دیارییكـراو بـووە، ئـەو ئایەتانـەی لـە بـارەوە دابەزیـون، یاخـود مەبەسـت پێیـان گشـتییە؟ دوو ڕا هـەن:

١- (**الطبري**)، لە تەفسیرەكەی خۆیدا هەردووكیانی هێناون و دەڵێ: (**فقال بعضهم: عُنِيَ بذلك رجل من أهل الشرك بعينه، وهو جميل بن عامل الجمحي، أو الأخنس بن شريق**).

واتـە: مەبەسـت لێـرەدا پیاوێكـی تایبـەت بـووە لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەكان كـە (جەمیلـی كـوڕی عامیـری جومەحییـە)، یاخـود: (ئەخنەسـی كـوڕی شـوڕەیق)ە.

(**القرطبـي**)، دەڵـێ: (وەلیـدی كـوڕی موغیرەیـە، یـان ئومەییـەی كـوڕی خەڵـەف)ە، هـەر چواریـان لـە زلەزلەكانـی قوڕەیـش بـوون و لەوانـە بـوون، كـە لەسـەر شـیرك و بێبڕوایـی ماونـەوە تاكـو مـردوون و بـە هیـلاك چـوون.

٢- ڕایەكی دیكەش ئەوەیە - (**طبري**) ئەویشی هێناوە - كە گشتییەو هەركەسێك ئەو سیفەتەی تێدا بێ، بەو وەسفە وەسف كراوەو، بێگومان ئەگەر گریمان لە بارەی كەسێكی دیارییكراویشەوە هاتبێتە خوار، یان چەند كەسێكی دیارییكراویش، بەڵام چەمك و واتایەكەی هەر گشتییە، چونكە زانایان بنچینەیەكیان داناوە: (**إنَّ خُصُوصَ السَّبَبِ لاَ يَمْنَعُ شُمُول المَعْنَى**)، تایبەت بوونی هۆكاری دابەزینی ئایەتێك، ڕێ لە گشتگیربوونی واتایەكەی ناگرێ.

مەسەلەی دووەم:

هەڕەشـەلێکرانی ئـەو جـۆرە کەسـە، بـە فڕێدرانیـە دۆزەخـی تێکشـکێنەرەوە، کـە ئاگرێکـی داگیرسـێنراوی خوایـی دەچێتـە سـەر عەقـڵ و دڵـی و، دەرگاکانـی ئاگرەکەشـیان لەسـەر گاڵـە دراون و، لـە نێـو تابـووت و لوولانـدا درێژکـراون:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ ﴿٤﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ ﴿٥﴾ نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ ﴿٦﴾ الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ ﴿٧﴾ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ ﴿٨﴾ فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ ﴿٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ كَلَّا ﴾، با وازبێنێ واتە: وازبێنێ لەو جۆرە بیرکردنەوەیە، یاخود: وازبێنێ لەو ڕەفتارە، یاخود: وازبێنێ لەو جۆرە بیرکردنەوە سەقەتەکەی و، لە ڕەوشت و ڕەفتارە خراپەکەشی.

٢)- ﴿لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ ﴾، بەدڵنیایی فڕێدەدرێتە نێو تێکشکێنەرەکەوە، ئەمە وەڵامی سوێندێکی قرتێنراوە، یانی: سوێند بە خوا، بە جەختکردنەوەوە: فڕێ دەدرێتە نێو تێکشکێنەرەوە، وشەی (كلا)ش (**كَلِمَةُ رَدْعٍ وَإِبْطَالٍ لِمَا تَوَهَّمَهُ الكَافِرُ، أَي: لاَ يَخْلُد وَلاَ يَبْقَى لَهُ مَالٌ، بَلْ يُطْرَحَنَّ وَيُلْقَيَنَّ فِي النَّارِ الكَاسِرَةِ المُحَطِّمَةِ لَهُ**)، (كَلاَّ) وشەیەکە بۆ تێخوڕین و هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی ئەو بێبڕوایە خەیاڵپڵاوی پێوە پێکردوە، لەماڵ و سامانەکەی دەمێنێ و، خۆشی بەهۆی ماڵ و سامانەکەیەوە دەمێنێتەوە، واتە: نە خۆی دەمێنێتەوە، نە ماڵ و سامانەکەشی دەمێنێ، بەڵکو فڕێ دەدرێتە نێو ئاگرێکی تێکشکێنەر و وردو خاشکەرەوە.

٣)- ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ ﴾، چی بە تۆی زانادوە، ئەو (ئاگرە) تێکشکێنەرە چییە؟ (**أَي: أي شيء أَشْعَرَكَ يَا مُحَمَّد مَا الحُطَمَة؟**)، ئەی موحەممەد! چ شتێك وای لە تۆ کردوە، بزانی و هەست پێ بکەی تێکشکێنەرەکە چییە؟ واتە: ئەو ئاگرە تێکشکێنەرە حاڵەکەی

وایە، مەگەر خوا خۆی بۆت پێناسە بکات و پێت بناسێنێ، ئەگەرنا زۆر لە سەرووی ئەوەیە عەقڵ و هۆشی مرۆڤ پەی پێببات، دواتریش خوا ﷻ خۆی دەیناسێنێ و دەفەرموێ:

٤)- ﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ﴾، ئاگرێکی داگیرسێنراوی خوایە، یانی: ئاگرێکە هەڵکراوەو تایبەتە بە خواوە، مانایەکەی ئاوای لێ دێتەوە، وەك (**الطبري**)، دەڵێ: (**نَارُ اللهِ الَّتِي أَوْقَدَهَا وَالَّتِي يَطَّلِعُ أَلَمُهَا وَوَهْجُهَا القُلُوبَ، والإطِّلاَعُ وَالبُلُوغُ قَدْ يُكَونَانِ بِمَعْنى**)، واتە: ئاگرێکی تایبەتی خوایە، خوا هەڵیگیرساندوە، ئازارەکەی و بڵێسەو کڵپەکەی دەچێتە سەر دڵەکان، یان دەچێتە سەر عەقڵ و هۆشەکان، (**إطِّلاع**) و (**بلوغ**)یش بەیەک مانا دێن.

٥)- ﴿ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ﴾، ئەو (ئاگر)ەی دەچێتە سەر عەقڵ و دڵەکان، (**تطَّلِع: أي تعلو أوساط القلوب، وتَغشاها وتُحيط بها**)، دەچێتە سەر نێوەندی دڵ و دەروونەکان، (دەچێتە سەر عەقڵ و هۆشەکان) و، دایاندەپۆشێ و دەوریان دەدات.

وشەی (**إطِّلاع**)، بە دوو واتایان هاتوە:

أ- (**الإطِّلاع مبالغة فِي اطَّلع، أي: أَتَى سَرِيْعَاً**)، (**إطِّلاع**) زێدەڕۆییە لە (**إطلع**) یانی: بەخێرایی هات چووە سەر عەقڵ و دڵەکانیان.

ب- (**الإطِّلاع: الكَشْفُ وَالمشَاهَدَةُ**)، (**إطلاع**) یانی: دەرخستن و بینین، واتە: ئەو ئاگرە، ئەو عەقڵ و دڵ و هۆشانە دەبینێ و دەزانێ چییان تێدایەو، بە ئەندازەی ئەو بیرۆکەو نیاز و مەبەستە خراپانەی تێیاندا سەقامگیر بوون، ئەو ئاگرە دەیانسووتێنێ و سزایان دەدات.

(**الأفئدة**)، پێشتریش باسمان کرد کە کۆی (**فؤاد**)ە، بە مانای عەقڵ دێ و، بە مانای دڵیش بەکارهێنراوە جاروبار، بەڵام زیاتر بە مانای عەقڵ و هۆش بەکاردێ.

٦)- ﴿ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ﴾، بە دڵنیایی (دەرگایەکانی) ئەو ئاگرە لەسەریان داخراون، (**مؤصدة**) خوێندرایشەتەوە: (**موصدة**)، واتە: بەبێ هەمزە (أ)ش خوێنراوەتەوە.

٧)- ﴿ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ﴾، لە نێو لوولە درێژکراوەکان دا، (**عَمَد**)، خوێندراویشەتەوە: (**عُمُد**)، پێشتریش باسمان کردن، کە هەردووکیان کۆی (**عَمُود**)ن، وەك (**إهاب**)، کە بە

(أَهَب وأُهُب)، کۆدەکرێتەوە، (إِهَاب)، واتە: پێست، پێستی وڵاخ کە دەگروێ و لێی دادەنڕدرێ، دەشگونجێ (عُمُد) و (عَمَد)، هەردووکیان کۆی (عِمَاد) بن، ئەویش بە مانای تاکی لوولەو کۆڵەکەیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ مُّمَدَّدَةِۭ ﴾، یانی: درێژکراوو ڕاکێشراون، (أي: **مجعولة طويلاً جدًّا، اسم مفعول مِنْ مَدَّدَهُ، أي: بَالَغَ فِي مَدِّهِ**)، (**مُمَدَّة**) واتە: زۆر درێژکراون، ناوی بەرکارە لە (مَدَّدَهُ)ەوە، هاتوە، واتە: زۆر درێژی کردەوە، درێژکردنیش بە مانای دایناوە بە درێژیی، یان بە مانای لێکیکێشاوەتەوەو ڕایکێشاوە.

(**الطبري**) ئاوا مانای ئەو ئایەتە موبارەکەی کردوە، دەڵێ: (**مَعْنَاهُ أَنَّهُمْ يُعَذَّبُونَ بعَمَدٍ فِي النَّارِ، وَاللهُ أَعْلَم كَيْفَ تعذيبُهُ إيَّاه بها**)، واتە: خوا لە نێو ئاگری دۆزەخدا بە چەند لوولەو کۆڵەکەیەك ئازارو ئەشکەنجەیان دەدات، بەڵام هەر خۆی دەزانێ چۆنیان بەو لوولەو کۆڵەکانە ئازارو ئەشکەنجە دەدا!

(**قتادة**)، کە (**الطبري**) لێیەوە هێناوە بە ژمارە: (٣٨٠٧٠)، دەڵێ: (**كُنَّا نُحَدِّث أنها عمد يُعَذَّبون بها في النار**)، واتە: ئێمە بۆمان باس دەکرا کە لوولە درێژکراوەکان ﴿ عَمَدٍ مُّمَدَّدَةِۭ ۝٩ ﴾، چەند لوولەیەکن لە دۆزەخدا، بەهۆی ئەو لوولانەوە ئازار دەدرێن.

ئنجا ئایا دەخرێنە نێو لوولەکان، ئەگەر لوولەی ئاسن بن، یاخود هەر کانزایەکی دیکە بن، یاخود مەبەست ئەوەیە: کۆڵەکەو لوولەکان بە پشت دەرگایەکانەوە نراون، بۆ ئەوەی نەکرێنەوە لەسەریان، هەردوو واتایەکان هەڵدەگرێ، بەڵام زیاتر وا پێ دەچێ مەبەست پێی ئەوە بێ، کە ئەوانە دەخرێنە نێو لوولە ئاسنەکانەوە.

لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین: {**أُوقِدَ عَلَيها النَّارُ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى احْمَرَّتْ، ثُمَّ أُوقِدَ عَلَيْهَا أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى ابْيَضَّتْ، ثُمَّ أُوقِدَ عَلَيْهَا أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى اسْوَدَّتْ، فَهِيَ سَوْدَاءُ مُظْلِمَةٌ**} (حديث أبي هريرة المرفوع: **أخرجه الترمذي**: ٢٥٩١، وابن ماجه: ٤٣٢٠،

حديث أبي هريرة الموقوف: أخرجه الترمذي عقب الحديث المرفوع، وقال: الموقوف أصح).

واتە: ئەو ئاگرەی دۆزەخ کە دەفەرموێ: ﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ﴿٦﴾ ﴾، ئاگری هەڵگیرسێنراو، داگیرسێنراوی خوایە، هەزار ساڵ سووتەمەنیی دراوەتە بە ڕێ و داگیرسێنراوە تاکو سوور بۆتەوە، دوایی هەزار ساڵی دیکە سووتەمەنیی دراوەتە بەر تاکو سپی بووە، دوایی هەزار ساڵی دیکە سووتەمەنیی دراوەتە بەڕێ و داگیرسێنراوە تاکو ڕەش بووەو، ئێستا ڕەش و تاریکە.

وەك چۆن باسی تونێڵە ڕەشەکان (**الثقوب السوداء**)، دەکرێ، کە ماددەی یەکجار چڕوخەست و بەهێزیان تێدایە، هۆی دروستبوونیشیان ئەوەیە: ئەو ئەستێرانەی کۆتاییان دێ، ئەو تونێڵە ڕەشانە ماددە پاشماوەکەیان هەمووی لە خۆیاندا کۆدەکەنەوەو، قورسایی و بارستایی ئەو ماددەیەش کە لە نێو تونێڵە ڕەشەکاندایە، یەکجار زیاترە لەوەی لە ئەستێرەکان و خڕۆکەکاندا هەیەو، هەر ئەستێرەو خڕۆکەیەك بە لایان دابچێ، هەڵیدەلووشن و، لە چەند چرکەیەکدا تێکیدەشکێنن و دەیکەن بە بەشێکی بەقەبارە بچووك لە خۆیان.

لە کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتە موبارەکەدا دەڵێم:

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا، بۆمان باسی جۆرە مرۆڤێك دەکات، کە زۆری لێ توورەیەو ڕقی لێیە، چونکە لە سەرەتاوە دەفەرموێ: سزای سەخت بۆوی، لە کۆتاییشدا دەفەرموێ: ئەوانە بەبێ بایەخیی فڕێ دەدرێنە نێو ئاگرێکی تێکشکێنەرەوە، دوایی دەفەرموێ: چی بە تۆی زانانەوە ئەو ئاگرە تێکشکێنەرە چییە؟، واتە: زۆر بێرەزاو زەبەلاحەو تۆ ناتوانی پەی پێ ببەی، دوایی خۆی پێناسەی دەکات: ﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ﴿٦﴾ ﴾، ئاگری داگیرسێنراوی خوایە، کە بە پێی ئەو دەقەی پێشتر هێنامان: هەزار ساڵ داگیرسێنراوەو سوور بووە، هەزار ساڵی دیکە داگیرساوەو سپی بووەو، هەزار ساڵی دیکە داگیرساوەو ڕەش بووە!

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ ﴾، ئـەو ئاگـرە دەچێتـە سـەر عەقـڵ و دڵـەکان، دەچێتـە سـەر هەنـاو و ناخـەکان، یاخـود پـەی بـە عەقـڵ و هەنـاو و ناخیـان دەبـات چـی تێدایـە! ئنجـا هـەر ئەوەنـدەش نـا، بەڵکـو دەرگایەکانیشـیان لەسـەر داخـراون، بـەس ئەوەنـدەش نـا، بەڵکـو لەوێشـدا لـە نێـو تابـووت و لوولـەی درێژکـراو دان، لوولـەو تابـووتی ئاسـن، یاخـود هـەر کانزایـەکی دیکـە کـە بـەس خـوا دەیزانـێ، لـە نێـو ئـەو تابـووت و لوولانـەدا درێژکـراون، یانی: لوولـەکان کـە درێژکراون و ڕاکێـشراون، ئەوانیـش لـە نێـو ئـەو لوولـە ئاسـنانەدا سـزاو ئـازار و ئەشـکەنجە دەدرێـن، لەبەرچـی؟ چونکـە ئـەو جـۆرە کەسـانە عادەتیـان وابـووە خەڵـك بشـكێنن، چ پاشـملە بـە خراپـە باسـیان بکـەن، چ بـەرەو ڕووو تانەیـان لـێ بـدەن و بیانـەوێ ناشـیرینیان بکـەن.

هەروەهـا ئـەو جـۆرە کەسـانە هـەر خەریـکی پەیداکـردنی مـاڵ و سـامانن، هـەر جـۆرە مـاڵ و سـامانێك بـێ و، بـەردەوام سـەرگەرمی کۆکردنـەوەو پەزمەنـدە کردنینی: ﴿ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالًا ﴾، (مـالاً) کـە بـە نەنـاسراو (نكـرة)، هاتـوە، واتـە: هەر جـۆرە ماڵێك بـێ، بـێ گوێدانـە حـەڵاڵ و حـەڕام، وەك لـە سـوورەتی (البقـرة)دا، خـوا لـە بـارەی جوولەکـەکان و موشریکەکانـەوە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ ﴿٩٦﴾ ﴾، دەشـیابنینی سـوورترین کەسـن لەسـەر هـەر جـۆرە ژیانێـك، ئەوانـەش هـەر جـۆرە مـاڵ و سـامانێك، بـە هـەر شـێوەیەك بۆیـان کۆببێتـەوە، کـۆی دەکەنـەوە، ﴿ وَعَدَّدَهُۥ ﴾، هەروەهـا هـەر خەریـکی ژماردنینـی، یاخـود خەریـکی ئامادەکردنینـی.

ئنجـا خەیاڵیشـیان وایـە ئـەو مـاڵ و سـامانە، هێڵـەرەوەی ئەوانـەو وا دەکات ئەوان بمێننـەوەو لـە بەیـن نەچـن، واتـە: مـاڵ و سـامانەکە دەبێتـە مایـەی هێشـتنەوەیان لـە ژیانـدا، خۆیـان یاخـود دوای خۆیـان، کـەس و کاریـان و وەچەیـان، پێیـان وایـە ئـەو مـاڵ و سـامانە، دەبێتـە هـۆکاری دەسـتەبەرکردنی ژیانێـکی نەبـڕاوە بۆیـان!

کەواتــە: لێــرەدا خــوای دادگــەر ئــەوەی بــۆ کەســانێکی دیارییکــراو فەرمــووە، کــە پێشــتریش باســمان کــرد، **(الطــبري)**، دەڵــێ: لەبــارەی جەمیلــی کــوڕی عامیــری جومەحییــەوە، یاخــود: لەبــارەی ئەخنەســی کــوڕی شــوڕەیقەوە هاتەخــوار، **(القرطبــي)** یــش دەڵــێ: لەبــارەی: وەلیــدی کــوڕی موغیــرە، یــان ئومەییــەی کــوڕی خەڵەفــەوە، هاتەخــوار، هەندێــکی دیکەشــیان هەندێــك کــەسی دیکــە دەڵێــن، بــەڵام چ لــە بــارەی ئەوانــەوە بووبــێ کــە ناویــان هێــنرا، چ لــە بــارەی بێبڕوایەکانــەوە بــە گشــتیی، ئەوانــە تەنیــا چەنــد نموونەیەکیــان بــوون.

بــەڵام پێویســتە لــەوەش وریابیــن کــە دەگونجــێ مســوڵمانانیش گرفتاربــبن بــە هەندێــك لــە خەســڵەت و ســیفەتی خراپــی هاوبــەش بــۆ خــوا دانــەرەکان، یاخــود بێبڕوایــەکان، یــان دەغــەڵ و مونافیقەکانــەوە، نابــێ هیــچ گومانمــان لــەوەدا هەبــێ، بۆیــەش خــوا ﷻ هۆشــداریی دەدات بــە ئێمــەو، بــەو شــێوەیە بــاسی ســزای ســەختی ئەوانــە دەکات کــە خــاوەنی ئــەو ســیفەتانەن، واتــە: ئێــوەش خۆتــان لــەو ســیفەت و خەســڵەت و بیــرو بۆچــوون و خولیــا خراپانــە، دوور بگــرن و بپارێــزن، چونکــە خــاوەنی ئــەو ســیفەتە خراپانــە بــەو شــێوەیە ســزا دەدرێــن!

لــە ڕاســتییدا شــکاندنی خەڵــك و بــە بــێ بایــەخ تەماشــاکردنیان پاشــملە، یاخــود بــەرەو ڕوو، لەگــەڵ مــاڵ و ســامان کــۆ کردنــەوە و ژمــاردن و پەزمەنــدە کــردنی دا زۆر لێــك نیزیکــن، ئەوانــە پاشــملەو بــەرەو ڕوو زیاتــر خەڵــك دەشــکێنن، کــە مــاڵ و ســامانیان هەیــە و بــە مــاڵ و ســامانەکانیان بوغرابــوون و، لــە کــەوڵ دەرچــوون و یاخیــی بــوون، ئەوانــە خۆیانیــان پــێ لــە خەڵــك زیــادە و، بــە چاوی ســووك تەماشــایان دەکــەن و، چ پاشــملە چ بــەرەو ڕوو، هەوڵــی شــکاندن و ســووککردن و لــە پێــش چاو خســتنیان دەدەن.

خــوا بــە لوتــف و کەرەمــی ڕەهــای خــۆی، هەمــوو لایەکــمان بــە ســیفەتە بــەرز و جوانــەکان بڕازێنێتــەوەو، بمانپارێــزێ لــە خــوو و خــدە و ســیفەتە خراپــەکان، کــە

ئەوانیش لە بیرو بۆچوون و خولیا خراپەکانەوە هەڵدەقوڵن، بۆیە لە خوای بەرزی مەزن دەپاڕێینەوە: پێشێ لە خولیاو بیرو بۆچوون و نیازو مەبەستە خراپەکان چەپاڵەمان بدات و بمانپارێزێ، کە دەبنە بنك و ڕیشەو، جێی گەراتێدا دانان و شوێنی تێدا تروکانی ماك و میکرۆبی ئەو خوو و خدەو سیفەت و ڕەفتارە خراپانە.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی ناخمان پاك بکاتەوە لە بیروخولیای خراپ و، ڕواڵەتیشمان پاك بکاتەوە لە ئاکارو ڕفتاری خراپ و، دەروون دەرمان برازێنێتەوە بە بیرو خولیای باش و کاروئاکاری پەسند، چونکە هەرچی بیرو خولیای باشە، لە خوا بە یەکگرتن و تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردنەوە، سەرچاوە دەگرێ و، بیر و خولیا خراپەکانیش لە لە خوا دووریی و، هاوبەش بۆ خوا دانان و، بڕوانەبوون بە خواو، نکوولیکردن لە پایەکانی دیکەی ئیمان کە سەرجەمیان پەیوەندییان بە خوای پەروەردگارەوە یە: فریشتەکانی خوا، کتێبەکانی خوا، پێغەمبەرانی خوا، ڕۆژی دوایی و دیداری خوا، بیرو خولیا خراپەکان و ڕەفتارە خراپەکان لە وێوە سەرچاوە دەگرن، خوا بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی ئیمان لە دڵماندا بە هێزتر بکات، بە جۆرێك ڕەگ و ڕیشەی هەرچی سیفەتی خراپە، بیسووتێنێ و دڵ و دەروونمان وا پاك بێ، نەگونجێ هیچ بیروخولیاو ڕەوشت و ڕەفتارێکی خراپ چەکەرەی تێدا بدات و، ماك و میکرۆب و گەرای هیچ سیفەتێکی خراپی تێدا دابنرێ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الفِيلِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کە (٢٩ / ١٢ (ذو الحجة) ١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٨/١٩) زایینی، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سوورەتی (**الفيل**)، سەرەتاش پێناسەو نێوەڕۆکی سوورەتەکە لە حەوت بڕگەدا دەخەینەڕوو.

پێناسەی سوورەتی (الفيل) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە زیاتر بە (**سورةُ الفيل**)، ناسراوە، بەڵام هەردووك ناوی: (**سورةُ ألم تر**) و (**سورةُ القُريش**)یش بۆ بەکارهاتوون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە بە یەکدەنگیی زانایان، سوورەتێکی مەککەییەو، لە مەککە هاتۆتەخوار، لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: أُنْزِلَتْ سُورَةُ: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ۝١﴾، بِمَكَّةَ)، (ذَكَرَهُ السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٦٢٧، ونسبه لابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٥٨).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازیـی بـێ)، گوتوویەتی: سـوورەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ۝١﴾، لـە مەککە هاتۆتەخوار.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە موصحـەف دا ژمارەکـەی سـەدو پێنـج (١٠٥)ەو، لـە دابەزینیشـدا ژمارەکـەی نـۆزدە (١٩)یـە، پێـش سـوورەتی (**الفلـق**)و، دوای سـوورەتی ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١﴾، دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە، بەیەکدەنگیی ژمێرەران پێنج (٥) ئایەتە.

پێنجەم: ماناو نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە نێوەڕۆکەکـەی بریتیـە لـە خسـتنەڕووی چاکەیەکـی یەکجـار مەزنـی خـوا ﷻ بـۆ پێغەمبـەرو هاوەڵانـی (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)و بـڕواداران بـە گشـتیی، هەروەهـا بـۆ خەڵکـی مەککـە، بـە هەمـوو جۆرەکانیانـەوە، بـە بـڕوادارو بێبـڕواوە، بـە گشـتیتر، کـە خـوای کاربەجـێ و توانـا کاتـی خـۆی سـوپایەك کـە بـە خاوەنانـی فیـل (**أصحـاب الفیـل**) نـاوی بـردوون، هاتـوون کەعبـە بڕووخێنن، بـەڵام خوا ﷻ فەوتاندوونـی بەهـۆی بەسـەردا بارێنرانـی قـوڕی بەردییـن لەلایـەن باڵندانێکـەوە کـە بـە (**أبابیـل**) نـاوی هێنـاون، کـە سـەرەنجام وەك کاو ئاڵفـی خوراویـان لـێ هاتـوەو قڕەبـڕ بـوون.

هەڵبەتـە ئـەوەش چاکەیەکـی خوایـە ﷻ دەیخاتـە بەرچـاوی پێغەمبـەری خـۆی موحەممـەد ﷺو هـاوەڵان و شـوێنکەوتووانی (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، بـە پلـەی یەکـەم، هـاوکات بیـری بێبڕوایەکانـی مەککەشـی دەخاتـەوە، کـە ئێمـە لـە پەنـای ئەم

یەکەمین و گەورەترین و گرنگترین ماڵی خوادا کە کەعبەیە، ئێوەشمان پاراستوە، هەروەها دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺو هاوەڵانیشیەتی، کە ئەو خوا بەرزو مەزن و باڵادەستەیان لە پشتەو سەریان دەخات، دیسان لە بەرانبەریشدا: ترساندن و هۆشداریی پێدانی بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەرانیشە، کە ئەو خوایەی ئاوا سزای خاوەنانی فیلی داو سوپایەکەی بەرباد کردن، ئێستاش پشتیوانیی بڕواداران دەکات، پشتیوانیی پێغەمبەری کۆتایی خۆی و ئەو هاوەڵانەی ﷺ شوێنی کەوتوون دەکات و، ئێوەش دەبێ لە سزاو تۆڵەو جەزرەبەی بترسێن و، ئەگەر هەر سووربن لەسەر دژایەتییکردنی پێغەمبەری خوا ﷺو پەیام و بەرنامەکەی و، هاوەڵان و شوێنکەوتووانی.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

دەتوانین چوار تایبەتمەندیی لەم سوورەتە موبارەکەدا ببینین:

١- وشەی ﴿ٱلۡفِيلِ﴾، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٢- وشەی ﴿طَيۡرًا أَبَابِيلَ﴾یش، دیسان تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٣- وشەی: ﴿كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ﴾، وەك ئاڵف و کای خوراو، تایبەتە بەم سوورەتەوە، وشەی: ﴿ذُو ٱلۡعَصۡفِ وَٱلرَّيۡحَانُ ١٢﴾الرحمن، هاتوە، بەڵام ئەوەی ئەوێ جیایە، لەوێ خوا ﷻ باسی ڕووەك دەكات، ئەو ڕووەکانەی خاوەن گەڵان و دوایی دەبن بە گیاو ئاڵف.

٤- بەسەرهاتی (**أصحاب الفيل**) بە پێچەوانەی بەسەرهاتەکانی دیکەی قورئانەوە، لە قورئاندا دووبارە نەبۆتەوەو بەس لێرەدا هاتوە، پێم وایە ئەویش دوو هۆکاری بنەڕەتیی هەن:

یەکەم: بە درۆدانانی هیچ پێغەمبەرێکی تێدا نیە، تاکو پێویست بە دووبارە کردنەوە بکات.

دووەم: تاکو هاوبەشدانەران خۆی پێوە هەڵنەکێشن و، پێیان وابێ ئەوە ئیمتیازێکە بۆ ئەوان.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:

ئێمە هەر پێنج (٥) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە دەکەینە دەرسێك، چونکە هەموویان لە یەك تەوەردا دەسووڕێنەوەو، لە بارەی یەك بابەتەوەن کە باسمانکرد.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە هـەر پێنـج ئایەتەکـەی سـوورەتی (الفیـل) پێـك دێ، وەك پێشـتریش گوتمـان: لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، خـوا ﷻ سـەرنجی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ رادەکێشـێ و، دەشـگونجێ وشـەی: ﴿أَلَمْ تَرَ﴾، ئایـا نەتبینـی؟ دواندنـی هـەر کەسـێك بـێ کـە شایسـتەی دوێنرانـە، واتـە: رووی دوانـدن تەنیـا لـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ نەبـێ، بەڵکـو رووی دوانـدن لـە هـەر کەسـێك بـێ خاوەنـی هەسـت و هـۆش بـێ و، بگونجـێ بدوێـنرێ، خـوا دەفەرمـوێ: ئایـا نەتبینـی؟ واتـە: بـە چـاوی عەقڵ و دڵ، چونکـە ئەوانـەی دوێـنراون، جگـە لـە کەمێکیـان، ئەگەرنـا لـەو کاتـەدا کـە چـل پەنجـا سـاڵ لـەوەو پێـش بـووە، لـە مەککـەدا ئامـادە نەبـوون، واتـە: ئایـا بـە چـاوی عەقـڵ و دڵ نەتانبینـی، بەنسـبەت ئەوانەشـەوە کـە بینیویانـەو لـەوێ مـاون، وەك دوایـی نـاوی هەندێکیـان دێنیـن، بـۆ ئـەوان دەگونجـێ مەبەسـت لەبینیـن، بینینـی چـاوی سـەر بـێ، ئایـا بەچـاوی سـەر نەتانبینـی؟ ﴿كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ۝١﴾، پـەروەردگارت چـی کـرد، چۆنـی کـردو بـە خاوەنانـی فیـل!

﴿أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِى تَضْلِيلٍ ۝٢﴾، ئایا پیلانەکـەی زایـە نەکـردن، بێئـاکام و بـێ ئەنجامـی نەکرد؟!

﴿وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ۝٣﴾، باڵندەی پۆل پۆلی نارده سەریان.

﴿تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ۝٤﴾، بـەردی لـە قـوڕی وشـکبووەوەی، قـوڕی بـووە بەردیـان بەسـەردا دەبارانـدن، پێیانـدا دەدان!

﴿فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍۭ ۝٥﴾، خـوا ﷻ لـە ئەنجامـی ئـەوەدا گێڕانـی بـە ئاڵـف و کای خـوراو.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ١ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِى تَضْلِيلٍ ٢ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ٣ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ٤ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ٥ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە}.

{ئایا نەتدی (بە چاوی عەقڵ و دڵ)؟ پەروەردگارت چۆنی بە خاوەنانی فیلەکە کرد! ١ ئایا فێڵ و پیلانەکەیانی نەخستە (چاڵی) زایە بوون (و بێ ئاکامیی)ەوە ٢ ئنجا پۆلە باڵندەکانی ناردە سەریان ٣ بەردی قوڕینە بەردیان تێدەگرتن ٤ سەرەنجام گێڕانی بەکا (و ئاڵف)ی خوراو ٥}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ): (أَصْحَاب)، کۆی (صَاحِبٌ)ە و، بە مانای هاوەڵە، بە مانای خاوەنیش دێ، بەڵام زیاتر بە مانای هاوەڵ دێ، خاوەنیش بۆیە پێی دەگوترێ: (صاحب)، لەبەر ئەوەی هەمیشە لەگەڵ ئەو شتەدایە کە خۆی خاوەنیەتی.

(فيل)یش ئاژەڵێکە خاوەنی (المعجم الوسيط)[1]، ئاوا پێناسەی دەکات: (الفِيلُ: حَيَوَانٌ ضَخْمُ الجِسْمِ مِنَ العَوَاشِب الثديية، ذُو خُرطُوم طَوِيل، يَتَنَاوَلُ بِهِ الأَشْيَاءَ كَاليدِ، لَهُ نَابَانِ بَارِزَانِ كَبيرَانِ، يُتَّخَذُ مِنْهُمَا العَاجُ، وَالجَمْعُ أَفْيَالٌ و فِيَلَة)، (فِيل): ئاژەڵێکی زەبەلاحە لە ڕووی جەستەوە، لەو ئاژەڵانەیە کە گوانداره، لەسەر

---

(١) ص ٧٠٩.

گژوگیا خواردن دەژی، لووتێکی درێژی هەیە شتی پێ دەست دەداتێ، وەك چۆن مرۆڤ بە دەست شت دەگرێ، ئەو بەو لووتە دەیگرێ، (نێرەکەی) دوو ددانی گەورەی دەرچووی هەن، (عَاج)یان، لێ دروست دەکرێ، [بۆ دەسکی چەقۆو خەنجەرو هاووێنەکانیان کە ماددەیەکی قایم و بەهێزە، سپییەو جوان و بریقەدارە] وشەی (فیل)، بە (أَفيَال و فِيَلَة)، کۆدەکرێتەوە، واتە: فیلەکان.

(كَيْدَهُمْ): (الكَيْدُ: ضَرْبٌ مِنَ الإحْتِيَالِ، وَقَدْ يَكُونُ مَذْمُومَاً وَمَمْدُوحَاً، وَيُسْتَعْمَلُ فِي المَذْمُومِ أَكْثَر)، (كَيْد): جۆرێکە لە فێڵ، جاری وا هەیە سەرزەنشتکراوەو جاری واش هەیە ستایشکراوە، بەڵام بە زۆریی بۆ حاڵەتی سەرزەنشتکردن و خراپیی بەکاردەهێنرێ.

(تَضْلِيلٍ): (أي: تَضْيِيع)، واتە: بەزایەدان، زایەکردن، بێ بەرهەم و ناکام کردن.

(طَيْرًا أَبَابِيلَ): (طير)، ناوی کۆیە بۆ (طائر) باڵندە، (طير)، واتە: باڵندەکان، (أبابيل: أي مُتَفَرِّقَةٌ كَقِطْعَاتِ إبِلٍ، الوَاحِدَ: إبِّيل)، (أبابيل)، واتە: پرژوبڵاو وەك ڕەوەوکۆمەڵە حوشترەکان، تاکی (أبابيل)، بریتیە لە (إبِّيل)، هەندێکیش گوتوویانە: تاکی نیەو ناوێکە وەك (عباديد و أباطيل).

(سِجِّيلٍ): (حَجَرٌ وَطِيْنٌ مُخْتَلِطٌ، وَأَصْلُهُ فِيْمَا قِيْلَ: فَارِسِيٌّ مُعَرَّبٌ: سَنْجِ جل (سنگ گل) حَجَرٌ طِينيٌّ)، (سِجِّيلٍ) بەردو قوڕی تێکەڵە وەك گوتراوە: لە زمانی (فارسیی) یەوە هاتوە، بەڵام عەرەبێنراوە، ڕیشەکەی بریتیە لە (سنج جل) لە ئەسڵ دا (سنگ گل)ە، (سنگ)، واتە: بەرد (گل)، واتە: قوڕ، یانی: (حَجَرٌ طِينيٌّ)، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زمانی عەرەبییدا پیتی (گ) نیە، بۆیە (گ)، بووە بە (ج)و لە جیاتی بڵێن: (سنگ گل)، گوتوویانە: (سنج جل)، دواییش ئەو دوو وشەیە تێکدا دەغم کراون و بووە بە: (سِجِّيلٍ)، واتە: بەردێکی قوڕیین، بۆیەش من گوتوومە: قوڕینە بەرد.

(كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ): (العَصْفُ وَالعَصِيْفَةُ: الَّذِي يُعْصَفُ مِنَ الزَّرْعِ، وَيُقَالُ لِحُطَامِ النَّبْتِ المُتَكَسِّرِ: عَصْف)، (عَصْفُ وعَصِيْفَة): بریتیە لەو جۆرە کشتوکاڵەی دوایی

پـووش و گیـای لـێ پەیدادەبـێ، هەروەهـا ڕووەکێـك کـە وشـك بووبـێ و تێکشـکابێ، پێـی دەگوتـرێ: (**عَصْـف**)، دەگوتـرێ: (**رِيحٌ عَاصِـفٌ وَعَاصِفَـةٌ وَمُعْصِفَـةٌ: تَكْسِر الـشَّيء فَتَجْعَلـهُ كَعَصْـفٍ**)، بایەکـی (**عَاصِـف وعَاصِفَـة ومُعْصِفَـة**)، هـەر سـێکیان نـاوی بکـەر (**إسـم فاعـل**)ن، واتـە: ئـەو بایـەی شـت تێـك دەشـکێنێی و وەك (**عصـف**)ی، لـێ دەکات، واتـە: وەك پـووش و پـەڵاش و ئاڵفێـك کـە ئـاژەڵ دەیخـوات.

مانای گشتیی ئایەتەکان

ئێمـە دوایـی لەبـەر ڕۆشـنایی کتێبـی نـاوداری: (**السـيرة النبويـة لابـن هشـام**)دا، لـە پـازدە (١٥) خاڵـدا پوختـەی بەسـەرهاتی هاوەڵانـی فیـل، کـە ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بـە کورتیـی ئامـاژەی پـێ دەکات، دەخەینـەڕوو.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنی خوێندنـی ئـەم سـوورەتەم بـە نـاوی خـوای بەبەزەیی بەخشـندەیە، لـە کاتـی گوتنـی: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) (بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیی بەخشـندە)دا، پێویسـتە بـەلای کەمـەو ئـەم چـوار مانـاو مەبەسـتە لـە عەقـڵ و دڵ دا ئامـادە بکرێـن:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.
٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.
٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای میهرەبان دەکەم.
٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجـا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١﴾، ئایـا نەتبینـی پـەروەردگارت چـی بـە خاوەنانـی فیلەکـە کـرد، چۆنـی پێکـردن؟ ئنجـا خـوا خـۆی چـۆن پێکردنـەی و چـی بەسـەر هێنـاون، ڕوونـی دەکاتـەوە:

﴿ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ۝٢ ﴾، ئایا پیلانەکەیانی نەخستە زایە دانەوە، ئایا نەخشەو پیلانەکەیانی نەخستە بێ ئاکامییەوە؟ (**تَضْلِيل**)، یانی: (**تَضِييع، ضَلَّ الشَّيء أي: فُقِدَ وَضَاعَ**)، (**تضليل**) زایەکردنە، (**ضَلَّ الشَّيءُ**) شتەکە، ون بوو، زایەبوو، نەما، خوا نەخشەو پیلانێك کە خاوەنانی فیل دایاننابوو، کە بریتی بوو لەوەی کەعبە بڕووخێنن و ڕوو بەخەڵك وەرسووڕێنن بەرەو ئەو پەرستگایەی دروستیانکردبوو لە حەبەشە، خوا ئەو پیلانەی پووچەڵ کردنەوەو بێ ئاکام بوو، ئنجا خوا ڕوونی دەکاتەوە: چۆن ئەو پیلانەی لێ بێ ئاکام کردن و هەڵیوەشاندەوەو، خستیە زبڵدانی زایەبوون و بێ ئاکامییەوە؟

﴿ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ۝٣ ﴾، باڵندە پۆل پۆلەکانی ناردە سەریان، (**طير**)، ناوی کۆیە بۆ باڵندە (**طائر**)، واتە: باڵندەکان، (**أبابيل**) یان لە تاکی (**إبّيل**)ەوە، هاتوە، یاخود (**أبابيل**)، هەر بۆ خۆی ناوێکەو تاکی نیە، واتە: کۆمەڵ کۆمەڵ باڵندەکانی ناردنە سەریان، ئەو پۆلە باڵندانەی ناردنە سەریان.

﴿ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ۝٤ ﴾، بەردی (**سجّيل**)یان، پێدادەدان، یانی: بەردێکیان پێدادەدان کە لە (**سجّيل**) پێکهاتبوو، (**سجّيل**)یش هەموو ڕوونکەرەوانی قورئان لەسەر ئەوە یەکدەنگن دەڵێن: (**الطِّين المتحجّر**)، واتە: قوڕێکی بەبەردبوو، یانی: بەردی قوڕینیان بەسەردا دەباراندن، کە ئەصڵی خۆی لە (سنگ گل)ی فارسیی یاخود کوردییەوە هاتوە، (سنگ)، واتە: بەرد، (گل)، واتە: قوڕ (**طين**)، ئنجا لەبەر ئەوەی پیتی (گ)، لە زمانی عەرەبییدا نیە، (گ) بۆتە (ج)، (**سَنْج جل**)، سەنگی گڵ بۆتە (**سنج جل**)و، دواییش تێکدا دەغم کراون و بۆتە (**سجّيلَ**)، بۆ کورتکردنەوە.

﴿ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ۝٥ ﴾، ئەو بەردە لە قوڕ دروست بووانەیان کە بەسەردا دەباراندن و، پێیاندا دەدان و دەیانهاویشتن، سەرەنجام خوا گێڕانی بە کاو ئاڵفی خوراو، واتە: وەك کاو ئاڵفی خوراوی لێکردن، ئنجا ئایا مەبەست لە کاو ئاڵفی خوراو: چەوەڵە؟ ئاڵف و کاو گیاو گۆڵ کە دادەنرێ بۆ وڵاخ، هەندێکی

دەخـوات و ئـەوەی دیکـەی دەبێتـە بەرمـاوەو پێـی دەڵێـن: چـەوەڵ، ئایـا مەبەسـت پێـی ئەوەیـە؟ یـان مەبەسـت پێـی ئـەو پاشـەڕۆکەیە کـە ئـاژەڵ دایدەنـێ؟ لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە ئـاژەڵ پـووش و گیـاو ئاڵـف دەخـوات، پاشـەڕۆکێك دادەنـێ، کـە ڕیخـە بەنسـبەت ڕەشـەوڵاخەوەو، قشـپلە بەنسـبەت مـەڕو بزنـەوە، هەروەهـا بەنسـبەت حوشـترەوەو، تەرسـە بەنسـبەت کـەرو ئێسـترو وڵاخـە بەرزەکانـەوە؟ هـەردوو واتایەکـە دەگرێتـەوە، گرنـگ ئەوەیـە خـوا ﷻ فەرمایشـتە هـەرە بەرزەکـەی خـۆی لـە ئـەوە پاراسـتوە وشـەیەکی تێدابـێ شایسـتەی نەبـێ، لـە جیاتـی بفەرمـوێ: گێڕانـی بـە پاشـەڕۆك، یـانی: تـەرس و ڕیـخ و قشـپل، فەرموویـەتی: وەك کای خـوراوی لێکـردن.

دەشـگونجێ مەبەسـت ئـەوە بـێ کـە ئـەو ئاڵـف و گژوگیـاو کایـەی دەخـورێ، ئـەوەی دەمێنێتـەوە دەبێتـە چـەوەڵ.

یاخـود: ﴿ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ۝٥ ﴾، ئـەو ڕووەکانـەی کـە گەڵایـان هەیـە، کاتێـك دانەکەیـان لێدەبێتـەوە، هـەر پـووش و پـەڵاش دەمێنێتـەوە، خـوا ﷻ بـەو شـێوەیەی گێـڕان، بـەو جـۆرەی لێکـردن، کەواتـە: ئـەی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ و، ئـەی هـاوەڵان و شـوێنکەوتووانی لـە ڕۆژگاری خۆیـداو، شـوێنکەوتووانی بـە درێژایـی کات و بـە پانایـی شـوێنەکان بزانـن! ئـەو خـوا پـەروەردگارەی کاتـی خـۆی ئـاوای لـە کەسـانێك کـرد کـە هاتبـوون کابـە بڕووخێنـن، ئـەو پەروەردگارەیـە سەرپەرشـتیی ئێوە دەکات و خاوەنـی ئێوەیـە، مشـوورخۆری ئێوەیـە، بۆیـە ئێـوەش پشـتی پـێ ببەسـتن و پشـتتان پێـی قاییـم بـێ، لـە بەرانبـەر کۆسـپ و تەگـەرەکان دا کـە دێنـە ڕێتـان و، لـە بەرانبـەر ناحەزانێکـدا کـە سـەنگەرتان لێدەگـرن و دژایەتییتـان دەکـەن.

هەروەهـا لـەو لاشـەوە: ئـەی بێبڕوایـەکان! بزانـن ئـەو پـەروەردگارەی بـەو شـێوەیە کابـەی پاراسـت، لـە پێناوی ئـەوەدا کە دەبێتە یەکەمین نشـینگەو مەڵبەنـدی پێغەمبەری کۆتایـی ﷺ - ئەگەرنا لەبەرچـاوی کاڵـی بێبڕوایـەکان نەبـووە - ئـەو پـەروەردگارەی پێـش ئـەوەی موحەممـەد ببێتـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەڵکـو لـە سـاڵی لـە دایـك بوونـی دا، کە سـاڵی فیلـە، بـەو شـێوەیەی کـرد، ئـەو خـوا پـەروەردگارە ئێسـتاش خەمـی لـێ دەخوات

و مشووری لێ دەخوات و پشتگیریی دەکات و سەرپەرشتیی دەکات و، هەر کەسێك دژایەتیی بکات، خوای دادگەرو پەروەردگار بۆی لە بۆسە دایە.

پوختەی بەسەرهاتی هاوەڵانی فیل

ئنجا با پوختەی ئەو بەسەرهاتە لەبەر ڕۆشنایی کتێبە ناودارەکەی (**السيرة النبوية لابن هشام**)[1]، لە پازدە (١٥) بڕگەدا بە کورتیی و بە گوشراویی بێنین:

(**إبن هشام**)، سەرەتا لە (**إبن إسحاق**)ەوە دەیهێنێ، کە یەکێك لە حوکمڕانەکانی یەمەن بە ناوی (**أرياط**)، ساڵانێك حوکمڕانیی کرد لە یەمەندا، دوایی سەبارەت بە کاروباری حەبەشە - چونکە یەمەن لەلایەن حەبەشەییەکانەوە سەرپەرشتیی دەکرا - ئەبرەهە لێی ڕاست بۆوە کە یەکێك بوو لە سەربازەکانی و، سەرەنجام ئەبرەهە توانی (**أرياط**) بکوژێ.

بڕگەی یەکەم: کە (**إبن هشام**)، لە ژێر ناوونیشانی: (**أَمْرٌ الفيل وَقِصَّة النَّسَأ**)، کاروباری فیل و چیرۆکی (**نسأ**)دا، ئەوانەی ساڵیان دوا دەخست، یاخود مانگی حەرامیان دەگۆڕی بۆ مانگی دیکە، لەبەر ئەوەی پێویستیان دەبوو لەو مانگەدا شەڕو شۆڕ بکەن، دەڵێ:

دوایی ئەبرەهە لە صەنعاء پەرستگایەکی دروستکرد بە ناوی (**القُلَّيْس**)، کڵێسایەکی دروستکرد کە لەڕۆژگاری ئەودا لەسەر زەوی کڵێسای لەو شێوەیە نەبوو، نامەیەکیشی نووسی بۆ (**النجاشي**)، کە لە حەبەشە حوکمڕان بوو، (یەمەن ویلایەتێك بووە سەر بە حەبەشەو ئەبرەهە لەوێ، دوای ئەوەی (**أرياط**)ی کوشت بۆ خۆی بوو بە حوکمڕان) گوتی: ئەی پادشا! کڵێسایەکم بۆ دروستکردووی کە

---

(١) تحقيق جودة محمد جودة، دار الهيثم، السنة (١٤٢٧) هـ (٢٠٠٦) م، الطبعة الأولى ص(٢٩ - ٣٦).

لە پێش تۆدا هیچ حوکمڕانێك ئەو جۆرە کڵێسایەی نەبووە، وازیش ناهێنم تاکو حەجی عەرەبەکان وەرنەسووڕێنم بۆ ئەم کڵێسایە بە ناوی (القُلَّيْس).

بڕگەی دووەم: کاتێك عەرەبەکان زانییان ئەبرەهە نامەیەکی ئاوای بۆ نەجاشیی نووسیوە کە لە حەبەشە حوکمڕان بووە، یەکێك لەو پیاوانەی (النَّسَأ)، ئەوانەی مانگیان دەگۆڕی، تووڕە بوو، ئەویش لە: (**بني فقيم بني عدي بن عامر بن ثعلبة بن الحارث بن مالك بن كنانة بن خزيمة بن مدركة بن إلياس بن مضر**) بوو، (نَسَأ)، ئەوانە بوون کە مانگەکانیان لە سەردەمی نەفامییدا دوادەخست، مانگێکیان لە شوێنی مانگی حەرام دادەناو، مانگی حەرامیان دەگواستەوە بۆ مانگێکی دیکە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِىٓءُ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ ۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُحِلُّونَهُۥ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا لِّيُوَاطِـُٔوا۟ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّوا۟ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ ۚ ﴿٣٧﴾﴾ **التوبة**، ئنجا پیاوێك لە هۆزی کینانە تووڕە دەبێ و، دەچێ لەو پەرستگایەدا (لە قولەیسدا) دادەنیشێ، (پیسایی تێدا دەکات) دواییش دەڕواو دەچێتەوە بۆ سەر زەمینی خۆی، کاتێك هەواڵ بە ئەبرەهە دەدرێ لەوبارەوە، دەڵێ: کێ وایکردوە؟ دەڵێن: پیاوێك لە عەرەب، لەوانەی دەچن بۆ سەردانی ئەو کابەیەی لە مەککەیە، کاتێك بیستوویەتی تۆ بە تەمای ڕوو بە عەرەبان وەربسووڕێنی، بەرەو ئەم پەرستگایە (قولەیس)، تووڕە بووەو، بەو شێوەیەی لە پەرستگایەکەت کردوەو گوتوویەتی: ئەو پەرستگایە شایستەی ئەوەنیە خەڵك ڕێزی لێ بگرێ و بە دەوریدا بێ و بچێ و، خوای تێدا یان لە دەورەدا بپەرسترێ.

بڕگەی سێیەم: ئەبرەهەش لەوە تووڕە دەبێ و سوێند دەخوات: دەبێ بچێ ئەو ماڵە، ئەو کابەیە بڕووخێنێ، ئیدی فەرمان دەکات بە حەبەشەو سوپایەك سوپایەك ساز دەکات و دەڕواو لەگەڵ خۆشیدا فیلێك دەبات، کە هەندێك گوتوویانە: زیاتر لە فیلێك بووە، بەڵام وا پێدەچێ یەك فیلی گەورە بووبێ، لە هەندێك ڕیوایەتاندا هاتوە فیلەکە ناوی مەحموود (**فيل محمود**) بووە.

بڕگـەی چـوارەم: کاتێـك عـەرەب ئـەو خـۆ ئامادەکـردن و جموجۆڵـەی ئەبرەهـە - بـە سـوپایەکی گـەورەی حەبەشـەوەو کـە فیلێکیـان لەپێشـدایە - دەبیسـتن ئەوەیـان زۆر لـەلا مـەزن دەبـێ و دەترسـێن و، پێشـیان وادەبـێ پێویسـتە لەسـەریان دژی بجەنگـن، چونکـە دەبیسـتن کـە دەیـەوێ کابـە بڕووخێنـێ، واتـە: ماڵـی حەرامکـراوی خـوا، ئیـدی پیاوێـك لـە شـەرەیفەکانی مەککـەو، لـە حوکمڕانەکانـی کـە نـاوی **(ذو نفـر)** بـووە، لەگـەڵ هۆزەکـەی خۆیـدا دەڕوات و هـەر کەسـێك لـە عەرەبـان کـە بەدەنگیـەوە دێ، دەردەچـن بـۆ جەنگکـردن لـە دژی ئەبرەهـەو، بەرگرییکـردن لـە ماڵـی حەرامکـراوی خـوا، لەبـەر ئـەوەی دەیـەوێ بیڕووخێنـێ و تێکـی بـدات، ئیـدی خەڵکێـك کـە وەڵامـی دەداتـەوەو وەڵامـی دەداتـەوە، ئەویـش دەچێتـە پێشـی و لـە دژی دەجەنگـێ، بـەڵام سـەرەنجام **(ذو نفـر)** خـۆی و هاوەڵەکانـی تێکدەشـکێن و **(ذو نفر)**یـش، بـە دیـل دەگیـرێ، کاتێـك ئەبرەهـە دەیـەوێ بیکـوژێ **(ذو نفـر)**، پێـی دەڵـێ: ئـەی پادشـا! مەمکـوژە ڕەنگـە مانـەوەی مـن لەگـەڵ تـۆدا باشـتربێ لـە کوژرانـم، ئەویـش وازی لێدێنـێ و نایکـوژێ، بـەڵام لـە لای خـۆی کەلەبچـەی دەکات و، ئەبرەهـە پیاوێکـی هێدیـی و مەنـد بـووە، دوایـی ئەبرەهـە بـەرەو ئـەو مەبەسـتە دەچـێ کـە بـۆی هاتـوە.

بڕگـەی پێنجـەم: دوایـی **(نُفیـل بـن حبیـب الخَثْعَمـي)**، لەگـەڵ هـەردوو هـۆزی **(خَثْعَـم)**، کـە بریتیـن لـە: **(شـهران و ناهیـس)**، و هەمـوو ئەوانـەی لـە هۆزەکانـی عـەرەب دوایـان دەکـەون، دەچێتـە پێـش سـوپای ئەبرەهـەو، لەگەڵیـدا دەجەنگـێ، بـەڵام سـەرەنجام ئەبرەهـە ئەویـش دەشـکێنێ و نوفەیلیـش وەك **(ذو نفـر)**، بـە دیـل دەگیـرێ، کاتێـك دەیـەوێ بیکـوژێ، نوفەیلیـش پێـی دەڵـێ: ئـەی پادشـا! مەمکـوژە چونکـە مـن ڕێ پیشـاندەری تـۆم لەسـەر زەمینـی عەرەبـداو، ئـەوەش دوو دەستەکەمن لـە هۆزەکـەم: **(خَثْعَـم)**، شـەهران و ناهیـس، ئامـادەن گوێـت بـۆ بگـرن و فەرمانبەرییـت بـۆ بکـەن، ئەبرەهـەش وەك چـۆن **(ذو نفـر)** ناکـوژێ، ئەویـش ناکـوژێ و دەیهێڵێتـەوە.

بڕگـەی شەشـەم: دوایـی ئەبرەهـەو سـوپایەکەی دەڕۆن لەگـەڵ کەسـێکدا کـە ڕێیـان پیشـان دەدات، هەتـا بـە لای تائیفـدا تێدەپـەڕن، مەسـعوودی کـوڕی موعەتتیبـی، کـوڕی مالیکـی، کـوڕی کەعبـی، کـوڕی عەمـری، کـوڕی سـەعدی، کـوڕی عەوفـی، کـوڕی سـەقیف، لەگـەڵ پیاوانێکـدا لـە هـۆزی سـەقیفدا، دەچنـە پێشـی پێـی دەڵێـن: ئـەی پادشـا! ئێمـە کۆیلـەی تۆیـن و گوێگریـن و فەرمانبەریین بۆ تـۆو، لەگەڵ تـۆدا هیـچ دژایەتییەکـمان نیـەو، ئـەو ماڵـەی تـۆ دەتـەوێ بیڕووخێنـی، ماڵەکـەی ئێمـە نیـە، کـە مەبەسـتیان پێـی **(اللات)**ەو، ئەوانیـش پەرسـتگایەکیان هەبـووە بـە نـاوی **(اللات)**، بەڵکـو تـۆ دەتـەوێ ئـەو ماڵـە بڕووخێنـی کـە لـە مەککەیـە، ئێمـەش کەسـێك کـە ڕێـت پیشـاندەدات لەگەڵـت دەنێریـن، ئیـدی ئەویـش چـاو پۆشـییان لـێ دەکات و هەقـی بەسـەر تائیفـەوە نابـێ، (لات)یـش بریتـی بـووە لـە ماڵێـك لـە تائیـف، بـە مەزنیـان گرتـوە، هـەروەك چـۆن کابـە بـە مـەزن گیـراوە.

بڕگـەی حەوتـەم: هـۆزی **(ثقیـف)** لـە تائیـف **(أبـو رُغـال)**ی، لەگـەڵ دەنێـرن کـە ڕێیـان پیشـان بـدات، بـەرەو مەککـە، ئەبرەهـە دەڕواو **(أبـو رُغال)**یشـی، لەگەڵدایـە، تاکـو دەچنـە **(المغمـس)**، کاتێـك لـەوێ دادەبـەزن، **(أبـو رُغـال)** لـەوێ دەمـرێ، بۆیـە دوایـی عەرەبـەکان گـۆڕی **(أبـو أرغـال)** بەردبـاران دەکـەن کـە ئێسـتا لـە **(المغمـس)**ە، خەڵـك بـەردی پێـدادەدات، لەبـەر ئـەوەی کاتـی خـۆی پێـش سـوپای ئەبرەهـە کەوتـوە کـە ڕێیـان پیشـان بـدات و بگەنـە کەعبـەو بیڕووخێنـن.

بڕگـەی هەشـتەم: کاتێـك ئەبرەهـە لـە **(مغمـس)** دادەبـەزێ، پیاوێـك لـە حەبەشـە دەنێـرێ پێـی گوتـراوە: **(الأسـود بـن المقصـود)**، بـە سـواری ئەسـپێك دەینێـرێ تاکـو دەچێتـە مەککـە، ئیـدی لـەوێ هەرچـی مـاڵ و سـامانی ئەهلـی تیهامـە هەبـووە، لـە قورەیـش و جگەلـە قورەیـش بـۆی کۆدەکاتـەوە، واتـە: حوشـترو ڕەشـەوڵاخ و مـەڕو بزنیـان، لـە نێـو ئـەو ئاژەڵانـەدا کـە دەیانبـات، دوو سـەد (٢٠٠) حوشـتری عەبدولموتتەلیبـی کـوڕی هاشـیمیش واتـە: باپیـری پێغەمبـەر ﷺ لـە نێویانـدا دەبـن، کـە ئـەو کاتـە عەبدولموتتەڵیـب گـەورەو حوکمڕانـی هـۆزی قورەیـش بـووە، ئنجـا

هـۆزی قوڕەیـش و کینانـەو هوزەیـل، هەروەهـا هەمـوو ئەوانـەی لـە چوارچێـوەی حەڕەمـدان، لـە خەڵکـی دیکـە، دەیانـەوێ لـە دژی ئەبرەهـە بجەنگـن، بـەڵام دوایـی تەماشـا دەکـەن ئـەو سـوپایەی ئەبرەهـە پێیەتـی - کـە وەك دوایـی باسـی دەکەیـن لـە هەندێـك لـە شـیعرەکاندا هاتـوە شەسـت هـەزار (٦٠٠٠٠) کـەس بـووە - دەزانـن توانایـان بەسـەریدا ناشـکێ، بۆیـە واز لـەو بیرۆکەیـە دێنـن و دەڵێـن: بـا شـەڕێك نەکەیـن دەرەنجامەکـەی تێکشـکان و دۆڕانـی تێدابـێ.

بڕگـەی نۆیـەم: ئەبرەهـە (**حِنَاطَـةُ العُمـيري**)، دەنێـرێ بـۆ مەککـەو پێـی دەڵـێ: بپرسـە حوکمـڕان و سەرپەرشـتیاری ئـەم وڵاتـە، کێیـە؟ ئنجـا پێـی بڵـێ: پادشـا پێـت دەڵـێ: مـن نەهاتـووم بـۆ جەنـگ لـە دژی ئێـوە، بەڵکـو هاتـووم ئـەم کابەیـە بڕووخێنـم، ئنجـا ئەگـەر جەنگـم لـە دژ نەکـەن، مـن هەقـم نیـە بەسـەر خوێنـی ئێـوەوەو ناتانکـوژم، ئنجـا ئەگـەر نەیویسـت لـە دژی ئێمـە بجەنگـێ، بیهێنـە بـۆ لام، کاتێـك (**حناطـة**)، دەچێتـە مەککـە لـە سـەرۆکی هـۆزی قوڕەیـش و شـەریفی قوڕەیـش دەپرسـێ، پێـی دەڵێـن: عەبدولموتتەلیبـی کـوڕی هاشـیمی کـوڕی عەبدولمەنافـی کـوڕی قوصەییـە، دەچـێ بـۆ لای و ئـەوەی ئەبرەهـە پێـی ڕاگەیانـدوە پێـی دەڵـێ، عەبدولموتتەڵیبیـش دەڵـێ: ئێمـە نامانـەوێ دژی بجەنگیـن و توانـای ئەوەمـان نیـەو، ئـەوەش ماڵـی حەڕامکـراوی خوایـە، خـوا ﷻ قەدەغـەی کـردوە خراپـەی تێـدا بکـرێ و، ماڵـی دۆسـت و خۆشەویسـتی خوایـە کـە ئیبراهیمـە (علیـە السـلام)، یـان وێنـەی ئـەوەی گـوت، ئنجـا ئەگـەر خـوا بیـەوێ بەرگریـی لـێ بـکات، ئـەوە ماڵـی خـۆی و حەڕەمـی خۆیەتـی و، ئەگـەر لێشـی بگـەڕێ، ئێمـە توانامـان نیـە، مەگـەر خـوا بـۆ خـۆی بیپارێـزێ، (**حُنَاطَـة**)، پێـی دەڵـێ: وەرە لەگەڵـم، چونکـە پادشـا (ئەبرەهـە) پێـی گوتـووم، لەگەڵـم دا بێـی بـۆ لای.

بڕگـەی دەیـەم: عەبدولموتتەڵیـب لەگەڵـی دەچـێ و هەندێـك لـە کوڕەکانـی خۆشـی لەگەڵیـدا دەبـن و دەچێتـە لای سـوپایەکە، بـەر لـەوەی بچـێ بـۆ لای ئەبرەهـەش لـە (**ذو نفـر**)، دەپرسـێ - ئەوکەسـەی پێشـتر ئەبرەهـە بـە دیلـی گرتبـوو،

بـەڵام نەیکوشـتبوو، پێشـتر بـرادەری عەبدولموتتەڵیـب بـووە - دەچێتـە لای لـەو شـوێنەدا کـە تێیـدا بەدیـل گیـراوە، پێـی دەڵـێ: ئـەی (ذو نفـر)، ئایا هیـچ سـوودێکت هەیـە پێـمان بگەیەنـی لـەو بەڵایـەی بەسـەرمان هاتـوە، (ذو نفر)یـش، دەڵـێ: بابایەکـی دیـل بـە دەسـتی حوکمـڕان و پاشـایەکەوە کـە چاوەڕێیـە بەیانـی یـان ئێـوارە بیکـوژێ، چ سـوودێکت پـێ بگەیەنـم! نەخێـر مـن هیـچ شـتێکم لـە دەسـت نایـەت، بـەڵام (أُنَیس)، کـە فیلەوانـە ئـەو سەرپەرشـتیی فیلەکـە دەکات، برادەرمـەو کەسـێك دەنێرمـە لای لـە بـارەی تـۆوە ڕای دەسـپێرم کـە لەگەڵـت چـی لـە دەسـت دێ، هاوکارییـت بـکات، پێـی دەڵێـم خـۆی مۆڵەتـت بـۆ لەپادشـا وەربگـرێ و، بـەو شـێوەیەی خـۆت دەتـەوێ، ئـاوا لەگـەڵ پادشـا (ئەبرەهـە)دا بدوێـی، پێشـی دەڵێـم تـکات بـۆ بـکات لـەلای ئەگـەر بتوانـێ، عەبدولموتتەڵیبیـش دەڵـێ: دەجا ئەوەنـدەم بەسـە، ئیـدی (ذو نفـر)، دەنێـرێ بـۆ لای ئونەیـس، پێـی دەڵـێ: عەبدولموتتەڵیـب سـەرۆك و گـەورەی هـۆزی قورەیشـەو خاوەنـی کاروانـە لـە نێـو مەککـەداو، خەڵك لە دەشـت و، دڕندانیـش لەسـەر چیایـەکان بژیـو دەدات، ئێسـتاش دوو سـەد حوشـتری کەوتۆتـە لای پادشـا، لەگـەڵ ئـاژەڵ و وڵاخـی خەڵکـی دیکـەدا گرتوویەتـی، بۆیـە مۆڵەتـی بـۆ وەربگـرەو سـوودی پـێ بگەیەنـە بەوەنـدەی دەتوانـی، (أُنَیس)یـش، دەڵـێ: وادەکـەم، ئیـدی لەگـەڵ ئەبرەهـەدا قسـە دەکات و دەڵـێ: ئـەی پادشـا! ئەمـە سـەرۆکی هـۆزی قورەیشـە لـەلات وەسـتاوەو داوای مۆڵـەت دەکات و، هـەر ئـەوە خاوەنـی کاروانـی مەککـە بـێ و، ئـەوە خـواردن دەدات بـە خەڵـك لـە دەشـت و، هەروەهـا بـە دڕنـدەکان لەسـەر لووتکـەی چیایـەکان، بۆیـە مۆڵەتـی بـدە بـا بێتـە لات، لـە بـارەی کارێکـی خۆیـەوە قسـەت لەگـەڵ دەکات و لەگەڵیشـیدا چـاك بـە، ئەبرەهـەش مۆڵەتـی دەدات، عەبدولموتتەڵیبیـش پیاوێکـی زۆر جـوان و بەشـان و شـەوکەت و بەدیمـەن بـوو، کاتێك ئەبرەهـە دەیبینـێ زۆر ڕێـزی دەگرێ، پێـی ناخۆش دەبـێ عەبدولموتتەڵیـب لـە خـوارێ دابنـێ و خـۆی لەسـەر تەختەکـە دابنیشـێ و، پێشـی ناخـۆش دەبـێ حەبەشـەییەکان ببینـن لەگـەڵ خـۆی دا بردوویەتـی بـۆ سـەر تەختـی حوکمڕانیـی، بۆیـە ئەبرەهـە لـە تەختەکـەی دێتـە خـوارو پێکـەوە لەسـەر

بەرەیەك دادەنیشن و ئەویش لە تەنیشت خۆی دادەنێ، ئنجا بە وەرگێڕەکەی دەڵێ: پێی بڵێ: ئیشت چییەو بۆچی هاتووی؟ وەرگێڕەکەش پێی دەڵێ، ئەویش دەڵێ: ئیشم ئەوەیە پادشا ئەو دوو سەد سەر حوشترەکەم کە گرتوونی بمداتەوە، کاتێك ئەوە دەڵێ، ئەبرەهە بە وەرگێڕەکە دەڵێ: بڵێ: کاتێ بینیمی تۆم بە مەزنگرت و بە تۆ سەرسام بووم، بەڵام کاتێك منت دواند لەبەر چاوم کەم بایەخ بووی، ئایا لە بارەی دوو سەد حوشترەوە دەدوێنی کە گرتوومن، کەچی ماڵێك کە دینی تۆیەو دینی باب و باپیرانتە هاتووم، بیڕووخێنم، لەو بارەوە قسەم لەگەڵ ناکەی؟ عەبدولموتتەڵیب دەڵێ: **(أَنَا رَبُّ الإِبِلِ وإِنَّ للبَيْتِ رَبًّا سَيَمْنَعُهُ)**، واتە: من خاوەنی حوشترەکانم، ئەم ماڵەش پەروەردگارو خاوەنێکی هەیە، بەرگریی لێ دەکات و دەیپارێزی، ئەبرەهە دەڵێ: ناتوانێ ڕێگریی لە من بکات بیڕووخێنم، عەبدولموتتەڵیب دەڵێ: ئنجا تۆو ئەو ماڵە، بزانم داخۆ چی دەکەی! هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لەگەڵ عەبدولموتتەڵیبدا کە چووە بۆ لای ئەبرەهە کاتێك **(حناطة)**ی ناردوە بۆ لای: **(يعمر بن نفاثة بن عدي بن دئل بن بكْر بن عبدالمناد بن كنانة)**، کە لەو کاتەدا سەرۆکی بەنی بەکر بووە لەگەڵی بووە، هەروەها **(خويلد بن واثلة الهذلي)**، کە سەرۆکی هوزەیل بووە ئەویشی لەگەڵدا بووە، ئەو دووانەش پێشنیار دەکەن بۆ ئەبرەهە کە یەك لەسەر سێی ماڵی تیهامەی بدەنێ، کە ناوچەیەکی زۆر فراوانە بەڵام بگەڕێتەوەو، ئەو ماڵی خوایە نەڕووخێنێ، بەڵام ئەو ڕازی نابێ، **(إبن هشام)**، دەڵێ: خواش زاناترە کە ئایا ئەمە بووە یان نەبووە، بەڵام دوایی ئەبرەهە دووسەد حوشترەکە دەداتەوە بە عەبدولموتتەڵیب.

برگەی یازدەیەم: دوای ئەوەی عەبدولموتتەڵیب ئەبرەهەی بەجێهێشت، چووە لای هۆزی قوڕەیش و هەواڵەکەی پێڕاگەیاندن، فەرمانیشی پێکردن لە شاری مەککە بچنە دەرێ، لەسەر لووتکەی چیاو، لە دۆڵ و شیواندا خۆیان پەنا بدەن، تاکو لە زیانی سوپایەکەی ئەبرەهە دوورو سەلامەت بن، دوایی عەبدولموتتەڵیب

هەڵساو کۆمەڵێك لە سەرانی قورەیشی لەگەڵ دابوون، لە خوا دەپاڕانەوەو داوای سەرکەوتنیان لێ دەکرد بەسەر ئەبرەهەو سەربازەکانیدا، ئنجا عەبدولموتتەلیب ئاڵقەی دەرگای کەعبەی گرت و گوتی:

لَاهُم إنَّ العَبْدَ يَمْنَعُ رَحْلَهُ فَامْنَع حَلَالَكَ ... لايَغْلِبَنَّ صَلِيبُهُمْ، وَمُحَالُهُمْ غُدُوّاً مَحَالَك

واتە: ئەی خوایە! بەندە بەرگریی لە هەوارو شوێنی خۆی دەکات، تۆش بەرگریی لە حەڵاڵی خۆت بکە (لە شوێنەکەی خۆت بکە)، با بەیانی خاچەکەیان و سوپاکەیان بەسەر شوێنەکەتدا زاڵ نەبن، (لەبەر ئەوەی ئەبرەهەو سوپایەی لە حەبەشەوە هاتوون و، ئەو کاتە نەصرانیی بوون).

بڕگەی دوازدەیەم: دوایی عەبدولموتتەلیب ئاڵقەی دەرگای کەعبەی بەرداو، خۆی و ئەوانەی لە (قورەیش) لەگەڵیدا بوون، چوونە سەر لووتکەی چیایان و خۆیان تێدا پەنادان و، چاوەڕێیان دەکرد ئایا ئەبرەهە کە چووە مەککەوە چی دەکات؟ بەیانیش ئەبرەهە خۆی سازکردو فیلەکەی کە ناوی (**محمود**) بوو ئامادەی کرد، بۆ چوونە نێو مەککەو وێرانکردنی کەعبەو دوایی گەڕانەوە بۆ یەمەن، لەو کاتەدا (**نفيل بن حبيب الخَثْعَمِي**) چووە تەنیشت فیلەکەو گوێی گرت و پێیگوت: مەحموودا! یەخبە، (واتە: دابنیشە) یان بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووی، تۆ لە وڵاتی حەرامی خوادای، دوایی گوێی بەرداو فیلەکەش لە شوێنی خۆی یەخبوو، ئیدی هەرچەندە فیلەکەیان دەنگداو، بە زەبر لێیانداو تێیانەوە ژەنی کە هەڵسێ، بەڵام هەڵنەستا، بەرەو هەر شوێنێك دەنگیان دەداو لێیان دەخوڕی، بەرەو شام، بەرەو یەمەن، بەرەو ڕۆژهەڵات، دەڕۆیی، بەڵام بەرەو مەککە نەدەڕۆیی و جەنەی دەگرت.

بڕگەی سێزدەیەم: خوای بەرزو مەزنیش لە دەریاوە جۆرە باڵندەیەکی ناردە سەریان، هەر کامێکیان سێ بەردی گچکەی پێ بوون، بەردەکان لە شێوەی نیسك و نۆکدا بوون، هەرکامیان، یەکیانی بە دەندووکی هەڵگرتبوو، دووانیشیان

بـە دووپێیـەکان، هـەر کامێکیـان لـە سـوپای ئەبرەهـە بەردێکـی وێ کەوتبایـە، دەفەوتـا، بـەڵام هەموویـان لـەو بەردەیـان پـێ نەکـەوت، ئیـدی شـکان و ڕایانکـرد بـەرەو یەمـەن و، هەواڵـی (نفیـل بـن حبيب)یـان دەپرسـی کـە ئـەو ڕێنیشـاندەریان بـووە، بـە حیسـاب دەلیلیـان بـوو، تاکـو ڕێـی گەڕانـەوە بـەرەو یەمەنیـان پێشـان بـدات .

بڕگـەی چواردەیـەم: سـەرەنجام ئەبرەهـە بـە خـۆی و سـوپاکەیەوە ڕایانکـرد، لـە هەمـوو ڕێیانـدا دەکەوتـن و دەمـردن، ئەبرەهـەش جەسـتەی بـەری کەوتبـوو بۆیـە پارچـە پارچـە لێـی بەردەبـۆوەو، هەتـا گەیشـتنەوە صەنعـا، هـەر کێـم و زووخـاوی لـێ دەهـات، سـەرەنجام وەك بەچکـە باڵندەیەکـی لێهاتـەوە واتـە: زۆر بـێ پەڕووبـاڵ و نابـووت بـوو بـوو، دڵـی لـە سـینەیەوە هاتـە دەرێ و مـرد .

بڕگـەی پازدەیـەم و کۆتایـی: ئنجـا کاتێـك خـوا بەرپەرچـی حەبەشـەی دایـەوە، واتـە: سـوپایەکەی ئەبرەهـەو لـە مەککـە دووری خسـتنەوەو ئـەو بەڵایەیـان تـووش بـوو (واتـە: سـوپای ئەبرەهـە تووشـی ئـەو بەڵایـە بـوون)، گەلـی عـەرەب قورەیشـیان بـە مەزنگرتـو گوتیـان: ئەوانـە خەڵکـی خـوان (**هَـؤاء أهْـلُ اللـه**)، خـوا شـەڕی لەسـەر کـردن و پاراسـتنی و دوژمنـی لـە کۆڵکردنـەوە، ئیـدی لـەو بـارەوە شـیعری زۆریـان گوتـن، لـەو بـارەوە کـە خـوا چـی بەسـەر حەبەشـە هێنـا، ئـەو سـوپایەی لـە حەبەشـەوە هاتبـوو، چـۆن خـوا پیلانـی وانـی لـە قورەیـش بەرپـەرچ دایـەوەو، قورەیشـی سـەلامەت کـرد، بـۆ نموونـە: یەکێـك لـە شـیعرەکان دێنـم: (**عبداللـه بـن الزبعـري**) گوتوویەتـی:

تَـنَكَّلُوا عَـــنْ بَطْنِ مَكَّـةَ إنَّـهَا ... كَانَتْ قَـدِيمًا لَا يُرَامُ حَرِيمُـــهَا

لَـمْ تُخْلَقْ الشِّـعْـرَى لَيَالِيَ حُـرِّمَتْ ... إذْ لَا عَـزِيزَ مِنْ الْأَنَامِ يَـرُومُـهَا

سَـائِلْ أَمِـيرَ الْجَـيْشِ عَنْهَا مَـا رَأَى ... وَلَسَوْفَ يُنْبِي الْجَاهِـلِينَ عَلِيمُهَا

سِتّونَ أَلْفاً لَمْ يَئُوبُوا أَرْضَهُمْ ... وَلَمْ يَعِشْ بَعْدَ الْإِيَابِ سَقِيمُهَا
كَانَتْ بِهَا عَادٌ وَجُرْهُمُ قَبْلَهُمْ ... وَاللَّهُ مِنْ فَوْقِ الْعِبَادِ يُقِيمُهَا

واتــە: خۆتــان لەســەر زەمینــی مەککــە دوور بخەنــەوە، چونکــە لــە دێــر زەمانــەوە حەرەمــی نەشــکێنراوە، جــارێ ئەســتێرەی گەلاوێــژ دروســت نەبــووە، کــە قەدەغەکــراوەو، هیــچ دەســەڵاتدارێك لــە مرۆڤــان توخنــی نەکەوتــوە (بــە مەبەســتی زیــان پێگەیانــدن)، لــە فەرمانــدەی ســوپایەکە بپرســە: چــی دی؟ ئــەو کاتــە زانــای ئــەو بەســەرهاتە هــەواڵ بــە نەزانــان دەدا، چییــان بەســەر هاتــوە؟ شەســت هــەزار کــەس نەگەڕانــەوە وڵاتیــان و، نەخۆشەکەشــیان دوای گەڕانــەوە نەژیــا، لــە پێــش وانیــش (**عــادو جورهــوم**) هەبــوون، خــواش لــە ســەرووی بەندەکانــەوە ئــەو ماڵــەی ڕاگرتــوەو پاراســتوویەتی.

ئەمــە کورتــە و پوختەیــەك بــوو، لــە بەســەرهاتی فیلــداران (هاوەڵانــی فیــل)، کــە لــە قورئانــدا بــە (**أصْحَـاب الفيـل**) ناویــان هێــنراوە.

مەسەلە گرنگەكان

ئـەم پێنـج ئایەتـە موبارەكـە، لـە یـەك مەسـەلەی گرنگـدا مانـاو واتایەكەیـان پوخـت دەكەینـەوە، ئەویـش بـەو شـێوەیە دایدەڕێژیـن:

سـەرنج ڕاكێشـانی خـوا ﷻ بـۆ پێغەمبەرەكـەی موحەممـەد ﷺ كـە چـۆن سـزای خاوەنانـی فیلەكـەی داو، نەخشـەو پیلانەكـەی وانـی پووچـەڵ كـردەوەو، چەنـد پۆلێك باڵنـدەی نـاردە سـەریان، بـەرد بارانیـان كـردن بـە قوڕینـە بـەرد، سـەرەنجام وەك كاو ئاڵفـی خوراویـان لێهـات:

وەك خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴿٥﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ﴾، ئایا نەتبینی پەروەردگارت چۆنی بە هاوەڵانی فیلەكەكە كرد؟ ئەم پرسیاركردنە (أَلَمْ) (أ) هەمزەكە بۆ پرسیار كردنەو، پرسیاركردنی دانپێداهێنان (**الإِسْتِفْهَام للتَّقْرِيْر**)ە، ئەویش ئەوەیە تۆ بەرانبەرەكەت ناچاربكەی دانی پێدابێنێ، ئەگەرنا پرسیاركردنی داوای وەڵام نیە، (**أَلَمْ تَرَ كَيْفَ**) ئایا تۆ نەتبینی؟ واتە: دەبێ ببینی و دەبێ بینیبێت، پەروەردگارت چۆنی بە هاوەڵانی فیلەكە كرد، لێرەدا كە دەفەرموێ: (**أَلَمْ تَرَ**) وەك یەكێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان گووتویەتی: (**الرُّؤيَةُ عَلْمِيَّةٌ للعِلْمِ البَالِغِ مِنَ اليَقِيْنِ مِنَ الأَمْرِ حَدَّ الأَمْرِ المرئِيِّ**)، واتە: لێرەدا مەبەست لە بینین، بینینی زانینە، بەڵام ئەو زانینە لە دڵنیاییدا گەیشتۆتە سنوورێك وەك، بە چاو ببینی، (**أَلَمْ تَرَ**) ئایا بە چاوی عەقڵ و دڵ نەتبینی، پەروەردگارت چی بە هاوەڵانی فیلەكە كرد، بە فیلدارەكان كرد؟

وشـەی (كَيْـفَ) لـە زمانـی عەرەبییـدا، پرسـیاری پـێ دەكـرێ لـە بـارەی چۆنیەتییـەوەو، ڕووی دوانـدن لـە پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ، واتـە: چـۆن (كَيْـفَ) پرسـیاری پێكـراوە لـە چۆنیەتییكـی سەرسـووڕهێنەر بـۆ كاری خـوا ﷻ، بـەو بێبڕوایانـەی عەزمـی ڕووخاندنـی كەعبەیـان هەبـووە، (أَصْحَـاب) پێشـتریش گوتـراوە: كـۆی (صَاحِـبٌ)ە، واتـە: خـاوەن، (فيل)یـش دەگونجـێ مەبەسـت یـەك فیـل بـێ، كـە فیـل مەحمـوود بـووە، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی جینسـی فیـل بێـت، چونكـە هەندێـك لـە مێژوونووسـان گوتوویانـە: سـوپایەكە زیاتـر لـە فیلێكیـان پـێ بـووە، بەڵام فیلـە گەورەكـە نـاوی مەحمـوود بـووە، بەهـەر حـاڵ ئـەوەی زیاتـر زانـراوە ئەوەیـە كـە فیلێكـی گەورەیـان پـێ بـووە بەنـاوی فیـل مەحمـوود لـە بەسەرهاتەكەشـیدا باسـمان كـرد .

٢)- ﴿ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴾، ئایا (پەروەردگارت) پیلان و فێڵی ئەوانی نەخستە زایە بوونەوە؟ (**التَّضْلِيْلُ: جَعْلُ الغَيْرِ ضَالاًّ، أيْ: لا يَهْتَدِي لِمُرادِهِ، وهُنا مَجازٌ فِي الإبْطالِ وعَدَمِ نَوالِ المَقْصُودِ**) وشەی (تَضْلِيْل): ئەوەیە تۆ ئەوی دیكە والێ بكەی گومڕابێ و بەڕێ نەزانێ، واتە: مەبەستەكەی نەهێنێتەدی، لێرەشدا مەجازە بۆ هەڵوەشاندنەوەو، دەست نەگەیشتنە مەبەست.

كـە دەفەرمـوێ: (**أَلَـمْ يَجْعَـلْ كَيْدَهُـمْ**)، (**الكَيْـدُ: الإحْتِيـالُ عَـلَى إلْحَـاقِ شَرٍّ بِالغَيْرِ ومُعالَجَـةِ إيقاعِـهِ**) (**كَيْـدَ**): بریتیـە لـە پەنهانكاریـی بـۆ زیانگەیانـدن بـەوی دیكـەو، چۆنیەتیـی پراكتیزەكردنـی ئـەو زیـان پێگەیاندنـەش.

دیسـان پرسـیاركردنەكەش پرسـیاركردنی دان پێداهێنانـە، چونكـە هـەر دیـارە كـە خـوا پیـلان و فێڵـی ئەوانـەی هاتبـوون كابـە بڕووخێنـن، لەبەینـی بـردو، پیلانەكـەی پووچـەڵ كردنـەوەو، ئـەو ئامانجـەی بـۆی هاتبـوون، وەدەسـتیان نەهێنـا، بەڵكـو خۆشـیان سـەلامەت نەبـوون و، هەموویـان بـە فەوتاویـی شـەول و شكسـتیی گەڕانـەوە .

٣)- ﴿ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴾، باڵندەی پۆل پۆلیشی نارده سەریان، (إرسال) بە مانای ناردنه، (أَرْسَلَ عَلَيْهِمْ) (عَلَى) له زمانی عەرەبییدا زیاتر بۆ زیانە، (أَرْسَلَ عَلَيْهِ) بە پێی سیاق و مەقامیش دەزانرێ، کە ئەمە بۆ زیان پێگەیاندنە، ناردیە سەریان، چی؟ (طَيْرًا أَبَابِيلَ)، (الطَّيْرُ: اسْمُ جَمْعِ طَائِرٍ، وَهُوَ الحَيَوانُ الَّذِي يَرْتَفِعُ فِي الجَوِّ بِعَمَلِ جَناحَيْهِ) (طَيْر) ناوی کۆی (طائر)ە، واتە: باڵندە کە بریتیە لەو ژیاندارەی بەرز دەبێتەوە بە هەوادا، بەهۆی ڕاوەشاندنی باڵەکانیەوە، (وتَنْكِيرُهُ لِلنَّوْعِيَّةِ؛ لِأَنَّهُ نَوْعٌ لَمْ يَكُنْ مَعْرُوفاً لِلْعَرَبِ)، (طَيْرًا أَبَابِيلَ) بەنەزاندراو (نكرة) هاتوە، چونکە ئەو جۆرە باڵندەیە بۆ عەرەبان ناسراوو زاندراو نەبووە.

لـەو بارەشـەوە لـە دایکـمان عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گێڕدراوەتـەوە کـە گوتوویەتـی: (أَنَّهَـا أَشْـبَهُ شَيْءٍ بِالخَطَاطِيـفِ)، ئـەو باڵندانــە زۆر وەك (خَطاطِيـفِ) دەچـوون، (خَطاطِيـفِ) کـۆی (خُطَّـافَ)ە، کـە جـۆرە باڵندەیەکـە شـت دەڕفێنـێ، هەروەهـا لـە جگـە لـە دایکـمان عائیشـەوە هاتـوە کـە گوتوویەتـی: (تُشْبِهُ الوَطْواطَ وَالخُفَّـاشَ) واتـە: وەك شەمشـەمە کوێـرە دەچـێ، لـە هەنـدێ شـوێن (چەکچەکیلـە) ی پێدەڵێـن، وەك پەڕەسـێلکە باڵندەیەکـی لـەو جـۆرە بـووە گەورەتـر لـە چۆلەکـە پاسـاریی و،لـە کۆتـرو کـەو ئەوانـە گچکەتـر، وشـەی (أَبَابِيـلَ)ش بـە مانـای کۆمەڵەکان دێ و بـۆ زۆرییـە، (أَبَابِيـلُ: مثـل عبابيـد، الْجَمَاعَـات وَيَجِـيء فِي مَوضِـع التَّكْثِـيْر) (أَبَابِيـلَ)، وەك (عبابيـد)، یـانی: کۆمەڵـەکان، لـە شـوێنێك دێ مەبەسـت پێـی زۆریـی بـێ، کۆمەڵێکـی زۆر، واتـە: کۆمەلانێکـی زۆر باڵنـدەی نـاردە سـەریان کەواتـە ئـەوەی لـە کوردەواریـی خۆمانـدا زانـدراوەو بـاوە کـە بەیـەك دانـە باڵنـدە دەگوتـرێ: (طَـيْرَ أَبَابِيـلَ)، ڕاسـت نیـە، چونکـە (طَـيْر) نـاوی کـۆی (طائـر)ە، واتـە: باڵنـدەکان، (أَبَابِيـلَ) یـش یانـی: کۆمـەڵ کۆمـەڵ، واتـە: خـوا باڵنـدەی کۆمـەڵ کۆمەڵـی نـاردە سـەریان.

ئنجا ئـەو باڵندانـەش کـە زۆرێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: لـە لای دەریـاوە هاتوون، واتـە: لـە دەریـای سـوورەوە، ئایـا چییـان کـردو، چ ئەرکێکیان پێسـپێردراوە؟

٤)- ﴿ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴾، بەردە قوڕینەکانیان پێدادەدان، دوایی ڕوونکراوەتەوە **چییان لی هاتوە؟** **(الحِجَارَةُ: اسْمُ جَمْعِ حَجَرٍ)** **(حِجارة)** ناوی کۆیە بۆ بەرد، **(حَجَر)**، یانی: بەردێك و **(حِجارَة)** ناوی کۆیە، واتە: بەردەکان، **(مِنْ سِجِّيْلٍ)**، **(سِجيل)**: پێشتریش لە شیکردنەوەکانی وشەکاندا باسمان کردوە، لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: (السجِّيل **الطِّيْنُ المُتَحَجِّر)** قوڕێکی بەبەرد بوو، قوڕێك کە ڕەق بووبێ و بووبێتە بەرد.

بەڵام لە ڕاستییدا **(سِجِّيْل)** لە ئەسڵدا **(سَنْجِ جِل)**ە، **(سَنْج)** واتە: بەرد **(جِل)** واتە: قوڕ، ئایا ئەوە لە چییەوە هاتوە؟ لە (سەنگی گڵ)ەوە هاتوە؟ (سەنگی گڵ) یش یان فارسییە، یان کوردییە، (سەنگ)، یانی: بەردو (گڵ) یانی: قوڕ، بەردی قوڕ، بۆیەش بە:(قوڕینە بەرد) یان (گڵینە بەرد) مانام کردوە، لە زمانی عەرەبییدا پیتی (گ) نیە، بۆیە (سەنگ) بۆتە سەنج و، (گڵ یش) بۆتە جل، **(سَنْجِ جِلْ)**، دوایی تێکیاندا دەغمکردوەو بۆتە **(سِجِّيْل)**، ئەگەر تەماشای قامووسەکانی زمانیش بکەی، دەڵێن: ئەم وشەیە **(فارسي مُعَرَّب)** لە ئەسڵدا فارسییە، بەڵام عەرەبێنراوە، کراوە بە عەرەبیی، ئەگەرنا لە ئەصڵدا وشەیەکی فارسییە، ئەو باڵندانەش وەك پێشتر باسمان کرد لە بەسەرهاتەکەدا هەر کامێکیان سێ بەردی پێ بوون، یەکیان بە دەندووکی هەڵیگرتوەو، دووشیان بە هەردوو پێیەکانی، هەر کام لە سەربازەکانی ئەبرەهە یەکێك لەو بەردانەی پێکەوتبێ، وەك تێزاب پێیدا چۆتە خوارو لەبەینی بردوە، ئنجا ئایا سەرەنجام چییان لێهات؟

٥)- ﴿ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ ﴾، ئنجا (خوا) گێڕانی بە کای خوراو، یان: بە پووش و ئاڵفی خوراو، **(العَصْفُ: جمع عَصْفَة، ورَقُ الزَّرْعِ)**، **(عَصْف)** کۆی **(عصفة)**یە کە بریتیە لە گەڵای کشتوکاڵ، **(عصفة)** یانی: یەك پووش، بەڵام **(عَصْف)** واتە: کۆی ئەو پووش و گەڵایانەی کشتوکاڵ.

ئەم ڕستەیەش دوو واتایان دەگەیەنێ:

أ- مەبەست ئەوەیە کە ئەو سەربازانەی ئەبرەهە، وەك ئاڵف و کاو پووشی خوراویان لێهات، وڵاخ و ئاژەڵ کە ئاڵف و پووش و گەڵا دەخوات، چی لێدێ؟ بە شێوەی ڕیخ و تەرس و قشپل و شیاکە، دایدەنێتەوە.

ب- وەك چۆن وڵاخ کە ئاڵف و لەوەڕی بۆ دادەنێی، پووش و پەڵاش دەخوات، ئەوەی لەبەری دەمێنێتەوە، بە کوردیی پێدەڵێن: چەوەڵ، ئەو بەرماوەی دەمێنیتەوە و درشتە بۆی ناخورێ، یان لێی تێربووە و بەجێیهێشتوە، واتە: وەك بەرماوو چەوەڵیان لێهات.

نۆ وردە سەرنج دەربارەی ئەم سوورەتە

سەرنجی یەکەم:

پاراستنی کەعبە لە ساڵی (٥٧٠) زایینیی دا، لەبەر چاوی کاڵی هۆزی قورەیش نەبووە، کە ئەوکاتە بتپەرست بوون، یاخود زەندیق و بێبڕوابوون، بەڵکو دوو حیکمەتی گەورەی تێدا بوون:

یەکەم: پاراستنی حورمەتی یەکەمین ماڵی خوا لەسەر زەوی کە کەعبەیە و، ئیبڕاهیم و ئیسماعیلی کوڕی (صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ) بنیاتیان نابوو، بە لای کەمەوە دوو هەزارو پێنجسەد ساڵ لەوەو پێش، پێش ئەو کاتە.

دووەم: وەك زەمینە خۆشکەرێك بۆ هاتنی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ، کە ئەو سەر زەمینەی پێغەمبەری کۆتایی تێدا دێ، با لە پەنای ماڵ و کابەیەکدا بێ، کە خەڵك حورمەت و ڕێزی زۆری بۆ دابنێ و سام و هەیبەتی زۆری هەبێ، تاکو هەرچی ڕاست بووەوە هێرش نەکاتە سەر ئەو شوێنە.

ئەم دوو حیکمەتەی تێدابوون و، دەگونجێ حیکمەتی دیکەش دەربهێنرێن.

سەرنجی دووەم:

خوا ﷻ لە ڕۆژگاری (**الحجاج بن یوسف الثقفي، وأبو طاهر القرمطي**) کە (حەججاج) هێرش دەکاتە سەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، کە ئیعلانی حوکمڕانیی و خیلافەتی کردبوو، ئەویش دەچێتە نێو مزگەوتی حەڕامەوە، ئەوانیش بە مەنجەنیق کەعبە دادەگرنەوەو، کەعبە دەڕووخێ و بەشێکی لێ خراپ دەبێ.

هەروەها لە سەردەمی (**قرامطة**)دا (**أبو طاهر القرمطي**) کە لە ساڵی (٣١٧) ی کۆچی دا دەیڕووخێنێ و تاکو ساڵی (٣٣٩)، واتە: ماوەی بیست و دوو ساڵ ئینجا ئایا بەردە ڕەشەش دەبات بۆ وڵاتی خۆی و بیست و دوو (٢٢) ساڵ بەردە ڕەشە لەوێ دەبێ، لە سەردەمی حەججاجدا کە کەعبە ڕووخێنراو لە سەردەمی (**أبو طاهر القرمطي**)دا کە کەعبە ڕووخێنراو، بەردە ڕەشەش دزرا، بۆچی خوا ﷻ بەرگریی لە کەعبە نەکرد.

وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوە ئەرکی مسوڵمانان بوو، حەججاج بە حیساب والیی و سەرپەرشتیاری حوکمڕانانی بەنی ئومەییە بوو، نەدەبوو وای کردبایە، هەروەها (**أبو طاهر القرمطي**) کە هاتوە بێگومان مسوڵمانانی زۆری لێ بوون و، لە سەردەمی عەبباسییەکاندا بووەو، دەبووایە مسوڵمانان بەو ئەرکە هەڵسن، بەڵام لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، کێ بەرگریی لە کەعبە کربایە؟ وەك لە بەسەرهاتەکەیدا باسمان کرد عەبدولموتتەلیب پاڕاوەتەوە لە خوا، خوایە! ئەگەر تۆماڵەکەی خۆت و ئەو کابەیە بپارێزی دەپارێزرێ، ئەگەرنا ئێمە دەسەڵاتمان نیە، دەسەڵاتی سوپایەکی شەست هەزار (٦٠٠٠٠) سەربازییان نەبووە، ئەوانە تەنیا وەك عەشیرەتێك بوون، بەڵێ عەبدولموتتەلیب پیاوێکی زۆر بەڕێزو بە حورمەت بوو، باپیری پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵام ئەو دەسەڵات و توانایەیان نەبووە، هەر بۆیەش ئەبرەهە پێی دەڵێ: کە هاتی زۆر لە پێش چاوم بەڕێزو بە حورمەت بووی، بۆیەش لە تەنیشت خۆی دایدەنێ، لەسەر بەڕەیەك دادەنیشن، پێ چاك نابێ بیباتە سەر تەختەکەی خۆی و، پێشی خۆش نابێ خۆی لەسەر تەخت دابنیشێ و عەبدولموتتەلیب بەو هەموو هەیبەت و ویقارەوە لەسەر زەوی دابنیشێ، ئنجا دەڵێ: فەرموو بۆچی هاتووی؟ دەڵێ: بۆ ئەو دوو سەد (٢٠٠) حوشترە هاتووم کە بردووتانن، ئەویش دەڵێ: لە پێش چاوم زۆر بەڕێز بووی، بەڵام کە داوای حوشترەکان دەکەی، لە حاڵێکدا من هاتووم کەعبە بڕووخێنم لەبەر چاوم کەوتی، عەبدولموتتەلیب وەڵامێکی عاقڵانەی دەداتەوە کە هەر لە

باپیری پێغەمبەری خوا ﷺ دەوەشێتەوە، دەڵێ: من خاوەنی وشترەکانم و داوای حوشترەکانم دەکەمەوە، چونکە پیاوێکی خێرخوازم و خانەدانم و میوانم زۆر دێن، بەڵام ئەم کابەو و ماڵە خاوەنێکی هەیە کە خوایەو، ئەگەر خوا بیەوێ دەیپارێزێ و بە من ناپارێزرێ، چونکە دەسەڵات و سوپام هێندە بەدەستەوە نیە، دواییش هەر بەو شێوەیە دەبێ کە ئەبرەهە دەیبینێ، کەواتە: لە سەردەمەکانی دیکەدا کە بەس خوا دەزانێ چیدیکەش لە ڕۆژگاردا دەقەومێ و بەسەر ئەم کابەو ماڵی خودایە دێ، ئەوە ئەرکی مسوڵمانانە کە بە پاراستنی ئەو کابەیە هەڵسن و، ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن.

سەرنجی سێیەم:

بەسەرهاتی فیلداران (**أصحاب الفيل**) هاوەڵانی فیلەکە، بوو بە هۆکاری زیادبوونی هەیبەت و ڕێزی کەعبە لە لای عەرەب و جگە لە عەرەبیش، چونکە جگە لە عەرەبیش زانیویانەو، بەدڵنیایی سوپایەکی شەست هەزار کەسیی بچێ و بە شڕودڕیی بگەڕێنەوەو، بەو شێوەیان بەسەربێ کە بینیویانە لە هەموو دنیادا دەنگی داوەتەوە، لە دنیای زانراوی ئەو کاتەدا دەنگی داوەتەوە، بۆیەش بۆ گەلی عەرەب بە هەموو هۆزەکانیەوەو، بۆ دەرو دراوسێشیان کابە حورمەت و هەیبەت و ویقارێکی گەورەی پەیدا کرد، کە هەروا خەڵك لە خۆوە نەچێ زیانی پێبگەیەنێ، بۆیەش ئەگەر کەسێك، کەسێك بابی کوشتبایە، برای کوشتبایە، گەورەترین زوڵمی لێ کردبایە، کە دەچووە لای کابە، پارێزراو دەبوو، کەس دەستی بۆ نەدەبرد تاکو لەوێی لانەچووبایە، دەیانگوت: تازە چۆتە پەنای ماڵی خوا، ئەوە شتێکی زاندراوو باو بوو لە نێو گەلی عەرەبدا .

سەرنجی چوارەم:

ڕووداوی فیل لە چەند فەرموودەیەکدا ئاماژەی بۆ کراوەو بۆ وێنە، دوو لەو فەرموودانە دێنین:

١)- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {إِنَّ اللَّهَ حَبَسَ عَنْ مَكَّةَ الْفِيلَ، وسَلَّط عَلَيْهَا رَسُولَهُ وَالْمُؤْمِنِينَ، فِي سَاعَة مِن سَاعَة نهارٍ،وَإِنَّهُ قَدْ عَادَتْ حُرْمَتُهَا اليَوْم كَحُرْمَتها بِالأَمْس، أَلَا فَلْيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الغَائِب}، (أخرجه البخاري: ٩٦، ومسلم: ٤٤٧، ٤٤٨).

واتــە: بەدڵنیایــی خــوا فیلــی حەپــس كــرد لــە مەككــە (واتــە: نەیهێشــت كەعبــە بڕووخێنــن)، بــەڵام خــوا پێغەمبەرەكــەی خــۆی و بڕوادارانــی بەســەر مەككــەدا زاڵكــرد، لــە كاتێــك لــە كاتەكانــی ڕۆژێكــدا، ئێســتاش هەمــان حورمــەت و ڕێــزی جارانــی بــۆ گەڕاوەتــەوە كــە جــاران هەیبــوو، بــا كەســێك كــە لێــرە ئامادەیــە، بیگەیەنــێ بــەو كەســەی لێــرە نیــە.

واتــە: تەنیــا بــۆ حاڵەتێكــی هەڵاوێــردراو لــە ســاڵی ئــازاد كردنــی مەككــەدا، بــۆ پێغەمبــەری خــوا ﷺو بــڕواداران ڕەوا بــووە بــەزۆر بچنــە نێــو مەككــەوە، ئەگەرنــا كەســی دیكــە بــۆی نیــە.

٢)- هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش دێنین: {أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمَّا أَطَلَّ يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ عَلَى الثَّنِيَّةِ الَّتِي تَهْبِطُ بِهِ عَلَى قُرَيْشٍ، بَرَكَتْ نَاقَتُهُ، فَزَجَرُوهَا فألحّت، فَقَالُوا: خَلَأَتِ الْقَصْوَاءُ، أَيْ: حَرَنت. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا خَلَأَتِ الْقَصْوَاءُ، وَمَا ذَاكَ لَهَا بِخُلُقٍ، وَلَكِنْ حَبَسَهَا حَابِسُ الْفِيلِ} (أخرجه البخاري: ٢٨٨١، ٢٨٨٢).

واتــە: پێغەمبــەری خــوا ﷺ كاتێــك لــە ڕۆژی حودەیبییــەدا چــووە لای (ثَنِيَّـةِ)، {(ثَنِيَّـةِ) نــاوی چیــاو بەرزاییەكــە} كــە شــۆڕدەبێتەوە بــەرەو لای قوڕەیــش، {ئــەو كاتــەی قوڕەیــش ســوپایان هێنــاوە بــۆ ڕێگرتــن لــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ} حوشــترەكەی پێغەمبــەر ﷺ یەخبــوو، ئەوانیــش دەنگیــان دا، ئەویــش هــەر ســووربوو لەســەر یەخبوونــی خــۆی، {وەك چــۆن: كەرو وڵاخ دادەنیشــێ، حوشــتر كە دادەنیشــێ، دەڵێن: یــەخ بــوو}، دوایــی گوتیــان: ئــەم حوشــترە (كــە بــە قەصــواء نــاودار بــووە،) جەنــەی گــرت، ئەویــش فەرمــووی: قەصــواء جەنــەی نەگرتــوەو، جەنــە گرتنیــش ڕەوشــتی نیــە، بــەڵام ڕێ لێگــری فیلەكــە ڕێــی لــە حوشــترەكەی مــن گرتــوە (واتــە: ئــەوەی نەیهێشــت

هاوەڵانی فیل بە زۆر بچنە نێو مەککەوەو، کەعبە برووخێنن ئەو ڕێی لێگرتوە) بۆیەش دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕازی دەبێ کە صوڵح و پێکهاتنیان لەگەڵدا بکات بەزۆر نەچێتە نێو کەعبەوە، بەڵکو لە ساڵی داهاتوودا بە ئاشتەوایی لەسەر بناغەی پێکهاتنی صوڵحی، حودەیبییە بچنە نێو مەککەوە .

سەرنجی پێنجەم:

لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا ﷺ پێش ئەوەی کۆچ بکات و دوای کۆچکردنی، کۆمەڵێك ماون، کە ڕووداوی فیل، هاوەڵانی فیل و کۆمەڵە باڵندەکانیان بینیون، واتە: گوتوویانە: ئێمە لەو کاتەدا بووین، لەوانە (**حکیم بن حِزام، وحاطب بن عبدالعُزّى، ونوفل بن معاوية**) ئەم سێ کەسە هەر کامێکیان تەمەنی سەدو بیست (١٢٠) ساڵ بووە، شەست ساڵی لە سەردەمی نەفامییدا ژیاون و، شەست ساڵیش لە ئیسلامدا، واتە زۆر باش بەسەرهاتی هاوەڵانی فیلیان لەبیر بووە[1].

هەڵبەتە ئەو سێیانەش وەك نموونە باسکراون و کەسی ناسراو بوون، ئەگەرنا بە دڵنیایی ڕووداوی فیل چل (٤٠) ساڵ لە سەرەتای لە دایك بوونی پیغەمبەرەوە ﷺ، واتە: پێغەمبەری خوا تەمەنی چل ساڵ بووەو، چل ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ڕووداوی فیلدا، کەواتە زۆر باشیان لەبیر بووە، نەك هەر ئەو سێیە، بەڵکو خەڵکێکی دیکەش هەر بوون .

سەرنجی شەشەم:

هەڵوێستە باوەکەی شێخ (**محمد عبده**) لە تەفسیری ﴿ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ﴾دا، کە بە میکرۆب تەفسیری کردوەو ئەمە بێژەکەیەتی: (**وَفِي اليَوْم الثَّانِي فَشَى فِي جُنْد الحَبَشيِّ دَاءُ الجُدْرِي وَالحَصْبَة**[2])، لە ڕۆژی دووەمدا لە نێو سەربازەکانی

---

(١) محاسن التأويل للقاسمي: ج١٠، ص٢٦٢.

(٢) حَصْبَة: تایەکی قورسی درمە.

حەبەشـەییەکەدا، (واتـە: ئەبرەهـەدا) نەخۆشـیی (**جُـدْري**)، ئاوڵـە، (خرویلکـە) واتـای قـورس بڵاوبوونـەوە. (**الجُـدْريُّ: قُـرُوحٌ إذَا كَـثُرَتْ أَهْلَكَـتْ، وَإذَا أَصَابَـتْ الجِلْـدَ بَقِـيَ أَثَرُهَاحَفِـيْراً، وَتُصِيـبُ العَـيْنَ فَيَعْمَـى الْمُصَـابُ**)، (**جُـدْري**): جـۆرە برینێکـە، جـۆرە کـوان و زڕنووقێکـە لـە جەسـتەدا پەیدادەبـێ، ئەگـەر زۆربـن مرۆڤەکـە دەکـوژن و تووشـی پێسـت دەبـێ و شـوێنەکەی بـە قووڵیـی دەمێنێتـەوە، (کاتـی خـۆی ئـەو نەخۆشـییە هەبـووە خەڵکێـك هەیـە دەم و چـاوی قـووڵ بـووە)، ئەگـەر تووشـی چاویـش ببـێ چاوەکـە کوێـر دەکات.

ئـەم هەڵوێسـتەی شـێخ (**محمـد عبـده**) ڕەحمەتـی خـوای لێبـێ، زۆر پێچەوانـەی هـەم واقیعـی مێژوویـیـەو، هەم پێچەوانـەی مانـا ڕوون و ڕواڵەتییەکەی ئایەتەکانیشـە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ ﴾، (**طَيْر**) هەموومـان دەزانیـن، یـانی: باڵنـدەکان، (**أَبَابِيْـل**) واتـە: کۆمـەڵ کۆمـەڵ: ﴿ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ ﴾، بـەردی پێـدادەدان بـەردەکان لـە قـوڕی وشـك بـووەوەی بەبـەرد بووبـوون، واتـە: قوڕینـە بـەرد بـوون، ئایـا ئـەوە لەکـوێ و ئـەوە لەکـوێ، کـە نەخۆشـیی ئاوڵـەو خروێلکـەو تایـان لەنێـودا بڵاوبۆتـەوە، کـە هۆکارەکـەی میکـڕۆب و ڤایرۆسـێکە کـەس نایبینـێ!

هەڵبەتـە شـێخ (**محمـد عبـده**) ڕەحمەتـی خـوای لێبـێ، هەندێـك هەڵـەی دیکەشـی هـەن لـە تەفسـیرەکەیدا، ئەویـش زیاتـر لەژێـر کاریگەریـی ئـەوەدا بـووە، کـە هەرچۆنێکـی بـێ مانـای ئایەتـەکان بگونجێنـێ لەگـەڵ عەقڵـی سـەردەمدا، یـان لەگـەڵ کەسـانێکدا کـە ئـەو مەبەسـتی بـووە ڕازی بـن و ڕەخنـە لـە ئیسـلام نەگـرن! بـەڵام گومانـی تێـدا نیـە ئێمـە دەبـێ ئایینـی خـوای پـەروەردگارو، کتێبـی خـوا، چۆنـە، ئـاوای بخەینـەڕوو بـە پێـی زمانـی عەرەبیـی و بنچینەکانـی زمانـی عەرەبیـی، بـە پێـی تێگەیشـتنی ڕاسـت و دروسـت و، بـە پێـی فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر لـەو بـارەوە هەبـن، هەروەهـا بەپێـی گێـڕدراوە مێژووییـەکان، دەبـێ ئـاوا ئایەتـەکان تەفسـیر بکەیـن، ئنجـا کـێ بـڕوای پێدێنـی بـا بـڕوا بێنـێ و کـێ بـڕوا

ناهێنێ، با بڕوا نەهێنێ، نابێ ئایەتەکان مل پێ خوار بکەین و، لەگەڵ ئارەزوو زەوق و میزاجی کەسانێکدا بیانگونجێنین، لە حاڵێکدا کە پێچەوانەی تێگەیشتنی ڕاستە لە ئایەتەکان و، پێچەوانەی واقیعی مێژوویی و پێچەوانەی بنەمایەکانی زمانی عەرەبییشە.

سەرنجی حەوتەم:

لە بارەی ئەوەوە کە ئایا ئەو بەردانەی باڵندەکان بە سوپایەکەی ئەبرەهەیان داداون، چۆن بوون؟ ئایا کەس بینیونی و ماون؟ لەو بارەوە دوو دەق دێنین:

١- (**رَوى أبُو نُعَيْمٍ عَنْ نَوْفَلِ بْنِ أبِي مُعاوِيَةَ الدِّيْلَمِيِّ قالَ: رَأيْتُ الحَصى الَّتِي رُمِيَ بِها أصْحابُ الفِيلِ، حَصًى مِثْلَ الحِمَّصِ حُمْرًا بِحُتْمَةٍ (أيْ: سَوْداءَ) كَأنَّها جَزْعُ**[1] **ظَفارِ**)، واتە: (**أبُو نُعَيْمٍ عَنْ نَوْفَلِ بْنِ أبِي مُعاوِيَةَ**) گێڕاویەتەوە گوتوویەتی: ئەو بەردانەی بە سوپای ئەبرەهەدا دراون (بە هاوەڵانی فیلەکەدا دراون) بینیومن، وەك نۆك بوون، بەڵام سوور بوون، هێڵێکی ڕەشیان تێدا بوو وەك: بەردی **ظیفار** بوون.

کاتی خۆی، جۆرە بەردو ملوانکەیەکیان لەوێوە هێناوە، ڕەنگەکەی ئاوا بووە .

٢)- (**عَنِ ابْنِ عَبّاسٍ رضي الله عنهما: أنَّهُ رَأى مِن هَذِهِ الحِجارَةِ عِنْدَ أُمِّ هانِئٍ، نَحْوَ قَفِيزٍ مُخَطَّطَةٍ بِحُمْرَةٍ مثل الجَزْعِ الظَّفارِيِّ**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لەخۆی و بابی ڕازیبێ)، دەڵێ لەو بەردانە لە لای (**أُمِّ هانِئٍ**) (خوشکی عەلی کوڕی ئەبی **طاڵیب**، واتە: کچی ئەبی تاڵیب، بە ئەندازەی ڕبەیەك لەو بەردانەی بینیون، خەت و خاڵی سووری تێدابوون، وێنەی بەردی **ظیفاري** (کە جۆرە ڕەنگێکی هەبووە، سوور بووەو خاڵی ڕەشی تێدا بووەن) ئەمەش (**إبن عاشور**) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[2] هێناویەتی.

---

(١) جَزْعِ: نوع من العقيق فيه خطوط متوازية مستديرة.... المعجم الوسيط.ص١٢١.

(٢) التحرير والتنوير: ج١٢، ص٣٠، ج٣٠، ص٥٥١.

سەرنجی هەشتەم:

ئـەم دەقـە دێنیـن لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە: (**عَـنِ ابْـنِ عَبّاسٍ رضي الله عنهـما، قَـالَ: لَـمَّا أَرْسَـلَ اللَّـهُ الحِجـارَةَ عَـلَى أَصْحـابِ الفِيـلِ، لَـمْ يَقَـعْ حَجَـرٌ عَـلى أحَـدٍ مِنهـم إلَّا نَفِـطَ جِلْـدُهُ وَثَـارَ بِـهِ الجُـدْرِيُّ، وهـو قَـوْلُ سَـعِيدِ بْـنِ جُبَيْرٍ**) (**أخرجـه عبدالـرزاق وعبـد بـن حميـد وابـن المنـذر وأبـو النعيـم في الدلائـل وغيرهـم**).

عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لەخـۆی و بابـی ڕازیبـێ)، لـەو سـەرچاوەیەوە کـە هێنامـان گوتوویەتـی: کاتێـك خـوا ئـەو بـەردەی نـاردە سـەر هاوەڵانـی فیلکـە، هیـچ کەسـێك یەکێـك لـەو بەردانـەی پـێ نەدەکـەوت، مەگـەر یەکسـەر هەڵدەتۆقـی (پێسـتەکەی ئـەو شـوێنەی بـەری دەکـەوت هەڵدەتۆقـی، ئەسـتوور دەبـوو و هەڵدەئاوسـا) دوایـی نەخۆشـیی جودریـی (ئاوڵـەو خروێلکـەی) لـێ پەیـدا دەبـوو.

کەواتـە: ئەمـە قسـەکەی شـێخ (**محمـد عبـده**)ش دەگرێتـەوە ئێـو خـۆی، باڵنـدەکان بـوون بەردەکانیـان وەشـاندوون، بـەڵام لـە ئەنجامـی ئـەو بەردانـەدا، هـەر کەسـێك ئـەو بـەردەی پێکەوتـوە، ئـەو نەخۆشـییەی توشـبووە، کـە دەگونجـێ بەهـۆی شـوێنەواری بەردەکانـەوە، نەخۆشـییەکە بڵاوبووبێتـەوە، نـەك باڵنـدەکان بـە میکـرۆب لێکبدرێنـەوە، ئـەو هەمـوو بـەرد هاویشـتن و، ئـەو هەمـوو کۆمەڵـە باڵندانـەی هاتـوون بـە پۆلـە ڤایـرۆس و میکـرۆب، لێکبدرێنـەوە!

سەرنجی نۆیەم و کۆتایی:

(**فخرالديـن الـرازي**) ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ، دەڵـێ: (**وَاعْلَـمْ أنَّ قِصَّـةَ الفِيـلِ واقِعَـةٌ عَـلى المُلْحِديـنَ جِـدًّا، لِأنَّهـم ذَكَـرُوا في الـزَّلازِلِ والرِّيـاحِ والصَّواعِـقِ وَسَـائِرِ الأشْـياءِ الَّتـي عَـذَّبَ اللَّـهُ تَعـالى بِهـا الأُمَـمَ أعْـذارًا ضَعِيفَـةً، أمَّـا هَـذِهِ الواقِعَـةُ، فَـلاَ تَجْـرِي فِيهـا تِلْـكَ الأَعْـذارُ**)[١] .

---

(١) مفاتيح الغيب: ج٣٢، ص٩٩.

واتـە: بزانـە کـە بەسـەرهاتی فیـل، زۆر چـاك دەمکوتـی مولحیـدەکان دەکات، چونکـە لـە بـارەی بوومەلـەرزەکان و بایـەکان و هـەورە تریشـقەکانەوەو، شـتەکانی دیکـەش کـە خـوا گەلـە پێشـووەکانی پـێ سـزا داون و لەبەیـن بـردوون، هەنـدێ بیانـووی بێهێزیـان هێناونـەوە (کـە لـەو کاتەدا بـا هەڵیکـردوە، هەورە تریشـقەیەکەو لـە ئاسـمانەوە هاتـوە، بوومەلەرزەیـەك بـووەو هاتـوە، ئـەو شـتانەیان هێناونـەوە بـۆ ئەوانـە)، بـەڵام ئـەو ڕوداوە، ئـەو جـۆرە پـۆزش و بیانووانـە تێیـدا جێگیـر نابـن و هیـچ مانایـان نیـە.

بێگومـان قسەکەشـی جوانـەو هـەر بـۆ خۆشـی دەڵـێ: بـۆ شـتەکانی دیکـەش بیانـوو و پاسـاوی بێهزیـان هێناونـەوە، ئەگەرنـا لـە ڕاسـتییدا بیانـووەکان هیـچ نیـن بـۆ وێنـە: خـوای پـەروەردگار گەلـی (عـاد)ی بـە بایـەك لەبەیـن بـردوە، وەك لـەو ئایەتـە موبارەکـەدا، دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ ١٩﴾ **القمـر**، واتـە: ئێمـە بایـەکی زۆر سـاردی بەهێزمـان نـاردە سـەریان لـە ڕۆژێـکی نەگبەتی بـەردەوام دا، ئینجـا ئـەو بایـە زۆر سـاردەش حـەوت شـەو و هەشـت ڕۆژان (**سبع ليـال وثمانيـة أيـام**) لەسـەریان بـەردەوام بـووەو، چاڵیـان هەڵقەنـدوون چوونـە نێـو چـاڵان، گوتـراوە: کەسـێك سـەری بـەرز کردبێتـەوە بزانـێ داخـۆ بایەکـە هـەر مـاوە یـان نـا؟ چەنـدەی بـەر بایەکـە کەوتبـێ، لیـێ کردۆتـەوە! وەك مێـژوو نووسـان دەڵێـن، گرنـگ ئەوەیـە دوایـی وەك کەلەشـە دارخورمـا، دارخورمـا کـە هەڵدەقەندرێـت و دەکـەوێ، ئـاوا کەوتبوونـە گـۆڕێ: ﴿تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٖ مُّنقَعِرٖ ٢٠﴾ **القمـر**.

ئنجا ئـەو بەڵایـە هـەر لەوێش بـووە، ئەگەرنـا ئەگـەر دنیـا گیربووایـەو ناوچەکانی دیکەشـی گرتبانـەوە، دەگونجـا ئـەو بـرو بیانووانـە بهێنرێنـەوە، یـان گەلـی (**لـوط**) کـە خـوا ﷻ ناوچەکەیانـی بـە زەویـدا بردۆتـە خـوار، بـەرزی کردوونـەوەو بـەرد بـاران کـراون، ﴿وَٱلۡمُؤۡتَفِكَةَ أَهۡوَىٰ ٥٣ فَغَشَّىٰهَا مَا غَشَّىٰ ٥٤﴾ **النجـم**، هەروەهـا گەلەکـەی فیرعـەون کـە ڕاوە دووی بەنـوو ئیسـرائیلیان نـاوەو، لـە دەریـای سـووردا نغـرۆ بـوون و خنـکاون.

هەروەها گەلی (ثمود) کە بە چیریکەو هاڕژنێکی بێیـڕەزا لەبەین چوون و، تۆفانەکەی (نـوح) عليه السلام، کـە ئیقلیمگیربـووەو لـە کتێبـە مێژووییەکانیشـدا باسـی تۆفانەکەی نـووح دەکـرێ.

بۆیـە ئـەو بـڕو بیانووانـە هیـچ نیـن، بـەڵام بـە نسـبەت هاوەڵانـی فیلـەوە، وەك فەخرەددینـی ڕازیـی دەڵـێ: هیـچ بـواری ئـەو پینـەو پەڕۆیانـەو، ئـەو بیانـوو و پاسـاوانەی تێدانیـە، کـە پـۆل پۆلـی باڵنـدە بێـن سـوپایەکی شەسـت هـەزار سـەربازیی، کـە ئـەو هەمـوو ئیمکانیـات و هێزەیـان پـێ بـووە، بـەرد بارانیـان بکـەن و کـەس نەگاتـە کـەس و، هەموویـان لەبەیـن بچـن، گومانـی تێدانیـە، ئـەوە هیـچ پینـەو پەڕۆیـەک هەڵناگـرێ، بەڵکـو بـە دڵنیایـی ئـەوە موعجیزەیەکـی خوایـی بـووە، بـەڵام وەك پێشـتر گوتمـان: نـەك لەبـەر چـاوی کاڵـی هـۆزی قوڕەیـش کـە ئەوکاتـە بتپەرسـت بـوون، بەڵکـو هـەم بـۆ پاراسـتنی حورمەتـی کەعبـە، هـەم بـۆ ئـەوەش کـە ببێتـە زەمینـە سـازکردنێك بـۆ هاتنـی پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ لـەو سـەر زەمینـەدا، کـە شـوێنێك بـێ حورمـەت و پێگەیەکـی گـەورەی هەبـێ و هـەر کەسـێك ڕاسـتبۆوە، هەڵنەکوتێتـە سـەر ئـەو شـوێنە.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی **(الفيل)** دێنیین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

قُرَيْشٍ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کـە (١)ی مانگی(**محـرَّم**)ی ساڵی (١٤٤٢) کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٨/٢٠) زایینیـی، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیر کـردنی مانـای ئایەتـە بەپێزەکانـی سـوورەتی (قریـش)وو سـەرەتاش پێناسـەو نێوەڕۆکەکـەی لـە حـەوت بڕگـەدا دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (قریش) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە دوو نـاوی بـۆ بەکارهاتـوون، زیاتـر نـاوی (**سُـورَةُ قرَيـش**)و، جاروباریـش نـاوی (**سُـورَةُ لإِيـلافِ قرَيـش**)، بـەڵام زیاتـر بـە (**سُـورَةُ قرَيـش**) نـاسراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان ئـەم سـوورەتەیان بـە مەککەیـی دانـاوەو گوتوویانـە: لـە مەککـە دابەزیـوەو، لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن:

(**عَـنْ عَبْـدِ اللـهِ بْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللـهُ عَنهُـمَا، قَـالَ: نَزَلَـت لإِيـلاَفِ قُرَيـش بِمَكَّـة**) (**ذكـره السيوطي فِي الـدر المنثـور: ج٨، ص٦٣٤، ونسـبه لابـن مردويـه، الإسـتيعاب: ج٣، ص٥٥٩**)، واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، گوتوویـەتی: سـوورەتی (**لإِيـلافِ قُرَيـش**)، لـە مەککـە هاتۆتـە خـوارێ.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سوورەتە موبارەکە لە موصحەفدا ژمارەکەی سەدو شەش (١٠٦)ەو، لە دابەزینیشدا بیست و نۆ (٢٩)یە، پێش سوورەتی **(القارعة)** و، دوای سوورەتی **(التین)** دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

لە لای زۆربەی ژمێرەران - لە نێویان دا خەڵکی مەککە - ژمارەی ئایەتەکانی چوار و، بەلای خەڵکی مەدینەشەوە پێنج ئایەتە، بەڵام زیاتر ژمارەی چوار تەبەنیی کراوە لە موصحەفەکانی لای ئێمەدا.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە تایبەتە بە هۆزی قورەیشەوەو، خوا ﷻ تێیدا چاکەکانی خۆی لەسەر هۆزی قورەیش باس دەکات، کە لە برسیەتیی دەربازی کردوون و، لە ترسیش هێمنیی و ئاسایشیی بۆ ڕەخساندوون، بۆیە شایستەی ئەوەن پەروەردگارو خاوەنی ئەو ماڵەو ئەو کابەیە بپەرستن، کە ئەو چاکە گەورەو ناوازانەی لەگەڵیاندا کردوون و، بازرگانیی بەرەو یەمەن لە زستانداو، بەرەو شام لە هاویندا، بۆ ڕەخساندوون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

بەڕای بەندە چوار تایبەتمەندیی لەم سوورەتەدا هەن، لە سوورەتەکانی دیکە جیای دەکەنەوە:

١- باسی هۆزی قورەیش و چاکەی خوا بەسەریانەوە، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، هەروەها ناوی قورەیش لە هەموو قورئان دا تەنیا یەکجار، ئەویش لەم سوورەتەدا هاتوە.

٢- باسی خوو پێوەگرتن و هۆگربوونی هۆزی قورەیش بە بازرگانیی و سەفەری زستانەو هاوینە بەرەو یەمەن و شام، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٣- فەرمانکردنی خوا بە هۆزی قورەیش بە پەرستنی پەروەردگارو خاوەنی کابەو، ڕەخسێنەری ئەو چاکەو نیعمەتەی بریتیە لە: نەهێشتنی برسیەتیی و گۆڕینی بە تێریی، هەروەها لابردنی ترس و گۆڕینی بە هێمنیی و ئاساییش، لە پەناوسایەی کابەدا.

٤- چەند وشەیەکی تایبەت بەم سوورەتە:

١- وشەی (**إيلاف**) کە دوو جاران هاتوە.

٢- وشەی (**قُرَيش**) کە لە هەموو قورئان دا یەك جارو، تەنیا لەم سوورەتەشدا هاتوە.

٣- وشەی ﴿ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ﴾، سەفەری زستانەو هاوینە، تەنیا لەم سوورەتەداو یەکجاریش هاتوە.

٤- ڕستەی ﴿ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ﴾، ئنجا با پەروەردگارو خاوەنی ئەم ماڵە بپەرستن، ئەویش تەنیا لێرەدا هاتوەو یەك جاریش هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

کۆی ئەو چوار ئایەتە بەپێزەی ئەم سوورەتە موبارەکە، دەکەینە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە هەر چوار ئایەتەکەی ئەم سوورەتە پێکدێ، کە خوا ﷻ تێیاندا باسی هۆزی قورەیش و چاکەکانی پەروەردگاریان لەسەریان و، ئەرکی سەر شانیشیان لە بەرانبەر خوا ﷻو، چاکەو نیعمەتەکانیدا، دەکات، پێشتریش گوتمان: وشەی (**قریش**) تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، هەروەها وشەی (**إیلاف**) کە دووجار دووبارە بۆتەوە، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا یەکسەر بەوە دەست پێدەکات دەفەرموێ: بەهۆی هۆگرتنی قورەشەوە، هۆگرتنیان بە سەفەر کردنی زستانەو هاوینە - کە زۆربەی مێژوو نووسان دەڵێن: زستانان بۆ یەمەن دەچوون و، هاوینانیش بۆ شام دەچوون - با بەهۆی ئەوەوە پەروەردگاری ئەم ماڵە بپەرستن، کە برسیەتیی بۆ گۆڕیون بە خواردن پێدان و تێرکردن و، ترس و لەرزیشی بۆ گۆڕیون بە هێمنیی و ئاساییش لە وڵاتدا سەقامگیر کردن.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

(بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، لەبەر (پەیوەست بوون و) هۆگریی قورەیش (١) هۆگرییان بە سەفەری زستانە (بەرەو یەمەن) و هاوینەوە (بەرەو شام بۆ بازرگانیی) (٢) با پەروەردگاری ئەو ماڵە (کابە) بپەرستن (٣) ئەو کەسەی لە برسیەتیی (دەربازی کردوون و) خواردنی پێداون (بەهۆی بازرگانییان بەرەو شام و یەمەنەوە)و، لە ترسیش (قوتاری کردوون و) هێمنیی بۆ رەخساندوون (٤)).

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِإِيلَٰفِ): (الإِلـفُ: إجتِمَاعٌ مَـعَ التِئَـام)، (إلـف): بریتیە لە کۆبوونەوە لەگەڵ هۆگر بوون دا، (أَلَّفْتُ بَيْنَهُم)، واتە: پێکمەوە تەبا کردن و پێکمەوە کۆ کردنەوە، پێکمەوە نووساندن، (وَمنـهُ الأُلفَـةُ، وَيُقَـالُ لِلْمَألُـوفِ: إِلْـفٌ وَأَلِيـفٌ) (أُلْفَة)یش هەر لەوەوە هاتوە، واتە: هۆگریی، بە (مَألُوف) دەگوترێ: (إِلـفُ وأَلِيـف)، کەسێك یان شتێك کە خەڵك هۆگری بووە.

(قُرَيْشٍ): (القَـرْشُ: الكَسْـبُ وَالجَمْـعُ، وَقُرَيـش إِنْ أُرِيـدَ بِـهِ الحَـيُّ صُرِفَ، وَإِنْ أُرِيـد بِـهِ القَبِيلَـةُ لَـم يُـصْرَف)، (قُرَيْش) لە (قَـرْش)ەوە هاتوە، (القَـرْشُ: الكَسْـبُ وَالجَمـعُ)، وەدەستهێنان و کۆکردنەوە، وشەی (قُرَيْش)یش بچووککراوەی (قَـرش)ە، لەبەر ئەوەی هۆزی قورەیش کاسبیان بازرگانییان دەکرد، ئنجا ئەگەر مەبەست لە (قُرَيْش) گەڕەك بێ، بە گۆڕراو (مُنْصَرِف) دێ و، ئەگەر مەبەست پێی هۆزو قەبیلە بێ، ئەو کاتە بە نەگۆڕاو (غیر مُنصَرِف) دێ.

(مُنـصَرِف) و **(غَـيرَ مُنصَرِف)**یـش سـەرفكراو و سـەرف نەكـراو، دوو زاراوەی ڕێزمـانی عەرەبییـن، نـاوی **(مُنـصَرِف)** ئەوەیـە كـە سـێ حاڵەتـەكانی ئیعـرابی بەسـەردا دێـن، لـە حاڵـەتی رەفعـدا بـە بـۆر **(ضمَّـة)** یـان جێدارەكـەی مەرفـووع دەبـێ و، لـە حاڵـەتی (نصـب)دا فەتحـەی دەچێتـە سـەر، یـان بـە دیـلی فەتحـەو، لـە حاڵـەتی ژێـردار بوونیشـدا ژێـر **(كـسَرة)**ی دەچێتـە سـەر، یاخـود جێگـری ژێـر، بـەڵام **(غَـيرَ مُنـصَرِف)** ئەوەیـە كـە حاڵەتـە ئیعرابییـەكانی هەموویـانی تێـدا دەرناكـەون.

(فَلۡيَعۡبُدُواْ): واتـە: بـا بپەرسـتن، بەندایەتیـی بكـەن، **(العبوديَّـةُ: إظْهَـارُ التَّذَلُّـلِ، وَالعِبَادَةُ أَبْلَغُ مِنْهَا لأَنَّهَا غَايَـةُ التَّذَلُّـلِ، وَلا يَسْـتَحِقُّها إلاَّ مَـن لَهُ غَايَـةُ الإفْضَـالِ)**، **(عبُوديَّةُ)** واتـە: دەرخسـتنی زەبوونیـی و ملكەچیـی، بـەڵام **(عبـادة)** مانایەكـەی بەهێزتـرە لـە **(عبودیـة)** چونكـە عیبـادەت واتـە: ئەوپـەڕی زەبوونیـی و ملكەچیـی، هیـچ كەسـیش شایسـتەی نیـە، مەگـەر كەسـێ خـاوەنی ئەوپـەڕی چاكـە بـێ، ئەویـش تەنیـا خـوای بـەرزی مەزنـە.

(رَبَّ): **(الـرَّبُّ: التَّربيـةُ، وَهُـوَ إنْشَـاءُ الـشَّيءِ حـالاً بعـد حـال إلَى حَـدِّ التَّـمَامِ، رَبَّـهُ وَرَبَّاهُ وَرَبَّبَـهُ، فَالـرَّبُّ مَصْـدَرٌ مُسـتَعَارٌ لِلفاعـلِ، وَلا يُقَـالُ: الـرَّبُّ مُطلَقـاً إلاَّ للَّـهِ تَعَـالَى المُتَكَفِّـلِ لِمَصلَحَـةِ المَوجُـودات...)**، وشـەی **(رَبّ)** بـە مانـای پەروەردەكردنـە و بەخێوكردنـە، ئەویـش بریتیـە لـە پێگەیانـدنی شـتێك حـاڵ لـە دوای حـاڵ، تاكـو دەگاتـە حاڵـەتی تەواویـی، دەگوتـرێ: **(رَبَّـهُ وَرَبَّـاهُ وَرَبَّبَـهُ)**، هـەر سـێكیان یـانی: پـەروەردەی كـرد، بـە خێـوی كـرد، پێیگەیانـد، ئنجـا وشـەی **(رَبّ)** چاوگـەو خوازراوەتـەوە بـۆ بكـەر **(فاعـل)** ئەگەرنـا لـە ئەصڵـدا وشـەی **(رَبّ)** چاوگـە، واتـە: پـەروەردەگار، بەخێـوكار، ئنجـا بـە ڕەهایـی ناگوتـرێ پـەروەردگارو بەخێـوكار، مەگـەر بـۆ خـوای بـەرز، كـە بەرژەوەندیـی تێكـڕای دروسـتكراوەكانی ڕەچـاو كـردوەو، وەئەسـتۆ گرتـوە.

(هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ): **(البَيْـتُ: أَصْـلُ البَيْـتِ مَـأوَى الإنْسَـانِ بِاللَّيـلِ)**، **(بَيـت)**: ئـەو شـوێنەیە كـە مـرۆڤ بـە شـەوێ تێیـدا دەسرەوێ، دەگوتـرێ: **(بَـاتَ أَي: أَقَـامَ باللَّيـل)**، شـەوێ مایـەوە لـەو شـوێنەدا، **(وَالبَيـتُ: المَسْـكَنُ، جَمْعُـهُ أَبيـات وَبُيـوت، وَبيـتُ اللـهِ وَالبَيـتُ**

العَتيقُ «مَكَّة»، كعبة)، (**بَيت**): بە مانای ماڵ و خانووەو بە (**بُيوت**)و (**أَبيات**)یش، کۆ دەکرێتەوە، [بەڵام زیاتر (**أَبيات**) بۆ دێڕەکانی شیعر بەکاردەهێنرێ، (**بُيوت**)ی بۆ ئەو ماڵ و خانووانەی خەڵك تێیاندا نیشتەجێ دەبێ] دەگوترێ: (**بَيتُ اللهِ**) و (**وَالبَيتُ العَتيقُ**)، هەردووکیان مەبەست پێیان کابەیە، کە لە شاری مەککەیە.

(رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ): واتە: سەفەری زستانەو هاوینە، کە مێژوونووسان دەڵێن: سەفەری زستانەی بازرگانیی قورەیش بەرەو یەمەن بووەو، سەفەری هاوینەشیان بەرەو شام بووە.

(أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ): (**الطَّعامُ: ما يُؤْكَلُ، وَيُقَالُ مِطْعَام لِكَثِيرِ الإِطْعَام**)، (**طَعام**): ئەوەیە کە دەخورێ، (خۆراکی خواردن)، پیاوێك کە زۆر خۆراك بدات بە خەڵك، پێی دەگوترێ (**مِطْعَام**).

(وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ): (**الأَمْنُ: طُمَأْنِينَةُ النَّفْسِ وَزَوَالُ الخَوفِ**)، (**أَمْن**) بریتیە لە ئۆقرەگرتنی دەروون و لاچوونی ترس و بیم.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنی خوێندنی ئەم سوورەتەم بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندەیە، وەك زۆر جاریش گوتوومانە، لە کاتی بێژتنی ئەو ڕستە موبارەکەدا، پێویستە بێژەر (**قائل**) بەلای کەمەوە، ئەم چوار ماناو مەبەستە لە عەقڵ و دڵی خۆیدا ئامادە بکات:

١- ئەم کارە - کە قورئانخوێندن یان هەر کارێکی دیکەیە - تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بەخشەر دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ﴾، بە هۆی هۆگریی قورەیشەوە، (إیلاف) بە کوردیی یانی: هۆگریی، پێوە پەیوەستبوون، خو پێووەگرتن، قورەیشیش هۆزێکی ناوداری عەرەب بووە، کە پێغەمبەری خۆشمان ﷺ هەر لەو هۆزەیە، ئەوانیش چەند تیرەیەك بوون، ئنجا لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ هاتووە، خوا کردوویەتی بە کۆتا پێغەمبەری خۆی ﷺ ئەو کاتە هۆزی قورەیش باڵادەست بوون لە شاری مەککەدا و، ئەوان ئەو دەوڵەتەیان بەڕێوەبردووە و سەرپەرشتی کردوە، خوا دەفەرموێ: بەهۆی هۆگرتنی قورەیشەوە، پەیوەستەکەی دوایی دێ، کە بەهۆی هۆگریی قورەیشەوە بە چییەوە؟

﴿إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ﴾، هۆگرتنیان و ڕاهاتنیان بە سەفەری زستانەو هاوینەوە، زستانان سەفەری بازرگانییان کردوە و، هاوینانیش سەفەری بازرگانیان کردوە، زۆر لە مێژوونووسان دەڵێن: زستانان بەرەو یەمەن دەچوون و، هاوینانیش بەرەو شام دەچوون، ئنجا لەبەر ئەو هۆگرییەی قورەیشەوە (هۆگرییان بە سەفەری بازرگانییەوە)، زستانان بەرەو یەمەن و هاوینان بەرەو شام:

﴿فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ﴾، با خاوەن و پەروەردگاری ئەم ماڵە بپەرستن، کە ئاماژەش دەکات بۆ ئەم ماڵە، بە دڵنیایی مەبەست پێی کەعبەیە، کە مزگەوتی حەرامی بە دەورەوە کراوەو، دوایی شاری مەککەش لە دەوری ئەو یەکەمین ماڵەی خوای پەروەردگار دروستکراوە، کە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (إبراهیم)دا بە درێژیی ئەو بابەتەمان باسکردوە: دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (**خلیل الله**) ئیبراهیم صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، هاجەری هاوسەری

لەگەڵ ئیسماعیلی کۆرپەی دا کە تازە لە دایك بووە، دەیانبات و بە فەرمانی خوا، لە شیوێکی قاقڕو بێ ئاو و بێ کشتوکاڵ دا: ﴿بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ ﴿٣٧﴾﴾ إبراهيم، دایاندەمەزرێنێ، دواییش کە ئیسماعیل گەورە دەبێ، ئیبراهیم دێ لەو شوێنە ئەو ماڵەی خوا (کەعبە) بنیات دەنێ، کە یەکەمین ماڵە لەسەر زەوی دروستکرابێ: ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ ﴿٩٦﴾﴾ آل عمران، واتە: بێگومان یەکەمین ماڵێك بۆ خوا لەسەر زەوی داندرابێ، ئەوەیە کە لە بەککەیە یانی لە مەککەیە (هەردووکیان یەکن) پڕ پیت و پێزەو ڕێنماییە بۆ جیهانییان، واتە: ڕێنماییکاریانە بۆ ئەوەی تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و تەنیا خوا بپەرستن، واتە: ئەوپەڕی خۆشویستن و، مل بۆ کەچکردن و بە گەورە گرتن و بە بەرزگرتن و پشت پێ بەستن و، سام و هەیبەت لێکردن، هەموو ئەوانەیان تەنیا بۆ خوا ﷻ بێ.

خوا دەفەرموێ: با پەروەردگارو خاوەنی ئەم ماڵە، واتە: کەعبە، بپەرستن، ﴿ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ﴾، ئەوکەسەی لە برسیەتیی دا خواردنی پێداون و، لە ترس دا، هێمنیی پێداون، واتە: برسیەتیی بۆ گۆڕیون بە هەبوونی خواردەمەنیی و تێروپڕیی و، ترس و لەرزی بۆ گۆڕیون بە ئارامیی و ئاساییش، بەهۆی بازرگانیی زستانان بەرەو یەمەن و، هاوینان بەرەو شام، بەهۆی ئەو بازرگانییەوە، حاڵەتی نەداریی و هەژاریی و برسیەتیی بۆ گۆڕیون بە تێرو پڕیی، حاڵەتی ترسەکەشی کە ترسیان لەسەر بووە، چونکە هێزو توانایەکی وایان نەبووە لە چاو ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەریان، بگرە لە چاو هەندێك لە هۆزەکانیش، خوا ﷻ ئەو ترس و لەرزو ناهێمنیی و نائاسایشییەشی بۆ گۆڕیون بە تێدا سەقامگیر بوونی هێمنیی و ئاساییش، بەهۆی ئەو ماڵەوە کە خوا ﷻ پاراستوویەتی و بەرگریی لێکردوەو، هەر کەسێك نیازی بەرانبەری خراپ بووبێ، تەمبێی کردوە، وەك لە تەفسیری سوورەتی (الفيل)دا، باسمان کرد.

پوختـەی مانـای ئـەو چـوار ئایەتـە بەپێـزە، کـە ئـەم سـوورەتە موبارەکەیـان لـێ پێکـدێ، ئـاوای لـێ دێتـەوە:

بەهـۆی هۆگریـی قورەیـش، هۆگرییـان بـە سـەفەری زسـتانەو هاوینـەوە بـۆ بازرگانیـی، بـا پـەروەردگاری ئـەم ماڵـە بپەرسـتن، کـە برسـێتیی بـۆ گۆڕیـون بـە تێریـی و، تـرس و لەرزیـشی بـۆ گۆڕیـون بـە هێمنیـی و ئاسـایش، واتـە: ئەگـەر لەبـەر هیـچ شـتێك ناپپەرسـتن، بـا لەبـەر ئـەو چاکـەو نیعمەتانـەی بیپەرسـتن، کـە تەنیـا لەگـەڵ ئەوانـدا ئـەو چاکـەو نیعمەتانـەی بـەو شـێوەیە کـردوون و هێنـدە زەق و بەرچـاون.

مەسەلە گرنگەکان

یەک مەسەلە:

فەرمانکـردنی خـوا بـە هـۆزی قورەیـش، کـە خـاوەن و پـەروەردگاری ئـەو ماڵـە بپەرستن، کـە لـە ئەنجامـی بـۆ ڕەخسـێنرانی سـەفەری بازرگانییـان لـە زسـتان و هاوین دا بـۆ یەمـەن و شـام و، هۆگرییـان بـەو سـەفەرانەوە، بژیـوی بـۆ ڕەخسـاندوون و، بەهـۆی کابەشـەوە خسـتوونیە هێمنیـی و ئاساییشـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ ۝١ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ۝٢ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ۝٣ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ۝٤﴾..

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ﴾، بەهۆی هۆگریی قورەیشەوە، ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ﴾، خوێندراویشەتەوە: (لإلاف)، واتە: بە بێ (ي)و بە ژێر (كسْرَة)، لێرەدا کە وشەی (إيلاف) لامی ژێردارکەر (لام الجرّ)ی چۆتە سەرێ و پێشخراوە (**تَقْدِيمُ المَجرُورِ لِلإِهْتِمَامِ بِهِ، إِذْ هُوَ مِنْ أَسْبَابِ أَمْرِهِم بِعِبَادَةِ اللهِ الَّتِي أَعْرَضُوا عَنْهُ، وَالمَجرُورُ مُتَعَلِّقٌ بِفِعلِ لِيَعبُدُوا**)، واتە: کە ناوە ژێردارەکە پێشخراوە بۆ گرنگیی پێدانە، چونکە هۆگریی قورەیش لە هۆکارەکانی فەرمانکردنی خوایە پێیان بە پەرستنی ئەو خوا پەروەردگارەی پشتیان تێکردووەو، (إيلاف)یش پەیوەست دەبێتەوە بە کرداری: ﴿فَلۡيَعۡبُدُواْ﴾ەوە، کە دوایی دێ.

ئنجا بـا بزانیـن وشـەی (إيلاف) لەچییـەوە هاتـوە؟ (**الإِيلَافُ: مَصـدَرٌ ءَآلَـفَ، بِمَعنَـى أَلِـفَ، وَصِيغَـةُ الإِفْعَـالِ لِلمُبَالَغَـةِ، لأَنَّ أَصْلَهَـا أَنْ تَـدُلَّ عَـلَى حُصُـولِ الفِعْـلِ مِـنَ الجَانِبَـينِ، ثُـمَّ شَـاعَ فِي بَعـضِ الأَفعـالِ مِثـلُ: سـافَرَ، عافـاه اللـهَ، قاتَلَهُـمُ اللـه**)، واتـە: وشـەی (إيـلاف) چاوگـە لـە (ءَآلَـفَ)وە هاتـوە، بـە مانـای (أَلِـفَ) واتـە: هۆگـری بـوو، پێـوەی ڕاهـات،

ڕێژگـەی (**إفعـال**) بـۆ زێدەڕۆییـە، چونکـە لـە ئەصڵـدا ڕێژگـەی (**إفعـال**) دەلالـەت دەکات لەسـەر پەیدابـوونی کردەوەیـەك لـە دوو لایەنـەوە، (**قَاتَلُـوا**) واتـە: یەکدییـان کوشـت، (**حَـاوَرُوا**) واتـە: یەکدییـان دوانـد، دوایـی بـۆ هەندێـك لـە کـردەوەکان بەکارهێـنراوە، کـە لـە یـەك لاوە ئەنجـام دەدرێـن، نـەك لـە دوو لاوە، وەك (**سـافَرَ**) سـەفەری کـرد، هەرچەنـدە لەسـەر کێـشی (**إفعـال**)ە، (**سَـافَرَ، يُسـافِرُ، مُسـافَرَةً، فَهُـوَ مُسـافِرٌ**)، بـەڵام بـۆ یـەك لایـە، هەروەهـا (**عَافَـاهُ اللـه**)، هەچەنـدە لەسـەر کێـشی (**مُفاعَلَة**)یـە، بـەڵام بـۆ یـەك لایـە، واتـە: خـوا سـەلامەتی کـردو چـاکی کـردەوە، (**قاتَلَهُمُ اللـه**) خـوا لـە بەینـی بـردن، یـان لـە بەینیـان بـەرێ.

٢)- ﴿ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ﴾، هۆگرتنیان بە سەفەری زستانەو هاوینەوە، پێشێ خوا دەفەرموێ: بەهۆی هۆگریی قوڕەیشەوە، بەڵام ئایا هۆگرییان بە چییەوە؟ ﴿ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ﴾، هۆگرییان بە سەفەری زستانەو هاوینەوە، هەر کام لە زستان و هاوین، دوو کەشی بەرانبەر یەکدین لە چوار کەشەکانی ساڵی خۆریی، کە بریتین لە: زستان دوایی بەهار، ئنجا هاوین ئنجا پاییز، زستان و هاوین دەکەونە بەرانبەر یەکدی، زستان چەندە ساردە، هاوین هێندە گەرمە، هەروەك پاییزو بەهاریش دەکەونە بەرانبەر یەکدی، کە دوو کەشی لە ڕووی ئاو و هەواوە، میانجیین، بەڵام هەر کامیان بە جۆرێك.

﴿ رِحۡلَةَ ﴾، (**الرِّحْلَةُ: إسمٌ لِلإرتِحال، وَهُوَ المَسِيرُ مِن مَكانٍ إلَى آخَرَ بَعِيد، وَلِذَلِكَ سُمِّيَ البَعِيرُ الذي يُسافَرُ عَلَيهِ: الرَّاحِلَة**)، ﴿ رِحۡلَةَ ﴾، ناوە بۆ کۆچکردن و گواستنەوە، کە بریتیە لە گواستنەوە ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دوور، هەر بۆیەش ئەو حوشترەی سەفەری لەسەر دەکرێ، پێی گوتراوە: (**رَاحِلَة**)، لەبەر ئەوەی سەفەری لەسەر دەکرێ و بەهۆیەوە سەفەر دەکرێ.

وشـەی (**إيـلاف**)، لـە هـەردوو شـوێنەکەدا هـەم بـە (**ي**) هاتـوە: (**إيـلاف**) هـەم بـە ژێـر (**كَسْرَة**)یـش هاتـوە: (**إلاف**) مێژوونووسـان هەموویـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن،

وەك پێشتریش باسمان كرد، كە هۆزی قورەیش زستانان بەرەو یەمەن دەچوون و، هاوینان بەرەو شام دەچوون، بۆ بازرگانیكردن و كڕین و فرۆشتن، خوا دەفەرموێ: بەهۆی هۆگریی قورەیشەوە، هۆگرییان بە سەفەری زستانە بەرەو یەمەن و، هاوینە بەرەو شام، چی بكەن؟

٣)- ﴿ فَلْيَعْبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴾، با پەروەردگاری ئەم ماڵە (كە كابەیە) بپەرستن، بەندایەتیی بۆ بكەن.

٤)- ﴿ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴾، ئەو زاتەی لە برسیەتییدا خواردنی پێداون و، لە ترسدا هێمنیی كردوون و ئاساییشی بۆ ڕەخساندوون.

لە بارەی وشەی ﴿ مِّن ﴾ەوە، لە هەردووكیاندا: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴾، ڕوونكەرەوانی قورئان دوو ڕایان لە بارەیەوە هەن:

أ- هەندێك لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: **(من) (لَهُ مَعنَى مِن البَدَلِيَّةِ، أي: أَطْعَمَهُم بَدَلاً مِنَ الجُوعِ، وَآمَنَهُمْ بَدَلاً مِنَ الخَوْف)**، ﴿ مِّن ﴾، لێرەدا مانای جێدار بوون دەگەیەنێ، واتە: خوا لە جیاتی برسیەتیی خواردنی پێداون و، لە جیاتی ترس، هێمنیی و ئاساییشی بۆ ڕەخساندوون، بەشێك لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی كە قورئانیان ڕوونكردۆتەوە، ئاوایان گوتوە.

ب- هەندێكی دیكەیان بۆ وێنە: **(مُحي الدِّين درويش)** لە تەفسیرەكەی **(إعراب القرآن)** دا[1]، گوتوویەتی: **(مِن: تَعلِيلِيَّةٌ أي: أَنْعَمَ عَلَيهِم، وَأَطْعَمَهُم بِإِزَالَةِ الجُوعِ وَالخَوْفِ)**، واتە: **(مِن)** لێرەدا بۆ هۆكار دۆزییە، یانی: خوا چاكەی لەگەڵ كردوون بەوەی تێری كردوون، بە لابردنی برسیەتیی و، هێمنیی و ئاساییشی بۆ ڕەخساندوون، بە لابردنی ترس و بیم و لەرز.

دەڵێم: بەدڵنیایی هەردووكیان لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە، ڕێیان تێدەچێ.

---

(١) بەرگی (١٠) لاپەڕە (٥٩١).

پێنج سەرنج لەبارەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە

سەرنجی یەکەم:

وشەی قورەیش دوو ڕای لە بارەوە هەن:

ڕای یەکەم: زانایان هەندێکیان دەڵێن: (**قُرَيْشٌ: لَقَبُ الْجَدِّ الَّذِي يَجْمَعُ بُطُونًا كَثِيرَةً، وَهُوَ فِهْرُ بْنُ مَالِكِ بْنِ النَّضْرِ بْنِ كِنَانَةَ، هَذَا قَوْلُ جُمْهُورِ النَّسَّابِينَ، وَمَا فَوْقَ فِهْرٍ فَهُمْ مِنْ كِنَانَةَ، وَلُقِّبَ فِهْرٌ بِلَقَبِ قُرَيْشٍ بِصِيغَةِ التَّصْغِيرِ، وَهُوَ عَلَى الصَّحِيحِ تَصْغِيرُ قَرْشٍ (بِفَتْحِ الْقَافِ وَسُكُونِ الرَّاءِ وَشِينٍ مُعْجَمَةٍ) اسْمُ نَوْعٍ مِنَ الْحُوتِ قَوِيٌّ يَعْدُو عَلَى الْحِيتَانِ وَعَلَى السُّفُنِ**)، (**التحرير والتنوير: ج١٥، ص٥٥٦**).

واتە: قورەیش نازناوی ئەو باپیرە گەورەیە کە زۆر تیران کۆ دەکاتەوە، ئەویش بریتیە لە: فیهری کوڕی مالیکی کوڕی نە **ضری** کوڕی کینانە، ئەمە قسەی زۆربەی ڕەچەڵەکناسانە، هەرچی لەسەرووی فیهرەوەیە هەموویان لە کینانەن، فیهریش بۆیە نازناوی (قورەیش)ی بۆ دانراوە بەشێوەی گچکە کردنەوە، کە ڕای ڕاست ئەوەیە گچکە کردنەوەی قەڕشە، قەڕشیش جۆرێکە لە ماسیی (یان لە نەهەنگ) زۆر بەهێزەو هێرش دەکاتە سەر ماسییەکانی دیکەو، دەیانخوات، هەروەها هێرش دەکاتە سەر بەلەم و کەشتییەکانیش.

ڕای دووەم: خاوەنی (**الْمُعجَمُ الوَسِيط**)[1] دەڵێ: (**قُرَيش: قَبِيلَةٌ عَرَبِيَّةٌ مِن مُضَر، سَكَنَت فِي مَكَّة قامَت عَلَى الحج، وَمِنها رَسُولُ اللهِ ﷺ مُحَمَّدٌ وَالنِّسبَةُ إِلَيها قُرَشِي وَقُرَيشِي، وَالقِرشُ جِنسٌ مِنَ الأَسماكِ الغُضرُوفِيَّةِ كَبِيرٌ يُخشَى شَرُّهُ**)، واتە: قورەیش هۆزێکی عەرەبییە لە موزەڕ، لە مەککە نیشتەجێ بوون و کاروباری حەجییان بەڕێوە بردووەو، پێغەمبەری خواش موحەممەد ﷺ لە قورەیشەو، بۆ پاڵدان بۆ

---

(١) ص ٧٢٦.

لای هۆزی قورەیش دەگوترێ: (قُـرَشِي) و (قُرَيـشِي)، (قِرش)یـش جۆرێکـە لە ماسـییان، کـرۆژ کرۆژەییـە، زۆر گەورەیـەو، جێگـەی مەترسـییە.

خاوەنـی (المُعجَـمُ الوَسِـيط) ڕوونی نەکردۆتـەوە ئایا قورەیـش لـە چییـەوە هاتـوە؟ بـەڵام ئاماژەیـەك دەکات و ئـەو دەڵـی: (قِـرْش)و ناڵێ: (قَـرْش)، وادیـارە ئـەو ژیانـدارە، هـەم قـەرشی بـۆ بەکاردەهێـنرێ، هـەم قیـرش.

خاوەنـی (مُختـارُ الصِّحـاح)[1]، دەڵـی: (القَـرشُ: الكَسـبُ وَالجَمـعُ، وَبابُـهُ ضَرَبَ، بـهِ سُـمِّيَت بِـهِ قريـش وَهُـوَ قَبِيلَـةٌ)، (قـرش) بريتيـە: لـە وەدەسـتهێنان و کۆکردنـەوە، لەسـەر کێـشی (ضَرَبَ)يـە، (قَـرَشَ يَقـرِشُ قَرشاً)، (ضَرَبَ يَـضرِبُ ضَرباً)، هۆزی قورەیشـیش لـەوەوە ناونـراوە، چونکـە خەریـکی بازرگانیـی و کـۆ کردنـەوەی مـاڵ و سـامان بـوون.

سەرنجی دووەم:

(إبـن عاشـور)[2]، دەڵـێ: (قَـالَ فِي «الْكَشَّـافِ» : دَخَلَـتِ الْفَـاءُ لِـمَا فِي الْـكَلَامِ مِـنْ مَعْنَـى الـشَّرْطِ، لِأَنَّ الْمَعْنَـى: إِمَّا لَا، فَلْيَعْبُـدُوهُ لِإِيلَافِهِـمْ، أَيْ إِنَّ نِعَـمَ اللَّـهِ عَلَيْهِـمْ لَا تُحْـصَى، فَـإِنْ لَـمْ يَعْبُـدُوهُ لِسَـائِرِ نِعَمِـهِ، فَلْيَعْبُـدُوهُ لِهَـذِهِ الْوَاحِـدَةِ الَّتِـي هِـيَ نِعْمَـةٌ ظَاهِـرَةٌ)، واتـە: زەمەخشـەریی خـاوەنی تەفسـیری کەششـاف دەڵـێ: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلۡيَعۡبُدُواْ ﴾، ئـەو (ف)ە، چۆتـە سـەری، چونکـە قسـەکە هەمـووی مانـای مەرجـی تێدایـە، مانایەکـەی ئاوایـە: ئەگـەر هـەر نایپەرسـتن (قورەیـش خـوا ناپەرسـتن) بـا بیپەرسـتن بەهـۆی هۆگرییانـەوە، واتـە: چاکـەکانی خـوا لەسـەریان ناژمێردرێـن، ئنجـا ئەگـەر لەبـەر چاکـەکانی دیکـەی نایپەرسـتن، بـا لەبـەر ئـەو چاکەیـە کـە چاکەیـەکی زۆر ئاشـکرایە (وتایبەتـە بەخۆیانـەوە) بیپەرسـتن.

---

(١) ص ٥٢٩.

(٢) ج ٣٠ المجلد: ١٢، ص ٥٥٥.

سەرنجی سێیەم:

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ﴾، ئایا (ل) کە (إيلاف)ی پێ ژێردار کراوەو پیتی ژێردارکەر (حرف جَرّ)ە، بە کوێوە پەیوەستە؟ لەو بارەوە سێ ڕا هەن:

١- یەکێکیان کە ڕای بەهێزترو باشترە، ئەوەیە کە پەیوەستە بە: ﴿فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ﴾، کە مانایەکەی بەو شێوەیە: (لِتَعبُدَ قُرَيشٌ ﴿رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ۝٣ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ۝٤﴾ ﴿إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ﴾)، با هۆزی قوڕەیش پەروەردگاری ئەم ماڵە بپەرستن کە لە برسیەتییدا تێری کردوون و، لە ترسیشدا هێمنیی و ئاساییشی بۆ ڕەخساندوون، بەهۆی هۆگرییانەوە بەسەفەری هاوینەو زستانەوە.

٢- ڕای دووەم: (الطبري)، دەڵێ: (وَالصَّوَابُ مِنَ الْقَوْلِ فِي ذَلِكَ عِنْدَنَا أَنْ يُقَالَ: إِنَّ هَذِهِ اللَّامَ بِمَعْنَى التَّعَجُّبِ، وَأَنَّ مَعْنَى الْكَلَامِ: اعْجَبُوا لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ، وَتَرْكِهِمْ عِبَادَةَ رَبِّ هَذَا الْبَيْتِ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ)، واتە: ڕای ڕاست لەو بارەوە لە لای ئێمە ئەوەیە کە بگوترێ: ئەم (ل)ە، بە مانای سەرسوڕماندنەو، واتای فەرمایشتەکە ئاوای لێ دێتەوە: سەرتان سوڕ بمێنێ لە هۆگریی قوڕەیش بە سەفەری زستانەو هاوینەوەو، واز هێنانیان لە پەرستنی پەروەردگار و خاوەنی ئەو ماڵە، کە لە برسیەتیی ڕزگاری کردوون و خواردنی پێداون و، ترسیشی بۆ گۆڕیون بە هێمنیی و ئاسایش، بەهۆی ئەوەوە کە ئەو سەفەر و بازرگانییەی زستانەو هاوینەیان بۆ ڕەخسێنراوە.

٣- ڕای سێیەم: دەڵێن: (لإيلفِ قُرَيش: مُتَعَلِّقٌ بِ (كعَصفٍ مَأكُول) أي: صَنَعتُ هَذَا بِهِم، لأُلفَةِ قُرَيشٍ لِئَلاَّ تتفَرَّقَ أُلفَتَهُم وَجَمَاعَتَهُم)، ئەمەش مانایەکی دیکەیە کە سەرەتای ئەم سووڕەتە پەیوەستە بە کۆتایی سووڕەتی (الفيل)ەوە، واتە: بۆیە ئەمەم پێکردن بە خاوەنانی فیلەکە، لەبەر هۆگریی قوڕەیش تاکو ئەو هۆگرییەی پەیدایان کردوە بە سەفەری بازرگانیی زستانەو هاوینەوە، بەرەو یەمەن و شام، لێیان تێك نەچێ.

سەرنجی چوارەم:

پێویستە بزانرێ کە خوا ﷻ ئەو دوو نیعمەتەی بۆ هۆزی قورەیش ڕەخساندوون، ئەوە گیرابوونی پاڕانەوەی ئیبراهیمە، ئیبراهیم (عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لە سووڕەتی (البقرة) ئایەتی (١٢٦)دا، خوا لێی گێڕاوەتەوە، کە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ...﴿١٢٦﴾ ﴾البقرة، یادبکەوە کە ئیبراهیم گوتی: پەروەردگارم! ئەم وڵاتە پڕ هێمنیی و ئاساییش بکەو دانیشتووەکانیشی بژیو بدە، لەهەموو مێوە و بەرووبوومەکان ئەوانەی بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێناوە.

هەروەها لە سووڕەتی (ئیبراهیم) ئایەتەکانی (٣٥ و٣٦ و٣٧)دا، خوا لێی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ:

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ۖ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾ رَّبَّنَآ إِنِّىٓ أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِى بِوَادٍ غَيْرِ ذِى زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ ٱلْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾إبراهيم.

ئیبراهیم (عَلَيْـهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لە خوا پاڕاوەتەوە کە ئەو وڵاتە هێمنیی و ئاساییشی تێدا سەقامگیر بکات، هەروەها لە بەروبووم و میوەکان و بەرهەمەکان بە دانیشتووەکانی ببەخشێ.

سەرنجی پێنجەم و کۆتایی:

ئایا هۆزی قورەیش ئەو سەفەری زستانە بەرەو یەمەن بۆ بازرگانیی و، هاوینان بەرەو شام، دیسان بۆ بازرگانیی، چۆن بۆیان ڕەخساوە؟ لەو بارەوە مێژوونووسان زۆر شتیان گوتوە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان زیاتر بە عەقڵ و دڵەوە دەنووسێ، دوو ڕان:

ڕای یەکەم: ئەوەیە: کەسێك کە ئەو دوو سەفەرەی بۆ هۆزی قورەیش ڕەخساندن، هاشیمی کوڕی عەبدوملەناف بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو کە لەنێو هۆزی قورەیشدا عادەتێك هەبوو، بە عەرەبیی پێی دەگوترێ: (إعتِفار)، ئەویش ئەوەبوو کەسێك ئەگەر ماڵ و منداڵەکەی برسیی ببووایەو نەیتوانیبایە بیانژیەنێ، دەچووە چۆڵاییەك و چادرێکی هەڵدەدا، چادرەکەی بەسەردا دەدان، هەتا هەموویان لەوێدا لە برسان دەمردن، عیززەتی نەفسیان هەبووەو سواڵیان نەکردوە.

ئنجا یەکێك کە لە بەنوو ئەسەد بووەو، لەگەڵ بەنوو مەخزووم پێکەوە بوون، دەبیستێ ڕەفیقەکەی چووە بۆ دەشتێك و ماڵ و منداڵەکەی لەوێ کۆکردۆتەوە تاکو لە برسان بمرن، هیچیان نەبووە بیخۆن، ئەویش (هاشیم) دەڵێ: چۆن دەبێ لە نێو ئێمەدا کەسانێك هەبن لە برسان بمرن؟ ئیدی دێنێ ئەو سەفەری زستانە بەرەو یەمەن و هاوینە بەرەو شام، بۆ بازرگانیی دەڕەخسێنێ و، دوایی هەر دەوڵەمەندێك و هەژارێك پێکەوە، دادەنێ و، هەژارەکەش لە ماڵ و سامانی دەوڵەمەنەکەداو لە بازرگانییەکەیدا بەشدار دەکات، تاکو وەك یەك هەموویان دەوڵەمەندبن و کەسیان لە برسان نەمرێ.

ڕای دووەم: دەڵێ: ئەوانەی ئەو هۆگریی بازرگانییەیان دروستکردوە، چوار برا بوون و هەموویان لە بەنوو عەبدوملەنافن:

أ- هاشیم لەگەڵ پادشای شامدا ڕێککەوتوە، کە بازرگانیی بکات.

ب- عەبدو شەمس لەگەڵ حەبەشەدا ڕێککەوتوە، کە بازرگانیی لەگەڵدا بکات.

ج- موتتەڵیب لەگەڵ حوکمڕانی یەمەندا.

د- نەوفەلیش لەگەڵ حوکمڕانی فارسدا.

هەردوو ڕایەکەش ڕێیان تێدەچێ، دەشگونجێ هەردووکیان لە یەك کاتدا بووبن. ئەمە کورتەی ماناو مەبەستەکانی چوار ئایەتە بەپێزەکەی سووڕەتی (القریش)، بوو.

کورتە باسێک لە بارەی خواپەرستییەوە(1)

بەڕێـــزان!

لەبەرتیشکی فەرمایشتی خوا ﴿ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَـٰذَا ٱلْبَيْتِ ... ﴾ دا، لە بیست (٢٠) بڕگەدا، باسی خوا پەرستیی و تەنیا پەرستراوێتی خوا ﷻ دەکەین، بەمجۆرەی خواری:

بڕگەی یەکەم: بە یەکگرتنی خوا لە پەرستراوێتییدا، بریتیە لە چەقی قورسایی دینداریی و، ئەو سوڕگەیەی هەموو ئایین بە دەوریدا دەسووڕێ و، کتێبی ڕۆشنی خوا مەزنترین بایەخی پێداوە:

لەو بارەوەش کە خوا بە یەکگرتن لە لە پەرستراوێتییدا، (**توحيد الله في ألوهيَّة**) بریتیە لە چەقی قورسایی ئایین و ئەو کاکڵەیە کە ئایین هەمووی لە دەوری دەسووڕێ، ئایەت زۆر زۆرن، بۆیەش ئەم بڕگەی یەکەمەو بڕگەی دووەم، تا ئەندازەیەك درێژەیان پێدەدەین، تاکو زیاتر ئەو مەبەستەی گومان ڕوونی بکەینەوە:

سەرەتا ئێمە حەوت ئایەتان دێنین، بۆ خستنەڕووی ئەوە کە خوا بەیەکگرتن لە پەرستراوێتییدا، چەقی قورسایی ئایینەو ئەو کاکڵەیە کە هەموو شتەکانی دیکە لە دەوری دەسووڕێن:

١- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَـٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾ ﴾البقرة، واتە: پەرستراوی ئێوە [پەرستراوی بە هەقی ئێوە] تەنیا یەکێکە هیچ هاوبەشی نین، جگەلە هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە، ئەو ئەوپەڕی بە بەزەیی بەخشندەیە.

---

(١) ئەم کورتە باسە بە پوختکراویی و گوشراویی لە: (مَوسُوعَة: الإسلام كما يَتَجَلى في كِتابِ اللهِ، الكِتاب الثالث، الإيمان باللهِ الخالِقِ، الرَّبُّ، الإله ذِي الأسماءِ الحُسنى وَالصِفاتِ العُلَى)، لە چاپی دووەمی کە لە ساڵی (٢٠١٧)ی زایینییدا چاپ بووە، وەردەگرین، لەلاپەڕە (١٣٤ - ٢٤٢) (الفَصلُ السَّابع: الإيمان بِألوهيَةِ اللهِ تَعالَى وَولايتِهِ وَحَاكِميّتِهِ).

شـایانی باسـە: لێـرەدا خـوا دەفەمـوێ: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێك نیـە، بـەڵام لـە زۆر ئایەتانـدا خـوا ﷻ بـاسی پەرسـتراوی دیکـە دەکات و، پەرسـتراوانی بێبڕوایـان و هاوبـەش بـۆ خوادانـەرانی بـە پەرسـتراوەکان (ءَالِهَةً) ناوهێنـاون، بـۆ وێنـە دەفەرمـوێ:

أ- ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ ۖ مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ۖ فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِى يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾﴾هود.

ب- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾﴾يس.

ئنجـا لێـرەدا پرسـیارێك دروسـت دەبـێ، لەلایەکـەوە خـوا دەفەرمـوێ: جگـە لـە خـوا هیـچ پەرسـتراوێك نیـە، دواییـش پەرسـتراوی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و بێبڕوایـەکان بـە (ءَالِهَةً) کـە کـۆی (إِلَٰهَ)ە، نـاو دەبـات؟

وەڵامـی ئـەو پرسـیارەکەش ئەوەیـە: خـوا ﷻ کاتێـك دەفەرمـوێ: هیچ پەرسـتراوێك نیـە، واتـە: هیـچ پەرسـتراوێکی بـە هـەق نیـە، شایسـتەی پەرسـتران بـێ، جگـە لـە خـوا ﷻ، بـەڵام کاتێـك پەرسـتراوی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران و بێبڕوایـەکان بـە (ءَالِهَةً) (پەرسـتراوەکان) نـاو دەبـات، مەبەسـت پێیـان ئـەو پەرسـتراوانەن کـە گومـان و خەیاڵکـراوە پەرسـتراون، واتـە: ئـەو شـتانەی بێبڕوایـەکان و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان بـە نەزانیـی، بـە پەرسـتراویان دانـاون، هەرچەنـدە هیـچ پشـك و بەشـیان لـە پەرسـتراوێتییدا نیـە، کـە یـان دروسـتکراوی وەك خـۆرو مانـگ و دار و بـەردو مانـگاو مرۆڤـن، یاخـود هـەر بریتیـن لـە خەیـاڵ و وەهـم و هیـچ بوونێکیـان لـە دنیـای واقیعـدا نیـە.

٢)- ئایەتی ژمارە (٢٥٥)، کە بە ئایەتی کورسیی ناودارە، خوا لە سەرەتایەکەیەوە دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ... ﴿٢٥٥﴾﴾البقرة، واتە: خوا بێجگە لەو هیچ پەرستراوێك

نیە، هەمیشە ژیاوی سەرپەرشتییکارە، ئەم ئایەتە موبارەکە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بە مەزنترین ئایەت لە کتێبی خوادا ئەژماری کردوە، وەك لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە، بە ژمارە: (٢٨١٠).

لەم ئایەتە بەپێزەدا - کە لە دە (١٠) ڕستە پێکهاتوە - خوای پەروەردگار خۆی پێناسە دەکات و، سەرەتاش دەفەرموێ: خوا ﷻ جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، هەمیشە ژیاوی سەرپەرشتیارە.

٣)- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ ﴾الزخرف، واتە: ئەو (خوا) لە ئاسمان پەرستراو و لەسەر زەویش پەرستراوەو، ئەو کاربەجێی زانایە، واتە: دروستکراوەکان بە سەرو خواریانەوە، تەنیا خوا تێیاندا پەرستراوی بە هەقەو، پەرستراوەکانی دیکە هەموویان پەرستراوی بە ناهەقن و، پشك و بەشیان لە پەرستراندا نیە، پەرسترانێك کە بە شێوەی هەق و ڕاست و بەڵگەدار بێ.

٤)- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفًّا ﴿١﴾ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجْرًا ﴿٢﴾ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكْرًا ﴿٣﴾ إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَٰحِدٌ ﴿٤﴾ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ ٱلْمَشَٰرِقِ ﴿٥﴾ ﴾الصافات، واتە: سوێند بە (فریشتە) ڕیزبووەکان بەڕیزبوون، ئنجا سوێند بەتێوەخوڕەکان بەتێخوڕین، ئنجا سوێند بەخوێنەرەوانی زیکر، بەدڵنیایی پەرستراوی ئێوە یەکێکە، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان و، پەروەردگاری خۆرهەڵاتەکانە.

٥)- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾القصص، خوا لێرەدا بە چوار سیفەتان خۆی دەناسێنێ، دەفەرموێ:

١- ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئەو خوایە جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە (پەرستراوی بە هەق).

٢- ﴿ لَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلْأُولَىٰ وَٱلْءَاخِرَةِ ﴾، ستاییش بەس بۆ ئەوە لە یەکەم و لە کۆتایی دا، واتە: لە دنیاو لە دوارۆژدا.

٣- ﴿وَلَهُ ٱلْحُكْمُ﴾، بڕیارو حوكمی قەدەریی و شەرعیی تەنیا هی ئەوەو بەس ئەو بڕیار دەدات.

٤- ﴿وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾، تەنیا بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە.

٦)- خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴿٦٦﴾﴾ص، واتە: بڵێ: من تەنیا ترسێنەرو وریاكەرەوەم، هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوای تاكی مل پێ كەچكەر، پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەویی و ئەوەی نێوانیانە، زاڵی لێبوردەیە، كەواتە: پەرستراوی هەق تەنیا یەكێكە، ئەویش پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەویی و ئەوەی نێوانیانە، واتە: سەرپەرشتیارو خاوەن و بەڕێوەبەریانەو، خاوەنی ئەوپەڕی باڵادەستییەو، ئەو پەڕی لێبوردەییە.

٧)- خوا دەفەرموێ: ﴿فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَىٰكُمْ ﴿١٩﴾﴾محمد، خوا پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ و دەفەرموێ: بزانە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە، داوای لێبوردنیش لە پەروەردگارت بكە، بۆ گوناهەكەت، هەروەها بۆ پیاوانی بڕوادار و ئافرەتانی بڕوادار، خوا شوێنی هەڵسوكەوت و هاتن و چوونتان و، شوێنی تێدا سەقامگیر بوونیشتان دەزانێ.

بڕگەی دووەم: بە یەکگرتنی خوا لە پەرستراوێتییدا، واتە: تەنیا خـوا ﷻ بە پەرستراو دابنرێ، ئەویش ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ بە مانای فراوانیی پەرستن، تەنیا خوا ﷻ بپەرسترێ:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ۝٢٥﴾الأنبيـاء، واتـە: لـە پێـش تـۆدا (ئـەی موحەممـەد) هیـچ ڕەوانەکراوێکـمان نەنـاردوە، مەگـەر سرووشـمان بـۆ لای کـردوە، کـە بێجگـە لـە مـن هیـچ پەرسـتراوێك نیـە، ئنجـا تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ مـن بکـەن.

کەواتـە: تێکـڕای پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام**) خـوا پەیامـی بـۆ نـاردوون: کـە جگـە لـە خـۆی پەرسـتراوێکی دیکـەی ڕاسـت نیـە، بۆیـە دەبـێ بەندایەتیـی تەنیـا بـۆ ئـەو بکـرێ.

وشـەی ﴿إِلَٰهَ﴾، بـە مانـای پەرسـتراو (معبـود) دێ، کەواتـە: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾، یـانی: (**لا معبـود إلاّ أنـا**)، هیـچ پەرسـتراوێك نییـە جگـە لەمـن.

ڕیشـەی وشـەی ﴿إِلَٰهَ﴾: لـە زمـانی عەرەبییـدا دەگوتـرێ: (**أَلَـهُ، يَأْلَـهُ، إِلَهَـةً، يَعنِـي: عَبَـدَ، يَعبُـدُ، عِبـادَةً**)[1] واتـە: پەرسـتیی، دەپەرسـتێ، پەرسـتن، (**تَأَلَّه**)یـش، بـە مانـای (**تَعَبُّـد**)ە.

کەواتـە کـە دەفەرمـوێ: لـە پێـش تـۆدا هیـچ پێغەمبەرێکـمان ڕەوانەنەکـردوە، مەگـەر پێـمان ڕاگەیانـدوە جگـە لـە مـن هیـچ پەرسـتراوێکی دیکـە نیـە، تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ مـن بکـەن، مانـای وایـە تێکـڕای پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام**) بـە تەنیـا پەرسـتنی خـواوە، ڕەوانکـراون.

چەمـکی وشـەی (عِبَـادَة) لـە زمـانی عەرەبییـدا: (**العِبَـادَةُ: الـذُّلُّ والخُضُـوع، يُقَـالُ: طَرِيـقٌ مُعَبَّـدٌ لِطَرِيـقٍ مُمَهَّـدٍ يَسْـهُلُ المَـشِيُ عَلَيـهِ بِسَـبَبِ كَـثْرَةِ مَـشيِ الأَقْـدَامِ عليـه بِحَيـثُ**

---

(١) المِصباحُ المُنير، ص١٦.

ذَهَبَت نتواءاتُهُ وَمَا يَمنَعُ المَشيَ، وَيُسَبِّبُ تعثُّرُ الأَقدام، وَكَذَلِكَ تُطْلَقُ كَلِمَة (مُعبَّد) عَلَى البعير الَّذي طُليَ بِالقَطِرانِ، فَسَكَنَ وَقَلَّت حَرَكتُهُ وَيُقالُ: بَعِيرٌ مُعَبَّدٌ أَي مُذَلَّلٌ مُخْضَعٌ)[1].

واتە: عیبادەت بە مانای ملکەچیی و زەبوونیی دێ، دەگوترێ: (طَرِيقٌ مُعَبَّدٌ)، یانی: ڕێیەکی خۆشکراو کە ئاسان بێ لەسەری بڕۆی، بەهۆی ئەوەوە کە خەڵك زۆر لەسەری ڕۆیشتوەو، زۆر پێی پێدادراوە، [کاتێ خۆی یان لاقی وەڵاخ بووە، یان پێی مرۆڤان بووە] بەرزیی و نزمییەکانی ڕۆیشتوون و، هەر شتێك کە ڕێگریی لە ڕۆیشتن بکات، لاچووە، هەروەها هەر شتێك هۆکاری ئەوە بێ پێیەکان هەڵبنگون، لاچووە، ڕێیەك کە تەخت و هەموار کرابێ پێی دەگوترێ: (طَرِيقٌ مُعَبَّدٌ)، هەروەها وشەی (مُعبَّد) بۆ حوشترێکیش بەکاردەهێنرێ کە قەترانی تێ هەڵسوورابێ، لە ئەنجامی ئەوەدا کە نەخۆشیی خرووی گرتوە، و ئارام بووبێت و جووڵەی نەمابێ.

دەگوترێ: (بَعِيرٌ مُعَبَّد): واتە: حوشترێکی مل پێ کەچکراوو داسەکناو بەهۆی ئەوەوە کە قەترانی تێدراوەو خرووی شکاوە جووڵەی نەماوە، ئەمە مانایەکەی لە ئەصڵی زمانی عەرەبییدا.

هەروەها لە قورئانیش دا بەهەمان واتا بەکارهێنراوە، بۆ وێنە:

١- لە ئایەتەکانی: (١٦ - ٢٢)ی سوورەتی (الشعراء)دا، خوا ﷻ کە باسی ناردنی مووساو هاروونی برای دەکات بۆ لای فیرعەون، کاتێك فیرعەون هەندێك منەت لەسەر مووسا دەکات و دەڵێ: لە نێو ئێمەدا بەخێوکراوی، مووسا (عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) لە وەڵامیدا دەفەرموێ:

﴿ وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٢﴾ ﴾الشعراء، ئەو چاکەیەش کە بەچاوی منی دادەدەیەوە، بەهۆی ئەوەوە بووە کە تۆ بەنوو ئیسرائیلت کردبوو بە عەبدی خۆت، لێرەدا وشەی (عَبَدْتْ) لە: ﴿ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾دا، بێگومان

---

(١) (المِصباحُ المُنِير، ص٢٠٢).

واتـە: ملـت پێکەچکردبـوون بـە ناچاریـی، کەواتـە: ملکەچکـردنی بـە ناچارییـش پێـی دەگوتـرێ: عەبدایەتیـی، یـان عیبـادەت، یـان (تَعَبُّـد)، بۆچـی؟ چونکـە فیرعـەون بـەزۆر بەنـوو ئیسـرائیلی مـل پێکـەچ کردبـوون بـۆ دەسـەڵاتی خـۆی.

٢- هەروەها لە ئایەتەکانی: (٤٥ و ٤٦ و ٤٧) لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا، لەوێشدا خوا ﷻ دووبارە باسی ناردنی مووساو هاڕوون دەکات بۆ لای فیرعەون، دوایی فیرعەون دارو دەستەکەی دەڵێن: ﴿ فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ٤٧ ﴾، واتە: گوتیان: ئایا بڕوابێنین بۆ دوو مرۆڤی وەك خۆمان، کە کۆمەڵ و خەڵکەکەشیان بۆ ئێمە ملکەچن؟ ﴿ وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴾، بەدڵنیایی بەنوو ئیسرائیل نوێژ و ڕۆژوویان بۆ فیرعەون نەکردوە، کەواتە: (**لنا عابدون**) یانی: بۆ ئێمە ملکەچن، مەبەست پێی نوێژو ڕۆژوو ڕکووع و سەجدە نیە، بەڵکو یانی: ژێر دەست و بن دەستی ئێمەن، ملکەچی ئێمەن.

کەواتـە: کتێبـی خـوا ﷻ بـە ڕەهایـی ملکـەچ کـردن و فەرمانبەرییکـردن بـە عیبـادەت نـاو دەبـات، چ بـە هەڵبـژاردنی مـرۆڤ و بـە خۆشـیی خـۆی بـێ، چ بەناچاریـی بەسـەریدا سـەپێنرابێ و، ئـەو کەسـەش کـە ملکەچییەکـەی بـۆ ئەنجـام دەدرێ، هـەر کەسـێك بـێ، ئـەوە بـە نسـبەت ئەسـڵی وشـەی (**تَعَبُّـد**)ەوە.

ئێسـتا بـا تەماشـای وشـەی عیبـادەت بکەیـن، کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە ئایەتـەکانی قورئـان چەمـك و واتـای وشـەی عیبادەتمـان بـۆ دەخەنـە ڕوو، بـۆ وێنـە:

١- لە ئایەتی ژمارە (٥)ی سوورەتی (**الفاتحة**)دا، خوا ﷻ لەسەر زمانی مرۆڤەکان دەفەرموێ: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ﴾، هەر تۆ دەپەرستین و یارمەتییش هەر لە تۆ دەخوازین.

٢- لە سوورەتی (**الزمر**) ئایەتی (٦٦)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٦٦ ﴾، بەڵکو تەنیا خوا بپەرستەو لە سوپاسگوزاران بە. لەو دوو ئایەتەش دا، لەوبارەوە سێ ڕاستیی دەستگیر دەبن:

ڕاستیی یەکەم: ئەو مرۆڤەی مل بۆ خوا کەچ دەکات و بە ڕواڵەت شوێن بەرنامەکەی دەکەوێ، بێ ئەوەی ملکەچیی و تەسلیم بوونەکەی بۆ خوا لە دڵیەوە هەڵقوڵیبێ، بە پەرستەر (**عابد**) بۆ خوا داناندرێ، بەڵکو ملکەچیی و خواپەرستییە ڕواڵەتیی و بەرچاوەکەی هەر شتێکی ڕووکەشییە، لەبەر ئەوەی ئارەزوومەندیی و هەڵبژاردنی خۆی تێدانیە، بۆیە بۆی بە عیبادەت لە قەڵەم نادرێ.

ڕاستیی دووەم: مرۆڤێك کە ناچار دەکرێ ملکەچ بکات و فەرمانبەریی بکات بۆ جگەلە خواو، بۆ ئەوەی جگەلە بەرنامەو ئایینی خوا فەرمانی پێدەکات و هیچ چارەیەکی نیە، ملکەچیی و فەرمانبەرییەکەی بە پەرستنی جگەلە خوا دانانرێ، چونکە هەر بە ڕواڵەت ملکەچە، بە جەستە ملکەچە، بەڵام لە دڵ و دەروونیدا ملکەچ نیەو ڕەغبەت و ویستی خۆی لەگەڵ ئەوەدا نیە کە بەناچاریی دەیکات یان پێی دەکرێ.

ڕاستیی سێیەم: هەروەها ئەو دوو ئایەتەو، ئایەتی دیکەش لەو بارەوە زۆرن، ئەوەش دەگەیەنن کە پەرستنی خوای بەرز، دەبێ تەنیا بۆ خوا بێ و جگە لە خوای تێدا بەشدار نەکرابێ، چونکە لە سوورەتی فاتیحەدا بەرکار پێشخراوە: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾، بەس تۆ دەپەرستین، ئەمەش کورتهەڵێنان دەگەیەنێ، هەروەها لە سوورەتی (**الزمر**)یشدا هەروایە: ﴿بَلِ ٱللَّهَ فَٱعْبُدْ﴾، لەوێش دیسان بەرکار پێش کاروبکەر (**فعل وفاعل**) خراوە.

کەواتـە: خواپەرسـتیی وەك چـۆن دەبـێ لـە ویسـتێکی ئازادانـەو، لـە ئارەزوومەندییـەکی ڕاسـتگۆیانەوە بـێ، بـە هەمـان شـێوە دەبـێ تایبەتیـش بـێ بـە خـواوەو، بـەشی جگــە لــە خــوای تێــدا نەبــێ.

٣- هەروەها لە ئایەتی دووەمی سوورەتی (**الزمر**)دا خوا فەرمانیکردوە: ﴿فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾﴾**الزمر**، واتە: ئنجا خوا بپەرستە ملکەچیی بۆوی ساغ بکەوە.

٤- دیسان لە سوورەتی (**البينة**)دا فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾﴾**البينة**، واتە: تەنیا بەوە فەرمانیان پێکرابوو کە بە ملکەچیی ساغکردنەوەوە خوا بپەرستن، لە پووچیی بەرەو

هەق لابدەن و، نوێژ بەرپابکەن و زەکات بدەن، ئائەوەش بەرنامەی کۆمەڵێکی ڕاست و ڕێکە.

کەواتـە: لـەو دوو ئایەتـەو هاووێنەکانیشـیان کـە زۆرن لـە قورئـان دا، ڕاسـتییەکی دیکـەش لـە بـارەی خواپەرسـتییەوە دەسـتگیر دەبـێ، کـە بریتییـە لـە:

ڕاستیی چوارەم: پێویستە پەرستن (**عبادة**) بۆ خوا ساغ و تێروتەواو و گشتگیربێ و، بەشی جگەلە خوای پێوەنەبێ.

٥- هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٤٠)ی سوورەتی (**یوسف**)دا ڕاستییەکی دیکەش لە بارەی چەمك و واتای تەنیا خوا پەرستییەوە ڕوون دەبێتەوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٠﴾﴾، واتە: حوکم تەنیا هی خوایە، فەرمانی کردوە جگە لەو نەپەرستن، ئا ئەوە ئایینی ڕێك و ڕاستە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، ئەویش بریتییە لە:

ڕاستیی پێنجەم: کاتێك خوا پەرستیی بۆ خوا جێگای ڕەزامەندیی و پەسندیی خوا دەبێ، لە تەرازووی خوادا، بەڕاست و تەواو دادەنرێ، کە خاوەنەکەی خۆی پاڵنەداتە لای هیچ بەرنامەیەك و هیچ حوکمێك، جگە لە حوکم و بەرنامەی خوا ﷻ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾، حوکم واتە: بڕیاردان، بڕیاردانی تەکوینیی و قەدەریی، هەروەها بڕیاردانی بەرنامەیی و تەشریعیی، هەمووی بەس هی خوایە، ﴿أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾، فەرمانی کردوە جگە لەو نەپەرستن، واتە: وەختێك تەنیا خوا دەپەرستن و، جگە لە خوا ناپەرستن، کە حوکم و بڕیار تەنیا لە خوا وەربگرن، ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾، ئا ئەوەیە ئایینی ڕێك و ڕاست، واتە: ساغکردنەوەی بەندایەتیی و ملکەچیی بۆ خوا، بەوەی تەنیا شوێن بەرنامەو حوکمی ئەو بکەوی و، تەنیا سەر بە پەیڕەو و بەرنامەی ئەو بی، ئا ئەوەیە ئایینی ڕێك و ڕاست.

کەواتـە: ملکەچیـی و فەرمانبەریـی ئارەزوومەندانـە بـۆ جگـە لـە خوا، بە پەرسـتنی ئـەو جگـە لـە خوایـە دادەنـرێ، وەك ئایەتـەکانی (٦٠ و ٦١) لـە سـوورەتی(**یس**)

دا بەڕوونیـی ئـەوە دەگەیەنـن، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُواْ ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِي هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ ﴾، واتـە: ئـەی وەچـەی ئـادەم! ئایـا پێمڕانەگەیاندبـوون، کە شـەیتان مەپەرسـتن، ئـەو بـۆ ئێـوە دوژمنێـکی ڕوونـەو، تەنیـا مـن بپەرسـتن ئـەوە ڕێـی ڕاسـتە.

بەڵـێ بەدڵنیایـی: ملکەچیـی و فەرمانبەریـی ئارەزوومەندانـە لـە مرۆڤـەوە بـۆ جگـە لـە خـوا، بـە پەرسـتنی ئـەو بـۆ جگـە لـە خوایـە لـە قەڵـەم دەدرێ، ئنجـا چ شـەیتان بـێ، چ جگەلـە شـەیتان بـێ.

جیاوازیـی بنەڕەتیـی لـە نێـوان ئـەو دوو حاڵەتـەدا، کـە مـرۆڤ بەنـدە (**عبـد**) بـێ بـۆ خـواو، ئـەوە کـە مـرۆڤ پەرسـتەر (**عابـد**) بـێ بـۆ خـوا، ئەوەیـە کـە لـە دووەمیانـدا ویسـتن و ئارەزوومەندیـی هەیـە، بـەڵام لـە یەکەمیانـدا ئـەوە نیـە، خـوا ڕوونیکردۆتـەوە کـە هەمـوو مرۆڤـەکان بەنـدەن بـۆ خـوا، بـەڵام هەمـوو مرۆڤـەکان پەرسـتەر نیـن بـۆ خـوا، هەموویـان عەبـدن، بـەڵام هەموویـان عابیـد نیـن، وەك لـە سـوورەتی (مریـم)دا دەفەرمـوێ: ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾ لَّقَدْ أَحْصَىٰهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا ﴿٩٤﴾ وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فَرْدًا ﴿٩٥﴾ ﴾، واتـە: هەمـوو ئەوانـەی لـە ئاسـمانەکان و زەوییـدان وەك بەنـدە بـە بەندەیـی دێنـە خزمـەت (خـوای) بـە بەزەیـی ....، بـەڵام لـە سـوورەتی (**البقـرة**) لـە ئایـەتی (٢١)دا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ﴾، واتـە: ئـەی خەڵکینـە! ئـەو پەروەردگارەتـان بپەرسـتن کـە ئێـوەی هێناوەتـە دی و ئەوانـەی پێـش ئێـوەشی هێناوتـە دی، بەڵکـو پارێـز بکـەن.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الذاریـات**) ئایـەتی (٥٦)دا فەرموویـەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾الذاریـات، واتـە: جنـدو مرۆڤـم تەنیـا بـۆ ئـەوە دروسـت کـردوون، بمپەرسـتن.

کەواتە: ئەوە کە مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی بەندەی خوایە، ئەوە بریتیە لە عەبدایەتیی، بەڵام ئەوە کە مرۆڤ بە ویستی خۆی خوا بپەرستێ، ئەوە بریتیە لە پەرستنی خوا.

پوختەی پێناسەی خواپەرستیی:

خواپەرستیی تێرو تەواو و ڕێك و ڕاست، لە چوار خاڵدا بەرجەستە دەبێ:

١- ئیمان بە خواو بە هەموو ئەوەی خوا فەرمانی کردوە ئیمانی پێ بهێنرێ و، کوفر بە **طاغووت** و کوفر بە هەموو ئەو شتانەی پێچەوانەو دژی ئیمانن.

٢- وەرگرتنی تێڕوانینەکان و بەهایەکان و پێوەرەکان (**التصورات والقيم والموازين**) لە خوای بەرزو، هەڵهێنجانیان لە سەرچاوەی زوڵاڵی ئایینی خوای پەروەردگارەوەو، ڕەفز کردنی هەر شتێك کە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا تێکدەگیرێ، لە بواری تێڕوانینەکان و، بەهایەکان و، پێوەرەکاندا.

٣- پێشکەشکردنی دروشمەکانی پەرستن تەنیا بۆ خوا ﷻو، پێ هەڵسانیان بەپێی ئەوەی ڕێبازی پێغەمبەرەکەی ﷺ دیاریی کردوە.

٤- بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی کاروباری ژیان، لەسەر ئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگاو دەوڵەت، بەپێی ئەوەی حوکمەکانی ئایینی ڕێك و ڕاستی خواو، شەریعەتە کاربەجێیەکەی فەرمانیان پێکردوە.

بڕگەی سێیەم: چەسپاندنی تەنیایی خوا لە پەرستراوێتییداو، پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانان و، هەبوونی پەرستراوانی دیکە:

ئەمیش لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا خوا ﷻ ڕایگەیاندوەو، پانتاییەکی زۆری لە کتێبی خوا (**كتاب الله**)دا بۆ تەرخانکراوە، کە ئێمە بە چەند نموونەیەکی کەم لێی دەگەڕێین:

١- خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾المؤمنون، واتە: خوا هیچ ڕۆڵەی نین و، هیچ پەرستراویشی لەگەڵ نین، ئەگەرنا هەر پەرستراوە ئەوەی دروستیکردوە خۆی سەرپەرشتیی دەکردو، هەندێکیشیان بەسەر هەندێکیان دا زاڵ دەبوون، پاکیی بۆ خوا لەوەی خوای پێ وەسف دەکەن، زانای پەنهان و ئاشکرایە، بەرزە لەوەی دەیکەنە هاوبەش بۆی.

لێرەدا خوا دوو بەڵگان دێنێتەوە، لە سەر تەنیا پەرستراوێتیی خۆی:

بەڵگەی یەکەم: دەفەرموێ: ﴿ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ ﴾، واتە: ئەگەر گریمان پەرستراوێکی دیکە لەگەڵ خوادا ببووایە، دەبووایە بەدیهێنەر بێ، چونکە جگە لە بەدیهێنەر شایستەی پەرستراوێتیی نیە، ئنجا ئەگەر بەدیهێنەرێکی دیکە هەبووایە لەگەڵ خواداو، دروستکراوانی هەبوونایە و، حوکمڕانیی هەبووایە، وەك چۆن خوای بەرزو مەزن هەیەتی، ئەو کاتە هەر کام لە خواو لەو بەدیهێنەرە گریمانە کراوە، دروستکراوەکانی خۆی بەو شێوەیەی خۆی پێیخۆشە بەڕێوەی دەبردن، بۆیە لە ئەنجامدا لە نێوان ویستی ئەو بەدیهێنەرە گریمانە کراوەو، ویستی خوای بەدیهێنەردا، تێکگیران دروست دەبوو، ئەوەیە کە دەفەموێ: ﴿ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ ﴾.

بەڵگەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ﴾، هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا زاڵ دەبوون، ئاوا ڕوونی دەکەینەوە: ئەگەر گریمان پەرستراوانێکی دیکە هەبوونایە، جگە لە خوا ﷻ لەو حاڵەتەدا هیچ بواری تێدانیە کە تێکگیران لە نێوانیاندا دروست دەبوو، چونکە پەرستراو ڕازیی نابێ، مەگەر بەوەی ملپێکەچکەر بێ بۆ جگەلە خۆی و، بەسەریدا زاڵ بێ، بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو، هەموو شتێك لە ژێر دەستی خۆیدابێ، ئنجا لەبەر ئەوەی ئێمە جگە لە هەیمەنەو دەسەڵاتی خوای بەدیهێنەری پەروەردگار نابینین، کەواتە: پەرستراوێکی دیکە جگەلە خوا بوونی نیە.

٢- خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ ﴿٢١﴾ لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾الأنبياء، واتە: یان ئایا پەرستراوانێکیان لە زەویدا گرتوون کە زیندوو دەکەنەوەو بڵاو دەکەنەوە دوای ئەوەی مردوون؟ ئەگەر جگە لە خوا پەرستراوانی دیکە ببوونایە لە ئاسمان و زەویدا، تێکدەچوون، پاکیی بۆ خوا، خاوەنی عەرش، لەوەی پێی وەسف دەکەن.

چونکە ئەگەر پەرستراوانی دیکە ببوونایە، دەبووایە دروستکراویان هەبن، بێگومان ئەو کاتەش ئەو دوو پەرستراوە کە هەر کامیان دروستکراوی خۆی هەن و، سەرپەرشتییان دەکات، دەبووایە تێکبگیرێن!

٣- شەش پرسیارکردنی خوا بەشێوەی نکووڵیلێکردن، لەبارەی شیرکەوە:

پرسیاری یەکەم، خوا ﷻ ئاوا دەستی پێدەکات: ﴿ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَىٰ آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾النمل، واتە: بڵێ ستایش بۆ خواو سەلام لەسەر ئەو بەندانەی هەڵیبژاردوون، ئایا خوا باشترە یان ئەوانەی دەیانکەنە هاوبەشی؟

پرسیاری دووەم، خوا لە ئایەتی ژمارە (٦٠)دا دەفەرموێ: ﴿ أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ

لَكُمْ أَن تُنبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ... ﴿٦٠﴾ ﴾، واتـە: یـان ئایا ئەو کەسـەی ئاسـمانەکان و زەوی هێناونـە دی و لەسـەرێوە ئـاوی بـۆ دابەزانـدوون، کـە بـاخ و گـوڵ و گوڵـزارو بـاخ و بێسـتان و دیمـەن جوانـەکانی پـێ ڕوواندوون، ئێـوە نەتاندەتـوانی درەختـەکانی پـێ بڕوێنـن، ئایـا لەگـەڵ خـوادا پەرسـتراوی دیکـە هـەن؟

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴾، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵێکن لادەدەن.

پرسـیاری سـێیەم: ئنجـا خـوا لـە ئایـەتی ژمـارە (٦١)دا پرسـیارێکی دیکـە دەکات، دەفەرموێ: ﴿ أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَـٰلَهَآ أَنْهَـٰرًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِىَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾، واتە:یـان ئایـا کێیـە ئـەو کەسـەی زەوی بـۆ کردوونـە نشـینگەو لـە میانیـدا ڕووبـارەکانی بـەڕێ کـردوون و، چیـا چەسـپاوەکانی تێـدا دانـاون و، لـە نێـوان دوو دەریایـەکان (ئـاوی شـیرین و سـوێر)دا پـەردەی دانـاوە (تاکـو تێکـەڵ بـە یەکـدی نەبـن) ئایـا لەگـەڵ خـوادا پەرسـتراوی دیکـە هەیـە؟ بەڵکـو زۆربەیـان نازانـن، بۆیـەش دەفەرمـوێ: زۆربـە، چونکـە کەمێکیـان زانیویانـە، بـەڵام بـۆ چەواشـەکردنی خەڵکەکەیـان وایـان پێشـانداوە کـە نازانـن.

پرسـیاری چـوارەم: خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾، واتـە: یـان ئایـا کێیـە ئـەو کەسـەی وەڵامـی بابـای بـێ دەرەتـانی ناچـار دەداتـەوە کاتێـك لێـی دەپاڕێتـەوەو، ئـەو زیـان و خراپەیـەی هەیـە لێـی لادەبـات و، دەتانکاتـە جێنشـین لەسـەر زەوی، ئایـا لەگـەڵ خـوادا پەرسـتراوی دیکـە هەیـە؟ بەڵکـو کـەم بیرتـان دەکەوێتـەوەو پەندوەردەگـرن.

پرسـیاری پێنجـەم: ﴿ أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَـٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦٓ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ تَعَـٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾،واتـە: یـان ئایـا کێیـە کـە لـە تاریکاییـەکانی وشـکانیی و دەریـادا ڕێنماییتـان دەکات و، کێیـە

بایـەکان دەنێـرێ، وەك مـوژدە لەپێـش دەسـتی بارانەکەیـەوە، ئایـا جگـە لـە خـوا پەرسـتراوی دیکـە هەیـە؟ بەرزیـی بـۆ خـوا لـەوەی دەیکەنـە هاوبـەشی.

پرسـیاری شەشـەم و کۆتایـی: ﴿ أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾، یـان ئایـا کێیـە ئـەو کەسـەی دروسـتکراوان وەدیدێنـێ، دواییـش دەیانگێڕێتـەوەو، کێیـە لـە ئاسـمان و زەوییـەوە (لەسـەرێ و خوارێـوە) بژیوتـان دەدات، ئایـا لەگـەڵ خـوادا پەرسـتراوی دیکـە هەیـە؟ بڵـێ: بەڵگەتـان بێنـن، ئەگـەر لـە ڕاسـتانن؟

بڕگەی چوارەم: خوا ﷻ فریشتەکانی دابەزاندوون بە پەیامی خۆیەوە بۆ پێغەمبەران (عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام) تاکو بە خەڵك ڕابگـەیەنن: تەنیـا خوا بپەرستن و، پارێز لە خوا بکەن:

ئەمیـش لەگەلیـك ئایـەتی قورئـان دا هاتـوە، بەشـێوازی جـۆراو جـۆر، بـۆ وێنـە لـە سـوورەتی **(النحـل)**، ئایەتـەکانی: (٢ و٣)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ أَنْ أَنذِرُوٓا۟ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ﴿٢﴾ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣﴾ ﴾النحـل، واتـە: (خـوا) فریشـتەکانی بـە ڕووح لـە لایـەن خۆیـەوە بـە فەرمـانی خـۆی دابەزانـدوون، بـۆ سـەر هـەر کەسـێك لـە بەنـدەکانی کـە بیـەوێ، کـە پێیـان ڕابگەیەنـن: بێجگـە لـە مـن (بێجگـە لـە خـوا) هیـچ پەرسـتراوێك نیـە، دەجـا پارێـز لـە مـن بکـەن، ئاسـمانەکان و زەوی بـە حـەق هێناونـە دی، خـوا بـەرزە لـەوەی دەیکەنـە هاوبـەشی.

بڕگەی پێنجەم: خوا تێکڕای پێغەمبەرانی صەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێ ناردوون بۆ ڕوونکردنەوەی تەنیا پەرســـتراوێتیی خـــوا بۆ خەڵك و، پێڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە:

بۆ وێنە:

١- لە ئایەتی (٢٥)ی سووڕەتی (**الأنبياء**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾الأنبياء، واتە: لە پێش تۆدا هیچ ڕەوانەکراوێکمان نەناردوە، مەگەر پێمان ڕاگەیاندوە جگە لە من هیچ پەرستراوێك نیە، تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن، کەواتە: خوا ﷻ تێکڕای پێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بە پەیامی تەوحیدەوە ناردوون.

٢- لە سووڕەتی (**النحل**) ئایەتی (٣٦)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾النحل، واتە: لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕەوانەکراوێمان ناردوە، کە خوا بپەرستن و خۆتان لە طاغووت دوور بگرن، ئنجا خەڵکەکە هەیانبووە خوا ﷻ خستوویەتە سەر ڕاستە ڕێ (لەبەر ئەوەی هیدایەتی خوای قبووڵ کردوە)و، هەشیان بووە گومڕایی لەسەر چەسپاوە، (چونکە پشتی لە هیدایەتی خوا کردوە) بە زەویدا بڕۆن، ئنجا سەرنج بدەن سەرەنجامی بە درۆدانەران چۆن بووە!

بڕگەی شەشەم: خوا ﷻ زۆر بە سەختیی ڕێگریی کردوە لەوەی هاوبەشی بۆ دابنرێ و، زۆر بە ترسناکیی خەڵکی لە سەرەنجامی شوومی هاوبەش بۆ خوا دانان ترساندوە:

ئەمیش پانتاییەکی زۆری لە فەرمایشتی خوادا بۆ تەرخانکراوە، بۆ وێنە:

١- لە سووڕەتی **(القصص)** خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾القصص، واتە: لەگەڵ خوادا لە پەرستراوێکی دیکە مەپاڕێوە، بێجگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، هەموو شتێك لە بەین دەچێ، جگە لە ڕووی وی، حوکم و بڕیار بەس هی ئەوەو تەنیا بۆ لای ویش دەگەڕێنەوە.

٢- لە سووڕەتی **(الشعراء)** ئایەتی (٢١٣)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ ﴾الشعراء، واتە: لەگەڵ خوادا لە پەرستراوێکی دیکە مەپاڕێوە، ئەگەرنا بەدڵنیایی لە سزادراوان دەبی.

بڕگەی حەوتەم: خوا بەیەکگرتن و تەنیا خوا پەرستن (توحید الله) ڕێك نابێ مەگەر لەگەڵ خۆ دوور گرتندا لە هاوبەش بۆ خوا دانان و، بە بێ خۆ دوور گرتن لە هاوبەش بۆ خوا دانان، تەنیا خوا پەرستیی نایەتە دی، هەروەك چۆن بەبێ خۆ دوور گرتن لە کوفر، ئیمان نایەتەدی:

ئەمیش لە زۆر ئایەتان دا هاتوە، بۆ وێنە:

١- خوا لە سووڕەتی **(الزمر)** ئایەتی (١٧)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ﴾الزمر، واتە: ئەوانەی خۆیان بە دوور گرتوە لە **طاغووت** کە بیپەرستن و گەڕاونەوە بۆ لای خوا، ئەوانە دڵخۆشیی و موژدەیان بۆ هەیە.

٢- لە سووڕەتی **(البقرة)** ئایەتی (٢٥٦)دا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ... ﴿٢٥٦﴾ ﴾البقرة، واتە: هەر کەسێك

کوفر بە طاغووت بکات و ئیمان بە خوا بێنێ، دەستی بە قوڵفە زۆر قایمەکەوە گرتوە کە هەرگیز پچڕان و پسانی بۆ نیە.

بڕگەی هەشتەم: پەرستراوێتیی خوا ﷻ، هەر کام لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی خـــوا، خوازیارینی.

واتە: لەبەر ئەوەی خـــوا ﷻ بەس خۆی بەدیهێنەرەو بەس خۆی پەروەردگارە، ئـەو دووانە هـــەر کامێکیان خوازیاری ئەوەیە دەبێ تەنیا خوا بپەرسترێ، ئەمیش لە قـــوڕئـــان دا زۆر جەختی لە سەر کراوەتەوەو باسکراوە، بۆ نموونە:

١- لە سوورەتی (**فاطر**) ئایەتی (٣)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣﴾ ﴾**فاطر**، واتە: ئەی خەڵکینە! یادی چاکەی خوا بکەنەوە بەسەر خۆتانەوە، ئایا جگە لە خوا بەدیهێنەرێکی دیکە لە ئاسمان و زەویەوە بژیوتان دەدات؟ بێجگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، بۆ کوێ لادەدرێن؟

٢- لە سوورەتی (**غافر**)یشدا، خوا ﷻ لە ئایەتەکانی: (٦١ و ٦٢)دا، دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦١﴾ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾**غافر**، ئایەتی پێشێیان (ئایەتی سێی (**فاطر**)) باسی بەدیهێنەرایەتیی خوا بوو کە خوازیاری ئەوەیە تەنیا خوا بپەرسترێ، ئەمەشیان باسی پەروەردگارێتیی خوایە، پەروەردگارێتیی خواش خوازیاری ئەوەیە تەنیا خوا بەندایەتیی بۆ بکرێ، دەفەرموێ: خوا ئەو زاتەیە شەوگاری بۆ گێڕاون، تاکو تێیدا پشوو بدەن و، ڕۆژگاریشی بۆ گێڕاون بەپێبینەر، (کە تێیدا دەبینن و کاسبیی تێدا دەکەن) بە دڵنیایی خوا خاوەن چاکەو بەخشش بەسەر خەڵکەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزار نین، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، کەواتە: بەرەو کوێ لادەدرێن؟ (وەك ویستی خۆتانتان لەدەست دابێ!)

بڕگەی نۆیەم: پێویستە بەندایەتیی تەنیا بۆ خوا بکرێ، هەرچەندە بێبڕوایان پێیان نـاخۆش بێ و، هـەل و مـەرج و بارودۆخ بە هـەر شێوەیەك بێ:

ئەمیش لە زۆر ئایەتی قورئان دا خراوەتەڕوو، بۆ نموونە:

١- لە سوورەتی (**غافر**)دا، خوا ﷻ ڕووی کردۆتە مسوڵمانان و دەفەرموێ: ﴿ فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾غافر، واتە: لە خوا بپاڕێنەوە، ملکەچیی خۆتانی بۆ ساغ بکەنەوە، هەرچەندە بێبڕوایەکان پێیان ناخۆش بێ.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**العنكبوت**)یشدا، خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە بارودۆخ هەر چۆن بێ و چییەك بێ، دەبێ تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکرێ، دەفەرموێ:

﴿ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٥٧﴾ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ الْجَنَّةِ غُرَفًا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ ﴿٥٨﴾ الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٥٩﴾ وَكَأَيِّن مِّن دَابَّةٍ لَّا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٦٠﴾ ﴾ العنكبوت.

واتـە: ئـەی ئـەو بەندانـەم کـە بڕواتـان هێنـاوە! سـەر زەوی مـن فراوانـە، تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ مـن بکـەن [ئەگـەر لێـرەدا ڕێـت لـێ گیـرا تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ خـوا بکـەی، ئێـرە بەجـێ بهێڵـەو بچـۆ بـۆ شـوێنێکی دیکـە، لـە مردنیـش مەترسێن] هەمـوو نەفسـێك دەبـێ مـردن بچێـژێ، دواییـش بـۆ لای ئێمـە دەگێڕدرێنـەوە، [دەبـێ بزانـن چـۆن و بـە چ چـاوو ڕوویـەك دێنـەوە] ئەوانـەش کـە بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجام داون، لـە بەهەشـتدا نیشـتەجێیان دەکەیـن، لـە کۆشـکە بەرزەکانـدا، ڕووباریـان بـە ژێـردا دەڕۆن، بـە هەمیشـەیی تێیانـدا دەمێننەوە، باشـترین

پاداشـت پاداشـتی کارکەرانـە، [ئەوانـەی کاریـان کـردوە بـۆ خـوا] ئەوانـەی خۆیـان ڕاگرتـوەو پشتیشـیان تەنیـا بـە پەروەردگاریـان بەسـتوە، [لـە بژیویـش مەترسێن] زۆر زینـدەوەر هـەن بژیوەکەیـان هەڵناگـرن، خـوا بژیـوی ئەوانیـش و ئێـوەش دەدات، ئەو بیسـەری زانایـە [دەنـگ و قسـەتان دەبیسـتێ و حـاڵ و باڵیشـتان دەزانـێ]

بڕگەی دەیەم: پەرســتنی خوای بەرز، ئەو حیکمەتەیە کە خــوا جـندو مرۆڤی تەنیا بۆ ئەوە دروستکردوون.

خــوای بەرزومـەزن لـە ئــایەتی (٥٦)ی سـوورەتی (الذاریـات)دا دەفەرمــوێ: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاریـات، واتـە: جنـدو مرۆڤـم تەنیـا بـۆ ئـەوە دروسـتکردوون، بمپەرسـتن، بەندایەتییـم بـۆ بکـەن.

هەڵبەتـە تەنیـا پەرسـتنی خـوا لـە لایـەنی جنـدو مرۆڤـەوە دەبـێ ورد بیـن! ئـەوە خۆیانـن جنـدو مرۆڤـن، کـە لـە پەرسـتنەکەیان بـۆ خـوا بەهەرەمەنـد دەبـن، ئەگەرنـا خـوا ﷻ زۆر لـەوە بەرزتـرە پێویسـتیی بـە پەرسـتنی جنـدو مـرۆڤ بـێ، یـان پێویسـتیی بـە پەرسـتنی جۆرێـکی دیکـە لـە بەنـدەکانی بـێ کـە فریشـتەکانن، چونکـە خـوا ﷻ بـەر لـەوەی فریشـتەکان و جنـدو مرۆڤیـش بخوڵقێنـێ، چـۆن بـووە، ئێسـتاش هـەر وایـەو، دوای ئـەوەی ناشـمێنن (بـە نسـبەت جنـدو مرۆڤـەوە لـە ژیـانی دنیـادا نامێنـن) خـوا هـەر وەك خۆیـەتی، ئـەو حەقیقەتـەش لـە زۆر شـوێنی قورئانـدا ڕوونکراوەتـەوە، بـۆ وێنـە:

١- لە سوورەتی (**فصلت**) لە ئایەتی (٤٦)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾ ﴾**فصلت**، هەر کەسێك چاکەیەك بکات سوودەکەی بۆ خۆیەتی و، هەرکەس خراپەش بکات زیانەکەی لەسەر خۆیەتی و، پەروەردگارت ستەمکار نیە بۆ بەندەکانی.

٢- هەروەها لە سوورەتی (الإسراء)یشدا دەفەرموێ: ﴿إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا ... ﴿٧﴾﴾الإسراء، ئەگەر چاکە بکەن سوودەکەی بۆ خۆتانەو، ئەگەر خراپەش بکەن، زیانەکەی هەر بۆ خۆتانە، یانی: ئەوە خۆتانن لە پەرستنی پەروەردگارتان بەهرەمەند دەبن و، خۆشتانن کە لە نەپەرستنی زیانبار دەبن، ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ جندو مرۆڤی خوڵقاندوون و پەرستنی خۆیشی لەسەر پێویست کردوون، بۆ ئەوەی بەهرەمەندیان بکات؟ بێگومان خوای پەروەردگار ویستی وابووە، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾﴾الأنبياء، ئەو (خوا) لێی ناپرسرێ لەوەی دەیکات و ئەوان لێیان دەپرسرێ، چونکە خوا هیچ شتێکی بێجێ ناکات و، هەر شتێك دەیکات ئەوپەڕی حیکمەتی تێدایە.

بڕگەی یازدەیەم: هاوبەش بۆ خوا دانان گوناهێکی مەزنەو، هەرگیز لێبوردنی خواو بەزەیی خوا نایگرێتەوە.

لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا ئەم ڕاستییەش خراوەتە ڕوو، بۆ وێنە:

١- خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعْبُدْ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾﴾الزمر، خوا بە پێغەمبەری خاتەم دەفەرموێ ﷺ: پێیان بڵێ: ئایا فەرمانم پێ دەکەن (پێم دەڵێن) جگە لە خوا بپەرستم؟ ئەی نەفامینە! بە دڵنیایی بۆ لات توو بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش سرووش کراوە (پەیام نێردراوە) کە ئەگەر هاوبەش دابنێی کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوەو لە زیانباران دەبی، بەڵکو تەنیا خوا بپەرستەو لە سوپاسگوزارن بە.

٢- هەروەها لە سوورەتی (الأنعام)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾، خوا دوای ئەوەی ناوی هەژدە (١٨) لە پێغەمبەران دێنێ صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێ،

دەفەرموێ: ئەوە ئەو ڕێنماییەیە کە خوا هەر کەسێك بیەوێ لە بەندەکانی پێی ڕاستە ڕێ دەکات و، ئەگەر هاوبەشیان بۆ خوا دانابایە، [ئەو هەژدە پێغەمبەرە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)] کردەوەکەیان هەڵدەوەشانەوە، یانی: هەرچی ئەنجامیان داوە لە کردەوەی باش، هەموویان لێ هەڵدەوەشایەوە، بەهۆی شیرکەوە.

٣- لە سوورەتی (النساء)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾النساء، واتە: بە دڵنیایی خوا لەوە نابوورێ هاوبەشی بۆ دابنرێ، بەڵام جگە لەوە بۆ هەر کەسێك بیەوێ، لێی دەبوورێ، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا دابنێ، درۆیەکی مەزنی بۆ خواوە هەڵبەستوە.

٤- لە سوورەتی (**الحج**) لە ئایەتی (٣١)دا، دەفەرموێ: ﴿ حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِۦ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾ ﴾**الحج**، واتە: ساغ و پاك گەڕاوە بن لە هەموو ڕێچکەکانەوە بەرەو ڕاستەڕێی خوا هاوبەشی بۆ دامەنێن و، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا دابنێ، وەك ئەوە وایە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوار، باڵندە ڕفاندبیان، یاخود با بردبێتی بۆ شوێنێکی دوورو قووڵ.

کەواتە: شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان گوناهێکە هەرگیز قەڵەمی عەفووی بەسەردا نایەت و، هیچ گوناهێك لە گوناحەکان لە شیرك گەورەتر نیە، لەو گوناهانەی دەگونجێ خاوەنانی ئیمانیش تووشیان ببن، بەڵام بێگومان هەر کەسێك تووشی گوناهی گەورەی شیرك ببێ، هەموو کردەوە چاکەکانی هەڵدەوەشێنەوەو، هەرگیز گوناهی شیرك لێبوردنی بۆ نیە، بەدڵنیاییش شیرك لێرەدا مەبەست پێی شیرکی گەورەیە، شیرکی گەورەش ئەوەیە کە یەکێك لە دروستکراوەکانی خوا بهێنرێتە ئاستی خواو ڕیزی خوا، لە شتێك لەو شتانەدا کە تایبەتن بە خواوە، وەك لە سوورەتی (**الشعراء**)دا، موشریکەکان گوتوویانە: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾، واتە: سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بووین، کە ئێوەمان یەکسان دەکرد لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییاندا.

یەکسانکردنی هەر شتێك لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییاندا بە شیرك دادەنرێ، چ لە بەدیهێنەرایەتیی و، چ لە پەروەردگارێتیی و، چ لە خاوەندارێتیی و، چ لە پەرستراوێتیی، یاخود لە ناوو سیفەتەکانیدا.

بڕگەی دوازدەیەم: حیکمەتی ئەوە کە ئیسلام (لا إِلَهَ إِلاَّ الله)ی کردوە بە دروشمی هەرە مەزنی، ئەوەیە کە خوا بە یەکگرتن لە پەرستراوێتییدا (توحيد الله في الألوهية) هەموو جۆرەکانی دیکەی خوا بەیەکگرتن دەگرێتە خۆی:

ئیسلام گرنگییەکی بەرچاوی داوە بە وشەی بەپێزی (لا إِلَهَ إِلاَّ الله)و لە قورئاندا لە زۆر شوێنان دووبارە بۆتەوە، بۆ وێنە:

١- لە سووڕەتی (**البقرة**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٣ ﴾، واتە: پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، بە بەزەیی بەخشندەیە.

٢- هەروەها لە سووڕەتی (**البقرة**)دا: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ .. ٢٥٥ ﴾. واتە: خوا جگەلەو هیچ پەرستراوێك نیە، هەمیشە ژیاوی سەرپەرشتیارە.

٣- لە سووڕەتی (**آل عمران**)دا: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ٢ ﴾.

٤- لە سووڕەتی (**النساء**)دا: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ... ٨٧ ﴾.

٥- لە سووڕەتی (**الصافات**)دا: ﴿ إِنَّهُمۡ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسۡتَكۡبِرُونَ ٣٥ ﴾. ئەوان (بێبڕوایان) هەرکات پێیان گوترا: جگەلە خوا هیچ پەرستراوێك نیە، خۆیان بەزل دەگرن.

٦- لە سووڕەتی (**محمد**)دا: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ... ١٩ ﴾محمد، بزانە! کە هیچ پەرستراوێك جگەلە خوا نیە...

٧- لە سوورەتی (التغابن)دا: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٣﴾ ﴾. خوا هیچ پەرستراوێك جگەلەو نیەو، بابڕوادارانیش تەنیا پشت بە خوا ببەستن.

هەروەها لەو فەرموودەیەش دا کە بە فەرموودەی جیبریل (**حدیث جبریل**) ناسراوە کە بوخاریی و موسلیم هێناویانە، موسلیم لە صەحیحی خۆیدا بە ژمارە: (١) و، بوخارییش بە ژمارە: (٥٠)، بڕوا بوون بە: تەنیا پەرستراوێتیی خوا (**توحید الله**) کراوە پایەی مسوڵمانەتیی، یەکەمین، کە جیبریل بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (**أَخبِرني عَنِ الإسلام**) ئەویش وەڵام دەداتەوە: {**أَن تَشهَدَ أَن لا إِلَهَ إِلاَّ اللّه وَ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللّه، وَتُقِيمَ الصَّلاةَ، وَتُؤتِيَ الزَّكاةَ، وَ تَصُومَ رَمَضانَ، وَ تَحُجَّ البَيتَ إِنِ استَطَعتَ إِلَيهِ سَبِيلاً**}، کاتێك جیبریل علیە السلام لە شێوەی پیاوێکی نەناسراودا لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەپرسێ: لە بارەی ئیسلامەوە هەواڵم پێ بدە، ئیسلام چییە؟ پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: ئیسلام ئەوەیە کە شایەتمان بێنی جگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیەو، موحەممەدیش ڕەوانەکراوی خوایەو، نوێژ بەرپا بکەی و، زەکات بدەی و، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگری و، سەردانی ماڵی خوا بکەی، ئەگەر ڕێت تێبردو توانیت بچی.

١- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ وشەی تەوحید: (**لا إِلَهَ إِلاَّ الله**)ی خستۆتە بانگەوەو.

٢- خستۆتە قامەتەوەو، ٣- خستۆتە تەحیاتەوەو، ٤- خستۆتە وتاری جومعەوەو، ٥- خستۆتە وتاری جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و، ٦- خستۆتە وتاری داوای باران بارین کردن (**الإستِسقاء**)و، ٧- خستۆتە وتاری داوای ئافرەت کردن (**خُطبَةُ الخِطبَة**)، ئەوانە هەموویان لە ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ چەسپاون.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم وشە موبارەکەی خوا بە یەکگرتن (**لا إِلَهَ إِلاَّ الله**) وشەیەکی دیکەشی پێیەوە پەیوەست کردوە، کە بریتیە لە شایەدیدان بە ڕەوانەکراوێتیی موحەممەد ﷺ لە لایەن خواوە (**محمد رسول الله**) چونکە لە ڕێی موحەممەدەوە ﷺ ئێمە دەتوانین خوا ﷻ وەك پێویست بناسین، بیپەرستین و بەندایەتیی بۆ بکەین.

شـایانی باسیشـە: زۆرێـك لـە ڕوونكـەرەوانی قورئـان هـەر كام لـە وشـەی: ﴿كَلِمَةً طَيِّبَةً﴾، لـە ئایـەتی (٢٤)ی سـوورەتی (**إبراهیـم**)دا، هەروەهـا وشـەی: ﴿ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ﴾ لـە ئایـەتی (١٠)ی سـوورەتی (**فاطـر**)و، وشـەی: ﴿كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ لـە ئایـەتی (٢٦)ی سـوورەتی (**الفتـح**)و، وشـەی (**الحُسـنَى**)، لـە سـوورەتی (**الليـل**) ئایەتەكانی: (٦ و٩)دا، بـە وشـەی تەوحیـد (**لا إلَـهَ إلاَّ اللـه**) مانایـان كـردوە[1]،

دەتوانیـن حیكمـەت و هـۆكاری ئـەوە، كـە خـوا ﷻ ئـەم وشـەی موبارەكـەی (**لا إلَـهَ إلاَّ اللـه**)ی هێنـدە گرنگیـی پێـداوەو، كردوویـەتی بـە دروشـمی هـەرە مـەزنی ئاییـن و بەرنامـەی خـۆی، دوا نوسـخەی هیدایـەت و بەرنامـەی خـۆی كـە بـە پێغەمبـەری كۆتایـی خۆیـدا ناردوویـەتی، دەتوانیـن لـە سـێ شـتاندا كـورت بكەینـەوە:

یەكەم: (**لا إلَهَ إلاَّ الله**) ئەو وشەیە كە باشترین تەعبیر دەكات لە بەیەكگرتنی خوای بەرز لە پەرستراوێتییدا، واتە: ئەوە كە تەنیا خوا ﷻ پەرستراو بێ و، بەدڵنیایی بە یەكگرتنی خوا لە پەرستراوێتییەكەشیدا، هەموو جۆرەكانی دیكەی خوا بەیەكگرتن دەگرێتە خۆی:

١- بەیەكگرتنی خوا لە بەدیهێنەرایەتییداو، بڕوا هێنان بەوە كە تەنیا خوا بەدیهێنەری هەموو شتێكە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ۝٦٢﴾الزمر.

٢- خوا بە یەكگرتن لە پەروەردگارێتییداو، بڕواهێنان بەوەی تەنیا خوا بەخێوكارو پەروەردگارو مشوورخۆری هەموو شتێكە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ۚ يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ۝٦﴾الزمر.

---

(١) وەك (إبـن كثیر) لـە تەفسـیرەكەی خۆیـدا هێناویـەتی (المصباح المنیر في تهذیـب تفسـیر ابـن كثیر) لاپـەڕەكانی (٧٠١ و ١١٢٦ و ١٢٩٢)، هەروەهـا (تیسـیر الكریـم الرحمـن في تفسـیر كلام المنـان) ی (عبـد الرحمـن بـن نـاصر السـعدي)، لاپـەڕە (٩٢٧).

٣- خوا بە یەکگرتن لە خاوەندارێتییداو، بڕواهێنان بەوە کە تەنیا خوا خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو شتێکە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لَهُ ٱلۡمُلۡكُ﴾، واتە: حوکمڕانیی و خاوەندارێتیی هەمووی هی خوایە.

٤- هەروەها خوا بە یەکگرتن لە پەرستراوێتییدا، بە یەکگرتنی خوا لە ناوو سیفەتەکانیشیدا دەگرێتە خۆی، یانی: بڕواهێنان بەوە کە هەرچی ناوی بەرزو پەسندەو هەرچی سیفەتی چاکە، تەنیا هی خوای بەرزومەزن و پەروەردگارن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ...﴿١١٠﴾﴾الإسراء، واتە: ئەو (خوا) ناوە هەرە چاکەکانی هەن... هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَهُ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ...﴿٢٧﴾﴾الروم، واتە: سیفەتی هەرە بەرز لە ئاسمانەکان و زەویدا، تەنیا هی وی (خوا)یە.. کەواتە: ئەمە حیکمەتی یەکەم، کە خوا بەیەکگرتن لە پەرستراوێتییدا، خوا بە یەکگرتن لە بەدیهێنەرایەتییداو، لە پەروەردگارێتییداو، لە خاوەندارێتییداو، لە ناوو سیفەتەکانیشیدا دەگرێتە خۆی.

دووەم: هەر کام لە بەدیهێنەرایەتیی خواو پەروەردگارێتیی خواو خاوەندارێتیی خوا، بۆ خوا چەسپاون و خەڵك بیانەوێ و نەیانەوێ، حەز بکەن و حەز نەکەن، هەر دروستکراوی خوان، پەروەردەکراوی خوان و بەس خوا خاوەنیانەو بڕواهێنانیان و بڕوا نەهێنانیان، بەوەی خوا بەدیهێنەریانە، یان پەروەردگاریانە، یاخود خاوەنیانە، هیچ لەو واقیعە ناگۆڕێ، بەڵام پەرستراوێتیی خوا لە ژیانی خەڵکدا بەو شێوەیە نیە، بەڵکو هەر کەسێك بیەوێ خوا بە پەرستراو دەگرێ و تەنیا خوا دەپەرستێ و، دەبێتە بەندەو پەرستەر بۆ خواو، کەسێکیش نەیەوێ، دەتوانێ خوا نەپەرستێ، یاخود بیپەرستێ، بەڵام هاوبەشی بۆ پەیدا بکات، بۆیە بە پەرستەری خواو بەندەی خوا دانانرێ، بەڵام بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی خوا، هەڵوێستی بەندەکان هیچ لەوە ناگۆڕێ، هەڵبەتە مەبەستمان ئەوە نیە، کە هەرکات خەڵك بێبڕوابوون یاخود هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون، مانای وایە سیفەتی پەرستراوێتیی لە خوا ﷻ دادەڕنن، نا، دروستکراوەکان زۆر لەوە گچکەترن، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە ئەوان ئەگەر تەنیا خوا بپەرستن، ئەوە خۆیان ژیانیان دەگۆڕێ، ئەگەرنا بێگومان خوای تاك و پاك ئەوان

بیپەرستن و نەیپەرستن، هەر تاکە پەرستراوە، واتە: پەرستراوێتیی خوا لە واقیعدا چەسپاوە، بە نسبەت هەموو بوونەوەرەوە، جگە لە چەنگێك لە بێبڕواو هاوبەش بۆ خوا دانەرانی مرۆڤ و جند، ئەوانیش دەبنە شتێکی ڕیزپەڕ و دەگمەن لە سیستمی گشتیی خوا، کە لە دروستکراوەکانیدا دایناوە.

کەواتە: حیکمەتێکی دیکە کە ئیسلام وشەی: (لا إِلَـهَ إِلاَّ اللـه)ی کردوە بە دروشمی هەرە مەزنی خۆی، ئەوەیە کە مرۆڤەکان مافی سەرپشك بوون و ئازادییان پێدراوە، کە خوا ﷻ بکەنە تاکە پەرستراوی خۆیان، یاخود نەیکەن، ئنجا کە دەڵێن: (لا إِلَـهَ إِلاَّ اللـه) بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە، ئەگەر بەڕاستیی و بە هەقەوە وابڵێن، تەعبیر دەکات لە تەنیا پەرستراوێتیی خوا لە لایەن ئەو کەسەوەی وادەڵێ، کە تەنیا خوا پەرستراویەتی و، تەنیا خوا ﷻ ئەو زاتەیە کە ئەوپەڕی خۆشویستن و، لێترسان و، سام و هەیبەت بەرانبەر نواندن و، مل بۆ کەچکردن و، بە گەورە گرتن و، بە بەرز گرتن و، پشت پێبەستنیان بۆی هەیە.

سێیەم: ئەم وشە موبارەکە (لا إِلَهَ إِلاَّ الله) وەك چۆن یەکتایی خوا لە پەرستراوێتییدا دەچەسپێنێ، لە هەمان کاتیشدا هەموو جۆرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانان لادەبات، بۆیەش زانایانی ئیسلام ناویان لەو وشەیە ناوە: (**كَلِمَةُ النَّفي وَالإِثْبات**)، وشەی لابردن و چەسپاندن، چونکە هەرچی هاوبەشە بۆ خوا لایدەبات و، تەنیا پەرستراوێتیی خوای پەروەردگاریش دەچەسپێنێ، کەواتە: حیکمەتێکی دیکەی دانانی ئەم وشەیە بە دروشمی هەرە مەزنی ئیسلام و، جیاکەرەوەی مسوڵمان نامسوڵمان و، تەنانەت لە جەنگەکاندا، کەسێك شمشێری لێ بەرز کرابێتەوەو لەو کاتەدا گوتبێتی: (لا إِلَهَ إِلاَّ الله) مانای وایە لە ڕیزی هاوبەش بۆ خوا دانەران و بێبڕوایان هاتۆتە دەر، چۆتە نێو ڕیزی خەڵکی ئیسلامەوە، ئەوەیە: هەر کەسێك ئەو وشەیەی گوت، هەرچی جۆری شیرکە لە خۆی دادەڕنێ، بەڵام بە مەرجێك لە قووڵایی دڵیەوەو بەساغیی و بەڕاستیی ئەوەی گوتبێ.

بڕگەی سێزدەیەم: مرۆڤ چاری ناچارە دەبێ هەر بەندەبێ، یان بەندەی خوای بەرز، یاخود بەندەی شەیتان، بەشێوەیەك لە شێوەكان:

ئەمیش پێشتریش ئاماژەمان پێدا و، لە زۆر شوێنی قورئاندا ئەو ڕاستییە دووبارە كراوەتەوە، بەڵام لێرەش دا چەند ئایەتێك بە نموونە دێنینەوە:

١- لە سوورەتی (یس)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَـٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِى ۚ هَـٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ۖ أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾، واتە: ئەی وەچەی ئادەم! ئەی ڕۆڵەكانی ئادەم! ئایا پێم ڕانەگەیاندبوون كە شەیتان مەپەرستن، ئەو بۆ ئێوە دوژمنێكی ئاشكرایە، هەروەها پێم ڕاگەیاندن كە تەنیا بەندایەتیی بۆ من بكەن، ئەمە ڕاستە ڕێیە، بەدڵنیایی كۆمەڵێكی زۆریشی لێتان گومڕا كردن، ئایا نەتاندەفامی؟

٢- هەروەها لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾ ﴾، واتە: هەر شتێك ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە لێی مەخۆن، چونكە ئەوە لادانە، شەیتانەكان پەیام دەنێرن بۆ دۆستەكانی خۆیان، تاكو شەڕە قسەتان لەگەڵدا بكەن و، ئەگەر بە قسەیان بكەن، ئێوەش دەبن بە هاوبەشدانەر (بۆ خوا).

كەواتە: مرۆڤ ئەگەر خوا پەرست نەبێ، حەتمەن و بە مسۆگەریی بە شێوەیەك لە شێوەكان شەیتان دەپەرستێ، بۆیەش خوا ﷻ لە سوورەتی (النحل) دا دەفەرموێ: ﴿ تَٱللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَعْمَـٰلَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی لە پێش تۆشدا بۆ كۆمەڵگایەكانی دیكەمان ناردبوو (واتە: پێغەمبەرانمان بۆ ناردبوون)، بەڵام شەیتان كردەوەكانی بۆ جوان كردن، ئنجا ئەمڕۆ ئەو دۆست و نیزیكیانەو، ئازارێكی بە ئێش و سەختیان بۆ هەیە.

٣- هەر لەو بارەشەوە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: {تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ، وَعَبْدُ الدِّرْهَمِ، وَعَبْدُ الخَمِيصَةِ، إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ، وَإِنْ لَمْ يُعْطَ سَخِطَ، تَعِسَ وَانْتَكَسَ}(١) واتە: بەدبەختەو بێ مرادە کەسێك کە دەبێتە کۆیلەی دینارو، کۆیلەی درەم و، کۆیلەی جل و بەرگ، ئەگەر بیدرێتێ ڕازی دەبێ و، ئەگەر نەشیدرێتێ تووڕە دەبێ، بێمرادەو سەرەو بنە.

کەواتـە: مـرۆڤ وەك چـۆن دەگونجـێ بەنـدەی خـوا بـێ، دەشـگونجێ بەنـدەی زێـڕو بۆشـاکیش بـێ، کاتێ خـۆی زێـڕ دراوی ڕۆمـەکان بـووە و، پێـی گوتـراوە: دینـار، هەروەهـا زیویـش دراوی فارسـەکان بـووەو پێـی گوتـراوە: درەم، قەتیفـەش جـۆرە بـەرگ و پۆشـاکێکی جـوان بـووە.

بڕگەی چواردەیەم: هەڵوێستی خاوەنانی کوفر لە بەرانبەر بانگەوازکردن بۆ خوا بەیەکگرتنداو، شێوازەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی:

ئەگـەر تەماشـای کۆمەڵێـك لـە ئایەتـەکانی قوڕئـان بکەیـن، بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە بێبڕوایـان و ناحـەزانی ڕێبـازی خـوا، هەشـت جـۆرە شـێوازیان گرتوونـە بـەر بـۆ دژایەتییکـردنی پێغەمبـەرانی خـواو پەیـام و بەرنامەکەیـان:

شـێوازی یەکـەم: سەرسـوڕمان و پـێ سـەیربوون، وەك لـە ئایـەتی ژمـارە پێنجـی سـووڕەتی (ص)دا، خـوا لەسـەر زمـانی بێبڕوایـەکان ڕایگەیانـدوە کـە گوتوویانـە: ﴿ أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ ﴿٥﴾ ﴾، واتـە: ئایـا هەموو پەرسـتراوەکانی کردنـە یـەك پەرسـتراو؟! بەڕاسـتیی ئەوە شـتێکی سـەیرو سەرسـوڕهێنەرە! دیـارە خەڵك لـە شـتێك سـەری سـوڕدەمێنێ و پێـی سـەیر دەبـێ، کـە شـتێکی نامـۆو نەزانـراوو نەبیسـتراو بـێ، ئـەوان مەبەسـتیان ئەوەیـە کـە ئـەوە شـتێکە پێشـتر نەبـووەو هەڵەیە.

شـێوازی دووەم: بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی خـوا بەیەکگرتـن، بریتـی بـووە لـە فێـڵ و نەخشــە دانــان، وەك دەفەمــوێ: ﴿ وَٱنطَلَقَ ٱلْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ ٱمْشُوا۟ وَٱصْبِرُوا۟ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمْ

---

(١) أخرجه البخاري: ٢٧٣٠، وابن ماجه: ٤١٣٥، وابن حبان: ٣٢١٨.

﴿إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ ﴿٦﴾﴾ص، واتـە: دەستڕۆیشـتووەکانیان ڕۆیشـتن گوتیـان: بـڕۆن و خۆڕاگربـن لەسـەر پەرسـتراوەکانتان، ئەمـە کارێکـە دەویسـترێ، واتـە: ئـەوەی موحەممـەد ﷺ هێناویـەتی، تەگبیرێکـە لـە دژی پەرسـتراوەکانی ئێمـە.

شێوازی سێیەم: شێوازی سێیەمی ڕووبەڕووبوونـەوەی بێبڕوایـان، بریتیە لـە خـۆ بەزلگریـی، وەك لـە سـوورەتی (**الصافـات**)دا هاتـوە: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾﴾، واتـە: ئەوانـە (بێبڕوایـەکان) عادەتیـان وابـووە (لـە ژیـانی دنیـادا) کاتێـك گوترابایـە: جگـە لـە خـوا هیـچ پەرسـتراوێك نیـە، خۆیـان بـە زلدەگرت.

شێوازی چـوارەم: دڵ تێکهەڵاتـن و دڵنارەحەتیـی، وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٥﴾﴾، واتـە: کاتێـك بـە تەنیـا بـاسی خـوا بکـرێ، ئەوانـەی بڕوایـان بـە ڕۆژی دوایـی نیـە، دڵیـان دەگـووشرێ و تێکهەڵـدێ، بـەڵام کاتێـك ئەوانـەی دیکـەی جگـە لـە خـوا بـاس بکرێـن، دڵخـۆش دەبـن.

شـێوازی پێنجـەم: سـڵەمینەوەو دوورکەوتنـەوە، وەك لـە سـوورەتی (**الإسراء**) دا هاتـوە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِى ٱلْقُرْءَانِ وَحْدَهُۥ وَلَّوْا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَٰرِهِمْ نُفُورًا ﴿٤٦﴾﴾، کاتێـك بـە تەنیـا بـاسی پـەروەردگارت بکـەی، ئەوانـە پاشـەو پـاش دەکشـێنەوەو دەسـڵەمنەوە.

شێوازی شەشـەم: هەوڵـدان بـۆ ناشـیرین کـردنی سـومعەو نـاوو ناوبانگـی کەسێك کـە بانگـەوازکاری خـوا بـە یەکگرتنـە، وەك لـە سوورەتی (**الصافات**)دا هاتـوە: ﴿وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓا۟ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ ﴿٣٦﴾﴾الصافـات، (بێبڕوایـەکان) دەڵێـن: ئایـا ئێمـە واز لێهێنـەری پەرسـتراوەکانمان بیـن بـۆ شـاعیرێکی شـێت؟ واتـە: پێغەمبـەر موحەممەدیـان ﷺ تۆمەتبـار کـردوە بـە شـیعر گوتـن و شـاعیریی، هەروەهـا بـە شـێتیی!

شێوازی حەوتـەم: شـێواندنی بانگەوازەکـە، وەك لـە سـوورەتی (**فصلـت**)دا هاتـوە: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾﴾، واتە: ئەوانەی

بێبڕوان گوتیان: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن و غەڵبە غەڵبی تێدا بکەن، (دەنگە دەنگی تێدا بکەن) بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بن، واتە: تەشویش و شێواندن لە بانگەوازەکەدا پەیدا بکەن.

شێوازی هەشتەم و کۆتایی: کە من کەوتۆتە بەر چاوم، بریتیە لە ترساندن و هەڕەشە لێکردن، وەك لە سوورەتی (الشعراء)دا، هاتوە: ﴿ قَالَ لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾، دیارە فیرعەونە بە مووسا عليه السلام دەڵێ: ئەگەر تۆ جگە لە خۆم پەرستراوێکی دیکەت هەبێ، دەتخەمە گەڵ گیراوان، یانی: ئەوانەی دیکەی گرتوومن وەك تۆ.

کەواتە: بە سەرنجادانی ئەم هەشت شێوازەی دوژمنانی خوا بەیەکگرتن (توحید) بە درێژایی مێژوو گرتوویاننە بەر، بۆمان دەردەکەوێ ئێستاش لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا هەر هەمان ئەو شێوازانەن، بۆ دژایەتیی خواو پێغەمبەران بە کاردێن، بەڵام لە دیکۆرو فۆڕمی تازەدا دووبارە دەکرێنەوە.

بڕگەی پازدەیەم: تەنیا بە پەرستراو دانانی خوا ﷻ و پەرستنی، شتێکی ڕیشەدارە لە زگماکی بەشەردا، بەڵام زانینی چۆنیەتییەکەی، پەکی لەسەر وەحیی کەوتوە:

خوای میهرەبان ئەم ڕاستییەمان زۆر جوان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾الروم، واتە: دەجا ڕووی خۆت ڕێککە بە پاکیی (یاخود: بە گەڕاوەیی لە هەرچی ناهەقە بەرەو هەق) ئەوە ئەو زگماکەیە خوا ﷻ خەڵکی لەسەر سرووشتاندوە، گۆڕین نیە بۆ دروستکراوی خوا، ئا ئەوەیە ئایینی ڕاست، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

کەواتـە: بـە پاکیـی ڕووکردنـە خـوا ﷻ، هەمـان زگـماك و خـوا ڕسـکە کـە خـوا مرۆڤـەکانی لەسـەر خوڵقانـدوون، ئـەو زگماکـەی خـواش ناگـۆڕێ، بـەڵام دەگونجـێ مرۆڤـەکان دەسـتکاریی بکـەن، کـەم و زۆر، وەك خـوای بـەرز لـە فەرمایشـتێکی قودسـییدا دەفەرمـوێ: {خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ}[1] واتـە: بەنـدەکانی خـۆم سـاغ و پـاك و چـاك خوڵقاندبـوون، بـەڵام شـەیتانەکان بـە دەوریانـدا هاتـن و چـوون و لایانـدان.

هـەر لـەو بارەوە ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبەریـش ﷺ دێنیـن کـە خـوا ناسـیی و، تەنیـا خـوا بـە پەرسـتراوی خـۆ دانـان و، پـەروەردگارو بـە خـاوەن و بـە بەدیهێنـەری خـۆ دانـان، شـتێکی ڕیشـەدارو ڕۆچوویـە لـە سرووشـت و زگـماکی مرۆڤەکانـدا:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: النَّبِيُّ ﷺ: مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ، أَوْ يُنَصِّرَانِهِ، أَوْ يُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ، فَهَلْ تَرَوْنَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ!} (رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ: ١٣٥٩، وَمُسْلِمٌ: ٦٦٩٩، وَأَبُو دَاوُدَ: ٤٧١٤)، واتـە: ئەبـوو هورەیـرە خـوا لێـی ڕازی بـێ دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: هەمـوو منداڵێـك لەسـەر سرووشـتی خواپەرسـتیی و خواناسـیی لـە دایـك دەبـێ، دوایـی دایـك و بـابی دەیکەنـە جوولەکـە، یـان دەیکەنـە نەصرانیـی، یـان دەیکەنـە ئاگرپەرسـت، (وێنـە دێنێتـەوەو دەفەرمـوێ:) وەك چـۆن بەچکـەی ئـاژەڵ کـە لـە دایـك دەبـێ، بـە سـاغ و سـەلامەتیی لـە دایـك دەبـێ، ئایـا دەبینـن هیـچ کامیـان گوێـی بـڕا بـێ، یاخـود داغ کـرا بـێ؟

نەخێـر، بەڵکـو مرۆڤەکانـن کـە دوایـی دەسـتکاریی دەکـەن، واتـە: بەشـەر لـە ئەسـڵی سرووشـت و فیطرەتیـدا خواناسـە، بـەڵام دوایی ژینگـە دەیگـۆڕێ و مرۆڤەکان دەسـتکاریی دەکـەن و، بـەو شـێوەیەی لـێ دەکـەن.

---

(١) أخرجه أحمد: ١٧٥١٩، ومسلم: ٢٨٦٥.

بڕگەی شازدەیەم: ناگونجێ مرۆڤەکان بە دیداری خواو ڕەزامەندیی خوا بگەن، مەگەر بەهۆی کردەوەی چاك و خوا پەرستیی ساغەوە:

وەك لـە سـووڕەتی (**الكهـف**)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾ ﴾**الكهف**، خـوا بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: بڵـێ مـن تەنیـا مرۆڤێکی وەك ئێـوەم، بـەڵام سرووشـم بـۆ لا دەکـرێ (وەحییـم بـۆ لا دەنێـردرێ) کـە پەرسـتراوی ئێـوە یـەك پەرسـتراوە، ئنجـا هـەر کەسـێك بـە تەمـای دیـداری پەروەردگاریـەتی (لـە بەهەشـت دا) بـا کـردەوەی بـاش بـکات و لـە پەرسـتنی پەوەردگاریشـیدا، هیـچ کـەس نەکاتـە هاوبـەش.

کەواتـە: بەبـێ کـرداری بـاش، کە باشـترین کـرداری بـاش ئەوەیە خوا ﷻ بپەرسـترێ بـە سـاغیی و بـە بـێ خڵتەیـی، خڵتـەی شـیرك و بیدعـەت و ڕیـای تێکـەڵ نەبـێ، بەبـێ ئـەوە مـرۆڤ نـاگات بـە ڕەزامەندیـی خـواو، ناگاتـە ئـەوەی خـوا بـە دیـداری خـۆی شـادی بـکات، هـەر بۆیـەش پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ هۆشـداریی زۆری داوە بـە ئۆممەتەکـەی، کـە وریـا بـن لـە خۆشویسـتنی پێغەمبـەردا ﷺو لـە ڕیـز لێگرتنیـدا، تێنەپەڕێنـن، لـە سـنووری خـۆی بەولاوەتـری نەبـەن، بیبەنـە سـنووری خـوا ﷻ، وەك لـە یەکێـك لـە فەرموودەکانیـدا فەرموویـەتی: {**لا تُطْـرُونِي كَـمَا أَطْـرَتِ النَّصَـارَىَ عِيْـسَى بْـنَ مَرْيَـمَ، فَإِنَّمَـا أَنَـا عَبْـدُهُ، فَـقُولُوا: عَبْـدُ اللـهِ ورسـولُهُ**} (**أخرجـه البخـاري: ٢٥٨٦**)، واتـە: بـە مـن هەڵامەڵێـن و تـێ مەپەڕێنـن لـە مـەدح و ستایشـم دا، وەك نەصرانییـەکان لـە پێـدا هەڵگوتـن و ستاییشـکردنی عیسـای کـوڕی مەریەمـدا تێیـان پەڕانـد، (کـە گوتیـان کـوڕی خوایـە)، بەڵکـو مـن تەنیـا بەنـدەم، بڵێـن: بەنـدەی خـواو ڕەوانەکـراوی خـوا.

کەواتـە: هیچکـەس بـۆی نیـە بـە بیانـووی خۆشویسـتنی پێغەمبـەرەوە ﷺ، لـە پێگـەو مەقامـی خـۆی کـە بەندایەتییـە بـۆ خـواو، پێغەمبەرایەتییـە، بیباتـە دەر، بۆیـەش پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـاسی نەصرانییـەکانی کـردوە، چونکە ئێسـتاش لەگەڵدابێ

لـە ئینجیلـەکانی نەصرانییەکانـدا - کـە خـوا ئینجیلێـکی بـۆ عیسـا ناردوە، بـەڵام ئـەوان ئێسـتا چـوار ئینجیلییـان بـە ڕەسـمیی هـەن - ئێسـتاش زۆر بـە ڕوونیـی بـاسی ئـەوە دەکـرێ، کـە عیسـا عليه السلام بەشێکە لـە خـوا، بـۆ وێنـە[1]:

لـە: (**شرحُ رسالة بولـس إلى مؤمنـي كولـوسي**)دا هاتـوە، دەڵـێ: (**وَيَجِـبُ عَلَينـا مِثـلُ المُؤمِنِينَ لِكولُـوسِي نؤمِـنَ بِألُوهِيَّـةِ اليَسُـوعِ المَسِيح أَي: أَنَّ اليَسُـوعَ المَسِيح هُـوَ اللـه، وَإلاَّ يُصبِحُ إيمانُنَـا أَجـوَفَ بِـلا أن هَـدَفٍ وَلا مَعنَـى، هَـذَا هُـوَ الحَـقُّ الرئيـسِيُّ فِي المَسِـيحِيَّة**).

واتـە: پێویسـتە لەسـەرمان وەك بـڕوادارانی کۆڵۆسـیی بڕوابێنیـن بـە پەرسـتراوێتیی یەسـووعی مەسـیح، واتـە: کـە یەسـووعی مەسـیح خوایـە، (پاکیـی بـۆ خـوا)، ئەگەرنـا بڕوایەکەمـان دەبێتـە بڕوایـەکی بـۆشی بـێ ئامانجـی بـێ مانـاو، ئـەوەش ئـەو هەقـە سـەرەکییەیە کـە لـە مەسـیحییەتدا هەیـە.

مەسـیحییەتی ئێسـتا عیسـا بـە بەشێك لـە خـواو بـە خـوا دادەنێـن، لـە ئەنجامـی تێپەڕاندنیانـدا لـە خۆشویسـتن دا.

بڕگەی حەڤدەیەم: ئیسلامی هەق لە خوا بە یەکگرتندا، لە پەرستراوێتیی خوادا بەرجەستە دەبێ:

وەك خـوا لــە سـووڕەتی (الأنبيـاء)دا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلۡ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٨ ﴾، خـوا بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: بڵـێ: مـن پەیامـم بـۆلا دەنێـردرێ (سرووشـم بـۆلا دەکـرێ) کـە پەرسـتراوی ئێـوە یـەك پەرسـتراوە، ئنجـا ئایـا ئێـوە ملکەچـن؟

واتـە: خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: تـۆ بڵـێ: ئـاوا سرووشـم بـۆلا کـراوەو، پەیامـم بـۆ نێـردراوە کـە پەرسـتراوی ئێـوە تەنیا یەکێکـە کـە خوایـە ﷻ، ئنجـا ئایـا ئێـوە ملکەچـن بـۆ خـوا؟ ئەگـەر ئـەو هەقەتـان وەرگرتبـێ و هـەزم

---

(١) (التفسير التطبيقي للعهد الجديد) لاپەڕە (٧٠٠)، چاپی (١٩٩٦).

کردبێ و پێوەی پابەندبن، مانای وایە ملکەچن بۆ خوا، بۆیە ناوی مسوڵمانتان شایستەیە، ئەگەرنا هەر کەسێك ئەو ڕاستییە مەزنە کە کاکڵ و جەوهەرو بناغەی مسوڵمانەتییە وەرنەگرێ، بێگومان ناوی مسوڵمانەتیی لێ خەسارە.

بڕگەی هەژدەیەم: خواپەرستیی ڕاستەقینە بۆ خوای بەرز، وا لە مرۆڤ دەکات بە سەرجەم خەسڵەتە پەسندەکان بڕازێتەوە و بژار بکرێ و پاك بێتەوە لە هەرچی خوو و خدەی خراپ و ناپەسندە:

ئەوەی ئەم ڕاستییە زۆر جوان دەگەیەنێ، ئەم دوازدە ئایەتەی سوورەتی **(الفرقان)**ن:

﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟
سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا ﴿٦٤﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا
ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا
﴿٦٦﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُوا۟ لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴿٦٧﴾ وَٱلَّذِينَ
لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ
وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا
﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ
وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابًا ﴿٧١﴾
وَٱلَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ ٱلزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِٱللَّغْوِ مَرُّوا۟ كِرَامًا ﴿٧٢﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟
بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا۟ عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا ﴿٧٣﴾ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ
أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾.

ئەوانە سەرجەم شازدە (١٦) سیفەتن، خوای پەروەردگار لەم ئایەتانەی کۆتایی سوورەتی **(الفرقان)**دا هێناونی:

یەکەم و دووەم: ڕۆیشتن بە ئارامیی و، خۆ نەهێنانە ئاستی کەسانی نزم و نەفام.

سێیەم و چوارەم: شەو نوێژ کردن و، زۆر مانەوە لە کڕنووش بردن و لە وەستاندا لە خزمەت خوای پەروەردگارداو، داوای بەزەیی لە خوا کردن و پەنا بە خوا بردن بە خوا لە ترسی دۆزەخ.

پێنجەم و شەشەم: لە بواری کارو کاسبییدا میانجیی بوون و، خۆپارستن لە هەردوو سیفەتی خراپی زێدەڕۆیی و چەنگ قوچاویی و چرووکیی.

حەوتەم: لە بواری ئیماندا، ئەوانە ئەهلی تەوحیدن، تەنیا خوا دەپەرستن و خۆیان لە شیرك دەگرن.

هەشتەم و نۆیەم: لە بواری ڕا هێنانی هێزی تووڕەیی و ئارەزوویان دا، خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و، بە هەق نەبێ کەس ناکوژن و، خۆشیان لە داوێنپیسیی دەپارێزن.

دەیەم و یازدەیەم: لە کاتێکدا تووشی هەڵەیەکیش دەبن، لەسەر ئەو هەڵەیە هەرچی بێ، بەردەوام نابن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، نائومێد نابن لە بەزەیی خوا ﷻ، ئەوەی تێکیانداوە لە ڕابردوودا بەهۆی تاوان و گوناهەوە، چاکی دەکەنەوە.

دوازدەیەم و سێزدەیەم: لە بواری مامەڵە لەگەڵ کۆڕو مەجلیسەکان و ئەو شوێنانەی گوناهو تاوانیان تێدا دەکرێن، یاخود بە لای کەمەوە خەڵکەکەیان غافڵن بە قسەو کرداری پووچەوە، لەو بوارەدا، لەو کۆڕو مەجلیسانە بەشدار نابن و، کاتێك بەوێدا دەڕۆن بە حورمەت و ڕێزەوە بەلایاندا ڕەت دەبن.

چواردەیەم: لە بواری مامەڵەیان لەگەڵ ئایەتەکانی خوادا، چ ئایەتە خوێندراوەکانی، چ ئایەتە بینراوەکانی، هەڵوێستەکەیان لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە گوێ هەڵدەخەن بۆ ئایەتەکانی خواو، چاو ورد دەکەنەوە لە دیتنی و سەرنجدانی نیشانەکانی خوادا.

پازدەیـەم: لـە بـواری مـاڵ و منداڵیـان دا، دوای ئـەوەی زۆر هـەوڵ دەدەن چاکیـان پـەروەردە بکـەن، لـە خـوای بەرزیـش دەپارێنـەوە کـە بەهـۆی چاکیـی ئەوانـەوە دڵخـۆش و شـادمان بـن لـە دنیـاو دوارۆژدا.

شـازدەیەم: لـە کۆتایـی دا بەنـدەکانی خـوا لـە پەروەردگاریـان دەپارێنـەوە کـە شایسـتەی ئەوەیـان بـکات و بیانـکات بـە شایسـتەی ئـەوەی پێشـەوابن بۆ پارێـزکاران.

بڕگەی نۆزدەیەم: بەندایەتیی ساغ و تێرو تـەواو بۆ خـوا، هـۆکاری ئەوەیەکە بڕواداران شـایسـتەی جێنشـینایەتیی کـردنی خـوای پەروەردگاربن لەسەر زەوی:

وەك لـە سـوورەتی (النـور)دا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٥٥﴾﴾النـور، ڕاسـتە مانـای ئـەم ئایەتـە بـە پێـزە بـەم شـێوەیە: خـوا بەڵێنـی بەوانەتـان داوە کـە بڕوایـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجـام داون، بیانکاتـە جێنشـین لەسـەر زەوی، وەك چـۆن ئەوانـەی پێـش ئەوانیـشی کردبوونـە جێنشـین (لەسـەر زەوی)و ئـەو ئایینـەی بـۆی هەڵبـژاردوون (ئەو بەرنامەیـە) بۆیـان بچەسـپێنێ و، تـرس و بیمیـان بـۆ بگـۆڕێ بـە هێمنیـی و ئاسـاییش (بـەڵام) بەندایەتییـم بـۆ بکـەن، هیـچ شـتێك نەکەنـە هاوبەشـم، هـەر کەسـێکیش دوای ئـەوە بێبڕوابـێ (یاخـود: سـپڵە بـێ) هـەر ئەوانـەن لادەران.

کەواتـە: لـە ئەنجامـی تەنیـا خواپەرسـتیی و بـاش خـوا پەرسـتنداو، هاوبـەش بـۆ خـوا دانەنانـدا، مسـوڵمانان شایسـتەیی ئەوەیـان بـۆ پەیـدا دەبـێ، خـوا ﷻ بیانکاتـە جێنشـین لەسـەر زەوی و، ئاییـن و بەرنامەکەیـان بـۆ بچەسـپێنێ و، ئەوانیـش بکاتـە بـاڵا دەسـت لەسـەر زەوی.

بڕگەی بیستەم: بەهەشــت تایبەتە بە کەســانێکەوە کە تەنیــا خواپەرستن، خواپەرستیی ساغ بۆ خوای بەرز دەکەن و، جگە لەوان هیچکەس بەشی بە بەهەشتەوە نیە:

ئەمیش لە ئایەتەکانی: (١٠٥ و ١٠٦ و ١٠٧)ی سوورەتی (الأنبياء)دا زۆر جوان دەرەوشێنراوەتەوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ ﴿١٠٦﴾ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾الأنبياء، واتە: بە دڵنیایی ئێمە لە زەبووردا دوایی زیکر (زۆربەی زانایان دەڵێن: **(ذكر)** واتە: تەورات) تۆمارمان کردوە کە سەر زەمینی من بەندە چاکەکانم (بەندە شایستەکانم) بە میراتی دەگرن، لەوەدا گەیاندن هەیە بۆ کۆمەڵێك پەرستەربن بۆ خواو، تۆشمان نەناردوە (ئەی موحەممەد) مەگەر بە بەزەیی بۆ تێکڕای جیهانییان.

کەواتە: لە ئەنجامی چاك خوا پەرستندا، مرۆڤ لێوەشاوەیی و شایستەیی ئەوەی پەیدادەبێ سەر زەمین (چ سەر زەمینی دنیاو چ سەر زەمینی بەهەشت) بە میرات بگرێ، چونکە خوای پەورەردگار ئەوێشی هەر ناوناوە سەر زەمین، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ تەنیا بە ڕەحمەت و بەزەیی نێردراوە بۆ هەموو جیهانییان، خوای بەرزو مەزن لە سوورەتی **(الزمر)**دا لە سەر زمانی بڕوادارانێك کە لە بەهەشتدا نیشتەجێ دەبن، فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُ وَأَوْرَثَنَا الْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ ﴿٧٤﴾ ﴾، گوتیان: ستایش بۆ ئەو خوایەی بەڵێنی لەگەڵ ڕاست بردینە سەرو سەر زەمینی پێ داین (سەر زەمینی بەهەشت) لە هەر شوێنێك بمانەوێ لە بەهەشتدا نیشتەجێ دەبین، باشترین پاداشت پاداشتی بکەرانە (ئەوانەی بۆ خوای پەروەردگار کاریان کردووەو تێکۆشاون).

کەواتـە: بەهەشـت تایبەتـە بـە کەسـانێکەوە کـە خواپەرسـتن و تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ خـوا دەکـەن و، هاوبـەش بـۆ خـوا دانانێـن، خواپەرسـتیی و خـوا بەیەکگرتـن هـۆکاری ئەوەیـە خـوا مـرۆڤ دەستڕۆیشـتوو بـکات و باڵادەسـتی بکات لەسـەر زەوی (سـەر زەوی دنیـا)، هەروەهـا لـە دوارۆژیـش دا شایسـتەیی ئـەوەی هەبـێ، بچێتـە بەهەشـتەکانی خـواوە، بەڵـێ تەنیـا خواپەرسـتییەو ئـەوە کـە مـرۆڤ بـە سـاغیی و بەڕاستیی بەندایەتیـی بـۆ خـوا بـکات و هاوبـەشی بـۆ دانەنـێ، دەستەبەرکەری ئـەو شایسـتەییەیە لـە مـرۆڤ دا کـە لـە دنیـاو دوارۆژدا بـە مـراد گەیشـتوو و سـەرفراز بێ.

ئەمـە کورتـە باسـێك بـوو لـە بـارەی خواپەرسـتییەوە، خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی بـێ سـنووری خـۆی ئێمـە لـەو کەسـانە بگێـڕێ کـە خواپەرسـتی ڕاسـتەقینە دەبـن، بـە دڵ و دەروونیـان و بـە ڕواڵـەت و جەسـتەیان، لـە ژیـانی تاکییـان و، لـە ژیـانی خێزانییـان و، لـە ژیـانی کۆمەڵایەتییانـداو، لـە هەڵسـووکەوتی سیاسـییانداو، لـە هەمـوو بـوارو ڕەهەنـدەکانی دینداریـی و دنیادارییانـدا، پێـش هەمـوو کـەس حیسـاب بـۆ خـوا دەکـەن و، ڕەزامەندیـی خـوا لەسـەرووی هەمـوو شـتێکەوە دادەنێـن و، تاکـە ئامانجێـك کـە بـۆی دەژیـن، ئەوەیـە کـە لـەم ژیانـە دنیاییەیانـدا بتوانـن ڕەزامەندیـی خـوا وەدەسـتبێنن، بەهەشـتی خـوای پـەروەردگار دەسـتەبەر بکـەن، بەهـۆی چـاك خواپەرسـتن و چـاك بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـواو، خـۆ سـاغکردنەوە بـۆ بەندایەتیـی بـۆ خـواوە ﷻ، لێرەشـدا کۆتایـی بـە تەفسـیر کـردنی سـوورەتی (قریـش) دێنیـن.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الماعون

دەستپێک

بەرێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢/ ١/ ١٤٤٢)ی کۆچییـە، بەرانبـەر: (٢٠٢٠/٨/١٢) زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الماعون**)و، سـەرەتاش لـە حـەوت بڕگـەدا پێناسـەو نێـوەڕۆکی سـوورەتەکە دەخەینـەڕوو.

پێناسەی سوورەتی (الماعون) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

نـاوی بـاوی ئـەو سـوورەتە موبارەکـە (**سـورة الماعـون**)ە، بـەڵام وێـڕای ئـەم نـاوە، پێنـج نـاوی دیکـەشی بـۆ بەکارهێـنراون: (**سـورة أرءيـت، سـورة أرءيـت الـذي، سـورة الديـن، سـورة التكذيـب، سـورة اليتيـم**)، ئـەو ناوانـەشی کـەم و زۆر بـۆ بەکارهێـنراون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی زۆری زانایـان ئـەم سـوورەتە بـە مەککەیـی دادەنێـن، هەندێکیشـیان بـە مەدینەییـان دانـاوە، هەندێکیـش سـێ ئایـەتی سـەرەتایان بـە مەککەیـی و، ئەوانـەی دیکەشـیان بـە مەدینەیـی دانـاون، لـەو بـارەوەش ئـەو دەقـە دێنیـن:

(**عَـنْ عَبْدِاللـهِ بـنِ عَبَّـاس رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا قَـالَ: أُنْزِلَـتْ:** (أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾) **بمككـة**)، (**ذكـره السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٦٤١، ونسـبه لابـن مردويـه، وذكـر أن ابـن مردويـه أخـرج مثلـه عـن ابـن الزبـير، الإسـتيعاب في بيـان**

الأسباب: ج٣، ص٥٦٣)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتوویەتی: سوورەتی ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾﴾، لە مەککە دابەزیوە، هەروەها (**ابـن مردويـه**)، هەمان شتیشی پاڵداوەتە لای (**عبدالله بن الزبير**)، خوا لە ئەویش و لە بابیشی ڕازی بێ.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئەم سوورەتە موبارەکە لە (مصحف)دا، ژمارەکەی سەدو حەوت (١٠٧)ە و، لە دابەزینیشدا ژمارەکەی حەڤدە (١٧)یە، پێش سوورەتی (**الكافرون**) و، دوای سوورەتی (**التكاثر**) دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زۆربەی هەرە زۆری ژمێرەران بە شەش (٦)یان داناون، هەندێکیشیان بە حەوت (٧)یان داناون و، ژمارە حەوتەکەش لە موصحەفەکانی لای ئێمەدا تەبەننیی کراوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە، بریتیە لە پێناسەی بابای بێبڕوا بە سزاوپاداشت (**الدين**)، واش پێدەچێ (**دين**) مەبەست پێی سزا و پاداشت بێ، کە بە تێوەخوڕو پاڵپێوەنەری هەتیوو، هاننەدەر بۆ خواردنی نەدار پێناسەی دەکات، دواتریش سزای سەخت بۆ نوێژکەری لە نوێژەکەی بێ ئاگای ڕیابازی هاوکاریی گرەوە، دادەنێ، واتە: خوا ﷻ پێناسەی کەسێك دەکات کە بڕوای بە سزاو پاداشتی خوا نیە و، ئەو پێنج سیفەتە خراپەی تێدان:

١- پاڵپێوەنەری هەتیو بە توندیی و دەرکەری و پاڵەستۆدەری، لە جیاتی ئەوەی هاوکاریی بکات و دەستی بەسەر دابێنێ.

٢- هاننەدانی خەڵك بۆ خواردن دان بە نەدار، واتە: ئەوە هیچ کە خۆی یارمەتیی نەدار نادات، بگرە هانی خەڵکیش نادات، بۆ هاوکاریی کردنی.

٣- نوێژ دەکات، بەڵام لە نوێژەکەی بێئاگایەو، نازانێ چی کردو چۆنی کرد!

٤- ڕیابازیی دەکات بۆ بەرچاوی خەڵك و، کردەوەیەك کە تەنیا بۆ خوا دەکرێ، ئەو کاتێك سەرنجی خەڵك بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەگەر خەڵکی لێ نەبێ، ئەنجامی نادات.

٥- هاوکاریی لە خەڵك دەگرێتەوە، شتێك کە پێویست بێ دەستی خەڵکی پێ بگرێ و هاوکاریی خەڵکی پێ بکات، دەستی لێ دەگرێتەوەو، ئامادەنیە هاوکار و دەستبارگری خەڵك بێ.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لەم سوورەتەدا سێ تایبەتمەندیی سەرەکییمان کەوتوونە بەرچاو:

١- پێناسەکردنی بە درۆ دانەری سزاو پاداشت، بەوەی دەرکەری هەتیوو و هاننەدەری خۆراکدانە بە بابای نەدار، ئایەتەکانی: (١ و ٢ و ٣).

٢- سزای سەخت ناردن بۆ نوێژکەری لە نوێژی خۆی بێ ئاگای ڕیابازی یارمەتیی و هاوکاریی گرەوە لە خەڵك، ئایەتەکانی: (٤ و ٥ و ٦ و ٧).

٣- هاتنی وشەی (**الماعون**)، کە تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە، هەر بۆیەش بەو ناوەوە ناونراوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمــە هــەر حــەوت ئایەتەکــەی ئــەم ســوورەتە موبارەکــە، دەکەینــە دەرسـێك لەبــەر ئــەوەی هەموویــان بەیەکــەوە پەیوەســتن.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە هـەر حـەوت (٧) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێکـدێ، کـە تێیانـدا پێناسـەی بابـای بـە درۆ دانـەری سـزاو پاداشـت کـراوە، بـە پێنج خەسـڵەتی زۆر خـراپ:

١- پاڵپێوەنەری هەتیو بە توندیی و دەرکەری و پاڵەستۆدەری، لە جیاتی ئەوەی هاوکاریی بکات و دەستی بەسەر دابێنێ.

٢- هاننەدانی خەڵك بۆ خواردن دان بە نەدار، واتە: ئەوە هیچ کە خۆی یارمەتیی نەدار نادات، هانی خەڵکیش نادات، بۆ یارمەتییدانی!

٣- نوێژ دەکات، بەڵام لە نوێژەکەی بێئاگایەو، نازانێ چی کردو چۆنی کرد!

٤- ڕیابازیی دەکات بۆ بەرچاوی خەڵك، کردەوەیەك کە تەنیا بۆ خوا دەکرێ، ئەو کاتێك سەرنجی خەڵك بە لای خۆیدا ڕابکێشێ، ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەگەر خەڵکی لێ نەبێ، ئەنجامی نادات.

٥- هاوکارییەك کە بۆ ئەو هیچی تێناچێ، لە خەڵك دەیگرێتەوە، چونکە وەك دوایی باسی دەکەین، **(الماعون)**، زۆرێك لە زانایان گوتوویانە: ناوە بۆ ئەو کەل وپەلانەی خەڵك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریان دێنن،ماڵە دراوسێیەك دەنێرێ بۆ ماڵی دیکەی دراوسێیان، مەنجەڵم وێیدە، یان چەقۆیەکی پێویستە، یاخود مشارێکی پێویستە، شتی پێ دەبڕێتەوە، یان شتێکی دیکەی پێویستە بە شێوەیەکی کاتیی و، دوایی بۆی دەگێڕێتەوە، کەچی ئەو ئامادەنیە ئەو کەمە هاوکارییانەش بکات!

هەندێـکی دیکـەش لـە زانایـان گوتوویانـە: **(الماعـون)**، هـەر شـتێکە سـوودی بـۆ خەڵـك هەبـێ، هـەر لـە مـاڵ و سامانەوە بگـرە، تاکـو هـەر شـتێکی دیکـە، خـوا ﷻ

ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی تەرخانکـردوە بـۆ پێناسـەکردنی بابایـەکی بێبـڕوا بـۆ ڕۆژی سـزاو پاداشـت، یاخـود بێبـڕوا بـە ئاییـن و، بـەو پێنـج خەسـڵەتە خراپـە پێناسـەی دەکات.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ٣ فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە . ئایـا ئـەو کەسـەت دی (بـە چـاوی عەقڵ و دڵ) کـە سزاو پاداشـتی بـە درۆ دانـا؟ ١ ئـەوە کەسـێکە هەتیـو پاڵەسـتۆ دەدات ٢ هـانی (خەڵك)یـش نـادات لەسـەر خـواردن (پێـدان)ی نـەدار ٣ دەجـا سـزای سـەخت بـۆ نوێژکەرانێـك ٤ ئەوانـەی لـە نوێژەکانیـان بێئـاگان ٥ ئەوانـەی ڕییابازیـی دەکـەن ٦ ئەوانـەی ڕێگریـی لـە هاوکاریـی دەکـەن، (دەسـت لـە هاوکارییکـردن دەگرنـەوە) ٧}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِٱلدِّينِ): (الدِّيْـنُ يُقَـالُ للطَّاعَـةِ وَالجَـزَاءِ، وَاسْـتُعِيرَ لِلشَّرِيعـةِ)، وشـەی (الديـن)، هـەم بـە مانـای فەرمانبەریـی، هـەم بـە مانای سـزاو پاداشـت دێ و، خوازراویشـەتەوە بـۆ بەرنامـە (ی خـوا).

(يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ): (الـدعُّ: الدَّفْـعُ الشَّـدِيدُ، وَأَصْلُـهُ أَنْ يُقَـالَ لِلْعَاثِـرِ: دَعْ دَعْ)، (يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ)، (يَـدُعُّ) کـرداری ئێسـتا (فعـل مضارع)یـە، لـە (دَعّ)ەوە هاتـوە، (دَعَّـهُ أي: دَفَعَـهُ بِشِدَّة)، بـە توندیـی پاڵـی پێوەنـا، بۆیـە مـن بـە کوردیـی بـە پاڵەسـتۆدانم مانـا کـردوە، پاڵەسـتۆدان ئەوەیـە بـە توندیـی پاڵیپێـوە بنێـی، وشـەی (دَع): لـە ئەسـڵدا لـەوەوە هاتـوە، کـە کەسـێك دەکـەوێ پێـی بگوتـرێ: (دَعْ دَعْ)، یـانی: لێیگـەڕێ لێیگـەڕێ، ئـەو کەوتـن و هەڵەنگوتنـەت، گوێـی پـێ مـەدە، لـەوەوە هاتـوە.

(وَلَا يَحُضُّ): (الحَضُّ: التَّحْرِيضُ كَالحَـثُّ)، (حَضّ) بـۆ هاندانـەو وەك (حـثّ) وایـەو مانایەکەیـان لێـك نیزیکـە (وَأَصْلُـهُ مِـنَ الحَـثُّ عَلَى الحضيض، وهوَ قَـرَارُ الأرض)، وشـەی (حَـضّ) لـە ئەسـڵدا لـەوەوە هاتـوە، کەسـێك هانبـدەی لەسـەر ژێـرەوەو تەختـی زەوی، یـانی: بـە تەختـی زەوییـەوە نووسـان.

(سَاهُونَ): (السَّـهو: خَطَـأٌ عَـنْ غَفْلَـةٍ)، (سَـهْوْ): بریتیـە لـە بەهەڵـە داچوونێـك بەهـۆی بێئاگاییـەوە، (السَّـهو: الغَفْلَـة، فَهُـوَ سَـاهٍ وَسَـهْوَانٌ)، (سَـهْو): بەبێئاگاییـش دەگوتـرێ، دەگوتـرێ: (فَهُـوَ سَـاهٍ وَسَـهْوَانٌ)، هەردووکیـان نـاوی بکـەرن، یـانی: بێئـاگا، یاخـود بەهەڵەداچـوو.

(يُرَآءُونَ): دەگوتـرێ: (راءاه، مُـراءاةً ورِءاءً ورِيـاءً: أراه أنَّـهُ مُتَّصِـفٌ بالخيرِ والصَّلاح علـى خـلافِ مـا هـو عليـهِ)، ئـەم وشـانە هەموویـان بەکاردێـن (راءاه) پێشـانی دا، (مُراءاة ورِءاءً وريـاءً)، هەرسـێکیان چاوگـن، واتـە: پێشـانی کەسـێکیدا کـە خـۆی ڕازاندۆتـەوە بـە چاکیـی و بـە شایسـتەیی، لـە حاڵێکـدا حاڵـی بـە پێچەوانەوەیـە، بـە کوردیـی هـەر دەڵێـن: ڕیابازیـی، یاخـود: ڕوودەربایسیی.

(ٱلۡمَاعُونَ): (الماعـون: إسـم جامـعٌ لمنافـعِ البيـت)، (ماعـون): ناوێـکی کۆکەرەوەیـە بـۆ هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە ماڵـدا بەسـوودن، هەروەهـا هەندێـك گوتوویانـە: (الماعـون: المعـروف)، واتـە: شـتی پەسـەندو چـاك، هەندێکیـش گوتوویانـە: (ماعـون)، واتـە: زەکات (مَعْـن: كُلُّ مَـا يُنْتَفَـعُ بِـهِ قَلِيْلاً كَانَ أَو كَثِيْراً)، وشـەی (مَعْـن)، هـەر شـتێکە مـرۆڤ سـوودی لـێ ببینـێ و لێـی بەهرەمەنـد بـێ، کـەم بـێ، یاخـود زۆر.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سووڕەتە

ئەم گێڕدراوە هەیە دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سووڕەتە:

(عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: كَانَ الْمُسْلِمُونَ يَسْتَعِيرُونَ مِنَ الْمُنَافِقِينَ الدَّلْوَةَ وَالقِدرَ والفأسَ وَشِبْهَهُ، فَيَمْنَعُونَهُمْ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ﴿٧﴾﴾، (أوردهُ السيوطي في الدرّ المنثور: ج٨، ص٦٤٤ ونسبهُ لابن مردويه، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ٥٦٣).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: مسوڵمانان لە موونافیقەکان، دۆڵچە (کە ئاوی پێ لە بیر هەڵدەهێنجن) هەروەها مەنجەڵ و تەورو تەرداس و وێنەی ئەوانەیان لە موونافیقەکان وەرگرت و لێیان دەخواستن، ئەوانیش پێیان نەدەدان، لەوبارەوە خوا ﷻ ئەم سووڕەتەی دابەزاند.

هەڵبەتە ئەگەر ئەم هۆی هاتنە خوارەوەیە ڕاستیش بێ، تەعبیر دەکات لە بەشێك لە چەمك و واتای ئەو سووڕەتە موبارەکە، ئەگەرنا وەك دوایی باسی دەکەین، چەمك و واتای ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە موبارەکە، زۆر فراوانن و، ئەگەر ڕای مەککەیی بوونی ئەم سووڕەتەش هەڵبژێرین، لەگەڵ ئەم هۆی هاتنە خوارەوەیەدا تێکدەگیرێ، مەگەر بڵێین: سووڕەتەکە لە مەککە دابەزیوە، بەڵام چەمك و واتایەکەی، ئەو ڕەفتارەی دەغەڵ و موونافیقەکانی مەدینەش دەگرێتەوە.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

خـواى پـەروەردگار سـەرەتا دەفەرمـوێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾، بـە نـاوى خـواى بـە بەزەيـى بەخشـندە، واتـە: خوێنـدنى ئـەم سـوورەتە قورئانـە، دەسـت پـێ دەكـەم، بـە نـاوى خـواى بـە بەزەيـى بەخشـندە، كـە وەك زۆرجـاران گوتوومانـە: پێویسـتە بـەلاى كەمـەوە چـوار واتـا لـە عەقڵ و دڵـدا ئامـادە بكرێـن، لـە كاتێكـدا مـرۆڤ دەڵـێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوى خـواى بـە بەزەيـى بەخشـندە:

١- ئەم كارە تەنيا بۆ خوا دەكەم.

٢- ئەم كارە بە پێى شەرعى خوا دەكەم.

٣- ئەم كارە بە تواناو يارمەتيى خوا دەكەم.

٤- ئەم كارە بۆ هێنانەدى ڕەزامەنديى خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿أَرَءَيْتَ الَّذِى يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ۝١﴾، ئايـا ئەو كەسـەت دى كـە بـە ديـن بێبڕوايـەو بـە درۆى دادەنـێ، وشـەى (**الديـن**)، لێـرەدا زياتـر وا پێدەچـێ مەبەسـت پێـى سـزاو پاداشـت بـێ، وەك زۆرجاريـش گوتوومـە: وشـەى (**جـزاء**) لـە زمـانى عەرەبييـدا هـەم پاداشـت (**ثـواب**)و هـەم سـزا (**عِقـاب**)، دەگرێتـە خـۆى، بـەڵام بـەڕاى بەنـدە لـە زمـانى كوردييـدا وشـەيەكمان نيـە پـڕ بـە پێسـتى وشـەى (**الديـن**)، ياخـود (**الجـزاء**) بـێ، بەڵكـو دەبـێ بڵێيـن: سـزا و پاداشـت، بۆيـە مـن لـە مانـاى دەقـاو دەقەكەيـدا ئـاوام تەفسـير كـردوە: ئايـا ئـەو كەسـەت دى كـە سـزاو پاداشـت بـە درۆ دادەنـێ؟

بێگومـان مەبەسـت لـە ديتنيـش لێـرەدا، بينينـى عەقڵ و دڵـە، نـەك ديتنـى چـاو، بۆيـە زانايـان گوتوويانـە: (**الرُّؤْيَـةُ هُنَـا رُؤْيَـةٌ عِلْمِيَّـةٌ وَلَيْسَـتْ بَصَرِيَّـةٌ**)، ديـتن لێـرەدا، ديتنــى زانســتييە (پەيپێبردنــە) نــەك ديتنــى چــاو، چونكــە هەمــوو ئەوانــەى ڕۆژى

سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێن، بە چاو نابینرێن، چ دوێنراو پێغەمبەری خاتەم ﷺ بێ، چ هەر کەسێك بێ کە شایستە بێ بدوێنرێ، - ئەو مانایەش وا پێدەچێ ڕاستتر بێ، کە مەرج نیە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بێ - بێگومان ناگونجێ بە چاوی سەر هەموو ئەوانە ببینێ کە بێبڕوان بە سزاو پاداشت، بە ڕای هەندێك لە زانایانیش وشەی **(الدین)**، لێرەدا هەر بە مانای ئیسلامە، واتە: بەرنامەی خوا، ئایا ئەو کەسەت بینی کە بێبڕوایە بە ئایین و بەرنامەی خوا؟ کە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ۝١٩ ﴾ **آل عمران**، بەرنامە، (بەرنامەی ڕاست و تێر و تەواو و پەسند) لە لای خوا، تەنیا ئیسلامە.

بەڵام ڕەوتی ئایەتەکان، زیاتر ئەو مانایە زاڵ دەکات کە لێرەدا مەبەست لە **(الدین)**: **(الجزاء)** بێ، واتە: سزاو پاداشت، ئایا ئەو کەسەت بینی بە چاوی عەقڵ و دڵ؟ واتە: ئەگەر بینیوتە، ئەو کاتە دەزانی چەندە زیانبارە!

هەندێکیش گوتوویانە: **(أَرَءيْتَ)** بە مانای **(أَخْبِرنِي)**، هەواڵم پێ بدە لە بارەی کەسێکەوە، کە بڕوای بە سزاو پاداشت نیە، کێیە ئەو کەسە؟

﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ۝٢ ﴾، ئەوە کەسێکە بە توندیی پاڵ بە هەتیوەوە دەنێ: **(الدَّعُّ: الدَّفْعُ الشَّدِيد)**، پاڵپێوەنانی توند، بە کوردیی پێی دەڵێن: پاڵەستۆدان، منداڵی گچکەی بێ باب، لە جیاتی ئەوەی دەستی بەسەر دابێنێ و بیلاوێنێتەوەو هاوکاریی بکات و، سۆزو بەزەیی لەگەڵ دا بنوێنێ، پاڵەستۆی دەدات و پاڵی پێوە دەنێ و دەری دەکات، ئەوە یەك لە خەسڵەتە خراپەکانی بابای بێبڕوا بە ڕۆژی سزاو پاداشت. ئنجا دێتە سەر باسی سیفەتی دووەمی: ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ۝٣ ﴾، هانیش نادات (واتە: هانی خەڵك نادات) لەسەر خواردنی نەدار، لەسەر خواردن پێدانی نەدار، بەڵام بۆیە دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴾، وەك ئەو خواردنەی دەدرێ بە بابای نەدار، هی خۆی بێت، یانی: خواردنەکە هی خۆیەتی و پێویستە بیدرێتێ، ئەگەرنا هەندێك گوتوویانە: ﴿ طَعَامِ ﴾، لێرەدا مەبەست پێی خواردن پێدان **(إطْعَام)**ە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَحُضُّ ﴾، هاننادات واتە: ئەوە هیچ کە بۆ خۆی هاوکاریی بابای نەدار ناکات، لە ڕووی خواردن پێدان و تێر کردنیەوە، بەڵکو ئامادە نیە قسەیەکی خێریشی بۆ بکات، مانای وایە زۆر ڕەزیل و چرووك و بێ خێرە.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: سێ ئایەتی یەکەم لە مەککە دابەزیون و، ئەم چوار ئایەتی دوایی لە مەدینە دابەزیون، کە ئەویش ڕێی تێدەچێ، خوا ﷻ لە مەککە ئەو سێ ئایەتەی پێشێی دابەزاندبن و، ئەو چوار ئایەتەی دوایی لە مەدینە دابەزاندبن، چونکە باسی نوێژکەرانی بێ ئاگا دەکات و، باسی دەستگرتنەوە لە هاوکاریی دەکات و، باسی ڕیابازیی دەکات، ئەوانەش زیاتر لەگەڵ کەش و هەوای مەدینەدا دەگونجێن، لەوێ خەڵك پێویستیی بەوە بووە ڕیابازیی بکات و، لەوێ خەڵك دەستی هاوکاریی گرتۆتەوەو، لەوێش خەڵکێك نوێژیان دەکرد، بەڵام نەیاندەزانی نوێژەکەیان چییان لێ داوا دەکات!

دەشگونجێ هەمووی بەیەکەوە هاتبێ، ئێمەش ئەو ڕایەمان هەڵبژارد کە هەمووی لە مەککە دابەزیبێ، بەڵام خوا کە دەفەرموێ: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ۝٤ ﴾، بۆیە وا دەفەرموێ، چونکە کەسێك کە پاڵ بە هەتیوەوە دەنێ و، هانی خەڵك نادات، خواردن بدرێ بە بابای نەدارو ئاتاج و برسیی، ڕەنگە نوێژکەریش بێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: سزای سەخت بۆ نوێژکەرانێك:

﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥ ﴾، کەسانێک کە نوێژەکانیان بێ ئاگان، نەیفەرمووە: (**في صلاتهم ساهون**)، (لە نوێژەکانیان دا بێ ئاگان) ئەگەر وای فەرمووبایە، کەس دەرنەدەچوو، چونکە - بەدەگمەن نەبێ - هیچکەس نیە لە نوێژدا کەم و زۆر بیری بە ئەملاولادا نەچێ، مەگەر زۆر ئاگای لە خۆی بێ و خۆی کۆنترۆڵ بکات، تەنانەت پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ جاری وا هەبووە لە نوێژدا تووشی سەهوو بووە، جارێك پێغەمبەری خوا ﷺ دوو ڕکات نوێژی

کـردن، نوێـژی عـەسر بـوو یـان نیـوەڕۆ بـوو سـڵاوی دایـەوە، پیاوێـك كـە **(ذو اليديـن)** یـان، پـێ دەگـوت، خـاوەن دوو دەسـتەکان، دیـارە دەسـتی لـە هـی خەڵـکی درێژتـر بـوون، بـە ئەندازەیـەك، گـوتی: **(أقـصرت الصَّـلاةُ أم نَسِـيت يـا رسـول اللـه ﷺ)**[1]؟ ئایـا نوێـژ کورتکراوەتـەوە، یـان لـە بیـرت چـوو، ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ؟ ئەویـش فەرمـووی: هیـچ کام لـەو دووانـە نەبـوون، نـە نوێـژ کورتکراوەتـەوەو نـە منیـش لـە بیـرم چـووە، ئەویـش گـوتی: (بَلْ نَسِيْتَ)، بەڵکـو لـە بیـرت چـوو دوو ڕکاتـت کـردن و سـڵاوت دایـەوە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە هـاوەڵانی فەرمـوو: **(أَصَدَقَ ذو اليديـن؟)**، ئایـا **(ذو اليديـن)** ڕاسـت دەکات لـە بیـرم چـوو؟ گوتیـان: بەڵـێ، ئنجـا بـە بێدەنگیـی هەڵسـا دوو ڕکاتەکـەی دیکـەشی کـردن، دوایـی دوو کڕنووشـی سـەهووی بـردن، پێـش سـڵاودانەوەو سـڵاوی دایـەوە.

ئنجـا پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کە لەو کاتـەدا دوو ڕکاتی کردوون و سـڵاوی داوەتەوە، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: بۆیـە وایکـردوە، تاکـو ئەگـەر ئۆممەتەکەی لـە نوێژدا تـووشی هەڵەیـەك بـوون، وەك ئـەو بکـەن و بـە ئانقەسـت وای کـردوە، بـەڵام لـە ڕاسـتییدا هیـچ بەڵگەیـەك لەسـەر ئەوەنیـە بـە ئانقەسـت وای کردبـێ، بـە تایبـەتی کـە لەگـەڵ **(ذو اليديـن)**دا موناقەشـەی کـردوە، هەروەهـا جـاری دیکـەش شـتی لەوجـۆرە هـەر بـووە، بـەڵام بەدڵنیایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە تـووشی هەڵـە و سـەهوو بـووە لـە نوێژەکەیـدا، لەبـەر ئـەوە بـووە کـە دڵـی بـە شـتێکی گەورەتـرەوە پەیوەسـت بـووە، هـەر لـە چوارچێـوەی مسـوڵمانەتیی و دینداریيـدا، یاخـود حاڵەتێـکی ئیمانیـی بەهێـز ڕووی تێکـردووەو، لـەو کاتـەدا ئـاگای لـە ژمـارەی ڕکاتـەکانی نوێژەکـەی نەمـاوە، نـەك وەك داڵغـە ڕۆیشـتنی خەڵـکی دیکـە، کـە نوێـژ دەکات و نازانـێ چـی کـردووەو چـی گوتـووە! پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ سـەهوو و هەڵەکـەی بـەو جـۆرە نەبـووە، بێگومانیـش هـەر کەسـە لـە جـۆری خـۆی و لـە قـەدەر خـۆی کار دەدات ﴿ قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ ﴿٨٤﴾ ﴾ **الإسراء.**

---

(١) رواه البخاري: ٤٨٢

ئنجا خوا دەفەرمووێ: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ﴾، لێرەدا حەرامە بوەستی، واتە لەسەر: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ﴾، سزای سەخت بۆ نوێژکەران، هاوار بۆ نوێژکەران، وەستان لێرەدا دروست نیەو، دەبێ یەکسەر ئایەتەکەی دیکەشی بدەیە دەم و، بەسەر یەکەوە بخوێنرێتەوە، سزای سەخت بۆ نوێژکەران، ئەوانەی لە نوێژەکەیان بێئاگان، ئنجا ئەگەر فەرمووبای: (**في صلاتهم ساهون**)، لە نوێژەکەیان دا بێ ئاگان، هەموو کەسی دەگرتەوە، بەڵام فەرموویەتی: لە نوێژەکەیان بێئاگان، نەك لە نوێژەکانیاندا، لە نوێژ بێئاگابوون، واتە: نوێژ دەکات، بەڵام نازانێ بۆچی کردی! ئەوە لە نوێژ بێ ئاگابوونە، بەڵام لە نوێژدا بێئاگابوون، ئەوەیە مرۆڤ داڵغەی بە ئەلاولادا بڕوات، کە وەك گوتم: مەگەر چۆن دەنا هیچکەس لەوە سەلامەت نابێ.

﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ ﴾، ئەوانەی ڕییابازیی دەکەن، واتە: بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك ئەگەر نوێژ بکەن، دەیکەن، کەواتە: ئەگەر لە نێو خەڵکدا بن، نوێژەکەیان دەکەن و، ئەگەر لە نێو خەڵکدا نەبن نایکەن، چونکە نوێژەکەیان بۆیە دەکەن، سەرنجی خەڵك ڕابکێشن، ئنجا ئەگەر نوێژە، ئەگەر هەر کردەوەیەکی دیکەیە، کە دەبێ تەنیا بۆ خوا ئەنجام بدرێ و، بەشی جگە لە خوای تێ نەکرێ، ئەوان وەختێك ئەنجامی دەدەن، بۆیە ئەنجامی دەدەن، سەرنجی خەڵك بە لای خۆیاندا ڕابکێشن!

بۆیە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەم سوورەتە هەمووی، یان بەلای کەمەوە ئەو چوار ئایەتەی کۆتایی مەدینەیین، دەڵێن: چونکە لە مەککە حاڵ و دۆخ وا نەبووە پێویست بکات، کەس ڕیابازیی بکات، ئەوەی مسوڵمان بووبێ بەڕاستیی مسوڵمان و بڕوادار بووە، ئەگەر خوا پەرستییەکەی خۆیان نەشاردبێتەوە، پێشانی خەڵکیان نەداوە کە سەرنجی خەڵکی پێ ڕا بکێشن، بەڵام لە مەدینەدا دوای ئەوەی ئیسلام دەسەڵاتی پەیدابوو و مسوڵمانان قەوارەی سیاسییان بۆ دروست

بـووە، لـەوێ هەندێـك لـە دڵنەخۆشـەكان پێویسـتییان بـەوە بـووە، سـەرنجی خەڵـك بـە لای خۆیانـدا ڕابكێشـن، تاكـو خەڵـك بـە مسـوڵمان و دینـدارو نوێژكەریـان بزانـێ.

بـەڵام ئەگـەر بشـڵێین سـوورەتەكە هەمـووی مەككەییـە، دەڵێیـن: كـەم و زۆر لـە هـەر شـوێنێك كەسـانێكی بێهێـز هـەن، پێیـان خۆشـە خەڵـك لێیـان ڕازیـی بـێ و، سـەرنجی خەڵـك بـە لای خۆیانـدا ڕابكێشـن.

﴿ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ۝٧ ﴾، هاوكارییـش دەگرنـەوە، ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾، بـەدوو واتایـان لێكدراوەتـەوە:

یەكەم: هەر شتێك لە ماڵدا بەهرەی لێ وەربگیرێ، ئنجا بەڕەیە، فەڕشە، مەنجەڵە، كەوچكە، تەورە، پاچە، چەقۆیە، قاپە، مشارە، هەموو ئەو شتانەی كاتی خۆی لە كۆمەڵگای ئەو سەردەمەداو ئێستاش هەر پێویستن و، كەم و زۆر خەڵك پێویستییان بە شتی یەكدی هەر دەبێ و مەگەر چۆن، دەنا هیچ ماڵێك نیە هەموو پێداویستییەكانی هەبن، بۆیە ماڵەكان پێویستییان بەوە دەبێ، هەندێك حەواج و كەل وپەل لە یەكدی وەربگرن.

دووەم: واتایەكی دیكەی ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾، ئەوەیە كە بریتیە لە هەر شتێك سوودی بۆ خەڵك هەبێ، ئنجا ماڵ و سامانە، بە تایبەت زەكات، كە هەندێكیان ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾یان، بە زەكات، داناوە، یاخود قسەی خێرە، یان سوود پێ گەیاندنێكە، یان هەر جۆرە هاوكاریی كردنێكە، ئەگەر كەم بێ ئەگەر زۆر بێ، وەك دواتر چەمك و واتای وشەی: ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾، زیاتر شی دەكەینەوە.

لە كۆتایی مانای گشتیی ئەم سورەتە موبارەكەدا دەڵێین:

لـەم سـوورەتەدا خـوا ﷻ پێناسـەی كەسـێكمان بـۆ دەكات كـە بێبڕوایـە بـە **(دیـن)** كـە كەمێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: **(دیـن)**، لێـرەدا بـە مانـای ئیسـلامە، بەرنامـەی خـوا، بـەڵام زۆربەیـان گوتوویانـە: **(دیـن)** لێـرەدا بـە مانـای: سـزاو پاداشـت **(الجـزاء)**ە،

سـەرەتاش خـوای زانـاو توانـا دوو سـیفەتی زۆر خـراپ لەو کەسـە هەڵدەدات: سـیفەتی یەکـەم: ﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ ﴾، ئـەوە کەسـێکە هەتیـو (واتـە: منداڵـی بـێ بـاب، چ کـوڕ بـێ، چ کـچ) بـە توندیـی پـاڵ پێـوە دەنـێ و دەردەکات و تێـوەی دەخـوڕێ و پاڵەسـتۆی دەدات.

سـیفەتی دووەم ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾ ﴾، هەروەهـا هاندەریـش نیـەو خەڵـك هـان نـادات لەسـەر خواردنـدان بە نـەدار، بۆیـەش دەفەرمـوێ: ﴿ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴾، چونکـە نـەدارو ئاتـاج و برسـیی، ئـەو خواردنـەی کەسـێك پێـی دەدات، وەك بڵێـی هـی خۆیـەتی و دەیداتـێ، هەندێکیـش گوتوویانـە: ﴿ طَعَامِ ﴾، لێـرەدا بـە مانـای (**إطعـام**)ە، واتـە: خـواردن پێـدان، بـەڵام وا ڕاسـترە هـەر بڵێیـن: لەسـەر خـواردنی نـەدار هاننـادات، واتـە: ئـەو خواردنـە لـە ئەصڵـدا هـی ئـەو نەدارەیـەو دەبـێ هـانی خەڵـکی بـدات، ئـەو خواردنـە تەسـلیم بـە خاوەنەکـەی خـۆی بکـەن، کـە بابـای نـەدارە.

لێـرەدا خـوای بـەرز و مـەزن ئـەو دوو سـیفەتە دێنـێ، بـۆ پێناسـەکردنی کەسـێك کـە بـڕوای بـە (دیـن) نیـە، واتـە: ڕۆژی دوایـی و سـزاو پاداشـتی خـوا، یاخـود بـڕوای بـە ئاییـن و بەرنامـەی خـوا نیـە، ئـەوەش بۆمـان دەردەخـات کـە بێگومـان بڕوابـوون بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت، وا لـە مـرۆڤ دەکات، دڵـی بەرانبـەر بـە هەتیـو نـەرم بـێ و سـۆزی هەبـێ، پەرۆشـی بـێ، هەروەهـا بەرانبـەر بـە نـەدار و برسـیی و خەڵـکی ئاتـاج، دڵـی نـەرم بـێ و هاوکاریـان بـێ، کەچـی ئـەو کەسـەی بێبڕوایـە بـە سـزا و پاداشـتی خـوا، نـەك دەسـت بەسـەری هەتیـودا ناهێنـێ و نایلاوێنێتـەوەو ڕەحمـی پـێ نـاکات، بەڵکـو بـە توندیـی پاڵـی پێوەدەنـێ و پاڵەسـتۆی دەدات، بابـای نەداریـش نـەك هـەر بـۆ خـۆی هاوکاریـی نـاکات، بەڵکـو ئامـادە نیـە قسـەیەکی خێریـشی بـۆ بـکات و، هـانی خەڵکیـش بـدات هاوکاریـی بکـەن!

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ﴾، سـزای سـەخت، یاخـود هـاوار بـۆ نوێژکەرانێـك کـە لـە نوێژەکەیـان بـێ ئاگان

واتە: ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر نوێژێکیش بکەن، بە دڵنیایی لە نوێژەکەیان بێ ئاگا بوون و، پابەند نەبوون بەوەی کە نوێژەکەیان دەبێ تێیاندا بەرهەم بهێنێ، چونکە نوێژەکەیان لەسەریان پێویست دەکات، بەزەیی و پەرۆشیی و سۆزیان بەرانبەر بە هەتیو و نەدار هەبێ.

﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ۝٦ ﴾، ئەوانەی ڕیابازیی دەکەن واتە: کارێك دەکەن وا پێشانی خەڵك بدەن، چاکن، لە حاڵێکیشدا کە چاك نین و، کارێك دەکەن وا پێشانی خەڵك بدەن، خوا پەرستن، لە حاڵێکدا خوا پەرستیش نین، ئەوە مانای ڕیابازییە، ﴿ وَيَمْنَعُونَ ٱلْمَاعُونَ ۝٧ ﴾، چاکەو هاوکارییش دەگرنەوە، دەست دەگرنەوە لە هاوکارییکردنی خەڵك و دەستبارگرتنیان بە تایبەت لە پێدانی ئەو کەلوپەل و پێداویستییانەی لە ماڵدا، خەڵك ڕۆژانە کاریان پێیان دەبێ و، کاتێك کەسێك حەواجێك وە کەسێك دەدات، کەلوپەلێکی وێ دەدات بە ئەمانەت و کاری خۆی پێ جێبەجێ دەکات و، بۆی بێنێتەوە، ئەمە کەمترین جۆری هاوکارییە، هاوکاریی دیکەش ئەوەیە کە پارەی بداتێ، یاخود ئیمکانییەتێکی بۆ بڕەخسێنێ، ئەو کەل وپەلەی پێ بکڕێ، بەڵام کە کەل وپەلەکەی خۆتی وێ دەدەی بۆ کاتێکی دیارییکراو، کاری خۆی پێ جێبەجێ بکات و بۆت بهێنێتەوە، ئەمە کەمترین جۆری هاوکارییە، بۆیە کەسێك ئەوەش نەکات، مانای وایە هەر زۆر زۆر چرووك و دەستنووقاوە.

بەڕێـــزان!

خوا ﷻ کە بەو پێنج سیفەتە پێناسەی کەسێکمان بۆ دەکات، کە بێبڕوایە بە ڕۆژی سزاو پاداشت، یاخود بێبڕوایە بە ئیسلام و بە درۆی دادەنێ، پێمان دەفەرموێ: هەر کەسێك ئەو پێنج سیفەتەی تێدا بن، بزانەو ببینە کە بە ڕۆژی سزاو پاداشت و، بە بەرنامە و ئایینی خوا بێبڕوایە، هەرچەندە شایەتمانیش بێنێ و، هەرچەندە لافیش لێ بدات و، هەرچەندە دروشمی مسوڵمانییش لە خۆیدا

زەق بکاتــەوە، بــەڵام کــە ڕەوشــت و ڕەفتــارەکانی بــەو شــێوەیە بــوون، تــۆ نیشــانەی پرسـیاری گـەورە بخـە سـەری و بزانـە بێبڕوایـە، چونکـە مرۆڤـی بـڕوادار بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت، بـە ئاییـن و بەرنامـەی خـوا، دەبـێ سـۆزو عەتـف و بەزەیـی هەبـێ بەرانبــەر بــە هەتیــوو نــەدارو ئاتــاج، کاتێــك نوێژەکــەی دەکات دەبــێ بزانــێ چــی گـوت؟ لـە خزمـەت کـێ دا وەسـتاوەو؟ نوێژەکـەی شـوێنەوارەکانی تێـدا پەیـدا بـکات و نابـێ ڕیابازیـی بـکات، بەڵکـو دەبـێ بـە سـاغیی خـوا بپەرسـتێ و، ناشـبێ هاوکاریی لـە خەڵـك بگرێتـەوە، بەڵکـو دەبـێ دەسـتی هاوکارییـان بـۆ درێـژ بـکات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پێناسەی بە درۆدانەری سزاو پاداشت، بەوە کە پاڵەستۆی هەتیو دەدات و، هانی خەڵکی نادات بۆ خواردن پێدانی نەدار:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ۝١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ۝٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ۝٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ﴾، ئایا ئەوکەسەت دی کە سزاو پاداشت بە درۆ دادەنێ؟ خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ، بە تایبەت و لە پشت ئەویشەوە، هەر کەسێك کە قورئان دەخوێنێ و، شایستەی ئەوەیە بدوێنرێ و خاوەنی عەقڵ و هەست بێ، دەفەرموێ: ئایا ئەو کەسەت دی کە بە سزاو پاداشت بێبڕوایە، یاخود سزاو پاداشت بە درۆدادەنێ؟ ﴿أَرَءَيْتَ﴾، خوێندراویشەتەوە: (أَرَيْتَ)، واتە: بەبێ هەمزە، لێرەدا هەمزەی پرسیارکردن لە سەرەتای ئەم ئایەتە بە پێزەوە، بۆ پرسیارکردنی سەرسوڕماندنە، سەرسوڕماندن لە حاڵی کەسێك کە بێبڕوایە بە سزاو پاداشت و، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو بێبڕواییە، بە درۆ دانانی ڕۆژی سزاو پاداشتەی، ئەو کردەوەو ڕەفتارە خراپانەی دوایی باسیان دەکرێ، تێیدا پەیدا کردوون، ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ۝١﴾، ئایا ئەو کەسەت بینی کە بێبڕوایە، بە درۆدانەرە بۆ (**دین**)، ئەم وشەیەش هەرچەندە دەگونجێ مەبەست پێی ئیسلام و بەرنامەی خوا، بەڵام ڕەوتی ئایەتەکان واپێشان دەدات زیاتر مەبەست پێی سزاو پاداشت بێ، چونکە وشای (**الدین**):

أ- هەم بە مانای فەرمانبەریی (**الطاعة**) هاتوە.

ب- هەم بە مانای سزاو پاداشت (**جزاء**) هاتوه.

ج- هەم بە مانای بەرنامە (**منهج**) هاتوە، بەرنامەی ژیان بە گشتیی و بەرنامەیەك كە خوا دایدەنێ بۆ مرۆڤ بە تایبەتی، كە لە ئیسلامدا بەرجەستەیە.

كـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَرَءَيْتَ ﴾، ئایـا دیتـت ئـەو كەسـەی سـزاو پاداشـت بـە درۆ دادەنـێ؟ (دیـتن) لێـرەدا بـۆ ناسـاندنە، واتـە: ئایـا دەیناسـی؟ دەزانـی كێیـە ئـەو كەسـەی سـزاو پاداشـت بـە درۆ دادەنـێ، لـە ئایەتـی دواتریـش دا پێناسـەی دەكات و دەفەرمـوێ:

٢)- ﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴾، ئەوە كەسێكە هەتیو پاڵەستۆ دەدات، منداڵی بێ باب لە جیاتی ئەوەی دەستی بەسەردا بێنێ و میهرەبانیی لەگەڵ بنوێنێ و بیلاوێنێتەوەو هاوكاریی بكات، لێی توورە دەبێ و بەتوندیی پاڵەستۆی دەكات و دەری دەكات. ﴿ يَدُعُّ ﴾، لە (دعَّ)ەوە، هاتوە، (**دَعَّهُ، يَدَعُّهُ، دَعّاً، والدَّعُّ: الدَّفْعُ بِشِدَّةٍ وعُنْفٍ وَقَهْرٍ**)، (دعّ): پاڵپێوەنانە بە توندیی و سەختیی و زبریی و، بە قسەی ناخۆش و بە تێوەخوڕینەوە.

لێـرەدا كـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى ﴾، ئـەم نـاوی ئاماژەیـە: (**الإِشَـارَةُ باسْـمِ الإشـارة لِتَمييـزِهِ أَكْمَـلَ تَمييـزٍ وتَنْزِيلـه مَنْزِلَـة الظَّاهِـرِ المَـرْئِيِّ**)، ﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى ﴾، ئاماژەكـردن بـە نـاوی ئامـاژە بـۆ جیاكردنەوەیەتـی بـە تەواوتریـن شـێوەو، بـۆ ئەوەشـە لـە شـوێنی كەسـێكی دیـار دابـنرێ، كـە بـە چـاوی سـەر دەبیـنرێ، ﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى ﴾، ئـەوە كەسـێكە ﴿ يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴾، بـە توندیـی پـاڵ بـە هەتیـوەوە دەنـێ، بـە كوردیـی دەگوتـرێ: پاڵەسـتۆی دەدات.

(ف) كـە لێرەدا هاتـوە، (**الفـاء: لِعَطْـفِ الصِّفَـةِ الأُولَى عَـلَى الثَّانِيـة**)، پیتـی (ف) كـە خراوەتـە سـەر (ذَلِـكَ)، ﴿ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى ﴾، بـۆ بادانـەوەو گێڕانـەوەی سـیفەتی دووەمـە بـۆ سـەر هـی یەكـەم، سـیفەتی دووەم كـە بریتیـە لـە: ﴿ يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴾، دەیگێڕێتـەوە بـۆ سـەر: ﴿ يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴾.

٣)- ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴾، هانیش نادات لە سەر خواردنی نەدار، سیفەتێکی دیکەی ناسێنەری ئەو کەسەی بڕوای بە سزاو پاداشت نیە، ئەوەیە هاننادات بۆ خواردنی نەدار، واتە: (لاَ يَحُضُّ النَّاسَ)، خەڵك هاننادات، بەڵام لەبەر ئەوەی بە سیاق و سەلیقە دیارە کە جگەلە خۆی هان نادات، بۆیە ئەو وشەیە قرتێنراوە. ﴿ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴾، هەندێك لە زانایان وایان لێکداوەتەوە، کە (طعام) لێرەدا بە مانای چاوگە واتە: (إطْعَام المِسْكِين)، خواردندان بەنەدار، هەندێکیش گوتوویانە: (طعام)، هەر لەسەر واتای خۆیەتی کە بریتیە لە (خواردن)، بەڵام بۆیە خوا ﷻ ئەم تەعبیرەی هێناوەو، (طعام)ی پاڵداواتە لای (مِسْكِين)، بۆ گەیاندنی ئەو مانایە کە ئەو خواردنە هی نەدارەکەیە، واتە: ئەو خواردنە لە ئەسڵدا هی نەدارەکەیە، مادام پێویستیی پێیەتی و ئەوی دیکەش لە خۆی زیادە! کەواتە: ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ﴾، خەڵك هاننادات لەسەر خواردنی نەدار، واتە: خواردن پێدان بە نەدار، خواردنی نەدارەکە کە هی خۆیەتی و دەبێ پێی بدرێ.

کەواتە: ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ۝٣ ﴾، هاننادات لەسەر خواردنی نەدار:

أ- یان (طعام)، هەر بە مانای خواردنەو، پاڵدراوەتە لای نەدار واتە: خواردنەکە هی خۆیەتی.

ب- یاخود لێرەدا (طعام)، بە واتای خواردن پێدان (إطعام)ە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَحُضُّ ﴾، (الحَضُّ: الحَثُّ والتَّحْضِيضُ) (حضّ) بریتیە لە هاندان و دنەدان، بێگومان کە دەفەرموێ: خەڵك هاننادات لەسەر خواردنی نەدار، یان خواردن پێدانی نەدار، کەسێك خەڵك هاننەداو قسەی خێر نەکات، بۆ ئەوەی بابایەکی نەداری برسیی تێر بکرێ و خواردنی پێ بدرێ، بە دڵنیایی بۆ خۆشی ئامادە نیە هاوکاریی بکات، کەسێك ئامادە نەبێ قسەی خێر بۆ کەسێك بکات، بە دڵنیایی کرداری خێریشی لەگەڵ دا ناکات! ئایا ئەم ئایەتە موبارەکانە لە بارەی کێ وە هاتوونە خوار؟ لەوبارەوە چەند بۆچوونێك هەن:

١- هەندێکیان گوتوویانە لە بارەی (**العَاص بن وائل السهمي**)ەوە، هاتوونە خوار.

٢- هەندێك گوتوویانە لە بارەی (**الوليد بن المغيرة المخزومي**)ەیەوە، هاتوونە خوار.

٣- هەندێك گوتوویانە لە بارەی (**عمر بن العائِد المخزومي**)ەیەوە، هاتوونە خوار.

٤- هەندێك گوتوویانە لە بارەی (**أبو سفيان بن الحرب**)ەوە، هاتوونە خوار، پێش ئەوەی مسوڵمان بێ.

٥- هەندێك گوتوویانە لە بارەی (**أبو جهل**)ەوە، هاتوونە خوار.

ئەوەش لە حاڵێکدا کە ئەم ئایەتانە مەککەیی بن، بەڵام ئەگەر سوورەتەکە هەمووی مەدینەیی بێ، وەك ڕای هەندێك لە زانایان وایە، ئەو کاتە دیارە لە بارەی بابایەکی مونافیق و دەغەڵەوە هاتۆتە خوار، کە ناوەکەی باسنەکراوە، بەڵام بێگومان یەکسانە چ لە بارەی یەکێك لەو پێنج کەسەی مەککەوە هاتبێ، چ لە بارەی مونافیقێکی مەدینەوە هاتبێ، زانایان بنچینەیەکیان داناوە دەڵێ: (**إنَّ خُصُوصَ السَّببِ لاَ يَمْنَعُ شُمُولَ المَعْنَى**)، تایبەتبوونی هۆکاری دابەزینی ئایەتێك، ڕێ لە گشتگیربوونی واتایەکەی ناگرێ، خوا ﷻ جاری وا هەیە ئایەتێکی بە بۆنەیەکەوە ناردوە، بە بۆنەی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ڕەفتاری کەسێکەوە، ئەگەر چاکە، ئەگەر خراپە، بەڵام بێگومان چەمك و واتایەکەی گشتییە، لە سەرەتاوە ئەوی گرتۆتەوە، دوای ئەویش هەر کەسێك دەگرێتەوە، کە هەمان ڕەوشت و ڕەفتار لە خۆیدا ببێنێتە دی.

مەسەلەی دووەم:

هەڕەشـەکردن لـە نوێژکەرانـی بێئـاگا لـە نوێژەکانیـان، کـە ڕیابازیـی دەکـەن و، دەسـت لـە هاوکاریـی دەگرنـەوەو، ڕێگریـی دەکـەن لـە یارمەتییـدان و هاوکارییکردنـی خەڵـك:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾ الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ ﴿٦﴾ وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ ﴿٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ﴾، ئنجا هاوار، سزای سەخت بۆ نوێژکەرانێك، **(الطبري)**، ئاوا ئەم ئایەتە بە پێزە مانا دەکات، دەڵێ: **(فَالْوَادِي الَّذِي يَسِيلُ مِنْ صَدِيدِ أَهْلِ جَهَنَّمَ، لِلْمُنَافِقِينَ الَّذِينَ يُصَلُّونَ، لَا يُرِيدُونَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ بِصَلَاتِهِمْ، وَهُمْ فِي صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ إِذَا صَلُّوهَا)**[1] واتە: ئەو شیوو دۆڵەی لە کێم و زووخاوی خەڵکی دۆزەخ دێتەخوار، بۆ ئەو مونافیق و دەغەڵانەی نوێژ دەکەن، بەڵام مەبەستیان لە نوێژکردنەکەیان خوا نیە (مەبەستیان ئەوە نیە ئەرکێك جێبەجێ بکەن، خوا پاداشتیان بداتەوەو لێیان ڕازی بێ، لەبەر ئەوەی فەرمانی پێ کردوە) بەڵکو بۆ ڕیابازیی دەیکەن و لە نوێژەکانیشیان کاتێك دەیانکەن، بێئاگان.

چونکـە کەسـێك کارێـك بـۆ خـواکات، وردەکارییـەکی تێـدا دەکات، شایسـتەی ئـەوە بـێ بـۆ خـوا بـێ، بـەڵام ئەگـەر بـۆ خـوا ئەنجامـی نـەدات، هـەر چـۆن بـێ لـە کـۆڵ خـۆی دەکاتـەوە.

٢)- ﴿الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾، (سزای سەخت بۆ ئەو نوێژکەرانە) کەسانێک لە نوێژەکانیان بێ ئاگان، ئاگایان لە نوێژەکانیان نیە، زانایان لە بارەی تەفسیرکردنی ئەم ئایەتە بە پێزەوە، ڕای جۆراو جۆریان هەن:

---

(١) جامع البيان ج٢٤، ص٦٥٩

١- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: (ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ: **الَّذِينَ يُؤَخِّرُونَهَا عَنْ وَقْتِهَا**) (**جامع البيان: ٣٨١٦٢**)، ئەوانەی نوێژەکانیان لە کاتی خۆی دوا دەخەن، واتە: لە کاتی خۆیاندا نوێژەکانیان ناکەن، هەر کاتێك بۆیان هەڵسووڕا دەیکەن! مانای وایە زۆر بە خەمی ئەوەوە نین نوێژەکان لە کاتی خۆیان دا، ئەنجام بدەن.

٢- هەر عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: (ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ: **هُمُ الْمُنَافِقُونَ يَتْرُكُونَ الصَّلَاةَ فِي السِّرِّ، وَيُصَلُّونَ فِي الْعَلَانِيَةِ**) (**جامع البيان: ٣٨١٦٩**)، مەبەست پێی دەغەڵەکانە، نوێژ لە پەنهانیی دا واز لێ دێنن، ئەگەر خەڵك ئاگای لێ نەبێ، بەڵام لە کاتی ئاشکرابوون داو لە نێو خەڵك دا، نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن، مانای وایە بۆ خەڵك ئەنجامی دەدەن، نەك بۆ خوا!

٣- دیسان (**الطبري**) لە (**قتادة**) وە بە ژمارە: (**٣٨١٧٣**) هێناویەتی لەبارەی تەفسیری ئەم ئایەتەوە گوتوویەتی: {ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ: **قَالَ: سَاهٍ عَنْهَا لَا يُبَالِي صَلَّى أَمْ لَمْ يُصَلِّ**}، لە نوێژەکەی بێئاگایەو خافڵاوە، گوێ ناداتێ کردی یان نەیکرد!

٤- (**الطبري**)یش ئەو مانایە هەڵدەبژێرێ کە دەڵێ: (**سَاهُونَ لَاهُونَ يَتَغَافَلُونَ عَنْهَا؛ وَفِي اللَّهْوِ عَنْهَا وَالتَّشَاغُلِ بِغَيْرِهَا، تَضْيِيعُهَا أَحْيَانًا، وَتَضْيِيعُ وَقْتِهَا أُخْرَى**)، واتە: خافڵاون و خۆیان لە نوێژەکانیان بێ ئاگا دەکەن، بە قسە و ڕەفتاری پووچەوە دەخافڵێن، (بە جگەلە نوێژەکەیانەوە دەخافڵێن، لە کاتێکدا پێویستە نوێژەکەیان بکەن) ئنجا جاری وا هەیە نوێژەکە خۆی زایەی دەکەن، جاری واش هەیە کاتەکەی زایە دەکەن و، لە کاتی خۆیدا نایکەن.

کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥﴾، ئایا حیکمەتی چییە وشەی (سَاهُونَ)، بە (عَن) بەرکاری خواستوە؟ (**عُدِّيَ سَاهُون ب «عن» لإفادة أَنَّهُمْ تَجاوزوا إقامة الصلاة وتركوها، ولا علاقة لهذه الآية بأحكام السَّهو في الصلاة**)، واتە: بۆیە (سَاهُونَ)، بە (عَن) بەرکاری پێخوازراوە، تاکو ئەوە بگەیەنێ، کە ئەوانە

لـە بەرپاکردنـی نوێژەکەیـان تێپەڕیـون و وازیـان لـێ هێنـاوەو، ئـەم ئایەتـە هیـچ پەیوەندییەکـی نیـە بـە حوکمەکانـی سـەهووکردن و بـە هەڵـە داچوونـەوە لـە نوێـژدا.

(السـهو: **الذُّهـولُ عَـنْ أَمْـرٍ سَـبَقَ عِلْمُـهُ**)، (**سَـهُو**): بریتیـە لـە بێئاگابـوون لـە شـتێك کـە پێشـتر زانـراوە، دەگوتـرێ: ئـاگام لـەو شـتە نەمـاو لێـی سـەهوو بـووم، واتـە: پێشـتر دەمزانـی، بـەڵام لێـرەدا خوازراوەتـەوە بـۆ وازهێنـان و پشـتتێکردن، ﴿عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥﴾، یانـی: (**تَارِكُـونَ لِصَلاَتِهِـم**)، وازلێهێنـەری نوێژەکەیانـن، ئنجـا وەك (**الطـبري**)، دەڵـێ: یـان ئەوەتـا نوێژەکانیـان هـەر ناکـەن، یاخـود لـە کاتـی خۆیدا نایکـەن، یاخـود بـەو شـێوەیە نایکـەن کـە خـوای پـەروەردگار لێـی داوا کـردوون.

٣)- ﴿ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ﴾، ئەوانەی ڕیابازیی دەکەن، بۆ ڕوو دەربایسیی نوێژەکەیان دەکەن، بۆ بەرچاوی خەڵك، (**الطبري**) ئاوا مانای ئەم ئایەتە موبارەکە دێنێ، دەڵێ: (**الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ النَّاسَ بِصَلَاتِهِمْ إِذَا صَلُّوا، لِأَنَّهُمْ لَا يُصَلُّونَ رَغْبَةً فِي ثَوَابٍ، وَلَا رَهْبَةً مِنْ عِقَابٍ، وَإِنَّمَا يُصَلُّونَهَا لِيَرَاهُمُ الْمُؤْمِنُونَ فَيَظُنُّونَهُمْ مِنْهُمْ، فَيَكُفُّونَ عَنْ سَفْكِ دِمَائِهِمْ، وَسَبْيِ ذَرَارِيِّهِمْ، وَهُمُ الْمُنَافِقُونَ الَّذِينَ كَانُوا عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ**)[1] (**جامع البيان: ج٢٤، ص٦٦٤**)، واتە: نوێژەکەیان کە دەیکەن، بۆ ڕیابازیی و بۆ بەرچاوی خەڵك دەیکەن، کاتێك نوێژەکەیان دەکەن، چونکە نوێژەکەیان بۆ ئەوە ناکەن، ئارەزوومەندی پاداشت بن، یاخود مەترسییان لە سزا (ی خوا هەبێ، کە هەڕەشەی کردوە لەو کەسانەی نوێژ ناکەن و بەندایەتیی بۆ خوای پەروەدگار ناکەن) بەڵکو نوێژەکەیان بۆ ئەوە دەکەن بڕواداران بیانبینن و، پێیان وابێ لەوانن (ئەوانیش بڕوادارن) و واز لە خوێن ڕشتن و بەدیلگرتنی وەچەکانیان بێنن، ئەوەش مەبەست پێی موونافیق و دەغەڵەکانن لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ. (یان هەر ڕۆژگارێکی دیکەدا کە نوێژ دەکەن، بەڵام نوێژێکی بێ ڕووح و بێ ئامانج دەکەن)[2].

---

(١) الجامع البيان: ج٢٤، ص٦٦٤

(٢) بێگومـان هەرکـەس بێبـڕوا نامسـوڵمان بـوو، خوێـن و وەچـەی ڕەوانیـە، مەگـەر سـەنگەر لـە دژی ئیسـلام و مسـوڵمانان بگـرێ، بۆیـە دەبووایـە (الطـبري) ئـەو بەنـد (قیـد)ەی بخاتەسـەرو بەڕەهایـی نەیڵـێ.

ئەمە لە حاڵێکدا کە ئەم ئایەتانەی دوایی لە مەدینە دابەزیبن (ئەو چوار ئایەتەی کۆتایی) کە ئەمەش ڕایەکی زانایانە، بەڵکو ڕایەك هەیە کە سووڕەتەکە هەمووی مەدینەیی بێ، بەڵام ئەگەر مەککەیی بێ، ئەو کاتە مەبەست پێی کەسانێکە کەلە مەککە مسوڵمان بووبن، بەڵام هەروا مسوڵمانبوونێکی لامسەرلایی و هاکەزایی، ئەوە نەبووە مسوڵمانێکی چاك و جیددیی بن و، باش خەم لە نوێژەکانیان و لە پەرستشەکانیان بخۆن.

٤)- ﴿ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ﴾، ئەو سوودانەی لەلاشیانن ڕێگرییان لێ دەکەن (بگەنە خەڵك).

ئەمە سیفەتی کۆتاییانە، (الطبري)، دەڵێ: **(وَيَمْنَعُونَ النَّاسَ مَنَافِعَ مَا عِنْدَهُمْ، وَأَصْلُ الْمَاعُونِ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ: مَنْفَعَتُهُ؛ يُقَالُ لِلْمَاءِ الَّذِي يَنْزِلُ مِنَ السَّحَابِ: مَاعُونٌ)**[1]، واتە: ئەو سوودانەی لە لایانن لە خەڵکیان دەگرنەوە، وشەی ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾یش، لە هەر شتێك بریتیە لە سوودو کەڵکەکەی، ئەو ئاوەی لە ئاسمان دادەبەزێ، پێی دەگوترێ: ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾، لەبەر ئەوەی سوودو کەڵکی هەیە.

(الطبري)، دەڵێ: **(إِنَّ اللَّهَ وَصَفَهُمْ بِأَنَّهُمْ يَمْنَعُونَ النَّاسَ مَا يَتَعَاوَرُونَهُ بَيْنَهُمْ، وَيَمْنَعُونَ أَهْلَ الحَاجَةِ وَالمَسْكَنَةِ، مَا أَوْجَبَ اللَّهُ لَهُمْ فِي أَمْوَالِهِمْ مِنَ الْحُقُوقِ، لِأَنَّ كُلَّ ذَلِكَ مِنَ المَنَافِعِ الَّتِي يَنْتَفِعُ بِهَا النَّاسُ، بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ**[2]**)، (جامع البيان: ١٥، الجزء:٣٠، ص٣٥٢)**، واتە: خوا ﷻ ئەوانەی بەوە وەسفکردوون کە ئەوەی خەڵك لە نێوان خۆیاندا دەستاو دەستی پێدەکەن و، وەیەکدی دەدەن (لە حەواج و کەل و پەل، ئەوە لە خەڵك دەگرنەوە)و، ئەوانەی پێویستن و ئاتاجن و هاوکارییان لێدەگرنەوە، لەو ماڵ و سامانەدا کە خوا ﷻ مافی ئەوانی تێدا پێویست کردوون، (ئنجا ئەگەر زەکاتە، یان جگەلە زەکاتە) چونکە هەموو ئەوە لەو سوودانەن کە خەڵك لە نێو خۆیاندا لێیان بەهرەمەند دەبن.

---

(١) جامع البيان: ج٢٤، ص٦٦٤

(٢) جامع البيان: ١٥، الجزء ٣٠، ص٣٥٢

واتـە: هـەم کـەل وپـەل لـە خەڵـك دەگرنـەوە، هـەم لـە مـاڵ و سـامانیان هاوكاریی خەڵكـی ئاتـاج و نـەدار ناكـەن، كـە خـوای كاربەجـێ لـە ماڵـی دەوڵەمەندەكانـدا، هاوكارییكردنـی نەدارانـی پێویسـت كـردووە.

(**القرطبـي**) لـە مانـای ﴿ ٱلۡمَاعُونَ ﴾دا، دوازدە مانـای هێنـاون، بگـرە هەندێـك لـە زانایـان زیاتریشـیان هێنـاون، بـەڵام (**القرطبـي**)، دوازدە (**١٢**) مانـای هێنـاون، دەڵـێ: **(الماعـون أولاً: الـزكاة، وثانيـاً: المـال، ثالثـاً: إسـم جامـع لمنافـع البيـت، رابعـاً: مـا كانـت فيـه منفعـة، خامسـاً: العاريـة، سادسـاً: المعـروف، سـابعاً: المـاء والـكلأ، ثامنـاً: المـاء وحـده، تاسـعاً: منـع الحـق، عـاشراً: المسـتغل مـن منافـع الأمـوال، حـادي عـشر: الطاعـة والإنقيـاد، وثـاني عـشر: المعونـة).**

(**القرطبـي**) ڕای زانایانیشـی هێنـاوەو هەموویـان پاڵدەداتـە لای هـاوەڵان و زانایانی شـوێنكەوتووانی هـاوەڵان (خـوا لـە هەموویـان ڕازی بـێ)، كـە گوتوویانـە: (**الماعـون**) بـەو مانایانـە دێ: ١- زەكات. ٢- مـاڵ و سـامان بـە گشـتیی. ٣- ناوێكـی كۆكەرەوەیـە بـۆ هەمـوو ئـەو كـەل وپەلانـەی لـە ماڵـدا خەڵـك پێویسـتیی پێیـان دەبێـت. ٤- هـەر شـتێك كـە سـوودی تێـدا هەبـێ. ٥- ئـەو شـتەی وەك حـەواج و شـمەك بـە كەسـێك دەدرێ. ٦- هـەر شـتێكی پەسـند و هـەر هاوكارییەكـی پەسـند. ٧- ئـاو و لەوەڕگایـە. ٨- هەندێكیـان گوتوویانـە: بـەس ئـاوە. ٩- ڕێ لـە هـەق گرتـن. ١٠- ئـەو بەرهـەم و سـوودەیە كـە لـە مـاڵ و سـامانەكان دا دوای ئـەوەی دەجووڵێنرێـن، وەدەسـت دێ و پەیـدا دەبێـت. ١١- ملكەچیـی و فەرمانبەریـی. ١٢- هاوكاریـی.

ئنجـا بـا لـەو بـارەوە ئـەم دەقـەش بێنیـن: {**عَـنِ ابْـنِ مَسْـعُودٍ رضي اللـه عنـه، قَـالَ: «كُنَّـا نَعُـدُّ الْمَاعُـونَ عَـلَى عَهْـدِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ: الدَّلْـوَ، وَالْفَـأْسَ، وَالْقِـدْرَ»**} (**أخرجـه أبـو داود: ١٦٥٧، والنسـائي: ٧٢١، والبيهقـي في الكُـبرى: ٨٠٤١، وسـنده حسـن، ولـه حكـم الرفـع، وحسَّـنه الألبـاني**). واتـە: عەبدوڵـڵای كـوڕی مەسـعوود (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: ئێمـە لـە ڕۆژگاری پێغەمبـەری خـوادا ﷺ ماعووغمـان، بـەوە لێكدەدایـەوە (كـە

وەک سپاردە بەخەڵك دەدرێ)، لە دۆڵچە (کە ئاوی پێ لە بیر هەڵدەهێنجن) و، تەشوێ و، تەورو بیور (کە داری پێ دەقەڵێشرێ و دەشکێنرێ)و، مەنجەڵ (کە چێشتی تێدا دەکوڵێنرێ) واتە: کەل و پەلێك کە ماڵەکان لە بەینی خۆیاندا وەیەکدی دەدەن.

کەسێك دەچێ بۆ ماڵێك دەڵێ: ئەگەر فەرشێکی زیادتان هەیە، وێمدەن، یەکێك داوای شتێکی دیکە لە یەکێکی دیکە دەکات، داوای چەقۆی لێ دەکات، داوای تەرازووی لێ دەکات، داوای کورسیی لێ دەکات و دەڵێ: کورسییمان نین ئەگەر ژمارەیەك کورسییمان پێبدەن بۆنەیەکمان هەیە، هەتا کۆتایی.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: ئێمە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا ﷺ: ﴿ٱلْمَاعُونَ﴾مان، بە دۆڵچەو تەورو مەنجەڵ، لێك دەدایەوە، ئەمە خۆی گوتوویەتی و، نەیگوتوە پێغەمبەری خوا ﷺ وا دەفەرموێ، بەڵام ئەمە لە زاراوەی پسپۆڕان و فەرموودەناسان دا حوکمی ئەوەی هەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبێتی و بۆ لای وی بەرز کرابێتەوە، چونکە مادام باسی ڕۆژگاری پێغەمبەری کردوەو دەڵێ: لەو ڕۆژگارەدا ﴿ٱلْمَاعُونَ﴾مان، پێ ئەو شتانە بوو، کەواتە: لەو ڕۆژگارەدا وشەی ماعوون، ئەو چەمك و واتایانەی هەبوون و میصداقەکەی ئەو کەل وپەلانە بوون، کە وەك نموونە ئاماژەی بە هەندێکیان کردوە.

لە تەفسیری ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥﴾.

(القرطبي) شتێکی جوان دێنێ لە تەفسیرەکەی خۆی **(الجامع لأحكام القرآن:)**[1]دا، دەڵێ:

(ولا يكون الرجل مُرائياً بإظهار العمل الصالح إن كان فريضة، فمِن حق الفرائض الإعلان بها وتشهيرها)، واتە: پیاو بە ڕیاباز دانانرێ بەهۆی دەرخستنی کردەوەی

---

(١) ج٢٠، ص١٩٦ و ١٩٧.

باشـەوە، مـادام ئـەو کـردەوە باشـە بـۆ خـۆی ئـەرك بـێ و فـەرز بـێ، چونکـە هەقـی فـەرزەکان وایـە بـە ئاشـکرا ئەنجـام بدرێـن و پێشـان بدرێـن و خەڵـك بیانبینـێ، مەبەسـتی ئەوەیـە کە خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ يُرَآءُونَ ۝٦ ﴾، ئەوانـەی ڕیابازیـی دەکـەن، مانـای وانیـە هـەر کەسـێك نوێـژی لەبـەر چـاوی خەڵـك کـرد، ڕیابـاز بـێ، بەڵکـو ئەوانـە کۆمەڵێکـی تایبـەت و دیارییکـراو بـوون، لـە نێـو خەڵکـدا نوێژیـان کـردوە بـۆ سەرنجڕاکێشـانیان و، حاڵییکردنیـان کـە ئێمـەش وەك ئێـوە بڕواداریـن، بـەڵام خـوا ﷻ ئـاگای لـە دڵ و دەروونیـان بـووە، بۆیـە فەرموویەتی: ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ۝٤ ﴾، هـاوارو سـزای سـەخت، شـیوێك لـە دۆزەخ، خراپیـی بـۆ نوێژکەرانێـك، ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥ ﴾، ئەوانـەی لـە نوێژەکانیـان بێئـاگان.

ئنجـا ئەگـەر خـوا فەرمووبـای: (الذیـن هـم في صلاتهـم سـاهون)، ئەوانـەی لـە نوێژەکەیـان دا بێئـاگان، هەمـوو کەسـی دەگرتـەوە، بـەڵام فەرموویەتـی: ﴿ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥ ﴾، ئەوانـەی لـە نوێژەکانیـان بێئـاگان، واتـە: نوێـژ دەکـەن و بـە حیسـاب نوێژکـەرن، بـەڵام لـە نوێژەکەیـان بێئـاگان، پێشـتریش ڕوونمـان کـردەوە: لـە نوێژەکەیـان بـێ ئـاگان واتـە:

أ-نایکەن، یان بیکەن و نەیکەن، پێیان وەك یەکە.

ب- یاخود لە کاتی خۆیدا نایکەن.

ج- یاخود بەو شێوەیە نایکەن کە خوای بەرزو مەزن فەرمانی پێکردووەو، ئێوەڕۆکێك و هەقیقەتێکی هەبێ کە خوا ﷻ لە نوێژدا بە مەرجی گرتوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ۝٢ ﴾المؤمنون، واتە: بە ڕاستیی ئەو بڕوادارانەی لە نوێژەکانیاندا ملکەچن، سەرفرازن، ئەوانەی کارلێك لەگەڵ وشەکانی نوێژەکەیاندا دەکەن و، لەگەڵ جموجۆڵی نوێژەکانیاندا، لە کاتێکدا دەچنە حاڵەتی ڕکووع دەچەمنەوە لە خزمەت خواداو، کاتێك دەچنە حاڵەتی کڕنووش بردن

و سەردەخەنە سەر زەوی و، کاتێك تەحییات دەخوێنن و، کاتێك ڕادەوەستن و، کاتێك قورئان دەخوێنن، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، دڵیان لەگەڵ نوێژەکەیانەو، لەگەڵ ئەو وشانە دایە کە لە نوێژەکەیاندا دەیانڵێن.

دواییش خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ﴿٦﴾ ﴾، کەواتە: ئەوانە نەك هەر لە نوێژەکەیان بێ ئاگان، بەڵکو نوێژەکەشیان کە دەیکەن هەر بۆ ڕووپامایی خەڵك و سەرنجڕاکێشانی خەڵك و، لەبەر چاوی خەڵك، دەیکەن، مانای وایە ئەگەر خەڵك چاوی لێ نەبێ، هەر ناشیکەن!

لە کۆتاییش دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ﴿٧﴾ ﴾، یارمەتییش لە خەڵك دەگرنەوە، ئەو شتانەی خەڵك لێیان بەهرەمەند دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئەگەر ماڵ ەو سامانە، ئەگەر کەل وپەلێکە، هەر شتێکە کە خەڵك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن و، وەیەکدی دەدەن بە ئەمانەت و دوایی بۆ یەکدی دەیگێڕنەوە، دەست لەوەش دەگرنەوەو ئەوەش ناکەن.

پێوەر و تەرازوویەکی گرینگ بۆ هەڵسەنگاندی خەڵك

لە کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتە موبارەکەدا دەڵێین:

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا پێوەرو تەرازوویێکمان بۆ دادەنێ، بۆ کێشان و هەڵسەنگاندنی کەسێك کە بڕوای هەیە بە ڕۆژی سزاو پاداشت، یاخود کەسێك کە بڕوای هەیە بە (دین) ئایین و بەرنامەی خوا، ئەو پێوەرو تەرازووەش، زۆر جیایە لەوەی ئێمە بیرمان بۆی دەچێ، ئەگەر ئەو پرسیارە لە ئێمە بکرێ: دەزانی کێ بڕوای بە ڕۆژی سزاو پاداشت نیە، ئایا ئەو کەسە دەناسیی کە بڕوای بە پاداشت و سزای خوا نیە، ئەگەر لە ئێمە بپرسن؟! دەڵێین: بەڵێ ئەو کەسەی بێبڕوایە و گوناهو تاوان دەکات و، ئەو کەسەیە کە بڕوای بە سزا و پاداشت نیەو، حیسابی لای خوا ناکات، بەڵام خوا ﷻ چەند کردەوەو

ڕەفتارێکی بەرجەستە دێنێ، جاری دیکەش باسمان کردوە، هەمیشە خوا ﷻ کە پێناسەی کەسەکان و شتەکان دەکات، بە بەرجەستە کراویی پێناسەیان دەکات، ئەوە تایبەتمەندییەکی فەرمایشتی خوایە، یانی: کە باسی پارێزکاران دەکات، سیفەتەکانیان بەرجەستە دەکات، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**آل عمران**)دا کە پێناسەی پارێزکاران دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾ **آل عمران**، واتە: خێرایی (و پێشبرکێ) بکەن بەرەو لێبوردنێکی تایبەت لە لایەن پەروەردگارتانەوەو، بە هەشتێك (باخێك) کە پانایيەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە بۆ پارێزکاران، ئامادە کراوە، ئنجا بەمجۆرە پێناسەی پارێزکارامان بۆ دەکات:

﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٣٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَجَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾ ﴾ **آل عمران**.

یەك: ﴿ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ ﴾، ئەوانەی ماڵ و سامانی خۆیان خەرج دەکەن، ﴿ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ ﴾، لە کاتی خۆشیی و لە کاتی ناخۆشییدا، یاخود لە کاتی فەڕحانیی و لە کاتی سەغڵەتییدا، لە کاتی هەبوون و لە کاتی نەبووونداو، لە کاتی هەبوون دا لە قەدەر هەبوون دەبەخشن و، لە کاتی نەبوونیشدا لە قەدەر نەبوون دەبەخشن.

دوو: ﴿ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ ﴾، ئەوانەی قووتدەرەوەی پەستیین، ڕقی زۆرو تووڕەیی و پەستیی خۆیان قووتدەدەن و کپ دەکەنەوەو دەری نابڕن.

سێ: ﴿ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ﴾، لێبوردەن لە خەڵك، نەك هەر ڕق و تووڕەیی خۆیان لە بەرانبەر، قووتدەدەن و کپ دەکەنەوە، بەڵکو لێشیان دەبوورن.

چوار: ﴿وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾﴾، خواش چاکەکارانی خۆشدەوێن، واتە: نەك هەر لێیانببوورن، بەڵکو هەوڵدەدەن چاکەشیان لەگەڵ دا بکەن.

پێنج: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٣٥﴾﴾، (ئەوانە چاکەکانیانن بەڵام ئەگەر هەڵەنگوتن و خراپەیەکیشیان کرد) کەسانێك کاتێك شتێکی ناقۆڵاو دزێویان ئەنجام دا، یاخود ستەمیان لە خۆیان کرد، یادی خوا دەکەنەوەو، بۆ گوناهەکانیان داوای لێبوردن دەکەن، کێش هەیە لە گوناهان ببوورێ بێجگە لە خواو، لەسەر ئەوەی کردوویانە مکوور و بەردەوام نابن لە حاڵێکدا کە دەزانن خراپە، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ﴾، ئا ئەوانە پاداشتیان لێبوردنێکە لە پەروەردگاریانەوە، ﴿وَجَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾، هەروەها باخانێك کە ڕووبار بە ژێریاندا دەڕۆن ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾﴾، بە هەمیشەیی تێیان دا دەمێننەوەو، باشترین پاداشت پاداشتی ئەوانەیە کە کار بۆ خوا دەکەن.

هەروەها لە سوورەتی (**الذاريات**)یشدا، کە خوا پێناسەی پارێزکاران دەکات بە هەمان شێوەو، لە کۆتایی سوورەتی (**الفرقان**)یش دا کە پێناسەی بەندەکانی خوای بە بەزەیی دەکات: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴿٦٣﴾﴾، بە هەمان شێوەو خوا ﷻ شازدە (١٦) بۆ پێناسەکردنی بەندەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.

لێرەش خوا دەفەرموێ: دەزانی کێ بە ڕۆژی سزاو پاداشت بێبڕوایەو بە درۆی دادەنێ: ﴿فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾﴾، ئەگەر نایناسیی: ئەو کەسەیە کە پاڵ بە هەتیوەوە دەنێ و تێیەوە دەخوڕێ و پاڵەستۆی دەدا، لە جیاتی ئەوەی دەستی بەسەردا بێنێ و هاوکاریی بکات، بەنسبەت نەداریشەوە: نەك هەر خۆی هاوکاریی ناکات، بەڵکو ئامادە نیە قسەیەکی خێریشی بۆ بکات و، هانی خەڵکی دیکەش بدات هاوکاریی بکەن، ئنجا ڕەنگە یەکێك بڵێ: ئەو کەسەی لەگەڵ هەتیودا بێ بەزەیی و

دڵڕەقەو، پاڵەستۆی دەداو دەری دەکات و، لەگەڵ نەداردا بەو شێوەیە، دەبینی نوێژ دەکات و نوێژکەرە؟ بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ﴿٤﴾﴾، ئنجا سزای سەخت بۆ نوێژکەرانێك ﴿الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿٥﴾﴾، ئەوانەی لە نوێژەکانیان بێئاگان، بە بەڵگەی ئەوە دەزانین کە لە نوێژەکانیان بێئاگان، واتە: ئاگایان لە ڕووح و جەوهەرو نێوەڕۆکی نوێژەکەیان نیە، کە ئەوە ڕەوشت و ڕەفتاریانە لەگەڵ هەتیوو ئاتاج و نەداردا، کەواتە: نەیانزانیوە نوێژەکەیان بۆچی دەکەن! ﴿الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ ﴿٦﴾﴾، ئەوانەی ڕیابازیی دەکەن، بۆ بەرچاوی خەڵك، ئەگەر شتێك ئەنجام بدەن، دەیکەن.

﴿وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ ﴿٧﴾﴾، هاوکارییش دەگرنەوە لە خەڵك و، دەستی هاوکاریی بۆ خەڵك درێژ ناکەن، خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا پێنج سیفەتی زۆر خراپ دەداتە پاڵ کەسێك کە بەسزاو پاداشتی خوا، یاخود بە ئایین و بەرنامەی خوا بە گشتیی بێبڕوایەو بە درۆی دادەنێ، نوێژکەرە بەڵام لە نوێژەکەی بێ ئاگایە، هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: مەبەست پێی ئەوەیە کە نوێژ هەر ناکەن، بەڵام نوێژکردنێك بەو شێوەیە بێ، مرۆڤ لە نوێژەکەی بێئاگابێ و، بەرهەمێك کە دەبێ بەهۆی نوێژەوە پەیدابێ، تێیدا پەیدا نەبێ، بێگومان نوێژکردن و نەکردنی هەروەك یەکە.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین، ئەویش ئەوەیە: دەبێ لە خۆمان وریابین، تەنیا نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و ناوی مسوڵمان لێهەڵدران، بەس نیە، بەڵکو دەبێ لە خۆمان وردبینەوەو، ئاکارو ڕەفتارەکانمان بەو شێوەیە بن، کە نوێژ دەیانخوازێ و بەندایەتیی بۆ خوا دەیانخوازێ و، ڕووکردنە خوا دەیانخوازێ و، دەبێ خۆمان دووربگرین لەو سیفەت و ئاکارو ڕەفتارانەی، پێچەوانەی نوێژو پێچەوانەی بەندایەتیی کردن بۆ خوان، هەر بۆیەش خوا ﷻ لە سوورەتی **(العنكبوت)**دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ

(٤٥) ﴿...﴾، نوێژ (خاوەنەکەی) قەدەغە دەکات لە هەرچی قسەو کردەوەی ناقۆڵاو ناشیرینەو، هەر قسەو کردەوەیەکی خراپ و بەزەرِ.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە نوێژەکانمان دەکەین، هەقی خۆیان پێبدەین و، لەو کەسانەمان بگێڕێ کە خۆیان دەرازێننەوە، بە هەموو ئەو سیفەتە بەرزو پەسندانەی بە مەرجی گرتوون، بۆ کەسانێك کە بڕوادارن بە سزاو پاداشتی خواو، بە ئایین و بەرنامەی خواو، لەو خوو و خدەو خەسڵەتە دەروونیی و ڕواڵەتییانە دوورمان بکات و، بمانپارێزێ، کە کەسانێکی بەو جۆرەی پێ وەسفی کردوون و دەفەرموێ: ئەوانە بێبڕوان و بەدرۆدانەرن بۆ سزاو پاداشت، یاخود بۆ ئایین و بەرنامەی خوا.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سوورەتی

الكَوثَر

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کە (١/٣/ ١٤٤٢)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٢/ ٨ /٢٠٢٠)ی زایینی، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای ئایەتە بە پێزەکانی سوورەتی (**الكوثر**)و، سەرەتاش لە حەوت بڕگەدا پێناسەو نێوەڕۆکی دەخەینەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الکوثر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە زیاتر بە (**سورة الكوثر**) ناسراوە، بەڵام هەر کام لە: (**سورة إنا أعطيناك الكوثر**) و (**سورة النحر**)یشی بۆ بەکارهێنراون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ڕاجیایی زۆر لەوبارەوە هەیە، زۆربەی زانایان بە مەککەیی دەزانن و، هەندێکیشیان بە مەدینەیی، کەمێکیش لە زانایان ڕایان وایە ئەم سوورەتە دوو جاران دابەزیوە، جارێك لە مەککەو جارێك لە مەدینە، ئەوەی واشی لێکردوون ئەو ڕایەیان هەبێ، ئەوەیە کە هەندێك دەقی سوننەت هەن، مەککەیی بوونی ئەم سوورەتە دەگەیەنن و، هەندێك دەقیش هەن، مەدینەیی بوونی دەگەیەنن، وەك دوایی باسیان دەکەین، بەڵام ڕای مەککەیی بوونی ڕاسترەو، لەو بارەوەش ئەم دەقە دێنین:

(عَنْ عَبْدِالله بْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾ بمكة) (أخرجه ابن مردويه كما في الدر المنثور: ٨، ص٦٤٦، للسيوطي، وقال: وَأَخْرَجَ عَنْ عَبْدِالله بْن الزُّبير مثله، الإستيعاب: ج٣، ص٥٦٤).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﵄، گوتوویەتی: سووڕەتی ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾، لە مەککە دابەزیوەو، (ابن مردويه)، وەك (الدر المنثور)، پاڵپشتی دەکات، گوتوویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیریش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) هەمان شتی گوتوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لە موصحەفدا ژمارەکەی سەدو هەشت (١٠٨)ە، لە دابەزینیشدا ژمارەکەی پازدە (١٥)یەو، پێش سووڕەتی (التكاثر)و، دوای سووڕەتی (العاديات) دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ئەم سووڕەتە موبارەکە سێ ئایەتە، کورتترین سووڕەتە، چونکە هەر کام لە سووڕەتی (العصر) و (النصر)یش، یەکی سێ ئایەتن، بەڵام سووڕەتی (العصر)و، سووڕەتی (النصر)، پیتەکانیان لە پیتەکانی سێ ئایەتی ئەم سووڕەتە موبارەکە زیاترن، بۆیە سووڕەتی (الكوثر) کورتترین سووڕەتە لە قورئاندا، چ لە ڕووی ئایەتەکانەوە کە سێ ئایەتەو، چ لە ڕووی ژمارەی پیتەکانیەوە کە کەمترین پیتن بە ژمارە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سووڕەتە هەمووی دڵدانەوەی پێغەمبەری خوا موحەممەدە ﷺ، کە خوا ﷻ چاکەیەکی گەورەی لەگەڵدا کردوە، بۆیە با نوێژ بۆ پەروەردگاری بکات و، قوربانیی بۆ سەربڕێ و، دڵنیاش بێ کە دوژمن و ناحەزەکەی دوابڕاوو بێ ئاکامە،

نـەك ئـەو، وەك دوژمـن و ناحەزانـی بانگەشـەیان لـە دژ دەکـرد، کـە کوڕەکانـی لـە شـاری مەککـە کۆچـی دواییـان کـرد، سـەرەتا (قاسـم)و دوایـی (**عبداللـه**) کە بـە (**الطیب و الطاهر**)یـش ناودەبـرا، -لـە مەدینـەش لـە (**ماریـة الطبطیـة**) (**إبراهیـم**)ی بـوو بـەڵام ئەویـش بـە گچکەیـی مـرد- عەرەبـەکان عادەتیـان وابـوو ئەگـەر کەسـێك نێـرەوەزی لـە پـاش نەبووایـە، کـوڕی لـە پـاش نەبووایـەو کوڕەکانـی مردبانایـە، دەیانگـوت: (**هـو أبـتر**)، ئـەو دوابـڕاوەو بـێ پاشـەوارە، ئنجـا خـوا ﷻ دڵـی پێغەمبـەری ﷺ دایـەوە کـە تـۆ بـێ پاشـەوار نـی، بەڵکـو کەسـێک ڕقـی لـە تـۆ هەڵدەسـتێ و ناحـەزی تۆیـە، ئـەو بـێ پاشـەوارو بـێ ئاکامـە، ئـەوەی خـواش ﷻ فەرموویەتـی، ڕێـك وایـە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

دوو تایبەتمەندییمان لەم سوورەتە موبارەکە کەوتوونە بەرچاو:

١)- کورتترین سوورەتی قورئانە لە ڕووی پیتەکانیەوە، ئەگەرنا سوورەتەکانی (**العصر**) و (**النصر**)یش هەر یەکی سێ ئایەتن، بەڵام پیتەکانیان زیاترن.

٢)- هەر کام لە وشەکانی:

١- (ٱلْكَوْثَرَ).

٢- (وَٱنْحَرْ).

٣- (إِنَّ شَانِئَكَ).

٤- (هُوَ ٱلْأَبْتَرُ)، ئەم چوار وشە موبارەکە، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە هەر سێ ئایەتەکەی ئەم سوورەتە دەکەین بە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم سوورەتە نێوەڕۆکەکەی بریتیە لە دڵدانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ، خوا ﷻ پێی ڕادەگەیەنێ و دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾، بەدڵنیایی ئێمە (كوثر)مان بە تۆ داوە، (كوثر)یش لەسەر کێشی (فَوْعَل)، واتە: ئەوپەڕی زۆر، کە مەبەست پێی خێرێکی زۆرەو چاکەیەکی گەورەیە، زانایان لە بارەی ئەو خێرە زۆرەوە کە چییەو چۆنە؟ ڕاجیاییان هەیە، بەڵام گرنگ ئەوە هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن: (الكوثر)، یانی: (الخير الكثير)، چاکەیەکی زۆرو نیعمەتێکی زۆر.

دوایی پێی دەفەرموێ: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢﴾، ئنجا بۆ پەروەردگارت نوێژ بکەو قوربانییشی بۆ سەرببڕە، یاخود ئاژەڵ کە سەردەبڕێ تەنیا بۆ وی سەرببڕە، ناوی خوای لێ بێنە، بۆ خوا سەری ببڕە، بۆ ئەوەی پێی لە خوا نیزیك بکەویەوە.

﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣﴾، بە دڵنیایی ڕق لێبوونەوەت، کەسێک کە ناحەزی تۆیە، ئەو دوابڕاو و بێ ئاکام و بێ سەرەنجامە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . ئێمە زۆرترین چاکەمان پێت بەخشیوە ﴿١﴾ ئنجا نوێژ بۆ پەروەردگارت بکەو، قوربانیی بۆ وی سەربڕە (یاخود بەس بۆ وی سەربڕە) ﴿٢﴾ بە دڵنیایی ناحەزی تۆ بێ ئاکام و دوابڕاوە ﴿٣﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْكَوْثَرَ): زۆر واتایان بۆ هێناون:

أ- (**الكَوْثَرُ: نَهْرٌ فِي الجَنَّةِ يَتَشَعَّبُ منه الأَنْهَار**)، (**كَوْثَر**) ڕووبارێکە لە بەهەشتدا ڕووبارەکانی دیکە لەو جیادەبنەوە.

ب- (**الكَوْثَرُ: الخَيْرُ العَظِيم الَّذِي أَعْطَاهُ الله النَّبِيَّ الخاتم ﷺ**)، ئەو چاکە مەزنەیە خوا بە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بەخشیوە، (**تَكَوْثَر الشيءُ، أي: كَثُرَ كَثْرَةً مُتَنَاهِيَة**)، (**تَكَوْثَرَ الشيء**)، واتە: هێندە زۆر بوو، بێ سنوور زۆر بوو.

ج- (**الكَوْثَرُ: الرَّجُلُ السَّخِيُّ**) پیاوی بەخشندە.

(وَٱنْحَرْ): (**النَّحْرُ: مَوْضِعُ القِلَادَةِ مِنَ الصَّدْرِ**)، (**نَحْر**): شوێنی ملوانکەیە لە سینەدا، ئەو شوێنەی ملوانکەو گۆبەرۆکی دەکەوێتە سەر، پێی دەگوترێ: (**نَحْر**)، واتە: سەرووی سینە، (**نَحَرْتُهُ أي: أَصَبْت نَحْرَهُ، وَمِنْهُ نَحْرُ البَعِيرِ**)، (**نَحَرْتُهُ**)، واتە: لە نەحریەوە لە سەرووی سینگیەوە سەرم بڕی، سەربڕینی حوشتر (**نحر**)ی، بۆ بەکاردێ بەڵام هی ئاژەڵی دیکە (**ذَبْح**).

(**وَانْحَر**)، دوو واتای هەن:

أ- سەربڕە، حوشتر سەربڕە، یاخود بەگشتیی ئاژەڵان سەربڕە بۆ خوا.

ب- (وَانْحَرْ: أَمْرٌ بوَضْعِ اليد عَلَى النَّحْر)، دەستت لەسەر سینەت دابنێ لە کاتێکدا بۆ نوێژ دەوەستی، بەڵام هەر مانای یەکەمیان لەگەڵ ڕەوتی ئایەتەکاندا گونجاوە.

(إِنَّ شَانِئَكَ): (شانِيء: مِنْ شَنَأَ أي: أَبْغَضَ، وَالشَّانِيءُ: المُبْغِضُ، وَشَنِئَهُ أي: أَبْغَضَهُ)، (شَنَأَ) بە مانای (أَبْغَضَ)، ڕقی لێ هەڵسا، دێ (شَانِيء: مُبْغِض)، ڕق لێ هەڵساو، ناحەز، وەك چۆن (شَنَأَ) بەکاردێ، (شَنِيءَ)ش، هەر بەکارهاتوە، واتە: (عين الفعل)ەکەی، سەر (فتحة)ی هەبێ، یاخود ژێر (کسرة)ی هەبێ.

(هُوَ ٱلْأَبْتَرُ): (البَتْرُ: قَطْعُ الذَّنَبِ، وَالأَبْتَرُ: مَقْطُوعُ العَقَبِ)، (بَتْر): بە مانای قرتاندنی کلکە، بەڵام (أَبْتَر)، بە مانای کەسێکە دوابڕاوەو بێ پاشەوارە، کەسی لە دوانیە بە تایبەت کوڕ، نێرەوەز.

هۆی هاتنە خواری ئەم سوورەتە

دوو گێڕدراوە دێنین، لە بارەی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە:

یەکەم: {عَنْ أَنَسٍ ﷺ، قَالَ بَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ بَيْنَ أَظْهُرِنَا، إِذْ أَغْفَى إِغْفَاءَةً، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ مُتَبَسِّماً، فَقُلْنَا: مَا أَضْحَكَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «أُنْزِلَتْ عَلَيَّ آنِفًا سُورَةٌ»، فَقَرَأَ: «بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ: ﴿إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴿٢﴾ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴿٣﴾﴾»، ثُمَّ قَالَ: «أَتَدْرُونَ مَا الْكَوْثَرُ»، فَقُلْنَا: أَللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «فَإِنَّهُ نَهْرٌ وَعَدَنِيهِ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ، عَلَيْهِ خَيْرٌ كَثِيرٌ، هُوَ حَوْضٌ تَرِدُ عَلَيْهِ أُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ، آنِيَتُهُ عَدَدُ النُّجُومِ، فَيُخْتَلَجُ الْعَبْدُ مِنْهُمْ، فَأَقُولُ: رَبِّ إِنَّهُ مِنْ أُمَّتِي، فَيَقُولُ: مَا تَدْرِي مَا أَحْدَثَ بَعْدَكَ» (أخرجه مسلم: ٤٠٠).

واتـە: ئەنەسـی کـوڕی مالیـك ﷺ دەڵـێ: ڕۆژێکیـان لـە کاتێکـدا پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە نێومـان دا بـوو، سـەرخەوێکی شـکاند (تـۆزێ خـەوی لێکـەوت) و سـەری بـەرز کـردەوە بـە زەردەخەنـەوە، گوتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! بەچـی پێدەکەنیـی و زەردەخەنـەت دێ؟ فەرمـووی: ئێسـتا سـوورەتێکم بـۆ دابـەزی، ئنجـا خوێندیـەوە: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ﴿١﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ﴿٢﴾ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ﴿٣﴾﴾، دوایـی فەرمـووی: دەزانـن (کوثـر)، چییـە؟ گوتمـان: خـواو پێغەمبەرەکـەی زاناتـرن، فەرمـووی: ڕووبارێکـە لـە بەهەشـت پـەروەردگارم عزوجـل بەڵێنـی پێـداوم، خێرێکـی زۆری لەسـەرە، ئۆممەتـی مـن لـە ڕۆژی قیامەتدا دەچێتە سـەری، دەفرەکانی (کـە لەسـەری دانـدراون ئاویـان پـێ بخورێتـەوە) بە ئەنـدازەی ژمـارەی ئەسـتێرەکانن، یەکێـك لـە بەنـدەکان دەیـەوێ ئـاو بخواتـەوە کەچـی دوور دەخرێتـەوە، منیـش دەڵێـم: پـەروەردگارم ئەمـە لـە ئۆممەتـی منـە، ئەویـش دەفەرمـووێ: تـۆ نازانـی لـە دوای تـۆ چـی کـردوە! واتـە: ئـەوە هـەر بەڕواڵـەت شـوێنکەوتوو و ئۆممەتـی تـۆ بوو، بـەڵام لەڕاسـتییدا لـە ئۆممەتـی تـۆ نەبـووەو، شایسـتەی ئـەوە نیـە لـە حەوزەکـەت ئـاو بخواتـەوە.

دووەم: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: لَمَّا قَدِمَ كَعْبُ بْنُ الأَشْرَفِ مَكَّةَ قَالَتْ لَهُ قُرَيْشٌ: أَنْتَ خَيْرُ أهلِ المدِيْنَة وَسَيِّدهُم؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالُوا: أَلاَ تَرَى إلى هَذَا المنبتر مِنْ قَوْمِهِ، يَزْعُمُ أَنَّهُ خَيْرٌ مِنَّا وَنَحْنُ، يعني: أهل الحجِيجِ وَأهل السِّدَانَةِ؟ قَالَ: أَنْتُم خَيْر مِنْهُ، فَنَزَلَتْ: ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ﴿٣﴾﴾، وَنَزَلَتْ: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ﴾، إلى قَوْلِهِ: ﴿فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾﴾} (أخرجه النسائي في تفسيره: ٧٢٧، وابن حبان: ١٧٣١، والبزار: ٢٢٩٣، والطبري في جامع البيانج ٣٠، ص٢١٣، قال مؤلف الإستيعاب: وقلنا هذا إسناد صحيح).

واتـە: ئیبنـو عەببـاس ﷺ، دەڵـێ: کاتێـك کەعبـی کـوڕی ئەشـڕەف هاتـە مەککـە (کـە یەکێك بـوو لـە سـەرۆکەکانی جوولەکـە) هـۆزی قورەیـش پێیـان گـوت: ئایا تـۆ باشـترین خەڵکـی مەدینـەو گەورەیـان نـی؟ گوتـی: بـا، گوتیـان: ئـەدی تەماشـای ئـەو

دابڕاوە لە خەڵکەکەی ناکەی، پێی وایە لە ئێمە چاکترە، (مەبەستیان موحەممەد ﷺ بووە)، ئێمەش ئەوانەین کە خزمەتی حاجییان دەکەین و خزمەتی کەعبە دەکەین، کەعبی کوڕی ئەشرەفیش گوتی: ئێوە لەو چاکترن، لەو بارەوە خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾، هەر لەو بارەشەوە ئەو دوو ئایەتە موبارەکەی سووڕەتی (النساء)یش، دابەزین، کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ۝٥١ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَمَن يَلْعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ۝٥٢﴾، واتە: ئایا نەتزانیوەو سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە بەشێك لە کتێبیان پێدراوەو بڕوا دێنن بە: ﴿بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ﴾، {(جبت)، واتە: صەنەم و (**طاغوت**)یش، هەر کەسێکە بە پێچەوانەی بەرنامەی خواوە، فەرمانبەریی بۆ بکرێ} و بە بێبڕوایەکان دەڵێن: ئەوانە لە بڕواداران ڕێی ڕاستتریان گرتوە، ئەوانە کەسانێکن خوا نەفرەتی لێکردوون، هەر کەسێکیش خوا نەفرینی لێ بکات، هیچ یارمەتییدەرو هاوکارێکت بۆی چنگ ناکەوێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، لە کاتی گوتنی: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)دا، دەبێ بەلای کەمەوە ئەم چوار واتایە لە عەقڵ و دڵدا هەبن:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بێ هاوتا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ۝١﴾، بە دڵنیایی ئێمە خێرێکی زۆرمان بەتۆ بەخشیوە، ئەو خێرە زۆرە وەك باسمانکردو، دواتریش لە مەسەلە گرنگەکاندا هەر باسی دەکەینەوە، زۆربەی زانایان بە ڕووبارێك، یان بە گۆمێك، حەوزێك لە بەهەشت، یاخود لە وێستگا (**موقف**)، ئەو شوێنەی خەڵکی لێ ڕادەگیرێ بۆ کۆکردنەوەو سزاو پاداشت درانەوە، بەر لەوەی بەرێکەون بۆ بەهەشت و دۆزەخ، لەوێ ئەو حەوزە، یاخود ئەو گۆلە، ئەو ڕووبارە هەیە، کە لە فەرمایشتەکاندا هاتوە: ئاوەکەی لە هەنگوین شیرینترەو، لە بەفر ساردترەو سپییترەو، ئەو دەفرانەی لەسەری داندراون، بە ئەندازەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمانن، ئنجا خوا دەفەرموێ: ئێمە (**کوثر**)مان بە تۆ داوە، واتە: خێرێکی زۆر، کە لە نێو ئەو خێرە زۆرەدا، ئەو ڕووبارەش، یاخود ئەو حەوزەش هەیە.

﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ۝٢﴾، مادام وایە تەنیا بۆ پەروەردگارت نوێژ بکەو، تەنیا بۆ ئەویش سەرببڕە، هەر ئاژەڵێکت سەربڕی، چ هی قوربانیی و حەج بێ، چ هی جگە لە حەج، هەر کاتێك شتێکت سەربڕی، ناوی خوای لێ بێنەو، بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوا سەری ببڕە.

﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ۝٣﴾، بە دڵنیایی ڕق لێبوونەوەت لە کەسێك کە ڕقی لە تۆ هەڵدەستێ و ناحەزی تۆیە، ئەو دوابڕاوو بێخێرەو، ئەو بێ ئاکام و بێ سەرەنجامە، نەك تۆ وەك ناحەزانت بانگەشەت لە دژ دەکەن، لەبەر ئەوەی کوڕەکانت مردوون و کوڕت نین، لەبەر ئەوەی دوو کوڕی مردن (**قاسم و عبداللە**)، کە عەبدوڵڵا (**طیب و طاهر**)یشیان پێ دەگوت، لە مەدینەش لە ماریەی قیبتیی، کوڕێکی بوو بە ناوی (ئیبراهیم)، بەڵام هەرسێکیان بە گچکەیی مردوون، ئنجا ناحەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەیان دەکردە ماددەو کەرەستەیەکی بانگەشەی خراپ لە دژی، چونکە لە نێو ئەواندا عادەت وابوو

کەسێك کوڕو نێرەوەزی لەدوا نەبووایە، پێیان دەگوت: (أبتر)، واتە: دوابڕاوو بێ خێر، یاخود بێ پاشەوار، نەیاندەزانی موحەممەد ﷺ بەهۆی ئەو پێگەیەوە کە خوای میهرەبان پێیداوە، کە بەرزترین پێگەیە لە نێو بەشەراندا و، سەروەری پێغەمبەرانەو باشترین ئینسانە، نەیاندەزانی باشترین ئاکام و سەرەنجامی هەیەو، چاکترین شوێنەوار لە دنیاو دوارۆژدا بەجێ دەهێڵێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

خوا بە پێغەمبەرەکەی (موحەممەد) دەفەرموێ:

ئێمە چاکەی زۆرمان لەگەڵ تۆدا کردووەو خێرێکی مەزنمان پێتداوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە یەك بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١﴾، بە دڵنیایی ئێمە چاکەیەکی زۆرمان لەگەڵ تۆدا کردووەو، خێرێکی زۆرمان بە تۆ بەخشیوە، شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: **(افتِتَاحِ الكَلَامِ بحَرْف التَّأكِيد وَضَمِير العَظَمَةِ، للإهْتِمَامِ بالخَبَرِ والإشْعَارِ بعَطَاءٍ عَظِيمٍ، والكلام مسوق مَسَاقَ البَشَارَةِ)**، واتە: دەستپێکی قسەکە بە پیتی جەختکردنەوە کە (إِنَّ)ی (إنا) یە، ﴿إِنَّآ﴾، بۆ جەختکردنەوەو داکۆکییکردنەو، بەکارهێنانی ڕاناوی مەزنیی (إنَّا)، نەیفەرمووە: (إنِّي)، ئێمە، بۆ گرنگیی پێدانی هەواڵەکەیەو، بۆ ئەوەیە هەست بکرێ کە بەخششێکی مەزن باس دەکرێ و، ئەم قسەیەش مەبەست پێی دڵخۆشکردن و موژدەپێدانە، نەك تەنیا هەواڵدانی ئاسایی.

(**الكَوْثَرُ: عَلَى زِنَةِ (فَوْعَل) وَهِيَ مِنْ صِيغِ الأَسْمَاءِ الجَامِدَةِ، نَحْو الكَوْكَبُ وَالجَوْرَبُ والحَوْشَبُ وَالدَّوْسَرُ، وَلَمَّا وَقَعَ فِيهَا مَادَّةُ الكَثْرَةِ، كَانَت صِيْغَتُهُ مُفِيْدَةً شِدَّةَ المشتقة مِنْهُ**)، (**كَوْثَر**)، لەسەر کێشی (**فَوْعَل**)ە، کە لە ڕێژگەکانی ناوە وشکەکانە، [هیچیان لێ داناتاشرێ] وەك (**كَوْكَب**)، کە بە (**كواكب**)، کۆدەکرێتەوەو (**جَوْرَب**)، بە (**جَوَارِب**)، کۆدەکرێتەوەو (**حَوْشَب**)، بە (**حَوَاشِب**)، کۆدەکرێتەوەو (**دَوْسَر**)، بە (**دَوَاسِر**)، (**كَوْكَب**)، واتە: ئەستێرە، (**جَوْرَب**)، واتە: گۆرەوی، (**حَوْشَب**)، چەند

واتایەکـی هـەن[1]، یەکێـك لـە واتایەکانـی ئەوەیـە کەسـێك هـەردوو کەلەکـەی ئەسـتووربن، (**دوسر**)یـش، یـانی: قەبـەو زل[2]، ئەوانـە نـاوی جامیـدن، (**کوثر**)یـش لەسـەر کێشی ئەوانـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ماددەی زۆریـی (**كَثْرَة**)ی چووەتـە نێـو، بۆیـە ئـەو ڕێژگەیـە سـەختیی ئـەوە دەگەیەنـێ کـە لێـوەی هاتـوە.

بۆیـە (**الزَّمَخْشَرِي**)، دەڵـێ: (**الكَوْثَـرُ: المُفْـرِطُ بالكـثرة**)، زێدەڕۆییکـەر لـە زۆرییـدا، (**الكوثـر: الخَـيْرُ الكَثِـير**)، خێرێـکی زۆر، چاکەیـەکی زۆر.

شـایانی باسـە: زانایـان بـۆ مانـای (**کوثـر**)، زۆر واتایـان لێکداونـەوە (**القرطبـي**)، حەڤـدە (**١٧**) واتـای هێنـاون، کـە پێـم وایـە ئـەم هەشـتەیان لـە هەموویـان گرنگـترن:

١- (**نَهْرٌ فِي الجَنَّة**): ڕووبارێکە لە بەهەشت.

٢- (**حوض النَّبي فِي الموقِف**): ئەو گۆل و گۆمەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەدرێ لە وێستگا (**موقف**)دا، لەو شوێنەدا کە خەڵك لێی ڕادەگیرێ، بەر لەوەی بەسەر بەهەشت و دۆزەخدا دابەش بکرێن.

٣- (**النُّبُوَّةُ**): پێغەمبەرایەتیی.

٤- (**القُرْآن**): قورئان.

٥- (**كَثْرَةُ الأَصْحَابِ وَالأُمَّة**): زۆریی هاوەڵان و زۆریی ئوممەتەکەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ.

٦- (**الإسلام**): ئیسلام.

٧- (**رِفْعَة الذِّكْر**): ناوبانگ بەرز کرانەوە.

٨- (**الشَّفَاعَةُ**): تکاکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی دواییدا بۆ مرۆڤایەتیی بە گشتیی، پاشان بۆ ئوممەتی بە تایبەت.

(١ المعجم الوسيط، ص ٢٠٧.

(٢هەمان سەرچاوە، ص ٢٨٣.

کۆمەڵێك شتی دیکەش باسکراون، بەڵام ئەمانە گرنگترینیانن.

مانا زمانەوانییەکەی **(کوثر)**یش یانی: **(الخير الكثير)**، چاکەیەکی زۆر.

بەڵام بەپێی فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەست لە **(کوثر)**، ئەو ڕووبارەیە، یاخود ئەو حەوزەیە کە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دراوە، لە بەهەشتدا، ئەوە گرنگترین و گەورەترین **(صداق)**ی **(کوثر)**ە، ئەگەرنا بەس ئەو ناگرێتەوە، بەڵکو پێغەمبەرایەتیی و قورئان و ناو بەرزکردنەوەو، هەموو شتەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

با لە بارەی **(کوثر)**ەوە، ئەم دوو دەقە بێنین:

یەکەم: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **{«دَخَلْتُ الْجَنَّةَ، فَإِذَا أَنَا بِنَهْرٍ حَافَتَاهُ خِيَامُ اللُّؤْلُؤِ، فَضَرَبْتُ بِيَدِي إِلَى مَا يَجْرِي فِيهِ الْمَاءُ، فَإِذَا مِسْكٌ أَذْفَرُ، قُلْتُ: مَا هَذَا يَا جِبْرِيلُ؟» قَالَ: هَذَا الْكَوْثَرُ الَّذِي أَعْطَاكَهُ اللَّهُ }(أخرجه أحمد: ١٣٧٧٦، والبخاري: ٤٩٦٤، والطيالسي: ٢٨١٣، وأبو داود: ٤٧٤٨، والترمذي: ٣٣٥٦، وابن ماجه: ٤٣٠٥).**

واتە: چوومە بەهەشت ڕووبارێکم تێدا بینی، قەراغەکانی لە چادری گەوهەر بوون، منیش دەستم گەیاندە ئەو شوێنەی ئاوەکەی پێدا دەڕوا، تەماشام کرد میسکی ئەذفەرە (**أذفر**[1]: میسکێکی ئەوپەڕی بۆنخۆشە)، گوتم: ئەی جیبریل ئەمە چییە؟ گوتی: ئەو کەوثەرەیە کە خوا بە تۆی داوە (لە بەهەشتدا).

دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **{الْكَوْثَرُ نَهَرٌ فِي الْجَنَّةِ، حَافَّتَاهُ مِنْ ذَهَبٍ، مَجْرَاهُ عَلَى الْيَاقُوتِ وَالدُّرِّ، تُرْبَتُهُ أَطْيَبُ مِنَ الْمِسْكِ، وَمَاؤُهُ أَحْلَى مِنَ الْعَسَلِ، وَأَشَدُّ بَيَاضًا مِنَ الثَّلْجِ} (أخرجه الطيالسي: ١٩٣٣، وأحمد: ٥٣٥٥، والترمذي: ٣٣٦١، وقال: حسن صحيح، وابن ماجه: ٤٣٣٤، وأخرجه أيضًا: ابن المبارك: ١٦١٣، وابن أبي شيبة: ٣١٦٦٢، والديلمي: ٤٩٣٢).**

---

(١) المعجم الوسيط، ص ٣١٢، ذفِر وأذْفَر مِسكٌ جيِّدٌ إلى الغاية.

واتـە: کەوثـەر لـە بەهەشـتدا قەراغـەکانی لـە زێـڕن (واتـە: هـەر لـە زێـڕن، یـان شـێوەی زێـڕ دەکـەن) ئـەو شـوێنەی ئاوەکـەی پێـدا دەڕوات یاقـووت و گەوهـەرە (یاقـوت بەردێـکی زۆر بەنرخـە)، گڵەکـەی لـە میسـك بـۆن خۆشـترە، ئاوەکـەی لـە هەنگویـن شـیرینترەو لـە بەفـر سـپیترە.

ئێمـە لـە هـۆی هاتنـە خواریشـدا دەقێکـمان هێنـا، کەواتـە: ئـەوەی زیاتـر دێتـە بەرچـاو ئەوەیـە کـە مەبەسـت لـە (**کوثـر**)، بـە پلـەی یەکـەم ڕووبارەکەیـە، حەوزەکەیـە، کـە بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دراوەو، بـەو شـێوەیە وەسـفی کـردوە.

مەسەلەی دووەم:

بۆ پەروەردگارت نوێژ بکەو ئاژەڵ سەر ببڕە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بە پێزە، لە یەك بڕگەدا:

١)- ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ ﴾، ئنجا نوێژ بۆ پەروەردگارت بکەو (ئاژەڵانیش) سەربڕە، ئەمەش فەرمانکردنی خوایە ﷻ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ، کە نوێژ بۆ پەروەردگاری بکات و بۆی سەر ببڕێ، ئایا چی بۆ سەرببڕێ؟ بەدڵنیایی مەبەست پێی ئاژەڵەکانە بە تایبەت هەر چوار جۆری: ڕەشەوڵاخ، حوشتر، مەڕ، بزن. جۆری سەربڕاوەکانیش لە ڕووی وەسفی شەرعییەوە، هەموو جۆرەکانن:

چ قوربانیی لە حەجداو، چ جگەلە قوربانیی، ئنجا نەزر بێ، هەر شێوەیەك بێ، هەر شتێکی سەر بڕی، با بۆ خوا ﷻ سەری ببڕێ.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا مەبەست پێی نوێژی جەژنی قوربان و قوربانیی سەربڕینە، پێشێ نوێژەکە دەکەن، دوایی قوربانییەکە سەردەبڕن، وەك لە فەرمایشتی لە ڕووی سەنەدەوە صەحیحی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە نوێژیان کردوە دوایی ئاژەڵەکانیان سەر بڕیون، کەسێك کە پێشتر سەری بڕیوە، فەرموویەتی: ئەوە گۆشتێکەو بیکەن بە خێر، بەڵام قوربانیی دەبێ لە دوای نوێژ بێ، واتە: نوێژ بکرێ، ئنجا قوربانییەکە سەرببڕدرێ، خوا وایفەرمووە: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ ﴾، بۆ پەروەردگارت نوێژ بکە، ئنجا سەر ببڕە.

(الطبري)، ئاوا مانای: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ ﴾، دەکات، دەڵێ: **(فَاجْعَلْ صَلَاتَكَ كُلَّهَا لِرَبِّكَ خَالِصًا دُونَ مَا سِوَاهُ مِنَ الْأَنْدَادِ وَالْآلِهَةِ، وَكَذَلِكَ نَحْرُكَ اجْعَلْهُ لَهُ دُونَ الْأَوْثَانِ، شُكْرًا لَهُ عَلَى مَا أَعْطَاكَ مِنَ الْكَرَامَةِ وَالْخَيْرِ الَّذِي لَا كُفْءَ لَهُ، وَخَصَّكَ بِهِ، مِنْ إِعْطَائِهِ إِيَّاكَ الْكَوْثَرَ)، (جامع البيان)**[١].

---

(١) ج١٥، الجزء ٣٠، ص ٣٦١ و ٣٦٢

واتــە: نوێژەکـەت هەمـووی بـا بـۆ پـەروەردگارت بـێ بـە ساغیی، نـەك بـۆ هیـچ کام لـە ئەوانـەی جگـە لـەو، کـە کـراون بـە هاوتـای خـوا لـە پەرسـتراوە سـاختەکان، هەروەهــا بــا سەربڕینەکەشــت تەنیــا بــۆ ئــەو بــێ، جیــا لــە بــت و صەنەمــەکان، ئەویـش وەك سوپاسـگوزاریی لەسـەر ئـەوەی خـوا بـە تـۆی داوە لـە ڕێـز لێگرتـن و، لـەو خێـرەی هیـچ هاوتایـەکی نیـەو، تایبـەتی کـردوە بـە تـۆوە.

شــایانی باســە: ﴿ وَٱنْحَرْ ﴾، مانــا ڕواڵەتییەکــەی، ئــەو مانایــەی یەکســەر دێتــە زەینــەوە، واتــە: بــۆ پــەروەردگارت ســەرببڕە، بــەڵام وێــڕای ئــەم واتایــە، واتایــەکی دیکەشـیان بـۆ لێکداوەتـەوە، (**الطبري**) لـە عـەلی کـوڕی ئەبـوو تاڵیبـەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، هێناویـەتی، دەڵـێ: (**وَضْعُ الْيَمِينِ عَلَى الشِّمَالِ فِي الصَّلَاةِ، وَضْعُ الْيَدِ عَلَى الْيَدِ فِي الصَّلَاةِ، أَنْ يَرْفَعَ يَدَيْهِ إِلَى النَّحْرِ، عِنْدَ افْتِتَاحِ الصَّلَاةِ وَالدُّخُولِ فِيهَا**)، (**جامع البيان: ٣٨٣٠٦**)، واتــە: مەبەسـت پێـی دانـانی دەسـتی ڕاسـتە لەسـەر هـی چـەپ، لـە نوێـژداو، دەسـت لـە سـەر دەسـت دانانـە لـە نوێـژدا، لـە کاتێـك دا دەچێتـە نێـو نوێـژەوە، لـە کاتی (**ألله أكبر**)ی نوێـژ دابەسـتن دا، دەسـتەکانی بـەرز بکاتـەوە بـۆلای سـینەی.

بـەڵام ئـەو مانایـەی باوتـرەو، زیاتـر دێتـە زەینـەوە، ئەوەیـە کـە مەبەسـت پێـی نوێژکــردن و ســەربڕینە، ئنجــا قوربانییــە، نــەزرە، هــەر جــۆرە ســەربڕینێکە، نــاوی خـوای لـێ بێنـەو بـۆ پـەروەردگارت سـەری ببـڕەو، چـاوت لـە پاداشـتی خوابـێ.

مەسەلەی سێیەم و كۆتایی:

بە دڵنیایی ناحەزی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ دوابڕاوو بێ ئاكامە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایاتە بە پێزە لە یەك بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ﴾، بە دڵنیایی ناحەزت (ئەی موحەممەد ﷺ!) دوابڕاوو بێ ئاكامە.

(الطبري)، دەڵێ: **(إِنَّ مُبْغِضَكَ يَا مُحَمَّدُ وَعَدُوَّكَ {هُوَ الْأَبْتَرُ}، يَعْنِي بِالْأَبْتَرِ: الْأَقَلَّ وَالْأَذَلَّ الْمُنْقَطِعَ دَابِرُهُ، الَّذِي لَا عَقِبَ لَهُ)**، واتە: ئەی موحەممەد ﷺ! ئەوەی ڕقی لە تۆ هەڵدەستێ و ناحەزو دوژمنی تۆیە، ئەو (أَبْتَر)ە، مەبەستیشی لە (أَبْتَر)، واتە: كەمترین و زەبوونترین و، ئەو كەسەی هیچ سەرەنجام و ئاكامێكی نیەو دوابڕاوە.

هەروەها **(الطبري)** هەر لە تەفسیری ئەم ئایەتە موبارەكەدا، دەڵێ:

(إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى ذِكْرُهُ، أَخْبَرَ أَنَّ مُبْغِضَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ هُوَ الْأَقَلُّ الْأَذَلُّ، الْمُنْقَطِعُ عَقِبُهُ، فَذَلِكَ صِفَةُ كُلِّ مَنْ أَبْغَضَهُ مِنَ النَّاسِ، وَإِنْ كَانَتِ الْآيَةُ نَزَلَتْ فِي شَخْصٍ بِعَيْنِهِ).

واتە: خوا ناوی هەر بەرز بێ، هەواڵیداوە كە دژو ناحەزی پێغەمبەری خوا ﷺ كەمترینەو زەبوونترینەو دوابڕاوە، ئنجا ئەمە صیفەتی هەر كەسێكە، كە ڕقی لە پێغەمبەری خوابێ ﷺ لە خەڵك، هەرچەندە ئایەتەكەش لە بارەی كەسێكی دیارییكراوەوە دابەزیبێ.

(الطبري) بۆیە وادەڵێ، چونكە لە هۆی هاتنەخواریدا باسمان كرد كە هەندێك لە زلەزلانی قوڕەیش كە ناو هێنراون، گوتوویانە: موحەممەد ﷺ لەبەر

ئەوەی هیچ کوڕی لەدوا نین، بێ پاشەوارەو دوابڕاوەو بێ ئاکامە، پێغەمبەریش ﷺ بەوە دڵی سەغڵەت بووە.

ئنجا **(الطبري)**، دەڵێ: خوا هەواڵیداوە کە هەر کەسێك ڕقی لە پێغەمبەری خوا بێ، لە خەڵکی، ئەوە دوابڕاوەو کەمترینەو زەبوونە، واتە: مەرج نیە تەنیا ئەو چەند کەسە بگرێتەوە کە لە مەککە کاتی خۆی وایان بە پێغەمبەری خوا ﷺ گوتوە، قسەکەشی زۆر جوانە.

زۆرجاریش گوتوومانە: **(إِنَّ خُصُوصَ السَّبَبِ لاَ يَمْنَعُ شُمُولَ المَعْنَى)**، تایبەتبوونی هۆکار، ڕێ لە گشتگیر بوونی واتا ناگرێ.

حیکمەتێك کە لەم سووڕەتە موبارەکە دەستمان دەکەوێ، ئەوەیە: لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە مەککە بەدەست بێبڕوا کەللەڕەق و ملهوڕەکانەوە، گرفتار بوو، ناوو ناتۆرەیان لە خۆی و لە هاوەڵانی هەڵدەدا، یەکێك لە ناوەکان ئەوەبوو پێیان دەگوت: **(أَبْتَر)**، واتە: دوابڕاوو بێخێر، پێغەمبەریش ﷺ بەوە دڵی سەغڵەت دەبوو، خوا ﷻ ئەم سووڕەتەی ناردۆتە خوار بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرەکەی ﷺ و دڵخۆشکردنی و، بەرپەرچدانەوەی ناحەزانی کە نەخێر موحەممەد ﷺ دوابڕاو و بێخێر نیەو خوا خێری زۆری پێداوە،ئنجا ئەو خێرە زۆرەش: چ ڕووبارو گۆلی کەوثەرە، چ پێغەمبەرایەتییە، چ قورئانە، چ ناو بەرزکردنەوەیە، چ مەقامی تکاکردنی گەورەیە **(الشفاعة العُظْمَى)**، چ هەموو ئەو شتانەی دیکەیە، خوا خێرێکی زۆری داوە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بۆیە پێویستە ئەویش نوێژ تەنیا بۆ پەروەردگاری بکات و، ئاژەڵێکیش کە سەر دەبڕێ، بەس بە ناوی ئەوەوەو بۆ ئەو سەری ببڕێ و، با دڵنیاش بێ کەسێك کە ڕقی لەوەو ناحەزی ئەوە، دوابڕاوەو بێخێرو بێ سەرەنجام و بێ ئاکامە.

خواش بە لوتف و کەرەمی ڕەهای خۆی ئێمە تەوفیق بدات، زیاتر بە دوای ئەو پێغەمبەرە سەرورو خاتەمە بکەوین و، خوا ئێمەش بەهرەمەند

بـكات بـە ئەنـدازەی خۆمـان، لـەو نیعمەتانـەی بـە پێغەمبـەری خاتەمـی بەخشـیون و، تەوفیقـمان بـدات، ئـەو ئـەرک و کارانـەی بـە پێغەمبـەری خاتەمـی فەرمـوون، مـادام تایبـەت نەبـن پێیـەوە، ئێمـەش پشـك و بەشـمان لـە جێبەجـێ کردنـی ئـەو کارو ئەرکانـەدا هەبـێ، تاکـو پشـك و بەشیشـمان هەبـێ لـەو بەڵێنانـەدا کـە خـوا بـە پێغەمبـەری خاتەمـی داون، بێگومـان هـەر کەسەشـمان لـە قـەدەر خـۆی و بـە ئەنـدازەی خـۆی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الكَافِرُونَ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمـڕۆ كـە (٤/ ١/ ١٤٤٢)ی كۆچییـە، بەرانبـەر (٢٣/ ٨/ ٢٠٢٠) زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەكەیـن بـە تەفسـیركردنی سـوورەتی (**الكافرون**)، سـەرەتا پێناسـەو نێوەڕۆكـی ئـەم سـوورەتە دەخەینـەڕوو، بـۆ ئـەوەی وێنـەی گشـتیی و، هێڵـە سـەرەكییەكانی و چوارچێـوەی ئـەم سـوورەتەمان لەبەرچـاو ڕوون بـێ.

پێناسەی سوورەتی (الكافرون) و بابەتەكانی

یەكەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر بـە (**سـورة الكافـرون**) نـاسراوە، بـەڵام ئـەم ناوانەشـی بـۆ بەكارهێـنراون:

١)- (**سورة كافرين**).

٢)- (**سورة** قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ).

٣)- (**سورة العبادة**).

٤- (**سورة الدين**).

٥)- ئە سوورەتەو سوورەتی (**الإخلاص**)، هەردووكیان (**المقشقشتين**)یشیان پێ گوتراوە.

(قشـقش) خـاوەنی (**المعجـم الوسـيط**)[1]، دەڵـێ: (**قَشْـقَشَ اللَّحْـمُ عَـلَى المقْـلَى أو في القِـدْرِ: سُـمِعَ لَـهُ صَوْتٌ، وقَشْـقَشَ القَطِـرَانُ الجَـرَبَ: أَبـرأَهُ، تقَشْـقَشَ: تهيَّأ للبُرْءِ، تَقَشْـقَشَ**

---

(١) ص٧٣٧.

الجُـرْحُ: تَقَـشَّرَ للـبُرء)، دەگوتـرێ: (**تَقَشْـقَش اللَّحْـمُ عـلى المِقْـلى أوفي القِـدْر**) گۆشـتەکە لەنێـو تاوەکـەدا یـان لـە مەنجـەڵ دا بـرژا یـان سـوورکرایەوە، دەنگـی بیسـترا، چ لـە نێـو مەقەڵیـی دا، چ لـە نێـو مەنجەڵـدا کـە گۆشـت دەبرژێـنرێ و دەکوڵـێ، قرچەقـرچ و دەنگێکـی دێ، (**قَشْـقَشَ القَطِـرَانُ الجَـرَبَ**)، واتـە: قەترانەکـە خرووەکـەی نەهێشـت، (**تَقَشْـقَشَ الجُـرْحُ**)، برینـە کـە ئامادەبـوو بـۆ چاکبوونـەوەو گۆشـتە زوونـەی هێنـا، برینەکـە قەتماغـەی بەسـت.

کەواتـە: (**المقشقشـتين**)، یانـی: (**المُبْرِءَتَيْن**)، ئەو دوو سـوورەتەی مـرۆڤ پاکدەکەنەوە، دووری دەخەنـەوە لـە کوفـرو شـیرك و، هەمـوو ئـەو شـتانەی دیکـەی پێچەوانـەی ئیـمان و خـوا بەیەکگرتـن.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

تێکـڕای زانایـان ئـەم سـوورەتەیان بـە مەککەیـی دانـاوە، لەوبـارەوەش ئـەم دەقـە دێنین:

(عَـنْ عَبْدِاللـهِ بْـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ ۝١﴾، بمكـة)، (**أَوْرَدَهُ السـيوطي فِي الـدر المنثـور: ج٨، ص٦٥٤، وَنَسَـبَهُ لابـن مردويـه، وَقَـالَ: وأخـرج ابـن مردويـه عَـنْ عَبْدِاللـهِ بْـنِ الزُّبـير مثلـه، الإسـتيعاب فِي بيـان الأسـباب: ج٣**).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﷺ گوتوویەتـی: ئـەم سـوورەتە: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ ۝١﴾، لـە مەککـە دابەزیـوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئـەم سـوورەتە لـە موصحـەف دا ژمارەکـەی سـەدو نـۆ (١٠٩)یـە، لـە دابەزینیشـدا ژمـارە هـەژدە (١٨)یـە، پێش سـوورەتی (**الفیـل**) دابەزیـوەو، دوای سـوورەتی (**الماعون**).

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتەکانـی ئـەم سـوورەتە شـەش (٦)ە، بەیەکدەنگیـی زانایـان و نـە کەمـترو نـە زیاتریـان گوتـوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

پوختـەی نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە ئەوەیە، کە خـوا ﷻ فەرمان بـە پێغەمبەرەکەی موحەممـەد ﷺ دەکات، لـە دوای ئەویشـەوە فەرمـان بـە هـەر کەسێك دەکات، کـە لـە دوای پێغەمبـەری خـواوە ﷺ دەڕوات و بـە شـوێن پێـی ئـەودا هەنـگاو دەنـێ، کـە بەبێبڕوایـان ڕابگەیەنـێ بـە گشـتیی: بـە هیـچ شـێوەیەك پەرسـتراوانی ئـەوان ناپەرسـتێ و، ئەوانیـش پەرسـتراوی وی (خـوا عزوجـل) ناپەرسـتن، مـادام جگـە لـە خـوا بپەرسـتن، نـە ئێسـتاو نـە لـە داهاتـووداو، بـا هـەر کەسـە لەسـەر بەرنامـەی خـۆی بـێ، ئـەم سـوورەتە سـوورەتی دووریـی لێگرتـن و حاشـا لێکردنـی کوفـرە بـە گشـتیی، کـە بـە هیـچ جۆرێـك ئێمـە لـە بـواری بەندایەتیـی کـردن و پەرسـتن دا، خاڵـی بەیەکگەیشـتنمان نیـە، بـەڵام ئـەوە مانـای وانیـە کـە لـە بـواری سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی و ژیـان و گوزەرانـدا، خاڵـی بەیەکگەیشـتن نیـە، بـەڵام لـەوەدا کـە بـڕواداران خـوا دەپەرسـتن و بێبڕوایـان جگـە لـە خـوا دەپەرسـتن، دوو کۆمەڵـی لێك جیـان و، لـەوەدا خاتـرو خواییشـی تێـدا نیـەو، خاڵـی بـە یەکگەیشـتن و ڕێککەوتـن نیـە.

هەڵبەتـە هەندێـك لـە زانایانیـش دەڵێـن: (**الکافـرون**)، (**أل**)ەکـە، بـۆ ناسـاندنە، بـەڵام ناسـاندنی (**عهـد**)ە، واتـە: کۆمەڵـە کافرێکـی دیارییکـراو.

بگـرە هەندێـك گوتوویانـە: مەبەسـت چـوار لـە سـەرانی کوفـرە، کـە دوایـی ناویان دێنین.

بەڵام پێم وایە بە پلەی یەکەم ئەو کەسانەی پێغەمبەریان دواندوە، کە لەگەڵیان ڕێك بکەوێ لەسەر ئەوەی لەنێو قەدێ بگەنە یەك، واتە: ئەوانیش خوا بپەرستن و، ئەویش پەرستراوەکانی وان بپەرستێ، بە پلەی یەکەم بەسەر ئەواندا دەچەسپێ، بەڵام بێگومان لە دوای وان، بەسەر هەموو ئەوانەش دا کە بێبڕوان، دەچەسپێ، بە هەموو جۆرو شێوەکانیانەوە، ئەو ڕایە ڕاسترە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

سێ تایبەتمەندیی سەرەکییمان لەم سوورەتەدا دەکەونە بەرچاو:

١- دواندنی نەیارەکان نەیارانی خواپەرستیی، بە ڕوون و ڕاشکاویی کە بە هیچ جۆرێك ئومێدی نەرمکێشییان نەبێ لە پێغەمبەری خوا ﷺ و، لە پشت ئەویشەوە لە هیچ بڕوادارێك کە شوێن پێی پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵدەگرێ.

٢- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئەو بەرنامەو ڕێبازانەی سەرجەم بێبڕوایەکانیان لەسەرن، ئایین (دین)ن: ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ۝٦ ﴾.

٣- ڕاگەیاندنی ئەوە کە با هەر کەسە لە سەر بەرنامەی خۆی بمێنێتەوەو، بەرنامەی هیچ کەس هی ئەوی دیکە نیەو، تەواو لێك جیان: ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ۝٦ ﴾.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:

ئێمە کۆی ئەو شەش ئایەتەکەی ئەم سوورەتە موبارەکە دەکەینە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسە ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هـەر شـەش ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ، کـە خـوا ﷻ تێیانـدا ڕوو دەکاتـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، فەرمانـی پـێ دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١﴾، بڵـێ: ئـەی ئەوانـەی بێبـڕوان، بەگشـتیی ﴿لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢﴾، ئـەوەی ئێـوەی دەیپەرستن، ناپپەرستم، ئـەوەی ئەوانیـش پەرسـتوویانە، جۆراو جۆر بـووە، هەندێکیان خۆریـان دەپەرسـت، هەندێکیـان مانـگ، بەشـێکیان هەندێـك لـە ئەسـتێرەکان، بەشـێکیان هەندێـك مرۆڤیـان پەرسـتوون، هەندێکیشـیان پەیکەریـان پەرسـتوون، هەندێکیان ئاژەڵیـان پەرسـتوون، هەندێکیـان دارو درەختیـان پەرسـتوون، هەندێکیـان هـەواو ئـارەزووی خۆیانیـان پەرسـتوە، هەمـوو ئەوانـەی ئێـوە دەیانپەرسـتن، مـن نایانپەرسـتم، ﴿وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٣﴾، ئێـوەش پەرسـتەری ئـەوە نابـن کـە مـن دەیپەرسـتم، واتـە: ئێـوە تاکـو بێبڕوابـن بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺو، هەتـا جگـە لـە خـوا بپەرسـتن، ناتوانـن بڵێـن: خـوا دەپەرسـتین، چونکـە خـوا پەرسـتیی ئەوەیـە خۆتـی بـۆ یەکلایـی بکەیـەوە: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ١١٠﴾ **الكهـف**، واتـە: بڵـێ: مـن تەنیـا مرۆڤێکـم وەك ئێـوە، سرووشـم بـۆ لا دەکـرێ کـە پەرسـتراوی ئێـوە یـەك پەرسـتراوە، ئنجـا هـەر کەسـێك بـە ئومێـدی دیـداری خوایـە، (کـە بەسـەر بەرزیـی بچێتـەوە خزمـەت خـوا) بـا کـردەوەی بـاش بـکات و، لـە پەرسـتنی پەروەردگاریـدا هیچکـەس نەکاتـە هاوبـەش.

﴿وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤﴾، ئەمـە دەگونجـێ بـۆ جەختکردنـەوە بـێ، منیـش پەرسـتەری ئـەوە نیـم کـە ئێـوە دەیپەرستن، دەشـگونجێ ئـەوەی پێشـێیان بـۆ ئێسـتا بـێ و ئەمەیـان بـۆ داهاتـوو بـێ، یـان بـە پێچەوانـەوە، ئـەوەی پێشـێیان بـۆ داهاتـوو

بێ و ئەمەیان بۆ ڕابردوو بێ، یانی: لەڕابردووشدا ئەوەم نەپەرستوە، کە ئێوە پەرستووتانە، ﴿وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥﴾، ئێوەش لەڕابردوودا پەرستەری ئەوە نەبوون کە من پەرستوومە، یاخود: لە داهاتووش دا ئێوە ئەوە ناپەرستن کە من دەیپەرستم، ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ۝٦﴾، ئایین و بەرنامەی خۆتان بۆ خۆتان و، ئایین و بەرنامەی خۆشم بۆ خۆم، واتە: هەر کەسە لەسەر ڕێی خۆی بمێنێتەوە، ئەو دوو ڕێیە پێچەوانەو دژی یەکدیین و پێکەوە کۆك نین، تاکو خاڵێکی پێکگەیشتنیان هەبێ، خوا پەرستیی و جگە لە خوا پەرستیی، دوو شتی دژو پێچەوانەی یەکن و، بە هیچ جۆرێك ڕێککەوتنیان لەنێواندا نابێ، بەڵام ئەوە مانای وانیە هیچ شتێکی بڕواداران لەگەڵ هیچ شتێکی بێبڕوایاندا تێك ناکاتەوە، بەڵکو لە بواری دنیاداریدا، لە بوارەکانی سیاسیی و حوکمڕانیی و ئیدارەدان و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و جەنگ و ئاشتیی و ... هتددا، دەگونجێ خاڵی پێکگەیشتن هەبێ.

بەڵام لەوەدا ئایا خوا بپەرسترێ یان جگەلە خوا؟ هیچ بواری ڕێککەوتن و پێکگەیشتن نیە، یان دەبێ خوا بپەرسترێ بە ساغیی، یاخود جگە لە خوا دەپەرسترێ، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی پەرستن.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ۝٦﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . ئەی (موحەممەد!) بڵێ: ئەی بێبڕواینە (١) ئەوەی دەیپەرستن نایپەرستم (٢) هەروەها ئێوەش پەرستەرانی ئەوە نابن کە دەیپەرستم (٣) دیسان من پەرستەری ئەوە نابم کە دەیپەرستن (٤) ئێوەش پەرستەرانی ئەوە نابن کە دەیپەرستم (٥) ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆیشم بۆ خۆم (٦)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْكَـٰفِرُونَ): (**الكُفْرِ فِي اللُّغَةِ: سَتْرُ الشَّيءِ، وَالكُفْرَانُ فِي جُحُودِ النِّعْمَةِ أَكْثَرُ اسْتِعْمَالاً، والكُفْرُ فِي الدِّينِ أَكْثَرُ**)، (**كُفْر**) لە زماندا مانای داپۆشینی شتێکە، لە (**كَفْر**) ەوە هاتوە، (**كَفَرَهُ: سَتَرَهُ**)، داپۆشیی، بەڵام (**كُفْرَان**): لە نکووڵیلێکردنی چاکان دا زیاتر بەکاردەهێنرێ، (**كُفْر**)یش، لە بێبڕوایی بە ئایین دا، زیاتر بەکاردەهێنرێ، دەگوترێ: (**كَفَرَ كُفْراً**)، واتە: بێبڕوابوو بە بێبڕوایی، بەڵام دەگوترێ: (**كَفَرَ كُفَرَاناً**)، واتە: سپڵەبوو بە سپڵەیی و بێنمەکیی.

(لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ): (**العبُودِيةُ: إظْهَارُ التَّذَلُّلِ، وَالعِبَادَةِ أَبْلَغُ مِنْهَا لأَنَّها غَايَةُ التَّذَلُّلِ ولايستحِقُّها إلاّ من له غاية الإفضالِ**)، (**عبودية**): بریتیە لە دەرخستنی زەبوونیی و ملکەچیی، بەڵام (**عبادة**): مانایەکەی بەهێزترە، چونکە بریتیە لە ئەوپەڕی ملکەچیی و زەبوونیی دەربڕین، ئەویش تەنیا شایستەی کەسێکە خاوەنی ئەوپەڕی چاکە بێ لە ژیانی مرۆڤدا (کە خوای بەرزی مەزنە).

(وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ): (**العَابِدُ: الموَحِّد، وَالجَمْعُ عَبَدَة وَعُبُد وَعُبَّاد**)، (**عابد**) یانی: خوا بە یەکگر، خوا پەرست، کە بە (**عَبَدَة وَعُبُد وَعُبَّاد**)، کۆدەکرێتەوە.

(مَا عَبَدتُّمْ): ئەمە بە دوو جۆر مانا کراوە:

أ- (ما)، یان (**موصولة**)یە، یانی: (**الذي عَبَدْتُّمُوهُ**)، ئەوەی پەرستووتانە، واتە: من پەرستەری ئەوە نابم کە ئێوە دەیانپەرستن.

ب- (ما)، دەگونجێ چاوگیی (**مصدريّة**) بێ، واتە: (**ولا أنا عابد عِبَادَتَكُمْ**)، من ئەو پەرستنەی ئێوە دەیپەرستن، ئەوە ناپەرستم، کە بریتیە لە پەرستنی جگە لە خوا.

(لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ): ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و، ئایینی خۆم بۆ خۆم، (**المعجم الوسيط**)[1]، پازدە (١٥)، مانای بۆ وشەی (**دین**)، هێناون، دەڵێ:

(**الدِّينُ: الدِّيانة، ١-والدِّينُ اسمٌ لجميع ما يُعبد به الله، ٢-والدِّينُ الملَّة، ٣-والدِّينُ الإسلامُ، ٤-والدِّينُ الإعتقادُ بالجَنَان والإقرارُ باللسان وعملُ الجوارح بالأركان، ٥-والدِّينُ السِّيرةُ، ٦-والدِّينُ العادةُ، ٧-والدِّينُ الحالُ، ٨-والدِّينُ الشأْنُ، ٩-والدِّينُ الوَرَعُ، ١٠-والدِّينُ الحسابُ، ١١-والدِّينُ المُلْكُ، ١٢-والدِّينُ السُّلْطَانُ، ١٣-والدِّينُ الحُكْمُ، ١٤-والدِّينُ القَضَاءُ، ١٥-والدِّينُ التَّدْبِيرُ، والجمع: أَدْيُنٌ، وديونٌ، وأَديان**).

واتە: (دین)، بە مانای دینداریيەو، ئەم پازدە (١٥) واتایەی هەن:

١- ناوە بۆ هەموو ئەوەی خوای پێ دەپەرسترێ.

٢- بە مانای ڕێبازو بەرنامەیەکە، کەسێك لە پێشیەوەیە.

٣- بە مانای ئیسلامە.

٤- بە مانای بڕواهێنانە بە دڵ و، دانپێداهێنانە بە زمان و، کردەوەیە بە ئەندامەکان.

٥- بە مانای ژياننامە دێ، ڕێبازو ژياننامە.

٦- بە مانای نەرێت دێ.

٧- بە مانای حاڵ دێ، حاڵ و بارودۆخ.

(١ ص٣٠٧.

٨- بە مانای کار دێ.

٩- بە مانای خۆپارێزیی لە حەرام **(الورع)** دێ.

١٠- بە مانای سزاو پاداشت، یاخود لێپرسینەوە، دێ.

١١- بە مانای حوکمڕانیی دێ.

١٢- بە مانای دەسەڵات دێ.

١٣- بە مانای حوکم و بەرنامەدانان، یاخود دادوەریی دێ.

١٤- بە مانای بڕیاردان، یاخود دادوەریی کردن دێ.

١٥- بە مانای نەخشەدانان و بەرنامەدانان دێ.

وشەی (دین)، بە **(أَدْيُنٌ و ديونٌ وأَديان)**، کۆدەکرێتەوە.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە

دەربارەی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکە، چەند گێڕدراوەیەك هەن، ئێمە دووانیان دێنین، کە لە ڕووی سەنەدەوە گرفت و ئیشکالێکی وایان لەسەر نیە:

١- {عَنْ سَعِيدِ بنِ مِينَا مَوْلَى البَخْتَرِيِّ، قَالَ: « لَقِيَ الوَلِيدُ بْنُ الْمُغِيرَةِ وَالْعَاصُ بْنُ وَائِلٍ، وَالْأَسْوَدُ بْنُ الْمُطَّلِبِ، وَأُمَيَّةُ بْنُ خَلَفٍ، رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالُوا: يَا مُحَمَّدُ، هَلُمَّ فَلْنَعْبُدْ مَا تَعْبُدُ، وَتَعْبُدْ مَا نَعْبُدُ، وَنُشْرِكُكَ فِي أَمْرِنَا كُلِّهِ، فَإِنْ كَانَ الَّذِي جِئْتَ بِهِ خَيْرًا مِمَّا بِأَيْدِينَا، كُنَّا قَدْ شَرِكْنَاكَ فِيهِ، وَأَخَذْنَا بِحَظِّنَا مِنْهُ؛ وَإِنْ كَانَ الَّذِي بِأَيْدِينَا خَيْرًا مِمَّا فِي يَدَيْكَ، كُنْتَ قَدْ شَرِكْتَنَا فِي أَمْرِنَا، وَأَخَذْتَ مِنْهُ بِحَظِّكَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ ۝١﴾، حَتَّى انْقَضَتِ السُّورَةُ} (أخرجه الطبري فِي جامع البيان: ج٣٠، ص٢١٤، قال مُؤلِّفا الإستيعاب: هَذَا مُرْسَلٌ حَسَنُ الإِسْنَادِ).

واتـە: سـەعیدی کـوڕی مینـا خزمەتـکار و کۆیلـەی ئازادکـراوی بەختەریـی، گێڕاویەتـەوە دەڵـێ: وەلیـدی کـوڕی موغیـرە و، عاصـی کـوڕی وائیـل و ئەسـوەدی کـوڕی موتتەڵیـب، و ئومەییـەی کـوڕی خەلـەف، هەرچواریـان گەیشـتنە پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوتیـان: ئـەی موحەممـەد ﷺ! وەرە بـا ئـەوەی تـۆ دەیپەرسـتی ئێمـەش بیپەرسـتین و، تـۆش ئـەوەی ئێمـە دەیپەرسـتین، بیپەرسـتەو، ئێمـە تـۆ لـە هەمـوو کاروبـاری خۆمانـدا بەشـدار پـێ دەکەیـن، ئنجـا ئەگـەر ئـەوەی تـۆ هێناوتـە باشـتر بـوو لـەوەی بەدەسـت ئێمەوەیـە، ئێمـە لـە شـتە باشـەکەی تـۆدا هاوبـەش بوویـن و، پشـك و بەشـی خۆمانـمان لێوەرگرتـوە، بـەڵام ئەگـەر ئـەوەی بەدەسـتی ئێمەوەیـە باشـتر بـوو، لـەوەی بەدەسـتی تۆوەیـە، تـۆش لـە کاری ئێمـەدا بەشـدار بـووی و پشـك و بەشـی خـۆت لـەو شـتە باشـەی ئێمـە وەرگرتـوە، خـوا عزوجـل ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی دابەزانـد: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾.

٢- {عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﭬ، أَنَّ قُرَيْشاً، قَالَ: لَوِ اسْتَلَمْتَ آلِهَتَنَا لَعَبَدْنَا إِلَهَكَ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾} (ذكره السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٦٥٥، ونسبه لعبد بن حُميد وابن المنذر وابن مردويه).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﭬ دەڵـێ: قورەیشـییەکان بـە پێغەمبەریـان ﷺ گـوت: ئەگـەر تـۆ دەسـت بـە پەرسـتراوەکانی ئێمـەدا بێنـی (بەلایانـدا بشـکێیەوەو بیانپەرسـتی) ئێمـەش پەرسـتراوی تـۆ دەپەرسـتین، خـوا عزوجـل ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی دابەزانـد.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە موبارەكـەدا دەفەرمـوێ: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوى خـواى بـە بەزەيـى بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێكردنم بـە نـاوى خوايـە، ئـەوەش مەبەسـت پێـى بـەلاى كەمـەوە چوارشـتەو، پێويسـتە لـە كاتى بێـژرانى دا لـە عەقڵ و دڵ دا ئامادەبـن:

١ - ئەم كارە تەنيا بۆ خوا دەكەم.

٢- ئەم كارە بە پێى شەرعى خوا دەكەم.

٣- ئەم كارە بە تواناو يارمەتيى خواى باڵادەست دەكەم.

٤- ئەم كارە بۆ هێنانەدى ڕەزامەنديى خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ ﴾، خـوا ﷻ پێغەمبـەرى خاتـەم ﷺ دەدوێنـێ، پێـى دەفەرمـوێ بڵێ: ئـەى بێبڕوايـەكان! هەندێك لە زانايـان گوتوويانە: بۆچـى خـوا ﷻ بـۆ خـۆى ڕێـك نەيفەرمـوە: (أَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ)؟ وەڵامەكـەى زۆر ئاسـانە، ئەويـش ئەوەيـە كـە كۆمەڵێـك لـە بێبڕوايـان - وەك لـە هـۆى هاتنەخـواردا باسـمانكرد - هەروەهـا شـتێكى زۆريـش بـاوە، كـە نـەك جارێـك چەنـد جاريـش بێبڕوايـەكان هاتوونـە لاى پێغەمبـەرى خـوا ﷺ و ويسـتوويانە لەگەڵـى ڕێكبكـەون و بـە لاى خۆيانيـدا بكێشـن، وەك لـە سـوورەتى (القلـم)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَدُّوا۟ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴿٩﴾ ﴾، ئـەوان زۆر پێيـان خۆشـەو حـەز دەكـەن، نەرمكێشـيى بكـەى، ئەوانيـش نەرمكێشـيى دەكـەن، ئـەو كەسـەى لەسـەر بەتـاڵ و ناهەقـە بـە ئاسـانيى دەسـتبەردارى باتيڵەكـەى دەبـێ، ياخـود نەرمكێشـيى تێـدا دەكات، بـەڵام گرفـت بـۆ كەسـێكە لەسـەر هەقـە، ناگونجـێ مـرۆڤ لـە سـەر هـەق نەرمكێشـيى بـكات و لێـى دابـەزێ و خاتـر خواييشـى تێـدا بەكاربێنـێ، ئنجـا ئەوانـە ئەوەيـان بـۆ پێغەمبـەرى

خـوا ﷺ پێشـنیار کـردوه، بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ ﴾، پێیـان بڵـێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ ﴾، ئـەی بێبڕوایـەکان!

﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ ﴾، ئـەوەی ئێـوە دەیپەرستن، مـن نایپەرستم، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ ﴾، ئێـوەش پەرسـتەری ئـەوە نیـن، کـە مـن دەیپەرسـتم، ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ ﴾، هەروەهـا منیـش پەرسـتەری ئـەوە نیـم، کـە ئێـوە دەیپەرسـتن، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ ﴾، دیسـان ئێـوەش پەرسـتەری ئـەوە نیـن، کـە مـن دەیپەرسـتم.

بـە نسـبەت ئـەم دوو ئایەتـەی دوایـی - وەك دواییـش لـە مەسـەلە گرنگـەکان دا زیاتـر تیشـکی دەخەینـە سـەر - زانایـان زۆر مشـت و مڕیـان بـووە، کـە ئایـا دوو ئایەتـی چـوارەم و پێنجـەم، جەختکـەرەوەی ئایەتـەکانی پێشـوون و، ئایـەتی چـوارەم: ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴾، جەختکـەرەوەی مانـای ئایەتـی دووەمـە: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ ﴾، هەروەهـا ئایەتـی پێنجـەم: ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ ﴾، هـەر جەختکـەرەوەو داکۆکییکـەری ئـەو مانایەیـە کـە لـە ئایەتـی سـێیەمدا هاتـوە: ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ ﴾؟

یاخـود مەبەسـت لـە ئایەتـی یەکـەم: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ ﴾، واتـە: لـە داهاتـوودا ناپەرستم ئەوەی ئێـوەی دەیپەرستن، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ ﴾، ئێـوەش لـە داهاتـوودا ئـەوەی مـن دەیپەرسـتم، ناپەرستن.

﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ ﴾، لەڕابردووشـدا مـن پەرسـتەری ئـەوە نەبـووم، کـە ئێـوە پەرستووتانە، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ ﴾، هەروەهـا ئێوەش پەرسـتەری ئـەوە نەبـوون، کـە مـن پەرستوومە؟

یاخـود بەپێچەوانـەوە: ئایەتەکانـی پێشـێ بـۆ ڕابـردوون و هـی دوایـی بـۆ داهاتـوون؟ بـە هەمـوو ئـەو ڕایانـە، زانایـان قسـەیان لـە بـارەی چەمـك و واتـای ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەوە کـردوە.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾، ئایین و بەرنامەی خۆتان بۆ خۆتان و، ئایین و بەرنامەی خۆشم بۆ خۆم.

پوختەو کورتەی واتای گشتیی ئەم سوورەتە موبارەکەش ئەوەیە، کە خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: بانگی بێبڕوایەکان بکات بە گشتیی: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ ﴾، (أل)ی سەر ﴿ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾، بۆ ناساندنە، ناساندنەکەش بۆ جینسە، یانی: تێکڕای کافرەکان، هەموو ئەوانەی بێبڕوان، بانگیان بکەو پێیان بڵێ: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ ﴾، ئەوەی ئێوە دەیپەرستن (هەرچییەکەو هەر شتێکە) من نایپەرستم، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ ﴾، ئێوەش (هەتا لەسەر کوفر بن) ئەوەی من دەیپەرستم، نایپەرستن، با بەڕواڵەت پەرستشەکانیشی بۆ ئەنجام بدەن، بەڵام تاکو جگە لە خوا بپەرستن، پەرستنەکەتان بۆ خوا، بە پەرستن دانانرێ، ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ ﴾، ئەوە ئەگەر بۆ جەختکردنەوە بێ واتە: دڵنیابن من پەرستەری ئەوە نابم، کە دەیپەرستن و، ئێوەش پەرستەری ئەوە نابن کە دەیپەرستم، ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾، کەواتە: سەرەنجام: ئێوە ئایین و بەرنامەی خۆتان، کە بریتیە لە پەرستنی جگەلە خوا، بۆ خۆتان و، ئایین و بەرنامەی منیش، کە بریتیە لە پەرستنی خوا، بە تەنیا بۆ خۆم.

مەسەلە گرنگەکان

هەمووی یەك مەسەلەیە:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ بە پێراگەیاندنی بێبڕوایەکان، کە بە هیچ جۆرێك ئەو پەرستراوانی ئەوان ناپەرستێ و، ئەوانیش پەرستراوی وی ناپەرستن، واتە: هەر کەسە لەسەر ئایین و بەرنامەی خۆی دەبێ و، لەسەری دەمێنێتەوە:

خوا دەفەرمویّ: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ۝٦﴾

شیکردنەوەی ئەو ئایەتانە، لە شەش (٦) بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾، بلّێ: ئەی بێبڕوایەکان! دەستپێکردنی سووڕەتەکە بە (قُلْ)، بۆ گرنگیی پێدانە بەوەی لە دوای (قُلْ)ەوە دێ، کە قسەیەکە دەویسترێ بە خەڵك ڕابگەیەنرێ بە شێوەیەکی دەق لەسەر کراو و، ئاماژەیە بەوەی موحەممەد ﷺ بۆیە نێردراوەو ڕەوانەکراوە، ئەو پەیامەیان پێ ڕابگەیەنێ، ئەو سووڕەتانەش کە لە قوڕئاندا بە (قُلْ)، دەست پێدەکەن پێنج سووڕەتن:

١- سووڕەتی (الجن): ﴿قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓا۟ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ۝١﴾.

٢- سووڕەتی (الكافرون): ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١﴾.

٣- سووڕەتی (الإخلاص): ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾.

٤- سوورتی **(الفلق)**: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ ﴾.
٥- سووڕەتی **(الناس)**: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ ﴾.

خـوا ﷻ لێـرەدا بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەفەرمـوێ: بڵـێ: ئـەی بێبڕواینـە! ئایـا (ئـەی بێبڕوانیـە!) مەبەسـت پێـی کێیـە؟ ژمارەیـەك لـە ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە: مەبەسـت پێـی ئـەو چـوار کەسـەن، کـە ئـەو پێشـنیارەیان بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کـردوە، بـە نوێنەرایەتیـی کافرەکانـی دیکـە و، بریتـی بـوون لـە: **(الوليد بن المغيرة المخزومي، العاص بن الوائل السهمي، الأسود بن مطلب، أمية بن خلف)**، هەڵبەتـە ئـەم چـوارەش، چـوار کـەس بـوون لـە زلەزلەکانـی قورەیـش، زۆر نـاودارو قسەڕۆیشـتوو دەسترۆیشـتوو بـوون، بێگومـان کـە هاتـوون بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ و ئەوەیـان بـۆ پێشـنیار کـردوە، کـە لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکەیـدا باسـمانکرد: ئـەی موحەممـەد! ئەگـەر ئـەوەی ئێمـە لەسـەرینی باشـتر بـوو، ئەگـەر تـۆش پەرسـتراوەکانی ئێمـە بپەرسـتی، پشـك و بەشـت لـەو باشـەیەدا دەبـێ و، ئەگـەر ئـەوەی تـۆش باشـتر بـوو، ئێمـەش پەرسـتراوی تـۆی دەپەرسـتین و پشـك و بەشـمان تێیـدا دەبـێ، ئەوانـە بـە دڵنیایـی بـە نوێنەرایەتیـی هەمـوو بێبڕوایـەکان هاتـوون بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە ڕێککەوتنێکـی لەگەڵـدا بکـەن، لەسـەر ئـەوەی ئـەو لـە هەقەکـەی خـۆی تۆزێـك دابـەزێ بـەرەو ناهەقـی ئـەوان و، ئەوانیـش ئامـادەن دەسـتبەرداری ناهەقەکـەی خۆیـان بـن، ئـەوەش ڕێـك چەمـك و واتـای ئـەو ئایەتـە موبارەکـەی سـووڕەتی **(القلـم)** وەبیـر دێنێتـەوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَدُّواْ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ ﴿٩﴾ ﴾، واتـە: ئـەوان خۆزگـە دەخـوازن و پێیـان خۆشـە ئەگـەر تـۆ نەرمکێشـیی بکـەی بەلایانـدا، ئەوانیـش نەرمکێشـیی دەکـەن.

کەواتـە: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ ﴾، واتـە: بڵـێ: ئـەی بێبڕواینـە، ئـەو چـوار کەسـە بـە پلـەی یەکـەم و، لـە دوای ئەوانیشـەوە هەمـوو بێبڕوایەکانـی ڕۆژگاری پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ، بـەڵام ئەگـەر هـۆی هاتنەخواریـش تایبـەت بـێ

بەو چوارانەوە و، بە سەرجەم بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەرەوەش ﷺ، بێگومان چەمك و واتای: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ ۝١﴾، پەردەی کات و شوێن دەدڕێ و، تێکڕای بێبڕوایەکان لە هەموو کاتەکانداو، لە هەموو شوێنەکاندا دەگرێتەوە، هەموو ئەوانەی هەقێك کە لە خواوە پێیان دەگات، دایدەپۆشن و ڕەفزی دەکەن و بۆی ملکەچ نابن، کەواتە: ئەگەر هۆی هاتنەخواریش تایبەت بێ بەو چوار سەرانەی خەڵکی کوفرو سەرجەم بێبڕوایەکان لە پشتیانەوە، چەمك و واتایەکەی گشتییە بۆ تێکڕای بێبڕوایان، دیارە ئێمە دوایی کورتە باسێك لە بارەی کوفرو کافرانەوە دەکەین، بۆیە لێرەدا زۆر ناچینە نێو وردەکاریی ئەوەی کوفر بریتیە لە چیی و، کافرەکان کێ و کێن و، چەند جۆرن و، سیفەتەکانیان چیین؟ چونکە دواتر خوا پشتیوان بێ تیشکی دەخەینە سەر، ئنجا دوای ئەوەی خوا ﷻ فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کرد، بانگیان بکات، ئەی بێبڕواینە!

٢)- ﴿لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ﴾، ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، من نایپەرستم.

بێگومان ئەوەی ئەوان پەرستوویانە، هەر دیارە چی بووە، لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا، ئەو پەیکەرانە بوون کە دایاندەتاشین، هەروەها هەندێکیان خۆریان دەپەرست و، هەندێکیان مانگیان دەپەرست و، هەندێکیان ئەستێرەکانیان دەپەرستن، هەندێکیان هەر ئەو سادینانەیان پەرستوون، ئەو بتەوانانەی خزمەتی بتەکانیان کردوەو، لە پەنای بتەکانیش دا ژیاون و، هەندێکیان هەواو ئارەزووی خۆیانیان پەرستوەو، هەندێکیان هەموو یان بەشێك لەو شتانەیان پەرستوە کە پەرستراون لە ڕۆژگاری ئەواندا، واتە: پەرستراوەکانیان زۆرو جۆراو و جۆر بوون.

لێرەدا خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ: پێیانڕابگەیەنە بە هیچ جۆرێك ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، من نایپەرستم.

٣)- ﴿وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ﴾، هەروەها ئێوەش پەرستەرانی ئەوە نابن، کە من دەیپەرستم، ئنجا لێرەدا هەندێك لە زانایان پرسیارێکیان کردوە و گوتوویانە: بێبڕوایەکان

بە جۆرێك لە جۆرەکان خوایان پەرستوە، بەڵام بت و صەنەم و پەرستراوەکانی دیکەیان کردوونە هاوبەشی خوا، ئەدی بۆچی لێرەدا، دەفەرموێ: ﴿وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾﴾، ئێوە پەرستەرانی ئەوە نابن کە من دەیپەرستم؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوان بەو شێوەیەی خوا فەرمانی پێکردوون، نەیانپەرستوە، چونکە دەبێ خوا ﷻ بپەرسترێ بەو شێوەیەی فەرمانی پێکردوە، تەنیا خۆشی بپەرسترێ، واتە: دەبێ دوو مەرج هەبن، لە پەرستانی خوادا:

یەکەم: خوا بەتەنیا بپەرسترێ.

دووەم: بەو شێوەیەش بپەرسترێ، کە خۆی فەرمانی پێکردوە.

بەڵام ئەوانە هیچ کام لەم دوو مەرجەیان لە پەرستنەکەیاندا نەبووە:

یەکەم: هاوبەشیان بۆ خوا پەیدا کردوە.

دووەم: بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان خوایان پەرستوە.

٤)- ﴿وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ﴾، منیش پەرستەری ئەوە نابم، کە ئێوە پەرستووتانە.

٥)- ﴿وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾﴾، ئێوەش پەرستەری ئەوە نابن، کە من دەیپەرستم، (هەتا لەسەر کوفر بمێننەوە).

ئێستاش باسەرنجێکی وردتر لە دووبارە بوونەوەی ڕستەکانی ئەم سووڕەتە بدەین: کە دەفەرموێ: ﴿وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾﴾، بێگومان ڕستەیەك کە بەناو دەست پێدەکات، دەلالەت دەکات لەسەر چەسپاوی (**الجُمْلَة الإسْمِيَّة تَدُلُ عَلَى الثَّبَاتِ والرسوخ**)، پێشێ بە ڕستەی کردەوە هێنای: ﴿لَآ أَعْبُدُ﴾، دوایی دەفەرموێ: ﴿وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ﴾، من پەرستەر نابم بۆ ئەوەی ئێوە پەرستووتانە، ئەمە مانایەکەی زیاتر دەچەسپێ، بەڵام هی ئەوان دووجاران بە وشەی: ﴿عَـٰبِدُونَ﴾ هێناویەتی، چونکە ئەوان چەسپاو بوون لەسەر پەرستنی جگە لە خوا، کە پەرستنی پەرستراوەکانیانە، زانایان لە بارەی

ئـەم چـوار جـار دووبـارە بوونەوەیـە، ڕای جـۆراو جۆریـان هـەن و سـەرجەم چـواری سـەرەکیین:

(ابـن عُثَيْمِـين) خـوا لێـی خۆشـبێ لـە تەفسـیرەکەی خـۆی (جـزء عـمَّ)دا[1]، هـەر چـوار ڕایەکـە دێنـێ، بەمجـۆرەی خـوارێ:

یەکەم: ئەوەیە کە دوو ڕستەکەی دوایین: ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ ﴾، جەختکەرەوەو تۆخکەرەوەی مانای سێ ڕستەکەی پێشێن، کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ ﴾.

(**الشـوكاني**)یش، هـەر ئـەو ڕایـەی هەڵبـژاردووەو، زۆرێـك لـە زانایانیـش ئـەو ڕایەیـان هەڵبـژاردوە، هـەروەك چـۆن خـوا ﷻ لـە سـووڕەتی (**المرسلات**)دا، دە (١٠) جـاران دەفەرمـوێ: ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٥﴾ ﴾، هەڵبەتـە وەك کاتـی خـۆی لـە تەفسـیری سـووڕەتی (**المرسلات**)دا، باسـمانکردوە، هـەر جارێـك کـە هاتـوە، دووبـارە کردنەوەکـەی پەیوەسـتە بـەو واتایـەوەی لـە پێـش ئـەو ئایەتـەوە هاتـوە، واتـە: هیچـی دووبـارەی کردنـەوەی خاڵیـی لـە حیکمـەت و واتایەکـی نـوێ نیـە.

هەروەهـا سـی و یـەك (**٣١**) جـار لـە سـووڕەتی (**الرحمـن**)دا: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾، هاتـوە، ئـەی کۆمەڵـەی جنـد مـرۆڤ ! بـە کام لـە چاکەکانـی پەروەردگارتـان بێبـڕوان و بەدرۆیـان دادەنێـن؟ ئەویـش دیسـان لـە بەرانبـەر هـەر نیعمەتێـك دا خـوای پـەروەردگار، ئـەو ڕسـتەیە دووبـارە دەکاتـەوە.

هەروەهـا لـە سـووڕەتی (**القمـر**)دا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾ ﴾، ئەمیـش چـوار جـاران دووبـارە بۆتـەوەو هـەر دووبـارە یـەك ئـەو شـوێنە خواسـتوویەتی.

---

(١) ص٣٤١.

دووەم: دووەکانی دوایی بۆ داهاتوون و، دووەکانی پێشێ بۆ ئێستان: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ ﴾، بلێ: ئەی بێبڕواینە! ئێستا ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، من نایپەرستم، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ ﴾، ئێوەش ئێستا پەرستەری ئەوە نابن، کە من دەیپەرستم، ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ ﴾، لە داهاتووشدا من پەرستەری ئەوە نابم، کە ئێوە دەیپەرستن، ﴿ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ ﴾، هەروەها ئێوەش لە داهاتوودا پەرستەری ئەوە نابن، کە من دەیپەرستم، هەتا لەسەر کوفر بمێننەوە.

سێیەم: ڕستەکانی یەکەم و دووەم: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ ﴾، واتە: بتەکانی ئێوە ناپەرستم و ئێوەش خوا ناپەرستن، بەڵام ڕستەکانی سێیەم و چوارەم: ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ ﴾، واتە: ئەو پەرستنەی ئێوە ڕەچاوی دەکەن، من ئەم پەرستنە ڕەچاو ناکەم و، ئێوەش پەرستنەکەی من ڕەچاو ناکەن، کەواتە (**ما**) لە: ﴿ مَّا عَبَدتُّمْ ﴾ و ﴿ مَآ أَعْبُدُ ﴾دا، لە ڕستەی سێیەم و چوارەم دا، دەگونجێ (**ما الموصولة**) بێ، یانی: ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، یاخود (**ما المصدرية**) بێ، واتە: (**عبادتكم**) پەرستنی ئێوە.

چوارەم: ڕستەی یەکەم و دووەم: ﴿ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ ﴾، مەبەست پێیان بواری کردەوەیە: واتە: من بەکردەوە ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن، ڕستەی سێیەم و چوارەم: ﴿ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ ﴾ لە بواری ڕازییکردن و پەسەند کردندان، واتە: ئەوەی ئێوە دەیپەرستن من قبووڵی ناکەم و لێی ڕازیی نیم[1].

لە کۆتاییدا خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پێیان بڵێ:

---

(١) (إبن عثيمين) ئەو قسەیەی پاڵداوەتە لای (إبن تيمية) بەڵام کە گەڕامەوە بۆ (مجموع الفتاوى) ج١٦ ص٥٣٤، ئەو عیبارەتەی ئەو بەناوی ویەوە هێناویەتی، نەمبینی!

٦)- ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ۞ ﴾، ئایین و بەرنامەی خۆتان بۆ خۆتان، منیش ئایین و بەرنامەی خۆم بۆ خۆم، ئەگەر (**دین**)، بە مانای ئایین و بەرنامە بێ، بەڵام (**دین**)، دەشگونجێ بە مانای سزاو پاداشت بێ، واتە: من سزاو پاداشتی خۆم بۆ خۆم، ئێوەش سزاو پاداشتی خۆتان بۆ خۆتان، یاخود من پاداشتی خۆم بۆ خۆم، ئێوەش سزای خۆتان لەسەر ئەو کوفرەی لەسەرینی، بۆ خۆتان، بەڵام بێگومان لێکدانەوەی مانای (دین) لێرەدا بە ئایین و بەرنامە، ڕاستە.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی (**الكافرون**)، دێنین و، خوا پشتیوان بێ داهاتوودا کورتە باسێك لە بارەی بێبڕوایی و بێبڕوایانەوە دەکەین و، تیشکی زیاتر دەخەینە سەر چەمك و واتای وشەکانی: (**كُفْر، كُفَّار، كَافرون**).

کورتە باسێک لەبارەی بێبڕوایی و هۆکارەکانییەوە[1]

بەڕێـــزان!

لە چوار تەوەردا باسی بێبڕوایی و هۆکارەکانی بێبڕوایی دەکەین:

تەوەری یەکەم: مانای بێبڕوایی (**مَعْنَى الكُفْر**).

تەوەری دووەم: هۆکارەکانی بێبڕوایی بێبڕوایان (**أَسْبَابُ كُفْرِ الكَافِرِين**).

تـەوەرەی سـێیەم: سـیفەتە گشـتییە هاوبەشـەکانی بێبڕوایـان، (**الصِّفَـات العَامَّـة المشـتركة بـين الكافريـن**).

تەوەرەی چوارەم: جۆرەکانی بێبڕوایان (**أَصْنَافُ الكُفَّار**).

بێبڕوایانیش دەبن بە پێنج جۆری گشتیی:

١- مولحیدەکان.

٢- خاوەن کتێبەکان.

٣- هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان.

٤- مونافیقەکان.

٥- هەڵگەڕاوەکان.

---

(١) ئێمـە ئـەم کورتـە باسـە ڕاسـتەوخۆ زۆر بـە پوختکراوەیـی و گوشراویـی لـە مەوسـووعەی: (الإسـلام كـما يتجـلَّى في كتـاب اللـه) وەردەگریـن، لـە کتێبـی دوازدەیـەم لـە چاپـی دووەم و، بەرگـی هەشـت (٨) لـە چاپـی یەکەمیـدا، لاپـەڕە: (١٢٦ -٣١٣).

تەوەری یەكەم: مانای بێبڕوایی (كفر):

وشەی (**كَفْر**) لە زمانی عەرەبییدا، بە مانای داپۆشین وشاردنەوە، دێ (**الكَفْرُ: السَّتْرُ وَالإِخْفَاءُ**)[1]، بابای بێبڕوا بۆیە پێی دەگوترێ: (**كَافِر**)، چونكە ئەو ڕاستییەی خوا لە زگماكیدا داینـاوەو هەستی پێدەكات، دەیشارێتەوە، كە بریتیە لە بە یەكگرتنی خوا لە بەدیهێنەرایەتیی و، پەروەردگارێتیی و، پەرستراوێتییدا، هەروەها بەندایەتیی خۆی بۆ خوا ﷻ وەك بەنـدە بوونی تێكـڕای دروستكراوەكان و ملكەچبوونیان بۆ خوا، بەڵگەش لەسەر ئەوەی (**كُفْر**)، لە (**كَفْر**)ەوە، هاتووەو، بابای بێبڕوا بە مانای داپۆشەرو شێرەرەوە دێ، جگە لە فەرهەنگەكانی زمانی عەرەبیی، بەڵكو لە پێش ئەوەدا بریتیە لە فەرمایشتی خوا، كە لە سوورەتی (**الحديد**)، لە ئایەتی ژمارە (٢٠)دا، دەفەرموێ: ﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَـٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَـٰمًا ۖ وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: بزانن كە ژیانی دنیا یاریی و خافڵان و جوانیی و خۆهەڵكێشانە لە نێو خۆتانداو، زۆركردنە لە سامان و منداڵاندا، وەك بارانێك كە ڕووەكەكەی جوتیارەكان سەرسام دەكات...

﴿ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ﴾، (**كُفَّار**)، كۆی (**كَافِر**)ە، بە مانای جوتیار (**زارع**)، ئاوێك كە دادەبارێ دووایی ڕوەكی پێ دەڕوێ، یان كشتوكاڵی پێ دەڕوێ، كشتوكاڵكەرەكان جوتیارەكان سەرسام دەبن، بە ڕوانی ئەو ڕووەك و كشتوكاڵە، كە بەهۆی ئەو ئاوەوەی دابەزێنراوە، ڕواوە.

وشەی (**كُفْر**) لە قورئان دا بە دوو واتایان بەكارهاتوە:

---

(١) المعجم الوسيط، ص٧٩١، (كفر الشيءَ: سَتَرَهُ وغَطَّاهُ).

یەك: بێبڕوایی بە خواو پێغەمبەرەكەی و قورئان و، سەرجەم ئەوشتانەی خواو پێغەمبەرەكەی فەرمانیان پێكردووین ئیمانیان پێ.بێنین

دوو: مانای دووەمی (**كفر**) بریتیە لە سوپاسگوزاریی ئەنجامنەدان بۆ خوا لەسەر چاكەكاریی، بە نسبەت مانای یەكەمی كوفرەوە، ئەم دوو ئایەتە موبارەكە بە بەڵگە دێنینەوە: لە سوورەتی (**الأنفال**) دا خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٥﴾ ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِى كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ ﴿٥٦﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی خراپترین پیرۆ لە لای خوا، ئەوانەن كە بێبڕوان، چونكە بڕواناهێنن، ئەوانەی پەیمانت لێوەرگرتوون، دوایی هەموو جارێ پەیمانەكەیان دەشكێنن و ئەوان پارێز ناكەن (لە پابەندیی بە پەیمانەوە).

هەروەها دوو ئایەتی دیكەش لەو بارەوە دێنین لە سوورەتی (**التوبة**)دا، كە بێبڕوایی (**كفر**) چی دەگەیەنێ؟ ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾﴾، واتە: ئەگەر لێیان بپرسی دەڵێن: ئێمە تەنیا دەڕژاینە نێو قسان و قسەی ڕێیەو گاڵتەمان دەكرد (خوا ﷻ بە پێغەمبەرەكەی ﷺ دەفەرموێ:) پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بە خواو بە ئایەتەكانی خواو بە پێغەمبەرەكەی دەكرد؟ پۆزش مەهێننەوە، بێگومان دوای ئەوەی بڕواتان هێناوە، بێبڕوا بوونەوە، {واتە: بەو گاڵتەپێكردنە بە خواو بە ئایەتەكانی و بە پێغەمبەرەكەی، كافر بوونەوە} ئەگەر لە كۆمەڵێكتان چاوپۆشیی بكەین {لەبەر ئەوەی دوایی دەگەڕێنەوە} كۆمەڵێك لەبەر ئەوەی تاوانبارن و ناگەڕێنەوە سزایان دەدەین.

بەڵگەش لەو بارەوە كە نادیدە گرتنی چاكەكانی خواو، سوپاس نەكردنی خوا لەسەر چاكەكانی، وشەی كوفری بۆ بەكارهاتوە، زۆرن و نموونەیەك ئەو ئایەتەیە لە سوورەتی (**إبراهيم**): ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۖ وَلَئِن

كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ﴿٧﴾»، واتـە: یـاد بكـەوە كاتێـك پەروەردگارتـان ڕایگەیاند، ئەگـەر سوپاسـگوزاریی بكـەن بۆتـان زیـاد دەكـەم و، ئەگـەر كوفـر (**كُفْـرَان**) بكـەن، سـزای مـن توندە.

مەبەسـت لـە (**كفـر**)، لێـرەدا (**كفـران**)ە، واتـە: ئەگـەر چاكەكانـی مـن نادیدەبگـرن، مـن سـزام سـەختە، بـەڵام ئەگـەر سوپاسـگوزاریی بكـەن لەسـەر چاكەكانـم، بۆتـان زیـاد دەكـەم.

هەروەهـا بەڵگەیەكـی دیكـە لەسـەر ئـەوەی سـپڵەیی، یاخـود نادیدەگرتنـی چاكە، وشـەی (كفـر)ی بـۆ بەكارهێـنراوە، لـە قورئانـدا ئایەتەكانـی (**١٨ و ١٩**)ن لـە سـوورەتی (**الشـعراء**)، كـە دوای ئـەوەی مووسـا (**علیـه السـلام**) و هارونـی بـرای دەچنـە لای فیرعـەون و داوای لـێ دەكـەن (**بنـو إسرائیـل**)، چیدیكـە نەچەوسـێنێتەوەو سـۆغرەو بێگاریـان پـێ نـەكات و تەسـلیمیان بـكات بـەوان و، چیدیكـە نەیانكاتـە كۆیلـە، فیرعـەون ئـاوا وەڵامـی دایـەوە: «قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ ﴿١٨﴾ وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنْتَ مِنَ الْكَافِرِينَ ﴿١٩﴾»، (فیرعـەون) گـوتی: ئایـا تۆمـان بـە گچكەیـی لـە نێـو خۆمانـدا بـە خێونەكـردو، چەنـد سـاڵێك لـە تەمەنت لـە نێـو ئێمـەدا نـە مایـەوەو، ئـەو كەتنەشـت كـرد كـە كـردت و لـە كافـران بـووی؟!

كافـر لێـرەدا یانـی: سـپڵە، واتـە: تـۆ نـا سـوپاس و بـێ ئەمـەگ بـووی بەرانبـەر بـە چاكەكانـی ئێمـە.

كەواتــە: لــە زاراوەی شــەرع داو لــە بەكارهێنانــی كتێبــی خــوادا، كــە بناغــەی شــەریعەتی خوایــە، (**كفــر**) دوو واتــای هــەن:

یەكەم: بێبڕوایی بە خواو، بە هەموو ئەو شتانەی خوا فەرمانی كردوە، بڕوایان پێ بهێنرێ: ئایەتەكانی خواو، پێغەمبەری خواو، دیداری خواو، ڕۆژی دوایی و، فریشتەكان و، پێغەمبەران و...هتد.

دووەم: سپڵەیی (**كفران**)، واتە: نكووڵییكردن لە چاكەكانی خواو نا سوپاسیی بەرانبەر بە نیعمەتەكانی خوای بەرزی مەزن.

بـەڵام لێـرەدا پێویسـتە ئـاگاداری شـتێك بیـن لـە مانـا كردنـی كوفـردا، ئەویـش ئەوەیـە: هەمـوو ئەوانـەی بانگـەوازی ئیسـلامیان پێنـاگات، بـە شـێوەیەكی ڕاسـت و دروسـت و، نەفـام و نـەزان و بـێ ئـاگان لـە ئایینـی هەقـی خـوا، بـەڵام نەزانیـی و نەفامییـەك كـە خـاوەن پـۆزش (**معذور**)بـن تێیـدا، واتـە: جەهـل و نەزانینێكیـان هەبـێ پۆزشـیان هەبـێ و بەڵگەیـان هەبـێ، هەمـوو ئەوانـە بـە بێبـڕوا (**كافـر**) دانانرێـن و لـە ڕیـزی كافـران دا ئەژمـار ناكرێـن، چونكـە هەقێكیـان پـێ نەگەیشـتوە، بیشـارنەوە، (**كافـر**)، لەسـەر كێشـی (**فاعـل**)، نـاوی بكـەر (**اسـم فاعـل**)ە، واتـە: كەسـێك كـە دادەپۆشـێ، ئـەو هەقـە دادەپۆشـێ كـە پێیگەیشـتوە لـە خـواوە، بـەڵام كەسـێ هەقەكـەی پـێ نەگەیبـێ و تێینەگەیبـێ، هیچـی دانەپۆشـیوە، تاكـو نـاوی كافـری بـۆ بەكاربهێـنرێ، كەواتـە: هەمـوو ئەوانـەی لـە ئیسـلام بێئـاگان و، ئیسـلامیان بەشـێوەی ڕێـك و ڕاسـت پـێ نەگەیشـتوەو، لـە بێئاگاییەكەشـدا خاوەنـی پـۆزش (**معـذور**)ن و، خاوەنـی بەڵگـەو بیانـوون، واتـە: كەمتەرخەمییـان نەكـردوە، لـەوەدا كـە ئیسـلام بناسـن، هەمـوو ئەوانـە بـا بڕواشـیان بـە ئیسـلام نەبـێ، بـە بێبـڕوا لەقەڵـەم نادرێـن، چونكـە ئیسـلامیان نەناسـیوەو پێیـان نەگەیشـتوە، ئـەدی ئایـا ئەوانـە چ ناوێكیـان بـۆ بەكاردەهێـنرێ؟ ئەوانـە زانایـان وشـەیەكیان وەك زاراوە بـۆ دانـاون كـە بریتیـە لـە: (**أهـل الفـترة**)، یـانی: ئەوانـە كەسـانێكن لـە كاتێكـدا ژیـاون، كـە پەیامـی خـوا دابـڕاوەو بۆیـان خـوا نەهاتـوە، ئەویـش لـەو ئایەتـەی سـوورەتی (**المائدة**)یـان، وەرگرتـوە كـە دەفەرمـوێ: ﴿ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ١٩ ﴾، (**یعنـي عـلى انقطـاع مـن الرسـل**)، یـانی: پێغەمبەرێكتـان بـۆ هاتـوە ئـەی خـاوەن كتێبـەكان! دوای دابڕانێـك لـە پێغەمبـەران، لـە نێـوان عیسـا (**علیـە السـلام**) كۆتـا پێغەمبـەری بەنـوو ئیسـڕائیل و، موحەممـەد كۆتـا پێغەمبـەر بـۆ هەمـوو بەشـەردا، ﷺ ئەگـەر عیسـا لـە سـاڵی یـەكی (١)ی زاینیـی دا لـە دایـك بووبـێ و، موحەممـەد ﷺ لـە سـاڵی (٥٧٠)

یان (٥٧١)ی، ساڵی فیل دا لە دایك بووبێ، كەواتە: لە نێوان لە دایك بوونی عیساو موحەممەددا (٥٧٠) ساڵ بووە، ئنجا خوا ﷻ ئەو ماوەیەی ناو ناوە: ﴿عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ١٩﴾، واتە: پێغەمبەران لە نێوان ئەو (٥٧٠) ساڵەدا نەهاتوون و دابڕاون، بۆیە ئەوانەی لەو كاتەدا ژیاون، بە كافر دانانرێن، مەگەر بە ئانقەست ئایین و بەرنامەو وەحیی خوا كە لەبەر دەستیاندا بووە، ئەگەر جوولەكە بوون، ئەگەر نەصرانییەكان بوون، گۆڕیبیان، ئەگەرنا ئەوانی دیكە كە بێئاگابوون لە پەیام و وەحیی خوا، بە كافر لە قەڵەم نادرێن و، هەر كەسێكی دیكەش لە هەر ڕۆژگارێكی دیكەدا، بێئاگا بێتەوە لە ئیسلام و ئیسلامی پێ نەگات و لێی شارەزا نەبێ، ناوی بێبڕوا (كافر)ی بۆ بەكارنایەت و، هەموو ئەو حوكمانەی كافران دەگرنەوە، ئەو حوكمانە ئەوان ناگرنەوە.

تەوەری دووەم: هۆكارەكانی بێبڕوایی

لە قورئاندا خوای زاناو شارەزا زۆر شتی لە بارەی هۆكارەكانی بێبڕوابوونی بێبڕوایانەوە خستوونەڕوو، بەڵام پێم وایە هۆكارەكانی بێبڕوابوونی بێبڕوایان لە سێ خاڵی سەرەكیی دا بەرجەستە دەبن و كۆدەبنەوە:

١- بێئاگایی هۆكاری یەكەم و سەرەكیی بێبڕوایی بێبڕوایانە:

ئەوەش لە هەر كام لە ئایەتەكانی: ژمارە (٧) و ژمارە (١٧٢)ی لە سوورەتی (**البقرة**)و، ژمارە (١٧٩) لە سوورەتی (**الأعراف**)و، ژمارە (٢) لە سوورەتی (**الأنفال**) دا، زۆر بە ڕوونیی دیارە:

١- خوای میهرەبان لە سوورەتی (**البقرة**)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٦ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡۖ وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٧﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوان یەكسانە بیانترسێنی یاخود نەیانترسێنی، هەر بڕوا ناهێنن، ئەوانە خوا ﷻ مۆری بەسەر

دڵەکان و بیستنیانەو ناون و، چاوەکانیشیان پەردەیان بەسەر هەڵکشاوەو ئازارێکی مەزنیان بۆ هەیە.

٢- هەروەها خوا لە سوورەتی (**البقرة**)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾ ﴾، واتە: وێنەی ئەوانەی بێبڕوا بوون، وەك وێنەی کەسێکە بانگی ئاژەڵێك دەکات تەنیا بانگکردنەکەو هاوارلێکردنەکە دەبیستێ، ئەوانە کەڕانن و لاڵانن و کوێرانن، بۆیە نافامن.

٣- هەروەها دیسان لە ئایەتی (**١٧٩**)ی لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، خوا ﷻ باسی ئەو هۆکارە سەرەکییەی بێبڕوایی بێبڕوایان دەکات، کە بێ ئاگاییەو دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَـٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَـٰفِلُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾، واتە:بە دڵنیایی بۆ دۆزەخ زۆرێك لە جند و مرۆڤمان ئامادە کردووە، دڵیان هەن پێیان تێناگەن، چاویان هەن، پێیان نابینن، گوێیان هەن پێان نابیستن، ئەوانە وەك ئاژەڵن بەڵکو گومڕاترن، ئەوانەن بێئاگایان.

٤- هەروەها لە سوورەتی (**الأنفال**)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلْبُكْمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: خراپترین ژیانداران لە لای خوا، ئەو کەڕو لاڵانەن کە نافامن.

هەروەها گەلێك ئایەتەکانی دیکەی قورئان ئەوە دەگەیەنن، کە هۆکاری سەرەکیی بێبڕوایی بێبڕوایان، بریتیە لە نەزانیی و نەفامیی و بێئاگایی، ئنجا ئەو نەزانیی و نەفامیی و بێئاگاییە، ئەگەر بە ئانقەست نەبێ، ئەو کاتە بە بێبڕوا دانانرێن، بەڵام ئەگەر نەزانییەکە بەهۆی کەمتەرخەمیی خۆیانەوە بێ و، بێئاگاییەکەیان بەهۆی پشتتێکردنیان و گوێ نەگرتنیان و گرنگیی و بایەخ پێنەدانیانەوەبێ، یان زانیبیان بەڵام بڕوایان پێنەهێنابێ، ئەگەر بەهۆی ئەوەوە بێ، بێگومان ناوی بێبڕوا (کافر) دەیانگرێتەوە، چونکە هەقیان پێگەیشتوە،

بەڵام ئەو هەقەیان پەنهان کردوەو شاردوویانەتەوە، لەبەر ئەو بەرژەوەندییانەی بەهۆی کوفرەوە بۆیان دابین دەبن و، بەهۆی ئیمانەوە لێیان تێك دەچن، چونکە هەرگیز ئیمان هەڵەو لادان و تاوان قبووڵ ناکات و، هەمیشە لەگەڵ ناهەقیی و بەرژەوەندیی ناشەرعییی دا دژ دەوەستێ.

٢- هۆکاری دووەمی بێبڕوایی بێبڕوایان، بریتیە لە خۆ بەزلگریی و خۆ پێ زۆربوون:

ئەمیش لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا، خوا ﷻ ئەوەی خستۆتەڕوو کە خۆ بەزلگریی و خۆ پێ زۆر بوون، لە بەرانبەر خواداو، لە بەرانبەر ئایەتەکانی خواداو، لە بەرانبەر پێغەمبەرانی خوادا، هۆکارێکی گەورەو سەرەکیی بێبڕوایی بێبڕوایانە:

١- لە سوورەتی (**الأنعام**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَـٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾﴾، واتە: (فریشتەکان بە بێبڕوایان دەڵێن:) نەفسەکانتان بێننە دەرێ، ئەمڕۆ سزای ڕیسوایی دەچێژن، بەهۆی ئەوەوەی قسەی ناهەقتان بە ناوی خواوە دەکردو، لە بەرانبەر ئایەتەکانی دا {چ ئایەتە خوێنراوەکانی، چ ئایەتە بینراوەکانی، چ ئایەتە نێردراوەکانی کە موعجیزەکانی پێغەمبەرانن (**علیهم الصلاة والسلام**)} خۆتان بە زلدەگرت.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٣٦﴾﴾، واتە: ئەوانەی بە نیشانەو ئایەتەکانی ئێمە بێبڕوابوون و، لە بەرانبەریان دا خۆیان بە زلگرت، ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن، تێیدا (لەو ئاگری دۆزەخەدا) هەرماو دەبن.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**الصافات**)دا، خوا لە بارەی بێبڕوایەکانەوە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾﴾، واتە: ئەوانە (لە دنیادا عادەتیان وابووە) ئەگەر پێیان گوترابا: جگە لە خوا پەرستراوێك نیە، خۆیان بە زلدەگرت.

٤- هەروەها لە سووڕەتی (**النمل**)دا، خوا ﷻ لە بارەی فیرعەون و دارو دەستەکەیەوە، دەفەرمویٚ: ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾، واتە: {کاتێك مووسا (**علیه السلام**) بەبەڵگەکانیەوە چووەلایان} نکووڵییان لێکردن، هەرچەندە لە دەروونیاندا دڵنیابوون لە ڕاستیی بەڵگەکان (مووسا ﷺ) بەڵام بەهۆی ستەم و خۆبەزلگرییەوە، (نکووڵیان کرد) ئنجا سەرنج بدە سەرەنجامی تێکدەران چۆن بوو!

٥- هەروەها لە سووڕەتی (**العنکبوت**)دا، خوا دەفەرمویٚ: ﴿وَقَٰرُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَٱسْتَكْبَرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ ﴿٣٩﴾﴾، واتە: هەروەها قارِوون و فیرعەون و هامان، بەدڵنیایی مووسا (ﷺ) بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ بردن، بەڵام لە زەویدا خۆیان بە زلگرت و، ئەوان پێشکەوتووەوەش نەبوون (کە لەبەر دەستمان دەرباز بن و نەتوانین سزایان بدەین).

کەواتە: هۆکاری دووەمی بێبڕوایی بێبڕوایان، بریتیە لە خۆ بەزلگریی و لووتبەرزیی و خۆپێ زۆریی و خۆپەسندییان.

٣- هۆکاری سێیەمی بێبڕوایی بێبڕوایان، بریتیە لە خۆشگوزەرانیی و، هەڵبژاردنی ژیانی دنیا بەسەر ڕۆژی دواییدا:

لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا، خوا ﷻ ئەم ڕاستییەشی خستۆتەڕوو، بۆ وێنە:

١- لە سووڕەتی (**یونس**)دا، خوا دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بە ئومێدی دیداری ئێمە نین و، ژیانی دنیایان پەسند کردوەو دڵیان بەهۆیەوە ئۆقرەی گرتوەو، ئەوانەی لە ئایەتەکانی ئێمە بێئاگان، ئا ئەوانە جێی حەوانەوەیان ئاگری دۆزەخە، بەهۆی ئەوەوە وەدەستیان دەهێنا.

٢- هەروەها لە سووڕەتی (**هود**)دا، خوا ﷻ باسی بێبڕوایان دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَآ أُتْرِفُوا۟ فِيهِ وَكَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿١١٦﴾﴾، واتە: ئەوانەی ستەمیان کردبوو شوێن ئەوە کەوتن کە تێیدا خۆشگوزەران کرابوون و، ئەوان تاوانبار بوون.

٣- هەروەها لە سووڕەتی (**الأحقاف**)دا، خوا ﷻ لە ڕۆژی دوایی دا بە بێبڕوایەکان دەفەرموێ: ﴿أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾﴾، واتە: ئێوە خۆشییەکانی ژیانی دنیاتان تێپەڕاندن (لە دنیادا)و بەهرەتان لێوەرگرتن، ئەمڕۆش سزای ڕیسوایی دەچێژن، بەهۆی ئەوەوەی لە زەویدا خۆتان بە ناهەق بە زلدەگرت و، بەهۆی ئەوەوەش کە لادانتان دەکرد.

هەروەها لە گەلێك شوێنی دیکەدا، خوا خۆشگوزەرانیی و نغرۆ بوون لە ڕابواردنی ماددیی ژیانی دنیادا لەسەر حیسابی ڕووح و قیامەت و، بەڵکو زۆر جار لەسەر حیسابی کەسایەتیی و ئابڕوو و کەرامەتی مرۆڤی، کردوە بە هۆکارێکی سەرەکیی بێبڕوایی بێبڕوایان، بۆ وێنە کە کۆتا نمونەیە بیهێنینەوە:

٤- لە سووڕەتی (**سبأ**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٤﴾﴾، واتە: لە هیچ ئاوەدانییەکدا هیچ ترسێنەرێك و ورياکەرەوەیەکمان ڕەوان نەکردوە، مەگەر خۆشگوزەرانەکانی گوتوویانە: ئێمە بەوەی ئێوەی پێرەوانکراون، بێبڕواین.

کەواتە: خۆشگوزەرانەکان، واتە: ئەوانەی لەسەر حیسابی خەڵکی ڕەش و ڕووت و، جەماوەری بێچارە کراوو، چەوسێنراوە، ڕادەبوێرن و خۆشگوزەرانیی دەکەنە پیشە، ئەوانە هەمیشە هەڵوێستیان بەرانبەر بە پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**)و، بەرانبەر بە پەیامەکانی خوا، بریتی بووە لە ڕەتکردنەوەو ڕەفزکردن و بێبڕوایی.

لـە كۆتایـی ئـەم تـەوەرەدا دەڵێیـن: ئـەم سێكوچكەی: نەزانیـی و، خۆبەزلگریـی و، خۆشـگوزەرانیی (**الجهـل والإسـتكبار والإتـراف**)، لـە قورئانـدا زۆر باسـكراوەو خـوا ﷻ فیرعەونـی لەگـەڵ قـارووون و هامانـدا، لـە چەنـد شـوێنێك لـە قورئـان دا نـاو هێنـاون، بـۆ وێنـە:

أ- لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا: ﴿وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ ٣٩﴾.

ب- لە سوورەتی (**غافر**)یشدا: ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٍ ٢٣ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَقَٰرُونَ فَقَالُواْ سَٰحِرٞ كَذَّابٞ ٢٤﴾.

بەڵـێ ئـەم سـێكوچكەیە، وەك سـێكوچكەیەی مەنجەڵیـان لەسـەر دادەنـرێ، ڕۆڵیـان بـەم شـێوەیە:١- فیرعـەون: ڕەمـزو هێـمای چەوسـاندنەوەی سیاسـیی بـووە، ٢- قـاڕوون: ڕەمـزو هێـمای چەوسـانەوەی ئابووریـی بـووە، ٣- هامـان: ڕەمـزو هێـمای چەوسـانەوەی ڕاگەیانـدن و چەواشـەكردنی خەڵـك بـووە.

ئەگـەر تەماشـای بەسـەرهاتی مووسـاو هاڕوونـی بـرای صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بـێ و گەلـە چەوسـێنراوەكەیان (**بنـو إسرائيـل**) بكەیـن، لەلایـەك و، فیرعـەون و قـاڕوون و هامانیـش لـە بەرانبەریانـدا لەلایـەك، ئـەوە زۆر بەڕوونیـی دەبینـرێ:

أ- فیرعەون زۆر خۆسەپێن و خۆ بە زلگر بووەو، لە ڕووی حوكمڕانیی و سیاسییەوە، لە سوورەتی (**غافر**)دا، خوا ﷻ لەسەر زمانی فیرعەون دەفەرمویّ: ﴿قَالَ فِرۡعَوۡنُ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ٢٩﴾، واتە: فیرعەونیش گوتی: هەر ئەوەتان پێدەڵێم كە خۆم دەیبینم و، ئەوەی منیش دەیڵێم بەس ئەوە ڕێی سەر ڕاستییە، تا ئەوە لۆژیك و سیاسەتی فیرعەون، بووە بۆیەش خوای دادگەرو باڵادەست لە بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِرۡعَوۡنَ عَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلَ أَهۡلَهَا شِيَعٗا ٤﴾**القصص**، بەدڵنیایی فیرعەون لە زەویدا خۆی بەرزكردەوەو سەپاندو خەڵكەكەی بەش بەش كرد.

ب- بە نسبەت قارووونەوەش کە ڕەمزو هێمای چەوساندنەوەی ئابووریی بووە، لە سوورەتی (القصص)دا، خوا ﷻ باسی قاروون دەکات و دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ ﴿٧٦﴾ ﴾، قاروون لە گەلی مووسا ﷺ بوو، بەڵام لێیان هەڵگەڕایەوەو هێندەمان ماڵ و سامان پێدابوو کە کلیلەکان (ی قاسەو خەزنەکانی ماڵ و سامانەکە)ی، پیاوانێکی بە هێزو بە زەحمەت بۆیان هەڵدەگیران، پێیانەوە شەکەت و ماندوو دەبوون.

ئەویش لە ڕووی ئابوورییەوە کوچکی دووەمی ئەو سێکوچکەیەبوو.

ج- هەروەها هامانیش لە چەند شوێنێك لە قورئاندا خوای کاربەجێ باس دەکات لە ڕووی چەواشەکاریی ڕاگەیاندنەوە فیرعەون پەنا دەباتە بەر هامان، بۆ نموونە: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰهَـٰمَـٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَـٰبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَـٰذِبًا... ﴿٣٧﴾ ﴾غافر، فیرعەون گوتی: ئەی هامان! کۆشکێکم بۆ دروست بکە، بەڵکو بگەمە هۆکارەکان، هۆکارەکانی ئاسمانەکان تاکو پەرستراوی مووسا پەی پێ بەرم و پێشم وایە درۆکارە (پەرستراوی وی بوونی نیە) ئەویش ڕۆڵی بینیوە لە چەواشەکردنی خەڵك دا، وەك چۆن ئێستاش لە ڕۆژگاری ئێستای ئێمەدا، ئەو سێکوچکەیە هەر بەردەوامە، چەوساندنەوەی سیاسیی، چەوساندنەوەی ئابووریی، چەواشەکردنی ڕاگەیاندن، بۆیەش هەموو ئەوانەی چاویان لەوەیە ستەم لە خەڵك بکەن و، خەڵك و جەماوەر بچەوسێننەوە، بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن:

أ- هێزی زەبرو زەنگ و عەسکەریی بەدەست بێنن.

ب- هێزی سامان و ئابووریی بەدەست خۆیانەوە بێ.

ج- ڕاگەیاندنی چەواشەکارانەش بەدەست خۆیانەوە بێ، واتە: ئەوسێکوچکەیەی سێ هۆکاری بنەڕەتیین، بۆ بێبڕوا بوونی بێبڕوایان و لە بێبڕوایی دا هێشتنەوەیان.

تەوەری سێیەم: سیفەتە گشتییە هاوبەشەکانی بێبڕوایان:

ئەمـەش باسـێکی زۆر دوورو قووڵـە، بـەڵام ئێمە هەوڵدەدەیـن زۆر کورتی بکەینەوەو دەڵێیـن: تێکـڕای ئـەو سـیفەتانەی - بـە بـۆ چوونی مـن - خـوا ﷻ کردوونی بە سـیفەت و ناسـێنەر بـۆ بێبڕوایـان، بیسـت و پێنـج (٢٥)ن و، ئەوانە سـیفەتە گشـتییەکانیانن، واتە: بـە هـەر پێنـج جۆرەکانـی بێبڕوایانـەوە: مولحیـدەکان، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، خـاوەن کتێبـەکان، هەڵگـەڕاوەکان، هەروەهـا دەغـەڵ و مونافیقەکان:

١)- سیفەتێکی بنەڕەتیی بێبڕوایان بە گشتیی، بریتیە لە پەکخستنی هێزە ئیدراکییەکانی خۆیان، ئەو هێزانەی دەتوانن شتیان پێ بزانن؛ لەکارخستنی چاویان بۆ بینینی هەق، گوێیان بۆ بیستنی هەق، عەقڵ و دڵیان بۆ پەی پێبردنی هەق، لە چەند شوێن لە قورئان دا خوای پەروەردگار ئەم سیفەتە بۆ بێبڕوایان بەکاردێنێ: ﴿صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ۝١٧١﴾ **البقرة**، کەڕانن، لاڵانن، کوێرانن بۆیە نافامن، ﴿صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ۝١٨﴾ **البقرة**، کەڕانن، لاڵانن، کوێرانن بۆیە ناگەڕێنەوە. بەڵێ سیفەتی بنەڕەتیی بێبڕوایان کە هەموویان تێیدا هاوبەشن، ئەوەیە کە هەم هەستەوەرەکانیان و، عەقڵ و دڵی خۆیان بۆ ناسینی هەق پەکخستوون، بەهۆی زۆر ڕۆچوون بە ئارەزووکانیانداو بەلادان و تاواندا، نە چاویان هەق دەبینێ، نە گوێیان هەق دەبیستێ، نە عەقڵ و دڵیشیان هەق پەی پێدەبات.

٢و٣و٤)- هەڵبژاردنی ژیانی دنیا بەسەر ژیانی ڕۆژی دواییداو، ڕێگرتن لە خەڵك کە بە دوای ئایین و بەرنامەی ڕاستی خوا بکەون و، هەوڵدان بۆ ئەوەی ئایینی خوای پەروەردگار خوارو خێچ و نارێك بخەنە بەر چاوی خەڵك، ئەمانەش هەر سێکیان لە سوورەتی (**إبراهيم**)دا، خوای بەرزی مەزن فەرمووني، وەك دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْـَٔاخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا ۝٣﴾، ئەوکەسانەی ژیانی دنیا بەسەر مەنزڵگای کۆتاییدا هەڵدەبژێرن و، (خەڵك) لە ڕێی خوادا لادەدەن و، لاریی و خوارو خێچیی بۆ ئایین و بەرنامەی خوا دەخوازن.

یـانی: دەیانـەوێ ئاییـنی خـوا خواروخێـچ پیشـانی خەڵـك بـدەن و، لـە پێـش چاویـان ناشـیرین و نارێكیـی بكـەن و بیبێزێنـن و، لەبـەر چاویـان بكـەوێ.

٥و٦و٧)- ئومێدەوارنەبوون بە دیداری خواو، ڕازیبوون بە ژیانی دنیاو پێوە پەیوەست بوونی و، بێئاگایی لە ئایەت و نیشانەكانی خوا، چ نیشانە بینراوەكانی چ نیشانە خوێنراوەكانی (آيات المنظورة والمقروءة)، ئەمیش لە هەردوو ئایەتەكانی: (٧ و ٨)ی سووڕەتی (یونس)دا، كە پێشتریش هێنامان خوای پەنهانزان هۆكارەكانی: پێنج و شەش و حەوتی باسكردووون:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بـە ئومێـدی دیـداری ئێمـە نیـن، واتـە: بـێ ئومێـدن لـەوەی بـە دیـداری خـوا بگـەن.

﴿وَرَضُواْ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّواْ بِهَا﴾، ژیانـی دنیایـان پەسـند كـردووەو دڵیـان پێـوەی بەسـتوە.

﴿وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾﴾، هەروەهـا ئەوانـەی لـە نیشـانەكانی ئێمـە بێئـاگان، ئەمانـەش سـێ سـیفەتی دیكـە كـە سـەرجەم بـوون بـە حـەوت.

حەوت سیفەتەكانی: هەشت و نۆ و دەو یازدەو دوازدەو سێزدەو چواردە:

٨)- هەوڵدان بۆ بێدەنگكردنی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام): ﴿فَرَدُّوٓاْ أَيْدِيَهُمْ فِىٓ أَفْوَٰهِهِمْ﴾.

٩)- ڕاگەیاندنی بێبڕوایی بە پەیامەكانی خواو ڕەفزكردنیان: ﴿إِنَّا كَفَرْنَا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ﴾.

١٠)- دەرخستنی دوو دڵیی لە مەبەستی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام): ﴿وَإِنَّا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾.

١١)- بیانووگرتن بەوەی بۆیە بڕواناهێنن چونكە پێغەمبەران مرۆڤن: ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا﴾.

١٢)- بیانووگرتن بە ئیمان نەهێنان بە پێغەمبەران، لە بەر ئەوەی دەیانەوێ ئەوەی پێشینەکانیان لەسەری بوون بیگۆڕن: ﴿ تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا ﴾.

١٣)- تۆمەتکردن کە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بەڵگەیەکی ڕۆشنیان بۆ سەلماندنی دەعواکەیان نەهێناوە!: ﴿ فَأْتُونَا بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴾.

١٤)- سەرپشککردنی پێغەمبەرانی بەڕێز صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێ، لە نێوان دەرکران لە وڵات و گەڕانەوەیان دا بۆ کوفر: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ﴾. ئەم حەوت سیفەتەش هەموویان لە سوورەتی (إبراهيم) ئایەتەکانی: (٩ - ١٣)دا هاتوون، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَرَدُّوٓاْ أَيْدِيَهُمْ فِىٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَقَالُوٓاْ إِنَّا كَفَرْنَا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ وَإِنَّا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٩﴾ قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِى ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى قَالُوٓاْ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿١٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ ﴾

ئایا هەواڵی ئەوانەی پێش خۆتانتان بۆ نەهاتوە گەلی (هوودو عادو سەموود) و ئەوانەی دوای وانیش کە جگە لە خوا نایانزانێ، پێغەمبەرانیان بە (موعجیزان) بەڵگە ئاشکرایەکانەوە هاتنە لایان کەچی ئەوان دەستیان بە زاریانەوە نان، گوتیان: ئێمە بێبڕواین بەوەی پێی نێردراون و بە دڵنیایی ئێمە سەبارەت بەوەی ئێمەی بۆ بانگ دەکەن لە دوو دڵییەکی خەست داین ﴿٩﴾ پێغەمبەرەکانیان گوتیان: ئایا دوو دڵی لە (بوون و یەکتایی) خوای پەیداکەری ئاسمانەکان و زەویدا هەیە! بانگتان دەکات تاکو لە گوناهەکانتان بتانبووریێ و بۆ کاتێکی دیارییکراو دواتان بخات (لە ژیاندا بتانهێڵێ)، بێبڕوایەکان گوتیان: ئێوەش تەنیا مرۆڤێکی وەك ئێمەن و دەتانەوێ لەو پەرستراوانەی باب و باپیرانمان دەیانپەرستن لامان بدەن، دەجا ئەگەر ڕاست دەکەن بەڵگەیەکی ڕوونمان بۆ بێنن (لەسەر ڕاستیی ئەوەی دەیڵێن) ﴿١٠﴾ پێغەمبەرەکانیان پێیان گوتن: ڕاستە ئێمەش وەک ئێوەین، بەڵام خوا چاکە لەگەڵ هەر کام لە بەندەکانیدا دەکا (کە بیەوێ بیکاتە ڕەوانەکراو) بەبێ مۆڵەتی خواش ناتوانین هیچ بەڵگەیەکتان بۆ بێنین (وەک ئەوەی پێمانەو خوای کارزان بە چاکی زانیوە) بڕوادارانیش با تەنیا پشت بە خوا ببەستن ﴿١١﴾ ئنجا بۆچی پشت بە خوا نەبەستین لە حاڵێکدا ڕێبازەکانمانی (بۆ گەیاندنی پەیامەکەی) پێشانداوین، مسۆگەریش هەرچەند ئازارمان بدەن خۆڕاگر دەبین و پشت بەستوانیش، با تەنیا پشت بە خوا ببەستن ﴿١٢﴾ ئەوانەی بێبڕواش بوون بە پێغەمبەرەکانی خۆیانیان گوت: بە دڵنیایی لەسەر زەوی خۆمان وەدەرتان دنێین یان دەبێ بگەڕێنەوە نێو ئایین و ڕێبازەکەمان، پەروەردگاریشیان سرووشی بۆ کردن (بۆ پێغەمبەران) مسۆگەر ستەمکاران دەفەوتێن ﴿١٣﴾.

﴿ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، پێغەمبەرانیان **(علیهم الصلاة والسلام)**، بەڵگە ڕۆشنەکانیان بۆ بردن، بەڵام ئایا کافرەکان چییان کرد؟ بێگوما هەقیان ڕەدکردەوە ئێستاش ئاماژە دەکەین بەو برگەو ڕستە قورئانییانەی ئەو حەوت سیفەتەی بێبڕوایەکانیان تێدان و سەروتیشکی کورتیان دەخەینەسەر: ١-سیفەتی

یەکـەم: ﴿ فَرَدُّوٓاْ أَيۡدِيَهُمۡ فِيٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ ﴾، دەسـتیان بەزاریانـەوە (زاری پێغەمبـەران) گـرت، یـانی: ویسـتیان بێدەنگیـان بکـەن، ئەمـە واتایەکیەتـی و، واتایەکـی دیکـەشی: دەسـتیان بـە زاری خۆیانـەوە گـرت، واتـە: وەك گاڵتـە پێکـردن.

٢- ئنجا سیفەتی دووەم: ﴿إِنَّا كَفَرۡنَا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ ﴾، گوتیان ئێمە بێبڕواین بەوەی ئێوەی پێ ڕەوانکراون، ئەمەش ڕاگەیاندنی کوفرو بێبڕواییە بە پەیامەکانی خواو ڕەفزکردنیان.

٣- سیفەتی سێیەم: ﴿ وَإِنَّا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَنَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ ﴿٩﴾ ﴾، ئێمە لە دوو دڵییداین، دوودڵییەکی خەست لەوەی ئێوە ئێمەی بۆ بانگ دەکەن! سیفەتی ٤- سیفەتیی چوارەم: بیانووگرتن بەوەی پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**)، مرۆڤن بۆیە بڕوایان پێناهێنن: ﴿إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا ﴾، ئێوەش هەر مرۆڤێکن وەك ئێمە!

٥- سیفەتی پێنجەم: بیانووگرتن بە پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**) کە بۆیە بڕوایان پێناهێنن، چونکە دەیانەوێ ڕێبازی پێشینانیان لێ تێکبدەن: ﴿ تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا ﴾، دەتانەوێ لاماندەن لەوەی باب و باپیرانمان و پێشینەکانمان دەیانپەرست!

٦- سیفەتی شەشەم: گوایە پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**) بەڵگەیەکی ڕۆشنیان بۆ نەهێناون: ﴿ فَأۡتُونَا بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ﴿١٠﴾ ﴾، واتە: ئەوەی هێناوتانە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرانیەو بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرامان بۆ بێن، بەڵام بێگومان درۆیان کردوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، پێغەمبەرەکان (**علیهم الصلاة والسلام**)، بەڵگە ڕوون و ئاشکرایەکانیان بۆ بردن.

٧- سیفەتی حەوتەم: کۆتا قسەیان هەڕەشەکردنی بێبڕوایانە لە پێغەمبەران (**علیهم الصلاة والسلام**) و، سەرپشککردنیان لە نێوان لە شارو وڵات دەرکران و، گەڕانەوەیان بۆ کوفردا: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمۡ لَنُخۡرِجَنَّكُم مِّنۡ أَرۡضِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۖ ﴿١٣﴾ ﴾، واتە: ئەوانە بێبڕوا بوون بە پێغەمبەرەکانیان گوت: یان لەسەر زەوی

خۆمان دەرتان دەکەین، یان دەگەڕێنەوە سەر ڕێبازەکەی ئێمە، سەر زەمینەکەیان تەنیا بە هی خۆیان داناوە، وەك بڵێی پێغەمبەران **(علیهم الصلاة والسلام)** و شوێنکەوتووانیان خەڵکی ئەو شوێن و شارو وڵاتانە نەبووبن!!

١٥و١٦و١٧)- بە درۆ دانانی هەق و، عەزم جەزمکردن لەسەر زیانگەیاندن بە پێغەمبەران **(علیهم الصلاة والسلام)** و، ئەوانەی شوێن پێغەمبەران دەکەون و، مشتومڕ کردن بە ناهەق بۆ بەرپەرچدانەوەی هەق.

ئەمانەش هەر سێکیان لە ئایەتی ژمارە (٥)ی سوورەتی **(غافر)**دا هاتوون، هەڵبەتە وێڕای هاتنی لە ژمارەیەکی دیکەی ئایەتەکان: ١-کە خوا ﷻ لەوێدا دەفەرموێ: ﴿ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ ﴾، واتە: لە پێش واندا گەلی نووح و حیزبەکانیش لە دوای وان بێبڕوابوون، (واتە: بێبڕوابوون بە پێغەمبەران و **(علیهم الصلاة والسلام)** پەیامەکانی خوا)، ئەمە سیفەتی یەکەم. ٢- دووەم ئەوە کە عەزمیان جەزم کردوە زیان بە پێغەمبەران **(علیهم الصلاة والسلام)** بگەیەنن: ﴿ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ﴾، هەر کۆمەڵێك ویستی و عەزمی جەزم کرد لە بەرانبەر پێغەمبەرەکەیدا کە بیانگرن، سزایان بدەن، بیانکوژن، ٣- سیفەتی سێیەم ﴿ وَجَٰدَلُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ ﴿٥﴾ ﴾، هەروەها بە بەتاڵ و ناهەق مشتومڕیان کرد، تاکو هەقی پێ بەرپەرچ بدەنەوە.

١٨)- سیفەتێکی دیکە هاوبەشی بەینی هەموو جۆرەکانی بێبڕوایان، بریتیە لە: گاڵتەکردن و ڕابواردن بە ئیمانداران، وەك لە ئایەتی ژمارە **(٢١٢)ی** سوورەتی **(البقرة)**دا، هاتوە: ﴿ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ژیانی دنیا ژیانی نیزیکتر بۆ بێبڕوایان ڕازێندراوەتەوەو گاڵتە دەکەن بەوانەی بڕوایان هێناوە، ئەمیش بەدڵنیایی سیفەتێکی دیکەی زۆر نزم و پەستی بێبڕوایانە. هەروەها لە سوورەتی **(المطففین)**یش، ئایەتەکانی: **(٢٩ و ٣٠ و ٣١)**دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ

انقَلَبُوا فَكِهِينَ ﴿٣١﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی تاوانیان کردوە، کاتی خۆی لە دنیادا بە بڕواداران پێدەکەنین، کاتێکیش بەلایاندا تێدەپەڕین ئاماژەیان بۆ یەکدی دەکردو، کاتێ دەگەڕانەوەش بۆ لای خزم و کەسیان، بە خۆشحاڵیی و شادمانیی دەگەڕانەوە (وەك دەستکەوتێکی زۆر و گەورەیان بووبێ!).

١٩و٢٠و٢١)- خۆشگوزەرانیی لە ژیانی دنیاداو، نکووڵییکردن لە زیندووکرانەوەو هەڵسێنرانەوەو، تۆمەتبارکردنی پێغەمبەران (**عليهم الصلاة والسلام**)، بەوەی بە ناوی خواوە درۆیان کردوەو شتیان هەڵبەستوە، لە ئایەتەکانی: (**٣١ -٣٨**)ی سوورەتی (**المؤمنون**)دا، خوا ﷻ ئەم سێ سیفەتەی هێناون، ئەمەش دەقی ئەو هەشت ئایەتە:

﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٣١﴾ فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقَاءِ الْآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ ﴿٣٤﴾ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَامًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴿٣٥﴾ ۞ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴿٣٦﴾ إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٣٧﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ **واتە**: دوایی پاش ئەوان سەدەیەکی دیکەمان (لە خەڵك) پێگەیاند ﴿٣١﴾ لە نێویاندا پێغەمبەرێکمان نارد، پێیگوتن: خواپەرستن هیچ پەرستراوێکی دیکەتان نیە، (شایستەی پەرستران بێ) ئایا پارێز ناکەن (لە سزای خوا لەسەر هاوبەشدانان)؟! ﴿٣٢﴾ دەستڕۆیشتوە و بێبڕوایەکانی گەلەکەی کە بڕوایان بە دیداریی دوارۆژ نەبوو و، لە ژیانی دنیادا خۆشگوزەرانمان کردبوون، گوتیان: ئەمە تەنیا بەشەرێکی وەك خۆتانە، هەر لەوە دەخوات کە ئێوە لێی دەخۆن و، لەوەش دەخواتەوە کە ئێوە لێی دەخۆنەوە ﴿٣٣﴾ بە مسۆگەرییش ئەگەر فەرمانبەریی بەشەرێکی وەك خۆتان بکەن! کەواتە: ئێوە لە زیانبارانن ﴿٣٤﴾ ئایا بەڵێنتان پێ دەدات کاتێك مردن و بوونەوە بە خۆڵ و ئێسکە (پڕتووکاوە)کان، ئێوە لە زەوی دەردەهێنرێنەوە؟! ﴿٣٥﴾ ئەوەی گفتتان پێ دەدرێ دوورە

دوور ﴿٣٦﴾ ژیان تەنیا ژیانی دنیامانە، دەمرین و دەژین و، ئێمە لە زیندوو کراوان نابین ﴿٣٧﴾ ئەو (پیاو)ە بەس پیاوێکە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ و ئێمەش بۆی نابینە بڕوادار ﴿٣٨﴾.

١٩- سیفەتی نۆزدەیەم: خۆشگوزەرانیی لە ژیانی دنیادا: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَتْرَفْنَـٰهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾، ئەو دەستڕۆیشتووانەی گەلەکەی کە بێبڕوابوون و، دیداری ڕۆژی دواییان بە درۆ دادەناو، لە ژیانی دنیادا خۆشگوزەرامان کردبوون، گوتیان: ...، کەواتە یەکێك لە سیفەتەکانیان ئەوەیە کە خۆشگوزەران کراون.

٢٠- سیفەتی بیستەم: نکووڵییکردنیان لە هاتنی قیامەت و هەڵسێنرانەوە: وەك خوا لە ئایەتی (٣٥)ی سوورەتی (**المؤمنون**)دا، دەفەرموێ: ﴿ أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴿٣٥﴾ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴿٣٦﴾ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾، واتە: ئایا بەڵێنتان پێدەدات (ئەو پێغەمبەرە) کاتێك مردن و بوونەوە بە خۆڵ و ئێسقان ئێوە (زیندووکراوەو) دەرهێنراون! زۆر دوورە، زۆر دوورە ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، تەنیا ژیانی دنیامانە دەمرین و دەژین و ئێمە لە زیندووکراوان نابین.

٢١- سیفەتی بیست و یەکەم: تۆمەتبارکردنی پێغەمبەر ﷺ بەوەی کە بە ناوی خواوە درۆی هەڵبەستوە: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿٣٨﴾ ﴾، واتە: ئەو تەنیا پیاوێکە درۆ بە ناوی خواوە دەکات (ئەگەرنا خوا هیچکەسی بە نوێنەری خۆی وەك ڕەوانەکراوی خۆی نەناردوە).

٢٢) دڵخۆشیی و بوغڕابوون بە تۆزە زانیارییەك کە لە بارەی ژیانی دنیاوە، هەیانەو، کردنی بە جێگرەوەی ئەو زانیارییە ڕاستەقینەو تێرو تەواوەی لە ڕێی وەحییەوە دێ، ئەمیش لە سوورەتی (**غافر**)دا هاتوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَرِحُوا۟

بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾، واتە: ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون، سەرنج بدەن سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بوو؟ ئەوان لەوان زیاتر بوون و بەهێزتریش بوون و، شوێنەواریشیان زیاتر بوو لە زەویدا، کەچی ئەوەی وەدەستیان دەهێنا سوودی پێ نەگەیاندن، (لە سزاو بەڵای خوا نەیپاراستن) و، کاتێك پێغەمبەرەکانیان بەڵگە ڕۆشن و ئاشکرایەکانیان بۆ هێنان، زۆر دڵخۆشبوون بەوەندە زانیارییەی لەلایانەو، سەرەنجام ئەوەی گاڵتەیان پێدەکرد دەورەی دان (و سەریان بە فەتارەت چوو).

٢٣)- خۆبەزلگریی لە بەرانبەر هەقدا، ئەمیش لە زۆر شوێنی قورئاندا باسکراوە، بۆ وێنە: خوا لە سوورەتی **(الزمر)**دا، دەفەرموێ: ﴿ بَلَىٰ قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَـٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾ ﴾، واتە: با نیشانەکانی ئێمەت بۆ هاتن (ئەی بێبڕوا!) بەڵام بە درۆت دانان و خۆت بەزلگرت و لە بێبڕوایان بووی.

زۆر جاران خۆ بەزلگریی سەردەکێشێ بۆ بێبڕوایی.

٢٤)- داواکردنی دابەزاندنی فریشتان لە جیاتی پێغەمبەران کە مرۆڤ بوون، یاخود فریشتەکان لەگەڵ پێغەمبەراندا بێن، وەك بەڵگەو شایەد، ئەمیش لە زۆر شوێنی قورئاندا باسکراوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی **(الإسراء)**دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤْمِنُوٓاْ إِذْ جَآءَهُمُ ٱلْهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾ قُل لَّوْ كَانَ فِى ٱلْأَرْضِ مَلَـٰٓئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكًا رَّسُولًا ﴿٩٥﴾ ﴾، واتە: هیچ شتێك ڕێی لە خەڵك نەگرت، بڕوابێنن کاتێك ڕێنماییان بۆ هات، مەگەر ئەوە کە گوتیان: ئایا خوا نوێنەرو ڕەوانەکراوێکی مرۆڤی ناردوە؟ (خوا دەفەرموێ:) پێیان بفەرموو: ئەگەر فریشتەکان لەسەر زەوی (ژیابانایەو) بە ئارامیی ڕۆیشتبانایە، ئەو کاتە لە ئاسمان فریشتەمان بە نوێنەر دەنارده سەریان.

بەڵام ئەوانە مرۆڤن و دەبێ نوێنەری خوا هەر لە خۆیان بێ، بۆیە بیانووەکەیان شتێکی بێ جێیەو نا لۆژیکییە.

٢٥)- ملکەچ بوون بۆ تاغووتەکان کە لە ڕۆشنایی دەریان دێنن بۆ تاریکایی، ئەویش لە سوورەتی (البقرة)دا هاتوە: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾﴾، واتە: خوا دۆست و پشتیوانی ئەوانەیە کە بڕوایان هێناوە، لە تاریکاییان دەریاندێنێ بەرەو ڕۆشنایی و، ئەوانەش کە بێبڕوان دۆست و پشتیوانەکانیان تاغووتن، لە ڕووناکیی دەریاندێنن و بەرەو تاریکاییان دەیانبەن، ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن، لە نێو ئاگر (ی دۆزەخ)دا هەمیشە ماو دەبن.

ئەمانـە بیسـت و پێنـج (٢٥) سـیفەت، لـە سـیفەتە هاوبەشـە گشـتییەکانی بێبڕوایـان، واتـە: بـە هـەر پێنـج جۆرەکەیانـەوە: مولحیـدەکان و، هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان و، خـاوەن کتێبـەکان و، هەڵگـەڕاوەکان و، دەغـەڵ و مونافیقـەکان، هـەر پێنجیـان خـوای بـەرزو مـەزن بـەو بیسـت و پێنـج سـیفەتەی باسـمکردن، پێناسـەی کـردوون.

تەوەری چوارەم: جۆرەکانی کافران

جۆرەکانی کافران بەپێی تێگەیشتنی من، سەرجەم بێبڕوایان، پێنج جۆرن:

١- مولحیـدەکان: ئەوانـەی بڕوایـان بـە هیـچ شـتێك نیـە، بڕوایـان بـە بوونـی خـوا نیـە، بڕوایـان بـە وەحیـی نیـە، بڕوایـان بـە پێغەمبەرایەتیـی و، سـزاو پاداشـت و زینـدوو کرانـەوەو بەهەشـت و دۆزەخ نیـە.

٢- خـاوەن کتێبـەکان: بـە تایبـەت جوولەکـەو نەصرانییـەکان، پاشـان هـەر کۆمەڵێکـی دیکـە، کـە خۆیـان بـە خاوەنـی کتێبێکـی ئاسـمانیی دەزانـن و، خۆیـان پاڵدەدەنـە لای خـوا، کـە بەشـێك لـە زانایـان مەجووسـییەکان و صابیئـەو، هـەر کەسـێکی دیکـەی لـەو جـۆرەش بـێ، لـەو بازنەیـەدا دایاننـاون و، منیـش ئـەو ڕایـەم پـێ ڕاسـتە.

٣- هاوبەش بۆ خوا دانەران: ئەوانەی خوا دەناسن، بەڵام هاوبەشی بۆ پەیدا دەكەن.

٤- مونافیقەكان: دەغەڵ و دوو ڕووەكان كە خۆیان بە مسوڵمان پیشان دەدەن، بەڵام كوفر لە دڵیاندا هەیە.

٥- هەڵگەڕاوەكان (المرتدّون): كە بڕوایان هێناوە، بەڵام دوایی هەڵگەڕاونەوە.

ئێستاش ئێمە بەپێناسەكردنی ئەو پێنج جۆرەی بێبڕوایاندا دەچینە خوار:

جۆری یەكەم: مولحیدەكان: (الملحدون، الدّهرِیُّون، الزَّنَادِقَة):

ئەمانە خوا ﷻ لە قورئاندا بەو ناوانە، ناوی نەهێناون، بەڵام لە هەندێك شوێندا باسی كردوون و، باسی هەندێك لە سیفەتەكانی كردوون، دیارە وشەی (**إلحاد**)، لە قورئاندا بەكارهاتوە، بەڵام نەك بەو واتایەی ئێستا باوە (ئیلحاد) ئێستا واتە: بێبڕوایی بە خواو، بە ڕۆژی دوایی و، بە پێغەمبەرایەتیی، بەڵكو وشەی (**إلحاد**) بەكارهێنراوە بە مانای لادان لە ئایەتەكانی خوادا، یاخود لە ناوەكانی خوای پەروەردگاردا، بۆ وێنە:

أ- خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ﴿٤٠﴾ ﴾فصلت، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی لادان لە ئایەتەكانی ئێمەدا دەكەن، لێمان پەنهان نین.

ب- هەروەها لە بارەی قورئانەوە خوا لە سوورەتی (**النحل**)دا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ ﴾، واتە: بێگومان ئێمە دەزانین ئەوان دەڵێن: مرۆڤێك فێری (موحەممەدی) دەكات، زمانی ئەو كەسەی ئاماژەی بۆ دەكەن (بەلایدا لادەدەن) ئەعجەمییە، بەڵام ئەم (قورئان)ە بە زمانێكی عەرەبیی زۆر ڕوونە!!

ج- هەروەها لە سوورەتی (**الأعراف**)دا فەرموویەتی: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَـٰٓئِهِۦ ۚ ﴿١٨٠﴾ ﴾، خواش ﷻ ناوه هەرە چاکەکانی هەن، تەنیا بەوان لێی بپاڕێنەوەو واز لەوانە بێنن کە لادان دەکەن، لە ناوەکانی خوادا.

بەڵام خوا ﷻ لە چوار ئایەتەکانی: (**٢١ و ٢٢ و ٢٣ و ٢٤**)، لە سوورەتی (**الجاثية**) دا، باسی هەندێك لە سیفەت و نیشانەکانی مولحیدەکان دەکات و، لە کۆتایی دا بەوە دەیانناسێنێ، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: گوتیان: ژیان تەنیا ژیانی دنیامانە، دەمرین و دەژین و تەنیا ڕۆژگار دەمانفەوتێنێ و، (خواش دەفەرموێ) زانیاریان لەو بارەوە نیە تەنیا گومان دەبەن.

لێرەدا ئەوانە کە دەڵێن: ڕۆژگار دەمانفەوتێنێ، دیارە ئەوە خاڵی هاوبەشی هەموو مولحیدەکانە کە دەڵێن: خوایەك ئێمەی دروست نەکردووەو ناشمانژیەنێ و ناشمانمرێنێ، بەس خۆمان دەمرین و دەژین، لە پێش ئەم ئایەتە موبارەکەدا، خوا دەفەرموێ: ﴿ هَـٰذَا بَصَـٰٓئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾الجاثية، واتە: ئەمانە ڕۆشنایی و ڕێنمایی و ڕەحمەتن (لە خوای بەبەزەییەوە) بۆ کۆمەڵێك زانیاریی دڵنیاییان هەبێ، یان ئایا ئەوانەی (کردەوە) خراپەکان دەکەن، پێیان وایە وەك ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، ژیانیان و مردنیان، یەکسان بن؟ ئەوە خراپترین بڕیار (حوکم)ە دەیدەن، خواش ئاسمانەکان و زەوی بە هەق هێناونە دی و، بۆ ئەوەش هەر کەسە سزاو پاداشتی پڕ بەپێستی خۆی وەربگرێ و ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ، (ئنجا دوایی دەفەرموێ:) ئەوانە دەڵێن: ژیان تەنیا ژیانی دنیامانە، دەمرین و دەژین و، تەنیا ڕۆژگار دەمانفەوتێنێ.

کەواتە: لێرەدا باس باسی مولحیدەکانە.

هەڵبەتە دوایی خوا ﷻ بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾﴾، ئەوانە لەو بارەوە هیچ زانیارییان نیە، تەنیا گومان دەبەن.

هەر لەو بارەوە خوا ﷻ لە سوورەتی (الطور)دا، ئەم ئایەتە موبارەکەش دەفەرموێ: ﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ﴿٣٥﴾﴾، واتە: یان ئایا ئەوانە بەبێ شت (بە دیهێنەر) پەیداکراون، یان خۆیان بەدیهێنەری خۆیانن؟ بێگومان ئەو دوو ئەگەرە، هەردووکیان پووچن، چونکە نە هیچ شتێك بەبێ پەیداکەر، بەبێ بەدیهێنەر پەیدا دەبێ و، نە هیچ شتێکیش دەگونجێ خۆی بەدیهێنەری خۆی بێ.

کەواتە: تەنیا ئەگەری سێیەم ڕاستە، کە بریتیە لەوەی خوا ﷻ بەدیهێنەرو پەیداکەریانەو پەروەردگاریانە.

هەروەها لە سوورەتی (طـه)دا، کاتێك فیرعەون لە مووسا دەپرسێ: ﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَىٰ ﴿٤٩﴾﴾، (فیرعەون) گوتی: ئەی مووسا! پەروەردگاری ئێوە کێیە؟ دیارە فیرعەون خۆی بە پەروەردگار زانیوەو، گوتوویەتی: ﴿فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾﴾النازعات، (فیرعەون) گوتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم، واتە: ئایا ئەو پەروەردگارەی ئێوە ئەگەر خۆم نەبم کێیە؟ مووساش ﷺ وەڵامێکی ددانشکێنی دەداتەوە: ﴿قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَىٰ كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾﴾طـه، گوتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە بوونی بە هەموو شتێك داوەو دوایش ڕێنمایی کردوە، یانی: سیستمی بۆ داناوە، چۆن بەڕێوەبچێ.

کەواتە: لە قورئاندا لە چەند شوێنێك دا ئاماژە کراوە بە بیرۆکەی ئیلحادو پووچەڵیی بیرۆکەی ئیلحاد، کە کرۆکەکەی ئەوەیە ئەم گەردوونە کەس نەیهێناوەتە دی و، ژیانی مرۆڤ هیچکەس سەرپەرشتیی ناکات و بەسەری

ڕاناگات، بەڵکو مرۆڤەکان خۆیان دەمرن و دەژین و، تەنیا ڕۆژگار دەیانفەوتێنێ و، ئەم گەردوونەش کەس نەیهێناوەتە دی!

ئنجا مولحیدەکان کاتی خۆی ڕایان وابووە، ئەم گەردوون (کون) ە بێ سەرەتایەو بێ کۆتاییشە، بەڵام زانستی فیزیاو گەردووناسیی ئێستا دەریخستوە، کە ئەم گەردوونە دستپێکێکی هەیە، کاتێك بووە نەبووەو، پاشان کۆتاییەکیشی هەیە، جاریێ بە نسبەت خۆری خۆمانەوە، کە ئەستێرەیەکە لە تریلیۆنێك (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) ئەستێرە لە ئەستێرەکانی کەهکەشانی کاکێشان، گەردووناسانی ئێستا دەڵێن: خۆر تەمەنی پێنج ملیار ساڵە، یانی: پێنج هەزار ملیۆن (٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠) ساڵ وە بایی پێنج ملیار ساڵیش هایدرۆجینی پێماوە بیسووتێنێ و بیکاتە هێلیۆم، ئەو تیشك و وزەیەی جۆریش دەیبەخشێ، ئەوەیە کە غازی هایدرۆجین لەوێدا دەسووتێ، لەهەر چرکەیەکدا چەند ملیۆن تەن و، دەگۆڕدرێ بۆ گازی هێلیۆم، ئەوە بە نسبەت خۆرەوە، بەنسبەت کۆی گەردوونەوەش گەردووناسان بە مەزەندە دەڵێن: تەمەنی گەردوون سێزدە ملیارو حەوسەد تا هەشتسەد ملیۆن ساڵە، دەشڵێن: ئەم گەردوونە بەپێی بیردۆزەی تەقینەوەی گەروە (**الإنفجار الكبير**، BIG BANG) هەمووی لە شتێکی یەکجار یەکجار بچووکەوە هاتوە، کە پێی دەگوترێ: سینگۆلاریتی (SUNGOLAR-ITY) هێلکەی گەردوونیی، تۆوی گەردوونیی، یەکەی گەردوونیی (**البيضة الكونية، البذرة الكونية، الوحدة الكونية**)، کە شتێکی زۆر زۆر بچووك بووە، لە ئەلیکترۆنیش بچووکترو، لەو پەڕی گەرمییدا بووەو، لە کاتێکی ئەوپەڕی کورت و کەم دا تەقیوەتەوەو، سەرەنجام ئەم گەردوونە لەوەوە هاتوە، کەواتە: ئێستا ئەوە کە گەردوون سەرەتای نەبێ و کۆتایی نەبێ، بۆتە ئەفسانەو زانست خۆی کردوویەتە ئەفسانە، وەك ئێمە لە مەوسووعەی: (ئیمان و ئیلحاد)دا، بە تەفصیل لەو بارەوە قسەمان کردوە، ئنجا بیرۆکەی بڕوانەبوون بە خوا ﷻ، بیرۆکەیەکی ڕیزپەڕەو دەگمەن بووە لە نێو بەشەردا، بەڵام لە ناسینی خواو مامەڵە لەگەڵ

کـردنی دا، کـەم و کورِیـی زۆر بوونـی بـووە، بۆیـەش پێغەمبـەران صـەڵات و سـەلامی خوایـان لەسـەر بـێ، جەختیـان کردۆتـەوە لـە سـەر ناسـاندنی خـوا، ناسـاندنی بەدیهێنەرایەتیـی خـواو، پەروەردگارێتیـی خـواو، خاوەندارێتیـی خـوا بـۆ هەمـوو شـتێك و، نـاوو سـیفەتەکانی، هەروەهـا جەختیـان کردۆتـەوە لەسـەر شـێوەی ڕاسـت و دروسـتی مامەڵـە لەگـەڵ خـوادا، ئەوشـێوەیەی خـوای پـەروەردگار لـێ ڕازییـە، ئەویـش بـەوەی بـەو شـێوازە بەندایەتیـی بـۆ بکـرێ کـە خـۆی فەرموویەتـی و، تەنیا بەندایەتییـش بـۆ ئـەو بکـرێ.

شـایانی باسیشـە: لـە مەوسـووعەی: (ئیـمان و ئیلحـاد)دا، لـە زۆر ڕووەوە بەبەڵگەی عەقڵیـی و زانسـتیی پووچەڵیـی بیرۆکـەی ئیلحادمان سـەلماندوە.

جۆری دووەم: خاوەن کتێبەکان (أهل الکتاب):

لە سێ بڕگان دا باسی خاوەن کتێبەکان دەکەین:

بڕگەی یەکەم: پێناسەی خاوەن کتێبەکان:

خـاوەن کتێبـەکان مەبەسـت لێیـان بـە پلـەی یەکـەم جوولەکـەو نەصرانییەکانـن، بـەڵام هـەر کەسـێکی دیکـەش کـە وەك ئەوانـە، حوکمـی وانی هەیـە، مـادام کـەم و زۆر خـاوەنی کتێبـی ئاسـمانیی بـێ، ئنجـا ئەگـەر مەجووسـیین، ئەگـەر صابیئـەن، ئەگـەر هـەر کەسـێکی دیکـەن، کـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الحج**)دا، باسـی هەمـوو ئەوانـەی کـردوە، دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلْمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾ ﴾، واتـە: بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە (کـە مسـوڵمانانن) و ئەوانـەی بوونـە جوولەکـەو صابیئـەکان و نەصرانییـەکان و مەجـووس و ئەوانـە هاوبەشـیان بـۆ خـوا دانـاوە، خـوا ڕۆژی قیامەتـدا دادوەرییـان لـە نێوانـدا دەکات، بێگومـان خـوا ﷻ لەسـەر هەمـوو شـتێکەوە چاودێـر و ئـاگادارە.

کەواتـە: خـاوەن کتێبـەکان ئەوانـەن کـە دەڵێـن: ئێمـە کتێبێکـمان لـە خـواوە بـۆ هاتـوە، ئنجـا بەنسـبەت جوولەکـەو نەصرانییەکانەوە ئەوە ڕاسـتە، جوولەکـە تەوراتیان بـۆ دابەزێـنراوەو، نەصرانـی ئینجیـل، بـەڵام ئێسـتا جوولەکـە وێـڕای تـەورات سـی و نۆ (٣٩)و، بـە سـەرژمێرێك چـل و نـۆ (٤٩) کتێبـی دیکەشـیان هەیـە، نەصرانییەکانیـش ئینجیلێکـە کردوویانــە بــە چــوارو، کۆمەڵــێ کتێبــی دیکەشــیان خســتوونەتە گــەڵ، وەك لـە شـوێنی دیکـەش دا باسـمان کـردوە، بـەڵام لـە دوای جوولەکـەو نەصرانیـی، مەجووسـیش، لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە کـە فەرموویەتـی: وەك خـاوەن کتێبـان مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکـەن: {**سُنُّوا بِهِمْ سُنَّةَ أَهْلِ الْكِتَابِ**} (**أخرجه مالك: ٦١٦ ، وأبو يعلى: ٨٦٢، والبزار: ٩٤٨**)، صابیئـەش دوو کتێبیـان هـەن، یەکیـان کـە گرنگـترە: (**كنزا ربا: الكنز العظيم، الكتاب المقدس للصابئة المِنْدائيِّين**)، ئـەوەی دیکەشـیان: (**دراشة أديهيا، مواعظ وتعاليم يحيى بن زكريا**)، مەجووسـیش ئـەو کتێبـەی هەیانـە نـاوی: (ئاڤێسـتا)، یـان (ئاوێسـتا)یەو، زانایـان لـەو بـارەوە مشـتومڕیان هەیـە، کـە ئایـا دەبـێ (ئاڤیسـتا) کتێبێکـی ئاسـمانیی و خوایـی بووبـێ، یاخـود کتێبێکـە لـەو کتێبانەی مرۆڤـان دایاننـاون؟ بــەڵام بێگومــان خــاوەن کتێبــەکان بــە گشــتیی و جوولەکــەو نەصرانییـەکان بـە تایبـەت بـە بێبـڕوا دادەنرێـن، بۆچـی؟

چونکـە بڕوایـان بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ نیـەو، بـڕوا بـە خـوا بوونەکەشـیان کـەم و کوڕیـی تێدایـە، هەروەهـا بڕوابوونیـان بـە ڕۆژی دوایـی و بـە سـزاو پاداشـتی خــواو، بڕوابوونیــان بــە فریشــتەکان و بــە پێغەمبەرانیــش، کــەم و کوڕیــی زۆری تێدایــە، وێــڕای بڕوانەبوونیــان بــە پێغەمبــەری کۆتایــی موحەممــەد ﷺ، خــوا ﷻ لــە ســوورەتی (**النســاء**)دا، دەفەرمــوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٤٧﴾ ﴾، واتـە: ئـەی ئەوانـەی کتێبیـان پێـدراوە! بڕوابێنــن بــەوەی ناردوومانەتــە خــوار، بــە ڕاســتدانەری ئەوەیــە کــە لەگــەڵ ئێوەیــە (واتــە: کتێبەکانــی ئێــوە) بــەر لــەوەی دەم و چاوانێــك، (ڕووانێــك) بســڕینەوەو

هەڵیانبگێڕینەوە بۆ پشتەوە، یاخود نەفرینیان لێ بکەین، وەك چۆن نەفرینمان لە هاوەڵانی شەممە کرد، کاری خواش ئەنجام دراوە.

هەروەها لە سوورەتی (البينة)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوان لە خاوەن کتێبان و لە هاوبەش بۆ خوا دانەران، لە ئاگری دۆزەخدان و بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، ئەوانە خراپترین دروستکراوانی خوان.

بێگومان بێبڕوابوون (**کافر**) بوونی خاوەن کتێبان، لە لەئیسلام دا بەڵگە نەویستەکانەو شتێکی زۆر ئاشکرایە، بەڵێ خاوەن کتێب بڕوایان بە خوا هەیە، خوا دەناسن و پێغەمبەران بە گشتیی دەناسن و، بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام لە هەموو ئەو بڕواهێنانانەدا خەلەل و کەم و کوڕییان هەیە، ئنجا گەورەترین خەلەل و کەم و کوڕییش ئەوەیە کە بڕوایان بە پێغەمبەری کۆتایی صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، نیە.

بڕگەی دووەم: تایبەتمەندییەکانی خاوەن کتێبان، بە تایبەتی جوولەکەو نەصڕانییەکان:

تایبەتمەندییەکانی خاوەن کتێبان (جوولەکەو نەصڕانییەکان) کە تێیاندا هاوبەشن، دەتوانین بڵێین: ئەم چواردە تایبەتمەندییەیان هەن:

١- هەر کام لە جوولەکەو نەصڕانییان، ئەوەی دیکە ڕەفز دەکات و دانی پێدانهێنێ، دان بە ئایین و بەرنامەکەی دا ناهێنێ، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا، هاتوە: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ ﴿١١٣﴾ ﴾.

٢- جوولەکەو نەصڕانییەکان، لافی ئەوە لێ دەدەن کە تایبەتمەندییان هەیەو ئیمتیازیان هەیە، بەسەر خەڵکی دیکەداو، کوڕانی خواو خۆشەویستانی خوان، وەك لە سوورەتی (المائدة)دا، هاتوە: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ﴿١٨﴾ ﴾.

٣- جوولەکەو نەصرانییەکان پێیان وایە بەهەشت تەنیا بۆ ئەوان دانراوەو، لەواندا کورت هەڵاتووەو، جگە لەوان کەس نایچێتێ، وەك لە سوورەتی (**البقرة**)دا، هاتوە: ﴿ وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ﴿١١١﴾ ﴾.

٤و٥- هەڵوەشانەوەی پەیمانێك کە لەگەڵ خوادا بەستوویانەو، گۆڕینی کتێبی خواو لە بیرچوونی هەندێکی، وەك لە سوورەتی (**المائدة**)دا هاتوە: ﴿وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَىْ عَشَرَ نَقِيبًا ۖ وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مَعَكُمْ ۖ لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِى وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٢﴾ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ ۙ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾ وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذْنَا مِيثَٰقَهُمْ فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ ﴿١٤﴾ ﴾.

٦و٧- خواردنی ماڵی خەڵك بە ناهەق و، ڕێ لە خەڵکگرتن کە دوای ئایین و بەرنامەی هەقی خوا بکەون، وەك لە سوورەتی (**التوبة**) ئایەتی (٣٤)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْأَحْبَارِ وَٱلرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۗ وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! زۆرێك لە زانایان و ڕاهیبەکان (هی جوولەکەو نەصرانییەکان) ماڵی خەڵك بە ناهەق دەخۆن و، خەڵك لە ڕێی خوا لادەدەن...

٨- تێپەڕاندن و زێدەڕۆییکردن لەو سنوورەی لە دینداریدا بۆیان دانراوە، وەك لە سوورەتی **(المائدة)**دا هاتوە: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ﴿٧٧﴾﴾، واتە: بڵێ: ئەی خاوەن کتێبینە! بە ناهەق لە دینەکەتدا زێدەڕۆیی مەکەن و لا مەدەن.

٩- سەرپێچییکردن لە ئایینی هەقی خوا، کە لە قورئان و، ڕێبازی پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ، بەرجەستەیە، دوای زانین و ناسین و شارەزایی، بەهۆی حەسوودیی و ویستنی ستەم و سنوور شکێنیی و، بە مەبەستی مانەوەیان لەسەر ئایینی ناهەقی خۆیان، وەك لە سوورەتی **(آل عمران)**دا، هاتوە، خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ﴿١٩﴾﴾، واتە: بەدڵنیایی بەرنامە (ی ڕاست و تەواو) ئیسلامە ئەوانەی کتێبیان پێدراوە ڕاجیاییان نەکەوتە نێوان، مەگەر دوای ئەوەی زانیارییان بۆ هات، بەهۆی ستەمەوە لە نێویاندا.

یانی: بەهۆی حەسوودیی و ستەم و دەستدرێژییەوە، کە چاویان لەوە بوو ئەو بەزم و بازارەی هەیانە، لێیان تێکنەچێ.

١٠- فریوخواردنیان بە دینداریيە پووچەڵەکەیان بەهۆی درۆ هەڵبەستنیان بە ناوی خواوە، لە میانی تێکدان و گۆڕینی کتێبی خواداو، هەڵبەستنی هەندێك ڕیوایەتی درۆ، وەك لە سوورەتی **(آل عمران)**دا، هاتوە: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ ۖ وَغَرَّهُمْ فِى دِينِهِم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾﴾، واتە: ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە گوتیان: ئێمە ئاگرمان تووش نابێ، مەگەر ڕۆژانێکی ژمێردراوو، ئەوەی لە ئایینەکەیاندا هەڵیانبەستبوو، فریویدان.

١١- تێکەڵکردنی هەق لەگەڵ باتیڵ دا، بە مەبەستی ئەوەی ئەو باتیڵ و ناهەقەی پێیانە لە میانی هەقەکەدا ڕەواجی پێبدەن و، بەسەر خەڵکی نەزاندا ساغی بکەنەوە، وەك لە سوورەتی **(آل عمران)**دا هاتوە: ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَلْبِسُونَ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ وَتَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾﴾، واتە: ئەی خاوەن کتێبینە! بۆچی هەق لەگەڵ باتیڵدا تێکەڵ دەکەن و هەق دەشارنەوەو، لە حاڵێکیشدا کە دەزانن!

١٢- هەوڵدانیان بۆ پێشاندانی ئایینی هەقی خوا (ئیسلام) لەبەر چاوی خەڵك بەلاریی و بە شێوێنراویی، تاکو خەڵکی لێ بسڵەمێننەوە، وەك لە ئایەتی (٩٩)ی، سوورەتی (آل عمران)دا هاتوە: ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَآءُ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾، واتە: بڵێ: ئەی خاوەن کتێبینە! بۆچی خەڵك لە ڕێی خوا لادەدەن، کەسێك کە بڕوای هێناوە، لاریی بۆ ئایینی خوا دەخوازن، لە حاڵێکدا ئێوە شاهێدن (کە ئایینی خوا ڕاستەو) خواش بێئاگا نیە لەوەی دەیکەن.

١٣- گرتنی زانایان و خوا پەرستەکانیان (گۆشە نشینەکانیان) بە پەرستراوو پەروەردگار لە جیاتی خوا، وەك لە سوورەتی (**التوبة**)دا هاتوە: ﴿ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾، واتە: زانایەکان و ڕەبەنەکانیان لە جیاتی خوا کردن بە پەروەردگارو پەرستراوی خۆیان.

١٤-- هاوکاریی هەندێکیان بۆ هەندێکیان لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەنێو خۆیاندا ڕاجیاییان هەیە، وەك لە سوورەتی (**المائدة**)دا هاتوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ ﴿٥١﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جوولەکەو نەصرانییەکان مەگرن بەدۆست، ئەوان هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکیانن.

هەڵبەتە هەر کام لە جوولەکەکان و نەصرانییەکانیش، دیسان کۆمەڵێك تایبەتمەندیی سەربەخۆی خۆیانیان هەن، جوولەکەکان لەو سەرچاوەیەدا کە ئاماژەم پێدا، بیست (٢٠) نیشانەو تایبەتمەندییانم بۆ ژماردوون، هی نەصرانییەکانیش دە (١٠) تایبەتمەندییم لێ ژماردوون.

برگەی سێیەم: هەڵوێستی جوولەکەو نەصرانییەکان لە بەرانبەر ئیسلام و مسوڵماناندا:

هەڵوێستیان هەر لەو کاتەوەی خوا ﷻ هەواڵیداوە، تاکو ئەم لە حزەیەی ئێستا تێیدایـن، هەڵوێستێکی خراپە، بەڵام ئەویش بە شێوەیەکی ڕێژەییەو، هەڵوێستی جوولەکەکان هەمیشە خراپتر بووە لە هی نەصرانییەکان، دەشتوانین

بەگوشین بوختکردنەوەوە، هەڵوێستی نەرێنیی و خراپی جوولەکەو نەصرانییەکان لە بەرانبەر ئیسلام و مسوڵمانان دا، لە شەش خاڵاندا بخەینەڕوو:

١- لە مسوڵمانان ڕازیی نین و نابن، مەگەر دەستبەرداری ئایینە هەقەکەی خۆیان بن:

وەك لە ئایەتی (١٢٠)ی سووڕەتی (البقرة)دا هاتوە: ﴿ وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴿١٢٠﴾ ﴾، جوولەکەو نەصرانییەکان لێت ڕازیی نابن، تاکو شوێن بەرنامەکەیان نەکەوی.

٢- زانینی دڵنیاییان بە ڕاستێتیی ئیسلام و مسوڵمانان و، ڕاستگۆیی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ بەڵام شاردنەوەی ئەوە:

وەك لە سووڕەتی (البقرة)دا هاتوە: ﴿ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ﴿١٤٦﴾ ﴾، واتە: وەك چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسن، ئاوا موحەممەدیش دەناسن، [کە پێغەمبەری کۆتایی بە هەقی خوایە].

٣- خۆزگە خواستنیان کە مسوڵمانان لە ئایینەکەیان هەڵگەڕێننەوە بە هۆی حەسوودییانەوە، دوای ئەوەی دڵنیان ئیسلام ڕاستەو، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ ڕاستە:

وەك لە سووڕەتی (البقرة)دا خوا فەرموویەتی: ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ﴿١٠٩﴾ ﴾.

٤- پەنابردنیان بە شێوازی زۆر نزم و ئامرازی زۆر جۆراو جۆر، بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لە ئیسلام:

وەك لە سووڕەتی (آل عمران)دا هاتوە، خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ءَامِنُواْ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾، واتە: کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان گوتیان: بەیانی بڕوابێنن بەوەی بۆ بڕواداران دابەزێنراوەو، ئێوارەکەی بێبڕوابن، بەڵکو بگەڕێنەوە.

یانی: ئەوانیش بکەونە دوو دڵییەوە، بڵێن: ئەوانە بۆیە هەڵگەڕانەوە، دیارە بۆیان دەرکەوتوە ئەو ئایینەی ئێمە لەسەرینی ناهەقە!

٥- لە نێو خاوەن کتێباندا هەیە، زۆر دەست پاکەو ئەمینەو، تێشیاندایە لە ناپاکییکردن لە بچووکترین شتیش ناسڵەمێتەوە:

وەك لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، هاتوە: ﴿ وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ ﴿٧٥﴾ ﴾.

٦- جوولەکەو نەصڕانییەکان هەموویان وەك یەك نین، بەڵکو هەیانە زۆر بە پێچەوانەی خراپەکانیانەوە، کۆمەڵێ سیفەتی باشیان هەن:

وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**آل عمران**)دا، دەفەرموێ: ﴿ لَيْسُوا سَوَاءً ۗ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَٰئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١١٤﴾ ﴾ واتە: (خاوەن کتێبەکان) یەکسان نین، لە خاوەن کتێبان کۆمەڵێکی ڕاوەستاو (لە سەر هەق) هەن، لەکاتەکانی شەوگاردا ئایەتەکانی خوا دەخوێننەوەو کڕنووش (بۆ خوا) دەبەن، بڕوا بەخواو بە ڕۆژی دوایی دێنن و فەرمان بە پەسندو ڕێگریی لە ناپەسند دەکەن و، خێرایی لە چاکەکان دا دەکەن و ئەوانە لە صاڵحانن.

کەواتە: ئیسلام پۆلێنیان دەکات چونکە هەموویان یەك جۆر نین، بەڵکو خەڵکێکی باشیشیان لە نێودا هەیە، ئنجا زانایان و ڕوونکەرەوانی قورئان لەوبارەوە کە ئایا ئەو خەڵکە باشەی لە نێو خاوەن کتێبان دا هەیە، مەبەست ئەوانەن کە مسوڵمان دەبن، یاخود هەر لەسەر ئایینی خۆیان ماونەوە، بەڵام باشیشن؟ زانایان لەو بارەوە ڕای جیاییان هەیەو، کاتی خۆی ئێمە لە دەمی تەفسیری سوورەتی (**آل عمران**)دا، بە تەفصیل لەو بارەوە قسەمان کردوە.

جۆری سێیەم: هاوبەش بۆ خوادانەران:

هاوبەش بۆ خوا دانەران بریتین لەو کەسانەی خوا دەناسن و، بە جۆرێك لە جۆرەکان دەشیپەرستن، بەڵام هاوبەشی بۆ دادەنێن، ئێمە لە بارەی هاوبەش بۆ خوادانان و هاوبەش بۆ خوا دانەرانەوە، لە کۆتایی تەفسیری سوورەتی (**یوسف**)دا، لە بەر ڕۆشنایی و تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾، کورتە باسێکمان کردوە، بۆیە لێرە باسی هاوبەش بۆ خوادانەران ناکەین، تەنیا ئەوەندە دەڵێین:

هاوبەش بۆ خوا دانان بریتیە لە: هەندێك لە دروستکراوەکان هێنانە ئاستی خوا ﷻ، أ- چ لە بەدیهینەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەنداریێتیی دا.

ب- چ لە ناوو لە سیفەتەکانیدا.

ج- چ لە پەرستراوێتیی و سەرپەرشتییکردنی خواو، حوکمڕانیەتیی خوای بەرزو بێ وێنەدا، لە هەر کام لەو سێ بەشانەدا، یەکێك لە دروستکراوانی خوا بهێنرێتە ئاستی خواو ببرێتە ڕیزی خوا، هاوبەش بۆ خوا دانانە، ئایەتێك لە سوورەتی (**الشعراء**)دا، هاتوە بە باشترین شێوە تەعبیر دەکات لە شیرك، کە هابەش بۆ خوا دانەران لە دۆزەخ دا پەشێمانیی دەردەبڕن و دەڵێن: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾، واتە: سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرا دابووین، کە ئێوەمان یەکسان دەکرد لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییان دا.

کەواتە: شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان، ئەوەیە تۆ شتێك لە دروستکراوانی خوا بێنیە ئاستی خوا، لەو شتانەدا کە تایبەتن بە خواوە: أ- چ بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەنداریێتیی.

ب- چ ناوو سیفەتەکانی، کە تایبەتن بە خواوە.

ج- چ پەرستراویەتیی و حوکمڕانیەتیی و سەرپەرشتییکردنی خوا ﷻ، لە هەر کام لەو سێ بەشانەدا یەکێك لە دروستکراوەکان بێنیە ئاستی خوا، مانای وایە هاوبەشت بۆ خوا داناوە.

پێویستە بزانرێ کە لە قورئان دا باسی شیرکی گەورەو شیرکی بچوك نەکراوە، بەڵام لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، کە هەندێك قسەو ڕەفتاری بە شیریکی گچکە داناون، بۆ وێنە:

١- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **{مَنْ حَلَفَ بغَيْرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ}، (أخرجه الترمذي: ١٥٣٥، عَنِ ابْنِ عُمَرَ ، وَصَحَّحَهُ الألباني)**، واتە: هەر کەسێك سوێند بە جگە لە خوا بخوات، کوفری کردوە، یاخود شیرکی کردوە.

٢- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك گوێی لە وتاربێژێك بوو وتاری دەدا، لە میانی وتارەکەیدا گوتی: (**مَاشَاءَ اللهِ وَشِئْتَ**)، ئەوەی خوا بیەوێ و تۆ بتەوێ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: **{أَجَعَلْتَنِي للهِ نِداً؟ قُلْ مَاشَاءَاللهِ وَحْدَهُ}، (أخرجه البخاري في الأدب المفرد: ٧٨٣، وَصَحَّحَهُ الألباني في «الصحيحة»، برقم: ١٠٩٣)**، واتە: ئایا منت کردە هاوتای خوا؟ بڵێ: مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ بە تەنیا.

٣- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ڕیابازیی بە شیرکی بچووك داناوە، فەرموویەتی: **{إِنَّ أَخْوَفُ مَا أَخَافَ عَلَيْكُمْ الشِّرْكُ الأَصْغَرُ، قَالُوا: وَمَا الشِّرْكُ الأَصْغَرُ يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ؟ قَالَ: الرِّيَاء}، (أخرجه أحمد: ٢٣٦٨٠، قال: شعيب الارنؤط: حديث حسن و رجال رجال صحيح)**، واتە: شتێك کە زۆر مەترسییم لێی هەیە بەرانبەرتان، بریتیە لە شیرکی بچووك، گوتیان: شیرکی بچووك چییە، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: ڕیابازیی.

٤- هەروەها هەندێك لە ڕەفتارەکانی بەشیرك داناون، بۆ وێنە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **{إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ والتِّوَلَةَ شِرْكٌ}، (أخرجه أحمد: ٥٣٦١٥، وأبو داود: ٣٦٨٣، وابن ماجه: ٣٥٣٠، والحاكم: ٨٢٩٠، وقال: صحيح الإسناد على شرط الشيخين)**.

واتــە: نوشــتەکان کــە دەنووسرێــن و، ئەوانــەی هەڵدەواسرێــن و، ئــەوەی بــۆ ئــەوە دەکــرێ ئافرەتێــك لــەلای پیــاو یــان پیاوێــك لــەلای ئافرەتێــك خۆشەویســت بکــرێ، ئەوانــە شــیرکن، واتــە: ئــەو شــتانەی دەنووسرێــن و تێیانــدا پەنــا دەبرێتــە بــەر شــەیتانەکان و، بەشــێوەی شــەرعیی نانووسرێــن، کــە فەرمایشــتی خــوای پــەروەردگارو فەرمایشــتی پێغەمبەرەکــەی بــن.

جۆری چوارەم: دەغەڵ و مونافیقەکان:

مونافیــق و موخەننەتــەکان، خــوای کاربەجــێ بەخراپتریــن جــۆری کافــرانی دانــاون، وەك لــە ســوورەتی (النســاء)دا فەرموویەتــی: ﴿ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ ﴾، واتــە: بــە دڵنیایــی مونافیقــەکان لــە پلــەی هــەرە خــوارەوەی (پلــەی هــەرە ژێــری) ئاگــر (ی دۆزەخ)دان و هیــچ یارمەتییدەرێکــت بــۆ چنــگ ناکــەوێ.

(**نفــاق**)، لــە (**نفــق**)ەوە هاتــوە، کــە بریتیــە لــە کونێــك کــە لــە ژێــر زەویــدا لێــدەدرێ (تونێــڵ)و، دوو دەرگای هــەن، هــەم چوونــە ژوور (**مدخل**)ێکــی هەیــە، هــەم لــێ دەرچــوون (**مخرج**)ێکــی هەیــە، یاخــود (**نفــاق**) لــە (**نَافِقَــاء**)ەوە، هاتــوە، (**نَافِقَاء**)یــش، بریتیــە لــە کونــی جــرج کــە لــە ژێــر زەویــدا لێــدەداو دوو کونانــی بــۆ دەکات، لــە یەکێکیانــەوە دەچێتــە نێــوو لــەوەی دیکــەوە دەردەچێــت، ئــەوە لــەڕووی زمانەوانییــەوە.

لــە ڕووی زاراوی شــەرعییەوەش: (**المُنَافِـقُ: هُـوَ الكَافِـر الَّـذِي أَظْهَـرَ الإِسْـلَامَ كَذِبَـاً، وَأَخْفَــى كُفْــرَهُ عَــنِ المُسْـلِمِين**) (**المصبـاح المنـير للفيومـي: ص٣١٨**)، واتــە: مونافیــق ئــەو بێبڕوایەیــە ئیســلام بــەدرۆ بــۆ مســوڵمانان پێشــان دەدات و، کوفرەکەشــی لــە مســوڵمانان پەنهــان دەکات و دەشــارێتەوە.

ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (المنافقون)دا، باسێکی خەست و خۆڵمان لە بارەی نیفاق و سیفەتەکانی مونافیقەکانەوە کردوە، بۆیە لێرەدا ناچینە نێو وردەکارییەکانەوە، ئەوەندە دەڵێین:

مونافیقەکان خراپترین جۆری بێبڕوایانن و بەزەڕترینیانن، چونکە هەقیان ناسیوە کەچی بڕوایان پێنەهێناوە، ئەگەرنا هەر کەسێك هەق نەناسێ، ئیسلام نەناسێ، بە بێبڕوا دانانرێ، بەڵام مونافیقەکان لەنێو خەڵکی ئیسلامن و خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن و، ئیسلامیشیان ناسیوە کەچی لە دڵیشدا پێی بێبڕوان، گرفتی مونافیقەکان نە لە کردەوەکانیاندایە، کردەوە ڕواڵەتییەکانیان، نە لە قسەکانیان دایە، بەڵکو لە دڵ و دەروونیاندایە، کوفر لە دڵ و دەروونیاندا هەیە، ئەگەرنا بە قسە خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن و، بە کردەوەش لەگەڵ مسوڵماناندان وو زۆرجار بەشداریی کردەوەکانی مسوڵمانانیش دەکەن، بەڵام گرفتەکەیان لە دڵ و دەروونیاندایە.

جۆری پێنجەم: (المرتدّون):

هەڵگەڕاوەکان جۆری پێنجەم و کۆتایین لە جۆرەکانی بێبڕوایان، هەڵبەتە ئەوە بە بۆ چوونی من ص، لە چوار بڕگەدا باسی هەڵگەڕاوەکان دەکەین:

١- هەڵگەڕاوە (مرتد) کێیە؟

٢- مرۆڤی بڕوادار بەچی لە ئایینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە؟

٣- هۆیەکانی هەڵگەڕانەوە لە ئایین.

٤- سەرەنجامی بابای هەڵگەڕاوەو سزایەکەی چییە؟

بڕگەی یەکەم: هەڵگەڕاوە کێیە؟

دەتوانین زۆر بە کورتیی بڵێین: (هەڵگەڕاوە): ئەو بڕوادارەیە بڕوایەکی ڕاست و دروستی هێناوەو، چۆتە نێو ئیسلامەوە، دوایی لێی هەڵگەڕاوەتەوەو چۆتەوە

نێـو كوفـر، بەهـۆی یەكێـك لـەو هۆكارانـەوە كـە خـوای بـەرز، یـان پێغەمبەرەكـەی بـە كافركـەر (مُكفِّـر)و، بـە هـۆكاری چوونـە نێـو كوفریـان دانـاون.

كەواتـە: هەڵگـەڕاوە كەسـێكە كـە دەبـێ ئیمانـی هەبووبـێ پێـش بێبڕوابوونەكەی، ئەگـەر ئیمانـی پێشـتر نەبووبـێ، بـە هەڵگـەڕاوە دانانـرێ، كەسـێك كافـری ئەصڵیـی بـێ، هــەر كافـرەو، كەسـێك ئەصڵــەن ئیسـلامی نەناسـیبێ، ئەگــەر دژایەتییــشی بـكات، ئـەو كاتـە پێـی ناگوتـرێ: هەڵگـەڕاوە، چونكـە ئیسـلامی نەناسـیوەو بـڕوای پێنەهێنــاوە، هەڵگــەڕاوە كەسـێكە دەبــێ پێشــێ بــڕوای هێنابــێ و دوایــی لێــی هەڵگەڕابێتـەوە، هـەر بۆیـەش هەندێـك لەو عەلـمانییانەی بـە مەبدەئیی عەلـمانیین و تێیگەیشـتوون، واتـە: شـوێن سـیكۆلاریزم دەكـەون، وەك جێگرەوەیـەك بـۆ ئیسـلام و، بڕوایـان بـە خـوا نیـەو، یاخـود بڕوایـان بـە وەحیـی خـوا نیـە، بڕوایـان بـەوە نیـە ئایینـی خـوا ژیانـی بەشـەر ڕێكبخـات لەسـەر زەوی، لـە هیـچ ڕوویێكـەوە، یـان ئـەو پەڕەكـەی ئاییـن بـە پەیوەندییەكـی شـەخصیی لـە نێـوان خـواو مرۆڤـدا دادەنێـن، تـا ئەوانـە كوفریـش بكـەن، بـە هەڵگـەڕاوە دانانرێـن، چونكـە ئیمانیـان نەهێنـاوە لێـی هەڵگەڕابنـەوە، بەڵكـو ئەوانـە هـەر بـە كافـری ئەصڵیـی دادەنرێـن، هەڵگـەڕاوە كەسێكە بـڕوای هێنـاوە بڕوایەكـی ڕاسـت و دروسـت و، دوایـی هەڵگەڕابێتـەوەو لـە ئیـمان و ئیسـلام پاشـگەز بـوو بێتـەوە.

بڕگەی دووەم: بەچی بڕوادار لە ئایینەكەی هەڵدەگەڕێتەوە؟

وەك زۆرجاران گوتوومانە، بڕوا چوار پێكهێنەری هەن:

١- پەی پێبردنی عەقڵ (**إدراك العقل**)، واتە: ئەو زانیارییە ڕاست و دروستانەی، لە بارەی ئیمان و ئیسلامەوە لە عەقڵدا جێگیر دەبن.

٢- كردەوەكانی دڵ، (**أعمال القلب**) وەك بەڕاستزانین، خۆشویستن، مل بۆ كەچكردن، پەسندكردن، ڕازیی بوون، بۆ هەموو ئەو ڕاستییانەی عەقڵ لە بارەی ئیمان و ئیسلامەوە لە خۆیدا جێی كردوونەوە.

٣- دانپێداهێنانی زمان (إقرار اللّسان)، واته: دانپێداهێنانی زمان بەو شتانەدا کە مرۆڤیان پێ دەبێتە بڕوادارو، دەبێتە مسوڵمان.

٤- کردەوەی ئەندامەکان (عمل الجوارح) واتە: جێبەجێکردنی ئەو فەرمانبەرداریيەی کە ئیمان هێنان پەکی لەسەری کەوتوە، کە زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: ئەصڵی کردەوەی ئەندامەکان و جینسەکەی پێکهێنەری ئیمانە.

بەڵام خەواریـج دەڵێـن: هەمـوو کـردەوە باشـەکان پێکهێنـەری ئیمانـن، بۆيـە هـەر کەسـێ يـەك گوناهـی گـەورە بـکات واتـە: نوێژێـك بچوێنـێ، يـان ڕۆژوويـەك بچوێنـێ، پێـی کافـر دەبـێ، هـەر کەسـێکیش قەدەغەيـەك بشـکێنێ: زینايـەك، قەتڵێـك، دزيـيـەك بـکات، پێـی کافـر دەبـێ، خەواريـج وا دەڵێـن.

مورجیئەش دەڵێن: مرۆڤ هەرچەندە گوناهان زۆر بکات، ئیمانەکەی زيانی لێناکەوێ.

موعتەزيلـەش گوتوويانـە: ئـەو کەسـەی گوناهێکـی گـەورە دەکات، چ کـە واجبێـك دەچوێنێـی، چ کـە قەدەغەيـەك دەشـکێنێ، بـڕوادار نامێنـێ، بـەڵام نەشـبۆتە بێبـڕوا، بەڵکـو پێگەيەکـی هەيـە لەنێـو دوو پێگەکانـداو، بـە هەڵواسراويـی دەمێنێتـەوە، (لـە المنزلـة بـين المنزلتـين)، بێگومـان ڕای ڕاسـت و هاوسـەنگیش هـەر ئەوەيـە کـە زۆربـەی هـەرە زۆری زانايانـی ئیسـلام لەسـەرينی، کـە کـردەوە لـە ئەصڵـدا بەشـێکە لـە ئیـمان واتـە: جینسـی کـردەوە، نـەك هەمـوو کردەوەيـەك، بۆيـەش زۆربـەی هـەرە زۆری زانايـان پێيـان وابـووە، بەبـێ نوێژکـردن مـرۆڤ نابێتە مسـوڵمان، وەك فەرمايشـتەکانی پێغەمبەريـش ﷺ بەڕوونيـی ئـەوە دەگەيەنـن، بـۆ وێنـە: {الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلَاةُ، فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَر} (أخرجه ابن أبي شيبه: ٣٣٩٦، وأحمد: ٢٩٨٧، والترمذي: ٢٦٢١، والنسائي: ٤٦٣، وابن ماجه: ١٠٧٩، وابن حبان: ١٤٥٤، والحاكم: ١١).

واتـە: ئـەو پەيمانـەی لـە نێـوان ئێمـەو ئەوانـدا، (واتـە: نامسـوڵمانان‌دا) هەيـە نوێـژە، هـەر کەسـێك وازی لـێ هێنـا، بێبـڕوا بـووە.

بـەڵام بێگومـان بـۆ حوکمـدان: کـێ لـە ئایـن هەڵگەڕاوەتـەوە؟ دەڵێیـن: بـەو شـتانەی لـە دڵـدان و پێویسـتە لـە دڵـدا هەبـن، بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بـە بـڕوادار لـە دابنرێ، ئەگـەر ئـەو شـتانە لـە دڵـدا نەمـان، مانـای وایـە ئـەو مرۆڤـە ئیمانـی لـە دڵ دا نەمـاوە، بـەڵام بـۆ حوکمـدان بـەوەی ئایـا لـە بازنـەی ئیسـلام چۆتـە دەرێ؟ دەبـێ تەنیـا بـەو شـتانەی لێـی دەبیسـترێن، یاخـود لێـی دەبینرێـن، حوکـم بـدرێ، ئـەو شـتانەی لێـی دەبیسـترێن، وەك: قسـەکردن، یاخـود لێـی دەبینرێن وەك هەڵسـوکەوت، تەنیـا بـەو دووانـە حوکـم دەدرێ، بـەوەی ئایـا فلانکـەس لـە بازنـەی ئیـمان و ئیسـلام دامـاوە، یاخـود لێیـان چۆتـە دەرێ؟!

بڕگەی سێیەم: هۆکارەکانی هەڵگەڕانەوە لە ئایین:

بە سەرنجدانی ئایەتەکانی قورئان، دەردەکەوێ کە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگەڕانەوە لە ئایین ئەم دوازدەیەن، کە ئاماژە ئاساو بە کورتیی و پوختیی دەیانخەینەڕوو:

١- خۆشویستنی ژیانی دنیاو هەڵبژاردنی بەسەر دواڕۆژدا: ﴿يَسْتَحِبُّونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْـَٔاخِرَةِ ﴿٣﴾﴾ إبراهيم.

٢- شوێنکەوتنی ئارەزوو: ﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ﴿١٧٦﴾﴾ الأعراف.

٣- ڕق لێبوونەوەی ئەو پەیام و وەحییەی خوا دایبەزاندوە، کەسێك بەڕاستیی پەیام و ئایینی خوای خۆشنەوێ لە دڵەوە، ئەگەر پێشتریش بڕواداربووبێ، بەهەڵگەڕاوە دادەنرێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٩﴾﴾ محمد.

٤- ملکەچ نەکردن بۆ بەرنامەی خواو، پێیەوە و پابەندنەبوونی، وەك لە سوورەتی (النور)دا، دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾﴾.

٥- دۆستایەتیی نەگرتن لەگەڵ بڕواداران دا، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {عَلَيْكُمْ بالجَمَاعَةِ، وَإِيَّاكُمْ وَالفُرْقَةَ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الوَاحِد، وَهُوَ مَعَ الإِثْنَيْنِ أَبْعَدُ} (أخرجه أحمد: ١١٤، والترمذي: ٢٢٦٥، وابن حبان: ٧٢٥٤) واتە: لەگەڵ کۆمەڵی بڕواداراندابن و خۆتان لە پەرتەوازەیی بپارێزن، چونکە شەیتان لەگەڵ یەکێکەو لەگەڵ دووان دوورترە.

٦- فەرمانبەریی کردن بۆ ئەهلی کوفر، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ ﴾ آل عمران.

٧- دۆستایەتیی گرتن لەگەڵ ئەهلی کوفردا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ﴿٥١﴾ ﴾ المائدة.

٨- گوشاری ئەهلی کوفر، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُواْ ﴿٢١٧﴾ ﴾ البقرە، بەردەوام لە دژتان دەجەنگن تاکو هەڵتاندەگێڕنەوە، ئەگەر بتوانن.

٩- پەرتەوازەیی و ڕاجیایی، وەك خوا لە سوورەتی (آل عمران)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخْتَلَفُواْ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ ﴾.

١٠- وازلێهێنانی جیهادو جەنگ لە پێناوی خوادا، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ ﴾.

١١- خۆڕانەگریی لەسەر تاقیکردنەوەکانی خواو دانەمەزراویی: ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾ ﴾.

١٢- کارتێکراو بوون بە شوبهە فیکرییەکان، کە دوژمنەکانی ئیسلام دروستیان دەکەن: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ كَـٰفِرِينَ ١٠٠﴾.

بڕگەی چوارەم و کۆتایی: سەرەنجامی هەڵگەڕانەوەو سزای هەڵگەڕاوە:

خـوا ﷻ لەبـارەی سـەرەنجامی هەڵگەڕانـەوەوە، چەنـد شـتێکی فەرمـووە، کـە دەرهاویشـتەی لـە ئیسـلام پاشـگەزبوونەوەن:

١- کردەوەکانیان هەڵدەوەشێنەوە: ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ٢١٧﴾البقرة، واتە: هەر کەسێك لە ئێوە لە ئایینەکەی هەڵگەڕێتەوەو بە کافریی بمرێ، ئەوانە کردەوەکانیان لە دنیاو دوارۆژدا هەڵوەشاونەوە.

٢- فریشتەکان لە کاتێکدا گیانیان دەکێشن، لە دەم و چاویان و لە پشتیان دەدەن، وەك خوا لە سوورەتی (**محمد**)دا، دەفەرموێ: ﴿فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَـٰرَهُمْ ٢٧﴾، کە لە سیاقی باسی هەڵگەڕاوەکان (**مرتدّين**)دا هاتوە. واتە: ئنجا چۆن دەبێ کاتێک فریشتە گیانیان کێشان، لە رووەکانیان و لەپشتەوەیان دەدەن!

٣- خوا لێیان تووڕەیەو خەشمی خوا دێتە سەریان، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَـٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ١٠٦﴾النحل.

٤- بابای هەڵگەڕاوە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕووی ڕەش دەبێ، وەك لە سوورەتی (**آل عمران**) دا: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ ١٠٦﴾، واتە: ئەوانەی ڕوویان ڕەش بووە پێیان دەگوترێ: ئایا لە دوای ئەوەی بڕواتان هێنابوو کافر بوونەوە؟

٥- زیانباریی ئاشکرا، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ ١٤٩﴾ آل عمران.

بەڵام ئایا هەڵگەڕانەوە (إرتداد) سزایەکەی چییە؟ سزای بابای هەڵگەڕاوە، بە بۆچوونی بەندە، وەك لە نامیلکەییەکی سەربەخۆشدا گوتوومانەو، هەر لەم تەفسیرەشدا لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (محمد)دا، باسمانکردووەو، لە مەوسووعەی: (ئیسلام و دەوڵەتداریی)یش لە کتێبی دووەم دا باسمانکردوە، هەروەها لە کتێبی دوازدەیەمی: (**موسوعة: الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**) دا،[1] پێمان وایە سزایەکی دیارییکراوی شەرعیی بۆ بابای هەڵگەڕاوە نیە، بەڵکو لە سنووری دەستەڵاتی شەرعییدایە، کە سزایەکی پڕ بەپێست بۆ بابای هەڵگەڕاوە دابنێ، چونکە هەڵگەڕاوەکان جۆراو جۆرن و، هەر کامێکیان دەبێ سزایەکی گونجاو دیارییکراوی هەبێ، بەڵامم ئەگەر سزای هەڵگەڕانەوە لە ئایین بریتی بێ لە کوشتن لە هەموو حاڵاندا، ئەوە هەرچەندە زۆرێك لە زانایان گوتوویانە، بەڵام پشت ئەستوور نیە، بە هیچ بەڵگەیەك لە قورئان و سوننەت، بەڵکو بەڵگەی قورئان و سوننەت پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێن، بۆیە ئێمە پێویستە شوێن وەحیی خواو قورئان و سوننەت بکەوین و، هەر شتێك زانایەك یان زیاتر گوتبێتی، هەمووی دەبێ بگێڕدرێتەوە بۆ مەحەکی قورئان و سوننەت و پێوەری قورئان و سووننەت و، ئەگەر دەرنەچوو، ڕەفز بکرێ و لەو سەرچاوانەش دا کە ئاماژەم پێدان، ئەو ڕایەی تەبەنییم کردوە، خستوومەتە ڕوو و بەڵگەم لە سەرهێناوەتەوە و، ڕێزیشم هەیە بۆ جەماوەری زانایان و ڕایەکەیان، بەڵام پێم ڕاستە و بێ گرفت و ئیشکالی نییە، وەک لەشوێنی خۆیدا بەدرێژایی باسمان کردووە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

---

(١) بەناوونیشانی: (الإسلام: نظرة سديدة تجاه الناس وتعامل صحيح معهم).

تەفسیری سوورەتی

النَّصر

دەستپێک

بەڕێــــزان!

ئەمــڕۆ کــە (١٤٤٢/١/٥)ی کۆچییــە، بەرانبــەر (٢٠٢٠/٨/٢٤) زاینیــی، لــە شــاری هەولێــر، خــوا پشــتیوان بــێ دەســت بــە تەفســیرکردنی ســوورەتی (**النــصر**) دەکەیــن.

لــە ســۆنگەی ئــەوەوەش کــە ســوورەتی (**النــصر**) لــە بــارەی فەتحــی مەککــەوە دەدوێ، هەروەهــا لــە بــارەی پــۆل پــۆل خەڵــك هاتنــە نێــو ئیســلامەوەو فەرمانکــردنی خــوا ﷻ بــە پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ کــە دوای ئــەوەی بینیــی خەڵــك پــۆل پــۆل هاتنــە نێــو ئاییــن و بەرنامــەی خــواوە، بــە ستایشــکردنەوە خــوا ﷻ بــە پاکبگــرێ و داوای لێبــوردنی لــێ بــکات، بۆیــە باشــم زانی لەبــەر ڕۆشــنایی کتێبــە ناودارەکــەی (**إبــن هشـام**)، (**السـيرة النبويـة**)دا، بەرلـەوەی دەسـت بکەیـن بـە تەفسـیری ئـەم سـوورەتە، کورتەیـەك لـە بەسـەرهاتی ئازادکـردنی مەککـە لە بیسـت و شـەش (٢٦) بڕگـەدا بکەین، کــە هــەم بەرچــاو ڕوونیــی زیاترمــان پێــدەدات، لــە بــارەی ئازادکــردنی مەککــەوەو، ئــەو ســەرکەوتنە یەکجارەکییــەی خــوا ﷻ ڕەخســاندوویەتی بــۆ پێغەمبەرەکــەی ﷺو، هــاوەڵانی بەســەر ئەهــلی کوفــرو شــیرك دا، لــە نیــوە دوورگــەی عەرەبییــدا، هــەم بەرچــاو ڕوونیــی زیاتریشــمان بــۆ دەڕەخســێنێ لــە بــارەی چەمــك و واتــای ئایەتــە بــە پێــزەکانی ســوورەتی (**النــصر**)ەوە.

کورتەیەک لەبەسەرهاتی فەتحی مەککە

(**إبـن هشـام**) لـە کتێبەکـەی خۆیـدا[1] - کـە ئێمـە زۆر بـە کـورت و پوختکردنەوەوە قسـەکانی دێنیـن و ڕاسـتەوخۆش قسـەکانی دەکەینـە کوردیـی - دەڵێ:

---

(١) (السيرة النبوية)، دار ابن الهيثم، السنة: ٢٠٠٦، ج٤، ص٢١٨-٢٣٨

١)- هۆزی (**بنو بكر بن عبدالمناف بن كنانة**)، دەستدرێژییان کردە سەر هۆزی خوزاعە، لە حاڵێکدا هۆزی خوزاعە لەسەر ئاوێك بوون لە خوارووی مەككەوە، پێی دەگوترا: وەتیر، پێشتریش ئیبنو هیشام باس دەكات: ئەو کێشەی: هۆزی بەنوو بەکرو هۆزی خوزاعە، لەوەوە سەری هەڵداوە، کە کاتی خۆی خوزاعە پێش ئیسلام هێرشیان کردۆتە سەر کوڕەکانی (**الأسود بنو رزن الديلي**)، کە بریتی بوون لە: (**سَلْمى، كلثوم، ذُئَيبْ**)و، ئەو سێ کوڕەیان کوشتوون لە عەرەفە، لەو شوێنەی بەردەکانی حەرەمی لێن، لەوەوە دوژمنایەتییەکەیان دروست بووە.

٢) - لە حاڵێکدا هەردووك هۆزی: بەنوو بەکرو خوزاعە بەو شێوەیە بوون، ئیسلام هات و کەوتە نێوانیانەوەو، خەڵك هەر کامێکیان بەهۆی ئیسلامەوە سەرقاڵ بوون و ئاگایان لە شتەکانی دیکەیان نەما، کاتێك صوڵحی حودەیبییە هاتە پێش، لە نێوان پێغەمبەری خوا ﷺو هۆزی قوڕەیش دا، بەنوو بەکر بوونە هاوپەیمانی قوڕەیش و، خوزاعەش بوونە هاوپەیمانی پێغەمبەری خوا ﷺ، واتە: بەنوو بەکر لە صوڵحی حودەیبییەدا بوونە هاوپەیمانی هۆزی قوڕەیش و سوهەیبی کوڕی عەمرِ نوێنەریان بوو، ئەبوو سوفیانیش وەك سەرۆکی هۆزی قوڕویش دەبینراو، خوزاعەش بوونە هاوپەیمانی پێغەمبەری خوا ﷺو، مسوڵمانان، بەنووبەکرو خوزاعەش هەردووکیان دوو هۆزی هاوبەشدانەرو بێبڕوابوون بە گشتیی.

٣)- کاتێك ئەو ڕێکەوتنەی حودەیبییە هاتە پێش، تیرەیەك لە بەنوو بەکر بە ناوی بەنوو ددیل دەرفەتیان بینی کە تۆڵەی خۆیان بکەنەوە لە خوزاعە، لە کاتێکدا خوزاعە لەسەر ئاوێك بوون بە ناوی وەتیر، بەنوو ددیل لە نەخافڵ هێرشیان کردە سەر خوزاعەو ئەوانیش پەنایان بەکەعبە بردو چوونە مەككە، چوونە لای ماڵی (**بديل بن الورقاء**)، بەڵام هەرچەندە چوونە نێو حەرەمی مزگەوتی حەڕامیشەوە، ئەوان هەر لێیان کوشتن، کە لە هەندێك ڕیوایەتاندا هاتوە: دە (١٠) کەسیان لێ کوشتوون و، لە هەندێك ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە بیست (٢٠) کەسیان لێ کوشتوون.

٤)- ئنجا کاتێ بەنوو بەکرو قوڕەیش لە دژی خوزاعە جەنگان و زەبریان لێدان، مانای وایە ئەو پەیمانەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەستبوویان لە حودەیبییە، پەیمانەکەیان

هەڵوەشاندەوە، بۆیە (**عمرو بن سالم الخزاعي**) کە یەکێکە لە بەنی کەعب و ئەوانیش تیرەیەکن لە هۆزی خوزاعە، لە شوێنەکەی خۆیانەوە چوونە لای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینەو ئەم شیعرەی خوێندەوە:

يَـا ربِّ إنّـي نَاشِـدٌ مُـحمّدا — حِـلفَ أبينَا وأبيـه الأتـلَدا

قَـد كُنتُم وَلْداً وكُنّا وَالِـــدا — ثُمّت أَسلمنَا فَلم نَنـزِع يَـدا

فانْصُر هَدَاك الله نصـرًا أعتدا — وادْع عِبَـاد الله يَأتُـوا مـدَدا

فيهم رسُـــول الله قَـد تـجرّدا — إن سِيــمَ خَسْفًا وجهه تَربَّدا

فـي فَيلقٍ كالبَحرِ يجـري مُزْبِدا — إن قُـريشاً أخلَفُوكَ المَـوعِدُا

ونَقَضُوا مِيثَاقَـــك المـؤكّـدا — وجَعلُـوا لي في كدَاء رصـدا

وزعـمُوا أنْ لست تدعُوا أحَدا — وهُـــم أذَلُّ وأقَـــلُّ عَددا

هـــم بيّتونَا بالوَتـير هُجَّـدا — وقَتَـلُونَا رُكَّعًا وسُـجَّـدا

مانای شیعرەکەی بە پوختیی ئەوەیە:

مـن داوا لـە موحەممـەد ﷺ دەکـەم لەسـەر هاوپەیمانـەکانی وەدەنـگ بێـو وەك پابەندیـی بـەو پەیمانـەوەی لـە نێوانماندایـە، چونکـە قوڕەیـش و هاوپەیمانەکانـی (بەنـوو بەکـر) پەیـمان هەڵوەشـاندۆتەوەو ئێمەیـان کوشـتوە، کاتـێ ئێمـە لـە ڕکـووع و سـەجدەدا بوویـن! پێغەمبەریـش ﷺ یـەك ڕسـتەی فەرمـوو: (**نُـصِرتَ یـا عمـرو بـن سالم**)، واتـە: ئـەی عەمـری کـوڕی سـالیم سـەرخرای، پشـتگیرییت لـێ دەکـرێ.

دوایـی هەورێـك لـە ئاسـمان دەرکـەوت، لـەو سـەرو حـەدەدا، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمـووی: ئـەم هـەورە داوا دەکات پشـتیوانیی لـە بەنـوو کەعـب بکـرێ، کـە تیرەیـەك بـوون لـە هـۆزی خوزاعـە، لەبـەر ئـەوەی سـتەمیان لێکـراوە و هاوپەیمانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺو مسـوڵمانان بـوون.

٥)- دواتر (بديل بن الورقاء) لەگەڵ کۆمەڵێك لە خوزاعەدا، چوون بۆ لای پێغەمبەری کۆتایی ﷺو، هەواڵییان پێدا، چییان بەسەر هاتوەو، چۆن هۆزی قورەیش یارمەتیی بەنوو بەکریان داوە! دوایی گەڕانەوە بۆ مەککەو پێغەمبەریش ﷺ بە خەڵکەکەی فەرموو: هەر بینیتان ئەبوو سوفیان هات بۆ لاتان، بۆ ئەوەی گرێبەستەکە توند بکاتەوەو ماوەکەی درێژ بکاتەوە، بەدیلی کوڕی وەڕقا و هاوەڵەکانی ڕۆیشتن لە ڕێگە گەیشتنە ئەبوو سوفیانی کوڕی حەرب لە عوسفان، کە قورەیش ناردبوویان بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە پەیمانەکە مەحکەم بکاتەوەو ماوەکەشی درێژ بکاتەوە، ترسا بوون لەوەی کردوویانە، کاتێ ئەبوو سوفیان گەیشتە بەدیلی کوڕی وەڕقاء گوتی: لە کوێوە هاتووی ئەی بەدیل؟ (پێی وابوو لەلای پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە) ئایا لەلای موحەممەدەوە هاتووی؟ گوتی: نەخێر، ئیدی بەدیل ڕۆیی بەرەو مەککە، ئەبوو سوفیانیش گوتی: ئەگەر بەدیل لە مەدینەوە هاتبێ، حوشترەکانی نێوکە خورمایان خواردوە، چووە ئەو شوێنەی حوشترەکانیان لێی یەخ بوو بوون و، بە هۆی قشپلەکانیەوە زانی نێوکە خورمایان خواردوە، بۆیە سوێندی بە خوا خوارد کە بەدیل چووە بۆ لای موحەممەد ﷺ.

٦)- ئەبوو سوفیان چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆ مەدینە، سەرەتا چوو بۆ لای کچەکەی خۆی ئوممو حەبیبەی کچی ئەبوو سوفیان، کە هاوسەری پێغەمبەر ﷺ بوو، کاتێك چوو دابنیشێ لەسەر ڕایەخەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئوممو حەبیبە ڕایەخەکەی هەڵوێزنی و پێچایەوە، گوتی: ڕۆڵە گیان! نازانم منت پێ لەو ڕایەخە ناوەشێتەوە، یان ئەو ڕایەخەکت پێ شایستەی من نیە، واتە: منت پێ گەورەترە، یاخود ڕایەخەکە و پێتوایە لێم ناوەشێتەوە لەسەری دابنیشم؟ ئەویش گوتی: نا، ئەوە شوێنی دانیشتنی پێغەمبەری خوایە ﷺو، تۆش پیاوێکی هاوبەش بۆ خوا دانەرو پیسی، بۆیە حەزم نەکرد لەسەر شوێنی پێغەمبەری خوا ﷺ دابنیشی، ئەویش گوتی: بەخوا کچی خۆم لە دوای من خراپەت تووش بووە، دوایی چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺو پێغەمبەری خوای دواند، ئەویش هیچی نەفەرموو، ئنجا چوو بۆ لای ئەبوو بەکرو، دواندی کە پێغەمبەری خوای بۆ بدوێنێ، ئەویش گوتی: من ئامادە نیم لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ پێغەمبەری

خوادا ﷺ بکەم، ئنجا چوو بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و دواندی، عومەریش گوتی: من تکاتان بۆ بکەم لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ؟ سوێند بە خوا ئەگەر تەنیا مێرووە سوورە بچووکەکانم دەستبکەون، لە دژتان دەجەنگم، دوایی چوو بۆ لای عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب، (خوا لە هەموویان ڕازی بێ)، فاتیمەی کچی پێغەمبەری لەلابوو (خوا لێیان ڕازی بێ)، حەسەنی کوڕی عەلی لەوێ بوو، کە منداڵێك بوو دەڕۆیشت، گوتی: ئەی عەلی! تۆ لە هەمووان لەگەڵ من خزمتری و پێویستییەکم پێت هەیە، با بە دەست بە تاڵیی نەچمەوە، تکام لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ بکە، عەلی گوتی: ئەبوو سوفیان بێ قەزا بی! پێغەمبەری خوا ﷺ نیەتی لەسەر شتێك چەسپاندوە، کەس ناتوانێ قسەی لەگەڵدا بکات، دوایی ئەبوو سوفیان ڕووی لە فاتیمە کرد، گوتی: ئەی کچی موحەممەد! ئایا ئامادە نی، ئەم منداڵەت کارێك بکات و بکەوێتە بەینی خەڵکەوە، تاکو عەرەب مەدحی بکەن تاکو کۆتایی ڕۆژگار؟ فاتیمە گوتی: بەخوا ئەو منداڵەی من نەگەیشتۆتە ئەو تەمەنە خەڵك لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ پەنا بدات!

دوایی ئەبوو سوفیان گوتی: ئەی ئەبوو الحەسەن! کارەکان لەسەرم زۆر قورس بوون، دڵسۆزییم بۆ بنوێنە، چی بکەم؟ ئەویش گوتی: چیت پێ بڵێم؟ تۆ گەورەی بەنی کینانەی، هەڵسە لە نێو خەڵکدا بڵێ: ئەوە من پەنام وەرگرت، ئەبوو سوفیانیش ئەوەی کرد، بەڵام هیچ بە کەڵکی نەهات.

٧)- خۆ ئامادەکردن بۆ ئازادکردنی مەککە:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد پێداویستییەکانی ئەو سەفەرو جەنگەی بۆ ئامادە بکەن، فەرمانی کرد بە ماڵ و خێزانی کەل و پەلی سەفەری بۆ وەپێچن، ئەبوو بەکر چوو بۆ لای کچەکەی عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە کەل و پەلی پێغەمبەری خوای ساز دەکرد، گوتی: ڕۆڵە! ئەی کچەکەم! ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردوون، کەل و پەلی بۆ ساز بکەن؟ گوتی: بەڵێ، تۆش خۆت ئامادە بکە، ئەبوو بەکر گوتی: پێتوایە ئامانجی بەرەو کوێیە؟ گوتی: سوێند

بەخـوا نازانـم، ئنجـا دوای ئـەوەی کاتی دەرچوونیـان نیزیـك کەوتـەوە، پێغەمبـەری خـوا ئـاگاداری کردنـەوە کـە بـەرەو مەککـە دەچێـت و فەرمووشـی: خوایـە! چـاوەکان و هەواڵـەکان لـە قورەیـش بگـرە، ئەوانـەی چاودێریـی بـۆ دەکـەن و جاسووسـیی بـۆ دەکـەن، تاکـو کـت و پـڕ بەسـەریان دا بدەیـن، لـە شـوێنی خۆیانـدا.

٨)- دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاریداو خۆی یەکلایی کردەوە، بەرەو مەککە بچێ، حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە نامەیەکی نووسی بۆ قورەیشییەکان، هەواڵی پێدابوون لە بارەی ئەوەوە کە پێغەمبەر ﷺ عەزمی لەسەر جەزم کردوە، بەرەو ڕوویان بچێ و، نامەکەی دابووە ئافرەتێك، پێغەمبەری خواش ﷺ هەر کام لە عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب و زوبێری کوڕی عەووامی ناردن فەرمووی: بگەنە ئافرەتێك حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە نامەیەکی پێدا ناردوە بۆ قورەیش! دەیانترسێنێ و ئاگاداریان دەکاتەوە، لەوەی ئێمە بڕیارمان لە بارەیانەوە داوە، ئەوانیش دەچن و سەرەنجام ئافرەتەکە دەبینن، ئەویش نکووڵیی دەکات، ئەوانیش هەڕەشەی لێ دەکەن و دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ ڕاستی فەرمووەو پۆشاکت لەبەردا دادەنێین و دەتپشکنین! ئەویش نامەکە دەردێنێ - وەك کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**الممتحنة**)دا، بە تەفصیل باسمان کردوە - نامەکەش هەر ئەوەی تێدابووە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێ بێ و، هێزێکی لەگەڵ دایە، هیچ کەس خۆی بۆ ناگرێ.

٩)- پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو مەککە دەرچوو، وەك جێگرەوەو سەرپەشتیاریش لە مەدینەدا: (**أبا الرهم: كلثوم بن حسين بن عتبة بن خلف الغفاري**) دانا، لە کاتێك دا دە (١٠) ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزان تێپەڕی بوون، لە ساڵی هەشتەمی کۆچییدا، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو، بە ڕۆژوو بوو، خەڵکیش بەڕۆژوو بوون، تاکو گەیشتنە (**الكَدِيد**)، لە نێوان عوسفان و ئەمەج، لەوێ پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر چاوی خەڵکەکە فەرمووی: ئەوە من ڕۆژووم دەشکێنێم بۆ ئەوەی تین و تاقەتیان ببێ بۆ ئەو سەفەرو جەنگە، ئێوەش ڕۆژوو بیشکێنن، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشت تاکو گەیشتنە (**مَرُّ الظهران**)، لەگەڵ (١٠) هەزار کەس لە مسوڵمانانندا، ئنجا لەو ڕێیەدا پێغەمبەری خوا ﷺ لەلای

(جعفة) گەیشتە عەبباسی مامی کە کۆچی کردبوو خۆی و خێزانی دەهاتن بۆ مەدینە، پێشتریش کە لە مەککە بوو، بە مۆڵەتدانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە وێ بوو، ئەرکی ئاودان بە حاجییانی جێبەجێ دەکرد.

۱۰)- مسوڵمانبوونی **(أبو سفيان بن الحارث بن عبدالمطّلب)** و **(عَبْدالله بن أَبي أميّة بن المغيرة)**، ئەوانەش هەردووکیان لە **(نَيقُ العِقَاب)**، کە شوێنێکە لە نێوان مەککەو مەدینەدا، دەگەنە پێغەمبەری خوا ﷺو سوپایەکەی، ئوممو سەلەمە دایکی بڕواداران لە بارەیانەوە قسە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ دەکات، دەڵێ: یەکیان ئامۆزاتە و یەکیان پورزاتەو زاواتە، ئەویش دەفەرموێ: ئیشم پێیان نیە، دوایی کە هەواڵەکەیان پێ دەگاتەوە، ئەبوو سوفیان، واتە: ئەبوو سوفیانی ئامۆزای دەڵێ: یان دەبێ مۆڵەتمان بدات، یان سوێند بە خوا دەستی ئەو منداڵانە دەگرم و دەڕۆین بە زەویدا، تاکو لە تینوێتییان دەخنکێین، یاخود لە برسان دەمرین، کاتێ ئەوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگات، ئەوجار مۆڵەتیان دەداو دەچنە خزمەتی و مسوڵمان دەبن.

۱۱)- کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە **(مَرُّ الظهران)**، سوپایەکەی جێگیر دەکات، (مامی عەبباسی کوڕی عبدوڵموتتەڵیب) دەڵێ: گوتم: ئەی هاوار بۆ قوڕەیش، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ بە جەنگ بچێتە نێو مەککە، بەر لەوەی بێن بۆ لای و داوای ئەمانی لێبکەن، هۆزی قوڕەیش دەفەوتێن، لێرەدا زۆر بە تەفصیڵ باسی ئەوە دەکرێ کە عەبباسی کوڕی عەبدوڵموتتەڵیب مامی پێغەمبەر ﷺ دەڵێ: سواری هێسترە سپییەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم و ڕۆیشتم بەرەو مەککە کە بە خەڵکی مەککە بڵێم: پەنا وەربگرن بەڵکو شوانێك، گاوانێك، خاوەن ئیشێك ببینم لە خەڵکی مەککەو بینێرم، هەواڵ بە خەڵکی مەککە بدات، پێغەمبەری خوا ﷺ دێ و ئەوانیش بێن ئەمانی لێ وەربگرن، تاکو بەجەنگ نەچێتە نێو مەککەوە، دەڵێ: من دەڕۆیشتم گوێم لە قسەی ئەبوو سوفیان و بەدیلی کوڕی وەڕقاء بوو قسەیان دەکرد، ئەبوو سوفیان دەیگوت: هەرگیز کۆمەڵە ئاگری بەقەدەر ئەمشەوم نەبینیون و، هەرگیز سوپای هێندە زەبەلاحم نەبینیوە، بەدیلی کوڕی وەڕقائیش دەیگوت: ئەوە خوزاعەیە نیازی جەنگ گەرمی داهێناوە! ئەبوو سوفیانیش

دەیگوت: خوزاعە لەوە کەمترو زەبوونترن ئەمانە ئاگرەکانیان و سوپایەکەیان بێ، عەبباس دەڵێ: دەنگی ئەبوو سوفیانم ناسیی و، کورتەکەی ئەبوو سوفیان لەگەڵ خۆی دا سواری هێسترەکەی پێغەمبەری خوا دەکات و، دەیبات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ بە لای عومەردا تێدەپەڕن، کە عومەر دەزانێ ئەبوو سوفیان لە پشتیەتی دەڵێ: ئەوە دوژمنی خوا ئەبوو سوفیانە، بێ ئەوەی مسوڵمان بێ و بەڵێن و پەیمانێکی وەرگرتبێ، بە پەلە دەچێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، عەبباسیش دەڵێ: منیش بە سواری هێسترەکە بەپەلە ڕۆیشتم و من پێش عومەر گەیشتمە ئەوێ، کە گەیشتمە ئەوێ عومەریش گەیشت، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئەبوو سوفیان نە مسوڵمانەو، نە پەیمانیشی وەرگرتوە، لێم گەڕێ با لە گەردنی بدەم، عەبباس دەڵێ: منیش گوتم ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ من هێناومەو پەنام داوە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بیبەوە بەیانی بیهێنەوە، بەیانی کە دەیهێنێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی دەفەرموێ: ئەبوو سوفیان بێ قەزا بی! کاتی ئەوەت نەهاتوە بزانی جگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە؟ ئەویش دەڵێ: دایك و بابم بە قوربانت بن چەندە هێدیی و بەڕێزیی و پەیوەندیی خزمایەتیی گەیەنی، دەزانم ئەگەر لەگەڵ خوادا هاوبەشێکی دیکە ببووایە، سوودێکی پێ دەگەیاندم، ئنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بێ قەزا بی ئەبوو سوفیان! ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بزانی کە من ڕەوانەکراوی خوام؟ ئەویش دەڵێ دایك و بابم بە قوربانت بن، چەندە هێدیی و بەڕێزی و چەندە خزم دۆستیی، ئەمەیان لە نەفسمدا شتێك ماوە، عەبباس دەڵێ: پێمگوت بێ قەزا بی، مسوڵمان بەو شایەتمان بێنە کە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیەو، موحەممەد پێغەمبەری خوایە، بەر لەوەی لە گەردنت بدرێ، ئنجا شایەتمانی هێنا.

١٢)- عەبباس دەڵێ: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەبوو سوفیان پیاوێکە شانازیی و خۆ دەرخستنی پێخۆشە، شتێکی بدەیە، ئەویش فەرمووی: **(نعم، مَنْ دخل دار أبي سفيان فهو آمن، ومن أغلق بابه فهو آمن، ومن دخل المسجد فهو آمن)**، واتە: بەڵێ (شتێکی دەدەینێ) هەر کەسێ بچێتە ماڵی ئەبوو سوفیانەوە لە خۆی دڵنیایەو، هەر کەسێ دەرگاکە (ی ماڵەکەی) لەسەر خۆی دابخات، لە خۆی دڵنیایەو، هەر کەسێ بچێتە مزگەوتەوە لە خۆیی دڵنیایە، ئنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی عەبباس! ئەبوو سوفیان

ڕابگرە لە لای تەنگەبەری شیوەکە، لەلای **(خطم الجبل)** تاکو سەربازەکانی خوا تێپەڕن و ئەویش بیانبینێ (تاکو لە دەروونەوە تێك بشکێ کە ئیسلام ئەو هێزە زۆرەی هەیە) ئنجا هێزەکان دەڕۆن بە بەر چاوی ئەبوو سوفیاندا، هۆز هۆز دەڕۆن، ئەویش دەپرسێ: ئەو هۆزە کێیە؟ عەبباس دەڵێ: ئەو هۆزە فلانە، ئەدی ئەوە کێیە؟ ئەویش دەڵێ: ئەوەش فلانە، تاکو دەگاتە ئەو هێزەی پشتیوانان و کۆچکبەرانی تێدان، (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە چەك و ئاسن دا، دەترووسکان، ئەبوو سوفیان گوتی: پاکیی بۆ خوا، عەبباس! ئەوانە کێن؟ گوتی: ئەوە پێغەمبەری خوایە ﷺ لەگەڵ کۆچکەران و پشتیوانانداا، گوتی: کەس بەوانە ناوێرێ، ئەی ئەبوو لفەزڵ! (ئەوە کونیەی عەبباسە) بێگومان حوکمڕانیی برازایەکەت ئەمڕۆ زۆر مەزن بووە، ئەویش گوتی: ئەبوو سوفیان! ئەوە پێغەمبەرایەتییە، گوتی: کەواتە باشتریش.

١٣)- عەبباس دەڵێ: گوتم ئەبوو سوفیان! ئێستا بڕۆ لای گەلەکەت ئاگاداریان بکەوە، کە ئەوە هێزی پێغەمبەر ﷺ و ئیسلام هات و با خۆیان بپارێزن، دەڵێ: ئەویش بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: هەرکەس بچێتە ماڵی ئەبوو سوفیانەوە لە خۆی دڵنیایە، ژنەکەی بۆی هەڵسا، هیندی کچی عوتبە، سمێڵی گرت و گوتی: بیکوژن ئەو کووپە قەڵەوە، بە ڕاستیی تۆ پێشڕەوێکی زۆر خراپی خەڵکەکەتی، ئەبوو سوفیان گوتی: بە قسەی ئەو ئافرەتە هەڵمەخەڵەتێن، ئەو هێزەی دێ هیچکەس ناتوانێ لە بەرانبەریدا بوەستێ، ئنجا گوتی: هەر کەسێ بچێتە ماڵی ئەبوو سوفیانەوە لە خۆی دڵنیایە، گوتیان: خوا بتکوژێ کوا ماڵی تۆ، جێی ئێمەی تێدا دەبێتەوە، دوایی گوتی: هەر کەسێ دەرگای ماڵەکەی لەسەر خۆی دابخات لە خۆی دڵنیایەو، هەر کەسێ بچێتە مزگەوتیش هەر لە خۆی دڵنیایە، ئنجا خەڵك بە زۆریی چوونە ماڵەکانی خۆیان و چوونە مزگەوت، (ئەوەی پێغەمبەری خواش ﷺ بە ئەبوو سوفیانی داوە، ئیمتیازێکی ڕووکەشیی بووە، ئەگەرنا کەسێك بچێتە ماڵی خۆی، یان ماڵی ئەبوو سوفیان هەر وەك یەك بووە).

١٤)- ئیبنو ئیسحاق دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوو بەکری صیددیق بۆی باس کردووم: کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتۆتە **(ذي طوى)**، لەسەر پشتی حوشترەکەی بووەو سەری

خۆی پێچاوە بە قوماشێکی سوورو، سەری خۆی نزم کردوە، هەتا سووچی مێزەرەکەی بە قەرپووزی کورتانی حوشترەکەی کەوتوە (واتە: سەری زۆر نزم کردوە).

١٥)- مسوڵمانبوونی ئەبی قوحافە، بابی ئەبوو بەکر (خوا لێی ڕازی بێ): ئەبوو بەکری صیددیق بابی دێنێ بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ کە پیاوێکی بە تەمەن سەرو ڕیش سپیی بوو، ئەویش دەفەرموێ: سەرو ڕیشی ڕەنگێکی لێ بدەن، کەواتە: دروستە بە ڕەنگێك مووی سپیی بگۆڕرێ.

١٦)- بۆ چوونە نێو مەککە، پێغەمبەری خوا ﷺ سوپایەکەی لە **(ذي طوى)**، بەش بەش کردوەو، فەرمانی کردوە بە زوبەیری کوڕی عەووام کە لە (کدی)وە بچێتە ژوور، کە شوێنێکە لە لای چەپی سوپایەکەوە بووە، هەروەها فەرمانی کردوە بە سەعدی کوڕی عوبادە ئەویش لەلایەکی دیکەی (کدی)ەوە بچێ، لە کاتی چوونە ژوورەوەدا سەعدی کوڕی عوبادە گوتوویەتی: **(اليوم يوم الملحمة، اليوم تُسْتَحَلُّ الحُرْمَة)**، واتە: ئەمڕۆ ڕۆژی جەنگە، ئەوەی پێشتر حەڕام بووە، ئەمڕۆ حەڵاڵ دەبێ، کاتێ عومەری کوڕی خەتتاب ئەوەی لێ دەبیستێ، دەچێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێ: گوێت لێیە سەعدی کوڕی عوبادە چی دەڵێ! دڵنیا نین لەوەی زەبرێك لە قورەیش نەدات، یانی: ئەو خەڵکەی جەنگ ناکات، پێغەمبەریش ﷺ بە عەلی کوڕی ئەبووتالیبی فەرموو: بچۆ ئاڵایەکەی لێ وەربگرەو، بە ئاڵایەکەوە بچۆ نێو شاری مەککەوە.

١٧)- سەفوانی کوڕی ئومەییەو، عیکرِیمەی کوڕی ئەبوو جەهل و، سوهەیلی کوڕی عەمر، لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکدا لە خیندیمە کۆبووبوونەوە لە دژی سوپای ئیسلام بجەنگن، حەماسی کوڕی قەیسی کوڕی خالیدیش، یەکێکە لە بەنوو بەکر، ئەویش چەکی پێبووە، خێزانەکەی پێی گوتووە: چی دەکەی؟ ئەویش گوتوویەتی: خۆم ئامادە دەکەم بۆ موحەممەدو هاوەڵەکانی، ئەویش گوتوویەتی: پێم وانیە ئەمڕۆ هیچکەس خۆی لە بەردەم موحەممەد و هاوەڵەکانی دا بگرێ، گوتوویەتی: پێم وایە هەندێك لەوان دەکەمە خزمەتکاری تۆ، (واتە: لێیان بە دیل دەگرم و دەیانهێنمەوە ماڵێ، وەك

كۆیلە خزمەتت بكەن)، بەڵام دوایی ئەوانەی ئەو سێ كەسە سەركردایەتییان كردوون، دوازدە (١٢) كەس یان سێزدە (١٣) كەسیان لێ دەكوژرێن و دەشكێن، حەماسی كوڕی قەیسی كوڕی خالیدیش دێتەوە بە شكاویی بە ژنەكەی دەڵێ: دەرگایەكەم لەسەر دابخە، ژنەكەشی پێی دەڵێ: كوا ئەوەی دەتگوت چی لێهات؟ ئەویش ئەم شیعرە دەڵێ:

إنك لو شهدت يوم الخندمة ... إذْ فرّ صفــوان وفــرّ عِكْرِمــة
وأبو يزيد قـائم كالـمــومة ... واستقبلتهم بالسيوف المسلمة
يقطعن كل ساعـد وجمجمة ... ضـرباً فلا يســمع إلاّ غمغـمة
لهم نهيت[1] خلفنا وهمهمة ... لمْ تنطقي فـي اللوم أدنى كلمة

پوختــەی مانایەكــەی ئەوەیــە كــە بــاسی ئــەو جەنگــە دەكات، كــە چەنــدە مەترســیدار بــووەو دەڵــێ:

ئەگــەر ئــەوەت دیبایــە كــە مــن دیتــم، لۆمــەت نەدەكــردم، كــە ئێســتا دەڵێــم: دەرگام لەســەر دابخــە!

١٨)- دروشمی مسوڵمانان لە ڕۆژی ئازادكردنی مەككەدا، بریتی بووە لە دروشمی كۆچكەران، كۆچكەران گوتوویانە: **(یا بني عبدالرحمن)** و، خەزرەج گوتوویانە: **(یا بني عبدالله)**، هۆزی ئەوسیش گوتوویانە: **(یا ابن عُبَیدالله)**، بەو دروشمانە یەكدییان ناسیوەتەوە.

١٩)- ئەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی كرد بە كوشتنیان ژمارەیەك بوون، فەرمووی: **(وإن وجدوا تحت أستار الكعبة)**، ئەگەر لە ژێر پەردەی كەعبەش دا بینیتانن، بیانكوژن.

١- یەكێك لەوانە: عەبدوڵڵای كوڕی ئەبی سەرح، بوو لەبەر ئەوەی مسوڵمان بووەو، دوای ئەوەی نووسەری وەحیی بووە، هەڵگەڕاوەتەوە، كە دواتر دەهێنرێ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەویش لێی بێدەنگ دەبێ، كە یەكێكیان لە گەردنی بدات، بەڵام

---

(١) النّهيت: الصياح، والصوت من الصدر من المشقة، المعجم الوسيط ص٩٥٧.

عوسمان پەنای دەدا، دوایی یەکێك لە هاوەڵان دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! دەبووایە ئەماژەیەکت بۆ کردباین، پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: **(إن النَّبي لاَ يقتل بالإشارة)**، پێغەمبەر بە ئاماژە ناکوژێ، (ئەوە خیانەتە).

٢- لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی خەتەڵ، ئەویش دیارە کەتنێکی کردوە.

٣و٤- فەرتەنا لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەی هاوەڵی دا، کە دوو ئافرەتی گۆرانی بێژبوون هێرشیان کردۆتە سەر پێغەمبەری خوا ﷺو، مسوڵمانان، فەرمانی کردوە بکوژرێن و، یەکێکیان کوژراوەو، ئەوی دیکەیان دواتر پەنا دراوە.

٥- حوەیریسی کوڕی نەقیز.

٦- مەقیس کوڕی صەبابە.

٧- سارە، ئافرەتێك بووە لە بەنی عبدولموتتەلیب.

٨- عیکرِیمەی کوڕی ئەبووجەهل، ئنجا عەبدوڵڵای کوڕی خەتەڵ کوژراوەو، مەقیسی کوڕی صەبابەش کوژراوە، دوو کەنیزەکەکان فەرتەناو ئەوەی دیکە، یەکێکیان کوژراوەو ئەوەی دیکەیان ڕایکردوە تاکو دوایی پەنادراوەو، سارەش پەنادراوە، حوەیریسی کوڕی نەقیزیش عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب کوشتوویەتی.

٢٠)- دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێتە نێو حەرەمی مەککەوە، کاتێ خەڵك ئارام دەبن و دەچێتە لای بەیت و، حەوت جاران بە دەوری کەعبەدا تەواف دەکات، بەردە ڕەشەکەش بە گۆچانێك کە بەدەستیەوە بووە (إستلام)ی، دەکات یانی: گوچانەکەی دەگەیەنێتێ، دوایی تەوافەکە تەواو دەکات و، عوسمانی کوڕی تەڵحە بانگ دەکات، کلیلی کەعبەی لێ وەردەگرێ، دەرگایەکەی بۆ دەکرێتەوەو دەچێتە ژوورو، لەوێدا هێلانە کۆترێکی تێدادەبێ دەیشکێنێ و فڕێی دەدات، دوایی لەسەر دەرگای کەعبە دەوەستێ، لە کاتێك دا خەڵك هەموویان لە مزگەوتەکەدا کۆبوونەوە، ئەویش ﷺ دەفەرموێ: **(لا إله إلا الله وحده لا شريك له، صدق وعْدَه، ونَصر عَبْدَه، وهَزَم الأحزاب وحده)**، ئنجا وتاریان بۆ دەداو پێیان

دەفەرموێ: ئەی هۆزی قورەیش! پێتان وایە چیتان لێ دەکەم؟ دەڵێن: بەس چاکەت لێ چاوەڕێ دەکەین، برایەکی بەڕێزو برازایەکی بەڕێزی، ئەویش دەفەرموێ: (**إذهبوا فأنتم الطُّلَقَاء**)، بڕۆن ئێوە سەربەستن و، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مزگەوت دادەنیشێ و عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب بۆ لای هەڵدەستێ، کە کلیلی کەعبەی هەر بە دەستەوە بووە دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! وێڕای ئاوپێدان، با کلیل بەدەستیی کەعبە (**حجابة**)شمان هەبێ! ئەویش دەفەرموێ: عوسمانی تەڵحە لە کوێیە؟ بۆی بانگ دەکرێ و دەفەرموێ: ها ئەوە کلیلەکەتە، ئەمڕۆ ڕۆژی چاکەو وەفادارییە، کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێتە نێو کەعبەوە، وێنەی فریشتان دەبینێ و، ئیبراهیم دەبینێ وێنەی بە دەستەوەن و زەلەمەکانی بە دەستەوەن، ئەویش دەفەرموێ: خوا بیانکوژێ گەورەی ئێمەیان واداناوە بە زەلەمەکان شتی دابەش کردوە، ئیبراهیم لە کوێ و زەلەمەکان لە کوێ! دوایی ئەوەی خوێندۆتەوە: ﴿ مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ **آل عمران**، ئنجا فەرمان دەکات ئەو وێنانە هەموویان بسڕێنەوە کە لە دیوارەکانن و، کات دەچێتە نێو کەعبەوە، بیلالیشی لەگەڵدا دەبێت، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ، بیلال کە لە خزمەتیدا دەبێ، فەرمانی پێ دەکات بانگبدات، ئەبوو سوفیانی کوڕی حەرب و عەتتابی کوڕی ئوسەیدو، حارسیی کوڕی هیشامیش، لەوێ دانیشتوون و عەتتابی کوڕی ئوسەید دەڵێ: خوا ئوسەیدی ڕێزلێگرت، ئەمڕۆ ئەوەی نەبینی و نەبیست، حاریسی کوڕی هیشامیش دەڵێ: ئەگەر زانیبام لەسەر هەقە، شوێنی دەکەوتم، ئەبوو سوفیانیش دەڵێ: من هیچ ناڵێم هەرشتێك بڵێم ئەم بەردانە قسەی بۆ دەکەن، دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ بەلایان دا ڕەت دەبێ و دەفەرموێ: تۆ وات گوت، تۆش وات گوت و، تۆش وات گوت، بێ ئەوەی هیچکەس قسەی بۆ کردبێ، ئنجا حاریس و عەتتاب هەردووکیان دەڵێن: شایەدیی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوای ﷺ، چونکە هیچکەس ئاگای لەو قسانەی ئێمە نەبوو، ئێمە تەنیا ئەو سێیەمان بووین ئەو قسانەمان دەکردن.

٢١)- ترسانی پشتیوانەکان کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لە مەککە بمێنێتەوە.

پشتیوانەکان کۆدەبنەوە لە نێوان خۆیان دا قسە دەکەن، لە کاتێك دا پێغەمبەری خوا ﷺ دوعا دەکات، پێیان دەفەرموێ: چیتان گوت؟ ئەوانیش دەڵێن: هیچمان نەگوت،

دەفەرموێ: هەر دەبێ پێم بڵێن، چیتان گوت، ئەوانیش دەڵێن: لەڕاستییدا گومان: ڕەنگە پێغەمبەری خوا ﷺ یەکجاریی لێرە بمێنێتەوە! ئەویش ﷺ دەفەرموێ: پەنا بە خوا، ژیانم لەگەڵ ئێوەیەو، مردنیشم هەر لەگەڵ ئێوە دەبێت.

٢٢)- پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەچێتە نێو مزگەوتەکەو بەدەوری کەعبەدا دەسووڕێتەوە، بە سواریی حوشترەکەی، دەبینێ لە دەوری کابە بتەکان دانراون بە قوروقوشم و مس لەوێ بەستراون، ئەویش ﷺ دارێکی پێ دەبێ و ئاماژە بۆ بتەکان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُ إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ ﴾ **الإسراء**، واتە: هەق هات و باتیڵ پووچایەوە بێگومان باتیڵ پووچاوەیە، هەر بتێك ئاماژەی بۆ پشتی دەکرد لەسەر ڕووی دەکەوت و، ئەگەر ئاماژەی بۆ ڕووی کردبایە لەسەر پشتی دەکەوت.

٢٣)- لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ تەواف دەکات، یەکێك لە کافرەکان لێی نیزیك دەبێتەوە بە ناوی (**فُضالَة**) ئەویش ﷺ دەفەرموێ: فوزاڵەی؟ دەڵێ: بەڵێ، دەفەرموێ: لە دڵی خۆتدا چیت دەگوت؟ دیارە بۆیە دەچێ پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژێت، ئەویش دەڵێ: هیچ بەس یادی خوام دەکرد، پێغەمبەریش ﷺ پێدەکەنێ و دەفەرموێ: داوای لیبوردن لە خوا بکە، دوایی دەست بەسەر سینگی دا دێنێ و دڵی ئارام دەبێتەوە، فوزاڵە دەڵێ: دەستی بەرز نەکردبۆوە لەسەر سینەم، هەتا هیچکەسم لەو لەلا خۆشەویستتر نەبوو.

٢٤)- عوروەی کوڕی زوبەیر دەڵێ: سەفوانی کوڕی ئومەییە ڕۆیشت کە بچێ بۆ جیددەو لەوێش سواربێ بۆ یەمەن، عومەیری کوڕی وەهەب بە پێغەمبەری خوا دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! سەفوان گەورەی هۆزەکەی خۆیەتی، ئێستا لە تۆ ڕایکردوە، تاکو خۆی فڕێبداتە نێو دەریاوە، بۆیە دڵنیای بکەوە، ئەویش دەفەرموێ: ئەو دڵنیایە، دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! نیشانەیەکم بدەیە بەهۆیەوە بزانێ، ئەویش مێزەرەکەی کە پێی چۆتە نێو مەککەوە، دەیداتێ، عومەیر دەڕوات هەتا دەگاتە سەفوان، کە دەیەوێت سوار بێت بەرەو دەریا، دەڵێ: سەفوان دایك و بابم بە قوربانت بن، بۆ خاتری خوا، بۆ خاتری خوا، خۆت مەفەوتێنە، ئەمە دڵنیاکردنەوە (أمان)یە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ تۆم هێناوە، ئەویش دەڵێ: بێ قەزابی لاچۆ قسەم لەگەڵ مەکە، ئەویش هەر داوای

لێ دەکات، صەفوانیش دەڵی: ئایا لێم دەبووریٚ؟ دەڵێ: بەڵێ، دوایی صەفوان لەگەڵی دەگەڕێتەوەو دەڵێ: ئەم کابرایە پێی وایە تۆ منت دڵنیاکردوە؟ دەفەرموێ: ڕاست دەکات، دەڵێ: کەواتە دوو مانگ مۆڵەتم پێ بدە، ئەویش دەفەرموێ: ئەوە چوار مانگ مۆڵەت بچۆ بۆ خۆت بیری لێ بکەوە، (داخۆ بڕوا دێنی، یان بڕوا ناهێنی؟)

٢٥)- ژمارەیەك لە سەرانی خەڵکی مەککە، لە نێوایان دا صەفوانی کوڕی ئومەییە و ،عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل، هاوسەرەکانیان مسوڵمان دەبن، عیکریمە دەیەوێ بڕوات، خێزانەکەی دەچێ بۆ سەر کەشتیی و دەیهێنێتەوەو دەڵێ: وەرە موحەممەد ﷺ پیاوێکی ئاوایەو ئاوایەو مەدحی دەکات، ئەویش دەڵێ: لە خۆم دەترسێم (کوڕی ئەبووجەهلە) ئەویش دەڵێ: نەخێر تۆ وەرە ڕێزیشت لێ دەگرێ، کە دێتەوە، عیکریمە مسوڵمان دەبێ و پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێزی دەگرێ، هەروەها ئافرەتەکانیش کە پێش مێردەکانیان مسوڵمان بوون، هەر لەسەر نیکاحی خۆیان دەیانهێڵتەوە، هەروەها صەفوانی کوڕی ئومەییەش کە خێزانەکەی ناوی فاخیتە بووە، ئەویش دیسان مێردەکەی قەناعەت پێ دێنێ و مسوڵمان دەبێ و، دواتریش پێغەمبەری خوا ﷺ هەردووکیان لەسەر نیکاحی خۆیان دەهێڵتەوە.

٢٦)- تێکڕای ئەوانەی لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوون، دە هەزار (١٠٠٠٠) کەس بوون و، لە هەندێك ڕیوایەتان دا دەڵێ: دوازدە هەزار (١٢٠٠٠) کەس بوون، بەڵام دە هەزارەکە ڕاسترە، هەڵبەتە دواتر دوو هەزار مسوڵمانی تازەشیان دەکەونە گەڵ و، هەموویان دەبن بە دوازدە هەزار کەس و، بە دوازدە هەزارەکەش جەنگی حونەین دەکەن، بۆیە یەکێکیان دەڵێ: (**لن نُغْلَب اليوم من قِلَّةٍ**)، ئەمڕۆ ئێمە لەبەر کەمیی ناشکێین، بەڵام لە سەرەتای جەنگەکەوە، جەنگەکە دەدۆڕێنن و لە کۆتایی دا جەنگەکە دەبەنەوە، کە پێشتر لە کاتی تەفسیرکردنی لە سووڕەتی (**التوبة**)دا، باسی جەنگی حونەینمان کردوە.

ئەمە کورتەیەك بوو لە چۆنیەتیی ئازادکردنی مەککەو، بەسەرهاتی ئازادکردنی مەککە، لە بیست و شەش (٢٦) بڕگەدا خستمانە ڕوو، لەبەر ڕۆشنایی: (**السيرة النبوية لابن هشام**)دا.

پێناسەی سوورەتی (النصر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە زیاتـر بـە نـاوی: (**سـورة النـصر**)، سـوورەتی سـەرکەوتن یـان: سـوورەتی هاتنـی یارمەتیـی خـوا، نـاسراوە، بـەڵام (**سـورة الفتح**)یشـی، پـێ گوتـراوە، لـە ئایـەتی: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١﴾ەوە، هەروەهـا (**سـورة التوديـع**) یـشی پـێ گوتـراوە، واتـە: سـوورەتی خواحافیزیـی وماڵئاوایـی کـردن، لەبـەر ئـەوەی بە ڕای زۆرێـك لـە زانایـان ئـەم سـوورەتە کۆتـا سـوورەت بـووە، هەمـووی پێکـەوە بـۆ سـەر دڵـی مووبـارەکی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دابەزیـێ و، لـەم سـوورەتەدا ئامـاژەش کـراوە بـە کۆچـی دوایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئەرکـە گـەورەو گرنگـەی بـۆی ڕەوانکرابـوو، هاتۆتـە کۆتایـی.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

شـوێنی هاتنەخـواری ئـەم سـوورەتە، بـە یەکدەنگیـی زانایـان مەدینەیـەو، ئـەم سـوورەتە مەدینەییـە، ئنجـا هەرچەنـدە لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن کـە وشـەی (**الفتح**)، مەبەسـت پێـی ئازادکـرانی مەککەیـە لـە سـاڵی هەشـتەمی کۆچییـدا، بـەڵام لـە بـارەی کاتی هاتنـە خـواری ئـەم سـوورەتەوە، ڕاجیاییـان هەیـە:

١- هەندێك گوتوویانە: دوای گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە جەنگی خەیبەر لە ساڵی حەوتەمی کۆچییدا، ئەم سوورەتە دابەزیوە.

٢- هەندێکیش گوتوویانە: لە کاتی گەڕانەوەی لە جەنگی حونەین لە ساڵی هەشتەمدا، دابەزیوە.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: لە نێوەڕاستیی ڕۆژەکانی تەشریق (**أيام التشريق**)دا، کە چوار ڕۆژەکانن، ڕۆژی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم و سێزدەیەمی مانگی (**ذي الحجة**)، لە ساڵی حەجی ماڵئاواییدا، دابەزیوە.

٤- هەندێکیش گوتوویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ دوای دابەزینی ئەم سوورەتە، تەنیا سێ مانگ لە ژیاندا ماوەتەوەو، کۆچی دوایی کردوە.

٥- واش پێدەچێ ئەم سوورەتە لە کۆتایی تەمەنی پڕ بەرەکەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ، دابەزیبێ، وەك دواییش زیاتر قسە لەو بارەوە دەکەین.

لەو بارەوەش کە ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە، ئەو دوو دەقە دێنین:

١)- (**عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَبَّاسٍ** رضي الله عنهما **قَالَ: أُنْزِلَتْ بالمدَينَة:** ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾) (**الدر المنثور للسيوطي: ج٨، ص٦٥٩، ونسبه لابن مردويه**).

٢)- (**عَنْ عَبْدِالله بْن الزُّبير** رضي الله عنه**، قَالَ: أُنْزِلَتْ:** ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾، **بالْمَدِيْنَة**)، (**الدر المنثور للسيوطي: ج٨، ص٦٥٩، ونسبه لابن مردويه**).

واتە: هەر کام لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر (خوا لە خۆیان و بابیان ڕازی بێ) گوتوویانە: ئەم سوورەتە موبارەکە: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾، لە مەدینە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

لە موصحەف دا ژمارەکەی سەدودە (١١٠)یەو، لە دابەزینیشدا دوو ڕا هەن:

أ- هەندێکیان گوتوویانە ژمارە: سەدو سێ (١٠٣)یە.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: ژمارە: سەدو چواردە (١١٤)یە، واتە: کۆتا سوورەتەو، لەوبارەوەش ئەم دەقە دێنین:

(عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: تَعْلَمُ آخِرَ سُورَةٍ نَزَلَتْ مِنَ الْقُرْآنِ نَزَلَتْ جَمِيعًا؟ قُلْتُ: نَعَمْ، ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾ قَالَ: صَدَقْتَ) (أخرجه مسلم: ٣٠٢٤).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ لە یەکێك دەپرسێ: دەزانی چ سوورەتێك لە قورئان هەمووی پێکەوە کۆتا سوورەتە دابەزیبێ؟ دەڵێ: گوتم: بەڵێ: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾، گوتی: ڕاست دەکەی.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بە یەکدەنگیی زانایانی ژمێرەرەری ئایەتەکانی قورئان، ئەم سوورەتە ژمارەی ئایەتەکانی سێ (٣)یەو، لە ڕووی کەمیی پیتەکانیەوە، لە سوورەتی **(الكوثر)** درێژترەو، لە سوورەتی **(العصر)**یش کورتترە، ئەگەرنا ئەو سێ سوورەتە، هەرسێکیان یەکی سێ ئایەتن: سوورەتی **(العصر)**و، سوورەتی **(الكوثر)**و، ئەم سوورەتە سوورەتی **(النصر)**.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

پوختەی نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە بەپێزە

گفت و بەڵێندانی خوای پەروەردگارە بەسەرخستنی پێغەمبەرەکەی ﷺو، هاوەڵانی و، ئاماژەشە بە تەواوبوونی کاری پێغەمبەری خوا ﷺ و مژدەدانی خوایە بە لێبوردنی لێی بە تەواویی.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

لەم سوورەتەدا چوار تایبەتمەندییمان کەوتوونە بەرچاو:

١- تەعبیری: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٢- تەعبیری: ﴿ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ ﴾، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

٣- تەعبیری: ﴿ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا ﴿٣﴾ ﴾، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

٤- ڕاگەیاندنی کاتی مردنی پێغەمبەر ﷺ وەك ئەم دەقەی سوننەتیش زۆر بە ڕوونیی دەیگەیەنێ:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، قَالَ: يَا أَمِيرَ المؤمِنِينَ! هُوَ أَجَلُ رَسُولِ اللهِ أَعْلَمَهُ اللهُ لَهُ: ﴿ إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ ﴿١﴾ ﴾، فتح مكة، فَذَلِكَ عَلَامَةُ أَجَلِهِ، ﴿ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ ﴾، قال عمر : والله لا أعلم منها إلا ما تعلم) (أخرجه البخاري: ٤٢٩٤). عومەر لە سەردەمی حوکمڕانیی خۆیدا وەك جێنشینی دووەمی پێغەمبەری خوا ﷺ عادەتی وابوو، لەگەڵ بەتەمەنەکانی هاوەڵاندا، عەبدوڵڵای کوڕی عەباسیشی بەشدار دەکرد، ئەویش گەنج بوو، بۆیە هەندێك لە هاوەڵان گلەییان لە عومەر کردو گوتیان: ئێمەش کوڕی وەك عەبدوڵڵامان هەن، کەچی کوڕەکانی ئێمە ناهێنی و ئەو دێنی! ئەویش گوتی: ئاخر عەبدوڵڵا جیایە، دوایی ڕۆژێك کە هەموویان دادەنیشن، عومەر پرسیاریان لێ دەکات، لە بارەی سوورەتی (النصر)ەوە، ئایا مەبەست پێی چییە؟ ئەوانیش دەڵێن: مەبەست هەر ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: هەر کاتێك یارمەتیی خوا هات و مەککە ئازادکرا، دەروازەکانی لەبەردەمتدا کرانەوەو، خەڵکت بینی پۆل پۆل دێنە نێو ئایینی خوای پەروەردگارەوە، بە ستایشکردنەوە خوا بە پاك بگرەو، داوای لێبووردنی لێ بکە، ئەو زۆر تۆبە وەرگرە.

ئنجا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەپرسێ؟ ئەویش دەڵێ: فەرماندەی بڕواداران! ئەم سوورەتە، وێڕای مانا ڕواڵەتییەکەی ئاماژەشی تێدایە، بە کاتی مردنی پێغەمبەری خوا ﷺو، خوا ﷻ ئەوی لێ ئاگادارکردۆتەوەو دەفەرموێ:

هەر کاتێك یارمەتیی خوا هات و مەککە ئازادکرا **(فتح)**، واتە: ئازادکرانی مەککە نیشانەی مردنی تۆیە، ئنجا ئەگەر خەڵکت بینی پۆل پۆل هاتنە نێو ئایینی خواوە، داوای لێبوردن لە خوا بکە، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) گوتی: ئەوەی تۆ لێی دەزانی، منیش هەر ئەوەندەی لێ دەزانم.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

کۆی ئەو سێ ئایەتە موبارەکەی ئەم سوورەتە، دەکەین بە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە هەرسـێك ئایەتـەكانی: (١ - ٣)، ئـەم سـووڕەتە دەگرێتـەوە، ئنجـا ئـەم سـووڕەتە موبارەكـە، بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ -ئەگـەر پێـش ئازادكـرانی مەككـە دابەزیبـێ- بەڵێـن و مـوژدەی تێـدان و، ئەگـەر دوای ئـەوەش دابەزیبـێ، هەواڵـدانی خـوای پـەروەردگاری تێدایـە بـە پێغەمبەرەكـەی ﷺو، هـاوكات ڕێنماییـشی تێدایـە كـە دەفەرمـوێ: هـەر كات یارمەتیـی خـوا هـات و ئازادكـرانی مەككـە ڕەخسـاو، لـە دەستی ئەهـلی كوفـر هاتـەدەر، كـە كاتێ خـۆی دوا قـەڵای مەحكەمـی ئەهـلی كوفـرە بـوو لـە نیـوە دوورگـەی عەرەبییـدا، هەروەهـا خەڵكـت بینـی دوای شـكاندنی ئـەو قـەڵا مەحكەمـەی ئەهلـی كوفـر، پـۆل پـۆل هاتنـە نێـو ئاییـن و بەرنامـەی خـواوە، كـە وەك دوایـی بـاسی دەكەیـن، تیـرەو هـۆزەكانی عـەرەب چـاوەڕێ بـوون داخـۆ لـە نێـوان موحەممـەد ﷺ و هـاوەڵانی و، خزمەكانیـدا كـە هـۆزی قورەیشـن، چـی ڕوودەدا؟

ئنجـا دوای ئـەوەی مەككـە ئازادكـرا، گوتیـان: كاتـی خـۆی خـوا ئـەو ماڵـەی خـۆی پاراسـتوە لـە خـاوەن فیلـەكان، دیـارە موحەممـەد ﷺ پێغەمبـەری خوایـە، بۆیـە خـوا ﷻ یارمەتیـی قورەیـشی نـەداو، ئـەو ماڵـەی نەپاراسـت، بۆیـە بـا بـڕوای پـێ بێنیـن، خـوا دەفەرمـوێ: كاتێـك خەڵكـت بینـی پـۆل پـۆل هاتـە نێـو ئایینـی خـواوە، بـە ستایشـكردنەوە پـەروەردگارت بـە پـاك بگـرە و داوای لێبوردنیـشی لـێ بكـە، لـە هەڵـە و كـەم و كوڕیـی، كـە هیـچ بەشـەرێك لـە هەڵـەو كـەم و كوڕیـی خاڵیـی نابـێ، هەروەهـا لـەوەی خواپەرستییەک كـە ئەنجامـی دەدەی، هەرچەنـدە باشـترین جـۆری خواپەرسـتییە، بـەڵام بـە بـەراورد لەگـەڵ پایـەی بـەرزی خـوای پـەروەردگاردا، دەبـێ هـەر داوای لێبـوردن لـە خـوای میهرەبـان بكـەی، بێگومـان خـواش زۆر تۆبـە وەرگرەو، دەگەڕێتـەوە سـەر بەندەكـەی و گەڕانەوەكـەی لـێ وەردەگـرێ.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ ﴿١﴾ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا ﴿٣﴾﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە . هەر کات یارمەتیی خوا هات و سەرکەوتن (بەسەر خەڵکی شاری مەککەدا) ڕەخسا ﴿١﴾ خەڵکیشت بینی کۆمەڵ کۆمەڵ هاتنە نێو ئایین و بەرنامەی خواوە ﴿٢﴾ بە ستایشکردنەوە پەروەردگارت بە پاك بگرەو، داوای لێبوردنی لێ بکە، بە دڵنیایی ئەو زۆر گەڕاوەیە (بۆ وەرگرتنی گەڕانەوەی بەندەکانی) ﴿٣﴾}.

شیکردەوەی هەندێک لە وشەکان

(نَصْرُ ٱللَّهِ): (النَّصْرُ والنُّصْرَةُ: العَوْنُ)، (نَصْر) و (نُصْرة)، واتە: یارمەتییدان و هاوکاریی.

(وَٱلْفَتْحُ): (الفَتْحُ: إِزَالَةُ الإِغْلَاقِ وَالإِشْكَالِ، وَذَلِكَ ضَرْبَانِ، أَحَدُهُمَا يُدْرَكُ بِالبَصَرِ كَفَتْحِ البَابِ، والثَّانِي: يُدْرَكُ بالبَصِيْرَةِ، وتِلْكَ فَتْحُ الهَمِّ وَهُوَ إِزَالَةُ الغَمِّ)، (فَتْح): بە مانای لابردنی داخراویی و گرفت و گرێیە، ئەویش دوو جۆرە: یەکێکیان بە چاو دەبینرێ، وەك کردنەوەی دەرگا، دووەم بە عەقڵ و دڵ دەرك دەکرێ، وەك لابردنی خەم و خەفەت و دڵتەنگیی، دەڵێم: هەروەها (فتح)، بە مانای سەرکەوتن و

زەفـەر پـێ بردنیـش دێ.

(دِينِ ٱللَّهِ): (الإِسْـلاَمُ، كَـمَا قَـالَ تَعَـالى: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَـٰمُ ﴿١٩﴾ ﴾ آل عمـران)، واتـە: ئایینـی ڕێـك و ڕاسـت لـە لای خـوا تەنیـا ئیسـلامە، وەك خـوا فەرموویەتـی: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَـٰمُ ﴿١٩﴾ ﴾.

(أَفْوَاجًا): (جَمْعُ فَوْجٍ، الفَوْجُ: جَمَاعَةٌ مُسْرِعَة)، (أَفْوَاج) كـۆی (فَـوْج)ە، (فَوْج)یـش، کۆمەڵێـکی بـە خێرایـی ڕۆیشـتوون.

(تَوَّابَۢا): بێگومـان (تـوَّاب)، ڕێژگـەی زێدەڕۆیـی (تَائِـب)ە، (تَائِـب) گـەڕاوە (تَوَّاب)، زۆر گـەڕاوە، (التَّوْبُ: تَـرْكُ الذَّنْـبِ عَـلَى أَجْمـلِ الوُجُـوهِ، وَهُـوَ أَبْلَـغُ وَجُـوهِ الإعْتِـذَارِ، فَـإِنَّ الإعْتِـذَارَ عَـلَى ثلاَثَـة أَوْجُـهٍ: إمَّـا أَنْ يَقُـولَ: المُعْتَـذِرُ لَـمْ أَفْعَـل، أَو يَقُـولُ: فَعَلْـتُ لأَجْـلِ كَـذَا، أَو فَعَلْـتُ وَأَسـأْتُ وَقَـدْ أَقْلَعْـتُ، وَلاَ رَابـعَ لِذَلِـكَ، وَهَـذَا الآخِـر هُـو التَّوْبَـة)، (تـوب): بریتیـە لـە وازلێهێنـانی گونـاح بـە جوانتریـن شـێوە، ئەویـش باشـترین جـۆری پـۆزش هێنانەوەیـە، چونکـە پـۆزش هێنانـەوەو داوای لێبـوردن کـردن سـێ جـۆرە:

١- یان بابای خراپەکار کە پۆزش دێنێتەوە و دەڵێ: نەمکردوەو نکوولیی دەکات لەوەی کردوویەتی.

٢- یان دەڵێ: ئەو کارەم کردوە لە پێناوی فلان شتەدا (واتە: پۆزشێکی درۆ دێنێتەوە).

٣- یاخود دەڵێ: کردوومەو خراپەم کردوە، بەڵام ئێستا وازم لێ هێناوە، ئیدی حاڵەتێکی چوارەم بۆ ئەم سێیانە نیە، ئنجا ئەوەی سێیەمیان بریتیە لە تەوبە (واتە: گەڕانەوە بۆ لای خوا، بە باشترین و جوانترین شێوە).

هۆی هاتنه خوارەوەی ئایەتەکان

دەربارەی هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە، چەند ریوایەتێك هاتوون، بەڵام لە رووی سەنەدەوە پسپۆڕان و شارەزایان ئیشکالیان لە بارەیانەوە هەیە، بەڵام دووانیان لە رووی سەنەدەوە لەوانەی دیکە باشترن:

١- {عَنِ الزُّهرِيِّ رَحِمَهُ الله، قَالَ: فَبَعَثَ رَسُولُ اللهِ ﷺ خَالِد بن الوَليد، فَقَاتَل بِمَنْ مَعَهُ صُفُوفَ قُرَيْشٍ بِأَسْفَلَ مَكَّةَ، حَتَّى هَزَمَهُم الله، ثُمَّ أَمَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَرَفَعَ عَنْهُم، فَدَخَلوا فِي الدِّينِ فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾، حَتَّى خَتَمَهَا، ثُمَّ رَجَعَ رَسُولُ اللهِ ﷺ بِمَنْ مَعَهُ مِنْ قُرَيْش كِنَانة، وَمَنْ أَسْلَمَ يَوْمَ الفَتْحِ قَبْلَ حُنَيْنٍ (وَحُنَيْنٌ: وَادٍ فِي قُبُلِ الطَّائِف ذُو مِيَاهٍ) وَبِهِ مِنَ الْمُشْرِكِين يَوْمَئِذٍ عُجُزُ[1] هَوَازِن، وَمَعَهُم ثَقِيفٌ، وَرَأْسُ المشْرِكِينَ، يَوْمَئِذٍ مَالِكُ بنُ عَوْف النَّضْرِي، فَاقْتَتَلوا بِحُنَيْن، فَنَصَرَ اللهُ نَبِيَّهُ ﷺ وَالمسْلِمِيْنَ، وَكَانَ يَوْماً شَدِيداً عَلَى النَّاس، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّوَجَلَّ: (لَقَدۡ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٖ وَيَوۡمَ حُنَيۡنٍ) التوبة، قَالَ مَعْمَر: قَالَ الزُّهْرِيُّ: وَكَانَ رَسُول اللهِ ﷺ يَتَأَلَّفهم فَلِذَلِكَ بَعَثَ خَالد بن الوَليد يومئذ} (أخرجه عبدالرزاق ٩٧٣٩، وقلنا: وهذا مرسل رجاله ثقات، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٥٧٣ و ٥٧٤).

واتە: زوهریی - کە یەکێکە لە زانایانی دوای هاوەڵان - دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ خالیدی کوڕی وەلیدی نارد (واتە: لە کاتی ئازادکردنی مەککەدا) ئەویش بەو هێزەی لەگەڵیدا بوو لە دژی ریزەکانی قورەیش لە خوارووی مەککەوە جەنگا، هەتا خوا تێکیشکاندن، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد، دەستی هەڵگرت (لە کوشتنیان و ئەوانەی رایانکردبوو شوێنیان نەکەوتن) خەڵکەکەش دوایی هاتنە نێو ئایینی خواوەو، خواش ﷻ ئەم سوورەتەی دابەزاند: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ

---

(١) عُجُز: جمع عجوز: پیاوی بە تەمەن کەواتە: عُجُز هوازن: بە تەمەنەکانی هۆزی هەوازین.

رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ﴿٣﴾ ﴾، دوایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ خـۆی و ئەوانـەی لەگەڵـی بـوون لـە قورەیـش، هـۆزی کینانـەو، ئەوانـەی لـە ڕۆژی ئازادکـرانی مەککـەدا مسـوڵمان بـوو بـوون بـەرەو حونەیـن چـوون، (حونەینـش: شـیوێکە پێـش ئـەوەی بگاتـە تائییـف ئـاوی زۆری تێـدا هـەن) لـەو کاتـەدا هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان بەتەمەنەکانـی هـەوازن، هەروەهـا هـۆزی (ثقیف)یشـان، لەگەڵـدا بـوون، لەوێدابـوون و لـەو ڕۆژەدا سـەرۆکی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان **(مالـك بـن عـوف النـضري)**، بـوو (گەنجێـکی سەرشـێت و سـەرکێڵ بـووە) ئیـدی لـە حونەیـن بەرەنـگاری یەکـدی بوونـەوە و پێکـەوە بەشـەڕ هاتـن، دوایـی خـوا ﷻ پێغەمبـەری خـۆی ﷺو مسـوڵمانانی سەرخسـت، کـە ڕۆژێـکی قـورس بـوو لەسـەر خەڵـك و، خـوا عزوجـل لـەو بـارەوە ئـەو ئایەتانـەی دابەزانـدن: ﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾، واتـە: خـوا لـە زۆر شـوێنان ئێـوەی سەرخسـتوەو لـە ڕۆژی حونەینیشـدا کاتێـك بـە زۆرییەکەتـان سەرسـام بـوون، بـەڵام سـوودی پـێ نەگەیانـدن و زەوی بەوفراوانییـەی لێتـان وەتەنـگ هـات، ئنجـا پشـتتان لـە دوژمـن کـرد، دوایـی خـوا ﷻ ئارامیـی ڕژانـدە سـەر دڵـی پێغەمبەرەکـەی و بـڕواداران. واتـە: لـە سـەرەتای جەنگەکـەوە مسـوڵمانان تێکشـکان کـە بـە زۆرییەکەیـان سەرسـام بـوون، بـەڵام لـە کۆتاییەکەیـدا خـوا ﷻ سـەری خسـتن.

٢- لە بارەی هۆی هاتنە خواری ئەم سوورەتە موبارەکەوە، ئەم دەقەش هاتوە:

{عَـنْ عَائِشَـةَ ﵂، قَالَـتْ: كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يُكْـثِرُ مِـنْ قَـوْلِ: «سُـبْحَانَ اللَّـهِ وَبِحَمْـدِهِ أَسْـتَغْفِرُ اللَّـهَ وَأَتُـوبُ إِلَيْـهِ»، قَالَـتْ: فَقُلْـتُ: يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ! أَرَاكَ تُكْـثِرُ مِـنْ قَـوْلِ سُـبْحَانَ اللَّـهِ، وَبِحَمْـدِهِ، أَسْـتَغْفِرُ اللَّـهَ وَأَتُـوبُ إِلَيْـهِ، فَقَـالَ: «خَـبَّرَنِي رَبِّي، أَنِّي سَـأَرَى عَلَامَـةً فِي أُمَّتِـي، فَـإِذَا رَأَيْتُهَـا أَكْـثَرْتُ مِـنْ قَـوْلِ: سُـبْحَانَ اللَّـهِ وَبِحَمْـدِهِ، أَسْـتَغْفِرُ اللَّـهَ وَأَتُـوبُ إِلَيْـهِ. فَقَـدْ

رَأَيْتُهَـا»: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١﴾ فَتْـح مَكَّـة، ﴿وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ۝٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣﴾) (أخرجـه مسـلم: ٤٨٤).

واتـە: دایکـمان عائیشـە ﵂ دەڵـێ: پێغەمبـەری خوا ﷺ ئـەم زیکـرەی زۆر دووبارە دەکـردەوە: «سُـبْحَانَ اللَّـهِ وَبِحَمْـدِهِ، أَسْـتَغْفِرُ اللَّـهَ وَأَتُـوبُ إِلَيْـهِ»، پاکیـی بـۆ خـوا و سـتایش بـۆ خـواو، داوای لێبـوردنی لـێ دەکـەم و بـۆ لای دەگەڕێمـەوە، منیـش پێمگـوت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! دەتبینـم زۆر ئـەم زیکـرە دووبـارە دەکەیـەوە: «سُبْحَانَ اللَّـهِ وَبِحَمْـدِهِ، أَسْتَغْفِرُ اللَّـهَ وَأَتُـوبُ إِلَيْـهِ»، ئەویـش فەرمـووی: پـەروەردگارم هەواڵـی پێـداوم، نیشـانەیەك لـە ئۆممەتـم دەبینـم، ئنجـا هـەر کاتێـك بینیـم، ئـەم قسـەیە زۆر دووبـارە بکەمـەوە: پاکیـی بـۆ خـواو سـتایش بـۆ وی داوای لێبـوردن لـە خـوا دەکـەم و، بـۆ لای وی دەگەڕێمـەوە، ئنجـا ئـەو نیشـانەیەم بینـی، دوایـی یەکسـەر ئـەم سـوورەتەی خوێنـدەوە: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١﴾، خـۆی فەرمـووی: (فتـح مكـة)، ﴿وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ۝٢﴾، خەڵکـت بینـی پـۆل پـۆل دەهاتنـە نێـو ئایینـی خـواوە، ﴿فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣﴾، لـەو کاتـەدا پـەروەردگارت بەسـتایش کردنیـەوە بـە پـاك بگـرەو داوای لێبـوردنی لـێ بکـە، ﴿إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣﴾، بـە دڵنیاییـەوە ئـەو زۆر دەگەڕێتـەوە بـۆ لای بەندەکـەی و، گەڕانـەوەو تەوبەکـەی لێوەردەگـرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، ئـەوەش مەبەسـت پێـی - بـەلای کەمـەوە - چوارشـتە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١﴾، هـەر کاتێـك یارمەتیی خـوا هـات و، (ئازادکـران، ئازادکـرانی مەککـە) و سـەرکەوتن (بەسـەر خەڵـکی بێبـڕوای مەککـەدا) ڕەخسـا، لـەو کاتـەدا: ﴿وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ۝٢﴾، خەڵکیشـت بینـی ﴿ٱلنَّاسَ﴾، (أل)ی ناسـاندنی لەسـەرەو مەبەسـت پێـی (عهد)ە، واتـە: خەڵکەکـەت بینـی، خەڵـکی هـۆزەکانی عـەڕەب، هەندێکیـش لـە زانایان گوتوویانـە: خەڵکـت بینـی واتـە: بـە چـاوی عەقـڵ و دڵ بەگشـتیی خەڵکـت بینـی: عـەڕەب هاتنـە نێـو ئایینـی ئیسـلام، دوایـی خەڵکـەکانی دیکـەی وڵاتـانی دیکـەش دێـن، هـەرکات خەڵکـت بینـی دەهاتنـە نێـو ئاییـن و بەرنامـەی خـواوە، لـەو حاڵەتـەدا: ﴿فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ﴾، بـە ستایشـکردنی پەروەردگارتـەوە بـە پـاکی بگـرە، واتـە: هـەم بڵـێ: (سبحان اللـه)، هـەم بڵـێ: (الحمدللـه)، یـان بڵـێ: (سبحان اللـه وبحمـده)، پاکیـی بـۆ خـواو سـتایش بـۆ وی، ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡهُ﴾ داوای لێبوردنیـشی لـێ بکـە، لـە هـەر هەڵـە و کـەم و کوڕییـەك کـە مـرۆڤ لێیـان خاڵیـی نابـێ، ﴿إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣﴾، بـە دڵنیایـی ئـەو زۆر تۆبـە وەرگـرە، زۆر دەگەڕێتـەوە سـەر بەندەکـەی خـۆی بـە لێبـوردن و بەزەیـی و میهرەبانیـی خـۆی.

مەسەلە گرنگەکان

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بـە هـەر سـێ ئایەتەکەیـەوە، دەکەینـە یـەك مەسـەلە کـە لـە ئایەتـەکانی (١و ٢و ٣) پێـك دێ:

فەرمانکـردنی خـوا عزوجـل بـە پێغەمبـەری کۆتایـی خـۆی موحەممـەد ﷺ، کـە هـەر کات یارمەتیـی خـوا هـات و، شـاری مەککـە ئازادکـراو، خەڵـکی بینـی کۆمـەڵ کۆمـەڵ و بەخێرایـی دەهاتنـە نێـو ئاییـن و بەرنامـەی خـواوە، بـا بـە ستایشـکردنیەوە خـوا بـە پاکبگـرێ و، داوای لێبـوردنی لـێ بـکات، بـە دڵنیاییـەوە خـوا زۆر گەڕاوەیـە بـۆ لای بەنـدەی خـۆی و، پەشـێمانیی و تۆبەکـەی لـێ وەردەگـرێ:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ٣﴾.

شیکردنەوەی ئەم سێ ئایەتە بە پێزە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ﴾، هەر کات یارمەتیی و سەرخستنی خواو سەرکەوتن هات، (**الفَتْحُ**)، (**فتح**) بە مانای کردنەوە دێ و، (أل)ی کە لەسەریەتی بۆ ناساندنەو ناساندنەکەش بۆ (**عهد**)ە، واتە: هەر کات یارمەتیی خواو سەرکەوتنەکە هات، سەرکەوتنی تۆ بەسەر خەڵکی بێبڕوای شاری مەککەدا ڕەخسا، یاخود ئازادکردنەکە، شاری مەککە لە بەردەم تۆدا دەروازەکانی کرانەوە و مەککە ئازادکرا، بۆچی (**الفتح**)، (أل)کەی بۆ (**عهد**)ە؟ چونکە خوا ﷻ بەڵێنی بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دابووە، کە دەیگێڕێتەوە بۆ مەککە بە سەربەرزیی، وەك لە سوورەتی (**الفتح**)دا، دەفەرموێ: ﴿لَتَدۡخُلُنَّ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمۡ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَۖ فَعَلِمَ مَا لَمۡ تَعۡلَمُواْ

﴿ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی هەر کاتێ خوا بیەوێ بەهێمنیی و کاتێك سەری خۆتان تاشیوە، یان کورتتان کردۆتەوە، دەچنە نێو مزگەوتی حەرامەوە: (لە دوژمنتان) ناترسن، بەڵام ئەو شتێکی زانی کە ئێوە نەتاندەزانی بۆیە بەرلەوە سەرکەوتنێکی نیزیکی ڕەخساند.

بێگومان سوورەتی (الفتح) لە ساڵی حودەیبییەدا واتە: ساڵی شەشەم، یان حەوتەمی کۆچیی دا دابەزیوەو، سوورەتی **(الفتح)یش**، لەو کاتەوەش خوا بەڵێنی دابوو بە پێغەمبەرو هاوەڵانی کە دەچنە نێو شاری مەککەوە بە سەرکەوتوویی و، دەچنە نێو مزگەوتی حەرامەوەش، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ﴿١﴾ ﴾، هەرکاتێ یارمەتیی خوا هات و سەرکەوتنەکە، ئازادکردنەکە ڕەخسا، ﴿ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجًا ﴿٢﴾ ﴾، خەڵکیشت بینی پۆل پۆل بە خێرایی دەهاتنە نێو ئایین و بەرنامەی خواوە.

(إذا: اسم زمانٍ مُبْهَمٍ مُطْلَقٍ يُسْتَعْمَل للمُسْتَقْبَل غالِباً)، ﴿ إِذَا ﴾، ناوی کاتە کاتێکی نەزاندراو و ڕەها، بەڵام بە زۆریی بۆ داهاتوو بەکاردەهێنرێ، ﴿ وَٱلۡفَتۡحُ ﴾، **(الفَتْحُ: امْتِلاكُ بِلادِ العَدُوِّ وَأَرْضِهِ، لأَنَّهُ يَكُونُ بفَتْحِ بَابِ البلاد)**، **(الفَتْح)** بریتیە لە دەست خستنی وڵاتی دوژمن و سەر زەمینەکەی، چونکە کاتێك ئەوە دەست دەخرێ، کە دەروازەکانی بکرێنەوە.

٢)- ﴿ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجًا ﴾، خەڵکیشت دی پۆل پۆل دەهاتنە نێو ئایینی خواوە، وشەی ﴿ ٱلنَّاسَ ﴾، کە (ألْ)ی ناساندنی لەسەرە، هەندێك گوتوویانە: بۆ جینسە، خەڵکت بە تێکڕایی بینی هاتنە نێو ئایینی خواوەو، هەندێك گوتوویانە: ئەوە (أل)ە بۆ ناساندنە و بۆ (عهد)ە، واتە: خەڵکەکەت دی - کە مەبەست پێی هۆزەکانی عەرەبن - دەهاتنە نێو ئایین و بەرنامەی خواوە پۆل پۆل، کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن، بە خێرایی، چونکە: **(الأَفْوَاج: جمع فوج: الجَمَاعَةُ السَّائِرةُ المُسْرِعَة)**، کۆمەڵە خەڵکێك بە خێرایی بڕۆن، عەرەبەکان - وەك لەو دەقەوە دیارە کە دوایی دێ - چاوەڕێ

بوون داخۆ لە نێوان پێغەمبەری خوا ﷺ و، خەڵکەکەی خۆیدا کە هۆزی قوڕەیشن، چی ڕوودەدا؟ مەبەست تەنیا ئەوە نەبوو، کە ئەوانە (هۆزی قوڕەیش) خزمانی پێغەمبەرن ﷺ، بەڵکو زیاتر مەبەستیان ئەوە بووە، چی لەو خەڵکە ڕوودەدات کە لە دەوری کەعبەن، ئەو کەعبەیەی خوا ﷻ پاراستوویەتی لە خاوەنانی فیل و، هێمنیی و ئاساییشی تێدا سەقامگیر کردوە، ئایا ئەو مزگەوتی حەڕام و کەعبەیە، ئەو وڵاتە پڕ هێمن و ئاساییشە لەبەردەم، موحەممەد ﷺ و هاوەڵانیدا دەروازەکانی دەکاتەوە؟ یاخود وەك ڕابردوو چۆن خوا کەعبەی پاراستوە، ئێستاش هەر دەیپارێزێ! عەرەب چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، وەك لەم دەقەوە دیارە:

{عَنْ أَنَسِ ابـن مَالِكٍ ﷺ قَالَ: لَـمَّا فَتَحَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مَكَّةَ، قَالَتِ الأَعْـرَابُ: أَما إِنْ ظَفَـرَ بِأَهْلِ مَكَّةَ، وَقَدْ أَجَارَهُـمُ اللهُ مـن أَصْحَابِ الفِيلِ، فَلَيْسَ لَكُم بِـهِ يَـدَانٌ، فَدَخَلُوا فِي دِيـنِ اللهِ أَفْوَاجَـاً}[1].

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ گێڕاویەتەوە دەڵێ: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ مەککەی ئازاد کرد، عەرەبە خێڵەکییەکان (و هۆزەکانی عەرەب) گوتیان: ئێستا مادام زەفەری بە خەڵکی مەککە برد، لە حاڵێکدا خوای بەرز خەڵکی مەککەی پاراستبوو لە خاوەنانی فیل، ئێوە دەسەڵاتتان بەسەر موحەممەد ﷺ و هاوەڵانیدا ناشکێ، ئنجا کۆمەڵ کۆمەڵ هاتنە نێو ئایینی خواوە.

چونکە بۆیان دەرکەوت کە موحەممەد پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئەگەرنا سوپای لەسوپای موحەممەد ﷺ زۆر گەورەتر، ئەوان ئەگەر دە هەزار(١٠ ٠٠٠) کەس بوون - وەك پێشتر لە تەفسیری سوورەتی (الفیل)دا باسمان کرد - سوپایەکەی ئەبرەهە کە هات شەست هەزار(٦٠ ٠٠٠) کەس بوون، یانی: شەش ئەوەندەی سوپایەکەی پێغەمبەر ﷺ بوون و (**فیل محمود**)یشیان، لە پێشەوە بوو، بەڵام خوا ﷻ باڵندەی پۆل پۆلی ناردە سەریان، هەر باڵندەیەك سێ بەردی پێ

---

(١) روح المعاني: ج١٥، الجزء ٣٠، ص٦١٩

بـوون، یەکێـك بـە دەندووکیـەوەو، دووش بـە هـەردوو پێیـەوەو، ئـەو بەردانـە بـە هـەر کەسـێك کەوتبـان، وەك تێـزاب دەیانسـووتاندو پێیـدا دەچوونـە خـوار، تاکـو لێـی دەچوونـە دەر، بـەو شـێوەیە ئـەو سـوپای زەبەلاحـە شـکا، جگـە لـە خەڵکێـکی پەڕاگەنـدەی پرژوبـڵاو، کـە لـە هەندێـك گێـڕدراوەدا هاتـوە، ئەوانیـش دوایـی هەموویـان بـەو نەخۆشـییەی بەهـۆی ئـەو بەردانـەوە لـە نێوانیـان دا بڵاوبـۆوە، فەوتـاون، بۆیـە گوتوویانـە: مـادام موحەممـەد ﷺ دەرگای مەککـەی بـۆ کرایـەوەو، بەسـەر خەڵـکی دەوری مەککـەدا زاڵبـوو، خـواش ﷻ خەڵـکی مەککـەی نەپاراسـت وەك کاتی خـۆی لـە خاوەنـانی فیـل پاراسـتی، کەواتـە: دیـارە موحەممـەد پێغەمبـەری خوایـەو، ئـەوەی دەیڵـێ ڕاسـتە.

٣)- ﴿ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ ﴾، [کاتێك کە ئەوەت بینی] بە ستایشکردنی پەروەردگارتەوە بە پاکی بگرەو داوای لێبوردنیشی لێ بکە.

پیتی (ف) لەسەر ﴿ فَسَبِّحْ ﴾، سێ ئەگەریان بۆ داناون:

أ- (جَوَابُ إذَا، باعتِبَار مَا تَضَمُّنَتْهُ مِن معنى الشَّرْطِ: ﴿إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ ۝١﴾، (إذا) مانای مەرج دەگرێتە نێو خۆی، بەو مەرجەی یارمەتیی خواو، سەرخستنی گەورە هات و، خەڵکت بینی پۆل پۆل دەهاتنە نێو ئایینی خواوە، بە ستایشکردنەوە پەروەردگارت بە پاك بگرە.

ب- یاخود: ئەم تەسبیحە ﴿ فَسَبِّحْ ﴾، بۆ بە پاکگرتنی خوایە، ئەو خوایەی توانی پێغەمبەری خۆی ﷺ و بڕواداران سەربخات بەسەر دوژمنانیاندا، پاکیی بۆ وی.

ج- یاخود مەبەست پێی سەرسوڕمانە، وەك چۆن کاتێك شتێکی سەیرو عەجایب دەبینی، دەڵێی: (سُبْحَانَ الله)، ئەوشتە چەندە عەجایبە، چەندە سەیرە!!

٤)- ﴿إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ﴾، بە دڵنیایی ئەو (خوا ﷻ) زۆر تۆبە وەرگرە، بێگومان (تواب)، ڕێژگەی زێدەڕۆییە لە (تائب)، یانی: گەڕاوە، بەڵام (توَّاب)، واتە زۆر گەڕاوە،

﴿إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا﴾، بەڕاستیی خوا زۆر گەڕاوەیە، واتە: زۆر دەگەڕێتەوە سەر بەندەکەی، کە گەڕانەوەکەی و پەشێمان بوونەوەکەی لێ قبووڵ بکات.

کەواتــە: ﴿فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ﴾، واتــە: بــە ستایشــکردنەوە پــەروەردگارت بــە پـاك بگـرە لـە هـەر کـەم و کورِییـەك و، ستایشی بکـە بـە هەمـوو سـیفەتە بــەرزو پــاك و چاکــەکانی، بەنســبەت خۆشــتەوە هــەر کــەم و کورِیــی و هەڵەیەکـت بووبـێ، داوای لێبـوردنی بـۆ لـە خـوا بکـە، نـەك بـەو واتایـە پێغەمبـەری خــوا ﷺ هەڵــە و کــەم و کورِیــی بووبــێ، وەك هــی خەڵــکی دی، شــتێکی زانیبــێ گوناهــەو کردبێتــی! پێغەمبــەران علیهـم الصـلاة والسـلام لــەوە پارێــزراو بــوون، بــە تایبــەت ســەروەری پێغەمبــەران موحەممــەد ﷺ، بەڵکـو مەبەسـت ئەوەیـە: ئــەوەی تـۆ ئەنجامتـداوە، لـەو خواپەرسـتییە گـەورەو گرنگانـە، لـەو کارە گـەورەو گرنـگ و چاکانـە، بـە بـەراورد لەگـەڵ پێگـەی بـەرزو بـێ وێنـەی خـوای پـەروەردگاردا، دەبـێ وەك گوناهێـك و هەڵـەو کـەم و کورِییـەك تەماشـایان بکـەی، نـەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوناهێـکی کردبـێ، بـە چەمـك و واتـای گونـاح، کـە ئێمـە بـەکاری دێنیـن.

لـە بـارەی ئـەوەوە کـە خـوا دەفەرمـوێ: هـەر کاتێـك خەڵکـت بینـی پـۆل پـۆل دەهاتنـە نێـو ئایینـی خـوای بـەرزی مەزنـەوە، چـۆن خەڵـك چاوەڕێـان کـردوە چـی لـە نێـوان موحەممـەد ﷺ و قورەیشـدا ڕوودەدات؟ ئـەم دەقـە دێنیـن:

{عَنْ عَمْرِو بْـنِ سَـلَمَةَ قَـالَ: كُنَّـا بِمَـاءٍ مَمَـرَّ النَّـاسِ، وكانَ يَمُـرُّ بنـا الرُّكْبـانُ فَنَسْـأَلُهُمْ: ما لِلنَّـاسِ؟ ما لِلنَّـاسِ؟ مَـا هَـذَا الرَّجُـلُ؟ فيَقُولُـونَ: يَزْعُـمُ أنَّ اللَّـهَ أَرْسَـلَهُ، أَوْحَـى إلَيْـهِ «أَوْ أَوْحَـى اللَّـهُ بِكَـذَا»، فَكُنْـتُ أَحْفَـظُ ذَلِـكَ الـكَلَامَ، وكَأنَّمَـا يُغْـرَى فِي صَـدْرِي، وَكَانَـتِ العَـرَبُ تَلَـوَّمُ بِإسْـلامِهِمُ الفَتْـحَ، فيَقُولُـونَ: اتْرُكُـوهُ وقَوْمَـهُ؛ فَإِنَّـه إنْ ظَهَـرَ عَلَيْهِـمْ، فَهُـوَ نَبِـيٌّ صـادِقٌ، فَلَـمَّا كانَـتْ وقْعَـةُ أَهْـلِ الفَتْـحِ، بَـادَرَ كُلُّ قَـوْمٍ بِإسْـلامِهِمْ، وبَـدَرَ أَبِي قَوْمِـي بِإسْـلامِهِمْ} (أخرجـه البخـاري: ٤٠٥١).

واتــە: عەمــڕی کــوڕی ســەلەمە (خــوا لێــی ڕازی بــێ) دەڵــێ: ئێمــە لەســەر ئاوێــك بوویــن، شــوێنی پێــدا ڕەتبــوونی خەڵــك بــوو، ســوارو کاروان بەلامانــدا ڕەت دەبــوون،

لێمان دەپرسین: هەواڵی خەڵك چییە؟ هەواڵی خەڵك چییە؟ ئەو پیاوە، (واتە: موحەممەد ﷺ) هەواڵی چییە؟ دەیانگوت: پێی وایە خوا ﷻ ناردوویەتی و سرووشی بۆ لا ناردوە، یاخود خوا ﷻ ئەوەی بۆ سرووش کردوەو بۆی ناردوە، منیش ئەوەی ئەوان دەیانگوت لەبەرم دەکرد و، بە دڵمەوە بە سینەمەوە دەنووسا (پێم خۆشبوو)، عەرەبەکانیش چاوەڕێ بوون و، مسوڵمانەتییەکەی خۆیان (هاتنە نێو ئایینی ئیسلامی خۆیان) لەسەر ئەوە ڕاگرتبوو: ئایا موحەممەد ﷺ بەسەر خەڵکی مەککەدا زاڵ دەبێ و دەچێتە نێو مەککەوە؟ دەیانگوت لێی گەڕێن خۆی و خەڵکەکەی، (واتە: خۆی و قورەیش) ئەگەر بەسەریاندا زاڵبوو، ئەوە دیارە پێغەمبەرێکی ڕاستگۆیە، ئنجا کاتێك ڕووداوی سەرکەوتنە کە (**الفتح**) بوو، هەر کۆمەڵەو هۆزە پەلەیان دەکرد و دەچوون مسوڵمان دەبوون، بابیشم پەلەی کردو پێش خەڵکەکەی خۆی کەوت و، چوو ئیعلانی مسوڵمانەتیی خۆی کرد.

کەواتە: ئەوەی خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەکەدا فەرموویەتی: (هەر کاتێك خەڵکت بینی پۆل پۆل هاتنە نێو ئایین و بەرنامەی خواوە) مەبەست پێی ئەوەیە کە هۆزەکانی عەرەب چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، بزانن ئایا لە نێوان موحەممەد ﷺو، کۆمەڵ و خەڵکەکەی خۆیدا کە هۆزی قورەیشن و بە دەوری کەعبەوەن، ئەو کەعبەیەی خوا لە ڕابردوودا پاراستوویەتی، چییان لە نێوانیاندا ڕوودەدات؟ ئەگەر دەروازەکانی شاری مەککەو حەرەمەکەی و، کەعبەو مزگەوتی حەرام، لەبەردەم موحەممەد ﷺو، هاوەڵانی دا کرانەوە، کەواتە: دیارە موحەممەد پێغەمبەری خوایە ﷺ، چونکە پێشتر هەموو ئەوانەی ویستوویانە بە زۆر بچنە نێو مەککەوە، خوا ﷻ فەوتاندوونی و لە بەینی بردوون، کە خاوەنانی فیل (**أصحاب الفيل**) نموونەیەکی زەقن لەوبارەوە.

ئنجا دوایی کە موحەممەد پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێتە نێو مەککەو کەعبەوەو دەروازەکانی بۆ دەکرێنەوە، بۆیان دەردەکەوێ کە موحەممەد ڕاستگۆیە لەوەدا کە دەڵێ: ڕەوانەکراوو پێغەمبەری خوام، بۆیەش دوای ئەوە بەلێشاوو کۆمەڵ

کۆمـەڵ هاتوونـە نێـو ئیسـلامەوە، دوای ئـەوەی ئـەو بەربەسـتە شـکاو، ئـەو قـەڵا مەحکەمـەی شـیرك و کوفـر لـە نیـوە دوورگـەی عەرەبییـدا ڕووخـا.

کورتە باسێک دەربارەی ئایین(1): لەبەر تیشکی ئەم ئایەتە بەپێزەدا: ﴿ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ ﴾.

بەڕێـــزان!

پرسـیاری ئایـا ﴿ دِينِ ٱللَّهِ ﴾، بەرنامـەی خـوا، چییـەو چۆنـە؟ پرسـیارێکی بەجێیـەو شایسـتەی وەڵامدرانەوەیـە، بۆیـە پێویسـتە کورتـە باسـێك لـەو بـارەوە بکەیـن لـە سـێ تـەوەردا:

تەوەری یەکەم: ئایین چییە؟

ئەویش لە سێ بڕگەدا:

١)- پێناسەی ئایین لە ڕووی زمان و زاراوەییەوە.

٢)- نیشانەو درووشمە سەرەکییەکانی ئایین، حەوت درووشممان خستوونەڕوو.

٣)- پێنج ڕاستیی گرنگ لەبارەی ئیسلامەوە، کە تاکە ئایینی پەسندکراوی خوایە بۆ مرۆڤایەتیی.

---

(١) ئێمـە ئـەم کورتـە باسـە هەمـووی لـە کتێبـی: (خواناسـیی، ئاییـن، ئیمان، درەوشـاوەیی ئیسـلام و پووچەڵیـی ڕێچـکان)، چاپـی سـێیەم سـاڵی (١٤٤١ - ٢٠٢٠) وەردەگریـن، لـە بەشـی دووەمـی ئەو کتێبـە، بـە ناوونیشـانی: ئاییـن چییـە؟ چـۆن پەیدابـووە؟ بۆچـی هاتوە؟

بێگومـان زۆر بـە کورتکراوەیـی و پوختکراوەییـەوە، ئەگەرنـا ئـەو باسـە زۆری خایانـدوە و لاپەڕەکانـی: (٢٢٠ - ٣٧٠)، واتـە: (١٥٠)، لاپـەڕەی گرتـوە، بـەڵام ئێمـە زۆر بـە کورتیـی و پوختیـی، ئـەوەی مەبەسـتمانە لێـی هەڵدەبژێریـن.

تەوەری دووەم: ئایین چۆن پەیدابووە؟

١)- وەڵامی بەرنامەی خوا کە ئایین چۆن پەیدا بووەو، سەرچاوەکەی کوێیە؟

٢)- وەڵامی ڕێچکەو بیردۆزەکان، ئەوانیش بەگشتیی پێنج وەڵامیان داونەوە.

تەوەری سێیەم: ئایین بۆچی هاتوە؟

لـە بیسـت و یـەك **(٢١)** خاڵـدا، حیکمـەت و ئامانجـی نێردرانـی ئاییـن، (واتـە: ئیسـلام) کۆتـا نوسـخەی پەیامـی خـوا بـۆ مرۆڤایەتیـی، دەخەینـەڕوو.

تەوەری یەکەم: پێناسەی ئایین: ئایین چییە؟

بڕگەی یەکەم لەڕووی زمان و زاراوەییەوە:

یەك: لە ڕووی زمانەوانییەوە: ئەگەر تەماشای فەرهەنگەکانی زمان بکەین، دەبینین: هەر کام لە **(إبن منظور)**، لە (لسان العرب: ج٤، ص٤٥٨ - ٤٦٢)دا، هەروەها **(الزمخشري)** لە کتێبی **(أساس البلاغة: ص٢٠٠)**داو، **(راغب الأصفهاني)**، لە کتێبی **(مفردات الألفاظ القرآن: ص١٧٧)**داو، **(الرازي)**، لە کتێبی **(مختار الصحاح: ٢١٨)**دا، هەروەها **(فيروز آبادي)** لە کتێبە ناودارەکەی خۆی **(القاموس المحيط: ج٦، ص٢٧٠ - ٢٢٧)**داو، کتێبی **(المنجد: ص٢٣١)**، هەروەها فەرهەنگەکانی دیکەش، هەموویان ئەوەی ئێستا دەیڵێم، دووبارەی دەکەنەوە:

وشەی **(دين)** لە ئەصڵی زماندا:

أ- بە مانای سزاو پاداشت دێ.

ب- بە مانای ملکەچکردن دێ، بۆ وێنە: **(ابن منظور)**، دەڵێ: **(الدِّينُ: الجَزَاءُ وَالمُكَافَأَةُ، وَدِنْتُهُ بِفِعْلِهِ دِيْناً: جَزَيْتُهُ، وَمِنْهُ الدَّيَّانُ فِي صِفَةِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَالدِّينُ: الحِسَابُ، وَالدِّينُ: الطَّاعَةُ، دِنْتُهُ وَدِنْتُ لَهُ: أَطَعْتُ لَهُ، وَالجَمْعُ الأَديَان، يُقَالُ دَانَ بِكَذَا دِيَانَةً وَتَدَّين، بِهِ فَهُوَ دَيِّن وَمُتَدَيِّنٌ)**.

واتـە: دیـن بـە مانـای سـزاو پاداشـتە، بەرانبـەر دانەوەیـە، بەهـۆی کردەوەکەیـەوە سـزام دا، یـان پاداشـتم دایـەوە، **(الدَّيَّان)**یـش سـیفەتی خوایـە عزوجل (کەسـێکە سـزاو پاداشـتی خەڵـك دەداتـەوە) هەروەهـا **(دیـن)** بـە مانـای لێپرسـینەوەش دێ و، بـە مانـای فەرمانبەرییـش دێ، **(دِنْتُهُ وَدِنْـتُ لَـهُ)**: هەردووکیـان بـە مانـای فەرمانبەرییـم بـۆ کـرد، **(دیـن)** بـە **(أدیـان)**، کۆدەکرێتـەوە، دەگوتـرێ: **(دَانَ بِكَـذَا دِيَانَـةً وَتَدَّيـن بِـهِ، فَهُـوَ دَيِّـن وَمُتَدَيِّـنٌ)**، واتـە: پابەنـد بـوو بـەو بەرنامـەوەو بـۆی ملکـەچ بـوو، ئـەو **(دَيِّـن و متديِّـن)**ە، واتـە: بـۆی ملکەچـە.

هـەر هەمـان قسـە زانایانـی دیکـەش کـە نـاوم هێنـان، دووبـارەی دەکەنـەوە، واتـە: وشـەی **(دیـن)** لـە ئەصڵـی زمانـدا بـە دوو واتایـە، یەکـەم: سـزاو پاداشـت، دووەم: فەرمانبەریـی و گەردنکەچیـی.

بـەڵام دوایـی خـوا ﷻ کـە لـە قورئانـدا کـە وشـەی (دیـن)ی بەکارهێنـاوە، چەمـك و واتایەکـی فراوانـتری پێـداوە، ئەویـش ئەوەیـە کـە وێـڕای سـزاو پاداشـت و فەرمانبەریـی و گەردنکەچیـی، نـاو بـێ بـۆ ئـەو بەرنامەیـەش کـە خـوا بـە پێغەمبـەری کۆتایـی خۆیـدا ناردوویەتـی، وەك دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴿١٩﴾ ﴾**آل عمـران**، واتـە: ئاییـن لـە لای خـوا تەنیا ئیسـلامە، واتـە: ئایینێـك کە خـوا پەسـندی بـکات و ڕازی بـێ مرۆڤـەکان شـوێنی بکـەون، لـە ڕوانگـەی قورئانـەوە، کەواتـە: کـە خـوا وشـەی دینـی بەکارهێنـاوە بـە سـێ واتایـان بـەکاری هێنـاوە:

یەك: سزاو پاداشت.

دوو: گەردنکەچیی.

سێ: بەرنامەی ژیان.

یەکەم: بۆ مانای یەکەمیان (سزاو پاداشت):

أ- خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ ﴿٥﴾ وَإِنَّ ٱلدِّينَ لَوَٰقِعٌ ﴿٦﴾ ﴾**الذاريات**، واتە: بێگومان ئەوەی گفتتان پێدراوە (ڕاستەو دوو دڵیی تێدا نیەوە) سزاو پاداشتیش دێتە دی.

ب- هەروەها خوا فەرموویەتی: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ ﴾**الفاتحة**، واتە: (خوا) خاوەنی ڕۆژی سزاو پاداشتە.

ج- هەرەها دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا نُزُلُهُمۡ يَوۡمَ ٱلدِّينِ ٥٦ ﴾**الواقعة**، واتە: ئەمە میواندارییانە لە ڕۆژی سزاو پاداشتدا.

دووەم: بۆ مانای دووەمیان (گەردنکەچیی):

أ- خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣٩ ﴾**الأنفال**، واتە: لە دژی بێبڕوایەکان بجەنگن تاکو فیتنە نامێنێ و ملکەچیی هەمووی بۆ خوا دەبێ، ئنجا ئەگەر دەستیان هەڵگرت، بێگومان خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، لێرەدا وشەی (**الدِّين**) لە ڕستەی: ﴿ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴾دا، بە مانای ئایین و بەرنامەی خوا نیەو، بە مانای ملکەچیی و تەسلیم بوونە،

ب- دیسان لە سوورەتی (**النحل**)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ ٥٢ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویی دایە هی ئەوەو، ملکەچیی بەردەوام و حەتمییش تەنیا بۆوی (خوا)یە.

ج- هەروەها خوا فەرموویەتی: ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ ٣ ﴾الزمر، ئاگاداربن! گەردنکەچیی و پەرستنی بێ خەوش تەنیا بۆ خوایە.

سێیەم: بۆ مانای سێیەمیان (بەرنامەو پەیڕەو):

أ- خوا دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٤٠ ﴾**یوسف**، واتە: فەرمانڕەوایەتیی بەس هی خوایە، فەرمانی کردوە جگە لەوی نەپەرستن، ئەوەیە بەرنامەی ڕاست و تەواو، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

ب- هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ كِدۡنَا لِيُوسُفَۖ مَا كَانَ لِيَأۡخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلۡمَلِكِ ٧٦ ﴾**یوسف**، واتە: ئاوا تەگبیرمان بۆ یوسوف عليه السلام کرد، چونکە بۆی نەبوو بە

پێی ئایین و بەرنامەی حوکمڕان (ی ئەوکاتەی میسر) برایەکەی (بنیامین) لەلای خۆی گلداتەوە، بۆیە ئەوانی سەرپشککرد ئایا سزایەکەی چی بێ؟ خۆیان گوتیان: سزایەکەی ئەوەیە هەر کەسێك دزیی کردبێ، لە بەرانبەر دزییەکەیدا، با ببێتە بارمتە لەلای تۆ.

ج- هەروەها لە ئایەتی کۆتایی سوورەتی **(الکافرون)**دا: ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾ واتە: بەرنامەی خوتان بۆ خۆتان و، بەرنامەی خۆم بۆ خۆم.

شایانی باسە: وشەی **(الدین)**، بە هەموو ڕێژگەکانیەوە نەوەدو حەوت **(٩٧)** جار لە قورئاندا هاتوە، بیست **(٢٠)** جار بە مانای سزاو پاداشت و حەفتاوحەوت **(٧٧)** جاریش بە مانای بەرنامەو پەیڕەو یان گەردنکەچیی و فەرمانبەریی، لەو **(٧٧)** جارەش، جگە لە چەند جارێکی کەم کە بە ژمارەی پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، ئەگەرنا هەر بە مانای بەرنامەو پەیڕەوی ژیان بەکارهێنراوە، ئنجا ئەوبەرنامەو پەیڕەوە، چ هی خوا عزوجل بێ، یان هی جگە لە خوا بێ.

دوو: لەڕووی زاراوەییەوە

أ- **(راغب الأصفهاني)**، دەڵێ: (**الدِّينُ يُقَالُ: لِلطَّاعَةِ وَالجَزَاءِ، واسْتُعِيرَ لِلشرِيْعَة**)[1]، واتە، دین بە مانای فەرمانبەریی و سزاو پاداشت دێ و، خوازراویشەتەوە بۆ شەریعەت (کە خوا دایبەزاندوە).

ب- **(الجرجاني)** لە **(التعريفات)**دا گوتوویەتی:

(**الدِّينُ: وَضْعٌ إِلَهِيٌّ يدعو أَصْحَاب العُقُولِ إلى القُبُولِ عن الرَّسُول**[2] ﷺ)، واتە: ئایین بەرنامەیەکی خواییە، خاوەن عەقلان بانگ دەکات بۆ وەرگرتنی ئەوەی لەلای پێغەمبەرە ﷺ.

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن: ص١٧٧

(٢) التعريف ج٢. ص٤٧

هەروەها وشەی (**إسلام**)یش کە وشەی دووەمە، وەك زاراوەیەکی باو (**مصطلح عُرفي**) هەر بە مانای ئەوە بەرنامەیە دێ کە خوا دایبەزاندوە بۆ موحەممەد ﷺ.

بەڵام ئیسلام لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای ملکەچییە:

أ- (**فيروز آبادي**)، لە (**القاموس المحيط: ج٤، ص١٣١**)دا، دەڵێ: (**أَسْلَمَ أي: انقَادَ وَصَارَ مُسْلِمَاً**)، ملکەچ بوو، تەسلیم بوو یان بوو بە مسوڵمان.

ب- (**إبن منظور**)، دەڵێ: (**الإسلام والإستسلام: الإنقياد**)، (**لسان العرب: ج١٢، ص٢٩٣**)، واتە: ئیسلام یانی: ملکەچ بوون.

ج- (**الجرجاني**)، لە (**التعريفات: ص١٠**)دا، دەڵێ: (**الإسلام: هو الخضوع والإنقياد لما أَخْبَرَ به الرسول ﷺ**)، واتە: ئیسلام بریتیە لە گەردنکەچیی بۆ ئەو بەرنامەو پەیامەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن خواوە هەواڵی پێداوە.

کەواتە: گوشراوو کورتەی ئەوەی گوتمان دەتوانین لە حەوت (٧) خاڵدا بە گوشراویی بیخەینەوە ڕوو:

یەکەم: وشەی (**الدین**)، لە ئەصڵدا دوو واتای هەن، سزاو پاداشت، لەگەڵ گەردنکەچیی و فەرمانبەریی.

دووەم: بەڵام قورئان کە وشەی ناوبراوی بەکارهێناوە، وێڕای واتا ئەصڵییەکەی، واتایەکی سێیەمیشی بۆ زیاد کردوە، کە هەردوو واتا پێشووەکەشی تێدان، ئەویش ئەوەیە (دین) بریتیە لە بەرنامەو پەیڕەوی ژیان، چ سەرچاوەکەی خوا ﷻ بێ، کە ئەوە ئایینی هەقە، چ جگە لە خوا بێ.

سێیەم: هەر جارێك ویسترابێ وشەی (دین) بەرنامەی خوا بگەیەنێ، نیشانەو قەیدێکی جوێکەرەوەی خراوەتە سەر، وەك (أَل) (**الدین**)، یان (**دین الله**)، یان (**الدین الحق**)، یان (**الدین القیم**).

چوارەم: وشەی ئیسلامیش لە زماندا دوو واتای هەن: یەکەم: گەردنکەچیی و سەردانەواندن، دووەم: خۆساغکردنەوەو یەکلابوونەوە.

پێنجەم: لە بەکارهێنانی قورئاندا (إسلام) هەردوو واتا ئەسڵییەکەی لەبەرچاو گیراون، بەڵام چەمك و مەبەستەکەیان تەسك کراوەتەوەو، تایبەتکراوە بە بەرنامەی خواوە، واتە: سەردانەواندن و یەکلابوونەوە بۆ بەرنامەی خوا.

شەشەم: ئیسلام ناوە بۆ هەموو ئەو ئایین و بەرنامانەی خوا بە پێغەمبەرانی دا (**علیهم الصلاة وسلام**) ناردوونی، هەرچەندە لە چۆنیەتیی و چەندیەتییشدا لە یەك جیابووبن، بەڵام لە کاکڵ و مەبەستدا یەکبوون، کە بریتی بووە لە: سەردانەواندن و ملکەچبوون بۆ بەرنامەی خواو، یەکلابوونەوە بۆ بەندایەتیی و فەرمانبەریی بۆ خوا.

حەوتەم: ئیسلام ناوی ئایینی هەموو پێغەمبەرانە (**علیهم الصلاة والسلام**)، بەڵام دوایی لە ڕێی عورفەوە، وەك ناوێکی تایبەت دابڕاوە بەسەر کۆتا بەرنامەی خوادا، کە بە پێغەمبەری خاتەم دا ﷺ ناردوویەتی.

بڕگەی دووەم: نیشانەو درووشمە سەرەکییەکانی ئایین:

کە حەوت درووشم و نیشانەن

١)- بەرنامەی ژیان بەس لەلایەن خواوە دادەنرێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾ **آل عمران**، واتە: ئایا جگە لە بەرنامەی خوا دەخوازن، لە حاڵێکدا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، بە پێخۆشبوون و پێناخۆشبوونەوە بۆ خوا ملکەچن و، هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە؟ کەواتە: بەرنامەی ژیان دەبێ تەنیا خوا ﷻ داینێ، چونکە هەموو بوون و گەردوون بۆ خوا ملکەچە.

٢)- بەرنامەی ژیانی مرۆڤ لەلای خوا ﷻ، بەس ئیسلامە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴿١٩﴾﴾ **آل عمران**، واتە: بەرنامە لەلای خوا تەنیا ئیسلامە،

واتە: ئەو بەرنامەیەی خوا ڕازی دەبێ مرۆڤ شوێنی بکەوێ، تەنیا بریتیە لەوەی بۆ پێغەمبەری کۆتایی ناردوە، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾آل عمران، واتە: هەر کەسێك جگە لە ئیسلام بەرنامەو ئایینێکی دیکە بخوازێ، لێی وەرناگیرێ و لە دواڕۆژدا لە زیانبارانە.

٣)- کاکڵ و نێوەڕۆکی بەرنامەی هەموو پێغەمبەران (**عليهم الصلاة والسلام**)، یەکە، ئەوەش لە قورئان دا زۆر بەڕوونیی هاتوە، بۆ وێنە: خوا دەفەرموێ: ﴿ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ﴿١٣﴾ ﴾**الشورى**، واتە: خوا لە ئایین و بەرنامەی خۆی بەرنامەیەکی بۆ داناون، هەمان بەرنامە کە نووحی ﷺ پێ ڕاسپارد بوو، هەروەها ئەوەی بۆ لای تۆمان سرووشکردوەو، ئەوەی ئیبراهیم و مووسا و عیسامان پێ ڕاسپاردبوون، کە ئایین و بەرنامە (ی خوا) بەرپابکەن و تێیدا پەرتەوازە مەبن.

کەواتە: بەرنامەی هەموو پێغەمبەران کە ئەو پێنجە سەرەکییەکانیانن، لە نێوەڕۆك دا یەکە، فەرمایشتێکی پێغەمبەریش ﷺ زۆرجوان تەعبیر لەو ڕاستییە دەکات، کە دەفەرموێ: {**إِنَّ مَثَلِي وَمَثَلِ الأنبياء مِنْ قَبْلِي، كَمَثَلِ رَجُلٍ بَنَى بَيْتًا، فَأَحْسَنَهُ وَأَجْمَلَهُ، إلاَّ مَوْضِعَ لَبِنَةٍ مِنْ زَاوِيَةٍ، فَجَعَلَ النَّاسُ يَطُوفُونَ بِهِ، ويَعْجَبُونَ لَه، وَيَقُولُونَ: هَلَّا وُضِعَتْ هَذِهِ اللَّبِنَة؟ قَالَ: فَأَنَا اللَّبِنَةُ، وَأَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ**} (**أخرجه البخاري: ٦٨٥٤، ومسلم:٦١٠٠**).

واتە: وێنەی من و وێنەی پێغەمبەرانی پێش من، وەك پیاوێکە کۆشکێکی دروستکردوە، چاکی کردوەو جوانی کردوە، جگە لە شوێنی خشتێك لە گۆشەیەکیدا، خەڵك بە دەوریدا هاتوون و چوون و پێی سەرسام بوون و گوتوویانە: بریا ئەم خشتەش دانرابایە، فەرمووی: من خشتەکەم و من کۆتایی پێغەمبەرانم.

٤- بەرنامەی خوا بەسەر هەموو بەرنامەیەکدا زاڵە، وەك دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ

ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴿٣٣﴾ التوبة، واتە: خوا ئەو زاتەیە ڕەوانەکراوی خۆی بە ڕێنمایی و ئایین و بەرنامەی هەقەوە ناردوە، تاکو بەسەر هەموو بەرنامەکاندا سەری بخات و زاڵی بکات، هەرچەندە هاوبەشدانەران پێشیان ناخۆش بێ.

بێگومـان ئاییـن و بەرنامـەی خـوا لـە ڕووی بەڵگـەوە هەمیشـە زاڵـەو، لـە دنیـای واقیـع و کاتــی بەرەنگاربوونەوەشــدا، ئەگــەر شــوێنکەوتووانی بەڕاســتیی پێــوەی پابەنــد بــن، وەك مێــژوو ســەلماندوویەتی، بێگومــان زاڵ دەبــن بەســەر نەیارانــدا.

٥)- بەرنامەی خوا لەسەر بنچینەی تێگەیشتن وەردەگیرێ:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ ﴿١٢٢﴾ التوبة، واتە: بۆچی لە هەر کۆمەڵێك لە بڕواداران دەستەیەك بە دوای زانیارییدا ناڕۆنە دەرێ، بۆ ئەوەی لە بەرنامەی خوا شارەزا بن و، کە گەڕانەوە لای گەلەکەیان ئاگاداریان بکەنەوەو، بەڵکو وریا بن و بترسێن.

کەواتــە: ئاییــن و بەرنامــەی خــوا، لەســەر بناغــەی تێگەشــتن و ورد تێگەیشــتن وەردەگیــرێ.

هەروەهــا خــوا ﷻ بــە پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ دەفەرمــوێ: ﴿قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ یوسف، واتــە: بڵــێ ئەمەیــە ڕێبــازی مــن، لەبــەر ڕۆشــناییدا خــۆم و ئەوانــەی شــوێنم کەوتــوون، بــەرەو لای خــوا بانگــەواز دەکەیــن و، پاکیــی بــۆ خــوا مــن لــە هابــەش بــۆ خــوا دانــەران نیــم.

٦)- بەرنامەی خوا نە بۆ خۆی سەغڵەت دەبێ و، نەهیچ کەسیش سەغڵەت دەکات:

خوا ﷻ بەرنامەی خۆی ناردوە کە بۆ خۆی سەغڵەت نابێ لەبەردەم مرۆڤ و چارەسەری کێشەو گرفتەکانیدا، وەك دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي

ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ ﴿٧٨﴾ الحج، واتە: ئەو (خوا ﷻ) ئێوەی هەڵبژاردوەو لە بەرنامەکەیدا شتێکی وای لەسەر دانەناون پێی سەغڵەت بن.

واتـە: خـوا ﷻ کارێکـی وای نەکـردوە کـە بـە هـۆی شـوێنکەوتنی بەرنامەکەیـەوە، سـەغڵەت بـن و هەسـت بـە نارەحەتیـی بکـەن.

سەغڵەت نەبوونی مرۆڤ بەهۆی بەرنامەی خواوەش، لەبەر چەند هۆکارێکە:

١- بەرنامەی خوا واقیع بینانە، سەرنجی مرۆڤ دەداو، هەموو داخوازییەکانی و پێکهاتەکانی دەبینێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴿١٤﴾ ﴾آل عمران. واتە: خۆشویشتنی ئارەزووەکان بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە لە ئافرەتان و کوڕان و زێڕو زیوی کە ڵەکەکراوو ئەسپانی نیشانەدارکراوو ئاژەڵان و کشت وکاڵ ئەوەش بەهرەوەرگرتنی ژیانی دنیایە...

٢- بەرنامەی خوا زیاد لە توانا لەسەر کەس پێویست ناکات، ئەمەش لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ﴿٢٨٦﴾ ﴾، واتە: خوا ئەرك ناخاتە سەرهیچ کەس لە توانای خۆی بەدەر.

٣- هەموو کات و هەمیشە دەرگای تەوبەو پاکبوونەوە لەسەر پشتە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٖ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: بێگومان تەوبە وەرگرتن لەسەر خوا بەس تایبەتە بەوانەوەی بە نەزانیی خراپە دەکەن، دوایی زوو دەگەڕێنەوە، ئەوانە خوا لێیان خۆش دەبێ و خوا زانای کاربەجێیە.

ئنجـا مـادام دەرگای گەڕانـەوە بـۆ لای خوا هەمیشـە لەسـەر پشـتە، کەواتـە: مرۆڤ هەمیشـە دەرفەتـی هەیـە بگەڕێتـەوە بـۆ لای خـواو، خـۆی لـە چڵـك و چەپـەری ئـەو گوناهانـەی کردوونـی، پـاك بکاتەوە.

سەغڵەت نەبوونی بەرنامەی خواش لە ئاقار ژیانی ئینساندا، بەهۆی شەش هۆکارەوەیە:

١- هەرچی بەرنامەی خوا فەرمانی پێکردوە، زگماک و ژیریی ساغیش پەسندی دەکات، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ ﴿١٥٧﴾ ﴾**الأعراف**، واتە: فەرمانیان پێدەکات بە هەرچی پەسندە، واتە: هەرچی عەقڵ پێی ئاشنایەو پەسندی دەکات، شەریعەتیش هەربەوە فەرمانیان پێدەکات.

٢- هەرچی بەرنامەی خوا پێشگیریی لێ دەکات و ڕێی لێ دەگرێ، زگماک و ژیریی ساغیش بەهەمان شێوە فرێی دەدا: ﴿ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ﴿١٥٧﴾ ﴾**الأعراف**، واتە: هەرچی خراپەو ناپەسندە، لێیان قەدەغە دەکات.

ئنجا ئاینێك هەرچی زگماك و چاك بێ پەسندی بكات و، هەرچی خراپ بێ ڕێی لێ بگرێ، كەواتە: هەرگیز سەغڵەت نابێ لە بەردەم ڕێكخستنی ژیانی مرۆڤ و، هیدایەتی تاك و، ڕێكخستنی ژیانی كۆمەڵگاكەیدا، لێرەدا خشتەیەكم هێناوە، لە دە (١٠) لە چاكەكان و، دە (١٠) لە خراپەكان پێكهاتوە:

چاكەكان	خراپەكان
١- خوا بەیەكگرتن	١- هاوبەش پەرستن
٢- دادگەریی	٢- ستەم و زوڵم
٣- چاكەكاریی	٣- خراپەكاریی
٤- زانایی	٤- نەزانیی
٥- ئیخلاص	٥- ڕیاكاریی
٦- تێكۆشان لە ڕێی خوادا	٦- ترسان لە جەنگ و تێكۆشان
٧- تێگەیشتن و شارەزابوون لە ئایین	٧- كەودەنیی و نەشارەزایی لە ئایین

٨- ماڵ و سامان بەخشین لە ڕێی خوادا ٨- چرووکیی و ڕژدیی و نەبەخشین

٩- خۆڕازاندنەوە بە خەسڵەتە بەرزەکان ٩- خۆشاردنەوە لەژێر چڵکی خەسڵەتە بەدەکاندا

١٠- پاکسازیی و چاکسازیی کردن لە وڵاتدا ١٠- تێکدان و خراپەکاریی لە وڵاتدا.

٣- هەرچی بەرنامەی خوا حەڵاڵی کردوە، هەمووی بەچێژو سوود بەخشە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ ١٥٧﴾ **الأعراف**، (**طيبات**)، کۆی (**طيبة**)یەو هەر شتێکە هەستەوەرەکانی مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرن و سوودو کەڵکی هەیە بۆ مرۆڤ.

٤- بەرنامەی خوا هەرچی خراپەو زیانبەخشە قەدەغەی کردوە، خوا دەفەرموێ: ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ١٥٧﴾ **الأعراف**، هەرچی پیس و زیانبەخشە لێیان قەدەغە دەکات، (**خبائث**)، کۆی (**خبيثة**)یە، کە لە بنەڕەتی زمان و زاراوەی قورئاندا بە هەر شتێك دەگوترێ، نزم و بەد و زیانبەخش و چارە نەویستراو بێ، چ بەرهەست بێ و، چ مەعنەویی بێ.

٥- لە بەرنامەی خوادا بنچینەی گشتیی لە شتەکاندا، بریتیە لە حەڵاڵیی، وەك خوا دەفەرموێ:

أ- ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗ ٢٠﴾ **لقمان**، واتە: ئایا نابینن خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوییدایە بۆ ڕام کردوون و، نیعمەتە ئاشکراو پەنهانەکانی خۆی بەسەردا ڕشتوون.

ب- هەروەها دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ٢٩﴾ **البقرة**، خوا ئەو زاتەیە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی خوڵقاندە.

ج- پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: {**الْحَلاَلُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ، وَالْحَرَامُ مَا حَرَّمَ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ، وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ مِمَّا عَفَا عَنْهُ**} (**أخرجه الترمذي: ١٧٢٦، وابن ماجه: ٣٣٦٧، والحاكم: ٧١١٥**).

واتـە: حـەڵاڵ ئەوەیـە خـوا لـە کتێبەکەیـدا حەڵاڵـی کـردووەو، حـەڕام ئەوەیـە خـوا لـە کتێبەکەیـدا حەڕامـی کـردووەو، هـەر شـتێك لێـی بێدەنـگ بـووە، لـەو شـتانەیە بـۆ ئێـوە وازی لێـی هێنـاوەو لێـی گـەڕاوە.

٦- بەرنامەی خوا بریتیە لە چەند بنچینەیەکی گشتیی نەگۆڕو، چەند یاسایەکی فراوان و لێککێشراوە لە بواری حەڵاڵ و حەڕام و چاکەو خراپەکاندا، ئنجا ئەو بەرنامە فراوانە و گشتگیرە دەقەکانی زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن، هەرگیز لە بەردەم چارەسەری هیچ کێشەو گرفتێکی بەشەردا دەستەو ئەژنۆ دانانیشێ و دانامێنێ.

٧- جاری وا هەیە بەرنامەی خوا دەکرێتە ئامرازی یاریی و شمەکی بازرگانیی.

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ۚ فَٱلْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوْمِهِمْ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ **الأعراف**، واتە: ئەوانەی ئایینەکەیانیان کردۆتە هۆی کات پێ بەسەر بردن و یاریی و، ژیانی دنیا فریوی داون، ئەمڕۆش ئێمە لەبیریان دەکەین، وەك چۆن ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لە بیرچوو بوو، هەروەها بەهۆی ئەوەوەکە نکوولّییان لە ئایەتەکانمان دەکرد.

هەڵبەتـە کاتێـك ئایینـی خـوا دەکرێتـە ئامـرازی یاریـی و بازرگانیـی و، مامەڵـەی پێـوە دەکـرێ، ئـەو کاتـە هـەر کەسێك عەقـڵ و ئینسـافی هەبـێ، نابـێ ئـەو گلەییـە ئاڕاسـتەی بەرنامـەو ئایینـی خـوا بـکات، چونکـە بێگومـان ئـەوە خەتای ئەو کەسـانەیە کـە بازرگانیـی پێدەکـەن و کردوویانـە بـە ئامـرازی یاریـی، نـەك خـودی ئیسـلام!

بڕگەی سێیەم: پێنج ڕاستیی گەورەو گرنگ لە بارەی ئیسلامەوە:

ڕاستیی یەکەم: ئایینی ئیسلام بە تۆبزیی بەسەر کەسدا ناسەپێنرێ.

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشْدُ مِنَ ٱلْغَىِّ ﴿٢٥٦﴾ ﴾ **البقــرة**، تۆبزییکـردن لـە ئاییـن دا (لـە سـەپاندنی ئاییـن دا) نیـە، بەدڵنیایـی سـەر ڕاسـتیی و بێمرادیـی لێـك جیابوونـەوە.

ڕاستیی دووەم: ئایین دژی پەرتەوازەیی و تاقم تاقمێنەیە.

وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴿١٥٩﴾﴾ الأنعام، واتـە: بێگومـان ئەوانـەی (بەهۆی تاقـم تاقمێنـەوە) ئاینەکەیانیان پارچـە پارچـە کـردوە، تـۆ هیـچ شـتێکت لەگـەڵ وان نیـە، واتـە: ئەوانـە شـوێنکەوتەی تـۆ نیـن ئـەی موحەممـەد ﷺ! لەگـەڵ تـۆدا هیـچ پەیوەندییەکیـان نیـە، هەمیشـە ئایینـی خـوا بـۆ یەکڕیزکـردن و یەکڕەنگکردنـی خەڵـك هاتـوە، بۆیـە دژی پەرتەوازەیی و بـەش بەشـیی و شـیرو تیـر لەیەکـدی سـوین و سـەنگەر لەیەکـدی گرتنـە، کـە بـە داخـەوە ئـەوەش حاڵەتـی ئێسـتای زۆرێکـی زۆر لـە مسـوڵمانانە، لـە ئەنجامـی دوورکەوتنەوەیانـەوە لـە ئایینەکەیـان.

ڕاستیی سێیەم: بەرنامەی خوا بە غەریبی هاتوەو بە غەریبییش دەگەڕێتەوە.

وەك پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتـی: {إِنَّ الإِسْـلاَمَ بَـدَأَ غَرِيْبَـاً وَسَـيَعُودُ غَرِيْبَـاً كَـمَا بَدَأَ} (أخرجـه مسـلم:٣٩٠)، واتـە: بێگومـان ئاییـن بـە غەریبیـی سـەری هەڵـداوەو، هـەروەك چـۆن بـە غەریبیـی هاتـوە، کـە دەشـگەڕێتەوە (بـۆ مەیدانـی ژیـان) هـەر بـە غەریبیـی دەگەڕێتـەوە.

ئـەم فەرموودەیـە بۆیـە هێناومـە، زیاتـر لەبـەر ئـەو چەمکـە هەڵەیـەی خەڵکێکـی زۆر لـەو فەرموودەیەیـان وەرگرتـوەو وەریدەگـرن، پێیـان وایـە ئاییـن بـە غەریبیـی دەمرێتـەوە، بـەڵام حەدیسـەکە دەفەرمـوێ: (وَسَـيَعُودُ غَرِيْبَاً كَـمَا بَدَأَ)، کەواتـە: وەك چـۆن دەسـتپێکەکەی بـۆ هاتنـە نێـو مەیـدان بـوو، گەڕانەوەکەشـی بـۆ هاتنـەوە نێـو مەیدانـی ژیانـە.

ڕاسـتیی چـوارەم: ئـەو کۆمەڵەیـەی بەرنامـەی خوایـان پـێ بەڕێـوە دەچـێ، ڕازاوەن بـە خەسـڵەتە بـەرزو پەسـندەکان.

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ

لَآيِمٍ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ ﴾**المائدة**، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کەسـێك لـە ئێـوە، لـە ئایینەکـەی هەڵگەڕێتـەوە، خـوا کۆمەڵێك دێنـێ (بـۆ ژیانـەوەو گێڕانـەوەی بەرنامەکـەی) خۆشـیدەوێن و خۆشـیاندەوێ و، لەگـەڵ بـڕواداران نـەرم و نیـان و میهرەبانـن و، لەسـەر کافـران ڕەق و بـە دەمـارن و، لەڕێـی خـوادا تێدەکۆشـن و، لـە گلەیـی و لۆمـەی هیـچ لۆمەکەرێـك ناترسـێن، ئـەوەش بەخششـی خوایـە دەیـدات بـە هـەر کەسـێك حـەز بـکات و، خـواش (خاوەن دەسـتەڵاتی) فـراوان (ە) و زانایـە.

ڕاسـتیی پێنجـەم: بـۆ هێنانـەوەی ئیسـلام بۆکایـەکانی ژیـان و گـوزەران چـۆن و لـە کوێـوە دەسـت پێبکەیـن؟

بێگومـان ئـەو پرسـیارە کـە: ئێمـە بـۆ دینداریـی ڕێـك و ڕاسـت و، بـۆ هێنانـەوەی ئیسـلام بـۆ کایەکانـی ژیـان، لـە کوێـوە دەسـت پێبکەیـن؟ وەڵامەکـەی هـەر ئەوەیـە دەبـێ هـەر لـەو شـوێنەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەسـتی پێکـردوەو، ئـەو چـی کـردوە، ئێمـەش وابکەیـن.

چونکـە خوا دەفەرمـوێ: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾**الأحـزاب**، بـە دڵنیایـی لـە پێغەمبـەری خـوادا ﷺ سـەر مەشـقیی و پێشـڕەوییەکی چـاك هەیـە بـۆ ئێـوە، بـۆ هـەر کەسـێك بەتەمـای پاداشـتی خـواو ڕۆژی دواییـەو، زۆریـش یـادی خـوا دەکات.

کەواتــە: دەبــێ پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ نــەك تەنیــا لــە ئەنجامدانــی پێنــج درووشــمەکاندا، بەڵکــو لــە هەمــوو وردو درشــتی دینداریــی و دنیادارییــدا، بیکەیــن بـە پێشـڕەو و سـەر مەشـقی خۆمـان، ئـەو چـی کـردوەو چۆنـی کـردوە، کاتێـك لەگەڵ کۆمەڵـگای نەفامیـی ڕۆژگاری خۆیـدا ڕووبـەڕوو بۆتـەوە، ئێمـەش بـە هەمـان شـێوە بکەیـن، چونکـە بەداخـەوە کۆمەڵـگا مسـوڵمانەکانی ئـەم ڕۆژگارەش، لـە زۆر ڕووەوە گیـرۆدەی نەفامیـی (**جاهلیـة**)ی خەسـت و خـۆڵ بوونـە.

تەوەری دووەم: ئایین چۆن پەیدابووە؟

لە دوو بڕگەدا ئەم باسە دەخەینە ڕوو، بە کورتیی:

بڕگەی یەکەم: وەڵامی بەرنامەی خوا بۆ پرسیاری: ئایین چۆن پەیدابووە؟

خـوا ﷻ زۆر بـە ڕوونیـی ڕایگەیانـدوە کـە ئاییـن بـەو چەمـك و واتایـەی ئێسـتا بـاوە، واتــە: ئایینێـك کــە خــوا دایبەزانــدوەو ناردوویەتــی و هاتــوەو، لــە خــواوە سـەرچاوەی گرتـوە، وەك پێشـتریش لە سـوورەتی (**الشورى**)دا، هێنامـان: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ﴿١٣﴾﴾، واتــە: لــە ئاییــن بەرنامەیــەکی بــۆ دانــاون، هەمـان شـت کـە نووحـی پـێ ڕاسـپاردبوو، هەروەهـا ئـەوەی بـۆ لای تۆمـان سرووش کـردوە (ئـەی موحەممـەد!)و ئـەوەی ئیبراهیـم و مووسـاو عیسـامان پـێ ڕاسـپاردبوون ... ئەمانــە پێنــج پێغەمبــەرە ســەرەکیی و ناوداره‌کانــی نێــو پێغەمبەرانــن (**علیهـم الصلاة والسـلام**)، کـە هـەم لێـرەدا خـوا هـەر پێنجیانـی پێکـەوە هێنـاون، هـەم لـە سـوورەتی (**الأحزاب**)یشـدا: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۖ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٧﴾﴾.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**النسـاء**)دا، خـوا زۆر بـە ڕوونیـی ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، ئاییـن و بەرنامەیـەك کـە پێغەمبـەران (**علیهـم الصلاة والسلام**) لـە خـواوە هێناویانـە، لـە خـواوە سـەرچاوەی گرتـوەو، حیکمەتەکەیشـیمان بـۆ ڕوون دەکاتەوەو، دەفەرمـوێ:

﴿إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيْمَٰنَ ۚ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَٰهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾، واتــە: سرووش و

پەیامـمان بـۆ لای تـۆ نـارد (ئـەی موحەممـەد ﷺ!) وەك چـۆن پەیامـمان بـۆ لای نـووح و پێغەمبەرانـی دوای وی نـارد، هەروەهـا پەیامـمان بـۆ لای ئیبراهیـم و ئیسـماعیل و ئیسـحاق و یەعقـووب و تیـرەكان (كـە لێـی وەپـاش كەوتبـوون) و، عیسـاو ئەییـووب و یونـوس و هـارۆون و سـولەیمان نـاردو، زەبووریشـمان دا بـە داوودو، پێغەمبەرانێكیشـمان لـە پێـش تـۆدا نـاردوون كـە بۆمـان باسـكردووی و پێغەمبەرانێـك كـە بۆمـان بـاس نەكـردووی و، خـواش فەرمایشـتی لەگـەڵ مووسـادا كـرد بـە فەرمایشـتكردن، ئـەو پێغەمبەرانەمـان نـاردن، مـوژدەدەرو ترسـێنەر بـوون تاكـو لـە دوای هاتنـی پێغەمبـەران، خەڵـك هیـچ بەڵگەیەكیـان نەمێنـێ لەسـەر خـواو، خـواش زاڵـی كاربەجێیـە.

كەواتـە: سـەرچاوەی ئاییـن بـە چەمـك و واتـا خوایـی و ئاسـمانییەكەی، بریتیـە لـە خـوا ﷻ، سـەرەتای پەیدابوونیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای نیشـتەجێ بوونـی ئینسـان لەسـەر زەوی، چونكـە هـەر لـە بـەرە بەیانـی مێـژووەوە، خـوا مرۆڤایەتیـی فەرامـۆش نەكـردوەو لـە تیشـكی ڕێنوێنـی بـێ بەشـی نەكـردوەو، بـە پێغەمبەرانـی دا بەرنامـەی ژیانـی بـۆ نـاردوە.

بڕگـەی دووەم: وەڵامـی ڕێچكـەو بیـردۆزەكان: بـۆ پرسـیاری ئاییـن چـۆن پەیدابـووە؟ لـەو كتێبـەدا كـە ئامـاژەم پێدا، باسـم كـردوەو، پێنج لـەو ڕێچكـەو بیردۆزانـەم هێناون، كـە هـەر كامێكیـان ویسـتوویەتی، بۆمـان تەفسـیر بـكات، ئاییـن چـۆن پەیدابـووە؟ بـەڵام لەبـەر دوو هـۆكاران شـوێنكەوتووانی ئـەو ڕێچكـەو بیردۆزانـە شایسـتەیی ئەوەیـان نیـە، وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەنـەوە: ئایینـی خـوا چـۆن پەیـدا بـووە؟

یەكەم: هیچ كام لەو ڕێچكەو بیردۆزانە، لە ئاقار: چۆنیەتیی پەیدابوونی ئاییندا، هەڵوێستەكەیان لەگەڵ هەڵوێستی ئایین و بەرنامەی خوادا تێكناكاتەوە، چونكە ئەوان بەر لەوەی دەست بە لێكۆڵینەوە و بە ورد بوونەوە بكەن، پەیدابوونی ئایینیان لەو سەرچاوە ئاساییەی لێیەوە هاتوە، كە خوای بەرزو مەزنە، ڕەفز كردوە، واتە: ئەوانە قەناعەت هێنانی پێش بیركردنەوەیان هەبووە.

دووەم: ئەوانە چونکە تەنیا بڕوایان بە دیاردە ماددییەکان هەیە، بێگومان دینیش بنەماو سەرچاوەکەی مەعنەوییەو، لە پشت ماددەوەیەو میتافیزیکە، بۆیە هەر لە ڕێوە ڕێیان لە خۆیان گرتوە، کە بگەنە ئەنجامێکی ڕێك و ڕاست.

بیـردۆزەی یەکـەم: بیـردۆزەی ئابوورییـە، کـە ئەمـە زیاتـر مارکسـییەکان تەبەنییـان کـردوە، بۆیـە مارکـس و ئەنگلـس لـەو بـارەوە لـە کتێبـی (مانیفیسـت)، واتـە: بەیانـی حیزبـی شـیوعیی دا، گوتوویانـە: (مێـژووی هەمـوو ئـەو کۆمەڵگایانـەی تاکـو ئێسـتا پەیدابـوون، بریتیـە لـە مێـژووی دژایەتیـی و ناکۆکیـی چینـەکان) ئـەوان هەمـوو شـتێکیان گەڕاندۆتـەوە بـۆ ناکۆکیـی و دژایەتیـی چینـەکان، کە لـە ئەنجامـی جیاوازیی ئابوورییـدا پەیدابـوون! بـەڵام لـە شـوێنی خـۆی لـە شـەش خـاڵان دا وەڵامێکـی ددان شـکێنی ئـەو بیردۆزەیەمـان داوەتـەوە.

بیـردۆزەی دووەم: بیـردۆزەی ترسـانە، گوایـە مـرۆڤ لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە لـە دیـاردە و دیمەنـە سرووشـتییەکان ترسـاوە، پەنـای بردۆتـە بـەر ئـەوەی بڕوابێنـێ بـە کارسـازێك کـە لـە پشـت ئـەو دیـاردەو دیمەنانەوەیـە! بـەڵام ئێمـە ئەویشـمان لـە شـوێنی خـۆی لـە سـێ خاڵـدا، سـێ وەڵامـمان داونـەوەو پووچەڵـمان کردۆتـەوە.

بیـردۆزەی سـێیەم: بیـردۆزەی نەزانییـە، گوایـە مـرۆڤ هـەر کاتێـك شـتێکی بینیـوەو هۆکارەکـەی نەزانیـوە، بـەوە تەفسـیری کـردوە کـە خـوا لـە پشـتیەوەیەتی! بـەڵام ئێمـە ئـەو بیردۆزەیەشـمان لـە کتێبـی ناوبراودا، لـە چەند خاڵێکـدا پووچەڵـکردۆتەوە.

بیـردۆزەی چـوارەم: بیـردۆزەی جینسـییە، ئەمـەش زیاتـر (فرۆیـد) تەببەنیـی کـردوە، کـە دەڵـێ: هەمـوو دیاردەکانـی ژیانـی مـرۆڤ بەهـۆی غەریـزەی جینسـییەوەن! بـەڵام ئێمـە لـە شـوێنی خـۆی لـە یـازدە (١١) خاڵانـدا بەرپەچـی ئـەو بیردۆزەشـمان داوەتەوە.

بیـردۆزەی پێنجـەم: بریتیـە لـە بیـردۆزەی داخوازییـە دەروونیـی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمـەش زیاتـر دووڕکایـم زانـای کۆمەڵنـاس تەبەنیـی کـردوە، گوایـە: مـرۆڤ بـە هەمـوو شـتێکیەوە: ئاییـن، کلتـوورو فەرهەنـگ، ڕەوشـت، هونـەر کەسـایەتیی ...

وەك چۆن سابوونێك لە قاڵب دەدرێ، ئاوا كۆمەڵگا بەرهەمی دێنێ! بەڵام ئێمە بەرپەچی ئەم بیردۆزەیەشمان داوەتەوە لە سێ خاڵاندا. نەشمویست كاتی زۆر بەبەرپەرپدانەوەی ئەو بیردۆزانەوە بگرین، چونكە مەبەستم زیاتر خستنەڕووی هەڵوێستی نەیارو ناحەزانی ئایین بوو، لە بارەی چۆنیەتیی سەرهەڵدانیەوە.

تەوەری سێیەم: ئایین بۆچی هاتوە؟

هەڵبەتە لە باسەكانی ڕابردوودا، بە تایبەت لە پێناسەی ئایینىدا تارادەیەك ڕوون بۆوە، ئایین بۆچی هاتوە، بەڵام لێرەش بە باشمزانی لە بیست و یەك **(٢١)** خاڵدا، بە كورتیی تیشك بخەینە سەر هۆكارو ئامانجی نێردرانی ئایین:

یەكەم: ئایین بۆیە هاتوە، تاكو مرۆڤ شێوازی ژیان گوزەران و جموجۆڵ و چالاكییەكانی، بە پێی زگماك (**فیطرة**)ی بێ و، لە نێوان جموجۆڵ و چالاكییەكانی و زگماكییدا، دژایەتیی و ناكۆكیی نەبێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ﴿٣٠﴾ ﴾**الروم**، واتە: ڕووی خۆت بەرانبەر بە ئایین ڕێك بكە، بە وازلێهێنەریی لە ناهەق و پووچ و بەرەو هەق گەڕاوەیی، هەمان زگماكە خوا خەڵكی لەسەر سرووشتاندوە، گۆڕین بۆ دروستكراوی خوا نیە، دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ﴿٣٠﴾ ﴾**الروم**، ئا ئەوەش ئایینی ڕێك و ڕاستە.

كەواتە: ئایین و بەرنامەی خواو زگماك (**فطْرة**)ی ساغی مرۆڤ، دوو ڕووی ڕاستییەكن و، لەگەڵ یەك دا پێكەڵپێكن و جووتن.

دووەم: ئایین هاتوە تاكو جووڵەی مرۆڤ لەگەڵ جووڵەی گەردووندا یەك بێت، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ﴿٤٤﴾ ﴾**الإسراء**، واتە: ئاسمانەكان و زەویی و هەر كەسێك كە تێیاندا هەیە، خوا بە پاك دەگرێ و ستایشی دەكات، كەواتە: جووڵەی مرۆڤیش دەبێ لەگەڵ ڕەوتی گەردووندا تێك بكاتەوە.

سێیەم: ئایین بۆیە هاتوە تاكو مرۆڤ تەنیا گەردنكەچیی بۆ خوا بكات و، نەبێتە كۆیلەو خزمەتكاری بت و صەنەم و شەیتان و **طاغووتەكان**، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ

بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾النحل، واتە: لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕەوانە کراوێکمان ناردوە، کە پێیان ڕابگەیەنێ: خواپەرستن و خۆتان لە **طاغووت**، (هەر پەرستراوێ جگە لە خوا) دووربگرن.

چوارەم: بەرنامەی خوا بۆیە هاتوە، ئینسان بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێك و ڕاست بژی، لە هەموو لایەنێکی ژیانیدا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ ﴿٢٧﴾ لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ ﴾**التكوير**، واتە: ئەم قورئانە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان، بۆ هەر کامێك لە ئێوە بیەوێ ڕێك و ڕاست بێ، واتە: بیرو عەقڵی ڕاست بێ و، دڵی ڕاست بێ و، لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ خوادا، ڕاست بێ.

پێنجەم: ئایین بۆ ئەوە نێردراوە کە مرۆڤ بەسەر شەیتاندا زاڵبێ و، ملکەچ و کۆیلەو ژێر دەست و بەردەستی نەبێ، وەك خوا لە سەرزمانی ئیبلیس فەرموویەتی: ﴿ قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾**الحجر**، واتە: (ئیبلیس) گوتی: پەروەردگارم! چونکە منت بێمراد کرد، لە زەویدا - هەرچی گوناهە -بۆیان دەڕازێنمەوەو تێکڕایان بێمرادو سەرگەردان دەکەم، بێجگە لە بەندە ساغەکانت لە نێویان دا.

بەڵێ ئەوانەی بەندەی ساغی خوا بن، شەیتان زەفەریان پێ نابات.

شەشەم: ئایین بۆیە هاتوە، تاکو مرۆڤ بتوانێ لە ژیانیدا خۆشیی لە خۆی ببینێ و، سەربەرزو شادو بەختەوەر بێ و، تۆوی ئارامیی و ئاسوودەیی بە زەوی دڵ و دەروونی وەربێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾النحل، واتە: هەر کەسێك کردەوەی چاك بکات لە نێر یان مێ و بڕواداریش بێ، لە ژیانێکی خۆشدا دەیژیەنین و، بەپێی باشترینی ئەوەی دەیانکرد پاداشتی چاکەکانیان دەدەینەوە.

حەوتەم: ئایینی خوا بۆیە هاتوە، تاکو بەرەی مرۆڤ بکاتە یەکڕیزو، ڕەش و سپیی و سوورو بۆرو، تیرەو گەلانی جۆراو جۆر، لە ژێر سێبەری درووشمی هەرە بەرزی

خۆیدا بحەوێنێتەوەو کۆ بکاتە، کە بریتیە لە: (**لا إله إلا الله، محمَّدٌ رسول الله**)، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٩٢﴾ ﴾**الأنبياء**، ئەم کۆمەڵەی ئێوە یەك کۆمەڵە، منیش پەروەردگارتانم، ئنجا تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن.

هەشتەم: ئایین بۆیە هاتوە کە مرۆڤەکان لە دووبەرەکیی و پرژوبڵاویی و بێسەروبەریی، یەکدیی بوغزاندن و یەکدی گەوزاندن، قوتار بکات و بیانکاتە برای یەك و، دەستیان پێ لە گەردنی یەکدی بکات، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا ﴿١٠٣﴾ ﴾**آل عمران**.

نۆیەم: ئایین بۆیە هاتوە، تاکو مرۆڤەکان بتوانن بە دادگەرانە بژین و بەرێوەبچن و، بەپێی بۆ لوان، وەك یەك و یەکسان بن و، هەموویان بە بێ جیاوازیی لە هەل و مەرجەکانی ژیاندا بەشداربن و، لە نیعمەتەکانی خوا بەهرەمەند بن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ ﴿٢٥﴾ ﴾الحديد.

دەیەم: بەرنامەی خوا بۆیە هاتوە، تاکو لە خەڵکی بگەیەنێ: نەپلەو پایە، نەسامان و دارایی، نە رەگەزو رەچەڵەك، نەرەنگ، نەزمان، نەبنەماڵە، نە هیچ شتێکی دیکەی لەو بابەتانە، تەرازووی هەڵسەنگاندن و سەنگی مەحەك نین، بۆ نرخاندنی بەندەکانە بەڵکو تەرازوو و پێوەر تەنیا پارێزکارییە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴿١٣﴾ ﴾**الحجرات**.

یازدەیەم: ئایین بۆیە هاتوە، کە مافە رەواو سرووشتییەکانی گەلان دابین بکات و، چارەنووس و قەوارەیان بپارێزێ و، هەر کەسە لە نشتیمان و خاك و زێدو ئاوی خۆیدا، ئازاد و سەربەخۆ بێ و، لە دەستدرێژیی بۆ سەر کران و، هەڵکوتانە سەر، پارێزراو بێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ ﴿١٣﴾ ﴾**الحجرات**، واتە: ئێوەمان گێڕاوە بە چەند نەتەوەو هۆزێك تاکو پێك ئاشنابن، یەکدی بناسن و پێکەوە هاوکاربن.

دوازدەیەم: ئایین بۆیە هاتوە کە باری کەوتووی چەوسێنراوان ڕاست بکاتەوەو، ڕەنجی دزراوو مافی خوراویان بۆ وەستێنێ و، تۆڵەیان بۆ لە **طاغووتان** وەکا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ ﴿٧٥﴾﴾النساء، واتە: بۆچی لە پێناوی خواو (ڕزگاریی) چەوساواندا ناجەنگن؟ کەواتە: ئەوانەی هەوڵدەدەن بۆ ڕزگارکردنی چەوساوان، وێڕای جوامێریی نواندن و ئازایەتیی و خەباتی ڕزگارییخوازیی، هاوکات کارێکیشیان کردوە خوای پەروەردگار لێیان ڕازی بێ.

سێزدەیەم: ئایین بۆیە هاتوە، تاکو کۆشك و تەلار و بارەگای ستەمکاریی بڕووخێنێ و چەوسێنەرو زۆردارانی، خوا بە پەروەردگارزان و خۆبەزلگر بڕەتێنێ و، بنج و ڕیشەی چینایەتیی لە بیخەوە دەربێنێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾﴾الزخرف، واتە: هەر بەم شێوەیە (ئەی موحەممەد ﷺ!) لە پێش تۆدا لە هیچ ئاوەدانییەکدا هیچ ترسێنەرێك و ورياکەرەوەیەکمان نەناردوە، مەگەر خۆشگوزەرانانی ئەو ئاوەدانییە گوتوویانە: ئێمە باب و باپیرانمان لەسەر ڕێیەك لێ هەڵکەوتوون و هەر لەسەر شوێنەوارانی و وانیشین و لە سەر ئەو ڕێیەش دەڕۆین.

هەمیشە ئەوانەی پارێزگاریی دەکەن لە ئایینی تێکدراوو پڕ لە ئەفسانە کراو، ئەو چینەن کە بەرژەوەندییان لەوە دایە واقیعی کۆمەڵگا چۆنە، بەو شێوەیە بمێنێتەوە، تاکو ئەوان بەزم و بازاڕی خۆیان لێ تێکنەچێ.

چواردەیەم: ئایین بۆیە هاتوە، تاکو ئینسان بتوانێ لە چەنگ چەنگاڵی نەفس و ئارەزووەکانی ڕزگاری بێ، جڵەوی نەفسی هارو سەرکێشی بکەوێتە دەست عەقڵ و هۆشی، نەك بە پێچەوانەوە، وەك خوای تاك و پاك فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾﴾النازعات، واتە: بەڵام کەسێك لە ڕاوەستانی بەر بارەگای پەروەردگاری بترسێ (لە ڕۆژی دواییدا)و جڵەوگیریی نەفسی بکات لە ئارەزووە (ناڕەوایە)کانی ئەو کەسە جێگاو ڕێگای بەهەشتە.

پازدەیەم: ئایین بۆ ئەوە هاتوە، ڕەوشت و خووی بەرزو پەسند و لایەنی مەعنەویی و فریشتەیی ئینسان، گەشە پێ بکات و پەرە بستێنێ و، خوو خدەی بەدی شەیتانیی و ڕەفتاریی دزێوی ئاژەڵیی، ڕیشەکێش بکرێ و نەمێنێ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەوە دەفەرموێ: {**إِنَّمَا بُعِثْتُ لأُتَمِّمَ مَكَارِمَ الأَخْلاَقِ**}، (**أخرجه الحاكم: ٤٢٢١، وقال: صحيح على شرط مسلم**). واتە: تەنیا بۆ تەواوکردنی ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکان نێردراوم.

هەروەها دایکمان خاتوون عایشە وەك لە (صحیح مسلم)[١]دا هاتوە، گوتوویەتی: {**كَانَ خُلُق النَّبيّ الله ﷺ القُرْآن**}، واتە: ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو، کەواتە: قورئانیش بۆ تەواوکردنی ڕەوشتە بەرزەکان هاتوە، چونکە خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾القلم.

شازدەیەم: ئایین بۆ ئەوە هاتوە، جڵەوی حوکم و سیاسەت بە دەستەوە بگرێ و، نەهێڵێ کەس لەو ڕێیەوە خۆی لەسەر خەڵکی بکاتە نۆو نیو بیانچەوسێنێ، بەواتایەکی دیکە: نەهێڵێ هیچکەس خۆی بکاتە پەرستراو و بڵێ: من بەرنامەی ژیان و گوزەرانتان بۆ دادەنێم و، پێویستە ئێوە داشی دامەبن بە دەستمەوەو، خاوەنی خۆتان نەبن و، لە ڕاست مندا هیچتان سەرتان پێوە نەبێ! وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾یوسف: واتە: حوکم تەنها هی خوایە، فەرمانی کردوە جگە لەو نەپەرستن، ئا ئەوەیە ئایینی ڕێك و ڕاست، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

بەڵام **طاغووت** و حوکمڕانە سیفەت فیرعەونەکان، هەمیشە هەوڵیانداوە، ئەو حاڵەتەی بەسەر خەڵکدا سەپاندوویانە، بیهێڵنەوەو تێکنەچێ، وەك فیرعەون گوتوویەتی: ﴿ مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ ﴾ غافر.

واتە: تەنیا ئەوەتان پیشان دەدەم کە خۆم دەیبینیم (پێم باشە) و تەنیا بەرەو ڕێی سەر ڕاستیی و بەمراد گەیشتنیشتان ڕێنمایی دەکەم.

---

(١) برقم: ٧٤٦.

حەڤدەیەم: ئایین بۆیە هاتوە، کاروباری ژیان ڕێك بخات و، هیچکەس لە ڕێی دەست بەسەردا گرتنی سامانە سرووشتییەکانەوە حوکمی خەڵك نەکات و، ئیرادەی کۆمەڵگا نەبێتە ڕژێمی سەرمایەداریی و چینایەتیی و، قڕو پڕیی نەیەتە کایەوەو، مرۆڤەکان بە یەکسانیی لە خێرو بێرەکانی سەر زەوی بەهرەمەندبن و، کەس بەری ڕەنجی کەس نەبات و، کەس مافی ڕەوای کەس نەخوات و، کەس خوێنی جەستەی کەس نەمژێ و، کەس بەرهەمی دەستی کەس نەدزێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ ﴿١٠﴾ ﴾الرحمن، واتە: خوا زەوی داناوە بۆ خەڵك، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەو (خوا) ئەو کەسەیە ئەوەی لە زەویدایە بۆ هەمووتانی خوڵقاندوە.

هەژدەیەم: ئایین بۆ ئەوە هاتوە، پەردەی سەر چاو و گوێی مرۆڤ لاببات و، لە ئەفسانەسازیی قوتاری بکات و وای لێ بکات، پەی بە ڕازو نهێنییەکانی بوونەوەر بەرێ و مەتەڵەکانی هەڵێنێ و تێبگات، وەك لە چەندان ئایەت دا خوای موتەعال ئەو ڕاستییەی خستۆتە ڕوو، بۆ وێنە: ﴿ أَفَلَمۡ يَنظُرُوٓاْ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوۡقَهُمۡ كَيۡفَ بَنَيۡنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٖ ﴿٦﴾ وَٱلۡأَرۡضَ مَدَدۡنَٰهَا وَأَلۡقَيۡنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ﴿٧﴾ تَبۡصِرَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ﴿٨﴾ ﴾ق.

نۆزدەیەم: ئایین بۆ ئەوە هاتوە، پەیوەندیی نێوان ژن و پیاوو چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکدیی دا، بەشێوەیەکی دادگەرانەو سرووشتییانە دیاریی بکات، بە جۆرێك کەسیان زیانبار نەبن، چونکە زیانبار بوونی هەر کامێکیان،ماڵوێرانیی و زیانباریی هەموو مرۆڤایەتیی تێدایە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا ﴿١﴾ ﴾النساء، واتە: ئەی خەڵکینە! خۆتان لە (سزای) ئەو پەروەردگارەتان بپارێزن، کە لە یەك نەفس درووستی کردوون و، هەر لەویش هاوسەرەکەی دروستکردوە، واتە: لە هەمان جۆرە نەفسی وی و بەبێ جیاوازیی.

بیستەم: ئایین، ئیسلام بۆ ئەوە هاتوە، مرۆڤ وا لێ بکات، هەوڵبدات چەندەی پێی دەکرێ، سوودبەخشتر بێ بۆ خەڵکی، وەك دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ

أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٢﴾ ﴾الملك، (خوا) ئەوکەسەی مردن و ژیانی ڕەخساندووە، تاکو تاقیتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەکەی باشترە! پێغەمبەریش ﷺ لەو بارەوە فەرموویەتی: {خَيْرُ النَّاسِ أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ}[١]. واتە: باشترینی خەڵك سوود بەخشترینیانە بۆ خەڵك.

بڕگەی بیست و یەکەم و کۆتایی: لە کۆتاییدا ئایین بۆ ئەوە هاتوە، مرۆڤ بەهۆیەوە لەم ژیانەدا خوای تاك لە خۆی ڕازیی بکات و، دۆزەخ لە خۆی بە دوور بکات و، بەهەشت لە خۆی حەڵاڵ بکات و، بەختەوەریی دابین بکات، ئایەتەکانی قورئانیش لەوبارەوە یەکجار زۆرن، کە لە ئەنجامی تەنیا بەندایەتیی بۆ خواو، تەنیا پەرستنی خواو، گرتنی بەرنامەو ڕێبازی خوای پەروەردگاردا، مرۆڤ هەم لە دنیادا بەختەوەر دەبێ، هەم لە دواڕۆژیشدا سەرفراز دەبێ، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە: ئایین بۆچی هاتوە؟ لێرەش دا کۆتایی بەو کورتە باسە دێنین لە بارەی ئایینی خواوە.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ، کە هەرچی زیاتر قووڵترو فراوانتر لە ئایینی خوا تێدەگەن و، باشتر پێوەی پابەند دەبن، تاکو هەم لە دنیادا دڵخۆش بن، هەم لە ڕۆژی دواییش دا سەربەرزو سەرفراز بن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

(١ أخرجه الطبراني في الأوسط: ٥٧٨٧، والقضاعي: ١٢٩، وقال الألباني: حسن صحيح.

تەفسیری سوورەتی

المَسَد

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١٤٤٢/١/٨) کۆچییـە، بەرانبـەر بـە: (٢٠٢٠/٨/٢٧) زاینیـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (المسـد)، سـەرەتاش پێناسـەو نێـوەڕۆکی ئـەو سـوورەتە بەپێـزە دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (المسد) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە نـاوی هـەرە بـاوی بریتیـە لـە: (سـورة المسـد)، (المسـد) یـش یـانی: چـنراو، هۆنـراوە، شـتێك کـە دەهۆنرێتـەوەو دەچـنرێ و دەڕێـسرێ.

هەروەهـا چەنـد ناوێکـی دیکەشـی بـۆ بەکارهاتـون، وەك: (سـورة تبـت)، (سـورة أبي لهـب)، (سـورة لَهـب).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان ئەم سوورەتە مەککەییەوە، لەو بارەشەوە ئەم دەقە دێنین:

(عَـنْ عَبْدِاللـهِ بْـنِ عَبَّـاسٍ ﵄ قـال: أُنْزِلَـتْ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ١﴾، بِمَكَّـةَ) (أورده السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٦٦٥، ونسـبه لان مردويـه، وقـال: وأخـرج ابـن مردويـه عـن عبداللـه بـن الزبـير ﵁، عـن عائشـة ﵂ مثلـه، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب: ج٣، ص٥٧٥).

واتــە: عەبدوڵـڵای کــوڕی عەببــاس ، گوتوویەتــی: ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾، لـە مەککـە دابەزیـوە، (السـيوطي)، پاڵیداوەتـە لای (إبـن مردويـه)، کـە هەمان شـتی لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـرو عائیشـەوە هێنـاوە، ئەوانیـش گوتوویانـە: ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە مەککـە دابەزیـوە .

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە موصحـەف دا، ژمارەکـەی سـەدو یـازدە (١١١)یـەو، لـە دابەزینـدا ژمارەکـەی شـەش (٦)ە، پێـش سـوورەتی (التكويـر)و، دوای سـوورەتی (الفاتحـة) دابەزیـوە، بـەڵام پێـم وایـە، ئـەم ڕایـە ڕاسـت نیـە، چونکـە ناگونجـی لـە مـاوەی چـوار سـاڵان دا تەنیـا شـەش سـوورەتی قوڕئـان دابەزیـن و دواتریـش - لـە بڕگـەی پێنجـەم دا - دەیهێنیـن کـە ئـەم سـوورەتە لـە سـاڵی چـوارەم دا دابەزیـوە!

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکان:

ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قوڕئـان، لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن، کـە ژمـارەی ئایەتەکانی: پێنـج (٥)ە، زیاتـرو کەمتریـان نەگوتوە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە هەمـووی لـە بـارەی مـام و ئامۆژنـی پێغەمبەرەوەیـە ﷺ مامـی نـاوی (عَبْدُالعُـزَّى) بـووەو ئامۆژنـی نـاوی (أَرْوَى) بـووە، (عَبْدُلعُـزَّى)، بـە (أَبِي لهـب) نـاودار بـووەو (أَرْوَى)ش، کـە ئامۆژنیەتـی و خوشـکی (أبـو سُـفْيَان)و، کچـی (حَـرْب)ە، بـە (أُمُّ جَمِيـل) نـاسراو بـووە.

گوتراویشــە: ئــەم ســوورەتە لــە ســاڵی چــوارەم دا دابەزیــوە، دوای ئــەوەی پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ ســێ ســاڵان بــە پەنهانیــی پەیامــی خــوای بــە خەڵــك

ڕاگەیانـدوە، سـاڵی چـوارەم خـوا فەرمانـی پێکـردوە: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾الحجر، ئـەوەی فەرمانـت پێدەکـرێ بـە دەنگـی بـەرز ڕایبگەیەنـەو پشـت لـە هاوبـەش بـۆ خوادانـەران بکـەو، گوێیـان پـێ مـەدە.

پێغەمبەریـش ﷺ - وەك دوایـی لـە هـۆی هاتنەخـواردا باسـی دەکەیـن - خەڵکـی مەککـەی کـۆ کردۆتـەوەو پێـی فەرمـوون: مـن ڕەوانەکـراوی خـوام بـۆ لاتـان کـە بتانترسـێنم و وریاتـان بکەمـەوە، ئێـوە ڕۆژێکـی ترسـناکتان لـە بـەردەم دایـە، لـەو حاڵەتـەدا (مامـی ئەبـوو لەهـەب) قسـەی بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوتـوە، هەروەهـا خێزانەکەشـی، واتـە: ئامۆژنـی پێغەمبەریـش ﷺ پێغەمبـەری خـوای ئەزیـەت داوە، چ بـە قسـە پێگوتـن و پڕوپاگەنـدەی خـراپ، چ بـە گوێـرەی هەندێـك لـە گێـڕدراوەکان کۆڵـە دڕکـی هێنـاوەو لەسـەر ڕێـی پێغەمبـەر ﷺ ڕۆی کـردوە[1]، تاکـو پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە بـە شـەو چـوو بـۆ نوێـژ، یـان بەیانیـان، لـە پێـی هەڵبچەقـن! خـواش ﷻ بەرگریـی لـە پێغەمبەرەکـەی خـۆی ﷺ کـردوەو ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی دابەزانـدوە، کـە هـەم هەڕەشـەی سـەختی لـە ئەبـوو لەهـەبی مامـی پێغەمبـەرو، هـەم لـە ئامۆژنیشـی، ئـەڕوای کچـی حـەڕب، کـردوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە پێنج تایبەتمەندییمان لەم سوورەتە موبارەکەدا، کەوتوونە بەرچاو:

١)- لە هەموو بێبڕوایانی ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا ناوی (**عَبْدُالعُزَّى**) هاتوە، ئەویش بە شۆرەتەکەی (**أَبِي لَهَب**)ە، - چونکە لە ناوەکەی باوتربووە - لە نێو هەموو کافراندا تەنیا ناوی وی لە قورئان دا تۆمارکراوە، هەروەك لە نێو هەموو هاوەڵان دا تەنیا ناوی (**زيد**) خوا لێی ڕازی بێ، هاتوە، (زەیدی کوڕی حاریسە).

---

(١) ڕۆی کردوە: هەڵیڕشتوە بە پڕژوبڵاویی.

٢)- ڕستەی: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾﴾، واتە : هەردوو دەستی ئەبی لەهەب لە بەین بچن و، لە بەینیش چوو، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە .

٣)- ڕستەی: ﴿ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿٣﴾ ﴾، لەمەودوا دەسووتێنرێ بە ئاگرێکی خاوەن بڵێسە، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە.

٤)- ڕستەی: ﴿ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴿٤﴾ ﴾، ژنەکەشی هەڵگری کۆڵەدار دەبێ، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە .

٥)- ڕستەی: ﴿ فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ ﴿٥﴾ ﴾، لە گەردنیندا پەتێکی هۆنراوە هەیە، پەتێکی هۆنراوە لە پووشی دا، خورما، یان لە هەر شتێکی دیکە کە چنراوەو هۆنراوە، تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە کۆی پێنج ئایەتەکەی موبارەکەی ئەم سووڕەتە، دەکەین بە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە موبارەکە، بریتیە لە بەرگرییکردن و لەسەر کردنەوەی خوا ﷻ بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە بەرامبەر مامی و ئامۆژنی دا.

دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە لووتکەی بەرزی ڕەوشت و ئەدەبی جواندا بووە، کاتێك مامی قسەی پێ گوتوەو، ئامۆژنی ئەزیەتی داوەو چقڵ و دڕکی لە ڕێدا ڕۆکردوون، هەروەها قسەی ناخۆشی پێ گوتوون، وەك دواتر لە هۆی هاتنە خوارەوەدا باسی دەکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ بە شایستەی نەزانیوە خۆی وەڵامیان بداتەوە، خواش ﷻ لە جیاتی وی، بەرگریی لە پێغەمبەرەکەی خۆی کردوە، فەرموویەتی:

﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ①﴾، لە وەڵامی ئەو قسەیەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی مەککەی کۆ کردەوەو فەرمووی: ئایا ئەگەر بڵێم: سوپایەك لە دامێن ئەو چیایە خۆی پەنا داوەو، دەیەوێ بەسەرتاندا بدات و شەبەیخۆنتان بکاتە سەر، بڕوام پێ دەکەن؟

گوتیان: بەڵێ، درۆمان لێ نەبیستووی، فەرمووی: دەجا ئاگادارتان دەکەمەوە لە ئازارو سزایەکی بە ئێش، کە چاوەڕێتان دەکات، ئەگەر لەسەر ئەو کوفرو شیرکەی ئێستا لە سەرینی، بمێننەوە، مامیشی (ئەبوو لەهەب) پێی گوت: (تَبًّا لكَ سَائِرَ اليَومِ، أَلِهذا جَمَعْتَنَا؟)، ئەمڕۆ لە بەین بچی مردن بۆ تۆ، ئایا بەس بۆ ئەوە کۆت کردبووینەوە؟

خواش فەرمووی: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ①﴾، هەردوو دەستی ئەبوو لەهەب، لە بەین بچن، لەبەینیش چوو.

﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ ﴾، نەماڵ و سامانەکەی سوودی پێ گەیاندو نە ئەوەی وەدەستی هێنا، ماڵ سامانەکەی ئەوە بوو کە هەیبوو، ئەوەی وەدەستی هێناوە، ئەو ماڵ و سامانەی بووە کاری پێکردووە و گێڕاویەتی بۆ ئەوەی بەرهەمی بێ.

یاخود: ﴿ وَمَا كَسَبَ ۝٢ ﴾، واتە: کوڕو کچانی سوودیان پێ نەگەیاندوە، یان ئەو کردەوانەی وەدەستی هێناون لە دژایەتیی پێغەمبەری خوادا ﷺ سوودیان پێ نەگەیاندو، بە هیچ ئاکامێکیان نەگەیاند، بگرە لە دنیاداو لە دوارۆژیشدا، بۆی بوون هۆکاری سزاو جەزرەبەی سەختی خوا.

﴿ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ۝٣ ﴾، بە دڵنیاییەوە لەمەودا دەخرێتە نێو ئاگرێکی خاوەن کڵپەو بڵێسەوە.

﴿ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ۝٤ ﴾، ژنەکەشی هەڵگری کۆڵەدارە، وەك چۆن لە دنیادا کۆڵە چقڵ و درکی هەڵدەگرتن بۆ سەر ڕێی پێغەمبەری خواﷺ و بڵاوی دەکردنەوە، لە دوارۆژیشدا لە دۆزەخدا کۆڵەدارو چیلکە هەڵدەگرێ.

﴿ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ ۝٥ ﴾، لە گەردنیدا پەتێکی هۆنراوە هەیە، لە پووشی دار خورما، یان لە چەرم، یان لە هەر شتێکی دیکە کە لێی دەهۆنرێتەوەو دەچنرێ، لە جیاتی ملوانکەی زێڕ کە لە دنیادا خۆی پێ ڕازاندۆتەوە، لە ڕۆژی دواییدا لە دۆزەخدا، پەتێك گوریسێك لە پووشی دار خورمای، لەگەردن دەکرێ و سزا دەدرێ.

واتایەکی دیکەشی هەیە کە مەبەستی پێ ئەوەیە: لە دنیادا وەك چۆن کەسێك داران دێنی و ئاگریان پێ خۆش دەکات، ئەویش هەر ئاگری دووبەرەکیی و دوژمنایەتیی لە نێوان مێردەکەی (ئەبوو لەهەب)و، پێغەمبەری خوا ﷺدا، خۆش دەکردو، هەر خەریکی قسە هێنان و بردن بوو، فیتنەیی دەکرد.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿٣﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴿٤﴾ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ ﴿٥﴾﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. هەردوو دەستی ئەبوو لەهەب لە بەین بچن (و بەبڕین بچن) و فەوتاش ﴿١﴾ سامانەکەی و ئەوەی وەدەستی هێنابوو، (هیچ دادی نەداو) سوودی پێنەگەیاند ﴿٢﴾ بە دڵنیایی بە ئاگرێکی خاوەن کڵپەو بڵێسە دەسووتێ (و سزا دەدرێ) ﴿٣﴾ (ژنەکەشی بە هەمان شێوە سزا دەدرێ لە حاڵەتێکدا) هەڵگری کۆڵە دارێکە ﴿٤﴾ پەتێکی لە پووشی دار خورما هۆندراوەی لە مل دایە (لە دۆزەخدا) ﴿٥﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ): واتە: هەردوو دەستی ئەبی لەهەب لە بەین بچن، (**التَّبُّ وَالتَّبَابُ: الإِسْتِمْرَارُ فِي الخُسْرَانِ**)، (**تَبّ وتَبَاب**): بڕیتیە لە بەردەوام بوون لە زیانبارییدا، کەواتە: کە دەفەرموێ: (وَتَبَّ : **أي اسْتَمَرَّ فِي خُسْرَانِهِ**)، بەردەوامیش بوو لە زیانبارییدا .

(مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ): سامانەکەی سوودی پێنەگەیاندو، دادی نەداو، ئەوەش کە وەدەستی هێنا، (**أَغْنَى عَنْهُ كَذَا أي: كَفَاهُ**)، واتە: ئەو شتە

بۆ ئەو بەس بوو، دادی دا، بە کەڵکی هات و کەلێنی بۆ گرت، (وَمَا كَسَبَ)، ئەوەش کە وەدەستی هێنا بوو، چ ماڵ و سامانی وەدەستهێنراو بووبێ، بە هۆی بازرگانیی و هەڵش و وێلش و ئاڵوگۆڕی کەسابەتەوە، چ مەبەست پێی ئەو کردەوە خراپانەی بێ، کە وەدەستی دەهێنان، کە بریتی بوون لە دژایەتیی کردنی پێغەمبەری خاتەم ﷺو، پەیامی خوا، چ مەبەست کورو کچانی بێ، کە وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ داهاتوە: (وَإِنَّ أَوْلَادَكُم مِنْ كَسْبِكُم) ڕۆڵەکانتان لە وەدەستهێنراوتانن.

(سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ): (الصِّلِي: الإيقَاد بالنَّار، وَصَلَيْتُ الشَّاةَ: شَوَيْتُهَا، وَهِيَ مَصْلِيَّة)، (الصَّلِي): سووتاندنە بە ئاگر، (صَلَيْتُ الشَّاةَ: شَوَيْتُهَا)، واتە: مەڕەکەم برژاند، (وَهِيَ مَصْلِيَةٌ)، واتە: ئەو برژێنراوە، (صَلِي): بریتی نیە لە تەنیا برژاندن و سووتاندن، بەڵکو بریتیە لە جۆرێکی تایبەت لە سووتاندن، ئەویش ئەوەیە لە هەر چوارلاوە گەرمیی بگاتێ، بێ ئەوەی بسووتێ، بەڵکو بپیشێ، یان ببرژێ، ئەوەش جۆرە سووتانێکی تایبەتە.

(حَمَّالَةَ): ڕێژگەی زێدەڕۆیی (حَامِلَة)یە، (حَامِلة)، واتە: هەڵگر، لە کۆڵنەر، ﴿ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴾، واتە: زۆرداران لە کۆڵێ دەنێ، زۆر هەڵگری دارانەو لە کۆڵیان دەنێ، (الحَطَبُ: مَا يُعَدُّ للإيقَادِ، حَطَبْتُ حَطَبَاً وَاحْتَطَبْتُ)، (حَطَبْ): بریتیە لەوەی دادەنرێ و ئامادە دەکرێ بۆ سووتاندن، دەگوترێ: (حَطَبْتُ حَطَبَاً وَاحْتَطَبْتُ)، واتە: دارمکردن و دارو سووتەمەنییم ئامادەکرد.

(فِي جِيدِهَا): لە ملیدا، لە گەردنی دا، (الجِيدُ: العُنُقُ وَمُقَدَّمُهُ، مَوْضِعُ القِلَادَةِ، وَالجَمْعُ الأَجْيَادُ)، (جِيد): بریتیە لە گەردن، مل، (مُقَدَّمُهُ)، پێشەوەی گەردن، لای پێشەوەی پێی دەگوترێ: (جيد)، ئەو شوێنەی ملوانکەی تێ دەکرێ، ئافرەتان عادەتیان وایە، گەردەنبەندو ملوانکە لە ملیان دەکەن، (جيد)، بە (أَجياد)، کۆدەکرێتەوە، هەندێك گوتوویانە: (جيد)، تەنیا بە مل و گەردنی ئافرەت دەگوترێ، بەڵام هی پیاوو ئافرەت هەردووکیان، (عُنُق)ی پێ دەگوترێ .

(حَبْلٌ): پەت و گوریسە، هەر شتێکە شتی پێ ببێچرێ و ببەسترێ.

(مَسَدٍ): (المَسَدُ: لِيفٌ يُتَّخَذُ مِنْ جَرِيدِ النَّخْلِ، أَي: مِنْ غُصْنِهِ فَيُمْسَدُ، أَي: يُفْتَلُ، وَامْرَأَةٌ مَمْسُودَةٌ: مَمْشُوقَةٌ، حَسَنَةُ القِوَامِ، قَلِيلَةُ اللَّحْمِ)، (مَسَد): بریتیە لە شتێك كە لە پووشی دار خورما، هۆنراوە، لە لقەكانی ئەو پووشەی دەریدەكەن (فَيُمْسَدُ)، واتە: دەهۆنرێ و دەچنرێ، لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێ: (امْرَأَةٌ مَمْسُودَةٌ: مَمْشُوقَةٌ)، واتە: ئافرەتێك قەدی باریك بێ و، قەدو قیافەی جوان بێ و بەزو چەوریی كەم بێ.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە

لەو بارەوە دوو گێڕدراوە دێنین، كە لە ڕووی سەنەدەوە لە وانی دیكە بەهێزترن:

گێردراوەی یەكەم:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: مَا كَانَ أَبُو لَهب إِلَّا من كُفَّار قُرَيْش، مَا هُوَ حَتَّى خرج من الشّعب حِين تمالأت قُرَيْش، حَتَّى حصرونا فِي الشّعب وظاهرهم، فَلَمَّا خرج أَبُو لَهب من الشّعب وظاهرهم، لَقِي هنداً بنت عتبَة بن ربيعَة حِين فَارق قومه، فَقَالَ: يَا ابْنة عُتْبَة! هَل نَصَرْتُ اللاَّت والعزّى؟ قَالَت: نعم، فجزاك الله خيراً يَا أَبَا عُتْبَة، قَالَ: إِن مُحَمَّدًا يَعِدُنا أَشْيَاء لَا نرَاهَا كائنة، يَزْعُم أَنَّهَا كائنة بَعْدَ الْمَوْت، فَمَا ذَاك وصنع فِي يَدَيه، ثمَّ نفخ فِي يَدَيْهِ، ثمَّ قَالَ: تَبًّا لكما مَا أرى فِيكُمَا شَيْئاً مِمَّا يَقُول مُحَمَّد، فَنَزَلَتْ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١﴾، قَالَ ابْن عَبَّاس: فَحُصِرْنَا فِي الشّعَبِ ثَلاَثَ سِنِين وَقَطعُوا عَنَّا الْمِيرَةَ، حَتَّى إِنَّ الرَّجُلَ لِيَخْرُج مِنَّا بِالنَّفَقَة، فَمَا يُبَايَعُ حَتَّى يَرْجِعَ، حَتَّى هَلَكَ فِينَا مَنْ هَلَك} (ذَكَرَهُ السيوطي فِي الدر المنثور: ج٨، ص٦٦٥، والإستيعاب فِي بيان الأسباب: ج٣، ص٥٧٥).

واتـە: ئیبنـو عەبباس ﷺ دەڵـێ: ئەبـوو لەهـەب، تەنیا یەکێـك بـوو لـە بێبڕوایانی قورەیـش، ئـەو لەگەڵـمان بـوو لـە شـێوەکانی ئەبـوو تاڵیبـدا، کاتێـك هـۆزی قورەیـش (لـە دژی ئیسـلام و مسـوڵمانان) دابڕینیـان ڕاگەیاند (دابڕینی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیی و سیاسـییان ڕاگەیانـد)، ئێمەیـان لـە شـیوەکانی ئەبـوو تاڵیبـدا، گۆشـەگیر کـردو ئابڵووقـەدا (ئەبـوو لەهەبیـش سـەرەتا لەگەڵیـان چـووە، وەك خـزم و قـەوم) دوایـی هاتنـەدەرەوە پشـتگیریی کافرەکانـی قورەیشـی کـرد (لـە دژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و مسـوڵمانانێك کـە لـە خزمەتـی دابـوون و، هەندێـك لـە خزمانیشـی لـە بەنوو هاشـیم، وەك دەمارگیریـی خزمایەتیـی لەگەڵـی چووبوونـە شـیوەکانی ئەبـوو تاڵیبـەوە)، ئنجا کاتێـك ئەبـوو لەهـەب دەرچـوو گەیشـتە هینـد کچـی عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە (واتـە: هاوسـەری ئەبـوو سـوفیان، کـە کچـی عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە بـووە) کاتێـك ئەبـوو لەهـەب وازی لـە خەڵکەکـەی هێنـا (واتـە: وازی لـە بەنـی هاشـیم هێنـا) گوتـی: ئـەی کچـی عوتبـە! ئایـا لات و عـوززام سەرخسـتن؟ گوتـی: بەڵـێ، خـوا پاداشـتت بداتـەوە ئـەی بابـی عوتبـە، ئنجـا ئەبـوو لەهـەب، گوتـی: موحەممـەد ﷺ بەڵێنـی هەنـدێ شـتمان پێـدەدا، پێـمان وانیـە بێنـەدی، پێـی وایـە لـە دوای مـردن ئـەو شـتانە پەیدادەبـن، بـەڵام وانیـە، دوایـی هـەردووك دەسـتی خـۆی سـووڕاندن ئنجـا فـووی لـە هـەردوو دەسـتی کـردو گوتـی: لەبەیـن بچـن هـەردووك دەستەکانم، هیـچ شـتێك لـەوەی موحەممـەد ﷺ دەیڵـێ، نابینـم هاتبێتـە تێتـان! ئیـدی بـەو بۆنـەوە خـوا ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی دابەزانـد: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ١﴾، هـەردوو دەسـتی (ئـەبی لەهـەب) لـە بەیـن بچـن (وەك بـۆ خۆشـی دوعـای لـە خـۆی کـردوە) لـە بەینیـش چـوو.

عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس دەڵـێ: ئێمەیـان سـێ سـاڵان لـە شـیوەکانی ئەبـوو تاڵیبدائابڵووقـەدا، خواردنیـان لێگرتینـەوە، هەتا پیاومـان دەردەچوو، سـامانێکی لەگەڵ خۆی دەبـرد، کەچـی دەگەڕایـەوەو هیچـی پـێ نەدەفـرۆشرا! سـەرەنجام هەندێـك خەڵکـمان لـە شـیوەکانی ئەبـوو تاڵیبـدا (بـە هـۆی نەبـوونی خـۆراك و برسـیەتییەوە) لـێ مـردن.

گێڕدراوەی دووەم:

{عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ، أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ خَـرَجَ إِلَى البَطْحَـاءِ، فَصَعِـدَ إِلَى الجَبَـلِ، فَنَـادَى: «يَـا صَبَاحَـاهْ» فَاجْتَمَعَـتْ إِلَيْـهِ قُرَيْـشٌ، فَقَـالَ: «أَرَأَيْتُـمْ إِنْ حَدَّثْتُكُـمْ أَنَّ العَـدُوَّ مُصَبِّحُكُـمْ أَوْ مُمَسِّـيكُمْ، أَكُنْتُـمْ تُصَدِّقُـونِي؟» قَالُـوا: نَعَـمْ، قَـالَ: «فَـإِنِّي نَذِيـرٌ لَكُـمْ بَـيْنَ يَـدَيْ عَـذَابٍ شَـدِيدٍ» فَقَـالَ أَبُـو لَهَـبٍ: أَلِهَـذَا جَمَعْتَنَـا! تَبًّـا لَـكَ، فَأَنْـزَلَ اللَّـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾}، (أخرجـه البخـاري: ١٣٩٤، ٣٣٢٥، ٤٨٠١، ٤٩٧١، ٤٩٧٢، ٤٩٧٣، ومسـلم: ٣٥٥، ٣٥٦).

واتـە: ئیبنـو عەبباس دەڵـێ: پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەرچـوو بـۆ (بطحـاء)، [شـوێنێك لـە شـوێنەکانی مەککـە] سـەرکەوتە سـەر چیایەکـەو بانگـی کـرد: «يَـا صَبَاحَـاهْ»، ئەمـە درووشـمی عەرەبـەکان بـووە، ئەگـەر مەترسـییەك ڕووی تێکردبـن، کەسـێکیان چۆتـە شـوێنێکی بـەرزو گوتوویەتـی: «يَـا صَبَاحَـاهْ» واتـە: شـەبەیخوونتان کرایـە سـەر] ئیـدی قوڕەیشـییەکان لێـی کۆبوونـەوە، ئەویـش فەرمـووی: ئەگـەر پێتان بڵێـم: دوژمـن لـە بەرەبەیـان دا هێرشـتان دەکاتـە سـەر، یاخـود لـە ئێـوارەدا هێرشـتان دەکاتـە سـەر، بـە ڕاسـتم دادەنێـن و بـڕوام پێدەکـەن؟ گوتیـان: بەڵـێ، گوتـی: دەجـا مـن ترسـێنەرو وشـیارکەرەوەی ئێـوەم، لەبـەردەم ئـازارو سـزایەکی سـەختدا، واتـە: قیامـەت و ڕۆژی سـزاو پاداشـت چاوەڕێتانـە، ئەگـەر لەسـەر کوفـرو شـیرك بمێننـەوە، (ئـەبی لەهەب)یـش، بـە پێغەمبـەری خـوای ﷺ گـوت: ئەمـڕۆ لـە بەیـن بچـی، هـەر بـۆ ئەمـە ئێمـەت کۆکردبـۆوە؟ ئیـدی لـەو بـارەوە ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە دابـەزی.

وەك وەڵامدانـەوەی (ئـەبی لەهـەب)و، بەرگرییکـردنی خـوا لـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، مەبەسـتیش لـەوە بـەڵای کەمـەوە چوارشـتە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بەخشەر دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾، هـەردوو دەسـتی ئـەبی لەهـەب لـە بەیـن بچـن و، لەبەینیـش چـوو. وەك لـە هـۆی هاتنـە خـوارەوە باسـمان کـرد، ئەمـە وەڵامـی قسـەی (ئەبـوو لەهـەب)ە، کـە ئـاوای بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوتـوە، بـە پێـی گێڕدراوەیـەك، یاخـود وای بـە خـۆی گوتـوە وەك گاڵتەپێکـردنی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، گوتوویـەتی: موحەممـەد هەواڵـمان پێـدەدا بـە هەندێـك شـت کـە دوای مـردن دێتـە دەسـتمان، دەسـتەکانم! کـوا لـە بەین بچـن، لـەوەی موحەممەد دەیڵـێ هیچتـان نەهاتۆتـە نێـو، هیچتـان نەهاتۆتەتـێ! خـواش دەفەرمـوێ: (ئەبـوو لەهـەب)، هـەردوو دەسـتی لەبەیـن بچـن و لەبەینیـش چـوو، پێشـتر گوتمـان (تَبّ) بـە مانـای لـە بەیـن چـوون و زیانباربـوون و فەوتانـە.

﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ﴾، سـامانەکەی سـوودی پـێ نەگەیانـد، بـە کەڵکـی نەهـات، کەلێنـی بـۆ نەگـرت، بـەڵای خـوا لێـی دوورنەخسـتەوە، ﴿وَمَا كَسَبَ ٢﴾، هەروەهـا ئـەوەی وەدەسـتی هێنابـوو، چ لـە مـاڵ و سـامانێك کـە وەدەسـتی دەهێنـا بەهـۆی بازرگانیـی و هەڵـش و وێڵشـی مامەڵـەوە، چ کـوڕو

کچانێك کە وەدەستی هێنابوون، چ مەبەست پێی ئەو کردەوە خراپانە بێ کە وەدەستی دەهێنان لە دژایەتیکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەو پەیامە خواییەی پێیدا نێردراوە.

﴿ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ۝٣ ﴾، بە دڵنیایی لەمەودوا بە ئاگرێکی بڵێسەدار دەسووتێ، (صلي)، جۆرێکی تایبەتە لە سووتێنران، کە پیشێنران و برژێنرانە لە هەموو لاوە، ﴿ سَيَصۡلَىٰ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (سَيُصْلَى)، هەروەها خوێندراویشەتەوە (سَيُصَلَّى)، واتە: دەبرژێنرێ و دەپیشێنرێ، هەروەك چۆن (أبي لَهب)یش، بە زۆریی خوێندراوەتەوە: (أبي لَهَب)، بەڵام خوێندراویشەتەوە: (أبي لَهْب)، واتە: بە زەنە (سكون)ی (هـ)ەکە، خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی لەمەودوا دەچێتە ئاگرێکی خاوەن بڵێسەوەو خاوەن کڵپەوەو پێی دەپیشێ و دەبرژێ، (سین)ی، (سَيَصْلَى)، لێرەدا بۆ ساغکردنەوەو دڵنیاکردنەوەیە.

﴿ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ۝٤ ﴾، ژنەکەشی زۆر هەڵگری داران دەبێ، (حَطَب)، ئەو دارانەن کۆدەکرێنەوە بۆ سووتاندن، ﴿ حَمَّالَةَ ﴾، ڕێژگەی زێدەڕۆیی (حَامِلَة)یە، واتە: هەڵگر، بەڵام: ﴿ حَمَّالَةَ ﴾، واتە: زۆر هەڵگر، داران زۆر هەڵدەگرێ، کۆڵە دارو چیلکە هەڵدەگرێ، ئایا ئەمە مەبەست پێی وەسفکردنیەتی کە لە دنیادا کۆڵە دارو چیلکەی هەڵگرتوون، چقڵ و دڕکی هەڵگرتوون بۆ ڕێی پێغەمبەری خوا ﷺ، یاخود مەبەست پێی سزای ڕۆژی دوایەتی؟ هەروەها لە دنیاش دا: ئایا مەبەستی پێ ئەوەیە: کۆڵە چقڵ و دڕکی هەڵگرتوون بۆ ڕێی پێغەمبەر ﷺ، یاخود مەبەست ئەوەیە کە فیتنەچیی و ئاژاوەگێڕ بووە؟ وەك یەکیك بە یەکێك دەڵێ: فڵانکەس بەنزین بە ئاگرەکەدا دەکات، هەردوو واتایەکەی هەن.

﴿ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ ۝٥ ﴾، لە گەردن وملیدا لە جیاتی گۆبەرۆك و ملوانکەی زێڕو زیو، کە لە دنیادا خۆی پێ دەڕازاندنەوە، پەتێکی هۆنراو هەیە،

پەتێك كە لە پووشی دار خورما هۆنراوە، یاخود لە چەرم هۆنراوە، یاخود لە خوریی و تووك هۆنراوە، یاخود لە دارو درەختی دیكە، چنراوەو هۆنراوە، بەڵام زۆربەیان گوتوویانە: **(مسد)**، مەبەست پێی: **(لِيفُ النَّخْلِ)**، پووشی دارخورمایە.

مەسەلە گرنگەکان

هەموو سووڕەتەکە لە یەك مەسەلەدا شیدەکەینەوە:

هەڕەشـەکردنی خـوا ﷻ، لـە ئـەبی لەهـەب و، ژنەکـەی، مـام و ئامۆژنـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە لـە نێوچـوون و برژاێنـدران بـە ئاگـری بڵێسـەداری دۆزەخ و، کۆڵـەدار هەڵگرتنـی ژنەکـەی و، پەتێکـی لـە پووشـی خورمـا هۆنـراو لـە مـل کردنـی:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ ۝٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾، هەردووك دەستی ئەبوو لەهەب لەبەین بچن، لە بەینیش چوو، (لَهَب) خوێندراوەتەوەش: (لَهْب)، بۆچی بە مامی پێغەمبەر ﷺ گوتراوە: ئەبوو لەهەب؟ گوتراوە:

أ- لەبەر ئەوەی پیاوێکی سوورو سپیی بووەو، دەم و چاوی وەك بڵێسە ئاگریان لێ بەرزبێتەوە، ئاوا سوورو سپیی و درەوشاوە بووە، یانی: ڕواڵەتی جوان، بەڵام نێوەڕۆکی ناشیرین و وێران بووە.

ب- هەندێکیش لە زانایان گوتوویانە: بۆیە خوا ﷻ ناوەکەی نەهێناوە کە ناوەکەی (**عبدالعُزّى**)یە، چونکە نەیویستوە ناوی هیچ بت و صەنەمێك لە قورئاندا بێنێ، کاتێك بەندەیەکی خوای پاڵ دەدرێتە لا، (**عبدالعُزّى**)، واتە: بەندەی عوززا، بێگومانیش (**عُزّى**) ناوی پەرستراوێکی مێینە بووەو، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: مێینە (**مؤنث**)ی (**عزیز**) یان (**أعزّ**)ە، هەرچۆنیش بێ خوا ﷻ نەیویستوە لە فەرمایشتەکەی خۆیدا ناوی مامی

پێغەمبەر بێنێ، کە بریتی بووە لە پاڵدانی بەندەیەکی خوا بۆ لای بت و صەنەمێك و بە ئەبوو لەهەب هێناویەتی و، ئەو نازناوەش گونجاوە لەگەڵ ئەو ئاگرە بڵێسەدارەدا کە پێی سزادەدرێ.

٢)- ﴿ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴾، سامانەکەی و ئەوەی وەدەستی هێنابوو هیچ سوودی پێنەگەیاند، یانی: هیچ سوودی پێنەگەیاند کە لە دنیادا سەری بخات، یاخود: هیچ سوودی پێنەگەیاند کە لە ڕۆژی دواییدا، سزای خوای لێ وەدووربخات، ﴿ وَمَا كَسَبَ ﴾، مانایەکەی سێ ئەگەری هەن:

أ- مەبەست ماڵ و سامانێکە کە وەدەستی هێناوە.

ب- مەبەست پێی منداڵەکانی ئەو کوڕو کچانەی وەدەستی هێناون، پێغەمبەریش ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {**إِنَّ أَطْيَبَ مَا أَكَلْتُمْ مِنْ كَسْبِكُمْ، وَإِنَّ أَوْلَادَكُمْ مِنْ كَسْبِكُمْ**}، (**أخرجه الترمذي: ١٣٥٨، وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيح**)، واتە: حەڵاڵترین شتێك کە خواردووتانە، ئەوەیە خۆتان وەدەستتان هێنابێ و، منداڵەکانیشتان (کوڕ و کچەکانیشتان) وەدەستهێنراوی خۆتانن.

ج- دەشگونجێ مەبەست لە: ﴿ وَمَا كَسَبَ ﴾، ئەوەبێ کە وەدەستی دەهێنا، لە کردەوەی خراپ بۆ دژایەتییکردنی پێغەمبەرو پەیامی خوا.

٣)- ﴿ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴾، بەدڵنیایی لە مەودوا بە ئاگرێکی بڵێسەدار دەبرژێ و دەپیشێ، خوێندراویشەتەوە: (**سَيُصْلى**)و (**سيُصَلّى**)، یانی: دەبرژێنرێ و دەپیشێنرێ، (ذَاتَ لَهَبٍ: **يعني: صَاحِبَةَ لَهَب**) خاوەن کڵپەو بڵێسەیە، ئنجا چونکە هەموو ئاگرێك جۆرێك لە کڵپەو بڵێسەێ هەر هەیە، کەواتە: ئەو ئاگرە بڵێسەو کڵپەکەی جیایەو تایبەتە.

٤)- ﴿ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴾، ژنەکەشی زۆر کۆڵەدار هەڵدەگرێ، ﴿ حَمَّالَةَ ﴾، ڕێژگەی زێدەڕۆیی (**حَامِلَة**)یە، (**حَامِلَةُ الحَطَب**)، واتە: کۆڵەداری هەڵگرتوە، بەڵام: ﴿ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴾، واتە: زۆر کۆڵەداری هەڵگرتوە.

لێرەدا زانایان لە بارەی مانای ﴿حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ﴾ەوە چەند ڕایەکیان هەن:

١- مەبەست لەو کۆڵەدار هەڵگرتنەی، ئەوەیە کاتی خۆی کۆڵە دڕك و چقڵی هەڵگرتوون بۆ لەسەر ڕێی پێغەمبەری خوا ﷺ و بڵاوی کردوونەوە، تاکو لە پێی ڕابچن.

٢- مەبەست ئەوەیە قسەی لە نێوان خەڵکدا هێناوەو بردوە، چونکە لە زمانی عەرەبییدا بۆ بابای دووزمان گوتوویانە: یان (**فلان حمّال حَطَبٍ**)، یانی: قسە دێنێ و دەباو ئاگری دووبەرەکیی و دژایەتیی خۆش دەکات.

٣- مەبەست پێی ئەو گوناهو تاوانانەن کە وەك کۆڵێکی قورس لە کۆڵی ناون.

ئنجا لەلایەکی دیکەوە:

١- ئایا مەبەست ئەوەیە لە دنیادا ئەو کۆڵە چقڵ و دڕك و چیلکەو دارانەی هەڵدەگرتن، یاخود مەبەست ئەوەیە لە دۆزەخدا خوا کۆڵە دارو چیلکەی پێ هەڵدەگرێ تاکو پێی بسووتێنرێ؟

٢- هەروەها ئایا مەبەست ئەوەیە ئەوژنە ئەو کۆڵەدارە هەڵدەگرێ، تاکو پێی بسووتێنرێ، یاخود هەر وەك سۆغرەو بێگارێك پێی دەکرێ؟ خوای پەروەردگار ڕوونی نەکردۆتەوەو ئەگەری هەیە، کە مەبەستی پێ حاڵەتی دنیا بێ و خوا بۆمان وێنا دەکات و دەفەرموێ: ئاوا کۆڵەداری هەڵدەگرت، کۆڵە دڕك و چقڵی هەڵدەگرت بۆ سەر ڕێی پێغەمبەری خوا ﷺ، یاخود: بەو شێوەیە ئاگری فیتنەو دووبەرەکیی خۆش دەکرد، یاخود: کۆڵی گوناهی خۆی هەڵدەگرت لە دنیاداو، کە لە قیامەتیش دا هەر لەکۆڵیەتی.

٥)- ﴿فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ﴾، لە گەردنیدا پەتێکی هۆنراو هەیە، (**جید**) کۆیەکەی (**أجیاد**)ەو بریتیە لە گەردن، بەڵام لای پێشەوەی گەردن (**مُقَدَّمُ العُنُق**)و (**جید**)، زیاتریش بۆ گەردنی ئافرەت بەکاردەهێنرێ، ئەو شوێنەی ملوانکەی تێدەکرێ بە لای پێشەوەیدا، وشەی ﴿مَّسَدٍۭ﴾، واتە: هۆنراو و چنراو، گوتراوە: (**المَسَدُ مِنْ صُوْفٍ، مِنْ شَجَرٍ، مِنْ جِلْدٍ، مِنْ وَبَرٍ، وَمِنْ لِيف النَّخْلِ**)، ﴿مَّسَدٍۭ﴾، واتە: هۆنراو، ئنجا لە خووریی

هۆنراوە، لە گەڵای دارو درەخت، پووشی دارو درەخت، لە پێست و چەرم، لە تووکی حوشتر، (یان لە موو)، لە پووشی دارخورما.

﴿ حَبْلٌ ﴾، (الحَبْلُ: مَا يُرْبَطُ بِهِ الأَشْيَاءُ، ضَفِيرِ مِنَ اللِّيفِ، أَوْ مِنْ سيرِ جِلْدٍ)، (حبل): هەر شتێکە شتی پێدەبەسترێ، شتێکی هۆنراوە لە پووشی دارخورما یاخود لە زوێڵە چەرم.

(مسد)یش: بریتیە لە جۆرە پووشێکی یەمەنیی و، ئەو پەت و گوریسانەی لێی دروست دەکرێن، زۆر بەهێزو پتەون.

پێنج هەڵوەستەی کورت لەبارەی ئەم سوورەتەوە

لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەدا، چەند هەڵوەستەیەکی کورت دەکەین:

١)- تاکە کافرێك ناوی لە قورئاندا هاتبێ، مامی پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، کەواتە: لە ئایین و بەرنامەی خوادا خاتر خواییش نیەو خزمایەتیی ناخوێندرێتەوە، بەڵکو ئەوە دەخوێندرێتەوە خودی ئەو مرۆڤە چۆنە؟ نەك مامی کێیەو، خزمی کێیەو، کوڕێ کێیەو، خێزانی کێیەو، بابی کێیە، لە قورئاندا خوا ﷻ بۆمان باسی بابی ئیبراهیم دەکات، (ئازەر)، هەروەها بۆمان باسی خێزانی هەر کام لە نووح و لووط **(علیهما الصلاة السلام)** دەکات، لە سوورەتی **(التحریم)**دا، دیسان بۆمان باسی کوڕەکەی نووح **(علیه الصلاة والسلام)** دەکات لە سوورەتی **(هود)**دا، لێرەشدا بۆمان باسی مامی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ دەکات و، ناویشی دێنێ لە نێو هەموو کافرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ.

٢)- چونکە مام و ئامۆژنی زۆر ئەزیەتیان داوە، پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە خوا بە خاوەن ڕەوشتی مەزن وەسفی دەکات، لە خۆی نەوەشاندۆتەوە، وەڵامی مام و ئامۆژنی بداتەوە، بەڵام خوا لەسەری وەدەنگ هاتوە: ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ ﴾، هەروەها باسی ژنەکەی ئەبوو لەهەب (ئامۆژنی پێغەمبەر)یش دەکات، کە سزا بارە.

٣)- لەم سوورەتە موبارەکەدا پیاو و ژن یەکسانن لە سزادران دا، هەروەك لە پاداشتدرانەوەشدا یەکسانن، کێ خراپ بێ، نێر بێ، یان مێ بێ، سزا دەدرێ، کێش چاك بێ، نێر بێ یان مێ بێ، پاداشت دەدرێتەوە.

٤)- لێرەدا زانایان ئیشکالێکیان باسکردوە بەمجۆرە: خوا ﷻ لێرەدا ڕایگەیاندوە کە ئەبوو لەهەب و ژنەکەی دەچنە نێو ئاگرێکی خاوەن بڵێسەوە، ئەبوو لەهەب و ژنەکەشی پابەندکراون، بڕوا بێنن بە قورئان، ئنجا لە نێو قورئاندا ئەم سوورەتەیە کە دەفەرموێ: ئەبوو لەهەب و ژنەکەی دەچنە نێو ئاگرێکی بڵێسەدارەوە، کەواتە: دەبێ ئەبوو لەهەب و ژنەکەی بڕوابێنن، بەوەی دەچنە نێو ئاگرێکی بڵێسەدارەوە؟!

وەڵامەکەشی ئەوەیە: خوا ﷻ فەرمایشتی لە بارەی ئەو حاڵەتەوە کردوە کە ئەوان تێیدابوون، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە دژایەتیی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکەن، ئەوە سزایەکەیانە، بەڵام بە دڵنیایی خوا ﷻ نەیفەرمووە: ئەگەر ئیمانیش بێنن، هەر ئەوە سزایانە، فەرموویەتی: ئێستا حاڵی حازر کە ئەوە حاڵیانە، ئەوەش سزایانە، بۆیە پابەندو مولزەم کراون بەوەی بڕوابێنن کە دەچنە نێو دۆزەخەوە، چونکە ئەگەر بڕوایان هێنابایەو، خوا ﷻ زانیبای بڕوا دێنن، بە دڵنیایی بە جۆرێکی دیکە فەرمایشتی لە بارەیەوە دەکردن و، ئەوەی فەرموویەتی هی ئەو حاڵەتەیان بووە، کە تێیدا بێبڕوابوون.

ئەمەش وەك هەموو شتەکانی دیکە وایە، خوا ﷻ لە ئەزەلدا زانیویەتی کە هەر کام لە ئێمە چاکە دەکات یان خراپە دەکات و، بەپێی ئەوەی زانیویەتی لە بارەمانەوە، سزا یان پاداشتیشی بۆ دیارییکردووین، بەڵام ئەوە مانای وانیە ئێمە پابەندو مولزەم کراوین کە دەبێ هەر چاکە بکەین، یان دەبێ هەر خراپە بکەین، بەڵکو خوا ﷻ زانیویەتی کە بەویستی ئازادانەی خۆمان ئیمان دێنین و چاکە دەکەین، بۆیە بەهەشتی بۆ داناوین، یاخود بەویستی ئازادانەی خۆمان، بێبڕوا دەبین و خراپە دەکەین، بۆیە دۆزەخی بۆ داناوین.

٥- لە بارەی ژنەکەی (أبو لهب)ەوە، پێم باشە ئەم گێڕدراوەیە بێنین و، بیکەینە کۆتایی ئەم دەرسەمان، کە چۆن دژایەتیی پێغەمبەری خوای ﷺ کردوە:

{عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ رضي الله عنها، قَالَتْ: لَمَّا نَزَلَتْ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١﴾، أَقْبَلَتِ الْعَوْرَاءُ أُمُّ جَمِيلٍ بِنْتُ حَرْبٍ، وَلَهَا وَلْوَلَةٌ، وَفِي يَدِهَا فِهْرٌ، وَهِيَ تَقُولُ: مُذَمَّمًا أَبَيْنَا، وَدِينَهُ قَلَيْنَا، وَأَمْرَهُ عَصَيْنَا، وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ جَالِسٌ فِي الْمَسْجِدِ، وَمَعَهُ أَبُو بَكْرٍ ، فَلَمَّا رَآهَا أَبُو بَكْرٍ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَدْ أَقْبَلَتْ، وَأَنَا أَخَافُ أَنْ تَرَاكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّهَا لَنْ تَرَانِي» وَقَرَأَ قُرْآنًا اعْتَصَمَ بِهِ، كَمَا قَالَ تَعَالَى:﴿ وَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ۝٤٥﴾الإسراء، فَأَقْبَلَتْ حَتَّى وَقَفَتْ عَلَى أَبِي بَكْرٍ، وَلَمْ تَرَ رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَتْ: يَا أَبَا بَكْرٍ، إِنِّي أُخْبِرْتُ أَنَّ صَاحِبَكَ هَجَانِي، فَقَالَ: لَا، وَرَبِّ هَذَا الْبَيْتِ مَا هَجَاكِ، قَالَ: فَوَلَّتْ، وَهِيَ تَقُولُ: قَدْ عَلِمَتْ قُرَيْشٌ أَنِّي ابْنَةُ سَيِّدِهَا} (أخرجه إبن حبان: ٦٥١١، وقال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح بشواهد، والحاكم: ٣٣٧٦، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ وَلَمْ يُخْرِجَاهُ، ووافقه الذهبي).

واتە: ئەسمائی کچی ئەبوو بەکری صیددیق (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: کاتێك ئەم سوورەتە دابەزی: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١﴾، ئافرەتە یەك چاوەکەی کچی حەرب، ئوممو جەمیل (دیارە یەك چاوی هەبووە)، هات و بەردێکیشی بەدەستەوە بوو، دەیگوت: ئێمە ڕازی نابین بە (مُذَمَّم)، {قورەیشییە کافرەکان بە (محمد)یان دەگوت: (مُذَمَّم)، (محمد)، یانی: ستایشکراو (مُذَمَّم)، واتە: زەمکراو}، ڕقمان لە ئایینەکەیەتی و، لە فەرمانەکەشی سەرپێچیی دەکەین، پێغەمبەریش ﷺ لە مزگەوت دانیشتبوو، ئەبوو بەکری لە خزمەتدا بوو، کاتێك ئەبوو بەکر ئەو ژنەی بینی، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەوە هات و من دەترسم بتبینێ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نا، ئەو نامبینێ، پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانی خوێندو بەهۆی قورئانەکەوە خۆی پاراست بە خوا، وەك خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ حِجَابًا

مَّسْتُورًا ﴿٤٥﴾ ﴾الإسراء، واتـە: کاتێـك قورئانـت خوێنـد، ئێمـە لـە نێـوان تـۆو ئەوانـەدا کـە بڕوایـان بـە ڕۆژی دوایـی نیـە، پەردەیەکـی داپـۆشراو دادەنێیـن، هـات هەتـا ڕاوەسـتا لەسـەر ئەبـوو بەکـرو پێغەمبـەری خـوای نەبینـی، گوتـی: ئـەی ئەبـوو بەکـر! هەواڵـم پێـدراوە هاوەڵەکـەت هێرشـی کردۆتـە سـەر مـن؟ ئەبـوو بەکریـش گوتـی: نـا سـوێند بـە پـەروەردگاری ئـەم ماڵـە، ئـەو هێرشـی نەکردۆتـە سـەر تـۆ، [چونکـە خـوا ﷻ ئایەتـی دابەزانـدوە] ئیـدی ڕۆیشـت لـە حاڵێکـدا دەیگـوت: هـۆزی قوڕەیـش دەزانـن کـە مـن کچـی گەورەکەیانـم.

دیـارە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ خـوا ﷻ پاراسـتوویەتی لـەوەی ببینـێ، چونکـە دیـارە ئامۆژنیشـی بـووەو ئافرەتێکیـش بـووە زۆر لـە خـۆی ڕازی بـووە، بـەڵام خـوای پـەروەردگار بـەو شـێوەیە ئایەتـی لەسـەر ناردۆتـە خـوار تاکـو خـۆی و مێردەکـەی ببنـە پەنـدی زەمانـەو، ببنـە جێـی عیبـڕەت بـۆ هـەر کەسـێك، کـە خـۆی بـە نەسـەب و ڕەچەڵـەك و بـە خزمایەتیـی ئـەم و ئـەوەوە هەڵدەکێشـێ!

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الإخلاص

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٨)ی (محـرم)ی سـاڵی (١٤٤٢)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٨/٢٧)ی زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الإخـلاص)، بـەڵام سـەرەتا پێناسـەی ئـەم سـوورەتە بەپێـزە دەکەیـن و لـە حـەوت بڕگـەدا، دەیخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الإخلاص) و بابەتەکانی:

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

نـاوی هـەرە بـاوی ئـەو سـوورەتە موبارەکـە، بریتیـە لـە (**سـورة الإخـلاص**) واتـە: سـوورەتی سـاغکردنەوە، سـاغکردنەوەی مـرۆڤ بەندایەتییکردنـی بـۆ خـوا و خڵتـەی پێـوە نەهێشـتنی، بـەڵام جگـە لـەوەش لەسـۆنگەی ئـەوەوە کـە ئـەم سـوورەتە موبارەکـە گرنگییەکـی زۆر تایبەتیـی هەیـە، بۆیـە هەندێـك لـە تەفسـیرەکان بـۆ وێنـە: (التفسـیر الکبیـر)و، تەفسـیرەکانی دیکـەش، زیاتـر لـە بیسـت ناویـان بـۆ ئـەم سـوورەتە هێنـاوە:

١)- (**سورة الإخلاص**)، واتە: سوورەتی ساغکردنەوە.

٢)- (**سورة قل هو الله أحد**)، واتە: سوورەتی: بڵێ خوا تاکە.

٣)- (**سورة التفرید**) واتە: سوورەتی تاك کردنەوە.

٤)- (سورة التجرید)، واتە: سوورەتی داڕووتاندن لە هەرخڵتەیەك.

٥)- (**سورة التوحيد**)، واتە: سوورەتی بەیەکگرتنی خوا.

٦- (**سورة النجاة**)، واتە: سوورەتی دەرباز بوون.

٧)- (**سورة الولاية**)، واتە: سوورەتی دۆستایەتیی و نزیکی کردن لە خزمەت خوادا.

٨)- (**سورة النسبة**)، واتە: سوورەتی وەسف کردن و باسکردنی خوا، ئایا خوا پاڵ دەدرێتە لای هیچ شتێك؟

٩)- (**سورة المعرفة**)، واتە: سوورەتی زانست و ناسینی خوا.

١٠)- (**سورة الجمال**)، واتە: سوورەتی جوانیی.

١١)- (**سورة المُقَشْقِشَة**)، واتە: سوورەتی چاککەرەوەو لابەری نارەحەتیی.

١٢)- (**سورة المُعَوِّذة**)، واتە: سوورەتی پەنا پێبەر.

١٣)- (**سورة الصمد**)، واتە: سوورەتی جێینیازو بێنیاز.

١٤)- (**سورة الأساس**)، واتە: سوورەتی بناغە.

١٥)- (**سورة المانعة**)، واتە: سوورەتی ڕێگر، واتە: ڕێگر لە سزای خوا.

١٦)- (**سورة المحضر**)، واتە: سوورەتی لەلائامادەبوو، هەر کەس ئەم سوورەتە بخوێنێ فریشتە لە لای ئامادە دەبن.

١٧)- (**سورة المُنَفِّرة**)، واتە: سوورەتی سڵەماندنەوەو دوور خستنەوە، دوورخستنەوەی شەیتانەکان.

١٨)- (**سورة البراءة**)، واتە: سوورەتی حاشا لێکردن و دووریی کردن لە شیرك و کوفر.

١٩)- (**سورة المذكِّرة**)، واتە: سوورەتی بیرخەرەوە.

٢٠)- (**سورة النور**)، واتە: سوورەتی ڕووناکیی.

٢١)- (**سورة الأمان**)، واتە: سوورەتی پەنادان و خستنە ئەمینی و دڵنیاییەوە[١].

---

(١) التفسير الكبير: ج٣٠، ص ٢٧٧- ٢٧٨.

دووەم: شوێنی دابەزینی.

زۆربـەی زانایـان ئـەم سـوورەتە بـە مەككەیـی و هەندێكیـان بـە مەدینەیـی و، هەندێكیشـیان بەهەردووكیانیـان دانـاوە، واتـە: گوتوویانـە: هـەم لـە مەككـەو هـەم لـە مەدینـەش دابەزیـوە، بـەڵام مەككەیـی بوونـی ئـەم سـوورەتە ڕاسـترە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزیندا:

لـە موصحـەف دا ژمارەكـەی سـەدو دوازدە (١١٢)یـە و، لـە دابەزینـدا ژمارەكـەی بیسـت ودوو(٢٢)یـە، پێـش سـوورەتی (النجـم) و دوای سـوورەتی (النـاس) دابەزیـوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەكانی:

زانایانـی مەدینـەو كووفـەو بەسـڕا، ژمـارەی ئایەتەكانییـان بـە چـوار (٤) دانـاوەو، هـی مەككـەو شـامیش بـە پێنـج (٥)یـان دانـاوە، واتـە: (لـم یلد)یـان كـردوە بـە ئایەتێك و، (ولـم یولد)یـش بـە ئایەتێكـی دیكـە، بـەڵام زیاتـر ژمـارەی (٤) تەبەنیـی كـراوە، لـەو موصحەفانـەی لەبەردەسـتی ئێمـەدان.

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

ئــەم سـوورەتە موبارەكــە نێوەڕۆكێكــی زۆر مەزنــی هەیــە، كــە بریتیــە لــە چەسپاندنی یەكتایـی خـوا، یەكتایـی خـوا لەهەمـوو ڕوویەكـەوە، خـوا تاكـە، بێوێنەیـە، بـێ هاوەڵـە، تاكــە لــە بەدیهێنەرایەتیــی و پەروەردگارێتیــی و خاوەندارێتیــی و سەرپەرشـتیارییكردن و، پەرسـتراوێتیی و، ناوەكانــی و، سـیفەتەكانی و، ...هتــد دا، هەروەهـا جێـی نیازیـی و بێنیازیـی خـواو، نەبوونـی ڕۆڵـە و، نەبوونـی سـەرچاوەی لێوەهاتــن بــۆ خــواو، بێوێنەیــی و بێهاوتایــی خــوا.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

هـەر چـوار ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە قورئانـدا بێوێنـەو بێهاوتـان و، هاووێنەیـان نیـە:

١- ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ﴾، واتـە: بڵـێ: ئـەو خـوا تاکـە، ئەمـە تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوە.

٢- ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ ﴾، خوایەکی جێبنیازو بێنیازە.

٣- ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ٣ ﴾، کەسـی لـێ نەبـووە، لەکەسـیش نەبـووە، نـە ڕۆڵـەی هەیـەو، نـە سەرچاوەیەکیشـی هەیـە لێـوەی هاتبـێ.

٤- ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌ ٤ ﴾، هیـچ کەسـیش هاوتـای وی نیـە، ئـەم چـوار ئایەتـە موبارەکـە لـە هەمـوو قورئانـدا، تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوون.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمـە کـۆی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بـە هـەر چـوار ئایەتەکەیـەوە، دەکەیـن بـە دەرسـێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هـەر چـوار ئایەتەکـە پێـك دێ، خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا باسـی یەکتایـی خـۆی دەکات، باسـی بێنیازیـی خـۆی دەکات، باسـی جێـی نیازیـی خـۆی دەکات، باسـی ئـەوە دەکات کـە وەك هیـچ کام لـە دروسـتکراوەکان نیـە، لقـی لـێ بووبێتـەوە، یـان لـە ئەسـڵێکەوە هاتبـێ، یـان ڕۆڵـەی هەبـێ، یـان بـاب و دایکـی هەبـن، هەروەهـا خـوا هیچکـەس و هیـچ شـتێك هاوتـای نیـە، لـە هیـچ ڕووێکـەوە.

﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

(بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، بڵـێ: ئـەو خـوا تاکـە ﴿١﴾ خـوا بێنیـاز و جێـی نیـازە، ﴿٢﴾ کەسـی لـێ نەبـووە (و ڕۆڵـەی نیـە)و لەکەسـیش نەبـووە (وڕۆڵـەی کـەس نیـە) ﴿٣﴾ هیـچ کەسـیش هاوتـای وی نیـە (لـە هیـچ ڕووێکـەوە) ﴿٤﴾).

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱللَّهُ): (قِيلَ: أَصْلُهُ إِلَهٌ فَحُذِفَتْ هَمْزَتُهُ، وَأُدْخِلَ عَلَيْهَا الأَلِف واللّام، فَخُصَّ **بالبَارِي**) ئەمە ڕایەکە لە بارەی بێژەی (أَللە)وە، کە لەبنەڕەت دا (إلە) بووەو هەمزەکەی لابراوەو، (أل)ی خراوەتە سەرێ، ((أَللە) ئەگەر هەمزەکە لابرێ دەبێتەوە (لاە)، (أل)ی بخرێتە سەر دەبێتە (أَللە)،) تایبەتیشە بەو زاتەوە کە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی هەموو شتێکە.

هەندێکیش گوتوویانە: (أَللە)، لە (أَلَهَ يَأْلَهُ)وە هاتوە، یانی: پەرستیی، دەیپەرستێ، (**أَلَهَ إلهةً، عَبَدَ عِبَادَةً**) واتە: پەرستیی پەرستن، کەواتە: (أَللە) ئەو زاتەیە کە دەپەرسترێ.

هەندێك گوتوویانە: لە (**أَلِهَ إلَهَةً**)ەوە هاتوە، (**أَلِهَ أي: تَحَيَّرَ**) سەرسام بوو، لەبەر ئەوەی دروستکراوەکان لە ناسینیدا سەرسامن.

هەندێکی دیکە گوتوویانە: لە (**وَلَهَ**)وە هاتوە، (**أي: المخلوقات والِهَةٌ نَحوَهُ**)، یانی دروستکراوەکان بەرەو وی شەیدان، عەوداڵن، (**والِهٌ ولِهَ بِهِ**) واتە: شەیدای بوو، عەوداڵی بوو.

هەندێکی دیکە گوتوویانە: (أَللە) لە (**لاه يَلُوهُ لِياهاً**)ەوە هاتوە، (**أي: إحْتَجَبَ يَحْتَجِبُ احْتِجَابَاً**) پەنهان بوو، پەنهان دەبێ، پەنهان بوون، لەبەر ئەوەی خوا پەنهانە.

دەشگونجێ هەر چواریان لە یەك کاتدا مەبەست بن، چونکە خوا هەم پەرستراوە، هەم دروستکراوەکان تێیدا سەرسامن، هەم دروستکراوەکان بۆی شەیداو تامەزرۆو عەوداڵن، هەروەها پەنهانیشە لە دروستکراوەکان.

(أَحَدٌ): (أَحـد يُسْتَعمَلُ عَـلَى ضَرْبَيْن: أَحَدُهـمُا: فِي النَّفِـي فَقَـطْ، وَالثَّـانِي: فِي الإِثْبَـاتِ) وشـەی (أحـد) بـە دوو جـۆر بـەکاردێ:

یەکەمیان: تەنیا لە لابردندا (دەگوترێ: (**مَا فِي الدَّارِ أَحَد**) (**لَم يَأتِني أَحَد**)، ماڵەکە کەسی تێدا نیە، کەس نەهاتوە بۆ لام، بە زۆریی لە حاڵەتی لابردن (**نفي**)دا بەکاردێ).

دووەم: لە حاڵەتی چەسپاندن و ئیسپاتیشدا بەکاردێ، ئەویش بەسێ شێوە:

١- وەك: (**أَحَدَ عَشَر، وَأَحَدٌ وَعِشْرِين**) واتە: یازدە، بیست و یەك، پاڵ دەدرێتە لای (**عَشر**) یان (**عِشْرُون**).

٢- دەکرێتە پاڵدراو یان پاڵ وەلادراو (**مضاف إليه**)، دەکرێتە پاڵدراو وەك (**أَحَدُهُمَا**) یەکێك لەو دووانە، یان (**أَحَدُهُم**) یەکێك لەو کۆمەڵە.

ئەگەر ببێتە پاڵ وەلادراویش وەك: (**يَومُ الأَحَد**) ڕۆژی یەکشەممە.

٣- حاڵەتی سێیەم لە بەکارهێنانی (**أَحَد**)دا بۆ چەسپاندن، ئەوەیە بۆ وەسفێکی ڕەها بەکاردەهێنرێ، ئەویش بەس بۆ خوا بەکاردێ، ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، بڵێ: ئەو خوایەکی تاکە، تەنیا بۆ خوا وشەی (أحد) بەکاردەهێنرێ، چونکە زاتێك وێنەی نەبێ و هاوتای نەبێ، هەر خوایە، ئەویدیکە هەمووی وێنەی هەیە و، هاوتای هەیە.

(ٱلصَّمَدُ): (**الصَّمَـد: السَّيِّد: الَّـذي يُصْمَـدُ إِلَيْـهِ فِي الأَمْـرِ**) (صمـد): ئـەو گەورەیـەی لەکاروبـاردا پەنـای پـێ دەبـردرێ و پشـتی پـێ دەبەسـترێ، داوای لـێ دەکـرێ و، ڕووی تێدەکـرێ، واتـە: جێـی نیـاز، هەروەهـا واتـە: ئـەو زاتـەی لـە جگـە لـە خـۆی بێنیـازە، بۆیـە مـن وام لێکداوەتـەوە: (جێـی نیـازو بێنیـاز)، هەمـوو کـەس و شـتێك پێویسـتیی پێیـەو، ئـەو پێویسـتیی بەهیـچ کەسـێك و شـتێك نیـە.

واتایەکـی دیکـەی (ٱلصَّمَدُ): (**الصَّمـد الَّـذي لَيـسَ بِأَجْـوَف**) واتـە: ئـەو زاتـەی بـۆش نیـە، پـڕەو بـۆش نیـە، ئـەو مانایـەش بـۆ وشـەی (**الصَّمـد**) هاتـوە لـە زمانـی

عەرەبییدا، بەڵام بە دڵنیایی بەنسبەت خوای پەروەردگارەوە ئەو مانایەیان مەبەستە کە (الصَّمد) واتە: ئەو زاتەی جێی نیازەو، بێ نیازیشە.

(كُفُوًا): (الكُفْءُ: المُمَاثِل، وَالقَوِيُّ القَادِرِ عَلى تَصْرِيف العَمَل، وَالجَمْعُ أَكْفَاءُ، وَكِفَاءُ)، خوێندراویشەتەوە: (كُفُءاً) واتە: وێنە، هاوتا، بەهێزی توانا لەسەرکار کە کاروبار بەو شێوەیەی دەیەوێ هەڵیسووڕێنێ، وشەی (كُفُوًا) بە (أَكْفَاء) و (كِفَاء)یش کۆدەکرێتەوە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکە

لە بارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە، چەند گێڕراوەیەك هەن، بەڵام ئێمە تەنیا یەکێکیان دەهێنین، کە لە ڕووی سەنەدەوە بە باش (حسن) دانراوە:

{عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ ﷺ: أَنَّ الْمُشْرِكِينَ قَالُوا لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ: انْسُبْ لَنَا رَبَّكَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: «قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، اللَّهُ الصَّمَدُ» لأَنَّهُ لَيْسَ شَيْءٌ يُولَدُ إِلاَّ سَيَمُوتُ، وَلَيْسَ شَيْءٌ يَمُوت إِلاَّ سَيورَثُ، وَإِنَّ اللهَ جَلَّ ثَنَاؤه لاَ يَمُوتُ وَلاَ يُورَثُ «وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ» قَالَ: لَمْ يَكُنْ لَهُ شَبِيهٌ وَلَا عِدْلٌ وَلَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ} (أخرجه الترمذي٣٣٦٤، وأحمد: ٢١٢٥٦، والبخاري في التأريخ الكبير: ج١، ص٢٤٥، قال مؤلفا الإستيعاب: سنده حسن).

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب ﷺ دەڵێ: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بە پێغەمبەری خوایان ﷺ گوت: پەروەردگارمان بۆ وەسف بکە (سەر بە کێیە، لە کوێوە هاتووە؟) خواش ئەم ئایەتانەی دابەزاند: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، بڵێ: ئەو خوایە تاکە، ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢﴾، خوایەکە جێی نیازەو بێ نیازە، ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣﴾، (الصمد) بریتیە لەوەی لێی نەبووەو لەکەس نەبووە، چونکە هیچ شتێك نیە لە دایك ببێ، مەگەر دەمرێ، هەر کەسیش شتێکی

بمرێ، بە میرات دەگیرێ، بەڵام خوای پەروەردگار نە دەمرێ و نە بەمیراتیش دەگیرێ، ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾ ﴾، هیچ کەس هاوتای خوا نیە، هیچ کەس وێنەی خوا نیەو، هیچ شتێك وەك خوا نیە.

وەك گوتمان: لە بارەی هۆی دابەزینی ئەم سوورەتە موبارەکە گێڕانەوەی دیکە هەن، یەکێك لە گێڕراوەکان دەڵێ: جوولەکەکان لە مەدینە بە پێغەمبەریان ﷺ گوت: پەروەردگاری تۆ چییە، چۆنە؟ خوای پەروەردگاریش ئەم سوورەتە موبارەکەی دابەزاند.

بەڵام وا پێدەچێ هەر ئەوەیان ڕاستبێ، کە هاوبەشدانەرانی مەککە لە پێغەمبەری خوایان ﷺ پرسیوە، چونکە ئەم سوورەتە هەر لە شاری مەککە دابەزیوە، وەك پێشتریش باسمان کرد، بەڵام لە مەدینەش کە لێیان پرسیوە: خوای تۆ کێیەو چۆنە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ هەر بەم سوورەتە موبارەکە وەڵامی جوولەکەکانیشی داوەتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای پاك و تاك دەفەرموێ: ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿١﴾ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، وەك هەمیشە گوتوومانە ئێستایش دووبارەی دەکەینەوە، کاتێك مرۆڤ دەڵێ: ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، بەناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە.

بێگومانیش ناوی خوا هێنان لەسەر هەر شتێك مایەی بەرەکەت تێکەوتنییەتی و، ناوی خوا نەهێنان چ بە ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، چ بە (**الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِين**) مایەی دوابڕاویی و بێخێریی ئەو کارەیە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ

فەرموویەتی: (كُلُّ أَمْرٍ ذِي بالٍ لا يَبْدَأُ فِيهِ بِبِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ أَقْطَع)[1] واتە: هەر کارێکی گرنگ بەناوی خواوە دەست پێ نەکرێ و، ناوی خوای لەسەر نەهێنرێ، دوابڕاوە، بەڵێ هەر کاتێك مرۆڤ دەڵێ: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، دەبێ بەلایەنی کەمەوە چوار واتایان لە عەقڵ و دڵی خۆی دا ئامادە بکات:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بێ هاوتا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾، بڵێ: ئەو خوایەکی تاکە، پێشتریش گوتمان: لە هەموو قورئاندا پێنج سوورەت بە (قُل) دەست پێدەکەن:

١- سوورەتی (الجن)، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبٗا ١﴾الجن.

٢- سوورەتی (الكافرون)، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢﴾الكافرون.

٣- ئەم سوورەتە موبارەکە، سوورەتی ئیخلاس ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾.

٤و٥- هەردوو سوورەتی فەلەق و ناس: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١﴾الفلق، ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١﴾الناس.

لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾، بەدڵنیایی خوا لە وەڵامی پرسیارێکدا فەرمان بە پێغەمبەری خۆی ﷺ دەکات، ئەوە بفەرموێ، بڵێ: ئەو خوایەکی تاکە، زۆر لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: (هو) لێرەدا ڕاناوی

---

(١) ذكره العظيم آبادي (١٢٧/١٣) وقال: وهو حديث حسن..

حاڵ (**ضمير الشَّأْن**)ە، واتە: حاڵ و دۆخ بەو شێوەیە، ئەو خوایەکی تاکە، دواتر لە مەسەلە گرنگەکان زیاتر قسەی لێ دەکەین و سوورەتەکە هەمووی دەکەین بە یەك مەسەلەی گرنگ، لێرەدا خوای پەروەردگار بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: بفەرموو: ئەو خوایەکی تاکە.

(**أَحَد**) لە کوردییدا دەبێتەوە بە تاك، بەڵام (واحد) واتە: یەك، خوای پەروەردگار وشەی (واحد)یشی بۆ خۆی بەکارهێناوە: ﴿ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ٣٩﴾ **یوسف**، یەکی ملپێکەچکەر، پێشتر باسی واتاو چەمکی وشەی (أحد)مان کرد، لە ڕووی زمانەوانییەوە.

لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١﴾، بڵێ: خوا تاکە، هەموو واتایەکانی دیکەی دوایی دێن، هەموویان دەگرێتە نێو خۆی، چونکە خوا ئەگەر تاك بێ، مانای وایە: جێی نیازو بێ نیازەو، ئەگەر تاك بێ: کەسی لێ نەبووەو لە کەسیش نەبووەو، و ئەگەر تاك بێ: مانای وایە هیچ هاو وێنەو هاوتاو شێوەی نین، ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢﴾، خوا جێی نیازە، نەیفەرمووە: (**وَهُوَ الصَّمَد**) بەڵکو فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢﴾، خوا جێی نیازە، چونکە خەڵکی دیکەش و شتی دیکەش هەیە، خەڵك پێویستیی پێی دەبێ و، سەری تێی دەوەستێ و داوای لێدەکات، بەڵام خوا فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢﴾ یانی: خوا بە هەموو مانای وشە: جێی نیازو بێنیازە، ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ٣﴾، کەسی لێ نەبووەو لە کەسیش نەبووە، بۆچی پێشێ فەرموویەتی: کەسی لێ نەبووە، لە ڕووی ڕێزبەندیی لۆژیکییەوە دەبێ بڵێی: فڵانکەس لە کەسەوە نەهاتوە، پێشێ دەبێ باسی ئەسڵ بکرێ، ئنجا باسی لق بکرێ، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ بەپێی عەقڵی هەموو ئەوانەی ئەم سوورەتەی ئاراستە کردوون، بەڵکو بەپێی عەقڵی هەموو ئەوانەی بە درێژایی زەمان، هەر لە ڕابردووەوە تاکو کۆتایی لە خوا پەرستیی لادەدەن، لە یەکتاپەرستیی لادەدەن، دواوە، کە هەموو ئەوانە ڕۆڵەیان پاڵداوەتە لای خوا، نەك خوا پاڵدەنە لای سەرچاوەیەك کە لێوەی هاتوە،

هەمیشە ئەوان گوتوویانە: شەیتانەکان کوڕانی خوان، فریشتەکان کچانی خوان، نەصڕانییەکان دەڵێن: عیسا کوڕی خوایە، هەروەها هیندۆسەکان و، هەموو ئەوانە لقیان بۆ خوای پەروەردگار داناوەو، گوایە شتانێك لێی پەیدا بوون، بۆیە خوا سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ لَمْ يَلِدْ ﴾، واتە: (**لَم يَلِد مِنهُ أحَد**) لێی نەبووە، کەسی لێ پەیدا نەبووە، ﴿ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ ﴾، لە کەسیشەوە پەیدا نەبووە، نە لقێك هەیە لێی جیا بووبێتەوە، نە ئەسڵێك هەیە ئەو لێوەی هاتبێ، خاوەنی بوونێکی زاتییەو، بوونەکەی خوازراو نیەو بوونێکی سەربەخۆیە، بوونێکی بێ سەرەتاو بێ کۆتاییە.

﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾ ﴾، هیچ کەسیش هاوتای وی نیە، واتە: هیچ کەس هاوئاستی خوا نیەو، هاوتای وی نیە، چونکە هەموو ئەوانی دیکە جگە لە خوا، دروستکراوی خوان، بە دیهێنراوی خوان، ئەگەر فریشتەن، ئەگەر مرۆڤن، ئەگەر جندن، ئەگەر ڕووەکن، ئەگەر ئاژەڵن، ئەگەر دڕندەن، ئەگەر پەڕەورن، ئەگەر هی ژێر دەریان، ئەگەر هی سەرزەوی و بن زەویین، ئەگەر هی نێو هەوان، ئەگەر ماددەی بێ ژیانن، ئەگەر کەهکەشانن، ئەگەر گەردیلەن، ئەگەر بچووکن، ئەگەر گەورەن، هەموویان دروستکراوی خوان، دروستکراوی خواش هەرگیز نایەتە ئاستی خوا، چونکە کاتێك بووە نەبووەو خوا بوونی پێداوە، کاتێکیش دەبێ خوا نایهێڵێ.

مەسەلە گرنگەکان

کۆی ئەم سوورەتە دەکەینە یەك مەسەلە:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ، کە بە پرسیارلێکەرانی لە بارەی پەروەردگاریەوە بفەرموێ: ئەو خوای تاکە، جێی نیازو بێ نیازە، کەسی لێ نەبووەو لە کەس نەبووەو، هیچ کەسیش هاوتای وی نیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم چوار ئایەتە لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، ئەو خوایەکی تاکە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە تۆزێك وردەکاریی باس دەکەین: ﴿قُلْ﴾ بڵێ، ئەمە فەرمانی خوای بەرزو مەزنە، ﴿هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، ئەو خوایەکی تاکە، زۆرێك لە پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن:

{(هـو): مبتدأ أول، (أللـه): مبتدأ ثـان، (أحـد): خبر المبتدأ الثاني، والجملة خبر المبتدأ الأول}.

ئەمە لە ڕووی ڕێزمانییەوە، لە هەموو ڕایەکانی دیکە بەهێزترە: (هـو) نیهادی یەکەمە، (أللـه) نیهادی دووەمە، (أحـد) گوزارەی نیهادی دووەمە، ڕستەکەش هەمووی دەبێتە گوزارەی نیهادی یەکەم، بۆ ئیعرابی ئەم ئایەتە موبارەکە هەندێ ڕای دیکەش هەن، بەڵام ئەوەی هەڵمانبژارد پێم وایە بژاردەیە.

کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، بڵێ: ئەو خوایە تاکە، تاك ئەوەیە دووەمی نەبێ، وێنەی نەبێ، هاوتای نەبێ، شێوەی نەبێ، لە کوردییدا کە

دەڵێـی: فـڵان شـتە تاکـە، واتـە: دووەمێکـی نیـە، هاوتایەکـی نیـە، وێنەیەکـی نیـە، شـێوەیەکی نیـە، هەڵبەتـە ئـەوەی بـە ڕەهایـی وشـەی (أحـد)ی بـۆ بەکاربـێ، تەنیا خوایـە، چونکـە هیـچ مرۆڤێـك نیـە هاوتـای نەبـێ، هاوشـێوەی نەبـێ، وێنـەی وی نەبـێ، هیـچ دروسـتکراوێکیش نیـە بێوێنـەو بێهاوتـاو بـێ شـێوە بـێ، تەنیـا خـوای پـەروەردگار بێوێنەیـە، بێهاوتایـە، بێشـێوەیە، بـێ دووەمیشـەو تاکـە، واتـە: دووەمـی نیـە، بـەڵام دروسـتکراوەکانی دیکـە هەموویـان دووەمیـان هەیـە، بگـرە هیـچ دروسـتکراوێك نیـە جـووتی نەبـێ: ﴿ وَٱلشَّفْعِ وَٱلْوَتْرِ ٣ ﴾**الفجر**، سـوێند بـە جـووت و بـە تـاك، هەمـوو دروسـتکراوەکان جووتـن، نێـرو مـێ، یـان پێچەوانـەی یەکدییـن، وەك سـاردو گـەرم، ئاسـمان و زەوی، دنیـاو دواڕۆژ، زسـتان و هاویـن، ...هتـد، تەنانەت مـاددەی بـێ ژیانیـش لـە نێـوك و ئەلیکـترۆن پێـك دێ، نێوکەکـە پرۆتـۆن و نیۆترۆنـی تێدایـەو، ئەلیکـترۆن بـە دەوری نێوکـدا دەخولێتـەوەو، ئەویـش هـەر جووتـە.

٢)- ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴾: خوایەکی بێنیازەو جێی نیازە، ئەمە گوزارەی دووەمە، بۆ (هو) یانی: ئەو خوایەکی جێنیازو بێنیازە، وشەی (ألله) جێداری (هو)یە: (هو الله)، هەواڵەکەیشی بریتیە لە (أحد) ئەگەر بێت و (هو) ڕاناوی حاڵ (**ضمیر الشأن**) بێ، واتە: حاڵ بەو شێوەیە کە ئەو خوایەکی تاکە، ئەوەی دێ هەمووی هەواڵ و ڕوونکەرەوەی ئەو (هو) دەبێ، ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴾، ئەو خوایەکی جێی نیازو بێ نیازە.

٣)- ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ (ئەمیش دیارە گوزارەیەکی دیکەیە) ئەو کەسی لێ نەبووەو لە کەسیش نەبووە.

٤)- ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴾، هیچ کەسیش هاوتای وی نیە.

﴿ لَمْ يَلِدْ ﴾، واتە: (**لَم يَلد غَيـرَهُ**): جگەلە خۆی لێ نەبووە.

﴿ وَلَمْ يُولَدْ ﴾، واتە: (**وَلَم يَلِدْهُ غَيْرُه**) جگە لەو ئەوی نەبووە.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴾، (لَـهُ) کـە (**جـارو مجـرور**)ە و پێشـخراوە، لەسـەر (كُفُوًا) لەبـەر گرنگیـی پێدانـە، بـەوە کـە خـوای

بێهاوتا هیچ کەس هاوتای نیە، هیچ کەس وێنەی نیە، هیچ کەس هاوئاستی نیە. بۆیەش لە ئایەتەکەی پێشێدا لابردنی ڕۆڵە لە خوا، پێشخراوە، ئەوە کە خوای پەروەردگار سەرچاوەیەکی هەبێ لێوەی هاتبێ، چونکە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان زیاتر ئەو بیرۆکەیە لە نێویاندا ڕەواجی هەبووە، کە خوا ڕۆڵەی هەیە، کوڕی هەن و کچی هەن، لە نێو هیندۆسییەکانیشدا ئەو بیرۆکەیە هەیە، بەڵکو ئێستا لە نێو نەصرانییەکانیشدا ئەوەیان تەبەننیی کردوە کە عیسا سەلامی خوای لێبێ کوڕی خوایە، هەر لەبەر ئەوەی بابی دیار نیە، بەڵام خوا عیسای بۆیە بەو شێوەیە خوڵقاندوە، تاکو بزانرێ خوا دەتوانێ بەبێ بابیش ئینسان بخوڵقێنێ، هەروەك دەتوانێ بەبێ باب و دایکیشی بیخوڵقێنێ، کە ئادەم و حەووان، دەشتوانێ بە باب و دایکەوە بیانخوڵقێنێ، وەك مرۆڤەکانی دیکە.

حەوت وردە سەرنج لە بارەی سووڕەتی ئیخلاصەوە

سەرنجی یەکەم:

وشەی (قُلْ): خوای کاربەجێ کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾ الإخلاص، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: بۆچی خوای زاناو کارزان بە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ فەرمووە، بفەرموێ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١﴾، بڵێ: ئەو خوایە کە تاکە، بۆچی ڕاستەوخۆ نەیفەرمووە: (**هُوَ اللهُ أَحَد**)؟ ئەو خوایە کە تاکە؟!

هەڵبەتە هیچ وشەیەك لە فەرمایشتی خوادا بێ حیکمەت نیە.

یەکێك لە زانایان دەڵێ: حیکمەتەکەی ئەوەیە: (**المأمورُ بِه سَواءٌ كانَ مُعَيَّناً أَمْ لاَ، مَأْمورٌ بِالإقْرارِ بِالقَول، فَأُثْبِتَ القَول لِيَدُلَّ عَلى إيجَابِ مَقولِهِ وَلُزُومِ الإِقْرارِ بِهِ عَلى مَرِّ الدُّهُور**): فەرمانپێکراو چ دیارییکراو بێ (کە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ) یاخود دیارییکراو نەبێ، (ومەبەست پێی هەر کەسێك بێ کە قورئان دەخوێنێ) فەرمانی پێکراوە کە دان بە گوتنی ئەوەدا بنێ، ئنجا بۆیە گوتنەکە چەسپێنراوە، تاکو ئەوە بگەیەنێ کە پێویستە فەرمان پێکراو (مقول)ەکە بگوترێ و دانی پێدا بهێنرێ، بە درێژایی زەمان و ڕۆژگار.

واتە: کاتێك ئێمە دەخوێنینەوە (قُل)، چاوەڕێین گوتراوە (مقول)ێك بێت، ئایا ئەوەی دەبێ بگوترێ، چییە؟ دوایی کە دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، بۆیە پێشێ فەرموویەتی: (قل) تاکو بزانرێ کە گوتنی ئەو فەرمایشتە شتێکی پێویستەو، فەرمانپێکراوەو، بابای فەرمانپێکراو پابەندکراوە بەوەی ئەو وشەیە بڵێ.

سەرنجی دووەم:

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ ﴾، زۆربـەی زانایـان دەڵـێ: (هــو) ئـەو (**ضَمـير الشَّـأن**)ە، ڕانـاوی حاڵەتـە، واتـە: حـاڵ بـەو شـێوەیە کـە ئـەو خوایـە تاکـە.

ئنجـا هەندێـك گوتوویانـە: لـە وەڵامـی قسـەی ئەوانـەدا کـە گوتیـان: (**إِنْسُـبْ لَنَـا رَبَّـك**) یـان (**صِـفْ لَنَـا رَبَّـك**) واتـە: پەروەردگارمـان بـۆ پێناسـە بکـە، بۆمـان دەربخـە چۆنــەو چــۆن هاتــوە؟ خــواش وەڵامــی داوەتــەوەو فەرموویەتــی: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ ﴾، ئـەو پـەروەردگارەی ئێـوە لێـی دەپرسـن، خوایەکـی تاکـە.

(**فخرالديـن الـرازي**) لـە بـارەی (هــو)ەوە، شـتێکی هێنـاوە، کـە هــەر کام لـە (**آلـوسي**) لـە (**روح المعـاني**)داو (**إبـن** عاشـور) یـش لـە (التحريـر والتنويـر)دا، بەبـێ ڕەخنەلێگرتــن هێناویانــە.

(**فخرالديـن الـرازي**) دەڵـێ: خـوای پـەروەردگار دوای وشـەی (قـل)، سـێ وشـەی فەرمـوون، کـە بریتیـن لـە وشـەکانی: (هـو) و (اللـه) و (أحـد)، ئـەم سـێ وشـەیەش هـەر کامیـان دەلالـەت دەکات لەسـەر پێگـەو پلەیەکـی تایبـەت، بـۆ ئـەو کەسـانەی بەرزتریـن پێگـەو مەقامیـان هەیـە، لـە خواناسـیی و خواپەرسـتییدا، کـە تەماشـای چییەتـی شـتەکان دەکـەن:

أ- کۆمەڵی یەکەم: (قل هو) هەر بە (هو) لە هەموو شتێك تێدەگەن، ئەمە مەقام و پێگەیەك، کە بەرزترینە و هی زۆر نزیکخراون (**مُقَرَّبين**)ە.

ب- کۆمەڵی دووەم: کە هاوەڵانی ڕاستە (أصحاب اليمين)ن، دەبێ خوایان بە ناوی خۆی بۆ ناو ببردرێ، کە (ألله)یە،

ج- کۆمەڵی سێیەم: کە هاوەڵانی چەپە (أصحاب الشمال)ن، پێویستە ئاگادار بکرێنەوە کە خوا تاك و بێهاوبەش (أحد)ە، چونکە ئەوان لە پەرستنی خوادا بەهەڵەدا دەچن و جگە لە خوا دەپەرستن، بۆیە فەرموویەتی: (أحد).

ئـەو قسـەیە وەك گوتـم: ئـەو سـێ تەفسـیرەی سـەرەوە هێناویانـەو، ڕەنگـە تەفسـیرەكانی دیكـەش ئاماژەیـان پێكردبـێ، بـەڵام پێـم وایـە ئـەو قسـەیە هـەر هەڵهێنجانێكـە هیـچ بەڵگەیەكـی لەسـەر نیـەو، پێشـم وانیـە هەڵهێنجانێكـی ڕاسـت و دروسـت بـێ، چونكـە ئـەو و (هـو) كێیـە؟ هەتـا (ألـلـه) نیەیـەت، نازانیـن ئـەو ڕاناوە پەیوەسـتە بـە كێـوە، بۆیـە ئـەو جـۆرە ئەنجامگیرییانـە لـە قورئـان بـە شـتێكی ڕاسـت و دروسـت دانانێـم، چونكـە ئەگـەر تـۆ بـەم شـێوەیە ئەنجامگیریـی دەكـەی لـە قورئـان، یەكێكـی دیكـە دێ ئەنجامگیرییەكـی دیكـە دەكات و، یەكـی دیكـە ئەنجامگیرییەكـی دیكـە، كـە لەگـەڵ ڕواڵەتـی بێژەكانـی قورئانـدا كـۆك و تەبـا نیـە.

سەرنجی سێیەم:

پێشتریش وشەی (ألله) هەندێك لە زانایان گوتوویانە: هەر وشەی (إله)ەو (أل)ێكی بۆ دانراوە.

لەبارەی ڕیشەكەیشیەوە، زانایان ڕاجیاییان هەیە:

١- هەندێك گوتوویانە: (ألله) لە (أَلَه)وە هاتوە، (أَلَه، يَألَه، إلهةً)، (أي: عَبَدَ، يَعْبُدُ، عِبَادةً)، لەبەر ئەوەی (الله) ئەو زاتەیە بەندایەتیی بۆ دەكرێ و دەپەرسترێ.

٢- هەندێكی دیكە گوتوویانە: لە (أَلِهَ)وە هاتوە، بە مانای: (تحَيُّر)، (أَلِهَ، يَألَهُ، إلَهةً)، یانی: (تَحَيَّر، يتَحيَّرُ، تَحَيُّراً)، لەبەر ئەوەی دروستكراوەكان لە ناسینی خوادا سەرسامن و بۆیان وەخۆ ناگیرێ و، لە عەقڵ و دڵیاندا جێگای نابێتەوە، وەك چییەت و خودی خۆی، نەك وەك پەیپێبردنی و ناسینی.

٣- هەندێكی دیكە گوتوویانە: وشەی (ألله) لە (وَلِهَ)ەوە هاتوە، (وَلَهْ) واتە: شەیدایی و عەودالّیی و هۆگریی، (لِأنَّ المَخْلوقَاتَ وَالِهَةٌ نَحوهُ) لەبەر ئەوەی هەموو دروستكراوەكان شەیداو عەودالّی خوای پەروەردگارن.

٤- هەندێکی دیکە گوتوویانە: لە (لاهَ)ەوە هاتوە، (لاهَ، يَلُوهُ، لياهاً)، (أي: احتَجَبَ، يحتَجِبُ، احْتِجاباً)، لەبەر ئەوەی خوای بێ وێنە پەنهانە لە دروستکراوەکانی خۆی.

ئەمانە چوار ڕای زانایان لە بارەی وشەی (ألله)وە، کە ئایا لە چییەوە هاتوە؟ هەندێکیش لەزانایان گوتوویانە: وشەی (ألله) لە هیچ وشەیەکی دیکەوە دانەتاشراوە، بەڵکو ناوی ناسین (علم)ە بۆ خوا، لە زمانی عەرەبیدا و، لە کوردییدا دەڵێین: (خوا)، لە فارسییدا دەگوترێ: (خدا) لە ئینگلیزییدا دەگوترێ: (god) و، لە هەموو زمانەکاندا ناوی خوا هەیە.

سەرنجی چوارەم:

لەسەر وشەی (**أَحَد**)، زانایانی شارەزای زمان زۆریان قسە لە بارەوە کردووەو پێشتر هەندێکیمان باس کرد، بۆ وێنە:

أ- (**ابن الأثير**) لە کتێبی: (**النهاية في غريب الحديث والأثر**)دا دەڵێ: {**أَحَدٌ من أَسماءِ اللهِ تَعَالى، الأَحدُ وَهوَ الفَرْد الَّذي لَم يَزل وَحدَه ولَم يَكن مَعه آخرُ، وَالهَمْزَة فِيهِ بَدل الوَاوِ، وَأَصْلهُ وَحَد، لأنَّه مِنَ الوَحْدة**}، واتە: (أحد) لە ناوەکانی خوای بەرزە، ئەو تاکەیە کە بەردەوام هەر تەنیا بووە، کەسی دیکەی لەگەڵدا نەبووە، هەمزەی (**أَحَد**) جێگرەوەی (و)وە، لە ئەصڵدا (**أَحَد**) (**وَحد**) بووە، چونکە لە (**الوَحْدة**)ەوە هاتوە، واتە: تاکێتیی.

ب- لە فەرهەنگی (المصباح المنير)دا دەڵێ: {**ويَكونُ (أَحَدٌ) مُرادِفاً (لِوَاحِدٍ) فِي مَوْضِعَين سَمَاعاً: (أَحَدُهُمَا) وَصْفُ اسمِ البَاري تَعَالى فَيُقال: هُوَ (الوَاحِدُ) وَهوَ (الأَحَدُ) لاخْتِصاصِهِ بِالأَحَدِيَة، فَلاَ يُشرِكُهُ فِيها غَيْرهُ، وَلِهذا لا يُنْعَت بِهِ غَيْرُ اللهِ. وَالمَوضِع (الثَّاني) أَسماءُ العَدَدِ لِلْغَلَبَةِ وَكَثْرَةُ الإسْتِعْمالِ، فَيُقال: (أَحَدٌ وَ عِشْرُونَ) و (وَاحِدٌ وَ عِشْرُونَ)**}، واتە: بەپێی بیستنی کە لە عەرەبییدا بیستراوە، وشەی (**أَحَد**)، دەبێتە هاوواتای وشەی (**واحِد**) لە دوو شوێناندا: یەکەمیان: وەسفکردنی ناوی خوا، چونکە خوا یەکەو تاکەو خوا تایبەتە بە تاکێتییەوە، [واتە: وشەی (**أَحَد**) بە ڕەهایی تەنیا بۆ خوا بەرکاردەهێنرێ، بەڵام هەموو (واحد)ێك

دووان (إثنَيْن)ی لە بەرانبەرەو، سێ (ثلاَثَ)ی لە بەرانبەرە، بەڵام (أحد) کاتێك بۆ خوا بەکاردەهێنرێ، واتە: زاتێکە هیچ شتێکی دیکەی لە بەرانبەردا نیەج.

شـوێنی دووەمیـان کـە (أَحَـد) بـە مانـای (واحـد) بەکاردەهێـنرێ، لـە کاتێکـدا بـۆ نـاوی ژمـارە بەکاربـێ، لەبـەر ئـەوەی زۆر بەرکارهێـنراوە، دەگوتـرێ: **(أَحَـدٌو عِـشْرُون)** یانـی: بیسـت و یـەك و،**(وَاحِـدٌ وَعَـشْرَون)**، یـەك وبیسـت [جگـە لـەم دوو شـوێنە، هەمیشـە وشـەی (أحـد) و (واحـد) جیـان].

سەرنجی پێنجەم:

لە بارەی وشەی (الصمد)ەوە:

أ- (الشهاب) کە یەکێکە لە زانایان دەڵێ: وشەی {**(صَمَد) فَعَلٌ بِمعْنى المَفْعول، وَصَمَد أي: قَصَدَ، إذاً الصَّمَدُ أَيْ: المَصْمودُ، وَهُوَ المَقْصودُ المَطْلوبُ**}، واتە: وشەی (صمد) لەسەر کێشی (**فَعَل**)ە، بەڵام بە مانای (مفعول)ە، کەواتە: (صمد) بە مانای (مصمود) یان (مقصود) کەسێك داوای لێدەکرێ و، ڕووی نیازو مەبەستەکانی تێ دەکرێ، وەك (**قَبَس**) بە مانای (**مَقْبُوس**) یانی: ئاگرێك کە وەردەگیرێ.

ب- (**إبن تيمية**) دەڵێ: لە بارەی وشەی (صمد)ەوە، زانایانی پێشین دوو ڕای سەرەکییان هەبوون:

١- {**الَّذي يُصْمَدُ إلَيهِ في الحَوائِجِ**}، (صمد): ئەو زاتەیە ڕووی نیازو مەبەستی تێدەکرێ بۆ پێویستییەکان، داوایی لێ دەکرێ.

٢- مانای دووەمیان: {**الصَّمَد هُو الَّذي لاَ جَوْفَ لَه**} ئەو زاتەیە کە بەتاڵایی، بۆشایی نیە.

بۆچی (أل)ی ناساندن چۆتە سەر (**الصَّمَد**)، بەڵام نەچۆتە سەر (**أَحَد**)؟

حیکمەتەکەی ئەوەیە:

لـە نێـو دروسـتکراوەکاندا، تەنهـا زاتێـك پێـی بگوتـرێ: (**الأحـد**) لـە کاتی چەسـپاندا تەنیـا خوایـە، جگـە لـە خـوا هیـچ کەسـێکی دیکـەو، هیـچ دروسـتکراوێکی دیکـە بـە (**الأحـد**) وەسـف ناکـرێ، بـەڵام وشـەی (الصمـد) بۆیـە (أل)ی ناسـاندنی چۆتـە سـەر، چونکـە جگـە لـە خواشـی پـێ وەسـف دەکـرێ، کەسـێك خەڵـك داوای لێبـکات و چاوەڕوانیـی لێـی هەبـێ، جێـی نیـازو مەبەسـتی مرۆڤـان بـێ، ئەویـش وشـەی (صمد) ی بـۆ بەکاردەهێـنرێ، بۆیـە (أل) چۆتـە سـەر (صمـد) واتـە: ئـەو زاتـەی بەتەواویـی جێـی نیازیـی و بێنیـازی لـەو دایـە.

٣- خوای پەروەردگار وشەی (الله)ی لەگەڵ (**الصَّمَد**)دا دووبارە کردۆتەوە، لەوبارەوەش (أبو السُّعود) دەڵێ: بۆیە ناوی خوا لەگەڵ (**الصَّمَد**)دا دووبارە بۆتەوە تاکو بزانرێ: هەر کەسێك خاوەنی صەمەدییەت نەبێ، مانای وایە لە خوایەتیی بە دوورە، هەر کەسێك ئەوەنەبێ هەموو دروستکراوەکان پێویستییان پێی هەبێ و داوای لێ بکەن، ئەویش لە هەموویان بێنیاز بێ، هەر کەسێك وا نەبێ، شایستەی پەرستران نیە.

سەرنجی شەشەم:

ئەوانـەی خـوای پەروەردگاریـان چوانـدوە بـە دروسـتکراوەکانی، یـان دروسـتکراوەکان دەچوێنـن بـە خـواوە (**المُشَبِّهة**)، وشـەی (اللـه الصمد)یـان بـە بەڵگـە هێناوەتـەوە، لەسـەر ئـەوەی خـوا جیسـمە، واتـە: خـوا لەو شـتانەیە کـە ئێمـە بتوانین بـە پێنـج هەسـتەکان دەرکـی بکەیـن! بـەڵام ئەمـە قسـەیەکی پووچـە، چونکـە وشـەی (أحـد) پێچەوانـەی ئەوەیـە کـە خـوا لـە مـاددە بـێ و لـە چەنـد بەشـێك پێکهاتبـێ، چونکـە هـەر شـتێك لـە مـاددە بـێ لـە گەردیلـەکان دەبـێ، گەردیلەکانیـش مۆلکـۆل گـەرد (**جُزَيئـي**) پێـك دەهێنـن، ئەوانیـش شـتی لـە خۆیـان گەورەتـر، تاکـو سـەرەنجام ئـەو جەسـتەیە پێکـدێ، بـەڵام خـوا لـە سـەرووی ماددەوەیـە.

سەرنجی حەوتەم:

وەك دوایی باسی دەکەین، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: سوورەتی (**إخلاص**) یەك لەسەر سێی قورئانە، یانی: هەر کەسێك بیخوێنێ، وەك ئەوەیە یەك لەسەر سێی قورئانی خوێندبێ، زانایان لەو بارەوە زۆریان قسە کردوە، ئایا مەبەست لەمە چییە؟

زۆربەی هەرەزۆریان گوتوویانە: بە دڵنیاییەوە مەبەست ئەوە نیە، هەر کەسێك هەموو قورئان بخوێنێ و، یەکێکی دیکە سێ جاران سوورەتی ئیخلاس بخوێنێ، پاداشتەکەی هێندەی هی ئەو کەسەیە کە هەموو قورئانی خوێندوە، ئەدی مەبەست پێی چییە؟

١- هەندێکیان گوتوویانە: ئیسلام یان قورئان هەمووی دەبێتەوە بە سێ بەش:

أ- یاساکان، (**الأحكام**)،

ب- موژدەکان و هەڕەشەکانی خوا

ج- ناوو سیفەتەکانی خوا، لەم سوورەتە موبارەکەشدا باسی ناوو سیفەتەکانی خوا کراوە، واتە: یەك لەسەر سێی ئەو ڕاستییانەی لە قورئاندا هاتوون، لەم سوورەتەدا بە پوختیی و بە گوشراویی هاتوون، سێیەکەکەی دیکەش: گفت و بەڵێنی خوا بە بەبڕواداران و هەڕەشەی خوایە لە بێبڕوایان و خراپەکاران.

سێیەکەکەی دیکەش بریتیە لە یاساو حوکمەکانی خوا، (**أبو عباس السُّرَيج**) بۆچوونێکی وای هەبووە.

٢- (**أبو حامد الغزالي**) لە (**جَواهِر القُرآن**)دا دەڵێ: قورئان دەبێتەوە بە سێ بەش: (**معرفة الله، ومعرفة الآخرة، ومعرفة الصراط المستقيم**) واتە: قورئان یان باسی ناسینی خوایە، یان باسی زانینی ڕۆژی دواییە، یان باسی ناسینی ڕاستەڕێی خوایە، لەم سوورەتە موبارەکەشدا باسی ناسینی خوا کراوە.

٣- (**إبن القيم**) له (زاد المعاد)دا دەڵێ: قورئان دەبێتەوە بە سێ بەش: یەکەم: خوا بەیەکگرتن بەزانیاری و کردەوە (**تَوحيد العِلم والعَمل**)، دووەم: خوا بەیەکگرتن بەناسین ویستن (**توحيد المعرفة والإرادة**)، سێ: خوا بەیەکگرتن بەبڕواو بەئامانج گرتن (**توحيد الإعتقادِ وَالقَصد**)، ئەو پێی وایە لەم سوورەتە موبارەکەدا (**توحيد الإعتقادِ وَالقَصد**) هاتوه.

٤- هەندێکیش بێدەنگییان هەڵبژاردوەو گوتوویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ وای فەرمووە، بەڵام ئێمە بە وردیی نازانین مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ چییە.

٥- منیش وای تێدەگەم کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك سوورەتی ئیخلاس بخوێنێ، وەك ئەوە وایە سێ یەکی قورئانی خوێندبێ، مەبەست پێی ئەوەیە کەسێك بە بڕوا پێبوون و، کارلێك لەگەڵ کردن و لێ وردبوونەوەو، بە حاڵەتێکی دەروونیی و ڕووحیی هێندە بەهێز بیخوێنێ، کە وەك خوای پەروەردگار ببینێ، کەسێك ئاوا ئەم سوورەتە بخوێنێ، وەك ئەوەیە یەك لەسەر سێی قورئانی خوێندبێ و، ئەگەر سێ جاران بیخوێنێ، وەك ئەوەیە هەموو قورئانی خوێندبێ.

پێگەی گەورەی ئەم سوورەتەو سوورەتی (الكافرون)و، پاداشتی خوێندنیان

لەو بارەوە پێغەمبەری خاتەم ﷺ چەند فەرمایشتێکی لێ گێردراونەوەو ئێمەش دە (١٠) یانمان لە نێودا هەڵبژاردوون:

١)- {عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ رضى الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسولُ اللهِ ﷺ: مَنْ قَرَأَ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، فَكَأَنَّمَا قَرَأَ ثُلُثَ الْقُرْآنِ} (أخرجه أحمد: ٢١٣١٢، قال الهيثمي (١٤٧/٧): رجاله رجال الصحيح. والنسائي في الكبرى: ١٠٥٢١).

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب ﷺ گووتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) بخوێنێ، وەك ئەوەیە سێیەکی قورئانی خوێندبێ.

٢)- {عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضى الله عنه، قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: إِنِّي أُحِبُّ هَذِهِ السُّورَةَ «قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ» فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: حُبُّكَ إِيَّاهَا أَدْخَلَكَ الْجَنَّةَ} (أخرجه الترمذي: ٢٩٠١، والدارمي: ٣٤٣٥، وابن الضريس: ٢٧٨، من حديث أنس وإسناده لا بأس به، لأجل مبارك بن فضالة، لكن توبع فقد أخرجه: ٧٧٤، من وجهٍ آخر تعليقاً، ووصله الترمذي: ٢٩٠١، وإسناده حسن، رجاله ثقات).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەگێڕێتەوە، کە پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەم سوورەتەم خۆشدەوێ: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) پێغەمبەری خواش ﷺ پێی فەرموو: خۆشویستنت بۆی، تۆی خستۆتە بەهەشتەوە.

٣)- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضى الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ «احْشُدُوا، فَإِنِّي سَأَقْرَأُ عَلَيْكُمْ ثُلُثَ الْقُرْآنِ»، قَالَ: فَحَشَدَ مَنْ حَشَدَ، ثُمَّ خَرَجَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ فَقَرَأَ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، ثُمَّ دَخَلَ، فَقَالَ:

بَعْضُنَا لِبَعْضٍ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: فَإِنِّي سَأَقْرَأُ عَلَيْكُمْ ثُلُثَ الْقُرْآنِ، إِنِّي لَأَرَى هَذَا خَبَرًا جَاءَ مِنَ السَّمَاءِ، ثُمَّ خَرَجَ نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: إِنِّي قُلْتُ: سَأَقْرَأُ عَلَيْكُمْ ثُلُثَ الْقُرْآنِ، أَلَا وَإِنَّهَا تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ} (أخرجه أحمد: ٩٥٣١، ومسلم: ٨١٢).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خوا ﷺ ڕۆژێـك فەرمـووی کۆببنەوە، چونکـە مـن سـێیەکی قورئانتـان بەسـەردا دەخوێنـم، دەڵـێ: ئـەوەی کۆبـۆوە، کۆبۆوە، دوایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاتـەدەرو سـوورەتی: (قُلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَدٌ)ی خوێنـد، دوایی چـووە ژوور، هەندێکـمان بـە هەندێکمانـمان گـوت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: سـێیەکی قورئانتـان بەسـەردا دەخوێنـم، کەچـی تەنیـا ئـەم سـوورەتەی خوێنـد! مـن پێـم وایـە ئـەوە هەواڵێـك بـوو لـە ئاسـمانەوە هـات![1] دوایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاتـەوەدەر، فەرمـووی: مـن گوتـم: سـێیەکی قورئانتـان لەسـەر دەخوێنـم، ئاگاداربـن! ئـەم سـوورەتە بەرانبـەر سـێیەکی قورئانـە.

٤)- {عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضى الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهَا لَتَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ، أَي: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)} (أخرجه أحمد: ١١٣٢٤، والبخاري: ٤٧٢٦).

واتـە: ئەبـوو سـەعیدی خودریـی ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: سـوێند بـەو کەسـەی گیانـی منـی بەدەسـتە، ئەمـە بەرانبـەر یـەك لەسـەر سـێی قورئانـە، واتـە: سـوورەتی (قُـلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَـدٌ).

٥)- {عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضى الله عنه، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِأَصْحَابِهِ: أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ ثُلُثَ الْقُرْآنِ فِي لَيْلَةٍ؟ فَشَقَّ ذَلِكَ عَلَيْهِمْ، وَقَالُوا: أَيُّنَا يُطِيقُ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ! فَقَالَ: اللَّهُ الْوَاحِدُ الصَّمَدُ، ثُلُثُ الْقُرْآنِ} (أخرجه أحمد: ٢٣٦٠٠، والدارمي: ٣٤٣٧، الترمذي: ٢٨٩٦، وقال: حسن، والنسائي في الكبرى: ١٠٥١٥).

واتـە: ئەبـوو سـەعیدی خودریـی ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕۆژێکیـان بـە هاوەڵانـی فەرمـوو: یەکێـك لـە ئێـوە ناتوانـێ یـەك لەسـەر سـێی قورئـان لـە شـەوێکدا

---

(١) بێگومان ئەمە قسەی (أبو هريرة)یە ئێواخنی فەرموودەکەی کردوە.

بخوێنێ؟ بەڵام ئەوە لەسەریان قورس بوو، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! کێمان دەتوانێ لە شەوێکدا یەك لەسەر سێی قورئان بخوێنێ؟ فەرمووی: (اللّهُ الْوَاحِدُ الصَّمَدُ)، (واتە: ئەو سوورەتەی ئەو وشە موبارەکانەی تێدان)، سێیەکی قورئانە.

٦)- {عَنْ عَائِشَةَ رضى الله عنها، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ بَعَثَ رَجُلًا عَلَى سَرِيَّةٍ، وَكَانَ يَقْرَأُ لِأَصْحَابِهِ فِي صَلَاتِهِمْ فَيَخْتِمُ بِقُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، فَلَمَّا رَجَعُوا ذَكَرُوا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: سَلُوهُ لِأَيِّ شَيْءٍ يَصْنَعُ ذَلِكَ؟ فَسَأَلُوهُ فَقَالَ: لِأَنَّهَا صِفَةُ الرَّحْمَنِ، وَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أَقْرَأَ بِهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: أَخْبِرُوهُ أَنَّ اللَّهَ يُحِبُّهُ} (أخرجه البخاري: ٧٣٧٥، ومسلم: ٨١٣).

واتە: دایکمان عائیشە ﷺ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ بەشێك لە سوپای ناردوە، پیاوێکیان لەگەڵدا بووە (ئەو پیاوە سەرپەرشتیاریان بووە) کە نوێژی دەکرد بۆ هاوەڵەکانی هەر کۆمەڵە ئایەتێك، یان سوورەتێکی خوێندبایە لە کۆتاییدا سوورەتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَد)یشی دەخوێند! کاتێك گەڕانەوە ئەوەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرد، ئەویش فەرمووی: لێی بپرسن بۆچی وای کردوە؟ لێیان پرسی، گوتی: لەبەر ئەوەی ئەم سوورەتە سیفەتی (خوای) بەزەییە، منیش حەز دەکەم بیخوێنم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەواڵی پێ بدەن خوا خۆشیدەوێ.

٧)- {عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: كَانَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ يَؤُمُّهُمْ فِي مَسْجِدِ قُبَاءَ، فَكَانَ كُلَّمَا افْتَتَحَ سُورَةً يَقْرَأُ لَهُمْ فِي الصَّلَاةِ فَقَرَأَ بِهَا، افْتَتَحَ بِقُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْهَا، ثُمَّ يَقْرَأُ بِسُورَةٍ أُخْرَى مَعَهَا، وَكَانَ يَصْنَعُ ذَلِكَ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ فَكَلَّمَهُ أَصْحَابُهُ، فَقَالُوا: إِنَّكَ تَقْرَأُ بِهَذِهِ السُّورَةِ، ثُمَّ لَا تَرَى أَنَّهَا تُجْزِئُكَ حَتَّى تَقْرَأَ بِسُورَةٍ أُخْرَى، فَإِمَّا أَنْ تَقْرَأَ بِهَا، وَإِمَّا أَنْ تَدَعَهَا وَتَقْرَأَ بِسُورَةٍ أُخْرَى، قَالَ: مَا أَنَا بِتَارِكِهَا إِنْ أَحْبَبْتُمْ أَنْ أَؤُمَّكُمْ بِهَا فَعَلْتُ، وَإِنْ كَرِهْتُمْ تَرَكْتُكُمْ، وَكَانُوا يَرَوْنَهُ أَفْضَلَهُمْ وَكَرِهُوا أَنْ يَؤُمَّهُمْ غَيْرُهُ، فَلَمَّا أَتَاهُمْ النَّبِيُّ ﷺ أَخْبَرُوهُ الْخَبَرَ، فَقَالَ يَا فُلَانُ! مَا يَمْنَعُكَ مِمَّا يَأْمُرُ بِهِ أَصْحَابُكَ، وَمَا يَحْمِلُكَ أَنْ تَقْرَأَ هَذِهِ السُّورَةَ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ؟، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أُحِبُّهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ حُبَّهَا أَدْخَلَكَ الْجَنَّةَ} (أخرجه البخاري: ٨٧٤، تَعْلِيقاً، ووصله الترمذي:

٢٩٠١، من حديث أَنَس، وَإسنَاده حسن، وورد من وجه آخر مختصراً، أخرجه ابن حبان: ٧٩٢، والترمذي: ٢٩٠١).

واتـە: ئەنـەس ﷺ دەڵـێ: پیاوێـك لـە پشـتیوانان لـە مزگەوتـی قوبـا پێشـنوێژیی بـۆ دەکـردن، هـەر سـوورەتێکی خوێندبووایـە، ئـەم سـوورەتەی پێشـێ دەخوێنـد سـوورەتی (قُـلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَـدٌ) هەتـا تـەواوی دەکـرد، دوایـی سـوورەتێکی دیکـەی لەگـەڵ دەخوێنـد، لـە هەمـوو ڕکاتێکـدا وای دەکـرد، هاوەڵەکانـی گوتیـان: تـۆ بـە خوێندنـی سـوورەتی (قُـلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَـدٌ) دەسـت پـێ دەکـەی، ئایـا پێـت وانیـە بـەرت کەوتبـێ، یـان تەواوبـێ، هەتـا سـوورەتێکی دیکەیشـی لـەدوا دەخوێنـی؟ یـان هـەر ئـەو سـوورەتە بخوێنـە، یـان مەیخوێنـەو ئـەوەی دیکـە بخوێنـە، ئەویـش گوتـی: واز لـە خوێندنـەوەی ئـەو سـوورەتە ناهێنـم، ئەگـەر حـەز دەکـەن ئـاوا پێشـنوێژییتان بـۆ دەکـەم، ئەگـەر حەزیـش ناکـەن وازتـان لـێ دەهێنـم، ئەوانیـش پێیـان وابـوو لـە هەموویـان باشـترە پێشـنوێژییان بـۆ بـکات و، حەزیـان نەکـرد یەکێکـی دیکـە پێشـنوێژییان بـۆ بـکات، ئنجـا کاتێـك پێغەمبـەری خـوا چـوو بـۆ لایـان، ئـەو هەواڵەیـان پێـدا، فەرمـووی: فلانکـەس! چ شـتێك ڕێـت لێ دەگـرێ، ئـەوەی هاوەڵانت فەرمانـت پـێ دەکـەن، بیکـەی؟ (چ شـتێك وات لێدەکات لـە هەمـوو ڕکاتێکـدا ئـەم سـوورەتە بخوێنـێ؟) ئەویـش گوتـی: خۆشـمدەوێ، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمـووی: خۆشویسـتنی تـۆ بـۆ ئـەو سـوورەتە، تـۆی خسـتۆتە بەهەشـتەوە.

٨)- {عَنْ مُعَاذِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ خُبَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ رضى الله عنها، قَالَ أَصَابَنَا طَشٌّ وَظُلْمَةٌ، فَانْتَظَرْنَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لِيُصَلِّيَ لَنَا، فَخَرَجَ، فَأَخَذَ بِيَدِي فَقَالَ: قُلْ، فَسَكَتُّ، قَالَ: قُلْ، قُلْتُ: مَا أَقُولُ قَالَ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ حِينَ تُمْسِي وَحِينَ تُصْبِحُ ثَلَاثًا، يَكْفِيكَ كُلَّ يَوْمٍ مَرَّتَيْنِ} (أخرجه أبو داود: ، والترمذي: وقال حسن صحيح غريب).

واتـە: (معـاذ)ی کـوڕی (عبداللـە)ی کـوڕی (خُبَيـب) لـە باببیـەوە ﷺ دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: جارێـك ئێمـە بارانێـك بـاری و تاریکاییـەك ڕووی تێکردیـن، ئێمـەش چاوەڕێـی

پێغەمبــەری خوامــان ﷺ **کـرد**، نوێژمــان بــۆ بــکات، (وا پێدەچــێ نوێــژی شــێوان یـان خەوتنـان بووبـێ)، ئەویـش دەرچـوو، دەسـتی گرتـم، فەرمـووی: بڵـێ، منیـش بێدەنـگ بـووم، دووبـارە فەرمـووی: بڵـێ. گوتـم: چـی بڵێـم؟ فەرمـووی: هـەر سـێ سـوورەتی (**قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ**) بخوێنـە، کاتێـك بەیانـی دەکەیـەوەو ئێوارە دەکەیـەوە، سـێ جـاران بیانخوێنـە، ئـەو کاتـە لـە شـەوو ڕۆژدا دوو جـاران ئـەو سـێ سـوورەتە بـۆ تـۆ بەسـن.

لــە ڕیوایەتێکــی دیکــەی نەسســائییدا هاتــووە: (**تكفيــك كلَّ شيء**)، لــە جیاتــی هەمــوو شــتێك بــۆ تــۆ بەســن، واتــە: هەمــوو خێرێکــت بــۆ دەســتەبەر دەکــەن.

٩)- لەو بارەوە کە ئەگەر سوورەتی ئیخلاس بکرێتە دووعا، ڕەت ناکرێتەوە، بە مەرجێك لە دڵ و دەروونێکی پاکەوە بخوێنرێ، ئەم دەقە هاتوە:

{عَـنِ ابْـنِ بُرَيْـدَةَ عَـنْ أَبِيـهِ ﵁، قَـالَ خَـرَجَ بُرَيْـدَةُ عِشَـاءً، فَلَقِيَـهُ النَّبِـيُّ ﷺ فَأَخَـذَ بِيَـدِهِ فَأَدْخَلَـهُ الْمَسْـجِدَ، فَـإِذَا صَـوْتُ رَجُـلٍ يَقْـرَأُ، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: تُـرَاهُ مُرَائِيًـا؟ فَأَسْـكَتَ بُرَيْـدَةُ، فَـإِذَا رَجُـلٌ يَدْعُـو فَقَـالَ: اللَّهُـمَّ إِنِّي أَسْـأَلُكَ بِـأَنِّي أَشْـهَدُ أَنَّـكَ أَنْـتَ اللَّـهُ الَّـذِي لَا إِلَـهَ إِلَّا أَنْـتَ، الْأَحَـدُ الصَّمَـدُ، الَّـذِي لَـمْ يَلِـدْ وَلَـمْ يُولَـدْ وَلَـمْ يَكُـنْ لَـهُ كُفُـوًا أَحَـدٌ، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ وَالَّـذِي نَفْـسُ مُحَمَّـدٍ بِيَـدِهِ لَقَـدْ سَـأَلَ اللَّـهَ بِاسْـمِهِ الْأَعْظَـمِ، الَّـذِي إِذَا سُـئِلَ بِـهِ أَعْطَـى، وَإِذَا دُعِـيَ بِـهِ أَجَـابَ} (أخرجـه ابـن أبي شـيبة: ٢٩٣٦١، وأحمـد: ١٣٨٢٤، وأبـو داود: ١٤٩٥، والترمـذي: ٣٥٤٤، وقـال: حسـن غريـب. والنسـائي: ١٣٠٠، وابـن ماجـه: ٣٨٥٨، وابـن حبـان: ٨٩٣، والحاكـم: ١٨٥٦، وقـال: صحيـح عـلى شرط مسـلم).

واتــە: ئیبنــو بوڕیــدە لــە باببیــەو ﵄ دەگێڕێتــەوە، گوتوویــەتی: بوڕەیــدە جارێــك چۆتــە مزگــەوت، دەنگــی پیاوێــك هاتــوە خوێندوویــەتی (نوێــژی کــردووەو پاڕاوەتــەوە) پێغەمبەریـش فەرمـووی: بەڕیابـازی نابینـی؟ بوڕیـدەش بێدەنـگ بـوو، ئنجـا پیاوێـك دەپاڕایــەوە گــوتی: داوات لــێ دەکــەم بەهــۆی ئــەوەوە کــە مــن شــاهێدیی دەدەم

بێجگە لە تۆ هیچ پەرستراوێك نیە تۆ تاكی جێی نیازو بێ نیازی، ئەو زاتەی كەست لێ نەبووەو لە كەس نەبووی، هیچ هاوتایەكی نیە، پێغەمبەری خواش ﷺ (كە گوێی لەم دووعایە بوو) فەرمووی: سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە، داوای لە خوا كردوە بە ناوی هەرە مەزنی، كە ئەگەر بەو ناوەی داوای لێ بكرێ دەبەخشێ، ئەگەر بەو ناوەی پاڕانەوەی لێ بكرێ، وەڵام دەداتەوە.

١٠)- سوورەتی ئیخلاس و فەلەق و ناس، هۆی پارێزران و شیفان بۆ مرۆڤ:

{عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ، جَمَعَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ نَفَثَ فِيهِمَا فَقَرَأَ فِيهِمَا: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ، وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ، يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ، يَفْعَلُ ذَلِكَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ} (أخرجه البخاري: ٦٣٢٠، ومسلم: ٢٧١٤، والترمذي: ٣٤٠٢، وغيرهم).

واتە: دایكمان عائیشە رضي الله عنها گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ هەر شەوێك چۆتە سەر جێگایەكەی، هەردوو لەپە دەستی كۆكردوونەوە، ئینجا ئەو سێ سوورەتەی تێدا خوێندوون: (**قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ، وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ**) فووی لێكردوون، دوایی دەستی بە پێشەوەو دواوەی جەستەی خۆیدا هێناون، ئەوەندەی دەستی گەیبێتێ، بەسەری و ڕووی پێشەوەی جەستەی دەستی پێكردوە، هەموو شەوێك سێ جاران بەو شێوەیەی كردوە.

واتە: بۆی دەبن بە پەرژین و قەڵا لە بەرانبەر شەیتان و جروجانەوەرو، هەر مەترسییەكدا، ڕوو لە ئینسان بكات.

لە بارەی هەردوو سوورەتی (الإخلاص) و (الكافرون)ەوە، ئەو گێڕانەوانەش دەهێنین:

١)- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَرَأَ فِي رَكْعَتَيْ الْفَجْرِ: قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ وَقُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} (أخرجه مسلم: ٧٢٦).

واتـە: ئەبـوو هورێـرە رضـی اللـه عنـه، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە دوو ڕکاتـی بـەر لـە نوێـژی بەیانیـدا، لـە ڕکاتـی یەکەمـدا (**قُـلْ يَـا أَيُّهَـا الْكَافِـرُونَ**)ی دەخوێنـدو، لەڕکاتـی دووەم دا(**قُـلْ هُـوَ اللَّـهُ أَحَـدٌ**)ی دەخوێنـد.

٢)- {عَنْ ابْنِ عُمَرَ رضی الله عنهما قَالَ: رَمَقْتُ النَّبِيَّ ﷺ شَهْرًا، فَكَانَ يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ قَبْلَ الْفَجْرِ، بِقُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ، وَقُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} (أخرجه ابن ماجه: ١١٤٩، والترمذي: ٤١٧، والنسائي في الكبرى: ١٠٦٤).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر ﷺ، دەڵـێ: مانگێـك چاودێریـی پێغەمبـەری خـوام ﷺ کـرد، تەماشـایم دەکـرد لـە دوو ڕکاتـی پێـش بەیانیـدا، لـە ڕکاتـی یەکـەم دا (دوای سـوورەتی فاتیحـە) سـوورەتی (کافـرون)ی دەخوێنـدو، لـە ڕکاتـی دووەمیشـدا (دوای فاتیحـە) سـوورەتی ئیخلاصـی دەخوێنـد.

٣)- پێغەمبەری خوا ﷺ سوورەتی (الكافرون) و سوورەتی (الإخلاص)ی لە دوو ڕکاتی ڕاتیبەی دوای نوێژی شێواندا خوێندوون[1].

٤)- هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو ڕکاتی دوای تەواوبوونی تەوافدا، سوورەتی (الكافرون)ی لە ڕکاتی یەکەمدا (لە دوای سوورەتی فاتیحە) خوێندوەو، سوورەتی (الإخلاص)یشی لە ڕکاتی دووەم (لە دوای فاتیحە) خوێندوە[2].

٥)- هەروەها لە نوێژی ویتردا پێغەمبەری خوا ﷺ سوورەتی (الإخلاص)ی لە ڕکاتی کۆتایی نوێژی وەتردا خوێندوەو، لە سێ ڕکاتە وەترەکەدا، لە ڕکاتی یەکەمدا، دوای فاتیحە سوورەتی (**الأعلى**)ی خوێندوەو، لە ڕکاتی دووەمدا سوورەتی (الكافرون)و، لە ڕکاتی سێیەمیشدا سوورەتی (الإخلاص)[3].

(١ـ أخرجه الترمذي: ٤٣٣، وابن ماجه: ١١٦٦.

(٢ـ أخرجه مسلم: ١٢١٨.

(٣ـ أخرجه الترمذي: ٤٦٣.

کەواتــە: ئــەم ســوورەتی (الإخــلاص) پێگــەو مەقامێکــی زۆر بــەرزی هەیــە، هەروەهــا ســوورەتی (الکافرون)یــش بــە هەمــان شــێوە.

خــوا بــە لوتــف و کەرەمــی خــۆی یارمەتییــمان بــدات ئــەو دوو ســوورەتە لــەو کاتانــەدا کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ خوێندوونــی، بخوێنیــن، زۆر بــاش تێیــان دا قــووڵ ببینــەوەو بیریــان لــێ بکەینــەوە.

کۆتــا قسەشــم ئەوەیــە کــە بێگومــان ســوورەتی (الکافــرون) وەك زانایــان گوتوویانە: ((**توحیــد العمــلي**) خــوا بــە یەکگرتــن بــە کــردەوەی تێدایــە، چونکــە ئــەو ســوورەتە ڕاگەیاندنــە بــە بێبڕوایــەکان کــە مــن ئەوانــەی ئێــوە دەیانپەرستن ناپەرستم و، ئێوەش پەرستارانی ئــەوە نابــن کــە مــن پەرستوومە، هەروەهــا منیــش پەرســتەری ئــەوە نابــم کــە ئێــوە دەیانپەرستن و، ئێــوەش پەرســتەری ئــەوە نابــن کــە مــن دەیپەرستم، ئاییــن و بەرنامــەی خۆتــان بــۆ خۆتــان و، بەرنامــەی خــۆم بــۆ خــۆم، ئەمــەش خــوا پەرســتیی کردەییە.

بــەڵام لــە ســوورەتی (الإخــلاص)دا، باســی خــوا بــە یەکگرتنــی زانیاریــی (التوحیــد العلمــي) یــە، واتــە: کــە لــە ڕووی زانیارییــەوە یەکتایــی خــوا بزانــی.

تەفسیری سوورەتی

الفَلَقِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ (٩)ی (محـرم)ی سـاڵی (١٤٤٢) کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/ ٨/٢٨) زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـووڕەتی (الفلق)، سـەرەتاش لەحـەوت بڕگـەدا پێناسـەی دەکەیـن:

پێناسەی سووڕەتی (الفلق) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئـەم سـووڕەتە زیاتـر بـە سـووڕەتی (الفلـق) نـاسراوە، بـەڵام نـاوی سـووڕەتی: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾﴾یشـی بـۆ بەکارهێـنراوە.

هەروەهـا ئـەم سـووڕەتەو سـووڕەتی (النـاس)، نـاوی (الْمُعَوِّذَتَيْنِ)یـان بـۆ بەکارهێـنراوە، واتـە: ئـەو دوو سـووڕەتەی پەنـا بـە مـرۆڤ دەگـرن بـە خـوای پـەروەردگار.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

لـە بـارەی شـوێنی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم سـووڕەتەو سـووڕەتی (الناس)یشـەوە، ڕاجیاییەکـی زۆر هەیـە، حەسـەنی بەسـڕایی و عیکریمـەو جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵا (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، گوتوویانـە: ئـەم سـووڕەتە (مەککەیی)یـە و لـە مەککـە دابەزیـوە.

ئیبنـو عەبباس (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، لـە یەکێـك لـە دوو قسـەکانیدا، هەروەهـا قەتـادەش دەڵێـن: سـووڕەتێکی (مەدینەیی)یـە، واتـە: ئیبنـو عەببـاس قسەیەکیشـی هەیـە کـە ئـەم سـوورەتە مەککەیـی بـێ.

بـەڵام بەپێـی گێـڕدراوەکان کـە دوایـی دەیانهێنیـن، مەدینەیـی بوونـی سـوورەتی (الفلـق)، هەروەهـا سـوورەتی (الناس)یـش بەهێزتـرە، هەندێکیـش لـە زانایـان، چ بـۆ ئـەم سـوورەتە، چ بـۆ هەنـدێ ئایـەت، یـان سـوورەتی دیکـە گوتوویانـە: لـە مەککەش دابەزیـون و، لـە مەدینـەش دووبـارە دابەزیونـەوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین:

لـە موصحەفـدا سـوورەتی (الفلـق) ژمارەکـەی سەدوسـێزدە (١١٣)یـە، واتـە: سـوورەتی پێـش کۆتاییـە، لـە دابەزینـدا ئەگـەر مەککەیـی بـێ، ژمـارە بیسـت (٢٠) و، ئەگـەر مەدینەییـش بـێ، لـە دوای ژمـارە سـەد (١٠٠)ەوەیـە، ڕەنگـە هەندێکیـش لـە زانایـان بڵێـن: لـە (١٠٠) کەمـترە، یـان لـە سـەدو ئەوەندەیەمینـە، گرنـگ ئەوەیـە زانیارییەکـی ورد لەوبـارەوە نیـە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بـە یەکدەنگیـی توێژەرەوانـی ئایەتەکانـی قورئـان، ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێنـج ئایەتـە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە، بریتیـە لـە فەرمانکردنـی خـوا بـە پێغەمبەرەکـەی محمـد ﷺ، کـە پەنـا بەخـوا بگـرێ، پـەروەردگاری قڵیشـاندنی سـپێدەی بەرەبەیـان، کـە لـە تاریکییـی شـەوی جیـا دەکاتـەوە، یـان پـەروەردگاری قڵیشـاندنی هەمـوو

تـۆو نێوکـەکان، کـە دوایـی چەکـەرە دەدەن، یـان پـەروەردگاری قڵیشـاندنی بـوون (وجـود)و جیاکردنـەوەی لـە نەبـوون (عـدم)، بۆچـی پەنـا بەخـوا بگـرێ؟ لـە خراپـەو زیانـی دروسـتکراوەکانی، ئنجـا دوایـی لـە نێـو دروسـتکراوەکاندا، سـێیان بـە تایبـەت باسـکراون:

یەکەمیان: شەوێك کە تاریك دادێ.

دووەمیان: جادووگەرانی فوو لە گرێیانکەر.

سێیەمیان: حەسوودێکی ئێرەیی بەر، کە حەسوودییەکەی دەخاتە حاڵەتی کردەییەوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

پێنـج ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە، تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوون، هـەروەك ئایەتەکانـی سـوورەتی (الإخـلاص) و، هەندێـك لـە سـوورەتەکانی دیکـەش هەروابوون.

١- خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ ﴾**الفلق**، ئەمە تەنیا لێرەدا هاتوە، بڵێ پەنا دەگرم بە پەروەردگاری (فلق)، واتە: قڵیشاندن، جیاکردنەوە، کە مەبەست پێی بەرەبەیانە کە لە تاریکیی شەو جیا دەبێتەوە، یاخود قڵیشێندرانی هەموو تۆو نێوکەکانە، یاخود پەیدابوونی هەموو ژیانلەبەرەکانە، یاخود پەیدابوونی هەموو گەردوون و بوونە.

٢- لە خراپەی ئەوەی خوا دروستیکردوە، خوای پەروەردگار دروستکراوەکانی هەموو بە باشترین شێوە دروست کردوون، بەڵام هەندێك لە دروستکراوەکان بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە، بۆ ئێمە جێی زیانن، دڕندەیەك کەسێك دەخوات، مارێك بە کەسێکەوە دەدات، ئێستا لەم ڕۆژگارەدا (٢٠٢٠/٨/٢٨ز) ڤایرۆسی کۆڤید نۆزدە (١٩)، کۆڕۆنا، بە هەزاران کەسی کوشتوەو، ڕەنگە لە چەند ملیۆنیش تێپەڕێنێ، ئەوانە هەموویان دروستکراوی خوان، بەڵام زیانیش دەگەیەنن بە مرۆڤەکان، لەبەر ئەوەی خوا ئەم ژیانی دنیایەی داناوە، تێیدا تاقی بکرێینەوە، بە خۆشییان و بە ناخۆشییان.

٣- ﴿ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ ﴾، لە خراپەی شەو کە تاریك دادێ.

٤- ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾ ﴾، لە خراپەو زیانی ئافرەتانی جادووگەر کە فوو لە گرێیەکان دەکەن.

٥- ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾ ﴾، لە خراپەی بابای حەسوود وەختێك ئیرەیی دەبات، یانی: حەسوودییەکەی دەخاتە حاڵەتی کردەییەوە.

ئەم پێنج ئایەتەی ئەم سوورەتە موبارەکە، تەنیا لێرەدا هاتوون.

حەوتەم دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمە ئەم سوورەتە موبارەکە بە هەر پێنج ئایەتەکەیەوە، دەکەین بە دەرسێك.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە پێنـج (٥) ئایەتـی کـە ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێکدێنـن، پێـك دێ: (١-٥)، خـوای پـەروەردگار دوای (بسـم اللـە الرحمـن الرحیـم) بـە پلـەی یەکـەم فەرمـان دەکات بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ و، بە پلـەی دووەم بـە هـەر کەسێکی دیکـە کـە بەرێـی ئـەودا دەڕواو قورئـان دەخوێنـێ، دەفەرمـوێ: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١﴾ الفلق، بڵـێ: پەنـا دەبەمـە بـەر پـەروەردگاری (فلـق)، کـە یـان بـە مانـای بەیانییـە، سـپێدەی بەیانیـی، یـان بـە مانـای قڵیشـاندنی دروسـتکراوەکانەو، جیاکردنەوەیانـە لـە تاریکییـی و نەبـوون، یـان هێنرانـە دی ژیاندارانـە، یان قڵیشـاندنی تـۆو نێوکەکانـە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۝٩٥﴾ الأنعـام.

﴿مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢﴾، لـە خراپـەی ئـەوەی ئـەو خـوا پـەروەردگارە هێناویەتـە دی، دروستیکردوە.

ئنجـا هەندێـك لـە زانایـان ویسـتوویانە ئـەوە پینـەو پـەڕۆ بکـەن، یەکێـك لەوانـە شـێخ موحەممـەد عەبـدە (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ)، لـە تەفسـیری سـوورەتی بەشـی جـزء (عـم)داو تەفسـیری ئـەم سـوورەتەدا، دەڵـێ:

خـوای پـەروەردگار دروسـتکراوەکانی هەمـوو بـە باشـترین شـێوە دروسـت کـردوون، ئـەوەش گومانـی تێدانیـە کـە وایـە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۝٧﴾ السـجدة، واتـە: خـوا هـەر شـتێکی دروسـتکردبێ، بـە باشـترین شـێوە دروسـتیکردوە، بـەڵام دوایـی دەڵـێ: دوو پشـکێك کـە پێـوە دەدا ئەرکـی خـۆی جێبەجـێ دەکات، دڕندەیـەك کـە کەسـێك دەخـوات، یاخـود ئاژەڵـی کەسـێك دەخـوات، ئـەوە ژیانـی ئاسـایی خـۆی بـەڕێ دەکات، بـەڵام مرۆڤـەکان دەبـێ لـە خۆیـان وریابـن و لـە مامەڵەیـان لەگـەڵ دروسـتکراوەکاندا تووشـی زیـان نەبـن.

منیش پێم وایە: خوای کاربەجێ ئەم ژیانی دنیایەی وا هەڵخستوە، خۆشییشی تێدابن و ناخۆشییشی تێدابن، شتی وای تێدابێ کە سوودمان پێ بگەیەنێ و، شتی واشی تێدابێ زیانمان لێ بدات، هەورە تریشقەیەك دێ جاری وا هەیە دە پازدە کەس پێکەوە دەکوژێ، شوێنێك وێران دەکات، پارچە نەیزەکێك دێتە خوارێ، شارێك کاول دەکات، بوومەلەرزەیەك دێ، وڵاتێك کاول دەکات، ئەوانە هەموویان دروستکراوی خوان و زیانیشیان هەیە، چونکە ئێمە لەم سەر زەوییە خوای کارزان بۆ تاقیکردنەوەی داناوین، ئایە بەچی تاقیمان دەکاتەوە؟ بۆ خۆی فەرموویەتی: ﴿وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗۖ وَإِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ٣٥﴾**الأنبیاء**، واتە: ئێوە تاقی دەکەینەوە بە زیان و بە قازانج، یان بەشتێك کە بۆ ئێوە خراپەو بە شتێك کە بۆ ئێوە چاکە، یان بەشتێك کە پێتان ناخۆشەو شتێکیش کە پێتان خۆشە، وشەی (الشر) هەموو ئەو واتایانەی هەن، وشەی (الخیر) واتە: (**مَا يَرغَبُ فيهِ الكُلّ**) خێر ئەو شتەیە کە هەموو لایەك بۆی تامەزرۆن، (الشر) پێچەوانەیەتی، واتە: (**مَا يَرغَبُ عَنه الكُلّ**) ئەوەی هەمووان حەزی لێناکەن و نایانەوێ، خوا دەفەرموێ: ئێوە بە شەڕو بە خێر تاقی دەکەینەوە، دوایی بۆ لای ئێمە دەگێردرێنەوە.

دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ٣﴾**الفلق**، هەروەها پەنا بگرە بە خوا بە پەروەردگاری بەدیهێنان و قڵیشاندنەکان، بە هەموو واتاکانیانەوە، لەشەو کە تاریك دادێ، (غَاسِقٍ) واتە: شەو، (إِذَا وَقَبَ) کاتێك تاریك دادێ و دێ، (وَقْب) بە کونێك دەگوترێ ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە، کەواتە: (إِذَا وَقَبَ) یانی: کاتێك دێ، وەك چۆن ئاو دەچێتە نێو کونە بەردەکەوە، کە بە کوردیی (ماقۆڕ)ی پێدەڵێن، ئەو بەردەی ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە (ئاوی باران)و خەڵك دەیخواتەوە.

﴿وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ٤﴾، لە خراپەو زیانی ئافرەتانی فووکەر بە گرێیاندا، کە مەبەست پێی ئافرەتانێکە جادوو دەکەن و فوو لە گرێیەکان دەکەن.

﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥ ﴾، لە خراپەو زیانی بابای حەسوود، کاتێك حەسوودییەکەی بەکاردێنێ، ئەگەر هەر لە ناخی خۆیدا بێ، ئەوە بۆ خۆی خراپە، بەڵام کاتێك کە بەپێی ئیرەیی و حەسەدەکەی ڕەفتار دەکات، ڕەنگە بیەوێ زیان لە بەرانبەرەکەی بدات بە شێوەیەك لە شێوەکان، تۆ پەنای لێ بەخوا بگرە، کە شتێکی پەنهانە.

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّـٰثَـٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بەزەیی بەخشندە. بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری سپێدە (ی قڵیشاو) ۝١ لە خراپەو زیانی ئەوەی دروستیکردوە (سەرجەم دروستکراوان) ۝٢ (هەروەها) لە خراپەو زیانی شەوی تاریك کە دادێ ۝٣ دیسان لە خراپەو زیانی (ئافرەتانی جادووگەری) فووکەران لە گرێیان (بۆ جادوو کردن) ۝٤ هەروەها لە خراپەو زیانی ئیرەیی بەر کاتێك ئیرەیی دەبات (و کار بە حەسوودییەکەی دەکات) ۝٥}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَعُوذُ): واتە: پەنا دەگرم، پەنا دەبەم، (**العَوْذُ: الإلْتِجاءُ إلى الغَيْرِ وَالتَّعَلُّقُ بِهِ، يُقَالُ: عَاذَ فُلانٌ بِفُلانٍ، وَعَوَّذَهُ: إذَا وَقَاهُ، العَوذة: التَّميمَةِ وَالرُّقيَةِ**)، (عَوْذ): بریتیە لە پەنا پێ بردن بە غەیرو پێوە پەیوەست بوونی، دەگوترێ: (**عَاذَ فُلانٌ بِفُلانٍ**)

فڵانکەس پەنای بردە بەر فڵانکەس، (وَعَوَّذَهُ) واتە: پەنای دا، پاراستی، (عُوذَة): بەو دوعایە دەگوترێ کە دەکرێ و دەنووسرێ، ئەگەر هەڵبواسرێ، پێی دەگوترێ: (تَمِيمَة) بەڵام ئەگەر، هەڵنەواسرێ، پێی دەگوترێ: (رُقْيَة).

(ٱلۡفَلَقِ): (الفَلْقُ: شَقُّ الشَّيْءِ وَإِبَانَةُ بَعْضِهِ عَنْ بَعْض، أَي: الصُّبْح) (فلق): بریتیە لە قڵیشاندنی شتێك و جیاکردنەوەی هەندێکی لە هەندێکی، (فَلَق)یش بە سەری لامەکە واتە: بەیان.

هەڵبەتە (الفَلَق) مانای دیکەشی هەر هەن، (فَلَق) هەر قڵیشاوێکە، هەر جیاکراوەیەکە، بەرەبەیان بۆیە پێی دەگوترێ: (الفَلَق) چونکە ڕووناکیی بەرەبەیان لە تاریکیی شەو جیادەبێتەوە، هەروەها دروستکراوەکان بوونیان لە نەبوونیان جیادەبێتەوە، هەروەها ژیاندارەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە لە ئەمیباوە بگرە تاکو گەورەترین ژیاندار لە ڕووی قەبارەوە، کە نەهەنگی شینە لە دەریاداو، فیلە لە وشکانییدا، هەموو ژیاندارەکان کاتێك ژیانیان پێ دەبەخشرێ و لە ماددەی بێ ژیان جیادەبنەوەو نەشونمایان دەبێ، جموجۆڵیان دەبێ، گەشە کردنیان دەبێ، هاتن و چوونیان دەبێ، هەروەها دەشگونجێ قڵیشاندن بە مانای قڵیشاندنی تۆو نێوکەکان بێ، کە دەقڵیشێن و چەکەرەیان لێ دێتەدەر، تۆو نێوکەکان خۆیان لە بەین دەچن، بەڵام جارێکی دیکە درەختێك، یاخود ڕووەکێك لەوان بەرهەم دێ.

(شَرِّ): (الشَّرّ: الَّذي يَرْغَبُ عَنْهُ الكُلُّ، كَمَا أَنَّ الخَيْرَ هُوَ الَّذي يَرْغَب فيهِ الكُلُّ، وَالشرُّ: المَكْرُوه، رَجُلٌ شَرٌّ وَشِرِّيرٌ: مُتَعَاطٍ لِلشَّرِّ)، (شَر): ئەو شتەیە کە هەموو لایەك نایانەوێ، هەروەك چۆن خێر ئەو شتەیە کە هەمووان دەیانەوێ و بۆی تامەزرۆن، شەڕ بە مانای شتی ناپەسند دێ و، دەگوترێ: پیاوێکی خراپ وخراپەکار (الشَرُّ و شرِّير)، ئەو پیاوەی هەمیشە خەریکی خراپەیە.

(غَاسِقٍ): (غَسَقُ اللَّيْلِ: شِدَّةُ ظُلْمَتِهِ، والغَاسِق: اللَّيْل المُظْلِمُ)، (غَسَقُ اللَّيل) شەوێك كە تاریكییەكەی زۆر خەست و سەخت دەبێتەوە، (غاسق) واتە: شەوی تاریك.

(إِذَا وَقَبَ): دەگوترێ: (وَقَبت الشَّمْسُ تَقِبُ وَقْبَاً، أَي غَابَتْ، وَقَبَ القَمَرُ دَخَلَ فِي الخُسوُفِ، وَقَبَ الشَّيْءَ: أَدخَلَهُ فِي شيءٍ، وَالوَقْبَة: نَقْرَةٌ فِي صَخرٍ يَجْتَمِع فِيها المَاءُ)، خۆر كە ئاوا دەبێ دەگوترێ: (وَقَبتِ الشَّمسُ تَقِبُ وَقْباً)، خۆرەكە، ئاوابوو خۆرەكە، ئاوادەبێ، وەك ئەوەی كەوتبێتە چاڵێكەوە، (وقب القمر) مانگەكە گیرا، (وقبَ الشَّيءَ) شتەكەی خستە نێو كونێكەوە، (وَقْبة): كونێكە لە بەردێكدا، ئاوی تێدا كۆ دەبێتەوە، بەكوردیی بەو بەردەی ئاوی تێدا كۆدەبێتەوە دەگوترێ: (ماقۆڕ): زۆر كەس لە چیاو چۆڵ ئەگەر ئاوێكی وایان دەستبكەوێ، زۆر سوپاس و ستایشی خوا دەكەن.

(ٱلنَّفَّٰثَٰتِ): كۆی (نَفَّاثَة)یە، ڕێژگەی زێدەڕۆییە بۆ (نافِثَة)، ئەویش لە (نَفْث)ەوە هاتوە، (النَّفْثُ: قَذْفُ الرِّيقِ القَلِيلِ، وَهُوَ أَقَلُّ مِنَ التَّفْلِ، وهو أَقَلُّ من البُصاق، ونَفْثُ الرَّاقي وَالسَّاحِرِ، أَنْ يَنْفُثَ فِي عَقْدِهِ، وَقِيلَ: لَوْ سَأَلْتَهُ نُفَاثَةَ سِوَاكٍ، مَا أَعْطَاكَ، أَي: مَا بَقِيَ فِي أَسْنَانِكَ فَنَفَثْتَ بِهِ) (نَفْث): بریتیە لە تۆزە تفێكی كەم، كە لەگەڵ فوودا دەڕوا، كەمترە لە (تَفْل) ئەویش كەمترە لە (بُصاق) تف فڕێدان، بابای دوعاكەر یان جادووكەر كە فوو دەكات، واتە: فوو لە گرێیەكە دەكات، لە زمانی عەرەبییدا هاتوە دەڵێ: (لَوْ سَأَلْتَهُ نُفَاثَةَ سِواكٍ مَا أَعْطَاكَ) ئەگەر بە ئەندازەی (نُفَاثَةَ)ی سیواكێكیش داوای لێ بكەی ناتداتێ، (نُفَاثَةَ): بریتیە لەوەی كە لەسەر ددانت دەمێنێتەوە، دوایی بەهۆی سیواكەوە لادەچێ.

(ٱلْعُقَدِ) (جمع عُقْدة): واتە: گرێ، كاتی خۆی و ئێستاش عادەت وایە ئەوانەی جادوو دەكەن بە زۆریی گرێ لە شتێك دەدەن، هەندێك دوعا دەخوێنن، ناوی شەیتانەكان دێنن، لەگەڵ هەر گرێیەكدا ناوی شەیتانێك دێنن، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو جادووە دەگرێ.

(حَسَدَ): (الحَسَـدُ: تَمَنّـي زَوَالِ نِعْمَـةٍ مِـنْ مُسْـتَحَقٍّ لَهَـا، وَرُبَّمَـا كَانَ مَـعَ ذَلِـكَ سَـعِي فِي إِزَالَتِهَـا، قِيـلَ: «المُؤْمِـنُ يَغْبِـطُ وَالمُنَافِـقُ يَحْسُـدُ»)، (حَسَـد): بریتیـە خۆزگـە خواسـتنی لاچوونـی چاکەیـەك لـە کەسـێك کـە شایسـتەیەتی، جـاری وا هەیـە لەگـەڵ ئـەو بەئـاوات خواسـتنەدا، هـەوڵ و کۆشـیش هەیـە بـۆ لادانـی، گوتـراوە: بـڕوادار خۆزگـە دەخـوازێ، بـەڵام مونافیـق حەسـوودیی دەبـات.

(غِبْطَـة): بریتیـە لـە خۆزگـە خواسـتن، (غِبْطَـة) ئەوەیـە تـۆ پێـت خۆشـبێ، وەك ئـەوت هەبـێ، جـاری واش هەیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ وشـەی (حَسَـد)ی بـە مانـای (غِبْطَـة) بەکارهێنـاوە، بـۆ وێنـە دەفەرمـوێ:

{لَا حَسَـدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُـلٌ آتَـاهُ اللَّـهُ مَـالًا فَسَـلَّطَهُ عَـلَى هَلَكَتِـهِ فِي الْحَـقِّ، وَآخَـرُ آتَـاهُ اللَّـهُ حِكْمَـةً فَهُـوَ يَقْـضِي بِهَـا وَيُعَلِّمُهَـا} (أخرجـه أحمـد: ٣٦٥١، والبخـاري: ١٣٤٣، ومسـلم: ٨١٦).

واتـە: خۆزگـە خواسـتن نیـە مەگـەر لـە دوو شـتاندا، پیاوێـك خـوا مـاڵ و سـامانێکی داوەتـێ، زاڵیشـی کـردوە بەسـەر سـەرفکردنی لـە هەقـدا (لـەو ڕێیانـەدا کـە خـوا پێیخۆشـە خەرجـی دەکات)و، ئـەوی دیکـەش (پیاوێکـە) خـوا زانیارییەکـی پێـداوە، بۆخۆشـی کاری پێـدەکات و خەڵکیشـی فێـردەکات.

هۆی هاتنە خوارەوەی هەردوو سوورەتی (الفلق) و (الناس)

لـە بـارەی هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەو دوو سـوورەتە، ئـەم سـێ گێڕراوەیـەی خـوارەوە دەهێنیـن:

گێڕدراوەی یەکەم:

{عَـنْ عُقْبَـةَ بْـنِ عَامِـرٍ رضـى اللـه عنـه، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: أَلَـمْ تَـرَ آيَـاتٍ أُنْزِلَـتْ اللَّيْلَـةَ لَـمْ يُـرَ مِثْلُهُـنَّ قَـطُّ: قُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ الْفَلَـقِ، وَقُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ النَّـاسِ} (أخرجـه مسـلم: ٨١٤، والترمـذي: ٢٩٠٢، وَقَـالَ: حسـن صحيـح. والنسـائي: ٥٤٤٠).

واتـە: عوقبـەی کـوڕی عامیـر (رضـی اللـه عنـه)، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: ئایـا نابینـی ئەمشـەو هەندێـك ئایـەت دابەزێـنراون، هەرگیـز وێنەیـان نەبیـنراوە، ئەوانیـش: (قُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ الْفَلَـقِ) و (أَعُـوذُ بِـرَبِّ النَّـاسِ)ن.

گێڕدراوەی دووەم:

{عَـنْ عَائِشَـةَ رضـى اللـه عنـه، قَالَـتْ: سَـحَرَ النَّبِـيَّ ﷺ يَهُـودِيٌّ مِـنْ يَهُـودِ بَنِـي زُرَيْـقٍ، يُقَـالُ لَـهُ: لَبِيـدُ بْـنُ الْأَعْصَـمِ، حَتَّـى كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُخَيَّـلُ إِلَيْـهِ أَنَّـهُ يَفْعَـلُ الـشَّيْءَ وَلَا يَفْعَلُـهُ، قَالَـتْ: حَتَّـى إِذَا كَانَ ذَاتَ يَـوْمٍ أَوْ كَانَ ذَاتَ لَيْلَـةٍ، دَعَـا رَسُـول اللَّـهِ ﷺ ثُـمَّ دَعَـا، ثُـمَّ دَعَـا، ثُـمَّ قَـالَ: يَـا عَائِشَـةُ، أَشَـعَرْتِ أَنَّ اللَّـهَ قَـدْ أَفْتَـانِي فِيـمَا اسْـتَفْتَيْتُهُ فِيـهِ، جَـاءَنِي رَجُـلَانِ فَجَلَـسَ أَحَدُهُـمَا عِنْـدَ رَأْسِي وَالْآخَـرُ عِنْـدَ رِجْـلِي، فَقَـالَ: الَّـذِي عِنْـدَ رَأْسِي لِلَّـذِي عِنْـدَ رِجْـلِي، أَوْ الَّـذِي عِنْـدَ رِجْـلِي لِلَّـذِي عِنْـدَ رَأْسِي: مَـا وَجَـعُ الرَّجُـلِ؟ قَـالَ: مَطْبُـوبٌ، قَـالَ: مَـنْ طَبَّـهُ؟ قَـالَ: لَبِيـدُ بْـنُ الْأَعْصَـمِ، قَـالَ: فِي أَيِّ شَيْءٍ؟ قَـالَ: فِي مُشْـطٍ وَمُشَـاطَةٍ وَجُـفِّ طَلْعَـةِ ذَكَـرٍ، قَـالَ: وَأَيْـنَ هُوَ؟ قَـالَ: فِي بِـئْرِ ذِي أَرْوَانَ، قَالَـتْ: فَأَتَاهَـا النَّبِـيُّ ﷺ فِي أُنَـاسٍ مِـنْ أَصْحَابِـهِ، ثُـمَّ جَـاءَ فَقَـالَ: وَاللَّـهِ يَـا عَائِشَـةُ لَـكَأَنَّ مَاءَهَـا نُقَاعَـةُ الْحِنَّـاءِ، وَلَـكَأَنَّ نَخْلَهَـا رُءُوس الشَّـيَاطِينِ، قَالَـتْ: قُلْـتُ يَا رَسُـول

اللَّـهِ ﷺ أَفَلَا أَحْرَقْتَـهُ؟ قَـالَ: لَا أَمَّـا أَنَـا فَقَـدْ عَافَـانِي اللَّـهُ، وَكَرِهْـتُ أَنْ أُثِـيرَ عَـلَى النَّـاسِ مِنْـهُ شَرًّا، فَأَمَـرَ بِهَـا فَدُفِنَـتْ} (أخرجـه أحمـد: ٢٤٣٩٣، والبخاري: ٥٧١٦، ومسـلم: ٢١٨٩).

واتە: دایکمان عائیشـە ﵂ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ جادووی لێکرا، جوولەکەیەك لـە جوولەکەکانـی بەنـی زورەیـق جـادووی لێکـرد، پێـی دەگوتـرا: لەبیـدی کـوڕی ئەعصـەم، تاکـو بەهـۆی ئـەو جـادووەوە وای لێهـات هەنـدێ شـت وای دەزانـی کردوویەتـی، نەشـیکردبوو، هەتـا ڕۆژێـك یـان شـەوێك لـەلام بـوو، پاڕایـەوە، دوایـی پاڕایـەوە، دوایـی پاڕایـەوە (لـە خـوا)، دوایـی فەرمـووی: ئـەی عائیشـە! هەسـتت کـرد لـەو بـارەوە داوام لـە خـوا کـرد، خـوا وەڵامـی دامـەوە؟ دوو پیـاو هاتنـە لام یەکێکیـان لـە لای سـەرم دانیشـت، ئـەوەی دیکـە لـەلای دوو پێیەکانـم، ئەوەیـان کـە لـەلای سـەرم بـوو بەوەیانـی گـوت کـە لـەلای دوو پێیەکانمـە، یاخـود ئـەوەی لـەلای دوو پێیەکانـم بەوەیانـی گـوت کـە لـەلای سـەرم بـوو، (لـە گێڕانـەوەی دیکـەدا هاتـوە کـە ئـەو دووانـە جیبریـل و میکائیـل بـوون) گوتـی: ئـازاری ئـەو پیـاوە چییـە؟ ئـەوی دیکە گوتـی: جـادووی لێکـراوە، گوتـی: کـێ جـادووی لێکـردوە؟ گوتـی: لەبیـدی کـوڕی ئەعصـەم، گوتـی: لـە چ شـتێکدا جـادووی لێکـراوە؟ گوتـی: لـە شـانەیەك و قژێـك کـە لەگـەڵ شـانەدا دێ و، لەکیفـی هێشـووی دارخورمـای نێـر، گوتـی: لـە کوێیـە؟ گوتـی: لـە بیـری (ذِي أَرْوَان) عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە هاوەڵانـی چـوو، تەماشـای کـرد، دوایـی هاتـەوە فەرمـووی: بەخـوا ئـەی عائیشـە! ئاوەکـەی وەك ئاوێـك کـە خەنـەی تێدەکـرێ و ڕەنگـی شـین هەڵدەگـەڕێ، ئاوابـوو، دارخورمایەکانـی وەك سـەری شـەیتان وابـوون، منیـش گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ! بۆچـی نەتسـووتاند؟ فەرمـووی: مـن خـوا چاکـی کردمـەوە، پێشـم ناخـۆش بـوو خراپـە لـە نێـو خەڵکیـدا پەیـدا بکـەم، بۆیـە فەرمانـم کـرد بیرەکەیـان داپۆشـی، (دوای ئـەوەی جادووەکەیـان هێناوەتـەدەر).

گێڕدراوەی سێیەم:

{عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ رضى الله عنه، قَالَ: سَحَرَ النَّبِيَّ ﷺ رَجُلٌ مِنَ الْيَهُودِ، قَالَ: فَاشْتَكَى لِذَلِكَ أَيَّامًا، قَالَ: فَجَاءَهُ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، فَقَالَ: إِنَّ رَجُلًا مِنَ الْيَهُودِ سَحَرَكَ، عَقَدَ لَكَ عُقَدًا عُقَدًا فِي بِئْرِ كَذَا وَكَذَا، فَأَرْسَلَ إِلَيْهَا مَنْ يَجِيءُ بِهَا، فَبَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَسَلَّمَ عَلِيًّا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، فَاسْتَخْرَجَهَا، فَجَاءَ بِهَا فَحَلَّلَهَا، قَالَ: فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كَأَنَّمَا نُشِطَ مِنْ عِقَالٍ، فَمَا ذَكَرَ لِذَلِكَ الْيَهُودِيِّ، وَلَا رَآهُ فِي وَجْهِهِ قَطُّ} (أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٥٦٩، وأحمد: ١٨٧٨١ والنسائي في الكبرى: ٣٥٤٢، وعبد بن حميد: ٢٧١، سنده صحيح).

واتە: زەیدی کوڕی ئەرقەم ﷺ دەڵێ: پیاوێك لە جوولەکەکان جادووی لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، ئەویش چەند ڕۆژێک ئازاری هەبوو، ناڕەحەت بوو، جیبریل هاتە لای (مُعَوِّذَتَيْن)ی بۆ دابەزاندو، پێی فەرموو: پیاوێك لە جوولەکە جادووی لە تۆ کردوەو، جادووەکەش لە فلان شوێندایە، پێغەمبەری خوا عەلی خوا لێی ڕازیبێ نارد، جادووەکەی هێناو گرێیەکانی کردنەوە (فەرمانی پێکرد هەر گرێیەك بکاتەوە، ئایەتێك بخوێنێ، ئەویش هەر گرێیەکی دەکردەوەو ئایەتێکی دەخوێند) پێغەمبەری خوا ﷺ وەك چۆن کەسێك بە گوریسێك دەبەسترێ، دوایی بەردەبێ، بەو شێوەیەی لێهات، چاکبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی بۆ ئەو جوولەکەیە باس نەکردوەو، بابای جوولەکە هەرگیز لە ڕووی پێغەمبەریش دا هەستی پێ نەکرد.

مانای گشتیی ئایەتەکان

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

١- ئەم سوورەتە موبارەکە بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە دەخوێنم.

٢- بە مەبەستی ڕازیکردنی خواو، بەدەستهێنانی پاداشتی خوا دەیخوێنم، بە پێی بەرنامەی خوا دەیخوێنم.

٣- بە پشت و هێزو توانای خوا دەیخوێنم.

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١﴾، بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری سپێدەو بەرەبەیان، کاتێك ڕووناکییەکەی لە تاریکیی جیادەبێتەوە، یاخود: پەروەدگاری قلیشاندنی هەموو تۆو نێوکەکان، دوای چەکەرە دانیان، یاخود پەروەردگاری سەرجەم ژیانداران، دوای دەرهاتنیان لە دەریای بێ ژیانیی، یاخود پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان و، هێنانەدەریان لە دەریای تاریکیی نەبوون.

﴿مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢﴾، لە خراپەی هەرچی دروستیکردوە، هەموو ئەو شتانەی خوا دروستیکردوون و خراپەیان هەیە، خوایە! پەنا بەتۆ دەگرم لە هەموویان.

﴿وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ﴾، لە خراپەی شەوی تاریك کە تاریکییەکەی دێ و هەموو شتێك دادەپۆشی، لەبەر ئەوەی شەوی تاریك مەزەنەی ئەوەیە شەیتانەکان تێیدا بڵاودەبنەوە، جرو جانەوەر تێیدا بڵاودەبێتەوە، پیاو خراپ تێیدا بڵاودەبنەوە، دزو جەردەو ڕێگر، ئەوانەی بیانەوێ زیان لە خەڵکی بدەن، لە تاریکیی شەو دەرفەت وەردەگرن.

﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴾، لـە خراپـەو زیانـی ئافرەتانـی فـوو لەگرێیانکـەر، واتـە: ئـەو ئافرەتانـەی جـادوو دەکـەن، شـت گـرێ دەدەن و فـووی لـێ دەکـەن، لـە کاتێکـدا هەندێـك قسـە دەکـەن و، نـاوی هەندێـك لـە شـەیتانەکان دەهێنـن.

﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾، لـە خراپـەو زیانـی بابـای حەسـوود کـە حەسـوودییەکەی دەخاتـە حاڵەتـی کردارییـەوە، ﴿ إِذَا حَسَدَ ﴾، واتـە: بەوەنـدە ئیکتیفـا نـاکات حەسـوودیی لـە دڵ و دەروونیـدا هەبـێ، بەڵکـو کاری پێـدەکات.

مەسەلە گرنگەکان

هەموو سوورەتەکە دەکەینە یەك مەسەلە:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی (موحەممەد) ﷺ، کە پەنا بەرێتە بەر پەروەردگارو خاوەنی سپێدە، یان پەروەردگارو خاوەنی قڵیشاندنی تاریکیی لە ڕووناکیی، یان خاوەنی قڵیشاندنی دەنك و تۆوەکان، یاخود: جیاکردنەوەی بوون لە نەبوون، لە خراپەو زیانی دروستکراوەکان بە گشتیی، بە تایبەت شەو کە تاریك دادێ و، ئافرەتانی جادووگەری فوو لە گرێیانکەر، هەروەها بابای ئێرەیی بەر کاتێك ئێرەییەکەی کارپێدەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم سوورەتە پێنج ئایەتییە لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾، بڵێ پەنادەگرم بەپەروەرگاری قڵیشاندن، **(الطبري)** دەڵێ: **(وَالفَلَق فِي كَلامِ العَرَبِ: فَلَق الصُّبْحِ)** وشەی فەلەق لە قسەی عەرەباندا بە قڵیشانی بەرەبەیان دەگوترێ، دەگوترێ: **(هُوَ أَبْيَنُ مِنْ فَلَقِ الصُّبْحِ)** فلان شتە ڕوونترە، ئاشکراترە لە قڵیشانی بەیان.

هەروەها گوتراوە: (الفلق: **فَلْق ظُلْمَةِ العَدَمِ عَن صُبْحِ الوُجُودِ**)، کە واتایەکەی گشتییترە، واتە: قڵیشاندنی تاریکیی نەبوون لە بەرەبەیانی بوون، دەرهێنانی بوون لە تاریکیی نەبوون، یاخود: دەرهێنانی هەموو چەکەرەکان لە دەنك و

تۆوەکان کە دەخرێنە بن زەوی، یاخود: دەرهێنانی هەموو ژیانداران کە پێشتر بێ ژیان بوون، لەچی؟

٢)- ﴿ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴾، لە خراپەی هەرچی دروستیکردوە، (**الطبري**) دەڵێ: (**مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ، إِذْ كَانَ كُلُّ مَا سِوَاهُ، فَهُوَ مَا خَلَق**) لە شەڕی هەموو شتێك، چونکە هەرچی جگە لە خوایە، هەمووی (دروستکراوی خوایە و) ئەوەیە کر دروستی کردووە.

ئنجا لە نێو خراپەی دروستکراوەکاندا، سێیانیان کە زەقترن لە خراپییدا، دەیانهێنێ:

٣)- ﴿ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴾، لە خراپەی شەو کە تاریك دادێ، (**غاسِق**): هەر شتێکە شتێك تاریك دابێنێ، شەوگار سەر زەوی تاریك دادێنێ، شەوگار کە هاتە سەرزەوی، زەوی تاریك دادێ.

(**وَقْب**) بەو کونە بەردە دەگوترێ، کە ئاوی تێدا کۆدەبێتەوەو بە کوردیی (ماقۆڕ)ی پێ دەڵێن.

٤)- ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴾، هەروەها لە شەڕو زیانی ئافرەتانێکی فوو لە گرێیانکەر، یانی: (**السَّواحِر، وَالسَّحَرة**)، ئافرەتانی جادووگەرو، پیاوانی جادووگەر، چونکە (ٱلنَّفَّٰثَٰتِ) کۆی (**نَفَّاثَة**)یە، کە ئەویش ڕێژگەی زێدەڕۆیی (**نافِثَة**)یە، (**نافِثَة**) واتە: فووکەر، (**نَفَّاثَة**) زۆر فووکەرو (**نَفَّاثَات**) کۆیەکەیەتی، ئنجا هەندێك لە زانایان گوتوویانە: مەبەست پێی (**سواحِر**)ە، یانی: ئافرەتانی جادووگەرو، هەندێك گوتوویانە: نەخێر، مەبەست پێی کۆمەڵانی جادووگەرانن، با پیاویش بن، وەك چۆن دەگوترێ: (**هَذا رَجُل عَلاَّمَة، وَفَهَّامَة**)، دەشگونجێ بگوترێ: (**هَذَا رَجُلٌ نَفَّاثَة فِي العُقَدِ**) ئەمە پیاوێکە زۆر فوو لە گرێیان دەکات، زۆر جادوو دەکات، هەردووکیان دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر ڕەنگە ئافرەتان بگرێتەوە، چونکە ئایەتی کۆتایی زیاتر پیاوان دەگرێتەوە.

(**نَفْث**): بریتیە لەو فووەی لە شتێک دەکرێ لەکاتی جادووکردن داو، وردە تفێکی کەمی لەگەڵدایە، هەندێك دەڵێن: تفیشی لەگەڵ دا نیە.

٥)- ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾، هەروەها لە خراپەو زیانی حەسوودیی بەرێك، (ئیرەیی بەرێك) کە حەسوودیی دەبات، (**إِذَا أَظْهَرَ مَا فِي نَفْسِهِ مِنَ الحَسَدْ وَعَمِلَ بِمُقْتَضاهُ، وَحَمَلَه الحَسَدُ عَلى إلقاءِ الشَّرِّ بِالمَحْسود**)، کاتێك ئەو حەسەدەی لەدڵیدا هەیە و دەری دەخات و، کار بەپێی داخوازیی ئەو حەسەدەی خۆی دەکات، حەسەد وای لێ دەکات زیان بە بابای حەسوودیی پێبراو بگەیەنێ، ئەگەرنا حەسەد ئەگەر هەر لە دڵ و دەروونی خاوەنەکەیدا بێ، تەنیا خۆی زیانبار دەبێ، وەك گوتراوە: (**لِلّٰهِ دَرُّ الحَسَدِ مَا أَعْدَلَه، بَدَأَ بِصَاحِبِهِ فَقَتَلَه**): لە چاوی منی بکەوێ حەسوودیی چەندە دادگەرە لە خاوەنەکەی خۆیەوە دەستی پێکردوەو کوشتوویەتی.

كورته باسێك

پێگـەی فەلـەق و نـاس و، جادوولێكرانـی پێغەمبـەری خـواو، هەڵوێسـتی عەبدوڵـڵای كـوڕی مسـعوود لەبـارەی ئـەو دوو سـووڕەتەوە:

ئەم كورتە باسە لە سێ بڕگان دەخەینە ڕوو:

بڕگـەی یەكـەم: چەنـد فەرموودەیـەك لەبـارەی پێگـەی هـەردووك سـووڕەتی (الفلـق) و(النـاس)ەوە.

بڕگەی دووەم: قسـەیەكی كـورت و پوخـت لـە بـارەی جادوولێكرانـی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ.

بڕگـەی سـێیەم: لـە بـارەی هەڵوێسـتی عەبدوڵـڵای كـوڕی مەسـعوودەوە ﷺ كـە نكووڵیـی كـردوە ئـەم دوو سـووڕەتە، قوڕئـان بـن و گوتوویەتـی: تەنیـا دوو دوعـان، پێغەمبـەری خـوا ﷺ خوێندوونـی.

بڕگەی یەكەم: حەوت فەرموودە لەبارەی پێگەی بەرزی ئەو دوو سووڕەتەوە:

١- {عَنْ زِرِّ بْنِ حُبَيْشٍ ﷺ، قَالَ: أَتيْتُ المَدينةَ فَلَقيتُ أُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ، فَقُلتُ لَه أَبا المُنذِرْ: إِنِّي رَأَيْتُ إِبْنَ مَسْعودٍ، لَا يَكْتُبُ الْمُعَوِّذَتَيْنِ فِي مُصْحَفِهِ، فَقَالَ: أَمَا وَالَّذي بَعَث مُحَمَّداً بِالحَقِّ، لَقَدْ سَأَلتُ رَسولَ اللهِ ﷺ عَنْهُمَا، وَمَا سَأَلَني عَنْهُما مُنْذُ سَأَلْتُ، غَيْرُكَ، قَالَ: قِيلَ لِي قُلْ، فَقُلْتُ، فَقُولُوا، فَنَحْنُ نَقُولُ مَا قَالَ النَّبِيُّ ﷺ} (أخرجه أحمد: ٢١٢٢٤، والبخاري: ٤٩٧٦، والحميدي: ٣٧٤، والنسائي في تفسيره: ٧٤٦).

واتـە: زیـرری كـوڕی حوبەیـش ﷺ دەڵـێ: چوومـە مەدینـە، گەیشـتمە ئوبەیـی كـوڕی كەعـب، پێمگـوت: ئەبـا مونزیـرا! عەبدوڵـڵای كـوڕی مەسـعوودم ﷺ بینـی

لــە موصحەفەکەیــدا (مُعَوِّذَتَــيْن) نانووســێ، ئەویــش گوتــی: ســوێند بــەو کەســەی موحەممــەدی بــە هــەق نــاردوە، لــەو بــارەوە لــە پێغەمبــەری خــوام ﷺ پرســی، لــەو کاتــەوەش کــە مــن لێــم پرســیوە، بێجگــە لــە تــۆ (کــە ئێســتا لێــم دەپرســی) هیچکــەس پرســیاری لــێ نەکــردووم، لێــم پرســی، ئەویــش فەرمــووی: پێــم گوتــراوە، بڵــێ، گوتوومــەو، ئێــوەش بڵێــن، وەك مــن گوتوومــە، (ئنجــا ئــەو هاوەڵــە گوتــی:) ئێمــەش ئــەوە دەڵێیــن، کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویەتــی.

٢- {عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: أُنْزِلَ عَلَيَّ آيَاتٌ لَمْ أَرَ مِثْلَهُنَّ: الْمُعَوِّذَتَيْنِ ثُمَّ قَرَأَهُمَا} (أخرجه مسلم: ٨١٤).

واتــە: عوقبــەی کــوڕی عامــرٍ ﷺ دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرمــووی: ئــەم شــەو چەنــد ئایەتێکــم دابەزینــە ســەر، هەرگیــز وەك وێنــەی وانــم نەبینیــوە: دوو پوناپێبــەرەکان [النــاس] و (الفلــق)، دوایــی خوێندنیــەوە.

٣- {عَن عُقْبَة بنِ عَامِر رضى الله عنه، قَالَ: قُلْت يَا رَسُولَ الله، أَقْرَأُ مِنْ سُورَة يوسُف وَسورَة هُود، قَالَ: يَا عُقْبَة! إِقْرأْ بِأَعوذُ بِرَبِّ الفَلَق، فَإِنَّك لَنْ تَقْرأ بِسُورَةٍ أَحَبَّ إِلَىَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَأَبْلَغ عِنْده مِنْهَا، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ لا تَفوتَكَ فَافْعَل} (أخرجه ابن حبان: ١٨٤٢، والحاكم: ٣٩٨٨، وقال: صحيح الإسناد، والبيهقي في شعب الإيمان: ٢٥٦٦، والنسائي في الكبرى: ٧٨٤٠، والدارمي: ٣٤٣٩).

واتــە: عوقبــەی کــوڕی عامیــرٍ ﷺ دەڵــێ: گوتــم: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ ! لــە ســوورەتی یوســووف و ســوورەتی هــوود بخوێنــم؟ فەرمــووی: ئــەی عوقبــە! ســوورەتی فەلــەق بخوێنــە، ســوورەتێك ناخوێنــی لــە لای خــوا خۆشەویســتترو گەیەنەرتــر بــێ (لــە مانــاو مەبەســتەکانی دا) لــەم ســوورەتە، ئەگــەر توانیــت هەرگیــز لەدەســتت نەچــێ (هەمــوو کاتێــك بیخوێنــی) بیخوێنــە.

٤- {أَنَّ ابْنَ عَابِسٍ الْجُهَنِيَّ رضى الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَا ابْنَ عَابِسٍ، أَلَا أُخْبِرُكَ بِأَفْضَلِ مَا تَعَوَّذَ بِهِ الْمُتَعَوِّذُونَ؟ قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ، وَقُلْ أَعُوذُ

بِرَبِّ النَّاسِ} (أخرجه النسائي في الكبرى: ٧٨٤٧، وابن سعد (٢١٢/٢)، والبيهقي في شعب: ٢٥٧٤، وأخرجه أيضًا أحمد: ١٧٤٢٧، وصححه الألباني).

واتـە: ئیـبن و عابیـس ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: ئـەی کـوڕی عابیـس! هەواڵـت پـێ نـەدەم بـە باشـترین شـتێك کـە پەنابـەران پەنایـان پـێ بـردوە بـە خـوا؟ گوتـم: بـا ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، فەرمـووی: (قُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ الْفَلَـقِ) و (قُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ النَّـاسِ) [ئەوانـە دوو سـوورەتە پەناپێبەرەکانـن بەخـوا].

٥- {عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخدري رضى الله عنه، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَتَعَوَّذُ مِنْ عَيْنِ الْجَانِّ، وَعَيْنِ الإِنْسِ، فَلَمَّا نَزَلَتْ الْمُعَوِّذَتَانِ، أَخَذَ بِهِمَا وَتَرَكَ مَا سِوَى ذَلِكَ}(أخرجه الترمذي: ٢٠٥٨، وإسناده حسن، وله شواهد، وابن ماجه: ٣٥١١، والنسائي: ٥٤٩٤).

واتـە: ئەبـوو سـەعیدی خودریـی ﷺ دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە چاوی جنـدو لـە چـاوی مرۆڤـان پەنـای بـە خـوا دەگـرت، دوعـای دەکـردن، کاتێـك (مُعَوِّذَتَـانِ) دابەزیـن، ئـەو دوو سـوورەتەی گرتـن و، دوعایەکانـی دیکـەی واز لـێ هێنـان.

٦- {عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضى الله عنهما، قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ اقْرَأْ يَا جَابِرُ، قُلْتُ: وَمَاذَا أَقْرَأُ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: اقْرَأْ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ وَ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، فَقَرَأْتُهُمَا، فَقَالَ: اقْرَأْ بِهِمَا وَلَنْ تَقْرَأَ بِمِثْلِهِمَا} (أخرجه النسائي: ٥٤٤١، وابن حبان: ٧٩٦).

واتـە: جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵا ﷺ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی: ئـەی جابیـر بخوێنـە! گوتـم: دایـك و بابـم بـە قوربانـت بـن چـی بخوێنـم؟ فەرمـووی: (أَعُـوذُ بِـرَبِّ الْفَلَـقِ و قُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ النَّـاسِ) بخوێنـە، منیـش خوێندمـن، فەرمـووی: بیانخوێنـە هەرگیـز وێنـەی ئـەو دووانـە ناخوێنـی.

٧- {عَنْ عَائِشَةَ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا اشْتَكَى يَقْرَأُ عَلَى نَفْسِهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ وَيَنْفُثُ، فَلَمَّا اشْتَدَّ وَجَعُهُ، كُنْتُ أَقْرَأُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُ بِيَدِهِ رَجَاءَ بَرَكَتِهَا} (أخرجه البخاري: ٤٧٢٨، ومسلم: ١٧٢٣).

واتـە: دایکـمان عائیشـە رضـی اللـە عنهـا، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر ئازارێکـی ببوایـە (**معوذتین**)ی بەسـەر خۆیـدا دەخوێنـدن و، فـووی لـە خـۆی دەکرد، کاتێـك ئـازاری زۆربـوو، مـن ئـەو دوو سـووڕەتەم بەسـەردا دەخوێنـدن، بـەڵام لەبـەر بەرەکەتـی، دەسـتی خۆیـم بەسـەر خۆیـدا دەهێنـا.

بڕگـەی دووەم: قسـەیەکی کـورت و پوخـت لەبـارەی جـادوو لێکرانـی دەربـارەی ئـەوە کـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ

وەك پێشـتر فەرموودەکەمـان لەبـارەی جادوولێکرانـی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ لـە هـۆی هاتنەخوارەکەیـدا هێنـاو، کۆمەڵێـك لـە زانایـان ئـەو فەرموودەیەیـان ڕەتکردۆتـەوە، لەوانـە: (سـەید قوتـب)، (ئیبنـو عاشـور)، (موحەممـەد عەبـدە)، وێـڕای ژمارەیەکـی دیکـەش.

گوتوویانـە: یەکێـك لـەو تۆمەتانـەی بێبڕوایـان دەیاندایـە پـاڵ پێغەمبـەری خـوا ﷺ، ئەوەبـوو دەیانگـوت: ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا ﴿٨﴾﴾ **الفرقـان**، واتـە: ئێـوە بـەس شـوێن پیاوێـکی جادوولێکـراو دەکـەون، ئنجـا ئەگـەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ جـادووی لێکرابـێ، کەواتـە: قسـەی کافـرەکان ڕاسـتە!

بـەڵام زانایانـی دیکـە، کـە زۆربـەن و ڕایـەکی دیکـەی دووەمیـان هەیـەو، منیـش ڕای دووەمـم بـە دڵـە، دەڵێـن: کافـرەکان کـە دەیانگـوت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ جـادووی لێکـراوە واتـە: شـێتەو، عەقڵـی لەسـەر خـۆی نیـە، ئـەوان مەبەسـتیان پێـی ئـەوە بـووە، بـەڵام ئـەوەی لـەو فەرموودەیـەدا هاتـووە، وەك دایکـمان عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گێڕاویەتـەوە، ئەوەیـە کـە ئـازاری لـە جەسـتەیدا پەیـدا بـووەو، جـاری واش هەبـووە وایزانیـوە شـتێکی کـردوەو نەشـیکردوە، واتـە: جادووەکـە زیانـی بـە جەسـتەی گەیانـدوەو بـە ژیانـی ڕۆژانـەی گەیانـدوە، بـەڵام زیانـی بـەو لایەنـەی نەگەیانـدوە کـە پەیوەندیـی بـە پێغەمبەرایەتییـەوە هەیـە، پێغەمبـەران صـەڵات و سـەلامی خوایـان لێبـێ لـەوە پارێـزراون، بـەڵام وەك پێغەمبـەران چـۆن لـە زەبـرو

تیرو شیری خەڵك نەپارێزراون، لە جادووش نەپارێزراون، هەروەها لە ڤایرۆس و میکرۆبەکانیش نەپارێزراون، لە ڕووی جەستەییەوە، بەڵام لە ڕووی فیکریی و ڕووحییەوە کە پەیوەندیی هەیە بە پەیامی خواوە، خوای پەروەردگار پێغەمبەرانی لەوە پاراستووەو دەقەکەش کە هێنامان، باسی ئەوە ناکات کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕووی گەیاندنی پەیامی خواوە، زیانێکی پێ گەیشتبێ، بەڵکو تەنیا لەڕووی جەستەییەوە ئازاری هەبووەو ناڕەحەت بووە، ئنجا کە ئەو دوو سوورەتە موبارەکەی بەسەردا خوێنراونەوە، کە بەهەردووکیان یازدە (١١) ئایەتن، (الفلق) پێنج و سوورەتی (الناس)یش شەش، جادووەکە بە تاڵ کراوەتەوە، وەك چۆن شتێك بەستراوەتەوەو دوایی بەر دەبێ، ئاوا بەو شێوەیە پێغەمبەری خواش ﷺ کاریگەریی جادووەکەی لەسەر نەماوە، کەواتە: وەك چۆن نەخۆش بووە، ئەو جادووەش لە ڕووی جەستەییەوە زیانی پێ گەیاندوە، بەڵام لەو ڕووەی کە پەیوەندیی بە پەیامی خواوە هەیە، زیانی پێ نەگەیاندوە.

بڕگەی سێیەم: هەڵوێستی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود رضي الله عنه لە بارەی ئەم دوو سوورەتەوە:

شتێکی باوو زانراو بووە کە (عبدالله ابن مسعود) نکوڵی کردووە لەوەی هەردووك سوورەتی (الفلق) و (الناس) دوو سوورەتی قورئان بن[1]، بەڵام زۆرێك لە زانایان گوتوویانە: دواتر عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود گەڕاوەتەوە بۆ ڕای گشتی هاوەڵان، گرنگ ئەوەیە هاوەڵان هەموویان یەکدەنگ بوون، لەسەر ئەوەی ئەم دوو سوورەتەش دوو سوورەتن، لەوانەی خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ دابەزاندوون، ئنجا زانایان هەندێکیان گوتوویانە:

---

(١) لە کتێبی: (قورئانی مەزن لە نۆزدە تەوەرەدا) بە درێژیی باسی ئەو بابەتەمان کردووە، کتێبی ناوبراویش لە چاپی دووەمی ئەم تەفسیرەدا، دەبێتە پێشەکی گشتی کۆی تەفسیرەکەو دەخرێتە سەرەتای بەرگی یەکەمەوە.

عەبدڵڵای کوڕی مەسعوود بۆیە لە موصحەفەکەی خۆیدا نەینووسیون، چونکە لە بەری بوون[1].

زۆربەشیان گوتوویانە: پێی وابووە دەبێ وەك دوو دوعا بخوێنرێن، نەك وەك دوو سوورەت، بێگومانیش ئەگەر (إبن مسعود) لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی سوور بووبێ و نکووڵیی کردبێ کە ئەمانە دوو سوورەتن، بەهەڵەدا چووەو، قسەی تێکڕای هاوەڵان ڕاستەو، ئەو جۆرە قسەو بیروڕاو هەڵوێستە ڕێزپەڕو دەگمەنانە هیچ ئیعتیباریان نیە.

---

(١) ئەو پاساوەش بێهێزە، چونکە (إبن مسعود) کۆی سوورەتەکانی قورئانی لەبەر بووە.

تەفسیری سوورەتی

النَّاسِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـــڕۆ ڕۆژی عاشـــوڕایە (١٠)ی (محـــرم)ی ســـاڵی (١٤٤٢)ی کۆچییـــە، بەرانبـــەر (٢٩/٨/ ٢٠٢٠) زاینیـــی، لـــە شـــاری هەولێـــر، خـــوا پشـــتیوان بـــێ دەســـت دەکەیـــن بـــە تەفســـیرکردنی ســـوورەتی کۆتایـــی لـــە قورئانـــی بـــەرزی بـــە پێـــز، کـــە ئەویـــش بریتیـــە لـــە ســـوورەتی (النـــاس)و، ســـەرەتاش لەحـــەوت بڕگـــەدا پێناســـەو نێـــوەڕۆکی دەخیەنـــە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الناس) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـــەم ســـوورەتە موبارەکـــە نـــاوی باوتـــری بریتیـــە لـــە: (**سُـورَةُ النَّـاس**)، بـــەڵام ئـــەم ناوانـــەش بـــۆ بەکارهاتـــوون:

١- سوورەتی: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾.

٢- (**المعوذة الثانية**).

٣- هەروەها لەگەڵ (**سُورَةُ الفلق**) دا بە: (**المعوِّذتين**) و (**المُشَقْشِقَتَيْن**) و (**المُقَشْقِشَتَيْن**)، ناونراون، (شقشق و قشقش)ش هەردووکیان یانی: (صوَّت) دەنگی لێهات، دەنگی پەیدا کرد، یاخود: (برأ) چاك بووەوە، یان ئامادەبوو بۆ چاکبوونەوە، واتە: ئەم دوو سوورەتە بە پێزە، مایەی لابردنی دەردو نەخۆشیی و گرفتاریین، لە کەسێك کە بەدڵێکی پڕ لە قەناعەتەوە بیانخوێنێ.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ڕاجیایی لەو بارەوە هەیە، پێشتر لە تەفسیرکردنی سوورەتی (الفلق)دا باسمان کرد، لەوێش گومان و لێرەش دەیڵێم: پێم وایە مەدینەیی بوونی ئەم دوو سوورەتە بەهێزترە، بێگومان ئەم دوو سوورەتەش، پێکەوە، یاخوود بە دوای یەکدا دابەزیون، سەرەتا سوورەتی (الفلق)و، دواتر سوورەتی (الناس)، بەڵگەشمان لەسەر مەدینەیی بوونی ئەم سوورەتە، ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەری خوان ﷺ کە پێشتر زۆربەیانمان هێنان و، پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە بە هاوەڵانی بەڕێزی فەرموویەتی، یان بە یەکێك لە هاوەڵان بە گشتیی فەرموویەتی: دوو سوورەتم بۆ دابەزیون وێنەیان نەبینراوە، دوایی ئەو دوو سوورەتە موبارەکەی خوێندوونەوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:

لە موصحەفدا ژمارەکەی سەدو چواردە (١١٤)یەو سوورەتی کۆتاییە، بەڵام ڕیزبەندیی لە دابەزیندا ئەگەر مەککەیی بێ، کە ئەوەش گریمانەیەکی بێهێزە، ژمارەکەی بیست و یەك (٢١)یان داناوەو، ئەگەر مەدینەییش بێ، لە سەرووی ژمارە سەد (١٠٠)ەوەیە، هەرچۆن بێ ئەم سوورەتە لە دوای سوورەتی (الفلق) دابەزیوە.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە بە ڕای تێکڕای زانایان، کە پسپۆڕن لە ژماردنی ئایەتەکانی قورئاندا، شەشە، کەسیان نەکەمتر، نەزیاتریان نەگوتوە.

پێنجەم: نێوەڕۆكی:

نێوەڕۆكـی ئـەم سـوورەتە بـەم شـێوەیە: خـوای پـەروەردگار فەرمانـی بـە پێغەمبەرەكـەی موحەممـەد ﷺ كـردوە، هەروەهـا بـە هـەر كەسـێكی دیكـەش كـە بـە شـوێن پێـی پێغەمبـەری خـوادا ﷺ هەنـگاو دەنـێ و، شایسـتەیە بـەوەی خـوای بـەرزو مـەزن بیدوێنـێ، كـە لـە خراپـەو زیانـی خوتخوتـەكاری دنـەدەری خـۆ پەنهانكـەر، پەنـا بـە پـەروەردگارو حوكمـڕان و پەرسـتراوی خەڵـك بگـرێ، كـە دنـەدان و خوتخوتـەی بـەد دەخاتـە سـینەی خەڵكـەوە، ئنجـا ئەوانـەی دنـەدەدەن و خوتخوتـەو خەیاڵـی خـراپ دەخەنـە سـینەو دڵـی خەڵكـەوە، چ لـە جنـدان بـن، چ لـە مرۆڤـان بـن.

شەشەم: تایبەتمەندییەكانی:

دوو تایبەتمەندیی لەم سوورەتە موبارەكەدا دەخەینە ڕوو:

١- پەنا بە خوا گرتن و باسكردنی هەر سێك سیفەتی: (رَبّ، مَلِك، إلَه)، ئێرە تەنیا شوێنێكە لە هەموو قورئاندا بەو شێوەیە هاتبێ: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤﴾ **الناس**، بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵك، حوكمڕانی خەڵك، پەرستراوی خەڵك، لە خوتخوتەو دنەدانی خراپی ئەو شەیتانەی زۆر خۆی پەنهان دەكات، [خوتخوتەو دنەدانی خراپ دەخاتە دڵی خەڵكەوە].

٢- هەروەها هەردووك تەعبیری: ﴿مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥﴾ **الناس**، لە هەموو قورئاندا تەنیا لەم سوورەتە موبارەكەدا هاتوون.

حەوتەم: دابەشكردنی ئایەتەكان:

كۆی شەش ئایەتە موبارەكەكەی ئەم سوورەتە، دەكەین بە دەرسێك.

دەرسی ئەم سووڕەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە شـەش (٦) ئایـەت پێـك دێ، كـە سـوورەتی (النـاس) لێیـان پێكهاتـوە: (١-٦) خـوای بـێ هاوتـا فەرمـان دەكات بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دوای ئەویـش بـە هـەر كەسـێك كـە بـە ڕێـی ویـدا دەڕوات و، بـە شـوێنپێی دا هەنـگاو دەنـێ، كـە پەنـا بگـرێ بـە پـەروەردگاری خەڵـك، حوكمڕانـی خەڵـك، پەرسـتراوی خەڵك : ﴿ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ﴾ لە زیان و خراپەی خوتخوتەكەری زۆر خـۆ پەنهانكـەر، واتـە: ئـەو كەسـەی هانـدان و دنەدانـی خـراپ دەخاتـە سینەی خەڵكـەوەو، عادەتیشـی وایـە زۆر خـۆی پەنهـان دەكات، بـە پەنامەكیـی كارەكـەی خـۆی دەكات و، خوتخوتـەو دنەدانەكـەی بـۆ خراپەكاریـی، دەخاتە سـینەی خەڵكەوە، ئنجـا ئـەو دنـەدەرو خوتخوتەكـەرەش، چ لـە جندانبـێ، چ لـە مرۆڤـان بـێ.

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە . بڵـێ: پەنـا دەگـرم بـە پـەروەردگاری خەڵـك ۝١ حوكمڕانـی خەڵـك ۝٢ پەرسـتراوی خەڵـك ۝٣ لـە زیـان و خراپـەی خوتخوتەكـەری زۆر خـۆ پەنهانكـەر ۝٤ كـە خوتخوتـە (و دنەدانـی خـراپ) دەخاتـە سـینەكانی خەڵكـەوە ۝٥ لـە جنـدان و لـە خەڵـك}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَعُوذُ): واتـە: پەنـا دەبـەم، پەنـا دەگـرم، (**إِسْتَعَاذَ بِـهِ: لَجَأَ إِلَيْـهِ، هُـوَ عِيَاذُهُ: مَلْجَأُهُ، أَعَاذَ غَيْرَهُ، وَعَوَّذَهُ بِمَعْنًى**) واتـە: پەنـای بـردە بـەر، ئـەو پەناگـەی ئـەو کەسـەیە، جگە لـە خـۆی پەنـادا، حەواندیـەوە و، پاراسـتی، یـەك واتایـان هەیـە، دەگوتـرێ: (**أَعُـوذُ بِاللـهِ مَعَـاذاً**)، پەنـا بەخـوا دەگـرم بـە پەنـا پێـبردن، (**والعـوْذَةُ، وَالوَعَـاذَةُ، وَالتَّعْويـذُ، بِمَعْنًى**) ئەمانـە (**عـوذة و عـاذة و تعويـذ**) هـەر سـێکیان یـەك واتایـان هەیـەو، بریتیـە لـە دوعایـەك کـە مرۆڤـی پـێ پەنـا دەدرێ و دەپارێـزرێ لـە بـەڵاو خراپەیـەك.

(بِرَبِّ ٱلنَّاسِ): (**رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ: مَالِكُـهُ**) (ربُّ)ی هـەر شـتێك خاوەنـی ئـەو شـتەیە، هەروەهـا وشـەی (ربّ) بـە چەنـد واتایەکـی دیکـەش هاتـوە:

(السَّيِّد): سەرۆك، گەورە.

(**المُرَبِّي**): پەروەردەکەر، بەخێوکەر.

(**القَيِّم**): سەرپەرشتیار.

(**المُنْعِم**): خاوەن چاکە.

(**المُدَبِّر**): تەگبیربۆکار.

(**المُصْلِح**): چاکسازییکار.

(مَلِكِ ٱلنَّاسِ): (**المَلِـك: المالِـكِ المُطْلَـق**)، (ملـك) یـانی: خاوەنـی ڕەهـا، هەروەهـا (**مَلِـك**) بـە مانـای (**ذُو المُلْـك**) خـاوەن حوکمڕانیـی و دەسـەڵات، (**وَالمَلِـك: صَاحِـبُ الأَمْـرِ وَالسُّـلْطَةِ عَـلى أُمَّـةٍ أَوْ قَبيلَـةٍ، أَوْ بِـلادٍ**)، دیسـان (مَلِـك): بـە مانـای خـاوەن فەرمـان و دەسـەڵات دێ لەسـەر کۆمەڵگەیـەك، یـان لەسـەر هۆزێـك، یـان لەسـەر وڵاتێـك.

(إِلَـٰهِ): (**كُلُّ مَـا اتُّخِـذَ مَعْبُـوداً**) (إِلَـٰهِ) هـەر شـتێکە بـە پەرسـتراو گیرابـێ، (**أَلَـهَ يَأْلَـهُ إِلهـاً، أي: عَبَـدَ، أَلَـهَ يَأْلَـهُ أَلَهَـا، أي: تَحَـيَّرَ**).

واتـە: (إِلَـٰهِ) لـە (**أَلَـهَ يَأْلَـهُ إلهاً**)ەوە هاتـوە، بـە مانـای (**عَبَـدَ، يَعبُـدُ، عِبَـادَةً**) پەرسـتیی، دەپەرسـتێ، پەرسـتن، (إلـه) یـانی: ئـەو زاتـەی دەپەرسـترێ، یـان لـە: (**أَلَـهَ يَأْلَـهُ أَلهاً**)ەوە هاتـوە، واتـە: سەرسـام بـوو، سەرسـام دەبـێ، سەرسـام بوون، پێشـتریش لـە توێژینـەوەی چەمـك و واتـای (أللـه)دا، قسـەی زیاترمـان لەوبـارەوە كـرد، كـە دەگونجـێ (إِلَـٰهِ) لـە شـەیدایی و عەوداڵیـی (**وَلَـهْ**)، یـان پەنهانیـی و شـێراوەیی (لیـاه)ەوە هاتبـێ.

(ٱلْوَسْوَاسِ): واتە: خوتخوتەكەر، دنەدەرو هاندەر بۆ خراپە.

(ٱلْخَنَّاسِ): (**خَنَسَ يَخْنِسُ خَنْسَاً وَخُنُوسَاً وَخِنَاسَاً: تَأَخَّرَ، تَـوَارى و غَـابَ**) (خنّاس): ڕێژگـەی زێدەڕۆیـی (**خَانِسّ**)ە، ئەمیـش لـە (**خَنَسَ**)ەوە هاتـوە، واتـە: دواكـەوت، یـان خـۆی شـاردەوە، یـان لـەوێ نەبـوو، كەواتـە: (الخنَّـاس) یانـی: زۆر خۆپەنهانكـەر، زۆر خۆشێرە.

(يُوَسْوِسُ): (**وَسْـوَسَ إِلَيْـهِ الشَّـيْطانُ، وَوَسْـوَسَ لَـهُ، وَفِي صَـدْرِهَ وَسْوَسَـةٌ، وَوِسْـوَاسٌ، أي: حَدَّثَـهُ بِمَـا لا يَنْفَـعُ، ومـا لاَ نَفْـعَ فِيـهِ وَلاَ خَـيْرَ**)، شـەیتان وەسوەسـەی بـۆ كـرد، وەسوەسـەی بـۆ لا كـرد، یـان دەگوتـرێ، لـە سـینەیدا وەسوەسـە هەیـەو **ويسـواس** هەیـە، واتـە: شـەیتان قسـەی بـۆ كـرد، قسـەیەك هیـچ سـوودو خێـرو كەڵكـی نەبـێ، (**وَسْوَسَـتِ النَّفْـسُ: يتَكَلَّـمَ بِـكَلَامٍ خَفْـيّ مُخْتَلَـطٍ لَـمْ يُبَيِّنْـهُ، أَوْ هَمَسَـتْ**)، (**وَسْوَسَـتِ النَّفْسُ**) (واتـە: ئـەو كەسـە دەروونەكـەی قسـەیەكی پەنهانـی تێكەڵـی كـرد، كـە ڕوون نیـە، یاخـود بـە دەنگێكـی كـپ و نـزم قسـەی بـۆ كـرد.

(صُدُورِ): (**جَمْـعُ صَـدرٍ، وَالصَّـدرُ مُقَـدَّم كُلِّ شَيءٍ، صَـدرُ الكِتَـاب، وَصـدْرُ النَّهَـارِ، وَهُـوَ فِي الإِنْسَـانِ الْجُـزءُ المُمْتَـدُّ مِـن أَسـفَلِ العُنُـق إلى فَضَـاءِ الجَـوْفِ، وَسُـمِّيَ القَلْـبُ صَـدْراً لِحُلُولِـهِ بِـهِ**)، (صـدور) كـۆی (صـدر)ە ئەویـش پێشـەوەی هـەر شـتێكە، دەگوتـرێ: (**صَـدْر الكتـاب**) واتـە: سـەرەتای كتێبەكـە، (**وَصـدْرُ النَّهَـارِ**) سـەرەتای ڕۆژ،(صـدر) لـە مرۆڤـدا بریتیـە لـەو بەشـەی لەخـوار گەردنـەوە دەسـت پـێ دەكات تاكـو بۆشـایی

هەنـاو.

(سـینەی مـرۆڤ بـە بیسـت وچـوار (٢٤) پەراسـوو، دوازدە (١٢) لـەم لاو (١٢) لـەولا، دەورە دراوەو قەفەسـی سـینگ پێکدێنـن) جـاری وا هەیـە (دڵ)یـش بـە (صـدر) ناوبـراوە، لەبـەر ئـەوەی دڵ لـە نێـو سـینە دایـە.

(ٱلْجِنَّةِ): واتـە: جنـدەکان، (وَالجِنُّ خِلافُ الإنْس) (جند)یـش پێچەوانـەی مرۆڤە، تاکی جنـد پێـی دەگوتـرێ: (جِنّي)، هـەروەك تاکـی (إنـس) پێـی دەگوتـرێ: (إنسـان) واتـە: مرۆڤـەکان، مـرۆڤ، جنـدەکان، جنـد.

(وَٱلنَّاسِ): (إسْمٌ لِلْجَمْعِ مِن بَني آدَم وَوَاحِدُهُ الإنْسَانُ مِنْ غَيْرِ لَفْظِهِ)، (الناس) ناوێکـە بـۆ کـۆی وەچـەی ئـادەم، یـان بـۆ کۆمەڵێـك لـە وەچـەی ئـادەم، تاکەکـەی بریتیـە لـە ئینسـان، کـە لـە بێـژەی (النـاس) نیـەو بێژەکـەی جیایـە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە

پێشـتر لـە کاتـی تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الفلـق)دا، هـۆی هاتنـە خـوارەوەی هـەردوو سـوورەتەکەمان بـاس کـرد، بـەڵام لێـرەش ئـەم گێڕراوەیـە دێنیـن:

{عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ رضى الله عنه، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: لَقَدْ أُنْزِلَ عَلَيَّ آيَاتٌ، لَمْ يُرَ مِثْلُهُنَّ: قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ إِلَى آخِرِ السُّورَةِ، وَ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ إِلَى آخِرِ السُّورَةِ} (أخرجه مسلم: ٨١٤، والترمذي: ٢٩٠٢، وقال: حسن صحيح. والنسائي: ٥٤٤٠، وغيرهـم).

واتـە: عوقبـەی کـوڕی عامـر ﷺ لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ گێڕاویەتـەوە، کـە فەرموویەتـی: چەنـد ئایەتێکـم دابەزیونە سـەر وێنەیان نەبیـنراوە، (دوایـی خوێندیەوە): (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ) هەتـا کۆتایـی و (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ) هەتـا کۆتایـی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــــزان!

لـە سـوورەتی (الفلـق)دا خـوای پـەروەردگار فەرمانـی بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ کـردو، بـە هـەر کەسـێك کـە لـە ڕێـی ئـەوەوە دەڕوا، بـە ئۆممەتەکـەی و بـە شـوێنکەوتووانی، فەرمـووی: بڵـێ پەنـا دەگـرم بـە پـەروەردگاری سـپێدە، بەرەبەیـان، یاخـود: پـەروەردگاری هەمـوو ئـەو شـتانەی خـوا دەیانقڵیشـێنی، چ بـوون (وجـود) کـە لـە نەبـوون (عـدم)ی دەردێنـێ، چ ژیانـداران کـە لـە حاڵەتـی بێژیانییـان دەردێنێ، چ تـۆو نێوکـەکان کەدەیانقڵیشـێنێ و چەکەرەیـان لـێ دەردێنـێ، پەنـا دەگـرم بـەو پـەروەردگارە، لـە خراپـەی هەرچییـەك کـە دروسـتیکردوە، دوایـی خـوای پـەروەردگار سـێ لـەو شـتە خراپانـەی دروسـتیکردوون و، دەگونجـێ زیـان و زەرەریـان بـۆ مرۆڤەکان هەبـێ، ڕوونـی کردوونـەوە: ﴿ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ ﴾، لـە خراپـەی شـەوی تاریـك کـە دادێ، ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ ﴾، لـە خراپـەو زیانـی فوولێکەرانـی گرێیـەکان، واتـە: ئافرەتانـی جادووگـەر، یاخـود جادووگـەرەکان بـە گشـتیی کـە فـوو لـە گرێیـەکان دەکـەن، ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾ ﴾، لـە خراپـەو زیانـی بابـای ئیرەیـی بـەر کـە ئیرەییەکـەی دەخاتـە حاڵەتـی کـردارەوە.

لـەوێ خـوای پـەروەردگار فەرمانـی کـرد بـە پەنابردنـە بـەر پـەروەردگاری جیاکردنـەوەو قڵیشـاندن (فلـق) لـە زیـان و خراپـەی هەرچـی دروسـتیکردوە، ئنجـا زیـان و خراپـەی شـەوی تاریـك کـە دادێ و، جادووگـەرانی فـوو لەگرێیـان کـەرو، حەسـوودی ئیرەییەکـەی جێبەجێکـەر.

بـەڵام لێرەدا خـوای پـەروەردگار فەرمـان دەکات بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: ئـەم سـوورەتە دەخوێنـم و نـاوی خـوای لەسـەر دێنـم، وەك هەمووجارێـك لەسـەرەتای تەفسـیری

سوورەتەکان دا گوتوومانەو، لێرەش دووبارەی دەکەینەوە، وەك کۆتا جار: کاتێك مرۆڤ دەڵێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾، دەبێ بەلای کەمەوە چوار واتایان لە عەقڵ و دڵی خۆیدا ئامادە بکات، واتە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای بەخشەر دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا دەفەرمووێ: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ①﴾، بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵك، هاناو پەنادەبەمە بەر، خاوەن و پەروەردگاری خەڵك.

﴿مَلِكِ النَّاسِ ②﴾، حوكمڕانی خەڵك.

﴿إِلَٰهِ النَّاسِ ③﴾، پەرستراوی خەڵك.

لەم سوورەتە موبارەکەدا خوای بەرز فەرمان دەکات کە ئێمە هاناو پەنای ببەینە بەر، ئنجا خوا خۆی بە سێ سیفەتان پێناسە دەکات، ئەوانیش بریتین لە: (ربّ)، (مَلِك)، (إلە)، پەروەردگارو خاوەن، حوكمڕان، پەرستراو، واتە:

سێ لە سیفەتە بەرزەکانی خوا باس دەکرێن، یانی: پەنا بە خوایەك دەبەم کە هەم پەروەردگارو خاوەنە، هەم حوكمڕان و هەمووشت بەدەستە، هەم پەرستراوەو، دەبێ بەندایەتیی و ملکەچیی تەنها بۆوی بکرێ، لەچی؟

﴿مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ ④﴾، لە خراپەو زیانی خوتخوتەکەری زۆر خۆ پەنهانکەر، ئنجا ئایا ئەو خوتخوتەکەرو دنەدەرە بەرەو خراپە، کە خۆی زۆر پەنهان دەکات، چی دەکات؟

﴿ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦ ﴾
ئەو کەسەی خوتخوتەو خەیاڵ و دنەدانی خراپ دەخاتە سینەکانی خەڵکەوە، ئەو خوتخوتەکەرو دنەدەرەش بەرەو خراپە: چ لە جندان بێ، چ لە خەڵك بێ، لە مرۆڤان بێ.

ئەمەش بۆمان دەردەخات کە زەرو زیانی خوتخوتەو دنەدانی شەیتانەکان، چ لە جند بن، کە نایانبینین، چ لە مرۆڤان بن، خوتخوتەو دنەدانی خوتخوتەکەرو هاندەران بەرەو خراپە، زۆر مایەی مەترسییە، بۆیە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الفلق)دا دەفەرموێ: بڵێ پەنا دەگرم بە پەروەردگاری فەلەق (سپێدە، یان قڵیشاندنی تۆو نێوکەکان و دەرهێنانی چەکەرەکانیان، یان: هێنانەدی ژیانداران، یان شەقکردنی دروستکراوان و، دەرهێنانیان لە تاریکیی نەبوون، بۆ ڕووناکیی بوون) لە خراپەو زیانی هەرچی خوا دروستی کردوە، دواییش خوای کاربەجێ سێ لەو شتە خراپانەی دەگونجێ مرۆڤ لێیانەوە تووشی زیان ببێ، دەخاتە ڕوو:

١- شەوی تاریك کە دادێ.

٢- جادووگەرەکان کە فوو لە گرێیەکان دەکەن.

٣- بابای حەسوود کە حەسوودییەکەی دەخاتە حاڵەتی کردەییەوە.

بەڵام لێرەدا پەنا گیراوە بە خوای بەرز و مەزن و، وەسفکراوە بە سێ لە سیفەتە زۆر گەورەو بەرزو گشتگیرەکانی: پەروەرگار، حوکمڕان، پەرستراو، لە خراپەو زیانی خوتخوتەکەری خۆ پەنهانکەر، کە خوتخوتەو دنەدانەکەی دەخاتە سینەکانی خەڵکەوەو، خوتخوتەکەرەکانیش لە جندو مرۆڤن، واتە: کەسێك کە خەڵك هان دەداو دنە دەدا بەرەو خراپە، دەگونجێ جندێک بێ، کە نایبینین و، دەشگونجێ مرۆڤێك بێ کە دەیبینن، بەڵام بەشێوەیەکی پەنهان و لێزانانە، خوتخوتەو دنەدان و خەیاڵە خراپەکەی دەخاتە سینەی خەڵکەوەو، دەیخزێنێتە نێو عەقڵ و دڵیانەوە.

ئەمەش لێی وەردەگیرێ کە:

خراپەو زیانی هاندان و خوتخوتەکردن بەرەو خراپەو تاوان و لادان، لە جۆرە خراپەکانی دیکە، زۆر مەترسیدارترو بەزەرترەو، شایستەی وریایی و ئاگا لێبوونی زیاترە.

ئەگەر سەرنجی واقعی ژیان و گوزەرانی خەڵکیش بدەین، هەروای دەبینین و، هەمیشە خولیاو نیازو مەبەستە خراپ و بەدەکانن خەڵکی بەزەو زەلکاوی گوناهو لادان و تاوان پەلکێش دەکەن و، بەزۆریی گونهانی پەنهان (**باطن الإثم**) چاوگی گوناهی ئاشکرایە (**ظاهر الإثم**) ەو، هەتا ئاویش هەتا لەسەرچاوەوە ڕوون نەبێتەوە، لە جۆگایەدا ڕوون نابێتەوەو، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

مەسەلە گرنگەکان

کۆی سوورەتەکە دەکەینە یەك مەسەلە:

فەرمانکردنـی خـوا بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ کـە پەنـا بگـرێ بـە: پـەروەردگاری خەڵك و، حوکمڕانـی خەڵـك و، پەرستراوی خەڵـك، لـە خراپـەو زیانـی خوتخوتەکەری زۆر خـۆ پەنهانکـەر، کـە خوتخوتـەو خەیاڵـی خـراپ دەخاتـە سینەکانی خەڵکـەوە، ئـەو خوتخوتەکـەری خۆپەنهانکـەرەش لـە جنـدان و لـە مرۆڤانـە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَـٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦ ﴾.

شیکردنەوەی ئایەتەکان، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾، بڵێ پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵك، وشەی (رب) لە ئەسڵ دا بە مانای خاوەن دێ، خاوەنی ڕەها، بەڵام وێڕای ئەوە بە مانای (**سَيِّدو مُدَبِّرو مُصلِح متوَلِّي**) واتە: گەورەو سەرۆك و سەرپەرشتیارو چاککەرو مشوورخۆریش دێ.

قۆناغـی یەکەمـی مرۆڤـان لـە خزمـەت خـوادا، ئەوەیـە کـە ئـەو بەدیهێنـەرو پـەروەردگارو خاوەنیانـەو، هەمـەکارەی دنیـاو دواڕۆژیانـە.

٢)- ﴿ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴾، حوکمڕانی خەڵك.

قۆناغـی دووەمـی پەیوەندیـی مرۆڤـان لەگـەڵ خـوادا، ئەوەیـە کـە خـوا حوکمڕانیانـە، سـەرەتا مـرۆڤ هەسـت بـە بەدیهێنراوێتیـی و پەروەردگارێتیـی و

خاوەندارێتیی خوا دەکات بۆ خۆی، بەڵام دوایی هەست دەکات کە خوای بەرزو مەزن، بەڵێ خاوەن و پەروەردگارو بەخێوکەرییەتی، بەڵام حوکمڕانیشیەتی و، ئەو دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێ و بۆی دیاریی بکات، چۆن بژی و چۆن نەژی، چی چاکەو چی خراپە، چی حەڵاڵەو چی حەرامە، چ لە ژیانی تاکیی، چ لە ژیانی خێزانیی، چ کۆمەڵایەتیی، چ سیاسیی دا.

ئنجا دوایی ئەو مرۆڤە بۆی دەردەکەوێ کە دەبێ پەرستنیش بەس بۆ خوا بکرێ:

٣)- ﴿ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴾، پەرستراوی خەڵك، دەبێ پەرستش و بەندایەتیی تەنیا بۆ ئەو زاتە بکرێ، کە تاکە پەروەردگارو خاوەنی خەڵکەو حوکمڕانی خەڵکە، بۆیە دەبێ هەر ئەویش تاکە پەرستراوی خەڵك بێ.

هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: لێرەدا کە خوای پەروەردگار ئەو سێ وشەیەی بەکارهێناون: ﴿بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ ﴾، هۆکارەکەی ئەوەیە کە: مرۆڤ سەرەتا تاکو گچکەیەو منداڵە پێویستیی بەوەیە خوا بەخێوی بکات و بیژیەنێ، ئەوەتا کاتێك کۆرپەلەیە لە نێو منداڵدانی دایکی دا، لە ڕێی نێوکیەوە بژیوی دەدات، هەر لە جەستەی دایکی، دوایی کە لە دایك دەبێ و ناوکی دەبڕن، ئنجا خوا دوو مەمکی دایکی بۆ ڕەخساندوون، ئینجا دوای ئەوەی دوو ساڵان شیر دەخوات و لە مەمکی دەبڕنەوە، خوای پەروەردگار وردە وردە سی و دوو ددانی بۆ دروست دەکات، دوایی وردە وردە مرۆڤ کە لە تەمەندا پێهەڵا دەچێ و دەچێتە قۆناغی گەنجیی و وردە وردە کامڵ بوون، ئنجا هەست بە حوکمڕانیی خوا دەکات، پێشێ هەست بە پەروەردگارێتیی و بەخێوکردنی خوا دەکات بۆی، دوایی هەست بە حوکمڕانیی خوا دەکات، دوایی لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا، زیاتر هەست بە پەرستراوێتیی خوا دەکات و دەزانێ دەبێ خوا بپەرستێ.

منیش دەڵێم: لەهەموو قۆناغەکانی ژیان و تەمەنی مرۆڤ دا: پەروەردگاریەتی خوا بەر لە هەر سیفەتێکی دیکەی بۆی دەدرەوشێتەوە، پاشان حوکمڕانیی و سەرپەرشتیارێتی خواو، دواتریش پەرستراوێتییەکەی .

ئایا بۆچی و لەچی فەرمانکراوە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، بە هەر کەسێك کە لە ڕێی پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ دەڕوات، پەنا بگرێ بە پەروەردگار حوکمڕان و پەرستراوی خەڵك؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لە ئایەتی دواتر دایە:

٤)- ﴿ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴾، لە خراپەو زیانی دنەدەرو خوتخوتەکەری زۆر خۆ پەنهانکەر، (شَرّ) ئەوەیە کە هەموو لایەك نایانەوێ و، پێچەوانەی (خیر)ە، خێر ئەوەیە هەموو لایەك بۆی ئارەزوو مەندن (**الخَيْرُ ما يَرغَبُ فيه الكُلُّ**) و، هەموو لایەك خوازیارنی کە هەیانبێ، کەواتە: (**شَرّ**)بە مانای زیان و خراپە دێ، لە خراپە و زیانی ﴿ ٱلْوَسْوَاسِ ﴾، واتە: خوتخوتەکەر، (**الوَسْوَاس: إسمٌ بِمَعْنى الوَسْوَسَةِ، كَالزِّلْزالِ بِمَعنى الزَّلْزَلَةِ، و المَصْدَر وِسواسٌ مِثْلُ الزِّلزَالِ**) واتە: (**الوَسوَاس**) ناوە و بە مانای وەسوەسەیە، واتە: خوتخەتەو دنەدەر، وەك (**زِلْزالِ**) بە مانای (**زَلْزَلَة**)، لەرزینەوە، بەڵام چاوگی (**وَسْواس**) بریتیە لە (**وِسْوَاس**) واتە: دنەدان، خوتخوتەکردن، وەك (**زَلزَالِ**) واتە: هەژاندن و لەرزینەوە.

کەواتە: ﴿ ٱلْوَسْوَاسِ ﴾، بەکارهێنراوە بۆ ئەو کەسەی وەسوەسە دەکات، یاخود وەسوەسە دەڵێ، (**اسْتُعْمِلَ الِشَّخْص الفَاعِل لِلوَسْوَسَةِ و المُتَكَلِّم بِالوَسْوَسَة**) وەسوەسە یانی چی؟ (**الوَسْوَسَةُ: الخَطْرَةُ الرَّدِيئَةُ، وَأَصْلُهُ مِنَ الوَسْوَاسِ، وَهوَ صَوْتُ الحُلِيِّ، وَالهَمْسُ الخَفِيُّ**) واتە: وەسوەسە خەیاڵی خراپ و بیرۆکەی خراپە (کە بەسەر عەقڵ و دڵی مرۆڤدا دێ) بنەڕەتەکەی لە (وسواس)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە دەنگی خشڵ و، بریتیە لە دەنگی کپ،(کەسێك کە بە چپە قسە بۆ کەسێك دەکات.

﴿ٱلْخَنَّاسِ﴾: (خَنَسَ، يَخْنِسُ، خَنَساً، وَخُنُوساً، وَخِنَاساً) واتـە: خـۆی پەنهان کرد، ئنجـا (الخنَّـاس) ڕێژگـەی زێدەڕۆییە لـە (خانِس) واتـە: خۆپەنهانکـەر، ﴿ٱلْخَنَّاسِ﴾، واتـە: زۆر خـۆ پەنهانکـەر، عادەتـی بۆتـە خۆپەنهانکردن و خۆشـاردنەوە.

٥)- ﴿ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ﴾، ئەو (خوتخوتەکەرە خۆپەنهانکەر) ەی بیرۆکەی بەدو خوتخوتەی خراپ دەخاتە سینەکانی خەڵکەوە، دەیخاتە دڵ و سینەیانەوە، سینەکان شوێنی دڵەکانن، دڵ (قلب)یش، چەقی بڕیاردانە لە مرۆڤدا، چەقی ویستن و نەویستنە، چەقی چاکیی و خراپییە، بۆیەش خوای کاربەجێ دڵ (قلب) ی زەم و سەرزەنشتکردووە، وەك فەرموویەتی:

١- ﴿خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ ۝٧﴾ البقرة.

٢- هەروەها دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ۝٢٤﴾ محمد.

٣- هەروەها دەفەرموێ: ﴿كَلَّا ۖ بَلْ ۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ۝١٤﴾ المطففين.

هەروەها خوا مەدح و ستایشی دڵ (قلب)یشی کردوە:

١- کە دەفەرموێ: ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ۝٢٨﴾ الرعد.

٢- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَمَّا يَدْخُلِ ٱلْإِيمَـٰنُ فِى قُلُوبِكُمْ ۝١٤﴾ الحجرات.

٣- هەروەها دەفەرموێ: ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ ۝٢٢﴾ المجادلة.

٤- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ۝٢﴾ الأنفال.

چونکـە لـە ڕێـی عەقڵـەوە، مـرۆڤ شـتەکان دەزانـێ، بـەڵام لـە ڕێـی دڵـەوە، شـتەکانی دەوێـن یـان ناوێـن، خۆشـیدەوێن یـان ڕقـی لـێ دەبنـەوە، دڵ و دەروون چەقـی ویسـتن و نەویسـتن و هەڵبـژاردن و بڕیاردانـە، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی سـینە شـوێنی دڵـە، بۆیـە جـاری وا هەیـە خـوای بـەرزو مـەزن لـە جیاتـی دڵ (قلـب) باسـی سـینە (صـدر) دەکات، چونکـە دڵـەکان لـە سـینەکاندان.

ئنجا ئایا ئەو خوتخوتەکەرو هاندەرە بەرەو خراپە، کێیە؟

٦)- ﴿مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾، لە جندەو لە خەڵکە، لە جندانە کە ئێمە نایانبینین و، لە مرۆڤانیشە.

(**الجِنُّ جمع جنّي، والنَّاس جمع إنْسان**) (**جِنَّة**) کۆی (**جنّي**)ەو، (**ناس**)یش کۆی (**إنْسان**)ە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦﴾، لە جندان و لە خەڵك، کەواتە: وەك چۆن جند خوتخوتەو خەیاڵ و دنەدانی خراپ دەخاتە دڵ و سینەی مرۆڤەوە، کە بەرەو خراپە بیجووڵێنێ و، دەبێ پەنای لێ بە خوا بگرێ، بە هەمان شێوە لە مرۆڤانیش هەیە، کە هاندەرە بۆ خراپە بە شێوەیەکی پەنهان و لێزانانە و، دەیەوێ ئەو بیرۆکە خراپەیەی مەبەستیەتی بیخاتە عەقڵ و دڵی ئەو کەسەوەی دەیەوێ.

خوای زاناو توانا لەو بارەوە کە کەسانی پەنا بە خوا بردوو، کەسانی پەنا بە خوا گرتوو، کەسانێك هانا بۆ خوا ببەن و لە پەنای خوادابن، شەیتان زەفەریان پێ نابات، لە سوورەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ٢٠١﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی پارێزیان کردوە، هەر کاتێك هەستێکیان لە شەیتانەوە پێگەیشت، هۆشیار دەبنەوە، یەکسەر دەبنە بینەر(ی فێڵ و تەڵەکەی شەیتان) یانی: شەیتان ناتوانێ فریویان بدات و فێڵیان لێ بکات.

لەو بارەوەش هەندێك شوێنەوار گێڕراونەوەو، هەندێکیان بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ دانراون، بەڵام دوایی زانایانی پسپۆڕۆ لێکۆڵەرەوە ساغیان کردۆتەوەوو دەرکەوتوە، کە ئەوانە زیاتر لە هاوەڵانەوە هاتوون، بە تایبەت لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە، یەکێك لەوانەش ئەم دەقەیە:

{إِنَّ الشَّيْطَانَ وَاضِعٌ خَطْمَهُ عَلَى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِنْ ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ، وَإِنْ نَسِيَ اللهَ الْتَقَمَ قَلْبَهُ، فَذَلِكَ الوَسْوَاسُ الخَنَّاس} **(أخرجه ابن أبي الدنيا في مكايد الشيطان: ٢٢، والبيهقي في شعب الإيمان: ٥٤٠، وأبو يعلى: ٤٣٠١، قال الهيثمي (١٤٩/٧): فيه عدي بن أبي عمارة، وهو ضعيف).**

واتە: شەیتان لووتی لەسەر دڵی ڕۆڵەی ئادەم داناوە، ئەگەر یادی خوا بکات، خۆی پەنهان دەکات و دەکشێتەوە، بەڵام ئەگەر خوای لە یاد چوو، دڵی لە دەم دەگرێ، ئنجا ئەمەیە خوتخوتەکەری زۆر خۆپەنهانکەر.

هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش هاتوە و هەندێك بە فەرمووەشیانداناوە، بەڵام سەنەدەکەی بێهێزەو، ڕای ڕاست - وەك شەوکانیی لە تەفسیرەکەی خۆی (فتح القدیر)دا گوتوویەتی- ئەوەیە کە فەرموودە نیە، (**الشوکاني**) گوتوویەتی: (**وَالصَّوابُ كَونُه كَلام ابنِ عَبَّاسٍ** ﷺ) واتە: ڕای ڕاست ئەوەیە کە قسەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە ﷺ:

{**الشَّيْطَانُ جَاثِمٌ عَلَى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِذَا سَهَا وَغَفَلَ وَسْوَسَ، وَإِذَا ذَكَرَ اللهَ خَنَسَ**} (**أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٥٩١٩**) واتە: شەیتان ئەژنۆی داکوتاوە لەسەر دڵی ڕۆڵەی ئادەم، ئینجا ئەگەر بێئاگابوو و خافڵا، خوتخوتە دەخاتە دڵی و هانی دەدات بۆ خراپە، بەڵام ئەگەر یادی خوای کرد، دەکشێتەوەو خۆی پەنهان دەکات و خۆی دەشارێتەوە.

کەواتە: لێرەدا خوای بەرزی مەزن فەرمان دەکات بە پێغەمبەری خاتەم محمد ﷺ، لە پشت ئەویشەوە بە ئۆممەتەکەی و پەیڕەوانی، کە پەنا بگرن بە پەروەردگاری خەڵك، حوکمڕانی خەڵك، پەرستراوی خەڵك، لە خراپەو زیانی هەر خوتخوتەکەرێکی زۆر خۆ پەنهانکەر، کە خوتخوتەو دنەدانی خراپی خۆی دەخاتە سینەو دڵی مرۆڤەکانەوە، ئەویش دەگونجێ لە جند بێ و، دەشگونجێ لە خەڵك و مرۆڤان بێت.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی ئێمـە بپارێـزێ لـە هـەر خولیـاو بیرۆکەیەکـی خـراپ، کـە شـەیتانی جنـد دەیخاتـە عەقڵ و دڵمانـەوە، یاخـود شـەیتانە مرۆڤـەکان دەیانــەوێ چەواشــەمان بکــەن و کڵاومــان لەســەر بنێــن و هەڵمانخەڵەتێنــن، خــوا بەمیهرەبانیــی و بەزەیــی بــێ ســنووری خــۆی، لــە خراپــەو زیانــی هەمــوو ئـەو خوتخوتەکـەرو دنەدەرانـە، بـەرەو خراپـەو تـاوان و لادان، پەنامـان بـدات و چەپاڵەمـان بـدات و بمانپارێـزێ، چونکـە بەدڵنیایـی بناغـەو سـەرچاوەی چاکیـی، یـان خراپیـی مـرۆڤ، دڵ و دەروون و دیـوی پەنهانیـەتی و، جەسـتەو ڕواڵەتیـش سـێبەرو ڕەنگدانــەوەی نــاخ و دڵیــەتی.

کورتە باسێک لەبارەی
سووڕەتی (الفلق) و سووڕەتی (الناس)ەوە

بەڕێـــزان!

خـوا پشـتیوان بێـت، کورتـە باسـێك دەخەینـەڕوو، کـە لـە پێنـج بابـەت پێکـدێ و هەمووشـیان پەیوەسـتن بـە هـەردوو سـووڕەتی (الفلـق) و (النـاس)ەوە:

بابەتـی یەکـەم: ڕەتکردنـەوەی دەقـی جادوولێکرانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، کـە بوخاریـی و موسـلیم هێناویانـە، هیچکـەس بـۆی نیـە بیکاتـە مایـەی تانەلێدانـی زانایانێـك کـە ڕەتـی دەکەنـەوە:

مەسـەلەی جادوولێکرانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەلایـەن لەبیـدی کـوڕی ئەعصەمی یەهودییـەوە، کـە پێشـتریش فەرموودەکەمـان هێنـاو دواتریـش دەقەکـەی بەتەواویـی دێنیـن، ئنجـا ژمارەیـەك لـە زانایـان دەقەکـە ڕەت دەکەنـەوە، هەرچەنـدە بوخاریـی بـە ژمـارە: (٥٧٦٥)و، موسـلیم بـە ژمـارە: (١٧١٩) هێناویانـەو، هەندێـك لـە زانایانـی دیکـەی فەرموودەناسـیش هێناویانـە: ئـەو زانایانـەش کـە ڕەتـی دەکەنـەوە، زیاتـر ئـەوە بەبەڵگـە دێننـەوە، کـە یەکێـك لـەو تۆمەتانـەی ناحەزانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بۆیـان هەڵبەسـتوە، ئـەوە بـووە کـە گوتوویانـە: ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسۡحُورًا ﴿٤٧﴾﴾، واتـە: ئێـوە تەنیـا بـە دوای پیاوێکـی جادوولێکـراو دەکـەون، دەڵێـن: ئەگـەر ئـەو دەقـە ڕاسـت بـێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ جـادووی لـێ کرابـێ، کەواتـە: ئـەو تۆمەتـەی ناحـەزانی ڕاسـتە!

بـەڵام زانایانـی دیکـە، کـە دەسـت بـە دەقەکـەوە دەگـرن، لەبـەر ئـەوەی بـە سـەنەدێکی ڕاسـت پێمان گەیشـتوە، دەڵێـن: ئـەو تۆمەتـەی ناحەزانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوتوویانـە، مەبەسـتیان ئەوەیـە ئـەوەی ئەو دەیڵـێ، قسـەی جادووگەرانـەو

قسەی شێتانەیە، یان: موحەممەد ﷺ عەقڵی لە دەستداوەو جادووی لێکراوە، هەروەك تۆمەتباریشیان کردوە بە جادووگەریی، بە شاعیریی، بە کاهینیی، بە هەموو ئەوانە تۆمەتباریان کردوە، بەڵام ئەوەی فەرموودەکە دەیڵێ، ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕووی جەستەییەوە، تووشی ئازار و نارەحەتیی بووە، نەك لە ڕووی گەیاندنی پیامی خواوە، تووشی خەلەل و کەم و کورتییەك بووبێ، تاکو ئەوە ببێتە بەڵگەیەك بۆ ئەو تۆمەتەی لەلایەن ناحەزانیەوە بۆی کراوە!

پێشتریش گوتم، من ئەو ڕایەی زانایانم بەدڵە،کە دەڵێ: فەرموودەکە لەجێی خۆیەتی، چونکە وەك ئێستا قسەی لێ دەکەین، ئەگەر تەماشای ڕواڵەتی مانای دەقەکە بکەین، پێویست ناکات بڵێین: تۆمەتی ناحەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ وەڕاست دەگێڕێ، دەقەکە بەم شێوەیە:

{عَنْ عَائِشَةَ ، قَالَتْ: سَحَرَ النَّبِيَّ ﷺ يَهُودِيٌّ مِنْ يَهُودِ بَنِي زُرَيْقٍ، يُقَالُ لَهُ: لَبِيدُ بْنُ الْأَعْصَمِ، حَتَّى كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَفْعَلُ الشَّيْءَ وَلَا يَفْعَلُهُ، قَالَتْ: حَتَّى إِذَا كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ أَوْ كَانَ ذَاتَ لَيْلَةٍ دَعَا رَسُول اللَّهِ ﷺ ثُمَّ دَعَا، ثُمَّ دَعَا، ثُمَّ قَالَ: يَا عَائِشَةُ، أَشَعَرْتِ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَفْتَانِي فِيمَا اسْتَفْتَيْتُهُ فِيهِ، جَاءَنِي رَجُلَانِ فَجَلَسَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي وَالْآخَرُ عِنْدَ رِجْلِي، فَقَالَ: الَّذِي عِنْدَ رَأْسِي لِلَّذِي عِنْدَ رِجْلِي أَوْ الَّذِي عِنْدَ رِجْلِي لِلَّذِي عِنْدَ رَأْسِي: مَا وَجَعُ الرَّجُلِ؟ قَالَ: مَطْبُوبٌ، قَالَ: مَنْ طَبَّهُ؟ قَالَ: لَبِيدُ بْنُ الْأَعْصَمِ، قَالَ: فِي أَيِّ شَيْءٍ؟ قَالَ: فِي مُشْطٍ وَمُشَاطَةٍ وَجُفِّ طَلْعَةِ ذَكَرٍ، قَالَ: وَأَيْنَ هُوَ؟ قَالَ: فِي بِئْرِ ذِي أَرْوَانَ، قَالَتْ: فَأَتَاهَا النَّبِيُّ ﷺ فِي أُنَاسٍ مِنْ أَصْحَابِهِ، ثُمَّ جَاءَ فَقَالَ: وَاللَّهِ يَا عَائِشَةُ لَكَأَنَّ مَاءَهَا نُقَاعَةُ الْحِنَّاءِ، وَلَكَأَنَّ نَخْلَهَا رُءُوسِ الشَّيَاطِينِ، قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُول اللَّهِ ﷺ أَفَلَا أَحْرَقْتَهُ؟ قَالَ: لَا، أَمَّا أَنَا فَقَدْ عَافَانِي اللَّهُ وَكَرِهْتُ أَنْ أُثِيرَ عَلَى النَّاسِ مِنْهُ شَرًّا، فَأَمَرَ بِهَا فَدُفِنَتْ} (أخرجه أحمد: ٢٤٣٩٣، والبخاري: ٥٧١٦، ومسلم: ٢١٨٩).

واتە: دایکمان عائیشە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ جادووی لێکرا، جوولەکەیەك لە جوولەکەکانی بەنی زوڕەیق جادووی لێکرد، پێی دەگوترا: لەبیدی کوڕی

ئەعصـەم، تاکـو بەهـۆی ئـەو جـادووەوە وای لێهـات هەنـدێ شـت وای دەزانـی کردوویەتـی، نەشـیکردبوو، هەتـا ڕۆژێـك یـان شـەوێك لـەلام بـوو، پاڕایـەوە، دوایـی پاڕایـەوە، دوایـی پاڕایـەوە (لـە خـوا)، دوایـی فەرمـووی: ئـەی عائیشـە، هەسـتت کـرد لـەو بـارەوەی داوام لـە خـوا کـرد، خـوا وەڵامـی دامـەوە؟ دوو پیـاو هاتنـە لام یەکێکیـان لـە لای سـەرم دانیشـت، ئـەوەی دیکـە لـەلای دوو پێیەکانـم، ئەوەیـان لـەلای سـەرم بـوو بەوەیانـی گـوت کـە لـەلای دوو پێیەکانمـە، یاخـود ئـەوەی لـە لای دوو پێیەکانـم بەوەیانـی گـوت کـە لـەلای سـەرم بـوو، (لـە گێڕانـەوەی دیکـەدا هاتـوە ئـەو دووانـە جیبریـل و میکائیـل بـوون) گوتـی: ئـازاری ئـەو پیـاوە چییـە؟ ئـەوی دیکە گوتـی: جـادووی لێکـراوە، گوتـی: کـێ جـادووی لێکـردوە؟ گوتـی: لەبیـدی کـوڕی ئەعصـەم، گوتـی: لـە چ شـتێکدا جـادووی لێکـراوە؟ گوتـی: لـە شـانەیەك و قژێـك کـە لەگـەڵ شـانەدا دێ و، لەکیفـی هێشـووی دارخورمـای نێـردا، گوتـی: لـە کوێیـە؟ گوتـی: لـە بیـری (**ذِي أَرْوَان**) عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە هاوەڵانـی چـوو، تەماشـای کـرد، دوایـی هاتـەوە فەرمـووی: بەخـوا ئـەی عائیشـە، ئاوەکـەی وەك ئاوێـك کـە خەنـەی تێدەکـرێ ڕەنگـی شـین هەڵدەگـەڕێ، ئاوابـوو، دارخورمایەکانیـش وەك سـەری شـەیتان وابـوون، منیـش گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بۆچـی نەتسـووتاند؟ فەرمـووی: مـن خـوا چاکـی کردمـەوە، پێشـم ناخـۆش بـوو خراپـە لـە نێـو خەڵکیـدا پەیـدا بکـەم، بۆیـە فەرمانـی کـرد بیرەکەیـان داپۆشـی (دوای ئـەوەی جادووەکەیـان هێناوەتـەدەر).

(**البیهقـي**) لـە کتێبـی (**الدلائـل**)دا هێناویەتـی، کـە ئـەو دووەی لـەلای سـەری و لـە لای قاچەکانـی وەسـتاون، جیبریـل و میکائیـل بـوون، هەروەهـا تیشـکی زیاتـر دەخاتە سـەر فەرمـوودەکـەی پێشـووتر، کـە (**ابـن مردویـە**) هێناویەتـی لـە ڕێـی عیکریمـەوە، ئەویـش لـە ڕێـی ئیبنـو عەبباسـەوەو، دەقەکـەی بـەم شـێوەیە:

{**فَلَـمَّا أَصْبَحَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ غَـدَا وَمَعَـهُ أَصْحَابُـهُ إِلَى الْبِـئْرِ، فَدَخَـلَ رَجُـلٌ فَاسْـتَخْرَجَ جُـفَّ طَلْعَـةٍ مِـنْ تَحْـتِ الرَّاعُوثَـةِ، فَإِذَا فِيهَـا مِشْـطُ رَسُـولِ اللـهِ ﷺ، وَمِـنْ مُشَـاطَةِ رَأْسِـهِ،**

وَإِذَا تِمْثَالٌ مِنْ شَمْعٍ تِمْثَالُ رَسُولِ اللهِ ﷺ، وَإِذَا فِيهَا إِبَرٌ مَغْرُوزَةٌ، وَإِذَا وَتَرٌ فِيهِ إِحْدَى عَشْرَةَ عُقْدَةً، فَأَتَاهُ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلامُ بِالْمُعَوِّذَتَيْنِ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ، قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ، وَحَلَّ عُقْدَةً، مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، وَحَلَّ عُقْدَةً، حَتَّى فَرَغَ مِنْهَا، وَحَلَّ الْعُقَدَ كُلَّهَا، وَجَعَلَ لَا يَنْزَعُ إِبْرَةً إِلاَّ وَجَدَ لَهَا أَلَماً، ثُمَّ يَجِدُ بَعْدَ ذَلِكَ رَاحَةً، فَقِيلَ، يَا رَسُولَ اللهِ، لَوْ قَتَلْتَ الْيَهُودِيَّ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «قَدْ عَافَانِي اللهُ، وَمَا وَرَاءَهُ مِنْ عَذَابِ اللهِ أَشَدُّ} ئەم دەقە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر بابەتەکە.

واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی کردەوە، چوو بۆ لای بیرەکە (ذي أروان)، کۆمەڵێك لە هاوەڵانیش لەگەڵیدا چوون، پیاوێك چووە نێو بیرەکە، کیفی هێشووە دار خورمای دەرهێنا لەژێر ئەو بەردەی لەسەری دەوەستن بۆ هەڵهێنجانی ئاو، شانەی پێغەمبەری خوا ﷺ و، ئەو مووانەی کە لە کاتی شانەکردندا لێدەبنەوە تێیدابوون، هەروەها پەیکەرێك لە مێو کە پەیکەری پێغەمبەری خوا ﷺ بوو و، چەند دەرزییەکی تێ چەقێنرابوو، هەروەها ژێیەکی چەرم، یازدە گرێی لێ درابوون، جیبریل (**علیه الصلاة والسلام**) هات و دوو پەناپێبەرەکە (ئەلموعەوویزەتەین)ی بۆ هێنا: {سوورەتی (الفلق و الناس)}، گوتی: ئەی موحەممەد ﷺ ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ ﴾، گرێیەکی کردەوە، ﴿ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ ﴾، گرێیەکی دیکەی کردەوە، هەروا بەو شێوەیە یازدە ئایەتەکانی خوێندن، هەرجارێك ئایەتێکی دەخوێند، گرێیەکی دەکردەوە، پاشان هەر دەرزیەی کە هەڵیدەکێشا، پێغەمبەری خوا ﷺ ئازارێکی دەبوو، بەڵام دواتر ئاسوودەیی بۆ دروست دەبوو، تاکو ئەو ئازار و ناڕەحەتییەی کە بۆی دروست بوو بوو، نەما، گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی ئەو جوولەکەیە ناکوژی؟ ئەویش فەرمووی: خوای بەرز منی چاك کردەوە، ئەوەی دوایی لە سزا و ئازاری خواش دەیبینێ، سەختترە.

ڕیوایەتێکی دیکەی ئەم دەقە هاتوە، ئەویش دیسان هەندێك تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ئەو ڕووداوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

{إِنَّ الَّـذِي تَـوَلَّى السِّـحْرَ لَبِيـدُ بْـنُ الأَعْصَـمِ وبَناتُـهُ، فَمَـرِضَ النَّبِـيُّ ﷺ، فَنَـزَلَ جِبْرِيـلُ بِالْمُعَوِّذَتَـيْنِ، وأَخْـبَرَهُ بِمَوْضِـعِ السِّـحْرِ، وبِمَـنْ سَـحَرَهُ، وبِـمَ سَـحَرَهُ، فَأَرْسَـلَ ﷺ عَلِيًّـا والزُّبَـيْرَ وعَـمّارًا، فَنَزَحُـوا مـاءَ البِـئْرِ وهـو كَنُقاعَـةِ الحِنَّـاءِ، ثُـمَّ رَفَعُـوا راعُوفَـةَ البِـئْرِ، فَأَخْرَجُـوا أَسْـنانَ الْمُشْـطِ، ومَعَهـا وَتَـرٌ قَـدْ عُقِـدَ فِيـهِ إِحْـدى عَـشْرَةَ عُقْـدَةً مُغَـرَّزَةً بِالإِبَـرِ، فَجـاءُوا بِهـا النَّبِـيَّ ﷺ فَجَعَـلَ يَقْـرَأُ الْمُعَوِّذَتَـيْنِ عَلَيْهـا، فَـكَانَ كُلَّـما قَـرَأَ آيَـةً، انْحَلَّـتْ عُقْـدَةٌ، ووَجَـدَ عَلَيْـهِ الصَّـلاةُ والسَّـلامُ خِفَّـةً، حَتَّـى انْحَلَّـتِ العُقْـدَةُ الأَخِـيرَةُ عِنْـدَ تَمـامِ السُّـورَتَيْنِ. فَقـامَ ﷺ كَأَنَّـما أُنْشِـطَ مِـنْ عِقـالٍ} (أخرجـه أحمـد: ج ٤، ص٣٦٧، والنسـائي: ٤١٠٩، وإسـناده صحيـح).

واتـە: ئـەوەی جادووەکـەی کـرد، لەبیـدی کـوڕی ئەعصـەم و کچەکانـی بـوون، (ماڵـە جوولەکەیـەك بـوون)، پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەخـۆش بـوو، جیبریـل دابـەزی و ئەلموعەوویزەتەینـی بـۆ هێنـان، هەواڵیشـی پێدا بـەو شـوێنەی جادووەکـەی لێکراوەو، بـەو کەسەشـی جادووەکـەی کـردوە، هەروەهـا جادووەکەشـی بەچـی کـردوە؟ پێغەمبـەری خـواش ﷺ عەلـی کـوڕی ئەبـوو تاڵیـب و زوبەیـری کـوڕی عـەووام و عەمـماری کـوڕی یاسـیری (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) ناردن، ئـاوی بیرەکەیـان هەڵهێنجـا، وەك ئاوێـك بـوو کـە خەنـەی تـێ دەکـرێ و ڕەنـگ دەگـرێ، بـەو شـێوەیە ئاوەکـەی شـین هەڵگەڕابـوو، دواتـر ئـەو بـەردەی لەسـەری دەوەسـتان، بەردەکەیـان بـەرز کـردەوە، لەژێـر بەردەکـەدا، دەنکەکانـی شـانە هەبـوون، هەروەهـا ژێیەکـی کـەوان کـە یـازدە گرێـی لـێ درابـوون، گرێیـەکان هەموویـان دەرزییـان تـێ چەقێنرابـوون، هێنایـان بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ، ئەویـش سـووڕەتی (الفلـق) و (النـاس)ی لەسـەر خوێنـدن، هەرکاتێـك ئایەتێکـی دەخوێنـد، گرێیـەك دەبـۆوە و، پێغەمبەریـش قالبـی سـووك و خـۆش دەبـوو، تاکـو گرێـی کۆتایـی بـۆوە لـە کۆتایـی سـووڕەتەکاندا، هـەروەك چـۆن کەسـێك بـە پەتێـك دەبەسـترێ، دواتـر کـە پەتەکـەی لـێ دەکرێتـەوە، قالبـی خـۆش و سـووك دەبـێ،، پێغەمبەریـش ﷺ بـەو شـێوەیە بـوو.

ئـەوەی لـە دەقەکانـدا دیـارە، ئەوەیەکـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەو جادوویـەی لێـی کـراوە، تەنهـا زیانـی جەسـتەیی پێگەیانـدوە، کەواتـە: پێویسـت نـاکات نکووڵیـی

لـە ڕاستی دەقەکـە بکەیـن و بڵێیـن: قسـەی ناحەزانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە دەڵێـن: جـادووی لـێ کـراوە، بـە ڕاسـت دەگێـڕێ، چونکـە لـە ڕووی جەسـتەییەوە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ چەندیـن نەخۆشـیی دیکەشـی گرتـوون و، لـە جەنگـی بـەدردا ددانـی پیـرۆزی شـکاوە و سـەری برینـدار بـوو، هەروەهـا جـاری دیکـە نەخۆشـیی دیکـەی گرتـوەو چارەسـەریان کـردوە، ئنجـا بەهەمـان شـێوە ئـەو جادوویـەش کـە لێـی کـراوە زیانـی جەسـتەیی پێگەیانـدوە، کەواتـە: لـەو ڕووەوە نەبـووە زیـان بگەیەنـێ بـە پەیامهێنانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، هـەروەك لـە هەمـوو دەقەکانـدا ئـەوە بەڕوونیـی دیـارە.

لـە کۆتایـی ئـەم بابەتـەدا قسـەیەکی (**إبـن تیمیـة**) دێنیـن لـە کتێبێکیـدا بـە نـاوی (المسـودة)، کـە خاوەنـی (**محاسـن التأویـل**: ج١٠، ص٣٦٥) لێـی خواسـتۆتەوەو قسـەیەکی زۆر حەکیمانەیـە، دەڵـێ:

{**وَلِهَـذا كَانَ الصَّـوَابُ أَنَّ مَـنْ رَدَّ الخَـبَرَ الصَّحِيْـحَ، كَـمَا كَانَـتِ تَـرُدُّهُ الصَّحَابَـةُ اعْتِقَـاداً لِغَلَـطِ النَّاقِـلِ أَو كَذِبِـهِ، لاعْتِقَـادِ الـرَّادِّ، أَنَّ الدَّلِيـلَ قَـد دَلَّ عَـلَى أَنَّ الرَّسُـولَ ﷺ لا يُقُـولُ هَـذَا، فَـإِنَّ هَـذَا لاَ يُكَفَّـرُ وَلا يُفَسَّـقُ، وَإِنْ لَـمْ يَكُـنْ اعْتِقَـادُهُ مُطَابِقَـاً، وَقَـدْ رَدَّ غَـيْرُ وَاحِـدٍ مِـنَ الصَّحَابَـةِ، غَـيْرَ وَاحِـدٍ مِـنَ الأَخْبَـارِ الَّتِـي هِـيَ صَحِيْحَـةٌ عِنْـدَ أَهْـلِ الحَدِيـثِ**}.

واتـە: ڕای ڕاسـت ئەوەیـە کـە هەرکەسـێك هەواڵێکـی ڕاسـت ڕەت بکاتـەوە، هـەروەك چـۆن هـاوەڵان جـاری وابـووە هەواڵـی ڕاسـتیان ڕەتکردۆتـەوە، چونکـە ئـەو کەسـەی هەواڵـە ڕاستەکە ڕەت دەکاتـەوە، بـڕوای وایـە بابـای هەواڵهێنـەر بەهەڵـەدا چـووە، یاخـود درۆی کـردوەو، بۆیـە ئـەو دەقـە ڕەتدەکاتـەوە، چونکـە قەناعەتـی وایـە بەڵگـە لەوبـارەوە هەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ قسـەی وا نـاکات، (کەسـی ئاوا کـە هەواڵـی ئـاوا ڕەتدەکاتـەوە)، نـەك بـە کافـر دانانـرێ، بەڵکـو بـە لاڕێـش دانانـرێ، هەرچەنـدە بیـرو ڕایەکەشـی ڕاسـت نەبـێ لەگـەڵ واقیعـدا، چونکـە یەکێـك زیاتـر لـە هـاوەڵان، یەکێـك زیاتـر لـە هەواڵەکانیـان ڕەت کردۆتـەوە، کە لـەلای فەرموودەناسـان ڕاسـتن.

یانی: فەرموودەیەك بوخاریی هێناویەتی ڕەتیان کردۆتەوە، موسلیم هێناویەتی ڕەتیان کردۆتەوە، ئەوانی دیکە کە هێناویانە بەهەمان شێوە، بەڵام بە بەڵگەوە.

کەواتە ڕەتکەرەوەی فەرموودەیەك، کە لە سەرچاوەکاندا بە فەرموودەیەکی ڕاست دانراوە، مادام هەر فەرموودەی ئاحاد بێ و، ڕەتکەرەوەکەی بەڵگەیەکی بەدەستەوە بێ قەناعەتی وا بێ پێغەمبەری خوا ﷺ شتی وا نافەرمووێ، ئەوە نەك نابێ کوفری پاڵ بدرێتە لا، بەڵکو نابێ گوناهباربوونیشی پاڵ بدرێتە لا، بەڵام بە مەرجێك ڕەتکردنەوەکەی لەو ڕووەوە بێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ شتی وا نافەرمووێ، نەك بڵێ: دەزانم پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، بەڵام هەر ڕەتیشی دەکەمەوە! بە دڵنیایی ئەوە کوفرەو مرۆڤ بەوە کافر دەبێ.

بابەتی دووەم: ئیلهام و خورپەی چاك و، وەسوەسەی خراپ، جیاوازییەکەیان بەهۆی قورئان و سوننەتەوەیە:

هەر شتێك کە دەچێتە نێو دڵی مرۆڤ و، قورئان و سوننەت دەبنە بەڵگەی ئەوەی پارێزکردنە بۆ خواو، خوا لێی ڕازییە، ئەوە پێی دەگوترێ خورپەیەکی باش و ستایشکراو، بەڵام ئەگەر قورئان و سوننەت بەڵگەبن لەسەر ئەوەی بەرەو تاوان و خراپەیە، ئەوە پێی دەگوترێ: وەسوەسەیەکی خراپ، دەبێ ئەو شتانەی بە دڵماندا دێن، بیانگێڕینەوە بۆ تەرازووی شەریعەت، کە لە قورئان و سوننەتدا بەرجەستەیە، ئنجا هەرشتێك پێکەڵێك و ڕێك بوو لەگەڵ قورئان و سوننەتدا، دەڵێین: ئەوە ئیلهامێکی خواییە و لە فریشتانەوەیە، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو و، لەگەڵیاندا تێك دەگیرا و مایەی گوناهو تاوان بوو، دەبێ بزانین کە ئەوە خوتخوتە و خەیاڵێکی شەیتانییە.

بێگومانیش مرۆڤ بەوە کە خەیاڵێکی خراپی بەسەر دڵدا دێ، گوناهبار نابێ، بەمەرجێك لە دڵی خۆیدا نەیچەسپێنێ و لێی ڕازی نەبێ و، نەیکاتە عەزم و ویستن و، قسەو کاری پێ نەکات، لەوبارەوەش ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە:

{إِنَّ اللهَ تَعَالَى تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي مَا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَهَا مَا لَمْ تَعْمَلْ أَوْ تَتَكَلَّمْ بِهِ} **(أخرجه البخاري: ٢٥٢٨، ومسلم: ١٢٧، وأبو داود: ٢٢٠٩، والترمذي: ١١٨٣، والنسائي في الكبرى: ٥٦٢٨، وابن ماجه: ٢٠٤٤).**

واتە: بە دڵنیایی خوای بەرز لە ئوممەتم خۆش بووەو چاوپۆشیی لێکردوە، لەوەی لە عەقڵ و دڵیاندا دێ و دەچێ (لە خوتخوتەو خەیاڵی خراپ) مادام قسەی پێ نەکەن، یاخود کاری پێ نەکەن.

بابەتی سێیەم: بێگومان پەناگرتن بەخوا، تەنیا بە قسە پێك نایەت، بەڵکو بریتیە لەوەی مرۆڤ لە دڵەوە، پەنا بەخوا بگرێ و، بە کردەوەش خۆی لەو شتانە بە دوور بگرێ کە پەنای لێ بەخوا گرتوون:

واتە: دەبێ کاتێك مرۆڤ دەڵێ خوایە! پەنا بە تۆ دەگرم، دەڵێ: **(أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)** پەنا بەخوا دەگرم لە شەیتانی نەفرین لێکراو دوورخراوە لە بەزەیی خوا، دەبێ لە دڵەوە وا بڵێ و، بە کردەوەش هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە شەیتانەوەو، شەیتان پێیخۆشن و مرۆڤیان بۆ هاندەدا، خۆییان لێ بەدوور بگرێ، بەڵام بۆ وێنە: کەسێك کە بە بازاڕێکدا دەچێ، بڵێ: **(أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)**، بەڵام چاوی خۆی لە ڕوانینی حەڕام نەپارێزێ و، گوێی خۆی لە بیستنی خراپە نەپارێزێ و، زمانی خۆی لە قسەی خراپ نەپارێزێ و، ئەندامەکانی لە ڕۆیشتن بەرەو خراپە نەپارێزێ، مانای ئەوەیە هەر قسەیەکە و کردوویەتی، پەنا بەخوا گرتن ئەوەیە کە لە دڵەوە مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر خوا، بە کردەوەی ئەندامەکانیش خۆی بەدوور بگرێ لە هەموو ئەو شتانەی پێچەوانەی ڕەزامەندیی خوان و، شەریعەتی خوای پەروەردگار قەدەغەی کردوون و، ڕێی لێگرتوون، هەروەها بەرەو ئەو شوێنانەو ئەو شتانەش خۆی بکوتێ[1]، شەریعەتی خوا فەرمانی پێکردوون و پەسندی کردوون.

---

(١) خۆی بۆگرت: هەوڵی بۆدا، خۆی بەرەولا پەلکێش کرد.

بابەتی چوارەم: بنك و ڕیشەی بەرو خراپە یان چاكە چوون، لە عەقڵ ودڵ و بیروخولیایەكانیانەوەیە:

بێگومان مرۆڤ لە ڕێی پێنج هەستەكانەوە، كە دیتن و بیستن و بۆنكردن و تامكردن و دەست لێكوتانن، لە ڕێی ئەو پێنج هەستانەوە زانراوەكان دێنێتە نێو عەقڵ و دڵی خۆی و كەرەستەی خاوی زانیارییەكان كۆدەكاتەوە، كە بریتین لە:

١- بینراوەكان (**المرئيات**).

٢- بیستراوەكان (**المسموعات**).

٣- تامكراوەكان (**المذوقات**).

٤- بۆنكراوەكان (**المشمومات**).

٥- دەست لێدراوەكان (**الملموسات**).

لەو ڕێیانەوە مرۆڤ بەردەوام هەتا پێنج هەستەكانی كار بكەن، زانیاریی دێتە نێو عەقڵ و دڵیەوە.

٦- ڕێیەكی دیكەش كە مرۆڤ دەجووڵێنێ، بریتیە لە هەستە نێوەكییەكان: خەیاڵ دەكات، بیر دەكاتەوە، هەروەها هەستی تووڕەیی هەیە، هەستی ئارەزووی هەیە، واتە: هێزە پەنهانەكانیشی مرۆڤ دەجووڵێنن، وێڕای پێنج هەستەكانیش، مرۆڤ هەم لە ڕێی پێنج هەستەكانەوە پەیوەندیی دەكات بە جیهانی دەرەوەی خۆیەوە، هەم لە ڕێی هەستە نێوەكییەكانیشەوە دەجووڵێ، ئنجا لە ئەنجامی ئەو شتانەدا كە لە ڕێی پێنج هەستەكانەوە دێن و، لە ئەنجامی هەستە نێوەكییەكان دا، مرۆڤ سەرەتا خولیا (**خاطر**)ێكی بۆ دروست دەبێ، واتە: شتێك كە بە دڵیدا دێ، لە كوردەوارییشدا دەڵێن: (دڵی خەتەرەی كرد)، واتە: شتێك بە مێشكی دادێ، بە دڵیدا دێ، دواتر وردە وردە ئەو خولیاو بە دڵداهاتنە، دەبێتە ئارەزوو، ئنجا دەبێتە ئارەزوو (**رغبة**)، دواتر ئارەزووەكە دەبێتە عەزم، دوایی عەزمەكەش دوای دەبێتە نیازو مەبەستێكی دامەزراو، پاشان ئەو نیازو مەبەستە ئەندامەكان دەجووڵێنێ.

کەواتــە: دەســتپێکی جووڵانــی ئەندامــەکان، لــەو فیکــرو غایلەوەیــە کــە مــرۆڤ بــۆی دێــت:

أ- چ بەهۆی شوێنەواری پێنج هەستەکانەوە بێ، بۆ وێنە: ئافرەتێکی جوان دەبینێ، تەماشای دەکات، دواتر فیکر و خەیاڵێکی بۆ دێ، چۆن بەو ئافرەتە بگات؟ یان خواردنێك دەبینێ کە حەرامیشە، بەڵام دڵی بۆ دەچێت، یان: شتێك دەبیستێ، یان: بۆنێکی خۆشی بۆ دێ، یاخود تامی شتێك دەکات، یان دەست لە شتێك دەدا، ئەوە لە ڕێی پێنج هەستەکانەوە.

ب- یاخود لەڕێی هەستە دەروونییەکانیەوە بێ ڕق هەڵسانە، خۆشویستنە، ئارەزوو جووڵانە، خەیاڵکردنە، بیرو خەیاڵ و خولیایەك لە عەقڵ و دڵیدا پەیدادەبێ، دوایی لەوێوەوە ئەو خەیاڵ و خولیایە کە لە عەقڵ و دڵیدا پەیدابووە، کە لە سەرەتادا بە ئەسپایی پەیدادەبێ، دواتر وردە وردە دەبێتە ئارەزوو، پاشان دەبێتە عەزم، دواتر دەبێتە نیازو مەبەست، ئنجا کە بوو بە نیازو مەبەست، ئەندامەکان دەجووڵێنێ، کەواتە: مرۆڤ دەبێ ئاگای لەو سەرەتایە بێ، بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾.

واتــە: بڵــێ: پەنــا دەگــرم بــە پــەروەردگاری خەڵــك، حوکمڕانــی خەڵــك، پەرســتراوی خەڵــك، لــە خراپــە و زیانــی خوتخوتەکــەری زۆر خۆپەنهانکــەر، کــە خوتخوتەکــەی دەخاتــە ســینەی خەڵکــەوە، لــە جنــدو لــە مــرۆڤ.

بۆیــە دەبــێ لەوێــوەوە ئــاگات لێبــێ و لەوێــوە ئاگربەســتی خــۆت بکــەی، دەبــێ هــەر لەوێــوە لەمپــەری بــۆ دابنێــی، ئەگەرنــا دوای ئــەوەی دەبێتــە بیرۆکــەو خولیــا، ئەگــەر دەرتنەکــردو ڕێــت لێنەگــرت، ببێتــە بیرۆکــەو خولیــا، یــانی: دوای ئــەوەی

خولیایەکـەت بەدڵـدا هـات، دەرت نەکـرد، دەبێتـە ئـارەزوو، ئارەزووەکـەش دەبێتـە عـەزم، دواتـر عەزمەکـەش دەبێتـە نیـازو مەبەسـت، ئنجـا کـە بوو بـە نیازو مەبەسـت، ئەندامەکانیـش دەجووڵێنـێ.

ئنجـا پێشـتریش گوتمـان و پێویسـتە لێـرەش ئامـاژە بـەوە بکەینـەوە کـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الفلـق)دا دەفەرمـوێ: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾﴾.

واتـە: بڵـێ: پەنـا دەگـرم بـە پـەروەردگاری سـپێدە (یـان: پـەروەردگاری قڵیشـاندنی بـوون لـە نەبـوون، یـان پـەروەردگاری قڵیشـاندنی ژیانـدار لـە بـێ ژیـان، یـان: قڵیشـێنەری تـۆو ئێوکـەکان لـەو چەکەرانـەی لێیـان دێنـە دەر) لـە خراپـەو زیانـی هەرچـی خـوا دروسـتیکردوە، ئنجـا دوایـی لـە خراپـەی شـەوی تاریـك کـە دادێ، هەروەهـا لـە خراپـەی جادووگـەران کـە فـوو لـە گرێیـەکان دەکـەن، هەروەهـا لـە خراپـەی حەسـوود کـە کاربـە حەسـوودییەکەی دەکات.

١- بەڵام لە سوورەتی (الناس)دا، خوا ﷻ فەرمانی کردوە کە پەنا بگرین بە: پەروەردگاری خەڵك، حوکمڕانی خەڵك، پەرستراوی خەڵك، لە زیان و خراپەی خوتخوتەکەری خۆپەنهانکەر، کە خوتخوتەو خەیاڵ و خولیایەکەی دەخاتە سینەکانی خەڵکەوە، کەواتە: بێگومان خوتخوتە (**وسوسة**) مەترسیی و زیانی زیاترە، چونکە لە ڕاستییدا مرۆڤ کاتێك لە شتەکانی دیکەشەوە زیانی پێدەگات، هەر لەبەرئەوەیە کە بۆ خۆی کەلێنی داوە، شەیتانەکان زەفەر بە مرۆڤێك دەبەن کە لە بەرانبەریاندا بێهێز بێت و بترسێ، هەروەها شتەکانی دیکەش بەزۆریی وایە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ لە دەروونەوە پتەوو مەحکەم بێ، مانای وایە لە بەرانبەر شتەکاندا قایم و مەحکەم دەبێ، بۆیەش خوای پەروەردگار ﷻ بۆ قایمکردن و بەهێزکردنی دڵ و دەروونی مرۆڤ، لە بەرانبەر خوتخوتەو دنەدانی خراپدا، کە لە لایەن شەیتانەکانی جند و مرۆڤەوەیە، فەرمانی کردوە پەنای پێ بەرین

و، بە سێ لە سیفەتە بەرزەکانی وەسفی بکەین، کە بریتین لە: پەروەردگارێتیی و حوکمڕانێتیی و تەنیا پەرستراوێتیی.

بابەتی پێنجەم و کۆتایی:

لەم بابەتەدا پێنج دەقی سوننەت دێنینەوە، لەبارەی شەیتان و دنەدانیەوە بۆ خراپە، کە لێرەدا مەبەست لە شەیتان لە دەقەکان دا شەیتانی جندە، ئەگەرنا خوای پەروەردگار ناوی لە مرۆڤی خراپەکاریش ناوە شەیتان، کە خەڵك هاندەدات بۆ خراپە: ﴿ شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ﴿١١٢﴾ ﴾ الأنعام، هەروەها لە سوورەتی **(البقرة)**ش لەبارەی مونافیقەکانەوە کە دەگەڕێنەوەلای گەورەو بڕیار بەدەستەکانیان، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا خَلَوْا إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمْ ﴾، واتە: کاتێك گەڕانەوە بۆ لای شەیتانەکانیان (سەرکردەکانیان).

دەقی یەکەم: پێغەمبەری خاتەم ﷺ، ئەو ڕاستییەی پێ ڕاگەیاندووین کە هەرکامێکمان شەیتانێکی جندمان لەگەڵدایە، و دەفەرموێ:

{مَا مِنْكُم مِنْ أَحَدٍ، إِلَّا وَقَدْ وُكِّلَ بِهِ قَرِينُهُ مِنَ الجِنِّ، قَالُوا: وَإِيَّاكَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: وَإِيَّايَ، إِلَّا أَنَّ اللَّهَ أَعَانَنِي عَلَيْهِ فَأَسْلَمَ، فَلَا يَأْمُرُنِي إِلَّا بِخَيْرٍ} (أخرجه مسلم: ٧٠٣٩، وفي حديث سفيان: «وَقَدْ وُكِّلَ بِهِ قَرِينُهُ مِنَ الجِنِّ وَقَرِينُهُ مِنَ الْمَلَائِكَةِ»، أخرجه مسلم:٧٠٤٠).

واتە: هیچ کامێك لە ئێوە نیە، مەگەر هاونشینە جندەکەی لەگەڵ دانراوە، گوتیان: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: منیش، ئەوەندە هەیە خوا یارمەتیی منی داوە لەسەر شەیتانەکەم، مسوڵمان بووە، بۆیە تەنیا فەرمانم پێ دەکات بە چاکە، (موسلیم لەو فەرموودەیەدا کە سوفیان هێناویەتی دەڵێ: هاونشینەکەی لەگەڵ دانراوە لە جندو لە فریشتان) جندەکە فەرمانی پێ دەکات بە خراپەو فریشتەکەش فەرمانی پێ دەکات بە چاکە.

دەقـی دووەم: پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: {إِنَّ الْقُلُـوبَ بَـيْنَ أُصْبُعَـيْنِ مِـنْ أَصَابِـعِ اللَّـهِ يُقَلِّبُهَـا كَيْـفَ يَشَـاءُ } (أخرجـه الترمـذي: ٢١٤٠، قَـالَ: وَهَـذَا حَدِيـثٌ حَسَـنٌ)، واتـە: بێگومـان دڵـەکان لـە نێـوان دوو پەنجـە لـە پەنجەکانـی خـوادان، چۆنـی بـوێ، بـەو شـێوەیە هەڵگێـڕ و وەرگێڕیـان دەکات.

لێـرەدا دوو پەنجـە - وەك زانایانـی لێکۆڵـەرەوەو سـاغکەرەوە دەڵێـن- مەبەسـت پێیـان ئـەو دوو دروسـتکراوەن کـە خوا لەگـەڵ مرۆڤدا دایناون، فریشـتەیەك کە هانی دەدا بـۆ چاکـەو، ئیلهامـی بـۆ دەکات بـۆ خێـر و چاکـەو، شـەیتانێك کـە هانـی دەدا بـۆ خراپـە، وەك پێشـتریش گوتمـان: بـۆ ئـەوەی ئـەو دوو هانـدەرە لێـك جیابکەینـەوە، تـەرازوو و پێـوەر قورئـان و سـوننەتە، هـەر خوتخوتـە و بیـر و خولیایەکـت هاتـە دڵ، لـە تـەرازووی قورئـان و سـوننەت دا دایبنـێ، ئەگـەر مایـەی پارێزکاریـی بـوو، پەسـندی خـواو شـەریعەت بـوو، دیـارە خورپـە و ئیلهامـی مەلائیکەیـەو ئەگـەر پێچەوانـەی ئـەوەش بـوو، مایـەی تاوانباریـی و خراپەکاریـی بـوو و لـە لای قورئـان و سـوننەت ڕەتکـراوە بـوو، ئـەوە دیـارە خوتخوتـە و خەیاڵـی شـەیتانە.

دەقـی سـێیەم: هـەر لـەو بـارەوە ئـەم دەقـەش دێنیـن: {عَـنْ عُـرْوَةَ بْـنِ الزُّبَـيْرِ (رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا) أَنَّ عَائِشَـةَ (رَضِيَ اللـهُ عَنْهَـا) زَوْجِ النَّبِـيِّ ﷺ حَدَّثَتْـهُ أَنَّ رَسُـولَ اللـهِ ﷺ خَـرَجَ مِـنْ عِنْدِهَـا لَيْـلاً، قَالَـتْ: فَغِـرْتُ عَلَيـهِ، فَجَـاءَ فَـرَأَى مَـا أَصْنَـعُ، فَقَـالَ: مَـا لَـكِ يَـا عَائِشَـةُ؟ أَغِـرْتِ؟ فَقُلْـتُ: وَمـا لِيَ لَا يَغَـارُ مِثْـلِي عَـلَى مِثْلِـكَ؟ فَقَـالَ رَسُـولُ اللـهِ ﷺ: أَقَـدْ جَـاءَكِ شَـيْطَانُكِ؟ قَالَـتْ: يَـا رَسُـولَ اللـهِ، أَوْ مَعِـيَ شَـيْطَانٌ؟ قَـالَ: نَعَـمْ، قُلْـتُ: وَمَـعَ كُلِّ إِنْسَـانٍ؟ قَـالَ: نَعَـمْ، قُلْـتُ: وَمعَـكَ يَـا رَسُـولَ اللـهِ؟ قَـالَ: نَعَـمْ، وَلَكِـنْ رَبِّي أَعَانَنِـي عَلَيْـهِ حَتَّـى أَسْـلَمَ} (أخرجـه مسـلم: ٧٠٤١).

واتـە: عـوروەی کـوڕی زوبەیـر (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ) لـە دایکـمان عائیشـەوە (خـوا لێـی ڕای بـێ) هاوسـەری پێغەمبـەر ﷺ، دەگێڕێتـەوە، کـە دایکـمان عائیشـە بـۆی باسـکردوە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ شـەوێك لـەلای ئـەوەوە چۆتـە دەرێ،

دەڵـێ: منیـش غەیـرەم بەرانبـەری کـردو شـوێنی کەوتـم، دواتـر کـە پێغەمبـەر ﷺ گەڕایـەوە، زانـی، دیتـی مـن چیـم کـردوە، فەرمـووی: ئـەی عائیشـە، چیتـە؟ ئایـا غەیـرە و هەسـتی هەوێدارییـت جـوولا؟ دەڵـێ: گوتـم: ئنجـا چـۆن وێنـەی مـن هەستی هەوێداریی نابێ بەرانبـەر بـە وێنـەی تـۆ؟ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: ئایا شـەیتانەکەت هاتۆتـە لات؟ عائیشـە گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، ئایـا شـەیتانم لەگەڵدایـە؟ فەرمـووی: بەڵـێ، گوتـم: هەمـوو مرۆڤێك شـەیتانی لەگەڵدایـە؟ فەرمووی: بەڵـێ، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا تـۆش شـەیتانت لەگەڵدایـە؟ فەرمـووی: بەڵـێ، بـەڵام پـەروەردگارم هـاوکاری منـی لـە دژی شـەیتانەکەم کـردوە، هەتـا مسـوڵمان بـووە.

لـە فەرمایشـتەکەی دیکـەدا فەرمـووی: (**قرینـه مـن الجـن**)، لێـرەدا دەفەرمـوێ: (**شـیطان**)، واتـە: ئـەو قەرینـە جنـدەی کـە لەگـەڵ مرۆڤـە، شـەیتانە، بـەڵام دیـارە هـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، خـوا ﷻ یارمەتیـی پێغەمبـەری داوە تاکـو مسـوڵمان بـووەو ئێسـتا بـە چاکـە نەبـێ فەرمانـی پـێ نـاکات.

دەقـی چـوارەم: {**عَـنْ صَفِيَّـةِ بِـنْتِ حُيَـيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنهَـا) قَالَـتْ: كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ مُعْتَكِفًـا، فَأَتَيْتُـهُ أَزُورُهُ لَيْـلًا فَحَدَّثْتُـهُ، وَقُمْـتُ فَانْقَلَبْـتُ، فَقَـامَ مَعِـي لِيَقْلِبَنِي «وَكَانَ مَسْـكَنُهَا فِي دَارِ أُسَـامَةَ بْـنِ زَيْـدٍ» فَمَـرَّ رَجُـلَانِ مِـنَ الْأَنْصَـارِ، فَلَـمَّا رَأَيَـا النَّبِـيَّ ﷺ أَسْرَعَـا، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: «عَـلَى رِسْـلِكُمَا، إِنَّهَـا صَفِيَّـةُ بِنْـتُ حُيَـيٍّ»، قَـالَا: سُـبْحَانَ اللَّـهِ يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ، قَـالَ: «إِنَّ الشَّـيْطَانَ يَجْـرِي مِـنَ الْإِنْسَـانِ مَجْـرَى الـدَّمِ، فَخَشِـيتُ أَنْ يَقْـذِفَ فِي قُلُوبِكُـمَا شَـيْئًا»، أَوْ قَـالَ: «شَرًّا»**} (**أخرجـه البخـاري: ٧١٧١، ومسـلم: ٥٦٤٣، وأبـو داود: ٤٩٩٤، وابـن ماجـه: ١٧٧٩**).

واتـە: صەفییـەی کچـی حویـەی (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، (کـە هاوسـەری پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوو) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ئیعتیکافـدا بـوو، منیـش بـە شـەو سـەردانیم کـردو قسـەم لەگەڵـدا کـرد، دواتـر هەڵسـام بگەڕێمـەوە، ئەویـش لەگەڵـم

هەڵسا بمگەیەنێتەوە ماڵێ، شوێنی نیشتەجێبوونی صەفییەش لە لە خانووەکەی ئوسامەی کوڕی زەیددا بوو، دوو پیاو لە پشتیوانان لەو کاتەدا تێپەڕین، کاتێك پێغەمبەری خوایان بینی ﷺ ئافرەتێکی لەگەڵدایە، بەخێرایی ڕۆیشتن، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: لەسەرخۆبن (ڕاوەستن)، ئەمە صەفییەی کچی حویەییە (واتە: هاوسەری خۆمە)، ئەوانیش گوتیان: پاکیی بۆ خوا، ئەی پێغەمبەری خوا (واتە: شتێکی جێی سەرسوڕمانە، لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە: ئەگەر گومانی خراپ بە هەرکەسێك بەرین، بە تۆی نابەین) ئەویش فەرمووی: شەیتان لە مرۆڤدا بە شوێنی خوێنیدا دەڕوات، منیش ترسام خراپەیەك، یاخود شتێکتان بخاتە دڵەوە.

واتە: خوێن بە کوێی مرۆڤدا جووڵە دەکات، شەیتانیش دەتوانێ بەوێدا جووڵە بکات، ئنجا ئایا مەبەست خودی شەیتانە، کە دەچێتە نێو جەستەی مرۆڤەوە؟ یاخود مەبەست پێ خوتخوتە و خەیاڵەکەیەتی کە دەیخاتە دڵی مرۆڤەوە؟ هەردوو واتایەکەی هەیە.

دەقی پێنجەم و کۆتایی:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أُحَدِّثُ نَفْسِي بِالشَّيْءِ، لَأَنْ أَخِرَّ مِنَ السَّمَاءِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَتَكَلَّمَ بِهِ؟ قَالَ: فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي رَدَّ كَيْدَهُ إِلَى الْوَسْوَسَةِ} (أخرجه أحمد: ٢٠٩٧، وأبو داود: ٥١١٢، والنسائي في الكبرى: ١٠٥٠٣، وابن حبان: ١٤٧).

واتە: ئیبنو عەبباس رضي الله عنهما دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من جاری وایە شتێك بە دڵمدا دێ، حەز دەکەم لە ئاسمانەوە بکەومە خوار، ئەوەم پێخۆشترە لەوەی ئەوە بڵێم، کە بە دڵمدا هاتوە؟ گوتی: پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: خوا گەورەترە! خوا گەورەترە! خوا گەورەترە! ستایش بۆ ئەو خوایەی فێڵی وی (شەیتان) گێڕاوەتەوە بۆ دنەدان و خەیاڵی خراپ.

لێرەدا گەیشتینە کۆتایی ڕوونکردنەوەی سوورەتی (الناس)و، بەمەش کۆتایی دێنین بە تەفسیری سەد و چوارده (١١٤) سوورەتەکەی قورئانی بەرزو بەپێز.

شایەنی باسە لە ڕۆژی: (١٣-٩-٢٠٠٧)ی زایینیی دا، دەستمان بەم تەفسیره کردو، ئەمڕۆش: (٢٩-٨-٢٠٢٠) یانی: سێزده (١٣) ساڵ (١٤) ڕۆژ کەمتره، خەریکی ئەم تەفسیرەین!

بەڵام بێگومان ئەو سێزده (١٣) ساڵە هەمووی پێکەوە پەیوەست نەبووە، بەڵکو لە ساڵانی سەرەتادا تەنیا لە مانگەکانی ڕەمەزاندا سەرگەرمی ئەم تەفسیرکردنە دەبووین، بەڵام لەم چوار پێنج ساڵەی دواییدا، زیاتر دەستم لێ جووڵاندو، لێرەش دا ستایشی خوای پەروەردگار دەکەم و دەڵێم:

(الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات)، ستایش بۆ خوا کە کردەوە چاکەکان بەهۆی چاکەی ویەوە تەواو دەبن، بێگومان وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ (٥٣) ﴾، هەر چاکەیەك لە ئێوەدا هەیە لە خواوەیەو، ئەگەر ئازارو ناخۆشییەکیشتان تووش بوو، هەر پەنا بەخوا دەبەن، ئەگەر هاوکاریی و ئاسانکاریی خوای پەروەردگار نەبووایە، نەماندەتوانی ئەم تەفسیره تەواو بکەین، کە ئومێدم وایە کەلێنێکی باش پڕ بکاتەوە، نەك هەر بۆ خەڵکی کوردزمان، بەڵکو دواتر بۆ زمانەکانی دیکەش، کە هەندێك بەشی، یان هەمووی وەردەگێڕدرێ، بە تایبەت زمانی عەرەبیی، ئومێدم وایە لەنێو تەفسیرەکاندا دیار بێ و کەلێنێکی باش بگرێ، خوای بەخشەر بیکاتە مایەی بەرچاوڕوونیی بۆ مسوڵمانان، تاکو قووڵتر و فراوانتر و باشتر لە کۆتا فەرمایشتی خوای بەرزی مەزن حاڵیی بن.

خوا بە لوتف و کەرەمی بێ سنووری خۆی یارمەتیی منیش و هەموو خوێنەرانی بەڕێزیش بدات، کە زیاتر لە کۆتا فەرمایشتی خوا وردبینەوەو تێوەی ڕامێنین و لێی حاڵیی بین، پاشان کارلێکی لەگەڵدا بکەین و، هەوڵ

بدەین کۆمەڵگاو دەورووبەری خۆشمان لەگەڵ ئەم فەرمایشتەی خواداو، لەگەڵ ڕێبازی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ دا، کە هەر بریتیە لە جێ بەجێکردن و بەرجەستەکردنی فەرمایشتی خوا هاوڕەنگ و هاودەنگ بکەین، خوا تەوفیقمان بدات ژیانمان - لە هەموو بوارەکانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دا - هەمیشە لە سێبەری قورئانی بەرزو، بەپێزو کۆتا فەرمایشتی خۆیدا بێ و بەپێیی ڕێبازەکەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ بێ.

نێوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی...٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە ١٠
پێشەکی ئەم بەرگە...١٢
تەفسیری سووڕەتی (العلق)..١٥
دەستپێك..١٧
پێناسەی سووڕەتی (العلق) و بابەتەکانی.......................................١٧
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە: ١٧
دووەم: شوێنی دابەزینی:...١٨
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ١٨
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:...١٨
پێنجەم: نێوەڕۆکیی:..١٩
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ١٩
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:..٢١
دەرسی ئەم سووڕەتە...٢٣
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..٢٩
هۆی هاتنە خوارەوی ئایەتەکان ٣١
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٦
مەسەلە گرنگەکان ٤٤
پێنج هەڵوەستە لە بەردەم ئەو پێنج ئایەتەدا......................................٤٩
کورتە باسێك دەربارەی بووناسیی ئیسلامیی.......................................٦٤
تەفسیری سووڕەتی (القدر)...١٠٧
دەستپێك...١٠٩

پێناسەی سوورەتی (القدر) و بابەتەکانی ١٠٩
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ١٠٩
دووەم: کات و شوێنی دابەزینی: ١٠٩
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ١١٠
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ١١٠
پێنجەم نێوەڕۆکی: ١١٠
شەشەم تایبەتمەندییەکانی: ١١١
حەوتەم دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە: ١١١
دەرسی ئەم سوورەتە ١١٣
پێناسەی دەرسەکە ١١٥
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١١٧
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ١١٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ١١٨
مەسەلە گرنگەکان ١٢١
کورتە باسێك لەبارەی شەوی قەدرەوە ١٢٨
تەفسیری سوورەتی (البینة) ١٤٣
دەستپێك ١٤٥
پێناسەی سوورەتی (البینة)و بابەتەکانی ١٤٥
١)- ناوی ئەم سوورەتە: ١٤٥
٢)- کات و شوێنی دابەزینی: ١٤٥
٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەفدا و دابەزین دا: ١٤٦
٤)- ژمارەی ئایەتەکانی: ١٤٦
٥)- نێوەڕۆکی: ١٤٧
٦)- تایبەتمەندییەکانی: ١٤٧
٧)- دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە: ١٤٨
دەرسی ئەم سوورەتە ١٤٩
پێناسەی ئەم دەرسە ١٥١

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٥٣
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.. ١٥٤
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٥٦
مەسەلە گرنگەکان ١٦٤
سێ کورتە سەرنج ١٧٣
چوار سەرنجی گرنگ ١٨٠
تەفسیری سوورەتی (الزلزلة) ١٨٣
دەستپێك... ١٨٥
پێناسە سوورەتی (الزلزلة) و بابەتەکانی.. ١٨٥
١)- ناوی ئەم سوورەتە: ١٨٥
٢)- کات و شوێنی دابەزینی: ١٨٥
٣)- ریزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:... ١٨٦
٤)- ژمارەی ئایەتەکانی:.. ١٨٧
٥)- نێوەرۆکی:... ١٨٧
٦)- تایبەتمەندییەکانی: ١٨٧
٧)- دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:... ١٨٩
دەرسی ئەم سوورەتە.. ١٩١
پێناسەی ئەم دەرسە ١٩٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ١٩٥
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.. ١٩٥
هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە ١٩٧
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٩٩
مەسەلە گرنگەکان ٢٠٥
کورتە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەم دوو ئایەتەوە و دیتنی مرۆڤ بۆ چاکە و خراپەکانی..٢١١
تەفسیری سوورەتی (العادیات) ٢٢١
دەستپێك... ٢٢٣
پێناسەی سوورەتی (العادیات) و بابەتەکانی ٢٢٣

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:.. ٢٢٣
دووەم: شوێنی دابەزینی:.. ٢٢٣
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لەدابەزیندا:.. ٢٢٤
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.. ٢٢٤
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە: ٢٢٤
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٢٢٥
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:.. ٢٢٦
دەرسی ئەم سوورەتە.. ٢٢٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٢٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٣١
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.. ٢٣٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٢٣٤
مەسەلە گرنگەکان ٢٤٠
تەفسیری سوورەتی (القارعة).. ٢٥٣
دەستپێك.. ٢٥٥
پێناسەی سوورەتی (القارعه) و بابەتەکانی.. ٢٥٥
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٢٥٥
دووەم: شوێنی دابەزینی:.. ٢٥٥
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:.. ٢٥٦
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.. ٢٥٦
پێنجەم: نێوەڕۆکی: ٢٥٦
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٢٥٧
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:.. ٢٥٧
دەرسی ئەم سوورەتە.. ٢٥٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٢٦١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٢٦٣
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.. ٢٦٣

ماناى گشتيى ئايەتەكان ٢٦٦
مەسەلە گرنگەكان ٢٧١
تەفسيرى سوورەتى (التكاثر) ٢٨٥
دەستپێك ٢٨٧
پێناسەى سوورەتى (التكاثر) و بابەتەكانى ٢٨٧
يەكەم: ناوى ئەم سوورەتە: ٢٨٧
دووەم: شوێنى دابەزينى: ٢٨٧
سێيەم: ڕيزبەنديى لە موصحەف و لە دابەزين دا: ٢٨٨
چوارەم: ژمارەى ئايەتەكانى: ٢٨٨
پێنجەم: نێوەڕۆكى: ٢٨٨
شەشەم: تايبەتمەندييەكانى: ٢٨٩
حەوتەم و كۆتايى: دابەشكردنى ئايەتەكان: ٢٨٩
دەرسى ئەم سوورەتە ٢٩١
پێناسەى ئەم دەرسە ٢٩٣
ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٢٩٤
شيكردنەوەى هەندێك لە وشەكان ٢٩٥
ماناى گشتيى ئايەتەكان ٢٩٨
مەسەلە گرنگەكان ٣٠٦
مـانـاى (عِلْمَ ٱلْيَقِينِ) ٣١٢
كورتە باسێك دەربارەى مامەڵە لەگەڵ مردووواندا ٣٢٣
يەكەم: تەڵقينى مردوو(): ٣٢٣
دووەم: لە كاتى مردوو لێ مردندا، چى بگوترێ؟ ٣٢٤
سێيەم: لە كاتى مردن و گيانەڵادا چى بگوترێ باشە؟ ٣٢٥
چوارەم: نووقاندنى چاوى مردوو و دوعا بۆ كردنى: ٣٢٥
پێنجەم: گريان لەسەر مردوو: ٣٢٦
شەشەم: خۆڕاگريى و شين نەگێڕان: ٣٢٩
حەوتەم: شۆردنى مردوو: ٣٣١

هەشتەم: کفنکردنی مردوو: ٣٣٢
نۆیەم: داپۆشینی مردوو: ٣٣٣
دەیەم: بەخێرایی بردنی مردوو بۆ گۆڕستان: ٣٣٣
یازدەیەم: نوێژی سەر مردوو و ناشتنی مردوو: ٣٣٤
دوازدەیەم: ئەو مردووەی ستایش یاخود زەم دەکرێ لەلایەن خەڵکەوە: ٣٣٥
سێزدەیەم: نوێژی مردوو: ٣٣٧
چواردەیەم: نوێژ لەسەر گۆڕ: ٣٣٧
پازدەیەم: هەڵسان بۆ جەنازە: ٣٣٨
شازدەیەم: پاڕانەوە بۆ مردوو لە نوێژدا: ٣٣٩
حەڤدەیەم: ئایا لە کاتی نوێژی مردوودا، ئیمام لە کوێ دەوەستێ؟ ٣٣٩
هەژدەیەم: ڕێگریی کردن لە گەچکاریی و بینا دروست کردن لەسەر گـۆڕ: ٣٤٠
نۆزدەیەم: دانیشتن لەسەر گۆڕ: ٣٤٠
بیستەم: نوێژ لەسەر جەنازە لە مزگەوت: ٣٤١
بیست و یەکەم: چوونە سەر گۆڕستان: ٣٤١
تەفسیری سوورەتی (العصر) ٣٤٣
دەستپێك ٣٤٥
پێناسەی سوورەتی (العصر) و بابەتەکانی ٣٤٥
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٣٤٥
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٣٤٥
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا: ٣٤٦
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٣٤٦
پێنجەم: نێوەڕۆکی: ٣٤٦
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٣٤٦
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە: ٣٤٧
دەرسی ئەم سوورەتە ٣٤٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٥١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٥٢

شیکردنەی هەندێك لە وشەکان..................... ٣٥٢
مانای گشتیی ئایەتەکان..................... ٣٥٥
مەسەلە گرنگەکان..................... ٣٥٨
کورتە باسێك لە بارەی ڕوونکردنەوەی ئیمانەوە..................... ٣٦٥
تەفسیری سوورەتی (الهمزة)..................... ٣٨٥
دەستپێك..................... ٣٨٧
پێناسەی سوورەتی (الهمزة) و بابەتەکانی..................... ٣٨٧
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:..................... ٣٨٧
دووەم: شوێنی دابەزینی:..................... ٣٨٧
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:..................... ٣٨٨
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..................... ٣٨٨
پێنجەم: نێوەڕۆکی:..................... ٣٨٨
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:..................... ٣٨٨
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:..................... ٣٨٩
دەرسی ئەم سوورەتە..................... ٣٩١
پێناسە ئەم دەرسە..................... ٣٩٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..................... ٣٩٤
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان..................... ٣٩٥
مانای گشتیی ئایەتەکان..................... ٣٩٨
مەسەلە گرنگەکان..................... ٤٠٥
تەفسیری سوورەتی (الفیل)..................... ٤١٩
دەستپێك..................... ٤٢١
پێناسەی سوورەتی (الفیل) و بابەتەکانی..................... ٤٢١
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:..................... ٤٢١
دووەم: شوێنی دابەزینی:..................... ٤٢١
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:..................... ٤٢٢
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..................... ٤٢٢

پێنجەم: ماناو نێوەڕۆکی:.......................................٤٢٢
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٤٢٣
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی:.......................................٤٢٤
دەرسی ئەم سوورەتە.......................................٤٢٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٢٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٤٢٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.......................................٤٢٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٤٣٠
پوختەی بەسەرهاتی هاوەڵانی فیل.......................................٤٣٣
مەسەلە گرنگەکان ٤٤٣
نۆ وردە سەرنج دەربارەی ئەم سوورەتە.......................................٤٤٨
تەفسیری سوورەتی (قریش).......................................٤٥٩
دەستپێك.......................................٤٦١
پێناسەی سوورەتی (قریش) و بابەتەکانی ٤٦١
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٤٦١
دووەم: شوێنی دابەزینی:.......................................٤٦١
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ٤٦٢
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.......................................٤٦٢
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:.......................................٤٦٢
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە: ٤٦٢
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:.......................................٤٦٣
دەرسی ئەم سوورەتە.......................................٤٦٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٤٦٧
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٤٦٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.......................................٤٦٨
مانای گشتیی ئایەتەکان ٤٧٠
مەسەلە گرنگەکان ٤٧٤

پێنج سەرنج لەبارەی ئەم سوورەتە موبارەکەوە....................................٤٧٧
کورتە باسێك لە بارەی خواپەرستییەوە.....................................٤٨٢
تەفسیری سوورەتی (الماعون).....................................٥٢١
دەستپێك.....................................٥٢٣
پێناسەی سوورەتی (الماعون) و بابەتەکانی.....................................٥٢٣
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:.....................................٥٢٣
دووەم: شوێنی دابەزینی:.....................................٥٢٣
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:.....................................٥٢٤
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.....................................٥٢٤
پێنجەم: نێوەڕۆکی:.....................................٥٢٤
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:.....................................٥٢٥
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:.....................................٥٢٦
دەرسی ئەم سوورەتە.....................................٥٢٧
پێناسەی ئەم دەرسە.....................................٥٢٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.....................................٥٣٠
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.....................................٥٣٠
هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە.....................................٥٣٢
مانای گشتیی ئایەتەکان.....................................٥٣٣
مەسەلە گرنکەکان.....................................٥٤٢
تەفسیری سوورەتی (الکوثر).....................................٥٥٩
دەستپێك.....................................٥٦١
پێناسەی سوورەتی (الکوثر) و بابەتەکانی.....................................٥٦١
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:.....................................٥٦١
دووەم: شوێنی دابەزینی:.....................................٥٦١
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:.....................................٥٦٢
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.....................................٥٦٢
پێنجەم: نێوەڕۆکی:.....................................٥٦٢

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٥٦٣
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان: ٥٦٣
دەرسی ئەم سوورەتە ٥٦٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٥٦٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٥٦٨
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٥٦٨
هۆی هاتنە خواری ئەم سوورەتە ٥٦٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٧١
مەسەلە گرنگەکان ٥٧٤
تەفسیری سوورەتی (الکافرون) ٥٨٣
دەستپێك ٥٨٥
پێناسەی سوورەتی (الکافرون) و بابەتەکانی ٥٨٥
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٥٨٥
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٥٨٦
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ٥٨٦
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٥٨٧
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە: ٥٨٧
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە: ٥٨٨
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی: ٥٨٨
دەرسی ئەم سوورەتە ٥٨٩
پێناسە ئەم دەرسە ٥٩١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٥٩٣
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٥٩٣
هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە ٥٩٥
مانای گشتیی ئایەتەکان ٥٩٧
مەسەلە گرنگەکان ٦٠٠
کورتە باسێك لەبارەی بێبڕوایی و هۆکارەکانییەوە ٦٠٧

تەفسیری سوورەتی (النصر)..651
دەستپێك...653
پێناسەی سوورەتی (النصر) و بابەتەکانی 668
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:...668
دووەم: شوێنی دابەزینی:...668
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:..669
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..670
پێنجەم: نێوەڕۆکی:..670
پوختەی نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە بەپێزە..670
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:...670
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:...672
دەرسی ئەم سوورەتە..673
پێناسەی ئەم دەرسە 675
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان..676
شیکردەوەی هەندێك لە وشەکان 676
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان..678
مانای گشتیی ئایەتەکان 681
مەسەلە گرنگەکان 682
کورتە باسێك دەربـارەی ئایین: لەبەر تیشکـی ئەم ئایەتە بەپێزەدا: ﴿ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِى دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿٢﴾ ﴾ 688

تەفسیری سوورەتی (المسد)...713
دەستپێك...715
پێناسەی سوورەتی (المسد) و بابەتەکانی 715
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:...715
دووەم: شوێنی دابەزینی:...715
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: 716

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکان: ٧١٦
پێنجەم: نێوەڕۆکی: ٧١٦
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٧١٧
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان: ٧١٨
دەرسی ئەم سوورەتە ٧١٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٢١
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ٧٢٣
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٧٢٣
هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە ٧٢٥
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٢٨
مەسەلە گرنگەکان ٧٣١
تەفسیری سوورەتی (الإخلاص) ٧٣٩
دەستپێك ٧٤١
پێناسەی سوورەتی (الإخلاص) و بابەتەکانی: ٧٤١
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە: ٧٤١
دووەم: شوێنی دابەزینی. ٧٤٣
سێیەم: ریزبەندیی لە موصحەف و دابەزیندا: ٧٤٣
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٧٤٣
پێنجەم: نێوەڕۆکی: ٧٤٣
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٧٤٤
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان: ٧٤٤
دەرسی ئەم سوورەتە ٧٤٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٤٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٤٧
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٧٤٨
هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە موبارەکە ٧٥٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٥١

مەسەلە گرنگەکان ٧٥٥
حەوت وردە سەرنج لە بارەی سووڕەتی ئیخلاصەوە ٧٥٨
پێگەی گەورەی ئەم سووڕەتەو سووڕەتی (الكافرون)و، پاداشتی خوێندنیان ٧٦٦
تەفسیری سووڕەتی (الفلق) ٧٧٥
دەستپێك ٧٧٧
پێناسەی سووڕەتغ (الفلق) و بابەتەکانی ٧٧٧
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە: ٧٧٧
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٧٧٧
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین: ٧٧٨
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٧٧٨
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە: ٧٧٨
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٧٧٩
حەوتەم دابەشکردنی ئایەتەکان: ٧٨٠
دەرسی ئەم سووڕەتە ٧٨١
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٨٣
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٧٨٥
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان ٧٨٥
هۆی هاتنە خوارەوەی هەردوو سووڕەتی (الفلق) و (الناس) ٧٨٩
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٩٢
مەسەلە گرنگەکان ٧٩٤
کورتە باسێك پێگەی فەلەق و ناس و، جادوولێکرانی پێغەمبەری خوا و، هەڵوێستی عەبدوڵلای کوڕی مسعوود لەبارەی ئەو دوو سووڕەتەوە: ٧٩٧
تەفسیری سووڕەتی (الناس) ٨٠٣
دەستپێك ٨٠٥
پێناسەی سووڕەتی (الناس) و بابەتەکانی ٨٠٥
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە: ٨٠٥
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٨٠٦

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و دابەزین دا:.......... ٨٠٦
چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:.......... ٨٠٦
پێنجەم: نێوەڕۆکی:.......... ٨٠٧
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:.......... ٨٠٧
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:.......... ٨٠٧
دەرسی ئەم سوورەتە.......... ٨٠٩
پێناسەی ئەم دەرسە.......... ٨١١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.......... ٨١١
شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان.......... ٨١٢
هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە.......... ٨١٤
مانای گشتیی ئایەتەکان.......... ٨١٥
مەسەلە گرنگەکان.......... ٨١٩
کورتە باسێك لەبارەی سوورەتی (الفلق) و سوورەتی (الناس)ەوە.......... ٨٢٦